کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا
(باڵیۆزخانەی کوردستان لە تاراوگە)
١٩٤٩ — ١٩٧٥

عەلی جەعفەر

بە کوردیکردنی لە عەرەبییەوە:

نەبەز ڕۆستەم

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

ناوی کتێب:	کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا (باڵیۆزخانەی کوردستان لە تاراوگە) ١٩٤٩ – ١٩٧٥
نووسینی:	عەلی جەعفەر
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی:	نەبەز ڕۆستەم
دیزاینی بەرگ:	دیار سەعید شێخۆ
دیزاینی ناوەڕۆک:	هێما ئەحمەد شێخۆ
سەرپەرشتی چاپ:	مسستەفا نەجم فەیلی
ساڵ و شوێنی چاپ:	هەولێر-٢٠٢٥
چاپخانە:	زانکۆی سەڵاحەددین
تیراژ:	١٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٤٦) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.

پێرست

سوپاس و ڕوونکردنەوە..... ٧

خوێندنەوەی هەرچوار بەشی کتێبەکە (چاپی سێیەم)..... ٩

پێشەکیی چاپی یەکەم: حەیدەر عومەر..... ٣٧

پێشەکیی چاپی دووەم: د. ئەحمەد مەحموود خەلیل..... ٤٣

چیرۆکی ئەم بەرهەمە..... ٤٧

پێشەکی..... ٥٥

دەروازە: کورد و کوردستان..... ٥٩

بەندی یەکەم:..... ٨١

کورتە مێژوویەکی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهان..... ٨١

بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان..... ٨٥

کۆنگرە گشتییەکانی کۆمەڵەکە (کۆنگرەی دامەزراندن)..... ١٠٥

کۆنگرەی یەکەم..... ١١٣

کۆنگرەی دووەم..... ١٢٧

کۆنگرەی سێیەم..... ١٣١

کۆنگرەی چوارەم..... ١٣٩

کۆنگرەی پێنجەم..... ١٤٣

کۆنگرەی شەشەم..... ١٤٧

کۆنگرەی حەوتەم..... ١٥١

کۆنگرەی هەشتەم..... ١٥٥

کۆنگرەی نۆیەم..... ١٦١

کۆنگرەی دەیەم..... ١٦٥
کۆنگرەی یانزە..... ١٧٥
کۆنگرەی دوانزە..... ١٨١
کۆنگرەی سیانزە..... ١٨٧
کۆنگرەی چواردە..... ١٩٧
کۆنگرەی پانزە..... ٢٠١
کۆنگرەی شانزە..... ٢٠٧
کۆنگرەی حەڤدە و کۆتایی..... ٢١٧
لیستی شوێن و مێژووی بەستنی کۆنگرە گشتییەکانی کۆمەڵەکە لە ١٩٤٩ – ١٩٧٥..... ٢٢٨
بەشی دووەم..... ٢٢٩
پێشەکیی: عومەر شێخموس..... ٢٣١
بەندی دووەم..... ٢٣١
پێکهاتەی هزری و سیاسیی و ئامانجەکانی کۆمەڵەکە..... ٢٣٣
چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە بواری بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد..... ٢٣٩
چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات..... ٢٥٣
ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵەکەدا..... ٢٦١
کۆمەڵەکە و پەیوەندییە کوردییەکانی..... ٢٦٥
پەیوەندیی کۆمەڵەکە لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکانی خوێندکاران و بەئەندامبوونی لە یەکێتییەکەدا..... ٢٧١
هاوکارییە داراییەکانی خوێندن..... ٢٧٩
هەڵوێستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە ئاست کۆمەڵەکە و چالاکییەکانی..... ٢٨٥
هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی حزبە شیوعییەکان لە ئاست کۆمەڵەکە..... ٣٠٣

ناکۆکییەکانی نێوخۆ و دابەشبوونی کۆمەڵەکە..... ٣٢١
چەند هەڵوێستێکی کۆمیدی و بەسەرهاتە خۆشەکانی کۆمەڵەکە..... ٣٣٣
بەندی سێیەم..... ٣٤٧
بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکە..... ٣٤٧
بەندی چوارەم: لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا..... ٣٧٥
لقی بەریتانیا..... ٣٧٧
لقی نەمسا..... ٣٨٧
لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا..... ٣٩٣
لقی ئەستەنبوڵ..... ٤٠٢
لقی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات..... ٤٠٦
لقی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو..... ٤٠٩
لقی بەرلینی ڕۆژئاوا..... ٤١٥
لقی چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو..... ٤٢٢
لقی پۆڵۆنیا..... ٤٢٨
لقی یۆگسلاڤیای پێشوو..... ٤٣١
لقی سوید..... ٤٣٨
لقی ڕۆمانیا..... ٤٤٠
لقی فەڕەنسا..... ٤٤٥
لقی بولگاریا..... ٤٤٧
لقی هەنگاریا..... ٤٥٠
لقی ئیتاڵیا..... ٤٥٢

لقی ئیسپانیا..... ٤٦٠
لقی هۆڵەندا..... ٤٦٧
بەندی پێنجەم..... ٤٦٩
ژیاننامەی چەند چالاکوانێکی کۆمەڵەکە..... ٤٦٩
بەندی شەشەم..... ٥٣٩
چەند بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵەکە..... ٥٤١
ئەنجامێکی گشتی..... ٦٨١
بەشی وێنەکان..... ٦٨٣
سەرچاوە و ژێدەرەکانی لێکۆڵینەوەکە..... ٨٨١

سوپاس و ڕوونکردنەوە

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە وەک تۆژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتاری لە قۆناغێکی دیاریکراو بۆ هەبوونی کورد لە ئەورۆپا، کاردانەوەیەکی ئەرێنیم بەدیکرد و ڕاوبۆچوونی هێندێک لەو خوێنەرانەم پێگەیشت کە بە بایەخەوە دەڕواننە ئەمجۆرە بابەتانە و ئامانجیانە ئەم کارەمان بە باشترین شێوە ببینن.

بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم دەربېڕم بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانەی لە تەواوکردنی ئەم تۆژینەوەیە پشتیوانییان کردم، لەپێش هەمووشیانەوە تاریق ئاکرەیی، سەعدی دزەیی و ڕەفیق سالّح - بەڕێوەبەری بنکەی ژین بۆ دیراسات و دیکۆمێنتاری-لە سلێمانی و عومەر شێخموس، یوسف زۆزانی و ئەوانی تر. هەروەها سوپاسی ڕەخنەگر حەیدەر عومەر دەکەم کە پێشەکیی چاپی یەکەمی بۆ بەشی یەکەمی ئەم تۆژینەوەیە نووسیوە. سوپاسگوزاری دکتۆر ئەحمەد خەلیلیشم کە پێشەکیی چاپی دووەمی بەشی یەکەمی نووسیوە و سەرنج و تێبینییەکانیشی جێی بایەخم بوون. هەروەها ڕۆژنامەنووس دکتۆر عەبدولمەجید شێخۆ کە ئەرکێکی زۆری کێشا و خوێندنەوەیەکی تێروتەسەلی بۆ ئەو چوار بەشە کردووە کە خستوومەتە سەر چاپی سێیەم لە بەشی یەکەم و دووەمی تۆژینەوەکە، سوپاسی هاوڕێی ئازیزم هۆشەنگ عوسمان سەبریش دەکەم کە هەردەم پشتیوانیی کردووم و درێخیی نەکردووە هەرچییەکم لێی داواکردبێت. دواجار سوپاسی محەمەد جەعفەری برام دەکەم کە پێداچوونەوەی زمانەوانیی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی و هاوڕێی هونەرمەندم کاک یەحیا سەلۆ کە دیزاین و کاری دەرهێنانی بۆ هەرچوار بەرگەکە کردووە.

چاپی ئەمجارەی تۆژینەوەکە پێداچوونەوەی بۆکراوە و بابەتی نوێی خراوەتەسەر، چونکە چەندین بەڵگەنامەی دیکەی کۆمەڵەکەم دەستکەوت، بەتایبەتی ڕۆژنامەی "Dengê Kurdistan" کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا بڵاودەکرایەوە، هەروەها چەندین سەرچاوەی دیکەی پەیوەندیدار بە تۆژینەوەکە. دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم کە لە چاپی ئەمجارەدا هەردوو بەشی یەکەم دووەم لە بەرگێکدا کۆکراونەتەوە و ناونراوە (بەرگی یەکەم)، چونکە ئەم دوو بەشە تەواوکاری یەکدین.

نووسەر

ئەڵمانیا ٢٠٢٣/٢/٢

خوێندنەوەی هەرچوار بەشەکەی کتێبەکە

(چاپی سێیەم)

د. عەبدولمەجید شێخۆ

خوێنەری بەڕێز!

ئێستا هەرچوار بەشەکەی کتێبێکمان لەبەردەستدایە کە هاوڕێی تۆژەرم عەلی جەعفەر بە ناونیشانی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا - باڵیۆزخانەی کوردستان لە تاراوگە – ١٩٤٩ بۆ ١٩٧٥" بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان لە ئەوڕوپایە و نووسیویەتی. حەیدەر عومەری ڕەخنەگر پێشەکییەکی تێروتەسەڵی بۆ بەشی یەکەم - چاپی یەکەم – نووسیوە، دکتۆر ئەحمەد محەمەد خەلیلی لێکۆڵەر و مێژوونووس پێشەکییەکی پوختەی بۆ بەشی یەکەم - چاپی دووەم – نووسیوە. کاتێک بە تامەزرۆوە لە خوێندنەوەی هەرچوار بەشەکەی ئەم بەرهەمە بەنرخەی تۆژەر عەلی جەعفەر بوومەوە کە - خۆم بۆ ماوەی پانزە ساڵ ئەندامێکی ئەم بزووتنەوەیەی قوتابیانی کوردستان بووم لە بەرلینی ڕۆژئاوا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو – هێندەی دیکە ڕژدبووم و ئارەزووم دەکرد خوێندنەوەیەک بۆ هەرچوار بەشەکە بکەم کە تەژی زانیاریی گرنگ بوون سەبارەت بە چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان لە ئەوڕوپا. هەڵبەت ئەم چالاکییانە بە بەشێکی دانەبڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان هەژماردەکرێت. بە پێویستیشم زانی ئەم هەلە زێڕینە بقۆزمەوە بۆئەوەی سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم بگەیەنمە تەواوی مامۆستایانی پێشەنگی کۆمەڵەکە کە ڕێبازی خەباتی ئێمەیان لە تەواوی ئەوڕوپا ڕۆشنکردووەتەوە و دروورد بۆ ئەو ڕەوانشادانەش بنێرم کە کۆچی دواییان کردووە بۆنمونە ڕەوانشاد نورەدین زازا.

بەشی یەکەمی ئەم بەرهەمە دوو بەندی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت: بەندی یەکەمیان بریتییە لە"کورتە مێژوویەکی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهان و بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان"ئینجا ئەو کۆنگرە گشتییانە خراوەتەڕوو کە کۆمەڵەکە بەستوونی. لە بەندی دووەمیشدا بەڵگەنامە گرنگەکانی کۆمەڵەکە و وێنەی دیارترین ئەندامانی دامەزرێنەر و چالاکوانانی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕەبەقدا لە ئەوڕوپا خەباتیان کردووە.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دووپاتیدەکاتەوە، ئەگەر وڵاتانی سەر ئەم هەسارەیەمان باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەیان لەنێو خۆیاندا ئاڵوگۆڕ کردووە و نوێنەرایەتیی وڵاتان و گەلانیان دەکەن، ئەوا گەلی ستەملێکراوی کورد بە درێژایی مێژوو هیچ پێگەیەکی فەرمیی لەسەر نەخشەی سیاسیدا نییە، بۆیە بە پێویست زانرا بەشێک لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی بە مەبەستی خوێندن ڕوویان لە ئەوڕوپا کردبوو، باڵیۆزخانەیەکی نیمچە فەرمی لەو وڵاتانەدا دابمەزرێنن کە تێیدا دەخوێنن، هەر لەبەرئەوە لە ساڵی ١٩٤٩دا کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیان دامەزراند. ئەم هەنگاوەشیان دژی خواستی ئەو حکومەتانە بوو کە داگیرکەری هەرچوار پارچەی کوردستانن.

نووسەر ئەوەشی لەبیرنەکردووە کە پێشەکییەکی مێژوویی کورت لەبارەی کورد و کوردستان بنووسێت، تاکو بیکاتە بناغەیەکی پتەو بۆ تۆژینەوەکانی داهاتوو دەربارەی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان و ڕۆڵی بزووتنەوەکە لە گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە جیهانی ئەوڕوپا، هەر لە ڕاپەڕین و شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی کورد بگرە تا دەگاتە ڕێککەوتننامە ئاشتییانەکەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانیی نەمر، پاشان کۆڵەکەکانی تۆژینەوەکەی لەسەر بنیات بنێت. پێش ئەوەی تۆژەر بچێتەسەر بابەتە سەرەکییەکە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی پێش ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، پەیوەندییەکانی کورد و ئەوروپییەکانمان بیردەخاتەوە کە لەسەر دەستی چەند کەسایەتییەکی ناوداری کورد بنیاتنرابوو، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی بنەماڵەی بەدرخان و عەبدوڵڵا جەودەت لەچوارچێوەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان. پاشان تۆژەر دەمانباتەوە سەر مێژووی دابەشکردنی کوردستان کە بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، قۆناغی یەکەم دابەشکردنی کوردستان لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فارسی بەپێی ڕێککەوتننامەی (قەسری شیرین) لە ساڵی ١٦٣٩، قۆناغی دووەمیش کە بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆی ساڵی ١٩١٦ کوردستان دابەشکرایە سەر چوار دەوڵەت: ١-تورکیا. ٢-ئێران. ٣-عێراق. ٤-سووریا. هەروەها تۆژەر سیاسەتە شۆڤینی و کۆنەپەرستییەکانی دژ بە خەباتی گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی بە کورتی باسکردووە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو سیاسەتە لە پارچەکانی دیکەدا پەیڕەو دەکرێت.

پاشان بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو دێتە سەر باسکردنی بزاڤی خوێندکاران و پێشەکییەکی زۆر گرنگ دەربارەی مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهان تۆمارەکات و بە دەنگێکی زۆڵاڵی بیستراوی هەژمارەکات لەپێناو ئازادی و ئاشتەوایی جیهاندا، لەمبارەیەوە دەڵێت"پاش تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی، دوو جەمسەری سەرەکی پێکهێنرا: یەکێکیان بلۆکی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا و ئەویدیکەیان بلۆکی سۆشیالیستیی ڕۆژهەڵاتی بوو. ململانێی نێوان ئەو دوو جەمسەرەش یەکێک بوو لە ئاکارەکانی ئەو قۆناغە و چەندین ڕێکخراوی جەماوەری بەرانبەر یەکدی دامەزران و لایەنگری ئەو دوو جەمسەرە بوون. پێکهێنانی (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٦) و (یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی لە ساڵی ١٩٥٤) دوو نموونەی ئەو ڕێکخراوانە بوون. نووسەر جەختدەکاتەوە و دەڵێت: بزووتنەوەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و خوێندکاران لەیەک جوداناکرێنەوە، چونکە بزووتنەوەی قوتابیانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پەرەسەندنی ڕەوشی گشتیی سیاسی. ژمارەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران لە سەرتاسەری جیهاندا گەیشتە (١٥٢) ڕێکخراو کە بەسەر (١١٤) وڵاتدا دابەشبوونە.

تۆژەر پاش ئەوەی زەمینەیەکی زانستیی بابەتیانەی لە تۆژینەوە دوور و درێژەکەیدا خۆشکردووە و بە زانیارییە مێژوویی و ڕێکخستنەکان و خەباتی کۆمەڵەکەی خستووەتەڕوو، ئینجا هاتووەتە نێو جیهانی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩١٢دا دەستپێکردووە و باس لە (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد – هێڤی) دەکات کە گۆڤارێکی مانگانەیان بەنێوی (ڕۆژا کورد) کردووەتە زمانحاڵی کۆمەڵەکەیان. کۆمەڵەی نێوبراو ڕۆڵێکی کاریگەری لە بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەلای تاکی کورددا هەبووە".

کۆمەڵەیەکی دیکەی خوێندکاران لە بەیروت هەبوو و ناویان لەخۆنابوو (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد) و لەلایەن دکتۆر نورەدین زازا و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی دامەزراوە و قوتابیانی کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی لەخۆگرتبوو.

پاشان نووسەر دەچێتە پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەڵێت: لە دوای دووەمین دابەشکاریی کوردستاندا، کورد بێجگە لە پێکهێنانی چەند لقێکی یەکێتیی قوتابیانی

سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ بە سەرۆکایەتیی فایق بوجاق، نەیتوانی هیچ کۆمەڵەیەک یاخود ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاران لە بەشە گەورەکەی کوردستان دابمەزرێنێت. تۆژەر لە تۆژینەوەکەیدا دامەزراندنی ژمارەیەک ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستانمان دەخاتەوەبیر کە لەسەر خاکی داگیرکراوی کوردستاندا دامەزراون و گرنگترینیان "یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان" لە مەهاباد و"یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق" لە بەغدا ساڵی ١٩٥٣ کە ڕەوانشاد مام جەلال سەرکۆماری پێشووتری عێراق سکرتێری ڕێکخراوەکە بوو. نووسەری ئەم کتێبە سەرنجمان بۆ ئەوەش ڕادەکێشێت کە بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە باشووری کوردستان، ڕێکخراوێکی نیمچە سەربەخۆی حزبە سیاسییەکان بووە، بەڵام پاش نسکۆی شۆڕشی بارزانی هەر حزبە و ڕێکخراوێکی قوتابیانی سەر بە حزبەکەی دامەزراند. نووسەر ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەوەی ڕووی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستانی عێراقی جوان کردبێت، پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی قوتابیانی کوردستان بوو کە ١٤ ڕێکخراوی قوتابیانی ئەم بەشەی کوردستان لەخۆدەگرێت. هەروەها تۆژەر ئەوەشی لەبیرنەکردووە کە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش تۆماربکات، بۆنموونە"کۆمەڵەی خوێندکاران لە سووریا"لە ساڵی ١٩٥٧ لە دیمەشق،"یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کورد"ساڵی ١٩٦٣ لە حەلەب،"کۆمەڵەی قوتابیانی کورد"ساڵی ١٩٤٧ لە لوبنان، دواتریش"یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان"ساڵی ١٩٧٠. جا دوای ئەوەی بە درێژی باس لەو کۆمەڵانە و کۆمەڵەکانی دیکەی خوێندکاران دەکات، دێتە سەر خستنەڕووی کۆنگرەکانی قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا و دەڵێت: مێژووی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە ساڵی ١٩٤٩دا بوو بە سەرۆکایەتیی دکتۆر نورەدین زازا و بڵاوکراوەیەکی مانگانەشیان بەناوی"Dengê Kurdistan" بە هەرسێ زمانی کوردی، فەڕەنسی و ئینگلیزی لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵەکە بڵاوکردەوە. تۆژەر لە تۆژینەوەکەیدا ئاماژە بۆ هەڵوێستە نەرێنییەکانی حزبی شیوعیی سووریا، ئێران و عێراقیش دەکات لە هەمبەر ئامانجە ڕەواکانی کۆمەڵەکە.

لە ئاکامی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکە، ڕێکخراوەکە هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند و پاش ٦ ساڵ یەکەمین کۆنگرەی گشتیی

خوێندکاران لە ساڵی ١٩٥٦ لە وڵاتی ئەڵمانیا بەسترا، بەڵام تۆژەر وای بۆدەچێت کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی خوێندکاران ساڵی ١٩٤٩ بێت، ئێمەش لێرەدا پشتیوانیی ئەم بۆچوونەی تۆژەر دەکەین و ناکرێ بەسەر سەرەتا سەختەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵەکانی خوێندکارانەدا بازبدەین.

لەوباوەڕەشداین نووسەر بەوپەڕی توانای خۆی هەوڵیداوە سەرجەم کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە، هەر لە کۆنگرەی یەکەمەوە بگرە تاکو دەگاتە کۆنگرەی حەڤدە تۆماربکات و ناوەڕۆک و وردەکاریی کۆنگرەکانی پێشووش بخاتەڕوو. هەروەها تۆژەر تەنیا پشتی بە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی ئەوکات نەبەستووە، بەڵکو چەندین وڵاتی ئەوڕوپا و کوردستان گەڕاوە و چاوی بە کەسایەتییە دیارەکان کەوتووە کە ڕۆڵیان لە دامەزراندن و پەرەپێدان و چالاکییەکانی کۆمەڵەکەدا هەبووە، ئەمەشی بۆئەوە کردووە کە دیمەنێکی مێژوویی متمانپێکراوی دوور لە بارگرژیی حزبایەتی بخاتە بەر دیدی خوێنەران. جا کە چاوی بەو کەسایەتییانە کەوتووە، نەهاتووە تەنیا ناوەکانیان لە تۆژینەوەکەدا تۆماربکات، بگرە وێنە و ڕێککەوتی دیدارەکانیشی لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە بڵاوکردووەتەوە کە لە پەرەپێدان و خزمەتکردنی ئامانجەکان و پێشخستنی کۆمەڵەکەدا بەشداربوونە و وێنەکانی کردووەتە بەڵگەی دروستی و بابەتیانەی ئەم تۆژینەوە بەنرخە. هەڵبەت هەموو ئەو کۆنگرانەی لە وڵاتانی ئەوڕوپادا بەستراون جێی بایەخی خوێنەرن، بەڵام هیندێکیان بەراورد لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکە پربایەختر، بۆنموونە کۆنگرەی سێیەمی قوتابیانی ساڵی ١٩٥٨ کە هاوکات بوو لەگەڵ گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ کوردستان پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز بە سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم کە گوتبووی"ئەم شۆڕشە شۆڕشی کورد و عەرەبە"و نامەیەکی پیرۆزباییشی بۆ کۆنگرەی ناوبراو ناردبوو. هەروەها تۆژەر وردەکاری و ئەو شتانەی لەبارەی کۆنگرەکەوە گوتراوە دەخاتەڕوو، بۆنموونە نامەکەی سەرۆک جەمال عەبدولناسر کە لە نامەکەدا دووپاتیدەکاتەوە و دەڵێت:"کێشەی کورد پێویستی بە چارەسەرە و پێشتریش پێشنیازمان کردووە و لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە، بۆچی کۆنگرەیەکی ئیقلیمی بە ئامادەبوونی وڵاتانی پەیوەندیدار و نوێنەرانی کورد سەبارەت بەم پرسە بە سەرپەشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نابەسترێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە ...". هەروەها سەرنجمان بۆ بەشداربوونی سەرکردەکانی شۆڕشی ئارارات ڕادەکێشێ کە جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا بەشداریی لە

کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەکە کردووە و گوتەیەکی پێشکەش ئەندامانی کۆنگرە کردووە، بێجگە لەو، نوێنەری گشتیی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان)یش بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کردووە و پشتیوانیی خۆیان بۆ تەواوی مافەکانی گەلی کورد دەربڕیوە کە بەڵگەن بۆ پشتگیری و بەدەستهێنانی ڕای گشتیی جیهانی لەمەڕ کێشەی کورد. لە کۆنگرەی هەشتەمیشدا کە لە ساڵی ١٩٦٣ بەستراوە و جەلال تاڵەبانی نوێنەرایەتیی شۆڕشی کوردی کردووە و کەڵە شاعیری عێراق محەمەد مەهدی جەواهریش بەشداریی تێدا کردووە و شیعرە بەناوبانگەکەی"کوردستان یا موطن الأبطال"ی لەبەردەم ئامادەبووان خوێندووەتەوە. وردەکاریی کۆنگرەی نۆیەمیش خراوەتەڕوو کە لە هانۆڤەری ئەڵمانیا بەستراوە و شاندێکی شۆڕشی کوردستانیش بەشداریی تێداکردووە کە پێکهاتبوون لە: خەباتگێڕ نووری شاوێس، عومەر دەبابە ئەندامانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەوکاتی کورد. نووسەر لەسەر زمانی کەمال فوئاد دووپاتیدەکاتەوە کە کۆنگرەی دەیەمی ساڵی ١٩٦٥ سەرکەوتووترین کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە هەژمار دەکرێت و گرنگترین بڕیارەکانی بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بوو. لەم کۆنگرەیەشدا ژمارەی لقەکانی کۆمەڵەکە گەیشتە ١٢ لق لە وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات.

کۆنگرەی چواردەی کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٧٠ بەسترا پاش ڕێککەوتننامەی ئاداری نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە کوردستانی باشوور و ڕژێمی عێراق. کۆنگرە ڕێککەوتننامەکەی بە سەرکەوتنێکی مێژوویی هەژمارکرد، چونکە بە دەستوور دان بە کوردستاندا نرا کە وڵاتی کوردانە. بایەخی ئەم کۆنگرەیە لەوەدابوو کە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال گەڕانەوە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

کۆنگرەی حەڤدەی خوێندکاران کە پاش نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ بەسترا و تێیدا مام جەلال هێرشی کردە سەر کەسایەتیی بارزانی و بە هۆکاری نسکۆ و هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردی لەقەڵەمدا. نووسەری خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەش ئەندامێکی بەشداربووی کۆنگرەکە بوو کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەسترابوو.

هەرچەندە ژمارەیەک لە کەسایەتیی ناوداری کوردی وەکو دکتۆر کامەران بەدرخان، دکتۆر نورەدین زازا و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی نێوەندگیرییان کرد و ویستیان جەلال تاڵەبانی پاشگەزبکەنەوە و یەکێتیی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد

بپارێـزن کەچـی لایەنگرانـی جـەلال تاڵەبانـی ڕژدبـوون لەسـەر جودابوونەوەکـە و دواتـر لە سـاڵی ١٩٧٦ (کۆمەڵـەی خوێنکارانـی کوردسـتان لـە تاراوگە)یـان لـە فڕانکفـۆرت دامەزرانـد و ڕەوانشـاد شـەهید دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملۆش بەشـداریی تێـدا کـرد.

عەلـی جەعفـەر لـە کۆتایـی بەشـی یەکەمـی ئـەم کتێبـەدا ژمارەیـەک بەڵگەنامـەی کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـوردی بڵاوکردووەتـەوە کە گرنگترینیـان پەیڕەوپڕۆگرامـی کۆمەڵەکە و ئـەو پیرۆزبایینامەیـەی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتی کوردسـتانی سـووریا بـوو کە لە سـاڵی ١٩٦١دا بـۆ کۆنگـرەی شەشـەمی کۆمەڵەکـەی ناردبـوو لە شـاری مۆنسـتەری ئەڵمانیا. هەروەهـا تـۆژەر نامەکـەی دکتـۆر کامـەران بەدرخانـی بڵاوکردووەتـە کـە لـە سـاڵی ١٩٦٦ بـۆ کۆنگـرەی یانـزەی ناردبـوو. یەکێکـی تـر لـەو بەڵگەنامـە زۆر گرنگانـەی بڵاوکراوەتـەوە، بەڵگەنامـەی ژمـارە ١٥یـە کـە لێژنـەی گشـتیی کارگێڕیـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا بۆ دکتۆر نورەدین ئەتاسـیی سـەرکۆماری ئەوکاتی سـووریای نـاردووە و تێیدا ئاماژە بەو سیاسـەتە شـۆفێنییانەی حکومەتی سـووریا دەکات کە دژی گەلی کورد پەیڕەوی دەکات و لـە دوو پـڕۆژەی ڕەگەزپەرسـتانەدا بەرجەسـتە دەبـن:

١. سەرژمێریی ساڵی ١٩٦٢ کە کوردی سووریا لە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە بێبەشکران.

٢. پـڕۆژەی پشـتێنەی عەرەبـی لەسـەر سـنووری سـووریا - تورکیـا و سـوویا - عێـراق و پشـتیوانیکردنی سـوپای سـووریا بـۆ سـووپای عێـراق بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی گەلـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٦٣.

هەروەهـا تـۆژەر ئەرکێکـی زۆری کێشـاوە بـۆ بینیـن و دیـداری زۆربـەی ئـەو کەسـایەتییانەی بەشـداریان لـە چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە و ئـەو کۆنگرانـەی لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا کـردووە و وێنـەی لەگەڵـدا گرتـوون کـە ژمارەیـان دەگاتە پتر لـە ١٢٠ وێنـە - ژمـارەی وێنـەکان ١٩٧ وێنـەن کـە لـە دوابەشـی تۆژینەوەکـەدا دانـراون- وەرگێـڕی کـوردی- و وێنـەکان لـە وڵاتـە جیاجیاکانـی ئەوڕوپـا و کوردسـتاندا گیـراون کـە وا لـە خوێنـەر و لێکۆڵەرانـی مێـژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کـورد دەکات متمانـەی زیاتر بـە زانیارییەکانـی نێـو کتێبـەکان بـکات و ڕوحێکـی زیندووتـر بـە تۆژینەوەکـە ببەخشـێت. لـە کۆتایـی بەشـی یەکەمیشـدا تـۆژەر ئامـاژەی بـە نـاوی پتر لـە پەنجـا سـەرچاوەی بـە زمانەکانـی عەرەبـی، کـوردی و ئەڵمانـی کـردووە.

بەشی دووەمی کتێبەکە کە چالاکوانی سیاسی عومەر شێخموس پێشەکییەکەی بۆ نووسیوە و یەکێکیش بووە لە چالاکوانانی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان و نووسیویەتی: هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی بنەچە و چالاکییەکانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوڕوپا و ئەمەریکا دەکرێن سوودێکی زۆریان هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ناساندنیان بە جیهانی دەرەوە.

ئەم بەشە لە پێنج بەند پێکهاتووە، گرنگترین سەردێڕەکانی بەندی یەکەم ئەمانەن:

١. پێکهاتەی هزری و سیاسیی کۆمەڵەکە و ئامانجەکانی.

٢. چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە بواری بەجیهانیکردنی کێشەی کورد.

٣. چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات.

٤. ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵەکە.

٥. کۆمەڵەکە و پەیوەندییە کوردییەکانی.

٦. پەیوەندیی کۆمەڵەکە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی جیهان.

٧. هەڵوێستی ڕژێمی داگیرکارانی کوردستان لە ئاست کۆمەڵەکە و چالاکییەکانی.

٨. هەڵوێستی حزبە شیوعییەکان بەرانبەر کۆمەڵەکە.

٩. ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکە و جیابوونەوەیان.

١٠.چەند هەڵوێستێکی کۆمیدی و بەسەرهاتێکی خۆشی کۆمەڵەکە.

لە بەشی دووەمدا نووسەر بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەی بڵاوکردووەتەوە کە ئەوکات سەبارەت بە پێشهات و گۆڕانکارییە گشتییەکانی سیاسەت بوونە. بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی لقەکانی کۆمەڵەکە لە وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ١- ئینگلتەرا. ٢- نەمسا. ٣- ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. ٤- ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. ٥- یەکێتیی سۆڤیەت. ٦- بەرلینی ڕۆژئاوا. ٧- چیکۆسلۆڤاکیا. ٨- پۆڵۆنیا. ٩- یۆگسلاڤیا. ١٠- سوید. ١١- ڕۆمانیا. ١٢- فەڕەنسا. ١٣- بولگاریا. ١٤- هەنگاریا. ١٥- ئیتاڵیا. ١٦- ئیسپانیا. ١٧- هۆڵەندا. هەروەها نووسەر ویستوویەتی ڕەوشی سیاسیی ئەوسای جیهان بۆ

خوێنەران بخاتەڕوو کە دابەشی سەر دوو جەمسەری سەرەکی ببوون:

١. بلۆکی سۆشیالیستی بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو.

٢. بلۆکی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بووەهۆی سەرهەڵدانی جیاوازییەکی زۆری بەرژەوەندییەکانی نێوان وڵات و گەلانی جیهان و جیاوازییەکی ئاشکرای نێوان ئایدیۆلۆجیای ئەو دوو جەمسەرە و ڕکابەرییەکی تۆندی نێوانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی سامانی جیهانی، دواجاریش بووەهۆی پێکهێنانی دوو هاوپەیمانیی جیاواز.

١. هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە ١٩٤٩ بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا.

٢. هاوپەیمانیی (وارسۆ) لە ساڵی ١٩٥٥ بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت.

نووسەر لەم بەشەدا هۆکاری بڵاوبوونەوەی هەزری بلۆکی سۆشیالیستیش ڕوونەدەکاتەوە لەنێو گەلانی چەندین وڵاتدا بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لەژێر ڕکێفی وڵاتانی سەرمایەداریی وەک بەریتانیا و فەڕەنسادا دەیاننالاند، وڵاتانی ڕۆژئاواش لە پشتیوانیکردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییە ستەمکارەکاندا گلابوون. گەلی کوردیش یەکێک بوو لەو گەلانەی بوونە قوربانیی سیاسەتی ڕۆژئاوا و لە ئاکامی ئەو بڕیارە سیاسییە چەوتانەدا دابەشکرا، لێرەدا نووسەر دووپاتیدەکاتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری بەشداربووانی کۆنگرە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هەزری چەپگەرایی یاخود کۆمۆنیستی، لەکاتێکدا بەشێکی دیکەیان هەزری ناسیۆنالیستیی ڕزگاریخوازانەی کوردیان لە ئەوروپا دەنواند و دەیانویست هاوکات لە هەردوو جەمسەرەکە سوودمەندبن.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE هەتاکو ساڵی ١٩٧٥ ڕێبازێکی ناسیۆنالیستی ئازادیخوازانەیان پەیڕەوکرد کە ئەمانە گرنگترین ئامانجەکانیان بوو:

١. پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان قوتابیانی کورد و قوتابیانی ئەوروپا.

٢. گەشەپێکردنی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەشداریکردن لە خەباتی گەلی کورد لەپێناو بەندیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین.

٣. ناساندنی گەلی کورد بە گەلانی جیهان.

٤. پتەوکردنی هاوکاری و دۆستایەتیی لەنێوان قوتابیانی کورد لە جیهاندا.

نووسەر گرنگترین چالاکییەکانی کۆمەڵەکەی تۆمارکردووە و باس لە ڕۆڵی دکتۆر کامەران بەدرخان دەکات لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی ئەکادیمی کە مەبەستی بووە بڕوا بە ڕەوایی دۆزی کورد بهێنن. هەروەها ڕۆڵی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ و ئەوانی دیکەشی لەبیرنەکردووە کە ئەرکیان لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی کۆمەڵەکەدا کێشاوە. عەلی جەعفەر لەم بەرهەمەیدا پەرەسەندنی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە دوای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانیی نەمر لە ئەوڕوپا دووپاتدەکاتەوە، ئەویش لەچوارچێوەی ئەنجامدانی چالاکی و پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە سیاسییەکانیان بە زمانە جیاوازەکانی جیهان و ئاراستەکردنی بۆ ڕای گشتی، دواجاریش شرۆڤەکردنی ڕەوشە سیاسییەکەی گەلی کورد بە گشتی و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەتایبەتی.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کۆمەڵەکە لقی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کردووەتەوە، بەڵام چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە پەیوەست بووە بە مەودای پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئەو وڵاتانە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ عێراق و سووریادا دەکرد، بۆنموونە هەروەک نووسەریش ئاماژەی پێدەدات: لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٤)دا هێزەکانی سوپای ڕژێمی عێراق هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر کوردستان، جا کە لقی چیکۆسلۆڤاکیای کۆمەڵەکە بابەتێکی ڕۆژنامەی (خەبات)ی وەرگێڕابوو و بەسەر باڵیۆزخانەکانی براگ و میدیاکانیدا دابەشکردبوو، دەسەڵاتدارانی چیکی کۆمەڵەکەیان سزا دابوو و گیانی ئەندامانی کۆمەڵەکەش کەوتبووە مەترسییەوە، ئەگەریش نێوەندگیرییەکان نەبوونایە، لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا دەردەکران. پوختەی قسەکان ئەوەیە؛ نووسەر دەیەوێت ئەوە بە خوێنەر بگەیەنێت کە هەرچەندە ڕژێمەکانی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێز لە مافەکانی گەلانی دیموکراتخواز دەنێن، لە هەمان کاتدا پشتگیریی ڕژێمە ستەمکار و ڕەگەزپەرستەکانیشی دەکرد. لێرەدا نووسەر ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئافرەتانی کوردیشی لەبیرنەکردووە لە کۆمەڵەکەدا، بۆنموونە دوڕیە عەونی، شیرین کەتانی، زۆزان بۆجاق، لەیلا بۆجاق و غەزال سەیدۆ ....

کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرجەم حزب و لایەنە

سیاسییەکانی کورددا هەبووە و هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆربەی حزبە کوردستانییەکان و دەرەوەی کوردستانیش داوە. جا وەنەبێ چالاکییەکانی کۆمەڵەکە هەر لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بێت، بگرە چەندین پردی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی جیهان بنیاتناوە و بووەتە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان. هەر لەم بەشەدا نووسەر گرنگترین ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەمان پێدەناسێنێت کە گرنگترینیان:

١. گۆڤاری (Kurdistan) بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و عەرەبی.

٢. (دەنگی کۆمەڵە) بە زمانی عەرەبی کە باس لە ئاشکرابوونی ئەو چوار ئەفسەرە کوردە دەکات کە هاتوونەتە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان. ١-نەقیب مستەفا خۆشناو. ٢- ڕائید عیززەت عەبدولعەزیز. ٣- نەقیب خێرووڵڵا عەبدولکەریم. ٤- ملازم محەمەد مەحموود قودسی و لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دەگیرێن و دواجار لەسێدارە دەدرێن. نووسەر دووپاتیشی دەکاتەوە کە زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکان سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی باشووری کوردستان و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردان بووە.

٣. گۆڤاری (Hêviya Welêt) بە زمانی کوردی کە بابەتی هەمەڕەنگی ئەوڕوپایی و هۆنراوەکانی شاعیرانی مەزنی کورد جگەرخوین و عوسمان سەبریی تێدا بڵاودەکرایەوە.

٤. گۆڤاری (پرشنگ – PirŞing) کە گۆڤارێکی تایبەت بوو بە ئەدەبیات، ڕۆشنبیریی گشتی، زانست و کۆمەڵایەتی. تۆژەر باس لە هەڵوێستەکانی ڕژێمە داگیرکارانەکانی کوردستانیش دەکات بەرانبەر بە کۆمەڵەکە و چالاکییەکانی و دەڵێت: کۆمەڵەکە هەمیشە یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەزگاکانی داگیرکارانی کوردستان لەڕێگەی ڕێکخراو و یەکێتییەکانی خوێندکاران و فەرمانبەرانی بڵێوزخانەکان و بەکرێگیراوانیان.

نووسەر ئاماژە بە هەڵوێستە نەرێنییەکانی حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و ئاماژە بە بەرنامەی حزبی شیوعیی تورکیا دەکات کە لەسەر بنەمای هەبوونی یەک نەتەوە لە تورکیا، نکۆڵی لە نەتەوەی کورد دەکات، هەروەها ئاماژە بە هەڵوێستی حزبی شیوعیی عێراق دەکات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٣٥ لە قۆناغە جیاوازەکاندا هەندێک جار نکۆڵیان لە کێشەی کورد بە

گشتی و کوردی باشووری کوردستان بەتایبەتی کردووە و جاری واش بووە پشتگیریی مافەکانی کوردیان کردووە. کاتێکیش پەیوەندییەکانی نێوان ڕژێمی عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت ئاسایی دەبێتەوە و کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی بازرگانی و ئابووری لەنێوانیاندا ئیمزادەکرێت کە دواتر بە (پەیمانی دۆستایەتیی عێراقی - سۆڤیەتی) دەناسرێت، پەیوەندییەکانی نێوان شیوعییەکانی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو خراپی دەچێت. تۆژەر حزبی شیوعیی سووریاشی لەم هەڵوێستەدا بەدەر نەکردووە و دەڵێت: حزبی ناوبراویش دژی ئامانجەکانی گەلی کورد بووە لە کوردستانی ڕۆژئاوادا.

نووسەر، لقەکانی کۆمەڵەکەی لە وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و مێژووی دامەزراندنیان و چالاکییە نیشتمانییەکانیانی لە ئەوڕوپا بە درێژی خستووەتەڕوو. لە بەندی چوارەمی بەشی دووەمیشدا ژیاننامەی ژمارەیەک لە چالاکوانانی کۆمەڵەکەی تۆمارکردووە. لەوانەش: دکتۆر نورەدین زازا. دکتۆر عیسمەت وانلی، دکتۆر کەمال فوئاد، حەمەڕەش ڕەشۆ، عومەر شێخموس، یوسف زۆزانی، تاریق ئاکرەیی، شیرین کەتانی، هۆشەنگ عوسمان سەبری، عومەر کولگ، فوزی ئەسعەد، عیزەدین نەعسۆ، ئەدهەم ڕەشید، جەمال عەلەمدار و چەندین ناوی دیکە. هەروەها ئەوەشی لەبیرنەچووە کە خوێنەر ئاشنای ژیاننامە و خەباتی کەسایەتییە دیارەکان لە بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان بکات و ڕۆڵی کاریگەریان لە پەرەسەندن و گەیاندنی دەنگ و ناڵەی گەلی کورد بە کۆمەڵگە و حکومەتەکانی ئەوڕوپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتمان بۆ تۆماردەکات. تۆژەر ئەرکێکی زۆریشی کێشاوە تا خۆی بگەیەنێتە هاوڕێ نزیکەکانی ئەو کەسایەتییە ناودارانە، بۆئەوەی زانیارییەکان بۆ خوێنەر و مێژووی هاوچەرخی کورد ڕاستەوخۆ لەسەر زاری ئەوانەوە بگوازێتەوە و خەباتی ڕەوایان تۆمار بکات کە لێرەدا بە پێویستی نازانین لەم خوێندنەوە کورتەدا دووبارە لەسەریان بنووسینەوە، بۆیە تەنیا بە ناوهێنانیان، سەرنجی خوێنەرانی ئازیزمان ڕاکێشاوە.

بەندی پێنجەمی ئەم بەرهەمە تەرخانکراوە بۆ بەڵگەنامەکان و چەند وێنەیەکی گشتی کە ڕەنگە بە ڕای ئێمە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانە، بەڵگەنامەیەکە و تێیدا دکتۆر حوسێن کیکی سکرتێری لقی بەرلینی ڕۆژئاوا داوا لە ئەندامانی لقەکە دەکات بەشداریی ئەو خۆپیشاندانە بکەن کە لەلایەن کۆمەڵە ڕێکخراوێکی چەپ و پێشکەوتنخوازی

ئەڵمانیـا و بیانییـەوە دژی حوکمـی فاشـیی تورکیـا ڕێکخـراوە و پشـتگیریی خۆیـان بـۆ هـەردوو گەلـی کـورد و تـورک دەردەبـڕن. هەروەهـا بەڵگەنامەیەکـی دیکەیـە کـە عومـەر شـێخموس لـە سـاڵی ١٩٦٣دا نووسـیویەتی و بـۆ ئەلیزابێـت شـاژنی بەریتانیـای نـاردووە و لـە نامەکـەدا ڕەفتـاری دڕندانـەی حکومەتـی ئەوسـای عێـراق سـووک و ڕیسـوا دەکات کـە پێشـێلکردنی دەسـتوور و یاسـاکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بڕگـە سـەرەکییەکانی مافـی مرۆڤـن و لـە نامەکـەدا بـە شـاژن دەڵێـت: حکومەتەکـەی ئێـوە ڕەزامەندیـی فرۆشـتنی چەکـی قورسـی بـە حکومەتـی عێـراق داوە، ئەویـش دژی کـوردی باشـوور بەکاریدەهێنێت، بۆیـە هیـوادارم داوا لـە حکومەتەکـەی خۆتـان بکـەن لـە بڕیارەکـەی خـۆی پاشـگەز ببێتەوە و چیـدی ئـەم جـۆرە چەکانـە بـە حکومەتـی عێـراق نەفرۆشـێت.

تـۆژەر لـە بەڵگەنامـەی ژمـارە (٢٣) کـە تایبەتـە بـە دووەمیـن سـاڵیادی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، ئامـاژە بـەو پیلانانـە دەدات کـە حکومەتـی عێـراق دژی کـورد و سـەرکردەکانی کـورد دەیگێڕێـت، بەتایبەتـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی و ئیدریـس بارزانـی. هەروەهـا ئامـاژە بـەوەش دەدات کـە بەشـێکی زۆری بڕگەکانـی بەیاننامەکـە جێبەجێنەکـراوە.

لـە کۆتاییشـدا تـۆژەر چالاکییـەکان و ڕۆڵـی کۆمەڵەکـە دەخاتـەڕوو کـە چـۆن پشـتگیریی قوتابیانـی کـوردی سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتانی کـردووە و بووەتـە دەنگێکـی بیسـتراو بـۆ خەباتـی ڕەوای گەلـی کوردسـتان، هەروەهـا کۆمەڵەکـە سـەرکەوتوو بـووە لـە ناسـاندنی کێشـەی کـورد بـە جیهـان و پشـتیوانیی حکومـەت و گەلانـی وڵاتانـی دیکـەی بـۆ کـورد بەدەسـتهێناوە، ئەویـش بـە بەشـداریکردن لـە کۆنگـرە و سـمینارە نێودەوڵەتییەکانـدا. نووسـەر دیسـان کەموکورتییەکانـی کۆمەڵەکەمـان دێنێتـەوە یـاد کـە نەیتوانیـوە لێژنەیەکـی تایبـەت بـۆ پەیوەندییەکانـی دەرەوە پێکبهێنێـت، هەروەها نەشـیتوانیوە ڕای گشـتیی ئەوروپـا بە زمانی ئەو وڵاتانـەی لقـی کۆمەڵەکـەی تێدایـە، بدوێنـێ و هەمـوو دیالۆگەکانیـان بـە زمانی عەرەبـی بووە.

هـەر لـەم بەشـەدا تـۆژەر ویسـتوویەتی وێنـەی کۆمەڵـە چالاکوانێکـی لقەکانـی وڵاتانـی ئەوروپـا ئەرشـیف بـکات کـە بریتیـن لـە: حەمـڕەش ڕەشـۆ، سـەڵاحەدین بەدرەدیـن، دکتـۆر عیسـمەت شـەریف وانلـی و دکتـۆر کەمـال فوئـاد. دواجـار تـۆژەر کۆتایـی بـەم بەشـە دەهێنێـت کـە پشـتی بـە (٢٧) سـەرچاوەی عەرەبـی و (١٥) سـەرچاوەی کـوردی بەسـتووە، بێجگـە لـە دیمانەکانـی لەگـەڵ دیارتریـن و چالاکتریـن کەسـایەتییەکانی ئەوکاتـی کۆمەڵەکە.

بەشی سێیەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ژمارەیەک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بە زمانەکانی کوردی، فەڕەنسی و ئینگلیزی کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٥ کۆمەڵەکە دەریکردوون و سەرەتای بەشەکەی بە پێشەکییەکی زانستی و بابەتیانە دەستپێکردووە و باس لە گرنگیی ئەرشیفکردن و ڕۆڵی مێژوویی بەئەرشیفکردن دەکات لە پاراستنی بەرهەمەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی و کلتوری کوردی بەتایبەتی. بۆیە تۆژەر گرنگترین بڵاوکراوەکانی خوێندکاران بڵاوکردووەتەوە کە گرنگترینیان گۆڤاری"Dengê Kurdistan"،"HêviyaWelêt"،"پرشنگ – PirŞing" کە هەر هەموویان زمانحاڵی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد و سەکۆیەکی زۆر گرنگ و کاریگەر بوونە بۆ ناساندنی ڕەوشی سیاسیی هەرچوار پارچەکەی کوردستان بە خوێنەران و ئاشناکردنیان بە کلتوور و ئەدەبیاتی کوردی.

تۆژەر لەوەشدا درێخیی نەکردووە باس لە ڕۆژنامەی"کوردستان"بکات کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و کورتە مێژوویەکی ڕۆژنامەکەی خستووەتەڕوو کە لەلایەن گەورە ڕۆژنامەنووس مەدحەت میقداد بەدرخان لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا یەکەمین ژمارەی لە قاهیرە دەرکردووە و ژمارەکانی دواتری لە چەند شارێکی جیاوازی ئەوڕوپادا دەرکردووە، هەروەها ئاماژەی بە ڕۆژنامەیەکی دیکە کردووە بەناوی"کرد تعاون و ترقی غەزەتەسی"واتە ڕۆژنامەی (کورد) هی تەعاون و تەرەقی کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبول دامەزراوە. (بانگی کورد) ڕۆژنامەی سێیەمە کە لە دەرەوەی کوردستان لە ساڵی ١٩١٤ چاوی هەڵهێناوە. ڕۆژنامەیەکی گرنگ و تەمەندرێژتر لە ١ی نیسانی ١٩٣٠ لە شاری یەریڤانی ئەرمینیا بە زمانی کوردی دەرچووە و ناوی"Riya Teze" بووە. عەلی جەعفەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لەوەش دەکات کە لە چاپی ئەمجارەدا توانیویەتی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری"Hêviya Welêt" بلاوبکاتەوە کە سێ ژمارەیە و چوار ژمارەی گۆڤاری"پرشنگ - PirŞing" یش بڵاوبکاتەوە.

هەر لەم بەشەدا نووسەر، دکتۆر نورەدین زازا سەرنووسەری ڕۆژنامەی"Dengê Kurdistan"مان پێدەناسێنێت و دەڵێت:"زازا لەدایکبووی ساڵی ١٩١٩ی شاری مادنە کە دەکەوێتە نزیک ئامەد لە کوردستانی باکوور و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەردا پەروەردە بووە. لە تەمەنی ١١ ساڵیدا و پاش نسکۆی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەگەڵ دکتۆر نافزی برایدا ڕووەکەنە سووریا، بڕوانامەی لە زانستە سیاسییەکان لە بەیروت

وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٥٦ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستەکانی پەروەردەدا لە سویسرا بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٤٧دا یەکێک لە چالاکییە سیاسی و مێژوویییەکانی، دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی کوردی بووە و ناوەڕاستاوە"کۆمەڵەی قوتابیانی کورد"کە هەریەک لە عەبدولوهاب باباجان لە سلێمانی و عیسمەت شەریف وانلی هاوکاری بوونە. لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ پێنج قوتابیی کوردی دانیشتووی سویسرا و فەرەنسا"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا"دادەمەزرێنێت و دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەکە.

پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سووریا و بە هاوکاریی ١٦ قوتابیی کورد دووبارە کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی لە ئەورووپا زیندووکردووەتەوە و لە هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە سووریا. لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٠دا لە سووریا دەستگیر دەکرێت بۆیە دواتر بەناچاری دەگەڕێتەوە سویسرا و لە ساڵی ١٩٨٨دا مالئاوایی لە ژیان دەکات".

تۆژەر بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان لەبارەی نورەدین زازادا تەنیا پشتی بە سەرچاوە و نووسینەکان نەبەستووە، بگرە ئەرکێکی زیاتری کێشاوە و سەردانی هاوسەری ئەم نیشتمانپەروەرەی کردووە و توانیویەتی نووسەر و ڕۆژنامەنووس خاتوو گلبرێت فاقەر زازای هاوسەری دکتۆر نورەدین زازا ببینێت و چەند لێدوانێکی لێوەربگرێت کە لەبارەی هاوسەرەکەیەوە دەڵێت:"لە ژیانمدا کەسێکی دڵپاکی وەکو نورەدینم نەبینیوە، ئەو کەسێکی نموونەیی بوو و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو گەلی کورد بگاتە مافە ڕەواکانی خۆی و هەر لە گەنجییەوە لە بەیرووت واتە لە ساڵی١٩٧١ەوە داکۆکیی لە مافەکانی گەلی کورد کردووە، خەونی بەوەوە دەبینی کە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی هاوشێوەی سویسرا ببینێت و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی سەرجەم پێکهاتە، زمان، کلتوور و ئاینە جیاوازەکانی (کورد، عەرەب، دروز، ئاشوور، ئەرمەن و جوولەکە) بە چاوی خۆی ببینێت و هەرلایەنە و بە مافی خۆی بگات. شاهێدیی ئەوەش بۆ نورەدین دەدەم کەوا تەواوی ئەو داواکارییانەی یۆنانی ڕەتکردووەتەوە کە دژی تورکیا هاوکارییان بکات بەرانبەر ئەو بەڵێنە دارایییانەی حکومەتی یۆنان پێیداوە، حکومەتی عێراقیش داواکارییەکی هاوشێوەی لە نورەدین زازا کردووە دژی سووریا. لە ڕاستیشدا ئەو بۆ سیاسەت نەخوڵقاوە، چونکە زۆربەی سیاسەتوانانی جیهان دز و درۆزن و فێڵبازن".

نووسەر، نووسینێکی کورتی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵاشی بڵاوکردووەتەوە کە باس لە ڕۆژنامەی (دەنگی کوردستان) دەکات. ئەم ڕۆژنامەیە بە هەر سێ زمانی فەڕەنسی، کوردی و ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە و دامەزرێنەرانی بریتین لە: دکتۆر نورەدین زازا، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت ئاکرەیی، عەبدوڵڵا قادر و چەند کەسێکی تر. نووسەر، گۆڤاری"Hêviya Welêt" یش لەبیرناکات کە پێشتر ناومان هێناوە و لەسەر زاری تێکۆشەری کۆچکردوو حەمەڕەش ڕەشۆ دەگێڕێتەوە:"کاتێک دەڕوانینە مێژوو، دەبینین ڕۆژنامەگەریی کورد بە زمانی کوردی دەگمەنە و یەکەمین گۆڤار، گۆڤاری"هاوار"بووە کە بنچینەی زمانی کوردیی لە ١٥ی ئایاری ١٩٣٢ لەسەر دەستی جەلادەت بەدرخان داناوە. حەمەڕەش ڕەشۆ ئەوەشمان بیردەخاتەوە کە گۆڤاری"Çiya"شی لە ساڵانی ١٩٦٥ - ١٩٧٠ دەرکردووە و لە ساڵی ١٩٦٣دا کۆمەڵەکە بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری"Hêviya Welêt" دەدات و هەر خۆشی دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارەکە کە تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە"، دواتر هەرسێ ژمارەکە لە بەرگێکدا کۆکراوەتەوە و دکتۆر نورەدین زازا پێشەکیی بۆ نووسیوە. گۆڤاری"Hêviya Welêt" گۆڤارێکی سیاسی نەبووە، بەڵکو گۆڤارێکی ڕۆشنبیری بووە، بە زمانی کوردی و بە پیتی لاتینی نووسراوە. عیسمەت شەریف وانلیش بەشداریی لە نووسینی بابەتەکانی گۆڤارەکەدا کردووە و ئامانجەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بانگەوازێکی بۆ خوازیارانی ئازادی و کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ و هۆنراوەکانی تێکۆشەری مەزن عوسمان سەبری و شاعیری ناسراوی کورد جگەرخوین ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها حەمەڕەش ڕەشۆش بابەتێکی گرنگی بەناونیشانی"Hêvî" و هۆنراوەیەکی درێژی بەناوی"Şerê nezan"ی تێدابڵاوکردووەتەوە. ڕەوانشاد دکتۆر کەمال فوئادیش بابەتێکی لەژێر ناونیشانی"ئەرکە پیرۆزەکانی گۆڤاری"Hêviya Welêt"ی بۆ گۆڤارەکە نووسیوە.

نووسەر، وێنەکانی گۆڤاری"پرشنگ- PirŞing"ی بڵاوکردووەتەوە کە گۆڤارێکی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتییە و لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەردەچوو، نووسین و هۆنراوەی جۆراوجۆری بە زمانی کوردی- سۆرانی، بڵاوکردووەتەوە کە لە نووسینی ئەحمەد ڕەشید ئیسماعیل و شاعیری گەورە"بێکەس"و چەند نووسەرێکی دیکە کە گۆڤارەکەیان بە داهێنانەکانیان دەوڵەمەندکردووە.

وێڕای بارودۆخی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییە هەڵبەزودابەزەکانی وڵاتانی ئەوروپا و سیاسەتی ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنییانەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردبوو، نەتوانرا پەرەسەندنی ڕێبازی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ڕابگیرێت کە بە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و زمانحاڵی گەلی کورد لە ئەوروپا دادەنرێت و لێی جودا ناکرێتەوە، بۆیە لێرەدا جارێکی دی دووپاتیدەکەینەوە؛ دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا زەروورەتێکی بابەتییانە بوو بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە کۆمەڵگەکانی ئەوروپا و حکومەتەکانیان، لێرەوە کۆمەڵەکە توانیی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دادپەروەرانەی خۆی بگێڕێت و گۆڤارێک بکاتە زمانحاڵی فەرمیی خۆی و بابەت و ئەو هەواڵە سیاسییانەی لە کوردستانەوە دەگەیشتن، بڵاوبکاتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا نووسین و هۆنراوەی ئەدیبانی کورد لە کوردستان و ئەوروپا بڵاوبکاتەوە و لە نووسینەکاندا ئەو هێرشە ناڕەوایانەی دەکرێنە سەر کوردستان ڕیسوا بکات و ببێتە بڵندگۆی گەلی کوردی ستەملێکراو کە بە دڕێژایی مێژووی کۆن و نوێ ستەمی لێدەکرێت. دەنگی کۆمەڵە - Dengê Ko-melê کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو، نووسەر لە بەشی چوارەمی ئەم بەرهەمەیدا چەند ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بڵاودەکاتەوە کە بابەت و بەڵگەنامەی زۆر گرنگی تێدایە، یەکێک لەو بەڵگەنامانە ئەوەیە کە دەریدەخات چەند بڕگە لە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، جێبەجێکراون و چەندیان جێبەجێنەکراون کە لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری ئەوسای عێراق و مەلا مستەفا بارزانیی ڕابەری شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ ئیمزاکرابوو.

دەنگی کۆمەڵە، چەندین بابەتی لە ڕۆژنامەی"التآخی"وەرگرتووە کە ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاویدەکردنەوە، یەکێک لەو بابەتانە نووسینێکی أ. پرشنگ بوو بەناونیشانی ئافرەتانی تێکۆشەری کورد بوو کە نووسەر ڕەوشی ئافرەتانی کورد دەخاتەڕوو و باس لە دواکەوتنی ئافرەتان دەکات بەهۆی هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، هزری و ئەو تێڕوانینە دواکەوتووانەیەی کۆمەڵگە پێیدەڕوانێتە ئافرەت و ئاماژە بۆ مافی خوێندنی ئافرەتان دەکات. هەروەها گۆڤارەکە چەندین شاعیری کلاسیکیی کوردی بە خوێنەر ناساندووە، لەوانەش: مەولەوی، گۆران کە ئەوەی دووەمیان بە شیعری وەسفکردن و داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت ناسراوە و

دەڵێت:"هەرچی جوانییەکی سروشت هەیە بەبێ هەبوونی ئافرەت هیچ ناهێنێ". بێکەسیش کە باوکی شاعیری کۆچکردوو شێرکۆ بێکەسە دەڵێت"داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ"لە شوێنێکی دیکەدا، بە بەندکراوی نیشتمانی خۆی - کوردستان - بەم شێوەیە دەدوێنێ:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە

وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بەتەوق و کۆتەوە

من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی

حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە

ئەم گۆڤارە بابەتێکی سەبارەت بە کۆچی دوایی قەدری جانی شاعیر لە ١٩٧٢ تەرخانکردووە کە یەکەمین شیعری نوێی بە شێوەزاری کرمانجی نووسیوە، هەروەها شیعرێکی بەبۆنەی گەڕانەوەی بارزانی بەناونیشانی"بارزانی گەڕایەوە"بڵاوکردووەتەوە و گەڕانەوەکە بۆ کوردستان بە هەڵاتنی خۆر دەشوبهێنێ و دەڵێت:

"شێر هات وەلات شێر هات وەلات مزگین مزگین ل وە بارزانی هات"

هەروەها گۆڤارەکە بابەتێکی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی شێخ مەحموودی حەفید کە دژ بە ئینگلیزەکان خەباتیکردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٢٢ ئیمارەتێکی کوردیی لە کوردستان دامەزراندووە و بووەتە مەلیکی ئەو ئیمارەتە. بابەتێکی دیکەشی لەسەر ئەو شەهیدانە بڵاوکردووەتەوە کە خوێنی خۆیان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا ڕژاند، بۆنموونە قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان کە لەلایەن حکومەتی ڕەگەزپەرستانەی شاهەنشاوە لەسێدارەدراوە، هەروەها شێخ سەعیدی پیرانیش کە لەگەڵ چوار هاوڕێی تێکۆشەریدا بە فەرمانی حکومەتی تورکیای تۆڕانیی کۆنەپەرست لەسێدارەدران.

هەر لەڕێی گۆڤارەکەوە ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵەکە بڵاوکراوەتەوە کە گرنگترینیان:

١. پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان قوتابیانی کورد و کارکردن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

٢. ناساندنی گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی بە گەلانی جیهان.

٣. بەهێزکردنی گیانی هاوکاری لە نێوان قوتابیانی کورد و قوتابیانی وڵاتانی دیکەیە.

هەروەها"دەنگی کۆمەڵە - Dengê Komelê" بابەتێکی لەژێر ناونیشانی"لە یادی ئەو پیلانگێڕییەی گیانی سەرۆکمان مەلا مستەفا بارزانیی کردە ئامانج لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ کە بەناوی گفتوگۆکردن لەگەڵ بارزانیدا لەلایەن بەکرێگیراوانی حکومەتی عێراق لە حاجی ئۆمەران جێبەجێکرا، گۆڤارەکە لە شوێنێکی دیکەدا سەرنجمان بۆ پەیوەندیی باشی نێوان کورد و ئەرمەن ڕادەکێشێت، کاتێک شەریف پاشا لە ساڵی ١٩١٩دا دوو یاداشتنامە پێشکەش کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکەی ئەوڕوپا دەکات و هەردوو گەلی کورد و ئەرمەنی گەیاندە ڕێککەوتن سەبارەت بە خواستەکانیان.

لە ژمارە ٨-٩ی گۆڤاری دەنگی کۆمەڵەدا "چارەنووسی ڕێککەوتننامەی ئادار" ناونیشانی بابەتێکی بڵاوکراوەیە و تێیدا هاتووە:"ڕێککەوتننامەی ئادار ئەنجامی ئەو خەباتە سەختە درێژخایەنەیەی گەلی کوردە، بەڵام دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئەوسای عێراق چەندین ڕێگەی پێچاوپێچی گرتەبەر بۆ لەباربردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ئەویش لە ڕێگەی سیاسەتی دەستگیرکردن، ڕفاندن، هەڵمەتەکانی بەعەرەبکردن، هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و تواندنەوەی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە، دواجار جەماوەر و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیان گەیاندە ئەو بڕوایەی کە دەسەڵاتدارانی بەعس ڕژد نین لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار. نامەکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان بۆ کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەن کە لە ئابی ساڵی ١٩٧٣ لە جەزائیری پایتەختدا بەسترا، یەکێکی تر بووە لەو بابەتە گرنگانەی لە گۆڤاری دەنگی کۆمەڵەدا بڵاوبووەتەوە و لە نامەکەدا داوا لە بەشداربووانی کۆنگرە دەکات و دەڵێت: گەلانی جیهان بە گەلی کوردیشەوە چاویان بڕیوەتە جەزائیری پایەخت کە لە بارودۆخێکی زۆر گرنگدا کۆنگرەی لوتکەی چوارەمی وڵاتانی بێلایەنی تێدا دەبەسترێت و وا دەخوازێت تەواوی هەوڵەکان یەکبخرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە نێودەوڵەتی و نیشتمانییانەی بەرۆکی گەلانی جیهانی گرتووە و ئاماژە بە بارودۆخی گەلی کورد دەکات و دەڵێت:"گەلی کوردمان، یەکێکە لە گەلە سەرەکییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر دەمێکە دوچاری ستەم و چەوسانەوەی بیانی بووەتەوە و هەمیشە لە شۆڕشێکی بەردەوامدا بووە و خەباتی لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکاندا کردووە، ئەمڕۆ دەڕوانێتە گەلانی جیهان بەتایبەتی ڕۆژ و گەلانی ئێوە بۆئەوەی دەستی هاوکاریی

بۆدرێـژ بکـەن لەپێنـاو سـەپاندنی خواسـتەکانیان. هەروەهـا ئامـاژە بـۆ ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار و جێبەجێنەکردنـی بەندەکانـی ڕێککەوتننامەکـە دەکات، بارزانـی لـە نامەکەیـدا بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: هیوادارێـن کاریگـەری و دەسـەڵاتی خۆتـان لـە پشـتیوانیکردنی خواسـتەکانی گەلـی کـورددا بەکاربهێنـن کـە داوای مافـی ئۆتۆنۆمـی دەکات لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا".

گۆڤـاری دەنگـی کۆمەڵـە، بایەخـی بـە مێژووی هاوچەرخـی کوردیش داوە و نووسـینێکی دکتـۆر کەمـال مەزهـەر ئەحمـەدی بەناونیشـانی"گرنگیی کوردسـتان بـۆ wوڵاتـە مەزنـەکان و بایەخدانـی ئـەو وڵاتانـە بـە کوردسـتان"بڵاوکردووەتەوە و لـەو نووسـینەدا هۆکارەکانـی کێبڕکێـی وڵاتانـی داگیرکـەر لەسـەر کوردسـتان لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا خراوەتـەڕوو. لـە نووسـینێکی دیکـەی گۆڤـاری ناوبـراودا بەسـەردێڕی (ڕێککەوتننامـەی ئـادارى مێژوویـی چـی دەگەیەنێـت؟) نووسـەری بابەتەکـە دەڵێت:"ڕێککەوتننامـەی ئـادار وەرچەرخانێکـی مێژوویـی بـوو لـە خەباتـی گەلـی کوردسـتانی عێـراق و ئاسـەوارەکانی پەلـی بـۆ ئەوپـەڕی کوردسـتان هاویشـتووە. ڕێککەوتننامەکـە بـە خوێنـی شـەهیدان و قوربانییـە مەزنەکانـی گەلـی کـورد بـە سـەرۆکایەتیی ڕابـەر جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی بەدیهاتـووە کـە شـان لـە شـانی پەیماننامـەی (سـیڤەر) دەدات و هاوپەیمانـان لـە ئابـی سـاڵی ١٩٢٠دا ئیمزایـان کـردووە و لـە چەنـد بەندێکـی پەیماننامەکـەدا دان بـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی گەلـی کـورددا دەنێـت لەپـاش جەنگـی یەکەمـی جیهانـدا، بـەڵام وەک دەڵێـن: هەر بـە مەرەکەبی سـەر کاغـەز مایـەوە. ئەنجـام ە نەتەوەییەکانـی ڕێککەوتننامـەی ئـاداری مێژوویـی تەنیـا لە چوارچێـوەی کوردسـتانی عێراقـدا قەتیـس نەبـوو، بگـرە ئاسـەوارەکانی گەیشـتە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی لەوێـش بووژانـدەوە. حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە، ناچاربـوون پێداچوونەوەیـەک بـۆ سیاسـەتی خۆیـان بکـەن لـە ئاسـت کێشـەی کـورد ...".

لـە ژمارەیەکـی ئـەم گۆڤـارە تێکۆشـەرەدا دەقـی تـەواوی پـڕۆژەی ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی بڵاوکردووەتـەوە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێشکەشـی حکومەتـی عێراقـی کـردووە و بـۆ ڕای گشـتیی عێـراق و جیهانـی دووپاتدەکاتـەوە کـە کۆمـاری عێـراق یەکەیەکـە و قابیلـی دابەشـبوون نییـە. هـەر لـەو گۆڤـارەدا چەنـد لاپەڕەیـەک تەرخانکـراوە بـۆ شۆڕشـی

کـورد لـە میدیاکانـی جیهانـدا و تێیـدا بـاس لـە ڕۆژنامـە ناوداڕەکانـی جیهـان و بەتایبەتـی ئەوڕوپـا دەکات کـە ڕووماڵـی پەڕەسـەندنی ڕووداوەکانـی کوردسـتانی باشـوور دەکـەن و دەڵێـت: دەسـەڵاتدارانی عێـراق ئۆتۆنۆمییەکـی شـێواو و بەدگـۆڕاوی تاکلایەنانەیـان بەبـێ بەشـداریکردنی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد، ڕاگەیانـدووە. هەروەهـا نـاوی ژمارەیـەک ڕۆژنامـەی وڵاتانـی ئەوڕوپـای تۆمارکـردووە کـە بابەتیـان لەسـەر کوردسـتانی باشـوور و حکومەتـی عێراقـدا بڵاوکردووەتـەوە کـە تەگـەرە دەخاتـە بـەردەم جێبەجێکردنـی بەنـدە گرنگەکانـی ڕێککەوتننامـەی ئـادار. لـەم ڕووەوە ڕۆژنامـەی (Der tagsspiegel – ئاوێنـەی ئەمـڕۆ)ی ئەڵمانیـا لە ١٦ی ئاداری ١٩٧٤ لەسـەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەدا دەنووسێت:"سـوپای عێـراق لەمـاوەی ١٠ سـاڵدا کۆمەڵکوژیـی دژی گەلـی کـورد پەیڕەوکـردووە و مێـژووی کـورد لـەم سـەدەیەدا، مێـژووی بەڵێنـە جێبەجێنەکـراوەکان و چەوسـاندنەوەیە، کـورد قوربانیـی بەرژەوەندییەکانـی وڵاتانـی گـەورەی جیهانـن، بەتایبەتـی لەبەرئـەوەی سـامانی نـەوت لـە ناوچەکەیانـدا هەیـە. بـە بەردەوامیـش حکومەتـی عێـراق بـە زەبـری هێـز ناوچەکانیانـی تەعریـب کـردووە و فریودانێـک لەپشـت پـڕۆژەی ئۆتۆنۆمیـی حکومەتـدا هەیـە و دەیەوێـت بـە دەسـتەبەرکردنی چەنـد مافێکـی هـەرزان بەهـا، کـورد فریوبـدات".

لـە ٢١ی ئـاداری ١٩٧٤یشـدا ڕۆژنامـەی (Die Welt - جیهـان) کـە یەکێکـە لـە ڕۆژنامـە بەناوبانگەکانـی ئەڵمانیـا لـە نووسـینێکدا بەناونیشـانی"گەلێک لـە پەراوێزدا"دەڵێـت: پـاش چـوار سـاڵ لـە ئاشـتیی سـاختە و کەڵەکبازیـدا کـوردی چەوسـاوەی عێـراق پەنایـان بـردەوە بـەر چـەک و ڕووبـەڕووی سـوپای عێـراق بوونـەوە، ئـەو سـوپایەی بـە ئاشـکرا و بـە نهێنـی دەسـتی داوەتـە ڕاگواسـتنی گوندنشـینانی کـورد بـۆ بیابانـەکان و سـەرقاڵی ئامادەکردنـی گازە ژەهراوییەکانـە بۆئـەوەی دژی کـورد بەکاریانبهێنـێ، جـا کوانـێ هـاواری جیهـان بـۆ داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی مـرۆڤ کـە سیاسـەتوانانی جیهـان هـاواری بـۆ دەکـەن و کوانـێ ناڕەزایەتییەکانـی کڵێسـای پرۆتسـتانی؟؟.

لەمـاوەی ئۆتۆنۆمییـە کارتۆنییەکـەدا ڕۆژنامەکانـی دیکـەی ئەڵمانیـاش بابەتیـان لەسـەر کـورد و کوردسـتان نووسـیوە، لەوانـەش: ڕۆژنامـەی (Berliner Zeitung- ڕۆژنامـەی بەرلین) و (Frankfurter Allgemeine- فرانکفۆرتـی گشـتگیر) و (Süddeutsche Zeitung – ڕۆژنامـەی ئەڵمانیـای باشـوور) و چەندین ڕۆژنامەی بیانیی دیکـەی وەکو (The Times- کات)ی ئینگلیزی

و (National Zeitung – ڕۆژنامەی ناسیۆنال). ڕۆژنامەی بەرلین لە ١٦ی ئاداری ١٩٧٤دا دەنووسێت:"سەرکردەی کورد مستەفای بارزانی بانگەوازێک بۆ تەواوی کوردان بڵاودەکاتەوە و داوای چەکهەڵگرتن و شەڕکردنیان لێدەکات دژی حکومەتی عێراق .... حکومەتی عێراقیش یەک ملیۆن مارکی لەپێناو سەری بارزانیدا تەرخانکردووە". ئینجا ڕۆژنامەی فرانکفۆرتی گشتگیر لە ١٨ی ئاداری ١٩٧٤دا بڵاویکردووەتەوە:"شێری چیاکان تەنیا فەرماندەیەکی پارتیزان نییە، بەڵکو کەسێکی سیاسیشە، ئەم پیاوە ناودارترین فەرماندەکانی شەڕی پارتیزانییە و لە هەمووشیان سەرکەوتووترە". - کە مەبەستی بارزانیی نەمرە- وەرگێڕی کوردی.

لە ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٧٤ی دەنگی کۆمەڵەدا بابەتگەلی گرنگی بڵاوکردووەتەوە، بۆنموونە بانگەوازێک بۆ"ڕێکخراوە نیشتمانی و دیموکراتخوازەکان"،"قەڵادزێ شارە شەهیدەکەی کوردستان"،"هەشت یەکێتیی خوێندکاران لە جیهاندا پشتیوانیی خواستی گەلی کورد دەکەن"و چەندین هەواڵی دیکەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگیی عێراق لە کوردستان.

زمانحاڵی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، چەندین نامەی زۆر گرنگی بڵاوکردووەتەوە کە هەی سەرکردە دیارەکانن، گرنگترینیان نامەیەکی مستەفا بارزانییە بۆ کۆرت ڤاڵدهایم لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٧٤ و نامەیەک بۆ کۆنگرەی ڕیبات لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ و تێیدا سەرۆک بارزانی سەرنجی شا و سەرۆکەکانی وڵاتانی عەرەب بۆ ڕەوشی سیاسیی قەیراناویی عێراق ڕادەکێشێ و داوایان لێدەکات لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان بنێرنە عێراق. هەر لێرەدا دکتۆر ئەندریا زاخاروڤی سۆڤیەتی لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ بانگەوازی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و داوادەکات هێزێکی ئاشتیپارێز بنێردرێتە کوردستانی باشوور و داوای ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراقیش دەکات کە دژی کورد بەرپای کردووە، هەروەها داواش لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، داوا لەو وڵاتانەی هاوکاریی سەربازی پێشکەش عێراق دەکەن، فڕۆکەوان و ڕاوێژکارە سەربازییەکانیان لە عێراق بکشێننەوە کە بەشداریی ڕاستەوخۆی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی کورد دەکەن. هاوکات ئەلینای هاوسەری دکتۆر ئەدریا هەمان بانگەوازی گەیاندووەتە دەست میدیاکارانی بیانی و سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت.

کۆمەڵەی قوتابیانی کورد داوای لە بریجنێفیش کردووە هەناردەکردنی چەکی کوشندە بۆ دەسەڵاتدارانی بەعس ڕابگرن. لە ژمارە ٣ی گۆڤاری (کوردستان)یشدا چەندین نامەی بڵاوکراوەتەوە کە بۆ لایەنە فەرمییەکانی بیانی و عەرەبی نێردراون، لەوانەش نامەکەی کۆنگرەی خوێندکاران بۆ جەمال عەبدولناسر کە سوپاسی هەڵوێستەکانی دەکات، هەروەها نامەی کۆنگرە بۆ حکومەتی سۆڤیەت و نامەی کۆمەڵەی خوێندکاران بۆ لێژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەکی دیکەی کە شایانی خوێندنەوەن و هەریەکەیان دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ تۆژەران و سیاسەتوانان.

لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا سەرجەم بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو گۆڤاری"دەنگی کۆمەڵە - Komelê Dengê" بە زمانی کوردی و ئەلفوبێی لاتینی بڵاوکردووەتەوە کە ژمارەیەک بابەتی سیاسی و هۆنراوەیەکی شاعیر قەدری جانی تێدایە. لەیەکێک لە بابەتەکاندا هاتووە: گەلی کورد لە مێژووی کۆن و نوێدا درێخیی لە قوربانیدان نەکردووە و لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکاندا گیانی ڕۆڵەکانی بەختکردووە، لاپەڕەکانی مێژووش پڕیەتی لە قارەمانێتی و قوربانییەکانی گەلی کورد ...". بابەتێکی دیکە بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی مەزنی گەلی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت:"گەلی کورد لە تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان، شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ لە کوردستانی باشوور بە شۆڕشی خۆیان دەزانن". ئەمانە و چەندین بابەتی دیکەی وەکو"ڕۆژە ڕەشەکە"و گۆڤارەکە یادی ڕۆژی ٦ی ئەیلوول دەکاتەوە کە ڕۆژێکی ڕەش بوو لە سەرتاسەری کوردستان و سلێمانی بەتایبەتی کە لە ساڵی ١٩٣٠ کاتێک هاوولاتیانی شاری سلێمانی دژی بەریتانیا ڕاپەڕین کە حکومەتێکی کۆنەپەرستی لە عێراق هێناوەتە سەر تەخت. هەر لەم ژمارەیەدا بابەتێکیش بۆ یادی شۆڕشی بارزانی ساڵی ١٩٤٥ و چەندین بابەتی تری بەپێز بڵاوکراونەتەوە.

لە کۆتایی خوێندنەوەی هەرچوار بەشەکەی کتێبەکە بەپێویستی دەزانین عەلی جەعفەری تۆژەر لەم چەند دێڕەدا بە خوێنەران بناسێنین:

عەلی جەعفەر خەڵکی گوندی (Behdîna) ی ناوچەی عەفرینی کوردستانی ڕۆژئاوایە و لە ٤ی نیسانی ١٩٦٠ لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی خوێندنی

هـەر لـەو گونـدەی خۆیـان تەواوکـردووە، پاشـان بـۆ تەواوکردنـی خوێندنەکـەی هاتووەتـە حەلـەب. لـە ١٧ سـاڵیی تەمەنیـدا پەیوەندیـی بـە بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورد کـردووە لـە کوردسـتان، بـەڵام لـە ٢٠٠٤ەوە لـە کاری حزبـی دوورکەوتووەتـەوە و خـۆی بـۆ نووسـین و لێکۆڵینـەوە تەرخانکـردووە. لـە سـاڵی ١٩٩٠ یەکەمیـن کتێبخانـەی بەنـاوی (کتێبخانـەی خانـی) بـۆ بڵاوکردنـەوە و دابەشـکردنی کتێبـە کوردییـەکان لـە حەلـەب کردووەتـەوە و ڕۆڵێکـی گـەورەی لـە چاپکـردن و دابەشـکردنی کتێبـە کوردییـەکان لـە تـەواوی ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا هەبـووە. لـەو بارودۆخـە ئەمنییـەی سووریاشـدا توانیویەتـی چەندیـن پیشـانگا بـۆ کتێبـە کوردییـەکان بکاتـەوە، ئەویـش بـە پشـتیوانیی هـۆزە کوردەکانـی جەزیـرەی کـوردی ، حەلـەب، کۆبانـێ و دیمەشـق.

عەلـی جەعفـەر یەکێـک بـووە لـە ئەندامانـی لێژنـەی (ئەحمـەدی خانـی) کـە لە سـاڵی ١٩٩٥ لـە کوردسـتانی ڕۆژئـاوا بـۆ یادی ٣٠٠ سـاڵەی داسـتانی (مـەم و زیـن - Mem û Zîn) هەروەهـا یەکێکیـش بـووە لەو چـوار ئەندامە دامەزرێنەرەی کە لە سـاڵی ١٩٩٣ فیسـتیڤاڵی شـیعری کوردییان لە سـووریا ڕێکخسـتووە و سـاڵانە لە ٢٢ی تشرینی یەکەمدا سـازدەدرێت کـە هاوکاتـە لەگـەڵ کۆچـی دوایـی جگەرخوین . سـێ ئەندامەکـەی تریش بریتی بـوون لە : ١- حەیـدەر عومـەر. ٢- دکتـۆر عەبدولمەجیـد شـێخۆ. ٣- ڕوخاش زێڤاری شـاعیر.

عەلـی جەعفـەری تـۆژەر بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی دەنووسـێت و نووسـینەکانی لـە چەندیـن ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کوردسـتاندا بڵاوبووەتـەوە، لـە ژمارەیـەک پێگـەی ئەلیکترۆنیشـدا نووسـینەکانی بڵاودەکرێنـەوە. لـە کۆتاییەکانـی نیسـانی سـاڵی ١٩٩٦ لـە ئەنجامـی تەنگپێهەڵچنینـی دەزگا ئەمنییەکانـی سـووریادا، (کتێبخانـەی خانـی) دادەخـات و بـە خاوخێزانـەوە حەلـەب بەجێدەهێڵێـت و ڕووەکاتـە ئەڵمانیـا و تاکـو ئێسـتاش هـەر لـەوێ نیشـتەجێیە.

عەلـی جەعفـەر، دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (پێنـووس – Pênûs)یـش بـووە کـە بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی لەلایـەن ڕێکخـراوی ئەوڕوپـای پارتـی یەکێتیـی دیموکراتـی کـورد لـە سـووریا (یەکێتـی) لـە سـاڵانی نێـوان ١٩٩٨ – ٢٠٠٦ دەردەکـرا، تاکـو ئێسـتاش یەکێکـە لـە چالاکوانانـی بـواری ڕۆشـنبیری و فۆلکلـۆری کوردیـدا، ژمارەیـەک کتێبیشـی لـەم بوارانـەدا نووسـیوە.

کۆتایی

لە کۆتایی ئەم خوێندنەوە کورتەی هەرچوار بەشەکەی ئەم کتێبەدا، پێویستە هەموو بەشەکانی کتێبەکە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ڕۆژنامەوانان و تۆژەران لە کاروباری گشتیی کورددا دابنێین، چونکە هەریەک لەو بەشانە زانیاریی بەپێز و بەڵگەداری تێدایە و تۆژەر پشتی بە دەیان سەرچاوەی متمانەپێکراو و دیمانە و چاوپێکەوتنە مەیدانییەکان بەستووە کە زۆربەیان ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردن لە ئەوڕوپا، چونکە ئەمجۆرە تۆژینەوە ئەکادیمیانە وا دەخوازێت تیشک بخرێتەسەر ئەو دۆخە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانەی کە دەوری بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستانی داوە و باس لە شێواز و ڕێگەکانی خەباتی خوێندکاران بکات لە ئەوڕوپا. بۆیە ئەگەر هەر کەس و لایەنێک مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی لەلا مەبەست بێت، هەر دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو چوار بەشەی کتێبەکە، جا لەبەرئەوەی کە نووسەر ئەرکێکی زۆری مادەی و مەعنەویی لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە مەزنە خەرجکردووە و هیچ دامەزراوەیەکی ئەکادیمیش هاوکاریی نەکردووە و بە تۆژینەوەکەی کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستانی دەوڵەمەند کردووە، بۆیە بەبۆچوونی ئێمە، تۆژەر شایستەی خەڵاتێکی مەعنەویی یەکێک لە دەزگا زانستییەکانی کوردستانە. لە کۆتاییشدا دەمەوێت سوپاسی عەلی جەعفەر بکەم و هیوای سەرکەوتنی بۆدەخوازم لە بەرهەمە زانستییەکانی داهاتوویدا کە لە کۆتاییدا دەڕژێنە بۆتەی خزمەتکردنی کلتوور و سیاسەتی کوردییەوە.

پێشکەشە بە:

پێشکەشە بەو هاوسەرەم کە بەرگەی ئەم هەموو دوورکەوتنەوەیەی منی گرت کە ساڵانێک بەهۆی سەرقاڵیم بەو تۆژینەوەیە لە ماڵ دوورکەوتبوومەوە. هەروەها پێشکەشە بە هەرچوار جگەرگۆشەکەم (خوناف، هەمرین، ئاواز و زێرەڤان) کە لەسەر حسێبی کەمکردنەوەی بایەخدانم پێیان ئەم تۆژینەوەیەم بەجێگەیاند.

پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی شکۆی مرۆیی و نەتەوەییان لەلا ئازیزە و بۆ تێگەیشتن لە مێژووی گەلی خۆیان و تەواوی مرۆڤایەتی تێدەکۆشن.

بە گیانی یەکەمین مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەدلیسی کە "شەرەفنامە"ی نووسیوە.

نووسەر

پێشەکی

حەیدەر عومەر/ ئەڵمانیا - هانۆڤەر ٢٠ی ئایاری ٢٠١٥

پەیوەندیی نێوان گەلان و نەتەوە جیاوازەکان هێندەی مێژوو دێرینن و لە ئەنجامی هۆکارگەلێکی زۆردا دروست دەبن، یان ئەوەتا سیاسین، یاخود ئابووری و بازرگانین، هێندێک لەو پەیوەندییانە لە ئاکامی شەڕ و جەنگەکاندا دێنەکایەوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە مۆرکردنی ڕێککەوتن و پەیماننامەکان کۆتاییان دێت. دەکارێین ئینتداب و داگیرکردنیش بخەینە چوارچێوەی هۆکارەکانی پەیدابوونی پەیوەندییەکان. لە هەموو ئەمانەشدا ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان دێنە بەرهەم، جا چ ساسی یاخود ئابووری و کلتووری یانیش میدیایی و هیتر بن. ئاڵوگۆڕی دیبلۆماسی کە تەواوی وڵاتانی جیهان پێوەی بەندن و هەوڵی پاراستنی دەدەن، یەکێکە لە گەورەترین دەرکەوتەکانی ئەم پەیوەندییانە کە لە ڕێی باڵیۆزخانەکانیانەوە سەرپەرشتیی بەرژەوەندییەکان دەکەن و کاروباری ڕەوەندی وڵاتەکەیان لە وڵاتانی دیکەدا ڕێکدەخەن.

جا ئەگەر وڵاتانی سەربەخۆ هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بدەن و پارێزگاریی بکەن، خۆ گەلانی داگیرکراو و ستەمدیدە، پتر پێویستیان بەمجۆرە پەیوەندییانەیە، چونکە دەبنە پەنجەرەیەک و بەهۆیانەوە دەنگی خۆیان بە جیهانی دەرەوە دەگەیەنن. بە بەردەوامیش هێزە داگیرکار و ڕژێمە ستەمکارە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو شێوازێکی داپڵۆسین و چەوساندنەوە لە هەوڵی داخستنی ئەم پەنجەرەیەدان.

بە درێژایی مێژوو، نەتەوەی کورد دوچاری سەختترین جۆرەکانی چەوساندنەوە بووە کە بە دابەشکردنی نیشتمانیان دەستی پێکردووە بەسەر چوار دەوڵەتدا و بێجگە لە عێراق لەم دوو دەیەیەی دواییدا، کوردی پارچەکانی دیکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیاندا هەوڵی سڕینەوەیان دەدرێت و لە پرۆسەکانی ڕاگواستن و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی دایک و بێبەشکردنیان لە زیندووڕاگرتنی دابونەریت و فۆلکلۆری نەتەوەیی و تەنانەت ڕێگریکردنیان لە ناونانی منداڵەکانیان بە ناوی کوردی، هەڵپەیانە لە بۆتەی ناسیۆنالیستی سووریا و ئێران و تورکیادا بیانتوێنێنەوە. خەبات و هەموو ئەو دەنگە ناڕازییانەشیان کپکردووەتەوە کە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا دژی

چەوساندنەوە و ستەمکاراندا بەرزبوونەتەوە. بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵیانداوە هەواڵی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە نەگەنە ئەوديو سنووری دەوڵەتیان.

لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا چوونەدەرەوەی چەند خوێندکارێکی کوردی چوار پارچەکەی کوردستان و گەیشتنیان بە وڵاتانی ئەوڕوپا، دەریچەیەکی گەورەیان لەو پەنجەرەیەدا کردەوە کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەری گشت پارچەکانی کوردستان هەموو توانایەکی ماددی و بە بەکارهێنانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان و ماشێنەکانی ڕاگەیاندنیان خستووەتەگەڕ بۆ داخستنی ئەو پەنجەرەیە. ئەو خوێندکارانە شاهێدحاڵی تەواوی ئەو ستەم و زوڵم و پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤن کە دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتانە دەرهەق هاووڵاتیانیان ئەنجامی دەدەن.

لە ئێستادا ئەم خوێندکارانە لە کەشێکی ئازاددا دەژین، بۆیە دەبوو بەپێی توانایان ئەم ڕەوشە نوێیە بەتەواوی بقۆزنەوە و لە خزمەت گەلە ستەمدیدەکەیاندا هەڵبسووڕێنن و ببنە تەواوکاری ڕۆشنبیرانی گەلەکەیان، نموونەی ڕۆڵەکانی بەدرخانەکان کە بەهۆی چەوساندنەوەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە، کوردستانیان بەجێهێشتووە، هەروەک میقداد مەدحەت، عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەزاق، کامەران جەلادەت و چەندانی تر.

ئەم خوێندکارانە لە زانکۆکانی ئەوڕوپادا تێکەڵی قوتابیانی وڵاتانی دیکە و ئاشنای یەکدی بوونە و هەر زوو درکیان بەوە کردووە کە هیچ زانیارییەکیان لەبارەی کورد و نیشتمانە پارچەپارچەکراوەکەیان نییە، گوێبیستی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیش نەبوونە کە داگیرکاران دایانمرکاندووەتەوە و ڕێکخستنی ڕیزەکانی قوتابیانیان بەپێویست زانیوە بۆ ڕووخاندنی ئەو دیوارەی دەسەڵاتدارانی داگیرکاری کوردستان لەنێوان خەباتکاران و جیهانی دەرەوەیان دروستکردووە، ئینجا گەیاندنی دەنگی کپکراوی ئەو خەباتکارانە کە نەک هەر تەنیا لەنێوخۆی وڵاتدا، بگرە لە دەرەوەی وڵاتیشدا هەر بەدوایانەوەن.

لەو ماوەیەدا بەتایبەتی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر لە باشووری کوردستان دژی ڕژێمی عێراق هەڵگیرسا، ئەو ڕژێمەی کە لە ساڵی ١٩٨٨دا چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی دژی هاووڵاتیانی هەڵەبجە بەکارهێنا. هاوکات ڕژێمی سووریاش کوردی

ڕۆژئاوای لە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە بێبەشکرد و بەپێی ڕێنماییەکانی محەمەد تەلەب هیلال کە یەکێک بووە لە بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکانی سووریا لە ساڵی ١٩٦٢ بە مەرسوومێکی کۆماری سەرژمێرییەکی لە پارێزگای حەسەکە بەڕێوەبرد و کوردی ئەوێی لە ڕەگەزنامەی سووریا بێبەشکرد. ئینجا دەستیکردە جێنشینکردنی هاووڵاتیانی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکانی سەر سنووری نێودەوڵەتیی نێوان سووریا - تورکیا و سووریا- عێراق و تاپۆکردنی زەویوزاری کوردان بەسەریاندا، پاشان بە مەبەستی جوداکردنەوەی کورد لە هەردوو دیوی سنووره نێودەوڵەتییەکە، پرۆسەی ڕاگواستنی هاووڵاتیانی کوردی دەستپێکرد بۆ ناوەوەی وڵات و گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچە کوردنشیانانە کە لە ئەدەبیاتی ڕژێمی سووریادا بە پشتێنەی سەوز ناوزەدکرا و لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ناونرا پشتێنەی عەرەبی.

دەسەڵاتدارانی ئێرانیش، دوای ئەوەی کۆماره دیموکراتخوازه ساواکەی کوردستانیان لەناوبرد کە لە ساڵی ١٩٤٦دا ڕاگەیەنرابوو، ڕژێمی شا دەستی نەدەپاراست لە کوشتن و بڕین و کپکردنەوەی هەموو ئەو دەنگانەی داوای مافەکانی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٧ قازی محەمەدی لە هەمان ئەو گۆڕەپانەی کە کۆمارەکەی تێدا ڕاگەیاند، لەسێداره دا. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە لە ساڵی ١٩٧٩ ڕژێمی شای ڕووخاند هەمان سیاسەتی پێشووی دەرهەق بە کورد پەیڕەو دەکرد و لە هەموو ئەو بەڵێنانەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی دابوو، پاشگەزبووەوە فەتوای جیهادی دژی کورد ڕاگەیاند. فڕۆکەکانی پێگەکانی پێشمەرگە و شار و دیهاتەکانی کوردستانیان بۆردومان کرد. ئەم ڕژێمە کۆنەپەرستە لە ڕاوەدونانی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ و دکتۆر سادق شەرەفکەندی) نەکەوت تاکو لە ئەوڕوپا شەهیدیانی کرد، ئەم ڕژێمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ناوبەناو دەستەیەک لە خەباتگێڕانی کورد لەسێداره دەدات.

لە تورکیای کەمالیستیشدا سەرباری کپکردنەوەی شۆڕشی کوردی باکوور بە ڕابەرایەتیی شەهید شێخ سەعیدی پیران و ڕاپەڕینەکانی دواتری دێرسیم و شاره کورددییەکانی ئەوێ و لەسێدارەدانی چەند سەرکردەیەکی دیکە و دوورخستنەوەی ژمارەیەکی دیکەیان بۆ دەرەوەی وڵات و ڕاگواستنی هاووڵاتیانی کوردی باکوور،

حکومەتـە یـەک لەدوایەکەکانـی تورکیـا شـەڕێکی دەروونـی، هـزری و ئابووریـیـان دژی کـورد پەیڕەودەکـەن. ئەویـش لـە ڕێگـەی قەدەغەکردنـی ناونانـی منـداڵان بـە نـاوە کوردییـەکان و گۆڕینـی نـاوی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتانی باکـوور و قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی زمانـی دایـک، تـا دەگاتـە ئـەو ڕادەیـەی بـە کـوردی باکـوور بڵێـن (تورکانـی شـاخ)، هەروەهـا بڵاوکردنـەوەی پۆسـتەر و ڕێـکلام لەسـەر شـەقامە سـەرەکی و دەروازەکانـی شـارە کوردییـەکان کـە توخمـی تورکیـان تێـدا شـکۆمەندکردووە، لـە سـایەی ئـەم ڕژێمـەدا نەخوێنـدەواری و هەژاریـی بڵاوبووەتـەوە و جیاوازییەکـی زۆر لەنێوان ناوچە کوردنشـینەکاندا دەکرێـت، لـە زۆربـەی خزمەتگوزارییەکانـی پەرەسـەندندا بێبەشـکراون، تـا کار گەیشـتە ئـەوەی بـۆ ژیانێکـی سـەقامگیرتر لـەڕووی ئەمـن و ئاسـایش و پەیداکردنـی بژێویـی ژیانـی خێزانەکانیـان، کـوردی ئـەم ناوچانـە، ناوچەکانـی خۆیـان بەجێبهێڵـن و ڕوو لـە نـاو شـارە گەورەکانـی تورکیـا بکـەن.

لـەو سـەردەمەدا کـورد زۆر پێویسـتی بە سـەکۆیەی ڕاگەیانـدن بوو، تاکو هەمـوو جیهان لـەو کارە قێزەونانـە ئاگادارببکاتـەوە کـە دەسـەڵاتدارانی هەریـەک لـە سـووریا، عێـراق، ئێـران و تورکیـا بـە کـوردی دەکـەن، بەتایبەتـی ئـەوکات شۆڕشـی ئەیلـوول لـە باشـووری کوردسـتاندا لەوپـەڕی بەهێزیـدا بـوو و پێویسـتی بـەوە بـوو نوێنـەر و باڵیـۆزی لـە دونیـای شارسـتانێتیدا هەبێـت و تاوانەکانـی ڕژێمـی عێراقیـان پێبناسـێنێت. جا لەو کاتە هەسـتیارەدا شۆڕشـی کـورد لـە دەرەوە پێویسـتی بـە کەسـانێک هەبـوو، ژمارەیـەک لـە قوتابیانـی کـورد کـە هەرچەنـد بێدەرامـەت بـوون و نەیاندەتوانـی خوێندنەکەیـان لـە زانکۆکانـی ئەورووپـا تەواوبکـەن، هەسـتیان بـە پیرۆزیـی ئـەو ئەرکانـە کـرد کـە لـەو ئـان و سـاتەدا کەوتووەتـە ئەسـتۆیان، خۆبەخشـانە کۆمەڵەیەکیـان بەنـاوی (کۆمەڵـەی خوێندکارانی کورد لـە ئەورووپا) دامەزرانـد. زۆری نەخایانـد بەرەبـەرە قوتابیانـی ئەورووپـا بوونـە ئەندامـی ئـەو کۆمەڵەیـە و لقیـان لـە زۆربـەی وڵاتانـی ئەورووپادا کـردەوە، بەتایبەتی کـە ناوەندی سـەرەکیی کۆمەڵەکە گوازرایـەوە ئەڵمانیـا کـە ئـەوکات بـە (ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا) ناسرابـوو.

بەچاوخشـاندنەوەیەکی خێـرای ئەدەبیاتـی کۆمەڵەکـە و لق و چالاکییەکانیان، لە سـایەی ئـەو بـارە داراییـە سـەختەی کۆمەڵەکـە و دژایەتیکردنـی نەیارانیـان، مەزنیـی ئـەو کارەمـان بـۆ ڕوونەبێتـەوە کـە کۆمەڵەکـەی لەپێنـاودا دامـەزراوە. بەتایبەتی ئەوکات شـەڕی سـاردی

نێوان هەردوو جەمسەری سۆشیالیستی بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و جەمسەری سەرمایەداریی ڕۆژئاوا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرۆکایەتیی دەکرد، لەوپەڕی گەرمیدا بوو و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیش بەدەوری جەمسەری سۆشیالیستیدا دەخولایەوە کە بایەخێکی ئەوتۆی بە پرسە نەتەوەییەکان نەدەدا. لەم ڕوانگەیەوە قوتابیانی وڵاتانی سەر بە جەمسەری سۆشیالیستی و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەتایبەتی سووریا و عێراق، وایاندەبینی کە لەگەڵ هەڵوێست و خواستەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستاندا هاوئاراستە نین و بەربەستیان دەخستە بەردەم کۆمەڵەکە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەچوونی کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە بەشداربووانی کۆنگرەکان توانیویانە لەچوارچێوەی بەشداربوونی شاندی خوێندکاران لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی وڵاتە مەزنەکان و کۆنگرەکانی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، دەنگی کورد بگەیەنن چەند پلاتفۆرمێک، هەروەها بەشداربوونی ژمارەیەک سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانی ئەوروپا لە کۆنگرەکانی قوتابیانی کورد و پێشکەشکردنی وتارەکانیان لەو کۆنگرانەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەبووە لە ناساندن و گەیاندنی دەنگی کورد بە ئەوروپا.

نامەوێ لەوە زیاتر باسی ئەدەبیات و چالاکی و کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە بکەم نەبادا چێژی خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەر دەست خوێنەران کەمبکەمەوە، بەڵام هەر دەبێ ئاماژە بە گرنگی و ئەو ئەرکە زۆرەی نووسەر بەدەم کە بۆ ئامادەکردنی ئەم تۆژینەوەیە کێشاویەتی.

گرنگیی ئەم بەرهەمە لەوەدایە کە پێشەنگی ئەو لێکۆڵینەوانەیە سەبارەت بە مێژووی بەشێک لە کوردی ئەوروپا لە کاتێکدا کە کورد لە وڵاتی داگیرکراو و بەشکراوی خۆیدا پێویستی بە شکاندنی ئەو کۆت و پێوەندانە بوو کە داگیرکاران خستبوویانە قەد جەستەی نیشتمانەوە تاکو دەنگیان بە دونیای شارستانێتی بگەیەنێت. لەم ڕووەوە تۆژەر ئەرکی زۆری کێشاوە لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە، مەزنیی ئەو ئەرکەشمان لە کاتێکدا بۆدەردەکەوێت کە کۆمەڵەکە ئەرشیفێکی وەهای نەبووە تا ئەدەبیات و بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەکەی تێدا پاراستبێت، بۆیە نووسەر بە ناچاری بە دوای ئەندامانی ئەوسای کۆمەڵەکەدا وێڵبێت کە لە ئەڵمانیا، سویسرا،

سوید، فەڕەنسا، نەمسا و هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن. هەموو ئەم هەوڵانەشی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانی کۆمەڵەکە بوو، لە ئاکامی گەشت و سەردانەکانیدا بڕێکی زۆری بابەت و هەواڵی پەیوەندیداری بە کۆمەڵەکە و ئەو کۆنگرانەی گرێیداون دەستکەوتووە و لە دەوڵەمەندکردنی ڕێبازی ئەم تۆژینەوەیەدا بەکاریهێناون، ڕێبازی مێژوویی هەر لێکۆڵینەوەیەکیش تەنیا کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ نییە، بگرە پێویستی بە شرۆڤەکردن و دەربڕینی بۆچوونەکانیش هەیە، لە ڕاستیشدا تۆژەر ئەمەی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی زۆر لە شرۆڤەکردنیاندا قووڵببێتەوە، ڕەنگە ئەوەشی هەر بۆئەوە بێت کە شرۆڤەکردنەکانی بۆ بەشێکی تری ئەم بەرهەمە هێشتبێتەوە کە دەربارەی پێکهاتەی هەزری سیاسیی بابەتەکەیە و لە داهاتوودا بڵاویدەکاتەوە. بە هەر حاڵ تۆژەر ئەو ئەرکەی لەپێناو ئەم کتێبەدا کێشاویەتی مایەی پێزانینە، چونکە ئەم کتێبە بەرهەمی بەرگەگرتن و ئارامگرتنی ساڵانێکی زۆری سەفەرە دوور و سەختەکان و بینین و دۆزینەوەی ئەو ئەندامانەی پێشووی کۆمەڵەکەیە کە ئەو دەستی پێیانگەیشتتوە، هەموو ئەو ئەرکانەشی بۆئەوەبووە بەرهەمێکی پوختی بێ کەموکورتی پێشکەش بە خوێنەران بکات.

پێشەکیی چاپی دووەم

دامەزراندنی یادگەی کوردستانی

دکتۆر ئەحمەد مەحموود خەلیل/ ٤ی ئاداری ٢٠١٧

لە ساڵانی نێوان ١٩٧٤ - ١٩٧٨ ماموٚستا بووم لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی گوندی (غوز- Xûz)ی کوردنشین لە باکووری حەلەب کە یەکێکە لە گوندە کوردنشینەکانی دەڤەری ئەعزازی سنووری گوندە کوردنشینەکانی سەر بە دەڤەری ئەلباب. پەرتەوازەبوونی گوندە کوردنشینەکان بەسەر چەند دەڤەرێکدا بەڕێککەوت و ڕەمەکی نەبوو، بەڵکو بەپێی سیاسەتێکی بەئەنقەست بوو.

لە میان گەشتەکەمدا لە عەفرینەوە بۆ گوندی غوز، بە شاری حەلەبدا تێدەپەڕیم و هەموو جارێک لە ڕێی خوٚمدا بەپێی دەرفەت سەردانی (کتێبخانەی نیشتمانی)م دەکرد. کتێبخانەکە کەوتبووە خواروویی (برج الساعة) لە گۆڕەپانی (باب الفرح). من هیچ سنوورێکم بۆ خوێندنەوەکانم دانەنابوو، بەڵام کاتێک لە ساڵی ١٩٧٥ بەتۆمەتی ئەوەی گوایە من چالاکوانێکی سیاسیی کوردم، بەندکرام و سووکایەتییەکی زۆرم پێکرا، زیاتر تەکەزم لەسەر خوێندنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان دەکردەوە. لە یەکێک لە سەردانەکانمدا بۆ کتێبخانەی نیشتمانی لە پۆڵینی سەرچاوە مێژووییەکاندا دەگەڕام، چاوم بە ژمارەی کتێبی"پوختەی مێژووی کورد و کوردستان"کەوت کە لە نووسینی مێژوونووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکییە، بە دەستکەوتنی کتێبەکە زۆر خۆشحاڵ بووم و هەڵپەم بۆ خوێندنەوەی دەکرد. ژمارەی سەرچاوەکەم لەلای خۆم تۆمارکرد و پاش هەفتەیەکی دی گەڕامەوە هەمان کتێبخانە، ژمارەی پۆڵینی کتێبەکەم دایە دەست فەرمانبەری خواستنی کتێبەکان و بە تاسەوە چاوەڕێی گەڕانەوەیم دەکرد، زۆری پێنەچوو فەرمانبەرەکە بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە و گوتی:

- ئەم کتێبە بەردەست نییە.
- بەڵام هەفتەی ڕابردوو ئەم کتێبەم خواست و هێندێکم لێی خوێندەوە.
- پێتدەڵێم: ئەم کتێبە بەردەست نییە.

پـــاش دەمەتەقێیەکـــی کـــورت لەگـــەڵ فەرمانبەرەکـــەی ئـــەوێ، تێگەیشـــتم کـــە ئـــەم کتێبـــە لـــە کتێبـــە قەدەغەکراوەکانـــە. لـــەلای مـــن دەســـتەواژەی"کتێبەکە لـــە قەدەغەکراوەکانە"هێنـــدەی هاواری"هەتیـــو ئیـــعتراف بکە"یەکـــەی ســـاڵی ١٩٧٥ی قـــورس بـــوو کـــە لەگـــەڵ قامچییەکانـــدا لەبـــن پێـــم دەدرا، پـــاش تێپەڕبوونـــی چەنـــد ســـاڵێک بـــۆم دەرکـــەوت کـــە مەســـەلەکە زۆر لـــە قەدەغەکردنـــی کتێـــب و دارکاری گەورەتـــرە. کێشـــەکە قەدەغەکردنـــی بوونـــی نەتـــەوەی کـــورد و کاڵکردنـــەوەی ناســـنامەکەیەتی، هەروەهـــا تێکشـــکاندنی یادگـــەی کوردســـتان و ڕیشەکێشـــکردنی نەتـــەوەی کـــوردە. بەڵـــێ ٢٥ ســـەدەیە ئـــەو ڕژێمانـــەی کوردســـتانیان داگیرکـــردووە، کار لەســـەر شـــێواندن، پەراوێزخـــستن و هەڵوەشـــاندنی بنەماکانـــی ناســـنامەی کـــورد دەکـــەن، لـــە چوارچێـــوەی ئـــەم سیاســـەتە داگیرکارییـــەدا پرۆســـەی خاڵیکردنـــەوەی یادگـــەی کـــورد و دووبـــارە بنیاتنانـــەوەی پەیڕەوکـــراوە بـــە کلتـــووری نەتەوەکانـــی وڵاتانـــی داگیرکـــەری کوردســـتان.

پەندێکـی پێشـینانی کـورد هەیـە دەڵێـت:"دار لەسـەر ڕەگەکانـی دەوەسـتێت - Dar li ser kokên radibin xwe" ڕەگـی نەتەوەکانیـش کلتوورەکەیەتـی، مێـژووش کڕۆکـی کلتـووره، هـەر نەتەوەیـەک یادگـەی نەتەوەیـی نەبێـت، یاخـود بـە یادگـەی نەتەوەکانـی داگیرکـەر قاڵبووبێـت، ئـازاد نابێـت و لەنێـو نەتەوەکانی دونیـادا جێگەی نابێتـەوە. لێرەوە گرنگیـی مێـژووی نەتـەوەی کوردمـان بـۆ ڕوونەدەبێتـەوە، هـەر لێـرەوەش پێگـە و بایەخـی ئـەم لێکۆڵینـەوە دیکۆمێنتاریـیـەی مامۆسـتا عەلـی جەعفەرمـان بـۆ دەردەکەوێـت، بۆیـە حـەز دەکـەم لێـرەدا چەنـد پرسـێک بخەمـەڕوو کـە لـەم کتێبـەدا سـەرنجیان ڕاکێشـاوم:

یەکـــەم: تـــۆژەر لـــە چاپـــی یەکـــەم و دووەمـــی کتێبەکـــەدا زانیاریـــی ورد و گرنگـــی ســـەبارەت بـــە توێژێکـــی ڕۆشـــنبیرانی کـــورد تۆمارکـــردووە کـــە بـــە هـــەر هۆکارێـــک بێـــت نیشـــتمانیان بەجێهێشـــتووە و ڕوویانکردووەتـــە ئەوڕوپـــا. لەوێـــدا لەپـــاڵ هـــەوڵ و کۆششـــی بێوچانیـــان بـــۆ دەســـتەبەرکردنی بژێویـــی ژیـــان و درێـــژەدان بـــە خوێندنـــی بـــاڵا، درێژەیـــان بە خەباتـــی سیاســـی و کلتـــووری و میدیایـــی داوە لـــە دژی داگیرکارانـــی کوردســـتان.

دووەم: تـــۆژەر چالاکییەکانـــی قوتابیانـــی کـــوردی تاراوگـــەی لەمـــاوەی چارەکە ســـەدەیەک (١٩٤٩ – ١٩٧٥) لـــەم کتێبـــەدا خســـتووەتەڕوو، هـــەر لـــەم ماوەیەشـــدا وڵاتانـــی داگیرکـــەری کوردســـتان بـــە هـــزری نەتەوەیـــی ڕەگەزپەرســـتانە قاڵبـــوون و دڕندانەتریـــن هەڵمەتـــی

بڕسیکردن، ڕاگواستن، کوشتن و بڕین، دەستگیرکردنیان پەیڕەودەکرد و هەمیشە هەوڵی دوورخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردیان لە خوێندن داوە و ویستوویانە هەر بە نەخوێندەواری بیانهێڵنەوە و دەمبەستیان بکەن. بە بەردەوامیش وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هاوکاریی یەکدییان کردووە بۆ لەباربردنی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێک کە لە هەر پارچەیەکی نیشتمانی دابەشکراودا بەرپادەبێت و هەمیشە نەیانویستووە دەنگی چەوساوەکانی کوردستان بگاتە دەرەوەی وڵات.

سێیەم: داروودەستەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە ئەورۆپاشدا وازیان لە قوتابیانی کورد نەدەهێنا، چاودێرییان دەکردن و تەنگیان پێهەڵدەچنین و هەڕەشەیان لێدەکردن. بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەردەکەوێت کە قوتابیانی کوردی تاراوگە، سایکۆلۆجیای شاخیان لەگەڵ خۆیاندا گواستووەتەوە ئەورۆپا و ڕۆژبوونە لەسەر کردنەوەی چەند دەریچەیەک لەو دیوارەی داگیرکەران لەنێوان ئەوان و وڵاتانی ئەورۆپادا هەڵیانچنیبوو، لەم دەریچانەوە توانیویانە دەنگی کورد بگەیەننە چەند کەسایەتییەکی گەلانی جیاوازی جیهان و ڕێکخراوەکان، ئەمەش بە هەموو پێوەرێک دەستکەوتێکی مەزن و گرنگی نەتەوەیی بوو بۆ ئەو سەردەمانە.

چوارەم: لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئەو خەسڵەتە نەڕێنییانەی نێو کۆمەڵگەی کوردەواریی سەردەمانی داگیرکاری پەرەیان سەند و دزەیان کردە نێو حزبە سیاسییەکانی کورد (بەتایبەتی ناکۆکییەکان)، قوتابیانی کوردیش ئەم خەسڵەتانەیان گواستەوە ئەورۆپا و خەباتی نەتەوەیی کوردیان پێ لەکەدارکرد، بەڵام نەیانتوانی ڕەوڕەوەی ئەم خەباتە بوەستێنن. لە ڕاستیشدا مامۆستا عەلی جەعفەر ئەرکێکی زۆری لە دانانی ئەم کتێبە دیکۆمێنتارییەدا کێشاوە و پێوەی ماندووبووە، چونکە سروشتی لێکۆڵینەوە ئەوەی بەسەردا سەپاندووە لە مێژوونووسێک ماندووتر بێت کە مامەڵەی تەنیا لەگەڵ سەرچاوەکاندایە. بابەتەکانی ئەم کتێبە پەیوەستە بە (پەیوەندیکردنەکان، دیدار و چاوپێکەوتنەکان، کۆبوونەوەکان، سمیناڕەکان، کۆنگرەکان، بانگێشتنامەکان و داتاکان ..... هتد) کە قوتابیانی کورد بە درێژایی ئەو چارەکە سەدەیە تاک تاک و بە کۆمەڵ لە شوێنە جیاجیاکانی ئەورۆپادا ئەنجامیانداوە.

تـۆژەر بایەخـی بـەم ڕووداوانـە داوە و پەیوەندیـی بـە زۆرتریـن کەسـەوە کـردووە کـە پێـش نیـو سـەدە ئەندامـی کۆمەڵکـە بوونـە و بـە بـەردەوام لـە گەشـتکردندا بـووە و گـەڕاوە بـە دوای ئـەو خوێندکارانـە و زانیـاری و بەڵگەنامـە و وێنـەی ئەوکاتـی لێوەرگرتوون و بەراوردێکـی نێـوان ئـەو زانیارییانەشـی کـردووە و بەپێـی پرۆگرامێکـی بابەتییانـە خسـتووەیەتییە بـەر دیـدی خوێنـەران. هەڵبـەت ئامادەکردنـی بەرهەمێکـی لەمجـۆرەش کات و ئەرکێکـی زۆری دەوێ و پێویسـتی بـە ئەرکێکـی داراییـی زۆریشـە. بڕواهێنـان بـەو ئامانجانـە خـۆی لـە خۆیـدا خەباتێکـە و پێویسـتی بـە ئارامگرتـن و قوربانیدانـە. هەمـوو ئەمانـەش دووپاتیدەکەنـەوە کـە مامۆسـتا عەلـی جەعفـەر وابەسـتەی نەتەوەکەیەتـی و پەرۆشـی بەشـداربوونە لـە دامەزراندنـی یادگـەی کوردسـتانی و مەبەسـتیەتی ڕۆڵـەی کـورد بـە خەبـات و تێکۆشـانی بـاو باپیرانیـان ئاشـنا بـکات.

شـاراوە نییـە؛ مێـژووی کـورد پێویسـتی بـەم جـۆرە لێکۆڵینـەوە دیکۆمێنتارییانەیـە و هیـوادارم تۆژەرانـی کـورد کاتـی خۆیـان بـۆ ئـەم بـووارە تەرخـان بکـەن، چونکـە شـکۆی نەتـەوەکان بەرهەمـی خامەکانـە پێـش ئـەوەی بەرهەمـی شمشـێر و تـۆپ و تفەنـگ بێـت. لـە کۆتاییشـدا هەرچییـەک بێـت، کوردسـتان هـەر دەبـێ ئـازاد بکرێـت.

چیرۆکی ئەم بەرهەمە[1]

لە ئاست ئەو ژمارە کەمەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕنابن، ساڵی ٢٠٠٨دا لەسەر مێژووی پەیوەندییەکانی کورد - ئەوروپا و هەبوونی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا، بیرۆکەی تۆژینەوەیەکم بە مێشکمدا هات، تاوەکو لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵوەستەیەک لە دۆخی ئەو کوردانە بکەم. ئەوەشم لەبەرچاو گرتبوو کە پرۆژەیەکی گەورەی لەم بابەتە گرنگە، هێندە ئاسان نییە تاکو بە دڵی خۆت بێتە بەرهەم، چونکە پێویستە ئەم جۆرە کارانە دەزگایەکی فرەوان بە کۆمەڵێک ئەکادیمیی پسپۆڕەوە بیخاتە ئەستۆی خۆی، بۆیە لە بەراییدا دوودڵ بووم لە ڕاگەیاندنی پرۆژەکە و دەستپێکردنی. لە یەکێک لە دیدارەکانمدا لە پایزی ساڵی (٢٠٠٩) لەگەڵ هاوڕێم دکتۆر محەمەد ژینۆ کە ئەوکات کتێبێکی بەناونیشانی (خێزانی کورد لە تاراوگە) نووسیبوو و پێشنیازی کرد کە بەیەکەوە تۆژینەوەیەک لەبارەی ڕەوشی کوردی ئەوروپا ئامادە بکەین، منیش بێ سێ و دووکردن بە پێشنیازەکەی ڕازی بووم و ئەوەی بە مێشکمدا دەهات سەبارەت بەم پرۆژەیە ڕاگۆڕینەوەمان کرد، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کەم، پێش ئەوەی دەست بە پرۆژەکە بکەم، داوای لێبوردنی کرد و لەبەر کاری ڕۆژانەی خۆی لە پرۆژەکە کشایەوە، چونکە دەیزانی کارکردن لە پرۆژەیەکی ئاوا گەورەدا کات و ئەرکێکی زۆری پێویستە، بۆیە بە ناچاری بەتەنیا شانم دایەبەر و بیرم لەوە دەکردەوە کە تۆژینەوەکە لە مێژووی کوردی ڕۆژئاوا لە ئەوروپادا کورتبکەمەوە، بەو پێیەی خۆم لەو بەشەی کوردستاندا گەورە بوومە و ئاشنایەتییەکی باشیشم لەگەڵ سیاسەت و کلتوور و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئەو بەشەدا هەیە.

سەرەتا ڕەشنووسێکی هێڵکاریی تۆژینەوەکەم دانا کە بە بەردی بناغەی کارە مەیدانییەکانم دادەنرێت و دەبوایە بە مێژووی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) دەستپێبکەم، لەبەرئەوەی بە یەکەمین ڕێکخراوی گشتگیری کوردستانی هەژمار دەکرێت لە ئەوروپا و قوتابیانی کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستان تێیدا ئەندامن، هەروەها کوردی وڵاتانی دیکەش. ئەم بابەتەم کردە بەندی یەکەمی کتێبەکە. ئینجا دەستم کرد بە سۆراخکردنی ئەندامە دێرینەکانی کۆمەڵەکە و

پەیوەندیم پێیانەوە کرد و ئامانجی تۆژینەوەکەم بۆیان ڕوونکردەوە، مایەی خۆشحاڵیم بوو، هەر بەڕێزێک لە ئامانجی تۆژینەوەکەم حاڵی دەبوو، دەستخۆشیی لێدەکردم و بە بیرۆکەیەکی باشیان دادەنا و زۆر هاندان و پشتیوانیکردنی ئەوانم بەدەستهێنا. ئامادەیی خۆشیان بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک دەربڕی کە پەیوەست بێت بە بەڵگەنامە و زانیاری و وێنەکانی تایبەت بە کۆمەڵەکە.

لەچوارچێوەی بینینی چەند ئەندامێکی دێرینی کۆمەڵەی بەرلین لە تەمووزی ٢٠١٠دا ئەم بەڕێزانە بوون: هۆشەنگ عوسمان سەبری، زنار شێخموس، فەوزی ئەسعەد، عومەر گولک، بەهاء محەمەد، دکتۆر ڕەسوڵ فاقی و دکتۆری کۆچکردوو حوسێن کیکی، سەرەنجام بۆمدەرکەوت کۆمەڵەی قوتابیانی کورد پاشخانێکی گەورەی خەباتیان لە ئاشناکردنی ڕای گشتیی ئەوڕوپا و جیهان بە دۆزی گەلی کورددا هەیە.

بەم شێوەیە، هەرچەند گوێبیستی هەواڵ و چالاکیی زیاتری کۆمەڵەکە دەبووم، هێندەی تر تامەزرۆ دەبووم بۆ کۆکردنەوەی زیاتری زانیارییەکان. بۆیە بە پێویستم زانی چاوم بە گشت چالاکوانان و ئەندامانی کۆمەڵەکە بکەوێت بەتایبەتی نەوەی یەکەم و دووەمیان. ئیتر بەرە بەرە گەیشتمە ئەو بڕوایەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆمەڵەکە و تۆمارکردنی چالاکییەکان لەپاڵ بڵاوکردنەوەی ئەو کۆمەڵە بڵاوکراوانەی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجیی باکوور و باشوور، هەروەها ئەوانەی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی، بەدواداچوونێکی زۆر و تایبەتی گەرەکە، بۆیە لێرەدا بابەتی مێژووی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانم لە ئەوڕوپا بۆ کاتێکی تر دواخست و لێکۆڵینەوەکەم لە مێژووی کۆمەڵەکەدا چڕکردەوە. ئینجا دەستم کردە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵەکە - هەرچەندە کەمبوون- لەلایەکی دیکەوە هەوڵم دا چاوم بە هاوچەرخانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە بکەوێت و گوتەکانیان وەربگرم و پاشان لەگەڵ یەکدیدا بەراوردیان بکەم، بەڵام لێرەدا کێشەیەکی گەورە هاتە بەردەم کارەکەم، ئەویش بڵاوبوونەوەی کوردی ئەوڕوپا بوو لە شار و گوندەکانی وڵاتانی ئەوڕوپا، بەپێچەوانەی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە کە دۆزینەوەیان ئاسانتر و ئەرکێکی کەمتری دەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئەم شار و پایتەختانەی

ئەورووپا گەڕام: (بەرلین، جنێف، ئەمستەردام، پاریس، ستۆکهۆڵم، ڤییەننا، لەندەن، براتیسلاڤا، ئۆپسالا، بێرن، هانۆڤەر و چەند شارێکی دیکەی ئەورووپا گەڕام بۆ دۆزینەوەی کەسایەتییە چالاک و ئەکتیڤەکانی نێو کۆمەڵەکە. پەیمانگە و دەزگا کلتووریییەکانی باشووری کوردستانیش گەڕام و چوومە هەولێری پایتەخت، سلێمانی و دهۆکیش، لەوێندەریش چاوم بە ژمارەیەک چالاکوانی کۆمەڵەکە کەوت، لەپێناو لێکۆڵینەوەکەدا بە نهێنیش خۆم گەیاندە ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، وەڵامنەدانەوە و سارد و سڕیی چەند ڕۆشنبیرێکی کوردە لە ئاست تۆژینەوەکەم کە ئومێدیکی زۆرم بەو کەسایەتییانە بوو و چاوەڕوانی هاوکارییکردنێکی زیاتر لەوانی دیکەم لێیان دەکرد، چونکە ئەوان تێکەڵاوییەکی زیاتریان لەگەڵ ئەو ئەورووپاییانەدا هەیە کە بایەخ بە تۆمارکردنی مێژوو دەدەن و پێزانینیان بۆ ئەو کات و ئەرکانەش هەیە کە لەم بوارەدا تۆژەر خۆی بۆتەرخانکردووە. ئاخۆ چەند ئەندام و چالاکوانی کۆمەڵەکە پێش ئەوەی زانیارییەکانیان لێوەرگرین و تۆماریان بکەین، کۆچیانکردووە و زانیارییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووەتە ژێر گڵەوە، (حەمەڕەش ڕەشۆ، دکتۆر کەمال فوئاد، دارا ئەدیب، دکتۆر وریا ڕواندزی، دکتۆر کەمال خۆشناو و چەندانی تر) کە کۆچیانکردووە و کۆمەڵێک زانیاریی گرنگیان لەگەڵ خۆیاندا بردووەتە ژێر گڵ و زۆر پێویستم پێیانبوو لەم تۆژینەوەیەدا تۆماریان بکەین، بەداخەوە ئەمە دەردێکی مێژوویی بەدفەڕە و بەرۆکی مێژوونووسانی کوردیان گرتووە، چونکە مێژوونووسانی کورد کەمتەرخەم بوونە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان و ئەوانەی ئەم کارانەیان کردووە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن - بێجگە لە مێژوونووسانی هاوچەرخ- بەشێکی زۆری مێژووی کورد لەلایەن گەڕیدەکانی بیانییەوە نووسراوە، بۆنموونە: مینۆرسکی، باسیلی نکیتین، هەسرەتیان و ئولیا چەلەبی و چەندانی دیکە، کتێبەکانیشیان بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی کورد هەژماردەکرێت. بەڵام زانیارییەکانیان لەبارەی کورد و کوردستان هەرچەند وردبن، بەڵام هێشتا هەر مێژوونووسانی کورد لەوان باشترن، چونکە مێژووەکە نەشێوێنراوە، لەلایەکی دیکەوە عەرەب گوتەنی"أهل مكة أدرى بشعابها".

سەبارەت بە گرنگیی تۆمارکردنی مێژوو، دکتۆر ئەحمەد مەحموود خەلیل کە چەندین کتێبی لەبارەی مێژووی کۆنی کورد داناوە، لە پێشەکیی کتێبی (کورد لە دەڤەری ئەلباب و دەوروبەریدا) نووسیویەتی:".... مێژوو و کلتووری نەتەوەیەک ڕەگوڕیشەی ئەو نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەکیش ئاشنای مێژووی نەتەوەکەی خۆی نەبێت - ئێستا بێت یان دواتر - ناسنامەکەی وندەبێت و کەسایەتیی لێزەوت دەکرێت و لە بۆتەی نەتەوەکانی دیکەدا دەتوێتەوە ...". مێژوونووسی مەزن محەمەد زەکی بەگیش لە بەشی یەکەمی (پوختەی مێژووی کورد و کوردستان)دا لەمبارەیەوە دەڵێت:"لە ڕاستیدا مێژوو، ئاوێنەی پەند و وانەی بەپێزن و ئەوانەی مێژوو هەڵەکانیانی تۆمارکردووە، خەڵکی تر پەندی لێوەردەگرن و ناکەونە داوی هەمان هەڵەوە. پێشتریش گوتوومانە گەورەترین و تاکە هۆکاری شکستی شۆڕش و بزووتنەوەکانی کورد ئەو نەزانینە بووە کە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵ و سەرۆک هۆزەکاندا تەشەنەی کردووە و سەرکردە و فەرماندەکانیان درکیان بە هەقیقەتی ڕەوشەکە و ئەو بارودۆخە نەکردووە کە دەوریانیداوە، لە ڕابردوودا ئاوابوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەروایە ...".

هەروەها هەستم دەکرد کەسانێک هەبوون بەپێی پێویست هاوکاریی نەدەکردم و چەند ڕووداوێکی لێدەشاردمەوە و بەبیانووی بێبنەما ناوی بکەرانی ئەو ڕووداوانەی بۆ ئاشکرا نەدەکردم کە ڕەنگە هۆکاری تایبەت بە خۆی بێت، هەشبوو لە ترسی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی داگیرکەری کوردستان نەیدەویست ناوی لە لێکۆڵینەوەکەدا تۆماربکەم، جاروباریش هۆکاری نادیار هەبوون و ئاشکرایان نەدەکرد، هەرچەندە دەیان ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە، هەرچەندە گوتەکەی پاڕێزەر جەرجیس فەتحوڵڵام بۆ دەهێنانەوە کە لە پێشەکیی وەرگێڕانی کتێبێکدا بەناوی (کورد و تورک و فارس) دەڵێت:"..... ئەوەی لە ڕابردوو بترسێت، لە ئێستاش دەترسێت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دواڕۆژیشی نییە ....."هەروەها ژمارەیەکیشیان خۆیان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم دەدزییەوە کە ڕەنگە شەرمەزارییەکی بۆ ئەوان تێدابێت، هەرچەندە دووبارە و سێبارەشم دەکردەوە.

زۆر بەداخیشم بۆئەوەی نەمتوانی چاوم بە چەند کەسایەتییەکی گرنگ و چالاکی نێو کۆمەڵەکە بکەوێت کە بەدەست خۆم نەبوو، بەتایبەتی دکتۆر کەمال فوئاد

کـە لـە ١٥ی تشرینـی دووەمـی ٢٠١٤دا کۆچـی دوایـی کـرد و پێشتریـش هەوڵـی زۆرم دابـوو دیمانەیەکـی لەگەڵـدا تۆمـار بکـەم، بـەڵام بەداخـەوە بـاری تەندروسـتیی ئـەو بەڕێـزە ڕێگربـوو لـە ئەنجامدانـی ئـەو دیـدارەدا. هەروەهـا حەمـرەش ڕەشـۆ و دکتـۆر وریـا ڕوانـدزی کـە چەنـد ڕۆژێکـی پێـش دیدارەکەمـان ماڵئاوایـان لـێمان کـرد، چەنـد مانگێکیش پێـش ماڵئاواییکردنـی، دەرفەتـم بۆڕەخسـا ڕەوانشـاد دکتـۆر عیسـمەت شـەریف وانلـی ببینـم، بـەڵام بەداخـەوە زۆر بێتاقـەت و جەسـتەی لاواز ببـوو و وردەکاریـی ڕووداوەکانـی بەتـەواوی لەبیرنەمابـوو، بۆیـە بـە دەسـت بەتاڵـی لـە گەشـتەکەم گەڕامـەوە، تەنیـا ئەوەبـوو، خۆشـحاڵ بـووم ڕووبـەڕوو بینیـم، جـا ئەگـەر کەسـانێک هەبـن و نەمتوانیبێـت بیانبینـم، مانـای ئـەوە نییـە بـە ئەنقەسـت بووبێـت و فەرامۆشـکرابن.

بـۆ خزمەتکردنـی زیاتـری خوێنـەران و پاراسـتنی ڕێبـازی زانسـتییانەی تۆژینەوەکـە لەلایـەک و پێشکەشـکردنی باشتریـن بەرهـەم لەلایەکـی دیکـەوە، ڕاوبۆچوونـی جیـاوازم خسـتووەتەڕوو، چونکـە بـڕوام بەوەیـە؛ هەمـوو ڕاسـتییەکان لـەلای تاکـە کەسـێک یـان لایەنێـک نیـن، بـا هـەر شـارەزا و لیهاتـوو و بـە ئەزمـوون بـن. بۆئـەوەی سـەرکەوتووش بـم لـە تۆژینەوەکـەم تـا پێمکرابێـت ڕاستگۆ و دادپـەروەر بوومـە لـە تۆمارکردنـی ڕووداوەکان و زۆریـش خـۆم بـەدوور گرتـووە ڕای تایبەتـی خـۆم تێکـەڵ بابەتەکـە بکـەم، چونکـە تاکـە ئامانجـی مـن تۆمارکردنـی بەشـێک لـە مێـژووی کـورد بـووە لـە ئەوڕوپـا کـە ڕووبـەڕووی شـێواندن و پەراوێزخسـتن و بزربـوون بوونەتـەوە، چونکـە بەشـێکە لـە مێـژووی گشـتیی خەباتـی نەتـەوەی کوردمـان و چاوەڕێـی پشـتگیریکردنی زیاتـری دۆزە ڕەواکەیانـن.

لێـرەدا مـاوە ئـەوە بڵێیـن؛ سوپاسـی هەمـوو ئـەو کـەس و لایەنانـە بکـەم کـە هـاوکارم بوونـە و دەسـتی یارمەتییـان بـۆ درێژکـردووم، ژمارەشـیان هێنـدە زۆرە، ناکـرێ نـاوی هەمووێـان تۆماربکـەم، بـەڵام خوێنـەران و تـۆژەران دەتوانـن بڕوانـە بەشـی شەشەم"بەشـی وێنەکان"کـە وێنـەم لەگـەڵ هەمـوو ئـەو کەسـانەدا گرتـووە و هـاوکارم بوونـە لـە دانانـی ئـەم بەرهەمـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر دەبـێ ئامـاژە بـە چەنـد ناوێـک بکـەم کـە زیـاد لـە پێویسـت و بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراو هاوکارییـان کـردووم، لەپێـش هەموویانـەوە: هۆشـەنگ عـوسمان سـەبری، تاریـق ئاکرەیـی، سـەعدی دزەیـی، عومـەر شـێخموس، دارا عەتـار، عومـەر یونـس (گولـک)، یوسـف زۆزانـی

و دکتـۆر فـازڵ مـەلا خەلیـل کـە هاوکارییەکانیـان بریتـی بـوون لـە کۆمێنتکـردن و ڕاسـتکردنەوە و پێشکەشـکردنی تێبینیـی بنیاتنـەر و بەخشـینی کۆمەڵێـک بەڵگەنامـەی گرنگـی کۆمەڵەکـە لەگـەڵ چەنـد ئامۆژگارییەکـی بەنـرخ. هەروەهـا بەپێویسـتی دەزانـم سوپاسـی محەمـەد جەعفـەری برامیـش بکـەم کـە ئەرکـی پێداچوونـەوەی زمانەوانیـی تۆژینەکـەی گرتووەتـە ئەسـتۆی خـۆی، سوپاسـێکی تایبەتیشـم هەیـە بـۆ ڕەخنەگـر و تـۆژەر حەیـدەر عومـەر کـە پـاش وردبینـی و پێداچوونـەوە، پێشـەکییەکی بـۆ کتیبەکـە نووسـیوە. بـە پێویستیشـی دەزانـم سوپاسـی سەرپەرشـتیارانی (بنکـەی ژیـن بـۆ بووژاندنـەوەی کەلەپـووری بەڵگەنامەیـی و ڕۆژنامەوانیـی کـوردی)[٣] و کاک ڕەفیـق سـاڵح بەڕێوەبـەری دەزگاکـە دەکـەم لـە سـلێمانی کـە چەنـد ژمارەیەکـی بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵەکـە و چەنـد بەڵگەنامەیەکـی دیکەیـان پێبەخشـیم.

وام بـە بـاش زانـی تۆژینەوەکـەم بکەمـە دوو قۆناغـی مێژوویـی جیـاواز، یەکەمیـان لـە سـەرەتای دامەزراندنـەوە تـا دەگاتـە سـاڵی (١٩٧٥) کـە بایەخێکـی تایبـەت و ڕادەبـەدەری هەیـە و لـە سـێ بـەش پێکدێـت.

بەشی یەکەم: تایبەتکراوە بە کۆنگرە گشتییەکانی کۆمەڵەکە.

بەشـی دووەم: کـە لـە ماوەیەکـی نزیکـدا چاپـی دەکەیـن و بـاس لـەو هێڵـە هـزری و سیاسـییە دەکات کـە کۆمەڵەکـە پەیڕەوی کـردووە، هەروەها ئەو چالاکییانـەی ئەنجامدراون بـۆ گەیاندنـی دەنگـی کـورد بـە ڕای گشـتیی ئەوڕوپـا و جیهـان. لـە پەیوەندییەکانـی کۆمەڵەکـە لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی جیهـان و کوردسـتانیش دەدوێـت. ئینجـا دێتـە سـەر بەشـێک لـەو بەربەسـتانەی هاتوونەتـە ڕێگـەی چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە، بەتایبەتـی هەڵوێسـتی ڕژێمگەلـی داگیرکارانـی کوردسـتان. هەروەهـا بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵەکـە لەخۆدەگرێـت کـە بـە زمانەکانـی ئینگلیـزی، کـوردی، عەرەبـی و فەڕەنسـی و زمانەکانـی دیکـە بڵاوکراونەتـەوە. بەشـی سـێیەم تەرخانکـراوە بـۆ لقەکانـی کۆمەڵەکـە و ئـەو لێژنانـەی پێکهـێنراون لـە ١٧ وڵاتـی ئەوڕوپایـی. بەشـی چـوارەم ژیاننامـەی دیارتریـن چالاکوانانـی کۆمەڵەکـەی تێدایـە و بەشـی دووەم کۆمەڵێـک بەڵگەنامـەی کۆمەڵەکـە لەپـاڵ ژمارەیـەک وێنـەی کۆنگرەکانـی کۆمەڵەکـە و لقەکانـی لەخۆگرتـووە، هەروەهـا وێنـەی ئـەو کەسانەشـی تێدایـە کـە لەگەڵیـان دیـدارم هەبـووە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم کە دەستەواژەی (کورد)م بەکارهێناوە نەک ئەو (ئەکراد)ەی لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەکەدا بە زمانی عەرەبی هاتوون، بە ناوی کۆمەڵەکەشەوە، لە بەڵگەنامەکانی دیکەشدا هەر وامکردووە، چونکە من وایدەبینم وشەی (کورد) پەسند و وردترە لە (ئەکراد) بۆ گوزارشتکردن لە نەتەوەی کورد.

پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێت: (گۆشت بەبێ ئێسقان نابێت - Goşt bê hestî nab e) بۆیە من پێشەکی دان بەوەدا دەنێم کە ئەم بەرهەمەی من بەبێ کەموکورتی نابێت، چونکە پێشتر خۆم لەقەرەی ئەم جۆرە بابەتانە نەداوە و شەرەفی بەشداریکردنیشم پێنەبڕاوە بە هاوبەشی جێبەجێی بکەم، لەلایەکی دیکەوە نەمتوانیوە چاو بە چەند تۆژینەوەیەکدا بخشێنمەوە کە بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی و ڕووسی ئامادەکراون، بۆیە لێبوردنی پێشوەختەی خۆم بۆ خوێنەران و تۆژەران دەردەبڕم، هەروەک پێشەکیش سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەم کە هەر تێبینی و زانیاری و بەڵگەنامەیەکی بڵاوکراوەی کۆمەڵەکە و لقەکانی پێشکەش دەکەن و لەکاتی خۆیدا دەستم پێیان نەگەیشتووە. هەر وێنەیەکی یادگاریشیان لەلایە و بە من نەگەیشتووە یاخود پێچەوانەی ڕاستییەکانن، با ئاگادارم بکەنەوە تاکو لە چاپەکانی داهاتوودا ڕاستیان بکەمەوە کە دەتوانن ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی ئەو ئیمێڵەوە بیگەیەننە دەستم کە لە لاپەڕەکانی بەرایی تۆژینەوەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەڵمانیا (فریدن- Vreden) ئاداری ٢٠١٥

پێشەکی

مێـژووی پەیوەندییەکانـی کـورد - ئەوروپـا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمانێکی کـۆن کـە چەنـد سـەدەیەک درێژدەبێتـەوە هـەروەک تـۆژەر و مێژوونـووس عەبدولڕەقیـب یوسـف لـە بەشـی دووەمـی کتێبەکەیـدا کـە بـە ناونیشـانی (شارسـتانێتیی دەوڵەتی دۆسـتەکی لە کوردسـتانی ناوەڕاسـتدا) ئاماژە بە تێکەڵبوونێکی ڕاسـتەوخۆی نێوان کورد و ئەوروپییەکان لـە سـەردەمی دەوڵەتـی مەڕوانـی (دۆسـتەکی)دا دەدات کـە بـە یەکەمیـن دەوڵەتـی کـورد هەژماردەکرێـت و لـە سـاڵی (٩٨٢ز)دا لەسـەر ڕووبەرێکـی فراوانـی نیشـتمانیاندا دایانمەزرانـدووە. ئەویـش لەبەرئەوەی ئەوکات ڕێگە بازرگانییـە جیهانییەکە کە پێیدەگوترا (ڕێگەی ئاوریشـم) بە کوردسـتاندا تێدەپەڕی و بەرەو هیندسـتان و چین دەچوو، کاروانە بازرگانییـەکان کـە کاڵا و بەروبوومەکانـی ئەوروپایـان پێبـوو، لـە چەنـد وێسـتگەیەکی پشـووداندا لـە هـەردوو وێسـتگەکەی شـارەکانی (داریـە- Darê[٣] و کفرتوسـا) لایانـدەدا کـە دەکەوتنـە نزیـک نەسـیبیەین و ئامـەد (دیاربەکـر)ی کوردسـتان، دواتـر ئـەم دوو وێسـتگەیە و چەنـد وێسـتگەیەکی تر بوونـە مەڵبەندێکی بازرگانیی نێـوان ئەوروپاییەکان و کـورد. ژمارەیـەک لە مۆزەخانەکانـی ئەوروپا، لەوانەش مۆزەخانەکانی سـوید و بەریتانیا تاکـو ئێسـتا چەنـد نموونەیەکـی دراوی دەوڵەتـی دۆسـتەکییان پاراسـتووە، بەپێـی ئـەو سـەرچاوانەی بـەر دەسـتیشمان دەکارێین ئەمـە بکەینـە سـەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان کـورد لەگـەڵ ئەوروپاییەکانـدا کـە هەتاکو سـەردەمی ئەیوبییـەکان (١١٦٨ - ١٣٤١ز) ئەم پەیوەندییانـە بەردەوامییـان هـەر هەبووە، بەتایبەتی لە سـەردەمی سـەڵاحەدین ئەیوبیدا کـە ئـەوکات کـورد ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئەوروپاییەکانـدا تێکـەڵ دەبوون.

کاتێـک عوسمانییـەکان هێرشـیان کـردە سـەر وڵاتانـی بەلـکان[٤] نزیکـەی سـێیەکی پێکهاتـەی سـوپاکەیان کـورد بـوون: تێیاندا هەبوو میر بوون و هەشـبوو سـەربازی ئاسـایی. لـە گەرمـەی ئـەو شـەڕانەی لەگەڵ ئـەو وڵاتانـەدا بەرپابـوو، بەشـێکی کەمی ئـەو کوردانە لـەوێ مانـەوە، ئەویش لەبـەر چەند هۆکارێک، هەبوو لەم وڵاتانەدا بـە دیلگیرابوون و پاش ئازادکردنیـان نەگەڕانـەوە وڵاتـی خۆیـان، هەشـبوو بە هۆکاری سیاسـی یاخـود کۆمەڵایەتی یانیـش ئابـووری لـەوێ مانـەوە و هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ کچانـی ئەوێـدا کـرد و بوونـە هاوواڵتیـی ئـەو وڵاتانە، بەشێکیشـیان لەسـەر داواکاریـی دەوڵەتی عوسمانی لـەوێ مانەوە.

دەشڵێن: قەڵایەک لە هەنگاریا هەیە و ناوی (قەڵای کوردۆ)یە و هی یەکێک لەو میرە کوردانەیە کە لە یەکێک لە شەڕەکاندا یاوەری سوڵتانی عوسمانییەکان بووە.

زنار (ئەحمەد) شێخموس لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەک کوردی یۆگسلاڤییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێک لە ساڵی (١٩٦٦) لە یۆگسلاڤیا دەمخوێند، بە ڕێککەوت چاوم بە خێزانێکی یۆگسلاڤیی دانیشووی سەرایيڤۆ کەوت و بەیەکەوە باسی کورد و کوردستانمان دەکرد. یۆگسلاڤییەکە گوتی"بنەماڵەکەی منیش بە ڕەچەڵەک خەڵکی خوردستانن"جا کە زنار قسەکەی پێ دووبارە دەکاتەوە و دەپرسێت ئاخۆ ئەم وشەیە وشەیەکی یۆگسلاڤییە، لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر بەڵام نازانم ئەم وشەیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئینجا وشەکەی بەو شێوەیە نووسی کە ئێمەی کورد دەینووسین (Kurdistan).

لە ماوەی جەنگەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران (١٨٠٤ – ١٨١٣) و (١٨٢٦ – ١٨٢٨) و دواتریش، هەروەها جەنگەکانی ڕووسیا و تورکیا (١٨٢٨ – ١٨٢٩) بەتایبەتی پاش ئەوەی وڵاتانی ئەودیوی قەوقاز[٥] هاتنەپاڵ ڕووسیا هەزاران کورد وڵاتی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویان لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کرد، بەتایبەتی ئەرمینیا و ئازربایجان، بەشێکی زۆریشیان پاش ڕێککەوتنامەی قارسی ساڵی (١٩٢٨) چوونە ئەوێ.

پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتی کۆکردنەوەی منداڵانی خانەواده ناسراوەکانی کوردیان پەیڕەوکرد و لە قوتابخانە تایبەتەکانیان تۆمارکردن، بەتایبەتی ئەوانەی ڕۆڵیان لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەدا هەبوو. ئەو قوتابخانە تایبەتانەش بۆ منداڵانی بنەماڵە ئەرستۆکراتە دەسەڵاتدارەکانی ئەستەنبول و بەغدا تەرخان کرابوون. بنەماڵەکانی بەدرخان، جەمیل پاشا، بوجاق و بابان و چەندینی تر لەو بنەماڵانە بوون. جا پاش ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییە کلتووری و بازرگانییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی ئەوڕوپا، بەتایبەتی فەڕەنسا، ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی ئەو قوتابخانانە بۆ تەواوکردنی خوێندنیان نێردرانە فەڕەنسا کە بەشێکیان منداڵانی ئەو خێزانە کوردانە بوون کە پێشتر ئاماژەمان پێدابوون. مەبەستی دەوڵەتی عوسمانیش لەم هەنگاوانەدا دوورخستنەوەی ئەو خوێندکارانە بوو لە خێزان و گەلەکەیان و بەکارهێنانیان بوو بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، هاوکات چەند بنەماڵەکی تریش لەسەر بودجەی تایبەتی خۆیان منداڵەکانیان بۆ خوێندن ڕەوانەی وڵاتانی ئەوڕوپا کرد.

ئا بەم شێوەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست منداڵانی ئەم بنەماڵە ناسراوانەی کورد بە ئەورۆپادا بڵاوبوونەوە: لە بنەماڵەی بەدرخان، هەریەک لە جەلادەت و کامەران لە ئەڵمانیا، سورەییا بەدرخان لە فەڕەنسا، عەبدولڕەحمان بەدرخان لە سویسرا. لە بنەماڵەی جەمیل پاشاش، هەریەک لە قەدری جەمیل پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، شەمسەدین جەمیل پاشا. هەروەها بابان زادە و ڕەجائی نەزهەت و سەلیم سابت لە سویسرا، لە بنەماڵەی بوجاقیش، مستەفا ڕەمزی بوجاق[٦] کە لە سەرەتادا چووە ئەمەریکا و دواتر لە فەڕەنسا گیرسایەوە و هەر لەوێش مرد، حەفت برایان، نووری تاریق و جانب یلدرم[٧] لە فرەنسا کۆلێجی مافیان خوێند و هەر لەوێش جێنشین بوون، هەروەها عەبدوڵڵا جەودەت لە کوردستانی باکوور لە فەڕەنسا و بنەماڵەی بابان دامەزرێنەرانی شاری سلێمانی و مۆلانیزادە ڕفعەت لە کوردستانی باشوور. جواد کافیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئەڵمانیا، نەجمەدین حوسێنی لە کەرکووک کە دەکاتە برای ئەسیریی شاعیر بووە موفتیی بۆسنە و هرسک، دواجار هەواڵی نەما هەروەک لە پێشەکیی کتێبەکەی (پرسی کوردستان)ی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا هاتووە.

ئەم کەسایەتییە کوردانە – هەریەکە و بە ڕێژەیەک- ڕۆڵیان لە دامەزراندنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەورۆپادا هەبووە، لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەزری و کلتووریان لە ژیانی گەلی کورددا گێڕاوە، بەتایبەتی ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخان کە یەکەمین ڕۆژنامەیان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بە زمانی کوردی[٨] دەرکرد و عەبدوڵڵا جەودەتیش کە گۆڤاری (الأجتهاد)ی دەرکرد لەو کەسایەتییانە بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە و بیرمەندێکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە و زانستی دەروونناسی بڵاوکردووەتەوە. هەردوو زمانی فەڕەنسی و تورکیشی زانیوە، ئەگەرچی کەسایەتییەکی بیرمەندی هاوچەرخی تورک بووە، بەڵام بە ڕەچەڵەک کورد بووە. ناشبێ ڕۆڵی شەریف پاشاش لەبیربکەین کە نوێنەرایەتیی کوردی کردووە لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی (١٩١٩-١٩٢٠)دا.

بەدڵنیاییەوە هەتاکو کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، ژمارەی کورد لە وڵاتانی ئەورۆپا سەت کەسیان تێنەدەپەڕاند و زۆربەی هەرە زۆریان ئەو خوێندکارانە بوون کە بۆ خوێندن ڕوویان لەو وڵاتانە کردبوو، پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکانیان دەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان،

بەڵام لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و لەسەر داواکاریی حکومەتی ئەڵمانیا کە داوای هێزی کاری لە چەند وڵاتێک کرد، بۆئەوەی وێرانکارییەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی نۆژەن بکاتەوە، تورکیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی بەدەنگ داواکەی ئەڵمانیاوە هات و ئەوکات دەیان هەزار هاووڵاتیی تورکیای ڕەوانەی ئەڵمانیا کرد کە سێیەکی ئەم ژمارەیە کوردی کوردستانی باکوور بوون[٩] ئیتر بەرەبەرە بەهۆی سیاسەتی نادادپەروەرانەی داگیرکارانی کوردستان، کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان ڕوویان لە وڵاتانی ئەوڕوپا کرد، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) لە کوردستانی باشوور دژی ڕژێمی عێراق و کودەتا سەربازییەکەی کەنعان ئیڤرین لە تورکیا لە ١٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠ و ئەو شەڕە دژوارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئادار و ئابی ١٩٧٩ هەڵیگیرساندبوو، بەڵام کوردی کوردستانی ڕۆژئاوا بێجگە لە خوێندکاران و چەند کرێکارێک لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا بەهۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری ڕوویان لە ئەوڕوپا کرد.

ئەمڕۆ ڕەوشی کوردان و ژمارەیان گۆڕاوە و جیاوازیی هەیە لەگەڵ پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و لە ئێستادا ژمارەیان گەیشتووەتە نزیکەی دوو ملیۆن کە نزیکەی ملیۆنێکیان تەنیا لە ئەڵمانیا نیشتەجێن[١٠] کە لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری پێکهاتوون، ئەویش ئەنجامی بەردەوامبوونی سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانە بە ئێران، تورکیا، سووریا و عێراقیشەوە (لەم دوو دەیەی دوایی نەبێت)، تەنانەت کوردی بەشەکانی دیکەش لە ئەرمینیا و ئازربایجانەوە بەهۆی ناسەقامگیریی ڕەوشی ئابووری و سیاسیی وڵات چوونەتە وڵاتانی ئەوڕوپا. بەم شێوەیە ڕەوەندێکی گەورەی کورد لەم وڵاتە ئەوڕوپاییانەدا دامەزراوە کە دەکەونە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانە و لە بەرانبەردا ئەوان کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگەی ئەوڕوپادا دیارە و کۆمەڵە و مەڵبەند و پەیمانگەی تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە.

ئەم بەندەی بەشی یەکەم کە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکەیە پێکهاتووە لە: مێژوو و شوێنی بەستنیان، گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرە و ئەو چالاکییانەی کۆمەڵەکە لەگەڵ هەر کۆنگرەیەکدا ئەنجامیانداوە. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ بەشێک لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەکە لەگەڵ وێنەکان و کۆتایی بەشەکە.

دەروازە

کورد و کوردستان

هەموو ئەو مێژووناس و تۆژەرانەی دەست بۆ بابەتی مێژووی کورد و کوردستان دەبەن، دان بەوەدا دەنێن کە کورد یەکێکە لە دێرینترین و ڕەسەنترین نەتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوان خەسڵەتی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان هەیە و تەواوی بنەماکانی نەتەوەیان تێدایە بە پێناسە زانستییەکەی"نەتەوە"کە لەبەر چەند هۆکارێک نامەوێ بچمە نێو وردەکاریی ئەم لایەنە، ئەم نەتەوەی کوردە کە گەورەترین پێکهاتەی نەتەوەیی جیهان پێکدێنێت لە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆدا بێبەشکراوە.

کوردستانیش کە واتای (نیشتمانی کورد) دەبەخشێت، ناوێکی ئاوێتەیە و لە دوو بەش پێکهاتووە: (کورد) واتە نەتەوەی کورد و (ستان) کە وەک پاشگرێکی شوێن، مانای خاک یان شوێنی ئەم نەتەوەیە دەگەیەنێت. ناوی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە سەدەی دوانزەیەمدا بەکارهێنراوە و بە دیاریکراویش لە سەردەمی سوڵتانی سەلجووقی (سنجر ١١١٨ – ١١٥٧ز)[١١] .

لە سەرچاوەکانیشدا ناوی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە کتێبی (جامع التواریخ)ی ڕەشید فەزلەڵڵا هەمەدانی لە ساڵی (١٣١٠ز)دا[١٢] هاتووە، هەروەها لە کتێبی (نزهة القلوب)ی حەمدوڵڵا بن مستەوفی قەزوێنی کە لە ساڵانی نێوان (١٣٣٥ – ١٣٤٠ز)دا داینراوە. مارکۆ پۆڵۆ، گەڕیدەی ئیتاڵی کە کتێبێکی لە ساڵی (١٢٩٨ز) بەناوی (گەشت) داناوە، دەڵێت: ناوی کوردستان زۆر پێش ئەو ساڵانەی لەپێشەوە ئاماژەیان بۆکراوە، لە سەرچاوەکاندا هاتووە.

سەبارەت بە وشەی (کورد)یش دکتۆری کۆچکردوو کەمال فوئاد لە پێشەکیی چاپی یەکەم – بەشی دووەمی کتێبی"مێژووی کورد و کوردستان – مێژووی وڵات و میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلام"لە ساڵی ١٩٨٦ دەنووسێت: کۆنترین بەڵگەنامە کە ناوی کوردی تێدا هاتبێت، وەک کۆمەڵەیەکی مرۆیی، دەگەڕێتەوە سەرەتای سەردەمی ئیسلام و دووجار ناوی کورد لەو نامانەی نێوان ئیمام عەلی

بـن ئەبـی تالیـب (کـە لـە ٦٦١دا شـەهیدکراوە) و زیـاد بـن ئەبیـە (بـن ئەبـی سـوفیان)دا هاتـووە. دەربڕینـی هاوشـێوەی وشـەی (کـورد) لـە چەندیـن نووسـیندا هاتـووە کـە هـی سـەردەمانی زۆر کـۆنترن لەمانـە. وشـەی"کەردەکا/ Kar-da-ka" لـە دوو تابلـۆی سـۆمەریدا هاتـووە کـە هـی سـەردەمی ٢٠٠٠ سـاڵی پێـش زاینـن و گوزارشـتێک بـووە بـۆ وڵاتـی لقەکانـی ژووروووی هـەردوو ڕووبـاری دیجلـە و فـورات. سـەرباز و مێژوونووسـی یۆنانـی کزینۆفـۆن لـە کتێبی"ئەنـا بازیـس/ Anabasis" سـەبارەت بـە گەڕانـەوەی ئـەو ١٠ هـەزار یۆنانییـەی سـاڵانی ٤٠١- ٤٠٠ پ ز) دەڵێت:"کۆمەڵـە مرۆڤێـک کـە بـە (کاردۆخ/ Kardukh) نـاسراون، هێزەکانـی ئەوێیـان زۆر هەراسـان کـردووە کاتێـک بـە هەمـان ئـەو ناوچانـەدا تێپەڕیـون ...."بـۆ ئـەم گوتەیەشـی پشـتی بـە چاپـی یانـزەی کتێبی"الفتنـة الـکبری ٢، علي و بنـوە"ی (تەهـا حوسـێن، ل١٤٨- ل١٤٩) بەسـتووە کـە لـە ١٩٨٢ لـە قاهیـرە چاپکـراوە.

نـە دانپێدانانێکـی یاسـایی و نـە نێودەوڵەتیـش بـۆ وشـەی (کوردسـتان) نییـە و لـە نەخشـە و ئەتڵەسـەکانی جوگرافیاشـدا لـە ناوەڕاسـتی سـییەکانی سـەدەی ڕابردووشـدا[١٣] تەنیـا لـە عێراقـدا بەکارهـێنراوە، ئەویـش پـاش مۆرکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان کـە لـە نێـوان سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کوردسـتان بـە ڕابەرایەتیـی سـەرکردەی نەمـر مسـتەفا بارزانـی و حکومەتـی عێـراق ئیمزاکـراوە. هەروەهـا لـە هەرێمـی سـنەی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا بەکارهـێنراوە[١٤].

زۆریـش زەحمەتـە نەخشـەیەکی ورد بـۆ دیاریکردنـی سـنوور و ڕووبـەری کوردسـتان بکێشرێـت، ئەویـش لەبـەر دوو هـۆکار، یەکەمیـان: لـە ئێسـتادا کوردسـتان خاکێـک نییـە سـنووردێکی دیاریکـراوی سیاسـیی هەبێـت و دانپێدانانێکـی نێودەوڵەتیشـی نییـە. دووەم: ئەنجامـی شـەڕەکانی نێـوان عوسمانـی و سـەفەوییەکان لەسـەر خاکـی کوردسـتان، ئـەوکات نەبـووە هـۆی دیاریکردنـی سـنووردێکی دیاریکـراو و هـاوکات ئۆپەراسـیۆنەکانی ئاوارەکـردن و کـۆڕەوەکان و گۆڕینـی دیموگرافیـای ناوچەکـە، دواجاریـش لـە شـەڕی چاڵدێرانـدا[١٥] خاکەکـەی لەنێـوان ئـەو دوو ئیمپراتۆرییەتـەدا دابەشـکرا. بۆنمونـە لـە کتێبی (شـەرەفنامە) ی شـەرەفخانی بەدلیسـی کـە لـە سـاڵی (١٥٩٨ز)دا بـە زمانـی فارسـی داینـاوە، هەروەهـا لـەو نەخشـەیەی کـە سـەنتەری دیراسـاتی کـوردی لـە سـاڵی (١٩٤٩ز) لـە پاریـس و چەنـد سـەرچاوەیەکی کـوردی و زمانەکانـی تـردا بڵاوکراوەتـەوە، دووپاتـی دەکەنـەوە؛

کوردستان دوو دەریچەی دەریایی هەیە: یەکێکیان لەسەر کەنداوی فارس لە دیوی شاری ئیلام و ئەویدیکەیان لەسەر دەریای سپیە لە دیوی ئەسکەندەرۆنە کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی تورکیادایە. بەڵام هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی سەدان ساڵە کاریان لەسەر ڕاگواستنی کورد کردووە لە ناوچەکانی نزیک ئەم دوو دەریچە دەریاییە و بەرەو ئاراستەی ناوەوە دووریانخستوونەتەوە و هەموو ئاسەوارەکانی کورد و کوردستانیان سڕیوەتەوە، هاوولاتیانی فارس و تورک و خەڵکی دیکەیان لە جێگەی ئەواندا نیشتەجێکردووە، بۆیە زۆر سەختە جارێکی دیکە ئەم دوو ناوچەیە بگەڕێندرێتەوە سەر خاکی کوردستان.

بەپێی ئەوەی لە شەرەفنامەدا هاتووە، سنووری کوردستان:".... سنووری نیشتمانی کورد (کوردستان) لە کەنارەکانی دەریای هرمزەوە دەست پێدەکات - ئەو کەنداوە فارسییەی کە لقێکە لە ئۆقیانووس و لەسەر ئەو ڕاستە هێڵەی تا کۆتایی ویلایەتی مەلەتیە و مرعش درێژدەبێتەوە، باکووری ئەم هێڵە ویلایەتەکانی: فارس، عێراقی عەجەم، ئازربایجان، ئەرمینیای بچووک، ئەرمینیای گەورەیە. عێراقی عەرەبی و هەردوو ویلایەتی مووسڵ و دیاربەکریش دەکەونە لای باشووری هێڵەکە ...".

فەرماندەی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆش لە کتێبەکەیدا (کوردستان و کورد - لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری)[١٦] سنووری کوردستان بەم شێوەیە دیاریدەکات:"ڕاستە هێڵێک لە لووتکەی چیای ئارارات لە باکووری ڕۆژهەڵات دەستپێدەکات و بەرەو باشوور شۆڕدەبێتەوە تا دەگاتە بەشی باشووری زاگرۆس و پشتکۆ، لەو خاڵەشەوە ڕاستە هێڵێک بەرەو ڕۆژئاوا دەکێشین تا دەگاتە مووسڵ لە عێراق، ئینجا ڕاستە هێڵێک بەرەو ڕۆژئاوا دەکێشێن کە لە مووسڵەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە لیوای ئەسکەندەرۆنە لە تورکیا، لەو خاڵەشەوە ڕاستە هێڵێک بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ئەرزەڕووم لە تورکیا، ئینجا لە ئەرزەڕوومیشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشێت تا دەگاتە لووتکەی چیای ئارارات.".

بەپێی خەملاندنەکانی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، تێکڕای ڕووبەری گشتیی کوردستان نزیکەی (٤٠٩) هەزار و(٦٥٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کەچی زۆرێک لە ناوەند و کەسایەتییە کورد و بیانییەکان دەڵێن: ڕووبەری کوردستان نزیکەی

(٥٠٠) هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە و هەمـوو ئـەو خاکـەی نێـوان لووتکـەی ئـارارات و کەنـداوی فـارس و دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت دەگرێتـەوە. ئەمـەش لەگـەڵ ئـەو نەخشـەیەدا یەکدەگرێتـەوە کـە سـەنتەری دیراسـاتی کـوردی لـە پاریـس سـاڵی (١٩٤٩) بڵاویکردووەتـەوە. باوکـو تۆمـاس بـوا[١٧] کـە کتێبەکانـی بـە ناوێکـی خـوازراو - ل. ڕامبـۆ- نووسـیوە، ڕووبـەری کوردسـتانی لـە کتێبـی (الکـورد و الحـق) بـە (٥٣٠) هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـە خەملانـدووە.

جـا لەبـەر گرنگیـی پێگـەی جیـۆ- ستراتیجیـی کوردسـتان کـە دەکەوێتـە نێـو دڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ناوەڕاسـتی هـەردوو کیشـوەری ئەوڕوپـا و ئاسـیا، هەروەهـا لەبـەر دەوڵەمەندیـی خاکەکـەی بـە سـامانی سروشـتیی سـەر زەوی و ژێـر زەوی و هەبوونـی چەندیـن جـۆری کانـزا و ڕووبارەکانـی دیجلـە و فـورات و چەندیـن ڕووبـاری دیکـە، لـە دێرزەمانـەوە تـا دەگاتـە ئێسـتا بووەتـە جێـی سـەرنج و بایەخـی وڵاتانـی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتـی. بۆیـە دەبینیـن هـەردوو ئیمپراتۆرییەتـی عوسمانـی و فارسـی کـە لەوپـەڕی بەهێزیـدا بـوون، شـەڕیان بـوو بـۆ داگیرکردنـی خاکـی کوردسـتان و ئەنجامەکەی دابەشـکردنی کوردسـتان بـوو. شـەڕی (چاڵدێـران)ی ئابـی سـاڵی ١٥١٤ی نێـوان سـوپای ئـەو دوو ئیمپراتۆرییەتـە: ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی بـە سـەرکردایەتیی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم و ئیمپراتۆریەتـی سـەفەوییەکان بـە سـەرکردایەتیی شـا ئیسماعیلـی یەکـەم، خاڵێکی گرنگـی وەرچەرخـان بـوو لـە مێـژووی نەتـەوەی کـورددا. ئـەو شـەڕە سـەرەتایەک بـوو بـۆ پرۆسـەی دابەشـکردنی خەڵـک و خاکـی کوردسـتان، بەسـەر ئـەم دوو ئیمپراتۆرییەتـەدا و بەپێـی دەرهاویشـتەکانی ئـەم شـەڕە، نزیکـەی سـێیەکی ڕووبـەری گشـتیی کوردسـتان خرایـە سـەر سـنووری ئیمپراتۆریەتـی سـەفەوییەکان و ئـەوەی ماوەتـەوە خراوەتـە سـەر سـنووری ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی. ئـەم دابەشـکردنانە بەپێـی ڕێککەوتننامـەی قـەسری شـیرین[١٨] لەنێـوان شـا عەبـاس و سـوڵتان مـوراد لـە سـاڵی ١٦٣٩ز سـنووری‌کان جێگیرکـران.

دووەم پرۆسـەی دابەشـکردنی کوردسـتان دوای شکسـتی هێزەکانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی بـوو بەرانبـەر هێزەکانـی هاوپەیمانان لـە جەنگی یەکەمـی جیهـان و ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامـەی (سـایکس- پیکـۆ- Picot - Sykes)ی سـاڵی ١٩١٦ز کـە میراتـی دەوڵەتـی عوسمانیـی شکسـتخواردووی لـە نێـوان وڵاتانـی هاوپـەیمان بەتایبەتـی ئینگلتەرا و فەڕەنسـا

دابەشکرا کە بە (پیاوە نەخۆشەکە) ناودەبرا و ئەوکات دوو لەسەر سێی خاکی کوردستان کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆریەتە و بەپێی ڕێککەوتنامەکە ئەو بەشە کوردستانییەی کەوتبووە نێو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرایە سێ بەش. بەشە گەورەکەی هەر لەنێو سنووری دەوڵەتی نوێی تورکیادا مایەوە، بەشێکیشی بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ی تەموزی ١٩٢٥ز بە دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەی عێراقەوە لکێنرا کە ئەوکات پێیدەگوترا (ویلایەتی مووسڵ) و کەوتە ژێر ئینتیدابی بەریتانی، ئینگلتەرا بەڵێننامەی دابووە کۆمەڵەی گەلان کە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەستەبەر بکات، چونکە ئەم بەڵێنە یەکێک بوو لە مەرجەکانی ئەو لکاندنە[١٩] . بەشی سێیەمی کوردستان بە دەوڵەتی سووریاوە لکێنرا و بەپێی ڕێککەوتنامەی ئەنقەرەی ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢١ کەوتە ژێر ئینتدابی فەڕەنسییەوە. بەشە کوردستانییەکەی بە ئێرانەوە لکێنرابوو، وەکو خۆی مایەوە.

لە ڕۆژی یەکەمین دابەشکردنیەوە، کوردستان یەکێک بووە لە گرنگترین پرسگەلی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران و عەرەب (عێراق و سووریا). چەندین ڕێککەوتنامە و دەیان دیداری ئاشکرا و نهێنی ئەنجامدراون بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی و شتی دیکە نەبادا کورد بە مافەکانی خۆیان بگەن و ئازاد بن، یاخود ببنە خاوەن قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان، بە بەردەوامیش ئەم دەوڵەتانە لەسەر سنووڕەکانی نێوان خۆیاندا، کوردیان وەکو کارت و بەربەستێک بەکارهێناوە.

جا ئەگەر پرسی دیاریکردنی سنووری کوردستان هێندە قورس بێت، دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانەکەی قورستر. چونکە تێکڕای ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە - بە عێراقیشەوە- هەرگیز ڕێگەیان بەوە نەداوە سەرژمێرییەکی ورد و شەفاف بۆ نەتەوەی کورد بکرێت[٢٠] بەڵام هەرچییەک بێت ژمارەی کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا کەمتر نییە لە (٥٠) ملیۆن کەس. کۆمەڵناسی تورکیا ئیسماعیل بێشکچی پەردەی لەسەر ڕاستییەکاندا هەڵماڵیوە و ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانی ناوناوە (کوردستان مستعمرة دولیة). بە واتایەکی تر، پێویستە بڵێین؛ ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەر و تەنانەت ڕێژەی سەدیی دانیشتوانی کورد لەچاو ژمارەی گشتیی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتانەی دواتر

باسیان دەکەین، زۆر ورد نین و ژمارەیەکی کۆتایی نین، ڕەنگە کەمێک زیاتر یان کەمتر بن لەو ژمارانە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم، نزیکترین ژمارەن لە ژمارە و ڕێژە ڕاستەقینەکە، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەی لەپێشەوە ئاماژەیان پێدراوە.

هەر لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە کورد لە ماوەی ئەو دوو پرۆسەیەی دابەشکردنی کوردستاندا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژی ڕەوشەکە و پرۆسەی دابەشکردنی وڵاتیان بەرپاکردووە و پتر لە ٤٠ میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆیان دامەزراندووە، دەسەڵات و هەژموونی ئەم میرنشینانە بەپێی بەهێزی و بێهێزیی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە زیاد و کەمیان کردووە. دوا میرنشینیشیان میرنشینی (بۆتان) بووە لە ساڵی (١٨٤٨ز) کە لەو بەشە کوردستانییەی ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیادایە. پاشان کورد دوای پرۆسەی دووەمی دابەشکردنەکەش لە هەر چوار پارچەکەدا درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە و لەپێناو مافی چارەی خۆنووسیندا خەباتیان کردووە.

سەبارەت بە زمانی کوردیش کە یەکێکە لەو زمانە هیندۆ - ئەوروپیانەی لە زمانی ئاریییەوە سەرچاوەی گرتووە، نزیکترین زمانیش لە زمانی کوردی، بە پلە یەک زمانی فارسی دێت، ئینجا بلوجی و پشتۆنی لە ئەفغانستان و پاکستان. هەموو ئەم زمانانەش وەک بەشێک لە زمانە ئێرانییەکان لە کۆمەڵەی هیندۆ - ئەوروپیدا پۆلین دەکرێن. زمانی کوردی دوو شێوەزاری سەرەکیی هەیە: شێوەزاری کرمانجیی سەروو (کورمانجی) کە کوردی باکوور و ڕۆژئاوا، کوردی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو[٢١] ، هەروەها ناوچەکانی ورمێ، سەلماس، ماکۆ، شکاک، پودەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی خۆراسان[٢٢] لە ئێران و بەشێک لە کوردی باشوور (بادینان: دهۆک و زاخۆ و ناوچەکانی دەوروبەری)، قسەی پێدەکەن کە دەکاتە نزیکەی دوو لەسەر سێی کۆی دانیشتوانی کوردستان. بەڵام شێوەزاری کرمانجی باشوور (سۆرانی) کە کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێیدەدوێن. ئەمانە و چەند شێوەزارێکی دیکەی وەکو (زازاکی - دملی) و گۆران و کەلهوڕی [٢٣]. ڕێنووسی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە پیتی عەرەبی و لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیشدا بە پیتی لاتینی دەنووسرێت. لەم ساڵانەی

دواییدا هەردوو شێوەزارەکەی سۆرانی و کرمانجی پەرەسەندێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، هەرچەندە ئەوەی دووەمیان لە قوتابخانە و پەیمانگەکاندا قەدەغەکراوە، بەڵام لە ناوەندەکانی خوێندنی باشووردا بەکاردەهێنرێت. دەستەیەک لە مێژوونووس و سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانی کورد دەڵێن هەمە چەشنیی شێوەزارەکان لە زمانی کوردی و جیاوازی لە پیتەکانی نووسیندا بووەتە کۆسپێکی گەورەی بەردەم پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی لە سەرتاپای کوردستاندا و ڕێگرە لە پەرەسەندنی زمانەکە، بەڵام من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە فرەیی شێوەزار و تەنانەت ئاینیش دەوڵەمەندیی سامانی کۆمەڵگەی کوردی دەگەیەنێت، هەروەکو ئەو باخچەیە کە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی شێوە جیاوازی تێدایە، ئەگەر کورد توانیی بەشێوەیەکی دروست سەرەدەریی لەتەکدا بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو واینەکرد، ئەوا دەبێتە دەرد و بەڵا بۆی. لە هەموو بارەکانیشدا وایدەبینم کە وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی پێویستە پیتەکانی نووسین یەکبخرێن، بەمەش بە بەردێک لە دوو چۆلەکە دەدەین، شێوەزارەکان لەیەک نزیک دەکەونەوە، لەلایەکی دیش ڕۆشنبیران و نووسەران و خوێنەرانی کوردی هەموو شێوەزارەکان ئاسانتر ئاشنای بەرهەمەکانی یەکدی دەبن.

لەڕووی ئاینیشەوە ٩٠٪ی کورد موسڵمانن و زۆربەی هەرە زۆریان سوننەی شافعین. نزیکەی سێ ملیۆنیشیان شیعە مەزهەبن و دانیشتووی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانن، چەند سەد هەزارێکیشیان کوردی عەلەوین. دەوروبەری دوو ملیۆنیشیان هێشتا ئاینە کۆنەکەی خۆیان پاراستووە کە ئاینی ئێزدییە، چەند گرووپێکی دیکەشیان جوون[٢٤] یان کریستیانن.

ئێستاش بۆئەوەی خوێنەرانی بەڕێز زۆر بە کورتی ئاشنای ڕەوشی سیاسی و جوگرافیای ئێستای هەر چوار پارچەکەی کوردستان[٢٥] بکەین، سەرەتا لە گەورەترین بەشی کوردستان لەڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە دەستپێدەکەین:

باکووری کوردستان:

لەم بەشەی کوردستاندا نزیکەی ٢٥ ملیۆن کورد[٢٦] دەژین و ڕووبەرەکەشی هەروەکو لە کتێبەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆدا هاتووە نزیکەی ١٩٤ هەزار و ٤٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، چەند سەرچاوەیەکی دیکەی کوردی و غەیرە کوردی ڕووبەرەکە بە ٢٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەخەملێنن. ڕێژەی سەدیی کوردی ئەم بەشە لەچاو ڕێژەی گشتیی دانیشتوانی تورکیا دەگاتە نزیکەی ٣٨٪ی کۆی دانیشتوانی ئەو وڵاتە.

لە ڕووی مێژوو و سیاسیشەوە لاپەڕەکانی مێژوو گەواهیی ئەوە دەدەن کە کورد لەم بەشەدا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان لە بونیاتنانی شارستانێتیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا گێڕاوە و بەشە کوردستانییەکەی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکە لە ئیدارەدانی کاروباری خۆیاندا نیمچە سەربەخۆ بوون. بەڵگەنامە مێژووییەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە سەلجووقییەکان بە فەرمی ناوی (کوردستان)یان لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستادا ناوە، ئەم ناونان و دانپێدانانە بە ناوی کوردستان هەتاکو سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانییەکانیش بەردەوام بووە و لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠دا لە پاریس ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی (سیڤەر - Sevre) بەسەر تورکیادا[٢٧] سەپێنراوە. لە بەشی سێیەمی پەیماننامەی ڤێرسای لە ماددەکانی ژمارە (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا[٢٨] بە ڕاشکاوی باس لە ئەنجامدانی ڕاپرسی دەکات کە ئایا دانیشتوانی کوردستان سەربەخۆیی و جودابوونەوەیان لە تورکیا دەوێ یان نا، پێویستە تورکیاش بە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە ڕازی بێت و هێزەکانی لە کوردستاندا بکێشێتەوە، دەرفەتیش بدرێت قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێت. ئەمەش یەکەمجارە لە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنرێت. هەرچەندە دانپێدانانەکە لە بەشێکی نیشتمانداید و لە تەواوی خاکی کوردستاندا نییە.

کاتێک مستەفا کەمال ئەتاتورک ساڵی (١٩٢١ز)دا تورکیای بەهێزکردەوە و بەسەر هێزەکانی یۆنان و بیانییەکانی دیکە سەرکەوت و ئەو هێزانەی لە تورکیا دەرکرد، لە هەموو بەڵێنەکانی خۆی پاشگەزبووەوە و خۆی لە تەواوی پابەندبوونەکانی دزییەوە کە بە کورد و ئەو وڵاتانەی دابوو کە ڕێککەوتننامەیان ئیمزاکردبوو و

بانگەشەی دەکرد، گوایە تورکیای نوێ دەبێتە دەوڵەتی (تورک و کورد)بەیەکەوە. لە ٢٤ی تەموزی ساڵی ١٩٢٣شدا لە کۆنگرەی (لۆزان- Lausanne) پەیماننامەیەک بەسترا و لەم پەیماننامەیەدا لە دوور و نزیک ئاماژە بۆ پەیماننامەی سیڤەری پێشوو نەکرا، تەنانەت باس لە کێشەی کوردیشی تێدا نەکرا. تەنیا ئەوە نەبێت کە لە بڕگە یەک و دووی بەندی (٣٧)ی پەیماننامەکەدا دەڵێت:"حکومەتی تورکیا بەرپرسە لە پاراستنی تەواوی ژیان و ئازادیی دانیشتوانی تورکیا بێ جیاوازیی نەتەوەیی و زمان و ڕەگەز و ئایین ... و هاوواڵتیانی تورکیا ئازادن لە پەیڕەوکردنی هەر ئایین و بیروباوەڕ و بۆچوونێک کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی گشتی و ڕەوشتی بەرز". لە دەقی بەندی ٤٤یشدا هاتووە:"ئەم بەڵێننامانەی تورکیا، بەڵێننامەی نێودەوڵەتین و بە هیچ جۆرێک نابێت تانەی لێبدرێت، ...."[٢٩].

بەم شێوەیە:"... هاوپەیمانان، بەتایبەتی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە یەکجاری نکۆڵیان لە مافەکانی گەلی کورد کرد و بەم ڕێککەوتننامە نوێیە کوردستانیان کردە دەستکەوتێک لە دەستکەوتەکانی جەنگ. نەخشەی کوردستانیان پارچە پارچە کرد و هەر پارچەیەکیان دایەپاڵ ئەو قەوارە سیاسیانەی کە پەیماننامەکەیان پێهاتەدی. ئەویش ئەو دابەشکردنەیە کە تاکو ئەمڕۆ کوردستانی تێدا دەژێت.[٣٠] ئەتاتورک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزانیشدا پاشگەزبووەوە و نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەی کورد لە تورکیا دەکرد و دەیچەوساندنەوە و ئەتکی دەکردن و بە (تورکی شاخەکان) وەسفی دەکردن، جاروباریش بە بەکرێگیراوی بەریتانیا و وڵاتانی بیانی نێوزەدی دەکردن. مستەفا کەمال سەرکۆماری تورکیا کە لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٩٢٣ڕاگەیەنرا، بەوەشەوە نەوەستا و لە ساڵی ١٩٣٦ ئەم داوایەی لە پەرلەمانی تورکیا کرد:"لە پرسە سەرەکییەکاندا ئەوەیە حکومەتی تورکیا لەپێناو ڕیشەکێشکردن و نەهێشتنی ئەم برینە ڕێگریکارە دەسەڵاتی ڕەهای پێبدرێت سەرەدەری لەگەڵ کورددا بکات و بڕیاری دەستبەجێی پێویست دەربکات"[٣١].

سیاسەتی نکۆڵیکردن، تەتریکی زۆرەملێ، ڕیشەکێشکردن و دوورخستنەوەی بەکۆمەڵی کورد بەردەوام بوو بۆ تواندنەوە و شێواندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەتایبەتی و نەتەوەکانی دیکەش بە گشتی. دەستووری تورکیاش لەسەر

بنەمای یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک ئاڵا کە ئەویش (تورکییە) دامەزراوە. بۆ وەڵامی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە، گوتەیەکی بەناوبانگی فەرماندەی نیشتمانیی هیندی (جەواهر لال نەهرۆ) دێتەوە یادمان کە لە کتێبی (لمحات من تاریخ العالم)دا دەڵێت:".....بەم شێوەیە، تورکەکان تا ماوەیەکی کورتی لەمەوبەر خەباتیان بۆ ئازادیی خۆیان دەکرد، وا ئێستا دەستیان داوەتە چەوساندنەوەی کورد، چونکە داوای ئازادیی خۆیان دەکەن. مایەی سەرسوڕمانە کە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بەرگریکار پەرەبسێنێت و ببێتە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی شەڕانگێز و شەڕ لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی بگۆڕدرێت بۆ شەڕی خۆسەپێنی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا. لە ساڵی ١٩٢٥دا کورد شۆڕشێکی بەرپاکردووە، بەڵام ئەویش لەناوبردراوە، بەڵام لە ئێستادا چۆن دەبێ نەتەوەیەک بە تەواوەتی لەناوببەیت کە مکوڕبن لەسەر گەیشتن بە ئازادی و ئامادەش بن باجی قورسی ئەو ئازادییە بدەن ...". لەڕاستیشدا ئەم سیاسەتە، درێژەپێدەری سیاسەتی عوسمانییەکانە و ڕەنگە بێبەزەیی و ڕەگەزپەرستانەتر بن لەوانی پێشوو، سەرباری ڕاگواستن و دوورخستنەوەی کوردان لەسەر خاکی خۆیان و دابەشکردن و نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگەی بچووک بچووکدا، ناوی شوێنەوارە کۆنەکان و شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستانیان گۆڕیوە و بە ئامانجی تەتریک کردنیان، ناوی تورکییان لێناون. دەسەڵاتدارانی تورکیا بەوەشەوە نەوەستاون، کۆمەڵکوژیی وەحشیگەرانەی ئەوتۆیان ئەنجامداوە، موچڕکە بەلەشدا دێنن، زێدڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین: هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی تورک لەگەڵ تەواوی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورددا کە لەپێناو نەهێشتنی چەوساندنەوە و بەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوەیی و مرۆییە زەوتکراوەکاندا بەرپاکراوون، زۆر بێبەزەیی و دڕندانەتر بوونە لە ڕەفتاری خوێنڕێژەکانی مێژوو وەک هۆلاکۆ، تەیموورلەنگ، جەنگیزخان، سەدام حوسێن و ئەواندی تر و قوربانییانی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە گەیشتوونەتە سەدان هەزار کەس. لێرەدا بە پێویستی دەزانین لێدوانێکی (عیسمەت ئینونو) بە نموونە بهێنینەوە کە سەرۆک وەزیرانی چەندین کابینەی حکومەتی تورکیا بووە و سەرۆکی پارتی کۆماریی تورکیاش بووە کە دەڵێت:"نەتەوەی تورک تاکە نەتەوەیە لەم وڵاتەدا خاوەن مافن، ئەوانەی تورکیش نین، یەک مافێکیان هەیە ئەویش

ئەوەیە؛ ببن بە نۆکەر و کۆیلەی تورک". هەر ئەم کەسە کاتێک سەرۆکایەتیی شاندێکی تورکیا دەکات لە کۆنگرەی لۆزان و ژمارەیەک لە بەگ و دەرەبەگی سەر بە تورکیاشی لەگەڵدا بووە، لەو کۆنگرەیەدا گوتوویەتی:"تورکیا نیشتمانی هەردوو گەلی تورک و کوردە و هەردووکیان هەمان ماف و ئەرکیان لەم وڵاتەدا هەیە". کەمال ئەتاتورکیش بەهۆی لێهاتوویی دیپلۆماسییەوە لە ساڵی ١٩٢٣دا پۆستی سەرۆک وەزیرانی پێبەخشیوە.

دەسەڵاتدارانی تورک تاکو دوێنێ بە کوردیان دەگوت (تورکی شاخەکان) بێجگە لەوە، شۆڕشە یەک لەدوا یەکەکان و ئەو قوربانییانەی گەلی کورد لەپێناو داننان بە ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەک و ئەو هەموو گوشارانەی لەلایەن وڵاتانی ئەورۆپا دەخرێنە سەر فەرمانڕەوایانی تورکیا کە ساڵانێکی زۆرە هەوڵی چوونە نێو بازاڕی هاوبەشی ئەورۆپا دەدات، وڵاتانی ئەورۆپا حکومەتی (پارتی داد و پەرەپێدان) کە لە ساڵی ٢٠٠٢ تاکو ئەمڕۆ حزبی دەسەڵاتە، گوشاری دەخەنەسەر بۆئەوەی زنجیرە چاکسازییەک ئەنجام بدات و هەنگاوی ئەرێنی بنێت بەرەو چاککردنی دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکانی غەیرە تورک. نکۆڵی ناکرێت حکومەتی تورکیا هەنگاوی ئەرێنیی بەرەو کورد ناوە و چەند مافێکی ئیداری و کلتووریی بۆ دەستەبەر کردوون. ڕێگەی بەو کوردپەرانە داوە کە دەنگی گەلی کوردیان لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستهێناوە، سەرۆک شارەوانیی چەند ناوچەیەکی کوردستانی باکوور وەربگرن و کەناڵێکی ئاسمانییان بە زمانی کوردی (T R T ٦)[٣٢] کردووەتەوە و ڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێکی داوە و ڕێگری لە یادکردنەوەی جەژنی نەتەوەیی کورد (نەورۆز) ناکات. لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٣شدا سەرۆک وەزیرانی تورکیا گورزێک چاکسازیی ڕاگەیاندووە و ئەوەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە ئەوەیە کە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا ڕێگەی بە خوێندن داوە بە زمانی دایک بخوێندرێت، بەڵام هێشتا چاکسازییەکان لە ئاستی خواستەکانی وڵاتانی ئەورۆپا نییە، چونکە تاکو ئێستا دەسەڵاتدارانی تورکیا ئامادە نین لە دەستووردا دان بە نەتەوەی کورددا بنێن کە وەک نەتەوەیەکی تر لەسەر خاکی سنووری تورکیای ئێستادا دەژین[٣٣] سوورە لەسەر:"یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک دەوڵەت، ...."، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پێشتر سەلجووقییەکان و دواتر عوسمانییەکانیش لە

چەند سەدەیەکی ڕابردووەدا دانیان بەوەدا ناوە کە کوردستان لە چوارچێوەی دەسەڵاتیاندایە، بەڵام پێدەچێت تورکیا ناچارکراوە هەنگاو بنێت - ئەگەرچیش هەنگاوەکانی خاون- بەرەو داننانی دەستووری بە نەتەوەی کورد. لە ٢٢ی نیسانی ٢٠١٤شدا ڕێگەی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا) دا و دواتر چەند حزبێکی دیکە کە پاشگری (کوردستان)یان پێوەلکاوە.

پوختەی قسەکان: دووفاقییەک لە موماڕەسەکردنی سیاسەتی تورکیادا هەیە، لەلایەکەوە ناتوانین نکۆڵی لە سیاسەتی ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکاندا، بەتایبەتی ڕژێمی ئێستا لە ئاست نەتەوەی تورکدا، تا ڕادەیەکی باش سیاسەتێکی دیموکراسییە و لەسەر بنەمای هەبوونی دامەزراوە دیموکراسییەکاندا دامەزراوە، پەرلەمانیان هەیە و لەچوارچێوەی پرۆسە ئازاد و دیموکراسییە بێگەردەکاندا دەسەڵات دەستاودەستی پێدەکرێت، دادگاش لێپێچینەوە دەکات، بەڵام سیاسەتیان بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی وەک (کورد، ئەرمەن، عەرەب و ئازەر) تابڵێی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی شۆفێنییە و تاکو ئێستا دەستووری تورکیا دیلی هزری ڕەگەزپەرستی و تۆڕانییەتە و دان بە هیچ نەتەوەیەکی غەیرە تورکدا نانێت.

دیلۆک (عەنتاب) گەورەترین شاری کوردستانی باکووڕە، ئینجا ئامەد (دیاربەکر) دێت و کورد بە پایتەختی ئەم بەشەی کوردستانی دادەنێن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

ئـەو بەشـە کوردسـتانییەی لکـێنراوە بـە ئێـران لـە ڕووی فراوانـی ڕووبـەر و ژمـارەی دانیشـتوانەوە لـە ڕیزبەنـدی دووەمـی پارچەکانـی کوردسـتانەوە دێـت. ڕووبەرەکـەی نزیکـەی (١٥٠) هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە و نزیکـەی (١١) ملیـۆن کـوردی تێـدا دەژێـت، لـەو ژمارەیەشـدا پتر لـە سـێ ملیۆنیـان لـە دەرەوەی کوردسـتاندا دەژیـن، نزیکـەی دوو ملیـۆن لـە خۆراسـان و ملیۆنێـک و ٥٠٠ هەزاریـش لـە تـاران و شـارەکانی دیکـەی ئێـران (تەوریـز و شـارەکانی دیکـە). بەپێـی خەملاندنەکانـی دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملۆ، ڕێـژەی کـوردی ڕۆژهـەڵات لەچـاو ڕێـژەی گشـتیی دانیشـتوانی وڵات (١٧٪)یـە و ڕێـژەی ڕووبەرەکەشـی (٨٪)ە بەگوێـرەی ڕووبـەری گشـتیی ئێـران و (٣١٪)ی کـۆی ڕووبـەری ڕاسـتەقینەی کوردسـتانە. لـە چـوار پارێـزگای بەشـی ڕۆژئـاوای ئێرانـە: ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا، کوردسـتان، کرماشـان و ئـیلام، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی ئێـران هەروەکـو لەپێشـەوەش بـاسمان کـرد، نـاوی (کوردسـتان)ی بـە فەرمـی لـە پارێـزگای کوردسـتان نـاوە کـە ناوەنـدی شـاری سـنە یاخـود سـنەندەجە.

هەرچەنـدە لـە مـادەی ١٥ی دەسـتووری ئێرانـدا دان بـەوەدا دەنێـت کـە بێجگـە لـە نەتـەوەی فـارس، نەتـەوەی دیکـە لـە ئێرانـدا دەژێـت، لەوانـەش کـورد، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا کـوردی ئـەم پارچەیـە لـە هەمـوو مافێکـی نەتەوەیـی و مرۆیـی ڕەوادا بێبەشـکراون. هەروەهـا لـە ناوەندەکانـی خوێندنـدا زمانـی دایکیـان لـێ قەدەغەکـراوە و ڕووبـەڕووی سیاسـەتێکی ڕەگەزپەرسـتانە بوونەتـەوە و هەرچەنـدە دوو کەناڵـی تەلەفزیۆنـی حکومـی لـە کوردسـتاندا بـە زمانـی کـوردی پەخشـدەکرێت، بـەڵام خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی لـە قوتابخانـە و پەیمانگـە و زانکۆکانـدا قەدەغەکـراوە، تۆمارەکانـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران نغـرۆی لەسـێدارەدانی خەباتکارانـی ژنـان و پیاوانـی کـورد بوونـە. هیـچ مانگێـک تێناپەڕێـت بەبـێ لەسـێدارەدانی چالاکـوان و سیاسـەتوانانی کـورد، بەوەشـەوە نەوەسـتاون دەسـتیانداوەتە ڕاوەدونـان و تیرۆرکردنـی سـەرکردە و خەباتگێڕانـی کـورد لـە دەرەوەی ئێـران، تیرۆرکردنـی دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملۆ، سـکرتێری پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لـە ١٣ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٨٩ و چەنـد هاوڕێیەکـی[٣٤] لـە ڤیەننـای پایتەختـی نەمسـا، هەروەهـا دکتـۆر سـادق شـەرەفکەندی و فەتـاح عەدولـی و هەمایـۆن ئـەردەلان کـە لـە

١٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٢ لە چێشتخانەی مایکۆنۆس لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، نموونە ئەم کارە قێزەونانەیانە.

جێی خۆیەتی ئەوەش بیر خۆمان بهێنینەوە کە کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان، بە پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، تواناییان لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ کۆماری دیموکراتی کوردستان دامەزرێنن[٣٥] کە مەهابادیان کردبووە پایتەختی کۆمارەکە، بەڵام چەند ڕۆژێک پێش ساڵیادی دامەزراندنی ئەم کۆمارە و دوای هاوکاریکردنی شای ئێران لەلایەن ئینگلیز و ئەمەریکییەکان، کۆمارەکە ڕووخا و قازی محەمەدی سەرکۆمار و چەند سەرکردەیەکی دیکە لە هەمان ئەو گۆڕەپانەی کۆمارەکەی تێدا ڕاگەیەنرا، لە سێدارەدران.

شاری کرماشان گەورەترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە نزیکەی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کەس و مەهاباد پایتەختی ئەم بەشەی کوردستانە.

باشووری کوردستان:

ئەو بەشە کوردستانییە کە بە عێراقەوە لکێنراوە و لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان ڕووبەریشەوە بە پلە سێی پارچەکانی دیکەی کوردستان دێت. ڕووبەری باشووری کوردستان نزیکەی (٧٢) هەزار و ٢٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بەپێی دوا سەرژمێرییەی بەمدواییە لە وارگەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی دیکەدا بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی دانیشتوانی پترە لە ٥ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس، واتە ٢٥٪ی[٣٦] کۆی دانیشتوانی عێراق. ئەم پارچەیەی کوردستان لە چوار پارێزگا پێکهاتووە[٣٧]: سلێمانی کەرکووک، هەولێر و دهۆک، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە دەستووری ئێستای عێراق تەنیا دان بە سێ پارێزگای کوردستاندا دەنێت کە سلێمانی، هەولێر و دهۆکە، لەمدواییەشدا هەڵەبجەش وەک پارێزگایەک ناسێنراوە. هەتاکو ئێستا پارێزگای کەرکووک و چەند ناوچەیەکی سەر بە ئیدارەی پارێزگای مووسڵ و دیالە[٣٨] واتە (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم) جێناکۆکن و بوونەتە مایەی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ. دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام - داعش) و کۆنترۆڵکردنی چەند پارێزگایەکی سوننەنشین، لەوانەش مووسڵ کە لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ پاراستنی کوردی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تر خۆیان گەیاندە ئەو ناوچانە. بەمەش بە پراکتیک نزیکەی (٩٥٪)ی خاکی باشووری کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان دوای خەباتێکی بێوچان و قوربانیدانێکی زۆر کە چەند دەیەیەکی خایاند، توانییان چەند دەستکەوتێک و بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، حکومەتی پێشووی عێراقیش ناچار بکەن ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق ئیمزا بکات و بە دەقە یاساییەکان، مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان ببەخشێت، هەرچەندە تەواوی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێنەکرا، بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە بە یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین دەستکەوتی مێژوویی دەژمێردرێت کە کورد پاش

(کۆماری دیموکراتی کوردستان) بەدەستی هێنابێت. پێکهێنانی هەرێمی کوردستانی عێراقیش کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە بەپێی دەستوور دانپیانراوە هەر بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنامە مێژووییە بوو.

هەولێر پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستانە و نزیکەی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژێت و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕووی تەلارسازی و مرۆییەوە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی پاش تێکچوونی باری ئەمنیی بەغدا و مووسڵ. ئەمڕۆ هەولێر نەک هەر لە باشووری کوردستان، بگرە لە تەواوی عێراقیشدا بە گەورەترین شاری ئابووری و بازرگانی دادەنرێت.

ڕۆژئاوای کوردستان:

ئەم بەشەی کوردستان بچووکترین پارچەکانی کوردستانە و بەپێی خەملاندنەکانی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملۆ بێت ڕووبەرەکەی نزیکەی ١٨ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی کوردی ڕۆژئاواش دەگاتە نزیکەی ٤ ملیۆن کەس، بەپێی بیرمەند و سیاسەتوانانی کوردیش بێت کوردی ئەوێ ١٧٪ی کۆی دانیشتوانی سووریا پێکدێنن.

کوردی بەشی ڕۆژئاوا کە بە سووریاوە لکێنراون، بە درێژایی مێژووی حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی ئەو وڵاتەوە دەچەوسێنرێنەوە و لە ڕۆژی سەربەخۆیی سووریاوە (لە ساڵی ١٩٤٦ سەربەخۆیی وەرگرتووە و داگیرکەری فەڕەنسا لە وڵات نەماوە) تا دەگاتە ئەمڕۆ، سیاسەتی فەرمیی ڕژێمی سووریا لەسەر نکۆڵی کردنی نەتەوەی کورد لە سووریا دامەزراوە، بەپێی دەستووری وڵاتیش بێت هەموو ئەو هاووڵاتیانەی لەسەر خاکی سووریادا دەژین، لە نەتەوەی عەرەبن. بۆئەوونە هەر لەکاتی خوێندنەوەی هەر بڕیارێک لە دادگاکانی سووریا بەم ڕستەیە دەست پێدەکەن: (بەناوی گەلی عەرەبی سووریا). لە بڕگە سێی ماددەی یەکەمی دەستووری دەوڵەتی سووریاشدا هاتووە کە:"گەلی سووریا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب". بەم شێوەیە پتر لە ٣٥٪ی هاووڵاتیانی سووریا لە نەتەوە و پێکهاتەکانی وەکو (کورد، ئاشووری، چەرکەس، چیچان و تورکمان) لەژێر ستەم و چەوساندنەوەی سیاسەتی ڕژێمن و هەموویان لە بۆتەی ناسیۆنالیستی عەرەبیدا توێزاونەتەوە و لەبری ئەوەی دەستووری سووریا ببێتە دەستووری سەرجەم پێکهاتەکانی دەوڵەت، بووەتە دەستووری تاکە نەتەوەیەک، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەپێناو شۆڕشی ئازادی و کەرامەتدا کە لە ١٥ی ئاداری ٢٠١١وە هەڵگیرساوە، درێژە بە خەباتیان بدەن، تاکو سووریایەکی فیدراڵی دیموکراتی دابمەزرێنن[٣٩] کە مافەکانی گەلی کورد لە دەستوورە نوێیەکەدا بەپێی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بچەسپێنن و هەموو ڕێوشوێنەکانی سڕینەوەی نەتەوەی کورد هەڵبوەشێننەوە و زەرەرمەندان قەرەبووبکرێنەوە، بەتایبەتی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٦٢[٤٠] و پڕۆژەی پشتێنەی سەوزی ساڵی (١٩٧٣) و سەرجەم ڕێکارە شۆفێنی و ڕەگەزپەرستییەکانیش ڕابگیرێن.

ناوچەکانی جەزیرە، کۆبانێ و چیای کورد (عەفرین) گرنگترین بەشەکانی ئەم پارچەیەی کوردستانن کە بە سووریا لکێنراوە و درێژکراوەیەکی سروشتیی باکوور و باشووری کوردستانە کە تاکو کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو یەکەیەکی جوگرافیی یەکگرتوو بوو، بەڵام سیاسەتی تەعریب لەم پارچەیەشدا کاری خۆی کرد و بەشێک لە دیموگرافیاکەی شێوێندرا، دەسەڵاتدارانی سووریا بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کە لە ساڵی ١٩٦٣ بە کودەتایەکی سەربازی هاتە سەر حوکم هەتا دەگاتە ئەمڕۆ، دەیان هەزار عەرەبیان لە پارێزگاکانی دیکەی سووریا گواستەوە ئەم ناوچانە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی بەهۆی دروستکردنی بەنداوی فوراتەوە گوندەکانیان ژێر ئاو کەوتبوون، بۆ ئەم مەبەستەش ڕژێم ٤٢ کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی لە ناوچەی جەزیرە بۆ ئەم عەرەبانە دروستکرد و تێیدا نیشتەجێ بوون. لە ناوچەکانی کۆبانێ و عەفرینیشدا لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا سەدان خێزانی تورکیان تێدا جێگیرکران، لە سەدەی بیستیشدا پرۆسەکانی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە درێژەی هەبوو و بە هەزاران خێزانی عەرەب ڕوویان لەم ناوچە کوردنشینانە کرد و لە شاری گرێ سپی، جەرابلوس، منبەج و ئەلبابدا گیرسانەوە، بێجگە لەوە بەدرێژایی سنووری هاوبەشی نێوان ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان لە جەزیرە (پارێزگای حەسەکە) لە سەرێکانی تا دەگاتە دیریک، پرۆسەی بەدناوی (پشتێنەی عەرەبی)ی جێبەجێکرد، لەپاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵە بڕیار و ڕاسپاردەیەکی ڕەگەزپەرستانەشی دەرکرد، بۆنموونە بڕیاری ژمارە ٤٨ کە تاپۆکردنی هەموو جۆرە مولکێکی لەسەر سنووری هاوبەشی نێوان سووریا و عێراق، هەروەها سووریا و تورکیا بە قوولایی ٢٥ کیلۆمەتر قەدەغەکرد. [٤١].

شاری قامیشلۆ بە پایتەختی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی (٧٠٠) هەزار کەس.

کوردستانی سوور [٤٢]

مێـژووی لکاندنـی چەنـد ناوچەیەکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە ڕووسـیای قەیسـەری، ئینجـاش ئازربایجانـی سـۆڤیەتی دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد قۆناغێکـی مێژوویـی جیاجیـا کـە دواهەمینیـان بەپێـی ئـەو ڕاگەیەنـراوە مەرجـدارەی ئێـران بـوو لـە سـاڵی (١٩٠٥ - ١٩١١)، مێژوونـووس کەمـال مەزهـەر ئەحمەدیـش ئامـاژەی پێـداوە. بـەڵام چەنـد مێژوونـووس و تـۆژەری دیکـە، هەروەهـا ڕۆشـنبیران و ئەدیبانـی کـوردی کۆمارەکانـی یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو دەڵێـن: خاکـی (کوردسـتانی سـوور) یاخـود (کوردسـتانی قەفقاسـیا) لـە ڕووی جوگرافیـا و مێـژووەوە درێژکـراوەی کوردسـتانی باکـووە. پـاش سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩١٧ و پێکهێنانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت لەسـەر پاشماوەکانـی ڕووسـیای قەیسـەری لـە سـاڵی (١٩٢٢) کـە لـە ١١ کۆمـاری تـەواو سـەربەخۆ و ٢٠ کۆمـاری ئۆتۆنۆمی و ٨ هەرێـم و ١٠ ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی پێکهاتبـوو. لەژێـر ڕۆشـنایی سیاسـەتە نوێیەکـەی یەکێتیـی سـۆڤیەتدا، لینیـن سـەرۆکی کۆمارەکانـی سـۆڤیەت لە سـاڵی ١٩٢٣ بڕووسـکەیەکی بـۆ نـەریمان نەریمانـۆف، سـەرۆکی ئازربایجـان نـارد، نەریمانـۆف (هـاوکات سـکرتێری حزبـی شـیوعیی سـۆڤیەتیش بـوو لـە ئازربایجـان) لینیـن لـە بڕووسـکەکەدا بارودۆخـی سـەختی کـوردی ئەوێـی بـۆ ڕوونکردبـووە و بەپێویسـتی زانـی هەرچـی زووە بارودۆخەکـە چارەسـەربکرێت، نەریمانۆفیـش بڕووسـکەکەی بـۆ پەرلەمانـی ئازربایجـان ڕەوانکـرد و لـەوێ بڕیـاری یەکخسـتنی شـەش ناوچـە کوردنشـینەکەیان دەرکـرد و ناوچەکەیـان ناونـا (کوردسـتانی سـوور)، سـەرکۆماری ئازربایجانیـش بڕیارەکـەی پەرلەمانـی پەسـندکرد و بـە فەرمـی کۆمـاری کوردسـتانی سـوور لـە ٢٥ی ئایـاری ١٩٢٣دامـەزرا.

ئەوسـا ژمـارەی کـوردی ئـەوێ نزیکـەی (٣٥ - ٤٠) هـەزار کـەس دەبـوو (لـە هەندێـک سـەرچاوەدا: سـاڵی ١٩٢٦ ژمارەیـان گەیشـتووەتە ١٣٢ هـەزار کـەس)، ڕووبەری کوردسـتانی سـوور بـە ٣٥ هـەزار و ٣٤٠ کیلۆمەتـری چوارگۆشـە دەخەملێنرێـت، شارەکانیشـی (لاچیـن، شووشـە و نەخچـەوان) لـە بەراییـدا شـاری شووشـە پایتەختـی کۆمارەکـە بـوو، دواتر شـاری لاچیـن کرایـە پایتەخـت و (گوسـی حاجییـف - کاچیـن- بـە یەکەمیـن سـەرۆکی کوردسـتانی سـوور دیاریکـرا. بـەڵام پـاش مردنـی لینیـن لـە سـاڵی (١٩٢٤) و هاتنـی سـتالین و وەرگرتنـی دەسـەڵاتەکانی یەکێتیـی سـۆڤیەت، هەروەهـا هاتنـی باقـرۆف بـۆ جێگـەی حاجییـف لـە

حکومەتی ئازربایجان، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرست و شۆفێنیانەی دژی کوردی کوردستانی سوور گرتەبەر کە بووەهۆی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی کۆمارەکە، تا وای لێهات کورد نەوێرێت بە ئاشکرا کوردبوونی خۆی ڕابگەیەنێت و بە زمانی کوردی بدوێ، بەوەشەوە نەوەستا، زۆربەی دانیشتوانە کوردەکەی بە دوو وەجبە ڕاگواست: یەکەمیان لە سەردەمی جۆزێف ستالین بوو لە ئابی (١٩٤١ - ئاداری ١٩٥٣)، وەجبەی دووەمیش لە گەرمەی شەڕی نێوان ئەرمینیا - ئازربایجان بوو، پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی پێیدەگوترا یەکێتیی سۆڤیەت. کوردەکانیشیان ڕاگواستە کازاخستان، قیرغیزیا، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە مستەفا کەمال ئەتاتورک، سەرۆک کۆماری تورکیای نوێ، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکەدا هەبووە و پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکان لەگەڵیاندا بە بەردەوام گوشاری دەخستە سەر ستالین و باقرۆف و بە بیانووی ئەوەی کە ئەگەر ماف بە کوردی سۆڤیەت بدرێت و کۆمارێکی تایبەتیان بۆ دابمەزرێندرێت، کوردی لای خۆشمان دەکەونە جۆش و خرۆشی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان لە تورکیا. ڕۆژی ٨ی ئابی ساڵی ١٩٣٠ دواڕۆژی کۆماری کوردستانی سوور بوو.

لە ساڵی ١٩٩٢ و بە پشتیوانیی ڕووسیا و ئەرمینیا، کۆماری کوردستانی سوور بە سەرۆکایەتیی (وەکیل مستەفا) دووبارە دامەزرایەوە، بەڵام تەمەن کورت بوو، تەنیا سێ مانگی خایاند. لە ئێستاشدا ئەو ناوچانەی کۆماری سووریان پێکهێنابوو، دەکەونە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئەرمینیا و لە کورد خاڵیکراون، بەشەکانی دیکەیان لە بۆتەی نەتەوایەتیدا توێزاونەتەوە، بەتایبەتی کوردی کۆماری ئازربایجان.

ناونانی کۆمارەکە بە (کوردستانی سوور) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کۆمارەکەی تێدا دامەزراوە، چونکە ئەوکات لە یەکێتیی سۆڤیەتدا هەموو شتێک ڕەنگی سووری پێوە لکێنرابوو، بۆنموونە:"سوپای سووری سۆڤیەت""گۆڕەپانی سوور"لە مۆسکۆ و ... و کەواتە ناوەکە لەوەوە هاتووە کە"کوردستانی سۆڤیەت"بێت.

سێیەکی ژمارەی کوردی ئەوێ یان بزر و نادیارن، یان لە وڵاتی خۆیاندا ئاوارەن و بە هاووڵاتیی پلە دوو و هەندێ جاریش بە پلە سێی دادەنێن، چونکە خودا بە

کـوردی خوڵقاندوونـی و نزیکـەی ١٧ ملیـۆن کـورد بەهـۆی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتانە و شـۆفێنییانەی ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان داگیرکـردووە، ئاوارەبوونـە. لـە شـارەکانی تورکیادا نزیکـەی ٩ ملیـۆن کـورد هـەن، بەتایبەتـی لـە شـارەکانی وەکـو: ئەسـتەنبوڵ، ئەنقـەرە، ئەزمیـر، کۆنیـا، ئەنتاڵیـا و شـارەکانی دیکـە. لـە شـار و شـارۆچکەکانی ئێرانیشـدا نزیکـەی ٣ ملیـۆن کـورد دەژیـن، بەتایبەتـی لـە خۆراسـان و تـاران، لـە شـارەکانی عێراقیشـدا، نزیکـەی یـەک ملیـۆن کـورد لـە بەغـدا، مووسـڵ، حەدیسـە و دیالـەدا هـەن، لـە شـارەکانی حەلـەب و دیمەشـق و لازقیـەی سووریاشـدا نزیکـەی ٧٠٠ هـەزار کـورد نیشـتەجێن، ئەمـە و پتر لـە (٨٠٠) هـەزار کـوردی سـووریا بەناچـاری گونـد و شـار و مواڵکیـان جێهێشـتووە لەبـەر ئـەو شـەڕەی ڕژێمـی سـووریا لـە ١٥ی ئـاداری ٢٠١١وە لـە دژی گەلانـی سـووریای هەڵگیرسـاندووە، لـەو ژمارەیـەی دواییـدا نزیکـەی ٣٠٠ هەزاریـان ڕوویـان کردووەتـە باشـووری کوردسـتان و سـەدان هەزاریـان لـە تورکیـا و لوبنـان و سـێ ملیۆنیشـیان بـەرەو ئەوڕوپـا سـەریانهەڵگرتووە.

پتر لـە ٤ ملیـۆن کوردیـش بـە سـەرجەم وڵاتانـی ئەوڕوپـای ڕۆژئـاوادا بڵاوبوونەتـەوە، بەتایبەتـی: ئەڵمانیـا، هەروەهـا لـە ئەوڕوپـای ڕۆژهەڵاتیشـدا هـەن: ئەرمینیـا، کازاغسـتان، جۆرجیـا، قیرغزسـتان و وڵاتانـی ئەسـکەندەناڤیا و ئەمەریـکا و کەنـەدا. هەروەهـا لـە ئـوردن، لوبنـان، فەلەسـتین[٤٣]، کوێـت، ئەفغانسـتان، سـودان، مـیسر، لیبیـا، پاکسـتان، جەزائیـر، یەمـەن، باشـووری ئەفریقیـا.

بەشی یەکەم

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (K. S. S. E)

کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهان

نیشانەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهان لەپاش جەنگی دووەمی جیهانیەوە بەدەرکەوت، کاتێک وڵاتانی هاوپەیمانان و یەکێتیی سۆڤیەت هێزەکانی ئەڵمانیای نازی و هاوپەیمانەکانیان لە شەڕدا بەزاند و سەرکەوتنەکانیان گۆڕانێکی گەورەی بەسەر نەخشەی سیاسیی جیهاندا هێنا. ئەنجام وڵاتانی دونیا دابەش بوونە سەر دوو جەمسەر: یەکەمیان (پەیمانی باکووری ئەتلەسی) کە وڵاتانی ڕۆژئاوای بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەخۆدەگرت، دووەمیان (پەیمانی وارسۆ)ی دەنواند کە وڵاتانی سۆشیالیزم بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووی لەخۆگرتبوو، پێشیدەگوترا (بلۆکی سۆشیالیستی). بە سەرهەڵدانی ئەم دوو هێزەش هەموو جیهان چووە نێو قۆناغێکی مێژوویی نوێوە کە ڕکابەری و ململانێکانی تێدا گەیشتە لووتکە و ڕاستەخۆ چەکی تێدا بەکارنەدەهێنرا و بە (شەڕی سارد) ناسرا. هەر جەمسەرێکیشیان لە هەوڵی کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارەی وڵاتان و هێز و ڕێکخستنەکان بوو لە دەوری خۆیدا، ئەویش بە پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە پشتیوان و هاوواتاکان، لەوانەش پێکهێنان و دەرکەوتنی (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی جیهانی لە ساڵی (١٩٤٦) و (یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی لە ساڵی (١٩٥٤) و ... هتد وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی جیاواز لە ڕووی ڕێکخستنەوە لە سەرجەم بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. جا لەبەرئەوەی خوێندکاران چالاکترین تۆیژی کۆمەڵگەن و بە حوکمی تواناکانیان و خواست و داواکارییەکانیان پەیوەستن بە خواست و دروشمی چین و تۆیژەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بۆیە ناتوانرێت لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جودابکرێنەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا هەردووکیان یەک بزووتنەوەن و لەیەکدی جودانابنەوە و دەکەونە ژێر کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەر پەرەسەندنێکی سیاسی. چوونی خوێندکاران بۆ نێو حزب و ڕێکخستنە سیاسییەکان یاخود گرووپە چەکدارەکان و شەهیدبوونی سەدانیان لەپێناو ئازادیی گەلان و سەربەخۆیی وڵاتاندا گەواهیدەرێکی زیندوون لە تەرجەمەکردنێکی

پراکتیکانەی ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکیە، بۆیە هەردوو بلۆکە سۆشیالیست و سەرمایەدارەکە هەوڵی ڕێکخستن و کۆکردنەوەیان دەدات، نەک هەر لە تاکە وڵاتێکدا بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو جیهانیشدا هەمان هەوڵ لەئارادایە.

بە پشتگیریی ڕاستەوخۆی یەکێتیی سۆڤیەت و حزبی شیوعیی دەسەڵاتدار و پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ کۆنگرەیەکی خوێندکاران لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەسترا و لێژنەیەکی ئامادەکاری پێکهێنرا، ئەرکی ئەو لێژنەیە کارکردن و بەدواداچوون بوو بۆ پەیوەندیکردن بە ئامانجی ئامادەباشی بۆ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی خوێندکاران. بە پشتیوانی و هاوکاریی ڕاستەوخۆی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی، لێژنە ئامادەکارییەکە لە ئەرکەکەیدا سەرکەوت و لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦ یەکەمین کۆنگرەی خوێان لە براگی پایتەختی کۆماری چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو بەست. لەو کۆنگرەیەشدا بە فەرمی دامەزراندنی (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی جیهانی – IUS) ڕاگەیەنرا و بارەگای سەرەکیشیان هەر لەوێ کردەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕاگەیەنراوی ئەم ڕێکخراوە، خوڵقاندنی جیهانێکی خاڵی لە شەڕ و برسێتی و نەزانی و دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی گەش بوو نەک هەر بۆ نەوەی پێگەیشتوو، بەڵکو بۆ تەواوی پێکهاتەکانی گەلان و وڵاتەکانیان. ئەم ڕێکخراوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەژێر چەتری حزبە شیوعی و چەپەکانی ئەو وڵاتانەدا بڵاوبووەوە، تاکو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەیان گەیشتە ١٠٠ ڕێکخراو. ئامانجێکی دیکەی ڕانەگەیەنراوی ئەم ڕێکخراوانە ئەوەبوو کە خوێندکاران پێبگەیەنن و دواتر پێگەی خوێان لەنێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیی وڵاتەکانیاندا قایم بکەن. یەکێتییەکە سێ ساڵ جارێک کۆنگرەیەکی لە وڵاتێکی دیاریکراودا دەبەست، (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا)ش لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییەکەدا بەشداریی کرد کە لە ساڵی ١٩٦٠دا لە بەغدای پایتەختی عێراق بەسترا کە هێشتا نەبووە بە ئەندام، واتە بە سیفەتی میوان بەشداربوو و لە چاوەڕوانیی بڕیار بوون لەسەر داواکاریی بەئەندامبوونیان. شاندی کۆمەڵەکە لە عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە و کەمال فوئاد و تەحسین ئەمین هەورامی پێکهاتبوو و چاویان بە عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی ئەوسای عێراقیش کەوت.

سەبارەت بە ئەندامبوون لەم ڕێکخراوە جیهانییەدا، بەچەند شێوەیەک دەتوانرا ئەندامێتی وەربگیرێت، لەوانەش: (ئەندامێتی تەواو، ئەندامانی بەشدار، بەئەندامبوونی ڕاوێژکاری).

ئەم ڕێکخراوە بە بەهێزترین و فراوانترین ڕێکخراوەکان جیهان دادەنرێت و هەتاکو شوباتی ١٩٦٦ هەشتا ڕێکخراوی خوێندکاران ئەندامێتییان لە یەکێتییەکەدا وەرگرت. عومەر شێخموس لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەڵێت:"ژمارەی ڕێکخراوەکانی ئەندام لەیەکێتییەکەدا گەیشتە ١٥٢ ڕێکخراوی خوێندکاران کە سەر بە ١١٤ دەوڵەت بوون. گۆڤارێکی مانگانەشیان بەناوی (قوتابیانی جیهان) بە چەندین زمان دەردەکرد، بڵاوکراوەیەکی هەواڵیشیان بەناوی (پەخشی هەواڵ) بڵاودەکردەوە. ئەمە سەرباری ئاهەنگی ساڵانەیان بەبۆنەی (ڕۆژی قوتابیانی جیهان) کە ڕێکەوتی ١٧ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێک بوو[٤٤]. ئەم یەکێتییە ساڵانە فیستیڤاڵێکی سازدەدا کە هەر ساڵە و لە وڵاتێکدا بوو، ئامانج لە فیستیڤاڵەکەش ناساندنی گەنجان بوو بەیەکتری و گواستنەوەی خەم و پەژارە و کێشەکانی خۆیان و گەلانیان و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون بوو لەنێوخۆیاندا. دواجاریش (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) ببوو بە سەکۆیەکی گرنگ و ڕۆڵێکی کاریگەری لە پشتیوانیکردنی خەباتی خوێندکاران و گەلانی جیهاندا گێڕاوە، لەوانەش خەباتی ڕەوای گەلی کورد.

لە دەرەوەی ئەم یەکێتییەدا، ڕێکخراوی (کۆسک- COSEC) هەیە کە (سەرکردایەتیی کۆنگرەی قوتابیانی جیهانە) و لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری لایدنی هۆڵەندا دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە هەتاکو کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدا و بە پشتیوانی و سپۆنسەریی ڕاستەوخۆی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بۆ ڕکابەریکردنی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) دامەزرا.

دواتر (یەکێتیی قوتابیانی وڵاتانی بێلایەن)یش دامەزرا و لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا (کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی خوێندکاران) دامەزرا و کۆنگرەی دامەزراندنی لە پاریس بەست، بەڵام زۆر بەردەوام نەبوو.

وا بۆ بیست ساڵی ڕەبەق دەچێت گوێبیستی هیچ بزووتنەوە و چالاکیەکی هیچ کام لەو ڕێکخراوانە نەبووینە کە لەپێشەوە ناویان هات، بەڵام لە ٣ی

تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ لە پێگەی (Avestakurd)دا هەواڵێکم خوێندەوە ئاماژە بەوە دەدات کە لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا کۆنفرانسێکی جیهانی بۆلاوان لە باشووری ئەفریقیا بە دروشمی (یەک جیهان بۆ لاوان) بەستراوە (One Young World) و چوار ڕۆژ دەخایەنێت. شاندی (١٩٠) دەوڵەت بەشداریان تێداکردووە، شاندێکی لاوانی کوردیش بە سەرۆکایەتیی ئیدریس نێچیرڤان بارزانی ئامادەی کۆنفرانسەکە ببوون، جا نازانین ئاخۆ ئەم گردبوونەوەیەی لاوانی جیهان جێگرەوەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوانی پێشووە یان نا؟.

لە کاتێکدا باس لە ڕۆڵ و ئەرکی خوێندکاران دەکەین لە خەباتە کۆمەڵگەیی و نیشتمانییەکاندا پێویستە ئەم دوو ڕاستییە بنەڕەتییەش لەبەرچاو بگرین کە خوێندکاران هەمیشە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی دەدەن، بەواتای ئەوەی کە خاوەن هۆشیاری و حەماسەتن، کۆششی بەردەوامیان بەرەو نوێبوونەوە و گۆڕانە، لەپێناو ئەمانەشدا ئامادەن قوربانی بە هەموو شتێکی خۆیان بدەن. هەر ئەوانیش بوونەتە داینەمۆی سەرەکیی سەرجەم مانگرتن و خۆپیشاندەکان، ئەزموونی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلانیش ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی ئەزموونی سیاسی و ژیاریدا شارەزانین و کەمئەزموونن، لە بەرانبەریشدا چینی ئەکادیمیست و خەباتگێڕانی دێرین خودان شارەزایی و بەئەزموونن، بەڵام لە جووڵە و چالاکییەکاندا هێندە پەرۆشی نوێبوونەوە و ئەو پەرەسەندنانە نین کە هاوشانی گۆڕانی سەردەم پێویستە خۆیانی لەگەڵدا بسازێنن، بۆیە یەکگرتنی ئەزموونی زانستی لەگەڵ گوڕ و تینی چالاکدا دەبێتە فاکتەرێک بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و گەیشتن بەجێنەمان لە کاروانی شارستانێتیی جیهان. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا هەرکات کۆمەڵگە هەوڵی پەراوێزخستنی قوتابیان بدات و بە شتی لاوەکی سەرقاڵیان بکات، وەکو ئەو گیاندارەی لێدێت کە زەوی هەڵدەکەنێ و خۆڵەکەی فڕێدەداتەوە سەر خۆی کەواتە قوتابی شادەماری ژیان و داینەمۆ سەرەکییەکەیەتی.

بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو بێهێزی و داڕمان و هەڵوەشاندنەوە دەچوو، هاوکات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی ئەو گەلانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا دەیانناڵاند، خەریک بوو چالاک دەبوون و ڕیزەکانی خۆیان ڕێکدەخست و حزب و کۆمەڵەیان لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتدا پێکدەهێنا. لەبەرئەوەی لاوان بە مەزنترین هێزی کۆمەڵگەکان دەژمێردرێن، گەنجان بەتایبەتی ڕۆشنبیرانیان کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دادەمەزراند، یەکێک لەو ڕێکخراوانەش ئەو ڕێکخراوەی قوتابیانی کورد بوو لە ئەستەنبوڵ.

بەپێی ژمارە ٢٤ی گۆڤاری (ژین) ئەم کۆمەڵەیە (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد – هێڤی) وەک یەکەمین کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ٢٧ی تەموزی ساڵی ١٩١٢لەلایەن قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانی ئەستەنبوڵ دامەزراوە. بەهۆی هەبوونی چەند کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیی کورد، لە ڕۆڵەکانی بنەماڵە دەسترۆیشتووەکانی کوردستان، نموونەی بنەماڵەی بەدرخان بەگ و میرەکانی بابان و چەندانی تر لە ئەستەنبوڵ کە ئەزموونەکانی ژیان ئازاری دابوون، جێپەنجەیان بە کۆمەڵەکەوە دیاربوو، ئەویش لە ڕێگەی ڕێنماییکردن و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و هاوکاریکردنیان .

بە پشتنبەستن بە یاداشنامەکەی زنار سلۆپی (لەپێناو کوردستاندا) کە ناوی خوازراوی جەمیل پاشایە، ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە کە هەریەک لە قەدری جەمیل پاشا، عومەر جەمیل پاشا، فوئاد تەمۆ و جەراحزادە زەکی، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١١دا دەستیان بە نووسینی دەستووری کۆمەڵەکە کردبوو، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە حکومەت، لە ساڵی ١٩١٢دا دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان ڕاگەیاند. دەتوانین ئەم چوار کەسە بە خاوەن بیرۆکەکە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە دابنێین کە هەر زوو قوتابیانی ئەکادیمیا و قوتابخانە و پەیکانگەکانی دیکەش هاتنە ژێر چەتری ئەم کۆمەڵەیەوە. لە یەکەمین کۆبوونەوەشیاندا عومەر جەمیل پاشایان بە یەکەمین سکرتێر بۆ کۆمەڵەکە هەڵبژارد و خەلیل خەیاڵیش بووە ئەمینداری سندووق تاکو کۆنگرەی کۆمەڵەکە دەبەسترێت، ئەویش یەکێک بووە لەو پێشەنگانەی بەشداربیان لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی پێشکەوتن

و هاوکاریی کوردستان) و (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری)دا کردووە. قەدری جەمیل پاشا ئەم ڕاستییە دووپاتەکاتەوە و لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی:"..... ئێمەی دامەزرێنەرانی - هێڤی- عومەر جەمیلمان بەشێوەیەکی کاتی بە سکرتێری کۆمەڵەکە دەستنیشان کرد تاکو بەستنی کۆنگرە ...". ئەدیب و تۆژەر محەمەد ئەمین پوز ئەرسەلان لەو پێشەکییەدا کە بۆ چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ژین) لە بەرگی یەکەمدا نووسیویەتی دەڵێت:"لە سەرەتادا عومەر جەمیل پاشا سکرتێری گشتیی -هێڤی- بوو، دواتر مەمدوح سەلیم بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرا".

لەنێو ئەو کەسایەتییە نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەی کورددا کە هاتنە ڕیزی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (هێڤی) ئەم کەسایەتیانە بوون: کەمال فەوزی لە بەدلیس، زیاء وەهبی و نەجمەدین حوسێن لە کەرکووک، عەبدولکەریم و عەزیز بابان لە سلێمانی، شەفیق لە ئەرفارس، حەمزە لە موکس، تاهیر عەلی لە خەربوت، سالّح و عەبدولقازی و ئاسف بەدرخان[٤٥] لە بۆتان، مستەفا ڕەشاد لە ئامەد، دکتۆر مستەفا شەوقی لە مەهاباد، مهری لە سنە و عەبدولڕەحیم ڕەحمای شاعیر لە هەکاری، دکتۆر فوئاد برخۆ، ڕەفیق حلمی، عەبدولعەزیم بابان، ئەفەندی عومەر، زەکی بەگ و دکتۆر شوکری بەگ کە بەهۆی ئەو هاوکارییە داراییانەی پێشکەشی کۆمەڵەکەی کرد، توانرا بارەگایەک بۆ کۆمەڵەکە بەکرێ بگیرێت و ببێتە هۆی فراوانبوون و پەلهاویشتنی چالاکیی قوتابیانی کورد و قووڵکردنەوەی چەمکەکانی نەتەوەیی و کلتووری. هەموو ئەو کەسانەی ناویان لەپێشەوە هاتووە، سەرباری دامەزرێنەرانی پێشەنگی کۆمەڵەکە، لە چالاکوانەکانی کۆمەڵەکە و هێما ناسراوەکانین.

بەداخەوە کاتێک ڕووداو و ڕاستییەکان لە کات و شوێنی خۆیاندا تۆمارناکرێن، ئەگەری لەبیرکردنیان هەیە و لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن، ڕەنگە هێندێک جاریش تووشی شێواندن و دەستکاری و ساختەکاری بن. ئەم ڕاستییە بەسەر مێژووی ئەم کۆمەڵەیەدا دەگونجێت، چونکە ڕا و بۆچوونی جیاواز لەبارەی ناو و مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەکە لەئارادایە. ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی باسیلی نکیتین [٤٦] لە کتێبێکیدا بەناوی (الکورد- دراسة سۆسیۆلۆجیة و تاریخیة) کە دکتۆر نووری تاڵەبانی لە زمانی فەڕەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی دەڵێت:".... لە ساڵی (١٩٠٩)

دا (گەنجانی تورک)[٤٧] کۆمەڵەکان و قوتابخانە کوردییەکانیان لە (جەمبرلی) داخست، بەڵام ئەمە ڕێگرنەبوو لەبەردەم کۆبوونەوەی کۆمەڵێک قوتابی و یاساناسی کورد و لە ساڵی (١٩١٠)[٤٨]، کۆمەڵەیەکی نوێ بەناوی (هێڤی کورد) دابمەزرێنن کە دواتر گۆڤارێگی مانگانەشیان بەناوی (ڕۆژا کورد) دەرکرد[٤٩]....". هەر سەبارەت بەم بابەتە لە کتێبی (القضیة الکوردیة و حاضرهم)ی نووسەر دکتۆر بلەچ شێرکۆدا[٥٠]هاتووە:".... و لە ساڵی ١٩١٠و لە شاری ئەستانەدا کۆمەڵەی - هێڤی- لەلایەن قوتابیانی کوردەوە دامەزراوە کە عومەر ئەفەندی، قەدری جەمیل پاشای پیاوماقوڵانی ئامەد، فوئاد تەمۆ بەگی وانلی و زەکی بەگ بوون و بە ڕاوێژ و هاندانی خەلیل خەیالی موتەکی، قوتابیانی قوتابخانەی کشتوکاڵی ئەستانە بەشداریی دامەزراندنەکەیان کرد ...".

قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی) لە یاداشنامەکەیدا دەڵێت:"لە ساڵی (١٩١١) لە پەیمانگەی کشتوکاڵ وەرگیرام و ئەوساڵە لەگەڵ قوتابییەکانی تردا هەموو بایەخێکمان بۆ پرسە نەتەوەییەکان تەرخان کردبوو، ژمێریاری پەیمانگەکە بەڕێز خەلیل خەیالی بەگ بوو کە هاوکاریی دەکردین پتر لە پرسە نەتەوەییەکان تێبگەین و ئێمەی دەپاراست. هەر لەو ماوەیەشدا بڕیارمان دا کۆمەڵەیەکی قوتابیانی کورد دابمەزرێنین، بەتایبەتی ئەم سیانەمان: من و عومەر جەمیل پاشا و فوئاد تەمۆ (کوڕی تۆفیق بەگ، نوێنەری ناوچەی وان) هەروەها جەراحزادە زەکیش لە دیاربەکر ... توانیمان بەیەکەوە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی قوتابیانی (هێڤی) دارێژین و لە ساڵی (١٩١٢)دا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی حکومەت، دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی)مان ڕاگەیاند..."و لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:"... هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە هەریەک لە ئەکرەم جەمیل پاشا، مەمدوح سەلیم بەگ بوونە ئەندامی (هێڤی) و بەردەوام گفتوگۆیان بەیەکەوە دەکرد و لە پێشەنگانی بەشداربووان بوون لە چالاکییەکانی کۆمەڵەکە ...".

لەو بەیاننامەیەی (بیان جمعیة فقهاء و أمل الکورد)دا کە بەبۆنەی نوێکردنەوەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی (هێڤی) لە هەردوو ژمارەی (٢١ و ٢٢)ی گۆڤاری (ژین) بڵاوکراوەتەوە کە مێژووی دامەزراندنی (هێڤی) ساڵی (١٩١٢)یە. ئەمەش لەگەڵ نووسینەکەی قەدری جەمیل پاشا یەکدەگرێتەوە کە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە و لە یاداشتنامەیەکدا ئەم مێژووەی تۆمارکردووە. بۆیە لێرەدا دەتوانین

بڵێین؛ ئەو مێژووەی هەریەک لە باسیلی نیکیتین و دکتۆر بلەچ شێرکۆ و ئەمین زەکی و ئەوانی تر تۆماریان کردووە کە گوایە ساڵی (١٩١٠)یە، بە دروستی نازانین و ڕاستەکەی ساڵی (١٩١٢)یە.

کۆمەڵەی (هێڤی) ڕۆڵێکی کاریگەری لە بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیی تەواوی ڕۆڵەکانی گەلی کورددا گێڕاوە، بەتایبەتی قوتابیان. لقەکانی خۆشی لە زۆربەی شارە کوردستانییەکاندا کردەوە، لقیان لە بەتلیس و ئەرزەروم کردەوە بە سەرۆکایەتیی تەیب عەلی کە ساڵی (١٩٢٥)دا بەهۆی بەشداربوونی لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران کەماڵییەکان لەسێدارەیان دا و ئەکتیڤانە چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا. ساڵی (١٩١٣) کە قەدری جەمیل پاشا بە مەبەستی خوێندن چووە شاری لۆزانی سویسرا، لەوێ لەگەڵ ئەکرەم جەمیل پاشا، شەمسەدین جەمیل پاشا، بابان زادە، ڕەجائی) نەزهەت و سەلیم سابت لە دێرسیم، لقێکی کۆمەڵەی (هێڤی) یان لە لۆزان کردەوە. (لە کتێبەکەی تۆژەر و نووسەری کورد ماڵمیسانج کە تایبەت بوو بە بنەماڵەی جەمیل پاشا، ناوی جەودەت جەمیل پاشا هاتووە و دەڵێت ئەویش بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمەڵەکە کردووە، بەڵام قەدری جەمیل پاشا لەبەر چەند هۆکارێکی نادیار ناوی ئەو لە یاداشتنامەکەدا ناهێنێ کە مامیەتی).

لە لاپەڕە ٤٠ی یاداشتنامە تەرجەمەکراوەکەی قەدری جەمیل پاشا کە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ تەرجەمەی کردووە، باس لەو بابەتانە دەکات کە لقی سویسرا بایەخی پێداون و دەڵێت:"... بەتایبەتی جەختمان لە دۆزینەوەی شێوازێکی یەکگرتووی کارکردن کردووەتەوە بۆ ئەو خوێندکارە کوردانەی لە وڵاتانی دیکەی ئەوڕوپادا دەخوێنن، هەروەها تەکەزمان لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی قوتابیان کردووەتەوە، هەروەها ناساندنی دۆزی گەلەکەمان بە ئەوڕوپاییەکان ...".

قەدری جەمیل پاشا دەگێڕێتەوە؛ لە یەکەمین ڕۆژیدا کە چووەتە قوتابخانە لە لۆزان، خانمە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕووی تێدەکات و لێیدەپرسێت:"بەوپێیەی لە ئەستەنبوڵەوە هاتووی، بێگومان یان تورکیت یان یۆنانی، ئەو دەڵێت: بە فەرەنسییە لاوازەکەی خۆم وەڵامیمدایەوە و گوتم: نە تورکم و نە یۆنانیم، ئینجا دووبارە پرسیاری کردەوە (ئەدی تۆ لە چ نەتەوەیەکیت؟) گوتم: (من کوردم) خۆی و ئەو

کەسەی لەسەر مێزەکەدا لەگەڵی دانیشتبوو بە سەرسوڕمانەوە ڕوویان لێکردم، وەک بڵێی شتێکی نائاساییان بیستبێت. ئەوکات من زۆر بەخۆمدا شکامەوە و خەفەت دایگرتم لەوەی ئەم دوو بەڕێزە تەنانەت نەتەوەی من ناناسن! بەڵام خۆشبەختانە لەسەر هەمان مێزدا دوو خوێندکاری خەڵکی ڕووسیا دانیشتبوون و هاوکارییان کردم و دەستیان بە باسکردنی کورد و کوردستان کرد ....".

سەبارەت بە فراوانبوونەوە و کاریگەریی کۆمەڵەی (هێڤی) لەنێو کورددا، دکتۆر جەلیلی جەلیل دەنووسێت:".... بە پێچەوانەی- کۆمەڵەی هاوکاری و تەرەقی کوردی- کۆمەڵەی (هێڤی) توانیی چالاکییەکانی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکاندا فراوان بکات ...".

کۆمەڵەی (هێڤی) گۆڤارێکی مانگانەی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی بەناوی (ڕۆژی کورد) دەردەکرد کە بە یەکەمین گۆڤاری کوردی دادەنرێت لە مێژووی کورددا. یەکەمین ژمارەی لە ٦ی حوزەیران بەپێی ڕۆژژمێری ڕوومی کە دەکاتە (١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٣)ی زایین دەرچووە. جا کە گۆڤارەکە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوە قەدەغەکرا و نووسەرانی بابەتە بڵاوکراوەکان دەستگیرکران بە بیانووی نووسینی دژ بە حکومەت، ساڵح مەحموود بەدرخان یەکێک بوو لەو بەندکراوانە، دەستەی نووسینی گۆڤارەکە لە ژمارە چوارەوە ناوی گۆڤارەکەیان بە (هەتاوی کورد – شمس الکورد) گۆڕی کە هەمان مانای پێشووی هەبوو[٥١]. شایانی باسکردنە عەبدولکەریم سلێمانلی، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە و لە زۆربەی شارە کوردستانییەکاندا دابەشدەکرا، بە شاری سلێمانیی باشووری کوردستانیشەوە.

لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهان، بەهۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە نووسەران و چەند بەرپرسێکی کۆمەڵەکە و ڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوە وەستا و ئەوانی مابوونەوە نەیانتوانی درێژە بە دەرکردنی گۆڤارەکە بدەن، چونکە حکومەتی تورکیا گوشارێکی زۆری خستبووە سەریان و بەربەستی دەخستە بەردەم کار و چالاکییەکانی ئەندامانی کۆمەڵەکە، بەڵام دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهان دووبارە دەستکرایەوە چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە، ئەمجارەیان بە سەرۆکایەتیی ئاسف بەدرخان و هەڵبژاردنی ئەکرەم جەمیل پاشا بە سەرۆکی فەخریی گۆڤارەکە.

کۆمەڵەکـە لەپـاڵ چالاکییـە سیاسـییەکانیدا، لـە بـواری بووژاندنـەوەی کلتـوور و ئەدەبیاتـی کوردیشـدا چـالاک بـوو و لەپـاڵ گۆڤارەکـەدا چەندیـن کتێبیشـیان چاپکـرد کـە چاپکردنـی شـیعرەکانی پێشـەنگی هـزری نەتەوەیـی کـورد ئەحمـەدی خانـی یەکێـک بـوو لـە کتێبـەکان، هەروەهـا کتێبێکـی دیکـە بـۆ فێربوونی زمـان، بەنـاوی (دیراسـەکردنی زمانی کـوردی). لێـرەدا محەمـەد ئەمیـن بوزئەرسـەلان لـە پێشـەکیی ئـەو کتێبـەی لەپێشـەوە ئامـاژە بۆکـراوەدا دەڵێـت:"دوای تەواوبوونـی جەنـگ لـە سـاڵی ١٩١٩، کۆمەڵـەی (هێڤـی) بـە سەرپەرشـتیی (کۆمەڵـەی پێشـکەوتن و هاوکاریـی کوردسـتان) نوێکرایـەوە، بـەڵام ئەمجارەیـان بـە سـتافێکی نوێـوە، لـە بڵاوکراوەیەکـی تێروتەسـەلیشـدا بەرنامـەی کارەکانـی کۆمەڵەیـان خسـتبووەڕوو کـە دواتـر لـە ژمـارە ٤٢ی گۆڤـاری (ژیـن)دا بڵاوکرایەوە"بـەڵام کاتێـک کەمالیسـتەکان دەسـەڵاتی حوکمـی وڵاتیـان گرتەدەسـت، تـەواوی کۆمەڵـە کوردییەکانیـان بەیەکجـاری داخسـت، بـە کۆمەڵـەی (هێڤی)شـەوە.

دووەمیـن کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد (کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد) بـوو لـە بەشـەکانی زانکـۆی بەیـرووت لـە لوبنـان. لـە دیدارێکـم لەگـەڵ شێخمووسـدا پێیگوتـم:".... سـاڵی (١٩٤٧) هەریـەک لـە نورەدیـن زازا، عیسـمەت شـەریف وانلـی و عەبدولوەهـاب باباجـان دەستپێشـخەریی دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیەیـان کـرد کـە هەموو ئـەو قوتابییـە کوردانەی لەخۆگرتبـوو کـە لـە بەشـەکانی زانکـۆی بەیروووتـدا دەیانخوێنـد و لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتانەوە هاتبـوون. عەبدولوەهـاب باباجـان یەکێـک بـوو لـە دامەزرێنەرانـی ئـەم کۆمەڵەیـە، سـاڵی ١٩٧٠ کاتێـک باڵیـۆزی عێـراق بـوو لـە سـتۆکهۆڵمی پایتەختـی هۆڵەنـدا، ئـەم زانیارییانـەی پێگەیانـدم ...". بـەڵام بەداخـەوە کـەس لـەوە زیاتـر دەربـارەی ئـەم کۆمەڵەیـە نازانێـت، هەتاکـو کـەی بـەردەوام بـوون، ژمـارەی قوتابییـەکان چەنـد بـوون، ئـەو چالاکییانـە چـی بـوون کـە کۆمەڵەکـە ئەنجامیـدەدان، ئاخـۆ هیـچ بڵاوکـراوە و ڕۆژنامەیـان دەردەکـرد و ...؟

ئێسـتاش پێمانخۆشـە کورتـە مێژوویەکـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـە هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان بەجـودا بـاس بکەیـن دوای ئـەوەی کوردسـتان بەپێـی ڕێککەوتننامـەی سـایکس - پیکـۆی ١٩٦١ دابەشـکرایە چـوار پارچـە، هەروەهـا کورتـە مێژوویەکـی بزووتنەوەکـە لـە لوبنانیـش بخەینـەڕوو.

باکووری کوردستان: لە پێشەوە بە دوور و درێژی باسی دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی)مان کرد کە پێش دابەشکردنی دووەمی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان دامەزرا. بەڵام دوای دابەشکردنی دووەمی کوردستان و ئەوەی پەیوەندیدارە بە باکووری کوردستان دەڵێین: لەو مێژووەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، کورد نەیتوانیوە هیچ کۆمەڵە و دەستەیەکی سەربەخۆ و ئازادی تایبەت بە قوتابیانی کورد لەم بەشەدا دابمەزرێنێت. پاش زنجیرەیەک لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد (ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥) و (ئاگری لە ١٩٢٦ - ١٩٣٠) و دواتر شۆڕشی دێرسیم لە (١٩٣٧ - ١٩٣٨) رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و کپکردنەوەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان کە لە مێژوودا نموونەی نەبووە، بە دەیان ساڵ کەشێکی بێدەنگبوونی نائاسایی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا و لەو ماوانەدا کورد نەیدەتوانی تەنانەت لە ماڵەکەی خۆشیدا بە کوردی بدوێ. دواتر لقەکانی قوتابیانی کورد دامەزران کە سەر بە حزبە سیاسییە تازەدامەزراوەکان بوون. لە ساڵی ١٩٦٥ یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کورد بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە باکووری کوردستان دامەزرا و کۆمەڵەیەکی قوتابیانیشی دامەزراند، واتە ڕێکخراوێکی قوتابیانی سەربەخۆ نەبوو.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هەتاکو پێش ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستانلە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ [٥٢] هیچ سەرچاوەیەکمان دەستنەکەوت باس لە هەبوونی بزووتنەوەیەکی قوتابیانی تایبەت و سەربەخۆ بکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هەر لە ڕۆژانی بەرایی دامەزراندنی ئەو کۆمارە، دەستپێشخەرییەکانی دامەزرانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەستی پێکرد و قازی محەمەدیش پشتگیریی دەکردن، یەکێک لەو ڕێکخراوانە (یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان) بوو کە لە ١٤ی ئاداری ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتیی مینا قازی هاوسەری سەرکۆماری کوردستان دامەزرا، هەروەها (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)یش بە سەرۆکایەتیی عەلی خوسرەوی کە بە یەکەمین ڕێکخستنی قوتابیانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژمار دەکرێت. شەهید عەبدولڕەحمان قاسملۆ ڕۆڵێکی مەزن و گرنگی لە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوەدا هەبووە و لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا بەرپرسیارێتیی گەورەی تێدا وەرگرتووە، چونکە ئەو بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە بزووتنەوەی کورد و گەشەکردنی کوردستان

پێویستی بە نەوەیەکی نوێ هەیە کە هەڵگری مەشخەڵی زانست و ماریفەت بێت بۆئەوەی کوردستان بە تەکنەلۆجیای نوێی وڵاتانی پێشکەوتوو ببەستێتەوە.

بارەگای سەرەکیی یەکێتیی لاوان لە مەهابادی پایتەختدا بوو و لقەکانی لە چەند شارێکی دیکەی کوردستانیدا کرابوونەوە، بۆنموونە: بۆکان[٥٣] و میاندواو. گۆڤاری (هاواری نیشتمان)[٥٤] زمانحاڵی ڕێکخراوەکە بوو. لە کتێبی (جمهوریة کوردستان - دراسة تاریخیة سیاسیة)ی هۆزان سلێمان دۆسکیدا هاتووە:"سەبارەت بە گرنگیی ڕۆڵی لاوان لە ئایندەی کۆماردا، حکومەتی کوردستان ٦٠ خوێندکاری بە چەند وەجبەیەک ڕەوانەی شاری باکۆی پایتەختی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت کرد کە تەمەنیان لەنێوان (١٨ – ٢٢) ساڵیدا بوو، مەبەست لەم هەنگاوەشدا ئەوەبوو کە ئەم گەنجانە بڕوانامەی ئەکادیمی لە بوارەکانی زانستە سەربازی و سیاسییەکاندا وەربگرن، ماوەی خوێندنەکەش دوو ساڵ بوو، بەشێکی دیکەیان هەر بۆ خوێندن نێردرانە شاری تەبریزی ئازربایجان".

لەگەڵ ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستانبە گرێبەستێکی نەوتی نێوان سەرۆکایەتیی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتیی ستالین و ئەحمەد قەوام سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران و لەسەر حسێبی کوردی ڕۆژهەڵات، سەرجەم بزووتنەوەکانی قوتابیانی کوردی ئەو پارچەیەی کوردستان پووکانەوە و ڕەوشەکە هەتاکو ساڵی ١٩٦٢ بەم شێوەیە بەردەوام بوو کە لەو ساڵەدا کۆمەڵە قوتابییەکی کوردی زانکۆی تاران لەوانەش ئیسماعیل شەریف زادە و سواره ئیلخانی و چەند قوتابییەکی تر هەوڵیاندا سەرلەنوێ بزووتنەوەیەکی دیکەی قوتابیانی کورد پێکبهێننەوە، هەوڵەکانیان تاکو ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر خراپیی باری ئەمنیی وڵات هەوڵەکانیان سەرینەگرت، بەتایبەتی پاش شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریف زادە لەکاتی هەوڵەکانیاندا.

پاش وەستانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و ئەو کاولکارییەی لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هاتەئاراوە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچاربوو دەرگاکانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەڕووی خوێندکاراندا واڵابکاتەوە، ئا لەو کاتەدا بزووتنەوەی خوێندکاران سەرلەنوێ چالاکبوونەوە و قوتابیانی کورد ئەم بارودۆخە نوێیەیان قۆستەوە و هەستیان بە زەروورەتی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و گشتگیری

قوتابیانی کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. بەڵام پۆلیسی ئێران ڕێگربوو لە دامەزراندنی هەر کۆمەڵەیەکی لەمجۆرە و ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی کورد لەسەر ئەم هەوڵانەیان دەستگیرکران و ئەشکەنجەدران، ئەم هەوڵەی ڕژێمیش نەیتوانی ڕێگری بکات لە ژمارەیەک لەو خوێندکارانەی بەمەبەستی خوێندن چووبوونە ئەوروپا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشێکی ئەو خوێندکارانەی ناوخۆی ئێران (یەکێتیی دیموکراتی قوتابیانی کوردستانی ئێران) لە زستانی ٢٠٠٤دا دابەزرێنن. ئەم یەکێتییە یەکێک بوو لە ڕێکخستنەکانی باڵی مستەفا هجریی[٥٥] پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران، چەند حزبێکی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ڕێکخراوی لەم شێوەیەیان دامەزراندووە. بە کورتییەکەی لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا هیچ بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی خوێندکاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە تاکو قوتابیانی کوردی ڕۆژهەڵات لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە.

باشووری کوردستان: بەستنی کۆنگرەی سییەمی پارتی دیموکراتی کوردستان[٥٦] لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کەرکووکی باشووری کوردستان وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە کاروانی خەباتی گەلی کورد لەم پارچەیەی کوردستان. بنکەی جەماوەریی ئەم حزبە فراوانتر بوو و تۆیژی خوێندکاران و ئافرەتان و لاوانیشی لەخۆگرت، بۆیە بەشداربووانی کۆنگرە کۆمەڵێک پێشنیاز و بڕیاریان دەرکرد، پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان، یەکێک بوو لەو بڕیارانە و بڕیاردرا (یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق) دابەزرێت.

یەکێتییەکە کۆنگرەی یەکەمی خۆی لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ لە بەغدا بە شێوەیەکی نهێنی بەست و لە کۆتاییدا ئەحمەد عەبدوڵڵا ئامێدی بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتییەکە هەڵبژێردرا و جەلال تاڵەبانی بووە سکرتێری گشتی و هەریەک لە شەمسەدین موفتی، عەبدولقادر ڕەشید، حلمی عەلی شەریف، حەیدەر حەمەدەمین، غەفوور ڕەشید ئاغا و عومەر مستەفا (عەمەر دەبابە) بە ئەندامانی سکرتاریيەتی یەکێتییەکە هەڵبژێردران. ئەم زانیارییانە لە چاپی دووەمی کتێبەکەی فەرهاد عەونیشدا هاتووە کە بەناوی (ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان ١٩٥٣ - ١٩٩١) کە لە ساڵی ٢٠١٥دا بڵاویکردووەتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی نێوان گروپی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی لە ساڵی (١٩٦٤) کاتێک بەکر حوسێن سەرۆکی یەکێتییەکە بوو، باڵباڵێنێک لەنێوان قوتابیانی کورددا دروست بوو و زۆرینەی قوتابیان تای مەکتەبی سیاسییان گرت، بێ ئەوەی هیچ جیابوونەوەیەک ڕووبدات، بەڵام لایەنگرانی هێڵی بارزانی لە زانکۆی بەغدادا چالاک بوون و لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا توانییان ڕکابەریی گروپەکەی مەکتەبی سیاسی بکەن. مانەوەی بارزانی و لایەنگرانی لە چیاکانی کوردستاندا ڕۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی لەم پرسەدا هەبوو، چونکە جەماوەری کورد پشتگیریی ئەو لایەنە دەکەن کە لەو شاخانەدا خەبات دەکەن و هەموو جۆرە سەختییەکی گوزەرانی ئەوێ دەچێژن.

لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کۆنگرەی شەشەمی خۆی لە ١٤ی تەموزی هەمان ساڵدا لە بەغدا بە ئاشکرا بەسترا و عادل مورادی[٥٧] بە سەرۆکی نوێی یەکێتییەکە هەڵبژێردرا و دکتۆر جەرجیس حەسەن بووە جێگری سەرۆک. شەش مانگ لە دوای ئەم کۆنگرەیە قوتابیانی گروپی مەکتەبی سیاسی هەڵوەشایەوە و هاتنەوە نێو ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) چوار لە ئەندامە چالاکە دیارەکانی چوونە سکرتاریەتی یەکێتیی ناوبراو کە بریتی بوون لە: فازڵ مەلا مەحموود کە لەکەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەننا شەهید بوو، دکتۆر فازڵ تەیب، سالار عەزیز و شەهید عەزیز مەحموود کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە گرتووخانەی مووسڵ لەسێدارەدرا.

لە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٣دا عادل مورادم لە سلێمانی بینی، ئەو پێیگوتم:".... کاری هاوبەشی نێوان هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نەبێت لە هیچ ڕێکخراوێکی دیکەدا سەرینەگرتووە و توانیم هەموویان لەژێر چەتری یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کۆبکەمەوە و گوێنەدەمە ئەوەی کە کێ لایەنگری گروپی مەکتەبی سیاسییە و کێش لایەنگری مستەفا بارزانییە. ئەوانەی کاتی خۆی کاری پێکەوەیمان ئەنجامداوە شاهێدی ئەو ڕاستییەم بۆ دەدەن و هەموو بەیەکەوە هاوخەبات بووین ... بە بەردەوام دوور لە حزبەکان بانگەشەی یەکگرتوویی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردمان کردووە ... شەش مانگ پێش ئێستاش (کۆمەڵەی قوتابیانی

کوردستان)ی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی حەوتەمیان بەست و تێیدا گوتەیەکم پێشکەش کرد و داوام کرد لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا یەکبگرنەوە و ئەو مێژووە دێرینەی یەکێتییەکە بەش بەش نەکەن و پێویستە بزووتنەوەی قوتابیانی بگەڕێنرێتەوە سەر ڕابردووە شکۆدارە دروستەکەی .... پێش مردنم هیواخوازم تەواوی ڕێکخراو و هێزە قوتابییەکان لە ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا ببینمەوە و وەکو حەفتاکانی سەردەمی ئێمە بەیەکەوە کار بکەن ...".

دەتوانین بڵێین؛ تاکو ساڵی (١٩٧٥) بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە باشووری کوردستان ڕێکخراوێکی پیشەیی و نیشتمانیی نیمچە سەربەخۆبوو لە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵام پاش ئەو مێژووە، هەر حزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی ڕێکخراوێکی قوتابیانی سەر بە حزبەکانیان دامەزراند. بە هەرحاڵ ئەوەی بە ئێمە گوتراوە لە ئەمڕۆدا (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ەکەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین ڕێکخراوی قوتابیانە لە سەرتاسەری کوردستانی باشوور و ژمارەی ئەندامانیان دەگاتە نزیکەی (١٢٠) هەزار قوتابیی کچ و کوڕ.

ئەم یەکێتییە گۆڤارێکی خوولیی بە ناوی (خەباتی قوتابیان) دەردەکات، بێجگە لە بڵاوکراوەیەکی خولی تایبەت بە ئافرەتان بە ناوی (ئۆزۆن) کە گۆڤارێکی زانستیی گشتییە، هەروەها بڵاوکراوەی دیکەی وەکو (خامە)، (ڕوانین)یشیان هەیە. یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (٢٦) لقیان لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان و عێراقدا هەیە. لە دەرەوەی وڵاتیشدا نوێنەریان هەیە و لە ئێستادا حەسەن شێخ عەلائەدین سەرۆکایەتیی ئەم یەکێتییە دەکات، لەوەتەی داشمەزراوە (١٤) کۆنگرەی گشتیی خۆی بەستووە کە دواهەمینیان لە ٣- ٤ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢ بوو.

(یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)یش هەر سەر بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانە و لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا بڵاوبوونەتەوە، پەیکەری ڕێکخستنی تایبەت بە خۆشیان هەیە. دووەمین گەورەترین ڕێکخراوەکانی خوێندکاران (یەکێتیی قوتابیانی شۆڕشگێڕی کوردستان)ە کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان) و لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا. خودی مام جەلال تاڵەبانی و چەندانی تر لە سەرکردایەتیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵی کاریگەریان لە هاندانی ئەم کۆمەڵەیەدا هەبووە و ڕێخۆشکەر بوونە لەگەڵ تەواوی توێژ و چینەکانی گەلی کوردستاندا ئاوێتەی ژیانی سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتی بن و لە ئێستاشدا سەرتیپ محەمەد عەلی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەکە دەکات. ئەم کۆمەڵەیە (٢٤) لقی لە کوردستانی باشوور و عێراقدا کردووەتەوە و تاکو ئێستا (٧) کۆنگرەی گشتیی بەستووە. هەتاوەکو ئەم دواییەش کۆمەڵێک بڵاوکراوەیان بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوەکردەوە، بەڵام لەئێستادا هەر هەموویان ڕاگیراون و لەڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە چالاکن. (کۆمەڵەی ئازادیی گەنجانی کوردستان)یش سەر بەم کۆمەڵەیەیە کە لە ساڵی (١٩٩٩) دا دامەزراوە و ئەندامی (ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی)یە و بەشداری لە چالاکی و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا دەکات.

پوختەی قسەکانمان: قوتابیانی کوردستان هەتاکو کۆتاییەکانی دواەیەی سەدەی ڕابردوو هاوشانی ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە شۆڕشی کورددا هەبووە و ڕابەری کورد قوتابیانی بەم شێوەیە وەسفکردووە:"قوتابیان سەرە ڕمن لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا".

بەگوتەی سەرتیپ محەمەد عەلی لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە (فیدراسیۆنی قوتابیانی کوردستان بە بەشداریی (١٤) ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان لەم بەشەی کوردستاندا پێکهێناوە و لە ئێستادا (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) سەرۆکایەتیی فیدراسیۆنەکە دەکات.

ڕۆژئاوای کوردستان: لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٧) بە هاندان و پشتیوانیی قەدری جەمیل پاشا و ژمارەیەک لە کەسایەتییە کوردپەروەرەکانی دیمەشق (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە سووریا) لە قوتابیانی زانکۆی دیمەشق پێکهێنرا[٥٨]. دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە پێشەکیی کتێبی (مسألة کوردستان)دا دەڵێت:"یەکەمین دیداری ئەم کۆمەڵەیە لە ماڵی ڕەوانشاد میقداد بەگ جەمیل پاشا بووە کە بریتی بوون لە (عەلی فەتاح دزەیی – سەرۆک- و عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ – سکرتێر- و حەمید حاجی دەرویش، قاسم میقداد جەمیل پاشا، عومەر محێدین شەریف، موئەیەد عەبدولغەفار نەقشبەندی، سوبحی ڕەشۆ، ئیسماعیل عەبدولحەنان، خەلیل محەمەد، عەبدولعەزیز، تەلعەت نادر – قوتابیی قۆناغی ئامادەیی)".

کاتێک لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥دا چاوم بە پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوواڵ کەوت لە سلێمانی، گوتی: بێجگە لەم کۆمەڵەیەی باسکراوە، لە هەمان ساڵدا هەوڵمان دا کۆمەڵەیەکی تر بۆ قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی لە دیمەشق دابمەزرێنین کە (٢٣) قوتابیی لەخۆدەگرت و جەمشید جەلادەت بەدرخان، داود حەسان، محەمەد ساڵح جومعە، حوسێن کیکی و چەند کەسێکی تری تێدابوو کە ئێستا ناویانم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەو دووانەی دوایی کێشەیان بۆ هەڤاڵانی خۆیان دەخوڵقاند، بۆیە ناچاربووین بیانگوازینەوە کۆمەڵەکەی خۆمان. دکتۆر محەمەد ساڵح جومعەش گوتەکەی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوواڵ دووپاتەکاتەوە و دەڵێت:"بە مەبەستی پێداچوونەوەیەکی یاسایی بە دەستووری کۆمەڵەکە، هاوشان لەگەڵ جەمشید بەدرخان چووینە لای فەتاح شاکر ..."ئەو قوتابییەی (ماف)ی دەخوێند لە زانکۆی دیمەشق و دواتر لە دوو خولدا بووە قایمقامی شاری ئاکرێ لە باشووری کوردستان، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵکی ئاکرێ لەبەر کوردپەروەری و دڵسۆزیی بۆ شارەکەی، بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە دەڕوانە ئەو کەسایەتییە، پێداچوونەوەیەکی بۆ پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەکە کرد و لە چ خاڵێکیشدا دەستکاریی بویستایە بۆیدەکرد. ئەم کۆمەڵەیە تاکو ساڵی (١٩٦٠) بەردەوامبوو.

ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەم دوو کۆمەڵەیە هاوکاریکردنی قوتابیانی کورد بوو لە خوێندنیان و پەیوەندیکردن بوو بە کەسایەتییە سیاسی و کلتوورییەکانی کورد. گرنگترین چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئاهەنگێڕان بوو لە دەوروبەری دیمەشق بەبۆنەی جەژنی نەورۆز، لە هەمان ساڵی دامەزراندنیدا لە ٢١ی ئادار و زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی تێدا بەشداربوو. لەمبارەیەوە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوواڵ لە لاپەڕە ١٨ی کتێبی (مسألة کوردستان)دا دەنووسێت:"... لە ئاداری (١٩٥٧) یەکەمین ئاهەنگمان بەبۆنەی نەورۆز لە دیمەشق گێڕا کە لە یەکیک لە کازینۆکانی ڕەبوەدا سازدرابوو، ئاهەنگەکەش بیرۆکەی شەهید جەمال حەیدەری بوو، منیش ڕۆڵێکی سەرەکیم لە ئامادەباشییەکاندا هەبوو. قەدری بەگیش تێچووی ئاهەنگەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی کە بریتی بوو لە بەکرێگرتنی شوێنەکە و ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەی بۆنەکە بۆ ژمارەیەکی زۆری ئامادەبووان و زۆر خۆشحاڵ بوو بە بانگهێشتکردنی چەند کەسێک کە خۆیان بە نەیاری ئەو دادەنا[٥٩] و لەئامێزگرتنی کوڕەکەی جەلادەت بەدرخان

(جەمشید- کە هێشتا قوتابییەکی قۆناغی دواناوەندی بوو) زۆر کاریگەر بوو"ئاهەنگەکەش بە دەنگە زوڵاڵەکەی هونەرمەند عومەر دزەیی بەڕێوەچوو.

هەر سەبارەت بەم ڕووداوە، حەمید دەرۆیش لە لاپەڕە ١٩ی کتێبی (أضواء علی الحرکة الکوردیة فی سوریا)دا نووسیویەتی:"..... لە کۆتایی ئەمساڵدا واتە ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە زانکۆی سووریا دامەزرا و ئەندامانی بریتی بوون لە: عەلی فەتاح دزەیی (عێراق) سەرۆکی کۆمەڵەکە، عەبدولحەمید دەرۆیش ئەمیندار، دکتۆر قاسم میقداد، خەزنەدار و ئەندامێتیی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (عێراق) خەلیل حەنان (سووریا)، خەلیل عەبدولعەزیز (سووریا)، موئەیەد نەقشبەندی (عێراق)، عومەر شەریف (عێراق)، ئەنوەر بوزان (سووریا) و تەلعەت کە ناوی باوکیم لەبیرچووە (عێراق)، سوبحی ڕەشۆ (سووریا) ....".

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨ ئەم کۆمەڵەیە هەڵوەشایەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆی سەرەکی: ڕاگەیاندنی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا) ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانەی لاواز کرد کە پشتگیریی کۆمەڵەکەیان دەکرد و بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) لە عێراق بووە هۆی گەڕانەوەی زۆربەی قوتابیانی کوردی باشووری کوردستان بۆ عێراق.

لەلایەکی دیکەوە، محەمەد مەلا ئەحمەد لە چاپی سێیەمی (دار خانی- ئەڵمانیا) ی کتێبی (صفحات من تأریخ حرکة التحرر الوطني الکوردیة فی سوریا أو"تأریخ البارتی")دا و بە دیاریکراوی لە لاپەڕە (١٢٥) لەسەر زاری عەزیز داود و محەمەد ئەنوەر دەنووسێت"... لە سەرەتای ساڵی نوێدا، یەکەمین کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە سووریا دادەمەزرێت و یەکەمین کۆنگرەی قوتابیانی زانکۆ و دواناوەندییەکانی کورد لە حەلەب لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ بەڕێوەدەچێت و مەکتەبی تەنفیزی هەڵدەبژێردرێت کە لە (محەمەد ئەنوەر، عەزیز داود، ڕەشید سمۆ و عیسمەت عومەر) پێکدێن، پێشتریش لەئایاری ١٩٦٢ یەکێتیی قوتابیانی کورد لە سووریا پێکهات و محەمەد ئەنوەر و دکتۆر خەلیل عەبدی سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنیان دەکرد"لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ بەتایبەت لە شاری ئۆپسالای سوید چاوم بە ڕەوانشاد ڕەشید سمۆ کەوت و باسی ئەم بابەتەم لەگەڵدا کرد و گوتی:"ئەوەی تۆ بۆ منت

خوێندەوە ڕاستە کە لە ماڵی محەمەد ئەمین گولین لە گەڕەکی جدیدەی حەلەب کۆبووینەوە کە نزیکەی ١٠ کەس دەبووین، تەنیا عەزیز داود خەڵکی جەزیرە بوو، ئەوانی دیکە هەموویان خەڵکی ناوچەی عەفرین بوون، بەڵام عیسمەت عومەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوو، ڕەنگە دواتر خۆی گەیاندبێتە نێو لێژنەکە ...". سەبارەت بە ناوی ئامادەبووانی کۆبوونەکەش گوتی: ئەو سێ ئەندامەی لێژنەکەی لێدەرکە، تەنیا ناوی مەنان جەعفەرم بیرماوە. کەچی یوسف زۆزانی پێیگوتم:"قوتابیانی دیکەی جەزیرە و کۆبانێ لەگەڵ ئێمەدا بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کردبوو، تەنیا لە جەزیرە ئێمە حەوت قوتابی بووین، من و حەمید سینۆ لەو حەوت کەسە بووین".

لە ژمارە (١)ی چاپی دووەمی گۆڤاری (Hêviya Welêt)دا کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا بە زمانی کوردی بڵاویکردووەتەوە، بەیاننامەیەک بڵاوکراوەتەوە کە هی مانگی تەموزی ١٩٦٣یە بەناوی (یەکێتیی قوتابیانی کوردی سووریایە و تێیدا هاتووە:".... ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیەی ڕووبەڕووی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەبێتەوە کە لە سادەترین مافی سرووشتیی مرۆڤایەتی بێبەشکراوە، هەروەها ئەوەی دەرهەق بە قوتابیانی کورد دەکرێت لە سەرجەم قوتابخانەکاندا، هەر لە گرتن و ڕاوەدونان و دەرکردنیان لە قوتابخانەکان بەبێ هیچ هۆکارێک و مامەڵەی خراپی مامۆستایان لەگەڵ ئەو قوتابییە کوردانە ... هەموو ئەم پێشهاتانە هەبوونی ڕێکخراوێک دەخوازێت، ڕوونکردنەوە و گەیاندنی ئەو هەموو سیاسەتە نەژادپەرستیانەی گەلی کورد بەگشتی و خوێندکاران بەتایبەتی بخاتە ئەستۆی خۆی و بیخاتە بەردیدی گەلانی جیهان، لەوانەش نەتەوەی عەرەب". ئەم یەکێتییە لە درێژەی بەیاننامەکەیدا دەڵێت:".... لەپێناو گەشەپێدان و کاراکردنی ئەم ڕێکخراوە پێویستە هەموو قوتابییەک خۆی بە بەرپرس بزانێت، ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکانی خۆتانمان پێبگەیەنن ... و ئێمەش بەڵێنتان پێدەدەین هەموو هەوڵێکمان لەپێناو نیشتمانی کورددا بخەینەگەڕ ...".

هەوڵمدا زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم کۆمەڵەیە کۆبکەمەوە، دامەزرێنەرانی کێبوون؟ تاکو کەی بەردەوام بوون؟ هۆکاری نەمانی چالاکییەکانیان چی بوو؟ بەڵام لەوە زیاتر هیچم دەستنەکەوت، بۆیە بە ئەگەڕێکی زۆرەوە دەڵێم: ڕەنگە ئەم بەیاننامەیە هی ئەو یەکێتییە بێت کە مەلا ئەحمەد لەسەر زاری عەزیز داود باسیکردووە. لە

هەریەک لە حەمید دەروێش و سەڵاح بەدرەدینیشم پرسی، بەداخەوە ئەوانیش هیچ زانیارییەکیان دەربارەی ئەم یەکێتییە نەبوو، جا ئەگەر بۆچوونی ئەو دووانە پەسند بکەین، ئەم پرسیارەمان بەمێشکدا دێت: کێ ئەم بەیاننامە (نا دروست) ەی گەیاندووەتە ڕەوانشاد حەمرەش ڕەشۆ ؟ تۆبڵێی ئەم بەیاننامەیە چنراوی خەیاڵی خۆی بێت؟ بە زۆرترین ئەگەرەوە - بە بڕوای من- ئەو دووانە ئەو بەیاننامەیەیان بیرنەماوە. لە دوای ئەم مێژووەشەوە هەتاکو دەگاتە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، ناتوانین باس لە هەبوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و تایبەت بە قوتابیانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەین.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا چەند نیشانەیەکی بزووتنەوەی خوێندکاران لە زانکۆکانی سووریا، بەدیاریکراویش لە زانکۆی دیمەشق و حەلەب دەرکەوتن و چەند گرووپێکی کورد، لقی قوتابیانی لەم دوو زانکۆیەدا دامەزراند، بەڵام قوتابییە سەربەخۆکانی نەدەگرتەوە تەنیا حزبییەکان بوون، پەیکەری ڕێکخستنەکانیشیان لە جەستەی گشتیی حزبە دیاریکراوەکە جودانەدەکرایەوە. ئەم ڕێکخراوانە چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا و ناوبەناویش بەیاننامەمان بڵاودەکردەوە و گۆڤار و ڕۆژنامەشیان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەبوو، بۆنموونە: گۆڤاری(Xwendevan) کە بە کوردی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە و ڕۆژنامەی (Siba) هەروەها ڕۆژنامەی (Hêvî) کە ئەویش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە و ڕەوانشاد بەهزاد ئیسماعیل سەرنووسەری بوو کە خەڵکی دیریک بوو، ڕۆژنامەی (Hêvî) بەڕاستی سەربەخۆ بوو و خۆی وەها دەناساند کە دەنگی قوتابیانی کوردی هەردوو زانکۆی حەلەب و دیمەشقە. ژمارە (یەک)ی لە ساڵی (١٩٩٤)دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٧) و دوا ژمارەشی لە (١٩٩٥)دا بڵاوکراوەتەوە. بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە لە ماوەیەکی کورتدا توانییان سەرنجی قوتابیان و خوێنەران، نەک هەر لە ڕۆژئاوای کوردستان بگرە لە دەرەوەی ئەم پارچەیەی کوردستانیش ڕابکێشن، لە ژمارەیەکیشیدا پیرۆزبایی و دەستخۆشیی بەڕێز مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردبووەوە، بەڵام بە هۆی کێشەی دارایی و ناکۆکیی گرووپە کوردییەکان کە هەریەکەیان هەوڵی دەدا ڕۆژنامەکە بۆ خزمەتی خۆی و ئەجێندای حزبەکەی بەکاربهێنێت، بۆیە لە کۆتاییدا لە بڵاوبوونەوە وەستا.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٣) پتر لە (١٠٠) قوتابیی کۆڕ و کچی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر کۆنگرەی دامەزراندنی (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی کوردستان - ڕۆژاڤا)یان بەست، واشبڵاوکراوەتەوە کە ڕێکخراوەکە دەزگایەکی پیشەیی لاوانە و پەیکەرێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان بە (پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا) بەستراوەتەوە کە لە نیسانی ٢٠١٤دا دووبارە زیندووکراوەتەوە.

سەبارەت بە قوتابیانی کوردیش لە ئەوڕوپا، چەند حزب و هێزێکی کوردستانی لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوڕوپا لقی ڕێکخراوی قوتابیانیان کردووەتەوە کە لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەربەخۆ نین و سەر بەو حزبانەن کە لە ئەوڕوپا دایانمەزراندوون. هەروەها چەندین کۆمەڵەی خوێندکاران لەو شار و ئەو شاری ئەوڕوپادا هەن، بەواتای ئەوەی کە لە ئێستادا یەکێتییەک یاخود کۆمەڵەیەکی گشتگیری سەربەخۆی قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپادا نییە.

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە لوبنان: لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٧ بە دەستپێشخەریی نورەدین زازا کە ئەوکات لە بەیرووت نیشتەجێ ببوو، یەکەمین کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بە ناوی (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد) دامەزرا کە لە زانکۆی بەیرووت لە لوبنان دەیانخوێند و هەریەک لە عیسمەت شەریف وانلی و عەبدولوهاب باباجان لە سلێمانی و چەند قوتابییەکی تری لەخۆگرتبوو. (عومەر شێخموس ئەمەی بۆم گێڕاوەتەوە).

دوای ئەوەی کەمال جونبوڵات (کە لە خێزانێکی کوردی دێرین و ناسراوی لوبنان بوو) پۆستی وەزارەتی ناوخۆی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە حکومەتی لوبنان وەرگرت، هەلێک بۆ کوردی لوبنان هاتەپێشەوە و لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوانەدا داواکاریی خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتێکی فەرمی پێشکەش بە وەزارەت کرد، ئەوەبوو لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ مۆڵەتی کۆمەڵەیەکی تایبەتیان بە خوێندکاران وەرگرت و ناویان نا (یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان). دامەزرێنەرانی ئەم یەکێتییە بەپێی ئەوەی کە ئەحمەد محەمەد ئەحمەد لە کتێبی (کورد لبنان و تنظیمهم الاجتماعي و السیاسي)دا باسیکردووە بریتین لە: خالید عەلی مەلا، مەها محەمەد

کـوردی، ئەحمـەد محەمـەد ئەحمـەد. سـێ ئامانجـی سـەرەکیش لەپشـت دامەزراندنـی ئـەم یەکێتییـەوە بـوو: ١- کارکـردن لەپێنـاو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هـزری و کۆمەڵایەتیـی کـورد لـە لوبنـان. ٢- پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی زانکۆیـی وەک گەیاندنـی پۆسـتە و کتێـب و وانـەکان بـەو خوێنـدارە کوردانـەی بـە هـۆی بارودۆخـی تایبـەت بـە خۆیـان نەیاندەتوانـی لـە زانکۆکانـی لوبنـان بخوێنـن. ٣- پتەوکردنـی پەیوەندیـی برایانـە لەگـەڵ قوتابیانـی لوبنـان و سـەرجەم ڕێکخراوەکانـی خوێنـدکاران لـە لوبنـان.

یەکێـک لـە خاڵەکانـی دەسـتپێکردنی دەسـتەی دامەزرێنەرانـی کۆمەڵەکـە ئەمـە بوو:"یەکێتیـی قوتابیانـی کـورد لـە لوبنـان، بەبـێ جیـاوازی سـەرجەم ئـەو خوێنـدارە کوردانـە دەگرێتەخـۆی کـە بـۆ خوێنـدن لـە زانکۆکانـی لوبنانـن، سـەر بـە هـەر لایەنێکیـش بـن گرنـگ نییـە، گرنـگ ئەوەیـە پابەنـدی بڕگەکانـی پەیـڕەوی ناوخـۆ و ئـەو بڕیارانـە بـن کـە یەکێتییەکـە دەریانـدەکات".

ئـەم یەکێتییـە گۆڤارێکـی خولیـی کلتـووری - کۆمەڵایەتـی بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی بەنـاوی (Berbang) دەرکـردووە و ژمـارە (١)ی گۆڤارەکـە لـە مانگـی نیسـان- ئایـاری سـاڵی ١٩٧٢و دەرچـووە و ژمـارە (دوو)شـی لـە ئابـی ١٩٧٣دا دەرچـووە. ناشـزانین ژمـارەی تـری گۆڤارەکـە دەرچـووە یـان نـا. دیارتریـن چالاکیشـیان یادکردنـەوەی نـەورۆزی (١٩٧٣) بـوو کـە بـە شـێوازی فیسـتیڤاڵێکی جەمـاوەری بەڕێوەچـووە و گوتـار و گۆرانـی و هەڵپەڕکێـی کوردیـی تێـدا پێشکەشـکراوە. هەروەهـا بەشداریشـی لـە چالاکییەکانـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی لوبنانـدا کـردووە.

ئـەم یەکێتییـە پەیوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ (یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق) هەبـووە و بانگهێشـتی کۆنگـرەی حەوتەمـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان کـراوە کـە لـە (٣٠ی ئـادار- ٣ی نیسـان)[٦٠] لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە سـلێمانیدا بـەستراوە. بـە شـاندێکی یەکێتییەکـە بەشـداریی لـە کۆنگرەکـەدا کـردووە، غـازی فەرحـو یەکێـک بـووە لـە ئەندامانـی شـاندە بەشـداربووەکە. هەروەهـا پەیوەنـدی و هەماهەنگییەکـی باشیشـی لەگەڵ"کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا"دا هەبـووە.

کەمیـی ژمـارەی قوتابیانـی کـورد لـە لوبنـان و بـەربڵاوی و کەمیـی توانـا و سـەرهەڵدانی ناکۆکیـی نێوانیـان، وای لـە یەکێتییەکـە کـرد لـە چالاکییەکانیـدا خاوببێتـەوە، بـە ڕادەیـەک

لـە سـاڵی ١٩٧٤ەوە هیـچ چالاکییەکـی ئـەم کۆمەڵەیەمـان بەرچـاو ناکەوێـت، سـەبارەت بـە چارەنووسـی یەکێتییەکـەش، بەداخـەوە هیـچ زانیارییـەکمان دەسـت نەکـەوت.

پرۆفیسـۆ دکتـۆر جەمـال نەبـەز لـە کتێبـی (کۆمەڵـەی ئـازادی و ژیانـەوە و یەکێتیـی کـورد - KAJYK) دا بـاس لـەوە دەکات کـە بەرپرسـی (یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کـورد لـە ئەورۆپـا - NUKSE) جـەواد مـەلا بـوو کـە لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٧٠وە لـە بەرلینـەوە چووەتـە بەیـرووت لـە لوبنـان، لـەوێ پـاش ماوەیەکـی کـورت لەگـەڵ ژمارەیـەک لـە قوتابیانـی کـورد لقێکـی یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کوردیـان دامەزرانـدووە و ناونـراوە (نووسـینگەی بەیـرووت)ی یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کـورد، هەروەهـا بەپێی ڕاگەیەنـراوی کۆتایـی کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کـورد لـە سـووریا لـە ٦ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٢دا لەگـەڵ چەنـد خوێندکارێکـی تـر لـە ٢١ی ئـاداری ١٩٧١ لـە دیمەشـقدا (یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کـورد لـە سـووریا)ی دامەزرانـدووە.

ئـەم ڕاگەیەنـراوە وەکـو بەڵگەنامەیـەک لـە لاپـەڕە (١٧٦ – ١٧٧)ی کتێبـی ناوبـراودا بڵاوکراوەتـەوە. (دەقـی ڕاگەیەنراوەکـەش لـە بەشـی دووەمـدا بـە بەڵگەنامـەی ژمـارە ٢٣ لـە لاپـەڕە ٢٤٦ی چاپـە عەرەبییەکـەدا بڵاوکراوەتـەوە).

لـە وەڵامـی نامەیەکـی منـدا تایبـەت بە"نووسـینگەی بەیروووت"و"یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کـورد لـە سـووریا"دکتۆر جـەواد مـەلا دەڵێـت:"... عەبـدوڵڵا مەتۆ و غـازی فەرحۆ و چەنـد کەسـێکی دیکە نووسـینگەی بەیروویتـان دامەزرانـدووە ..... نووسـینگەی بەیروووت هیـچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی بەناوی نووسـینگەی بەیروووت بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام چالاکییان هـەر هەبـووە، بۆنموونـە: کردنـەوەی خولـی فێرکردنـی زمانـی کـوردی بـۆ ڕەوەنـدی کـورد لـە لوبنان"کـە بـارەگای خولـەکان لـە یانەی وەرزشـیی ئـورزدا بـووە و چەند کەسـایەتییەکی کـوردی لوبنـان بەڕێوەیـان بـردووە و پەیوەندیشـیان لەگـەڵ چەنـد لایەن و کەسـایەتییەکی لوبنانـدا هەبـووە، هەروەهـا بەپێـی تێـزی دکتۆراکـەی جـەواد مـەلا لەگـەڵ دیپلۆماتکارانـی وڵاتانـی بیانیـش، ئەوانـەی لـە بەیروووتـدا نیشـتەجێ ببـوون پەیوەندییـان هەبووە.

سـەبارەت بـە چارەنووسـی نووسـینگەی بەیـرووت، دەنوسـێت:".... نووسـینگەی بەیـرووت پـاش دەسـتپێکردنی شـەڕی ناوخـۆی لوبنـان لـە سـاڵی ١٩٧٥ بەهـۆی کوشـتنی غـازی فەرحـۆ داخـراوە ... هەروەهـا نسـکۆی شۆڕشـی کـورد لەسـاڵی ١٩٧٥دا

کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر کەمکردنـەوەی چالاکییەکانیـدا هەبـووە ....". لەبـارەی لقی"یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کـورد لـە سـووریا"ش نووسـیویەتی:"ئەوانەی لەگـەڵ منـدا یەکێتیـی نەتەوەیـی قوتابیانـی کوردیـان لـە سـووریا پێکهێنابـوو، شـەهید عیسـمەت بـەرازی و قوسـەی ئالرِەشـا و چەنـد کەسـێکی تـر بـوون ...". ئـەم یەکێتییـە گۆڤـاری (HiŞyarî)ی بڵاوەکـردەوە، بـەڵام ئێمـە نازانیـن چەنـد ژمـارەی لێدەرکـراوە، تەنیـا ژمـارە سـێی گۆڤارەکەمـان لـە بنکـەی (ژیـن) لـە سـلێمانی دەسـتکەوت، بـەڵام دکتـۆر جـەواد مـەلا لـە نامەکەیـدا دەڵێـت گۆڤارەکـە لـە سـاڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتـەوە و هەتاکـو ١٩٧٥ بـەردەوام بـووە.

کۆنگرە گشتییەکانی کۆمەڵەکە

کۆنگرەی دامەزراندن

مێژووی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩، دکتۆر نورەدین زازا لە یاداشتەکانیدا باس لەگرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە دەکات[٦١]، کاتێک خوێندارێکی کورد بەناوی عەبدوڵڵا قادر کە خوێندکارێکی کوردی خەڵکی سلێمانی لە ساڵی (١٩٣٩) بە مەبەستی خوێندن ڕوو لە زانکۆی لۆزانی سویسرا دەکات، کێشەیەکی دارایی تووش دەبێت لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە هاوکارییە داراییەکانی لێدەبڕێت و چیدی ناتوانێت درێژە بە خوێندنەکەی بدات و بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق دە بوایە هاوشان لەگەڵ هەموو ئەو خوێندکارە عێراقییانەدا بگەڕێتەوە عێراق، بەڵام ئەم ناگەڕێتەوە و بڕیاری مانەوە لە سویسرا دەدات، کاتێک حکومەت هاوکارییە داراییەکانی لێدەبڕێت، ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی دەبێتەوە، بۆیە قوتابییە کوردەکانی دیکەی ئەوێ هاوکاریی دەکەن و دکتۆر زازا دەڵێت:"ئەوکات ئەوەم بە مێشکدا هات کە سەرجەم قوتابیانی ئەوروپا ڕێکبخەم و لە کۆمەڵەیەکدا کۆیان بکەمەوە. لە ڕۆژێکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٩)دا ئەو شەش خوێندکارە کوردەی لە لۆزان دەیانخوێند بڕیاریان دا کۆمەڵەیەک بۆ قوتابیانی کورد لە ئەوروپا دابمەزرێنن و داوا لە سەرجەم قوتابیانی کوردی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بکەن، پەیوەندیی بە کۆمەڵەکەوە بکەن و تێیدا ببنە ئەندام ... ئەوەبوو کۆنگرەیەکی دامەزراندنمان لە لۆزان بەست و تێیدا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرام ...". هەر لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا بڵاوکراوەیەکی مانگانە بەناوی (Dengê Kurdistan) بە هەرسێ زمانی فەڕەنسی و کوردی و ئینگلیزی دەربکەین و نورەدین زازا ببێتە سەرنووسەری بڵاوکراوەکە. پاڵنەرێکی تری دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە کە هیچی کەمتر نییە لە هۆکاری یەکەم، وای لە دکتۆر نورەدین زازا کرد بیر لە پرۆژەیەکی لەم شێوەیە بکاتەوە، ئەویش هەستکردنی بوو بە زەروورەتی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیەک بۆ کوردی ئەوروپا، تاکو ببێتە ماڵێک بۆ کوردی ئەوێ و ئەوانەی دواتریش دێنە ئەوروپا تاکو لەوێ بۆ یەکترناسین گردببنەوە

کـە زۆربەیـان خوێنـدکاری زانکۆکانـی ئەوڕوپـا بـوون، بەهـۆی ئـەو گردبوونـەوە و یەکترناسـینەش پەیوەندییـەکان پتەوتربـن و بەسـتەرەکانی هەسـتی نەتەوایەتـی تۆکمەتـر بـکات، هەروەهـا هاوکاریکردنـی ئـەو کەسـانەی پێویسـتیان بـە هـاوکاری و دەسـتگرتنە. لەلایەکـی دیکـەوە کۆمەڵەکـە بکرێتـە پردێکـی نێـوان کـورد و جیهانـی دەرەوە، بەتایبەتـی ئەوڕوپـا و ببێتـە سـەرچاوەیەک بـۆ وەرگرتنـی هەواڵـی تایبـەت بـە بارودۆخـی گەلـی کـورد، واتـە وەکـو نوێنەرایەتییەکـی دیپلۆماسـیی کـوردی لێبکـەن و ببێتـە باڵیۆزخانـەی کوردسـتان لـە ئەوڕوپـا. بارودۆخـی کـوردی هـەر چـوار پارچەکـەی کوردسـتان و ئـەو سـتەمەی لێیاندەکرێـت و هەرچـی پـڕۆژەی ڕەگەزپەرسـتی و شـۆفێنییەت هەیە بـۆ قڕکردن و تواندنـەوەی کـورد لـە بۆتـەی گەلانـی عـەرەب، تـورک و فـارس و نەهێشـتنی قـەوارەی نەتەوایەتـی بـە دروسـتی بگەیەننـە ڕای گشـتیی ئەوڕوپـا. بەتایبەتـی ئەگـەر ئـەوە بزانیـن کـە ژمـارەی کـوردی وڵاتانـی ئەوڕوپـا هەتاکـو ناوەڕاسـتی سـەدەی ڕابـردوو لـە دەیـان کـەس تێنەدەپەڕیـن[٦٢]. ڕای گشـتی ئەوڕوپـاش هیچـی لەبـارەی کـوردەوە نەدەزانـی، تەنانـەت بەشـێکیان هـەر نـاوی کوردیـان نەبیسـتبوو، بەهـۆی ئـەو دوو جەمسـەرە کاریگـەرەی سـەر شـانۆی نێودەوڵەتـی، جەمسـەری وڵاتانـی سۆشـیالیزم بـە سـەرۆکایەتیی یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو و جەمسـەری وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـە سـەرۆکایەتیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و گەرمـەی شـەڕی سـاردی نێـوان ئـەو دوو جەمسـەرە کـە تەنیـا گەلانـی بندەسـت زەرەرمەنـدی ئـەو شـەڕە سـاردە بـوون، هەڵبـەت گەلـی کوردیـش یەکێـک بـوو لـەو گەلـە بندەسـتانە و بـە حوکمـی دابەشـکردنی نیشـتمانیان بەسـەر چـوار وڵاتـدا بـە زەرەرمەندتریـن گەلانـی دونیـا هەژمـار دەکرێـن و بـە هەنجەتـی یاسـاکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕێگـە بـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری نێوخـۆی وڵاتانـی ئەنـدام لـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، بێدەنـگ دەبـوون لـە ئاسـت هەمـوو ئـەو تـاوان و کۆمەڵکوژییانـەی دەرهـەق بـە کـورد دەکـران، چونکـە بەپێـی گوتـەی ئـەوان: کێشـەیەکی ناوخۆیـە! کـە هەتاکـو دوێنـێ کـوردی سـووریا بـە عـەرەب دەنـاسران و ئەوانـەی عێـراق دانیـان پێدانرابـوو، بـەڵام بـێ دەسـتەبەرکرنی هیـچ مافێکـی نەتەوەیـی، لـە تورکیـاش پێانەدەگوتـرا تورکـی شـاخەکان و لـە ئێـران بـە بەشـێک لـە فـارس دادەنـران.

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم ئامـاژە بـە ڕۆڵـی کاریگـەری دکتـۆر کامـەران بەدرخـان بـدەم کـە بـووە هاندەرێکـی بـاش بـۆ دامەزرێنەرانـی ئـەم کۆمەڵەیـە و ئامـۆژکاری و

هاوکاریی پێویستی پێشکەشکردن، هەروەها چەند هاوکارییەکی دارایی خۆیندنیشی بۆ چەند خوێندکارێک وەرگرت لە فەرەنسا. لە چەند بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە کۆمەڵەکەشدا باس لەوە کراوە؛ دکتۆر کامەران بەدرخانیش ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە بووە، بەڵام ئێمە نەمانتوانی ساغی بکەینەوە، بێجگە لەوەی دکتۆر کامەران وەک میوانێک بەشداریی لە چەند کۆنگرەیەکی کۆمەڵەکەدا کردووە، نەک وەک ئەندام.

بەڵام دکتۆر نورەدین زازا ناوی ئەو پێنج کەسەی نەهێناوە کە لەگەڵ ئەودا ببوون بە کۆڵەکەی سەرەکی و دامەزرێنەری کۆمەڵەکە. لە یاداشتنامەکەدا تەنیا ئاماژەی بەوە داوە کە یەکێک لەو پێنج کەسە کوردێکی باشووری کوردستان بووە و ئەوانی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵات بوونە بێ ئەوەی ناویان بێنێت. جا نازانین ئەمەی لەبەر کەمیی ژمارە و ئامادەنەبوونی هیچکامێکیان لە جوولّە و چالاکییەکان، یاخود لەبەر خۆپەرستی و پێشخستنی (من) بووبێت بەسەر گیانی کارکردنی پێکەوەیی لەم دامەزراوەیەدا لەلای کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارێکی گەورەی کوردی وەک ئەو، چونکە چەند جارێکی تریش لە چەند جێگەیەکی دیکەشدا ئەمەی دووبارەکردووەتەوە کە لێرەدا دەرفەت نییە باسی بکەین.

لەو تۆژینەوەیەی دکتۆر کەمال فوئادیش کە لە ژمارە (٢-٣)ی لێکدراوی گۆڤاری (هاڤیبوون)ی ساڵی ١٩٩٨ کە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەردەچوو نووسراوە:"... لەو ساڵەدا (واتە ساڵی ١٩٩٨- نووسەر) دامەزراندنی ڕێکخستنێکی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بە مێشکی ژمارەیەک لە قوتابیانی کوردپەروەردا هات، ئەوانەی لە ئەوروپا دەیانخوێند و لەوانەش: نورەدین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت ئاکرەیی، عەبدوللا قادر .... بۆئەوەی ئەو خوێندکارانە هاوشێوەی قوتابیانی دیکەی جیهان ئاشنای قوتابیانی وڵاتانی دیکەی دونیا بن و بارودۆخی گەل و نیشتمانی خۆیانیان پێ ئاشنا بکەن ...".

لەمبارەیەوە دکتۆر حەسەن شتویش لە کتێبەکەیدا بەناوی (مصیر عائلة قاسملۆ) دەڵێت:"... ژمارەیەک لە قوتابیانی کورد کە لە سویسرا دەخوێنن، لە لۆزان کۆبوونەتەوە و بە هاوکاریی کامەران بەدرخان، نورەدین زازا، ئەحمەد قاسملۆ و ڕەحمان قاسملۆ دەیانەوێ یەکێتییەک بۆ قوتابیانی کورد لە ئەوروپا دابمەزرێنن ...".

ناوی ئەو شەش کەسەم کە بە دامەزرێنەری کۆمەڵەکە دادەنرێن لە هاوسەری دکتۆر نورەدین زازا پرسی، ئەو پێیگوتم کە لەنێو ئەو شەش کەسەدا، دوو کەسیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و ئەندامی حزبی شیوعیی ئێران (تووده) بوون و وابزانم یەکێکیان عەبدولڕەحمان قاسملۆ بوو کە هەواڵگریی ئێران لە ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لە ڤیەننا کوشتی. لە چەندین لاوە پرسیارم کردووە بەتایبەتی لە چەند لایەنێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆم دەرکەوت کە لەو کاتانەدا عەبدولڕەحمان قاسملۆ و ئەحمەد قاسملۆی بۆ لە پاریس بوونە و دوو ئەندامی حزبی تووده بوونە و بێجگە لەو دووانە کەسی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ساڵانەدا لە پاریس نەبوونە. واتە بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دوو دامەزرێنەرەکەی دیکە عەبدولڕەحمان قاسملۆ و ئەحمەدی بۆ بوونە. بەم جۆرەش بێت دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە بریتی دەبن لە: نورەدین زازا لە باکووری کوردستان و دواتر بۆ ڕۆژئاوا، عیسمەت شەریف وانلی لە ڕۆژئاوای کوردستان، شەوکەت ئاکرەیی و عەبدوڵڵا قادر لە باشووری کوردستان، ئەحمەد قاسملۆ و عەبدولڕەحمان قاسملۆی بۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێکی کەم لە دامەزراندنی کۆمەڵەکە، داوەتنامەیەکی فەرمیی بەشداربوونی لە سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵی دووەمی یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی جیهانی پێگەیشت کە لە نیوەی دووەمی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٩ لە بۆدابستی پایتەختی هەنگاریا بەسترا، بۆیە کۆمەڵەکە ئەم داوەتنامەیەیان بە دەرفەتێکی زۆر لەبار زانی بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد لە فیستیڤاڵەکە تاوەکو پشتگیری و سۆزی قوتابیانی جیهان بەدەستبێنن، بۆیە بەبێ دوودڵی داوەتنامەکەیان قبوولکرد و بە شاندێک[٦٣] بەشداریان کرد، شاندەکەش لەمانە پێکهاتبوون: نورەدین زازا، شەوکەت ئاکرەیی، عەبدوڵڵا قادر و عیسمەت شەریف وانلی، بەڵام هەر کە شاندە شیوعییەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە بەشداربوونی شاندی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیان لە ئەوڕوپا زانییەوە، ناڕەزایی لە دوای ناڕەزایی ئەم بەشداربوونەیان پێشکەش سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵەکە کرد و هەوڵیان دەدا لە هۆڵەکانی فیستیڤاڵەکەدا وەدەریانبنێن. سەبارەت بەم بابەتەش لە لاپەڕە ١٠٢ی یاداشتنامەکەیدا دکتۆر نورەدین زازا دەنووسێت:"... ئەو حزبەی ئەرکی دوورخستنەوەی شاندی قوتابیانی کوردیان خستبووە ئەستۆ، حزبی شیوعیی ئێرانی (تووده)بوو، تەنانەت هەڤاڵانمان لە پاریس

کـە ئەندامـی حزبـی تـووده بـوون، ببـوون بـە ئامرازێکـی ئـەم مەبەسـتە ...."و بـە بیانـووی ئـەوەی گوایـە ئامادەبوونـی شـاندێکی ئـەم کۆمەڵەیـە پێچەوانـەی یەکێتیـی قوتابیـان و لاوان و چینـی کرێـکاران و ئینتەرناشـنالیی حزبـە شـیوعییەکانە لـەو وڵاتانـەدا و .... و ....، بۆیـە بەپێویسـتی دەزانیـن شـاندەکە دووربخرێتـەوە و کۆمەڵەکەیـان هەڵبوەشـێنرێتەوە. بـەڵام لـە بەرانبـەر سـووربوونی شـاندی کۆمەڵەکـە و هاوسـۆزیی شـاندی حزبـە چەپەکانی ئەمەریـکای لاتیـن و (گـی بوانسـۆن) سـەرۆکی یەکێتیـی لاوانـی فەرەنسـا کـە لـە هەمـان کاتـدا سـەرۆکی یەکێتیـی لاوانـی جیهانیـش بـوو و تامـەزرۆی ئاشـنابوون بـە گەلـی کـورد بـوو کـە هیچـی لەبـارەی کـوردەوە نەدەزانی – هـەروەک زازا دەڵـێ- شـاندەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپـا لـە فیسـتیڤاڵەکەدا هێشترانـەوە، بـەڵام ناچارکـران بـە ناوی کـوردەوە قسـە بکـەن نـەک بـە نـاوی کوردسـتان!.

هـەر سـەبارەت بـە فیسـتیڤالەکە دکتـۆر زازا دەڵێـت".... (شـاندەکانی وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان و حزبـە شـیوعییەکانی ئـەو وڵاتانـە – نووسـەر) کارێکـی وەهایـان کـرد شـاندەکەی ئێمـە پەراوێـز بخرێـت و بەشـدار نەبێـت لـەم گردبوونەوەیـە، بـەڵام توانیـم کـورد فەرزبکەمـە سـەریان و هـەر بـە جلـی کوردییـەوە[٦٤] لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکمانـدا خۆشـی بخەینـە نێـو هۆڵـەکان و سـەرنجی ڕۆژنامەنووسـان ڕابکێشـین، سەرنجڕاکێشـانەکە هـەر لـەڕووی فۆڵکلـۆرەوە نەبـوو، بەڵکـو لـەو ڕۆژەی تەرخانکرابـوو بـۆ دژە کۆلۆنیالیـزم و لەبـەردەم جەماوەرێکـی (٥٠٠٠) کەسـیدا هۆنراوەیەکـم خوێنـدەوە[٦٥] کـە لەسـەر مسـتەفا بارزانـی دامنابـوو و لـە ڕۆژی دواتـر هۆنراوەکـەی مـن لـە ڕۆژنامەیەکـی هەنـگاری بڵاوکرایـەوە. مشـتومڕێکی تونديـش لەنێـوان ئێمـە و ڕێکخـراوە چەپەکانـدا ڕوویـدا و وەکـو کەسـێکی نەخـوازراو و بەکرێگیراوێکـی گێرەشـێوین نـاسرام، بـەڵام بـە بوێریـی حزبـە چەپەکانـی ئەمەریـکای لاتیـن توانـیمان بەشـداری لـە کۆنگرەکـە بکەیـن و نوێنـەری شـاندی حزبـی شـیوعیی سـووریا ڕێگربـوو لـە خوێندنـەوەی ڕاپۆرتەکـەم، بـەڵام سـووربوونی ئێمـە و ئـەوان و پێداگریـی هەردوولامـان ئەنجـام سـازشمان لەسـەر ئـەوە کـرد، ئێمـە بـە نـاوی کـوردەوە گوزارشـت بکەیـن ...".

ئامادەبوونـی کۆمەڵەکەمـان لـە گردبوونەوەیەکـی لەمجـۆرەی قوتابیانـی جیهـان، دەسـتکەوتێکی گـەورە و هەنگاوێکـی گرنـگ بـوو بـە ئاراسـتەی ڕۆشـنگەرایی ڕای گشـتی

ئەوڕوپـا و ناسـاندنی کـورد و کوردسـتان، بـەڵام ڕێکخراوەکانـی وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان و حزبـە شـیوعییەکانیان تـا بڵێی پەسـت و نیگـەران بوون لەو بەشـداریکردنەمان و بەردەوامبـوون لەسـەر دژایەتیکردنمـان، بـەڵام ئەمجارەیـان لەنێوخـۆی خۆمانـەوە بـوو و حزبـی تـووەی ئێرانـی ڕاسـپێردرا ئـەم ناپاکییەمـان دەرهـەق بـکات، لەبەرئـەوەی دوو ئەندامـی کۆمەڵەکەمـان سـەر بـەوان بـوون، یەکێکیـان عەبدولـڕەحمان قاسـملۆ و ئەویدیکەیـان ئەحمـەدی بـرای بـوو. ئـەو دوو برایـە ئەرکەکانـی خۆیـان لەنێـو کۆمەڵەکـە بەپێـی ڕێنماییەکانـی سـەرکردایەتیی تـووەە ڕادەپەڕانـد، بەتایبەتـی عەبدولڕەحمان قاسـملۆ کـە ئەرکـی چاپکـردن و دابەشـکردنی (Dengê Kurdistan)ی لەئەسـتۆدا بـوو و بیانـووی دەهێنایـەوە و ڕێنماییەکانـی تووەیـان دووبـارە دەکـردەوە کـە باسـکردنی ڕابـردوو و ئێسـتای کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد و مافەکانیـان گوزارشـتکردنە لـە شـۆفێنییەتی کـوردی و ....". جـا لەپێنـاو گفتوگۆکـردن لەبـارەی ئـەم پێشـنیازە و چارەنووسـی کۆمەڵەکـە، داوای کۆبوونەوەیەکـی فـراوان کـرا و پێشـنیازەکە خرایـە دەنگدانـەوە و دەنگـی زۆرینـەی بەدەسـتنەهێنا و زۆرینـەی ئامادەبووانـی کۆبوونـەوە فراوانەکـە لەگـەڵ بەردەوامبوونـی کار و چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـەدا بـوون.

نورەدیـن زازا داوای هەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵەکـەی دەکـرد، چونکـە بۆچوونـی جیـاواز و دژبەیـەک لەنێـو ئەندامانـدا سـەریهەڵدابوو، تـا کار گەیشـتە ئـەوەی پەیوەندیـی نێـوان ئەندامـان بـەرەو گـرژی و ئاڵـۆزی دەچـوو و عەبدولـڕەحمان قاسـملۆش لـە چاپکردنـی بڵاوکراوەکـەی کۆمەڵەکـە پەشـیمان بـووە و دواتـر بەیەکجـاری لەبـەر چەنـد هۆیەکـی تایبـەت بەخـۆی، دەسـتی لەکارکـردن هەڵگـرت، چونکـە نەیدەتوانـی بەردەوامبێـت لـە نووسـین و پێداچوونـەوەی ئـەو بابەتانـەی بـۆ بڵاوکراوەکـە و دەرکردنـی ڕۆژنامەکـە دەهاتـن، لەبەرئـەوەی سـەدان کیلۆمەتـر دووربـوو لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی، هـاوکات ئـارەزووی دەکـرد تێـزی دکتۆراکـەی تـەواو بـکات. گرنگتریـن هۆکاریـش ئەوەبـوو کـە دەیویسـت خـۆی بەدووربگرێـت لـە هـەر کێشـە و دووبەرەکییەکـی نێوخـۆی کـوردان و بەشـداری نـەکات لـە هیـچ جودابوونەوەیـەک. نەشیدەویسـت لـەو بابەتە هەسـتەوەرانەی زیـان بـە دۆزی گەلەکـەی دەگەیەنێـت نـاوی بهێنرێـت لەلاگیریکردنـی هـەر لایەنێکیـان، ئـەم هەڵوێستەشـی مایـەی ستایشـکردنە، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە لاوازیـی بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بـوو کـە ئـەوکات نەیدەتوانـی هیچـی بۆبـکات.

ماوە ئاماژە بەوەش بدەین؛ دکتۆر نورەدین زازا ئەرشیفی خۆی و کۆمەڵەکەشی ڕادەستی عیسمەت شەریف وانلی کردووە و داوای لێکردووە وەکو ڕاسپاردەیەک بیانپارێزێت تاکو دووبارە دەگەڕێتەوە سویسرا، یان هەر دەوڵەتێکی ئەورۆپایی، بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٧٠دا دووبارە دەگەڕێتەوە و داوای گەڕاندنەوەی ئەرشیفەکەی لێدەکات و پێیدەڵێت هەمووی لەناوبردوون. پیاوەکەم بەم وەڵامەی وانلی نیگەران بوو - ئەمە گوتەی هاوسەری زازایە- و لە هاوسەرەکەی زازا وا تێگەیشتم کە زازا و عیسمەت شەریف پەیوەندییەکی ساردوسڕیان پێکەوە هەبوو.

ئەمانەی خوارەوەش ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵەکەیە کە لە سەرەتای لاپەڕە (٩)ی ژمارە لێکدراوەکانی (٣-٤)ی مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩ی بڵاوکراوەی"Dengê Kurdistan" دا بڵاوکراوەتەوە:

١. یەکخستنی کوڕان و کچانی لاوی کورد کە لە دەرەوەی کوردستانن.

٢. هاوکاریکردنی یەکتری.

٣. دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخستنە کوردییەکانی نیشتمان.

٤. ناساندنی دۆزی کورد و کوردستان بە جیهانی دەرەوە.

٥. خەباتکردنی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەکانی لاوان و قوتابیانی دیموکراتی نەتەوەکانی دیکە.

٦. خەباتکردنی هاوبەش لەپێناو ئاشتی و ئازادیی گەلانی چەوساوە و دیموکراسیەتدا.

کۆنگرەی یەکەم

بۆ چالاکییەکانی قوتابیانی کورد

پاش شەش ساڵ لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە و تەواوبوونی خوێندنی نورەدین زازا و وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستە پەروەردەییەکان لە زانکۆی لۆزان، هەروەها هاتنی قوتابیانی نوێی کورد بۆ ئەوڕوپا بە مەبەستی خوێندن کە زۆربەیان خەڵکی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوون، دکتۆر زازا وایدەبینی کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵەکە سەرلەنوێ هەڵبستێننەوە سەرپێ و دووبارە چالاک بکرێتەوە.

لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٥٦)دا نامەیەکی بۆ ئەحمەد زمچی لە ئەڵمانیا نارد و داوای دیدارێکی لێکرد لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا. دوای چەند ڕۆژێک دیارەکە کرا. ئەحمەد زمچی، ئەحمەد ڕەسوولیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە بەمدواییە لە سووریاوە بۆ خوێندن هاتبووە ئەوێ. دکتۆر زازا هۆکاری دیدارەکەی بۆڕوونکردنەوە، ئەحمەد زمچی و هاوەڵەکەی بیرۆکەکەیان پەسندکرد، هەر لەو دیدارەدا ئەحمەد زمچی ڕاسپێردرا بەدوای ناونیشانی قوتابیانی کورددا بگەڕێت و پەیوەندییان پێوە بکات و بانگهێشتیان بکات بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە بڕیارە ببەسترێت. زازا گەڕایەوە سوویسرا، پاش تەنیا مانگێک دووبارە دکتۆر نورەدین زازا گەڕایەوە ئەڵمانیا و لەوێ بۆ ماوەی یەک مانگ لەلای ئەحمەد زمچی مایەوە و بەیەکەوە نامەیان بۆ قوتابیانی کورد لە وڵاتانی ئەوڕوپا دەنارد. یەک کەسێک نەبێت؛ ئەویش هەروەک دکتۆر زمچی گێڕاویەتییەوە کە تاریق زەییای ئاکنجی دیاربەکری باکووری کوردستان بوو کە ئەوکات خوێندکاری دوا قۆناغی خوێندن بوو لە کۆڵێژی پزیشکیی زانکۆی پاریس، ئەگینا هەر هەموو ئەو خوێندکارانەی نامەیان بۆچووبوو، وەڵامیانداببووەوە. تاریق زەییا لە وەڵامی نامەکەدا نووسیبووی:"... ئەو ناتوانێت لەو کۆنگرەیەدا ئامادە ببێت، چونکە ئەو پاش دەرچوونی لە زانکۆ بەتەمای گەڕانەوەیە بۆ تورکیا و لەو باوەڕەدام دەنگوباسی کۆنگرەکە و ئامادەبووانی بگاتەوە بە حکومەتی دەوڵەتی تورکیا و .....".

کۆنگرەی یەکەم لە ١٠ - ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٥٦دا لە شاری (ڤیسبادن)ی ئەڵمانیا بەسترا و کارەکانی کۆنگرەکە یەک هەفتەی خایاند. داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەکە زۆرترین کاتەکانی کۆنگرەی پێویست بوو. بەپێی گوتەکانی دکتۆر زمچی هەموو گفتوگۆکان لەبارەی وشە بە وشە و بڕگە بە بڕگەی پێرەوە ناوخۆییەکە بوو. لە کۆتاییدا بڕیاردرا کۆمەڵەیەک بەناوی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا) و بە کوردیی لاتینی (Xûndekaranî Kurd li Ewropa Komeley RûŞenbîrî) و بە زمانی عەرەبی (الجمعية الثقافية للطلبة الكورد في أوروبا) لەجیاتی (جمعية الطلبة الكورد في أوروبا) دامەزرا، چونکە زۆرینەی دەنگەکان بۆ ئەوەبوو ناوە کۆنەکەی کۆمەڵەکە بگۆڕدرێت و یەکێکیش دەنگی نەداوە - بە گوتەی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی- هەروەها لەسەر ئەوەش کۆکبوون کە چالاکییەکانی کۆمەڵەکە، تەنیا لە چوارچێوەی چالاکییە کلتوورییەکان دوور لە کێشە نیشتمانییەکانی کورد و سیاسەتدا سنووردار بکەن. واتە لە چوارچێوەی یەکترناسینی قوتابیانی کورد و کارکردن بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندن و ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی ڕۆشنبیری.

پێویستە ئەوەش بگوترێت لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، جەمسەری بلۆکی سۆشیالیستی کە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ڕابەرایەتیی دەکرد، لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدا بوو و دروشمی دادپەروەری و یەکسانی و ڕزگارکردنی گەلانی لە هەژاری و برسێتی و نەزانین و دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ تەواوی گەلان بەرزکردبووەوە و پشتگیریی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی لە ناوچەکەدا دەکرد لەپێناو ڕزگارکردنیان لە چەوساندنەوە و بندەستی و داگیرکاری و دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین. ئەم دروشمانە زۆر زوو و بە ئاسانی گوێزرایەوە نێو گەلانی ناوچەکە، بەتایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێک لەو گەلانەی ناوچەکەش کە بە خێرایی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو دروشمانە، گەلی کورد بوو کە لەژێر ستەم و چەوساندنەوە و نەزانیندا دەینااڵند، نابێ ئەوەش لەبیربکەین؛ حزبی شیوعی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا پێش دوو دەیە و شتێک دامەزرابوون، ڕێکخراوە حزبیە کوردییەکانیش لە هەریەک لە عێراق و سووریادا لە ڕێکخراوە هەرە بەهێز و فراوانەکان بوون، بۆیە زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرەکە، یان ئەندامی حزبی شیوعیی ئەو وڵاتانە بوون، یان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هەزری

چەپخـوازی و کۆمۆنیسـتی، بۆیـە ئـەو ئەندامانـە هەوڵـی دوورخسـتنەوەی کۆمەڵەکەیـان دەدا لـە هـەر چالاکییەکـی سیاسـی کـە بـۆ بەرژەوەندیـی دۆزی نەتەوەیـی گەلـی کـورد بقۆزرێتـەوە. زمانحاڵـی ئەوانیـش دەڵێ: کێشـەی نێودەوڵەتیی گرنگتر و گەورەتـر لەئارادایە، بۆنموونـە سـەرکەوتنی چینـی کرێـکار و بەزاندنـی سـەرمایەداریی جیهانـی بە سـەرۆکایەتیی ئەمەریـکا و چەسـپاندنی سۆشـیالیزم کـە بـە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە کێشـە نەتەوەییەکان چارەسـەر دەکات و جەختکردنـەوە لەسـەر ئـەو چالاکییانـەی دەڕژێنـە کایـەی نەهێشـتنی سـتەم و چەوسـاندنەوە و دەسـتەبەرکردنی مافـی نەتەوەیـی کـورد، چالاکییەکـی نەتەوەیـی بەرتەسـک و کۆنەپەرسـتانەیە، پێویسـتە خۆمانـی لـێ بـەدوور بگریـن، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی دەبێتـە هـۆکاری خوڵقاندنـی دووبەرەکـی لەنێـوان ئەندامانـی کۆمەڵەکـە کـە هەریەکەیـان سـەر بـە قوتابخانەیەکـی سیاسـی و هزریـی هەمەڕەنـگ و جیـاوازن.

جـا لەبەرئـەوەی ناسیۆنالیسـتی لەسـەر شـێوازی (ئومـەی ئیسلامی) لەلای موسـڵمانەکان یەکێک بوو لە دروشـمەکانی شـیوعییەکان، جیا لە نەتەوەکانی دیکە گەلی کوردی پەیڕەوانی هـزری ئیسلامـی یاخـود شـیوعییەت فریودرابـوون و بیریـان نەبـوو گەلـە چەوسـاوەکەی خۆیـان کە بەسـەر چوار دەوڵەتدا دابەشـکرابوون، بەشـێکن لەم ناسـیۆنالیزمیەی شـیوعیەتە یاخـود ئومـەی ئیسلامـی و لـە هەمـوو کـەس زیاتـر پێویسـتیان بـە یەکێکـە لـە هـەژاری و نەزانیـن و چەوسـاندنەوە ئازادیـان بـکات، جـا بۆچـی ئەوەی بـۆ گـەلان و نەتەوەکانی دیکە ڕەوایـە، بـۆ (٥٠) ملیـۆن کوردیـش ڕەوا نەبێت؟ یاخود کـورد گوتەنی (بۆ ئـەوان عادەتە و بۆ ئێمـە عیبرەتـە!). هـەر بۆیـە هـزری کۆمۆنیسـتی و پێشتریش هزری ئیسلامی هێشـتا بەسـەر بیرکردنـەوەی ڕۆشـنبیرانی کـوردا زاڵـە، بۆیـە گەوجێنـدراوە و وا تیگەیەنـراوە کە"بـۆ کـورد عـیبرەت و بـۆ تـورک و فـارس و عەرەبیـش عادەتە".

لـە (دکتـۆر زمچـی)م پرسـی، ئێـوە کـە سـەرقاڵی پێکهێنانـی کۆمەڵەیەکـی خوێندکارانـن، بۆچـی کۆنگرەکەتـان هەفتەیەکـی ڕەبەقـی خایانـد، خـۆ ئـەرک و بەرپرسـیارێتیتان سـنووردار و دیاریکـراو بـوو؟ کۆنگرەکانـی حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی ئـەم سـەردەمەمان کـە کێشـەکانی هەمـوو دونیـای تێـدا بـاس دەکرێـت، هەفتەیـەک ناخایەنێـت؟ وەڵامیدایـە و گوتی:"ئێمـە سـەرقاڵی داڕشـتنی پێـڕوی ناوخـۆی کۆمەڵەکـە بووین، چەندیـن سـەعات بەسـەر وشـەیەک یـان ڕسـتەیەکەوە دەوەسـتاین کـە لـە دەسـتووری کۆمەڵەکـەدا

بینووسین"ئەمەش پێچەوانەی گوتەکانی سەعدی دزەیی بوو کە هەمان پرسیارم ئاراستە کرد، ئەو دەیگوت:"ڕاستە گفتوگۆکان زۆر دوورودرێژ بوون، بەڵام چەندین سەعات لەسەر وشەیەک یان ڕستەیەک نەدەوەستاین .... ڕۆژێکمان تەرخانکرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان، ئینجا سێ ڕۆژەکەی مایەوە، تەرخانکرا بۆ باسکردنی بارودۆخی قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا و پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەوان و داڕشتنی دەستوورێکیش بۆ کۆمەڵەکە، ئینجا پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ....".

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین؛ بەشێک لە نوێنەرانی کۆنگرەکە مەیلی چەپخوازییان هەبوو و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کۆمەڵەکە ناوی (کوردستان)ی پێوە بلکێنین و هەوڵێکی زۆریشیان دا کۆمەڵەکە لە چالاکییە سیاسییەکاندا دووربخەنەوە کە ببێتە ئامرازێک بۆ ناساندنی دۆزی گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەیان بگەیەننە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان و بە ڕای گشتیی ئەوروپا و جیهانیان ئاشنا بکەن. عیسمەت شەریف وانلی لەوەش دوورتر دەڕوانێت و لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت:"... ئەمانە هیچ حەزیان نەدەکرد کۆمەڵەیەکی کوردی دابمەزرێت، چونکە کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق و سووریا و ئێران هەبوون .... هتد. بەڵام دواجار لەبەر پێداگریی ئێمە ڕازیبوون ...". سەرەڕای ئەوە و پێداگریی هەریەک لە دکتۆر نورەدین زازا و عیسمەت شەریف وانلی و سەعدی دزەیی و چەند کەسێکی تر، چەند بڕیارێکی گرنگ لەو کۆنگرەیەدا درا کە لایەنگرانی شیوعیەت بە نیگەرانی و دوودڵییەوە پێیڕازیبوون، گرنگترین بڕیارەکانیش:

١. کۆنگرە بەڕوای بەوەیە؛ کورد بەیەکەوە گەلێک پێکدێنن کە خاک و زمان و پێکهاتەیەکی مێژوویی تایبەت و بەستەری ئابووری و سایکۆلۆژی و کلتوورێکی نیشتمانیی هاوبەشیان هەیە، واتە بە هەموو پێوەرێکی زانستیانە، بنەماکانی پێکهێنانی نەتەوەیان تێدایە.

٢. بەندی یەکەم پەیوەستە بە کوردستانی سروشتی، واتە بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆرینەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە و قەوارەیەکی جوگرافیی یەکگرتوو پێکدێنن.

٣. مافی چارەی خۆنووسین، مافێکی سروشتییە و ناکرێ نکۆڵی لێبکرێت.

٤. لە ئێستادا (١٩٥٦) بارودۆخی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبار نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە.

٥. هەژموونی کۆلۆنیالیزم و حوکمی دەرەبەگی، یاخود کۆنەپەرستی بە گشتی بەربەستی بەردەم دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسینن، بۆیە خەبات لەپێناو نەهێشتنی ئەم بەربەست و لەمپەرانە بەپێویست دەزانین، هەروەها چەسپاندنی دیموکراسییەتێکی دروست بۆ ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٦. کۆبوونەوەکە، وایدەبینێ کە دیموکراسیەت و ئەو خەباتەی دژی کۆلۆنیالیزم و حوکمی دەرەبەگی یاخود کۆنەپەرستی بەگشتی، تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین، بەڵکو بڕوای بەوەشە کە دیموکراسیەتێکی دروست مەرجێکی سەرەکیی بەدیهێنانی بەختەوەرییە بۆ گەلی کورد یان بۆ هەر گەلێکی تر.

٧. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دژی کۆلۆنیالیزمە و بەندە بە سەرجەم بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازەکانی دیکە، بۆیە کۆبوونەوەکە پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ ئەم بزووتنەوەیە و تەواوی خەباتی گەلان لەپێناو ئازادی و سەروەریی نیشتماندا دووپاتدەکاتەوە، بەتایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٨. هەماهەنگیی گەلی کورد بە پێویست دەزانین لەگەڵ سەرجەم گەلانی ئازادیخواز، بەتایبەتی لەگەڵ گەلانی عەرەب و فارس و تورک لەپێناو بەدیهێنانی دیموکراسیەت، ئەویش لەبەر بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە کۆتاییهێنان بە ڕژێمەکانی کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگ و کۆنەپەرستان. کارکردنیش لەپێناو بەدیهێنانی ئەم هەماهەنگییە پێویست بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی هەریەک لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

٩. ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی، دۆزی کورد دیراسە بکەن و بۆ ڕای گشتیی نێوخۆ و جیهانی ڕوونبکەنەوە، بەتایبەتی بۆ گەلانی دراوسێ، ئەمەش وەک هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی ئەو هەماهەنگییە خوازراوەی نێوان تەواوی گەلان و کۆبوونەوەکە بەرگریکردن لەم دۆزە لەبەردەم دامەزراو و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا بەپێویست دەزانێت.

١٠.پێویستە بەستەرە مەعنەوی و هەزری و کلتوورییەکانی نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پتەوبکرێن.

١١.بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کلتووری نیشتمانیی کورد بەپێویست دەزانرێت لە سەرجەم ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت خەبات بکرێت لەپێناو ناساندنی زمانی کوردی بە زمانی فەرمیی ئەو ناوچانە و دەستەبەرکردنی تەواوی مافە ڕۆشنبیرییەکان. لە چاوەڕوانییی بەدیهێنانی ئەم مافەش، کۆبوونەوە، خزمەتکردنی کلتووری نیشتمانیی کورد لەچوارچێوەی کارەکەیدا بە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەزانێت، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی کە ئەو کلتوورە بە خەڵکانی دیکە بناسێنن و کۆمەڵەی هاوبەش دابمەزرێنن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیری لەگەڵ گەلانی دیکەدا.

سەبارەت بەم بابەتە، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی ئەوە وەبیر ئامادەبووان دێنێتەوە کە:".... کۆبوونەوەکەمان، کۆبوونەوەیەکی مێژوویی بوو و کاریگەریی دەبێت لەسەر گەشەسەندنی بزووتنەوەی کوردی و هۆشیاریی دروست .... چاو و دڵی گەلی کورد ئاراستەی ئێمە کراوە ....".

لە کۆتا ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا لێژنەیەکی کارگێڕی گشتی بۆ کۆمەڵەکە پێکهێنرا کە پێکهاتبوو لە هەریەک لە: ئەحمەد زمچی، سکرتێری کۆمەڵەکە، عیسمەت شەریف وانلی، جێگری سکرتێر، بەدیع قوتب، دارا تۆفیق ساڵحی، سەعدی دزەیی و دانش عارف ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، ئەوەی دواییش بە ئەمینداری سندووقی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا. ئەمەش بەپێی گوتەکانی دکتۆر ئەحمەد زمچی[٦٦].

دکتۆر زازا لە هەڵبژاردنی زۆربەی ئەوانەی دەستەی کارگێڕیی گشتی و سکرتێری کۆمەڵەکەش نیگەران بوو، چونکە زۆربەیان مەیلی چەپخوازی و شیوعییەتیان هەبوو، گوێنادەنە گەلە چەوساوەکەی خۆیان کە بەشبەشکراوە و پرسی گەلەکەیان نەبووەتە کاری لەپێشینەیان. کەچی زازا و عیسمەت شەریف وانلی و سەعدی دزەیی و کەسانی دیکە بە زەروورەتێکی نەتەوەییان دەزانی کۆمەڵەکە ببێتە ئاوێنەی بارودۆخی گەلی کورد لە ئەوڕوپا، ڕای گشتیی ئەوڕوپا لەو نکۆڵیکردن و چەشتنی ستەم و چەوساندنەوەی گەلی کورد لە سەرجەم پارچەکانی نیشتماندا ئاشنا بکات کە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان پەیڕەوی دەکەن. بە ئاشکراش نیگەرانیی

خـۆی لـە ئاسـت ئەنجامـی ئـەو هەڵبژاردنانـەدا دەربـڕی و بـە گوتـەی دکتـۆر زمچـی هەڕەشـەی بڕینـی هاوکارییـە دارایـیەکانـی لـە کۆمەڵەکـە کـرد. نووسـەری کـورد قـەدری جانیـش هۆشـداریی داوە لـەوەی کـەوا کارگێڕیـی کۆمەڵەکـە کەوتووەتـە دەسـت شـیوعی و چەپخوازەکانـی کـورد، ئەویـش لەڕێـی ئـەو نامەیـەی ئاراسـتەی دکتـۆر نورەدیـن زازای کردبـوو لەکاتـی ئامادەباشـییەکانی کۆنگرەکـە، بـە گوتـەی ئەحمـەد زمچـی کـە نامەیەکـی بـۆ شـۆێنی نیشـتەجێبوونی ناردبـوو، لـە نامەکـەدا گوتبـووی:".... ئاگادارېـن، ئاگادارېـن لـەوەی کڵاو سـوورەکان (Sorên teres) بێنـە نێـو کۆمەڵەکـەوە ..... [٦٧] ، مەبەسـتیشـی لـە کڵاو سـوورەکان، شـیوعی و چەپخوازەکانـی کـورد بـوو. دکتـۆر زازا حـەزی دەکرد عیسـمەت شـەریف سـکرتاریەتی کۆمەڵەکـەی وەربگرتایـە و داوای لـە چەند کەسـێک کـرد هەڵبژێرن، تەنانـەت دکتـۆر ئەحمـەد زمچیـش پێیگوتم:"منیـش حـەزم دەکـرد عیسـمەت شـەریف وانلـی سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـە بـکات". کەچـی زۆرینـەی ئامادەبـووان بـە سـکرتێری کۆمەڵەکەیـان هەڵبـژارد بەبیانـووی ئـەوەی؛ گوایـە ئـەوەی سـکرتاریەتی کۆمەڵەکـەی پێدەسـپێردرێت دەبـێ کـوردی بزانێـت، عیسـمەت شـەریف وانلیـش ئـەوکات کوردییەکـەی لاواز بـوو و چـۆن دەبـێ ببێتـە سـکرتێری کۆمەڵەیەکـی کـوردی، ئەگـەر زمانـی ناسـنامەی کۆمەڵەکـە نەزانێـت، بۆیـە عیسـمەت شـەریف وانلـی بـووە جێگـری سـکرتێر.

کاتێـک پرسـیارم لـە دکتـۆر ئەحمـەد زمچـی کرد ئاخـۆ بۆچی زازا خـۆی بۆ سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـە هەڵنەبـژارد لـە کاتێکـدا خۆی خـاوەن بیرۆکـە و بزوێنـەری سـەرەکیی کۆمەڵەکە و ئەندامێکـی چـالاک و هۆشـیار و تێگەیشـتووتر بـوو لـە هەمـووان - بـە دانپێدانانـی هەمـووان- گوتی:"داوامـان لێکـرد خـۆی بـۆ سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـە هەڵبژێرێـت، بـەڵام گوتـی ئـەو بەنیـازە بـەم نزیکانـە بگەڕێتـەوە سـووریا، بۆیـە نایەوێـت خـۆی بـۆ ئـەم پۆسـتە هەڵبژێرێـت". جـا هـەر بـە ڕاسـتی چەنـد ڕۆژێـک لـەدوای تەواوبوونـی کارەکانـی کۆنگرەکـە، دکتـۆر زازا لـە ڕێـی لوبنانـەوە گەڕایـەوە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و سـووریا.

بەداخـەوە بەشـداربووان، بڕیارەکانـی کۆنگرەیـان بـە دەسـتخەتی خۆیـان نووسـییەوە و هیـچ بەیاننامەیەکـی فەرمییـان بـە هیـچ زمانێـک بـۆ ڕای گشـتیی کـورد و جیهـان بڵاونەکـردەوە - بەپێـی گوتـەکان دکتـۆر ئەحمـەد زمچـی- کاتێـک پرسـیاری هۆکارەکـەم لێکـرد، گوتـی: پارەیەکـی ئەوتۆمـان لەبەردەسـتدا نەبـوو، بەیاننامەکـە چـاپ بکەیـن،

تەنانەت بەشێکی زۆری بەشداربووانی کۆنگرەکە پارەی ڕێگەیان پێنەبوو، بۆیە زازا بۆ ئەوانەی توانای داراییان کزبوو، کرێی ڕێگەکەیانی گرتە ئەستۆی خۆی، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بڕێک پارەشی دابوونێ. چونکە ئەو ساڵانە سیستەمی (سۆسیال – Sozialhilfe) نە لە ئەڵمانیا و نە لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دانەهاتبوو. بەپێی ئەو نووسینەی کەمال فوئاد کە لە ژمارە (٢-٣)ی ساڵی ١٩٨٨ی گۆڤاری (هاڤیبوون) دا بڵاوکراوەتەوە، دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە بەپێی ئەلفوبێی عەرەبی ناوەکانیان بریتی بوون لە: ١- ئەحمەد زمچی (عەفرین – ڕۆژئاوای کوردستان)، ٢- ئەحمەد ڕەسوڵ (عەفرین – ڕۆژئاوای کوردستان)، ٣- بەدیع قوتب (باشووری کوردستان)، ٤- تەحسین محەمەد ئەمین هەورامی (باشووری کوردستان)، ٥- دانیش عارف (جەزیرە – ڕۆژئاوای کوردستان)، ٦- حەسەن زولفیقار (باشووری کوردستان)، ٧- دارا تۆفیق (باشووری کوردستان)، ٨- سەعدی ئەحمەد دزەیی (باشووری کوردستان)، ٩- تاهیر خەفاف (باشووری کوردستان)، ١٠- زاهیر حوسێن (باشووری کوردستان)، ١١- عیسمەت شەریف وانلی (ڕۆژئاوای کوردستان)، ١٢- عومەر ڕەمزی (باشووری کوردستان)، ١٥- مستەفا سەدری قازی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، ١٦- دکتۆر نووری زازا (باکووری کوردستان)، ١٧- یوسف ئەدیب (باشووری کوردستان).

لە دیدارێکمدا لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد زمچی کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵە نوێیەکە، پێیگوتم:"حەسەن زولفیقار و مەحموود کانەبی و یوسف ئەدیب بەشداربیان لە کۆنگرەکەدا نەکردبوو، دواتر هاتنە نێو کۆمەڵەکەوە. ئیحسان فوئاد کە کوردێکی باشووری و ناوی لەنێو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکەدا نەهاتووە لە نووسینەکەی کەمال فوئاددا، لەگەڵ ئێمەدا بوو، واتە بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کردبوو و یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە. سەبارەت بەو سێ ناوەی لە نووسینەکەی کەمال فوئاددا هاتبوو، لە بەدیع قوتبم پرسی - ئەمە گوتەی ئەحمەد زمچیە- لەگەڵ منداهاوڕا بوو، واتە ئەم سێ کەسە بەشدارنەبوون لە کۆنگرەی یەکەم". ئەحمەد زمچی دەڵێت: دارا عارفی بۆ دانیش عارف، ئەویش یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆنگرەکە، بەڵام لەسەر داواکاریی خۆی ناوی نەخرایە نێو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە، چونکە بەتەمای گەڕانەوە بوو بۆ نیشتمان. لە سەعدی دزەییشم پرسی، ئەو گوتی:"ئەوە من بووم ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکەم دابوو

بـە کەمـال فوئـاد و لـە تۆژینەوەکەیـدا ئامـاژەی بـە نـاوەکان کردبـوو و ئـەوەی ئەحمـەد زمچـی دەیڵێـت - وەک تـۆ دەڵێـی- دروسـت نییـە ... ئەگەریـش مەحمـوود کانەبـی لـە کۆنگرەکـەدا نـە بوایـە، تـای تەرازووەکـە بـەلای شـیوعییەکاندا نەدەشـکایەوە و بەهـۆی ئـەوەوە زمچـی بـووە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە".

بەشداربووانی ئەوکاتی کۆمەڵەکە لەم وڵاتانەوە هاتبوون:

ئەڵمانیـای فیـدراڵ: ئەحمـەد زمچـی، ئەحمـەد ڕەسـووڵ، یوسـف ئەدیـب، تاهیـر خەفـاف، بەدیـع قوتـب، مسـتەفا سـەدری قـازی.

نەمسا: دانیش عارف (دواتر لە ئەڵمانیا گیرسایەوە).

سویسرا: دکتۆر نورەدین زازا و عیسمەت شەریف وانلی.

بەریتانیـا: سـەعدی دزەیـی، دارا تۆفیـق، تەحسـین هەورامـی، عومـەر ڕەمـزی، فوئـاد ڕەشـە، زاهیـر حوسـێن. ئـەو ناوانـەی بۆچوونـی جیاوازیـان لەسـەر بـوو، هـەر هەموویـان لـە ئەڵمانیـاوە هاتبـوون.

لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی کێشـەی دیاریکردنی مێژووی بەسـتنی کۆنگرەکەش بووینەتەوە. لـە یاداشـتنامەکەی دکتـۆر زازادا هاتـووە؛ ئەو"لـە کۆتایی مانگـی حوزەیرانی سـاڵی ١٩٥٦ لە ڕێـی بەیرووتـەوە گەڕاوەتـەوە سـووریا ..."لەلایەکـی دیکـەوە کەمـال فوئـاد لەو نووسـینەی پێـشتر ئاماژەمـان پێیـداوە و نووسـینی چەنـد کەسـێکی تریـش کە بابەتـی مێژووی بەسـتنی کۆنگرەکەیـان وروژانـدووە، دەڵێـن: کۆنگرەکـە لەنێـوان (١٠ – ١٦ی ئـاب) بـەستراوە. هـەر سـەبارەت بـەو بابەتـە لـە ئەحمـەد زمچیـم پرسـی، ئـەو دەیگـوت: بـە دروسـتی مێـژووی بەسـتنی کۆنگرەکـەم لەبیرنەمـاوە، ئەوەم لەبیرە کە لـە هاویندا بـەستراوە. کاتێک بابەتەکەم لەگەڵیـدا دووبـارە کـردەوە و داوام لێکـرد لـە ماڵـی خۆیـدا بگەڕێـت، بەڵکـو بەڵگەنامەیەک سـەبارەت بـە مێـژووی بەسـتنی کۆنگرەکەی تێـدا بێت، یاخـود پەیوەندی بە بەشـداربووانی دیکـەی کۆنگرەکـە بـکات، لـە ماڵەکـەی خۆیـدا وێنەیەکـی خـۆی و هاوسـەرەکەی و دارا عارفـی میوانـی دۆزییـەوە. بـرای دانیـش عارف کە ئەوکات سـەردانی براکـەی کردبوو و وەک میوانێـک بەشـداریی لـە کۆنگرەکـەدا کردبـوو، لـە پشـت وێنەکـەدا نووسرابـوو: (ئەمستردام – ئابـی ١٩٥٦) و خـۆی و هاوسـەرەکەشـی دووپاتـی دەکەنـەوە کـە دەسـتبەجێ لەگـەڵ

میوانەکەیاندا پاش تەواوبوونی کۆنگرەکە چونەتە ئەمستردام و لەوێ ئەو وێنەیەی بۆ یادگاری گرتبوو. سەبارەت بە گەڕانەوەی زازا بۆ سووریا، عیسمەت شەریف وانلی لە یاداشتنامەکەیدا کە لە (٣٠ی ئاداری ٢٠٠٥) نووسیویەتی، دەڵێ:"... ڕەوانشاد نورەدین زازا دەستپێشخەریی لە دامەزراندنی کۆمەڵگەکەدا کردووە، بەڵام پاش کۆنگرەکەی قیسبادن لە ١٩٥٦ دەستبەجێ گەڕایەوە سووریا ..."بەڵام لەو گوتەیەی لە کۆنگرەی سێی کۆمەڵەکە لە هاوینی ساڵی ١٩٥٨دا خوێندبوویەوە دەڵێت:"... کاتێک بۆ یەکەمین جار لە قیسبادن لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٦دا کۆبوونەوە، بە برایانی ئامەدەبووانی کۆنگرەکەم گوتبوو ئەم کۆبوونەوەیەمان مێژوویی و بایەخی خۆی دەبێت لە گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ...." جا ئەگەر وایدابنێین کۆنگرەکە هەفتەیەکی ڕەبەقی خایاندبێت و بەشداربووان لە چوار دەوڵەتی ئەوڕوپاوە هاتبن، دەردەکەوێت کە کۆنگرەکە لە وەرزی هاوینەدا بەستراوە، زۆربەی کۆنگرەکانی دیکەی کۆمەڵەکە لە هاویناندا بەستراوە، چونکە لە ئەوڕوپاش هاوینان پشووی هاوینەیە و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کۆنگرەکە لە مانگی ئابدا بەستراوە نەک مانگێکی تر، واتە ئەو مێژووەی دکتۆر زازا ئاماژەی پێکردووە، شێوێنراوە و ڕەنگە هەڵەی چاپیش بێت یاخود ....؟ بەتایبەتی ئەو یاداشتنامەکەی لەم ساڵانەی دوایی تەمەنیدا نووسیوە، واتە پاش بیست ساڵ لە بەستنی کۆنگرەکە، یاخود بە ئەنقەست ئەم مێژووەی نووسیوە و هۆکارەکەشی دیار نییە!.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین؛ سەرجەم تۆژەران و نووسەران و ئەو ڕۆشنبیرانەی باسیان لە کۆمەڵەی قوتابیانی کورد کردووە لە ئەوڕوپا، ئاماژە بەوە دەدەن کە ساڵی (١٩٥٦) ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونانەدا نین و ساڵی (١٩٤٩) بە ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەکە و دەستپێکی چالاکییەکانی دادەنێین و ئەو ساڵانەشی دەکەونە نێوان ئەو دوو مێژووە، ساڵانی چەقبەستن و سستبوونی کۆمەڵەکە بووە، هەرچەندە ماوەکەش زۆرە. ئێمە لەم بۆچوونەشماندا پشت بە خاوەن دەستپێشخەریکەر و کۆڵەکەی کۆمەڵەکە دەبەستین، واتە دکتۆر نورەدین زازا کە هەر خۆی بوو چالاکییەکانی کۆمەڵەکەی کاراکردووەتەوە و عیسمەت شەریف وانلی و شەوکەت ئاکرەیی بەشداربیان لەو دوو کۆنگرەیەی دامەزراندنداکردووە و بۆ دووپاتکردنەوەی بۆچوونەکەشمان، ئەوەتانێ خودی دکتۆر زازا لە پێشەکیی چاپی یەکەمی گۆڤاری (Hêviya Welêt)دا نووسیویەتی:"... لە ساڵی

١٩٥٦کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا نوێکراوەتەوە ...."بە جەختکردن لە وشەی (نوێکراوەتەوە).

لەمەشەوە ڕاستترە بڵێین؛ ساڵی (١٩٥٦) ساڵی دەستپێکردنەوەی دووەمی کۆمەڵەکەیە، یاخود بەلای کەمی دەتوانین بڵێین: ئەم کۆمەڵەیە درێژکراوەی کۆمەڵەی یەکەمە. لە ژمارە سێی گۆڤاری (Dengê Komelê)دا کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٢ بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، بڕگەیەک بەناونیشانی: بۆئاگاداری! بۆئاگاداری! بڵاوکراوەتەوە ئەمە بەشێکی ئەو ئاگادارییەیە:"... بەرام نوردەیدین زازا، دامەزرێنەی کۆمەڵەکەمان ... ڕاپۆرتێکی دووردرێژی لەژێر ناوی"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی"لە ڕێگەی لێژنەی لقی بەرلین بۆ ناردووین ... ئەم ڕاپۆرتە بەپێزە لەئێستادا لەشێوەی کتێبێکی قەبارە بچووکدا بە هاوکاریی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لەژێر چاپکردندایە و بەسەر سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵەکە دابەشدەکرێت"". لەوانەشە کەسانێک هەبن ڕای جیاوازیان هەبێت، ئەمەش مافی خۆیەتی.

بەدڵنیاییەوە حەز ناکەین ڕۆڵی تاکە کەس پێش ڕۆڵی دەزگاکان و کاری بە کۆمەڵ بخەین، جا ئەو کەسە چەندیش بەتوانا و خاوەن شکۆ بێت، لە کۆتاییدا بەرهەمێکی سنووردارى دەبێت ئەگەر کەسانێکی دیکە دەوری نەدەن و هاوکاریی نەکەن لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا. ئێمەش لێرەدا پەرۆشی مێژووی کۆمەڵەکە و تۆمارکردنی سەردەمێکی مێژوویین لە مێژووی کوردی ئەوروپا، با ئەو مێژووە کورتیش بێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێتە بەشێک لە کۆی مێژووی گەلی کورد. مێژووەکەش دەبێ وەکو خۆی بە هەموو لایەنە نەرێنی و ئەرێنییەکان... سەرکەوتنەکان و نشوستییەکانییەوە تۆماربکرێت و خۆمان بەدووربگرین لە کەمکردنەوەی ڕۆڵ و نکۆڵی کردن لە ڕۆڵی هەر تاکە کەسێک یان لە پێشخستن و گەورەکردنی ڕۆڵی کەسانی دیکە، قەبارەی ڕۆڵەکەشی هەر چ جۆرێک بێت و چ بەهایەکی هەبێت. بە واتایەکی دیکە پێویستە بەدوور بێت لە بۆچوون و هەست و نەستی تاکە کەسیدا. پێکهێنانی دادگا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپا و دانیشتنەکانی دادگاکە بێهوودە نییە، بۆ ئەو کەسانەی لەژیاندا نەماون یاخود دەیان ساڵە بزرن، سەدان هەزار دۆلاریش خەرجبکرێت، لەپێناو دادپەروەری و گێڕانەوەی ماف بۆ مافداران. کەسانێکی زۆر تاوان

و کردەوەی قێزەونیان ئەنجامداوە، یاخود هیچ نەبوونە و لەلایەن چەند قەڵەمێکەوە کراونەتە پاڵەوان و فووپانتێکراوە و کراونەتە کەسانی مەزن لە مێژوودا، لەبەرانبەریشدا پیاوان و ئافرەتانی زۆر هەن، چ بیرمەند بن یان سیاسەتوان یانیش هونەرمەند یان ... خزمەتی گەلی خۆیان و تەواوی مرۆڤایەتییان کردووە و ڕۆڵی کاریگەریان لە پێشکەوتن و بەختەوەریی گەلاندا هەبووە کەچی بە نارەوا پرۆتستۆکراون، یان دادگاییکراون و وێنە و ناو و ناوبانگیان شێوێنراو، یان پەراوێزخراون و نە گەلەکەی خۆی و نە مێژووش دادپەروەر نەبووە لەگەڵیان.

پاڵنەری نووسینی ئەم پێشەکییەم کە ڕەنگە کەسانێک هەبن بپرسن، ئەم پێشەکییە چ پەیوەندیی بە بابەتی کتێبەکەتەوە هەیە؟ ئەمە دەمارگیرییە دەرهەق دامەزرێنەی کۆمەڵەکە دەکرێت کە مەبەستم ڕەوانشاد دکتۆر نورەدین زازایە. هەموو ئەو تۆژەر و نووسەر و ڕۆشنبیرانەی باسیان لە مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کردووە، چ لە نووسن و چ لە دیمانە و گوتەکانیان ناوی ئەویان لەگەڵ چەندین دامەزرێنەری دیکەدا هێناوە، لەکاتێکدا ڕاستییەکەی ئەمەیە: ڕۆڵی هەر هەموویان بەقەد ڕۆڵی دکتۆر نورەدین زازا نەبووە، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەوانەی ڕەنجیان لەپێناو کۆمەڵەکەدا داوە، سەرباری ئەوەی خۆی خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیە، بزوێنەرێکی سەرەکیی کۆمەڵەکەش بووە، هەموو بارگرانیی چالاکییەکانی کۆمەڵەکەشی لەئەستۆگرتووە. ئەمە نەک هەر لە قۆناغی یەکەم، واتە ساڵانی (١٩٤٩- ١٩٥٠)، بەڵکو لە دووبارە دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانیشی لە قۆناغی دووەم کە دەکاتە ساڵی (١٩٥٦). ئەمەش بە مانای ئەوە دێت؛ ئەگەر بهاتباو دکتۆر زازا تێچووی ئامادەبوونی بەشداربووانی کۆنگرەی یەکەمی نەخستایەتە ئەستۆی خۆی، کۆمەڵەکە نەیدەتوانی جارێکی دیکە خۆی لەسەر پێ ڕابگرێتەوە و دەست بە چالاکییەکانی خۆی بکاتەوە، بەها و ڕۆڵی هەر کەسێک یان دامەزراوەیەک بە ماوەی کارکردنی ناپێوریک، بەڵکو بەرهەم و ئەنجامەکانی دەبنە پێوەری ئەو کارانەی.

هەرچەندە بەشێک لەوانەی باسی کۆمەڵەکەیان کردووە، ئەم ڕاستییە نازانن، ئەوانیش بیانوویان نییە، چونکە بەپێی پێوەرەکانی تۆژینەوەی زانستی و مێژوو خۆیان بە تۆژینەوەکە ماندوو نەکردووە و بەپێی پێویست بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵنەبوونە. ئەگەر

بەشێکی تریشیان ڕاستییەکەیان زانیبێت و چاوپۆشییان لە خستنەڕووی ئەو ڕاستییانەدا کردبێت، کارەساتەکە گەورەتر، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەو پیاوە نادادپەروەریی بەرانبەر کراوە و لەلایەن بەشێکی زۆریش لە تۆژەران، نکۆڵی لە چاکەکانی کراوە.

جا بەو پێیەی ئێمە باس لە ژیاننامەی خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە دەکەین کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ناساندنی کورد و کوردستان بە ڕای گشتیی ئەوروپادا هەبووە، ئەم پرسیارەشمان بەبیردا دێت: بۆچی دکتۆر زازا پاش گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا لە جاری دووەم لە ساڵی ١٩٧٠ هیچ چالاکییەکی لە کۆمەڵەکەدا نەبوو و هەر دوور بە دوور پشتیوانیی کردووە؟

لە ڕاستیدا زۆرمان هەوڵدا هۆکارەکانی ئەم خۆ بەدوورگرتنەی زازا بزانین لە ئەندامە دێرینەکانی کۆمەڵەکە و تەنانەت لە هاوسەرەکەشی، وەڵامێکی دیاریکراومان دەستنەکەوت، بەڵام خۆمان دەیگەڕێنینەوە بۆ ئەم دوو هۆکارە سەرەکییە:

یەکەم: ماندووبوونی دەروونی و جەستەیی خودی خۆی پاش ئەوەی هەموو تاڵییەکانی ڕاوەدونان و هەراسانکردنی چەشت، هەر لە شوێنی لەدایکبوونی لە شاری مادن لە باکووری کوردستان تا دەگاتە سووریا و عێراق و ئوردن کە لە هەرسێ وڵاتدا بەندکراوە تا دەگاتە لوبنان، تا دواجار ناچار بوو تا مردن لە سویسرا نیشتەجێ بێت.

دووەم: بریندارکردنی بە خەنجەری غەدر و خیانەت و دزی لەلایەن دوو خزمی خۆیەوە کە کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردەسەر زازا. ئەو کاتێک لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بوو، دۆخی دارایی زۆر باش بوو، چەندین کۆگای دەرمان و ژمارەیەک پارچە زەویی لە گەڕەکی کوردان هەبوو لە دیمەشق و دەوروبەری کە لەمڕۆدا بە ملیۆنان لیرەی سووری دەخەملێنرێت. هاوینان هۆشەنگ عوسمان سەبری لەلای دکتۆر زازا کاری دەکرد، ئەوکات زازا سەرقاڵی کاری حزبی و کوردایەتی بوو و کاتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەمابوو ئاگای لە کۆگاکانی دەرمانەکان بێت. کوردێکی دانیشتووی دیمەشقی ڕاسپاردبوو دەرمانەکان بەسەر دەرمانخانەکاندا دابەش بکات، ئەو کەسە ڕاسپێردراوە دەرمانەکانی دەفرۆشت و بەشێک لە پارەکەی بۆخۆی گلدەدایەوە. جا کە هۆشەنگ بەو کارە دەزانێت، دکتۆر زازای لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش دەریدەکات، کوردێکی دیکەی دیمەشق لەجێگەی ئەو دادەنێت کە ناوی حەسەن دێرکی بوو. ئەم پیاوە بە هاوکاریی

خێزانەکەی، بە فێڵبازی و سکڕەشی خۆیان، متمانەی دکتۆر نورەدین زازایان بەدەستهێنا. لەو کاتەشدا حکومەتی سووریا خەریکی داڕشتنی یاسایەک بوو کە بەپێی ئەو یاسایە حکومەت دەستکراوەبێت لەوەی دەست بەسەر موڵک و ماڵی هەر زیندانییەکی سیاسیدا بگرێت، دکتۆر نورەدین زازاش دەیزانی هەر ڕۆژێک بێت دەستگیر دەکرێت، بەتایبەتی کە ئەوکات سەرۆکی (پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا) بوو، زۆریش متمانەی بە حەسەن دێرکی دەکرد، بۆیە تەواوی کۆگاکانی دەرمان و زەویوزار و موڵکی هەبوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی خانوبەرەدا بەناوی حەسەن دێرکی کرد. ئەوەی دکتۆر زازاش لێیدەترسا لە ١٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ ڕوویدا و لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردەدا لە هەڵمەتی یەکەمدا دەستگیر کران. جا کاتێک ئازاد دەکرێت، دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی لە کۆگاکانی دەرمان، پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر ئازادکردنی زازا لە نووسینگەکەی دانیشتبوو، حەسەن دێرکی بڕە پارەیەکی دەرکرد و دای بە زازا. زازا لێی دەپرسێ ئەم پارانە چین؟ حەسەن پێیدەڵێ ئەوە مانگانەی خۆتە. ئەوکات زازا لە مەبەستی کابرا تێدەگات، هەوڵدەدات بەبێ هەراوهوریا موڵک و ماڵەکەی لە حەسەن وەربگرێتەوە، تێشبیگەیەنێت کە ئەو نەکی زازای کردووە، چۆن ویژدانی هەڵدەگرێت ئاوا دەست بەسەر موڵک و ماڵیدا بگرێت، بەڵام دێرکی[٦٨] سپڵە دەرچوو و هیچ چاکەیەکی زازای لەبەرچاو نەبوو، هەرچەند کەسانی عاقڵمەندیش نێوەندگیرییان کرد، بەڵام بێهوودە بوو، دەشڵێن دێرکی ناچار کرا بڕە پارەیەک بداتە زازا کە نەیدەکردە دە یەکی نرخە ڕاستەقینەکەی کۆگا و زەویوزارەکانی. دواتر دێرکی چەندین کۆگای دەرمان لە حەلەب بۆ براکەی دەکاتەوە و ناویاندەنێت (کۆگاکانی دێرکی).

ئا بەم شێوەیە دەبینین؛ دکتۆر زازا نەک دووچاری گوشارێکی دەروونیی بێوێنە بووە لەلایەن دوژمنانی گەلەکەی، بەڵکو لەلایەن کەسانی دیکەشەوە ناپاکیی لێکراوە کە ئەو هەمیشە لەپێناو ڕزگارکردنیان لە دواکەوتوویی و کۆیلەییدا خەباتیکردووە، لەو باوەڕەشدام ئەمەیان زۆر تاڵتڕە لە گوشارەکانی دوژمنان. بەڵام ئەو پرسیارەی بە مێشکماندا دێت ئەوەیە: بۆچی دکتۆر زازا ئەم ناپاکییانەی کوردی لە یاداشتنامەکەیدا نەخستووەتەڕوو؟ وەڵامەکەشی بە ئاسانی ئەوەیە: من وایدەبینم دکتۆر زازا پیاوێکی مەزنە و نەیویستووە کارەساتێکی دیکە بخاتە سەر چەرمەسەرییەکانی گەلی کورد، ئەویش ئەوەیە؛ کورد لە زۆرینەی جارەکاندا خۆیان زوڵم و خیانەت لەیەکتری دەکەن و قۆڵی یەکتر دەبڕن.

کۆنگرەی دووەم

لەکاتی باسکردنی کۆنگرەی یەکەمدا ئەوەمان ڕوونکردەوە کە دکتۆر نورەدین زازا بزوێنەری سەرەکیی دامەرزاندنی کۆمەڵەکە بووە، ئەوەشمان خستووەتەڕوو کە لە زۆربەی ئەو ئەندامانە ڕازی نەبوو کە لە دەستەی کارگێڕیی گشتیدا بوون، بە سکرتێرەکەشیەوە، چونکە ئەمانە مەیلی چەپخوازی و شیوعییەتیان هەبوو و هێندە پەرۆشی کێشەی نەتەوەیی کورد نەبوون، ئەمە بە پراکتیکیش هەستی پێدەکرا و سکرتێری کۆمەڵەکە و دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتی، بە درێژایی ساڵ و نیوێکی تەمەنی کۆمەڵەکە، دانش عارف و بەدیع قوتب لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان کەمترخەم بوونە، کاتێک پرسیاری هۆکاری ئەم کەمتەرخەمییەم لە ئەحمەد زمچی پرسی، گوتی:"

نە کاتمان هەبوو و نە توانای دارایی پێویستمان لەبەردەستدا بوو، چونکە نورەدین زازا بەجێیهێشتین و گەڕایەوە سووریا"دووبارە پرسیارم لێکرد: ئەدی بۆچی خۆتان بۆ دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەکە هەڵبژارد، ئەگەر دەزانن کات و توانای دارایيتان نییە؟ هەمان وەڵامی پێشووی بۆ دووبارە کردمەوە و بڕوام بە وەڵامەکەی نەبوو، بەتایبەتی ئەگەر بزانین خودی دکتۆر ئەحمەد زمچی - بە گوتەی خۆی - لە ساڵی (١٩٥٧ تا ١٩٥٨) سەرۆکایەتیی (یەکێتیی قوتابیانی عەرەبی)ی دەکرد کە بارەگاکەی لە شاری (میونخ - München) بوو.

کاتێکیش دانەیەک لە چاپی یەکەمی (ئەزموونی)م بە دیاری دایە سەعدی دزەیی و داوام لە خۆی و چەند چالاکوانێکی کۆمەڵەکە کرد، سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە بخەنەڕوو، بە سوپاسەوە کۆمەڵێک سەرنج وتێبینیی بەسوودی بۆ ناردم، لەو تێبینیانەش:"ئەوەی دکتۆر زمچی سەبارەت بە بیانووی کەمتەرخەمییەکانی لە نەبوونی کات و توانای داراییدان بە هیچ جۆرێک ڕاست نییە، خۆ منیش ئەوکات ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی بووم، یەک نامەم لە ئەحمەد زمچییەوە پێنەگەیشت و وەڵامی یەک نامەشی نەداوینەتەوە، .... و پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ بە ڕێککەوت لە شاری کۆڵن بینیم، دوای چاک و چۆنی کەمێک گەڕاینە دواوە و بە کورتی پێیگوتم: دوای

دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هەڵبژاردنم بە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە، نامەیەکم لە کەسێکەوە پێگەیشت کە ناوی خالید بەکداش بوو و فەرمانی پێکردم چیدی لەم کۆمەڵەیەدا کار نەکەم، منیش کە ئەندامێکی حزبی شیوعی بووم، نەمتوانی ئەم فەرمانە پێشێل بکەم ...".

بۆیە ئەندامانی دیکەی دەستەی کارگێڕیی گشتی کۆمەڵەکە و ئەوانی دیکە تێبینیی ئەوەیان دەکرد کە کۆمەڵەکە بەرەو مردنێکی لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت، وەکو هەوڵێک بۆ کاراکردنی ڕۆڵی کۆمەڵەکە و کۆتاییهێنان بەم سڕبوون و سستییە بێنن، داوای بەستنی کۆنگرەیەکیان لە لەندەن کرد، بەڵام نە سکرتێری کۆمەڵەکە - دکتۆر ئەحمەد زمچی - و نە دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕییەکە - دانش عارف و بەدیع قوتب- و نە ئەوانەی لە ئەڵمانیا بوون ئاگادارکرانەوە. کاتێکیش پرسیاری هۆکاری ئاگادارنەکردنەوەی ئەوانم لە دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی پرسی، ئەو گوتی:"ئەمانە شیوعی بوون و بە هیچ جۆرێک سەرکەوتنی کۆمەڵەکەیان ناوێت". ئەم پرسیارەشمان بەمێشکدا دێت: ئەگەر ئەمانی شیوعی و چەپخوازبن[٦٩] و سەرکەوتنی کۆمەڵەکەیان نەوێت، ئەدی کێ ناچاری کردبوون لە کۆنگرەی یەکەمدا بەشداربن؟ ئایا بەشداربوونی ئەمانە، تەنیا بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و لەمپەر خستنەبەردەم پێشکەوتنەکانی بوو؟!!.

شایانی باسە کاتێک لەئایاری ساڵی ١٩٥٧، میرزا کاتۆ بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵە خوێندکارێکی کورد لە ئەوڕوپا، بانگەوازێکی بۆ قوتابیانی کورد دەرکرد و داوای پێکهێنانی (لێژنەیەکی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی گشتیی کوردان) کرد، هەڵبەت ئەم بانگەوازە هاندەرێکی دیکە بوو بەرەو ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەم و لە بانگەوازەکەدا هاتبوو:"... ئێمە کۆمەڵە کوردێکین لە ئەوڕوپا، پشتمان بە تواناکانی گەلەکەمان و هاوکاریی گەلانی دراوسێ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکانیان بەستووە، پێشنیازی بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ قوتابیانی کورد دەکەین کە سەرجەم ئاراستە هزرییە نیشتمانییەکان و ڕێکخراوە نیشتمانییە کوردییەکان و لقەکانی ڕێکخراوە نیشتمانییە کوردییەکان و ڕێکخراوە کلتووریییەکان و کەسایەتییە کوردپەروەرەکان لەخۆبگرێت و گەنگەشەی کێشەی کورد بکات و سیاسەتێکی

گشتگیر بۆ کورد دابڕێژێت و پەیڕەو بکرێت و کار لەپێناو جێبەجێکردنیدا بکرێت.

ئێمە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەو باوەڕەداین کە بەستنی کۆنگرەیەکی گشتیی کورد و دارشتنی سیاسەتێکی گشتگیر بۆ کورد یاریدەدەرێکی بەهێز دەبێت لە ئازادکردن و یەکخستنەوەی کوردستان و تیرێک لە سینگی کۆلۆنیالیزم دەدات و هۆکارێکی سوودبەخش دەبێت بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی و برایەتی نێوان کورد و نەتەوەکانی دراوسێ ..."[٧٠].

ئەم کۆنگرەیە لە (٢ بۆ ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨) بە ئامادەبوونی ٢٢ کەس لە لەندەن بەسترا، ئافرەتێکی کورد بەناوی نازدار ڕەشید جەودەت لە باشووری کوردستان یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆنگرەکە و ئەمە جاری یەکەمە ئافرەتێکی کورد لە کۆنگرەیەکی ئەم کۆمەڵەیەدا بەشدار بێت.

بە گوتەی سەعدی دزەیی تەنیا دوو کەس لە دەرەوەی بەریتانیا ئامادەی کۆنگرەکە بوون، ئەوانیش: عیسمەت شەریف وانلی لە سویسرا و عومەر دزەیی بوو لە نەمسا، ئەوانی دیکە هەموویان نیشتەجێی بەریتانیا بوون. گرنگترین بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە، دەرکردنی گۆڤارێک بوو بە ناوی (Kurdistan) بە زمانی ئینگلیزی و گۆڤارێکی تر بە هەمان ناو، بەڵام بە هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و زاهیر حوسێن سەرنووسەری بوو[٧١] - بە گوتەی سەعدی دزەیی- . هەروەها بڕیاردرا کۆنگرەی سێیەم لە هاوینی هەمان ساڵدا لە شاری میونیخی ئەڵمانیادا ببەسترێت و هەر واش بوو. کەچی سەردار ئاراراتی ڕژدە لەسەر ئەوەی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەکە کە لە (٤ – ٨ی ئابی ١٩٥٨) لە شاری میونیخ بەسترا، کۆنگرەی دووەم بێت نەک سێیەم، دکتۆر نەجیب خەفافیش هەمان بۆچوونی هەیە، -بە گوتەی خۆی- بە دەستخەتی خۆی دەقی داوەتنامەکانی بۆ بەشداربووان نووسیبێت، بەڵام گوتەی ئەم دووانە زۆر بەدروست نازانرێت، چونکە هەموو وتووێژەکانی کۆنگرەی سێیەم و بڕیارەکانیشی، بە ڕاگەیەنراوی کۆتاییشیەوە لە ژمارە سێی تایبەتەکەی نوسخە عەرەبییەکە لە گۆڤاری (Kurdistan)دا بڵاوکراوەتەوە. لە کۆتایی ئەم کۆنگرەیەدا عیسمەت شەریف وانلی بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و بە پێشنیازی ئەو -بە گوتەی سەعدی

دزەیی- عومەر دزەیی بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردران، لەبەرئەوەی سویسرا و نەمسا زۆر نزیکن لەیەک، هەروەها بە سەرۆکی لقی نەمسا و عومەر دزەیی بە بەرپرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ قوتابیانی کورد لە ئەستەنبوڵ هەڵبژێردرا، چونکە عومەر دزەیی پێشتر لە تورکیا دەیخوێند، هەروەها زاهیر مەحموود حوسێن بە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە و هەریەک لە: سەعدی دزەیی، تەحسین هەورامی، سەڵاح سەعدوڵڵا، بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتی هەڵبژێردران. هەر لەم کۆنگرەیەشدا پۆستی (سەرۆک) داهێنرا.

کۆنگرەی سێیەم

کارەکانی ئەم کۆنگرەیە لە (٤ بۆ ٨ی ئابی ١٩٥٨) لە شاری میونیخی ئەڵمانی بە بەشداربوونی (٢٠) خوێندکاری کورد بەسترا کە لە ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، سویسرا و نەمساوە هاتبوون، بەپێی کات و شوێنی دیاریکراو کە لە کۆنگرەی دووەمدا بڕیاری لەسەر درابوو. ژمارەیەک لە قوتابیانی نوێی کوردیش بەشداربوون کە تازە هاتبوونە ئەوڕوپا و بریتی بوون لە: نیزامەدین کایا (سەردار ئەراراتی) لە باکووری کوردستان و یەکەمین خوێندکاری کوردی باکووری کوردستانە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکات، زاهیر مەلا حوسێن، نەجیب خەفاف کەمال فوئاد لە باشووری کوردستان کە سەرنجی بەشداربووانی کۆنگرەکەی بە تێهەڵچوونە بەپێز و بۆچوونە دروستەکانی سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشابوو -بە گوتەی سەردار ئاراراتی- ژمارەیەک لە قوتابیانی عێراق و خوێندکارێکی ئوردن و نوێنەری لاوان و قوتابیانی باکووری کوردستانیش بە نوێنەرایەتیی عوسمان گوڵشین میوانی کۆنگرەکە بوون کە ئەوکات لە بەرلین دەیخوێند -بەپێی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە- .

کارەکانی کۆنگرە بە گوتەیەکی گشتگیری سەرۆکی کۆمەڵەکە، عیسمەت شەریف وانلی دەستپێکرد، پاشان بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانانی عەرەب و کورد کرا، وانلی لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر بارودۆخی گەلی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باسی سیاسەتی نکۆڵیکردنی ئەو گەلەی کرد لەسەر خاکی مێژوویی خۆی، ئینجا هاتەسەر ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرست و شۆفێنییانەی نەتەوەی کردووەتە ئامانج، پاشان هاتە سەر عێراق و باشووری کوردستان و شۆڕشی ١٤ی تەموز کە عەبدولکەریم قاسم سەرۆکایەتیی وەزیرانی دەکرد و بەم شێوەیە وەسفی کرد:"... شۆڕشی ١٤ی تەموز، شۆڕشی ئازادی و دیموکراسیەتە دژی زوڵم و گەندەڵی و کۆلۆنیالیزمە، شۆڕشی کورد و عەرەبە لە عێراق ..."کە ڕێگەی بە گەڕانەوەی سەرکردەی مەزن مستەفا بارزانی دا لەیەکێتی سۆڤیەتەوە بگەڕێتەوە نیشتمان و داننانی دەستووری عێراق لە مادەی سێدا کە عەرەب و کورد هاوبەشن لە نیشتمانی عێراقدا."... هەروەها ئاماژەدانی عەبدولکەریم قاسم بە گرنگیی هەماهەنگیی نێوان کورد و عەرەب

لەچوارچێـوەی گوتەیەکیـدا بـۆ قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق و شـاندێکی کـوردی سـووریا[٧٣] لـە ١٨ی ئەیلـوول کـە گوتـی: (بـە هاوکاریـی نێـوان عـەرەب و کـورد بووینـە هێزێکـی پۆڵاییـن بـۆ تۆقاندنـی دوژمـن)". دواتـر سـەرۆکی کۆمەڵەکـە بـە دوورودرێـژی چالاکییەکانـی کۆمەڵـەی لەنێـوان هـەردوو کۆنگـرەی دوو و سـێ بـۆ ئامادەبـووان خسـتەڕوو. پێشنیازێکیشـی خسـتەبەردەم بەشـداربووانی کۆنگرەکـە بـۆ گۆڕینـی نـاوی کۆمەڵەکـە لـە (کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیریی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا) بـۆ (کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا) واتـە لادانـی وشـەی (ڕۆشـنبیری) لەسـەر نـاوی کۆمەڵەکـە. بـە بەشـداربووانی کۆنگرەکەشـی ڕاگەیانـد:"... ناتوانیـن بـەردەوام بیـن لەسـەر جوداکردنـەوەی خۆمـان لـە خەباتـی گـەلمان لەپێنـاو ئـازادی و چارەسـەرکردنی کێشـە نیشـتمانییەکەی، ناشـتوانین بـەردەوام بیـن لـە مانەوەمـان لـە چوارچێـوەی قاوغـی ڕۆشـنبیری؛ بـەو واتـا بەرتەسـکەی ئێسـتا، بەڵکـو پێویسـتە لـە چالاکیـی بواڕەکانـی دیکەشـدا بەشـدار بیـن، هەتاکـو ئـەو سـنووڕەی بارودۆخـی خۆمـان وەک خوێندکارێـک ڕێگەمـان پێـدەدا. لاوانـی کـورد هێـزی بنەڕەتیـی تـازە پێگەیشـتوون لـە قـەوارەی گەلـی کـورد و قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا پێشـەنگی لاوانـی کـوردن ...". هەروەهـا پێشـنیازی ئـەوەش دەکـەم کـە ماددەیەکـی نـوێ بخرێتـە سـەر ئامانجەکانـی کۆمەڵەکـە بـە جۆرێـک کـە ڕێگەپێـدراو بیـن بـۆ ئەنجامدانـی چالاکیـی سیاسـی لەپێنـاو خزمەتگەیانـدن بـە کێشـەی نیشـتمانیی کـورد. لەڕاستیشـدا لابردنـی وشـەی (ڕۆشـنبیر) لەسـەر نـاوی کۆمەڵەکـە خواسـتی سـەرجەم ئەندامـان بـوو - سـەعدی دزەیـی ئەمـەی پێگوتـم- . ئـا بـەم شـێوەیە تـەواوی ئەندامانـی کۆنگـرە دەنگیـان بـۆ لابردنـی وشـەکە دا و کۆمەڵەکـە خـۆی لـەو کـۆت و بەندانـە ئـازاد کـرد کـە لـە کۆنگـرەی یەکەمـەوە بەسـەریدا سـەپێندراوە. ناوەکـە بـووە (کۆمەڵـەی خوێنکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا). دەرفەتیشـی بـۆ ڕەخسـا هاوشـێوەی ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی جیهـان لـە چالاکییـە سیاسـییەکاندا بەشـداربێت. بەتایبەتـی لـەڕووی ڕیسـواکردنی سیاسـەتە شـۆفێنی و ڕەگەزپەرسـتانەکەی ڕژێمەکانـی داگیرکـەری کوردسـتان. لـەم کۆنگرەیەشـەوە هـێمای کۆمەڵەکـە بـە زامنـی ئینگلیـزی بـووە کۆمەڵـەی (K. S. S. E) کـە کورتکـراوەی (Kurdish Students, Society in Europe)یـە.

پاشان کۆنگرە هاتە سەر باسکردنی دۆخی لقەکانی کۆمەڵەکە لە بەریتانیا، ئەڵمانیا، سویسرا و نەمسا. ئەمەش مانای ئەوەیە؛ هەتاکو بەستنی ئەم کۆنگرەیە، تەنیا لقەکانی ئەڵمانیا و سویسرا و نەمسا هەبوون، هەروەها لقی بەریتانیاش کە لە کۆنگرەی دووەمەوە لە لەندەن دامەزرابوو.

کۆنگرە بە دەرکردنی کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا کە گرنگترینیان: ناردنی ئەم بڕووسکانە بوو: بڕووسکەیەک بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولکەریم قاسم و سەرکەوتنی شۆڕش لەوێ، بڕووسکەیەک بۆ سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر و سوپاسکردنی کە ڕێگەی داوە ڕادیۆیەکی کوردی لە قاهیرە بکرێتەوە[٧٤]. بڕووسکەیەک بۆ بەڕێز هامیر شۆڵدز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەبۆنەی بەستنی خولی نائاسایی ڕێکخراوەکە بۆ گەنگەشەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دەقی نامەکەشدا هاتووە:"... کێشەیەک هەیە کە میدیاکانی جیهان بە دەگمەن دەیخەنەڕوو، کاتێک باسیشی دەکرێت بە شێوێنراوی باسدەکرێت، کێشەیەکە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان لە پەیماننامەی (سیڤەری ساڵی ١٩٢٠) ەوە خۆیان لەقەرەی نەداوە کە کێشەیەکی هەنووکەیی زۆر گرنگیشە، ئەویش کێشەی کوردە.". کۆمەڵەکەش داوای خستنەڕووی (دۆسیەی کورد)ی[٧٥] کرد کە لەلای ڕێکخراوەکەدا هەیە و ئەم کێشە گرنگە سەرلەنوێ بۆ سەرنجڕاکێشانی جیهان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی بخرێتە بەر دیدی ئەندامانی دەستەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە کۆتایی نامەکەدا نووسراوە:"... ئاشتیی هەمیشەیی لەم ناوچەیەی جیهاندا بەدیناییێت هەتاکو کێشە سەرەکییەکەی بەبێ چارەسەر بمێنێتەوە، بەتایبەتی کە هێشتا زوڵم و ستەم لە گەلی کورد و دۆزە نیشتمانییەکەی دەکرێت، ئەو گەلەی کە وڵاتانی زلهێز لە کۆنگرەی (لۆزان)ی ساڵی (١٩٢٣)دا خیانەتیان لێکرد ...". لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین: کۆمەڵەکە وەڵامی نامەکەیان لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتەوە و لە نامەکەدا دەڵێت: نامەی کۆمەڵەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی پسپۆڕی ئەوێ سەرنجی پێویستی دەخرێتە سەر.

هەروەها لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ [٧٦] وەڵامی نامەیەکیان لە سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسڕ پێگەیشتووە و تێیدا هاتووە:"... کێشەی کورد پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، پێشتر پێشنیازمان کردووە و ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە، بۆچی کۆنگرەیەکی هەرێمی سەبارەت بەم پرسە نابەسترێت و وڵاتانی پەیوەندیدار و کوردی هەموو پارچەکان بەشداری تێداناکەن بۆئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە. ئەدی چەندین کۆنگرەیان دژی گەلی کورد نەبەستاوە؟ پەیماننامەی سەعدئاباد و بەغدا و ... چەندین ڕێککەوتننامەیان بۆ گەمارۆدانی گەلی کورد ئیمزا نەکردووە؟ دەبا یەک کۆنگرەش تاقیبکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتانی خۆیان".

هەروەها بروسکەیەکیشیان بۆ سەرۆکی یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەت نارد و بانگەوازێکیان بۆ کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستان و دەرەوەش نارد و تێیدا داوای یەکخستنی ڕیزەکان و کۆکردنەوەی هێزەکانیان کرد بۆ پتەوکردن و پشتگیریکردنی خەبات لەپێناو ئازادی و یەکگرتنەوەی کوردستان. کۆنگرە دوو نامەشی بەناوی کۆمەڵەکەوە نووسی و لە ١٤ی ئابی ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکێتیی قوتابیانی جیهان نارد و داوای بەئەندامبوونیان کرد لەو ڕێکخراوە جیهانییەی خوێندکاران. دووەمیشیان بۆ یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانی بوو و بەپێویستیان زانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی باشووری کوردستان) لە یەکێتیی ناوبراودا بە ئەندام وەربگیرێت. یاداشتێکیشیان بۆ لێژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد و داوای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتییان کرد سەبارەت بەو بروسکەیەی لە ڕۆژنامەی (لیمۆند)ی فەڕەنسایی بەناونیشانی (بۆردومانکردنی چیاکانی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە – مەبەست باشووری کوردستانە، (نووسەر)- بە بۆمبی ئەتۆمی کە بڕیاربوو لە پلانی بەرگریی ڕۆژئاوادا باس بکرێت".

هەروەها کۆنگرەکە بانگەوازێکی ئاراستەی دکتۆر کامەران بەدرخان کرد بۆ نووسینەوەی ڕێزمانی کوردی و شرۆڤەکردنی کە بە خۆشحاڵییەوە لەلایەن دکتۆر بەدرخان قبووڵکرا. لە بەرانبەریشدا کۆنگرە ژمارەیەک بروسکەکەی لە ڕێکخراوە

کوردستانی و عەرەبییەکانەوە پێگەیشت و پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەیان لێکردن و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستوون.

بەپێویستیشی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم؛ پێش بەستنی کۆنگرەکە و لەناو کۆنگرەشدا شەڕێک لەنێوان قوتابیانی کوردی کۆمەڵەکە و یەکێتیی قوتابیانی وڵاتانی عەرەبی ڕوویدا کە بارەگای سەرەکی و فراوانترین گردبوونەوەیان لە شاری میونیخ بوو و زۆربەیان هەوادارانی ناسری و بەعسییە شۆڤێنی و نەژادپەرستەکان بوون. هەرکات قوتابیانی کورد بەنیازی ئەنجامدانی چالاکییەکی تایبەت بە کورد و کوردستان بوونایە، ئەمانە دەستدرێژی و هێرشیان دەکردە سەریان. تەنانەت دارا تۆفیق نامەیەکی بۆ دکتۆر ئەحمەد زمچی نارد کە ئەوکات سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی وڵاتانی عەرەب بوو و داوای لێکرد نێوەندگیری بکات و ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی قوتابیانی عەرەب دەیکەنە سەر قوتابیانی کورد، بوەستێنێ، دکتۆر زمچیش نامەیەکی ئاراستەی بەرپرسێکی قوتابیانی عەرەب کردبوو و داوای لێکرد چیدی قوتابیانی عەرەب گێچەڵ بە قوتابیانی کورد نەکەن.

لەم کۆنگرەیەدا، کۆمەڵەکە پێش بەستنی کۆنگرەکە بۆ یەکەمین جار ناسنامەی ئەندامێتیی ئەندامان و مۆری کۆمەڵەکەیان دروستکرد. لە کۆتایی کارەکانی کۆنگرەکەشدا دەستەی کارگێڕیی گشتی هەڵبژێردرا کە پێکهاتبوون لە: عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە بۆ جاری دووەم لە (سویسرا)، دکتۆر وریا ڕەواندزی جێگری سەرۆک لە (نەمسا)، دارا تۆفیق ساڵحی سکرتێری گشتی (بەریتانیا)، سەڵاح سەعدوڵڵا (ئینگلتەرا) سکرتێری نووسینی گۆڤاری (Kurdistan)، سەعدی دزەیی ژمێریار و یاریدەدەری سکرتێری گشتی (بەریتانیا) کەمال فوئاد و راجح بەدراوی بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی (ئەڵمانیا). هەروەها ڕێککەوتن کە هەموو نامە و پرسیارەکان سەبارەت بە کۆمەڵەکە ئاراستەی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە بکرێت.

دەقی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەکە:

"کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لە ٤- ٨ی ئابی ساڵی ١٩٥٨ لە میونیخ بەسترا، لە ڕاگەیەنراوی کۆتاییدا ڕایدەگەیەنێت:

١. پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ کۆماری عێراق ڕادەگەیەنێت و وایدەبینێت کە بە لەدایکبوونی ئەو کۆمارە گوزێکی کەمەرشکێن لە کۆلۆنیالیزم و دار و دەستەکەی لە بەهێزترین قەڵایدا دەدرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەبێتە هەنگاوێکی مەزن بۆ ئازادکردنی سەرجەم گەلانی ئەم بەشە هەستیارەی جیهان و بەدیهێنانی ئاواتەکانیان لە ئاشتەوایی و سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسییەتدا، بە گەلی کوردیشەوە کە داگیرکەر و کۆنەپەرستی نێوخۆ نیشتمانیانی بەش بەش کردووە و لە تەواوی مافە نەتەوەییەکانی بێبەشی کردووە.

٢. ناڕەزایی تونددمان دەردەبڕین بۆ دوژمنکاریی ئەنگلۆ - ئەمەریکی بۆ سەر لوبنان و ئوردن کە بە پێشێلکارییەکی ئاشکرای سەر پەرەنسیپەکانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستوەردانێکی ئاشکرایە لە کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانە و کۆنگرە داوای کێشانەوەی دەستبەجێی ئەو هێزە دەستدرێژیکارانە دەکات.

٣. ئیدانەکردنی هەموو پەیمانێکی شەڕانگێزی، بەتایبەتی پەیمانی بەغدا کە ئامانجی هێشتنەوەی هەژموونی داگیرکاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەمپەرخستنە بەردەم ئازادبوونی گەلانی ناوچەکەیە بە گەلی کوردیشەوە.

٤. پەرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو ئەو گەلانەی لەژێر دەستی داگیرکەران و داروودەستەکانیاندا دەنالێنن بە گونجاوترین چارەسەر دەزانین، بە گەلی کوردیشەوە بەتایبەتی لەو پارچانەی بە زۆرەملێ بە تورکیا و ئێرانەوە لکێنراون.

٥. پەسندکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم بۆ قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا کە لە ١٠- ١٦ی ئابی ١٩٥٦ لە ڤیسبادن- ئەڵمانیا بەسترا.

٦. پشتگیری و بەشداریکردن لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی نیشتمانی و جیهانیدا و بزووتنەوە خوێندکارییەکەی خۆشمان بە بەشێک لەوان دادەنێین و لێیان جودا نابینەوە.

کۆنگرەی سێیەمی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

ئابی ١٩٥٨

ئەو سەرنجە سەرەکییەی لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکە تێبینی دەکرێت و لەو نامەیەی عیسمەت شەریف وانلی بەناوی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەوە ناردوویەتی، ئاماژەنەکردنە بەو بەشە کوردستانییەی بە سووریاوە لکێنراوە، نە لە دوور و نە لە نزیکیش تیشک نەخراوەتە سەر بارودۆخی گەلی کورد لەو بەشە! زۆریشمان هەوڵدا هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستە بزانین، بەتایبەتی ئەو نامەیەی ئاراستەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کراوە کە پسپۆڕ و ڕێپێدراون بە چارەسەرکردنی ئەمجۆرە کێشانە، تۆبڵێی لە ئەنجامی گوشاری وڵاتانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیستەکان و یەکێتیی قوتابیانی جیهان لەپشت ئەم ناونەهێنان و بارودۆخی کوردی ئەم بەشەدا نەبن؟ تاوەکو کێشە بۆ کۆمەڵەکە نەخوڵقێنن کە لە قۆناغێکی سەرەتایی دامەزراندنیەتی؟ هەڵبەت ئەم لایەنانە دژی بەکارهێنانی (کوردستانی سووریا)بوون. یاخود هەروەکو عومەر شێخموس پێیڕاگەیاندووم: ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە ئەوکات سووریا لەگەڵ میسردا بەشێک بوو لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و نەیانویستووە ئیستفزازی عەبدولناسر بکەن لەبەر ئەو هەڵوێستە ئەرێنییەی بەرانبەر کردنەوەی ڕادیۆی کوردی لە قاهیرە هەیبوو، هەروەها بەهۆی دیداری لەگەڵ بارزانی لە پایزی ١٩٥٨ و وەڵامی نامەکەی کۆمەڵەکە". یاخود لەبەر هەردوو هۆکارەکە بووبێت بەیەکەوە؟.

کۆنگرەی چوارەم

کۆنگرەی چوارەم لە ٢٣- ٢٦ی تەموزی ساڵی ١٩٥٩ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بە ئامادەبوونی (٤٠) ئەندام بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا دوو پیە محەمەد عەلی عەونی کە کاری پۆژنامەوانیی لە پاریس دەکرد، نوێنەرایەتیی ئافرەتانی دەکرد و پاش نازدار جەودەت بە دووەمین ئافرەت دادەنرێت ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکە. هەروەها هەریەک لە: دکتۆر کامەران بەدرخان، دکتۆر ئەنوەری (شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ) کە بۆیەکەمین جارە لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکەدا بەشدار بن. ڕەشید عارفیش وەکو ئەندامێکی فەخریی کۆمەڵەکە[٧٧] لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوو.

پاش دەقیقەیەک وەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، بەخێرهاتنی ئەندامانی کۆنگرەکە کرا و بە چەپڵەڕێزان و پێشوازییەکی گەرمیش بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکە کرا کە دکتۆر کامەران بەدرخان بوو. ئینجا گوتەی سەرۆکی کۆمەڵەکە لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە و دووبارە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کۆنگرەکەی کرد، پاشان بارودۆخی کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی خستەڕوو کە بە نکۆلێکردن لێیان وەکو گەلێک لەسەر خاکی نیشتمانیان دەژین، دەناسرێتەوە و بێبەشکراون لە شەنەبای ئازادی و سەربەخۆیی. دواتر ئەو نامەیە خوێندرایەوە کە ڕابەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی بۆ کۆنگرەکەی ناردبوو و دکتۆر کامەران بەدرخان بە دەستی خۆی هێنابووی، نامەکە خۆشییەکی زۆری بە بەشداربووانی کۆنگرەکە بەخشی و دوای خوێندنەوەی نامەکە لە هۆڵی کۆنگرەکەدا بووە چەپڵەڕێزان. ئینجا دەرفەت درایە دکتۆر کامەران بەدرخان گوتەیەک بخوێنێتەوە، لە گوتەکەیدا ستایشی چالاکییەکانی قوتابیانی کوردی لە ئەورۆپا کرد و داوای کرد لە کاری بێوچانیان بەردەوام بن بۆ ناساندنی کێشەی کورد و کوردستان بە ڕای گشتیی ئەورۆپا و جیهان. لە هەمان کاتیشدا کۆشش بکەن لەپێناو تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز لە پسپۆڕییە جیاجیاکاندا و بگەڕێنەوە نیشتمان و بەو بڕوانامانەیان خزمەتی گەل و نیشتمانیان بکەن.

دوای ئەو، سەعدی دزەیی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە گوتەی خۆی خوێندەوە، دوای ئەویش سەلاح سەعدوڵڵا، سکرتێری نووسینی گۆڤاری (Kurdistan) گوتەی خۆی

پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، ئینجا هەریەک لە سکرتێرانی لقەکانی (نەمسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیای دیموکرات، ..... ، .....) گوتاری لقەکانیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە کۆی چالاکییەکانی نێوان دوو کۆنگرەکە، پاش پشوودانێک دەستکرایە گفتوگۆکردنی ناوەڕۆکی ئەو گوتانەی لە کۆنگرەکەدا پێشکەشکران.

لە دانیشتنێکی دیکەی کۆنگرەکەدا، دەستەی کارگێڕی، ئەو بڕووسکە و نامانەیان خوێندەوە کە پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنگرەکە دەکەن، یەکێک لەو نامانە بریتی بوو لە نامەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بڕووسکەی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆش خوێندرایەوە کە بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوو، بەڵام لەبەر نەخۆشی نەیتوانی ئامادە ببێت و بڕووسکەیەکی پیرۆزبایی بۆناردن، هەروەها ڕەوشەن بەدرخانی هاوسەری جەلادەت بەدرخانیش بڕووسکەیەکی بۆ کۆنگرە نارد.

تا کاتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە، لقی تایبەتی بەرلینی ڕۆژئاوا[٧٨] و ئەستەنبوڵیش پێکهێنرابوو. بەمەش کۆمەڵەکە لقەکانی لەم وڵاتانەدا هەبوو: بریتانیا، ئەڵمانیای فیدراڵ، نەمسا، سویسرا، ئەڵمانیای دیموکرات، ئەستەنبوڵ و بەرلینی ڕۆژئاوا، لەو مێژووە تاکو ساڵی (١٩٧٥) لقی بەرلینی ڕۆژئاوا بووە سەنتەری سەرەکیی کۆمەڵەکە.

لە دەستپێخەرییەکی ئەرێنیشدا کە یەکەمین جارە لە مێژووی کۆمەڵەکە دەستپێخەرییەکی لەمجۆرە بکرێت، کۆنگرە بڕیاری دا سیفەتی (ئەندامی شەرەف) بە هەریەک لە: پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، دکتۆر کامەران بەدرخان و ناتاشای هاوسەری، ڕەوشەن بەدرخان و سەڵاح سەعدوڵڵا ببەخشرێت کە ئەوەی سەڵاح سەعدوڵڵا بەبۆنەی دەستلەکارکێشانەوە لە کۆمەڵەکە و سەرۆکایەتیی نووسینی گۆڤاری (Kurdistan) و گەڕانەوەی بوو بۆ باشووری کوردستان و عێراق.

شایانی باسە، هاوکات لەگەڵ بەستنی ئەم کۆنگرەیە، فیستیڤاڵی خوێندکاران و لاوانی جیهانی لە ڤیەننا بەڕێوەدەچوو و (یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق) و (یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان) بە فەرمی بانگهێشتکرابوون بۆ بەشداربوون لەم فیستیڤاڵە جیهانییەدا. شاندەکەشیان لەمانە پێکهاتبوون: محەمەد ساڵح دیلان، حەمە بەکر، ساحیبە نووری بابان و ئەنجوومەن زوهدی. بەڵام کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بانگهێشت نەکرابوون، چونکە ئەندامی یەکێتییەکە نەبوون و لەبەرئەوەی

(بزووتنەوەیەکـی جوداخـوازی و ....) دەنوانـد لـە دیـدی حزبـە کۆمۆنیسـتییەکانی سـەر بـە وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان، بۆیـە کۆمەڵەکـە لەچوارچێـوەی شـاندێکی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتاندا بەشـداریان کـرد، ئەوانیـش لەگـەڵ شـاندە عێراقییەکـەدا هاتبـوون. ئەمـەش دەرفەتێکـی بـاش بـوو بـۆ ئەندامانـی کۆمەڵەکـە بـۆ ناسـینی شـاندی ڕێکخراوەکانـی دیکـەی قوتابیانـی جیهـان کـە لـەو فیسـتڤاڵەدا بەشـداربووون و پتەوکردنـی پەیوەندییەکانیـان، هـەر لەوێـش چەنـد بڵاوکـراوە و بەڵگەنامەیەکـی کۆمەڵەکەیـان بـە دیـاری بەخشـییە شـاندە بەشـداربووەکان.

لـە کۆتـا ڕۆژی کۆنگرەکـەدا ژمارەیـەک بڕیـار و ڕاسـپاردە دەرکـران کـە زۆربەیـان جەختیـان لەسـەر وازهێنانـی ڕژێمـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان لـە پێشـێلکردنی مافەکانـی گەلـی کـورد دەکـردەوە. هەروەهـا داوای داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کوردیـان دەکرد. لەلایەکـی دیکـەوە، بەشـداربووان ستایشـی دەسـتەی کارگێڕیـی پێشـووی کۆمەڵەکەیـان کـرد کـە زنجیرەیـەک چالاکییـان ئەنجامدابـوو. هەروەهـا کۆنگـرە داوای ئازادکردنـی شـاعیری کـورد قـەدری جـان (عەبدولقـادر عەزیز)یـان لـە دەسـەڵاتدارانی سـووریا کـرد و پاسـپۆرتی ئـەو و هـی دکتـۆر نورەدیـن زازاش بگەڕێننـەوە کـە دەسـتیان بەسـەرداگیرابوو. سوپاسـی ڕۆژنامـەی (هیـوا) و گۆڤـاری (ژین)یـش کـرا کـە لـە باشـووری کوردسـتان بڵاودەکرایـەوە و سوپاسـیش ئاراسـتەی ڕۆژنامەکانـی دیکـە و ڕادیـۆکان کـرا کـە ڕوومالّـی کارەکانـی کۆنگرەکەیـان دەکـرد.

عیسـمەت شـەریف وانلـی بـۆ جـاری سـێیەم بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە هەڵبژێردرایـەوە و کەمـال فوئـاد بـە سـکرتێری گشـتیی کۆمەڵەکـە و هەریـەک لـە: سـەعدی دزەیـی و وریـا ڕوانـدزی و .... بـە ئەندامانـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی هەڵبژێـردران.

ئەوەش ماوە ئاماژەی پێبدرێت؛ سـەعدی دزەیی، ئەندامی دەسـتەی کارگێڕیی کۆمەڵەکە لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٥٩)دا پێشـنیازی دروشـمێکی کـرد بـۆ کۆمەڵەکـە کە بریتـی بوو لە چـوار دەسـتی تێکئـاڵاو و مەشـخەڵی ئازادییـان بەرزکردووەتـەوە کە هەریەک لەو دەسـتانە ئاماژەیـەک بـوو بۆ هـەر پارچەیەکی کوردسـتان. سـەعدی دزەیـی پێیڕاگەیاندم؛ دروشـمەکە بیرۆکـەی خـۆم بـوو و لە کۆتایـی ئەو سـاڵەدا کرایە دروشـمی کۆمەڵەکە.

کۆنگرەی پێنجەم

پێنجەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا لە ڕۆژانی ٢٢- ٢٦ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ بە ئامادەبوونی (٧٣) ئەندام بەسترا، سەرچاوەی دیکەش هەن دەڵێن ژمارەی ئامادەبووان لەم کۆنگرەیەدا گەیشتووەتە پتر لە (١٢٠) کەس.

پاش بەخێرهێنانی ئەندامانی کۆمەڵەکە و میوانانی کورد و عەرەب و بیانی، عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە گوتەیەکی پێشکەشکرد و تێیدا بەخێرهاتنی ئامادەبووان و بەشداربووانی کۆنگرەکەی کرد. بارۆدخی سیاسیی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە و ئیدانەی ئەو کارە تاوانکارییانەی کرد کە ڕژێمەکان لە ئەنقەرە، تاران، بەغدا و دیمەشق دەرهەق گەلی کورد پەیڕەوی دەکەن و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و تواندنەوەیان دەدەن لەبۆتەی نەتەوە سەردەستەکاندا. هەروەها لە گوتەکەیدا سەرۆکی کۆمەڵەکە داوای لە قوتابیانی کورد کرد شەو و ڕۆژ لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەیان خەبات بکەن و دۆست و لایەنگر بۆ گەلە ستەمدیدەکەیان پەیدا بکەن. چونکە مێژوو لە کەسانی کەمتەرخەم نابووڕێت. ئینجا محەمەد ساڵح جومعە هات کە یەکەمین جارە بەشداری لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە دەکات و بە ناوی کۆمەڵەکەوە (بە گوتەی خۆی) بەخێرهاتنی دوو میوانی زۆر بەڕێزی کۆنگرەکەی کرد کە بریتی بوون لە هەریەک لە دکتۆر کامەران بەدرخان و هاوسەرەکەی و ئیحسان نووری پاشا[٧٩] و ڕوویان تێدەکات و دەڵێت:"... ئەو مەشخەڵەی ئێوە لە قەدپاڵەکانی چیای ئاگری لە کوردستان هەڵتانکرد، نەکوژاوەتەوە و تاکو ئێستا بە داگیرساوی ماوەتەوە ..."ئەمەش یەکەمین جارە کە محەمەد ساڵح جومعە لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکەدا گوتە پێشکەش بکات، بە گوتەی خۆی، هەموو گیانی لە شەرماندا دەلەرزی. پاشان حیلمی عەلی شەریف، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، عێراق گوتەیەکی خوێندەوە.

پاشان هەریەک لە دکتۆر کامەران بەدرخان و ئیحسان نووری پاشا بەجودا سەر و گوتاریان خوێندەوە، سوپاسی سەرپەرشتیارانی کۆنگرەکەیان کرد کە بانگێهشیانکردوون، ئینجا داوایان لە قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا کرد بە گوڕ و تینێکی گەرمتر خەبات و

کاربکەن لەپێناو گەیاندنی دۆزی کورد و کوردستان بە ڕای گشتیی ئەوڕوپا. ئەم دوو میوانە هەتاکو دوادانیشتنی کۆنگرەکە بەشداری هەموو دانیشتنەکانیان کرد کەچی چەند بەشداربوویەکی کۆنگرەکە و چەند کەسێکیش کە بەشداریی کۆنگرەکەیان نەکردبوو، پێیانگوتین؛ دکتۆر کامەران بەدرخان لەم کۆنگرەیەدا بەشدار نەبووە، دووریش نییە ڕاست بێت!

دکتۆر مەهدی حافز، سەرۆکی قوتابیانی عێراقیش گوتەیەکی پێشکەش کرد و لە گوتەکەیدا بانهێشتی قوتابیانی کوردی کرد لە ئەوڕوپا بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە بڕیارە لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لە بەغدا ببەسترێت. پاشان نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی جیهان گوتەیەکی پێشکەشکرد و تێیدا گوزارشتی لە هاودەنگیی خۆیان دەکرد سەبارەت دۆزی ڕەوای کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستان.

لە گەرمەی گفتوگۆکانی بەشداربووانی کۆنگرەدا، دووبەرەکی کەوتە نێوان شیوعییەکانی عێراق و پارتییەکان، چونکە دکتۆر سەباح درە کە شیوعییەکی عێراق و بەڕەگەز عەرەب بوو هێرشێکی توندی کردە سەر پارتی و پارتی بە کۆنەپەرست و خێڵەکی و وابەستەبوونی بە ئیمپریالیزم تۆمەتبار کرد، ئەمەش وای لە کەمال فوئاد کرد توندتر وەڵامی بداتەوە و نێو هۆڵەکە پڕبوو لە ژاوەژاو و هەراوهوریا، دوای ئەم وەڵامدانەوە تونەدەش شیوعییەکان لە دیوێکی هۆڵەکە و پارتییەکانیش لە دیوەکەی تری هۆڵەگە کۆبوونەوە. لەو کەسانەی هاتنە پاڵ پارتییەکانەوە گەلاوێژ خانی هاوسەری دارا تۆفیقی سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی جیهان بوو کە ئەوکات پارتی بوو، ئەگەر نێوەندگیریی چەند کەسێکی نێو هۆڵەکە نە بوایە، دەیانکردە شەڕە دەست و جنێودان، دارا تۆفیقیش یەکێک بوو لەو کەسە نێوەندگیرانە و تکای لێکردن بەشەڕنەیێن و پێیگوتن:"تکاتان لێدەکەم شەڕ مەکەن، چونکە شەڕەکەی ئێوە دەبێتە هۆی ناکۆکیی نێوان من و هاوسەرەکەم"ئا بەم شێوەیە هۆڵەکە کپبووەوە و لایەنە ناکۆکەکان پێکهاتنەوە و دووبارە کۆنگرە دەستی بە کارەکانی خۆی کردەوە، بەڵام هیوا بەهجەت کە یەکێک بوو لە چالاکوانانی حزبی شیوعیی عێراقی لە کۆمەڵەکە، بۆ دەربڕینی هاوپشتیی شیوعییەکان، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە

کۆمەڵەکە ڕاگەیاند، بەڵام دواتر لەو بڕیارەی پاشگەزبووەوە.

ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەکە تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی لقەکانی کۆمەڵەکە. هەریەک لە نوێنەرانی ئەو لقانە ڕاپۆرتی خۆیان خوێندەوە کە بریتی بوو لەو چالاکییانەی بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو ئەنجامیان دابوو و پێداویستیی لقەکان و پێشنیازەکانیان خستەڕوو. لەکۆتاییدا لەپاڵ ئەو ڕاسپاردانەی پێشکەش کۆنگرەی گشتییان کرد، وەڵامدرانەوە، ئەویش بە مەبەستی پەرەپێدان و کاراکردنی ئەو لقانە. ژمارەیەک بڕووسکەی پیرۆزبایی لە کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی کوردی و ئەوروپایی بۆ کۆنگرەکە نێردران، لەوانە بڕووسکەی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی (هرسین گرگە) و کەسایەتیی ناسراوی کورد ئیسماعیل شاویش.

لە دوا ڕۆژی کۆنگرەکەدا، عیسمەت شەریف وانلی بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و هەریەک لە: کەمال فوئاد بە سکرتێری گشتیی و وریا ڕواندزی بە جێگری سکرتێر هەڵبژێردران. ڕوشدی عەلی شەریف و سەعدی دزەیی و سەڵاح حەفید و چەند کەسێکی دیکە بوون بە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە.

پێش کۆتاییهێنان بە باسی ئەم کۆنگرەیە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو شت بدەم، یەکەمیان ئەو ڕووداوە خەمناکەی پاش تەواوبوونی کۆنگرەکە بوو، لەکاتی گەڕانەوەی نوێنەرانی شاری میونیخ (محەمەد ساڵح جومعە، ئەرجومەند سدیق، محەمەد جلال ساڵح و عەدنان حوسێن) لە ڕێگەدا تووشی ڕووداوێکی ناخۆشی هاتوچۆ دەبن و بەهۆی ڕووداوەکەوە عەدنان حوسێن گیان لەدەست دەدات کە کوردێکی فەیلیی باشووری کوردستان بوو، ئەوانی دیکەش بە سووکی بریندار دەبن. دووەمیان کۆمەڵەکە ناسنامەیەکی تایبەت بە کۆمەڵەکەی بۆ ئەندامان دەرکرد و ئەرکی دەرهێنان و ئیمزاکردنی ناسنامەکانی خستە ئەستۆی ڕوشدی عەلی شەریف ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە.

کۆنگرەی شەشەم

لەسەر ئەرکی ڕەوانشاد دکتۆر جەمشید جەلادەت بەدرخان کە هۆڵی بەستنی کۆنگرەکە و شوێنی حەوانەوەی ئەندامانی کۆنگرەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی، لە ڕۆژانی ٢٢ - ٢٦ی ئابی ساڵی ١٩٦١[٨٠] کۆنگرەی شەشەم بە ئامادەبوونی (١٠٩) ئەندام لە شاری مۆنستەر - Münster بەسترا. بەشداربووانی کۆنگرەکە نوێنەرانی سەرجەم لقەکان بوون و عەزیز شەمزینی بە نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان[٨١] و کەریم ئەحمەد بە نوێنەرایەتیی حزبی شیوعیی عێراقی بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد. هەروەها کەسایەتیی کورد نەجمەدین عەونی و ڕەوشەن بەدرخان کە ئەوکات بە سەردان هاتبووە لای جەمشیدی کوڕی، بەشێکی تری ئامادەبووانی کۆنگرەکە بوون. لە بیانییەکانیش، نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی جیهان و دارا تۆفیق بە نوێنەرایەتیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان و چەند کەسێکی دیکە کە ناوەکانیانم دەستنەکەوت میوانی کۆنگرەکە بوون.

کۆنگرەکە بە مارشی نەتەوەیی کورد دەستی بە کارەکانی کرد و یەکەمین گوتە لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە خوێندرایەوە و ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەی پێشکەش کرد، ئینجا میوانەکان گوتەی خۆیانیان خوێندەوە، بەڕێوەبەری زانکۆی شارەکە یەکێک بوو لەوانەی گوتەیان خوێندەوە. ئەمجارەش دووبەرەکی و شەڕ کەوتە نێوان هەڤاڵان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعییەکان (شیوعییەکانی عێراق و سووریا) و خاڵی ناکۆکیی نێوانیان بەپلە یەک هەڵوێستی کۆنگرە بوو لەئاست ڕژێمی عێراق و دواتر سووریا. شیوعییەکان پشتگیریی ڕژێمەکانی عێراق و سووریایان دەکرد و دژی هەر چالاکی و هەڵوێستێک بوون کە ئاماژەبن بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و پڕۆتستۆکردنی سیاسەتە سەرکوتکەرانەکەی ئەو دوو ڕژێمە دەرهەق نەتەوەکانی لەو دوو وڵاتەدا دەژین، بەتایبەتی نەتەوەی کورد، هەروەها بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دەسەڵاتدارانی عێراق و سووریا دوو ڕژێمی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازن، هەڵبەت پێوەری نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی لەلای ئەوان کە ئەو دوو ڕژێمە پەیوەندیی پتەو و دۆستانەیان لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیزم و بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەتدا

هەیــە. دژایەتیــی خۆشــیان بــۆ (ئیمپریالییەتــی ئەمەریکــی و ڕۆژئــاوا و زایۆنیــزم و....) ڕاگەیاندبــوو. (پارتییەکان)یــش دەیانگــوت ئــەم دوو ڕژێمــە، دوو ڕژێمــی ســتەمکارن و باوەڕیــان بــە مافەکانــی کــورد نییــە، هەمــوو شــێواز و ئامرازێکــی دژی مافەکانــی مــرۆڤ و گــەلان دەگرنەبــەر بــۆ سڕینەوەی ناســنامەی نەتەوەیــی کــورد و تواندنەوەیــان لــە بۆتــەی نەتــەوە سەردەســتەکان، کێشــەی کوردیــش لــەم دوو وڵاتــەدا کێشــەگەلێکی نیشــتمانین، بەڵکــو گرنگتریــن و مەزنتریــنی کێشــەکانن، بۆیــە پێــوەری نیشــتمانپەروەریی ئــەم دوو ڕژێمــە دەوەســتێتە ســەر هەڵوێســتیان لــە ئاســت ئــەم کێشــەیە و کێشــە نیشــتمانییەکان یــەک پاکێجــن و بــەش بــەش ناکرێــن.

لــە دانیشــتنێکی دیکــەی کۆنگرەکــەدا نامــە و بڕووســکەکانی کۆمەڵــە، ڕێکخســتنەکان و کەســایەتییە کــورد و بیانییــەکان خوێندرانــەوە کــە پیرۆزبایــی بەســتنی کۆنگرەکەیــان لــە ئەندامانــی کۆمەڵەکــە کردبــوو. نامەیەکــی پیرۆزبایــی مەکتەبــی سیاســیی[٨٢]پارتی دیموکراتــی کوردســتان – ســووریا، یەکێــک بــوو لــە نامــەکان و لــە بەشــی بەڵگەنامەکانــی ئــەم کتێبــەدا بــە بەڵگنامــەی ژمــارە (٤) لــەم کتێبــەدا بڵاوکراوەتــەوە، هەروەهــا بڕووســکەی پیرۆزبایــی گۆڤــاری (ڕۆژی نــوێ) کــە لــە ســلێمانی لــە باشــووری کوردســتان دەردەچــوو.

لــە کۆتایــی کۆنگرەکــەدا، عیســمەت شــەریف وانلــی، بــۆ جارێکــی دی بــە ســەرۆکی کۆمەڵەکــە و کەمــال فوئــاد بــە ســکرتێر و هەریــەک لــە: ســەعدی دزەیــی، وریــا ڕوانــدزی و چەنــد کەســێکی تــر بــە ئەندامانــی دەســتەی کارگێڕیــی گشــتیی کۆمەڵەکــە هەڵبژێــردران. لــە ڕۆژی ٢١ی تەمــووزی ســاڵی ١٩٦١ دەســتەی کارگێڕیــی کۆمەڵەکــە نامەیەکــی کــراوەی بــە زمانــی کــوردی و بــە دەســخەت ئاراســتەی ئەندامانــی کۆمەڵەکــە کــرد. دانەیەکــی ئــەم نامەیەمــان لــە ژمــارە ٦ی گۆڤــاری (ڕۆژی کــورد)دا دەســتکەوت، داوا لــە ئەندامانــی کۆمەڵەکــە و ســەرجەم دۆســتانی کۆمەڵــەی قوتابیانــی کــورد دەکات لــە کۆنگرەکــەدا بەشــداربن.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

هەڤاڵان و دۆستانی خۆشەویست

برایانی بەڕێزی کورد ...

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خۆشحاڵە ئاگادارتان بکاتەوە کە لە ڕۆژانی ٢١ – ٢٥ی ئابی ١٩٦١ کۆنگرەی شەشەمی ساڵانەی خۆی لە شاری مۆنستەر لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەبەستێت. نامەمان بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵەکە لە پارچەکانی کوردستان لە گشت وڵاتانی ئەوروپایی ناردووە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکەن. بە هەموو هێز و تواناشمان هەوڵماندداوە ئەم کۆنگرەیەمان کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت لە کارەکانیدا، چونکە بێگومان سەرکەوتنی کۆنگرەکە مانای سەرکەوتنی کۆمەڵەکە دەگەیەنێت لەپێناو ناساندنی کورد بە گەلانی جیهان و بەدەستهێنانی پشتیوانی لەسەر ڕێبازی یەکگرتنی کوردستانی بەشبەشکراودا. ئێمە بە حەماسەتەوە داوا لە سەرجەم ڕێکخراوەکانی دۆستی کۆمەڵەکەمان و گەلی کورد دەکەین نوێنەرانیان بنێرن و لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە و گەلی کوردی دلێردا بەشداریی کۆنگرەکە بکەن.

کۆنگرەی حەوتەم

لەبارەی بەستن و بەڕێوەچوونی کۆنگرەی حەوتەم، مەحموود شاویش پێیگوتم: عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە و کەمال فوئاد ئەندامی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەکە لە منیان پرسیوە، ئاخۆ دەتوانێت شوێنێک بۆ بەستنی کۆنگرەی گشتیی کۆمەڵەکە دەستەبەر بکات و شوێنی حەوانەوە و مانەوەی ئەندامانی کۆنگرە و میوانانی کۆنگرە ئەگەر هەبن دابین بکات؟ چونکە ئەوکات مەحموود شاویش بەرپرسیارێتیی لقی ئەڵمانیای فیدراڵی لە ئەستۆدا بوو و لە زانکۆی شاری (براونشڤایک - Braunschweig)ی ئەڵمانی دەیخوێند. پەیوەندیی بە بەرپرسانی بیانیی زانکۆی فۆن شتیە بۆتۆوە کردووە و داوای لێکردووە لەم شتەدا هاوکاریی بکات. لە پەیوەندییەکی نێوان ئەو و سەرۆکی شارەوانیی شارەکە (مارتا فۆکس - Marta Fox) کە ئەندامێکی دەسترۆیشتووی (پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی - SPD) بوو، ڕەزامەندیی خۆی بۆ شاویش دەربڕیوە و بۆ ئەم مەبەستە یەکترییان بینیوە. ئەم خاڵمە بەڕێزە هۆڵێکی گونجاوی بۆ کۆنگرەکە و دوو هۆڵی بۆ شوێنی مانەوەی ئەندامانی کۆنگرەکە دابین کردووە کە نزیکەی بە (١٥٠) کەس دەخەملێندران. داوای لە بەرپرسی کاروباری بیانییەکانیش کردبوو پێخەف و بەتانی و .... لە سوپای ئەڵمانی بۆ کاتێکی دیاریکراو بخوازێ. هەڵبەت هەموو ئەم شتانە بەبێ بەرانبەر دەستەبەرکران -بە گوتەی شاویش- نەک هەر ئەوەندە، بە شاویشی گوتبوو پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە، تەواوی بەشداربووانی کۆنگرەکە و میوانیان، میوانی شارەوانیی ئەو شارەن، شاویشیش ئەمەی بە کەمال فوئاد ڕاگەیاندبوو.

لەگەڵ گەیشتنی ئەندامانی کۆنگرە بۆ شوێنی دیاریکراو، شاویش داوای لە کەمال فوئاد کردبوو، سەردانی شارەوانیی شارەکە بکات، چونکە سەرۆک شارەوانییەکە چاوەڕێیان دەکات. بەڵام لەبەر ئەو هەستیارییەی لەنێوان شیوعی و پارتییەکاندا هەبوو کەمال فوئاد داوا لە شاویش دەکات خۆی و شەش خوێندکاری دیکە وەکو شاندێکی کۆنگرەکە بچن و سوپاسی ئەو هەموو هاوکارییانەی بکات کە پێشکەشی کۆنگرەکەی کردبوو. پێشتریش کەمال فوئاد بە جەختکردنەوە بە شاویشی گوتبوو

بـە کـەس نەڵێـت ئـەو بەتانییانـە هـی سـوپای ئەڵمانیـان، بەتایبەتـی کـە لەسـەر لچکێکـی ئـەو بەتانیانـەدا ئـەم دوو پیتـە نووسرابـوو (B. e) کـە هێمایـەک بـوو بـۆ سـوپای ئەڵمانی:"چونکـە ئەگـەر شـیوعییەکان بیانزانیبـا بەتانییـەکان هـی سـوپای ئەڵمانیـان، کێشـەمان بـۆ دەخوڵقێنـن و بـەوە تۆمەتبارمـان دەکـەن کـە ئێمـە داردەسـتی ناتـۆ و ئەمەریکایـن و ..."ئینجـا شـاویش پێیگوتبـوو:"... کـە گەیشـتینە تـەلاری شـارەوانی، خانمـی سـەرۆک شـارەوانی سـەری سـوڕمابوو و پێیگوتـووم: ئەمـە چییـە! ئێمـە چاوەڕێـی (١٦٠) کـەسمان دەکـرد؟ ئینجـا مـن بیانـووم بۆدەهێنایـەوە کـە گوایـە ئێمـە ناتوانیـم گوشـار بخەینـە سـەر هەمـوو ئەندامانـی کۆنگـرە و میوانـان و بیانهێنینـە ئێـرە و .... هتـد. لـەلای خۆمانـەوە تێبینیـی ئەوەمـان کـرد کـە هۆڵێکـی فـراوان ئامادەکـراوە و چەندیـن جـۆری خـواردن و خواردنـەوە ئامادەکرابـوو و تـەواوی فەرمانبەرانـی شـارەوانییەکە خرابوونـە ئامادەباشـییەوە، بەمـەش زۆر بەسـەرخۆماندا شـکاینەوە و لـە دڵـی خۆمـدا دەمگوت: چۆن ئـەم دەرفەتەمـان لەدەسـت خۆمـان دا و نەمانتوانـی بـە باشترین شـێوە لـە بەرژەوەندیـی خۆمـان بیقۆزینـەوە؟ ئینجـا سـەرۆک شـارەوانییەکە گوتـی: ئەگـەر ئێـوە نەیەنـە لای ئێمـە، ئێمـە هەموومـان دێینـە لای ئێـوە".

پـاش لێدانـی مارشـی (ئـەی ڕەقیـب) و دەقیقەیـەک وەسـتان لەسـەر گیانـی پاکـی شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان، ئەندامێکـی دەسـتەی کارگێڕیـی کۆمەڵەکـە بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـرد، بەتایبەتـی سـەرۆکی شـارەوانی و شـاندە قەبەکـەی یـاوەری و بـە نـاوی بەشـداربووانی کۆنگرەکـە داوای لێبوردنـی لێکـرد کـە نەیانتوانـی داوەتەکەیـان بەجێبهێنـن، ئینجـا داوای لێکـرا گوتەیـەک پێشـکەش بـکات. گوتەیەکـی پڕمانـای خوێنـدەوە و لـە چەنـد بڕگەیەکـدا هاوسـۆزی و پشـتیوانیی خۆیـان بـۆ کێشـەی گەلـی کـورد دووپاتکـردەوە و گوتی:"...ویژدانـی ئێمـە لەگـەڵ گەلـی کورددایـە و هەرچییەکیشـتان پێویسـت بـوو ئێمـە ئامادەیـن ... وابزانـن مـن پـووری ئێـوەم ...". لـە کۆتایـی گوتەکەیـان هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ کۆنگرەکـە و ئەندامانـی خواسـت.

بـە هەرحـاڵ کارەکانـی کۆنگـرە لـە ٩ - ١٥ی ئابـی سـاڵی ١٩٦٢ بـە ئامادەبوونـی (١١٠) ئەنـدام دەسـتپێکرد کـە سـێ چواریکیـان ئافـرەت بـوون. پرۆگرامەکانـی کۆنگرەکـە هەروەکـو کۆنگرەکانـی پێشـوو، بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان و شۆڕشـی کـورد

تـەوەری سـەرەکیی کۆنگرەکـە بـوو. شـەهید عەبدولـڕەحمان قاسـملۆش لـەم کۆنگرەیـەدا بەشـداربوو، ئەمجـارەش هـەر بەنـاوی دکتـۆر ئەنـوەری عەبـاس.

پێـش کۆنگرەکـەش شـاندێک لـە کەمـال فوئـاد و نەجیـب خەفـاف و کەمـال عـارف پێکهێنرابـوو بـۆ بەشـداریکردن لـە کۆنگـرەی لاوانـی جیهـان کـە لـە هیلسـنکیی پایتەختـی فینلەنـدە بەسترابـوو، بۆیـە ڕاپۆرتێـک سـەبارەت بـەم بەشـداریکردنە لـەم کۆنگرەیـەدا خوێندرایـەوە. لـە ڕاپۆرتەکـەدا ئاماژە بـە هەڵوێسـتی نەرێنیـی شـیوعییەکان کـرا سـەبارەت بـە کێشـەی گەلـی کـورد و بەشـداریکردنی شـاندی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا لـەو کۆڕبەنـدە نێودەوڵەتییـەدا. ئەوەبـوو شـیوعییەکانی عێـراق دووبارە کێشـەیان لەنێـو هۆڵـی کۆنگرەکـەدا خوڵقانـد و هـەر جـۆرە ڕەخنەیەکیـان لـە حکومەتـی ئەوسـای عێـراق ڕەتدەکـردەوە، ئـەم پشـتیگریکردنەی شـیوعییەکان بـۆ حکومەتـی عێـراق بـووە هـۆکاری بەرپابوونـی شـەڕێک لەنێـوان پارتـی و شـیوعییەکاندا.

عیسـمەت شـەریف وانلـی هـەر بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە مایـەوە و کەمـال فوئـاد بـە سـکرتێری گشـتی و سـەعدی دزەیـی و چەنـد کەسـێکی تـر بـە ئەندامانـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە هەڵبژێـردران.

کۆنگرەی هەشتەم

کۆنگـرەی هەشـت لـە ڕۆژانـی (٩ بـۆ ١٥ی ئابـی سـاڵی ١٩٦٣) لـە شـاری مونشـنی ئەڵمانـی بـە ئامادەبوونـی (١٥٦) ئەنـدام بـەسترا. سـەرباری بەشـداربوونی میوانێکـی زۆری عـەرەب و ئـەڵمان و بیانـی کـە تێکـڕا ژمـارەی ئەندامانـی کۆنگـرە و میوانـەکان گەیشـتە نزیکـەی (٥٠٠) کـەس -هـەروەک پێمانگوتـرا- هۆکارەکەشـی ئـەو زێدەبوونـە بەرچـاوەی قوتابیانـی کـورد بـوو لـە ئەوڕوپـا کـە پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بـۆ خوێنـدن ڕوویـان لـە ئەوڕوپـا کردبـوو -تاریـق ئاکرەیـی لـە سـاڵی ١٩٥٩ ئەمـەی بـۆ پشتڕاسـتکردینەوە- و پێیگوتین:"لەبـەر خاتـری بارزانـی ژمـارەی قوتابیانـی کوردمـان زیادکـرد و دەبـا عیسـمەت شـەریف وانلیـش هـەر دڵخـۆش بێـت".

سـەبارەت بـە بەشـداربووانی ئـەم کۆنگرەیـە، جـەلال تاڵەبانـی بـە نوێنەرایەتیـی شۆڕشـی کـورد کـە ئـەوکات لـە سـەردانێکی ئەوڕوپـادا بـوو و لـە قاهیـرەوە گەڕابـووەوە[٨٣] یەکێـک بـوو لـە بەشـداربووانی کۆنگرەکـە و شـاعیری گـەورەی عێـراق محەمـەد مەهـدی جەواهیریـش[٨٤] ئامادەبـوو و هۆنـراوە بەناوبانگەکـەی (کوردسـتان یـا موطـن الأبطـال) ی بـۆ ئامادەبـووان خوێنـدەوە و ئـەو کڵاوە ڕەنگاوڕەنگـەی لەسـەر نابـوو کـە لەسـەری نووسرابـوو (Kurdistan yan neman)[٨٥] کـە بـەم دێـڕە دەسـتپێدەکات:

(قلبي لكوردستان يهدى والفم و لقد يجود بأصغريه المعدم)

بەم دێڕەش کۆتایی دێت:

(شعب دعائمه الجماجم و الدم تتحطم الدنيا و لا يتحطم)[٨٦]

چەنـد جارێـک بەهـۆی چەپڵەڕێـزان و حەماسـەتی ئامادەبووانـەوە جەواهیریـان لـە خوێندنـەوەی هۆنراوەکـەدا ڕاگرتـووە کـە لـە کۆنگرەکانـی کۆمەڵەکـەدا بێوێنـە بـووە، وەسـتانی تاڵەبانیـش لەسـەر سـەکۆی خوێندنـەوەی هۆنراوەکـە لەپـاڵ جەواهیریـدا کـە بەبـەردەوام چەپڵـەی لێـدەدا، هێنـدەی دیکـە حەماسـەتی جەواهیـری و ئامادەبووانـی بەرزدەکـردەوە. دەشـڵێن کاتێـک جەواهیـری لـە خوێندنـەوەی هۆنراوەکـەی دەبێتـەوە، تـەواوی ئامادەبووانـی هۆڵەکـە بەپێـوە بـۆ مـاوەی ١٠ خولەکـی بـەردەوام چەپڵەیـان بۆلێـداوە. هـەر سـەبارەت بـەم بابەتـەوە دکتـۆر حوزنـی حاجـۆ لـە یاداشـتنامەکەیدا

(min Tê bîra) دەڵێت:"... هێندەمان چەپڵە لێدابوو، خەریکبوو دەستمان خوێنی لێدەهات". پاشان مام جەلال، (جبران ئەلحایک) پەیامنێری ڕۆژنامەی (لسان الحال) ی لوبنانیی بە ئامادەبووان ناساند، ئەویش ڕووی لە مام جەلال کرد و گوتی:"... پێمخۆشبوو گوتەیەکم بەم بۆنەیەوە پێشکەش بکردایە، بەڵام دوای ئەم هۆنراوەیە هیچم نەماوە بیڵێم، تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕوو لە شاعیری مەزنی عەرەب بکەم و پێیبڵێم: مامۆستا جەواهیری شەرەفی عرووبەت ڕزگارکرد ..."[٨٧].

شایانی باسە، جەواهیری لەلایەن شاندێکی باڵاوە لە وێستگەی (نۆرنبێرگ- Nürn-berg) پێشوازیکرا کە لە هەریەک لە مام جەلال کەمال فوئاد، سەعدی دزەیی، ئەرجومەند سدیق و مەحموود شاویش پێکهاتبوو. لە ڕێگەدا بە شاویشی گوتبوو"... کاکە! نازانم چی پێشکەشی کۆنگرەکەتان بکەم، لەم دیارییە جوان و بەهادارە زیاترم نەبینیوە". لەڕاستیدا جەواهیری لەکاتی هاتنی بۆ کۆنگرەکە دەستی بە نووسینی هۆنراوەکە کردبوو، تاکو ئێستاش دەنگی جەواهیری لە گوێی مەحموود شاویشدا دەزرینگێتەوە کاتێک هۆنراوەکەی دەخوێندەوە.

عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە، ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕیی گشتیی بە زمانی عەرەبی خوێندەوە و بریتی بوو لە کۆی ئەو کار و چالاکی و پەیوەندییانەی نێوان ئەندامانی کۆنگرە. لەڕووی سیاسیشەوە، ڕاپۆرتەکە پوختەیەکی کورتی بارودۆخی هەنووکەیی کوردستانی خستبووەڕوو و جەختی لەسەر دۆخی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان کردبووەوە. محەمەد ساڵح جومعە گوتەیەکی بە شێوەزاری کرمانجیی باکوور پێشکەشکرد. ئینجا دەرفەت درایە میوانەکان گوتەکانیان بخوێننەوە. پاشان ئەو نامە و بڕووسکانە خوێنرانەوە کە لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراو و کەسایەتییە کوردی بیانییەکانە نێردرابوون و پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەیان دەکرد.

گفتوگۆ گەرمەکانی نێوان شیوعی و پارتییەکان سەبارەت بە هەڵوێست وەرگرتن لە هەردوو ڕژێمی سوریا و عێراق و وڵاتانی سۆشیالیزم و ڕۆژئاواییەکان دەستپێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەبێ گرژی و شەڕ. سەبارەت بە ڕژێمی عێراق کە تازە حزبی بەعس بە کودەتایەکی سەربازی دژی عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتی گرتبووەدەست کە بە (کودەتای ڕەشی شوبات) ناسراوە و دەستیداوەتە

قڕکـردن و ڕاوەدونانـی شـیوعییەکانی عێـراق کـە لـە هەمـوو دونیـادا دەنگیدابـووەوە، لـە چەنـد وڵاتێکـدا لێژنـە و دەسـتە پێکهـێنران بـۆ پشـتیوانیکردنی شـیوعییەکانی عێـراق و شـەرمەزارکردنی ڕژێمـە نوێیەکـەی عێـراق.

سـەبارەت بـە بارودۆخـی ناوخـۆی شۆڕشیشـەوە، ئەندامانـی کۆنگـرە هەسـتیان بـە دووبەرەکیـی نێـوان سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد کردبـوو، بەتایبەتـی لەنێـوان باڵـی ڕابـەری شـۆڕش و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان مسـتەفا بارزانـی لەلایـەک و گروپـی مەکتەبـی سیاسـی کـە ئیبراهیـم ئەحمـەد ڕابەرایەتیـی دەکـرد و بەرپرسـی مەکتەبـی سیاسـی بـوو و جـەلال تاڵەبانـی لەلایەکـی دیکـە[٨٨]. بـەڵام وردەکاریـی ناکۆکـی و دووبەرەکییەکانیـان نەدەزانـی و نەخرایـە بـەردەم ئەندامانـی کۆنگرەکـە. تەنانـەت مـام جەلالیـش خـۆی لـە باسـکردنی پرسـەکە نـەدەدا، هەرچەنـد یەکێـک بـوو لـە جەمسـەرە سـەرەکییەکانی ناکۆکییـەکان، بـەڵام لەکاتـی خوێندنـەوەی گوتارەکەیـدا ستایشـی کۆمـاری مەنگۆلیـای کـرد و گوتـی: ئێمـە گەلێکـی هەژارین و هیـچ شـک نابەیـن بیکەینـە دیـاری بـۆ دەوڵەتـی مەنگۆلیـای دۆسـت لەهەمبـەر داواکاریـی مەنگۆلیـا بـە خسـتنەڕووی کێشـەی کـورد لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، بـەڵام لـە خـودا داواکاریـن هەمـوو بیابانـی ئـەم دەوڵەتـە ببێتـە کارێـز و کانـی.

لەلایەکـی دیکـەوە ئەندامانـی کۆنگـرە گوێبیسـتی ڕاپۆرتـی لقـەکان بـوون و بـارودۆخ و کـۆی چالاکییەکانیـان خرایـەڕوو و داواکاری و سـکاڵاکانیان پێشکەشـکرد. کۆنگـرە کۆمەڵێـک بڕیـار و ڕاسـپاردەی لقـەکان و کـۆی کۆمەڵەکـەی دەرکـرد کـە دەرکردنـی گۆڤارێـک بـە زمانـی کـوردی، بەشـێوەزاری کرمانجیـی باکـوور بـە پیتـە لاتینییەکـە بەنـاوی (Hêviya Welêt) یەکێـک بـوو لـەو بڕیارانـە و هەریـەک لـە حەمـڕەش ڕەشـۆ بـە سـەرۆکی دەسـتەی نووسـەران و نیزامەدیـن کایـا و محەمـەد سـاڵح جومعـە بـە ئەندامانـی دەسـتەی کارگێڕیـی گۆڤارەکـە ڕاسـپێردران، حەمـڕەش ڕەشـۆش بـۆ جـاری یەکەمـە بەشـداری لـە کۆنگـرەی کۆمەڵەکـەدا دەکات.

بـۆ یەکەمیـن جاریـش کەمـال فوئـاد بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە هەڵبژێـردرا لەجیاتیـی عیسـمەت شـەریف وانلـی و سـەعدی دزەیـی بـە سـکرتێری گشـتی و هەریـەک لە: سـەردار ئاراراتـی، عیسـمەت شـەریف، وریـا ڕوانـدزی، جەوهـەر شـاوێس، عومـەر شـێخموس و

ئیحسان فوئاد لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بە دەستەی کارگێڕیی گشتی هەڵبژێردران.

لە کتێبەکەی عارف ڕوشدیدا هاتووە: دەستە نوێیەکەی کۆمەڵەکە لە (٤) پارتی و (٣) شیوعیی عێراقی و (٢) ئەندامی سەربەخۆ پێکهاتبوون.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم؛ وردەکاریی باسکردنی (سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرانبەر گەلی کوردی عێراق پەیڕەودەکرێت) تاکو بخرێتە نێو خشتەی کارەکانی خوولی ١٨ی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەیە کە وەزیری دەرەوەی کۆماری مەنگۆلیای میللی و بە ڕاسپاردەی هاوپەیمانە گەورەکەی -یەکێتیی سۆڤیەت- لە ٣ی تەموزی ١٩٦٣ نووسراوێک بەناوی حکومەتەکەی خۆیەوە بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەم بابەتەی سەرەوە بنێرێت.

ئەمەش دوای کودەتا سەربازییەکەی بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣دا و دەستپێکردنی کوشتن و بڕین و ڕاوەدوونانی نیشتمانپەروەران و دیموکراتخوازانی تەواوی عێراقییەکانەوە دێت کە دەرهەق عەرەب و کورد، شیعە و سوننە، کریستیان و ئێزدی بەگشتی و دژی شیوعییەکانی عێراق بەتایبەتی کردبووە بەرنامەی ڕژێمەکەی. هەروەها دووبارە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراق دژی هاوواڵاتیانی سڤیلی کورد لە مانگی حوزەیران، بە هەنجەتی ئەوەی گوایە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد کار لەپێناو پەکخستنی دانوستانەکان دەکات و داڵدەی شیوعییەکان و ئەوانەی لەدەست دادگاکان هەڵاتوون و پلان بۆ جودابوونەوە دەکێشن و ....، لەلایەک و کۆکردنەوەی هیزەکانی تورکیا و ئێران بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق لەسەر سنووورەکانی باشووری کوردستان بەمەبەستی دەستوەردان بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد بە نەخشە و پلانی (پەیمانی سینتۆ) و سنووربەزاندنی کەتیبەیەکی پیادەی سوپای سووریا بەخۆیان و تەواوی جبە و تەقەمەنییەکانیانەوە بە فەرماندەیی عەقید (فەهد ئەلشاعر) لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی بەعسی سووریا بۆ پشتیوانیکردنی سوپای عێراق ناردبوونی و لە قەزای زاخۆ و دهۆکدا جێگیر کران، بۆئەوەی هاوشانی سوپای عێراق شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستاندا بکات. ئەمەش وای لە سەرۆکی ئەوسای یەکێتیی سۆڤیەت -خرۆشۆف- کرد لە کۆنگرەی بیست و یەکی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی

تاوانەکانی ڕژێمی عێراق شەرمەزار بکات کە گەیشتە ئەو ڕادەیەی سزای لەسێدارەدان بۆ (نەزیهە دلێمی) ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق دەربکات، ئەو سزایەی کە پێشتر لە هیچ ڕژێمێکی جیهاندا بۆ ئافرەت دەرنەچووە. حکومەتی سۆڤیەتیش بەیاننامەیەکی دەرکرد و ئیدانەی ئەو"سیاسەتی تۆقاندن و سەرکوتکردن"ەی کرد کە حکومەتی عێراق پەیڕەوی دەکات، بۆ پشتگیریکردنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە باشووری کوردستان. لە ٩ی تەموزی هەمان ساڵدا (ئەندرێە گرۆمیکۆ)ی وەزیری دەرەوە یاداشتنامەیەکی فەرمیی ڕادەستی باڵیۆزەکانی هەریەک لە ئێران، تورکیا و سووریا کرد و تۆمەتی دەستوەردانی سەربازیی لە باکووری عێراقی دایە پاڵ حکومەتەکانیان. لەو یاداشتنامەیەدا دووپاتیکردووەتەوە کە یەکێتیی سۆڤیەت دەستەوەستان ناوەستێن لەئاست دەستوەردانی ئەم دەوڵەتانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق و داوای لێکردن دەستبەجێ بەشداریکردنی هێزەکانیان لە شەڕی دژی کورددا ڕابگرن و"دەستوەردانی وڵاتانی دەرەکی لەو ڕووداوانەی لەسەر گۆڕەپانی عێراقیدا دەگوزەرێت بەتەنیا پەیوەندیدار نییە بە عێراق و تێوەگلانی هێز و وڵاتانی دیکە لە ناکۆکییە نێوخۆییەکاندا و ڕێپێدان بە هێزە دەرەکییەکانی دیکە کە گرێدراوی پەیمانە سیاسییە سەربازییە دوژمنکارییەکانن لە نزیک سنووورەکانی سۆڤیەت، هەموو ئەمانە هەڕەشەن بۆ ئاسایشی چەند دەوڵەتێکی دیکە، بە یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە".

ئەنجام ، عێراق پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆماری مەنگۆلیا پچڕاند و وەکو هاوسۆزییەک بۆ عێراق، میدیاکانی چەند دەوڵەتێکی عەرەبیی وەکو سووریا و میسر و ... هێرشێکی ڕاگەیاندنیان دژی مەنگۆلیا دەستپێکرد، چونکە پێشنیازێکی لەمجۆرەی پێشکەش نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو.

یەکێتیی سۆڤیەت هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو لە ١١ی تەموزی هەمان ساڵدا، نوێنەری وڵاتەکەی لە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاسپارد پرسی سیاسەتی"ئەو کۆمەڵکوژییەی حکومەتی عێراقی دژی گەلی کورد پەیڕەوی دەکات"بخاتەڕوو و وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە لە سیاسەتی دژایەتیکردنی گەلی کورد بەتایبەتی و سەرجەم هێزە نیشتمانییە عێراقییەکان بە گشتی ئاشنا بکات و پێشنیازیکرد ئەو

سیاسەتە بێبەک و ملهوڕانەیە ئیدانە بکرێت و داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی بکرێت، بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایش پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە گوایە"عێراق کۆمەڵکوژیی جەستەیی کورد ناخوازێت"ئەوکات دەگوترا بەریتانیا لەپشت ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیازە بووە.

لە ڕاستیشدا پرۆسەی ورووژاندنی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە شانۆگەرییەک بەولاوە هیچی تر نییە و ئامانجی یەکێتیی سۆڤیەت لەم هەنگاوەیدا تەنیا بۆ ترساندنی ڕژێمی عێراق بووە بۆ ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵکوژییانەی دژی شیوعییەکانی عێراق ئەنجامدەدرێن. هەروەها ئاگادارکردنەوەی ئێران و تورکیا و سووریاش بوو، بەڵام دوای ناڕەزایی چەند وڵاتێکی عەرەبی و بەتایبەتی میسری جەمال عەبدولناسڕ و تورکیا و ئێران، پێشنیازەکە کێشرایەوە و نەخرایە نێو خشتەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان -دووریش نییە لەسەر داوای خودی یەکێتیی سۆڤیەتیش بووبێت، کێ دەزانێ؟ لەوانەشە ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەت ئەوکات ئەو هەڵوێستەی نەنواندبایە ، ئەوا چارەنووسی شۆڕشی کورد ئاو و ئاو دەچوو، واتە کورد گوتەنی بەخت یاوەریان بوو (JiKurdanre lê hat).

بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا عەبدولسەلام عارف کودەتایەکی دژی بەعسییەکانی عێراق بەرپاکرد و ئێران و تورکیاش هێزەکانی خۆیان بەرەو خاکی وڵاتەکانیان پاشەکشە پێکرد. بەم شێوەیە ڕوونەبێتەوە کە وڵاتانی زلهێز گەمە بە چارەنووسی گەلانی ژێردەست و لاواز دەکەن و فشەیان بە بەهاکانی ئازادی، دیموکراسیەت، یەکسانی و دادپەروەری دێت کە شەو و ڕۆژ کردوویانەتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری خۆیان.

کۆنگرەی نۆیەم

کۆنگرەی نۆیەم لە ڕۆژانی ٣ -٩ی ئابی ١٩٦٤ لە شاری (هانۆڤەر - Hannover)ی ئەڵمانی بە بەشداربوونی (١٨٣) ئەندام دەستی بەکارەکانی خۆی کرد کە نوێنەرانی ئەم لقانەی لەخۆگرتبوو: ئەڵمانیای فیدراڵ، بولگاریا، بریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیای دیموکرات، نەمسا، یەکێتیی سۆڤیەت، پۆڵۆنیا، یۆگسلاڤیا، هەنگاریا، بەرلینی ڕۆژئاوا، چیکۆسلۆڤاکیا و ژمارەیەک میوانی عەرەب و بیانی و کورد بە دروشمی (بڕوخێ دیکتاتۆریەتی سەربازی، بڕژی سیستمی دیموکراسیەتی پەرلەمانی) دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. نووری شاوێس و عومەر دەبابە بەنوێنەرایەتیی شۆڕشی کورد و لە ئەڵمانیا سەرۆکی شارەوانیی شاری(Braunschweig) بۆ جاری دووەم بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد و لە گوتەیەکیدا پشتگیریی خۆی دووپاتکردەوە بۆ کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و خواستی ڕەوای گەلی کورد لە سەرتاپای ئەو شوێنانەی تێیدا نیشتەجێن. هەروەها (میشائیل ستیدمن - Michael Steadman)، نوێنەرایەتیی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی لە کۆنگرەکەدا دەکرد و شاعیری بەناوبانگی عێراقیش بۆ جاری دووەم ئامادەی کۆنگرەکە بوو گوتەیەکی بەنرخ و کاریگەری پێشکەش ئامادەبووان کرد و پاش خوێندنەوەی گوتەکەی هۆڵی کۆنگرەی بەجێهێشت و بەرەو براگ بەڕێکەوت. دکتۆر حوزنی حاجۆ کە ڕاسپێردرابوو جەواهیری بگەیەنێتە فڕۆکەخانە، لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت:"بە جەواهیریم گوت: کاریگەریی وشە بە وشەی گوتەکەی ئەمجارەیان هیچی کەمتر نەبوو لەو هۆنراوەیەی لە کۆنگرەی پێشوودا خوێندوویەتییەوە، جەواهیریش پێیدەڵێ: کاتێک وشەکان لە کانگەی دڵەوە دەردەچن، دەستبەجێ جێگەی خۆیان لە دڵدا دەکەنەوە".

پاش ڕۆیشتنی میوانەکان کەمال فوئاد وتاری لێژنەی کارگێڕیی گشتیی خوێندەوە کە تایبەت بوو بە بارودۆخی باشووری کوردستان و عێراق بە گشتی، ئینجا گفتوگۆی ڕاپۆرتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەستپێکرد.

پێشتر ئاماژەمان بەوەکردووە کە ناکۆکییەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٦٣)وە دزەی کردبووە نێو جەستەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و لەم کۆنگرەیەدا ناکۆکییەکان زەقتر دەردەکەون.

هەریەک لە: نووری شاوێس، عومەر دەبابە کەمال فوئاد، سەعدی دزەیی، حیلمی شەریف و چەند کەسێکی دیکە هەریەکە و بەپێی بۆچوونی خۆی، بە درێژی باسی ناکۆکییەکانیان کرد، خاڵی بنەڕەتیی ناکۆکییەکان تۆمەتبارکردنی بارزانی بوو لە ئیمزاکردنی پەیماننامەیەک لەگەڵ حکومەتی عێراق بەبێ زانیاری و ڕەزامەندیی لێژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوایە بارزانی مرۆڤێکی خێڵەکیی کۆنەپەرست و ڕۆشنبیر نییە و گوێناداتە حزب و ڕێکخستنەکانی ... هتد.

بەداخەوە کە کۆنگرە نەیتوانی پاکانە بۆ ئەم پرسە بکات و تەنانەت بێلایەنیش هەڵبژێرێت لەو ناکۆکییانەی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان و نەیتوانی ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت لە ئاساییکردنەوەی ئەو بارگرژییە و هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە سەختەی شۆڕشی کوردی پێداتێپەڕ دەبێت و ئەوەی پێویست بێت بۆ ڕێکخستنەوە و یەکستنەوەی ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیە و پاراستنی لە هەموو ئەو پیلانانەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیان کردووەتە ئامانج، بەڵکو ناکۆکییەکانی سەرکردایەتیی شۆڕش هاتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەکە و دواتر کارگەریی نەرێنیی پرسەکە لە نێو کۆمەڵەکەشدا ڕەنگیدایەوە. بەپێی گوتەی چەند کەسانێکی نێو کۆنگرەکە بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکیان دا بۆئەوەی سەردانی باشووری کوردستان بکەن و نێوەندگیری بکەن لەنێوان ڕابەری شۆڕش و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەک و گروپی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە لەلایەکی دیکە. شاندەکە لە عیسمەت شەریف وانلی و کەمال فوئاد پێکێنرا کە ئەوکات بەرپرسی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ئەوڕوپا و لایەنگرێکی سەرسەختی گروپەکەی مەکتەبی سیاسی بوو. عومەر شێخموس پێیگوتم؛ عیسمەت شەریف وانلیش ئەندامێکی (پ.د.ک) بوو، بەڵام بە نهێنی و ئەویش لایەنگری گروپی مەکتەبی سیاسی بوو. بەڵام عیسمەت شەریف وانلی لە یاداشتنامەکەیدا کە لە ٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی:"پێشنیازی نێوەندگیرییەکە هی کەمال فوئاد بوو، نەک بە بڕیاری کۆنگرە، پاش زەقبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردایەتیی بارزانی و گروپی مەکتەبی سیاسی و چوونی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی دیکە بۆ

ئێران لە ساڵی ١٩٦٤ کەمال فوئاد داوایکردم سەفەرێکی کوردستان بکەم و لەوێ چاوم بە بارزانی بکەوێت، بەڵکو ڕازیبێت بە گەڕانەوەی ئەوانەی چوونەتە ئێران، لەڕاستیدا ئەوە خواستی منیش بوو ..."[٨٩] بەڵام لەو دیمانەیەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناودار فەرهاد عەونی لە (٩ی تەموزی ٢٠١٠) لەگەڵ ئەویدا سازدابوو، دەڵێت"... سەردانەکەم بە بڕیاری کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوو لە ئەورووپا کە لە کۆنگرەکەی ساڵی ١٩٦٤دا بەسترابوو، من و دکتۆر کەمال فوئاد ڕاسپێردراین بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی نێوان سەرکردایەتیی حزب و شۆڕش و ئەوانی دیکە ئەو نێوەندگیرییە بکەین، سەرەتا لە تاران مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەوانی دیکەمان بینی، کاتێک گەیشتینەوە کوردستان سەردانی بارزانیمان کرد کە ئەوکات ئەویش چووبووە گوندێک و لەوێ بە هەموو توانایەکمان هەوڵی لێکنزیکخستنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان بدەین و بگەینە دەرەئەنجامێکی گونجاو لەپێناو پاراستنی یەکێتیی نێوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول ...". کەواتە نێوەندگیرییەکەیان بە بڕیاری کۆنگرە بووە و پێدەچێت ئەمیان ڕاستتر بێت.

شاندەکە چەندین دیداریان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکاندا هەبوو کە یەکەمیان لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بوو. دیدارێکی دیکەشیان پاش ئەم ڕێککەوتە بوو، بەڵام شاندەکە بە دەستبەتاڵی گەڕایەوە، واتە ئامانجی سەردانەکەیان نەپێکا و نەیانتوانی ئەو دوو لایەنە لەیەک نزیکبکەنەوە. سەبارەت بە بۆچوونی بارزانی لە گەڕانەوەی گرەپی مەکتەبی سیاسی بۆ نێو پارتی، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە یاداشتنامەکەیدا دەنووسێت:"... بارزانی پێیگوتم: (تۆش دەتەوێ دووپشکێک بخەیتە باخەڵمەوە؟) کە مەبەستی لە دووپشکەکە، ئیبراهیم ئەحمەد بوو، ئینجا گوتی: (قەیناکە هەوڵی خۆت بدە) ... ئەوکات هەوڵەکان لە نزیکخستنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نێوان بارزانی و گروپی مەکتەبی سیاسی سەریان نەگرت، بەڵکو بارزانی کاک حەبیب کەریمی بە سکرتێری نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنیشانکرد ...".

لە کۆتاییدا کۆنگرە ژمارەیەک بڕیاری دەرکرد کە سەرجەمیان لە چوارچێوەی

پشتیوانیکردنی شۆڕشی کوردی باشووری کوردستان و ئیدانەکردنی سیاسەتی چەوتی ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستاندا بوو، بەتایبەتی سیاسەتی تەعریب و تەفریس و تەتریک کە دژی کورد و کوردستان پەیڕەویان دەکرد. لە هەڵبژادرنێکی ئازاد و بێگەرددا دەستەی کارگێڕیی گشتیی لایەنگرانی ئەم ڕەوتە هەڵبژێردران کە دکتۆر کەمال فوئاد بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و سەعدی دزەیی بە سکرتێری گشتی و هەریەک لە جەوهەر شاوێس، عومەر شێخموس و چەند کەسێکی تر بۆ دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە هەڵبژێردران.

کۆنگرەی دەیەم

کۆنگرەی دەیەم بەڵێدانی مارشی نەتەوەیی کورد و دەقیقەیەک وەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بەخێرهێنانی ئەندامانی کۆنگرە و میوانان بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی. لە ١٧ - ٢٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٥ لە هۆڵە گەورەکەی زانکۆی ئازاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا بە کۆمەڵێک دروشم و بە ئامادەبوونی (١٣٣) ئەندام دەستپێکرد کە نوێنەرایەتیی ئەم لقانەی کۆمەڵەکەیان دەکرد: ئەڵمانیای فیدراڵ، ئەڵمانیای دیموکرات، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئینگلتەرا، پۆڵۆنیا، چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، فەرەنسا، نەمسا، یۆگسلاڤیا، بولگاریا و چەند لقێکی وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو. هەروەها ئەندامانی نیشتەجێی هۆڵەندە و ڕۆمانیا[٩٠]. ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵەکە کە نیشتەجێی چەند وڵاتێکی ئەوروپایی بوون لەبەر چەند هۆکارێک نەیانتوانی بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن کە دواتر لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکەدا ڕوونەدەکرێتەوە، نامەیان نارد و داوای لێبوردنیان کرد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی لە پابەندبوون بە هەر بڕیارێک کە لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری لێدەدرێت.

دروشمەکانی ئەم کۆنگرەیە زۆر بوون کە بە زمانی کوردی و ئەڵمانی نووسرابوون، گرنگترینیان (دیموکراسیەت بۆ عێراق ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) و (بژی دۆستایەتیی ئەڵمانی - کوردی). پاش بەخێرهێنانی میوانەکان، گوتاری کردنەوەی کۆنگرەکە لەلایەن کەمال فوئاد سەرۆکی کۆمەڵەکە خوێندرایەوە کە باسێکی بەپێزی ڕەوشی سیاسیی کورد و کوردستانی لەخۆگرتبوو، بەتایبەتی دۆخە هەنووکەییەکەی شۆڕشی کوردان لە باشووری کوردستان. ئینجا ڕێگە بە میوانان درا وتارەکانی خۆیان بخوێننەوە. یەکێک لەو میوانانە دکتۆر شوینتال بوو بە نوێنەرایەتیی (سینات)[٩١] لە بەرلینی ڕۆژئاوا ئامادەبوو، هەروەها بەڕێز دامرۆ، نوێنەری لێژنەی گشتیی خوێندکاران (ئاستا)[٩١]لە زانکۆی ئازاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا و جویس لۆسۆ کەسایەتیی ناسراوی ئیتاڵیا و خانمە نوێنەری دامەزراوەی فەیلەسوفی بەریتانی پرۆفیسۆر برتراند، پەیامنێری ئاشی و بەڕێز هۆرمان، نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی سۆشیالیستی ئەڵمانیا، عیزەدین دجێلی، نوێنەری کۆمەڵەی

قوتابیانـی عێـراق لـە ئەڵمانیـای دیموکـرات، بەرلینـی ڕۆژئـاوا. عـادل عەتتـار نوێنـەری کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێـراق لـە کۆمـاری ئەڵمانیـای دیموکـرات، حەسـەن بەشـیر نوێنـەری یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان، قوتابیانـی سـوودان بەیەکـەوە، وریـا ڕواندزی سـکرتێری لێژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد، عەزیـز شـەمزینی نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کەریـم ئەحمـەد نوێنـەری حزبـی شـیوعیی عێـراق، دکتـۆر عەبدولڕەحیـم عەجینـە سـکرتێری یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی جیهـان و نـووری عەبدولـڕەزاق سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان.

پاشـان ئـەو نامـە و بڕووسـکانە خوێندرانـەوە کـەوا بـۆ پیرۆزباییکـردن بـۆ کۆنگـرە نێردرابـوون کـە زۆربەیـان هـی ڕێکخـراو و کەسـایەتییە کـوردی و عەرەبـی و ئەڵمانییـەکان بـوون، لەنێویانـدا بڕووسـکەی لاوانـی ئەڵمانیـای ئـازاد (FDU) ، نامـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، نامـەی پارتـی دیموکراتـی کـوردی لـە سـووریا، عەزیـز ئەلحـاج و فەیسـەڵ ئەلسـامر،

دوو کەسـایەتیی نـاسراوی عێـراق و لاوانـی چیکۆسـلۆڤاکیا (GSM) و یەکێتیـی قوتابیانـی مەلگـش (AAOM)، کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێـراق لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت، کۆمەڵـەی قوتابیانـی سـووریا لـە هەنگاریـا، ڕۆژنامەنووسـی ئەڵمانـی هۆرسـت برۆنیـک، عیسـمەت شـەریف وانلـی سـکرتێری گشـتیی لێژنـەی داکۆکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد، کۆمەڵـەی قوتابیانـی ئەرمـەن لـە فەڕەنسـا، کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد لـە ئەمەریـکا و هیتریـش. میوانانـی ئامادەبـووی کۆنگرەکـەش بریتـی بـوون لـە: دکتـۆر فۆلفکانـک شرۆیـدەر و هاڕالدسـۆن، فـۆن موینشـهاوزن، پەیامنێـری ڕۆژنامـەی (فرانکفـۆرت ئەلکیماینـە تسـایتۆنک) و پەیامنێـری هـەردوو ڕۆژنامـەی (تاکـس شـبیگل و مۆرگـن پۆسـت) بەڕێـزان شـوتس و دکتـۆر مۆیلـەر کـە لـە بەرلیـن دەردەچـن.

شـایانی باسـە ڕابـەری شۆڕشـی کـوردی باشـووری کوردسـتان، مسـتەفا بارزانیـش نامەیەکـی پیرۆزبایـی بـۆ کۆنگرەکـە ناردبـوو، بـەڵام دوای تەواوبوونـی کارەکانـی کۆنگرەکـە بـە دوو ڕۆژ ئینجـا گەیشـت، بۆیـە لـە کۆنگـرەدا نەخوێندرایـەوە و ئەندامانـی کۆنگـرە، لـە ناوەڕۆکـی نامەکـە ئاگادارنەکرانـەوە و تەنیـا لـە ڕاگەیەنـراوی کۆتایـی کۆنگرەکـەدا ئامـاژەی پێـدرا.

هەروەک تێبینی دەکرێت، ئەم کۆنگرەیە بەوە لە کۆنگرەکانی پێشووی جوداەکرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری میوانان لە سیاسەتوان و میدیاکاران و ڕێکخراوەکانی خوێندکاران لە وڵاتانی جیاوازی جیهان بەشداریان تێداکردبوو. کەمال فوئاد لەو تۆژینەوەیەی لە ژمارە لێکدراوەکەی (٢- ٣)ی گۆڤاری (هاڤیبوون)دا بڵاوکراوەتەوە، ستایشی کۆنگرەی دەیەم دەکات و دەڵێت:"کۆنگرەی دەیەم سەرکەوتووترین کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە بوو ..."لەڕووی چۆنێتی و قەبارەی ئامادەبووان و ئەو بڕووسکانەی بۆ کۆنگرەکە نێردراون و ئەو بابەتانەی گفتوگۆیان لەسەرکراوە. کە بەڵگەی دڵسۆزی و خەباتی بێوچانی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە و تەواوی دەستەکانیەتی بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە ڕای گشتیی ئەوروپا و جیهان و پەیداکردنی هاوسۆزی و پشتگیریکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد. لەوبڕوایەدام کە هۆکارێکی دیکە هەبوو بۆ ئەو بەشداریکردنە چڕەی ئامادەبووان لە کەسایەتی و ڕێکخراوە چەپڕەوەکان، ئەویش لە ئەنجامی ئەو مامەڵە خراپەی حزبی بەعس بوو بۆ شیوعییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ و هەڵاتن لە دەست ستەمی ڕژێم و پەنابردنە کوردستان و هاتنە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی کوردان بە ڕابەرایەتیی بارزانی.

کەمال فوئاد دەڵێت: خەبات و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە هەتاکو بەستنی ئەم کۆنگرەیە بەڕێکوپێکی بەڕێوەدەچوو و گرنگترین ئەو بڕیارانەی لەم کۆنگرەیەدا درا، بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بوو بۆ کورد. ژمارەی ئامادەبووانی ئەم کۆنگرەیە هەتاکو ڕۆژی یەکەمی کۆنکرەکە گەیشتە نزیکەی (٥٠٠) ئەندام، بەڵام نازانین ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان چەند بوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا لە (٢٪) تێناپەڕێت. بڕیارێکی دیکەی ئەم کۆنگرەیە، دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی بوو بە شێوەزاری سۆرانی بە ئەلفوبێی عەرەبی بەناوی (پڕشنگ) کە دەستەی کارگێڕیی گۆڤارەکە پێکهاتبوون لە کەمال فوئاد، مارف خەزنەدار، ئیحسان فوئاد و کاوس قەفتان - بە گوتەی مارف خەزنەدار - هەر لەم کۆنگرەیەدا ژمارەی لقەکانی کۆمەڵەکە گەیشتە (١٢) لق لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لقەکانیش لەم وڵاتانەدا بوون: ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، نەمسا، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیای

دیموکـــرات، چیکۆســلۆڤاکیا، پۆڵۆنیـــا، هەنگاریـــا، بولگاریـــا، یۆگسلاڤیـــا، یەکێتیـــی سـۆڤیەت. ژمـارەی ئەندامانـی کۆمەڵەکـەش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە زیادبووندابـوو، چونکـە ئەندامێتـی لـەم کۆمەڵەیـە تەنیـا سـنووردار نەکرابـوو بـۆ خوێنـدکاران، بگـرە دەرفـەت درا بـە هەمـوو کوردێـک ببێتـە ئەنـدام، جـا چ کرێـکار بـن، چ ئافـرەت بـن یـان گەنـج بـن، هەرچەنـدە نـاوی کۆمەڵەکـە، کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد بـوو لـە ئەوڕوپـا. گفتوگـۆی ئـەوەش کـرا، دامەزراندنـی کۆمەڵەیەکـی تایبـەت بـە کرێکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، هەروەهـا کۆمەڵەیەکیـش بـۆ لاوان و یەکێـک بـۆ ئافرەتـان تـا چەنـد بـە پێویسـت دەزانرێـت؟ بـەڵام زۆرینـەی ڕاکان لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون ژمـارەی کۆمەڵـەکان زیـاد بکرێـن و وا بـاشترە کۆمەڵەکـەی خوێنـدکاران دەرگای خـۆی والا بکاتـەوە بۆیـان و کۆمەڵەکـە ببێتـە ماڵێـک تـەواوی کـوردی ئەوڕوپـا بەجیاوازیـی تەمـەن و پیشـە و ڕەگـەزەوە لەخۆبگرێـت، لەپـاش ئـەم بڕیارەشـەوە، کۆمەڵەکـە بـووە کۆمەڵەیەکـی جەماوەریـی نیشـتمانی نـەک بەتەنیـا هـی خوێنـدکاران.

وەک نەریتێکیـش لـە هەمـوو کۆنگرەکانـدا کاتێکـی دیاریکراویـش بـۆ ئاهەنگـی یەکترناسـین و گۆرانـی و هەڵپەڕکـی تەرخـان دەکـرا کـە تێیـدا هەڵپەڕکیـی کـوردی و نمایشـکردنی جلوبەرگـی فۆلکلـۆری و چەنـد فیلمێکیـش، هەندێکجاریـش پیشـانگەی جلوبـەرگ و بەرهەمـە فۆلکلۆرییـەکان پیشـانی ئامادەبـووان دەدرا. بۆیـە لـە ئێـوارەی یەکەمیـن ڕۆژی ئـەم کۆنگرەیـەدا ئاهەنگێکـی یەکترناسـین بەڕێوەچـوو و چەندیـن گۆرانـی پێشـکەش ئامادەبـووان کـرا و دوو فیلمـی دیکۆمێنتاریـش لەسـەر شۆڕشـی باشـووری کوردسـتان نمایشـکرا. لـە ئێـوارەی ڕۆژی پێنجەمیشـدا واتـە لـە ئێـوارەی (٢١)دا ئێـوارە ئاهەنگێـک لـە (گازینـۆی ئـام فۆتکتـۆرم) سـازدرا و سـەدان کەسـایەتیی دیـاری ئەڵمانیـا و بیانـی و کـورد ئامادەبـوون و تێیـدا ژمارەیـەک گۆرانـی و هەڵپەڕکێـی کـوردی پێشکەشـکرا.

لـە کۆتایـی کۆنگرەکـەدا ژمارەیـەک بڕیـاری گرنـگ سـەبارەت بـە گشـت پارچەکانـی کوردسـتان دەرکـرا، لەوانـە: شـەرمەزارکردنی ئـەو شـەڕە دژوارەی حکومەتـی عەبدولسـەلام عارفـی دیکتاتـۆر و شـۆفێنی دژی کوردسـتانی باشـوور

و تـــەواوی هێـــزە نیشـــتمانی و دیموکراتخوازەکانـــی عێـــراق بەرپـــای کـــردووە، بۆیـــە کۆنگـــرە یەکخســـتنی تـــەواوی کۆشـــش و خەباتـــی ئـــەو هێزانـــە بەپێویســـت دەزانێـــت بـــۆ ڕزگاربـــوون لەژێـــر چەپۆکـــی ئـــەو حوکمـــە دیکتاتۆرییـــە ســـەربازییە و هێنانـــە کایـــەی سیســـتمێکی دیموکراتـــی پەرلەمانـــی لـــە ســـەرتاپای عێـــراق بـــۆ بەدیهێنانـــی خواســـتە نەتەوەییەکانـــی کـــورد کـــە ئـــەوکات لـــە ئۆتۆنۆمـــی بـــۆ عێـــراق بەرجەســـتەکرابوو لـــە چوارچێـــوەی خاکـــی کۆمـــاری عێراقـــدا. هەروەهـــا کۆمەڵەکـــە بروســـکەیەکی ناڕەزایـــی بـــۆ حکومەتـــی عەبدولســـەلام عـــارف نـــارد و تێیـــدا هەمـــوو ئـــەو کـــردەوە چەپەڵـــە نامرۆییانـــە شـــەرمەزارکرابوون، بەتایبەتـــی نیـــازی ئـــەو ڕژێمـــە لـــە بەکارهێنانـــی گازی ژاراوی دژی پێشـــمەرگەکانی شۆڕشـــی ئەیلـــوول، ئەمـــەش دەقـــی بروســـکەکەیە کـــە لـــە لاپـــەڕە (٥٢)ی کتێبـــی (لـــە بەڵگەنامەکانـــی کۆمەڵـــەی خوێندکارانـــی کـــورد لـــە ئەورۆپـــا) وەرگیـــراوە کـــە نـــەوزاد عەلـــی ئەحمـــەد کۆیکردووەتـــەوە و پێشـــەکیی بـــۆ نووســـیوە:

"بۆ سەرۆک کۆماری عێراق عەبدولسەلام عارف - بەغدا

دوابـەدوای شکســتهێنانی حکومەتـە دیکتاتۆرییـە سـەربازییەکەتان لـە دامرکاندنـەوەی شۆڕشـی گەلەکەمـان کـە ئامانجـی بەدیهێنانـی دیموکراسـیەت لـە عێـراق و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لەچوارچێـوەی کۆمـاری عێراقدایـە، زانیومانـە حکومەتەکەتـان فەرمانیـداوە بـە هێـزەکان بـۆ بەکارهێنانـی گازی ژاراوی دژی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان و گەلـی کـورد. ئێمـە لەکاتێکـدا پشـتگیریی تـەواوی خۆمـان بـۆ خواسـتەکانی شـۆڕش دەردەبڕیـن، هۆشداریشـتان دەدەینـێ لـە جێبەجێکردنـی ئـەو تاوانـە قێزەونـە و تـەواوی بەرپرسـیارێتی و دەرهاویشـتەکانیتان دەخەینـە ئەسـتۆ، داواشـتان لێدەکەیـن ڕێـز لـە یاسـا نێودەوڵەتییـەکان بنێـن.

کۆنگرەی دەیەمی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا

بەرلینی ڕۆژئاوا

٣٠ی ئابی ١٩٦٥

هەروەها کۆنگرە داوای لە سەرجەم وڵاتانی جیهان کرد هیچ جۆرە هاوکارییەکی سەربازی بۆ حکومەتی عێراق نەنێرێت، چونکە لە دژی بەرژەوەندی و خواستەکانی گەلی عێراقدا بەکاریاندێنێت، بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانیەوە. هەربۆیە کۆنگرە نامەیەکی ناڕەزایی بۆ حکومەتی بەریتانیا و سەرۆک وەزیران نارد، لەبەرئەوەی فڕۆکەی جەنگیی بە حکومەتی عێراق فرۆشتووە و کوردستانی پێ بۆردومان دەکات. لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە کۆمەڵێک نامە و یاداشتنامەی[٩٢] بۆ شا و سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی نارد و بارودۆخی باشووری کوردستانیان تێدا ڕوونکرابووەوە. هەروەها بۆ کۆنگرەی گەلانی ئاسیا-ئەفریقیا، نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی یۆگسلاڤیا نارد کە بەمدواییە مەشقی بە ئەفسەرانی عێراق کردبوو و لەسەر شەڕی پارتیزانیدا ڕاهێنانی پێکردبوون و شیاندنی بۆکردبوون بۆ شەڕی دژی کورد و پێشمەرگەی کوردستان.

لێژنەی کارگێڕیی گشتی لە بەیاننامەیەکی ڕۆژی ١٦ی ئابی ١٩٦٥ واتە ڕۆژێک پێش بەستنی کۆنگرەی دەیەم، بە کورتی باسی مێژووی کۆمەڵەکە و ئەو کۆنگرانەی کردووە کە پێشتر بەستراون، لە بڕگەیەکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە:"لە ئێستادا کۆمەڵەکە خاوەن (٥٠٠) ئەندامە؛ واتە سەرجەم ئەو خوێندکارە کوردانەی لە زانکۆکانی ئەوڕوپادا دەخوێنن و لقی لەم وڵاتانەدا هەیە: ئینگلتەرا، فەڕەنسا، نەمسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئەڵمانیای دیموکرات، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆڵۆنیا، هەنگاریا، بوڵگاریا، یۆگسلاڤیا و یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها کۆمەڵەکە ئەندامی لەم وڵاتانەدا هەیە: سویسرا، هۆڵەندە، ڕۆمانیا و ئیتاڵیا ..... بارەگای سەرەکیی کۆمەڵەکەش لە بەرلینی ڕۆژئاوایە".

کەمال فوئاد بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و سەعدی دزەیی بە سکرتێری گشتی مانەوە لەگەڵ ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە کە پێکهاتوون لە: عومەر شێخموووس، دکتۆر مستەفا سەیدە و کەسانی تر کە ناوەکانیمان بۆ ئاشکرا نەبوو.

لە ٣١ی ئابی ١٩٦٥ لێژنەی کارگێڕیی گشتیی هەڵبژێردراو لەلایەن کۆنگرەوە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکەیان بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

" ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا لە

٢٢ی ئابی ١٩٦٥ بە دروشمی (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دیموکراسیەت بۆ عێراق) بەسترا.

١٣٣ خوێندکاری کورد بەشداریان لە کۆنگرەکەدا کرد کە لە زانکۆکانی ئەم وڵاتە ئەورۆپاییانەدا دەخوێنن: ئینگلتەرا، نەمسا، ئەڵمانیای فیدراڵ، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیای دیموکرات، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆڵۆنیا، هەنگاریا، یۆگسلاڤیا، بولگاریا و یەکێتیی سۆڤیەت، هەروەها ئەندامانی کۆمەڵەکە لە هۆڵەندا و ڕۆمانیا. کۆنگرە ژمارەیەکی زۆری نامە و بڕووسکەی لەو خوێندکارانە پێگەیشتووە کە لەبەر چەند هۆیەک نەیانتوانی بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن.

کۆنگرەکە لە کاتژمێر ١٥:٠٠ی ڕۆژی ١٧ی ئابی ١٩٦٥ لە هۆڵە گەورەکەی زانکۆی ئازاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستانی عێراق دەستپێکرد. ئینجا سەرۆکی کۆمەڵەکە وتەیەکی بۆ ئامادەبووانی میوان و ئەندامانی کۆمەڵەکە خوێندەوە و باسی ڕەوشی سیاسیی کوردستانی بە گشتی کرد، تیشکی تایبەتیشی خستەسەر شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، پاشان میوانەکان وتەکانی خۆیان پێشکەشکرد. لەوانە: دکتۆر شوینتال نوێنەری سینات لە بەرلینی ڕۆژئاوا، خاتوو جویس لۆسۆ کەسایەتیی ناسراوی ئیتاڵیا و نوێنەری فەیلەسوفی بەریتانی پرۆفیسۆر برتراند پەیامنێری ئاشتی، بەڕێز دامرۆ نوێنەری لێژنەی گشتیی قوتابیانی زانکۆی ئازاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا، بەڕێز هۆرمان نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی سۆشیالیزمی ئەڵمانیا، بەڕێز عیزەدین ئەلدوجێلی نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە ئەڵمانیای فیدراڵ و بەرلینی ڕۆژئاوا، دکتۆر وریا ڕواندزی سکرتێری لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد و چەندین میوانی تر.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا ئاهەنگێکی یەکترناسین لە شوێنی بەستنی کۆنگرەکەدا سازدرا و چەند گۆرانییەکی کوردی و دوو فیلمی دیکۆمێنتاری سەبارەت بە شۆڕشی کوردستانی عێراق پێشکەشکرا. لە ڕۆژی ١٨ی ئابیشدا دوای هەڵبژاردنی لێژنەی پەسندکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆگرامی کۆنگرە و سیستمی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان، چەند میوانێک وتاری خۆیان خوێندەوە، لەوانە: عەزیز شەمزینی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان کەریم ئەحمەد نوێنەری حزبی شیوعیی عێراق، عەبدولڕەحیم عەجینە نوێنەری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان، نووری عەبدولڕەزاق سکرتێری

گشتیی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، عادل عەتار نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات. پاشان سکرتێری گشتی ڕاپۆرتی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەی پێشکەشکرد و دواتر گفتوگۆیەکی تێروتەسەڵ لەبارەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە کرا و کۆنگرە ڕەزامەندیی لەسەر دا.

هەروەها حەسەن بەشیر نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی جیهانیش یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆنگرەکە و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکرا و بەناوی یەکێتییەکەوە گوتارێکی پێشکەشکرد تیایدا ستایشی کۆنگرە و خەباتی گەلی کوردی کرد لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە دیموکراسیەکانی.

دانیشتنەکانی کۆنگرە هەتاکو ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ئاب بەردەوام بوو و لێژنەی لقەکان ڕاپۆرتەکانی خۆیان خوێندەوە و دەنگی لەسەر درا.

هەر لەم کۆنگرەیەدا چەندین بڕیاری گرنگ سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی کوردستانی عێراق دران و ناڕەزایی دەربڕا لەئاست ئەو دوژمنکارییانەی دەسەڵاتدارانی عێراق دژی گەلی کورد پەیڕەوی دەکەن و پشتگیریی تەواوی خواستەکانی شۆڕشی کورد دووپاتکرایەوە. هەروەها بڕووسکەیەکی ناڕەزایی بۆ حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف نێردرا و سەرجەم کارە نامرۆییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقی تێدا شەرمەزار کرا کە دژی هاووڵاتیانی کوردستان پەیڕەوی دەکات، بەتایبەتی بەکارهێنانی گازی ژاراوی دژی شۆڕشگێرانی کورد. هەروەها کۆنگرە سڵاوێکی گەرمی بۆ تەواوی پێشمەرگەکانی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ ڕابەری سوپای شۆڕشگێری کوردستان جەنابی مەلا مستەفای بارزانی نارد و داواکرا سەرجەم هێزە نیشتمانی و دیموکراتخوازەکانی عێراق لەبەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەربازی و چەسپاندنی حوکمێکی دیموکراسی پەرلەمانی خەبات بکەن لەپێناو سەقامگیری و ئازادی بۆ گەلی عێراق و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

لە ئێوارەی ٢١ی ئابدا کۆمەڵەکە ئاهەنگێکی کوردیی لە (گازینۆ ئام فۆنکتۆرم) سازکرد و سەدان ئەڵمانی و بیانی تێیدا بەشداربوون و کۆمەڵێک گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیی تێدا پێشکەشکرا. دواجار کۆنگرە سوپاسی ڕای گشتیی جیهانی و تەواوی ئەو هێز و لایەنانە کرد کە پشتیوانیی خواستەکانی گەلی کوردیان کرد و ناڕەزایی خۆیان لەئاست

تاوانکارییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق دەربڕی کە دژی گەلی کورد پەیڕەویان دەکات.

جگە لەوەی کە کۆنگرە ژمارەیەکی زۆری نامە و بڕووسکەی پیرۆزبایی پێگەیشت، لەوانە: نامەی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، نامەی پارتی دیموکراتی کوردی لە سووریا، عەزیز ئەلحاج خەباتگێڕی ناوداری عێراق و بڕووسکەی دکتۆر فەیسەل ئەلسامر کەسایەتیی دیموکراتخوازی عێراقی، نامەی لاوانی ئازادی ئەڵمانیا (FDU)، بڕووسکەی لاوان و قوتابیانی هەنگاریا (کیس)، بڕووسکەی یەکێتیی قوتابیانی پۆڵۆنیا (ZSB)، بڕووسکەی لاوانی چیکۆسلۆڤاکیا (CHSM)، نامەی یەکێتیی قوتابیانی ملگش (AAOM)، نامەی کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە یەکێتیی سۆڤیەت، نامەی کۆمەڵەی قوتابیانی سووریا لە هەنگاریا، نامەی ڕۆژنامەوانی ئەڵمانی هۆرست برۆنک، نامەی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی سکرتێری گشتیی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، بڕووسکەی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری سووریای عەرەبی لە ئەوڕوپا، کۆمەڵەی قوتابیانی ئەرمەن لە فەڕەنسا و نامەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەمەریکا و هیتریش.

بەشێک لە ئامادەبووانی کۆنگرەکە بریتی بوون لە: دکتۆر ڤۆڵڤگانگ شرۆیدە، فۆن موینشهاوەرز نوێنەری ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەڵمانی (فرانکفۆرتر ئەلیگماینە تسایتۆنگ). لە ڕاستیدا هەموو ڕۆژەکانی کۆنگرە و دانیشتنەکانی گردبوونەوەیەکی گەورە بوو لەپێناو ڕوونکردنەوەی دۆزی نیشتمانیی کورد و خواستە ڕەواکانی گەلی کورد و یەکخستنی ڕیزەکانی نیشتمانی لەپێناو سەرخستنی شۆڕشی کوردستان لە عێراق و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

لە کۆتاییشدا کۆنگرە ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگی دەرکرد و لێژنەی نوێی کارگێڕیی گشتی هەڵبژێردرا و لە کاتژمێر ١٩:٣٠ ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەم ڕێکەوتی ٢٢ی ئابی ١٩٦٥ بە سروودی (ئەی ڕەقیب) کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هێنرا.

لە ڕۆژی دواتر بەشداربووانی کۆنگرە بە وردیەکی بەرز و بڕوایەکی بەهێزتر بە دۆزی گەلی کورد و کوردستانی نیشتمان، بە گوتنەوەی دروشمی (یان کوردستان یان نەمان) گەڕانەوە شوێنی خوێندنی خۆیان.

لێژنەی کارگێڕیی گشتی - بەرلینی ڕۆژئاوا ٣١ی ئابی ١٩٦٥

سەرنج: فەرمانـدەی گشـتیی سـوپای شۆڕشـگێڕی کوردسـتان جەنابـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی، نامەیەکـی بـۆ کۆنگـرە نـارد و لـە نامەکـەدا هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ کۆنگرەکـە دەخواسـت، بـەڵام زۆر بەداخـەوە نامەکـە دوو ڕۆژ دوای تەواوبوونـی کۆنگرەکـە گەیشـت.

مەکتەبی تەنفیزی ٢٦ی ئابی ١٩٦٥

کۆنگرەی یانزە

کۆنگـرەی یـازدە لـە ٢٦ تـا ٣٠ی ئابـی سـاڵی ١٩٦٦ لـە شـاری بەرلینـی ڕۆژئـاوا و بـە ئامادەبوونـی (١١٧) ئەنـدام بـەسترا کـە نوێنەرایەتیـی لقەکانـی وڵاتانـی ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوایـان دەکـرد. (لەپێنـاو چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد لـە عێـراق لەسـەر بنەمـای ئۆتۆنۆمـی و دیموکراسـیەت) کرایە دروشـمی کۆنگرەکـەی ئەمجارە. دوو میـوان لـە سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و نوێنـەری یەکێتیـی قوتابیانـی دیموکراتـی عێـراق و نوێنـەری یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان و نوینەرێکی حزبـی شـیوعیی عێراقیـش بەشـداریی کۆنگرەکەیـان کـرد. بڕیجگـە لـە چەنـد ڕۆژنامەوانێکی ئەڵمانـی و بیانـی و سـەرۆکی کۆمەڵـەی کـوردی - ئەڵمانـی، بەڕێـز هۆرسـت برۆنیکـت.

بە دەقیقەیەک وەسـتان لەسـەر گیانی پاکی شـەهیدانی کورد و کوردستان سرووەی (ئەی ڕەقیـب) دەسـت بـە کارەکانی کۆنگرەکـە کرا و کەمال فوئاد بەناوی لێژنەی کارگێڕیی گشـتی بەخێرهاتنـی میوانـە بەڕێزەکانـی کـرد، ئینجـا گوتـەی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە خوێندرایـەوە و دواتـر سـێ لـە میوانـەکان گوتەی خۆیان پێشکەشـکرد، بـەڵام دوو وتارەکەی ئەندامانی سـەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لەئاسـت بەرپرسـیارێتیی نیشـتمانیدا نەبـوون و لەجیاتـی شرۆڤەکردنـی بارودۆخـی شـۆڕش و گەلـی کـورد و پێداویسـتییەکانی ئەندامانـی کۆنگـرە و هاندانی خوێندکاران بۆ گواسـتنەوەی ڕەوشـی شـۆڕش و گەلی کورد بۆ ڕای گشـتیی ئەوروپـا و جیهـان بەمەبەسـتی پەیداکردنی دۆسـت و لایەنگران بۆ شۆڕشـەکە، ئـەو دوو ئەندامـە دەسـتیانکردە بەخشـینەوەی تۆمـەت بـۆ یـەکتری کـە هـەر لە سـەرەتاوە کۆنگرەکـە لـە کەشـوهەوایەکی بارگاویـدا دەسـتی بە کارەکانـی کردبوو و هێنـدەی تر ئاگری ناکۆکـی و دووبەرەکییەکانـی نێوان خۆیان خۆشـکرد.

لەسـەر ئـەم پرسـە هەسـتیارە، حەمـڕەش ڕەشـۆ لـە ژمـارە سـێی گۆڤـاری (Çiya)[٩٣] کـە خۆشـی یەکێک بوو لە بەشـداربووانی کۆنگرەکە، نووسـیویەتی:"... نیشـانەکانی ڕق و کینە و شـەڕانگێزی بـە ڕووخسـاری ژمارەیـەک لە نوێنەرانـەوە دیاربوو و پێدەچـوو هەریەک لەمانە هاتبێتنـە گۆڕەپانـی شـەڕێکی مـان و نەمان و دەیانویسـت یـەکتری پارچە پارچە بکـەن ...".

حەمـڕەش ڕەشـۆ لـەو دیمانەیەشـدا کـە دکتـۆر عەبدولمەجیـد شـێخۆ لەگەڵیـدا ئامـادەی کردبـوو، پوختـەی دیمانەکـەی لـە پێشـەکیی تۆژینەوەیەکـدا بـە زمانـی کـوردی

بڵاویکردووەتەوە: (Çiya: Awêna çanda kurdî li Ewropa Kovara):"..... بڕیار بوو یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوەبێت کە بڕووسکەیەکی پیرۆزبایی و سوپاسنامەیەک بۆ بارزانی بنێردرێت، بەڵام ئەم پێشنیازە ڕەتکرایەوە، بۆیە هۆڵی کۆنگرەکەی بەجێهێشت و وەک دەربڕینی ناڕەزایەتییەک لە کۆنگرەکە کشایەوە. هەر بەوەشەوە نەوەستا، دەستلەکارکێشانەوەی خۆشی لە سەرکردایەتیی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕاگەیاند کە ئەندامێکی ئەو لقە بوو"[٩٤].

بەداخەوە هەروەک لەپێشتر ئاماژەمان پێدا، ئامادەبوون و خوێندنەوەی گوتاری هەریەک لە: ئیسماعیل عارف کە خۆی بە نوێنەری بارزانی و لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان ناساند و حلمی شەریف کە خۆی بە نوێنەری سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ناساند، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر دەروون و مۆڕاڵی ئەندامانی کۆنگرەدا هەبوو و ناکۆکییەکانیان زەقترکرد. ئا لێرەدا حەمەڕەش ڕەشۆ لە هەمان ئەو نووسینەی لەپێشەوە ئاماژەی پێدرا، دەڵێت:".... لە ناوەڕۆکی وتاری هەریەکەیاندا دیاربوو هەریەکەیان گۆڕی ئەوی دیکەیان لێدەدا و هاوشێوەی دڕندەیەک ددانیان لەیەکتری تیژدەکردەوە ...". لەجیاتی ئەوەی ئەم دووانە ڕێزەکانی خەباتی دژی دوژمن و چەوسێنەرانی کورد یەکبخەنەوە و ناکۆکییەکانی نێوان خوێندکاران کەمبکەنەوە و کار لەپێناو یەکگرتوویان بکەن، بەپێچەوانەوە هەریەکەیان کاریان لەسەر هەڵگیرساندنی ئاگری ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان قوتابیانیان کرد کە دواتر بووە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتری خوێندکاران لەیەکتری و فراوانکردنەوەی بۆشایی نێوانیان.

لە بڕگەیەکی گفتوگۆکانی کۆنگرەکە چەند نامەیەکی پیرۆزبایی خوێندرانەوە کە بۆ کۆنگرە نێردرابوون، یەکێک لە نامەکان، نامەکەی دکتۆر کامەران بەدرخان بوو:"بەڵام کەمال فوئادی سەرۆکی کۆمەڵەکە نامەکەی لە ئەندامانی کۆنگرە شاردبووەوە و نامەکە نەخوێندرایەوە ...."ئەمە لە ژمارە (٤٩١)ی ساڵی ١٩٦٧ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوکراوەتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد. (دەقی نامەکەی دکتۆر کامەران بەدرخان لە بەشی"بەڵگەنامەکان"ی بەشی دووەمی ئەم تۆژینەوەیەدا بە بەڵگەنامەی ژمارە (٩) بڵاوکراوەتەوە.

زۆر بە کورتی، مژاری سەرەکیی گفتوگۆکانی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە بریتی بوو لە

ناکۆکییەکانی نێوان گروپەکەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی شۆڕش کە پەلی بۆ نێو کۆمەڵەکەش هاویشتبوو کەچی تاوتوێکردنی بارودۆخی قوتابیانی کورد و لقەکانیان لە ئەورووپا و ئەو چالاکییانەی لە نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا ئەنجامدراون، هەروەها بارودۆخی گەلی کورد لە تەواوی پارچەکانی کوردستان و ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبنەوە، هەر لە ڕاگواستن و وێرانکردنی گوند و پرۆسەکانی دیکەی کۆمەڵکوژیی کوردان کە دەبوو کۆنگرە بیخستایەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و سەرنجی ڕای گشتیی پێڕابکێشرایە، بەڵام ئەوە نەکرا و زۆر بە کورتی ئەو گرنگییەی پێنەدرا و وەک دەڵێن: بەسەرپێیی خرانەڕوو. ناکۆکییەکانی سەرکردایەتیی شۆڕش لە باشووری کوردستان تەقینەوە و زۆر بە خێرایی گەیشتنە جەستەی کۆمەڵەکە کە لە بنەڕەتدا لە کۆنگرەی نۆی ساڵی (١٩٦٤)دا دوو ڕەوتی جیاواز لە کۆمەڵەکەدا دروست ببوو.

ئەنجام عومەر شێخمووس ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە لە کۆنگرەکە کشایەوە و پێشتریش دەستەکارکێشانەوەی خۆی لە لێژنەی کارگێڕیی گشتیی ڕێکخراوی ئەورووپای پارتی دیموکراتی کوردستان (لقی شەش) ڕاگەیاند وەک ناڕەزایی دەربڕینێک لە هەڵوێستی گروپی مەکتەبی سیاسی کە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ بارزانیدا ئاشت ببنەوە، چوونە بەغدا، هەروەک خۆشی باسی دەکات ئەم هەڵوێستەی من ئەوە ناگەیەنێت کە چووبێتمە پاڵ تێڕوانینەکانی ڕابەری شۆڕش مستەفا بارزانی.

لە لاپەڕە (٧١)ی تۆژینەوەکەی ڕوشدی عارفدا هاتووە؛ ئەندامانی کۆنگرە لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیانە ڕێککەوتن کە پۆستی سەرۆکی کۆمەڵەکە نەمێنێت و بیگۆڕن بە سکرتاریەتی کۆمەڵەکە. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم کە ئەم زانیارییە دروستە، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا نەبوو، بەڵکو لە کۆنگرەی داهاتوودا بوو، واتە (کۆنگرەی دوانزە).

سەرباری هەموو ئەمانەش، کۆمەڵەکە بەیەکگرتوویی مایەوە و لێژنەیەکی کارگێڕیی گشتیی هەڵبژارد کە لەمانە پێکهاتبوو: کەمال فوئاد سکرتێری کۆمەڵەکە و هەریەک لە: حەسەن محەمەد عەلی، مستەفا سەیدۆ، ڕەفعەت ئیبراهیم و .... پاشان هەریەکە و چووەوە ماڵی خۆی.

ڕۆژێک دوای کۆتاییهاتنی کارەکانی کۆنگرە، لێژنەی کارگێڕیی گشتی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکەی بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی[٩٥]:

ڕاگەیەنراوی کۆتایی

کۆنگرەی یانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

کۆنگرەی یانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا لە (٢٦ - ٣٠ی ئابی ١٩٦٦) بە دروشمی (لەپێناو چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە عێراق لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی و دیموکراسییەت) بەسترا، بە بەشداریی (١١٧) ئەندامی کۆمەڵەکە کە لە زانکۆی ئەم وڵاتانەدا دەخوێنن: ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ئەڵمانیای فیدراڵ، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیای دیموکرات، پۆڵۆنیا، چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، یۆگسلاڤیا، بولگاریا، ڕۆمانیا و یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو خوێندکارانەی لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیانتوانی بەشداریی لە کۆنگرەکەدا بکەن، بە نامەیەک بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد.

کۆنگرەکە لە کاتژمێر ١٦:٣٠ی ڕۆژی (٢٦)ی ئاب لە زانکۆی ئازاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا بە دەقیقەیەک وەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستپێکرد، ئینجا سەرۆکی کۆمەڵەکە بەخێرهاتنی میوان و بەشداربووانی کۆنگرەکەی کرد و وتەیەکی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی کوردستان پێشکەشکرد، پاشان میوانەکان وتەکانی خۆیان خوێندەوە، لەوانە: بەڕێز هۆرست برۆنیکت سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردی-ئەڵمانی، دکتۆر ڤۆڵفگانگ شرۆیدەر- ڕۆژنامەوانی ئەڵمانی، سەعدی ئەمین دزەیی سکرتێری لێژنەی داکۆکیکار لە مافەکانی گەلی کورد.

لە ڕۆژی ٢٧ی ئاب، چەند میوانێکی تر وتەکانیان پێشکەشکرد، لەوانەش: بەڕێز حیلمی عەلی شەریف، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز ئیسماعیل عارف، نوێنەری جەنابی مستەفا بارزانی و عەزیز ئەلحاج نوێنەری حزبی شیوعیی عێراق و دکتۆر عەبدولڕەحیم عەجینە نوێنەری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی عێراق، هەروەها نوێنەری یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری عێراق و کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە ئەڵمانیای فیدراڵ و بەرلینی ڕۆژئاواش وتەی خۆیان هەبوو.

پاش هەڵبژاردنی لێژنەی پەسندکردن و بڕیاردان لە خشتەی کارەکانی کۆنگرە و سیستمی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان، سکرتێری گشتی ڕاپۆرتی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی خوێندەوە کە سەبارەت بە سیاسەتی کۆمەڵەکە و ئەو چالاکییانە بوو کە لەو ماوەیەدا ئەنجامیانداوە و پاش گفتوگۆکردن بە تێکڕای دەنگ، دەنگیان پێدا. نوێنەری یەکێتیی

لاوانی دیموکراتی جیهانیش بەڕێز بەهنام پەترۆس ئامادەببوو و وتەیەکی سەبارەت بە چالاکییەکانی کۆمەڵەکە خوێندەوە، بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کورد دراون و ئەو دوژمنکارییەی ماوەی پێنج ساڵ بەرۆکی کوردستانی گرتووە.

کۆنگرەکە ژمارەیەک نامە و بڕووسکەی پێگەیشت لەلایەن: پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا و لێژنەی هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی کورد و یەکێتیی قوتابیانی یۆگسلاڤیا و هاوبەندیی قوتابیانی سووریا لە هەنگاریا و هاوبەندیی قوتابیانی یەمەن لە هەنگاریا، بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر کامەران بەدرخان و پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆیف و بڕووسکەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان و ئەنجوومەنی خوێندکاران لە یەکێتیی سۆڤیەت و بەڕێز نووری عەبدولڕەزاق و دکتۆر وریا ڕواندزی.

دانیشتنەکانی کۆنگرە هەتاکو رۆژی ٣٠ی ئاب بەردەوام بوو و لقەکانی کۆمەڵەکە ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەشکرد و دەنگیان لەسەردرا.

ئەندامانی کۆنگرە لە ڕۆژانی کۆبوونەوەکاندا گفتوگۆیان سەبارەت چەند بابەتێکی گرنگ کرد لەپێناو ڕوونکردنەوەی کێشەی نیشتمانیی کورد و ناوەڕۆکە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانەکەی و دوورخستنەوەی لە بیروباوەڕە دواکەوتوو و کۆنەپەرستانە زیانبەخشەکان لەپێناو پاراستنی یەکڕیزیی کۆمەڵەکە و پەرەپێدانی.

لە کۆتاییدا ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگ دەرکران، ئینجا لێژنەی نوێی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا کە سەعدی دزەیی یەکێک بوو لە ئەندامان و بە گوتەی خۆی ئەمە دواجار بوو بە ئەندامی کارگێڕی هەڵبژێردرێت. لە ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ی ئاب کۆنگرە، بەسەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی هێنا و بەشداربووان گەڕانەوە شوێنی خویان.

لێژنەی کارگێڕیی گشتی - بەرلینی ڕۆژئاوا - ٣١ی ئابی ١٩٦٦

هەروەها ئەمساڵ لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە، پەیامی نەورۆزی[٩٦] بڵاوکردەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

"جەژنتان پیرۆزبێت، جەژنی نەورۆز لە کورد پیرۆزبێت .... هەژار

بەبۆنەی جەژنی نەرۆزی پیرۆزەوە، جەژنی بەهار و ئازادی، لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە سڵاوێکی گەرم ئاراستەی ئەندامانی دڵسۆزی کۆمەڵەکە و پێشمەرگە ئازا و

دلێرەکانی کوردستان و .... تەواوی گەلی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەکەم و هیوادارین ساڵی نوێتان ساڵی جۆشدانی خەبات بێت بۆ دڵسۆزانی سەر ڕێی بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی مەزنی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لەپێناو مافی ئۆتۆنۆمی و عێراقێکی دیموکرات بۆ بەدیهێنانی دروشمی لەپێشینەی سەرجەم کوردی هۆشیار و دڵسۆز.

بۆی یادی نەورۆزی پیرۆز، هەربۆی و سەرکەوتووبێت شۆڕشی پیرۆزی گەلی کورد. بۆی کۆمەڵەکەمان.

کۆنگرەی دوانزە

بڕیاربـوو کۆنگـرەی دوازدە لـە ڕۆژانـی (١٧ – ٢٢ی ئابـی سـاڵی ١٩٦٧) لـە ڤیەننـای پایەختـی نەمسـا ببەسترێـت، بـەڵام هەفتەیـەک پێـش بەسـتنی کۆنگرەکـە، نوێنەرێکـی وەزارەتـی ناوخـۆی نەمسـا، بـە لێژنـەی کارگێڕیـی لقـی نەمسـای کۆمەڵکـەی ڕاگەیانـد، لەسـەر داوای باڵیۆزخانـەی عێـراق، دەسـەڵاتدارانی نەمسـا ڕێگـە نـادات ئـەم کۆنگرەیـە لەسـەر خاکـی نەمسـادا ببەسترێـت. بۆیـە کەمـال فوئـاد، سـەرۆکی کۆمەڵکـە ناچاربـوو داوای لـە لقەکانـی کۆمەڵکـە کـرد نوێنەرانیـان بنێرنـە بەرلیـن بـۆ ئامادەبـوون لـە کۆبوونەوەیەکـی نائاسـایی کۆمەڵکـە و گفتوگۆکـردن و ڕێککەوتـن لەسـەر دیاریکردنـی کاتێکـی تـر بـۆ بەسـتنی کۆنگرەکـە. ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە ڕێککەوتـن لـە نزیکتریـن کاتـدا کۆنگرەکـە لـە شـوێنێکی دیکـە ببـەستن و داواش لـە سـەرجەم لقـەکان کـرا هەوڵـی دابینکردنـی شـوێنێک بـدەن بـۆ بەسـتنی کۆنگرەکـە.

بـەڵام لێژنـەی گشـتیی لقـی ئەڵمانیـای دیموکـرات لـە ٣ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦٧دا نامەیەکـی کـراوەی ئاراسـتەی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی و سـەرجەم لقـەکان کـرد و ڕایگەیانـد، قەناعەتیـان بـەو بیانووانـە نییـە کـە لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی دایڕشـتووە بـۆ نەبەسـتنی کۆنگرەکـە لـە ڤیەننـا یاخـود لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا و گومانـی خستەسـەر مکـووڕ بوونـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵکـە (لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاواش لەپـاڵ لقـی نەمسـا ئامادەیـی خـۆی دەربڕیبـوو بـۆ میواندارێکردنـی بەسـتنی ئـەو کۆنگرەیـە). بەدووریشـی نازانیـن؛ دواخسـتنی کۆنگرەکـە لەبـەر ئـەو ناکۆکـی و دووبەرەکییانـە بێـت کـە کەوتووەتـە نێـو لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی کـە سـەرچاوەکەی هـەر ئـەو ناکۆکییانـەی نێـوان دوو باڵەکـەی شۆڕشـی کـوردی باشـووری کوردسـتان بێـت، چونکـە لقەکانـی سـوید، یۆگسلاڤیـا، بەرلینـی ڕۆژئـاوا و هەنگاریـاش هەریەکـە و بەجیـا لـە نیـوەی یەکەمـی هەمـان سـاڵدا نامەیـان بـۆ لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵکـە ناردبـوو و لـە نامەکانـدا کەمتەرخەمـی و خەمسـاردیی لێژنەکەیـان لـە بەجێنەگەیاندنـی کار و چالاکییەکانـی سەرشـانیان ڕوونکردبـووەوە.

لەبـەر هەبوونـی هەلومەرجەکانـی بەسـتنی کۆنگرەکـە لـە لقـی یۆگسلاڤیـای کۆمەڵکـە و پەیوەندیـی باشـی لەگـەڵ یەکێتیـی قوتابیانـی یۆگسلاڤیـا، بەتایبەتـی

پەیوەندیی سکرتێری لقی ئەوێ دکتۆر کەمال خۆشناو، شوێنی بەستنی کۆنگرەی گشتیی ساڵانەی کۆمەڵەکە لەوێ دەستەبەرکرا. هەر بەو بۆنەیەوە دکتۆر حەسەن محەمەد عەلی نامەیەکی بۆناردم و تێیدا دەڵێ: هەفتەیەک پێش بەستنی کۆنگرە، بە مەبەستی تەواوکردنی ئاماەکارییەکان، ئەو و کەمال فوئاد بەجووتە چوونە بەلگراد و پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکانی قوتابیانی جیهانەوە کرد.

بۆ بەرچاوڕوونیش پێویستە ئاماژە بەوە بدەین؛ ڕژێمی دەسەڵاتداری عێراق هەوڵی گوشارخستنەسەر دەسەڵاتدارانی یۆگسلاڤیای دابوو و داوای ڕێگریکردنی لێکردبوون لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە لەسەر خاکی ئەو وڵاتەدا، بەڵام بەرپرسانی یۆگسلاڤیا ئەو داواکارییەی دەسەڵاتدارانی عێراقیان بەهەند وەرنەگرتبوو، چونکە یۆگسلاڤیا و ڕۆمانیا پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی سۆشیالیزمی، جۆرە دیموکراسییەتێکی لیبراڵییان تێدا پەیڕەو دەکرا. ئەوەبوو لە ڕۆژانی ١٧ بۆ ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ کۆنگرەکە لە شاری بەلگرادی یۆگسلاڤی (سربیای ئێستا) بە ئاماەبوونی (٢١٢) ئەندام بەسترا. لەنێو ئاماەبووانیدا سێ ئافرەت هەبوون کە بریتی بوون لە: زۆزان بوجاق، کچی شەهید و شۆڕشگێڕی ناسراوی کورد فائق بوجاق کە ئەوکات لە پاریس دەیخوێند، هەروەها لەیلا بوجاق، ئامۆزای زۆزان بوجاق و غەزال سەیدۆ لە عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بوون. لە میوانانی کۆنگرەکەش: نوێنەری حزبی شیوعیی یۆگسلاڤی و نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوەکانی یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی جیهان، حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنگری سەرکردایەتی بارزانی بوو. جەلال تاڵەبانیش نوێنەرایەتیی گروپەکەی مەکتەبی سیاسیی دەکرد، سەڵاح بەدرەدین، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردی سووریا و ماجد عەبدولڕەزاق و تۆفیق ڕەزا بە نوێنەرایەتیی حزبی شیوعیی عێراقی و ساڵح یوسفی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی). لەلایەن لقەکانی کۆمەڵەکەشەوە ئەم ناوانەمان زانییەوە: سابیر خۆشناو لەلایەن لقی بولگاریا و کەمال خۆشناو لەلایەن لقی یۆگسلاڤیا.

بە هەمان نەریتی کۆنگرەکانی پێشوو، پاش بەخێرهێنانی میوانانی کورد و بیانی، ڕێگە بە حەبیب کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان درا گوتەکەی بخوێنێتەوە کە تاڕادەیەک وتارێکی میانڕەوی هێمنانە بوو، بەپێچەوانەی گوتارەکەی

جەلال تاڵەبانی کە هێرشێکی تونـدی کـردە سـەر خـودی بارزانی و بـە کەسـێکی خیڵەکی و دواکەوتـووی وەسـفکرد کـە هەمیشـە هەوڵـی سـەپاندنی ڕای خـۆی دەدات و ..... ئینجـا سـەڵاح بەدرەدیـن کـە پێـش ماوەیەکـی کـەم لـە باشـووری کوردسـتان بـوو و پتر لـە جارێـک چـاوی بـە بارزانـی کەوتبـوو و ئاشـنای کڕۆکـی ناکۆکییـەکان بـوو، شـەوێکیش پێش دەسـتپێکردنی کارەکانـی کۆنگـرە چـاوی بـە حەبیـب کەریمیـش کەوتبـوو – هـەروەک لـە بەشـی یەکەمـی یاداشـتنامەکانیدا (الحركة القومية الكوردية في سوريا - رؤية نقدية من الداخل) باسـیکردبوو- حەبیـب کەریـم پێیگوتبوو:"(هێلکـەی قەپانەکـە) لـەم ململانێیـەدا کـوردی سـووریان، ئەگەریـش بیانـەوێ، ئـەوان دەتوانـن پرسـەکە لـە بەرژەوەندیی شۆڕشـدا یەکلابکەنـەوە، بـەڵام لـە ئێسـتادا زۆربەیـان لـە دژی ئێمـەدا وەسـتاونەتەوە، پێمگـوت هەڵوێسـتی حزبمـان دیـار و یەکلاکراوەتـەوە و ئـەم هەڵوێسـتە زۆر بـە ڕاسـتگۆیی و بـێ پێـچ و پەنـا بـۆ هەمـوو لایـەک ڕوونـدەکەمـەوە ...."ئەوەبـوو سـەڵاح بەدرەدیـن وتەکـەی خوێنـدەوە و ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە گۆڕینـی هاوسـەنگیی هێزەکانـی نێـو کۆمەڵەکـە لـە بەرژەوەندیـی سـەرکردایەتی بارزانیـدا هەبـوو کـە دەیگـوت:"... گوتارەکـەی مـن وەکـو - بۆمبێکـی دانـراوە- و سـوپرازێکی وەڕسـکەر بـوو بـۆ بەشـێک لـە ئامادەبـووان. هەڵوێسـتی نەگـۆڕی حزبانـم لـە وەسـتان لەپـاڵ شـۆڕش و سـەرکردەکەی – بارزانـی- ڕاگەیانـد کـە گوزارشـت لـە شـەرعیەتی شۆڕشـگێڕی و حزبایەتـی و نەتەوەیـی دەکات و هەمـوو ئـەو دەنگـۆ و ڕۆپاگەندانـەی لـە لایـەن گروپەکـەی (جـەلال – ئیبراهیـم)ەوە بڵاودەکرێنـەوە، هیـچ بنەمایەکـی ڕاسـتییان نییـە و خـودی بارزانـی سـومبولی چەپڕەوییـە بـە مانـا زانسـتی، نەتەوەیـی، نیشـتمانی و مرۆیـی و گرووپەکـەی تـر پەیوەندیـی نهێنییـان لەگـەڵ ڕژێمـی سـووریادا هەیـە کـە لـە ئێسـتادا پلانـی پشـتێنەی عەرەبـی جێبەجێـدەکات ...".

هەڵبـەت وەکـو لـە چەنـد جێگەیەکـی تـردا ئاماژەی پێـدراوە کەشـوهەوای کۆنگـرە لـە کۆنگرەکـەی پێشـوو بـە ئاگـری دووبەرەکییـەکان بـارگاویتر بـوو، ئەویـش بەهـۆی جودابوونـەوەی گروپـی مەکتەبـی سیاسـی بـە سـەرۆکایەتیی ئیبراهیـم ئەحمـەد لـە شـۆڕش لـە سـاڵی (١٩٦٦) و چوونیـان بـۆ بەغـدا و خۆخسـتنە نێـو باوەشـی ڕژێمـی عێـراق[٩٧] بەوەشـەوە نەوەسـتان، بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ (١٩٦٦ – ١٩٧٠) چەکیشـیان دژی شۆڕشـی کـورد هەڵگـرت. جـا دوای ئـەوەی کەمـال فوئـاد سـکرتێری کۆمەڵەکـە گوتـەی خـۆی خوێنـدەوە کـە لـە دوو بـەش پێکهاتبـوو: بەشـی سیاسـی و بەشـی چالاکییـەکان، لایەنگرانی

بارزانـی و شـیوعییەکانی عێـراق جیـاواز لـە کۆنگرەکانـی پێشـوو، داوای جوداکردنـەوەی بەشـەکانیان کـرد تاکـو بەجیـا دەنگـی لەسـەر بـدەن. لـە یوسـف زۆزانیـم پرسـی، بۆچـی ڕاپۆرتەکـە کرایـە دوو بـەش؟ گوتـی:"... چونکـە ئـەوان دژی بەشـە سیاسـییەکەی ڕاپۆرتەکـە و لەگـەڵ بەشـی چالاکییەکانـی ڕاپۆرتەکـەدا بـوون ... بـەڵام کەمـال فوئـاد و ئێمـە پێشـنیازەکەمان ڕەتکـردەوە و کاک کەمـال گوتـی: ئێمـە لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەم سیاسـەتەدا چالاکییەکانمـان بەڕێوەبـردووە، ئەگـەر ئـەو سیاسـەتە نـە بوایـە نەماندەتوانـی چالاکییـەکان ئەنجـام بدەیـن، بۆیـە ئێمـە ڕازی نابیـن ڕاپۆرتەکـە دوو کەرت بکرێـت و دیوەکانـی بەجودا دەنگیـان لەسـەر بدرێـت ...."لـە کۆتاییشـدا بـە زۆرینـەی دەنـگ ڕاپۆرتەکـە ڕەتکرایـەوە.

بـەم شـێوەیە ناکۆکییەکان لەم کۆنگرەیەدا زەقتر لـە کۆنگرەکانی دیکە دەرکەوتن و زۆری نەمابـوو کۆنگرەکـە هەڵبوەشـێنرێتەوە و شکسـتی پێبهێنرێت، ئەگەر کەسـایەتیی سـەربەخۆ نیزامەدیـن کایـا لەجیاتـی سـەعدی دزەیـی جڵـەوی بەڕێوەبردنـی دانیشـتنەکانی نەگرتایـە -بەگوتـەی کایـا- هەمـوو لایـەک ڕێـزی تایبەتیـان لێدەنـا. لایەنگرانـی گروپـی مەکتەبـی سیاسـیش نەیانتوانـی بەرگـری لـەم هەڵوێسـتەی خۆیـان بکـەن کـە هەتاکـو بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە بەتـەواوی کۆنترۆڵـی کۆمەڵەکـە و لقەکانیـان کردبـوو، بۆیـە بەرەبەرە ئـەم گروپە بـەرەو لاوازی و پاشەکشـەکردن دەچـوو، چونکـە هەڵوێسـتیان بـۆ جەماوەری خوێندکاران ڕوونبـووەوە. بۆیـە لەپـاش پێکهێنانـی هاوپەیمانـی سـەرکردایەتی بارزانـی و شـیوعییەکانی عێـراق،[٩٨] لـە کـۆی (٢١٢) دەنگـدا تەنیـا (٧٤) دەنگیـان بەدەسـتهێنا - بـە گوتـەی یوسـف زۆزانـی- لێـرەوە هەردوولایان کاریان لەسـەر پەراوێزخستن و فەرامۆشـکردنی یەکتری دەکرد و لەپێـش بەسـتنی کۆنگرەکـەدا هەوڵـی کۆکردنـەوەی زۆرتریـن لایەنگرانی خۆیـان دەدا. لە گشـتاندنێکی نێوخۆشـدا کـە لێژنـەی ڕێکخـراوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئەوڕوپـا دوای کۆبوونـەوەی ڕۆژانـی ٢٥و ٢٦ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٧ کـە دکتـۆر مەحموود عوسمان ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی بەشـداریی تێداکردبـوو، گشـتاندنی ژمـارە (٤٩)ی ٢٨ی ئابـی سـاڵی ١٩٦٧تایبـەت بـە بەسـتنی کۆنگـرەی کۆمەڵـە دەرکرد و بڕیـاردرا:

١. پێویسـتە سـەرجەم ئەندامـان و پاڵێـوراوان لـە کۆنگرەکـە ئامادەبـن. هـەر ئەنـدام پاڵێوراوێکیـش ئامـادەی کۆنگرەکـە نەبـن، سـزاکانی پەیـڕەوی نێوخـۆی حزبـی بەسـەردا دەسـەپێنرێت، تـا دەگاتـە دەرکـردن لـە حزبیـش.

٢. ئەندامان و پاڵێوراوان کاری جیدی بکەن لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لایەنگرانی حزب و شۆڕش و ئاسانکردنەوەی هەموو ئەو بەربەستانەی دێتە ڕێی بەشداریکردن لە کۆنگرەکە."(سەرچاوە: بەڵگەنامەی ژمارە ٢٢).

ئەم ڕەوشەی کۆمەڵەکە حاڵەتێکی بێئومێدی و دروستکردنی باڵباڵێنەی خوڵقاند لەجیاتی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستەجەمعی و هەمەڕەنگی کە دەبێتە مایەی بەهێزی و بەرزکردنەوەی توانای کۆمەڵەکە. دووبارە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکەم لە زۆزانی پرسی و گوتی:"... لایەنگرانی بارزانی، ئێمەیان بە بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراق تۆمەتبار دەکرد، ئێمەش ئەوانمان بە بەکرێگیراوی شای ئێران تۆمەتبار دەکرد ...". لەم ڕووەوە تاریق ئاکرەیی دەڵێت:"....لە ئەنجامی شکانەوەی تای تەرازووەکە بەلای ئێمەدا، لەدەستمان دەهات لە لێژنەی کارگێڕیی گشتیدا بێبەشیان بکەین، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەکرد و هەڤاڵانی خۆمانمان ڕاسپارد دوو ئەندامیان هەڵبژێرن ... ئەمەشمان بۆ پاراستنی یەکڕیزیی کۆمەڵەکە بوو .... هەروەها داوام لە کەمال فوئاد کرد بەشداری لە دەستەی کارگێڕیی گشتیدا بکات، دەمانویست کەشێکی پەرلەمانی لە کۆمەڵەکەدا بهێنینە کایەوە ....".

حەمەڕەش ڕەشۆش هۆنراوەیەکی بە زمانی کوردی لەم کۆنگرەیە خوێندەوە و لە هۆنراوەکە داوای لە گشت لایەنەکان کرد بەجیاوازیی بیروباوەڕی سیاسی و هزری ئایینییەوە دووبەرەکی و ناکۆکییەکانی نێو خۆیان وەلابنێن و یەکبگرن، چونکە یەکگرتن کۆڵەکەی ژیان و سەرکەوتنە.

دانیشتنێکی ئەم کۆنگرەیە تایبەت کرابوو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لقەکانی کۆمەڵەکە و تاوتوێکردنیان. ژمارەیەک نامە و بروسکەی پیرۆزباییش خوێندرانەوە کە بۆ کۆنگرەکە نێردرابوون.

لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بەوە داوە کە هێندێک جار و بەتایبەتی لە بابەتە هەستیارەکان و بۆئەوەی سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەکە عیسمەت شەریف وانلی و ژمارەیەک لە کوردی فەیلی لە ئاست گفتوگۆکاندا بن و ڕایان لەو بابەتە هەستیارانە وەردەگیرێت و لەبەرئەوەی تاکو ئەوسا زمانی کوردیی بە باشی نەدەزانی، هەروەها ژمارەیەک لە کوردی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان لە شێوەزاری

سـۆرانی نەدەگەیـشتن، بەناچـاری ئەندامانـی کۆنگـرە بـە زمانـی عەرەبـی درێژەیـان بـە گفتوگـۆکان دەدا، ئەمـەش بـووە مایـەی بێزاربوونـی بەشـێک لـە کـوردی باکـووری کوردسـتان. لـەم کۆنگرەیەشـدا کاتێـک گفتوگـۆکان بـە زمانـی عەرەبـی بەڕێوەدەچـوون، وەک پەرچەکردارێـک (بـەدۆ عەنتەر)یـش کـە کوردێکـی باکـووری کوردسـتان بـوو و لـە سـوید نیشـتەجێ بـوو، تـووڕە بـوو و گوتی:"ئێمـەش بـە زمانـی تورکـی قسـان دەکەیـن".[٩٩]

لـە کۆتـا ڕۆژی کۆنگرەکـەدا (١٥) بڕیـار درا کـە بەشـێکی زۆری ئـەم بڕیارانـە پەیوەسـت بـوون بـە دۆخـی سیاسـیی هەرچـوار پارچەکـەی کوردسـتان و ڕژێمـە دیکتاتـۆرە شـۆفێنییەکانی داگیرکـەری کوردسـتان و پشـتگیریکردنی خەباتـی بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نیشـتمانییەکان بـوو لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و جیهـان. لـە سـەرەتای بڕیارەکانیشـدا نووسرابوو:"کۆنگـرە وایدەبینێـت؛ کێشـەی نیشـتمانیی کـورد لـە پارچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان لـە تورکیـا، عێـراق، ئێـران و سـووریا لەسـەر دەسـتی ئـەو حوکمڕانانـەی لەئێسـتادا حوکمڕانـی وڵاتـن چارەسـەر ناکرێـن، چونکـە ڕژێمەکانـی ئـەم وڵاتانـە، یـان کۆنەپەرسـتێکی سـەر بـە داگیرکارانـن، یاخـود دیکتاتـۆری شـۆفێنین و ڕێگـری لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد دەکەن، ناشـکرێ کێشـەکە چارەسـەرێکی دادپەروەرانەی دیموکراسـی بکرێـت، ئەگـەر لە سـایەی سیسـتمی حوکمێکـی دیموکراسـییانەدا نەبێـت ...".

لە کۆتایی کارەکانی کۆنگرەکەدا دەستەی سکرتاریەتی کۆمەڵە هەڵبژێردران کە لە سێ کەس پێکهاتبوون، ئەوانیش هەریەک لە: کەمال فوئاد لە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد ساڵح جومعە لە سەرکردایەتی سەر بە بارزانی و جەوهەر شاوێس لە حزبی شیوعیی عێراق.

پێکهاتـەی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـەش بـە سـازان لەسـەر حـەوت ئەنـدام ڕێککەوتـن کـرا، واتـە بـە هەڵبژاردنێکـی شـکڵی کـە بـەم شـێوەیە دابـەش ببـوون: دوو ئەندامـی سـەر بـە سـەرکردایەتیی شـۆڕش بـە ڕابەرایەتیـی بارزانـی، بریتـی بـوون لـە دارا عەتـار و حوسـێن بارزانـی. دوو ئەندامیـش سـەر بـە باڵەکـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی بـوون و پێکهاتبـوون لـە لەتیـف ڕەشـید و دارا ئەدیـب، دوو ئەندامیـش سـەر بـە حزبـی شـیوعیی عێراقـی بـوون: جەمشـید حەیـدەری و هیـوا بەهجـەت و ئەندامێکـی بێلایـەن بـوو کـە سـەردار ئاراراتـی دەستنیشـانکرا هەتاکـو سـاڵی ١٩٧٢ هـەر بـە ئەندامـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی مایـەوە - بـە گوتـەی خـۆی- .

کۆنگرەی سیانزە

بـە داوەتنامەیەکـی دەسـتخەت بـە زمانـی کـوردی و بـە پیتـی لاتینـی کـە پڕکەوتـی ڕۆژی ٣ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٨ی لەسـەر بـوو، لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی داوای لـە ئەندامانـی سـەرجەم لقەکانـی کـرد بەشـداری لـە کۆنگـرەی سـاڵانەی کۆمەڵەکـەدا بکـەن. واش پیشـاندرا کـە بەشـداربوون لـە کۆنگرەکـەدا ئەرکێکی نیشـتمانییە و پێویسـتە سـەرجەم ئەندامـان ئامادەبـن و دوانەکـەون، چونکـە ئـەو قۆناغـەی کۆمەڵەکـە و گەلـی کـوردی پێداتێپـەڕ دەبێـت، زۆر هەسـتیارە.

بـەم شـێوەیە و بـە ئامادەبوونـی پتر لـە (٢٣٠) ئەنـدام و ژمارەیـەک لـە کەسـایەتییە ناسراوەکانـی کـورد کۆنگـرەی سـیانزە لـە ڕۆژانـی ١٢ بـۆ ١٧ی ئابـی ١٩٦٩ لـە بەرلیـن بـەسترا و شـەش ڕۆژی خایانـد. کەسـایەتییە ناسراوەکانـی ئامادەبـووی کۆنگرەکـە بریتـی بـوون لـە: دکتـۆر کامـەران بەدرخـان بـە سـیفەتی نوێنـەری شۆڕشـی کـورد لـە دەرەوەی کوردسـتان و ناتاشـا بەدرخانـی هاوسـەری، دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملۆ بەنـاوی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان-ئێران، سـامی عەبدولـڕەحمان ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە یەکەمیـن کـەس بـوو وتـاری لـەم کۆنگرەیـەدا خوێنـدەوە. هەروەهـا جەمـال نەبـەز لـە حزبـی (کاژیـک)[١٠٠]، عیسـمەت شـەریف وانلـی، نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کـوردی سـووریا[١٠١](باڵی حەمیـد حاجـی دەرۆیـش) و سـەڵاح بەدرەدیـن بـە نوێنەرایەتیـی پارتـی دیموکراتـی کـوردی سـووریا و نوێنەرانـی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەی کـورد و ژمارەیـەک لـە ڕۆشـنبیرانی نـاسراوی کـورد و جەمیـل مەحـۆ بەنـاوی کـوردی لوبنـان، ئەویـش گوتەیەکـی بەنـاوی کـوردی لوبنـان[١٠٢] پێشکەشـکرد، هەروەهـا ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە میوانانـی ئەڵمانـی و بیانـی و میدیاکانیـان.

پێـش وتارەکـەی ئەویـش سـەردار ئاراراتـی، ئەندامـی سـکرتاریەتی کۆمەڵەکـە وتـاری کردنـەوەی کۆنگـرەی خوێنـدەوە تێیـدا بەخێرهاتنـی ئەنـدام و میوانانـی کـرد و وتارێکـی گشـتگیری بـە زمانـی ئەڵمانـی خوێنـدەوە سـەبارەت بـە دۆخـی گەلـی کوردسـتان لـە هـەر چـوار پارچەکـەی کوردسـتان، بەتایبەتـی پێشـهاتەکانی شۆڕشـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان. ئینجـا کۆنگـرە لـە ڕۆژی دووەمـدا بـە وتـاری نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ڕابـەری شـۆڕش دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد و تێیـدا شرۆڤـەی دۆخـی

شۆڕشی لە هەموو ڕوویەکەوە کرد و ئاماژەی بەو هەموو زوڵم و زۆرداریەی ڕژێم کرد کە بەسەر گەلی کوردیدا هێناوە و سیاسەتی کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێمی بەعسی خستەڕوو. پاشان دارا تۆفیق، ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕشی کورد لە وتارێکیدا باسی لە ڕۆڵی کاریگەری خوێندکاران کرد لە هەندەران و ستایشی کۆشش و خەباتی کردن و هیوای سەرکەوتنی بۆخواستن. دواتر دکتۆر کامەران بەدرخان وتارێکی ڕەخنەئامێزی خوێندەوە و ڕەخنەی توندی لە گروپی مەکتەبی سیاسی گرت. دکتۆر عیسمەت شەریف وانلیش ئامانجەکانی خەباتی گەلی کوردی بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە کە خۆی لە بەدەستهێنانی ئازادیدا دەبینییەوە کە گەلانی کوردستان هەوڵی بۆدەدەن. سەڵاح بەدرەدین، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا[١٠٣] وتاری لێژنەی مەرکەزیی خوێندەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ حزبەکەی و تەواوی گەلی کوردی سووریا پشتیوانیی بەردەوامی شۆڕشی کورد دەکەن. (دەقی وتارەکە لە بەشی شەشەم، بەڵگەنامەی ژمارە ٦دا بڵاوکراوەتەوە). ئینجا جەمال نەبەز وتاری ڕێکخستنی (کاژیک) و یەکێتیی نەتەوەیی قوتابیانی کوردی خوێندەوە. پاشان (جەمیل مەحۆ) وتارێکی بەناوی کوردی لوبنان خوێندەوە و تێیدا ئەو شەڕە دژوارەی شەرمەزارکرد کە ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتدارانی بەغدا و جاشە خۆفرۆشەکانی دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی دەدەن. موکەڕڕەم تاڵەبانیش، نوێنەری مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراقی، وتاری حزبەکەی خوێندەوە.

لە ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەکەدا، ناتاشا بەدرخان وتەیەکی بە کوردی خوێندەوە و بووە مایەی سەرسامیی ئامادەبووان. ئەمەش دەقی گوتارەکەیە بە کوردی[١٠٤]:

"هەڤاڵانی خۆشەویست، قوتابیانی بەڕێز!

هاتوومەتە بەرلین بۆئەوەی بتانبینم و دەمەوێ چەند شتێکتان بە بەرگوێدا بخەم، بێگۆمان ئێوە دەزانن؛ من کوردم چەند خۆشدەوێت، بە دایکی خۆتانم دابنێن، لەلایەکی دیکەوە زۆربەتان دەزانن من پۆڵۆنیم. ولاتەکەی منیش هاوشێوەی کوردستانی جوان و خۆشەویست بە درێژایی ساڵانێکی زۆر لەژێر چەپۆکی بیانییەکاندا دەینااڵند، ئەوەی لەکاتی خۆیدا بەسەر پۆڵۆنیادا

هـات لـە دووڕوویـی و ئێرەیـی و دووبەرەکـی و .... ئەمـڕۆ کوردسـتان بـە هەمـان چارەنووسـدا تێدەپەڕێـت.

لەنێـو پۆڵۆنییەکانـدا کەسـانێک هەبـوون دەسـتیان لەگـەڵ سـتەمکار و چەوسـێنەراندا تێکـەڵ کردبـوو. وەکـو سـەربازێکی ئـەو دەوڵەتـە داگیرکـەرە هاوشـێوەی بەکرێگیراوانـی دیکـە، دژی گەلـی خۆیـان دەجەنـگان و برایانـی خۆیانیـان دەکوشـت. کـورد میللەتێکـی ژیـرن، دەسـتکراوە و بەخشـندە و ئـازان، بۆچـی تاکـو ئێسـتا لەژێـر چەپۆکـی دوژمنـان و خەڵکانـی بیانیـدا دەنالێنێـت؟ بۆچـی ئـازاد نەبـووە و سـەربەخۆیی خـۆی وەرنەگرتـووە؟ چونکـە لەنێـو کـورددا خەڵکانێـک هـەن مامەڵـە لەتـەک دوژمنانـی کـورددا دەکـەن، پێویسـتە خۆمانیـان لـێ ڕزگار بکەیـن و تورپانهەڵدەینـە دەرەوە. ئـەوکات کـەس ناتوانێـت ڕووبـەڕووی کـورد ببێتـەوە، بەتایبەتـی حکومەتـی عێـراق. بـەم شـێوەیە کوردسـتان هەنـگاو دەنێـت، کوردسـتانی قەشـەنگ هەنـگاو بـەرەو ئـازادی دەنێـت.

بـژی کوردسـتانمان، بـژی جەنـەڕاڵ بارزانـی، سـیمبوڵمان. بـژی پێشـمەرگە، بـژی قوتابیانـی کـورد، خـودا بتانپارێزێـت".

بێجگـە لـەو ژاوەژاوەی بەشـێک لـە لایەنگرانـی گروپـی مەکتەبـی سیاسـی خوڵقاندیـان و داوای دەرکردنـی بڕیارێکیـان دەکـرد بـۆ سـزادانی عەلـی قـازی محەمەد[١٠٥]کـۆڕی سـەرۆک (کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان) و دەرکردنـی لـە هۆڵـی کۆنگرەکـە، هیـچ شـتێکی نائاسـایی لـەم کۆنگرەیـەدا ڕووینـەدا، ناکۆکییەکانیـش لەچـاو ناکۆکییەکانـی کۆنگرەکانـی پێشـوو هێنـدە گـەورە نەبـوون و ئـەو بارگرژییانـەی پێشـوو کەمێـک خاوببوونـەوە. چونکـە لایەنگرانـی گروپەکـەی مەکتەبـی سیاسـی لـە کۆمەڵەکـە نەیاندەتوانـی داکۆکـی لـە هەڵوێسـتەکانیان بکـەن و پەسـتێنرابوونە کونجێکـی تەنگەبـەری کۆمەڵەکـە. بەپێـی ئـەو بابەتـە بڵاوکراوەیـەی لـە ٢٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٩ی (دەنگـی پێشـمەرگە)دا بڵاوبووەتـەوە، لـە کـۆی ئـەو (٢٩) وتـارەی لـە کۆنگرەکـەدا خوێندرانـەوە (٢٨) وتاریـان پشـتگیریی شـۆڕش و مسـتەفا بارزانیـی ڕابـەری شۆڕشـیان دەکـرد و لـەو ماوەیـەدا لێکتێگەیـشتن و هەماهەنگیـی نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعیی عێراقـی لـە لووتکـەدا بـوو.

پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بدرێـت؛ لایەنگرانـی گروپەکـەی مەکتەبـی سیاسـی لـە

کۆمەڵەکەدا لە ماوەی دوای کۆنگرەی یانزە تاکو بەستنی ئەم کۆنگرەیە، هەوڵی ئەوەیان دەدا بەربەست بخەنە بەردەم ئەنجامدانی چالاکییەکانی پەیوەست بە شەرمەزارکردنی سیاسەتە تاوانکارییەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە کورد و شۆڕشەکەیان لە باشووری کوردستان پەیڕەویان دەکرد، بۆنموونە: لەو ماوەیەدا ڕژێم هێرشێکی دڕندانەی کردبووە سەر گەلی کورد کە هیچیان بۆنەمابووە تەنیا چەکەڵگرتن و بەرگریکردن لەخۆیان و شکستهێنان بەو پلانانەی بۆ لەباربردنی شۆڕش، کوردیان کردببوە ئامانج. دەستەی کارگێڕیی گشتی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیاندا لە هاوینی ١٩٦٨ لە بەرلین ویستیان بەیاننامەیەک دژی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە کوردی باشوور بڵاوبکەنەوە، هاوکات دکتۆر کەمال فوئاد و دارا ئەدیب هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەکە دەکرد، ئەگەر بێت و بەیاننامەیەکی لەمجۆرە دەربکەن. بۆیە دەستەی کارگێڕیی پەنای بۆ شێوازێکی دیموکراسیانە برد و پرسی بڵاوکردنەوە و بڵاونەکردنەوەی بەیاننامەکەیان خستە دەنگدانەوە، ئەوەبوو زۆرینەی دەنگەکان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە بوون و دواجاریش هەریەک لە دکتۆر کەمال و دارا ئەدیب دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە کۆمەڵەکە ڕاگەیاند، پاشان بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەم دووانە دوو ئەندامی یەدەکی کۆمەڵەکە دیاریکران کە یەکێکیان سەردار ئاراراتی بوو، ناوی دووەمیان نادیارە.

هەر بۆئەوەی دادپەروەربین و تۆژینەوەکە زانستیانەتر بێت، بە گوتەی سەرچاوە نزیکەکان لە سەرکردایەتی بارزانی وازم نەهێنا و پرسیارم لە عومەر شێخموس کرد کە تاکو ئێستا سەر بە گروپە سیاسییەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، گوتی:"هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی ئەم دووانە - دکتۆر کەمال فوئاد و دارا ئەدیب- لە کۆمەڵەکە ئەوەبوو؛ هەردووکیان بەنیازی گەڕانەوە بوون بۆ کوردستان، نەک وەک ئەوەی لایەنگرانی بارزانی دەیگێڕنەوە کە گوایە لەبەر ناڕەزاییان بووە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیەی باسدەکرێت. دواتر دکتۆر کەمال فوئاد دەبێتە مامۆستا و لە زانکۆی سلێمانی وانەی دەگوتەوە ....".

دکتۆر محەمەد ساڵح جومعەش کە - سەردەمانێک ڕاوێژکاری مەسعود بارزانی،

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو- لەو کۆبوونەیەدا بەشداربووە و بەپێی گوتەی ئەو دووپاتیکردەوە کە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەیان تەنیا بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە بوو نەک شتێکی دیکە ...".

هەر سەبارەت بەم بابەتە، سیامەند بەننا کە لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ لە ماڵەکەی خۆیدا لە باشووری کوردستان بینیم، پێیگوتم:".... پاش کۆنترۆڵکردنێکی پراکتیکیانەی کۆمەڵەکە لەلایەن لایەنگرانی سەرکردایەتی بارزانی و بە پشتیوانیی حزبی شیوعیی عێراقی، سەدام حوسێن بە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیی گوتووە: ئەرێ جەماعەت لای خوابێ ئێوە نوێنەرایەتیی چینێکی ڕۆشنبیر دەکەن و خوێندکاران و عاقڵمەندان و شارنشینانتان لەپشتە کەچی ئەم کۆبوونەوەیە – مەبەستی کۆنگرەی ١٩٦٩- یە، پێدەچێت ئێوە ئەوانتان لەدەست چووبێت؟! ئینجا درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: ... ئەم قسانەی سەدام حوسێن وەڵامدانەوەی قسەکانی پێشووی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدە کە بە سەدامیان گوتبوو: چینی ڕۆشنبیر و خوێندکاران و عاقڵمەندان و فەرمانبەران و شارنشینەکانی کوردمان لەگەڵدایە، بارزانیش تەنیا نوێنەرایەتیی خێڵەکان دەکات و ....".

لێرەدا پێویستە کاتی ئەم قسانە بە هەند وەربگرین کە نزیکەی ٥٠ ساڵی پێش ئێستایە کە ئەوکات (٧٠٪)ی کورد گوندنشین بوون، بەپێچەوانەی ئێستا کە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە و لەئێستادا (٩٠٪)ی کورد لە شارەکانی وەکو هەولێر، سلێمانی، دهۆک و شارۆچکەکاندا دەژین و خەریکە گوندەکان خالی دەبێت لە گوندنشینان و چۆڵدەبن. جا ئەگەر وایدابنێین ئەو قسانەی پێشووی نێوان سەدام و مام جەلال و ئیبرهیم ئەحمەد راست بن، دوور نییە ئەنجام ەکانی کۆنگرەش هۆکارێکی دیکە بێت بۆئەوەی ڕژێمی عێراق بیر لە دانوستان بکاتەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردان بە ڕابەرایەتیی بارزانی کە دواجار ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی لێکەوتەوە، چونکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا بەڕاستی ئاوێنەی ڕەوشی گەلی کورد بوو لە تاراوگە.

لە کۆتایی کۆنگرەشدا کۆمەڵێک بڕیار دەرکران کە زۆربەیان بۆ یەکگرتنی خوێندکاران بوو بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد و مستەفا بارزانیی ڕابەر کە

ئاواتـی هەمـوو کـوردان بـوو، نـەک هـەر لـە بەشـی باشـووری کوردسـتان، بەڵکـو لـە تـەواوی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش.

ئینجـا سـکرتاریەتێکی نـوێ بـۆ لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی هەڵبژێـردرا کـە بریتـی بـوون لـە: جەمـال عەلەمـدار بـە سـکرتێری گشـتیی کۆمەڵەکـە و جەوهـەر شـاوێس و شـاخەوان نامیـق بـە ئەندامانـی سـکرتاریەت، هەریـەک لـە سـەردار ئاراراتـی و ڕەحمان قـادری، نـەوزاد نـووری، فـەوزی ئەسـعەد و دارا عەتـار (سەرنووسـەری گۆڤـاری کوردسـتان) بوونـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە و دوو ئەندامـی یەدەکیـش هەڵبژێـردران، ئـا لێـرەوە زاڵبوونـی لایەنگرانـی سـەرکردایەتی بارزانـی بـە ڕوونـی بەسـەر کۆمەڵەکـەدا دەرکـەوت و ڕێـڕەوی کۆمەڵەکـە لەلایـەن ئەوانـەوە دیاریدەکـرا.

لـە بەیاننامەکـەی ڕۆژی ١٨ی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٩شـدا هاتـووە؛ لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە بڵاویکردووەتـەوە:

١. دەستەکارکێشانەوەی ئەندامێکی کۆمەڵەکە قبوولکرا بەهۆی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان.

٢. دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی ڕەزامەندیـی دا لەسـەر دەستەکارکێشـانەوەی یەکێـک لـە ئەندامانـی سـکرتاریەت و ئەندامێکـی یەدەکـی دەسـتەی کارگێڕیـی بەبـێ ڕوونکردنـەوەی هـۆکارەکان. بۆیـە لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژانـی ٢٤ و ٢٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠ ئـەو دەسـتە نوێیـەی لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوادا هەڵبژێـردران، کێشـەکانی کۆمەڵەکـە و لقەکانـی کۆمەڵەکـەش خرانـە بـەر بـاس و گفتوگـۆی ئامادەبـووان و هـەر لـەوێ کۆمەڵێـک بڕیـار لەسـەر کاراکردنـەوەی چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە و پتەوکردنـی ڕۆڵـی کۆمەڵەکـە و دەرکردنـی گۆڤارێـک دەرچـوو بـە زمانـی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی بەنـاوی (پڕشـنگ- PerŞeng) و ئـەو ئەندامـە یەدەکانـەش جێگیرکـران و جێگـەی ئەندامـە دەستەکارکێشـاوەکانیان پڕکـردەوە.

دەقـی ڕاگەیەنـراوی کۆتایـی کۆنگـرە کـە لەلایـەن حەسـەن عەبدولکەریـم و (بنکـەی ژیـن) وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی – شـێوەزاری سـۆرانی:

ڕاگەیەنراوی کۆتایی

کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

لە ڕۆژانی ١١ تا ١٧ی ئابی ١٩٦٩ کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە بەرلینی ڕۆژئاوا، بە ئامادەبوونی (٢٤٢) ئەندام و ژمارەیەکی زۆر لە میوانان کە لە کوردستانەوە هاتبوون، بەسترا.

ئەندامانی کۆنگرە کار و چالاکییەکانی لێژنەی کارگێڕیی گشتی و لقەکانی کۆمەڵەکەیان زۆر بە وردی باسکرد و گفتوگۆیەکی تێروتەسەڵیان لەسەرکرد. هەروەها بارودۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلمان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان خرایەڕوو و بە دڵێکی پڕ لە باوەڕ و بڕوابەخۆبوونەوە مزگێنیی ئایندەیەکی گەشی بۆ خەباتی گەلەکەمان ڕاگەیاند و کۆمەڵە بڕیارێک بۆ پشتیوانیکردنی خەباتی گەلە دلێرەکەمان دەرکرا لە تەواوی پارچەکانی کوردستان، هەروەها بڕیارگەلێکیش بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین درا بەتایبەتی گەلی ڤێتنام و گەلی عەرەب.

کۆنگرە بەوپەڕی شانازییەوە سڵاوی گەرمی خۆی ئاراستەی شۆڕشی گەلی کورد و پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان دەکات بە ڕابەرایەتیی مستەفای بارزانی و تەواوی پشتگیریی خۆشی دووپاتەدەکاتەوە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی گەلەکەمان کە خۆی لە مافە نەتەوەییەکاندا دەبینێتەوە و لەپێش هەموشیانەوە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسیەت بۆ عێراق.

کۆنگرەمان، ڕژێمی ئێستای عێراق، بە ڕژێمێکی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرستی شۆڤێنی لەقەڵەمدەدات کە تاکو ئێستا دەستبەرداری پەیڕەوکردنی سیاسەتی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد نەبووە و بە هەموو هێز و تواناشیەوە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و جاش و خۆفرۆشان یەکڕیزیی گەلی کردووەتە ئامانج، بەڵام هەروەکو مێژوو تۆماریکردووە ئەم شێوازی مامەڵەکردنە هیچ ئامانجێک ناپێکی و ئەنجام ەکەی هەر ڕووڕەشی و شکست و نەمانی ئەو ڕژێمە و داروودەستەکەیەتی جا چ تاک بن یاخود دەستە و گرووپ.

تاکە بژاردەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دەستهەڵگرتنە لەو کوشتارە و دانیشتنە لەسەر مێزی گفتوگۆ و ڕازیبوونە بە خواستەکانی سەرکردایەتیی شۆڕش کە داوای بەشدارکردنی تەواوی هێز و حزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان دەکات لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی کورد و عەرەب و ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و پووچەڵکردنەوەی پڕۆژە شەڕانگێزییەکانیان، چونکە بەرژەوەندیی ئەوان تەنیا لە بەردەوامبوونی شەڕ و کۆشتار و ئاڵۆزکردنی کێشە نێوخۆییەکانە.

هەروەها ئازادییە دیموکراسییەکان و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو ڕێکخۆشکەر دەبن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیی یەکگرتوو کە لەتوانایدا بێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات کە تاکو ئێستا بەبێ چارەسەر ماون.

کۆنگرە بارودۆخی کوردی ئێرانیشی خستووەتەڕوو و ئەندامانی کۆنگرە تاوتوێیانکردووە و دەرکەوتووە لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا گەلی کوردمان ڕووبەڕووی پرۆسەکانی کوشتن و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە و هێزەکانی شا، گەلی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە ئامانج گرتووە و ڕژێمێکی تیرۆریستیی خوێناویی لە ئێران دامەزراندووە. بە ئاگر و ئاسنیش وەڵامی خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی داوەتەوە. لە کاتێکدا کۆنگرە پشتیوانیی خۆی بۆ خەباتی گەلی کورد لە ئێران دووپاتدەکاتەوە، داواش دەکات هەموو جۆرە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی کوشتن و بڕین و وێرانکردن دژی گەلەکەمان ڕابگرێت و بەزووترین کات دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا بنێت.

هەروەها کۆنگرەمان ناڕەزایی خۆی لە ئاست سیاسەتی کۆنەپەرستانە و شۆڤێنیی حکومەتی تورکیا دەردەبڕێت کە تاکو ئێستا پەیڕەوی دەکات و دان بە بوونی گەلی کورد و مافە نەتەوەییەکانی نانێت و هەموو شێوازێکی نامرۆییانە بۆ سەرکوتکردنی مافە ڕەواکانی کورد بەکاردێنێت. بۆیە کۆنگرە داوای دانان بە مافی کورد و ئازادکردنی بەنکراوە سیاسییەکان دەکات و بەپێویستی دەزانێت مۆڵەتی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە پەخشی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی بە کوردی باکوور ڕەوا ببینێت.

دیسانەوە کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بارودۆخی کوردی سووریاشی خستووەتە بەر دیدی ئەندامانی کۆنگرە و دووپاتبووەتەوە کە

دەسەڵاتدارانی سووریا هێشتا بەردەوامە لە جێبەجێکردنی پڕۆژە ڕەشەکانی بە مەبەستی پەرتەوازەکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و زەویوزار و مواڵکی کوردی ئەوێی زەوتکردووە و بێبەشیکردوون لە گشت مافە نیشتمانی کۆمەڵایەتییەکانیان، سەرباری بێبەشکردنیان لە مافی خوێندن. کۆنگرە وایدەبینێت لەم کاتەدا کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی و داگیرکاری بووەتەوە، لە بەرژەوەندیی وڵاتیدایە دەست لە جێبەجێکردنی سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی هەڵبگرێت و دان بە مافەکانی کورددا بنێت و سەرجەم زیندانیانی سیاسیشیان ئازاد بکات..

سەرلەنوێ کۆنگرە، پشتگیری خۆی بۆ خەباتی گشت گەلانی ئازادیخواز دووپاتەدەکاتەوە دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی جیهانی. هەروەها پشتیوانیی خۆی بۆ چەسپاندنی ئاشتیی سەرتاسەریش کە مافی هەموو گەلانی جیهانە، دژی هەر شێوەیەکی ستەم و چەوساندنەوەیەکە. بەم بۆنەیەوە کۆنگرە، خەباتی گەلی ڤێتنام بە مەشخەڵێکی داگیرساو دەزانێت دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و دەستدرێژییەکانی، بەرواى تەواویشی بەوەیە لە ئاینەدا سەرکەوتن و شکۆمەندی هەر بۆ گەلی ڤێتنامی ئازا و قارەمانە.

سکرتاریەتی دەستەی کارگێڕیی گشتیی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

ئابی ١٩٦٩

کۆنگرەی چوارەم

کۆنگرەی چوارەم لە ڕۆژانی ١ تا ٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٠ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بە ئامادەبوونی (١٣٥) ئەندام[١٠٦] بەسترا کە لە (١٤) وڵاتی جیاجیاوە هاتبوون، (١٧) ئەندامیان هی لقی سوید بوون. لایەن سیاسییە بەشداربووەکانی ئەم کۆنگرەیە بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حزب، حزبی شیوعیی عێراقی، نوێنەری یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق، نوێنەری لێژنەی هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد لە سوید، نوێنەری لێژنەی هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد لە فەڕەنسا، لێژنەی هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد لە فنلەندا، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی چەپڕەو لە سووریا بە نوێنەرایەتیی سەڵاح بەدرەدین، سەرباری بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی ناودار سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی، بۆمونە: دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، حەمڕەش ڕەشۆ، جەمیل مەحۆ و کەسانی تر، بەڵام بەشداربوونی جەمیل مەحۆ هەروەکو لە کۆنگرەی پێشوو مقۆمقۆ و ڕێگرییەکی زۆری لێکرا کە پێشتر لەلایەن ڕابەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی بە تۆمەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕژێمی عێراق و دوژمنانی دیکەی کورد، بەندکرابوو. لەو کەسانەی ناڕەزاییان لە بەشداربوونی جەمیل مەحۆ ڕاگەیاندبوو بریتی بوون لە: محەمەد کامیل و بەدۆ عەنتەر و کەسانی تر، بەڵام عومەر شێخموس پێیڕاگەیاندم، ئەم زانیارییە هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نییە. لەنێو میوانە بیانییەکاندا، نوێنەری هەرێمی باسک و ئەبو عیماد ئەلکوردی (کوردی فەلەستین) بەناوی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دەبینران.

لەبەرئەوەی کۆنگرەکە لەپاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان و ڕژێمی عێراق، بەستراوو و ڕێککەوتننامەکەش بە یەکێک لە سەرکەوتنە مێژوویییە گرنگەکانی شۆڕش هەژماردەکرێت و دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ دانپێدانان بە بەشێکی زۆری مافە نەتەوەییەکانی کورد لەم بەشەدا و لە پێش هەموویانەوە داننانی دەستووری بە کوردستان کە نیشتمانی کوردە و عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێن: عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق .... هەڵبەت ئەمەش بە خەبات

و کۆششـی سـەخت و قوربانییـە مەزنەکانـی ڕۆڵەکانـی گەلـی کوردسـتان هاتبـووە دی، هـەر لەبەرئـەوە بـە داوەتنامەیەکـی فەرمـی، باڵیـۆزی عێـراق لـە سـتۆکهۆڵم عەبدولوەهـاب باباجـان ئامـادەی کۆنگرەکـە ببـوو.

دانیشتنەکانی کۆنگرە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

لـە دانیشـتنی کردنـەوەی کۆنگرەکـەدا، پـاش مارشـی نەتەوەیـی کـورد (ئـەی ڕەقیـب) و بەخێرهێنانـی ئامادەبـووان، وتـەی سـکرتاریەتی کۆمەڵەکـە خوێندرایـەوە، ئینجـا وتـاری میوانـەکان پێشکەشـکران، هەریـەک لـە: حەبیـب محەمـەد کەریـم، دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملۆ و عەبدولوەهـاب باباجـان، باڵیـۆزی عێـراق لـە سـتۆکهۆڵم و سـەڵاح بەدرەدیـن، نوێنـەری (کۆمەڵـەی خەباتگێڕانـی کوردسـتان - باهـۆز[١٠٧]) حەمـڕەش ڕەشـۆ و جەمیـل مەحـۆ و کەسـانی تـر، پاشـان دانیشـتنی کردنـەوەی کۆنگـرە داخـرا.

لـە دانیشـتنی یەکـەم و دووەمـدا گفتوگـۆ لەسـەر ڕاپۆرتـی ڕێکخـستن و سیاسـی کـرا کـە دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی ئامـادەی کردبـوو، پاشـان ڕاپۆرتـەکان دەنگیـان لەسـەر درا. دواتـر ئـەو نامـە و بڕووسـکە پیرۆزباییانـەی بـۆ کۆنگـرە هاتبـوون، خوێندرانـەوە.

لـە دانیشـتنی سـێیەم و چوارەمـدا ڕاپۆرتـی دارایـی و ڕاپۆرتـی لقەکانـی کۆمەڵـە خوێندرانـەوە کـە بریتـی بـوون لـە لقەکانـی ئینگلتـەرا، فەڕەنسـا، نەمسـا، ئەڵمانیـای فیـدراڵ، ئەڵمانیـای دیموکـرات، چیکۆسـلۆڤاکیا، سـوید، پۆڵۆنیـا، هەنگاریـا، بەرلینـی ڕۆژئاوا، ئیتاڵیـا، بولگاریـا، یۆگسلاڤیـا و یەکێتیـی سـۆڤیەت. ئینجـا ماددەکانـی دەسـتووری کۆمەڵـە خرایـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە. لـە چەنـد سەرچاوەیەکیشـەوە زانیمانـەوە کـە بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە دەنگدانەوەیەکـی زۆری لـە میدیاکانـی سـوێددا هەبـوو.

دەتوانیـن ئـەوەش بڵێیـن کـە ئـەم کۆنگرەیـە یەکێـک بوو لـە کۆنگـرە سـەرکەوتووەکانی کۆمەڵەکـە، هـەر لـەو سـەرکەوتنە مەزنـەی شۆڕشـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان بەدەسـتیهێناوە و ڕژێمـی عێراقـی ناچارکـرد ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار مـۆر بـکات تـا دەگاتـە گەڕانـەوەی پارتـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان (ڕەوتـی ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی) بـۆ نێـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان[١٠٨]و ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی زۆری میوانـان و دەنگدانـەوەی لـە میدیاکانـی سـوید.

لە کۆتا ڕۆژیشدا، کۆنگرە ژمارەیەک بڕیاری دەرکرد کە گرنگترینیان بڕیارێک بوو سەبارەت بە ڕێککەوتنامەی ئاشتییانەی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق بوو لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠و کۆنگرە وایدەبینی:"جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیە پەیوەندیی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب دەگەڕێنێتەوە پێگەی دروستی خۆی و برایەتیی نێوان ئەم دوو گەلە لەسەر بنەمایەکی پتەو و جێگیر دەچەسپێنێت کە لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراقدا دەبێت بە کورد و عەرەب و کەمەنەتەوایەتییەکانی تر"هەروەها بڕیارێکی دیکەیان سەبارەت بە بەشەکانی دیکەی کوردستان بوو. هەروەها بڕیاردرا قادر عارف کە کوردێکی ڕۆژئاوا بوو، لە کۆمەڵەکە دەربکرێت، بەهۆی ئەو بەیاننامە سەرچاوە نادیارانەی دژی کۆمەڵەکە دەریکردبوون - بەپێی گوتەی چەند کەسێکی بەشداربووی کۆنگرەکە - ئەمە جاری یەکەمە لە مێژووی کۆمەڵەکە، ئەندامێک لە کۆمەڵەکە دەربکرێت و لە هۆڵی کۆنگرەدا بکرێتە دەرەوە.

لە کۆتایی کۆنگرەدا هەڵبژاردنەکان دەستپێکرد و بۆ جاری یەکەم شاخەوان نامیق بووە سکرتێری کۆمەڵەکە و عەبدولڕەحیم قادری، سەردار ئاراراتی، فەوزی ئەسعەد، جەوهەر شاوێس و چەند کەسێکی تر بوونە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتی. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە پۆستی (دەستەی سکرتاریەت) لەم کۆنگرەیەدا هەڵوەشێنرایەوە کە لە کەشوهەوایەکی نائاسایی و بارودۆخێکی تایبەتدا پەیڕەو کرا، ئێستاش کە ئەم بارودۆخە تایبەتە بەسەرچوو، پۆستەکەش کۆتایی پێهات.

کۆنگرەی پانزە

بڕیاربوو کۆنگرەی پانزە لە هاوینی ساڵی ١٩٧١ لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا ببەسترێت، بەڵام دواخرا بۆ مانگی شوباتی ١٩٧٢ بەهۆی گوشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر دەسەڵاتدارانی نەمسا بۆ ڕێگریکردن لە بەستنی کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا لەسەر خاکی نەمسا -بەم شێوەیە بۆمان باسکراوە- واتە ئەمجارە بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی هەردوو باڵەکەی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکو بەهۆی بارودۆخی نەگونجاوی شۆڕش بوو. ڕژێمی بەغدا خۆی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دەدزییەوە[١٠٩]، بەوەشەوە نەوەستا تا بەرەبەرە دەستیکردەوە بە هەڵمەتەکانی هێرشکردنە سەر کورد و لە پرۆسەیەکی پلان بۆداڕێژراودا دەستیکردە ئاوارەکردن و دەستگیرکردن و وێرانکردنی گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان و ڕاگواستنی گوندنشینان، تا کار گەیشتە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی لە ٢٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١[١١٠].

بەڵام دەستەی کارگێڕیی لقی ئینگلتەرای کۆمەڵەکە و بە ئیمزای بەرپرسی لقەکە سیامەند بەننا، لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٧١ نامەیەکی بۆ لێژنەی کارگێڕیی گشتی و لقەکانی تریش ناردبوو، تێیدا کۆمەڵێک سەرنج و تێبینیی لەسەر کەمتەرخەمیی لێژنەی کارگێڕیی گشتی و خەمساردییان لە نەبەستنی کۆنگرە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا خستبووەڕوو کە بووەتە مایەی بێومێدی لە کۆمەڵەکە و ساردبوونەوەی ئەندامانیان، بەشێک لەو سەرنج و تێبینییانەی لە نامەکەدا نووسرابوون بریتی بوون لە:"... کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەکەمان کە یەکێکە لە پڕبایەخترین چالاکییەکانی و دەبێتە سەکۆیەک بۆ داکۆکیکردن لە گەل و جەماوەری قوتابیانی، بەستنی ئەم کۆنگرەیە فەرامۆش کرا و دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە هەر ئەوەندەی لەدەستهات پێش مانگێک نامە بۆ لقەکان بنێرێت و پرسیار بکات؛ ئاخۆ دەتوانرێت لەو وڵاتەکانیان کۆنگرەکە ببەسترێت یان نا ... ! کە وەکو ئەرکێکی ئامادەکاریکردن بۆ بەستنی کۆنگرەکە، دە بوایە چەند مانگێک پێشتر لقەکانی ئاگادار بکردایەتەوە، یان بە هەر ئامرازێکی پەیوەندیکردن بوایە، بە کاتێکی گونجاو ئەو پرسیارەی ئاراستەی لقەکان بکردایە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە؛ نامەکەی هاوڕێمان سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، پێماندەڵێت دڵنیانین لە شوێن و کاتی بەستنی

کۆنگرەکە، بەڵام داواەکات لە ژمارەی ئەو کەسانەی ئارەزووی بەشداربوون دەکەن لە کۆنگرەکە ئاگاداری بکەینەوە ....".

بەهەرحاڵ لە کۆتایی ساڵی (١٩٧١) حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چەند دیدارێکی فەرمی لەگەڵ حزبی فەرمانڕەوای ئەوێ سەردانی وڵاتی ڕۆمانیا دەکات. لەوێ و لەسەر داوای چەند ئەندامێکی کۆمەڵەکە، پێشنیازی بەستنی کۆنگرەی گشتیی کۆمەڵەکە لە بوخارست دەخاتە بەردەست بەرپرسانی حکومەتی ڕۆمانیا، پێشنیازەکە دەگاتە سەرۆک چاوچیسکۆ. ئەویش فەرمانی کارئاسانی بۆ بەستنی کۆنگرەکە دەردەکات و بڕیاردەدات ئەو کۆنگرەیە چی پێویست بێت، بۆیان جێبەجێبکرێت و ڕێگری نەکرێت لەو قوتابییە کوردانەی لە دەرەوەی ڕۆمانیاوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکە دێن، ئەگەر ڤیزاشیان نەبێت. بەم شێوەیە حکومەتی ڕۆمانیا بە ڕەزامەندیی چاوچیسکۆ میواندارییی کۆنگرەکەی گرتەئەستۆ، بۆیە (یەکێتیی قوتابیانی ڕۆمانیا) داوەتنامەیەکی فەرمیی بۆ لێژنەی کارگێڕیی گشتی نارد و حکومەتی ڕۆمانیا تەواوی تێچووی کۆنگرەکەی خستەسەر خۆی -تاریق ئاکرەیی پێیڕاگەیاندم- هەروەها ئەوەشی گوت ئەم کۆنگرەیە، یەکێک بووە لە کۆنگرە گرنگ و فراوانەکان.

کۆنگرە، لە ڕۆژنی ١٥ - ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٧٢ و بە ئامادەبوونی پتر لە (٢٦٠) ئەندام کە نوێنەرایەتیی سەرجەم لقەکانی کۆمەڵەکەیان دەکرد، لە هۆڵی (ڕۆشنبیری) لە بوخارستی پایتەختی ڕۆمانیا، دەستی بەکارەکانی کرد.

شاندێکی زۆری بیانی کوردی بەشداربیان لەم کۆنگرەیەدا کرد کە ئەمانە بەشێکیان بوون: کۆمەڵەی هاوکاریی ئاسیایی-ئەفریقی، سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی ڕۆمانیا و جێگری سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی جیهان، (هۆڤاک) کۆڕی سەرۆکی ڕۆمانیا بەشداریی لەو ئاهەنگە فراوانەدا کرد کە کۆمەڵەکە لە کۆتایی کۆنگرەکە ئامادەیکردبوو. دکتۆر کامەران بەدرخان، ئەمیر قازی و حەمەد ئەمین سیراجی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران. هەروەها نوێنەری شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان دارا تۆفیق، سامی عەبدولڕەحمان و عارف تەیفوور کەریم ئەحمەد بەنوێنەرایەتیی شیوعییەکانی عێراق و زەکیە ئیسماعیل حەققی لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و عادل موراد سکرتێری

یەکێتی قوتابیانی کوردستان و نوێنەرانی هەرێمی باسکی ئیسپانی، نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و نووسەری ناوداری فەڕەنسایی جان پیێر ڤینۆ کە لە ئەفغانستان تیرۆرکرا، دکتۆر جەمال نەبەز لە وتەکەیدا ڕەخنەی لە ئەندامانی کۆنگرە کرد، بەوەی کەوا وشەی بیانیی (تەلەفۆن) بەکاردەهێنن لەجیاتیی وشەی (بیستۆک - Bihîstok). هەروەها ژمارەیەکی تری ڕێکخراوە جیهانییەکانی خوێندکاران.

بە گوتەی زۆزان بوجاق، سێ شتی نائاسایی لەم کۆنگرەیەدا ڕوویان دا. یەکەمیان ئەوەبوو کە (١٥) هاوواڵاتیی کوردی کورستانی ڕۆژهەاڵت لەبەردەم هۆڵی کۆنگرەدا گردبوونەوە و وێنەی قادر وەرتی، ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەرزرکردبووە و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە دەستگیری کردووە و پاشان ڕادەستی دەسەاڵتدارانی ئێرانی کردووە، بەاڵم چەند کەسێکی عاقاڵمەند داوایان لێکردن کۆتایی بە گردبوونەوەکەیان بهێنن، ئەوانیش بەگوێیانکردن و مانگرتنەکەیان شکاند. دووەم ئەوەبوو کە ناکۆکییەکی توند لەنێوخۆی کوردی باکووری کوردستان بەرپابوو بەهۆی ڕووداوی شەهیدکردنی سەعید ئالچی[١١١]سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا و محەمەد بەگ و عەبدوللەتیف سەواشی هاوڕێی بە دەستی سەعید قرمزی تۆبراغ و لایەنگرانی کە نازناوی (دکتۆر شڤان)ە، پاش ئەویش ڕووداوی لەسێدارەدانی دکتۆر شڤان. گرووپێکیان دەیانگوت: کوشتنی سەعید ئاڵچی و هەڤاڵانی بە دەستی دکتۆر شڤان ئەنجامدرا، گرووپەکەی دیکەیان کە لایەنگری دکتۆر شڤان بوون، پەنجەی تۆمەتیان بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول درێژ دەکرد کە گوایە ئەو دکتۆر شڤانی بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگریی تورکیا (میت) لەسێدارەداوە.

سێیەمیشیان، بەپێچەوانەی دوو شتەکەی پێشوو، شتێکی ئەرێنی بوو کەمێک دوای تەواوبوونی کۆنگرە و لەسەر داوای سەرۆکی ڕۆمانیا نیکۆلای چاوچیسکۆ ئاهەنگێکی یەکترناسینیان بۆسازکردین و گەورە بەرپرسانی حزب و دەوڵەت و سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران بەشداریان تێداکرد، کوڕی سەرۆکیش یەکێک بوو لە بەشداربووانی ئاهەنگی یەکترناسینەکە کە ئەوکات سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی ڕۆمانیا بوو. لەکۆتایی ئاهەنگەکەشدا، سەرۆکی ڕۆمانیا داوەتنامەیەکی فەرمیی پێشکەش بە بارزانی کرد بۆ سەردانی ڕۆمانیا، بەاڵم بارزانی نەیتوانیبوو بەدەنگ داوەتنامەکەوە

بێت - بەپێی گوتەی دکتۆر محەمەد سالّح جومعە - .

ئەم کۆنگرەیە بەوە لە کۆنگرەکانی پێش و دوای خۆی جودادەکرێتەوە کە دەوڵەتی ڕۆمانیا بە فەرمی ئەرکی هەموو پێداویستییەکانی کۆنگرەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی لەسەر خاکی ڕۆمانیا، بە تەواوی تێچووەکانیشەوە. هەڵبەت ئەمەش لەسەر داوای ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیانی ڕۆمانیا بوو و پەیوەندیی باشی نێوان سەرۆکی لقی ڕۆمانیای کۆمەڵەکە و کوڕی سەرۆکی ڕۆمانیاش ڕۆڵێکی کاریگەری لەم پرسەدا هەبوو.

بۆ یەکەمینجار تاریق ئاکرەیی بە سکرتێری کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا و هەریەک لە قادر دیلان کەمال ڕەشید، سەردار ئاراراتی، جەوهەر شاوێس، زوهدی داودی و زۆزان بوجاق (کە بۆ جاری یەکەمە ئافرەتێک ببێتە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە) بوونە ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی گشتی.

لە هەوڵێکیشدا بۆ سەرنجڕاکێشانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر بارودۆخی گەلی کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان، کۆنگرەی پانزە یاداشتنامەیەکی بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆک شاندەکانی سەرجەم ئەندامان لە نەتەوە یەکگرتووەکان نارد، ئەمەش دەقەکەیەتی[١١٢].

بەڕێز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو ئامانجە دامەزراوە، تاکو بەشداری بکات لە بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی کاروانی مرۆڤایەتی و بڵاوکردنەوەی یەکسانی و دادپەروەری و برایەتی لەنێو مرۆڤەکاندا و دوور لە زۆرەملێ و ناچارکردن، گەلان پێشبخات. گەلی کوردیش خۆی بە بەختەوەر دەزانێت ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بەشێوەیەکی بەرچاو پشتگیریی خواستەکانی گەلانی کردووە لەم سەردەمەی ئێمەدا کە بە سەردەمی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانە بەدەستی خۆیان و بنیاتنانی کۆمەڵگە ئازادەکانیشە بەپێی خواست و ویستی خۆی و پێخستنی کۆمەڵگەکانە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

لە کاتێکدا خەریکە سیستەمی کۆلۆنیالیزم بەتەواوی لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە و تەواوی گەلان ئازاد بوونە، گەلی کوردمان کە یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرژمێریی دەگاتە پتر لە (١٦) ملیۆن کەس، نیشتمانەکەی لە ئەنجامی سازشکارییە نێودەوڵەتییەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهان لەنێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا دابەشکراوە کە هەموو خەسڵەتەکانی نەتەوەیی و مێژوویی و زمانی نەتەوە و دابونەریتی تێدا بەدیدەکرێت، نەک هەر لە مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی بێبەشکراوە کە پەرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیستی مافەکانی مرۆڤ پەسندی کردوون، بگرە لە چەندین جێگەدا، بوون و مانەوەی ئەم نەتەوەیە دووچاری نکۆڵیەکی یەکجارەکی بووە.

ئێمە لە کاتێکدا گومانمان لەوەدا نییە کە گەلی کوردیش مافی خۆیەتی هاوشێوەی گەلانی دیکە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، حەزیش دەکەین ڕاستییەکی گرنگ بخەینەڕوو کە هیواداریین جێ بایەخی ئێوە بێت.

گەلی کورد، بێجگە لەو بەشەی بە عێراقەوە لکێنراوە و چەند هەنگاوێکی بەرایی ناوە بۆ دەستەبەرکردنی بەشێک لە مافە ڕۆشنبیری و بوونە نەتەوەییەکەی، مافی ئەوەی لێ زەوتکراوە بە زمانی نەتەوەیی خۆی بدوێ و بخوێنێ و (٩٠٪)ی دانیشتوانیان نەخوێندەوارن و لە خواستە ڕۆشنبیری و پەرەپێدانی کلتوورە نەتەوەیی و زمانەوانییەکەشی بێبەشکراوە.

ئێمە بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و بەناوی کۆنگرەی پانزەوە کە لە ڕۆمانیا بەسترا و (٣٠٠) خوێندکاری زانکۆیی کورد لەخۆدەگرێت و بەناوی ڕێکخراو و حزبە کوردستانییەکان و ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانی کوردستان و ئەو حزبە نیشتمانییانەی نوێنەرایەتیی کورد دەکەن، بانگەوازمان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە؛ کاریگەریی بخەنە سەر حکومەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕاگرتنی سیاسەتی بێبەشکردنی ملیۆنان کورد لە پەیڕەوکردنی نەریتە نەتەوەییەکان و بەکارهێنانی زمانی تایبەتی خۆی و داننان بە مافەکان و بوونی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە قوتابخانەکان بە زمانی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی جیاوازیی نەتەوەیی.

کۆنگرەی پانزەی
کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا
بوخارست ١٨ی شوباتی ١٩٧٢

کۆنگرەی شانزە

کۆنگرەی شانزە بە ئامادەبوونی (٣٠٠) ئەندام کە لە هەموو لقەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە ئامادەببوون، لە ڕۆژانی ١٦ بۆ ١٩ی ئابی ساڵی ١٩٧٣ لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەسترا و بە فراوانترین کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا هەژماردەکرێت و بە سەرپەرشتیی محەمەد مەحمود عەبدوڵڕەحمان ناسراو بە سامی عەبدوڵڕەحمان[١١٣] ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە ئەوکات وەزیری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو لە بەغدا، نوێنەری ڕابەری شۆڕشی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان مستەفا بارزانی، دەست بەکارەکانی کۆنگرەکە کرا. لەبەرئەوەی کۆنگرەکە بە سەرپەرشتیی ڕابەری شۆڕش بەڕێوەدەچوو، هەڵبەت ئامادەبوونێکی فراوان و جیاواز لە کۆنگرەکانی پێشوو، حزب بەشداریی تێداکرد، بێجگە لە سامی عەبدوڵڕەحمان، عەلی شەنگالی ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی حزبیش یەکێکی تر لە بەشداربووان و وتاری لقی ١ی پارتیی خوێندەوە کە وتارێکی پڕ لە حەماسەت بوو و ڕەخنەی لە شیوعییەکان و چەند لایەنێکی دیکە گرت کە دانیان بەوەدا نەدەنا؛ کورد نەتەوەیەکی جیاوازە و لق و بەشێک نین لە عەرەب و تورک و فارس. هەروەها شاندی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە نوێنەرایەتیی عادل مووراد و سەرۆکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی ئەنوەر عەبدوڵڵا و سەربەست کاکەیی سکرتێری گشتیی یەکێتییەکە و سەرۆکی شاندی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کە کوردستان کەتانیی جێگری سەرۆکی یەکێتییەکە بوو نوێنەرایەتیی دەکرد. لەلایەن حزبی شیوعیی عێراقیشەوە ماجد عەبدوڵڕەزا بەشداریان لە کۆنگرەکەدا کرد. ئەمانە و جگە لە بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆری میوانانی کوردستانی و بیانی کە بریتی بوون لە: سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی جیهان، ڕێکخراوی قوتابیانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و یەکێتیی قوتابیانی یۆگسلاڤیا. ژمارەیەکی زۆری نامە و بروسکەی پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەش لە حزب و لایەنە کوردستانییەکان و ڕێکخراو و کەسایەتیی ڕۆشنبیریی و سیاسی

ناسراوەکانی کورد و ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە وڵاتانی ئەوڕوپا کە لێرەدا ناوی هێندێکیان بڵاودەکەینەوە هەروەک لە ژمارە تایبەتەکەی ئەیلوولی ١٩٧٣ی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە - Dengê Komelê)دا بڵاوکراوەتەوە: نامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردی لە سووریا (پارتی- سەرکردایەتیی قۆناغ)، نامەی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کوردی تورکیا لە ئەوڕوپا (هێڤرا- Hevra) و نامەکەی دکتۆر کامەران بەدرخان، دکتۆر نورەدین زازا، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، نامەیەکیش لە سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابیانی بەریتانیا، سکرتێری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتیی قوتابیانی زانکۆی هیلسنکی و نامەی سکرتێری یەکەمی یەکێتیی قوتابیانی شیوعیی هەنگاری، هەروەها بروسکەی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی جیهان و سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی و بروسکەیەکی تریش لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای یەکێتیی قوتابیانی سۆشیالیستی و یەکێتیی قوتابیانی شیوعیی ڕۆمانیا و ئەنجوومەنی باڵای قوتابیانی سۆڤیەت، یەکێتیی قوتابیانی ئەڵمانیا. سەبارەت بە ناوی نوێنەرانی لقەکانی کۆمەڵەکە، ناوی هەموویمان نەزانی تەنیا ناوی عەلی ڕەزای نوێنەری لقی ئیتاڵیا و مەحموود عەبدی لە لقی ئیسپانیا.

سەبارەت بە بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرەکەش، پاش بەخێرهێنانی میوانەکان لە ئەندامانی کۆنگرە و میوانەکانی دیکە، وتەی ڕابەری شۆڕش و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەلایەن سامی عەبدولڕەحمان خوێندرایەوە و لە وتەکەیدا ئاماژەی بە بارودۆخی شۆڕشی کورد و کوردی باشووری کوردستان دا و جەختی لەسەر گرنگیی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار و جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە کردەوە، هەروەها تیشکی خستەسەر خۆدزینەوەی ڕژێمی عێراق لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا داوای لە قوتابیانی کورد کرد ،بایەخی تەواو بە خوێندنەکەیان بدەن.

شایانی باسە؛ ڕژێمی عێراق لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢دا ڕێککەوتننامەی دۆستایەتیی عێراقی – سۆڤیەتی ئیمزاکرد و بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە

ڕێگـەی بـە یەکێتیـی سـۆڤیەت دا دەسـتی بگاتـە کەنـداوی فارسـی و سەرپەرشـتیی نـەوت بـکات. هەروەهـا ڕژێـم هاوپەیمانییەکـی لەگـەڵ حزبـی شـیوعیی عێراقـی گرێـدا و (بـەرەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی پێشـکەوتنخواز). بـەم هەنگاوانەشـی توانیـی ئـەو گۆشـەگیرییەی عێراقـی تێکەوتبـوو، بکاتـەوە و وڵاتانـی سۆشـیالیزمیش، بەتایبەتـی یەکێتیـی سـۆڤیەت بەرەبـەرە لـە کـورد دوورکەوتنـەوە. ئەمـە زۆر بـە ڕوونـی بـە پـڕۆژەی ڕێککەوتننامەکـەی ئـاداری سـاڵی (١٩٧٤) دیاربـوو کـە ڕژێمـی عێـراق تاکلایەنانـە ڕایگەیانـد و کردییـە جێگـرەوەی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەی لـە ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ لەنێـوان ڕژێـم و سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد ئیمزاکرابـوو کـە دواجـار کـورد ڕەتیکـردەوە. هـاوکات (بریجنێـف) سـەرۆکی یەکێتیـی سـۆڤیەت نامەیەکـی بـۆ بارزانـی نـارد و داوای لێکـرد بـەو پرۆژەیـە ڕازیبێـت! هەرچەنـد ئـەو پرۆژەیـە خواسـت و مافـە ڕەواکانـی کـورد بەدیناهێنێـت. بارزانیـش وەڵامـی نامەکـەی سـەرۆکی یەکێتیـی سـۆڤیەتی دایـەوە و گوتبـووی: ئەگـەر یەکێتیـی سـۆڤیەت بەڵێنـی جێبەجێکردنـی پرۆژەکـە دەدات، ئەویـش ڕازی دەبێـت. لەکاتـی هەڵگیرسـاندنەوەی شـەڕیش لەنێـوان ڕژێـم و کـوردا، پێویسـتە پشـتگیریی سـەربازی پێشـکەش شۆڕشـی کـورد بـکات. چونکـە ئامانجـی ڕژێمـی عێـراق لـەو ڕێککەوتننامەیـە، پـاش کرانـەوەی بـە ڕووی حزبـی شـیوعیی عێراقیـدا، وەشـاندنی گورزێـک بـوو لـە پەیوەندییەکانـی کـورد و یەکێتیـی سـۆڤیەت، ئەوەشـی بۆهاتـەدی! یەکێتیـی سـۆڤیەت وەڵامیدایـەوە و پێشـنیازەکەی بارزانییـان ڕەتکـردەوە.

ئەندامانـی کۆنگـرە، گوێبیسـتی ڕاپۆرتـە سیاسـییەکەی تاریـق ئاکرەیـی، سـەرۆکی کۆمەڵەکـە بـوون، ئینجـا ڕاپۆرتـی لقـەکان خوێندرانـەوە و گفتوگۆیـان لەسـەر کـرا و بڕیـاری پێویسـتیان لەسـەر درا.

سـەبارەت بـە پەیـڕەوی ناوخـۆی کۆمەڵەکـە، پـاش گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینەوەیەکـی زۆر، کۆنگـرە بڕیـاری چەنـد هەمواریکـی بڕیارەکانـی کۆمەڵەکـەی دا. لەوانـەش زیادکردنـی ڕستەیەک بـوو بـۆ سـەر بڕگـە چـواری بەنـدی سێیەمی دەسـتوورەکە کـە پەیوەسـت بـوو بـە مەرجەکانـی بەئەندامبـوون لـە کۆمەڵەکـە. بەنـدی سێیەم، پێـش هەمواکردنەکـە بـەم شـێوەیە بـوو:"٣- ئەگـەر هـەر ئەندامێـک دەسـتووری کۆمەڵەکـە پێشـێل بـکات، یاخـود

هـەر کارێـک بـکات بـە زەرەری کۆمەڵەکـە و گەلـی کـورد بشـکێتەوە، ڕووبـەڕووی ئـەم سـزایانە دەبێتـەوە: أ- ب - ج - .....".

پاش هەمواکردنەکە بەم شێوەیەی لێهات:

" ئەگـەر هـەر ئەندامێـک دەسـتووری کۆمەڵەکـە پێشـێل بـکات، یاخـود هـەر کارێـک بـکات بـە زەرەری کۆمەڵەکـە و گەلـی کـورد، یاخـود بزووتنـەوەی ڕزگاریخـواز و شۆڕشـە ڕەواکـەی لـە باشـووری کوردسـتان بـە سـەرکردایەتیی مسـتەفا بارزانـی بشـکێتەوە، ڕووبـەڕووی ئـەم سـزایانە دەبێتـەوە: أ- ب - ج - ....."[١١٤].

زیادکردنـی ئـەم ڕستەیە، - بەسـتنەوەی ئەندامێتـی لـە کۆمەڵەکـە بـە ڕازیبـوون بـە مسـتەفا بارزانـی وەک سـەرکردەی شـۆڕش و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد- بـووە هـۆی وروژانـدن و پەسـتکردنی ئـەو ئەندامانـەی سـەر بـە ڕەوتەکـەی بارزانـی نەبـوون، بۆیـە لایەنگرانـی ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی، هەڤاڵانـی پارتـی دیموکراتـی کـوردی (باڵـی حەمیـد دەرویـش)، پارتـی دیموکراتـی چەپخـوازی کـورد لـە سـووریا و هێـز و کەسـایەتییە سـەربەخۆکانی دیکـە، پرۆسـەی هەمواکردنەوەکەیـان ڕەتکـردەوە و لـە هۆڵـی کۆنگـرەدا ناڕەزاییەکـی زۆر و گفتوگۆیەکـی گـەرم هاتەئـاراوە و ئەمـان دەیانگـوت: کۆمەڵەکـە، ڕێکخراوێکـی کوردسـتانیی گشـتگیرە، قوتابیانـی کـوڕ و کـچ و کەسـایەتیی هەمـوو جـۆرە گرووپێکـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانیی کـوردی پارچـە جیاجیاکانـی کوردسـتانی لەژێـر چەتـری خۆیـدا کۆکردووەتـەوە کـە بیروبـاوەڕی جیاوازیـان هەیـە، بۆیـە سـەپاندنی بۆچوونـی حزبێـک یـان لایەنێکـی دیاریکـراو بەسـەر کۆمەڵەکـەدا ناڕەوایـە و پەسـند ناکرێـت، بـەڵام لـە کۆتاییـدا جیاوازییـەکان بـە پرەنسـیپی دیموکراسـییانەی دەنگـدان یەکلاکرایـەوە و ڕای زۆرینەیـان بـۆ چەسـپاندنی هەمواڕەکـە بـوو. بـەم شـێوەیە ئەمجـارەش توانـرا یەکێتیـی ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنەکەی کۆمەڵەکـە بپارێزرێـت.

لایەنگرانـی حزبـی شـیوعیی عێراقیـش لـە کۆمەڵەکـەدا، گوشـاریان دەخستەسـەر ئەندامانـی کۆنگـرە بۆئـەوەی بەندێـک زیـاد بکـەن یاخـود بڕیارێـک بـدەن و لـە چوارچێـوەی ڕاگەیەنـراوی کۆتایـی کۆنگرەکـە بڵاوبکرێتـەوە کـە داوا لـە سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد بـکات بچێتـە نێـو هاوپەیمانیـی حزبـی شـیوعیی عیراقـی و ڕژێمـی

عێراق کە بەم دواییە مۆرکراوە، بەڵام ئەندامانی کۆنگرە زۆر بە تووندی ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە، ئەمەش بووە مژارێکی گەرمی دیکەی نێوان شیوعییەکانی عێراق و ناسیۆنالیستەکانی کورد.

لە کۆتا ڕۆژی کۆنگرەکەدا، ئەندامانی کۆنگرە متمانەیان بە تاریق ئاکرەیی بەخشییەوە و بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرایەوە. قادر دیلانیش بە جێگری سەرۆک، فەرهاد سۆفی بە سکرتێری گشتی و هەریەک لە زوبێر فەرحان و نووری هێرش، شێروان .... ،شەماڵ کەریم و محەمەد حەسەن دارتاش بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتی هەڵبژێردران. کەمال ڕەشید و عەزیز شاهۆش بوونە دوو ئەندامی یەدەکی کۆمەڵەکە. کە دواتر شەماڵ کەریم کرایە سەرنووسەری گۆڤاری (Kurdistan)، زۆزان بوجاق دەڵێت: داوام لێکرا خۆم بۆ دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە کاندید بکەم، بەڵام خۆم ڕەتمکردەوە.

ئەوەی ئەم کۆنگرەیە لە کۆنگرەکانی دیکە جودادەکاتەوە، پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بوو بە کاروباری سیاسی، ڕێکخستن، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دارایی، هەموارکردنەوەی دەستوور و تاوتوێکردنی ڕاپۆرتی لقەکان، ڕێک وەک ئەوەی حزب و هێزە سیاسییەکانی وڵاتانی ئەورووپا دەیکەن، ئەویش بۆ ئاسانکردنەوەی کارەکانی کۆنگرە و ئەندامانی کۆنگرە لەلایەک و لەبەر ئەنجام ە ئەرێنییەکانیشی لەلایەکی دیکە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەوەی کارەکانی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی ئەم کۆنگرەیە لەوانی تر جودادەکاتەوە، تۆمارکردنی هەموو ئەو پرسانەی پەیوەست بوون بەم کۆنگرەیە و کۆکردنەوەیان لە دۆسیەیەکی تایبەت و چاپکردنیان و بڵاوکردنەوەیان لە ژمارە (١٦)ی بڵاوکراوەی (دەنگی کۆمەڵە) دواجاریش دابەشکردنیان بەسەر لقەکانی کۆمەڵەکە، ئەمەش کارئاسانییەک بوو بۆ ئێمە بۆئەوەی بزانین چی لەم کۆنگرەیەدا باسکراوە و گفتوگۆی چی کراوە. ماوەتەوە بڵێین؛ عومەر گولک، ئەندامی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوی (پارتی) ئەو هۆڵەی بەکرێگرتبوو کە کۆنگرەکەی تێدا بەسترا و هەموو ئەو شتانەشی پێویست بوون دەستەبەری کردن -خۆی ئەم زانیارییەی پێڕاگەیاندووین- شوکریە ڕەسوڵ لە لقی سلۆڤاکیا وەک ئەندامێکی ئافرەت بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کردبوو.

بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا
کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا لە ١٦ - ١٩ی ئابی ١٩٧٤ بەسترا

کۆنگرەکە بە چاودێریی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرایەوە کە ماموّستا محەمەد مەحموود عەبدولڕەمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی نوێنەرایەتیی بەڕێزیانی دەکرد و ماموّستا عەلی شەنگالی، ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ماموّستا ماجد عەبدولڕەزا، ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق و عادل موراد، سەرۆکی شاندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئەنوەر عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتی، سەربەست بامەڕنی و کوردستان عەلی عەبدولعەزیزی جێگری سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و ماموّستا خەزعەل ڕەشید کەکەیی، سەرۆکی شاندی یەکێتیی ماموّستایانی کوردستان و ژمارەیەک لە میوانان بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد کە نوێنەری سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی جیهان یەکێک بوو لەو میوانانە. دۆستانی ڕێکخراوەکانی ئەوروپاش نامە و بروسکەی پیرۆزباییان بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەکە ناردبوو، هەروەها نوێنەری یەکێتیی لاوان و قوتابیانی یۆگسلاڤیاش، یەکێکی تر بووە لە میوانانی کۆنگرەکە.

دانیشتنی یەکەم بە دەقیقەیەک وەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستیپێکرد، پاشان نوێنەری جەنابی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی خوێندەوە کە چەندین جار ئامادەبووان هەڵدەستانە سەرپێ و چەپڵەیان لێدەدا، ئینجا وتاری میوانەکان خوێندرانەوە کە لە کەشێکی پڕ لە حەماسەتی هوتافکێشان بۆ ژیانی مستەفا بارزانیی تێکۆشەر و یادی (٢٧)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پێشەنگی گەلی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان. دواجار سەرۆکی کۆمەڵەکە ڕاپۆرتی سیاسیی خوێندەوە و بە کۆتاهاتنی خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە، کۆتایی بە دانیشتنی یەکەم هێنرا.

لە دانیشتنی دووەمدا ڕاپۆرتەکانی کارگێڕی و دارایی دەستەی کارگێڕیی گشتی خوێندرانەوە، پاشان لێژنەکانی دەستەی کارگێڕیی لێژنە فەرعییە پسپۆڕییەکان هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:

١. لێژنەی سیاسی.

٢. لێژنەی ڕێکخستنەکان.

٣. لێژنەی دارایی.

٤. لێژنەی هەمواکردنی دەستوور.

٥. لێژنەی گفتوگۆی ڕاپۆرتی لقەکان.

لە کەشێکی دیموکراسییانەدا ڕاپۆرتەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی پێشوو گفتوگۆیان لەسەر کرا و بڕیار و ڕاسپاردە و پێشنیازی جیددیش پێشکەشکران بۆ پەرەپێدانی کار و خەباتی کۆمەڵەکە لە ئەوروپا. باسکردنی کێشە و پێشنیازی لقەکانی ئەوروپا بایەخێکی زۆریان پێدرا و گەیشتنە هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی و واقیعبینانە بۆ تەواوی چالاکییەکانی ئەم لقانە و پەیوەندییەکانیان بە لێژنەی کارگێڕیی گشتی کرا. پاش تەواوبوونی کارەکانی لقەکان، ئەو ئەنجامانە بۆ دانیشتنی گشتیی کۆنگرەکە، خرانەڕوو کە ڕێککەوتنی لەسەرکراوە و لەلایەن کۆی ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆی لەسەر کرا، ئینجا خرایە دەنگدانەوە. ئەمانەی خوارەوەش ئەو بڕیارانەن کە لێژنەی سیاسیی دەریکردوون:

١. کۆنگرە سڵاو دەنێرێت بۆ ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، جەنەراڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان.

٢. کۆنگرە، بەبۆنەی (٢٧)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی پێشەنگ، پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکات.

٣. کۆنگرە، پشتیوانی لە خەباتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی سەروەریی تەواو و سەربەخۆیی نیشتمانی و داوادەکات کۆتایی بە پاشماوەکانی کۆلۆنیالیزم بهێنرێت و پشتگیریی بزووتنەوکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی دەکات لە سەرتاسەری جیهان.

٤. کۆنگرە داوا لەو وڵاتانە دەکات کە پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەییان تێدایە، ڕێز لە مافەکانی نەتەوە بچووک و کەمەنەتەوایەتییەکان بگرن و لەگەڵ نەتەوە گەورەکاندا

جیاوازی لەنێوانیاندا نەکات. هەروەها کۆنگرە هەموو جۆرە جیاوازییەکی نەژادپەرستی و نەتەوەیی و ئاینی ڕەتدەکاتەوە.

٥. کۆنگرە، داوا لەو حکومەتانە دەکات کە حوکمی کوردستان دەکەن، دەست لە چەوساندنەوەی گەلی کورد هەڵبگرن و مامەڵەی هاوتایان لەگەڵ گەلانی دیکەدا بکەن کە لەو وڵاتانەدا دەژین و داوایان لێدەکات دان بە مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئیداریی ڕەواکانی گەلی کورددا بنێن.

٦. کۆنگرە پشتگیری لە مافی گەلی فەلەستین دەکات لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و داوای چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات لەسەر بنەمای بڕیاری (٢٤٢)ی ساڵی (١٩٦٧)ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٧. کۆنگرە، پێشوازی لە بەرقەراربوونی ئاشتی دەکات لە ڤێتنام و داوای جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە ڕێککەوتننامەی پاریس دەکات. هەروەها داواکاریشە کێشەکانی کەمبۆدیا بە شێوازێکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت کە لەسەر بنەمای دەستەبەرکردنی مافەکانی ناوچەکەدا بێت.

٨. کۆنگرە، داواکارە ئاشتی و ئاسایشی جیهان بپارێزرێت و پێشوازی لەو هەنگاوە ئەرێنییانە دەکات کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخە گرژەکان نراون. هاوکات خوازیاریشە گشت ململانێ نێودەوڵەتییەکان بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێن و چاوگەکانی گرژی و ئاڵۆزی لە سەرتاسەری جیهان دەستنیشان بکرێن و لەسەر بنەمای دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلانی پەیوەندیدار، چارەسەر بکرێن.

پاشان بە ڕووحێکی دیموکراسییانەن پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەستپێکرد و ئەم ناوانە سەرکەوتن:

١. تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵە. ٢- قادر دیلان، جێگری سەرۆک. ٣- فەرهاد سۆفی، سکرتێری گشتی. ٤- زوبێر فەرحان. ٥- شێروان. ٦- شەماڵ کەریم. ٧- محەمەد حەسەن دارتاش، ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە و کەمال ڕەشید و عەزیز شاهۆ، بە ئەندامی یەدەک دەرچوون.

ئێوارەی کۆتا ڕۆژی کۆنگرە، ئاهەنگێکی هونەری و فۆڵکلۆری سازدرا و ئەندامان و

میوانانـی کۆنگـرە بەشـداریيان تێداکـرد و تاکـو دەرنگانـی شـەو بـەردەوام بـوو.

بـەم شـێوەیە کارەکانـی کۆنگـرەی شـانزەی کۆمەڵەکـە کۆتایـی پێهـات کـە بـە خاڵـی وەرچانـی کاروانـی خەبـات و تێکۆشـانی کۆمەڵەکـە هەژمـار دەکرێـت و پشـتیوانی و پشـتگیرییەک بـوو بـۆ گەلـی کـورد و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە باشـووری کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتیی مسـتەفا بارزانیـی تێکۆشـەر و تـەواوی گەلـی کـورد لـە سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتانی دابەشـکراو.

بژی کۆنگرەی شانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

بـژی شۆڕشـی گەلـی کوردمـان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی پێشـەنگ و سـەۆکەکەی مسـتەفا بارزانیی تێکۆشـەر.

بـژی خەباتـی گەلـی کـورد لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـە ڕەواکانـی لـە گشـت پارچەکانـی کوردسـتان

مەکتەبی سکرتاریەت

کۆنگرەی حەڤدە

(کۆنگرەی لەتبوونی کۆمەڵەکە)

بەپێـی بڕیارەکانـی دەسـتووری کۆمەڵـە، بڕیاربـوو کۆنگـرەی حەڤـدە لـە هاوینـی سـاڵی (١٩٧٤) ببەسترێـت. بـەڵام دۆخـی نائاسـایی باشـووری کوردسـتان و جێبەجێنەکردنـی بڕگەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادارى ١٩٧٠ لەلایـەن ڕژێمـی عێـراق و پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی کـوردی باشـوور، بەتایبەتـی لـە کەرکـووک و ناوچەکانـی دەوروبـەری و نیشـتەجێکردنی خێزانـە عەرەبـەکان لـە شـوێنی ئـەوان، بـە مەبەسـتی گۆڕینـی دیمۆگرافیـا و تەعریبکردنـی ناوچەکـە و دەسـتپێکردنی شـەڕێکی دژوار دژی گەلـی کـورد کـرد و شۆڕشـەکەی و ئەنجامدانـی قێزەوەنتریـن تـاوان لـە ڕێشەکێشـەکردن و مامەڵـەی خراپـی ڕژێـم، هاوشـان لەگـەڵ بانگەشـەی ئاشـکرای تواندنـەوەی نەتـەوەی کـورد، هەمـوو ئـەم پرسـانە بوونـە هـۆی دواکەوتنـی بەسـتنی کۆنگـرە کـە پـاش نسـکۆی شۆڕشـی گەلـی کـورد، لەگـەڵ ڕێککەوتننامـە شـوومەکەی جەزائیـر لـە (٦)ی ئـادارى ١٩٧٥ی نێـوان شـای ئێـران محەمـەد ڕەزا پەهلـەوی و سـەدام حوسـێن، جێگـری سـەرۆکی ڕژێمـی عیـراق[١١٥].

مۆرکردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە نـەک هـەر تەنیـا کـوردی باشـوور، بگـرە هەمـوو کـوردی پارچەکانـی دیکـە و ئەوانـەی دەروەشـی شـۆک کـرد و تووشـی بیئومێدیـی کـردن، چونکـە کـورد لەوکاتانـەدا کۆدەبنـەوە و یەکدەگـرن کـە پرسـەکە پەیوەسـت بێـت بـە مـان و نەمانـی کـورد، بۆیـە لـەو سـاڵانەدا، تـەواوی سـەرنج و چـاوەکان ئاراسـتەی ئـەو گۆڕانکارییانـە کرابـوو کـە لـە باشـووری کوردسـتاندا دەگوزەرێـن.

هەرچەنـدە ئـەوکات، بەشـێک لـە کـورد دەیانویسـت ئـەو کارەسـاتەی بەسـەر کـورددا هاتـووە بـە تەنیـا بخەنـە ئەسـتۆی سـەرکردایەتیی شـۆڕش و بارزانـی، چونکـە سیاسـەتێکی میانڕەوانـەی گرتبووەبـەر و خـۆی نەدابـووە پـاڵ بلۆکـی وڵاتانـی سۆشـیالیزم، لـە ١٤ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٧٥ لـە پاریسـەوە بەیاننامەیـەک بەنـاوی ئـەم ڕێکخراوانـەی خـوارەوە بەناونیشـانی (بـەرەی قوتابیانـی کوردسـتانی پێشـکەوتنخواز لـە ئەوڕوپـا) بڵاوکرایـەوە:

"پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا (لقی ئەوڕوپا)[١١٦]، کۆمەڵەی ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کـوردی ئێـران، بەرەی پێشـکەوتنخوازی کوردی سـووریا لـە ئەوڕوپا، دەسـتەی دامەزرێنەری

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوڕوپا"و تێیدا داوایانکردبوو:".... پێویستە تەواوی هێزە کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکی شۆڕشگێڕیی یەکگرتوو، یەکبگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و شۆفێنییەکان .... داواش لە سەرجەم برایانی خەباتگێڕمان لە ئەندامانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا) دەکەین، ئەوانەی بڕوایان بە ڕەوتی پێشکەوتنخوازی کوردستانی هەیە، لە دەوری بەرەکەماندا کۆببنەوە و هاوکارمان بن لە کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، هەروەها داواشیان لێدەکەین، کار بکەن لەپێناو بەستنی کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەکە و لە ئێستاوە خۆمان بۆئامادەبوون و بەشداریکردنێکی کارا ئامادەبکەین بۆ گۆڕینی ئەو ڕەوتە کۆنەپەرستانە و نادیموکراسییانەیەی لەم سالانەی دواییدا، سەرکردەکانی کۆمەڵەکە بەسەرمانیدا سەپاندبوو .... و بە تەواوی جیهانی ڕاگەیەنین کە کێشەی کورد بە کۆتاییهاتنی سەرکردایەتییە خێڵەکی و بۆرجوازییە ڕاستڕەوەکە و ملکەچکردنی بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان، کۆتایی نەهاتووە ....".

بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە، وای لە بەرپرسی لقی بەرلینی ڕۆژئاوای پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنگری سەرکردایەتی بارزانی بوو، پەیوەندی بە تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵەکە بکات کە هاوکات بەرپرسی لقی ئەوڕوپای حزب بوو و نیشتەجێی شاری بۆنی پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوو، هانی دا کۆنگرە ببەستێت، چونکە ڕێکخراوی حزب و کۆمەڵەکە بە نسکۆی شۆڕش، دەپووکێنەوە و ئەگەر ئەوە نەکرێت، لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، کۆنگرەی کۆمەڵەکە دەبەستن. بۆیە داواکارییەکەی ئەوانی قبووڵ کرد و بەرپرسی ئەوکاتی لقی بەرلینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەدهەم ڕەشیدی ڕاسپارد، بچێتە لای فەرهاد سۆفی کە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە بوو و نیشتەجێی بەرلینی ڕۆژئاوا بوو، داوای لێکرد مۆری کۆمەڵەکەی لێبسێنێتەوە و داوەتنامە بۆ سەرجەم لقەکانی ئەوڕوپای کۆمەڵەکە بنێرێت، هەروەها میوانەکانی بانگهێشت بکات، بەڵام فەرهاد سۆفی مۆرەکەی ڕادەست ناکاتەوە و هەر جارەو بە بیانوویەک، جارێک دەڵێ نازانم لە کوێم داناوە و جارێکی دیکە دەڵێت لە چەکمەجەی گەنجینەکەیە و کلیلەکەی بزربووە. کار گەیشتە ئەوەی تاریق ئاکرەیی خۆی بێت و مۆرەکەی لێوەربگرێت. ئینجا لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ڕۆژی (١)ی ئابی ساڵی ١٩٧٥ نامەی بۆ سەرجەم لقەکانی کۆمەڵەکە و ئەندامانی

لـە هـەر کوێیـەک بـوون، نـارد. (دەقـی داوەتنامەکـە لـە بەشـی دووەم، بڵاوکراوەتـەوە، لـە بەشـی"بەڵگەنامەکان"بەڵگەنامەی ژمـارە ١١ی دراوەتـێ، هەروەهـا بـە نـاوی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـەوە میوانانـی کـورد و بیانـی داوەتکـران.

لـە ڕاسـتیدا ڕێکخـراوی بەرلینـی ڕۆژئـاوای لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ڕۆڵێکـی گرنـگ و کاریگـەری لـە بەسـتنی کۆنگرەکـەدا هەبـوو و لێژنەیـەک پێکهـێنرا بـۆ ڕێکخسـتنی کارەکانی کۆمەڵەکە. عەبدولمەجید شـێخۆ و عیزەدین نەعسـۆ و چەند کەسـێکی تـر ئەندامانـی ئـەو لێژنەیـە بـوون. لەمبارەیـەوە عیزەدین نەعسـۆ کـە ئەندامێکی دەسـتەی کارگێڕیـی لقـی پارتـی و لقـی بەرلینـی کۆمەڵەکە بوو، ئاماژە بـەوە دەدات:"... هـەر بە ناوی خۆمـەوە، هۆڵێکـم لـە زانکۆی بەرلینـی ڕۆژئاوا گرت و لەگـەڵ ئەندامانی دیکـەی لقی پارتی دەسـتمان بـە ئامادەباشـییەکان کرد بـۆ بەسـتنی کۆنگرەکـە، ئامانجیشمان بـوو کۆنگرەیەکی سـەرکەوتوو دەربچێـت، نـەک کۆمەڵەکـە دوولەت بکەیـن .....".

وەکـو کاردانەوەیەکیـش بـۆ نسـکۆی شـۆڕش و دەرهاویشـتەکانی، لـە حاڵەتـی بێـزاری و بێئومێـدی ڕوڵەکانـی کـورد لـە تـەواوی پارچەکانـی کوردسـتان، ماوەیەکـی کەمـی پێـش کردنـەوەی کۆنگرەکـە و لەکاتـی دیـداری دوو قۆڵـی و سـێقوڵیی لاوەکیـی تایبەتـدا، جـەلال تاڵەبانـی و لایەنگرانـی گروپەکەی هێرشـێکی چڕیان کردە سـەر کەسـایەتیی بارزانیی ڕابەری شـۆڕش و بەتەنیا هۆکاری نسـکۆی شۆڕشـیان خسـتە ئەسـتۆی ئەو و بە خیانەتکار وەسـفیان کرد کە گوایە کورد و کوردسـتانی بە شـای ئێران فرۆشـتووە و سـیمبولی کۆنەپەرسـتیی کورد و بۆرجوازییەتـی ڕاسـتڕەوانە و وابەسـتەی ئیمپریالیـزم و سـاڤاکی ئێـران و ..... .

ئـەم گروپـە، هـەر بـەو هێرشـە نەوەسـتا، بگـرە پێـش دەسـتپێکردنی دانیشـتنەکانی سـەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٧ی ئابـی ١٩٧٥، دەنگـی ناڕەزایـی لەنێـو هۆڵـی کۆنگـرەدا بەرزبـووەوە و داوای داگرتنـی وێنـەی بارزانییـان دەکـرد کـە لەژێـر وێنەکـەدا نووسرابـوو ڕابـەری شۆڕشـی کـورد، ئـەو وێنەیـەی کـە لـە زۆربـەی کۆنگرەکانـی پێشـوودا، هۆڵـی کۆنگرەکـەی لەپـاڵ دروشـمەکان بـە زمانـی کـوردی و ئەڵمانـی دەڕازانـدەوە، ناڕازییـەکان کـە دووانیـان کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـوون و بـە زمانـی کـوردی هاواریـان دەکـرد:"Em di bin sîbera derebegên kevneperest de, kongireyê xwe girênadin".

لەوکاتـەدا دکتـۆر کامـەران بەدرخـان دەڕوانێتـە وێنـە هەڵواسراوەکـەی بارزانـی و بـە

قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە دەیگوت: شوورەیی نییە ئەم قسانەت پێبگوترێت؟!. پاشان گفتوگۆیەکی تونـد لەنێوان ئەو دوو گروپە جیاوازە دروست بـوو و حەمەڕەش ڕەشۆ بە دەنگێکی بەرز پێیگوتن:"ئەرێ شوورەیی نییە بۆ ئێوە داوای داگرتنی وێنەی سیمبولی گەلی کورد بکەن و ...."یەکێک لە ناڕازییەکان وەڵامیدایەوە: ئێوە باسی کێ دەکەن؟ پێش چەند هەفتەیەک مەلا مستەفا لێدوانێکی دا و گوتی: ئەرکی من کۆتاییهات.

لە بەرانبەر سووربوونی لایەنی ناڕازی لە هەزر و سەرکردایەتی بارزانیدا لە هێنانەخوارەوەی وێنەی بارزانی و پێداگریی لایەنگرانی بارزانی کە داوای هێشتنەوەی وێنەکەیان دەکرد و بۆئەوەی یەکڕیزیی کۆمەڵەکە بپارێزرێت و وێنەکەش دانەگیرێت، وەک چارەسەرێکی مامناوەند پێشنیازکرا، هۆڵی کۆنگرەکە بگۆڕدرێت.

کارەکانی کۆنگرە بە پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە دەستی بە کارەکانی کرد کە پێکهاتبوون لە سیامەند بەننا، زەردەشت حاجۆ، شاخەوان شوان و ڕەشۆ زیلان[١١٧] - بە گوتەی خۆی، ئەوکات خۆی سەرۆکی ئەم لێژنەیە بووە-

دکتۆر بەدرخان یەکەمین وتاری لە کۆنگرەکەدا خوێندەوە و پێمانڕاگەیەنرا گوتوویەتی:".... کێشەی ئێمە ئەوەیە کە دوژمن توانیی دوولەت و پەرتەوازەمان بکات و لە نانەوەی دووبەرکی نێوانماندا سەرکەوتوو بوو ... ئەی خوێندکاران، من تکاتان لێدەکەم بە یەکگرتوویی بمێننەوە و گرنگی بە خوێندنەکەتان بدەن، چونکە خوێندنەکەتان گرنگترین شتە بۆ ئێوە. ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێت، شتێکی دیکەیە، کێشەی سیاسیمان هەیە و بۆچوونەکان جیاوازن، بەڵام لێرەدا دەبێ هەر بەیەکگرتوویی بمێننەوە و ئێوە دوو لایەنن لە چوارچێوەی کۆمەڵەکەدا ...".

ئینجا بواری میوانەکان درا و سێ میوانی عێراقی نوێنەرایەتیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیان دەکرد کە مام جەلال لە دیمەشقەوە لەگەڵ خۆیدا ئەوانی هێنابوو و وتەکانی خۆیان خوێندەوە، بەڵام یەکێکیان سنووری بەزاند و هێرشی کردە سەر سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و خودی بارزانی کە بووەهۆی ئەوەی لایەنگرانی بارزانی وتەکەی پێببڕن و لەسەر سەکۆی کۆنگرەدا بیهێننە خوارەوە و وتارەکەی تەواو نەکات[١١٨]. پاشان لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هۆڵەکە هاتنە دەرەوە و هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا (هەڤاڵانی حەمید دەرۆیش)

و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردی چەپڕەوی سووریا(١١٩)و کۆمەڵەی ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کوردی ئێران (دکتۆر حەسەن شتوی) و چەند کەسایەتییەکی بێلایەنیش وەک پشتیوانییەک، بەدوای ئەواندا هاتنە دەرەوەی هۆڵەکە. دکتۆر نورەدین زازا و دکتۆر کامەران بەدرخان لە هەوڵێکی نێوەندگیریدا ویستیان پەشیمانیان بکەنەوە و بگەڕێنەوە نێو هۆڵی کۆنگرە و لە هۆڵەکانی دیکەدا گفتوگۆ و وتووێژی زۆر فراوان کرا، بەڵام نەیانتوانی کارێک بکەن ڕای خۆیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە هۆڵی کۆنگرە. دکتۆر حوزنی حاجۆ لە یاداشتنامەکەیدا دەنووسێت :"...هەر لە یەکەمین ڕۆژدا ڕوون و ئاشکرا دیاربوو کە ئێمەی کوردی ئەوڕوپاش بە هیچ شێوەیەک لەو کەسانە هۆشیارتر نین کە ئاگری ناکۆکییەکانیان لە نیشتماندا خۆش دەکرد ...".

یەکێکیان پێیڕاگەیاندم ڕێژەیەک لە ئەندامانی کۆنگرە[١٢٠]کشانەوە و ئەوانەی مانەوە درێژەیان بە کارەکانی کۆنگرەکە دا کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (١٠٠) ئەندام، بە نوێنەرانی لقەکانیشەوە، لە ٣١ی ئاب بە ئامادەبوونی چەند کەسایەتییەکی کورد و بیانی، کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرە هێنرا کە دکتۆر کامەران بەدرخان، دکتۆر نورەدین زازا، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی و فۆن شتیرن بێرک[١٢١] و نوێنەرانی حزبە کوردییەکانی وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا، مەجید حاجۆ، حوسێن قاسم و ڕێکخراوی (باهۆز)ی کوردی باکووری کوردستان و چەند کەسێکی دیکە بوون.

ناوی چەند نوێنەرێکی لقەکانی کۆمەڵەکەشمان بۆ ئاشکرابوو کە بریتی بوون لە: تەها وسو، عوبێد ئەفەندی، زوبێر حەسۆ، محەمەد ئۆزتورک لە لقی فەرەنسا و ڕەشۆ زیلان و .... لە لقی سوید، مومتاز حوسێن و پڕشنگ حاجۆ لە لقی ڕۆمانیا، سەربەست محەمەد ئەمین، حوسێن بارزانی و چەند ئەندامێکی تر لە لقی یەکێتیی سۆڤیەت.

لە کۆتایی کارەکانی کۆنگرەدا، ئەندامانی کۆنگرە، دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێسیان بە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە هەڵبژارد و هەریەک لە: فەوزی ئەسعەد بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە، محەمەد سالح جومعە بە ژمێریار، قادر وەهاب، زەردەشت حاجۆ و مومتاز حوسێن بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە هەڵبژێردران، مەکتەبی سکرتاریەتیش لە دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێس و فەوزی ئەسعەد و دکتۆر محەمەد سالح جومعە پێکهێنرا.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە تایبەت بوو بە ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵەکە، تاریق ئاکرەیی پێیگوتین:"... لەکاتی وتووێژەکانماندا لەگەڵیاندا دەرکەوت ناکۆکییەکە پەیوەندیی بە هەڵواسینی وێنەکەی بارزانی نەبووە لە هۆڵەکەدا، بەڵکو چەند خاڵێکی بنەڕەتیی سیاسی و هزریی دیکە هەبوو و پێشوەختە ئەوان بڕیاری کشانەوەیان دابوو لە کۆنگرەکە و دامەزراندنی حزبێکی نوێیان دابوو نەناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)[١٢٢]"

ئەوەتا، کاتێک بە دیدێکی بێلایەنانە دەڕوانینە خاڵە جێناکۆکەکان، دەبینین لە هەندێک بۆچوونداً، ڕەوتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەسەر هەق بووە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ لایەنگرانی ئەم ڕەوتە و لەچوارچێوەی خوێندنەوەی لێدوان و بەیاننامەکانیان کە پێش و دوای دامەزراندنی (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە تاراوگە- ئەکسا) کە بە ئینگلیزییەکەی بەم شێوەیە دەنووسرێت: (Association of Kurdistan Stuents Abrond, - Aksa) بۆمان ڕوونەبێتەوە کە ئەم ڕەوتە پێشوەختە بڕیاریان دابوو و پلانیان بۆ کێشابوو - ئەگەر بۆیان بلوێت- کۆنترۆڵی کۆمەڵەکە بکەن، یاخود ڕێکخستنێکی نوێی تایبەت بە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دابمەزرێنن، ئەمەش مافی خۆیانە، چونکە هەڵوێستەکان زۆر دووربوون لەیەک و بۆشایی نێوانیان فراوان بوون و نەدەگەیشتنە یەک و ناکۆکییەکانی نێوانیان قووڵ ببوونەوە.

شایانی باسە، ئەو ئەندامانەی لەم کۆنگرەیە کشانەوە، زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان لەنێو خۆیاندا کرد و لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەوەی لێژنەیەکی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی حەڤدە پێکبهێنن و لە ٣١ی ئابی ١٩٧٥ بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە[١٢٣] و لێژنەی کارگێڕییان ئیدانەکرد".... کە لە ڕابردوودا سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی گومانلێکراویان بەسەر کۆمەڵەکە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا سەپاندووە .... و داوەننامەیەکی درەنگە وەختیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە ناردووە، بە شێوەیەک کە زۆربەی قوتابیانی کوردی تێدا قەدەغەکراوە، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی نیشتەجێی وڵاتانی سۆشیالیزمن و قوتابیانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕەوتی کۆنەپەرستی گومانلێکراون ..... هەروەها هەموو ئەو هەوڵە دلسۆزانەیەی زۆرینەی

چەند برایەکی دیکەمان بەهەند وەرنەگیرا لەپێناو هەڵبژاردنی لێژنەیەکی بێلایەن بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکە .... هەموو ئەو هەوڵانە بوونە قوربانی کەللەڕەقی و پەلەکرووزەیی ئەو تاقمە و بەدیوار دادرا، بەهەر نرخێکیش بێت سووربوون لەسەر مانەوەی کۆمەڵەکە لەسەر ئەو ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیدانەکراوە. ئەگەر ئەنجام ەکەی دوولەتبوون و جیابوونەوەی ئەو کۆمەڵەیەشی لیبکەوێتەوە کە بە دەستکەوتێکی نیشتمانیی خوێندکاران هەژمار دەکرێت، هاوشێوەی ئەو سیاسەتەی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لە نیشتماندا بەفیڕۆ دا...."و کۆنگرەکەیان بە ناشەرعی لەقەڵەم دا. سەرکردایەتیی شۆڕشیشیان بە شکستخواردوو و دارەدەستەی شا و ئیمپریالیزم و ..... تۆمەتبارکرد.

لایەنگرانی ئەم گروپە، کۆنگرەی حەڤدەیان لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی لە ١٣ – ١٧ی ئابی ١٩٧٦ بەست و هەموارێکی زۆریان لە دەستووری کۆمەڵەکەدا کرد کە گرنگترینیان ڕاگەیاندنی پێکهاتەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان[١٢٤] لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا)بوو. ئا بەم شێوەیە کۆمەڵەکە دوولەتبوو و ئەوەی دوایش لەنێوخۆیاندا بەشێکی تری لێ جودابووەوە، لەپاڵ هەبوونی ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی تری کوردی.

پێش نمایشکردنی دەقی بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە، هەروەک دەیبینن، هیچ ئاماژەیەک بۆ کشانەوەی بەشێک لە ئەندامان نەکراوە لە کۆنگرەکە. هۆکاری ئەمەم لە تاریق ئاکرەیی پرسی، ئەو گوتی: نەماندەویست ئاماژە بۆ جیابوونەوەکانی نێو کۆنگرەکە بدەین، چونکە بە هیوای ئەوەوە بووین کە ئەو برایانەی لە کۆنگرە کشابوونەوە، لە بڕیاری خۆیان پاشگەزبنەوە و کۆمەڵەکە بگەڕێتەوە دۆخی پێش جودابوونەوە.

بەیاننامەی کۆتایی

کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

بەرلینی ڕۆژئاوا لە ٢٧- ٣١ ی ئابی ١٩٧٥

لەو دۆخە ناهەمـوارەی گەلـی کـوردی پێـدا تێپـەڕ دەبێـت، لەپـاش نسـکۆی خەباتـی چەکداریـی لـە کوردسـتانی عێـراق، بـە پیلانـی دوژمنانـی کـورد لـە هێـزە ئیمپریالـی و شـۆفێنییەکانی ناوچەکـە و لـە کەشـێکی پـڕ لـە ئـازار و مەینەتـی و پێداچوونـەوەی تـەواو و لەژێـر ڕۆشـنایی بنەمـا و ئـەو چەمکانـەی خەباتـی کۆمەڵەکەمانـی لـە پشـتگیریکردنی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی گەلـی کوردمانـی پـێ پتەوکـراوە، کۆنگـرەی حەڤـدەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا لـە ڕۆژانـی ٢٧ - ٣١ی ئابـی ١٩٧٥ بە دروشـمی (یەکڕیزیی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا بـەسترا.

ژمارەیەکـی زۆر لـە میوانانـی کـورد و بیانیش، هاوشـان لەگـەڵ نوێنەرانـی ڕێکخراوەکانی ڕزگاریخـوازی کـوردی و مرۆیـی جیهانـی ئامـادەی کۆنگرەکـە ببـوون. لـە کەشـێکی دیموکراسـییانەی خوێندکارانـدا کـە بگونجێـت لەگـەڵ قۆناغـی هەنووکەیـی و پـاش پێداچوونەوەیەکـی گشـتی بـۆ هەڵەکانـی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکـە و کۆمەڵەکەمـان و بەوپـەڕی بڕوامـان بە پەیوەندیی چارەنووسسـازی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەکەمان بە سـەرجەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان و تەواوی بزووتنەوە پێشـکەوتنخوازەکانی دونیـا، کۆنگرەمـان کارەکانـی خـۆی تەواوکـرد و ئـەم بڕیارانـەی دەرکـرد:

١. کۆنگـرە، زۆر بـە تونـدی ڕێککەوتنامـە شـوومەکەی ٦ی ئـاداری نێـوان شـای ئێرانـی بەکرێگیـراو و تاقمـە تکریتییـە حوکمڕانەکـەی بەغـدا ئیدانـە دەکات کـە هاوشـێوەی ڕێککەوتنامـەی سـەعد ئابـادی کۆلۆنیالیزمـی، بـە مەبەسـتی گەمارۆدانـی کـورد و سـەرکوتکردنی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییەکـەی و بـۆ لێدانـی هـەر بزووتنەوەیەکـی پێشـکەوتنخواز، لەپێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ئیمپریالیـزم لـە ناوچەکـە ئیمزاکـرا.

٢. کۆنگـرە، هەڵمەتەکانـی تەعریبکـردن و ڕاگواسـتن لـە کەرکـووک، خانەقیـن، شـێخان و شـەنگال، هەروەهـا هەڵمەتەکانـی داهاتـوو بـۆ ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ و دەسـتگیرکردنی کرێـکاران و خوێنـدکاران و فەرمانبەرانـی کـورد، ئیدانـە دەکات.

٣. کۆنگـرە، داوا لە سـەرجەم هێزە نیشـتمانییە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق دەکات، خەبات لەپێنـاو یەکڕیزیـی تـەواوی هێـز و تواناکانی پێشـکەوتنخوازی بکـەن لە پێنـاو عێراقێکی دیموکراسـی کـە ئۆتۆنۆمیـی ڕاسـتەقینە بۆ کوردسـتانی عێراق دەسـتەبەر بکات.

٤. کۆنگـرە، داوای کۆشـش و خەباتـی نەپسـاوەی بـەردەوام دەکات لەپێنـاو چەسـپاندن و هێنانەکایـەی یەکڕیزیـی ڕیزەکانـی نیشـتمانی لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان. هەروەهـا داوا لـە گشـت ڕێکخراو و هێـزە دیموکراتخـواز و پێکەوتنخوازەکانـی ناوچەکە دەکات، تـەواوی کۆشـش و خەباتیـان لەپێنـاو ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی یەکگرتووانـە یەکبخـەن دژی پلانەکانـی کۆنەپەرسـتی و ئیمپریالیـزم لـە ناوچەکـەدا.

٥. کۆنگـرە، ئـەو سیاسـەتەی بۆ تواندنـەوەی نەتەوەیـی دژی گەلی کوردمان لە کوردسـتانی ئێـران، ڕەتدەکاتـەوە و پشـتگیریی خەباتیـان دەکات لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـە ڕەواکانیـان. هەروەهـا پشـتگیریی خەباتـی سـەرجەم گەلانـی ئێـران دەکات دژی ڕژێمی شاهەنشـایی کۆنەپەرسـت کـە بووەتـە پێگـەی ئیمپریالیزمـی جیهانـی و داوا لـە هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی ئێـران دەکات یەکڕیزیـی خۆیـان بپارێـزن بـۆ جەختکردنـەوە لـە خەبـات لەپێنـاو شکسـت پێهێنانـی پیلانەکانـی ئەمەریـکا بـۆ فراوانکردنـی هەژموونـی ئیمپریالیزمـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا.

٦. کۆنگـرە پشـتیوانیی خەباتـی گەلـی کوردمـان لـە کوردسـتانی تورکیـا دەکات لەپێنـاو داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانیـان و هەمـوو ڕێـکارە شـۆفێنییەکان ڕەتدەکاتـەوە کـە دەرهـەق بـە هێـزە نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخوازەکانی کـورد و تـورک ئەنجامدەدرێـن. سـڵاو لـە خەباتـی گەلانـی تورکیـا دژی کۆنەپەرسـتی و شـۆفێنییەت و هاوپەیمانییـە سـەربازییە ئیمپریالیزمییـەکان لەپێنـاو بەدیهێنانـی حوکمێکی دیموکراسـیی پێکەوتنخواز کـە بەرژەوەندییـە بنەڕەتییەکانـی گەلانـی تورکیـا دەسـتەبەر بـکات.

٧. کۆنگـرە، هەمـوو شـێوازێکی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و چینایەتـی دەرهـەق گەلـی کـورد لـە سـووریا ڕەتدەکاتـەوە کـە لـە جێبەجێکردنـی پـرۆژەی پشـتێنەی عەرەبیـدا خـۆی دەبینێتـەوە و پـتر لـە (١٠٠) هـەزار کوردیشـی لـە ڕەگەزنامـەی سـووریایی بێبەشـکردووە و لـە سـادەترین مافـی هاووڵاتیبـوون و مافـی خوێنـدن و خاوەنداریێتـی بێبەشـکراون، کۆنگـرە داوا لـە حکومەتـی سـووریا دەکات دەسـتەهەڵبگرێت لـەو ڕێـکارە

توندڕەوانەی لە سەردەمانی کۆنەپەرستیی پێشووەوە نەخشەیان بۆکێشراوە و کاربکات بۆ بەشداریپێکردنی کورد و ڕێکخراوەکانی لە بەرەی نیشتمانیدا لەپێناو بەرینگاربوونەوەیەکی کارا بۆ هێرشەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا و لەپێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی بناغەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەسەر بنەمای پتەوی پێشکەوتنخوازانەدا.

٨. کۆنگرە، داوا لە گشت دامەزراوەکانی مرۆیی و ڕێکخراوەکانی پێشکەوتنخوازی نیشتمانی جیهانی دەکات، پشتگیریی گەلی کوردی بەشمەینەت بکەن لەو شکستهێنانەیدا و کاربکرێت بۆ دەستوەردان لەپێناو ڕزگارکردنی پەنابەرانی کورد کە لە ئێستادا پەنایان بۆ ئێران بردووە و باری تەندروستی و داراییشیان پەرێشانە، ئەویش بە:

أ. وەرگرتنی زۆرترین ژمارەی پەنابەران لە وڵاتانی دیموکراسیدا.

ب. سەرپەرشتیکردنی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەکانی پەنابەرانی کورد لە ئێران.

ج. وەرگرتنی زۆرترین قوتابیانی پەنابەر و ڕەخساندنی بوار لەبەردەمیان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان لە زانکۆکاندا.

٩. کۆنگرە، پشتیوانیی سەرجەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین دەکات دژی کۆنەپەرستیی نێوخۆیی و ئیمپریالیزم. هەروەها کۆنگرە جەخت دەکاتەوە لەسەر سەرکەوتنی بێگومانی هێزە ڕزگاریخوازەکانی جیهان لە خەباتیان لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی نیشتمانی چەسپاندنی ئاشتەوایی جیهانی.

١٠. کۆنگرە هاوسۆزە لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی عەرەب دژی هەژموونی ئیمپریالیزم لە ناوچەکە، بەتایبەتی خەباتی گەلی فەلەستینی شۆڕشگێر لەپێناو دیاریکردنی مافەکانی لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی. هەروەها پشتیوانیی خەباتی چەکداریی گەلی (زفار) و (عومان) دەکەین دژی کۆنەپەرستیی نێوخۆی بەکرێگیراو و دەستوەردانی کۆنەپەرستانەی ئێرانی جێگرەوەی ئیمپریالیزمی جیهانی.

١١. کۆنگرە، ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت لە ئاست ئەو ڕێکارە تیرۆریستی و بەربەرییانەی ڕژێمی حوکمی فاشیستی چیلی پەیڕەوی دەکات دژی گەلی چیلیی شۆڕشگێڕ و هێزە تێکۆشەرەکانی. ئەمە و کۆنگرە داوا دەکات سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان

ئازاد بکات کە تاکو ئێستا لە بەندیخانەکاندا لەژێر ستەمی جەلادەکانی گەلدا دەچەوسێندرینەوە.

١٢.کۆنگرە، سەرکەوتنی گەلانی ڤێتنام و کەمبۆدیا بەسەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکیدا پیرۆز دەکات و بە سەرکەوتنی سەرجەم گەلانی خەباتگێڕی دادەنێت کە دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم لەپیناو مافی چارەی خۆنووسین و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی جیهاندا خەباتیان کردووە.

١٣.کۆنگرە، پشتیوانیی خەباتی گەلی پورتوگال دەکات لە چەسپاندنی دیموکراسییەت و یەکخستنی تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەپێناو شکستهێنان بە هەوڵەکانی فاشیزم و ئیمپریالیزم لە لەباربردنی شۆڕشەکەیان.

١٤.کۆنگرە، داوای پتەوکردنی بەستەرەکانی پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵەکەمان و یەکێتیی قوتابیانی جیهان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان دەکات، هەروەها لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی خوێندکاران لە جیهاندا لەسەر بنچینەی خەبات لەپێناو ئاشتی و دۆستایەتی و هەماهەنگیی نێوان گەلانی جیهان.

١٥.کۆنگرە، داوا لە سەرجەم قوتابیانی کورد لە ئەوروپا دەکات، یەکڕیزیی ڕێزەکانیان لەژێر ئاڵای کۆمەڵەکەمان بپارێزن و کار بکەن لەپێناو پاراستنی یەکێتی و بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکاندا بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و پشتیوانیکردنیان دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم، هەروەها لەپێناو ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی کوردمان.

خشتەی کات و شوێنی کۆنگرە گشتییەکانی کۆمەڵەکە

لە ١٩٤٩ تاوەکو ١٩٧٥

ناوی کۆنگرە	شوێنی بەستنی کۆنگرە	ساڵی بەستنی کۆنگرە	وڵات
کۆنگرەی دامەزراندن	Lausanne	١٩٤٩	سویسرا
کۆنگرەی یەکەم	Wiesbaden	١٩٥٦	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی دووەم	London	١٩٥٨	بەریتانیا
کۆنگرەی سێیەم	München	١٩٥٨	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی چوارەم	Wiyena	١٩٥٩	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی پێنجەم	Berlin	١٩٦٠	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی شەشەم	Münster	١٩٦١	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی حەوتەم	Braunschweig	١٩٦٢	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی هەشتەم	München	١٩٦٣	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی نۆیەم	Hannover	١٩٦٤	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی دەیەم	Berlin	١٩٦٥	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی یانزە	Berlin	١٩٦٦	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی دوانزە	Belgrad	١٩٦٧	یۆگسلاڤیا (سربیا)
کۆنگرەی سیانزە	Berlin	١٩٦٩	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی چواردە	Stokholm	١٩٧٠	سوید
کۆنگرەی پانزە	Boxarest	١٩٧٢	ڕۆمانیا
کۆنگرەی شانزە	Berlin	١٩٧٣	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا
کۆنگرەی حەڤدە	Berlin	١٩٧٥	ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە بەستنی کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، پشکی شێری بەردەکەوێت، واتە لە کۆی (١٨) کۆنگرە (١٢) کۆنگرە، کۆنگرەیەکیش لە سویسرا، یەکێکیش لە بریتانیا، نەمساش دانەیەک، سوید کۆنگرەیەک و هەریەک لە یۆگسلاڤیا و ڕۆمانیاش سەر و کۆنگرەیەکیان بەردەکەوێت.

بەشی دووەم

- پێکهاتە هزری و سیاسییەکانی کۆمەڵەکە و ئامانجەکانی.
- چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە بواری بەجیهانیکردنی دۆزی کورد.
- چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە وڵاتانی ئەورۆپای ڕۆژهەڵات.
- ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵەکە.
- کۆمەڵەکە و پەیوەندییە کوردییەکانی.
- پەیوەندیی کۆمەڵەکە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی جیهان و ئەندامێتیی لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان.
- هاوکارییە داراییەکانی خوێندن.
- هەڵوێستی ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان بەرانبەر کۆمەڵەکە و چالاکییەکانی.
- هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە ئاست کۆمەڵەکە.
- ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکە و جیابوونەوەیان.
- چەند ڕووداو و بەسەرهاتێکی خۆشی کۆمەڵەکە.

پێشەکی

هەموو ئەو ئەرکانەی لە تۆژینەوەکاندا دەدرێن لەبارەی بنەچە و چالاکیی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئینجا ئەوڕوپا و ئەمەریکا، سوودێکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی گرنگیان لە مێژووی پەرەسەندنی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە، بە ئامراز و شێوازە جیاوازەکانی کلتوور و شارستانێتی و دابونەریتی هەمەڕەنگی گەلی کورد، هەروەها بۆ گەیاندنی دۆخە کارەساتبارەکەی بەدەستی دەزگاکانی دەوڵەتە فەرمانڕەواکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان، لە ئێران، تورکیا، عێراق، سووریا و ناوچەی قەوقاز.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا -KSSE - و ئەو لقانەی لێی جودابوونەوە"ئەکسا"واتە کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و یەکێتیی نەتەوەیی قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پشتیوانیکردن و ناساندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە گەلانی ئەوڕوپا و ڕای گشتیی جیهانیدا هەبووە، ئەویش لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی خوێندکاران و لاوانی جیهان و لەچوارچێوەی ئاهەنگە ساڵانەکانی جەژنی نەورۆز و ئەنجامدانی زنجیرە چالاکییەکی کلتووری و ڕێکخستنی خۆپیشاندانە گشتییەکان سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد و خواستە ڕەواکانی. هەروەها ئەم کۆمەڵانە ڕۆڵێکی دیپلۆماسیشیان گێڕاوە و بوونەتە نوێنەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەلای حزب و حکومەتە پەیوەندیدارەکان بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری و هاوکاریکردنی خەباتی گەلی کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان، ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوەنەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە ڕێکخراوە حزبییەکانی سەر بە بزووتنەوەکە لە ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئەوڕوپا و ئەمەریکا بوونیان نەبووە.

ئەم ڕێکخراوانەی خوێندکارانی کورد، لە کۆتاییەکانی چلەکانەوە لە بەیروت سەریانهەڵدا و دواتر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەوڕوپا و پاشانیش لە شەستەکان لە ئەمەریکا. ئەمەش ئەگەر چالاکییە سنووردارەکانی ڕێکخراوی (هێڤی) لە لوزان ساڵی ١٩١٣ هەژمار نەکەین کە لەلایەن کۆمەڵە قوتابییەکی کوردی هاووڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدەدران.

چەند کەسایەتییەکی کوردپەروەری کوردستانیش ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئەم ڕێکخراوانە، لەوانەش: دکتۆر نورەدین زازا، دکتۆر عیسمەت

شەریف وانلی، دکتۆر وریا ڕواندزی، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ و کاک سەعدی دزەیی و چەند کەسانێکی تر. ئەم ڕێکخراوانە کەشە ئازادەکەی زۆربەی وڵاتانی ئەوڕوپایان بە دەرفەت زانی بۆ کاری سیاسی و ڕێکخستنەکان لە ئەنجامدانی چالاکییە میدیایی و کلتوورییەکانیان، ئەو ئازادییەی کە لە وڵاتانی خۆیاندا قەدەغەکراو بوون.

یەکێک لە سوودە هەرە مەزنەکانی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی کوردستان، کۆکردنەوەی قوتابیانی کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستان بووە لەژێر چەتری ڕێکخستنێکی یەکگرتوودا. کە دواجار بووەتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و بوونەتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئاشناکردنی گوزەران و خەباتی سیاسیی هاوبەشی قوتابیانی کوردی پارچەیەکی دیاریکراوی کوردستان بە پارچەکانی دیکەی نیشتمان. لە ئەنجام ە گرنگەکانی ئەم ڕێکخراوانەشدا، دروستکردنی پرد بووە لەنێوان تێکۆشەرانی دواڕۆژ لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان لەنێو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوانە و هەماهەنگیی پتەوی پێشوەختە کاری پێکەوەییان، چونکە پێشتر ئاشنای یەکتری بوونە و لەنێو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوانەدا، هاوبیران یەکیانگرتووە.

لە ئێستا جێگەی داخە، وێڕای ئەم هەموو ژمارە زۆرەی کورد لە ئەوڕوپا و ئەمەریکا و ناوچەکانی دیکەی جیهان، ڕێکخراوگەلێکی ئەوتۆیان نییە تاکو بە ئەنجامدانی چالاکییە هاوبەشەکانیان کۆیانبکاتەوە. چونکە من لەبیرمە کە کۆنگرە سالانەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، بۆنەیەک بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکە لەهەر وڵاتێکی ئەوڕوپادا بوونایە، هەڵبەت ئەم گردبوونەوانە هاندەرێکی کاریگەر بوونە بۆ بەردەوامبوونی خەبات و چالاکیی هاوبەش، چەندین هاوڕێیەتیی بەتین و درێژخایەن لەچوارچێوەی ئەم کۆنگرانەدا دامەزراون.

بۆیە، ئەو ئەرک و قوربانییانەی کاک عەلی جەعفەر لەپێناو ئەم لێکۆڵینەوەیە داویەتی کە لەبارەی مێژووی ڕێکخراوەکانی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوڕوپایە، دەبێتە بەرهەمێکی پڕبەها بۆ کتێبخانەکانی کوردی و خوێنەرانیان. شایانی باسە ژمارەیەکی دیکەی تۆژەران، تۆژینەوەی تایبەتیان لەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کردووە کە کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد، عارف ڕوشدی، جۆردی تگل لە سویسرا و پیتەر فراگیستاگۆس لە زانکۆی کامبریدج لە بەریتانیا، بەشێکن لەو تۆژەرانە.

عومەر شێخموس - ستۆکهۆڵم ٢٠١٨/٨/١٨

پێکهاتە هزری و سیاسییەکانی کۆمەڵەکە و ئامانجەکانی

لە بەشی یەکەمی تۆژینەوەکەمان تیشکمان خستەسەر هەر حەڤدە کۆنگرە گشتییەکەی کۆمەڵەکە کە تا مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٥ بەستبوونی و گفتوگۆی نێوان ئەندامانی کۆنگرەکە و ئەو بڕیار و پاسپاردانەش کە لە کۆنگرەکاندا ئەنجامدراون و دەرکراون، بەپێی ئەو زانیاری و بەڵگەنامە و سەرچاوانەی دەستمانکەوتن و خراونەتەڕوون؛ بۆئەوەی خوێنەر لە گرنگیی کۆمەڵەکە و ڕۆڵی کاریگەری تێبگەیەنین، پێمانخۆشە لێرەدا بەپێی توانا هەڵوەستەیەک لەسەر هێڵە سیاسی و هزرییەکەی کۆمەڵەکە بکەین کە لەو ماوەیەدا پابەندی بووە.

هەڵبەت ئەو هێڵەش پەیوەست بووە بە دۆخی سیاسیی ئیقلیمی و کوتلە و کوتلەبازییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەندیش بووە بە ڕەوشی گشتیی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو قۆناغەدا، بۆیە بەپێویستی دەزانین کورتە باسێکی ئەم دۆخ و ڕەوشانە بکەین کە لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا، کاریگەرییەکی کارایان لەسەر پێکهاتە گشتییەکەی کۆمەڵەکە هەبووە، بەتایبەتی لەسەر بیروبۆچوون و ئامانجەکانی.

پاش تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی (١٩٤٥)[١٢٥]بە شکستهێنانی ئەڵمانیای هیتلەری و وڵاتانی میحوەر لەبەرانبەر وڵاتانی هاوپەیمان و گەشانەوەی ئەستێرەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک وڵاتێکی زلهێز لەپاڵ یەکێتیی سۆڤیەت و پێشتریش بەریتانیا و فەڕەنسا، بەرەبەرە ڕووخساری پێکهاتنی دوو جەمسەری گەورە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەدیارکەوت. جەمسەرێک، وڵاتانی ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتیی ئەمەریکا و جەمسەرێکی دیکە بۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت.

هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم دوو جەمسەرەش، جیاوازیی ڕیشەیی بەرژەوەندییەکان بوو، سەرباری هەبوونی بۆشاییەکی گەورە لە سەرچاوە و شادەماری ئایدیۆلۆژیای هەریەک لەو دوو جەمسەرە. لەکاتێکدا تیۆری مارکسیزم-لینینیزم ئایدیۆلۆژیای بلۆکی سۆشیالیستی بوو کە یەکێتیی سۆڤیەت ڕابەرایەتیی دەکرد، تیۆری دیموکراسییەت، واتە ئازادییە سیاسییەکان، ئایدیۆلۆژیای ئەمەریکا و تەواوی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بوو لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لەگەڵیاندابوون. ئەمەش لەکۆتاییدا بووە

هـۆی سـەرهەڵدانی حاڵەتێکـی شـەڕانگێزی و کێبڕکێیەکـی تونـدی نێـوان ئـەو دوو بلۆکە کە دواتـر بـە شـەڕی سـارد نـاسرا، هـەر لـەو ماوەیـەدا قەیرانـە ئیقلیمییـەکان گەیشـتنە لووتکە و چەندیـن شـەڕی بـە وەکالەتـی ئیقلیمیـش لـە چەنـد ناوچەیەکـی جیهانـدا بەرپابـوو -لەوانـەش شـەڕەکانی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت- ئەمەشـیان هـەر بۆئـەوە بـوو کـە لـە شـەڕێکی چەکداریـی ڕاسـتەوخۆی نێوانیـان خۆیـان بەدووربگـرن. لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی پەیمانـی باکـووری ئەتڵەسـی (ناتـۆ)[١٣٦] لەسـاڵی (١٩٤٩) بـە سـەرۆکایەتیی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا ململانێـکان هێنـدەی دیکـە زەقتر بوونـەوە و وای لەیەکێتیـی سـۆڤیەتیش کـرد (پەیمانـی وارسـۆ) لەئایـاری سـاڵی (١٩٥٥) پێکبهێنێـت و وەکـو هێزێکـی بەرانبـەر بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەر مەترسـییەکی چاوەڕوانکـراو لەکاتـی پێویسـتدا بەکاریبهێنێـت. بەرەبـەرە بلۆکـی سۆشیالیسـتی لـە گەشەسـەندن و فراوانبوونـەوەدا بـوو، چونکـە دروشـمەکانی، ویـژدان و هـزری گەلانـی ناوچەکـە زەمینەیەکـی لەباربـوون بـۆ فراوانبوونەکـە، بەتایبەتـی ئـەو گەلانـەی لەژێـر چەوسـاندنەوەی داگیرکاریـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوای وەکـو بەریتانیـا و فەڕەنسـا و چەنـد وڵاتێکی دیکـە دەیانناڵاند، دروشمەکانیشـیان ئەمانەبـوون: ڕزگارکـردن لـە هـەژاری و برسـێتی و نەزانـی، یەکسـانی و دادپـەروەری، سەرخسـتنی چەوسـاوەکان و هـەژاران، دەسـتەبەرکردنی دواڕۆژێکـی بـاشتر بـۆ تـەواوی گەلانـی جیهـان، پشـتگیریکردنی بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نیشـتمانییەکان لەجیهـان و ڕزگارکردنیـان لەژێـر دەسـتی و چەوسـاندنەوە و سـتەمی داگیرکـەران، دەسـتەبەرکردنی مافـی سـەرجەم نەتـەوە و گـەلان لـە مافـی چـارەی خۆنووسـیندا. کەچـی ئـەوکات بلۆکـە ڕۆژئاواییەکـە لـە پشـتیوانیکردنی ڕژێمـە دیکتاتۆرییـە سـتەمکارەکاندا گلابوو و بـە دەگمەن ئـاوڕی لـە چارەسـەرکردنی ئـەو قەیرانانـە دەدایـەوە کـە بەرۆکـی وڵاتانـی جیهانـی گرتبـوو، بەتایبەتـی مافەکانـی مـرۆڤ و گەلانـی ژێردەسـتە، بەڵکـو هەمـوو خەمێکـی گەوجاندنـی گـەلان و بەتـاڵان بـردن و دزینـی سـامانیان بـوو، ئەمـەش هەڵـە ستراتیژییەکـەی ئـەم بلۆکـە بـوو، تەنانـەت خـودی ئەمەریـکا و ژمارەیـەک لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لەسـەر زاری بەرپرسـانیان دانیـان بـەم هەڵەیـە نـاوە.

گەلـی کوردیـش کـە یەکێکـە لـە گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت دوچـاری سـتەم و چەوسـاندنەوە بـووە لەلایـەن ئـەو وڵاتانـەی خاکیـان داگیرکـردوون و وڵاتانـی ڕۆژئـاوای وەکـو بەریتانیـا و فەڕەنسـا چاوپۆشـییان لـە مافەکانـی ئـەم گەلـە

کـردووە و بەشـداربوونە لـە پرۆسـەی دابەشـکردنی ئـەو بەشـەی کەوتبـووە ژێر دەسـەڵاتی عوسمانییەکانـەوە و چەندیـن دەیەیـە ڕووبـەڕووی خواسـتەکانی بوونەتـەوە و دژایەتیـی دەسـتەبەرکردنی مافـی سـەربەخۆییان کـردووە، بۆیـە دەبینیـن زۆربـەی بزووتنەوەکانـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد و نوێنەرانیـان لـە نیـوەی یەکـەم و سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـت، بلۆکـی سۆشیالیسـتییان پەسـندکردووە و چوونەتـە پـاڵ ئـەوان و مەیلـی چەپخوازییـان پێوەدیاربـووە، بەتایبەتـی لەنێـو چینـی خوێنـدکاران و مامۆسـتایاندا کـە لـەو بڕوایەدابـوون تیـۆری سۆشیالیسـتی دەبێتە فریادڕەس و گەڕاندنەوەی مافـە زەوتکراوەکانیان و ڕزگارکردنیـان لەژێـر چەپۆکـی داگیرکـەران و کۆنەپەرسـتان کـە دواجـار بووە هـۆی ئەوەی کـورد، بەتایبەتـی گەنجانیـان ئاراستەکانی چەپـڕەوی و شـیوعییەت بگرنەبـەر(١٢٧).

بۆیـە ئاسـایی بوو، ئـەوکات ڕێژەیەکـی بەرچاوی بەشـداربووانی کۆنگرەکانـی کۆمەڵەکە، بەتایبەتـی کۆنگـرە بەراییەکانـی، یـان چووبوونـە ڕیزەکانـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی، یانیـش بەشـێوەیەکی کـەمتر لەنێـو ڕیزەکانـی حزبـی شـیوعیی سـووریدابوون، ئەگـەر پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانـی ئـەو حزبەشـەوە نەکردایـە کەوتبوونـە بـەر کاریگەریـی هـزری چەپـڕەوی، پێـش هەمووشـیان عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ، ئەحمـەد زمچـی، دانـش عـارف، هیـوا بەهجـەت، جـەلال بێتوشـی و چەنـد کەسـێکی تـر کـە بەوپـەڕی توانایـان هەوڵیـان دەدا، کۆمەڵەکـە ئایدیۆلۆژیـای مارکسـیزم-لینینیزم بکاتـە تاکـە سـەرچاوەی هزریـی خـۆی و کۆمەڵەکـە و بـە ئاشـکرا دژایەتیـی ئایدیۆلۆژیایەکـی غەیـری ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە بـکات کەچـی تاقمێکـی تر لەنێو کۆمەڵەکەدا سـەریانهەڵدا و بەسـەرۆکایەتیی دکتـۆر نورەدین زازا، دکتـۆر عیسـمەت شـەریف وانلـی، دکتـۆر کەمـال فوئـاد، حەمـڕەش ڕەشـۆ، سـەعدی دزەیی و چەندانـی تـر، هێڵێکـی هزریـی نەتەوەیـی ڕزگاریخـوازی کوردیـان لـە ئەوڕوپـا دەنوانـد و لـە شـێوازی ناسـیۆنالیزمە شـۆڤێنییەکان نەبـوون، بەڵکـو ناسیۆنالیسـتێکی دیموکراسـی و عەلمانـی بـوون، بـە هەمـوو توانایانـەوە هەوڵـی ڕزگارکردنـی گەلەکەیـان دەدا لەژێـر دەسـتی چەوسـاندنەوە و دووا‌کەوتوویـی و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ. بۆیـە ورد و درشـتی ڕووداوەکانـی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتانیان بـۆ ڕای گشـتیی ئەوڕوپـا و جیهـان دەگواسـتەوە، بەتایبەتـی هەواڵەکانـی شۆڕشـی کـوردی باشـووری کوردسـتان و لـە کۆنگـرە و کۆنفرانـس و سـیمیناڕە نێودەوڵەتییەکانـدا بێوچـان هەوڵـی ناسـاندنی کوردیـان بـەو کۆمەڵگانـە دەدا کـە لێـرە و لـەوێ دەبـەستران، یاخـود هـەر لەچوارچێـوەی نووسـین

و ئـەو هەواڵانـەی لـە بڵاوکراوەکانـی ئەوڕوپـا بڵاودەبوونـەوە، هاوشـانی ئەمـەش هەوڵـی ناسـاندنی کلتـوور و فۆلکلـۆری کوردییـان بـە نەتەوەکانـی دیکـە داوە و لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون بچنـە پـاڵ هیـچ کام لـەو بلۆکانـەی ئەوسـا جیهانیـان بەڕێوەدەبـرد و سـوودیان لـە هـەر هاوکارییەکیـش دەبینـی کـە لـە هـەر لایەکـەوە بـە کۆمەڵەکـە دەگات و هاوشـان لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی چەوسـاوە، پەیداکردنـی زۆرتریـن دۆسـت و لایەنگـران بـۆ دۆزە ڕەواکەیـان دەخوازێـت و بەپێـی توانـا نەیـار و دوژمنانیـش بۆخۆیـان کەمبکەنەوە، بەتایبەتـی بـۆ دۆزی کـورد، چونکـە هـەروەک ڕابـەری نەتەوەیـی کـورد مسـتەفا بارزانـی لـە یەکێـک لـە دیمانەکانیـدا دەیگـوت:"... دوژمنـان و نەیـاری کـورد زۆرن ...".

هەڵبـەت ئـەم جیـاوازی و هەمەڕەنگییـە لـە شـێوازی بیرکردنـەوەی ئەندامانـی کۆمەڵەکـە کـە لـە جیاوازیـی سـەرچاوەکانی هزریـدا سـەرچاوەی گرتـووە، بـە ڕووکـەش هـزری کۆمەڵەکـەی دەوڵەمەنـد کـردووە و بـە حاڵەتێکـی ئەرێنیـی کۆمەڵەکـە هەژمـار دەکرێـت لەپێنـاو بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجانـەی کۆمەڵەکـەی لەپێنـاودا دامـەزراوە. بـەڵام بەداخـەوە لـە زۆر حاڵـەدا ئـەم جیـاوازی و هەمەڕەنگییـە بووەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی ناکۆکـی و بەسـەر کاروان و چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـەدا ڕەنگیداوەتـەوە، چونکـە لە ڕاسـتیدا ئـەوکات ئەندامـان هیـچ ئەزموونێکـی دیموکراسـیی ئەوتۆیـان نەبـوو کـە لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتنـی هاوبەشـی نێـوان زۆرینـە و کەمینـە دامەزرابێـت لـە هـەر کارێکـی هاوبەشـدا، بگـرە ڕەنگدانـەوەی حزبـە کوردسـتانی و ئیقلیمییـەکان بـوون کـە ئەندامانـی کۆمەڵەکـە، ئەندامیـان بـوون و لەگـەڵ لێکنزیکبوونـەوە و دوورکەوتنـەوەی ئـەو حزبانـە دەگـۆڕان و نەیاندەتوانـی بەجۆرێـک خۆیـان لـە هەژموونـی حزبەکانیـان دووربخەنـەوە کـە خزمـەت بـە ئامانجەکانـی کۆمەڵەکـە بگەیەنێـت.

بۆیـە لەچەندیـن قۆناغـدا، ئەندامانـی کۆمەڵەکەمـان دەبینـی لەنێـو خۆیانـدا شـەفاف نەبـوون و بەپێـی گوتـەی هەندێکیـان، ئەوانـەی مەیلـی ناسـیۆنالیزمی دیموکراسـییان هەبـوو، بـە ئاگادارییەکـی زۆرەوە بیروبۆچوونەکانـی خۆیـان دەخسـتەڕوو، چونکـە ئـەوکات، تاڕادەیـەک ناچارکرابـوون لەگـەڵ شـیوعی و چەپخوازەکانـی کـوردا پێکـەوە بژیـن. زۆرجاریـش کاتێـک ئەندامانـی کۆمەڵەکـە کاتێـک ئـەو دامـەزراوە و لایـەن و کەسـایەتییانەیان دەبینـی کـە لەسـەر بلۆکـی ڕۆژئاوایـی هەژمارەکـران و هاوکارییـان

لێوەردەگرتن، لە ئەندامە شیوعی و چەپخوازەکانی کوردیان دەشاردەوە لە کاردانەوەی نەرێنیی ئەو ئەندامانە چەکەریان دەکرد.

لە بەرانبەریشدا شیوعی و چەپخوازەکان هەوڵی لەمپەریان دەخستە بەردەم ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵەکە و چالاکییەکانیان سنووردار دەکرد، کاتێک بۆیان دەرکەوتبوو کە لە سەپاندنی بیروبۆچوونی خۆیان بەسەر کۆمەڵەکەدا سەرکەوتوو نەبوونە، بۆیە بەشێکیان لە کۆمەڵەکە کشانەوە، لەوانە: ئەحمەد قاسملۆ و عەبدولڕەحمان قاسملۆی بۆ کە لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی کۆمەڵەکەوە، لە ئەنجامی ئەو گوشارانەی حزبی تووەی ئێرانی دەیخستە سەریان. هەشبوو خۆی لە کۆمەڵەکە سڕکردبوو، بۆ نموونە ئەحمەد زمچی و دانش عارف و چەند ئەندامێکی تر کە لە دەستپێکردنی دووەمەوە خۆیان سڕکردبوو، هێندێکی دیکەشیان لە قۆناغەکانی دواتردا دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان لە کۆمەڵەکە ڕاگەیاند، هەروەک هیوا بەهجەت (شیوعیی عێراقی) و چەندانی تر وەک نارەزاییەک بەرانبەر چەند دیدارێکی کۆمەڵەکە لەگەڵ ئەو لایەنە ئەورۆپاییانەی لەسەر بلۆکی وڵاتانی سۆشیالیستدا هەژمار ناکرێن.

لە ئەنجامدا کۆمەڵەکە لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکانیدا هەتاکو ساڵی (١٩٧٥) ڕەوتێکی ناسیۆنالیستیی ئازادیخوازانەی گرتبوو، هەرچەندە بۆچوونی جیاوازیش لەنێو ئەندامانیدا هەبوو و هەموویان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە هەر ئەندامێکی کۆمەڵەکە ئازادبێت و بیروباوەڕە جیاوازەکان بۆخۆیان هەڵگرن، هەر هەموشیان لەسەر پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد و مافەکانی گەلی کورد ڕێککەوتبوون. ئەمەش پرسێکی ئەرێنی و زۆر گرنگ بوو. هەروەها ئەوەمان بیردەخاتەوە کە لە وڵاتانی ئەورۆپادا دەژیاین، لەنێو کلتوور و بیروباوەڕی جیاوازدا کەچی لەو پرسە چارەنووسسازانەی پەیوەست بوون بە گەل و نیشتمان، یەکگرتووبوون.

لێرەدا ژمارەیەک لەو ئامانجە سەرەکییانەی کۆمەڵەکە دەخەینەڕوو کە لە بەندی دووەمی دەستوورەکەیدا هاتووە:

١. پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا و کارکردن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندن و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان.

٢. پەرەپێدانی کلتووری نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کارکردن لەپێناو دۆزی گەلی کورد و کێشە نەتەوەییە نیشتمانییەکەی و بەشداریکردن لە خەباتی گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لە وڵاتی خۆیاندا (کوردستان).

٣. ناساندنی گەلی کورد و شارستانێتی و کوردستانی نیشتمان و دۆزە نەتەوەییەکەی بە گەلانی جیهان.

٤. پتەوکردنی هەماهەنگی و دۆستایەتی لەنێوان خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و قوتابیانی وڵاتانی دیکەی جیهان و هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان و جیهان، بەشێوەیەک کە لە خزمەتی هەردوولادا بێت.

چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە بواری بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد

پێش ئەوەی بێینە سەر باسکردنی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لەو بوارەدا، پێویستە بگوترێت؛ پێش هاتنی قوتابیانی کورد بۆ ئەوروپا لە سەرەتای دەیەی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، گەلی کورد بە ناشرینترین شێوە وێناکرابوو و بە قسەی هەڵبەستراو و بوختان و دۆروودەڵەسەی دوژمنانی کورد و کوردستان، هەقیقەتی کورد شێوێندرابوو، لەمەدا بەشێک لە ئەرمەنەکانیش ڕۆڵێکی خراپیان گێڕابوو؛ کوردیان بە کۆمەڵە دز و جەردە و ڕێگرێک وێناکردبوو کە دڕندەی شاخەکانن و دوورن لە شارستانیەت و هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی، چونکە ئەوکات ڕای گشتیی ئەوروپا، ئاشنایەتیی لەتەک کێشەی گەلی کورددا نەبووە و بگرە زۆربەی هەرە زۆریان تەنانەت ناوی کوردیان هەر نەبیستبوو، دەستەبژێرە سیاسی و بڕیاربەدەستەکان نەبێت کە حوکمی وڵاتیان دەکرد، هەروەها بەشێکی زۆر کەمی مێژوونووس و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان نەبێت.

قەدری جەمیل پاشا، لە لاپەڕەکانی ٤٠ - ٤٢ی یاداشتنامەکەیدا کە بەناوی زنار سلۆپی بڵاوکراوەتەوە و پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ وەریگێڕاوە دەڵێت:"..... بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنەکەم، چوومە سویسرا ... لە لۆزان و لەو ڕۆژەی لە بانسیۆن نیشتەجێ بووم و لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ قوتابیانی نەتەوە جیاوازەکاندا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، خاتوو (س) پێیگوتم:"بەو پێیەی جەنابتان لە ئەستەنبولەوە هاتووی، یان تورکیت، یاخود یۆنانیت"، هەربە زمانە فەڕەنسییە لاوازەکەی خۆم وەڵاممدایەوە و پێمگوت: من نە تورکم و نەیۆنانیشم، ئینجا دووبارە پرسییەوە:"ئەدی تۆ لە چ نەتەوەیەکیت؟". وەڵاممدایەوە:"من کوردم"ئینجا خۆی و ئەو کەسەی لەسەر مێزەکە لە تەنیشتی دانیشتبوو، بە سەرسامییەوە لێمڕامان، وەک بڵێی شتێکی نائاساییان گوێ لێبووبێت، هەڵبەت منیش زۆر تەریق بوومەوە و خەفەت دایگرتم، چونکە لێرە هێشتا ناوی میللەتەکەمیان نەبیستووە، بەڵام خۆشبەختانە لەسەر هەمان مێزدا دوو قوتابیی ڕووسی دانیشتبوون، هاوکارییان کردم دەستیان بە باسکردنی کورد و کوردستان کرد. لە ڕۆژی دووەمدا، لەپاش نانخواردنی بەیانی، لەهۆڵەکە دانیشتبووم، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دووبارە پرسیای کردەوە:"تۆ دەڵێی من کوردم، بەڵام وڵاتەکەت کەوتووەتە کوێوە؟....".

بێگومان لەم سەردەمەی ئێستاماندا، ڕاگەیاندن بە هەموو شێوە و ئامرازەکانییەوە بووەتە بەهێزترین چەک و کەرەستەی کاریگەر بۆ بەیەکگەیشتنی مرۆڤ لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە، بووەتە گوندێکی بچووک کە هیچ شتێکیان لێناشاردرێتەوە. کاری دیپلۆماسیش ئامرازێکی زۆر گرنگە لەم بوارەدا و ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر ئاستی ئیقلیمی بێت، یاخود نێودەوڵەتی، بایەخی زیاتر دەبێت. گەلانێکی زۆر، سەربەخۆیی نیشتمان و بەرژەوەندییەکانی گەلانیان لەدەستداوە، چونکە نەیانتوانیوە ئەم چەکە کاریگەرە لە خەباتیاندا بەکاربهێنن، گەلانی ئەوتۆش هەن، لەبنەڕەتدا لەبایەخی ئەم چەکە تێنەگەیشتوون و تاکو ئێستاش وڵاتانیان لەژێر چەپۆکی داگیرکەردا ماونەتەوە، با هەر قوربانیی زۆریشیان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتیان بەخشیبێت.

ئەوەی تایبەتیش بێت بە مێژووی دیپلۆماسییەتی کورد -ئەگەر بکارێین ئەم دەستەواژەیە بەکاربهێنین- ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێک هەستی نەتەوایەتی لەلای گەلانێکی زۆری ژێر ئاڵای دەوڵەتی عوسمانیی ڕووخاودا سەریهەڵدا، بە گەلی کوردیشەوە. ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کورد -ئەو کات بەشێوەی تاک تاک- بەتایبەتی چەند میر و سەرۆک هۆز و شێخانی نیشتمانپەروەری کورد و ڕۆڵەکانیان بە مەبەستی خستنەڕووی پرسی گەلەکەیان دەستیان بە جوواڵە کرد و ڕوویان کردە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان، ئەم هەڵوێستەشیان لەو قەناعەتەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئەو خەباتە چەکداریی‌یەی کورد دەستیپێکردووە بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێ کاری دیپلۆماسیشی لەگەڵدا بێت. بۆیە چەند یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد و ژمارەیەک نووسین و تۆژینەوەیان لەسەر کێشەی ڕەوای نەتەوەیی کورد، لەگەورە ڕۆژنامەکانی سەرتاسەری جیهاندا بڵاوکردەوە و هەوڵی بەردەوامیشیان ئەوەبوو کە ڕاستەخۆ بەشداریی لەو کۆڕبەندە جیهانیانەدا بکەن.

خەباتگێڕی شەهید، عەبدولڕەزاق بەدرخان[١٢٨] بە پێشەنگی ئەو کەسانە دادەنرێت کە درکیان بە گرنگیی ئەم پرسە کردبێت و بە پراکتیک کاری تێداکردووە. پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ دیپلۆماتکار و سەرکردە ڕووسییەکان داناوە. هەروەها جەنەڕاڵ شەریف

پاشای نوێنەری گەلی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ساڵی (١٩١٩ - ١٩٢٠)[١٢٩]. ئەویش خەباتێکی سەختی لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان کردووە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لەپاڵ خواستەکانی بەرژەوەندیی ئەوسای وڵاتانی زلهێز، بەتایبەتی بەریتانیا[١٣٠] مادەکانی (٦٢،٦٣،٦٤) خرانە نێو پەیمانی"سیڤەر"لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ کە یەکێک بووە لە ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە کە بە ڕوون و ئاشکرا داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەکات، ئەمە یەکەمین پەیماننامەی نێودەوڵەتییە دان بە مافەکانی کورددا بنێت.

دکتۆر کامەران بەدرخانیش سەردانی چەندین پایتەختی وڵاتانی کردووە و لەوێ لەگەڵ سەرۆک و بەرسانی ئەو وڵاتانەدا کۆبوونەتەوە و ژمارەیەک ئەکادیمیستیشی بینیوە و لە هەموو دیدارەکانیدا هەوڵیداوە ڕەوایی کێشە و خواستەکانی گەلی کوردیان پێبگەیەنێت و بڕوایان پێبێنێت، بەتایبەتی پاش سەقامگیربوونی فەڕەنسا لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٧) و لە بەشی زمانی کوردیی زانکۆی سۆربۆندا هەتاکو ساڵی (١٩٧٠) وانەی گوتووەتەوە. هەروەها بە هەماهەنگیی لەگەڵ ڕۆجێە لیسکۆ[١٣١] کە پێشتر لە دیمەشقدا بووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ جەلادەت بەدرخانی برایدا هەبووە"سەنتەری دیراساتی کوردی"ی دامەزراندووە کە ئەگەر دەرفەت هەبوو، دواتر دێینە سەر باسی ئەمەش لە بەشی ڕێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوە کوردییەکان لە ئەوڕوپا. سەبارەت بە چالاکییەکانیشی، شلۆمۆ نکدیمۆن لە لاپەڕە (٢٢)ی کتێبی"الموساد فی العراق و دول الجوار"دا بەم شێوەیە باسی دەکات: هەوڵەکانی زۆر کاریگەر بوو، هەوڵی دەدا دەنگی فیشەک و گوللە تۆپەکانی بەسەر چیا و ئەشکەوت و ڕێگەوبانە بەردینەکان لەوڵاتەکەی خۆیدا تەرجەمە بکاتە زمانی وشە و بیانداتە بەرگوێی ئەو سیاسەتوانە جیهانییانەی کە توانای یەکلاکردنەوەی چارەنووسی گەلانیان هەیە، بەڵام بەداخەوە پشتیان لێکرد و وڵاتانی ڕۆژئاوا هیچ بایەخێکیان بە چارەنووسی گەلی کورد نەدا، تا گەیشتە ئەو ڕادەیە، بڵێت: ئەو تاکە ئازادییەی ئەمڕۆ هەمانە، تەنیا ئازادیی هەڵمژینی هەوای سەر لووتکە شاخەکانە ...".

پێویستە بگوترێت؛ دکتۆری شەهید عەبدولڕەحمان قاسملۆش ئەرکێکی سەختی لەم پێناوەدا کێشاوە، بەتایبەتی لە نێوەندی دەزگاکانی میدیایی و ڕۆشنبیری و سیاسیی ئەوڕوپا و کتێبەکەشی بەناوی (الکورد شعب بلا دولة - و دواتر"کوردستان و

کـورد") کـە وەرگێڕدراوەتـە سـەر چەندیـن زمانـی ئەوڕوپایـی، دەنگدانەوەیەکـی فـراوان و کاریگـەری لـەم ڕووەوە هەبـوو.

لەکاتـی دامەزراندنـی کۆمەڵەکـەش لـە سـاڵی ١٩٤٩ لـە ئەوڕوپـا، هـەر لـە یەکەمیـن چرکەسـاتەوە، دامەزرێنەرانـی کۆمەڵەکـە درکیـان بـە گرنگیـی کاری دیپلۆماسـی و میدیایـی کردبـوو بـۆ پشـتیوانیکردنی کێشـەکەیان و ئـەم ڕاسـتییەشمان لـە ئامانجەکانـی کۆمەڵەکەدا بەجوانـی بـۆ ڕوونـدەبێتـەوە.

کۆمەڵەکـە، لـە دووەمیـن تەکانیـدا لـە سـاڵی (١٩٥٦) لەسـەر ئاسـتی گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا زۆر چـالاک بـوون و چالاکییـە دیپلۆماسـییە کوردییەکانیـان لەپـاش هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی ١١ی ئەیلوولـی سـاڵی (١٩٦١) لـە باشـووری کوردسـتان زیاتـر و چڕترکرانـەوە و گوڕێکـی نوێـی لـە ئەوڕوپـادا پێبەخشـی. کار و چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە و لقەکانـی لـە ئەوڕوپـای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا جەختیـان لەسـەر ئـەم سـێ تـەوەرە سـەرەکییە دەکـردەوە:

تـەوەری یەکـەم: دابینکردنـی هاوکارییەکانـی خوێنـدن لـە ئەوڕوپـا بـۆ خوێندکارانـی کوردسـتان بۆئـەوەی بتوانـن درێـژە بـە خوێندنیـان بـدەن و بڕوانامـە بەدەسـتبێنن.

تـەوەری دووەم: ناسـاندنی بارودۆخـی گەلـی کـورد و کوردسـتان بـە ڕای گشـتیی ئەوڕوپـا و ڕوونکردنـەوەی سیاسـەتی قڕکـردن و سـتەم و پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ و چەوسـاندنەوە و تواندنـەوە و سـڕینەوەی نەتەوەیـی کـە ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتانیان داگیرکـردووە، دژی کـوردان پەیـڕەوی دەکـەن.

تـەوەری سـێیەم: ناسـاندن و ئاشـناکردنی گەلانـی جیهـان بـە فۆلکلـۆر و کلتـووری کـوردی. هـەر لـە مۆسـیقا و گۆرانـی و هەڵپەرکـێ بگـرە، تـا دەگاتـە دابونەریـت و جۆرەهـا خواردەمەنیـی کـوردەواری.

چالاکییەکانیشیان لەمانەدا خۆیاندەبینییەوە:

- یادکردنـەوەی جەژنـی نەتەوەیـی کـورد (نـەورۆز) و داوەتکردنـی دۆسـتانی گەلـی کـورد بـۆ ئـەم ئاهەنگانـە کـە سیاسـەتوان و ئەکادیمیسـت و پەیامنێرانـی دەزگا جۆربەجـۆرەکان میدیایـی و پەرلەمانتارانـی وڵاتـە جیاجیاکانـی ئەوڕوپـا و ئەندامـە

ناوداڕەکانی پەرلەمانی ئەوڕوپای دەگرتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕیسۆ ئینیتی، سەرۆکی پەرلەمان بوو. لەو ئاهەنگانەدا ژمارەیەک فیلمی دیکۆمێنتاری و چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی نمایشدەکرا کە هەموو بووارەکانی ژیانی مرۆڤی کوردیان بەرجەستە دەکرد. دەرفەتێکیش بوو بۆ نمایشکردنی جلوبەرگی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و فۆلکلۆری کوردی، بەتایبەتی گۆرانی و هەڵپەڕکێ.

- سازدانی ئاهەنگێکی تایبەتی ساڵانە بۆ یەکتراسینی قوتابیانی کورد (لە کۆتایی ئەیلوول یان لە سەرەتای تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێکدا بۆ یەکتراسینی قوتابیانی نوێ بە قوتابیانی پێشتر لەوێ بوونە). ئامانج لە سازدانی ئەم جۆرە ئاهەنگانەش پتەوکردنی گیانی پشتیوانی و هاوکاریکردنی یەکترییە لەو وڵاتانە و چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندن و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بووە، هەروەها بۆ پەرەسەندنی کلتووری نیشتیمانی و دیموکراسییەت و ئاگاداربوون بووە لە بارودۆخی خەڵکی کوردستان و کێشە نەتەوەییەکەیان.
- ناردنی بروسکە و یاداشتنامە و ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە ڕەوشی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی نیشتمان بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان، هەر لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش، تا دەگاتە لێژنەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی و یەکێتیی ئافرەتانی جیهان، کۆنگرە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان و کۆنگرەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکان، سەرکردە و بەرپرسانی وڵاتان، لەوانەش پاپای فاتیکان، بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی کورد لە هەرجێیەک بن و داوا لەو ڕێکخراوانە بکرێت هاوسۆزی کورد بن لە هەموو چەوساندنەوە و ستەملێکردنێک، هەروەها ئیدانەی ئەو ڕژێمانە بکات کە کوردستانیان داگیرکردووە و پشتیوانی لە مافی ڕەوای کورد بکەن.
- ڕێکخستنی ڕێپێوانە ئاشتییەکان لە سەرجەم پایتەخت و شارەکانی ئەوڕوپا و گردبوونەوە لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە. هەروەها لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەو دەوڵەتانەش گردببنەوە کە هاوکاریی ئەو ڕژێمانە دەکەن بە چەک و تەقەمەنی. بۆ ئیدانەکردن و ناڕەزایی دەربڕین لەئاست سیاسەتی قڕکردنی نەتەوەیی کە ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی.

- ناردنی بروسکە و یاداشتنامە هاوبەشەکانی ناڕەزایی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی خوێندکاران بۆ ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگرکردووە و ئیدانەکردنی کردەوە تاوانکارییەکانیان دەرهەق بە کورد کە پێشێلکارییەکی زەقی سادەترین ڕێساکانی مافی مرۆڤ و گەلانن.
- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەی جیهان بۆ پەیداکردنی پشتگیری و دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەنێوانیاندا.
- بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی بۆنەی ١ی ئایار بە بەرزکردنەوەی دروشم و لافیتەی تایبەت کە داوای مافەکانی کورد بکات و ئیدانەی ئەو تاوانانە بکات کە ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان دژی نەتەوە و خاکی کوردان ئەنجامیدەدەن.
- پەیوەندیکردن بە هەموو جۆرە دەزگایەکی ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەی ئەندامانی کۆمەڵەکەی تێدا نیشتەجێن، بەتایبەتی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و ناردنی تازەترین هەواڵ لەسەر بارودۆخی هەنووکەیی کوردستان، بەتایبەتی هەواڵەکانی شۆڕشی کورد و وەڵامدانەوەی ئەو نووسین و گوتارانەی بەمەبەستی ناوزڕاندنی کورد و شۆڕشەکەی نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، یاخود ڕاستییەکانیان تێدا ئاوەژووکراوەتەوە. هەروەها نمایشکردنی فیلم و ئەو ڕیپۆرتاژانەی پەیوەستن بە دۆزی کورد و ئەو کردەوە دڕندە نامرۆییانەی دوژمنان دەرهەق بە گەلی کورد دەیکەن.
- بەشداریکردن لەو سیمینار و فیستیڤاڵانەی لێرەو لەوێ سازدەدرێن و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و کۆمەڵەکانی دیکە کە پشتیوانیی کورد دەکەن و ئیدانەی تاوانەکانی ڕژێم دەکەن.
- پێشکەشکردنی پرۆگرامی پەیوەست بە ڕەوشی گەلی کورد لە فیستیڤاڵەکاندا کە یەکێکیان فیستیڤاڵی (نیترا) بوو لە وڵاتی سلۆڤینیا و تێیدا کۆمەڵەکە خەڵاتی سەرۆک شارەوانی شاری (نیترا)ی پێبەخشرا. خەڵاتێکی دیکەش لە وەزارەتی مەعاریفی چیکۆسلۆڤاکیا، وەک ڕێزلێنانێک لە ڕۆڵی کۆمەڵەکە لە چیکۆسلۆڤاکیا.
- کردنەوەی پیشانگەی هونەری بۆ نمایشکردنی جلوبەرگی کوردی و کارە دەستییەکان و ئامێرە مۆسیقییەکانی تایبەت بە کورد (دەهۆڵ و زورنا - بە نموونە -) و شتی دیکەش.

- کارئاسانیکردن بۆ چوونی پەیامنێرانی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئاژانسەکانی هەواڵ و نێردەی تەلەفزیۆنەکان بۆ کوردستان، تاکو لەوێ لە نزیکەوە ئاشنای بارودۆخی شۆڕشی کورد بن لە باشووری کوردستان و تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان.
- نمایشکردنی کتێب و تەرجەمەکردنیان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ڕاگەیەنراوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕش بۆ ڕای گشتیی ئەوروپا و جیهان. هەروەها تەرجەمەکردنی نامیلکە و یاسا و گشتاندن و ئەو ڕێکارانەی لەلایەن ڕژێمەکانی دەسەڵاتدار کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و زمانەکانی تر، بەتایبەتی ئەوانەی بۆنی ڕەگەزپەرستی و شۆفێنییەتیان لێدێت کە دەرهەق بە کورد پەیڕەوکراون و ئامانجیان تەعریب و تەفریس و تەتریک کردنی کوردە.

ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، هیچ ڕێگەیەک نەما نەیگرنەبەر و هیچ کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتیش نەما هەوڵی بەشداربوونی بۆنەدەن، هەرچەندە باری دارایی کۆمەڵەکەش یارمەتیدەر نەبوو و وەکو ئێستا هاوکارییە دارایییەکانی کۆمەڵایەتی (سۆسیال)یان پێنەدەگەیشت، بۆیە زۆربەی خوێندکارانی کورد لەپاڵ خوێندنەکەیان، کارێکی تریان دەکرد بۆ دابینکردنی کرێی خوێندن و تێچووەکانی گوزەران و هاتوچۆ، ڕۆژانەی کارکردنی ڕۆژێکیشیان دەبەخشییە کۆمەڵەکە، ئەوە بێجگە لە بەشداریی مانگانە کە دەیاندایە کۆمەڵەکە لەبەرانبەر ئەندامبوونیان.

ئەدهەم ڕەشید گێڕایەوە؛ یەکێک لە شێوازەکانی خەباتی ئەو خوێندکارانە، بە نموونە ئەندامانی لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە، ڕێکلام و کارتی شوێنە بازرگانییەکان و کۆگاکانیان بەسەر ماڵاندا دابەش دەکرد لەبەرانبەر کرێیەکی دیاریکراو، لە هەمان کاتیشدا بەیاننامەیەک یاخود بڵاوکراوەیەکیشیان بە زمانی ئەڵمانی لەسەر دۆزی ڕەوای کورد و شۆڕشی کوردی باشووری کوردستان دەخستە نێو ئەو ڕێکلام و کارتانە و بەسەر ماڵانیان دابەش دەکرد، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی چەند ماڵێک گومانیان لەو کارە دەکرد. چەند جارێکی کەمیش لقەکانی کۆمەڵەکە پۆستەر و بڵاوکراوەکانیان بە زمانی ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیانە چاپ دەکرد کە ڕێکلامەکانیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بڵاودەکردەوە، زۆربەی جارەکانیش لەو شوێنە قەرەباڵغانەدا بوون کە جێی سەرنجی هاموشۆکەران بوون، ئەمەش لەبەرانبەر نرخێکی دیاریکراو.

کۆمەڵەکە لەپاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە گوڕوتینێکی بەجۆشتر چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا. بەشداریی کارایان لە کۆنگرە و کۆنفرانس و گردبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا هەبوو و بە داوەتنامەی فەرمیی سەرپەرشتیارانی ئەو کۆنگرانە بەشداردەبوون و چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئەڵمانیاشیان ڕاسپاردبوو سەرجەم ئەو بڵاوکراوانەیان بۆ کۆبکەنەوە کە لەبارەی کورد نووسراون، لە بەرانبەر ئەو ئەرکەشدا بڕە پارەیەکیان بۆ ئەو دەزگایانە تەرخان کردبوو، هێندێکیشیان هەر لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەکە و لقەکانی، خۆبەخشانە کۆدەکرانەوە.

ئەمانەی خوارەوەش نموونەی بەشێکن لەو چالاکییانەی کۆمەڵەکە ئەنجامیداون:

١. بۆ یەکەمین جار، کۆمەڵەکە بەشداریی لە کۆنفرانسێکی جیهانیدا کرد کە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) لە ساڵی ١٩٥٩[١٣٣] لە (یالتا)ی سەر دەریای ڕەش ڕێکیخستبوو، شاندی کۆمەڵەکە بە سەرۆکایەتیی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بوو.

٢. لە ساڵی (١٩٦١) کۆمەڵەی (فیدراسیۆنی قوتابیانی بیانی لە ئەوڕوپا) کە ئەندامانی دەگەیشتە نزیکەی (٢٠) هەزار خوێندکاری سەرتاسەری جیهان و بارەگاکەی لە شاری بەرلین بوو، فیستیڤاڵێکی هونەریی بۆ یەکترناسینی گەلان سازدابوو. جا لەبەرئەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیش لە ئەوڕوپا، ئەندامی ئەم فیدراسیۆنە بوو، بە شاندێک بەشداربیان تێداکرد. ئەوکات قوتابیانی عەرەب و فارس و تورک ناڕەزاییان لە بەشداربوونی شاندی کۆمەڵەکە دەربڕیبوو و بە بیانووی ئەوەی؛ ئەم خوێندکارە کوردانە هەوڵی دابڕینی بەشێک لە نیشتمانیان دەدەن و ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بەڵام سەرپەرشتیارانی کۆنفرانسەکە گوێیان بە ناڕەزایەتیی ئەوان نەدا و سووربوون لەسەر بەشداربوونی قوتابیانی کورد، دواجار بووە هۆی ئەوەی قوتابیانی تورک لە کۆنفرانسەکە بکشێنەوە. کاتێک قوتابیانی کورد بە جلی کوردییەوە هاتنە سەر شانۆ بۆ پێشکەشکردنی چەند هەڵپەڕکێیەکی کوردی، بە چەپڵەڕێزانێکی گەرمی ئامادەبووان پێشوازییان لێکرا، ئەم پێشوازییە گەرمەشیان تەنیا لەبەر جوانیی جلە فۆلکلۆرییە کوردییەکە و هەڵپەڕکێکە نەبوو، بەڵکو لە ڕقی ئەو شاندە تورکە بوو کە لە فیستیڤاڵەکەدا کشابوونەوە. ئەندامانی کۆمەڵەکە، ئەم گردبوونەوە فراوانەیان بە دەرفەت زانی

و ژمارەیەک بەیاننامە و بڵاوکراوەیان لەسەر بارودۆخی کورد بەسەر بەشداربووانی فیستیڤاڵەکەدا دابەشکرد.

٣. بە داوەتنامەیەکی فەرمیی لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان)، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا بەشداریی لەم کۆنگرەیەدا کرد کە لە ساڵی (١٩٥٩) لە مۆسکۆ بەسترا. لە ئەنجامی هەوڵەکانی دکتۆر عیسمەت و پەیوەندیکردنی بەردەوامیان بە شاندەکانی بەشداربووی کۆنگرەکە، توانیی جێگەی بڕیارێک لە بڕیارەکانی بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە، لە بەرژەوەندیی کورددا بکاتەوە کە پەیوەست بوو بە پشتگیریکردنی دۆزی نیشتمانیی کورد و لە بەیاننامەکەدا چەسپێنرا کە بە چەندین زمان بڵاوکرابووەوە (ئەمەم لە زاری دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بیستووە).

٤. لە ساڵی (١٩٦٨) کۆمەڵەکە، کتێبێکی محەمەد تەلەب هیلال، سەرۆکی هۆبەی سیاسیی پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریای وەرگێڕایە سەر زمانەکانی فەرەنسایی، ئینگلیزی و ئەڵمانی کە بە ناونیشانی (دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية)[١٣٣] بوو.

ئەمە و سەرباری نووسینی دوو نامیلکە بە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی: یەکەمیان بەناوی: (القضية الكوردية في سوريا: مخططات لامحاء أقلية قومية). ئەوی دیکەیان بە ناوی: (اضطهاد الشعب الكوردي من قبل دكتاتورية البعث في سوريا). کتێبە وەرگێڕدراوەکە و ئەو دوو نامیلکەیە، بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوکرایەوە و دانەیەکیان ناردووە بۆ هەریەک لە: دەستەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، خاچی سوور، ڕێکخراوی مافپەروەرانی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی هەواڵ و چەندین دامەزراوەی دیکەی ئەورووپی، هەروەها بۆ ڕای گشتیی ئەورووپا و جیهان.

کاتێک ڕای گشتیی ئەورووپا بۆیان ڕوونبووەوە کە ڕژێمی سووریا چ پلانێکی بەدەستەوەیە و چی تاوانێک دەرهەق کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا پەیڕەو دەکات، ئەوکات ڕژێمی سووریایان بە دووانە (جمکانە)ی نازییەتی ئەڵمانیا دانا.

٥. بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئەو داوەتنامەیەی (یەکێتیی قوتابیانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) بۆ کۆمەڵەکەی ناردبوو، شاندێک بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بۆ ماوەی سێ هەفتە بەشداریان لەو فیستیڤاڵە هونەرییەدا کرد کە بۆ یەکترناسینی قوتابیانی سەرجەم گەلانی جیهان سازدرابوو. شاندەکە ڕەفعەت ئیبراهیم و دارا ئەدیب بوون کە لەسەر خواستی ئەڵمانیای دیموکرات لە هاوینی ساڵی (١٩٦٤) بانگەشەی بۆدەکرد و لە (ئۆلن ئۆباتور)ی پایتەختی مەنگۆلیا ڕێکخرابوو. هەڵبەت ئەوکات مەنگۆلیا یەکێک بوو لە وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی. پتر لە (٤٠٠) قوتابیی کورِ و کچ کە نوێنەرایەتیی (٦٠) دەوڵەتیان دەکرد و لە هەموو کیشوەرەکانی جیهانەوە هاتبوون، بەشداریان لەم ئاهەنگەدا کرد و هەر ڕێکخراوێکیش بە دوو ئەندام بەشداربوو و دەرفەت درایە سەرجەم شاندەکان گوتەی خۆیان بخوێننەوە کە وەک پێناسەیەکی ئەو گەلە بوو کە شاندەکە نوێنەرایەتیی دەکات و کورتە باسێکی بارودۆخی هەنووکەیی وڵاتیشی تێدابوو.

وتاری کۆمەڵەکە و خوێندکارانی کورد، لەلایەن دارا ئەدیب خوێندرایەوە. لە پەراوێزی ئەم گردبوونەوە جەماوەرییەشدا شاندی قوتابیانی کورد چاویان بە شاندەکانی: چین، هیندستان، ئیسرائیل، ئەمەریکا، وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەمەریکای باشوور و .....) کەوت و بارودۆخی کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستانیان بۆ باسکردن. شاندی قوتابیانی چین شاندەکەی خوێندکارانی کورد و چەند شاندێکی دیکەی بانگهێشتی وڵاتەکەیان کرد، تاکو لە نزیکەوە ئاشنای شارستانێتیی چین بن. شاندەکەی خوێندکارانی کورد داوەتنامەکەیان قبووڵکرد و چوار ڕۆژ لەوێ مانەوە. هەروەها شاندی قوتابیانی ئیسرائیلیش شاندی خوێندکارانی کوردی داوەت کردبوو کە سەردانی ئەوێ بکەن، بەڵام بەپێی گوتەی ڕەفعەت ئیبراهیم، شاندەکەی خوێندکارانی کورد داوەتنامەکەی قوتابیانی ئیسرائیلیان ڕەتکردەوە.

لە هەمان کاتیشدا فیستیڤاڵێکی فراوانی قوتابیانی جیهان لە (هیلسنکی)ی پایتەختی فنلەندا سازدرابوو و هەریەک لە کەمال عارف و نەجیب خەفاف بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکە بەشداریان لەو فیستیڤاڵەشدا کرد.

٦. لە ٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢ مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەکە، نامەیەکی بۆ یەکێتیی قوتابیانی جیهان نارد و تێیدا داوای ڕەزامەندیی ئەوە دەکەن کە ڕۆژی (٢١) ی ئادار واتە (نەورۆز)ی هەموو ساڵێک بکەنە ڕۆژی پشتیوانیی گەل و خوێندکارانی کوردستان لە خەباتیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین.

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، وەڵامی نامەی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی داوەتەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

"هاوڕێیانی ئازیز ...

زۆر سوپاسی ئەو نامەیەتان دەکەین کە لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢ نارد ووتانە. ئێمە هاوڕای ئێوەین کە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە ماوەی ڕابردوودا گەشەی کردووە و فراوانبووەتەوە لەسەر بنەمای خەباتکردن لەپێناو ئاشتی و ئازادی و دیموکراسییەت و دژی ئیمپیالیزم کۆلۆنیالیزمی نوێ و هیوادارین ئەم پەیوەندییە گەشە بکات و لە ئایندەشدا هەر بەردەوام بێت.

ئاماژە بە پێشنیازتان کە ڕۆژی ٢١ی ئادار بکرێتە ڕۆژی پشتیوانیکردنی جیهانی گەل و خوێندکارانی کوردستان لە خەباتکردنیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین، ئێمە گوزارشت لە میهرەبانیمان بۆ بیرۆکەکە دەکەین، بەڵام هەر بڕیارێکی لەم شێوەیە لە پسپۆڕیی کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانە، بۆیە پێتان ڕادەگەیەنین کە ئەم پرسە لە دەسەڵاتی سکرتاریەتی یەکێتییەکە نییە بۆ بڕیاردان لە پێشنیازەکەتان و ڕەوانەی کۆنگرەی داهاتووی دەکەین بۆ چاوپێداخشاندنەوە.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ خەباتتان دەخوازین

لەگەڵ ڕێزی-سکرتاریەتی قوتابیانی جیهان [١٣٤]

٧. یەکێتیی قوتابیانی زانکۆی بەلگراد لە ساڵی (١٩٧٢) سیمینارێکی فراوانی بە بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوەکانی قوتابیانی بیانی لە بەلگراد سازدا و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بەشداریی تێدا کرد و سەرۆکی کۆمەڵەکە تاریق ئاکرەیی و ئەندامی لێژنەی یۆگسلاڤیا سەلاح زێبار و شیرین کەتانی ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکەیان دەکرد و وتارێک بەناوی

کۆمەڵەکە خوێندرایەوە و بارودۆخی کوردیان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا خستەڕوو. سیمینارەکە کۆمەڵێک بڕیاریان دەرکرد کە نێویاندا پابەندبوونی شاندەکانی خوێندکاران بوو بە چاپ و بڵاوکردنەوەی تەواوی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی لە کۆمەڵەکەوە پێیاندەگات و بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان. شایانی گوتنە حەڤدە شاندی خوێندکاران لەم سیمینارەدا بەشداربوون.

٨. لە ڕۆژانی ٤- ٢٧ی نیسانی ساڵی ١٩٧٣دا کۆمەڵەکە بەشداریی لە دەیەمین سیمیناری وەرزیی نێودەوڵەتیدا کرد کە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی یۆگسلاڤیا لە بەلگراد ڕێکخستبوو و قوتابیانی (٥٠) زانکۆ لە (٣٠) وڵاتدا بەشداریان تێداکردبوو کە هەموویان ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بوون، هەروەها قوتابیانی لوبنانیش بەشدار ببوون. لەم سیمینارەدا گفتوگۆی ڕۆڵی خوێندکاران کرا لە گۆڕان و نوێکردنەوە، لە زانکۆکان و لە گەرمەی داگیرکاریی بیانی و ئاشتیدا.

شاندەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بریتی بوون لە: شیرین کەتانی (ئاکرەیی)، شالی نەوزاد و ڕێگە بە شاندەکە درا دووجار بەشداریی گفتوگۆکان بکات کە سەبارەت بە بارودۆخی نەتەوەی کورد و ناساندنی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوو لە ئەوڕوپا و ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا تێدەکۆشێت. ئەنجامی ئەو بەشداریەی گفتوگۆکان و دیداری دوو قۆڵی و سیقۆڵیی پەراوێزی سیمینارەکە لەگەڵ چەند شاندێکدا کە یەکێکیان دیداری شاندی کۆمسمۆڵی سۆڤیەتی بوو، دەرکردنی بڕیارێک بوو لە سیمینارە نێودەوڵەتییەکە، بەپێی بڕیارەکە پشتگیریکردنی خەباتی گەلی کورد بە پێویست زانرا و داوا لە حکومەتەکانی داگیرکەری کوردستان کرا، دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بنێن[١٣٥] هەروەها بڕیارەکە پشتیوانیکردنی کۆمەڵەکەشی لەخۆگرتبوو و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کۆمەڵەکەشیان گرتە ئەستۆی خۆیان و پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی بۆ قوتابیانیش یەکێکی تر بوو لە بڕگە گرنگەکانی بڕیارەکە.

کۆمەڵەکە، فۆڵدەرێکی سێ لاپەڕەیی بەو بۆنەیەوە دەرکرد و سەرجەم چالاکییەکانی کۆمەڵەکەی ناو سیمینارەکەی تێدا بڵاوکردەوە کە بریتی بوون لە دیداری شاندەکان و ناوی شاندە بەشداربووەکانی لەخۆگرتبوو.

٩. لـە یەکێـک لـە ڕاپۆرتەکانـی سـاڵی (١٩٧٢)دا کۆمەڵەکـە، ژمـارەی بەشـداربووانی ئەوروپایـی لـە ئاهەنگەکانـی سـاڵانەی نـەورۆزدا بـە زیاتـر لـە (١٢) هـەزار کـەس دەخەملێنێـت. کـە لەپـاڵ ئەوەشـدا ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ژمارەیـەک لـە پەیامنێرانـی تەلەفزیۆنەکانیـش ئاهەنگەکانـی نەورۆزیـان بڵاوکردبـووەوە کـە ببـووە مایـەی دڵخۆشـیی ئەوروپاییـەکان.

لەبەرئـەوەی قوتابیانـی کـچ لـە لقەکانـی کۆمەڵەکـەدا کـەم بـوون، تیپیـە هونەرییەکانی کۆمەڵەکـە بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەم بۆشـاییە هانایـان بـۆ کچانـی ئەوروپـا دەبـرد لەکاتـی پێشکەشـکردنی هەڵپەڕکێـدا، هەڵپەرکێیـان لەگـەڵ کوڕانـی کـوردا دەکـرد. لـە ژمـارە (٥-٦) ی گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـە) کـە لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٣دا دەرچـووە، بـاس لـەم دیاردەیە دەکات و دەڵێـت: ژمـارەی ئـەو کچانـەی بەشـدارییان لـە چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـەدا دەکـرد، نزیکـەی (٤٠) کچـی وڵاتانـی جۆربەجـۆری ئەوروپـا بـوون و تەنانـەت بەشـێک لـە هۆنەرمەندانـی هـەردوو ڕەگـەزی نێـر و مێـی نەتەوەکانـی دیکـەش بەشـداربیان لـە چەنـد گۆرانییەکـدا دەکـرد، هەروەهـا موزیکژەنانـی گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا و ئەمەریـکای لاتیـن و فەلەسـتینیش بەشـداربیان لـە ئاهەنـگ و بۆنەکانـی کوردانـدا کـردووە.

بـە گوتـەی دکتـۆر مسـتەفا سـەیدۆ، کۆمەڵەکـە یەکەمیـن ئاهەنگـی نـەورۆزی لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٥٨دا لـە بەرلیـن گێـڕاوە و نزیکـەی (٤٠) کـەس ئامـادەی ئاهەنگەکـە بوونـە کـە بەشـێکیان لـە هاوڕێیانـی ئەڵمانیـا بـوون و هـەر خۆشـی وتـەی کۆمەڵەکـەی بـە زمانـی ئەڵمانـی پێشـکەش کـردووە.

١٠.پـاش نسـکۆی شـۆڕش کـە گەلـی کـوردی باشـووری کوردسـتانی پـێ خەمباربـوو، کوردی هەمـوو بەشـەکانی دیکـە و ئەوانـەی تاراوگـەش لـە ئاکامـی ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامـە شـوومەکەی جەزائیـر لەنێـوان شـای ئێـران و ڕژێمـی عێـراق لـە سـاڵی (١٩٧٥)یشـی نیگـەران و بێئومێـد کـرد. ئـەوکات لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە بانگەوازێکـی بـۆ ڕێکخـراوی پەنابەرانـی نێودەوڵەتـی و سـەرجەم ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ و بـۆ ڕای گشـتیی ئەوروپـا و خەڵکـی بەئەمەکـی جیهـان نـارد، سـەرنجی هەمـوو لایەکـی ڕاکێشـا بـۆ ئـەو بارودۆخـە نالەبـارەی پەنابەرانـی کـوردی تێدایـە لـە ئێـران و هەمـوو ئـەو مامەڵـە نامرۆییانـەی ڕژێمـی ئێـران لەگـەڵ ئـەو ئاوارانـەدا دەکـرد کـە هێندێـک

جـار دەگەیشـتە ڕادەی ئەشـکەنجەدان و سـووکایەتی پێکـردن و تەنانـەت کوشـتنیش. ژمارەیەکیشـیانی ڕادەسـتی ڕژێمـی عێـراق کردبـووەوە و منـداڵان و لاوانیان لـە خوێندن بێبـەش کردبـوو، ئەمـەش پێشـێلکردنێکی ئاشـکرای گشـت ڕێسـا و یاسـاکانی تایبـەت بە پەنابـەران بـوو کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەریکـردوون و دژی ئـەو بەڵێنانـەش بـوو کـە حکومەتـی ئێـران بـە ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی پەنابەرانـی دابـوو.

کۆمەڵەکـە، لـە کۆتایـی بانگەوازەکەیـدا، داوای سەرپەرشـتیکردنێکی نێودەوڵەتـی بـۆ خێوەتگەکانـی پەنابەرانـی کـورد دەکـرد لـە ئێـران. هەروەهـا داوای لـە وڵاتانـی دیموکراتخـواز و دۆسـتانی مافەکانـی مـرۆڤ کـرد، زۆرتریـن ژمـارەی قوتابیانـی ئـەو پەنابەرانـە لـە زانکۆکانـی وڵاتانـی خۆیانـدا بگرنەخۆیـان بـۆ تەواوکردنـی خوێندنەکەیـان.

پێویسـتە بگوترێت؛ کۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سـاڵانە لە مانگی ئەیلوولدا دانیشـتنێکی گشـتیی هەیە و لەو دانیشـتنەدا سـەرجەم کێشە هەسـتیار و گەرمەکانی جیهان دەخرێتـە بـەر بـاس و گفتوگـۆی هەمەلایەنـە. کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردیش لـە ئەوڕوپا، لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوو کـە ئـەم دەرفەتـە بقۆزێتـەوە و دەنگـی گەلـی کـورد بگەیەنێتـە وڵاتانـی ئەنـدام لـەم ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەدا، جـا چ بـە ناردنـی یاداشـت بێـت یـان بـە داواکاریـی نـووسراو، یاخـود لەچوارچیـوەی هەوڵـدان بێـت کـە کێشـەی کـورد بخرێتـە نێـو خشـتەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەسـتی تاوتوێکردن و گەنگەشـەی پرسـەکە. یەکێـک لـەو هەوڵانـە لە سـاڵی (١٩٦٧)بـوو، بەڵام سـەرینەگرت.

عومـەر شـێخمووس پێیڕاگەیانـدووم:".... ئێمـە لـە هەوڵـی دۆزینـەوەی وڵاتێکـدا بووین کـە زۆر پشـتی بـە وڵاتانـی عەرەبـی نەبەسـتیبێت. پـاش گفتوگۆیەکـی دوورودرێـژ لەگـەڵ دۆسـتانمان لـە ئەوڕوپـا: ئایسـلەند، ئێرلەنـدا و نەرویـج، ئێمـە ئایسـلەندمان هەڵبـژارد و پێشـوازییان لـە بیرۆکەکـە کـرد، بـەڵام بەهـۆی ئەندامبوونیـان لـە پەیمانـی ناتـۆ، پابەنـدی ڕاوێژەکانـی ئەمەریـکا بـوون کـە لـەو بڕیارەیـان پاشـگەزبنەوە ...".

چالاکییەکانی کۆمەڵە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات

بە لەرچاوگرتنی جیاوازییەکان و هەبوونی کەلێنێکی فراوانی نێوان چالاکییەکانی کۆمەڵە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات (کۆمۆنیستەکانی پێشوو) و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بە باشمان زانی چالاکییەکانی ئەم وڵاتانە لە بەشێکی جیاوازدا بخەینەڕوو.

هەرچەندە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لەلایەنی سیاسی و هزرییەوە لە سەنگەری بلۆکی سۆشیالیستەکاندا بوو و ئەندامێکی چاودێر بوو لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان کەچی هاوکارییەکانی ڕێکخراوگەلی قوتابیانی سەر بەم وڵاتانە زۆر سنووردار بوو، تەنیا لە چوارچێوەی دابینکردنی هۆڵ بوو بێ بەرانبەر بۆ کۆمەڵەکە بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکیی کلتووری و کۆمەڵایەتیی سەرجەم ئاهەنگەکانی (نەورۆز)، یاخود ئاهەنگەکانی یەکترناسینی نێوان قوتابیانی کۆن و نوێ، هەروەها خۆپیشاندانەکانی (١ی ئایار) و پێشکەشکردنی هاوکارییە داراییەکان بۆ خوێندکاران بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆییان. هیچ کام لەو وڵاتە ئەورووپاییانە ڕێگەیان بە ئەندامانی لقەکان نەدەدا هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسی لەسەر خاکی وڵاتی ئەنجام بدەن، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ (عێراق و سووریادا) هەبوو، وڵاتانی دیکەش بە ڕێژەیەکی گۆڕاو ئەو ڕێگرییەیان دەکرد.

هاوکات لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆی هەبوو بە ئاشکرا چالاکییە سیاسییەکانی ئەنجام بدات و بڵاوکراوەکانی لە وڵاتانی سۆشیالیزمدا بڵاوبکاتەوە، ئەمەش بەپێی ئەو پەیوەندییانەی نێوان ئەو وڵاتانە و ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستانە، هەر کاتێک پەیوەندیی ئەو وڵاتە ئەورووپاییە ڕۆژهەڵاتییانە خراپ بووبێت لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق و سووریا، ئەوا پەیوەندییان باش دەبوو لەگەڵ شۆڕش، بەڵام هەر کاتێک پەیوەندییەکەی نێوانیان ئاسایی دەبووەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٢)دا، تەنانەت هاوکارییە داراییەکانی قوتابیانیشیان ڕادەگرت و ڕێگەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش و کۆمەڵەکەی خوێندکارانی کورد

لـە ئەوڕوپـاش نـەدەدا هیـچ جـۆرە چالاکییـەک لەسـەر خاکـی ئـەو وڵاتانـەدا ئەنجـام بـدەن[١٣٦]. دەزگا ئەمنییەکانـی ئـەو وڵاتانـە پۆسـتەی قوتابیانـی بیانییـان دەپشـکنی بەتایبەتـی ئـەو خوێندکارە کوردانـەی لـەوێ دەیانخوێنـد، زۆرجاریـش دەسـتیان بەسـەر پۆسـتەکانی قوتابیانـی کـوردا دەگـرت کـە لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا ئـەو پۆسـتانە بریتـی بـوون لـە بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵەکـە و تێیانـدا ستایشـی وڵاتانـی سۆشـیالیزمان دەکـرد، بەتایبەتـی یەکێتیـی سـۆڤیەت. پۆسـتەکە دەسـتی بەسـەردا دەگیـرا و هەڕەشـە لـەو خوێندکارانـە دەکـرا کـە پۆسـتەکانیان بـۆ هاتـووە، هەڕەشـەکە بەجۆرێـک بـوو؛ ئەگـەر پۆسـتی لـەم جۆرانـە دووبـارە ببنـەوە، هاوکاریـە داراییەکانیشـیان ڕادەگیڕێـن و ڕادەسـتی ئـەو وڵاتانـە دەکرێنـەوە کـە لێـرەی هاتـوون. لێـرەوە بۆمـان ڕوونـدەبێتـەوە کـە ئەمـە هـۆکاری سـەرەکی بـوو بۆئـەوەی زۆربـەی چالاکییەکانـی قوتابیانـی کـورد لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـای ڕۆژئـاوادا چڕببـووەوە کـە هەرچەنـدە ڕەوتـی سیاسـی و هزریـی کۆمەڵەکـە دژی ئاراسـتەی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـوو، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی وەرگرتنـی قیـزا بـۆ ئـەو خوێندکارانـەی لـە وڵاتانـی سۆشـیالیزمدا دەیانخوێنـد و ئـارەزووی بەشـداریکردنی کۆنگرەکانـی کۆمەڵەکەیـان دەکـرد، کارێکـی هێنـدە ئاسـان نەبـوو.

ئـەم وڵاتانـە (وڵاتانـی سۆشـیالیزم) بەهیـچ جۆرێک ئامـادە نەبـوون لەبەرچاوە ڕەشـەکانی کـورد، قوربانـی بـە پەیوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکانی خۆیـان بـدەن لەگـەڵ عێـراق و سـووریا، بۆیـە دەبینیـن؛ هـەرکات لقەکانـی کۆمەڵەکـە لـەم وڵاتانـەدا بەتەمـای ئەنجامدانـی هـەر چالاکییەکـی وەک ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندانێک یاخـود بەسـتنی سـیمینارێکی سیاسـی بوونایـە، ئـەوا پەنایـان بـۆ ڕێکخراوەکانـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی دەبـرد بـۆ وەرگرتنـی مۆڵـەت و ڕێگەپێـدان کـە لـە هەقیقەتـدا ئـەو ڕێکخراوانـەی حزبـی شـیوعی هیـچ درێخییـان نەکـردووە و هەوڵیانـداوە ئاسـانکاریی بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو چالاکیانـە بکـەن.

لـە سـەردەمانێکدا بڵاوکراوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە ڕێگـەی عەلـی قـازی محەمـەدەوە دەگەیشـتە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات کـە ئـەوکات دیپلۆماتـکار بـوو لـە باڵیۆزخانـەی ئێـران- بەپێـی قسـەکانی تاریـق ئاکرەیـی- چونکـە وەک نەریتێکـی دیپلۆماسـی، جانتـای دیپلۆماتـکاران نەدەپشـکنران.

لە ڕاستیشدا ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی سیاسیی کۆمەڵەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا بۆ کورد نەبوو، بگرە بڕیارێک بوو سەرجەم ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەی بیانیشی دەگرتەوە، واتە سیاسەتێکی گشتی بوو و وڵاتانی سۆشیالیزم پەیڕەویان دەکرد، بە خودی یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە. چونکە ئەو سیستەمە سیاسییەی ئەم وڵاتانەی بەڕێوەدەبرد، سیستمی تاک حزبی و تاکڕەنگی بوو کە حزبی شیوعی بوون و دیوێکی تری ڕووی ڕژێمە دیکتاتۆرییە خۆسەپێنەکان بوو کە بڕوای بە بیری جیاواز و فرە هەزری نییە، دواجار هەر ئەم فاکتەرە بووە هۆی ڕووخانی یەک لە دوای یەکی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا.

هەر بۆ ڕوونکردنەوە، بەشێک لە بەسەرهات و ڕووداوگەلێکتان بۆ دەخەینەڕوو (نەک هەمووی) کە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵەکەدا هاتووە:

بەسەرهاتی یەکەم: عومەر گولک، ئەندامی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی (١٩٦٨) ئەمەی بەسەرهاتووە، کۆنگرەیەک بۆ ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی لە بەرلینی ڕۆژئاوادا بەسترا و کۆمەڵەکە دەیویست ئەم بۆنەیە بەهەلبزانێت و محەمەد ساڵح جومعەی ڕاسپارد بە زمانی ئینگلیزی بەیاننامەیەک لەبارەی بارودۆخی پارچەکانی کوردستان ئامادە بکات. ئەوکاتیش لەوڵاتانی کۆمۆنیست، ئامێری چاپکردن یاخود وێنەگرتن لەهەموو ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەش قەدەغەکرابوو. بەیاننامەکە لەبەرلینی ڕۆژئاوا درایە عومەر گولک، تاکو (١٠٠٠)دانەی لەسەر بگرێتەوە و بەمەبەستی دابەشکردنی بەسەر بەشداربووانی کۆنگرەکە بیگەیەنێتە شوێنی بەستنی کۆنگرەکە. عومەر گولک بەیاننامەکە و سێ کتێبی کۆچکردوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی کە وەڵامدانەوەی کتێبەکەی محەمەد تەلەب هیلال بوو بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کاتێک دەگاتە خاڵی پەڕینەوەی نێوان دوو بەشەکەی بەرلین، لەوێ پۆلیسی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات عومەر گولک دەستگیر دەکەن و دەست بەسەر هەموو ئەو شتانەدا دەگرن کە هێنابوونی، ماوەی (٦) سەعات دەیخەنە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی چڕ، کاتێک دەڵێ ئەم بەیاننامەیە و کتێبەکانم بۆ خوێندکارانی کوردی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات هێناوە، تاکو

لـە کۆنگرەکـەدا دابەشـی بکـەن، پێیانگوتبـوو: ئـەو خوێنـدکارە کوردانـە لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات دەردەکەیـن، چونکـە ئـەم جـۆرە چالاکییانـە لێـرە قەدەغـەن! ئێـوەش سـنوورتان بەزانـدووە و ڕێـز لـە یاسـاکانی وڵاتمـان ناگـرن، لـە ڕاستیشـدا هەواڵگریـی ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات چووبوونـە لای ئـەو خوێندکارانـە و لێپێچینـەوەی لەگەڵـدا کردبـوون و هەڕەشـەی دەرکردنیـان لێکردبـوون ئەگـەر ئـەم کارە دووبـارە بکەنـەوە.

پـاش تەواوبوونـی لێکۆڵینـەوە، عومـەر گولـک، بیـر لـەوە دەکاتـەوە لەدەروازەیەکـی تـر خـۆی بگەیەنێتـە بەرلینـی ڕۆژهـەڵات، کاتێـک دەگاتـە ئـەو دەروازەیـە، دەبینێـت نـاوی ئـەو دراوەتـە هەمـوو دەروازەکانـی چوونـەژوورەوە بـۆ بەرلینـی ڕۆژئـاوا، بۆیـە بـە ناچـاری دەگەڕێتـەوە. بـەم شـێوەیە نـاوی عومـەر گولـک لـە لیسـتی قەدەغەکراوانـی هاتنـەژوورەوەی ئـەو بەشـەی بەرلیـن، هەتاکـو دوو سـاڵ هـەر مابـوو، تاکـو ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ی نێـوان ڕژێمـی عێـراق و سـەرکردایەتیی شـۆڕش لـە باشـووری کوردسـتان، ئینجـا ناوەکـەی سـڕابووەوە.

بەسـەرهاتی دووەم: لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٧٤)دا هێزەکانـی سـوپای عێـراق هێرشـێکی دڕندانـەی بەرفراوانیـان کـردە سـەر کوردسـتان و هەمـوو جـۆرە چەکێکـی قوڕسـی لـە دژی کـوردی باشـوور بەکارهێنابـوو، بابەتێـک لـە ڕۆژنامـەی (خەبـات)دا بڵاوببـووەوە و ئیدانـەی ئـەو هێرشـانەی تێداکرابـوو. کاتێـک ژمارەیەکـی ئـەم ڕۆژنامەیـە دەگاتـە ئەوڕوپـا و لقـی چیکۆسـلۆڤاکیای کۆمەڵەکـە، ئـەو بابەتـە لەگـەڵ بابەتێکـی تـردا وەردەگێڕێتـە سـەر زمانـی چیکـی کـە بەشـێک لـە دەقـی نووسـینەکە بـەم شـێوەیەیە:"... دەبـێ چ هیوایـەکمان بـەو حکومەتانـە هەبێـت کـە بـە زەبـری هێـز بەسـەر گەلانـی ئـەو وڵاتانـەدا سـەپێنراون، بۆنموونە چیکۆسـلۆڤاکیا و هەنگاریـا ....؟!". هەڵبـەت ئـەم نووسـینەش پـاش سـەردانی دوو شـاندنی ئـەم دوو وڵاتـەوە دێـت کـە سـەردانی عێراقیـان کردبـوو و پیرۆزباییـان لـە ڕژێـم کردبـوو کـە ئۆتۆنۆمیـی بـە کـورد بەخشـیوە، کاتێـک ڕژێـم تاکلایەنانـە ڕایگەیاندبـوو. لەبـەر هەمـان هـۆ (١٠) ئەندامـی لقـی بـراگ، ئـەو دوو بابەتـە بەسـەر هاموشـۆکەرانی شـەقامە قەرەباڵغەکانـی بەلگـراد و باڵیۆزخانـەی وڵاتـان لـە بـراگ و دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن و ڕێکخراوەکانـی قوتابیانی بیانیـدا دابـەش دەکـەن، بۆئـەوەی لـەو هێرشـە دڕندانەیـەی حکومەتـی عێـراق بـۆ سـەر کوردسـتان، ئاگاداریـان بکاتـەوە.

کاتێک حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا لەو دوو نووسینە ورد دەبێتەوە، داوا لە لقی چیکۆسلۆڤاکیای کۆمەڵەکە دەکات، بە ئاشکرا و بە نووسین، حاشا لەم دوو بابەتە بڵاوکراوەیە بکات، لقەکەش داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. بۆیە پۆلیس دێن و فازڵە ڕەش، سکرتێری ئەوسای لقەکە دەستگیر دەکەن و هەتاکو ڕێکارەکانی دەرکردنی لەو وڵاتە تەواو دەکرێت، لە بەندیخانە دەهێڵێتەوە، ئینجا پرۆسەی ڕاوەدونانی ئەندامانی دیکەی لقەکە دەستی پێکرد، لەوکاتەدا هەموو قوتابیانی کورد خۆیان شاردبووەوە. پاش چەند ڕۆژێک بەهۆی کچێکی هاوڕێی یەکێک لەو ئەندامانە کە لە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی چیکی کاریدەکرد، زانیارییان پێگەیشت کە پلیتی گەشتکردنی سکرتێری لقەکەیان بۆ عێراق بڕاوە و پاش دوو ڕۆژی دیکە لەو وڵاتە نامێنێ. پاش ڕاوێژێکی زۆر، قوتابیانی کورد کە ژمارەیان نزیکەی (٢٤) کەس دەبوو، پەنا دەبەنە بەر باڵیۆزخانەی سوید لە براگ کە ناوی هێندێکیان زانراوە و لەمانە پێکهاتوون: محەمەد هەردی، ئازاد مستەفا خۆشناو کەمال ڕەشید، ڕەئووف محەمەد، ڕەمزی شەعبان، جومعە سەعید، هۆشین عوسمان سەبری، موعین حەمۆ، ئیبراهیم خەلیل حاجی عەلی، مەجید سەیدۆ، نەوزاد عەقید ئەمین، میحەم عەگید، محەمەد شاڵی و چەند خوێندکارێکی تر. لەوێ باڵیۆزی سوید پێشوازیی لێکردبوون و بەخێرهاتنی کردبوون بۆ سوید، ئەگەر پەنا بۆ سوید دەبەن، بەڵام پێشتر پەیوەندیی بە دەسەڵاتدارانی چیکەوە کردبوو. دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەش لای خۆیانەوە، هەمو کەناڵێکی گەیاندنیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەی جیهانیدا کردبووەوە و مەسەلەکەیان بۆڕوونکردبوونەوە، هەروەها پەیوەندییان بە لقی سویدی کۆمەڵەکەشەوە کردبوو و ئەوانیش لەگەڵ بەرپرسانی سوێددا قسەیان کردبوو کە ڕازیبوون میوانداریی ئەم خوێندکارانە بکەن، لە ئەنجامی هەموو ئەم هەوڵانەدا، بڕیار درا فازڵە ڕەش نەگەڕێننەوە عێراق و ڕایبگۆزنە بەرلینی ڕۆژئاوا و ڕێگە بە مانەوەی قوتابیانی دیکەی ئەوێ بدرێ تاکو خوێندنیان تەواو دەکەن، پاشان بگوازرێنەوە سوید. دواجار کێشەکە چارەسەر کرا. دەزگای هەواڵگریی چیکیش داوای لە لقی کۆمەڵەکەی ئەوێ کردبوو، هەر خۆیان دوو ئەندام دەستنیشان بکەن بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا پەیوەندییان پێوەبکرێت، بەڵام لقی کۆمەڵەکە ئەم داواکارییەی ئەوانی جێبەجێنەکرد، چونکە دەیانزانی مەبەستیان چییە لەم داواکارییە.

بەسەرهاتی سێیەم: سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٥)، نوێنەرایەتیی کێڤی لقی کۆمەڵەکە لە یەکێتیی سۆڤیەت، تەنیا شەش دانەی لەو بەیاننامەیە بە زمانی ڕووسی و بە نهێنی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئیدانەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیی عێراق کرابوو، هەروەها ئەو یاسای ئۆتۆنۆمییەی تاکلایەنانە ڕاگەیەنرابوو کە پێچەوانەی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و دەسەڵاتدارانی عێراق بوو. کاتێک ناسیح غەفوور دانەیەک لەو بەیاننامەیەی ڕادەستی ئیدارەی زانکۆکە کردبوو، پاش خوێندنەوەی بەیاننامەکە، ئیدارەی زانکۆ ناردبوویانە دوای و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردبوو و دەیانویست بزانن نووسەری ئەو بەیاننامەیە کێیە کە بە ڕووسییەکی زۆر ڕەوان نووسرابوو، دکتۆر ناسیح غەفوور ناوی نووسەرەکەیان پێنەڵێت، ئینجا پێیدەڵێن: لەبەرئەوەی تۆ خوێندکارێکی چالاک و سەرکەوتوویت لە خوێندنت، نامانەوێ ئازارت بدەین، بەڵام پێویستە ئەوە بزانیت باڵیۆزخانەی عێراق هەرگیز بە دەرکردنی ئەم جۆرە بەیاننامانە ڕازی نییە کە دژی ڕژێمەکەی نووسرابێت، بۆیە داواتان لێدەکەین جارێکی دیکە ئەم هەڵانە دووبارە نەکەنەوە و ناچارمان نەکەن ڕێکاری پێویستتان لەگەڵدا بگرینەبەر و ببێتە هۆی بێبەشکردنتان لە تەواوکردنی خوێندنەکەتان، پاشانیش بتانێرینەوە وڵاتەکەی خۆتان.

بەسەرهاتی چوارەم: پاش کۆتاهاتنی کارەکانی کۆنگرەی سیانزە لە ساڵی (١٩٦٩) و لەکاتی گەڕانەوەی محەمەد ساڵح جومعە، ئەندامی سکرتاریەتی گشتیی کۆمەڵەکە لە شوێنی کۆنگرەکەوە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات کە شوێنی خوێندنەکەی بوو، پۆلیسی ئەڵمانیای دیموکرات ڕایدەگرن و دەست بەسەر تەواوی ئەو تۆمارانەدا دەگرن کە تایبەت بوون بە کاروباری کۆمەڵەکە کە بووەهۆی سستکردنی کار و چالاکییەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتی و سکرتاریەتی کۆمەڵەکە. لەوبارەیەوە، فەوزی ئەسعەد پێیگوتم؛ پۆلیسی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دوو بەیاننامەشیان دابوو کە دانەیەکیان بە زمانی کوردی و پیتی لاتینی نووسرابوو و دانەکەی دی بە زمانی ئەڵمانی نووسرابوو و چوار لاپەڕە بوو کە ناوەڕۆکەکەی دەربارەی بارودۆخی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و کۆمەڵەکە ئامادەی کردبوو، بیگەیەنێتە دەستەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەچی ئەو بەیاننامەکانی ڕادەست نەکردبوون و نزیکەی

یەک سەعات مشتومڕیان بوو، لە کۆتاییدا پۆلیس ڕێگەی پێدەدات بگەڕێتەوە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بە فەوزی ئەسعەدیشیان گوتبوو، جارێکی تر ئەمە دووبارە نەکاتەوە و ئەو مشتومڕەی نێوانیان لەلای کەس نەگێڕێتەوە.

تکام وایە زۆر بە وردی لەو بەسەرهاتە ڕامێنن، بۆئەوەی وێنەی ڕاستەقینەی ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتانەتان بۆ ڕوونبێتەوە کە لەو کاتەی داوای ڕیزگرتن لە بەهاکانی دیموکراسییەت و مافەکانی گەلان و مرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانی و خۆڕزگارکردن لە داگیرکەر و دواکەوتوویی دەکەن، لەهەمان کاتیشدا پشتیوانیی ڕژێمە ستەمکار و فاشی و ڕەگەزپەرستەکان دەکەن، لە بەرانبەر نرخێکی زۆر هەرزان، چاوپۆشی لەو هەموو تاوانانەیان دەکەن و گەلانی خۆیان لە کڕینی جلوبەرگ و پێنووس و پێداویستییەکانی قوتابخانە بێبەش دەکەن کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دروست دەکرێن.

هەروەها خوێنەران دەنێرمە بەشی شەشەمی ئەم تۆژینەوەیە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥) هی ئەو بەسەرهاتەی کە بەسەر جەمشید حەیدەری، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەدا هاتووە.

ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا

شتێکی نوێمان نەگوتووە؛ ئەگەر بڵێین پێوەری پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی پایەی کۆمەڵگە بەندە بە مەودای بەشداریکردن و کارلێکی ئافرەتان لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتووری و پەراوێزخستنی ئافرەتیش یەکێکە لە دیاردەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵگەکان. هیچ سەقامگیری و پێشکەوتنێکی کۆمەڵگە بەبێ هاوتاکردنی ئافرەت لەگەڵ پیاوان لە ماف و ئەرکەکاندا، بەدینایێت.

لە ڕاستیدا لەم تۆژینەوەیەدا بواریکی فراوانمان نییە تاکو باسی ڕۆڵی ئافرەتان لە سەردەمانی پێشوو و ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکەین، بەڵام بە چەند وشەیەک و زۆر بە کورتی دەڵێین: سەرباری ئەو دۆخە ستەمدیدە و دواکەوتووەی سەدان ساڵە کوردی تێدا دەژێت، کەچی کۆمەڵگەی کوردەواری بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا، بەتایبەتی کۆمەڵگەکانی دەوروبەری نەتەوەی کورد، یەکێک بووە لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییە هەرە کراوەکان و تێگەیشتنیان بۆ ماف و ئازادییەکانی ئافرەت هەبووە. ئافرەتی کورد خاوەن کەسایەتیی دیاریکراوی خۆی بووە لە کۆمەڵگەدا، ژمارەیەک لە ئافرەتانی کورد سەرۆکایەتیی هۆزەکانیان لە ڕابردوودا کردووە و تێشیاندا بووە سەرۆکایەتیی ڕێکخستنە سیاسییەکانیان کردووە لە سەردەمی ئێستاماندا، بەشێکیشیان لە کایەی زانست و ماریفەتدا پێشەنگ بوونە.

مێژوونووسان و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانی بیانیش گەواهیدەری ئەم ڕاستیانەن، لەوانە مێژوونووسی ئەرمەنی: ئەریان سەرکسیان و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی فلادیمێر مینۆرسکی و چەندانی دیکەش.

لەبارەی ڕۆڵ و چالاکیی ئافرەتان و کچانی کورد لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپاش، ڕۆڵیان سنووردابووە، چونکە ژمارەیان کەمبووە لە ئەورۆپا، ڕۆڵیکی لاوازیان گێڕاوە. چەند چالاکییەکی دیاریکراو نەبێت کە شیرین کەتانی هاوشانی شاڵی نەوزاد و تاریق ئاکرەیی هاوسەری، ئەنجامیان داوە و چەندین زمانێکی بیانیشی زانیوە و چالاکییەکانی بە ناوی کۆمەڵەکە لەکۆنگرە و فیستیڤاڵەکاندا ئەنجامداوە، لەوانەش بەشداربوونی لە دەیەمین سیمیناری نێودەوڵەتیی ئافرەتان بۆ یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە بەلگراد کە لە ٤- ٢٧ی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ بەستراوە.

هـۆکاری کەمـی و لاوازیـی ڕۆڵـی ئافـرەت لـە کۆمەڵەکـە، هەروەکـو لەپێشـەوە بـاسمان کـرد، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە زۆرینـەی ئەندامانـی کۆمەڵەکـە، خوێنـدکاری ڕەبـەن بـوون و هاوسـەرگیرییان نەکردبـوو، پـاش تەواوکردنـی خوێنـدن بەرنامـەی گەڕانەوەیـان بـۆ نیشـتمان هەبـوو. ئەمـە هەتاکـو ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو ڕاسـت بـوو، بـەڵام لـەدوای ئـەم مێژووەوە، دەسـتەی کارگێڕیی گشـتیی و دەسـتەی لقـەکان و ئەندامانی دیکـەی کۆمەڵەکـە دەیانتوانـی هانـی کچـان و ئافرەتـان بـدەن بـۆ هاتنـە نێـو ڕیزەکانـی کۆمەڵەکـە و پشـتیوانییان بکـەن، ئەگـەر بزانیـن ڕێژەیەکـی کەمـی ئـەم خوێندکارانـە خێزاندارىـوون و هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ کچانـی کـورد، یاخـود کچانـی ئەوڕوپـادا کردبـوو و لـە کۆمەڵگەیـەدا دەژیـان کـە ئافـرەت ڕۆڵێکـی چـالاک و بەرچـاوی گێـڕاوە.

بۆنموونـە، ماقـووڵ نییـە، تەنیـا (٣-٤) ئافـرەت لـە کـۆی (٢٥٠) ئەنـدام بەشـداری لـە یەکێـک لـە کۆنگـرە گشـتییەکانی کۆمەڵەکـەدا بکـەن، نـەک هـەر ئەوەنـدە، بگـرە چەنـد جارێـک ژمارەیەکـی زیاتـری ئەندامانـی نێرینـە بەشـداریان لـە کۆنگرەکانـدا کـردووە، بـێ ئـەوەی ئافرەتێکـی تێدابێـت! لـە سـەروبەندی پرسـیارکردنمان لەبـارەی نـاو و ژمـارەی ئـەو ئافرەتانـەی ئەندامـی کۆمەڵەکـە بـوون، تەنیـا نـاوی چەنـد کەسـێکمان زانیـوە کـە ژمارەیـان لـە پەنجەکانـی دەسـت تێناپـەڕن، لەوانـەش: دوڕییـە عەونـی، کچـی سـەرۆکی دیوانـی مەلیـک فـاروق لـە مـیسر، وەرگێـڕی کۆچکـردوو محەمـەد عەلـی عەونـی لـە لقـی فەڕەنسـا. هەروەهـا شـیرین کچـی نووسـەری بەناوبانـگ قـەدری جـان لـە لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو (ڕۆژئـاوای کوردسـتان). کچـە کوردێکـی ئوردنیـش لـە لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و کچەکانـی بەکـر ئاغـا حەوێـزی لـە کۆیـە. کچـە کوردێکـی دیکـەش کـە خەڵکـی بەغـدا بـوو، لـەیلا بوجـاق لە لقـی فەڕەنسـا، ئینجا ئەڵمانیـای فیـدراڵ (باکووری کوردسـتان) و غـەزال سـەیدۆ لـە لقـی ئەڵمانیـای فیـدراڵ (عەفریـن- ڕۆژئـاوای کوردسـتان) و ڕووناک ڕەشـید لـە لقـی بولگاریـا، ئینجـا سـوید پـاش سـاڵی (١٩٧٥) (باشـووری کوردسـتان). شـیرین خۆشـناویش لـە لقـی ....؟ (باشـووری کوردسـتان)، نـازدار ڕەشـید جـەودەت لـە لقـی ئینگلتـەرا (باشـووری کوردسـتان)، شـیرین کەتانـی لـە لقەکانـی یۆگسلاڤیـا، ئینجـا ئەڵمانیـای فیـدراڵ، دکتـۆرە شـوکریە ڕەسـوڵ (باشـووری کوردسـتان) لـە لقـی سـلۆڤاکیا.

لەڕاسـتیدا کلتـووری پەراوێزخسـتنی نیـوەی کۆمەڵگـە کـە مەبەسـتمان ئافرەتـە، لەنێـو

کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەبووە و هێزاوەتە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، بەتایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەنێو کورددا. ژمارەیەکی زۆری ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسانی بیانی کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریان کۆڵیوەتەوە، لەوانەش مینۆرسکی و نیکتین و ئەوانی دیکە، دووپاتیدەکەنەوە:".... پیاوانی کورد هەرگیز بیریان لە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ئافرەتدا نەکردووەتەوە، چونکە دڵنیابوون شایستەی ئەو متمانە و ماف و بەرپرسیارێتییەکانن کە پیاوان موماڕەسەیان کردووە ....". نموونەی زۆریشمان لەنێو فۆلکلۆری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت کە ڕۆڵی ئافرەتان بەرز دەنرخێنن، بۆنموونە:

(Jin he ye, mêr zêde ye)، واتە: ئەگەر ژن لەماڵ بێت پێویست بە بوونی پیاو ناکات، چونکە ئەوەی پیاو پێیدەکرێت، ژنیش پێیدەکرێت. یاخود (Şêr Şêr e, çi jin e çi mêr e)، واتە: شێر هەر شێرە، چ نێر بێت یان مێ!.

کۆمەڵەکە و پەیوەندییە کوردییەکانی

پاش پرۆسەی دووەمی دابەشکارییە ناپەواکەی کوردستان کە لە پێشەکیی بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، تەلی دڕکاوی دانرا، بۆمب و مین چێنرا، بنکەکانی ئێشکگریی سەر سنووورەکان دامەزران، دەوریێە جوڵاوەکانی سەر سنووورە دەستکردەکان خرانە ئامادەباشییەوە بۆ قەدەغەکردنی هەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان کوردی دوو دیوی پارچەکان. پەرینەوەی کورد لەمدیوی سنووورەوە بۆ ئەودیوی سنوور، یەکێک بوو لە مەترسییە هەرە سەرکێشکارییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەم بەربەستانە نەبوونە هۆی نەهێشتنی یەکجارەکیی هاموشۆی هاوواڵاتیی ئاسایی و کەسایەتییە نیشتمانییەکان و ڕۆشنبیران لەمدیو سنوور بۆ ئەو دیوی سنووورە دەستکردەکە، جا چ بە ئامانجی کۆمەڵایەتی، یاخود سیاسی، یانیش سەربازییەوە بێت، ئەمە و سەرباری پەیوەندیکردنی کلتووری و ویژدانی و ڕۆحیی نێوان کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان کە هەرگیز نەپچڕاوە. چونکە ئەوان هەر لە بنەڕەتدا بڕوایان بەم سنوورانە نییە، بۆیە دەبینین بارزانیی نەمر لە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[١٣٧] خۆی و پێشمەرگەکانی پەنا دەبەنە بەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، چونکە لە باشوور هێزەکانی سووپای عێراق بە پاڵپشتیی دەسەڵاتدارانی ئینتیدابی بەریتانی لە باشووری کوردستان تەنگیان پێهەڵچنیبوو.

لە تاراوگەشدا، بە دیاریکراوی لە وڵاتانی ئەورووپا، قوتابیانی کورد یەک زەڕە بڕوایان بەم سنووورە دەستکردانە نەبوو، بەڵگەی ئەم ڕاستییەش، دامەزراندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەورووپا کە خوێندکارانی هەرچوار پارچەی کوردستانی لەخۆگرتبوو، هەرچەندە سەر بە حزب و ئایدیای جیاوازیش بوو[١٣٨] کەسایەتیی ئەوتۆشیان تێدابوو کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو حزبانە و بە سیاسەتیشەوە نەبووە، بەڵکو ئەمان هاتوون بڕوانامەکانیان بەدەستبهێنن و بگەڕێنەوە، بەڵام ڕوحی نەتەوایەتییان لەناخەوە جۆشدرابوو.

وەنەبێت ڕێکخستنی خوێندکارانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، هەر یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستیی کوردستانیی گشتگیری سەر گۆڕەپانی

ئەوڕوپـا بێـت و بـەس، بەڵکـو بـە یەکەمیـن هەنـگاوی مێژوویـی دادەنرێـت لـە کاروانـی بزووتنـەوەی ئـەو خوێنـدکار و کوردپەروەرانـەی دووپاتیـان کـردەوە کـە کـورد یـەک نەتەوەیـە و زمـان، کلتـوور، مێـژوو، دابونەریتـی هاوبەشـیان هەیـە، ئـەم سـنوورە دەسـتکردانە تۆزقاڵێـک ئیـرادە و پێداگریـیان لەسـەر لادان و نەهێشـتنی ئـەو سـنوورانە کەمناکاتـەوە، بۆیـە دەستپێشـخەریی ئـەم خوێندکارانـە بـۆ خەباتێکـی یەکگرتـوو دامـەزرا و لەپێنـاو خزمەتـی نیشـتمان و نەتـەوە مەزنەکـەی تێدەکۆشـن، دامەزراندنـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، ڕەنگدانەوەیەکـی ئەرێنیـی لەسـەر هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتاندا هەبـوو.

بۆئـەوەی کۆمەڵەکـە ئـەو ئامانجانـە بپێکێـت کـە لـە پێناویـدا دامـەزراوە، هەوڵـی دا پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخـراو و حزبـە سیاسـییە کوردسـتانییەکاندا دابمەزرێنێـت، بەتایبەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە هەرێمـی کوردسـتان و یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە عێـراق و یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و کـۆڕی زانیاریـی کـورد لـە بەغـدا، هەروەهـا لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە سـووریا (پارتـی) و ڕێکخـراوی (باهـۆز) و (هێڤـرا) و چەنـد ڕێکخراوێکـی دیکـە، پەیوەندییەکـەش بریتـی بـوو لـە ئاڵوگۆڕکردنـی هـەواڵ و پێشـهاتەکانی کایـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کلتـووری. هەوڵـی ئەوەشـی دا پەیوەندیـی لەگـەڵ تـەواوی کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە کوردییەکانـی دەرەوەی کوردسـتانیش پتـەو بـکات. یەکێـک لـەو هەوڵانـە ئەوەبـوو کـە لـە سـەرەتاکانی سـاڵی (١٩٧٤)دا کۆمەڵەکـە فەرهـاد سـۆفی، سـکرتێری گشـتیی کۆمەڵەکـەی نـاردە بەیـرووت و لـەوێ بەرپرسـانی (کۆمەڵـەی ئـورزی وەرزشـی و کلتووریـی کـوردی) و ڕەمـەزان فەتـاح، سـەرۆکی (یەکێتیـی خوێنکارانـی کـورد لـە لوبنـان)ی بینـی، هەمـوو ئەمانـەش لەپێنـاو پتەوکردنـی پەیوەندییـەکان و پەرەپێدانـی گیانـی نەتەوەییـدا بـوو کـە بـە خێـری تـەواوی کـورد بشـکێتەوە، لـە کۆتایـی ئـەم دیدارانەشـدا بەیاننامەیەکـی هاوبەشـیان دەرکـرد، ئەمـەش دەقەکەیەتـی:

بەیاننامەی هاوبەشی نێوان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان

لەمیانەی سەردانەکەی بۆ بەیرووت، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، دیدارێکی دۆستانەی لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان سازدا و لەگەڵ برایانمان ڕەمەزان فەتاح، سەرۆکی یەکێتییەکە و سەرجەم ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی کۆبوونەوە. لەو دیدارەماندا ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕەکانمان سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندییە شۆڕشگێڕانەکەمان لەنێوان هەردوو ڕێکخراوەکەدا کرد بە پشتبەستن بە پرەنسیپ و ئامانجە هاوبەشەکانمان، ئەویش لە میانەی زیادکردنی گۆڕینەوەی بڵاوکراوە ئەدەبییەکان و دیداری دووقۆڵیی نێوان هەردوو ڕێکخراوەکە بەپێی توانا، بۆ یەکخستنی ئەو هەڵوێستانەی بارودۆخی گەل و ڕێکخراوەکانمان دەیانخوازێت.

ئەمە و یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان خۆشحاڵیی خۆی بۆ خەباتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەربڕی و پشتیوانیی تەواوی خۆیان بۆ کۆمەڵەکە دەربڕی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. نوێنەری کۆمەڵەکەش گرنگیی خەبات و ئیمتیازاتی یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان دووپاتکردەوە لەو کەشە دیموکراسییەی لە لوبنان فەراهەم بووە و پشتگیریی کۆمەڵەکەی لە ئەوروپا بۆ خەباتی یەکێتییەکە دووپاتکردەوە.

هەردوولاشیان پشتگیریی خۆیان بۆ مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەرە شۆڕشگێڕەکەی مستەفا بارزانی دووپاتکردەوە و بەو بۆنەیەوە هەردوولایان داوایان لە حکومەتی عێراق کرد ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکات بەپێی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئاداری مێژوویی و دەستهەڵبگرێت لەو بەربەستانەی دەیخاتە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنامەکە.

بەیروت- ١٠ی شوباتی ١٩٧٤

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان

لەژێر ڕۆشنایی پرەنسیپ و ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان و لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان، لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٤) گشتاندنێکی بۆ سەرجەم ئەندامان و لقەکانی سەر بە کۆمەڵەکە لەم وڵاتەدا کرد و داوایان لێدەکات پشتگیریی دارایی کۆمەڵەکە بکەن، چونکە بەنیازن پڕۆژەی بنیاتنانی (سەنتەری ڕۆشنبیریی کورد) لەو وڵاتەدا بکاتەوە[١٣٩].

کۆمەڵەکە، پەیوەندیی لەگەڵ قوتابیانی کوردیش هەبوو کە لە زانکۆکانی میسردا دەیانخوێند و هەرچییەکیشیان بڵاوبکردایەتەوە، دانەکیان بۆ ئەوانیش دەنارد، لە بروسکەیەکدا کە قوتابیانی کورد لە میسر بۆ کۆمەڵەکەی ناردووە، پیرۆزبایی لە خوێندکاران دەکات بەبۆنەی بەستی کۆنگرەی سێیەمی خۆی لە ساڵی (١٩٥٨)، لە بروسکەکەدا هاتبوو:"ئێمە (٢٥) خوێندکاری کوردین لە زانکۆکانی میسردا دەخوێنین، پشتیوانیی تەواوی خۆمان بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەکە دەردەبڕین و بە ئامانجی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی نەتەوەی کورد، پابەندبوونی خۆمان بەو بڕیارانە ڕادەگەیەنین.".

پەیوەندیی ئەندامانی کۆمەڵەکە و لقەکانی، لە هەڵبەز و دابەزێکی بەردەوامدا بوو، لەو ماوەیەی ئێمە مەبەستمانە، پەیوەندییەکانیان لە نێوان لێکتێگەیشتن و ڕێز و خۆشەویستی و لە نێوان ڕکابەرییەکی توند و ململانێ و بیئومێدیدا هەڵبەز و دابەزی دەکرد، هەڵبەت ئەم دیاردەیەش سروشتییە و لێی تێدەگەین، نەک هەر لە کۆمەڵگەی کوردەواری، بەڵکو لە تەواوی کۆمەڵگەکانی سەر ڕووی زەویدا هەیە. بەڵام لەمە و لەوەشیان گرنگتر، ئەوەیە لە کۆتاییدا ئەندامانی کۆمەڵەکە لەسەر ئەوە کۆک بوون کە پشتیوانیی شۆڕشی کورد بکەن و لە خزمەتی کێشەی گەل و نیشتماندا بن لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.

لەپاڵ هاوئامانجیی ئەندامان، کۆمەڵەکە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بزووتندنی هەستی نەتەوایەتیی هاوبەشدا هەبووە و زۆری پێشکەش بە زمانی کوردیش کردووە، هەر بەهۆی ئەم کۆمەڵەیەوە، خوێنکاران یەکتریان ناسیوە و ئاشنای شێوەزارەکانی زمانی کوردی بوونە و لەیەکتریش گەیشتوون، بەتایبەتی (کرمانجی سەر و کۆمانجی خواروو و ....)، با نموونەیەکتان لەسەر ئەمە بۆ بێنمەوە: پێشتر زۆر زەحمەت بوو کرمانجییەکی سەروو لە شێوەزاری

سۆرانی بگات، پێچەوانەکەشی هەر دروستە کە مایەی نیگەرانیی هەموو کوردێک بوو، بەشێکی زۆری سۆرانی و کرمانجی و زازاش شتێکی ئەوتۆیان لەبارەی شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا نەدەزانی[١٤٠]. بەڵام دواتر لەڕێی کۆمەڵەکەوە، ئاشنایەتییەکی باشیان لەسەر شێوەزارەکانی کوردیدا پەیداکرد و بەربەرە تا وای لێهات ئەگەر کرمانجییەک بە شێوەزاری سۆرانی قسەی بکردایە، بە زەحمەت جودات دەکردەوە کە ئاخۆ ئەمە سۆرانییە یاخود کرمانجی! هەر بۆنموونە ناوی یوسف زۆزانی و عومەر شێخموس دەبەین کە سەریان لە حکومەتی عێراقیش شێواندبوو و وایاندەزانی هاوواڵاتیی عێراقن، کەچی ئەوان خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون، لە ساڵی (١٩٦٩)دا بروسکەیەکیان بۆ باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم نارد و داوایان کردبوو ڕەگەزنامەی عێراقییان لێوەرگرنەوە!! محەمەد موهتەدیش کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کرمانجییەکەی هێندە بە ڕەوانی دەزانی کەس هەستی پێنەدەکرد ئەمە سۆرانی بێت. هەوەها عەبدولڕەزاق فەیلی، مام جەلال، نەوشیروان مستەفا و چەند کەسێکی تر، هەڵبەت ئەم خاڵەش یەکێک بوو لە دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی کۆمەڵەکە بۆ زمانی کوردی.

زمانی بەکارهاتوو لە کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکە، زمانی کوردی بوو بە هەردوو شێوەزاری کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو. کە کرمانجییەکەی خواروو لەو دە ساڵەی دواییدا زیاتر بەکاردەهێنرا بە حوکمی ئەوەی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەکە لە ڕێگەی شۆڕشەوە لە پارێزگاکانی (سلێمانی کەرکووک، هەولێر و شوێنانی تر) دەنێردران. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر هەیکەلییەتی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەدا هەبوو، بەڵام دواتر دۆخەکە گۆڕا و دەستە کارگێڕییەکە قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی تێکەوت، هەرچەند بە ڕێژەیەکی جیاواز بوو، بەڵام لە کۆتاییدا کۆمەڵەکە توانیی یەکێتییەکی نەتەوەیی و کوردستانێتی بەرجەستە بکات. کاتێک بابەتێکی هەستیار و گرنگ لە کۆمەڵەکەدا بوروژێنرایە، گفتوگۆکە وەردەگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، چونکە سەرۆکی کۆمەڵەکە دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، هەتاکو ئەوکات بە تەواوی فێری زمانی کوردی نەببوو، بێجگە لەوەی ژمارەیەک لە کوردی فەیلیش لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریان دەکرد و کوردییان نەدەزانی، بۆیە کاتێک نۆرە دەهاتە سەر قسەکردنی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی و نەیدەتوانی بە زمانی کوردی گوزارشت لە بیرۆکەکەی بکات، بەناچاری گفتوگۆکان دەبووە عەرەبی کە هەندێک جار دەبووە مایەی نیگەرانیی کوردی باکوور.

پەیوەندیی کۆمەڵەکە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی خوێندکاران و بەئەندامبوونی کۆمەڵەکە لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان

بەو پێیەی ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، چینێکی ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردن، هەوڵیان دەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هاوپێشەکانی گەلانی دیکەی خۆیاندا هەبێت، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانن دەنگی کێکراوی نەتەوەکەیان بگەیەننە ڕای گشتیی جیهان و ئاشنایان بکەن لەو بارودۆخە ناهەمواریەی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی تێدا دەژێت و ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەیان بە میللەتانی جیهان ئاشنا بکەن و بتوانن پشتیوانییەک بۆ دۆزە ڕەواکەیان پەیدا بکەن، بۆیە هیچیان لەبەردەمدا نەبوو، تەنیا هەوڵدان نەبێت بۆ بەئەندامبوون لە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) کە وەکو ڕێکخراوێکی چەپخوازی جیهانی، بایەخی بە کێشەی گەلانی چەوساوە و ژێردەستە دەدا، بەتایبەتی ئەگەر بزانین؛ کودەتاکەی ساڵی (١٩٦٣)ی حزبی بەعس لە عێراق و ئەو کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە شیوعییەکانی عێراق ئەنجامی دا لەلایەک و پەنابردنی ئەو بەشەی نەکەوتبوونە ژێر چنگی دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق، بۆ کوردستان لەلایەکی دیکەوە، ئەمانە وای لە وڵاتانی سۆشیالیست کرد، بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت و حزبی شیوعیی عێراقی، هەڵوێستیان لە ئاست کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەورووپا، بگۆڕن و پتر لە سەرکردەکانی شۆڕش نزیک ببنەوە و هەڵوێستێکی ئەرێنی لە ئاست مافەکانی کوردی باشووری کوردستان وەربگرن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکە هەر لە بنەڕەتدا سەر بە حزبی شیوعیی و حزبە چەپخوازەکان بوون لە وڵاتی خۆیاندا، ئەمەش بووە هاندەرێک بۆ زیاتر خۆنزیک کردنەوە لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە و پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئەندامانی یەکێتییەکە دابمەزرێنن. لەو چوارچێوەیەشدا، کۆمەڵەکە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی یۆگسلاڤیا و ئیسپانیا (بەتایبەتی هەرێمی باسک)، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا، ئەنگۆلا، مۆزەنبیق، ئەڵمانیای دیموکرات و چەند وڵاتێکی دیکە هەبوو. ئەم پەیوەندییانەش تەنیا لە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وڵاتانی ئەورووپا نەبوو، بەڵکو پەیوەندییەکی باشیشیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەدا هەبوو کە لقیان لە ئەورووپادا کردبووەوە، بە ڕێکخراوی قوتابیانی جیهانیشەوە کە بارەگا سەرەکییەکەی لە بەرلینی ڕۆژئاوادا بوو و بە ڕێکخراوی

(I. A. G) دەناسرا، هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی میسر، سودان، کوێت، فەلەستین، ئوردن، عێراق، لیبیا و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدا هەبوو، بەڵام پەیوەندییەکانی کۆمەڵەکە هەتاکو سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە زۆریی سنووردار کرابوو لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەی غەیرە خوێندکاریی وڵاتانی سۆشیالیستی، بێجگە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی وڵاتانی نیوزلەندا، سوید، نەرویج، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا و هەردوو دوورگەی فارۆ و گرینلاندی سەر بە دانیمارک.

سروشتی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، بە ڕێکخراوەکانی تری خوێندکاران، لە چوارچێوەی ناساندنی پرسی کورددا بوو، لە میانەی بەشداریکردنیان لە کار و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوانەدا، هەروەها بڵاوکراوە و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە بارودۆخی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستانیشیان بەوانە دەگەیاند و بە پێچەوانەشەوە.

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ڕێکخراوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم جۆرە پەیوەندییانەیان لەگەڵ کۆمەڵەکەدا ڕەتکردووەتەوە، بەبیانووی ئەوەی؛ گوایە سەرپەرشتیارانی ئەم کۆمەڵەیە، چەپخواز و شیوعین، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نەدەدا کۆمەڵەکە بەشداریی کار و چالاکییەکانیان بکەن، ئەمەشیان بۆ ڕەچاوکردنی تورکیا و ئێران بوو، نەبادە لەلایەن ئەم کۆمەڵەیەوە ئیستیفزاز بکرێن، چونکە ئەم دوو وڵاتە پەیوەندییەکی دێرین و پتەویان لەگەڵ وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژئاوادا هەبوو. تاریق ئاکرەیی سەبارەت بەم پرسە، پێیگوتم:"... لەپاش ساڵی (١٩٧٠) هەوڵماندا پەیوەندیمان لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی خوێندکارانەدا هەبێت، بێ ئەوەی جەخت بکەینەوە لەسەر هێزە چەپخواز و شیوعییەکان، بۆنموونە: ڕێکخراوەکانی وڵاتانی لاتین و ماڵتا و ئەفریقیا و چەند وڵاتێکی دیکە ...".

لە بەیاننامەی ناساندنی کۆمەڵەکە و مێژووی کۆنگرەکانی، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو دەگاتە کۆنگرەی یانزە کە لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە بە زمانی کوردی و بە پیتی عەرەبی لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦٦)دا بڵاویکردووەتەوە، هاتووە:"... کۆمەڵەکەمان پەیوەندیی لەگەڵ نزیکەی (١٠٠) ڕێخکراوی خوێندکاران و ڕێکخراوی جۆراوجۆری دیکەدا هەیە، نامەگۆڕینەوەمان لەنێواندا هەیە و دیدارێشمان بەیەکەوە هەیە و بە بەردەوام لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانیاندا بەشدار دەبین و بە پێچەوانەشەوە ...".

هەوڵەکانی کۆمەڵە، تەنیا بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکان نەبوو، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان ئەوەبوو ئەندامێتی وەربگرن لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان. بەو مانایەی نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاوازن لە نەتەوەکانی تورک، عەرەب و فارس. سەبارەت بەم هەوڵانەش بیروبۆچوونی جیاواز لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵەکە و ئەوانەی دەرەوەی کۆمەڵەش هەیە. هەبوو دووپاتیان دەکردەوە کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، شەرەفی ئەندامێتیی لە ڕێکخراوی قوتابیانی جیهانی پێبەخشراوە، هێندێکیش دەڵێن: ئەم کۆمەڵەیە هەرگیز ئەندام نەبووە لەو یەکێتییە، تەنیا بە ئەندامی چاودێر بەشداریی لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی یەکێتیی قوتابیانی جیهاندا کردووە.

لە دوو ژمارە لێکدراوەکەی (٣- ٤)ی بڵاوکراوەی"Dengê Kurdistan"ی مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٩)دا کە کۆمەڵەکە بە هەرسێ زمانی فەڕەنسی و کوردی و ئینگلیزی بڵاویکردووەتەوە و بەدیاریکراوی لە بەشە کوردییەکەیدا هاتووە:".... ماوەی مانگێک دەبێت، کۆمەڵەکەمان بووەتە ئەندامی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانی (F. M. J. D) و یەکێتیی قوتابیانی جیهان(U. I. E) کە هەردووکیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتین.

ڕێکخراوی یەکەم .... (٦٠) ملیۆن ئەندامی هەیە و سەرۆکەکەی (Guy de Bosson-گودیە بۆسۆن)ی فەرەنساییە و بارەگای سەرەکیشی لە پاریسە ... ڕێکخراوەکەی دووەم، واتە یەکێتیی قوتابیانی جیهان خاوەن (٤) ملیۆن ئەندامە .... و بارەگای سەرەکیی لە براگی چیکۆسلۆڤاکیایە و سەرۆکەکەی جۆزێف گراهمان (Josef Grahman)ی چیکییە ....".

لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەدا هاتووە:"..... لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولدا، ئەندامی نوێ لە یەکێتییەکەدا وەرگیران کە کۆمەڵەکەمان یەکێک بووە لەو ئەندامانە ....".

کۆمەڵەکە، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠دا پاش ئەوەی خۆی هەڵوەشاندووەتەوە، ئەندامێتییەکەشی لەدەستداوە. لەپاش دەستپێکردنەوەی قۆناغی دووەم لە ساڵی (١٩٥٦) دووبارە هەوڵی بەئەندامبوونیان لەم دوو ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەدا دایەوە.

لە ژمارە سێی گۆڤاری (کوردستان – Kurdistan)دا هاتووە:"... کۆنگرەی سێیەم، لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەی ڕاسپارد، داوایەکی فەرمیی بەناوی کۆمەڵەکە پێشکەش بە یەکێتیی قوتابیانی جیهان بکات و تێیدا داوای ئەندامێتی بکات لە یەکێتییەکەدا. لە ١٤ی ئابی ١٩٥٨دا سەرۆکی کۆمەڵەکە نامەیەکی بۆ یەکێتییەکە نارد و داوای ئەندامێتی دەکرد

..."، لـە (١٠)ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی (١٩٦٠) کاتێـک کۆمەڵەکـە بەشـداریی لـە کۆنگرەی شەشـەمی یەکێتیـی لاوان و قوتابیانـی جیهانـدا کـرد کە لە بەغـدا بەسترابوو، دووبـارە داوای بەئەندامبوونـی کۆمەڵەکەیـان لـە یەکێتییەکـە کـردەوە، بـەڵام داواکارییەکەیـان ڕەتکرایەوە، چونکـە حزبـی شـیوعیی عێراقـی و هاوپەیمانانیـان دژی ئـەم خواسـتە وەسـتانەوە. لە چەند بەڵگەنامەیەکـی کۆمەڵەکـە، لەوانـەش (دەنگـی کۆمەڵـە)دا هاتووە:"کۆمەڵەکـە لـە مانگـی کانوونـی یەکەمـەوە (لەهەنـدێ سـەرچاوەی کۆمەڵەکەشـدا دەڵێـت: لەهاوینـی سـاڵی ١٩٦٤ەوە و لەپـاش هـەوڵ و تەقەلایەکـی زۆر، بـووە ئەنـدام لـە یەکێتیـی قوتابیانی جیهان) ئەویـش لەپـاش بەشـداریکردنی لە کۆنگـرەی یەکێتیی قوتابیانـی جیهان لەسـۆفیای بولگاریا، بـە شـاندێک کـە پێکهاتبـوون لە سـەعدی دزەیی و شـێرکۆ تاهیر و ڕۆشـدی عەلی شـەریف.

سـەعدی دزەییـش لـە نامەیەکیـدا کە بۆ منی نـاردووە دەڵێـت:"... پرسـی بەئەندامبوونی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، یەکێـک بـوو لـەو بابەتانـەی خرابوونـە نێـو خشـتەی کارەکانـی کۆنگـرەی سـۆفیای یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان لـە کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٤ .... نـووری عەبدولـڕەزاق لـە سـکرتارییەتی کۆمەڵەکـە و ئەندامێکـی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی، قەناعەتیـان بـە شـانده عەرەبەکانـی بەشـداربووی کۆنگرەکـە هێنابـوون، تەنیـا شـاندی جەزائیـر و فەلەسـتین نەبێـت کـە لەکاتـی دەنگداندان وەک نارەزایەتییـەک، هۆڵەکەیـان جێهێشـتبوو کـە دەنگدانەکـە نزیـک بـوو لە کـۆی دەنگی دەنگـدەران، ئینجـا سوپاسـی ئەندامانـی کۆنگـرەم کـرد - چونکـە سـەرۆکی شـاندەکە بـووم – کـە دەنگیـان بـە ئەندامبوونـی ئێمـە داوە لـە یەکێتییەکـەدا، پاشـان میداڵییەکـەی بـە ملمـدا هەڵواسرابـوو، لێکرایـەوە و بـە میداڵیایەکـی دیکـە گـۆڕدرا کـە لەسـەری نووسرابـوو (ئەنـدام)، ئـەوەی پێشـووش لەسـەری نووسرابـوو (چاودێـر)".

بـە گوتـەی ژمارەیـەک لـە چالاکوانانـی کۆمەڵەکـە، لەوانـەش سـەعدی دزەیـی و دکتـۆر لەتیـف ڕەشـید و دکتـۆر دڵشـاد ئەحمـەدی، وەرگیرانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا لـە یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان، بـە فەرمـی بـووە و لـە زۆربـەی فیسـتیڤاڵەکانی جیهانیـدا بەشـداربوونە کـە خـۆی لەخۆیـدا سـەرکەوتنێکی گـەورەو گرنـگ بـووە، نـەک تەنیـا بـۆ کۆمەڵەکـە، بگـرە بـۆ تـەواوی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کـورد، چونکـە کۆمەڵەکە دەنگـی گەلـی کـورد و ئاوێنـەی خەباتیـان بـووە لـە ئەوڕوپـا.

تاریق ئاکرەیی دەڵێت:"... هەرگیز کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، نەبۆتە ئەو ئەندامەی تەواوی ماف و ئەرکەکانی لە ئەستۆدا بێت لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان. زۆرمان هەوڵ دا ببینە ئەندام لەو یەکێتییە، تەنانەت خۆم لە ساڵی (١٩٧٤)دا چوومە بەلگراد و لەوێ سەبارەت بەم پرسە، قسەم لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتییەکەدا کرد، بەڵام نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک، ئەویش بەهۆی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق کە هی حزبی شیوعیی عێراقی بوو و هاوشانی ئەندامانی دیکەی یەکێتییەکە ڕێگر بوون لە وەرگیرانمان لەم یەکێتییەدا و دەنگە ناڕازییەکان وەکو گڕکان بەڕوومانەدا دەتەقینەوە و دژی هەبوونی ڕێکخراوێکی کوردی بوون لە ڕیزەکانی ئەم یەکێتییەدا و دەیانگوت: ئێمە نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق دەکەین، ئێمەش دەمانگوت: ئێمە نوێنەرایەتیی هەموو کورد دەکەین لە هەموو پارچەکانی کوردستان، نەک تەنیا ئەو پارچەیەی لەژێر دەسەڵاتی عێراقدایە، لە کۆتاییدا هەر وەرگیراین، بەڵام بە ئەندامێکی چاودێر. ئێمە لەنێو ئەو یەکێتییەدا پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ ڕێکخراوی خوێنکارانی ئەندام لەنێو ئەو یەکێتییەدا هەبوو و زۆر جاریش بەشداریمان لە کۆنگرەکانیاندا دەکرد، هەروەها بەشداریمان لە چەندین فیستیڤاڵ و سیمینارەکانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان)یشدا کردووە و بەناوی کۆمەڵەکەمانەوە وتارمان پێشکەش کردووە، جا ئەگەر ئەندامی فەرمیی یەکێتییەکە بووینایە لەسەر سەکۆی کۆنگرەکانیشدا وتاری خۆمان دەبوو و مافی دەنگدانیشمان لە بڕیارەکاندا دەبوو. ئەم ڕاستییە شیرین کەتانی، هاوسەری تاریق ئاکرەییش دووپاتیکردووە کە لەپاش ساڵی ١٩٧٢دا ئەندامێکی کارای کۆمەڵەکە بووە و بەشداریی لەو فیستیڤاڵ و سیمینارانەدا کردووە کە کۆمەڵەکەی تێدا بەشداربووە و پێپراگەیاندووین:"ئەگەر ئەندامی هەمیشەیی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بووینایە، هەروەک لەسەر زاری بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بیستووە، بۆچی لە پسوولەی ئەندامێتی بێبەشکرابووین کە دەبەخشرایە سەرجەم ئەندامان؟ بۆچی داوەتنامە فەرمییەکانمان پێنەدەگەیشت بۆ بەشداریکردن لە تەواوی کار و چالاکییەکانیان؟!".

هەروەها تاریق ئاکرەیی دەڵێت: یەکەمین جار کە بەشێوەیەکی فەرمی و بە نووسراو داوەتی کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بووین، لە ساڵی (١٩٧٤) بوو لە بۆدابست. من و شەماڵ کەریم و هاوسەرەکەم و چەند کەسێکی تر بووین و

بەشداریمان لەو کۆنگرەیەدا کرد و بەیاننامەیەکیشمان دەرکرد و بەسەر ئامادەبووانی کۆنگرەدا دابەشمان کرد. لەو بەیاننامەیەدا ئیدانەی شەهیدکردنی لەیلا قاسمی تێکۆشەرمان کرد لەگەڵ پۆلێک لە قوتابیانی کورد لە شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی ئایاری ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا ... ئەو بەیاننامەیەمان بە ناوی کۆمەڵەکە بۆ ئامادەبووان خوێندەوە و کارە نامرۆییانەکەی ڕژێمی بەغدامان تێدا ئیدانەکرد. باشیش لەبیرمە کە من سەرۆکایەتیی شاندەکەم دەکرد، چونکە ئەوکات من سەرۆکی کۆمەڵەکە بووم و بە ئەندامێتیی شەماڵ کەریم کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵەکە بوو و یەکێکی ترمان لەگەڵدا بوو، ئێستا ناویم بیرنەماوە. لە هەمان ساڵدا چووینە براگ کە بارەگای سەرەکیی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی تێدایە و لەوێ چاومان بە سەرۆکایەتیی یەکێتییەکە کەوت کە مەهدی حافز یەکێک بوو لەو سەرکردانە. لە خشتەی کارەکانی کۆنگرەکەدا تەنیا دوو خاڵ چەسپێندرابوو، خاڵێکیان: پرسی بە ئەندامبوونمان بوو لە یەکێتییەکە و خاڵی دووەم: پەیوەست بوو بەو گێچەڵ و تەشقەڵانەی بە گوشاری باڵیۆزخانەی عێراق و دارودەستەکەیان، لەوێ بە ئەندامانی لقی کۆمەڵەکەمان دەکرا.

لەپاش ئەوەی کۆمەڵەکەمان بووە (ئەندامی چاودێر) لە یەکێتییەکە، بەتایبەتی دوای بەشداریکردنمان لە فیستیڤاڵی یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە بەغدا لە ١٠ تا ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا، ئەستێرەی کۆمەڵەکەمان لە گەشانەوەدا بوو و بەشداریی کارامان لە کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهاندا کرد کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەلگراد بەسترا و حەمەڕەش ڕەشۆ نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکەی دەکرد[١٤١]، دواتر لە ساڵی (١٩٦٤) دا لە کۆنگرەی هەمان یەکێتیدا لە سۆفیا بەشدار بووین، پێشتریش لە ساڵی (١٩٦٢)دا بەشداریمان لە فیستیڤاڵی هیلسنکیدا کرد و کەمال فوئاد و عومەر دزەیی و نەجیب خەفاف بوونە نوێنەری کۆمەڵەکە. پاشان لە فیستیڤاڵی نۆیەم لە سۆفیا ساڵی (١٩٦٨) دا هەر بە جلی کوردییەوە بەشداریمان لەو فیستیڤاڵەدا کرد و سەرنجی تەواوی ئامادەبووانمان ڕاکێشا. لە هەموو ئەو کۆڕبەندە جیهانییانەشدا چەندین ژمارەی گۆڤاری (Kurdistan)مان بەسەر ئامادەبووانداد دابەشکرد کە بابەتەکانی بریتی بوون لە خستنەڕووی بارودۆخی کورد بە گشتی و ئەو کارە نامرۆییانەی ڕژێمەکانی تاران، ئەنقەرە، بەغدا و دیمەشق دەرهەق بە گەلی کورد پەیڕەوی دەکەن، بە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر خرانە بەر دیدی ئامادەبووانی فیستیڤاڵ و کۆنگرەکان.

لەمەدا ئەوەمان بۆ ڕوونەبێتەوە؛ هەر کەسە و بیانوویەکی بەجێی پێیە بۆ ئەم پرسە. تۆ بڵێی ئەوەی سەعدی دزەیی گوتبێتی، بۆچوونە ڕاستەکەیان بێت؟!، بەڵام لەپاش ساڵی ١٩٧٢ ئەندامێتیی کارای کۆمەڵەکە سڕکرا و کرایە (ئەندامی چاودێر). دوای ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و تەواوی وڵاتانی سۆشیالیست لەلایەک و ڕژێمی عێراق لەلایەکی دیکە کە ئەمەی دوایی بووە هۆی لێکنزیکبوونەوەی حزبی شیوعیی عێراقی و ڕژێمی عێراق، لەمەشەوە گێڕانەوەی هەردوو لایان بە پەسند دەزانرێت! بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە سێ جۆر ئەندامێتی لە یەکێتیی قوتابیانی جیهاندا هەبووە، یەکێکیان (ئەندامی چاودێر)بوو کە مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنی نییە، هەروەها تاریق ئاکرەیی کە پتر لە دوو ساڵ سەرۆکایەتیی کۆمەڵەکەی کردووە، نە خۆی و نە هیچ ئەندامێکی کۆمەڵەکە ناسنامەی ئەندامێتییان نییە لە یەکێتییەکە.

لەم دواییەشدا ئەندامێکی کۆمەڵەکە، ناسنامەی ئەندامێتیی لە یەکێتیی قوتابیانی جیهانی بۆناردووم، بەڵام ڕێگەی پێنەدام نە ناوی بهێنم و نە ناسنامەکەشی کۆپی بکەم و لەم کتێبەدا بڵاویبکەمەوە کە دوور نییە ئەم ناسنامەیە بە ناوی کەسیی خۆیەوە بووبێت، نەک بە ناوی کۆمەڵەکە.

هاوکارییە داراییەکانی خوێندن

هاوکارییە داراییەکانی خوێندن، بریتییە لە ڕەزامەندیی یەکێک لە زانکۆکانی ئەوروپا بۆ خوێندن بە خۆڕایی و خەڵاتێکە بە پارە نرخاندنی بۆ ناکرێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران لە جیهاندا خەون بە خوێندن دەبینن لە زانکۆکانی ئەوروپا، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بێت ناتوانن ئەو خەونەیان بێننەدی. چجای ئەگەر بدرێتە گەنجانی گەلێکی ستەمدیدەی وەک کورد کە هەمیشە خەون بە ڕزگاربوون دەبینێت لە دەست نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کە دوژمنانی بەسەریاندا سەپاندوویانە، هەڵبەت خەڵاتێکی گەورەیە بۆ کوردان.

بەڵام گەنجانی کورد چۆن ئەم پاداشتانەیان وەردەگرت؟

ئەو هاوکارییە داراییەی خوێندن لە وڵاتانی سۆشیالیست و ناسۆشیالیستی -بەپێی گوتەی زیاتر لە بەرپرسێکی کۆمەڵەکە- لە ڕێگەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وەردەگیرا؛ ئەوانیش لەڕێی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) وەردەگیرا پاش ئەوەی بوونە ئەندام لەو یەکێتییەدا، واتە پاش ساڵی (١٩٦٤) و پشکی شێری بەردەکەوت لە پرسی دابینکردنی ئەو هاوکارییە داراییانەی خوێندن بۆ قوتابیانی کورد.

مەزنترین و گرنگترین ئەو خزمەتانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا پێشکەش بە گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی کردبێت، دابینکردنی سەدان هاوکاریی دارایی خوێندن بووە لە زانکۆکانی وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، جا بەهۆی ئەم هاوکارییانەوە دەیان و بگرە سەدان خوێندکاری کوڕ و کچی کورد خوێندنی باڵایان لەم وڵاتانەدا تەواوکردووە و بڕوانامەیان لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا وەرگرتووە و زۆربەشیان گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان و تاکو ئێستا بە بڕوانامەکانیان خزمەتی دۆزی گەلەکەیان دەکەن.

هیچ نهێنییەک ئاشکرا ناکەین؛ ئەگەر بڵێین ژمارەیەکی بەرچاوی بەرپرسانی حکومەتی باشووری کوردستان چ سیاسەتوان بن یان ئەکادیمیست و ڕۆشنبیران و نووسەران و پسپۆرانی بواره جیاوازەکان بن، ئەوانەن کە لەڕێی ئەم کۆمەڵەیەوە هاوکاریی دارایی خوێندنیان بۆ دەستەبەر کراوە، لەوانیش کە دوێنێ و ئەمڕۆش پۆستی باڵایان لە

حکومەتـی عێراقـدا وەرگرتووە، وەکو: دکتۆر ڕۆژ نووری شـاوێس (جێگری سـەرۆک وەزیرانی پێشـووی عێـراق) دکتـۆر کەمـال کەرکووکـی (سـەرۆکی پێشـووتری پەرلەمانی کوردسـتان) و سـەدان پزیشـکی پسـپۆڕییە جیـاوازەکان کـە لـە نەخۆشـخانەکانی حکومـی و ئەهلـی، یـان لـە نۆڕینگـە تایبەتەکانیانـدا، لـە کەرتـی تەندروسـتیدا جێپەنجەیـان دیـارە. هەروەهـا دەیان مامۆسـتای زانکـۆ و پەیمانگـەکان و دادوەر و بەڕێوەبەرانـی کۆمپانیـا جۆربەجـۆرەکان و فەرمانگـە حکومییەکانـی باشـووری کوردسـتان. بێجگـە لـە دەیـان بەرپرس و سـەرکردەکانی حزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان و ژمارەیەکی بەرچاوی کەسـایەتیی ئەکادیمیسـت و زانسـتی کـە نەگەڕاونەتـەوە و لـە ئەوڕوپـادا پـاش بەدەسـتهێنانی بڕوانامەکانیـان، بـە گەیاندنـی دەنگـی کـورد خزمەتـی میللەتەکەیـان دەکـەن، نابێ ئەو دەیـان ڕۆژنامـەوان و میدیاکاران و ڕۆشـنبیرانەشمان لەبیربچێـت.

لـەو باوەڕەشـداین ئەگـەر ئـەم ژمـارە زۆرەی دەرچووانـی زانکۆکانـی ئەوڕوپـا نەبوونایە، ئێسـتا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کاروبـاری ئیـداری و یاسـایی خـۆی بـەم شـێوەیەی کـە ئێسـتا هەیـە، بەڕێوەببـات.

ئەمـەی پێشـوو باسـکرا، تەنیـا باشـووری کوردسـتان ناگرێتـەوە، بگـرە دەیـان خوێندکاری بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانیش کـە ئێسـتا خوێندنـی بالّایان تەواوکـردووە، هـەر لەڕێگەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا هاوکارییەکانیان بـۆ وەرگیراوە.

سـەبارەت بـە دابەشـکردنی ئـەو هاوکارییانـە بەسـەر قوتابیانـی کـورد، لـە ڕاسـتیدا لەچوارچێـوەی دیـدار و چاوپێکەوتنەکانمانـدا چەنـد گلەیـی و سـکاڵایەکمان پێگەیشـت و دەرکـەوت جیاوازیـی بۆچـوون سـەبارەت بـەم پرسـە هەیـە و دوو ڕای جیـاواز لەنێـوان ئەندامانـی کۆمەڵەکەشـدا هەیـە. ڕایەکیـان پێماندەڵێـن (لەوانیـش: بەهـاء محەمـەد، محەمـەد سـلێمان، دکتـۆر ڕەسـوڵ حەقـی و چەندانـی تـر) ئـەو هاوکارییانـە بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە لەنێـوان قوتابیانـی چـوار پارچەکـەی کوردسـتاندا دابـەش نەکـراوە، واتـە سیاسـەتی دابەشـکردنی هاوکارییـەکان بەپێـی ئـەو ماوەیـە، جیاوازییـان هەبـوو. بەهـاء محەمـەد، نموونەیـەکمان بـۆ دەهێنێتـەوە کـە لەبـەر چـاوی خۆیـدا ڕوویـداوە کاتێـک لـە یۆگسلاڤیـا دەیخوێنـد. لـە کۆنفرانسـی سـاڵانەی سـاڵی (١٩٦٨)دا (١٠) مینحـەی خوێنـدن دەرابـوون بـە کۆمەڵەکـە، کاتێـک پرسـیاری ئـەوەم لـە بەرپرسـی دابەشـکردنەکە کـرد کـە

ئـەم مینحانـە بـە کـێ دەدرێـن؟ هەشـت نـاوی بـۆ خوێندمـەوە، وتـم ئـەدی دووانەکـەی تـر؟ گوتـی ماوەیـان بەسـەرچووە کـە پرسـیارم کـرد بۆچـی نەدراونەتـە قوتابیانـی کەمدەرامـەت؟ گوتـی: کـەس نەمـاوە وەرینەگرێـت، لەوەشـدا مەبەسـتی قوتابیانـی کوردی باشـوور بـوو، لەکاتێکـدا (قسـەکە هـی بەهـاء محەمـەدە) ژمارەیەکـی زۆری قوتابیانـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان بەوپـەڕی ئومێـدەوە چاوەڕوانیـی ئـەو مینحانەیـان دەکـرد.

دکتـۆر ڕەسـووڵ حەققـی پێیگوتـم: لـە زۆربـەی کاتەکانـدا لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی، قوتابیانـی باشـووری کوردسـتان و بەتایبەتـی لایەنگرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیان بەسـەر قوتابیانـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتاندا بەبـاشتر دادەنـا و بـە چەنـد نموونەیەکیـش قسـەکانی پشتڕاسـت دەکـردەوە. هەروەهـا محەمـەد سـلێمان دەڵێـت: لـە چیکۆسـلۆڤاکیا چەندیـن هاوکاریـی دارایـی خوێنـدن درایـە کوردانـی بەرپرسـانی شۆڕشـی کـورد و ئەوانـی دیکـە، بـاری داراییشـیان هێنـدە خـراپ نەبـوو و پێـشتر لەسـەر بودجـەی تایبەتـی خۆیـان، وەرگیرابـوون و دەسـتیان بـە خوێنـدن کردبـوو کەچـی خوێندکارێکـی زۆری دیکـە چاوەڕێـی ئـەم هاوکارییانەیـان دەکـرد و بـاری داراییـان خـراپ بـوو، بـە ڕای ئـەو دەبوایـە ئـەو هاوکارییانـە بـە خوێنـدکاری هـەژار و کەمدەرامـەت بدرایـە کـە زیاتـر پێویسـتیان پێـی بـوو.

دکتـۆر مسـتەفا سـەیدۆ میمـە، لـە سـاڵی (١٩٦٧)دا دەستتلەکارکێشـانەوەی خـۆی لـە ئەندامێتیـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە پێشـکەش بـە کۆنگـرەی بەلگـراد کـرد، بەبـێ ئـەوەی بەشـداریی تێـدا بکات[١٤٢]ئـەم هەڵوێستەشـی وەک کاردانەوەیەکـی ناڕەزایـی دەربڕیـن بـوو بـۆ هەڵسـوکەوتی بەشـێک لە ئەندامانـی دەسـتەی کارگێڕیی گشـتی و چەند کەسـێکی دەسترۆیشـتووی نێـو کۆمەڵەکـە، بەتایبەتـی لـە پرسـی چۆنیەتیـی دابەشـکردنی ئـەو هاوکاریـە داراییانـە و پێیگوتیـن:"... زۆر جـار خوێنکارانـی کـورد لـە ئەڵمانیـا چاوەڕێی هاوکاریـە داراییەکـەی خوێنـدن بـوون بۆئـەوەی درێـژە بـە خوێندنـی خۆیـان بـدەن، بەڵام بەریـان نەدەکـەوت کەچـی لـەوڵاوە دەمانبیسـتەوە کـە فڵانـە کـەس لـە وڵاتـی خۆیـەوە بـە هاوکارییەکـی دارایـی کۆمەڵەکـەوە گەیشـتووەتە زانکۆکانـی ئەورۆپـا".

دکتـۆر ئیبراهیـم حاجیـش دووپاتـی دەکاتـەوە کـە کۆچکـردوو محەمـەد بەکـر دەستلەکارکێشـانەوەی خـۆی داوەتـە کۆنگـرەی گشـتیی پانـزە کـە لـە بوخارسـت

لە ساڵی (١٩٧١) بەسترا، ئەویش هەر ناڕەزایی دەربڕین بوو لەسەر پێدانی هاوکارییەکانی خوێندن بەو خوێندکارانەی شایستەی نین، پێشتریش قوتابیانی دڵسۆزی کوردایەتی دیکە داوایان کردبوو و لە چاوەڕوانیی ئەو هاوکارییانەدا بوون، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەکەی قبووڵ نەکرا.

بۆچوونەکەی دیکەش ئەوەیە، هەروەک فەوزی ئەسعەد پێیڕاگەیاندووم، زێدەڕۆیی لە باسکردنی نادادپەروەری لە دابەشکردنی هاوکارییە داراییەکانی خوێندندا کراوە، من نکۆڵی لە هەندێک هەڵە و کەموکوڕی ناکەم سەبارەت بەم پرسە، بەڵام من دڵنیام ئەم هەڵانە هی تاکە کەس بوونە نەک هی کۆمەڵەکە بە گشتی، واتە هیچ بڕیارێکی فەرمی لە دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەدا نەدراوە بۆ پەسندکردنی بەشێکی کوردستان بەسەر بەشەکانی دیکەدا، یان ئەوانەی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمار دەکرێن، لە وەڵامی پرسیارێکی ئێمەدا سەبارەت بە هەمان بابەت، عومەر شێخموس بۆی نووسیوم:"..... ئەو شتە نەڕێنییانەی لەسەر کۆمەڵەکە دەگوترێن پێچەوانەکەی ڕاستە کە هەتاکو ساڵی ١٩٦٦ من ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە بووم، ئێمە قوتابیانی بەشەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوورمان پێش کوردستانی باشوور دەخست، چونکە ئێمە بڕوامان وابوو، کوردی ئەو بەشانە پتر چەوسێنراونەتەوە و هەلی کەمتریان بۆ ئەم جۆرە شۆڕشانە بۆ ڕەخساوە و قوتابیانی باشووری کوردستان، دەیانتوانی ڕاستەوخۆ لە پارتی دیموکراتی کوردستانی داوا بکەن، جا ئەگەر خوێندکاری ئەو سێ پارچەیەی کوردستانمان نەدۆزیبایەتەوە، ئەوکات دەماندایە قوتابیانی باشووری کوردستان، چونکە ئەوان لە ڕووی داراییەوە باشتر بوون و پەیوەندییەکی فراوانیان هەبوو و لە ڕێگەی دیکەوە دەیانتوانی ئەو هاوکارییە داراییانەی خوێندنیان دەست بکەوێت. بەپێی ئەوەی لە ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی ساڵی ١٩٦١دا هاتووە کە ئەڵمانیای دیموکرات لە پێشەنگی وڵاتانی سۆشیالیستدایە کە هاوکاریی دارایی دابێتە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و لە ساڵی (١٩٦١) گەیشتە (٥) هاوکاری. هەرچەندە زۆربەی هاوکارییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵەکەوە دەدران، بەڵام بەشێک لە قوتابیانی کوڕ و کچی کورد لە چەند ڕێگەیەکی تریەوە دەستیانکەوتووە، بۆ

نموونــە لــە:

- پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان لە ساڵانی نێوان (١٩٦٣- ١٩٧٣).
- پەیوەندیــی تایبەتــی بەشــێک لــە خوێندکاران بــە چەنــد کەســایەتییەکی دەسڕۆیشــتوو لــە حکومەتەکانــی وڵاتانــی ئەورووپــا، یاخود لــە دامــودوزگا پەروەردەییەکانیــان. بۆنموونە زیاتــر لــە ئەندامێکــی کۆمەڵەکــە گێڕاویەتییــەوە کــە عومــەر حەســۆ، ئەندامــی لقــی یەکێتیــی ســۆڤیەتی پێشــوو، دەیــان و بگــرە ســەدان هاوکاریــی خوێندنــی بــۆ قوتابیانــی کــورد لــە یەکێتیــی ســۆڤیەت دەســتەبەرکردووە کــە کچێکــی ڕووســیی هێنابــوو و پەیوەندییەکــی پتــەو و فراوانــی لەگــەڵ کەســایەتییە زانســتی و ئەکادیمیســتەکاندا هەبــوو. هەروەهــا لەگــەڵ بەشــێک لەگــەورە بەرپرســانی حزبــی شــیوعیی ســۆڤیەتی و ئــەو هاوکارییانــەی لــە ڕێگــەی ئەوانــەوە دەســتەدەکەوت لــە بەرانبــەر چەنــد دیارییــەک کــە لەوەتــەی بڕوانەمــەی دکتۆراکــەی وەرگرتــووە، لەگــەڵ هاوســەرەکەیدا لــە ســتۆکهۆڵمی پایتەختــی ســویددا نیشــتەجێن.

پەیوەندییەکانــی دکتــۆر فــازڵ مــەلا خەلیلیــش لەگــەڵ چەنــد کەســایەتییەکی کاریگــەر لەنێــو حکومەتــی فیدراڵیــی نەمســادا، لــە کەرتــی پــەروەردەدا لەگــەڵ هانــس فیشــەر، وەزیــری خوێندنــی بــاڵا و ســەرۆکی ئێســتای وڵات و یانکــۆ فیشــەر، وەزیــری دەرەوە، کارڵ بلیخــا، وەزیــری ناوخــۆ پەیوەندییەکــی باشــی هەبــوو و لــە ڕێــی ئەمــان و چەنــد کەســێکی دیکــە، چەندیــن هاوکاریــی دارایــی خوێندنــی وەرگرتــووە و پێشکەشــی خوێنــدکارە کەمدەرامەتــە کوردەکانــی کــردووە.

هــەروەک کەنــداڵ نــزان ڕوونیکردووەتــەوە:".... پەیوەندییەکانــی کۆچکــردوو دکتــۆر کامــەران بەدرخانیش[١٤٣]لەگــەڵ ژمارەیــەک بەرپــرس و ڕۆشــنبیرانی پاریســدا بــاش بــووە. لــە ســەرەتای شەســتەکانی ســەدەی ڕابــردوودا پەیوەندییەکانــی فەڕەنســا لەگــەڵ عێراقــدا لــە ئاســتێکی باشــدا بــووە و فەڕەنســا ســاڵانە دەیــان هاوکاریــی دارایــی خوێندنــی بەنــاوی (مینحــەی پترۆڵ) بەخشــیوەتە قوتابیانــی عێــراق. دکتــۆر کامــەران بەدرخان ئــەو پەیوەندییە باشــەی نێــوان خــۆی و بەرپرســانی فەڕەنســای بــە هەلزانیــوە و پێیدەگوتــن: پترۆڵ لــە خاکی کوردســتانەوە دەردەهێنرێــت، بۆیــە هەقــە ســێیەکی ئــەو مینحانــە بدرێنــە قوتابیانــی کــورد، چونکــە کــوردی باشــوور ســێیەکی کــۆی دانیشــتوانی ئــەو وڵاتــە پێکدێنــن، پێشــنیازەکەی

لەلایەن حکومەتی فەڕەنساوە قبووڵ کرا و داوا لە دکتۆر کامەران بەدرخان کرا ناوی ئەو خوێندکارانەیان بداتێ کە ئارەزووی خوێندن دەکەن لە فەڕەنسا، ئەویش هەواڵەکەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان گەیاند و ساڵانە کۆمەڵێک لە خوێنکارانی کچ و کوڕی کوردی باشوور لە ڕێی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەگەیشتنە فەڕەنسا بۆ درێژەدان بە خوێندنیان ...".

هەر سەبارەت بەم بابەتە و لە وەڵامی پرسیارێکماندا، سینەم خان پێڕاگەیاندین؛ ژمارەی ئەو مینحانەی دکتۆر کامەرانی مامم وەریدەگرت، ساڵانە دەگەیشتە (٥) مینحە و بەم شێوەیە دابەش دەکرا: هەر مینحەیەک بۆ بەشێکی کوردستان و هی پێنجەمیش بۆ کوردی تاراوگە، یەکێک لەو کەسانەی سوودی لەم هاوکارییانە وەرگرتبێت، دڵنازی کچم بوو لە ساڵی (١٩٧٩).

- پارتی دیموکراتی کوردی چەپخواز لە سووریا کە دواتر لە کۆنگرەی سێی ساڵی ١٩٨٠ ناوی خۆی گۆڕی و کردییە (پارتی گەلی کورد لە سووریا) و ئەمیندارای گشتیی حزبەکە ڕۆڵێکی کارای لە دابینکردنی ئەو هاوکارییانەدا هەبوو.

بە واتایەکی تر، سەرچاوەکانی هاوکارییە داراییەکانی خوێندن ئەمانەبوون: یەکێتیی قوتابیانی جیهان، وڵاتانی سۆشیالیست، وەزارەتی خوێندنی باڵا، لێژنەی هاوکاریی ئەفرۆ- ئاسیایی، ڕێکخراوەکانی قوتابیانی سەر بە وڵاتانی میواندار و هیتریش.

هەڵوێستی ڕژێمی داگیرکەرانی کوردستان لە ئاست کۆمەڵەکە و کار و چالاکییەکانیدا

پاش خستنەڕوویەکی کورت و خێرای ئەو چالاکییانەی کۆمەڵەکە، لەو وڵاتانە ئەنجامیانداوە، ئەم پرسارەمان بەمێشکدا دێت: دەبێ هەڵوێستی ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیرکردووە، لەئاست ئەو چالاکییانەدا چۆن بووبێت؟ ئاخۆ باڵیۆزخانەکانی ئەو ڕژێمانە و داروودەستەکانیان ڕووبەڕووی ئەو چالاکییانە نەبوونەتەوە و هەوڵی ئیفلیج کردن و کپکردنی دەنگی کۆمەڵەکەیان نەداوە ؟ ئایا لە دووڕەوە چاودێریی جوڵەکانیان دەکرد، یاخود لەسەر ڕێسای کار و کاردانەوە کاریان دەکرد؟

لە میان بەدواداچوونەکانماندا بۆ کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە کە ئامانجی گەیاندنی پەیامی نەتەوەی کورد بووە بۆ ڕای گشتی و جیهان، بۆمان دەرکەوت کە بەدەرنەبووە لە هێرش و شێوازە جۆربەجۆرەکانی دەستدرێکردن و هەمیشە یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیرکردووە، ئەویش لەڕێگەی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی قوتابیانیان، هەروەها فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکان و بەکرێگیراوانیان. بەشێک لە شێوازەکانی کارکردن لە دژی کۆمەڵەکە ئەمانە بوون:

- چاندنی کەسانێکی بەکرێگیراو[١٤٤] یاخود خۆفرۆشانی نەفس نزم لەنێو کۆمەڵەکەدا.
- هێرشکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ئەندامانی کۆمەڵەکە لە شوێنی کۆبوونەوەکانیان، بەتایبەتی هێرشکردنە سەر هۆڵەکانی ئاهەنگێڕان بە بۆنەی (جەژنی نەورۆز) بەمەبەستی تێکدانی ئاهەنگەکە.
- گوشار خستنەسەر وڵاتانی ئەوروپی بۆ قەدەغەکردنی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لەسەر خاکی وڵاتیان، ئەویش لەڕێی چاوشۆڕکردنیان بە وەرگرتنی بەرتیلی نەوت بە خۆڕایی، یاخود ئیمزاکردنی چەند ڕێککەوتننامە و پەیماننامەیەکی دوو قۆڵی ئابووری و سیاسی.
- دەرکردنی بەیاننامەی گومانلێکراو کە ئامانجیان ئابڕووبردنی کۆمەڵەکە بوو و هەوڵی تێکدانی یەکڕیزیی قوتابیانی کوردیان دەدا. بۆیە قادر عارف لە کۆنگرەی چواردەی ساڵی (١٩٧٠) کە لە ستۆکهۆڵم بەسترابوو، لە کۆمەڵەکە دەرکرا، بەتۆمەتی

دەست تێکەڵکردن لەگەڵ باڵیۆزخانەی سووریا و دەرکەوت کە هەر ئەویش بووە بەیاننامەی ساختەی بڵاوکردووەتەوە و تێیاندا هێرش کراوەتە سەر کۆمەڵەکە. هەروەها سیامەند زەید ئەحمەد عوسمانیش لە ساڵی (١٩٧٠) لە کۆمەڵەکە دەرکرا بە تۆمەتی پەیوەندیکردنی بە چەند لایەنێکی عەرەبیی لوبنانی، بەتایبەتی هێزە فەلەستینییەکان. عومەر شێخموس پێپراگەیاندم کە سیامەند دۆستێکی نزیکی چەند ڕێکخستنێکی فەلەستینی بوو و لەکاتی کارکردنی لەگەڵ یەکێک لەو ڕێکخراوانە، بریندابووە.

- هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی کۆمەڵەکە لە کۆنگرە و فیستیڤاڵ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، بە گوشار خستنەسەر و چاوشۆڕکردن، یاخود دەم چەورکردنی ڕێکخەرانی ئەو کۆڕبەندە جیهانییانە و تێگەیاندنیان کە گوایە ئەم کۆمەڵەیە ئامانجی دابڕینی بەشێکی وڵاتانی ئەوانیانە و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی جوداخوازی دەکەن، ڕێسا و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕێگە بە دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی هیچ وڵاتێکی ئەندام نادات.
- هەوڵدان بۆ شێواندن و لەکەدارکردنی دۆزی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە ڕەواکەی. بڕواش ناکەین کە پۆلیس و دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی ئەوڕوپایی بێئاگابن لەم هەڵسوکەوتانە، بگرە هەندێک جار پۆلیسیش چاودێریی چڕی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکەیان دەکرد.

هەر لەم ڕووەوە، بەدوور نازانرێت کە دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی ئەوڕوپاش لێرە و لەوێ چەند کوردێکی بە کرێگرتبێت بۆ چاودێریکردنی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی نێو خاکی وڵاتانیان، نەک تەنیا بۆ چاودێریکردنی ڕەوەندی کوردی، بگرە بۆ تەواوی ڕەوەندەکانی تری وڵاتانیان، بەتایبەتی چالاکەکانیان. لە ئایندەیەکی نزیکدا پەردە لەسەر ڕووی چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنیی تایبەت بەم بابەتە هەڵدەماڵرێت، هەروەک لەوەی بەریتانیا بەرچاو دەکەوێت کە هەریەکە لە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد چەند بەڵگەنامەیەکی بەریتانیی تایبەتی پەیوەندیدار بە کورد و چالاکییەکانیانی بەناونیشانی"الکورد و کوردستان فی الوثائق السریة البریطانیة"کۆکردووەتەوە و وەریگێڕاون بۆ سەر زمانی عەرەبی و

بڵاوبکردوونەتەوە. هەروەها دکتۆر وەلید حەمدیش کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بەریتانیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە کتێبێکیدا بە ناوی"الکورد و کوردستان فی الوثائق البریطانیة – دراسة تأریخی و ثائقیة"بڵاوبکردوونەتەوە.

ئەمانەش چەند نموونەیەکی ئەو گێچەڵکارییانەن کە دەرهەق بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کراون:

١. پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەشدا کە لە شاری (میونیخ- München)ی ئەڵمانی بەسترا، ژمارەیەک لە (یەکێتیی قوتابیانی ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبی) بە بیانووی ئەوەی کە قوتابیانی کوردی ئەم کۆمەڵەیە، کاردەکەن لەپێناو پچڕینەوەی بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی لە سووریا و عێراق، هەڵیانکوتاوەتە سەر شوێنی بەستنی کۆنگرەکە و دەستدرێژییان کردووەتە سەر قوتابیانی کوردی کۆمەڵەکە. (بۆ زانیاریی زیاتر، بگەڕێوە سەر کۆنگرەی سێیەکی کۆمەڵەکە).

٢. لە شوباتی ساڵی ١٩٥٠دا"کۆمەڵەی دیراساتی کۆمەڵایەتی"لە لۆزان ئێوارە کۆڕێکی پشتگیریکردنی شاعیری تورکی"نازم حیکمەت"یان سازکردبوو کە لە لایەن حکومەتی تورکییەوە دەستگیر کرابوو و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، ئەو کۆمەڵەیەش داوای ئازادکردنی دەکرد. نورەدین زازا، ئەندامی کۆمەڵەکە ڕاسپێردرابوو وتارێک لەو ئێوارە کۆڕەدا بخوێنێتەوە. پێش دەستپێکردنی ئێوارە کۆڕەکە، سەرۆکی قوتابیانی تورک هەوڵی دەدا لەمپەر بخاتە بەر بەستنی کۆڕەکە و دەیگوت: نورەدین زازا بۆی نییە هێرش بکاتە سەر تورکیا، بەڵام کۆڕگێڕەکە بێدەنگی کردبوو. جا کە نورەدین زازا سەرقاڵی خوێندنەوەی وتارەکەی دەبێت، دەستەیەک لە قوتابیانی تورک لێی نزیک دەبنەوە و ویستبوویان بە شووشەی بەتاڵی کۆکا کۆلا هێرشی بکەنە سەر، بەڵام لەلایەن قوتابیانی ئەمەریکا کە چاودێریکردنی هۆڵەکەیان پێسپێردرابوو، ناچارکران بکشێنەوە. پاش مانگێک بەسەر ئەم ڕووداوە و دوای دەستوەردانی باڵیۆزی تورکیا، پۆلیسی فیدراڵیی سویسرا، لێپێچینەوەی لەگەڵ نورەدین زازا کرد و دواتر داوای لێکرد خاکی سویسرا بەجێبهێڵێت و قەدەغەکرا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەو وڵاتە. بەڵام بەهۆی پارێزەرێکی بەوەفای نورەدین زازا، داواکاری و ئاواتەکەی باڵیۆزی تورکیا

نەهاتەدی. تەنانەت لە قۆناغی یەکەمی دەرکردنی ڕۆژنامەی"Dengê Kurdistan"دا لە ئەنجامی داواکاری و هەڕەشەکانی حکومەتی تورکیا لە سویسرا، چاپکردنی ڕۆژنامەکە لەوێ قەدەغەکرا، بۆیە لەو قۆناغەدا لە پاریس چاپ دەکرا و لەوێوە دابەش دەکرا.

٣. دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە یاداشتنامەکەیدا کە لە بەراییەکانی ساڵی (٢٠١٤) دا بەناونیشانی: (من مذکرات عصمت شریف وانلي) باسیکردووە کە کاتێک لە ساڵی (١٩٥٩) سەرۆکایەتیی شاندێکی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی کردووە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) لە یاڵتا ڕێکیخستبوو، ڕێگەی پێنەدرابوو بە ناوی کورد و کوردستانەوە وتار بخوێنێتەوە، بەڵکو بۆی هەیە بەناوی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە وتارەکەی بخوێنێتەوە، ئەمەش هەر لە ئەنجامی ئەو گوشارانەدا بوو کە ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان خستبوویانە سەر یەکێتییەکە. وانلی دەنووسێت و دەڵێت:

".... دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنفرانس ناوی من و کۆمەڵەکەی خستە ڕیزی (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان) نەک وەک ڕێکخراوێکی خوێندکاریی نیشتمانی، هاوشێوەی ڕێکخراوەکانی دیکە، من ئەوەم ڕەتکردەوە، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتیی فیستیڤاڵ پێداگرییان لەسەر هەڵوێستەکەی خۆیان کرد، بۆیە چووم سکاڵای کۆمەڵەکەم بردە لای (جێری پلیکان) سەرۆکی ئەوسای یەکێتیی قوتابیانی جیهان و سەرۆکی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەوەی دواییان پێیگوتم (٢٤) سەعات مۆڵەتم بدەرێ با خۆم لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان قسە بکەم ... بۆ ڕۆژی دواتر سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی گشتیی سۆڤیەتی هاتە لام و پێیگوتم: (پرسەکەم لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار باسکردووە و هەیانە دەڵێن: کورد نەتەوەیە و هەشە بە پێچەوانەی ئەمان، دەڵێن ئەگەر کۆمەڵەکەتان لە لیستی کۆمەڵەی قوتابیانی نیشتمانی دابنێین، ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا نیگەران دەبن ..."ئینجا پێمگوت:"ئاخر ئێمە نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکەین کە داگیرکەران کوردستانیان پارچە پارچە کردووە". ئا بەم شێوەیە ناوی کۆمەڵەکەمان لە لیستی بەشداربووانی کۆنفرانسدا لە لیستی (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان) لەگەڵ یۆنسکۆدا دانرا. بۆیە من زۆر تووڕە بووم و لەسەر ئەم هەڵوێستە، وتارێکم لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوکردەوە ...".

٤. عومەر شێخموس گێڕایەوە: لە ساڵی (١٩٦٣) کاتێک نیشتەجێی لەندەن بووە و کۆمەڵەکە بە نیازی خۆپیشاندانێک بووە دژی ڕژێمی بەغدا، پۆلیسی لەندەنیش پێیڕاگەیاندووە پێویستە بزانن کە باڵیۆزخانەی ڕژێمی عێراقیش بەتەمان دژی خۆپیشاندانەکەی ئێوە، خۆپیشاندانێک ڕێکبخەن.

٥. لە ساڵی ١٩٦٣ هەوڵێکی زۆر درا بۆئەوەی کێشەی کورد بخرێتە نێو خشتەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت. چۆن پەشیمان بوونەوە؟ ڕاستتر بڵێین بە گوشاری تورکیا کێشەکە لەنێو خشتەکەدا دەرهێنرا.

٦. محەمەد سلێمان پێیگوتم: کاتێک لە چیکۆسلۆڤاکیا دەیخوێند، کۆمەڵە خوێندکارێکی عەرەب کە لەسەر بەعسییەکانی سووریا و عێراق و یەمەن حسێب دەکران، چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەر ئەو شوێنانەی کە چالاکییەکانمان تێدا ئەنجام دەدا، ئەمەش لە ساڵانی نێوان (١٩٦٦ و ١٩٧٠) ڕوویداوە.

٧. هەر دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت: لە ساڵی (١٩٦٠) کاتێک سەرۆکایەتیی شاندێکی کۆمەڵەکەم دەکرد بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە بەغدا، (جیری پلیکان)ی سەرۆکی یەکێتییەکەی بینیوە و قسەی لەگەڵدا کردووە و باسی بە ئەندامبوونی کۆمەڵەکەیان لە یەکێتییەکەدا کردووە، بە سیفەتی (ئەندامی کارا)، سەرۆکی یەکێتییەکە نەرمییەکی زۆری نواندووە، بەڵام:".... ئەم پرسە لەکاتی بەستنی کۆنگرەکە لە بەغدا، ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت و سەرکردەکانی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری عێراق، لەپێش هەموویانەوە (مەهدی ئەلحافز) کە سەرۆکی ئەوسای یەکێتییەکە بوو، ڕۆڵێکی هەلپەرست و شەڕانگێزانەی بەرانبەر ئێمە نواند و بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی ئێمەیان دەدا، هەرچییەکیشیان ویست بەدڵی ئەوان کۆتایی هات، چونکە زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەکە، ئەندامانی ئەو یەکێتییانە بوون کە لەسەر شیوعی و چەپخوازەکان هەژمار دەکران ....".

٨. پێشتر ئاماژەمان بەوە داوە کە باڵیۆزخانەی عێراقی دەستی لە قەدەغەکردنی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەکەدا هەبووە کە بڕیاربوو لە ئابی ساڵی (١٩٦٧) لە دەوڵەتی نەمسا ببەسترێت. دەسەڵاتدارانی باڵیۆزخانەکە هەڕەشەیان لە حکومەتی نەمسا کردووە و

وایانکـردووە، حکومەتـی نەمسـا پەشـیمان ببێتـەوە لـەوەی کـەوا کۆنگرەکـە لەنێو خاکی وڵاتـی ئەوانـدا ببەسـترێت. هەروەهـا خـودی سـەدام حوسـێن ڕۆڵـی سـەرەکیی گێـڕاوە لـە قەدەغەکردنـی بەسـتنی کۆنگـرەی بەلگـراد بوخاریسـت و باڵیۆزخانـەی عێراقیـش بە هەمـوو سـەنگی خۆیـان گوشـاریان خستووەتەسـەر هـەردوو حکومەتـی یۆگسـلاڤیا و ڕۆمانیا و سـەدام حوسـێن بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ هەڕەشـەی لێکردوون ئەگەر ڕێگەی بەسـتنی کۆنگرەکـە لەسـەر خاکـی وڵاتـی ئەوانـدا بدرێـت - بەپێـی گوتەکانـی تاریـق ئاکرەیـی- بـەڵام ئەنجام هـەردوو حکومەتەکـە هەڕەشـەکانی سـەدام و باڵیۆزخانەکەیان بـە هەنـد وەرنەگرتـووە و ڕێگەیـان دا کۆنگرەکـە لەوێ ببەسـترێت.

٩. نامـە و پەیوەندییەکانـی کۆمەڵەکـە لەگـەڵ لایەنـە نێودەوڵەتییەکانـی مافەکانـی مـرۆڤ بـۆ ڕوونکردنـەوەی نیـازی گەلاوێ ڕژێمەکانـی دتگیرکـەری کوردسـتان لـە نکۆڵیکـردن لـە هەبوونـی نەتـەوەی کـورد وەک پێکهاتەیەکـی جیـاواز و ناسراو و بێبەشـکردنی لە تەواوی مافەکانـی مـرۆڤ و مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانیان و پەیڕەوکردنـی سیاسـەتێکی پـلان بۆدارێـژراو بـۆ قڕکردنی نەتـەوەی کورد، ببووە سـەرچاوەی نیگەرانی و وەڕسـکردنی ئـەو ڕژێمـە داگیرکارانـە و وایلێکـردن گفتوگـۆی جیـددی سـەبارەت بـەم پرسـە، لەگـەڵ هاوپەیمانانیـدا بـکات. لـە لاپـەڕە (٢٧٩-٢٨١)ی کتێبـی (الکـورد و کوردسـتان في الوثائـق البریطانیـة)ی دکتـۆر وەلیـد حەمـدی بـە ناونیشـانی (حلـف بغـداد یناقـش نشـاطات الجمعیـة الطلبـة الکـورد في أوربـا)دا هاتـووە: باڵیـۆزی ئێـران لـە ئەنجومەنـی (پەیمانـی بەغدا) کە لەئایاری سـاڵی (١٩٦٠)دا بەسـتراوە، چالاکییەکانی کۆمەڵەکەی بۆ گفتوگۆکردن خسـتووەتەڕوو. (دەقـی ڕاپۆرتەکـە لـە بەشـی شەشـەم، لـە بەڵگەنامـەی ژمـارە ٣٢ دایـە).

١٠.حکومەتـی شـای ئێـران دژی بەئەندامبوونـی قوتابیانـی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـووە لـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا. جـا کـە بـەوەی زانیـوە کـە ئـەو خوێنکارانـە چوونەتـە ڕیـزی ئـەم کۆمەڵەیـە، لـە هاوینـی سـاڵی (١٩٧١) شـاندێکی سـێ کەسـیی نـاسراوی ڕۆشـنبیرانی کـوردی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانی ناردۆتە ئەڵمانیـا کە بریتی بـوون لـە سـواڕە ئیلخانیـزادە، سـەڵاحەدین موهتـەدی و دکتـۆر موفتیـزادە کـە ئـەوەی دوایـی پەیوەندیـی لەگـەڵ دەزگای سـاڤاکی ئێرانیـدا هەبـووە. هـەر کـە گەڕاونەتـەوە ئێـران، لـەلای دوو هاوڕێکـەی دیکەدا گوتبـووی داوام لێکراوە کە بەتەنیـا جێتان نەهێڵم

لەگەڵ قوتابیانی کورد، ئەوانەی کە لەوێ یەکتریمان دەبینی. لەوێ ئەو شاندە سێ کەسییە، هەموو قوتابیانی ڕۆژئاوای کوردستانیان بانگهێشتی شاری منشنی ئەڵمانی کردبوو و بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵیاندا کۆببوونەوە. ژمارەی ئەو خوێندکارانە دەگەیشتە نزیکەی (١٥) خوێندکار (حەسەن شتوی، محەمەد موهتەدی، حاجی ئەحمەدی، حەسەن حەسەنی، تاهیر حوسامی، قاسم کەریمی، سەلیم بابان کەریم بەیروویتی، ڕەحمان قادری، حەسەنی قازی، هەڵمەت حوسامی و .....) بەڵام ئیلخانیزادە و موهتەدی بە نهێنی قوتابیانی ڕۆژهەڵاتیان تێگەیاندبوو کە دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوانی بە تایبەت ناردووە تاوەکو بەشداری لە کۆنگرەی گشتیی کۆمەڵەکەدا بکەن و چاویان بە قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەوێ. هەروەها ئەوەشیان بە خوێندکاران ڕاگەیاندبوو کە هەر کاتێک ئاغا موفتیزادە لەناویان ئامادەبوو، ناوی شا بە خراپی نەهێنن، چەند خوێندکارێکیشیان ڕاسپاردبوو بچنە لای ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە و داوایان لێ بکەن بەهەر هۆکارێک بێت، دوابخەن، جا ئەگەر دوانەخرا و کۆنگرەکە لە کات و شوێنی دیاریکراوی خۆیدا بەسترا، ئەوا داوا لە هەموو قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن لەبەردەم دەرگای هۆڵی کۆنگرەدا گردببنەوە و ڕێگری لەو سێ کەسەمان بکەن کە نەیەنە هۆڵی بەستنی کۆنگرەکە و پێمانبڵێن: ئێوە بەکرێگیراوی شان و بۆتان نییە بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن. ئەوەبوو، محەمەد موهتەدی و یەکێکی دی دەچنە لای دکتۆر کەمال فوئاد و وردەکاریی چیرۆکەکەیان تێگەیاند، ئەنجام کۆنگرەی گشتیی سااڵنەی کۆمەڵەکە نەبەسترا. ئا بەم شێوەیە ئەم شاندە سێ کەسییەی لە ئێرانەوە نێردرابوون، دوو هەفتەی ڕەبەق بە قسەی خۆش و ڕابواردنی شەوانەیان بەڕێکخست. هەرئەوەندەیان بە خوێندکاران گوت کە ئاگایان لە خوێندنەکەی خۆیان بێت و هیچ چالاکییەکی دژی شا لە ئەورووپا ئەنجام نەدەن. لە بەرانبەریشدا شا هەموو جۆرە هاوکارییەکی داراییان پێشکەش بکات، هەر لە تێچووی خوێندن تا دەگاتە دابینکردنی خەرجیی گوزەرانیان. بەڵام گشت قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێکڕا ئەم ئۆفەرەیان ڕەتکردەوە. لێرەدا دکتۆر حەسەن شتوی دەربارەی ئەم پرسە دەڵێت:"سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵانی کەم هەتاکو ئێستا، نە بیستوومە و نە بینیومە کە هیچ خوێندکارێک لە بەرانبەر بەرژەوەندیی تاکە کەسیدا، ویژدان و خۆی بە هیچ لایەنێکی سیاسیی دژە کورد فرۆشتبێت، بە

پێچەوانەی چەند کوردێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەمەش مایەی فەخر و شانازیی ئێمەیە، ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

١١.دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە پێیگوتووم کە جارێکیان لە ساڵی ١٩٦٩دا بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بینیوە کە ناوی (زایدن- Zeiden) بووە و پێشتر لە چەندین وڵاتدا باڵیۆزی وڵاتەکەی بووە و دۆستی گەلی کورد بووە، ئەو بەرپرسە ئەڵمانییە پێیگوتووە:

ئەگەر بەرپرسانی باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی عەرەبی، هێندەی ڕاپۆرتیان لەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بەرزکردووەتەوە، هێندەشیان سەبارەت بە دۆخی گەلانی وڵاتانی خۆشیان ڕاپۆرتیان بەرزبکردایەتەوە، خزمەتی زیاتریان بە گەلانی خۆیان دەگەیاند.!

١٢.دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا گشتاندنێکی نێوخۆییان بەسەر سەرجەم دەروازە سنووریی‌ەکان و فڕۆکەخانەکاندا دابەشکردووە و داوای قەدەغەکردنی هاتنەژوورەوەی گۆڤاری (Kurdistan) دەکات کە لە قۆناغی دووەمدا، بە زمانحاڵی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هەژمار دەکرێت. (دەقی نووسراوی گشتاندنەکە لە بەشی شەشەم و لە بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠)دایە.

١٣.کاتێک ئێرانییەکان لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ تا دەگاتە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١ دەست بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکیدا دەگرن لە تاران، یاداشتنامەیەکی دەزگای (CIA)ی ئەمەریکییان دەکەوێتە بەردەست و لەو یاداشتنامەیەدا شای ئێران لە ساڵی (١٩٧٥)دا واتە پاش نسکۆی شۆڕشی کورد، بە ئەمیر عەباس هوەیدا، سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی دەڵێت: لەو کاتەی کە پێویستە هاوکاریی کوردان بکەین، پێویستە ئاگاداری هەڵسوکەوتی کوردی تاراوگەش بین، بەتایبەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا (KSSE). لەم ئاگادارکردنەوەیەشدا دەردەکەوێت کە شای ئێران چەند بایەخی بە کار و چالاکییەکانی کوردی تاراوگە داوە، بەتایبەتی کۆمەڵەکانی قوتابیانیان، ئەمەش لە خۆیدا پێگەی کۆمەڵەکە لەلای دوژمنانی کورددا دەردەخات.

١٤.شکری جومعە کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە پۆڵۆنیا دەیخوێند، پێیڕاگەیاندووم کە هەر کاتێک قوتابیانی کورد و لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد

لـە ئەورۆپـا بەتەمـای ئەنجامدانـی چالاکییـەک بوونایـە لەپێنـاو گەیاندنـی دەنگـی کپکـراوی کـورد بـە ڕای گشـتیی ئەورۆپـا، کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی وڵاتانـی عەرەبـی، بێجگـە لـە کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێـراق، بەتایبەتـی قوتابیانـی سـووریا، هێرشـیان دەکـردە سـەرمان و هەوڵیـان دەدا شکسـت بـە چالاکییەکانمـان بهێنـن. لـە سـەنتەری قوتابیانـی پایتەختـی پۆڵۆنیـا، دروشـمی سـەرجەم ڕێکخراوەکانـی خوێندکاران هەڵواسرابـوو، بـە دروشـمی کۆمەڵەکـەی ئێمەشـەوە. لـە ڕۆژێکـی سـاڵی (١٩٧٢) دا سـەردانی سـەنتەرەکەم کـرد، بینیـم دروشـمی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا نەمـاوە، لـە بەرپرسـانی ئەوێـم پرسـی: هـۆکاری نەمانـی دروشـمی کۆمەڵەکەی ئێمـە چییـە؟ لـە سـەرەتادا خۆیـان لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکەم دەدزییـەوە، بـەڵام کـە لێیانـم دووبـارە کـردەوە، وەڵامەکەیـان ئەوەبـوو کـە کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی عـەرەب، ناڕەزاییـان لـە هەڵواسـینی دروشـمی کۆمەڵەکـەی ئێـوە دەربڕیـوە و ئێمەیـان سەرپشـک کـرد کـە یـان دروشـمی کۆمەڵەکـەی ئێـوە، یانیـش دروشـمی کۆمەڵەکانـی قوتابیانـی ئـەوان هەڵبواسرێـن. ئینجـا پێیانگـوت: مـن دەچـم سـکاڵاتان لەسـەر تۆمـار دەکـەم، چونکـە کۆمەڵەکـەی ئێمـە مۆڵەتپێـدراوە و بـە شـێوەیەکی یاسـایی بڕواپێکـراوە و ناتوانـن دروشـمەکەی ئێمـە بێننـە خـوارەوە. ئەنجـام دروشـمی کۆمەڵەکـەی ئێمەیـان هێنایـەوە و لـە شـوێنە کۆنەکـەی خۆیـدا هەڵیانواسـییەوە. تەنانـەت محەمـەد تەڵـەب هیـلال کـە ئـەوکات باڵیـۆزی سـووریا بـوو لـە پۆڵۆنیـا، لـە وانەیەکیـدا بـۆ ئامادەبـووان، نکۆڵـی لـە کێشـەیەک کـرد کـە نـاوی کێشـەی کـورد بێـت، یاخـود نەتەوەیـەک هەبێـت بەنـاوی نەتـەوەی کـورد لـە سـووریا. لـە سـاڵی (١٩٧٣) شـدا کاتێـک کـە خوێندنـم تەواوکـرد، بەڵگەنامـەی نشـینگەیان بـۆ نـوێ نەکردمـەوە، ئەگەرچـی هاوسـەرەکەم بـە ڕەگـەز پۆڵۆنیشـە، جـا کـە هاوسـەرەکەم بەدواداچوونـی بـۆ ئـەم بابەتـە کـرد، پێیانگوتبـوو: ڕەتکردنەوەکـە لـە وەزارەتـی ناوخـۆوە هاتـووە، نـەک لـە فەرمانگـەی نشـینگە، هۆکارەکەشـی ئەوەیـە کـە پیاوەکـەی ڕەخنـەی تونـد لـە هەڵسـوکەوتی وڵاتانـی سۆشیالیسـت دەگرێـت و هـەڕش دەکاتـە سـەر ڕژێمەکانـی عێـراق و سـووریا کـە دوو دەوڵەتـی پێشـکەوتنخوازی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتن!!!

١٥.لـە سـاڵی (١٩٦٩) کاتێـک لقـی براتیسـلاڤای کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا، پێشـانگایەکی فۆتۆگرافییـان لـە زانکـۆی تەکنیکیـدا کردبـووەوە، قوتابیانـی عـەرەب

هەڵیانکوتابوو سەر ئەو شوێنەی پشانگاکەی لێکرابووەوە و هەوڵیان دابوو چەند وێنەیەکی پێشانگاکە بشێوێنن، لەوانەش وێنەی بارزانی، ئەم هەوڵەشیان بە ئامانجی ئاژاوەنانەوە و پشێوی بوو بۆئەوەی شکست بە پێشانگاکە بهێنن، بەڵام ئەندامانی کۆمەڵەکە بە هاوکاریی پیاوچاکان و دۆستانی کۆمەڵەکە لە سلۆڤاک، بەرەنگاری ان بوونەوە و لەوناوە دووریانخستنەوە.

١٦.دکتۆر نەوفەل ئەحمەد، پێگوتم کە لقی ئیتاڵیای کۆمەڵەکە، وەکو نەریتێکی ساڵانە، لە ساڵی (١٩٧٥)دا ویستیان ئاهەنگێک بەبۆنەی جەژنی (نەورۆز)ەوە بگێڕن، جا کە میوانان و کوردی ئەوێ لە شوێنی ئاهەنگێڕانەکە گردبوونەوە، پۆلیسی ئیتاڵیا ڕێگرییان لەو ڕێوڕەسمە کرد. جا کە سەرۆکی زانکۆکە دەگاتە شوێنی ئاهەنگێڕانەکە، هەڵبەت ئەویش یەکێک بووە لە داوەتکراوان و شتەکەی بە چاوی خۆی بینی و پرسیاری لە پۆلیس کرد و داوای لێکردن ڕوونکردنەوەی بدەنێ سەبارەت بەم ڕەفتارە. بەرپرسانی پۆلیس پێیانگوتبوو: ئێمە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەکەین! سەرۆکی زانکۆ بەم وەڵامە زۆر پەست دەبێ و دەستبەجێ داوا لە میوان و ئاهەنگێڕان دەکات ڕووبکەنە هۆڵە گەورەکەی زانکۆکە و ئاهەنگەکەی پێیانگواستەوە ئەوێ، هەر بەو بۆنەیەشەوە وتەیەکی پیرۆزبایی کردنی جەژنەکەی لە ئامادەبووان کرد و هاوسۆزیی خۆی بۆ کێشەی کورد دەربڕی.

دکتۆر نەوفەل ئەحمەد، ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، وتارێکی پڕ لە حەماسەتی خوێندەوە و ڕەخنەیەکی تۆندی لە بەرپرسانی حکومەتی ئیتاڵیا گرت کە لە بەرانبەر کەشتییەکی نەوتدا بەم نەورۆزە، ڕێگریی لە ئاهەنگێڕان کردووە کە حکومەتی عێراق بە دیاریی بۆ ئیتاڵیای ناردووە. پاش ماوەیەکی کورت دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیا دەنێرنە دوای دکتۆر نەوفەل و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەن.

١٧.دکتۆر بەکر سەیدۆ ئەوەی بۆ گێرامەوە کە لە ساڵی (١٩٧١)دا دەچێتە مۆسکۆ بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، ڕۆژێکیان، هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵێک خوێندکاری وڵاتانی عەرەب و ژمارەیەک لە قوتابیانی کوردی عێراق و سووریاش کە سەر بە حزبی شیوعیی عێراقی و سووری دەبن، بە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵەیەک بۆئەو خوێندکارانەی ئەوێ، کۆدەبنەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کیبڕکێ و دەنگە دەنگێکی

زۆر لەنێوان ئەو خوێندکارانەی مەیلی ناسیۆنالیستی و شۆفێنییان هەبوو، بەتایبەتی ناسری و بەعسییەکان و چەند خوێندکارێکی کورد پەیدا دەبێت لەسەر ناوونانی کۆمەڵەکە کە قوتابیانی عەرەب پێداگرییان دەکرد ناوی کۆمەڵەکە (کۆمەڵەی حوێندکارانی عەرەب) بێت کەچی چەند خوێندکارێکی کورد سووربوون لەسەر ناوونانی بە (کۆمەڵەی قوتابیانی وڵاتانی عەرەب). لە بەرانبەر سووربوونی قوتابیانی کوردی عێراق، بەتایبەتی سەڵاح زەنگنە، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمیتەی شیوعیی عێراق و تەواوی یەکێتیی سۆڤیەت کە دواتر بووە سکرتێری کۆمەڵەکە، لەسەر ناوی دووەم ڕێککەوتن و کۆمەڵەکە بەناوی (کۆمەڵەی قوتابیانی وڵاتانی عەرەب) دامەزرا. دکتۆر بەکر سەیدۆ ئەوەشی گوت کە قوتابیانی شیوعیی سووریا زۆر زوو سازشیان بۆ بۆچوونەکەی قوتابیانی عەرەب کرد.

١٨.لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، فیستیڤاڵێکی ساڵانە ڕێکدەخرا و خوێندکاران و لاوانی ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی ئەورووپا و بیانی بەشداریان تێدا دەکرد. فیستیڤاڵەکەش لە سەر ڕووباری ڕاین، لەنێوان شاری بۆن و کۆڵنی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچوو. لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاش یەکێک بوو لە بەشداربووانی فیستیڤاڵەکە. جا لەبەرئەوەی ئەم گردبوونەوە جیهانییە ببووە مایەی سەرنجڕاکێشانی میدیاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیناو و بیستراو، لقی کۆمەڵەکەش هەموو توانایەکی خۆیان خستبووە گڕ بۆ بە هەلزانینی ئەم کۆڕبەندە جیهانییە و تەواوی هەوڵەکانی خۆیان کۆکردبووەوە بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە، جا چ بە نمایشکردنی جلوبەرگی کوردی بێت یان بە دابەشکردنی دیاری و فۆڵدەری تایبەت بێت. ساڵ بە ساڵیش بەشداربوونی کۆمەڵەکە دەبووە مایەی بایەخ و سەرنجی بەشداربووان، بۆیە شوێنی تایبەت و کاتی تایبەتیشیان بۆ نمایشەکانی کۆمەڵەکە لە ڕۆژی کردنەوەی فیستیڤاڵەکەدا بۆتەرخان دەکرا کە بەرپرسانی باڵا و دیپلۆماتکارانی حکومەتە بەشداربووەکان ئامادەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ئەو ڕۆژە دەبوون. بۆیە حکومەتی تورکیا، بە بەشداربوونی کورد زۆر پەست و نیگەران دەبێت و داوا لە کونسوڵی خۆیان دەکات بەدواداچوونێکی ورد بۆ ئەم بابەتە بکات و هەوڵی ڕێگریکردن لە کۆمەڵەکە بدرێت.

ئیبراهیم دزەییش پێیگوتووم کە ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکە هاتوونەتە لای و بۆیان ڕوونکردووەتەوە کە تیپی کۆمەڵەکەتان ناتوانێت لە ڕۆژی کردنەوەدا نمایشی تابلۆی هەڵپەڕکێ و گۆرانییە کوردییەکان بکەن، چونکە ئەمە داواکاریی کونسوڵی تورکیایە و ئەوانیش ئامادە نین بۆ ئێوە قوربانی بەو پەیوەندییە باشەمان بدەین لەگەڵ تورکیا.

١٩.هاوینی ساڵی (١٩٧٤) و لە کۆنگرەی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) لە شاری دیبرۆڤنیکی یۆگسلاڤیادا، شاندی ڕێڕەوی عێراق توانی ڕێگری لە دەرکردنی هەر بڕیارێک بکات کە ئیدانەی هێرشەکانی سوپای عێراق بکات بۆ سەر کوردستان، بەڵام کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، لە میان داوەتکردنی شاندێکی زۆری وڵاتان لە گردبوونەوەیەکی ئێواراندا، توانیی ڕەزامەندیی چەند شاندێکی بەشداری کۆنگرەکە وەربگرێت بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەک کە تێیدا ڕەفتارە نامرۆییەکانی ڕژێمی بەغدا دەرهەق میللەتی کورد ئیدانە بکات، شاندەکەی هەنگاریا و یەکێتیی شۆڤیەت، یەکێک بوون لەوانەی ئیمزایان لەسەر بەیاننامەکەدا کردبوو.

٢٠.لە ناوەڕاستی نیسانی ساڵی (١٩٦٥) دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، سەردانێکی ئەمەریکای کردبوو و لەوێ چەند بەرپرسێکی حکومیی بینیبوو کە ئەوکات بە وتەبێژی فەرمیی شۆڕشی کورد دەستنیشان کرابوو. لە دیدارەکانیدا داوای هاوکاریکردنی شۆڕشی کوردی کردبوو. باڵیۆزخانەی عێراقیش هەوڵێکی زۆری دابوو شکست بەو سەفەرەی وانلی بهێنێت و داوای لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردبوو، پێشوازیی نەکەن و لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بوون و هیچ لایەنێکی فەرمیی وڵات ئامادە نەبوون پێشوازیی لە وانلی بکەن و گوێیان لە داواکارییەکانی ئەو بێت، تەنیا چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پیران نەبێت کە بە سیفەتێکی نافەرمی بینیبوویان، تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەو کۆبوونەوەیەشی هەڵوەشاندەوە کە بڕیاربوو وانلی لەگەڵ ولیام دۆگلاس، دادوەری دادگای باڵادا کۆببێتەوە، ئەو دادوەرە یەکێک بوو لە دۆستانی کورد لە ئەمەریکا، نەک هەر ئەوەندە، لە (١)ی ئایاردا پەیامنێری ئاژانسی سۆڤیەتی نامەیەکی بۆ ژووری ئەو ئۆتێلە ناردبوو کە وانلیی تێدا دابەزیبوو، لە نامەکەدا هاتبوو:

"هاوڕێیانم داوایان لێکردووم، وانلی ئاگادارىکەمەوە کە ئیبراهیم قلیلات لە

بەغـداوە نێـردراوە بـۆ تیرۆرکردنـی ئـەو، پێشـدەچێت لـە ئێسـتادا قلـیلات لـە نیویـۆرک بێـت، هەرچەنـدە ئەمـە دووپـات نەکراوەتـەوە، زانیارییـەکان زۆر باوەڕپێکـراون و پێویسـتە ئـاگاداری خـۆت بیـت".

دەسـتبەجێ پۆلیسـی نیویـۆرک لـە ناوەڕۆکـی نامەکـە ئـاگادار دەکرێتـەوە و ئـەوان ئامۆژگاریـی وانلـی دەکـەن، بچێتـە ئۆتێلێکـی تـر و بـە ناوێکـی خـوازراوەوە ژوور بگرێـت.

٢١.لـە هاوینـی سـاڵی (١٩٧٠) ئەندامێکـی کۆمەڵەکـە لـە لقـی ئیتاڵیـا کـە نـاوی حیکمـەت یوسـف دەبێـت، لەگـەڵ خێزانێکـدا کـە بایـەخ بـە کێشـەی کـورد دەدەن، بـە گەشـتێک دەچنـە تورکیـا و لـەوێ چاویـان بـە ژمارەیـەک کـوردی ئـەوێ کەوتـووە کـە شـەهید سـەعید ئاڵچـی، سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، یەکێـک بـووە لەوانـە، بۆیـە ئـەو ئەندامـەی کۆمەڵەکـە دەسـتگیر دەکرێـت و تووشـی ئەشـکەنجە و لێدانێکـی زۆر دەبێـت و سـووکایەتیی پێدەکـەن و ناهێڵـن بگەڕێتـەوە ئیتاڵیـا بـۆ تەواوکردنـی خوێندنەکـەی، بەڵکـو ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی سـووریای دەکـەن. هەڕەشـە لـەو خێزانـە ئیتاڵییـەش دەکـەن کـە ئەگـەر جارێکـی تـر ئـەم شـتەیان دووبـارە ببێتـەوە، ئەوانیـش دەسـتگیر دەکرێـن و ڕووبـەڕووی چارەنووسـێکی نادیـار دەکرێنـەوە.

٢٢.عومـەر خـدر، خەڵکـی گونـدی عەقیبەیـە کـە گوندێکـی نزیکـی ناوچـەی عەفرینـە لـە دیـوی (Robariya) و بـە حوکمـی نزیکـی و تێکەڵاوییـان لەگـەڵ گوندەکانـی ناوچـەی (Robariya) کوردییەکـی بـاش دەزانێـت و خـۆی بـە کـورد دەناسـێنێت. دەچێتـە کۆلێـژی ئەندازیاریـی زانکـۆی تەکنیکـی لـە بەرلیـن و دەبێتـە ئەندامـی لقـی بەرلینـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپـا، بـە بـەردەوام وەک ئۆپۆزیسـیۆنێک ڕەفتـاری کـردووە و هـەر بابەتێـک خرابێتـەڕوو، ئـەو بـۆ نانـەوەی ئـاژاوە و درێژکردنـەوەی گفتوگـۆکان، دژی ئـەو بابەتـە دەدوا.

لـە پـاش نسـکۆی شـۆڕش، چەندیـن ڕێکخـراوی چەپخوازانـی سـەر بـە وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان بـوون، ویسـتیان ئاهەنگێـک بـە بۆنـەی جەژنـی نـەورۆزەوە بگێـڕن لـە بەرلیـن، نوێنەرانـی زۆربـەی ئـەو ڕێکخراوانـە وتاریـان لـە ئاهەنگەکـەدا خوێنـدەوە کـە ئەندامێکـی لقـی ڕێکخـراوی تـووەی ئێرانـی یەکێـک بـوو لەوانـەی وتـاری خوێندبـووەوە و لـەو وتارەیـدا هێرشـی کردبـووە سـەر ڕژێمـی ئێـران و ئاماژەی بـە پەیوەندیـی نێـوان

سەرکردەکانی شۆڕش و بارزانی کرد لەگەڵ ئەم ڕژێمە کۆنەپەرستە. ئا لێرەدا عومەر خدر دەرفەتی بۆ ڕەخسا، گەمە سپڵانەکەی بکات، هەستا و بە ئاسپایی خۆی گەیاندە سەکۆی هۆڵەکە و بەبیانووی ئەوەی کە گوایە هێرشی کردووەتە سەر بارزانی، زللەیەک لەبنەگوێی ئەو ئەندامەی تووە دەدات، لەوەوە شەڕە دەست و شەڕە کورسی لەنێوان ئامادەبووانی هۆڵەکەدا دەست پێدەکات، فەرهاد سۆفی، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەکە داوا لە ئامادەبووان دەکات بە هێمنی هۆڵەکە بەجێبهێڵن. ئا بەم شێوەیە پیلانەکەیان سەریگرت کە تێکدانی ئاهەنگەکە بوو.

دوای کۆبوونەوەی لێژنەی لق و فەرهاد سۆفی و کۆمەڵێک لە ئەندامانی لقەکە، بڕیاردرا عومەر خدر لە لقی بەرلینی کۆمەڵەکە دەربکەن بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە باڵیۆزخانەی سووریا. دەشگوترا کە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکە و هەواڵی ئەندامانی کۆمەڵەکەی دەگەیاندە باڵیۆزخانەکە. ئەمە لە ساڵی (١٩٧٥)دا بوو.

٢٣.لە پایزی ساڵی (١٩٧٣) شەش خوێندکاری کورد پاش وەرگرتنی هاوکاریی دارایی خوێندن، دەچنە چیکۆسلۆڤاکیا کە ناوی هێندێکیان زانراوە: بەهەمەند جاجۆ، یوسف تەربوش، ڕەسووڵ فەقێ، فاروق .... و یەکێکی تریش کە ناویمان نەزانی. پاش گەڕانەوەی ئەم خوێندکارانە بۆ بەشی ناوخۆیی خوێندکاران لە دەوروبەری براگی پایتەخت و مانەوەیان لەوێ بۆ ماوەی دوو هەفتە، ڕۆژێکیان کتوپڕ پێیانڕادەگەنرێت کە دەرکراون لە زانکۆ و دەبێ لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون. جا کە لە هۆکاری دەرکردنیان لە زانکۆ دەکۆڵنەوە و دەپرسن ئاخۆ چ تاوانێکیان ئەنجام دابێت تاکو شایستەی ئەم دەرکردنە کتوپڕە بن؟! پێیانگوترا – ئێمە وەهامان پێڕاگەیەنراوە کە لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا دەبێ وڵات بەجێبهێڵن- پاشان کە بەرپرسانی کۆمەڵەکە ئاگادارەدەکەنەوە، تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵەکە دەچێتە لای بەرپرسانی براگ و هەوڵی هێشتنەوەیان دەدات، بەڵام هەوڵەکانی بێهوودە دەبێت و هۆکاری ڕاستەقینەی دوورخستنەوەیان ڕوون نابێتەوە کە دوای وەرگرتنی هاوکارییە دارایییەکانی خوێندن هاتوون و مۆڵەتی خوێندنیان لەو زانکۆیە پێدراوە. بەڵام گومانی زۆر لەوە دەکرێت کە دەسەڵاتدارانی چیکۆسلۆڤاکیا ملکەچی گوشارەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بووبێت، بەتایبەتی ڕژێمی عێراق.

پوختەی قسەکانمان لەمبارەیەوە ئەوەیە کە ڕژێمی عێراق لە هەموو ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیرکردووە، پتر چاودێری و بەدواداچونی بۆ کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە کردووە و هەوڵی داوە بەشێکی ئەو چالاکییانە هەڵبوەشێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش توانایەکی زۆری خستووەتە کار بۆ بەکرێگیراوان و سیخوڕی[١٤٥] لە هەموو وڵاتانەدا هەبووە. ئەم ڕژێمە هەوڵی ئەوەشی داوە کار بۆ ڕاوەدونان و تەنانەت تیرۆرکردنی چالاکوان و شۆڕشگێڕانی کوردی دەرەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن.

جەمیل مەحۆ کە کوردێکی لوبنان بووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی دەستی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا تێکەڵ کردووە و تەنانەت سەعدی دزەیی و چەندانی دیکە هەوڵیان داوە ڕێگریی بەشداربوونی لە کۆنگرەکانیشدا لێبکەن. سەرکردایەتیی شۆڕشیش بۆ ماوەیەک دەستگیری دەکەن، چونکە پەیوەندیی گوماناویی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەبووە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگی دیکە بدەین، ئەویش ئەوەیە کە پاش نسکۆی شۆڕش، ڕژێمی عێراق چەندین شاندی بۆ وڵاتانی ئەوروپایی ناردووە تاکو لەوێ چاویان بە ڕەوەندی عێراقی بە گشتی و کورد بەتایبەتی بکەوێ، ئەمەشیان بۆ دوو ئامانجی سەرەکی کردووە:

یەکەم: هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەیان و پچڕاندنی پەیوەندییان لەگەڵ شۆڕشی کورد و کوردایەتی، بەوەی کە لە ئێستادا شتێک نەماوە بەناوی شۆڕش و وا باشترە بگەڕێنەوە ئامێزی وڵات.

دووەم: هەوڵدان بۆ کڕینی ویژدانی کەسانێکی نەفس نزم و خۆپەرست و بەستنەوەیان بە باڵیۆزخانەی عێراقی لەو وڵاتانەی هێرش دەکرێتە سەر ڕژێم.

کۆتا قسەمان لێرەدا ئەوەیە کە: لە هەر شوێنێکدا ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیەی لێبێت و هەوڵدرابێت چالاکییەکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت، قوتابیانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ناڕەزاییان دەربڕیوە، بەتایبەتی عەرەب و تورک لە ئامادەبوون و بەشداریکردنیان لە کۆڕبەندە جیهانییەکاندا، یاخود هێرشیان کردووەتە سەریان و دەستدرێژییان کردووەتە سەر ئەندامانی چالاکی کۆمەڵەکە و ئەوانەی لە پێشەوە باسکران، مشتێکە لە خەرواری ئەو هێرش و دەستدرێژییانەیان. هەڵبەت زۆر ڕوونە دیکەش هەن ئێمە پێمان نەزانیون

و لـە ئەرشـیفی پۆلیـس و هەواڵگریـی وڵاتانـی ئەوڕوپـادا هـەن، بـەو هیوایـەی لـە ئایندەدا دەسـتمان بکـەون و لـە چاپەکانـی داهاتـوودا بەشـێوەیەکی فـراوانتر بیانخەینـەڕوو، یاخـود هـەر بەڕێزێکـی دیکـە بیەوێت لـەم دۆسـیانە بکۆڵێتەوە.

لـە بەرانبـەر ئـەو هـەوڵ و تەقەلایانـەی ڕژێمەکانـی داگیرکـەری کوردسـتان و باڵیـۆز و داروودەسـتەکانیان لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـادا ئەنجامیـان داوە و ئێمـە بەشـێکیمان خسـتەڕوو، بەرپرسـانی لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، دەسـتەوەسـتان نەبوونـە و بـە هەمـوو توانایەکیـان هەوڵیـان داوە بـە ڕووی ئـەم پیلانگێڕییەدا بوەسـتن و شکسـتیان پێبهێنن، لێرەدا دوو هەوڵی سـەرکەوتوویان دەخەینەڕوو:

یەکـەم: لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی (١٩٧٥) کـە شـاندێکی فراوانـی حکومەتـی عێـراق سـەردانی چەنـد وڵاتێکـی ئەوڕوپاییـان کـرد کـە چـوار وەزیریشـیان لەگەڵـدا بـوو و ئـەم ناوانەمـان لێانزانـی: نەعیـم حـەدداد، وەزیـری لاوان، هاشـم عەقـراوی، عوبەیـدوڵڵا بارزانـی و چەنـد کەسـێکی تـر. جـا کـە تاریـق ئاکرەیـی دەزانێتـەوە کـە یەکەمیـن وێسـتگەی ئـەم شـاندە حکومییـە، (بـۆن)ی پایتەختـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا دەبێـت، بـە دیاریکراویـش لـە ئوتێلـی (پریسـتاڵ)دا دەمێننـەوە، بـە حوکمـی ئـەوەش کـە ئـەو لەوێـدا نێشـتەجێ بـووە، ژوورێـک لـە تەنیشـت ئـەو ژوورانـە دەگرێـت کـە شـاندە عێراقییەکـەی تێـدا دەمێنێتـەوە و چـاوی بـە (ن. م)[١٤٦] ئەندامـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا دەکـەوێ و قەناعەتـی پێدێنێـت کـە خـۆی و هاوسـەرەکەی لـەو ژووەدا بمێننـەوە و خۆیـان وەک گەشـتیارێکی بیانـی پێشـان بـدەن و هەسـتیان لێڕابگـرن و بزانـن ڕۆژانـە و سـات بـە سـات، بـەرەو کـوێ دەچـن. (هەڵبـەت ئـەم ئەرکـە، بـە پلـە یـەک ئەرکێکـی کوردپەروەرانەیـە و هیـچ پەیوەندیـی بـە کاروبـاری کەسـێتی و شـتێکی دیکـەوە نییـە) نەخشـەکە چـۆن بـوو، وەک خـۆی جێبەجـێ کـرا.

لـە یەکەمیـن سـیمیناری شـاندەکە لەگـەڵ ڕەوەنـدی عێراقـی کـە زۆربەیـان کـورد بـوون، لـە گەڕەکـی (Bad Gudesburg) لـە نزیـک بـۆن بـوو. کۆمەڵەکـە نزیکـەی بیسـت ئەندامـی نـارد کـە زۆربەیـان کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـوون، بـە ئاراسـتەکردنی چەنـد پرسـیارێکی دیاریکـراو، شـاندەکەیان شـەرمەزار کـرد، ئـەو ئەندامانـە شـاندەکەیان بـە چەنـد وشـەیەک وەسـف دەکـرد کـە پلـە و پایەیانـی کەمدەکـردەوە، بۆیـە هـەر زوو

بڕیاریان دا کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بهێنن. هەمان شت لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا، ئینجا نەمسا دووبارەبووەوە کە ئەوەی نەمسا زۆر خراپتر بوون و ڕیسواکرابوون لەوێ، بۆیە شاندەکەی عێراق بە سەرشۆڕی کلکیان کردەوە نێو گەڵیان و بە دەست بەتاڵی گەڕانەوە عێراق.

دووەم: بەرپرسانی کۆمەڵەکە و لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، زانیبویان کە باڵیۆزخانەی عێراقی لە بەرلینی ڕۆژهەڵات یەکێکە لە چالاکترین باڵیۆزخانەکان لە ڕووی چاودێریکردنی کۆمەڵەکە و لقی شەشی پارتی کە ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی کورد و غەیرە خوێندکاریش هاموشۆیان دەکەن، بۆیە هەوڵیان دا بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە هاوکاری باڵیۆزخانەکەن.

جا بەهۆی ئەوەی کە عومەر گولک، ئەندامی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا، دڵسۆزترین و بە ئەمەکترین ئەندامی کۆمەڵەکەن بۆ دۆزی نەتەوەکەیان و چەند خەسڵەتێکی تایبەت و دیاریکراویشی هەبوو و تا بڵێی کەسێکی هێمن و سەلار بوو، بەڵام لە شێوازی جلوبەرگدا زۆر شپرێو بووە کە لە سەرەتادا کەس گومانی شتێکی گەورەی لێناکات. تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵەکە سەردانی دەکات و قەناعەتی پێدێنێت کە کۆمەڵەکە و لقی شەشی پارتی، ئەرکێکی نیشتمانپەروەرانەی دەخەنە ئەستۆ کە بریتییە لە: لقی شەش و کۆمەڵەکە - بە مەبەست- لە کۆمەڵەکە و لقی شەشیشدا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی باڵیۆزخانەی عێراق لە بەرلینی ڕۆژهەڵات، دەریدەکەن و ئەم هەواڵە لە چوارچێوەی لقی بەرلینی کۆمەڵەکە گشتگیر دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە کە هەڵبەت دەگاتەوە باڵیۆزخانەی عێراق و پاش ماوەیەک عومەر گولک هاموشۆی باڵیۆزخانەکە دەکات لە بەرلینی ڕۆژهەڵات و بە دڵنیاییەوە پێشوازیی دەکەن، چونکە لەو دوو شوێنە دەرکراوە بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە باڵیۆزخانەی عێراق. ئا بەم شێوەیە هاموشۆکانی بەردەوام دەبێت تاکو بزانێت کێ دێتە باڵیۆزخانەکە و کێش لەو کوردانە هاوکارییان دەکات.

عومەر گولک بەو ئەرکە ڕازی دەبێت و هەواڵی دەرکردنی لە کۆمەڵەکە و لقی شەشی پارتی بە تۆمەتی هاوکاریکردنی باڵیۆزخانەی عێراق بڵاودەبێتەوە تا دەگاتە

باڵیۆزخانەکەش. پاشان ناوبەناو عومەر گولک هاتوچۆی ناو باڵیۆزخانەکە دەکات تا هەموو ئەو کوردانە ئاشکرا دەکات کە هاوکاری باڵیۆزخانەکە دەکەن، لەوانە: خورشید ڕواندزی کە ڕژێمی عێراق کردبوویە سەرۆکی"پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان"کە هەر خۆی دایمەزراندبوو. ئامادەکاری ئەم تۆژینەوەیە چەند بڵاوکراوەیەکی ئەم حزبە گۆمانلێکراوە دەبینێت کە لە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی"صوت الأکراد"ی سەر بە حزبەکەی جەمیل محۆ لە بەیرووت بڵاوکراوەتەوە کە ئەویش یەکێک بوو لە داروودەستەکەی ڕژێمی عێراق.

هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە ئاست کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

پاش ئەوەی هەڵوێستی ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستانمان لە ئاست کار و چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا خستەڕوو، پێموایە ئەگەر خوێنەرانی بەڕێز و ئەوانەی بایەخ بەم لایەنە دەدەن، کارێکی بەسوود دەکەین ئەگەر هەڵوێستی حزبە شیوعییەکانی ئەو دەوڵەتانەش بزانین کە کوردستانیان داگیرکردووە و بزانین هەڵوێستیان سەبارەت بە کێشەی کورد بە گشتی و ڕێکخراوەکانی قوتابیانیان لە دەرەوەی وڵات چۆن بووە لە ئاست کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەتایبەتی. هەریەکەشیان بەجودا وەردەگرین، چونکە هەڵوێستی هەریەکەیان جیاوازییەکی ڕێژەییان لە ئاست کێشەی کورد و مافە ڕەواکانیدا هەیە، هێندێکیان چاوپۆشی لە بوونی کورد و کۆمەڵەکە دەکەن، یاخود جاروبار، هەڵوێستێکی شەرانگێزیشی لەگەڵدا بووە. بەشێکی دیکەیان دانیان پێدانراوە و کاری هاوبەشیشیان بەیەکەوە کردووە، بەڵام بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵی ئەوەیان داوە بەپێی هێڵی سیاسی و هزریی ئەواندا ئاراستەی بکەن. ئێمە لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە نە پشتیوانی هیچ لایەنێک دەکەین و نە هەوڵی سڕینەوەی کەسێک دەدەین، یاخود مافی ئازادیی ڕادەربڕینی لێ زەوت بکەین، ڕقیشمان لە کەس نابێتەوە تاکو تۆڵەی لێبکەینەوە، هەروەکو ئەوەی ڕژێم و حزبە تۆتالیتارییە ئایدیۆلۆژییە ستەمکارەکان دەیکەن، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی سادەیە: ئەویش ئەوەیە کە کوردی شیوعی، بەشێکن لە کۆمەڵگەی کوردەواری. جا لە کاتێکدا ئێمە نامانەوێ کەس مافەکانمان لێ زەوت بکات و هەوڵبدات بەری تیشکی خۆڕمان لێبگرێت و شنەبای ئازادیمان لێبکات، ڕێگە بە خۆشمان نادەین لە کەسانی دیکەی قەدەغە بکەین.

بەڵام زمانحاڵی بارودۆخی ڕەوشەکە دەڵێت[١٤٧]: هەڵوێستەکانی حزبە شیوعییەکان لەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، بەتایبەتی لە سووریا و تورکیا و ئێران، لەگەڵ ئەو پرەنسیپ و دروشمانەی بەرزیانکردبووەوە نەدەگونجا و زۆر دوور بوون لە تیۆری ئینتەرناسۆنالیست و ڕۆحی مارکسیزم – لینینیزم بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان و مافی گەلان لە مافی چارەی خۆنووسین، لینین لە کتێبی (البروليتاريا الثورية و

حـق الأمـم في تقريـر مصيرهـا) دەڵێـت:".... سۆشیالیسـتێک کـە سـەر بـە نەتەوەیەکـی باڵادەسـت بێـت و لـە پێنـاو مافـی سـەربەخۆیی نەتـەوە چەوسـاوەکان هـەوڵ نـەدات، جـا چ لـە شـەڕدا بێـت، یاخـود لـە ئاشـتیدا، ئـەوە ئـەو کەسـە نـە سۆشیالیسـتە و نـە ئینتەرناسیۆنالیسـتە، بەڵکـو ئەمـە شـۆفێنییە".

لـە سـەرەتادا زۆرینـەی ئـەو شـیوعیانە ئەوەیـان پـێ قبـووڵ نەبـوو کـە شۆڕشـگێڕان و ڕۆشـنبیرانی کـورد حـزب و کۆمەڵـەی تایبـەت بـە خۆیـان دابمەزرێنـن و ئـەم هەڵوێسـتەیان لـە هەڵوێسـتی ڕێکخراوەکانـی حزبەکانیشـیان لـە دەرەوەی وڵات، ڕەنگیدابـووەوە. لـە ئەوڕوپـا ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی سـەر بـەم حزبانـە، بێهـوودە دژایەتیـی بیرۆکـەی دامەزراندنـی کۆمەڵەیەکـی تایبـەت بـە قوتابیانـی کوردیـان دەکـرد. جـا کـە کۆمەڵەکـە دامـەزرا و بـووە دیفاکتۆیـەک بەسـەریانەوە، بـە ئاشـکرا داوایـان دەکـرد کۆمەڵەکەیـان هەڵوەشـێننەوە و بێنـە ڕیـزی کۆمەڵەکانـی ئـەوان. هـۆکار و بیانـووی ئـەم قەوانـە سواوەشـیان لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە گوایـە، دامەزراندنـی ئـەم جـۆرە کۆمەڵانـە دەبنـە هـۆی پەرتەوازەکردنی هەوڵ و کۆششـی خوێندکاران و کارکردنە لەپێنـاو خوڵقاندنی ڕێکخـراوە ناسیۆنالیسـتی و شـۆفێنییە کۆنەپەرسـتەکان، لەکاتێکـدا کـە پێویسـتە هەمـوو هەوڵەکانـی خوێنـدکاران جەخـت بکەنـە سـەر ئـەو کێشـە چارەنووسسـازانەی بەکەڵکـی تـەواوی مرۆڤایەتـی دێـن، نـەک (ناسیۆنالیسـتیی بەرتەسـک)، ئەویـش ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆڵەکەکانـی سیسـتمی سـەرمایەداری، ئیمپریالیـزم، زایۆنیزم و کۆنەپەرسـتی بێـت و خەبات بکـەن لەپێنـاو لەناوبردنیـان و .... کۆمەڵەکانـی قوتابیانـی سـەر بـە ئـەوان، باوەشـی بـۆ سـەجەم خوێنـدکاران کردووەتـەوە و نوێنەرایەتیـی گشـت نەتەوەکانیـش دەکات.

ئەمـە لـەڕووی تێۆرییـەوە، بـەڵام لـەڕووی کردەنییـەوە، هەمـوو کار و چالاکییەکانـی ئـەم ڕێکخـراو و حزبانـە لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات لـە پێنـاو خزمەتگەیانـدن بـووە بـە نەتەوەکانـی عـەرەب، تـورک و فـارس. هـەر بۆیـە هـۆکاری سـەرەکی و ڕاسـتەقینەی دژایەتیکردنـی ڕێکخـستن و حزبـە کوردییەکانیـان کردووەتـە بەرنامـەی خۆیـان کـە ڕەنگـە لـە ئاینـدەدا ئـەو ڕێکخـراوە کوردییانـە ببنـە ڕکابەرێکـی سەرسـەختی ئـەوان لـە کوردسـتان، بۆیـە لـە داخورانـی بنکـەی جەماوەریـی خۆیـان دەترسـان، چونکـە ڕێژەیەکـی زۆری لایەنگرانیـان، کـورد بـوون، ئـەوەی لێشـی دەترسـان هاتـەدی.

دووفاقی لە هەڵوێستی ئەم ئینتەرناسۆنالیستانە لەوەدایە کە لەلایەک دەیانگوت: نابێت دوو ڕێکخراوی خوێندکاران لە یەک وڵاتدا ببێتە ئەندام لە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان)، چونکە ئەندامەکان نوێنەرایەتیی وڵاتان دەکەن نەک نەتەوە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. ئێمەش دەڵێین: ئەمان دژی بەئەندامبوونی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی سەر بە حزبەکانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی خۆیان نەبوون کە لە ئەورۆپادا چالاک بوون! ئەدی بە بیانووی چی دژی بەئەندامبوونی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد دەوەستنەوە و هیچ هەڵوێستێکی شەڕانگێزیی نانوێنن لە ئاست ڕێکخراوەکانی قوتابیانی سەر بە ڕژێمەکانی دەسەڵاتداری وڵاتانی خۆیان؟ جا ئەگەر بە ڕاستی ئامانجیان لە دژایەتیکردنی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بۆئەوەبووبێت کە خەباتی خوێندکاران پەرتەوازە نەکەن! و ڕێکخراوەکانیان نوێنەرایەتیی سەرجەم نەتەوەکان دەکات. ئاخۆ ئەمە دوفاقی نییە لە پێوەرەکان و بیرکردنەوەیەکی شۆفێنییانەی ئەوان نییە؟!

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ئەوانەی لەپێشەوە باسکران و ئەوانەی دواتریش، بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بە جوگرافیای ئەورۆپا، لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەدایە کە ئێمە مەبەستمانە تۆماری بکەین (لە مێژووی دامەزراندنەوە تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٥). پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین کە بەشێک لە کوردی شیوعی پشتیوانیی چالاکییەکانی کۆمەڵەکەیان دەکرد و ئاسانکاریشیان پێشکەش دەکردن، بەڵام بە نهێنی و نەیاندەتوانی ئاشکرای بکەن، نەبادا ئەو هاوکارییە داراییەی خوێندنیان لێببڕێت، یان هەر هۆکاری تر بێت.

ئێستاش بۆئەوەی ڕوونتر لە هەڵوێستی ئەو ڕێکخراوانە بگەین، بە باشمان زانی هەریەکە و بە جودا باس لە هەڵوێستەکانیان بکەین:

حزبی شیوعیی تورکیا و باڵە چەپخوازە تورکییەکە

ئـەم حزبـە لـە دەوروبـەری سـاڵی (١٩٢٠)دا لـە سـەر بنەمـای هەبوونـی یـەک نەتـەوە لـە تورکیـا دامـەزراوە، ئەویـش نەتـەوەی تورکـە. مستەفا ئەتاتورکیـان بـە ڕابـەری نیشـتمانیی خۆیـان دەناسـاند و پشـتگیریی بەرنامـە ناسیونالیسـتییە شـۆفێنییەکەیان دەکرد. ئـەم هەڵوێسـتە هـی سـەرجەم حزبـە چەپخوازەکانـی تورکیـاش بـوو، بێجگـە لـە پارتـی کرێـکاران کـە لـە کۆنگـرەی چوارەمـی سـاڵی (١٩٧٠) دانیـان بـە هەبـووی نەتـەوەی کوردیـش نـا لـە تورکیـا و بـە پێویسـتیان زانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان بـۆ دەسـتەبەر بکرێـت. هەروەهـا پارتـی کرێکارانـی سۆشیالیسـتی تورکـی کـە ئەویـش دانـی بـە بوونـی نەتـەوەی کـوردا دەنـا لـە تورکیـا و داوای دەسـتەبەرکردنی مافـە ڕەواکانـی نەتـەوەی کـوردی دەکـرد لـە تورکیـا. ئـەم دوو حزبـەش باجـی ئـەم هەڵوێسـتەی خۆیـان دا لە ئاسـت نەتـەوەی کـورد و سـەرکردەکانیان ڕووبـەڕووی هەڵمەتەکانـی دەسـتگیرکردن و بەندیخانـە و ڕاوەدونـان بوونـەوە، تـا کار گەیشـتە هەڵوەشـاندنەوەی تـەواوی ئـەو دوو حزبـە.

بـە گشـتی، حزبـی شـیوعیی تورکیـا لـە فەلەکـی هـزری تۆرانیـدا دەخولانـەوە کـە بڕوایـان بـە بوونـی هیـچ نەتەوەیەکـی دیکـە لـە تورکیـا نییـە و دروشـمیان: یـەک گـەل، یـەک ئـاڵا، یـەک زمانـە و نکۆڵـی لـە نەتـەوەی کـورد و نەتەوەکانـی تـری وەکـو عـەرەب و ئەرمـەن دەکـەن لەسـەر خاکـی تورکیـا.

لەمبارەیـــەوە، ســـەردار ئاراراتـــی پێیگوتـــم:"... کاتێـــک کۆمەڵـــەی (هێڤرا)مـــان دامـەزران، هـەوڵمان دا پەیوەنـدی لەنێـوان ئێمـەی کـورد و هێـزە چەپخوازەکانـی تورکیـا ببەسـتین و بـۆ یەکەمیـن جـار کـورد و تورکـی ئـەم وڵاتانەمـان بەیەکـەوە کۆکـردەوە، چونکـە بـژاردەی دیکەمـان لەپێشـدا نەبـوو. جـا کـە لـە سـاڵی (١٩٧٤) لـە ئەنجامـی دەرچوونـی یاسـای لێبوردنـی گشـتی، گەڕامـەوە تورکیـا کـە نزیکـەی (١٥) سـاڵ لـە وڵات دابڕابـووم، ئەوکاتیـش هەوڵـم دا پەیوەندییـەک لەنێـوان تـورک و کـورد دابمەزرێنـم ...". سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئەندامانـی ئـەم حزبـە لـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، لـە ڕاسـتیدا هیـچ ڕۆڵێکیـان لـە کۆمەڵەکـەدا نەبـوو، چونکـە ئـەوان وەکـو نەبـوون وابـوون لـە کۆمەڵەکـەدا.

حزبی شیوعیی ئێرانی (تووده)

پێشتر ئاماژەمان بەوە داوە کە لە قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا، حزبی شیوعیی ئێرانی (تووده) هەڵوێستێکی شەڕانگێزییان لە ئاست کۆمەڵەکەدا نواند و ئەوان هۆکاری سەرەکیی سڕکردنی کارەکانی کۆمەڵەکە بوون بۆ ماوەی (٦) ساڵ بەهۆی گوشاری حزبیان لەسەر ئەندامانی کورد و کشانەوەیان لە کۆمەڵەکە. بەڵام لە قۆناغی دووەمی بووژانەوەی کۆمەڵەکە لە ساڵی (١٩٥٦)دا، ئەم حزبە هیچ ڕۆڵێکی وەهای نەما لە کۆمەڵەکە، چونکە هیچ هەڤاڵ و لایەنگرێکیان لە کۆمەڵەکەدا نەما.

بەپێی گوتەکانی دکتۆر حەسەن شتوی، هەڵوێستی حزبی تووده لە هەمبەر کێشەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنگری دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد بووە و لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبیشیان دانیان ناوە بە بەشە کوردستانییەکەی ئێراندا، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەو ڕوونکردنەوەیە بخەینەڕوو کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێران و حزبی تووده، هەڤاڵانی پارتی دیموکرات لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێراندا لە ڕیزەکانی حزبی تووەدا درێژەیان بە خەبات دەدا، بە پێچەوانەشەوە، لە شارەکانی کوردستاندا هەڤاڵانی حزبی تووده لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتدا خەباتیان دەکرد و بۆیان نەبوو ڕێکخراوی حزبیی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام لە کۆنفرانسی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٥ کە لەپێش کۆنگرەی سێیەمی حزبدا بەسترا، بڕیار درا بەیەکجاری پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی حزبی تووەوە بپچڕێنن، ئەویش دوای ئەوەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونبووەوە کە حزبی تووده کوێرانە بووەتە پاشکۆی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها حزبی دیموکرات ویستی ڕێبازێکی هزریی (سۆشیالیستی دیموکراتی) پەیڕەو بکات و سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت نەبن، ئەوەشیان لە نامیلکەیەکدا چاپکرد و بڵاویان کردەوە.

حزبی شیوعیی عێراقی

هەڵوێستەکانی حزبی شیوعیی عێراقی لە ساڵی دامەزراندنیەوە (١٩٣٥) لە ئاست کێشەی کورد بە گشتی و کوردی باشووری کوردستان بە تایبەتی، بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە کە لە نێوان نکۆڵی کردن لە هەبوونی نەتەوەی کورد و دژایەتیکردنی ڕێکخستنە کوردییەکان و هەزری ناسیونالیستی کورد و کوردستان و لە نێوان لایەنگری و پشتگیریکردنی مافەکانی کورد و دژایەتیکردنی ڕێکخستنەکانی کورد، لە چەند قۆناغێکی دیکەدا دەگۆڕێت. جارێک پشتگیریی مافە نەتەوەییەکانی کوردی کردووە تا دەگاتە مافی چارەی خۆنووسین و لێکتێگەیشتن و دۆستایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە تاکو ساڵی (١٩٧٥) وەک تاکە نوێنەری کورد لە باشووری کوردستان[١٤٨] بەڵام هەڵوێستی ئەم حزبە بە گشتی ئەرێنی بووە و پشتیوانی کێشەی کورد بە گشتی و کوردی باشووری کوردستان بەتایبەتی کردووە، بە بەراورد بە حزبە شیوعییەکانی تری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، واتە بە کورتی: هەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانەی لە ئاست کێشەی کورددا هەبووە و ڕۆڵی کارا و چالاکی کوردیش لەنێو سەرکردایەتی و بنکە جەماوەرییەکەی ئەم حزبەدا ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەرجەستەبوونی ئەم هەڵوێستەی شیوعییەکانی عێراقدا هەبووە، بەتایبەتی هەڵوێستی عەزیز محەمەد، سکرتێری گشتیی حزبەکە، بە پێچەوانەی کوردی ڕۆژئاوا لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعیی سووریادا، بەتایبەتی هەڵوێستی سکرتێری کۆچکردووی حزبەکە، خالید بەکداش[١٤٩] کە بە ڕەچەڵەک کورد بووە و نکۆڵی لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستان کردووە لە سووریا و دانی بە مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی گەلی کورددا نەدەنا.

هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی حزبیشیان لە دەرەوەی وڵات، هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ هەڵوێستەکانی حزبیان لە ناوەوەی وڵات. هەرکات لێکتێگەیشتن و دۆستایەتی لە عێراق و باشووری کوردستان لەئارادا بوایە، لە هەڵوێستەکانی ڕێکخراوەکانی قوتابیانیان لە دەرەوەی وڵاتدا ڕەنگیدەدایەوە. هەر لەم تۆژینەوەیەدا ئاماژەمان بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی یەکێتیی قوتابیانی عێراقی سەر بە حزبی شیوعیی عێراق کردووە کە هەتاکو سەر ئێستاقان دژی بە ئەندامبوونی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوونە لە (یەکێتیی خوێندارانی جیهان).

بەڵام ئەوەی گلەیی بێت لەم حزبە و سەرجەم حزبە شیوعییەکانی تر ئەوەیە کە کۆڕانە بوونەتە پاشکۆی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی، جا هەرچەند پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق و سووریا باش بووبێت، یەکێتیی سۆڤیەت کێشەی کوردی پشتگوێخستووە لەم دوو وڵاتە، ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر حزبی شیوعیی عێراقیدا دەبوو، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. لە ئەنجام دا ئەندامانی ئەم حزبە ئازاد نەبوونە و خاوەن بڕیاری خۆیان نەبوونە، ئەم حاڵەتەش بەوە گوزارشت دەکرا کە (هەرچەند باران لە یەکێتیی سۆڤیەتدا ببارێبا، ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا، چەتریان هەڵدەدا) دەبا ئێستا بە چەند نموونەیەکی پێچەوانە، ئەم بۆچوونانەمان سەبارەت بە هەڵوێستەکانیان، دووپات بکەینەوە:

یەکەم: لەپاش کودەتاکەی بەعسییەکانی عێراق لە ساڵی (١٩٦٣) و ڕووخانی حوکمی عەبدولکەریم قاسم بە پشتیوانیی ئەمەریکا و بەریتانیا، بەعسییەکان هەڵمەتێکی کۆکوژیی دڕندانەیان دژی شیوعییەکان دەستپێکرد، ژمارەیەکی زۆریان کوژران، هەزارانیشیان خرانە بەندیخانەکانەوە، بەشێکی زۆریشیان لە ترسی ڕاوەدونانی بەعسییەکان، پەنایان بردە بەر چیا سەختەکانی کوردستان و لە مردنێکی مسۆگەر خۆیان دەربازکرد. ئەم بارودۆخە نوێیە، هەڵوێستی شیوعییەکانی عێراقیان لە ئاست کێشەی کورددا گۆڕی، گۆڕانەکەش تەنیا بۆ باشووری کوردستان نەبوو، بگرە بۆ تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بوو. کەشێکی لەباری لێکتێگەیشتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعییەکانی هێنایە ئاراوە. هەڵبەت ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێکخراوە خوێندکارییەکەی شیوعییەکانیشدا هەبوو لە دەرەوەی وڵات و ئەو هەڵوێستە نەرێنییەی جارانیان نەما لە ئاست بەئەندامبوونی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ وەرگرتنی کۆمەڵەکە لە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) لە ساڵی (١٩٦٤).

پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ: (رب ضارة نافعة) واتە ڕەنگە کارێکی زیانبەخش، سوودی خۆی هەبێت، بەواتای ئەگەر ئەم کوشتارەی بەعسییەکان دژی شیوعییەکان نە بوایە، ڕەنگە پێداگربوونایە لەسەر دژایەتیکردنی کۆمەڵەکە لە بە ئەندامبوون لە یەکێتییە جیهانییەکەدا. تاریق ئاکرەیی پێیگوتم:".... هەرچەندە ژمارەی هەڤاڵانی

ئەوان لە کۆمەڵەکەدا کەمبوو، بەڵام بە بەردەوام هەڤاڵانی خۆمان ڕادەسپارد دوو ئەندامی ئەوان لە لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەدا هەڵبژێرن ....". بۆئەوەی خاتریان بگرین و لە کۆمەڵەکەشدا بمێننەوە. چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەکەش سوودیان لە پەیوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستدا دەبینی. دۆخەکەش هەتاکو ساڵی (١٩٧٣) هەر بەم شێوەیە مایەوە.

لەلای خۆشیانەوە شیوعییەکان، وەک وەڵامێک بۆ ئەو چاکەیە، لە کۆبوونەوەی لێژنەی تەنفیزیی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە لە ١٢ - ٢١ی شوباتی ١٩٦٤ لە شاری بۆدابست بەسترا و بە پێشنیازی یەکێتیی قوتابیانی عێراق و یەکێتیی قوتابیانی ئێران (زانکۆی تاران) و یەکێتیی قوتابیانی ڤەنزویللا و ئەنجومەنی قوتابیانی یەکێتیی سۆڤیەت، بڕیارێکی تایبەت سەبارەت بە کێشەی کورد درا کە نەک هەر بۆ کوردی باشووری کوردستان، بگرە بۆ تەواوی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش گرنگ بوون کە بەشێک لە بەندەکانی بڕیارەکە ئەمانەن:

١. گەلی کورد لە مافە سەرەتاییەکانیدا بێبەش کراوە.

٢. پشتگیری لە خەباتی گەلی کورد لە تورکیا و ئێران و سووریا دەکەین بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی. کە داوای سەرەتاییترین مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکەن.

٣. خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد دەکەین لەپێناو بنیاتنانی دیموکراسیەت لە عێراق و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

٤. سکرتاریەت سەرپشک دەکرێت لە پێشکەش کردنی هەموو هاوکارییەکی دارایی و مەعنەوی بۆ خوێنکاران و گەلی کورد و پشتگیریکردنیان.

دووەم: پاش ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕژێمی عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت و ئیمزاکردنی ژمارەیەک ڕێککەوتننامەی بازرگانی و ئابووری کە ناونرا پەیماننامەی دۆستایەتیی عێراقی - سۆڤیەتی کە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعییەکانی عێراق بەرەو خراپی چوو هاوتەریب لەگەڵ لێکنزیکبوونەوە و هاوپەیمانێتیی شیوعییەکان و بەعسی عێراقی و پێکهێنانی بەرەیەک کە دواتر ناونرا - بەرەی

نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز). لە ساڵی (١٩٧٣)دا گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و شیوعییەکان گەیشتە ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری کە کوژراو و بریندارییەکی هەردوولای لێکەوتەوە. ئینجا ڕێکخراوی قوتابیانی حزبی شیوعیی عێراقی لە کۆتایی ئەو ساڵەدا سکاڵایەکیان پێشکەش (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) کرد و لە سکاڵاکەدا گوتبوویان کەوا ئەوان:"ڕووبەڕووی هەڵمەتی کوشتن و بڕین بوونەتەوە ..."و داوایان لە یەکێتیی ناوبراو کرد هەڵمەتێکی نارەزایی دەربڕین دژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنن. شیوعییەکانی سووریا و چەند ولاتێکی[١٥٠] دیکەش بەشداریان لەم هەڵمەتەی دژی پارتیدا کرد کە شیوعییەکانی عێراق پێشنیازی کردبوو. سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بڕووسکەیەکی بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەنێرێت و دووپاتیدەکاتەوە کە ئەوان پشتگیرییان دەکەن لەو هەڵمەتەدا، بەڵام تاریق ئاکرەیی، سکرتێری کۆمەڵەکە بە نامەیەک وەڵامی بڕووسکەکە دەداتەوە و تیایدا بانگەشەکانی ڕێکخراوی قوتابیانی سەر بە حزبی شیوعیی عێراقی بەدرۆدەخاتەوە و دەڵێت:

" ... ئێمە نیگەرانین لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حزبە کە ئەنجام بووەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و کەسانێک لە هەردوو حزبەکە بوونەتە قوربانی، هەردوو حزبەکەش هەمان هەڵوێستیان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا دەبڕیوە کە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ بڵاویانکردووەتەوە ...".

لە وەڵامی بڕووسکەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، سەرۆکی کۆمەڵەکە سەرسامیی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر لایەنگیریی ئاشکرای یەکێتییەکە بۆ حزبی شیوعیی عێراقی و دەڵێت:"...ئەو زانیارییانەی بە ئێوە گەیشتوون، تاکلایەنانەن و بەس نین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیی بابەتەکە و زێدەڕۆیی تێداکراوە ... ئێمە ئامادەین زانیارییەکانی لای خۆمانتان بۆ ڕەوان بکەین و تاکو ڕاستییەکانتان بۆڕوون ببێتەوە ... ئێوە لە بڕووسکەکەدا ئاماژەتان بۆ هەڵمەتێکی کوشتن و تیرۆرکردنی شیوعییەکان کردووە کەچی لە نامەکەی ئێمەدا نیگەرانی خۆمان بۆ قوربانییەکانی هەردوولا دەبڕیوە، ئێمە لە ئێوە دەپرسین: ئاخۆ ئەوانەی لە لایەکەی تردا دەکوژرێن مرۆڤ نین؟".

سێیەم: لە ساڵی (١٩٧٣)دا کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە بوخاریست بەسترا و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش بە سەرۆکایەتیی عادل مۆراد کە بەتایبەت لە کوردستانەوە هاتبوو، بەشداریان لە کۆنگرەکەدا کرد و هەردوو ڕێکخراوەکە یاداشتنامەیەکی هاوبەشیان پێشکەش کۆنگرەکە کرد و تێیدا داوای دەرکردنی بڕیارێک دەکەن کە ئیدانەی ڕژێمی عێراق بکەن، چونکە لە بەشێک لە بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار پاشگەزبووەتەوە و دەستهەڵبگرێت لە کوشتنی کوردی فەیلی، بەڵام ڕێخراوی حزبی شیوعیی عێراقی لە دژی ئەو یاداشتنامەیە وەستان و شکستیان بە دەرکردنی بڕیاری ئیدانەکردنەکە هێنا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە ئەگەرچی لایەنگرانی پارتی و شیوعیی کۆمەڵەکە لە هەر کۆنگرە و کۆڕبەندێکی جیهانیدا ناخۆشی و ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان، بەڵام لە هەموو جارەکاندا ئەو ناکۆکییانە چارەسەر دەکران و گفتوگۆکانیان هێور دەبووەوە و تاکو کۆتایی کۆنگرەکان بەیەکەوە دەمانەوە، واتە ناکۆکییەکان بە ڕووحێکی دیموکراسییانە چارەسەر دەکران و پاش دەرچوونیان لە کۆنگرەکان، پەیوەندیی نێوانیان دەگەڕایەوە قاڵبی پێشووی خۆی و ڕێز وخۆشەویستی و دۆستایەتی و هاوکاری باڵی بەسەریاندا دەکێشایەوە، وەک ئەوەی کە هیچ ڕووینەدابێت کە ئەمەش لە بنەڕەتدا یەکێکە لە بنەماکانی گەمەی دیموکراسی لە مامەڵەکردنەکانی نێوخۆدا.

حزبی شیوعیی سووریا

ئـەم حزبـە لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە سـاڵی (١٩٢٤) بیرۆکـەی ناسیۆنالیسـتی عەرەبـی و نەتـەوەی عەرەبـی وەک تاکـە نەتـەوەی سـووریا لەنێـو پەیـڕەوی ناوخـۆی حزبەکـەی چەسـپاند، هەرچەنـدە لـە ڕووکەشـدا بەرگێکـی ئینتەرناسیۆنالیسـتیی بـە بـەر خۆیـدا پۆشـیبوو. لـە پەیـڕەوی ناوخـۆی حزبـدا هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ ئـەو ڕەوشـە نوێیـەی سـووریای تێـدا نەبـوو کـە وەک باخچەیـەک جۆرەهـا گوڵـی ڕەنگاوڕەنگـی تێدابێـت کـە هـەر یـەک لـەم گوڵانـە ڕەنـگ و بۆنـی تایبەتـی خۆیـان هەیـە. سـووریا وڵاتێکـی مۆزایکیـی فـرە نەتەوەیـە و عـەرەب، کـورد، سریـان، کلدۆئاشـوور، ئەرمـەن، شـەرکەس، تـورکمان و ئەوانـی دیکـە لەخۆدەگرێـت، هـاوکات فـرە ئاینیشـە: ئـسلام، کریسـتیان، ئێـزدی و مەزهەبەکانـی وەکـو سـوننە، شـیعە، عەلـەوی و دوورزیشـی تێدایـە.

جـا کـە یەکەمیـن ڕێکخسـتنی سیاسـیی یەکگرتـووی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و سـووریای لـە سـاڵی (١٩٥٧) بەنـاوی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان – سـووریا)ی تێـدا ڕاگەیەنـرا، شـیوعییەکانی سـووریا بێهـوودە دژایەتیـی ئـەم ڕێکخسـتنە سیاسـییەیان کـرد و چەندیـن ناوونـاتۆرەیـان پێـوە لکانـد و بـە هەمـان قەوانـە سـوواوەکانی وەکـو: ئـەم حزبـە کار لەپێنـاو وروژاندنـی نەعـرە نەتەوەییـە بەرتەسـکەکاندا دەکات، ئـەم حزبـە، حزبێکـی ناسیۆنالیسـتی کۆنەپەرسـت و ڕەگەزپەرسـتە و کار دەکات بـۆ تێکدانـی یەکڕیزیـی گـەل و چینـی کرێـکار و ڕەنجـدەران و لـە خزمـەت کۆنەپەرسـتیدایە و .... هتـد.

جـا کـە زانییـان هەوڵـی خۆیـان و سـەرکردەکانی دەسـەڵات لە دیمەشـق لـە لەناوبردنی پارتیـدا سـەرناگرێت، داوایـان لـەو حزبـە و ئەوانـەی دواتـر لـە پارتـی جودابوونـەوە، تەنیـا جەخـت لەسـەر مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورددا نەکەن، بەڵکو پێویسـتە خەبـات بکەن لەپێنـاو گێڕانـەوەی مافـە زەوتکراوەکانی عەرەبیشـدا بکەن لە جۆلانی سـووریا و فەلەسـتین و چـاوەڕی بـن تاکـو دیموکراسـییەت بەرقـەرار دەبێـت لـە سەرتاسـەری وڵات و سۆشـیالیزم سـەردەکەوێت، ئـەوکات نـەک هـەر کـورد، بگـرە تـەواوی نەتەوەکانـی دیکـەی سـووریاش بـە مافەکانـی خۆیـان دەگـەن - بـە گوتـەی خۆیـان- ئەوەیـان لەبیرخۆیـان بردبـووەوە کـە پەیوەندییەکـی پتـەو لەنێـوان چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و پرسـی دیموکراسـییەتدا هەیـە لـە سەرتاسـەری سـووریا، نـەک هـەر لە سـووریا بگـرە لە تـەواوی پارچەکانـی دیکەی

کوردستانی داگیرکراودا و ئەو هێزە سیاسییانەی داکۆکی لە مافەکانی گەلان ناکەن و هەوڵی نەهێشتنی چەوساندنەوە و ستەمی ڕژێمەکان نادەن لەسەر ئەو نەتەوانە، نە ڕژدن و نە خەمخۆر و دڵسۆزی چەسپاندنی دیموکراسییەتن لە وڵاتیان.

سەبارەت بەم پرسە، کۆچکردوو ڕەشید حەمۆ[١٥١] لە ئەڵقەی دووەمی بەرنامەی (بیرەوەرییەکان)دا کە لەگەڵ نووسەر حوسێن عیسۆ لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ئەنجامی دابوو، دەڵێت:".... شیوعییەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبماندا بە چاوێکی شەڕانگێزییەوە دەیانڕوانییە حزبمان، لەو باوەڕەشدام کە ژمارەی ئێمە لەسەر حسێبی ئەوان زیادی دەکرد و پێش دامەزراندنی پارتی لە سووریا، زۆربەی ئەندامانی حزبی شیوعیی سووریا کورد بوون و زۆربەی دامەزرێنەرانی پارتی و ئەو ئەندامانەی هاتنە نێو ڕیزەکانی پارتییەوە شیوعییەکانی پێشوو بوون، گەنجانی کورد شیوعییان بەجێهێشت و بوونە پارتی، بۆیە ئەوەیان هەر لەبیر بوو و لێمان خۆش نەدەبوون، جارێکیان بە شۆفێنییەت و کۆنەپەرستی و جارێکیش بە بەکرێگیراوی مەکتەبی دوو تۆمەتباریان دەکردین[١٥٢] عەبدولحەمید سەڕاج دامەزرێنەری پارتی بوو". شیوعییەکانی سووریا بە بەردەوام بەندوباڵۆرەیان بۆ هەڵدەبەستین و ئێمەش بە نزیکترین حزبی گۆڕەپانی سیاسیی سووریامان لە خۆمان دادەنا و لە ڕۆژگارە سەختەکاندا و لە سەردەمی جەمال عەبدولناسڕ پشتگیریمان دەکردن و هاوشانی ئەوان خزێنرابووینە بەندیخانەکانی دەسەڵاتدارانی سووریا ...".

ئەم شیوعییانە فرچکیان بە کلتووری حزبە پۆپۆلیستە شۆفێنییەکان گرتبوو، جا چ حزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤیەت بێت یاخود لە حزبی بەعسی شۆفێنیی سووریا و نەیاندەویست دان بەوەدا بنێن کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازن و عەرەب نین و هێندە دەمچەفت و بێدەسەڵات نین تاکو ئەوان بێن و ئامۆژگاری و ڕێنماییان بکەن و فێری وانەی چۆنیەتیی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان بکەن کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە مافەکانی گەلان و مرۆڤ، جەختی لەسەر دەکەنەوە و لەبیریان چووە کە کورد دەتوانێت بەتەنیا بژێت و بەبێ دەستوەردانی کەسێکی تر، بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، هەروەک ئەو دۆخەی نزیکەی دوو دەیە و نیوە لە باشووری کوردستاندا بووەتە دیفاکتۆیەک.

بـە نووسـینێکی سـاڵح بـۆزان، ئەندامـی پێشـووی نووسـینگەی مەکتەبـی سیاسـی لـەو حزبـەدا، کۆتایـی بـەم بابەتـە دێنـم کـە دەڵێـت:"... ئینتـەر ناسیۆنالیسـتیی شـیوعییەکانی سـووریا (دان بەوەشـدا دەنێـم کـە خۆشـم یەکێـک بوومـە لـەوان) بـەوە دەناسرێتـەوە کـە پاشـکۆی یەکێتیـی سـۆڤیەت و بلۆکـی سۆشیالیسـتین و پشـتگیریی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکانـی سەرتاسـەری جیهـان دەکـەن، بـەڵام لـە ئاسـت کـوردی سـووریادا، هیـچ جیاوازییەکیـان لەگـەڵ بەعسـییەکاندا نەبـووە ....."[١٥٣].

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ڕێکخراوەکەیـان و ئەندامانیـان لـە وڵاتانـی ئەوروپایـی، لـە ئاسـت کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا، هاوشـانی هەڵوێسـتی حزبیـان بـووە لـە وڵات کـە دژایەتیکـردن و بەربەسـت خسـتنە بـەردەم کارو چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە بـووە هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە تاوەکـو کۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو. ئـەم نموونانـەش دەخەینـەڕوو:

١. دکتـۆر ئەحمـەد ڕەسـوڵ کـە ئـەوکات ئەندامێکـی حزبـی شـیوعیی سـووریا بـوو، بـە دکتـۆر فائیـز فـەوواز، بەرپرسـی حزبەکـەی ڕاگەیانـدووە لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات کـە خەڵکـی شـاری ڕەققـە بووە، بەشـداریی لە کۆنگـرەی پێنجەمی کۆمەڵەکـە دەکات کە لە سـاڵی (١٩٦٠) لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوادا دەبەسـتڕێت، بـە سـیفەتی ئـەوەی کـە ئەندامێکـی کۆمەڵەکـە بـووە، دکتـۆر فائیـز داواکارییەکـەی ڕەتدەکاتـەوە و پێیدەڵێـت: ئێمـە حزبـی شـیوعین کـە حزبێکـی ئینتەرناسـیۆناڵە و لەگـەڵ هـزری ناسیۆنالیسـتیی تونـدڕەودا نیـن و ئـەو کۆمەڵەیـەش، کۆمەڵەیەکـی ناسیۆنالیسـتیی نەژادپەرسـتییە و پێشـیدەگوترا:"... ئایـا تـۆ دەتـەوێ دەوڵەتێکی ناسیونالیسـتیی کۆنەپەرسـتی کـوردی دابمەزرێنیـن؟". بەڵام ئەحمـەد ڕەسـوڵ بڕیـاری قەدەغەکردنـی بەشـداربوونی لـە کۆنگرەکـە ڕەتدەکاتـەوە و بەشـداری لـە کۆنگرەکـەدا دەکات، کۆمیتـەی حزبـی شـیوعیی سـووریش دەسـتبەجێ بڕیـاری سـڕکردنی ئەحمـەد ڕەسـوڵ دەردەکات و بـە بیانـووی پێشـێلکردنی بڕیارەکانی کۆمیتـەی حـزب دەینێرێتـەوە مـاڵ. لـە ڕاستیشـدا ئەحمـەد ڕەسـوڵ تاکە کـەس نەبووە لـە وڵاتانـی سۆشیالیسـتیدا بڕیارەکانـی حـزب پێشـێل بـکات و بەشـداری لـە کۆنگـرە و بۆنەکانـی کۆمەڵەکـەدا بـکات، بگـرە کەسـانی دیکـەی وەکـو دکتـۆر محەمـەد عەبـدۆ نەجـارِی و باقـی نـازی و ئەحمـەد حەسـۆ و کەسـانی دیکـەش ئـەم کارەیـان کـردووە.

٢. لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦٤) کۆمەڵەکە بە فەرمی داوەتی کۆنگرەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان دەبن لە مۆسکۆ. شاندی کۆمەڵەکە پێکهاتبوون لە عومەر شێخموووس، سەعدی دزەیی، ڕوشدی عەلی شەریف، سەڵاح حەفید و شێرکۆ تاهیر. لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتدا ڤیزەی مۆسکۆیان پێنادرێ بۆئەوەی سەفەرەکەیان بکەن. بە عومەر شێخموووسیان دەگوت (بەپێی قسەی خۆی) پێویستە لەگەڵ شاندی حزبی شیوعیی سووریادا بن. عومەر شێخموووسیش داواکەی ئەوان ڕەتدەکاتەوە و پێیاندەڵێت: ئەو لە چوارچێوەی شاندی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوڕوپا و ئەوانیش بە فەرمی داوەتی بەشداریکردنی کۆنگرەکە کراون. جا کە تێگەیشتن شاندی کۆمەڵەکە نایانەوێ لە ڕیزی شاندی حزبی شیوعیی سووریادا بن، ملکەچیان دەبن و ڤیزایان پێدەدرێت، جا کە دەگەنە ئەوێ، نوێنەرانی حزبی شیوعیی عێراقی و سووریایی جارێکی دیکە هەوڵی ئەوە دەدەن شاندی کۆمەڵەکە بێننە نێو شاندەکانی خۆیانەوە. ئەگینا بەتەنیا دادەنیشن - بەپێی گوتەکانی عومەر شێخموووس.

٣. محەمەد سلێمان پێیگوتم کە لە ساڵی (١٩٦٨) یان (١٩٦٩)دا بوو، بەتەمابوون سیمیناڕێک لە هۆڵەکانی زانکۆی شاری (براتیسلاڤا)دا بۆ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەبارەت بە دۆزی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا بە زمانی چیکی سازبدەن. ڕێکلامیان بۆکرد و پۆستەر و فۆڵدەرەکانیان لە زانکۆ و مەڵبەندی ڕۆشنبیری و وێستگەکانی شەمەندەفەردا بڵاوکردەوە. جا کە وردەکاریی ئەم چالاکییە دەگاتەوە شیوعییەکانی سووریا، دووزمانی دەکەن و بەرپرسی ڕێکخراوی خوێندکاران و بەرسانی حکومیی لێئاگادار دەکەنەوە و سیمیناڕەکە هەڵدەوەشێننەوە.

زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەکە ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە کە بوونی ئەندامانی حزبی شیوعیی سووریا تەنیا بۆ پشتیوانیکردنی شیوعییەکانی عێراق بووە لە هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەکەدا، لە هەربەشێکی کۆمەڵەکەشدا ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراقیی لێنە بوایە، ئەوانیش لەو شوێنەی کۆمەڵەکە دووردەکەوتنەوە، دەیان نموونەشمان لەسەر ئەوە پێیە.

فەوزی ئەسعەد، کاتێک لە زانکۆی سۆفیا دەیخوێند لە ساڵی (١٩٧٢) و ڕۆژێکیان

لەکاتی دابەشکردنی ڕۆژنامەی مەرکەزیی (Dengê Kurd)ی پارتی دیموکراتی کوردی لە سووریا (پارتی)دا کە بابەتێکی سەبارەت بە پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی و ئاماژە نەژادپەرستییەکەی ناوچەی جەزیرەی تێدا بڵاوکرابووەوە. هەر کەسێکی بدیبایە، دانەیەکی ڕۆژنامەکەی پێدەدا، بە قوتابیانی عەرەبە بەعسییەکانیشەوە، بەڕێکەوت ئەندامێکی حزبی شیوعیی سووریا بەوێدا ڕەتدەبێت کە ناوی ستالین دەبێت و خەڵکی شاری حمس بووە و لەبەرئەوەی پێشتر دەیناسی و دەیزانی کەسێکی ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرستە و خۆی بە حزبی شیوعییەوە هەڵواسیوە، ڕۆژنامەکەی ناداتێ. جا کە دەچێتە ژوورێکی بەشە ناوخۆیی خوێندکاران، هەڤاڵێکی کوردی شیوعیی دەبینێت ڕۆژنامەکەی بەدەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتەی لەپێشەوە ئاماژەی پێدرا، داوای ڕۆژنامەکەی لێدەکات و دەیخوێنێتەوە، ئینجا لە هەڤاڵە کوردەکەی دەپرسێت:"هەڤاڵ ئەوەی لەم بابەتەدا نووسراوە، ڕاستە؟ هەڤاڵە کوردەکەی چاوێکی بۆ دادەگرێ و پێیدەڵێ: شوورەیی نییە بۆ تۆ کە دەیان ساڵە لە ڕیزەکانی حزبی شیوعیدایت و هیچ لەبارەی پرۆژەی پشتێنەکە و سەرژمێرییەکەوە نازانیت کە دەرهەق کەسانێک کراوە، هاوواڵاتیی تۆن و لە وڵاتێکدا بەیەکەوە دەژین؟ ئەدی بۆچی بار و دۆخی کەمبۆدیا و لاووس و شیلی دەزانیت و ئاگات لە بارودۆخی ئەو کوردانە نییە کە لە سووریا بە تەنیشتتەوە دەژین؟ کاتێک کورد پێماندەڵێن: ئێوە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردن، پەلاماریان دەدەین و کۆمەڵێک درۆ و دەلەسەیان بۆ هەڵدەبەستین ..... ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتەدا هاتووە، نەک هەر ڕاستە، بگرە ئەوە هەموو ڕاستییەکە نییە و هێشتا کەمە ....".

ئەمە سەرباری ئەوەی کە زۆر جارئەندامانی عەرەبی حزبی شیوعیی سووریا قسەی بێ بنەمایان بۆ کۆمەڵەکە هەڵدەبەست لەلای حزبە شیوعییە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی سۆشیالیستدا، بەتایبەتی لەلای حزبی شیوعیی سۆڤیەت، بۆئەوەی شێوەی کۆمەڵەکە بشێوێنن کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانی جیهاندا هەبوو و ساڵانە بیست هاوکاریی دارایی خوێندنیان بۆ قوتابیانی کورد وەردەگرت لەو وڵاتانە و ئامانجیان بڕینی ئەو هاوکارییانە و هەموو جۆرە هاوکارییەکی دیکە بوو، چونکە یەکێتییەکە هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٤)ەوە مۆڵەتی فەرمیی لە وڵاتانی سۆشیالیستدا وەرگرتبوو و زۆر باوەڕپێکراو بوون. وایان بڵاودەکردەوە کە قوتابیانی کوردی سەر بە کۆمەڵەکە لە یادی

جەژنەکانی نەورۆزدا دروشمی ناسیونالیستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزدەکەنەوە و پێویستە ئێمەی شیوعی دروشمەکانیان بۆ بنووسین.

هەر سەبارەت بەم پرسە، دکتۆر جەبار قادر کاتێک کە لە سلێمانی بینیم، پێیڕاگەیاندم:"... لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٤)دا ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی دووزمانییەکیان لەلای سەرکردەکانی حزبی شیوعیی سۆڤیەت لە مۆسکۆ کردبوو کە گوایە ئەندامانی کۆمەڵەی کورد لە ئەوڕوپا بەتەمان خۆپیشاندانێک لە گۆڕەپانی سوور ڕێکبخەن و لەوێوە هەڵبکوتنە سەر باڵیۆزخانەی عێراق. دەسەڵاتدارانی مۆسکۆش لیکۆڵینەوەی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی لقی موسکۆ کردبوو و قسەی پێیانگوتبوو و لۆمەی کردبوون لەسەر ئەم هەوڵەیان".

پوختەی گوتەکان ئەوەیە کە ئەم حزبە و ئەو حزبانەی لێی جودابوونەتەوە، جەخت لەسەر عرووبەت و ناسیونالیستی عەرەبی دەکەنەوە و پشتگیریی گەلانێک دەکەن کە هەزاران کیلۆمەتر لێیان دوورن لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و لە بڵاوکراوەکانیاندا بچووکترین پێداویستییەکانی ژۆژانەیان بڵاودەکردەوە، لەوانەش کوشتنی (١٤) مریشکی یەکێک لە هاووڵاتیانی شاری حمس!! کەچی مافی نەتەوەیەکی سێ ملیۆن کەسی پشتگوێ دەخەن و چەند مەترێک لە ماڵەکانی ئەوانەوە دوورن، ئەگەر نەڵێین: (دیوار بەدیواری یەکترەوەن).

تاکە سوودێک کە کورد لەم حزبەی بینیبێت لە کۆمەڵەکەدا، وەرگرتنی دەیان هاوکاریی دارایی خوێندن بووە بۆ قوتابیانی کورد لە وڵاتانی سۆشیالیستدا، بەتایبەتی لە یەکێتیی سۆڤیەت. ئەوەی مایەی دڵخۆشیی کوردیشە، ئەوەیە کە خوێندکاران بە شیوعی دەڕۆیشتن و لەو سەرەوە بە مرۆڤێکی کوردپەروەرانە دەگەڕانەوە، پاش ئەوەی بە چاوی خۆیان دەیانبینی کە یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆشیالیست چۆن بازرگانی بە پرەنسیپە ئینتەرناسیۆنالیستییەکان و بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانییەوە دەکەن و لە ڕاستیشدا لە ڕژێمی دیکتاتۆری ستەمکار بەولاوە هیچی تر نین بە هیچ جۆرێک بڕوایان بە ئازادیی بیروباوەڕ و بیروباوەڕی بەرانبەر نییە، جا ئەگەر وا نە بوایە ئەم هەموو دەوڵەتانە ئاوا بە خێرایی لە سەرەتای دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو هەرەسیان نەدەهێنا، هەروەک بینیمان.

ئەم خوێندکارە خاوەن بڕوانامانەی لەپێشەوە باسکران، بە بڕوانامە زانستییەکانیان خزمەتی گەلە چەوساوەکەی خۆیان کردووە و بەشێکیان تاکو ئێستا لە خزمەتکردندا بەردەوامن. بەشێکیان بوونەتە نووسەری بەناوبانگ و پێنووسەکانیان خستووەتە خزمەت دۆزە ڕەواکەی میللەتەکەیان، نموونەشیان زۆرە، بەڵام ئەم ناوانە بۆ نموونە دێنینەوە: دکتۆر محەمەد عەبدۆ ئەلنجاری، سالّح بوزان، باڤی نازی و کەسانی دیکەش.

لە ئەنجام دا: دەتوانین چەپخواز و شیوعییەکانی کورد بکەینە دوو بەشەوە. بەشێکیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەموو هەوڵێکیان لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمانی (نەتەوەیی) دا چڕکردووەتەوە و بە هەزر و بنەماکانی چەپخوازان لە خەبات و کۆششدا بوونە و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی و دکتۆر کەمال فوئاد، سەعدی دزەیی و حەسەن شتوی و کەسانی دیکە لەمجۆرە چەپخوازانەدا بوون. بەشەکەی تریان، لەژێر چەتری جیاوازیی هەزر و بیروباوەڕدا خۆیان حەشار دابوو و بە کردەنی دژی خەباتی گەلی کورد بوون، یان دەتوانین بڵێین کە ئەمانە تاکو سەر ئێسقان بە هەزری چەپخوازی و شیوعییەت فریودرابوون کە لە هێندێک وڵاتدا دژی خەباتی نەتەوەیی بوون، بەبیانووی لەت لەت و پەرتەوازەنەکردنی خەباتی چینی کرێکار و دەیانگوت: سەرکەوتنی هەزری سۆشیالیستی، هەموو کێشە نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چارەسەر دەکات، بۆیە پێویست ناکات بە هیچ هزرێکی دیکەوە کات بەفیڕۆ بدەین. هەڵبەت ئەم بەشەیان زۆر زیاتر بوون لە بەشەکەی یەکەم.

دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەش چەکەرەی لەو خوێندکارە کوردانە دەکرد کە لە وڵاتانی سۆشیالیستدا دەیانخوێند و مەیلی چەپخوازی و کۆمۆنیستییان هەبوو، بۆیە زۆر جار ئەندامبوونیان لە کۆمەڵەکەدا ڕەتدەکرایەوە. ئەمە لەلایەن دکتۆر حەسەن شتوی پشتڕاسکراوەتەوە دەیگوت: هێندێک جار، وێڕای سەختیی باری گوزەرانیان، بەشێک لە قوتابیانی کورد کە داواکاریی بەئەندامبوونیان لە کۆمەڵەکە ڕەتدەکرایەوە، هەفتەیەک پێش بەستنی کۆنگرەکان ئامادەدەبوون و بەهیوای وەرگرتنیان لە کۆمەڵەکە، لە چاوەڕوانیدا دەمانەوە، بەڵام لێژنەی کارگێڕیی گشتیی، بەتایبەتی بڕیاربەدەستانیان (عیسمەت شەریف کەمال فوئاد، سەعدی

دزەیی) داواکارییەکانیانی ڕەتدەکردەوە و بە بێئومێدی و خەمباریيەوە دەگەڕانەوە. سەبارەت بەم پرسە، دکتۆر عیسمەت شەریف لە یاداشتنامەکەیدا دەنووسێت:".... بەهۆی زۆریی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و ناوداربوونی لە کوردستان، قوتابیانی شیوعیی ئەوڕوپا هەوڵی بەئەندامبوونیان دەدا لە کۆمەڵەکە (هەر ئەوانەبوون کە ئارەزووی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی لەمجۆرەیان دەکرد و بایکۆتیان دەکرد) بەڵام ئێمەش ئەندامبوونی ئەوانمان ڕەتدەکردەوە، بەشێکی کەمیان نەبێت ...".

لەبەرانبەریشدا کوردپەروەران، لەخۆڕا ڕقیان لە چەپخوازان و شیوعییەکان دەبووە، بەبێ ئەوەی هیچ گفتوگۆیەکیان لەگەڵدا بکەن و بە بەڵگەوە قەناعەتیان پێبێنن، ئەم خوێندکارە کوردپەروەرانەش بەم هەڵوێستەیان ڕێگەیەکی هەڵەیان گرتبووەبەر، چونکە ئەم چەپخواز و شیوعییانەی بایی خۆیان لەنێو کورددا لایەنگریان هەبوو و هەرکات کارێکی دژ بەوان بکرایە، مانای دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی ئەم بەشەی قوتابیانی کورد بوو کە بەمەبەست و بەبێ مەبەست دژایەتیی بەشێک لەم کوردانە دەکرا، لەکاتێکدا کورد ئەوپەڕی پێویستیی بە یەکخستنی وتار و یەکڕیزیی ئەندامانی بوو، جا چ لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەکەدا بێت یاخود لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بێت.

دکتۆر حەسەن شتوی کە لەسەر چەپخوازەکانی کورد هەژمار دەکرا، پێیڕاگەیاندم:"... ڕاستە ئێمە چەپخواز بووین، بەڵام کاریشمان دەکرد لەپێناو سەرخستنی شۆڕشی کورد کە مستەفا بارزانی ڕابەرایەتیی دەکرد و بەوە ناسراوە کە مەیلی هزرێکی ناسیونالیستیی هەیە ... لە کایەی سیاسیدا بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆرمان لەنێو کۆمەڵەکەدا هەبوو، بەڵام سەبارەت بە پشتیوانیکردنی شۆڕش و مستەفا بارزانی هەموومان کۆک بووین لەسەر پشتگیریکردنی شۆڕش ... حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دووبەرەکی و ململانێی یەکتریان دەکرد، تا کار گەیشتە ڕادەی براکوژی، بەڵام ئێمە هەموومان کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە هەریەکەمان بە جیاوازیی بیروبۆچوونمان، پارێزگاری لە هزر و بۆچوونەکانی خۆمان بکەین و لە هەمان کاتیشدا پشتگیریی شۆڕشی کورد بکەین لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورددا".

ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵەکە و لەتبوونی

فرەیی بۆچوون و بیروباوەڕ و جیاوازی و هەمەڕەنگییەکەی، دیاردەیەکی جیهانی و تەندروستە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان، بگرە پێویستیشە هەبێت بۆ بەردەوامبوون و جووڵەی مانەوەی. جا ئەگەر ڕا و ڕای بەرانبەر نە بوایە، ئەم هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنەمان لە کۆمەڵگەکانی مرۆییدا نەدەبینی. هەر کۆمەڵگەیەکیش لەم دیاردەیە بێبەشکرابێت، بە داخراوی دەمێنێتەوە و دووچاری چەندین نەخۆشی و ناخۆشی دەبێت، لەپێش هەموشیانەوە نەخۆشیی ڕاوەستان و پووکانەوەی عەقڵە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دوو دەستەواژەی (فرەیی وجیاوازیی بۆچوونەکان) و (ململانێ و ڕکابەری)دا هەیە. ئەوەی یەکەمیان یارمەتیدەرە بۆ خوڵقاندنی کەشێکی لەبار بۆ پێشکەوتن و گەشانەوە لە کۆمەڵگەکاندا، هەرچی ئەوەی دووەمە، لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵگەکان و لەدەستدانی دەستکەوتەکان، بە لەدەستدانی وڵاتانیشەوە. ئا لێرەدا پرسیارێکمان بەمێشکدا دێت: ئاخۆ هیچ سنوور و ناوبڕێک لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە؟ بەداخەوە تاوەکو ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان کەس نەیتوانیوە جیاوازییەکان بە پراکتیک دیاری بکات. زۆر جار ئێمە وا هەست دەکەین کە مومارەسەی مافی خۆمان دەکەین لە دەربڕینی بۆچوونێکماندا، یاخود بە ئامانجێکی باڵا ڕەخنە لە شتێک دەگرین کەچی کەسی بەرانبەر وادەزانێت سنووری ڕەخنەی بنیاتنەرانە و بەسوودت بەزاندووە و بەرەو ململانێی و ڕکابەرییەکی نەرێنی هەنگاو دەنێیت کە ئەنجام زەرەر بە هەموو لایەک دەگەیەنێت. بۆیە لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە کۆمەڵگەی وەها هەیە، بەدروستی سیاسەتی فرەیی و یەکێتیی بەکاربردووە، هەروەک ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی ئەورووپادا دەیبینین. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی وەهاش هەیە وەک کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی، نەیتوانیوە بە دروستی ئەم چەکە بەکاربهێنێت و لە خزمەتکردنی گەل و نیشتماندا بیسازێنێت.

جا بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردەواریش وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی ئەم جیهانە، لە چین و تۆزە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە و ئاساییە ئەگەر هەر چینێکی ئەو

کۆمەڵگەیە، ڕەوتێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی هەڵبژێرێت و خەمی نیشتمان کۆیان بکاتەوە. بیرۆکەی پێشڕەویکردنی بزووتنەوەیەکی گەلان بەرەو ئازادی و پێشکەوتن و گەشەسەندن، لەلایەن تەنیا حزبێک یان کەسێکەوە، بیرۆکەیەکی سواو و بەسەرچووە.

بە گەڕانەوە بۆ ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکە، ناچار دەبین مێژووی کۆمەڵەکە بکەینە سێ قۆناغی جیاواز:

قۆناغی یەکەم: لە دامەزراندن و زیادکردنی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکەوە و بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە و بە هاوتەریب لەگەڵ کردنەوەی لقەکانی لە وڵاتانی ئەوڕوپا. واتە لە ساڵی (١٩٥٦ تاکو ١٩٦١).

قۆناغی دووەم: لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، واتە لە مێژووی بەڕابوونی شۆڕشی چەکداریی ئەیلوول لە باشووری کوردستان. ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە کە سیاسەتی کۆمەڵەکە وابەستەی گۆڕانکاری و وەرچەرخانە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو ڕووداوانە بووە کە لەم بەشەی کوردستاندا ڕووەدەن. یەکێک لە وەرچەرخانە نەرێنییەکانی ئەم قۆناغە، دزەکردنی ناکۆکییەکانی نێوان دوو ڕەوتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بۆ نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەکە لە کۆنگرەی نۆیەمی ساڵی (١٩٦٤)دا زۆر بە زەقی و بە ڕوونی دیاربوو و لە ساڵانی نێوان (١٩٦٤- ١٩٧٠) کۆمەڵەکە بووە گۆڕەپانی ململانێ و ڕکابەرییە سەختەکان.

قۆناغی سێیەم: لەپاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) دەستپێدەکات و یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەم قۆناغە (تا ڕادەیەکیش قۆناغەکەی پێشوو) لەدەستدانی سەربەخۆیی کۆمەڵەکە بوو کە وەک ڕێکخراوێکی کوردستانیی قوتابیانی زانکۆ، گۆڕا بۆ دامەزراوەیەکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەنجام درزێکی گەورە و بە ئازار بەر جەستەی کۆمەڵەکە کەوت، لە کۆتاییشدا بووە هۆی کشانەوەی بەشێک لە قوتابیانی کورد لە هۆڵی کۆنگرەی حەڤدە و دواجار ڕاگەیاندنی پێکهێنانی (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە تاراوگە - AKSA). سەرچاوەی ئەو ناکۆکییانەی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەکە، ناکۆکییەکانی نێوان دوو باڵە جیاوازەکەی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، چونکە زۆربەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە، کوردی باشووری کوردستان

بـوون، لـەو کاتـەی بالّـی مەکتەبـی سیاسـی، بارزانییـان بـە خێڵەکـی تۆمەتبـار دەکـرد کـە پابەنـدی ڕێکخسـتنەکانی حـزب نابێـت و کۆنەپەرسـت و بڕیارەکانـی تاکلایەنانەیـە و سـازش لەسـەر مافەکانـی کـورد دەکات و زۆرداریشـە، بـەڵام مسـتەفا بارزانـی لـە دیـدی لایەنگرانیـدا، نـەک هـەر لـە کۆمەڵەکـە و باشـووری کوردسـتان، بگـرە لـە تـەواوی پارچەکانـی دیکـەی کوردستانیشـدا، هۆشـی منـەی قێتنـام و ماندێـللای باشـووری ئەفریقیـا و جەواهـر لال نەهـرۆی هینـدە و زۆربـەی هـەرە زۆری کـورد پشـتگیریی ئـەو شۆڕشـەیان دەکـرد کـە ئـەو ڕابەرایەتیـی دەکـرد، بڕوایـان وابـوو کـە سـەرکەوتنی ئـەم بەشـەی کوردسـتان، سـەرکەوتنە بـۆ بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانیش، بۆیـە بڕوایەکـی ڕەهایـان بـە ڕێبازەکـەی هەبـوو، چونکـە هـەر ئـەو ڕێبـازە بـوو، چۆکـی بـە ڕژێمـی عێراقـدا دادا و ناچـاری کـرد ملکەچـی ئیمزاکردنـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ی مێژوویـی بێـت[١٥٤]. کـە بـە مەزنتریـن دەسـتکەوتی مێژوویـی دادەنرێـت کـە کـورد لـە سـەردەمی هاوچەرخـدا بەدەسـتیهێنابێت.

لێـرەدا دەبینیـن کـە بارزانـی داوا لـە لایەنگرانـی خـۆی دەکات دەسـت بـۆ یەکپارچەیـی کۆمەڵەکـە نەبـەن و هەوڵـی لەتبوونـی نـەدەن و هانیـدان لەنێـو کۆمەڵەکـەدا چـالاکتر بـن تاکـو چارەنووسـی کۆمەڵەکەیـان دەکەوێتـە دەسـت. لـە ڕاسـتیدا و بـە پراکتیـک ئەمـە هاتـەدی لـەو قۆناغـەی ئێمـە تۆژینەوەکـەی تێـدا ئەنجـام دەدەیـن کـە زۆر کـەس لێێتێنەدەگەیشـت، تەنانـەت ڕکابـەران و نەیارانـی نێـو حـزب و شۆڕشـیش.

وا بـاشتر بـوو کـە کۆمەڵەکـە خـۆی لـەو ناکۆکـی و دووبەرەکییانـەی نێـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و شـۆڕش بەدووربگرتایـە و جەختیـان لەسـەر کێشـە و نیگەرانییەکانـی قوتابیانـی کـورد بکردایـە لـە ئەوڕوپـا و بەردەوامبوونایـە لەسـەر ئاشـناکردنی ڕای گشـتیی ئەوڕوپـا و جیهـان بـە دۆزی گەلـی کـورد لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندیـی گشـتیدا، نـەک خـۆی بخزێنێتـە نێـو کێشمەکێشـمی ئـەو دووبەرەکییـە و خـۆی بکاتـە تەرەفێـک لـە ناکۆکییەکـە و ببێتـە بارگرانییـەک بەسـەر دوو لایەنـە ناکۆکەکـە. هەروەهـا دەبـوو جیاوازیـی ئەوەیـان بکردایـە لەنێـوان ئـەوەی کـە کۆمەڵەکـە پێویسـتە وەکـو چەترێـک هـەر بمێنێتـەوە و لەنێـوان ئامانـج و ڕووخسـارەکان وەک کۆڵەکـە و پـرد و ڕووکارێـک بێـت کـە قابیلـی نۆژەنکردنـەوە و تازەگـەری بێـت لـە

هـەر کاتێکـدا کـە پێویسـت بێـت. بـەڵام بەداخـەوە (لێـرەدا قسـەکە هـی مەحمـوود شاوێسـە):"لەکاتی گەڕانـەوەی کەمـال فوئـاد لـە باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵی (١٩٦٤)، لقـی ئەڵمانیـای فیدراڵـی پارتـی لـە ١٩ی ئـادارەدا کۆبوونەوەیەکـی فراوانیـان لـە شـاری بوخـوم بـۆ چەنـد کێشـەیەکی ڕێکخـراوی پارتـی بەسـت، جـا لەبەرئـەوەی کەمـال فوئـاد بەرپرسـی ڕێکخـراوی ئەوڕوپـا بـوو، ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە بـە پێویسـتیان زانـی ئەویـش ئامـادە بێـت، ئەگینـا کۆبوونەوەکـە ناکرێـت. ئینجـا کەمـال فوئـاد، بـە ناچـاری بەشـداریی لـە کۆبوونەوەکـەدا کـرد، پاشـان دەسـتکرایە گفتوگـۆی ئـەو کێشـانەی ڕووبـەڕووی ڕێکخراوەکـە دەبێتـەوە. یەکێـک لـەو شـتانەی کەمـال فوئـاد داوای لـە ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە کـرد، ئەوەبـوو کـە دژایەتیـی بارزانـی و ڕێبازەکـەی بکـەن، چونکـە ئـەو مرۆڤێکـی کۆنەپەرسـت و خێڵەکییـە و هیـچ گـوێ بـە ڕێکخسـتنەکان نـادات و ئـەوەی ئـەو دەیڵێـت، بڕیارێکـی حزبـە و پێویسـتە پابەنـدی بن. زۆربـەی ئامادەبـووان بەمـە ڕازی بـوون، بـەڵام مـن لەگەڵیـدا نەبـووم و گوتـم: مـن پابەنـدی ئـەم بڕیـارە نابـم، چونکـە نزیکـەی (١٠) سـیمینارم پێشـکەش بـە ئەڵمانییـەکان و کەسـانی بیانـی کـردووە و لـە هەموویانـدا بـە شـان و شـکۆی ئەومـدا هەڵـداوە و ئێسـتا ناوداربـووە کەچـی ئێسـتا تـۆ هاتـووی و داوام لێدەکەیـت دژایەتیـی بکـەم. ئـەدی ئـەو خەڵکـە چـی بـە مـن دەڵێـن، ئەگـەر پێچەوانـەی ئەوانـەی لـە پێشـوودا گوتوومـە، ئێسـتا بێـم و هەوڵـی شـێواندنی وێنـە و ناوبانگـی بـدەم، هەڵبـەت پێمدەڵێـن: یـان ئەوەتـا کاتـی خـۆی درۆت لەگەڵمانـدا کـردووە، یانیـش ئێسـتا تـۆ درۆ دەکـەی، بۆیـە دەسـتبەجێ دەستلەکارکێشـانەوەی خـۆم دایـە دەسـت کەمـال فوئـاد، بـەڵام ئـەو ڕەتـی کـردەوە ...."."کەسـانێکی زۆر دووپاتـی دەکەنـەوە کـە هەتاکـو سـاڵی (١٩٦٧) باڵـی مەکتەبـی سیاسـی باڵادەسـت بـوون لەنێـو لقـی شەشـی پارتـی و کۆمەڵەکـە، بـەڵام ئـەم باڵـە لـە ئیدارەدانـی ململانێکردنـی باڵـی بارزانیـدا شکسـتیان هێنـا و هەڵەیەکـی تەکتیکیـی کوشـندەیان کـرد کاتێـک چوونـە بەغـدا و لـەوێ پـارە و چەکیـان لـە ڕژێـم وەرگـرت و بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ شـەڕی شۆڕشـیان پێکـرد. ئەمـەش بـووە هـۆی فراوانکردنـەوەی بۆشـایی نێـوان لایەنگرانـی ئـەو دوو لایەنـە لـە کۆمەڵەکـەدا، دواجاریـش ئـەو باڵـەی مەکتەبـی سیاسـی کۆنترۆڵکردنـی کۆمەڵەکەشـیان لەدەسـتدا و پەسـتێنرانە کونجێکـی تەسـک و داکۆکیکردنـی ئـەم ڕەفتـارە ئابڕووبەرانەیـان پێنەکـرا، هەتاکـو ئیمزاکردنـی

ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ و دووبـارە گەڕانـەوەی مەکتەبـی سیاسـی بـۆ نێـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئینجـا بەرەبـەرە گرژیـی نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵەکـە خاوبـووەوە، بـەڵام نـە لـە کوردسـتان و نـە لەنێـو کۆمەڵەکەشـدا کۆتایـی نەهـات.

لـە بەرانبەریشـدا لایەنگرانـی ڕەوتـی بارزانـی کارێکـی وەهایـان نەکـرد برینـەکان سـاڕیژ بکـەن و هـۆکار و ئەنجـام ەکانـی ئـەو درزە گەورەیـەی لـە سـەرەتای حەفتـاکان و تاکـو کۆتایـی ئـەو سـاڵە، نەهێڵـن، بەڵکـو سەرمەسـتی ئـەو سـەرکەوتنە بـوون کـە شـۆڕش بەدەسـت هێنابـوو، ئەویـش ملکەچکردنـی ڕژێمـی عێـراق بـوو بـۆ ئیمزاکردنـی ڕێککەوتنامەکـەی ١١ی ئـادار. لـە کۆنگـرەی شـانزەدا کـە لـە سـاڵی ١٩٧٣ بـەسترا، ڕژدبـوون لەسـەر زیادکردنـی بڕگەیـەک لـە بەنـدی سـێیەمی مەرجەکانـی بەئەندامبـوون لـە کۆمەڵەکـە کـە پێـش زیادکردنەکـە بـەم شـێوەیە بـوو:

"ئەگـەر هـەر ئەندامێـک دەسـتووری کۆمەڵەکـەی پێشـێلکرد، یاخـود کارێکـی وەهـای ئەنجـام دا کـە زیـان بـە کۆمەڵەکـە و گەلـی کـورد بگەیەنێـت، ڕووبـەڕووی ئـەم سـزایانە دەبێتـەوە: أ- ب- ج". کـە پـاش زیادکردنەکـە بـەم شـێوەیەی لێهـات:

"ئەگـەر هـەر ئەندامێـک دەسـتووری کۆمەڵەکـەی پێشـیلکرد، یاخـود کارێکـی وەهـای ئەنجـام دا کـە زیـان بـە کۆمەڵەکـە یاخـود بزووتنـەوەی ڕزگاریخـواز و ئـەو شۆڕشـە ڕەوایـەی لـە کوردسـتانی عێـراق بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی بگەیەنێـت، ڕووبـەڕووی ئـەم سـزایانە دەبێتـەوە: أ- ب – ج". لێـرەدا ناکۆکییـەکان دووبـارە سـەریانهەڵدایەوە. لـە ڕاسـتیدا نـەک هـەر باڵەکـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد و مـام جـەلال، زیادکردنـی ئـەم بڕگەیەیان ڕەتکـردەوە، بگـرە لایـەن و کەسـایەتیی دیکـەش هەبـوون لەنێـو کۆمەڵەکـەدا بـەم گۆڕانکارییـە ڕازی نەبـوون، بـەڵام بـە حوکمـی باڵادەسـتیی ڕەوتەکـەی بارزانـی و ئەوانـەی لایەنگریـان بـوون، بڕگەکـە لـە دەسـتووردا جێگرکـرا. بـە زیادکردنـی ئـەم بڕگەیـەش، کۆمەڵەکـە سـەربەخۆیی خـۆی لەدەسـتدا ئـەو چەتـر و پەرلەمانـە بچووککراوەیـە نەمـا کـە نوێنەرایەتیـی سـەرجەم قوتابیانـی کوردسـتانیان دەکـرد لـە ئەوڕوپـا، بگـرە لـە ئێسـتادا سـەر بـە حزبیکـی دیاریکـراوە، تەنانـەت بـە ڕەوتێکـی نـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و شۆڕشـی کـورد و بـووە ئامرازێکـی بانگەشـەکردن لـە چاکـە و خراپـەی ئـەو ڕەوتـە. لـەو بـاوەڕەدام کـە مکوورِبوونـی لایەنگرانـی بارزانیـی نەمـر، لـەم بەشـەدا هەڵـە بـوو، بەدەنگ

تێبینی و ڕەخنەکانی ئەوانەی لەنێو کۆمەڵەکەدا نەهاتن کە ڕای جیاوازتریان هەبوو و بە حیکمەت و ژیری مامەڵەیان لەتەکدا نەکردن. کە ئەنجام بووە فاکتەرێکی دیکە بۆ خێراکردنی لەتبوونی کۆمەڵەکە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە شۆڕشی کورد لەپاش ساڵی (١٩٧٣) و پێش ئەو ساڵەش بەتەنیا پشتی بە هاوکارییە دەرەکییەکان بەستبوو کە لە ڕێگەی شای گۆڕبەگۆڕەوە بەدەستیان دەگەیشت، هەڵبەت ئەمە قوڕەکەی خەستتر کرد. بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە ناکۆکی و دووبەرەکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەکە، تەنیا لەنێوان دوو باڵەکەی (پارتی) و شۆڕشدا قەتیس نەببوو، بەڵکو لایەنی سییەمیشی هاتەسەر کە حزبی شیوعیی عێراقی بوو کە زۆر جار هەوڵیداوە دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە کۆنترۆڵ بکات و بە پێی بیر و باوەڕ و هزری خۆیان ئاراستەی بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن[١٥٥]. هەڵبەت ئەم ناکۆکییانە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە خراپەکانی نێوان ئەو دوو حزبە بوو لە عێراق و باشووری کوردستان.

دیارتین خاڵی ناکۆکیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق، هێڵە ناوەندەکەی نێوان دوو بلۆکەکە بوو: سۆشیالیستی و ڕۆژئاوایی کە پارتی دیموکراتی کوردستان پەیڕەوی دەکرد، ئەویش گەیاندنی دەنگی نەتەوەی کورد بوو بە زۆرترین هێز و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی جیهان بۆئەوەی پشتیوانی و هاوسۆزییەک بۆ دۆزی کورد و مافی چارەی خۆنووسین پەیدابکەن، یاخود ئەگەر هەر هیچ نەبێت بیانکەنە لایەنگری خۆیان بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لەگەڵ چەوساوەکانی کوردستاندا بن و دژی داگیرکەرانی کوردستان بوەستنەوە. کەچی شیوعییەکان دژی ئەم پەیوەندییانە بوون و بارزانییان بە ناپەسندترین سیفەت وەسف دەکرد و هەوڵی تاکڕەوی و سەپاندنی دیدگەی بەرتەسکی خۆیان دەدا بەسەر کۆمەڵەکەدا. ئەوەیان لەبیر نەبوو کە کۆمەڵەکە، ڕێکخراوێکی سەر بە حزبیان نییە. سەبارەت بەم هەڵوێستەی شیوعییەکان، لە هیوا بەهجەتم پرسی، ئەو گوتی:

" .... لە سەرەتای پەنجاکان و تاکو ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، دیدگای شیوعییەکان وەهابوو: تەنیا بە دیداری بەرپرسێک یاخود کەسایەتییەکی ئەمەریکی یان ڕۆژئاوایی، تۆ بەکرێگیراو و سیخوڕی ئەوان بوویت. یانیش ئامادەبوونی کەسێک

لـە کۆبوونەوەیەکـی غەیـرە شـیوعی، بۆنمـوونـە کۆبوونـەوەی حزبـی (C D U) تەنانـەت (S P D) لـە ئەڵمانیـا، تـۆ بـە دیـدی ئـەوان دژە گەلـی عێـراق و نەتـەوەی کوردیـت. ئەمـەش یەکێـک بـوو لـە گرنگتریـن خاڵـی ناکۆکیـی ئێمـە و هێـزە سیاسـییەکانی دیکـەی کـورد. بـەڵام ئێمـە لەگـەڵ کەسـایەتیی بارزانیـدا هیـچ ناکۆکییـەکمان نەبـوو. جارێکیـان بارزانیـم بینـی، ئـەو پێیگوتـم: کاک هیـوا بـە هەمـوو حوێندکارانـی ئـەوێ بڵـێ، ئەگـەر یەکێکیـان ویسـتی ببێتـە بەکرێگیـراو ، مـن لاریـم نییـە، بـەڵام بـە مەرجێـک ببێتـە بەکرێگیـراوی گەلەکـەی و ئـەوەی نەبێتـە بەکرێگیـراوی گەلەکـەی و دەبێتـە بەکرێگیـراوی بیانـی، جـا هەرکەسـێک بێـت، مـن بـە دوژمنـی خۆمـی دادەنێـم".

ئەمـەش نموونەیەکـی تـرە: لـە سـاڵی (١٩٦١) کۆمەڵـە کۆنفرانسـێکی لـە شـاری (مونسـتەر)ی ئەڵمانـی بەسـت، دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ وانەیەکـی لـە کۆنفرانسـەکە پێشـکەش کـرد، وەک پیشـەی هەمـوو جارێکیـان، پارتـی و شـیوعییەکانی عێـراق بـووە ناخۆشـییان. جـا کـە چەنـد کەسـێکی ئامادەبـووی کۆنفرانسـەکە ڕوونیـان کـردەوە کـە شـیوعییەکانی عێـراق لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت، ئاهەنگـی نـەورۆز دەگێـڕن و وێنـەی دیکتاتـۆر عەبدولکەریـم قاسـم هەڵدەگـرن، لـە کاتێکـدا کوردسـتانیش بـە تـۆپ و تەیـارەی ئـەوان دەکوترێـت، شـیوعییەکان دەسـتیان بـە هاتوهـاوار کـرد و داکۆکییـان لـەو هەڵوێسـتەی شـیوعییەکانی یەکێتیـی سـۆڤیەت دەکـرد، پارتییەکانیـش هەڵیانکوتایـە سـەریان، تـا کار گەیشـتە شـەڕە دەسـت و شـەڕە کورسـی، بـەڵام بـە نێوەندیگیریـی چەنـد کەسـیکی سـەلار، شـەڕکەرانیان پیکهێنایـەوە و کێشـەکەیان چارەسـەر کـرد و ڕێککەوتـن کە جارێکـی دیکـە شـیوعییەکانی عێـراق وێنـەی دوژمنـی نەتـەوەی کـورد لـە ئاهەنگەکانـی نـەورۆزدا بەرزنەکەنـەوە، چونکـە کـوردی پـێ قەڵـس و هەسـتیان برینـدار دەبـێ. لەگـەڵ کۆتاهاتنـی کۆنفرانسـەکەدا هەمـوو شـتێک ئاسـایی بـووەوە و وەک بڵێـی هیـچ شـتێک ڕووینـەداوە. پێویسـتە ئـەوەش بگوترێـت کـە بەرپرسـانی یەکەمـی پارتـی و شـیوعی لـە دەمەقاڵێـی نێـوان ئەندامانـی ئـەو حزبـەدا بەشـدار نەدەبـوون، بەڵکـو ئەوانـەی ئـەو هەرایەیـان دەنایـەوە، ئەندامـی ئاسـایی دوو حزبەکـە بـوون.

هەروەهـا لـە نـەورۆزی سـاڵی (١٩٧٤) کـە لقـی مۆسـکۆی کۆمەڵەکـە سەرپەرشـتیی ئاهەنگەکـەی دەکـرد، لایەنگرانـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی و شـیوعیی سـووریا لـە

بەرەیەکدا و لایەنگرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جارێکی دیکە دەبێتە شەڕ و هەرایان کە گوایە سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە لە کوردستانی عێراق پەیوەندیی گوماناویی لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستاندا هەیە و .... (ئەمە دکتۆر ناسیح غەفوور گێڕایەوە).

لە ساڵی (١٩٧٤)دا شیوعییەکانی عێراق لە براگ، هەوڵیان دەدا لقی چیکۆسلۆڤاکیای کۆمەڵەکە کۆنترۆڵ بکەن کە بڕیاربوو کۆنگرەی گشتیی ساڵانەی کۆمەڵەکەی تێدا ببەسترێت. شیوعییەکان دەیان خوێندکاری عەرەب و تەنانەت بیانیشیان هێنابووە نێو هۆڵی کۆنگرەکە کە ئەمانە هەر ئەندامی کۆمەڵەکە نەبوون، ئامانجیان لەم کارەدا ئەوەبوو کە سەرۆکی کۆمەڵەکە و لێژنەیەکی نوێ لە لایەنگرانی خۆیان دابنێن، جا کە هەوڵی دەرکردنە دەرەوەی ئەمانە سەری نەگرت، تەواوی قوتابیانی کۆمەڵەکە، لە کۆنگرەکەدا کشانەوە، بەڵام شیوعییەکان مانەوە و سەرۆکێک و لێژنەیەکی نوییان هەڵبژارد و بانگەشەیان دەکرد کە هەڵبژێردراوان نوێنەرانی نوێی کۆمەڵەکەن. بۆیە تا ماوەیەکیش بەمانەیان دەگوت (KSSEی براگ)، بەڵام زۆر بەردەوام نەبوون. بە بیری شیوعییەکانی عێراق و هاوبیرانیان نەدەهات کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێیانبپرسن: ئاخۆ بۆچی پەیوەندی و دیداری وڵاتانی سۆشیالیست و لە سەرووی هەموویانەوە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ تەنیا ڕۆژێکیش لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیلدا نەپچڕا؟ ئەدی بە چ ڕوویەکەوە داوا لە کورد دەکەن ئەمانە نەبینین، لە کاتێکدا کە کورد هێشتا لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدایە. هەر سەبارەت بەم بابەتە، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە یاداشتنامەکەیدا باس لە گەشتێکی ئەمەریکادا دەکات لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٦٥)، لەوێ داوای چاوپێکەوتنی مۆرۆزۆف، باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت دەکات لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەگەڵ کێشەی کورددا ئاشنابوو، وانلی دەنووسێت:

" ..... و بە شێوازێکی گلەییئامێز پرسیاری لێکردم: (هاتووی لە ئەمریکا چی بکەی بە ناوی کوردەوە؟ پێمگوت: (ئەدی تۆ لێرە چی دەکەیت بەناوی ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤیەت؟ ئەمەریکا وڵاتێکی زلهێزە و لە بەرژەوەندیی کورد و بزووتنەوەکەیدایە، پەیوەندیی لەگەڵ ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەتیشدا هەبێت)".

خاڵێکی دیکەش هەیە کە شیوعییەکانی عێراق لێی تێنەدەگەیشتن: کۆمەڵەکە

نوێنەرایەتیی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی دابەشکراو دەکات و بە تەنیا نوێنەرایەتیی ئەو بەشە ناکات کە لەژێر دەسەڵاتی عێراقدایە، بۆیە ناتوانن بۆچوونەکانیان بەسەر کۆمەڵەکەدا بسەپێنن.

پێشتر ئاماژەمان بەوە دابوو کە سیاسەتی کۆمەڵەکە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردنی گشت بەشەکانی کوردستان دامەزراوە کە لە دەستەی کارگێڕیی گشتی و دەستەی لقەکاندا، نوێنەری هەموو پارچەکانی کوردستانی تێدابێت، بەڵام لەڕاستیدا بەپراکتیک وانەبوو، سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان ئەو بایەخەیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش و سەرپەرشتیارانی کۆمەڵەکەشەوە پێنەدراوە کە ڕەنگە هۆکارەکەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی شۆڕش بە ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران و سووریا (کە هەندێک وای بۆدەچن) یاخود ئەنجامی بارودۆخی نێوخۆیی شۆڕش بێت، دووریش نییە هەردووکیان بن بەیەکەوە. لە ساڵی (١٩٦٩) و بەسەرەوە، لە کۆنگرەی چوارەدە کە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بەسترا، ڕەوتی چوارەم لەنێو کۆمەڵەکەدا پێکهات، بەڵام لاواز بوون کە لە هەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کوردستانیی گشتگیردا بوون - یوسف زۆزانی ئەمەی گوت - عومەر شێخموس یەکێک بوو لە دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم ڕەوتە نوێیە، بەڵام دواجار هەوڵەکانیان سەرینەگرت و هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشتن.

پێویستە ئەو ڕاستییەش بگوترێت کە زۆربەی خوێندارانی ڕۆژئاوای کوردستان لە کۆمەڵەکەدا، چەند دڵسۆز و پڕ حەماسەت بوون بۆ کورد‌ایەتی و خەباتی نەتەوەیی هاوبەش، هێندەش ببوونە سووتەمەنی و ئامراز بۆ خۆشکردنی ئاگری ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکە، بەڕادەیەک کە هێندێک جار لەبیریان دەچوو کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بن و ئەو بەشەی کوردستانیش بایی خۆی کێشە و نیگەرانیی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بیر لە چارەسەرکردنی بکەینەوە.

هەموو ئەم کێشانە، بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی بەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپادا شکایەوە و بووە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی ویست و ئیرادەی ئەندامانی و ئیفلیجکردنی تواناکانیان. ئەوانەی ئەم ڕۆڵانەشیان گێڕاوە، دەتوانین بیانکەینە سێ تیم: تیمێکیان بەرژەوەندیی باڵای گەلی کورد و شۆڕشەکەیان لەبەرچاو نەگرتووە و حزب

و کۆمەڵەکەیان بە مۆڵگەیەکی بەپیت زانیوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەو ڕووبارە خوێنەی پێشمەرگەشیان لەبەر چاو نییە کە لەپێناو ئازادیی ئەواندا ڕژاوە و ڕۆژانە سەدان ڕۆڵەی کچ و کوڕی کورد بە ئاگری تۆپ و تانک و فڕۆکەی دوژمن شەهید دەکرێن. جا لەبری ئەوەی خۆیان بۆ کێشەی نەتەوە و وڵات تەرخان بکەن، هەوڵیانداوە کۆمەڵەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەرخان بکەن، بۆیە دەتوانین بەم جۆرە کەسانە بڵێین: تیمە هەلپەرستەکە کە زیانێکی زۆریان بە خەبات و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە گەیاندووە. تیمەکەی دووەم، وەکو کوێرێک خۆیان کردبووە پاشکۆی ئەم و ئەو. چەپڵەیان بۆ ئەو ڕەوت ئەو بەرپرس و ئەو کەسانە لێدەدا کە بۆچوونێکی خۆیان بخستایەتەڕوو، بەبێ ئەوەی بیرێک لەوە بکەنەوە کە کامەیان لە بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمان و کۆمەڵەکەدایە. چونکە دۆزە ڕەواکە هەر دەمێنێ، بەڵام ئەو کەس و لایەنانە نامێنن. ئەمانەش پێانخۆش بێت یان ناخۆش و بە جۆرێک لە جۆرەکان زیانیان بە بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەیان گەیاندووە، بەڵام هێشتا لە چاو تیمەکەی یەکەم باشترن و زیانەکانیان کەمترە. هەرچی تیمی سێیەمە بەپێی پێویست ئەو بایەخەیان بە پرسی گەل و نیشتمان نەداوە و هەموو خەمێکیان خەمی کێشە گشتییەکانی مرۆڤایەتی بووە و لە خەونی ئینتەرناسیۆنالیستیدا نغرۆ ببوون. پێویست بوو هەموو ئەو لایەنانە یەکبگرن و دەست لەناودەست بۆ یەک ئامانجی سەرەکی هەوڵیان بدایە، چونکە کێشەکە، کێشەی هەمووانە و دە بوایە خەباتیان لەپێناو ئازادیی کورد و سەرخستنی شۆڕش و هەڵگرتنی ئەو زوڵمە بوایە کە لە کورد دەکرێت، ئینجاش بیریان لەلای بنیاتنانی نیشتمانێک بوایە کە شایستەی ئەو گەلە ستەمدیدەیەیە، تاکو بە ئازادی و کامەرانی لەسەر خاکی ئەو نیشتمانەدا بژینایە. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە دووبەرەکی و ناکۆکییەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکان و یەکنەگرتنیان و پەلهاویشتنی ئەو ناکۆکییانە بۆ دەرەوەی سنووری وڵات، بووە هۆی دوورکەوتنەوە و لەدەستدانی کەسایەتییەکی زۆری ئەوڕوپا و جیهان کە داکۆکییان لە کێشەی کورد دەکرد.

فاکتەرێکی دیکە هەیە کە ئەویش لەپاڵ فاکتەرەکانی دیکەدا بووەتە هۆکاری ئیفلیجکردنی هێز و ئیرادەی ئەندامانی کۆمەڵەکە لە بووارى چالاکییە نەتەوەییە هاوبەشەکاندا، ئەویش ناداپەروەرییە لەنێوان چوار پارچەکەی کوردستان، جا چ

لـەڕووی دابەشـکردنی ئـەو هاوکارییـە داراییانـەی خوێنـدن بێـت کـە دەبەخشرایـە قوتابیانـی کـورد کـە لەپێشـەوە ئاماژەمـان پێیـداوە، یاخـود بایـەخ و گرنگـی نەدانـی سەرپەرشـتیارانی کۆمەڵەکـە و شۆڕشـی کـورد بـە بـە بارودۆخـی کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان. سـەرهەڵدان و دامەزراندنـی ڕێکخـراو و کۆمەڵەکانـی وەکـو (هێڤـرا، باهـۆز، یەکێتیـی ڕۆشـنبیرانی کـوردی ئێـران، بـەرەی پێشـکەوتنخوازی کـوردی سـووریا لـە ئەوروپـا) بەڵگـەی ئـەم بۆچوونـەی ئێمەیـە.

بـە هەرحـاڵ، پێدەچێـت ڕەفتـاری نادروسـتی بەشـێک لـە ئەندامانـی دەسـتەی کارگێـڕی و دەستڕۆیشـتووانی نێـو کۆمەڵەکـەش ڕۆڵـی نەرێنیـی خـۆی گێڕابێـت، بـەڵام بـە گەواهیـی زۆرێـک کـە فـەوزی ئەسـعەد یەکێکـە لەوانـە و خەڵـک بـە مرۆڤێکـی دڵسـۆز و پاکـی لەقەڵەمـدەدەن و ڕاسـتگۆیی لـە بیرۆبۆچوونەکانیـدا هەیـە، دەڵێـن: ئـەم ڕەفتـارەی ئەندامانـی دەسـتە کارگێڕییەکـە بـە ئەنقەسـت و پلان بۆدارێـژراو نەبـووە، بگـرە ڕەفتارێکی تاکـە کەسـی بـووە و کەمتەرخەمیـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی کۆمەڵەکـە بـووە و کـەس درکـی بـە ئەنجـام ە خراپەکانـی نەکـردووە.

بـە دڵنیاییـەوە دەیڵێـم کـە بەرپرسـیارێتیی ئـەو دۆخـەی کۆمەڵەکـەی تێکـەوت، بەرپرسـیارێتییەکەی دەکەوێتـە ئەسـتۆی سـەرجەم لایەنـە بەشـدارببووەکانی کۆمەڵەکـە و بەشـێکی زۆری ئـەو بەرپرسـیارێتییەش دەکەوێتـە ئەسـتۆی دوو لایەنـە ناکۆکەکـەی لایەنگرانـی بارزانـی و مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و هـەردوو لایـان کۆمەڵەکەیـان کردبـووە شـانۆی ململانـێ و ڕکابەریـی نێـوان خۆیـان و هـەر لایەنێـک لـەو دوو لایەنـە ویسـتوویەتی هەژموونـی خـۆی بەسـەر کۆمەڵەکـەدا بسـەپێنێت. ئـەو هێرشـە تونداندەی لەلایـەن لایەنگرانـی مەکتەبـی سیاسـییەوە دەکرایـە سـەر کەسـایەتیی بارزانـی و تۆمەتبارکـردن و وەسـفکردنی بـە هەمـوو جـۆرە وەسـفێک، بـووە هـۆی خوڵقاندنـی کاردانەوەیەکـی زریـان ئامێـز، چونکـە هەمـوو تونڕەوییـەک، تونڕەوییەکـی لایەنـی بەرانبـەری لێدەکەوێتـەوە. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوەش بگوترێـت کـە ئاسـەوارەکانی ناکۆکییـە نێوخۆییەکانـی شۆڕشـی کـورد و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پەلـی بـۆ بەشـەکانی تـری کوردسـتانیش هاویشـت و کاری خـۆی کـرد و تاکـو ئێسـتا کارە نەرێنییەکانـی خـۆی دەکات، بەتایبەتـی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان.

نسکۆی شۆڕشی کورد لە ئەنجامی ڕێککەوتنە شوومەکەی (٦)ی ئاداری نێوان محەمەد ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران و سەدام حوسێن، وەک دەڵێن: ئەو پووشە بوو کە پشتی حوشترەکەی شکاند و وێڕای ئەو هەموو هەوڵ و کۆششانەی لەلایەن کەسایەتییە ڕۆشنبیرە کوردەکانی نموونەی دکتۆر کامەران بەدرخان و دکتۆر نورەدین زازا و کەسانێکی دیکە دەدران لەکاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەکە لە بەرلین کەچی هەموو هەوڵەکان بەفیڕۆ چوون و ئەنجام کۆمەڵەکەش هەر دوولەت بوو و بەشداربووانی کۆنگرەکە بوونە دوو بەشی سەرەکی: بەشێکیان لایەنگرانی ڕابەری شۆڕش و مستەفا بارزانی بوو و هەموو هەڤاڵانی (پارتی)ی ڕۆژئاوای کوردستان و چەند کەسایەتییەکی بێلایەنی وەکو دکتۆر کامەران بەدرخان و دکتۆر نورەدین زازاشیان لەگەڵدا بوو. بەشەکەی تریان لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا (حەمید حاجی دەرویش) و پارتی دیموکراتی چەپخواز لە سووریا (سەڵاح بەدرەدین) و چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ بوون کە دواتر ناویان لەخۆنا (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات – ئەکسا).

بەڵام ئێمە لەوباوەڕەداین کە ئەگەر لەتبوونەکە لەم کۆنگرەیەشدا نە بوایە، دواتر هەر کۆمەڵەکە هەر دوولەت دەبوو، چونکە هەر لایەنێک لەو دوو لایەنە، ڕەوتێکی سیاسیی زۆر جیاوازی لە ڕەوتەکەی دیکە خستبووەڕوو و ناکۆکی و دووبەرەکییەکان زۆر توند و قووڵ بوون، جا هەر کاتێکیش ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر سیاسەت و هەزری ئەندامانی حزبێک فەراهەم نەبوو، بە دڵنیاییەوە ڕەوتە جیاوازەکان لەیەک جودادەبنەوە، بۆیە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی مافی خۆیان بوو، ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان پێکبهێنن. ئەدی فرەیی ڕێکخستنەکان و حزب و لایەنەکان و جیاوازیی بیروبۆچوونەکان، یەکێک نییە لە خەسڵەتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان. دەوڵەمەندی و فرە سامانی نییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان؟!!.[١٥٦]

لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا هەر دەبێ دووپاتی بکەینەوە کە ئامانج لە باسکردنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکە، پەند و ئامۆژگاری وەرگرتنە لە هەڵەکانی ڕابردوو کە نەبادا کورد دووبارە و چەندبارەیان بکاتەوە.

چەند بەسەرهاتێکی خۆش و کۆمیدیی نێو کۆمەڵەکە

پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق، لە هەڵبەزین و دابەزینێکی بەردەوامدا بووە، ماوەیەک ڕکابەری و ململانێی توند و ماوەیەکیش ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن. هەرکاتێکیش گفتوگۆیەکی گەرم و دەنگ بەرزکردنەوە و گرژییەک لەنێوان ئەندامانی حزبی شیوعی و ناسیۆنالیستانی کورد لە کۆمەڵەکەدا سەریهەڵبدایە -هەروەک چەند ئەندامێکی کۆمەڵەکە باسیان کردووە - قادر وەهاب بە نوکتەیەک یاخود گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی کۆمیدی کەشەکەی خۆشەکرد و ئەندامانی هەردوولای سارد دەکردەوە. بەسەرهاتی زۆر خۆشیش لە زاری تاریق کوردی، ئەندامی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان دەگێڕنەوە کە زۆرجار زێدەڕۆییشی تێداکردووە. لێرەدا بە دەرفەتی دەزانین چەند نوکتە و بەسەرهاتێکی کۆمیدیی کۆمەڵەکە بگێڕینەوە:

١. لە کۆنگرەی هەشتەم کە لە ساڵی (١٩٦٣) لە شاری (مینشن)ی ئەڵمانی بەسترا، ژمارەیەکی زۆری میوانان و ئەندامانی کۆمەڵەکە، وتارەکانی خۆیانیان خوێندەوە، یەکێک لەو وتارانە هی محەمەد جومعە ساڵح بوو بە زمانی کرمانجیی باکوور خوێندرایەوە، لەکاتی خوێندنەوەی وتارەکەدا کەمال عارف کە خەڵکی باشووری کوردستان بوو، ئاوڕ لە تاریق ئاکرەیی دەداتەوە کە لە تەنیشتی دانیشتبوو و پێیدەڵێ:"تۆ زمانی فەرەنسی دەزانیت؟"کەمال پێیدەڵێت: نەخێر، ئینجا دووبارە لێیدەپرسێتەوە:"ئایا دەزانی ئەمەی وتارەکە دەخوێنێتەوە، ڕۆژنامەوانێکی ناوداری فەرەنسایە! ئەو وتارەکەی بە زمانی فەرەنسی دەخوێنێتەوە ...."ئینجا ئاکرەیی وەڵامیدەداتەوە:"کاکە، ئەمە بە زمانی کرمانجیی سەروو وتارەکەی دەخوێنێتەوە، نەک بە فەرەنسی ....".

٢. لە کۆنگرەی سیانزەی بەلگراد، دکتۆر کەمال فوئاد، دەچێتە سەر سەکۆ و هێرشێکی توند دەکاتە سەر کەسایەتیی مستەفا بارزانی و چیی بەدەمدا دەهات نەیدەگێڕایەوە. پاش ئەو، نۆرەی عادل فەیلی دێت کە ئەندامێکی کۆمەڵەکە بوو. وتارەکەی بە شێوەزارێک خوێندەوە، نە کرمانجی بوو نە سۆرانی، ئەمەی گوت کە من وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی - تۆژەر -: لە ڕاستیدا من لە دنیادا

جاشی جۆراوجۆر و جیاوازم بینیوە، بەڵام لە ژیانمدا کەڕێکی کەچەڵم نەبینیوە و .... (کە ئاماژەیەک بوو بۆ دکتۆر کەمال فوئاد کە قژی ڕووتابووەوە).

٣. جارێکیان تاریق کوردی بە هاوڕێیەکی دەڵێ: کاکە، دکتۆر مستەفا سەیدۆ، پەیوەندیم پێوە دەکات و دەپرسێت کە ئاخۆ کاتم هەیە قسەم لەگەڵدا بکات. منیش گوتم نەخێر کاتم نییە، ئێستاش من وا دەچمە نۆڕینگەکەی و داوای چارەسەرکردنی لێدەکەم، ئەویش دەڵێ، پێشەکی (٢٠) مارکم بدەرێ ئینجا پشکنینت بۆدەکەم. ئەمە کەی و لەکوێ ڕووەدات؟!.

٤. لە کۆنگرەی ساڵی (١٩٦٩)دا هەریەک لە پرۆفیسۆر جەمال نەبەز و سەڵاح بەدرەدین یەکتری دەناسن، جەمال نەبەز سەرسامیی خۆی بۆ بۆچوون و هزری سەڵاح بەدرەدین دەردەبڕێ کە لە بنەڕەتدا درێژە پێدەری بیروبۆچوونەکانی مام عوسمان سەبری بووە، جا دەست بە ستایش کردنی دەکات و بە شانوبالێدا هەڵدەدا، گفتوگۆکەشیان لەمەڕ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان.

لەو ماوەیەشدا خوێندکار فەرهاد ئیبراهیم یەکێک دەبێت لە هەڤاڵانی باڵەکەی حەمید دەرویش. هەموشمان دەزانین کە لە جودابوونەوەی خۆبەخۆی پارتی لە ساڵی (١٩٦٥) لە ڕۆژئاوای کوردستان و تادەگاتە ئێستا، ململانێیەکی توند لەنێوان بۆچوونە سیاسییەکانی حەمید دەرویش و سەڵاح بەدرەدیندا هەیە. ئا لەو کاتەدا فەرهاد ئیبراهیم سەربەخۆ بەچەند وشەیەکی نابەجێ باسی سەڵاح بەدرەدین و جەمال نەبەز دەکات کە ناشیاناسێت.

وشە نەشیاوەکانی دووبارە دەکاتەوە و جەمال نەبەز دەیبیستێتەوە، جەمال نەبەز داوا لە زەردەشت حاجۆ دەکات، فەرهاد ببینێت و لێیبپرسێت: ئەو کە من نانسێت، بۆچی هێندە بە خراپی باسم دەکات و پێیدەڵێ:"ئەگەر ململانێکە لەنێوان سەڵاح بەدرەدین و حەمید دەرویشدایە، من چ پەیوەندییەکم بە ململانێ و دووبەرەکیی ئەوانداید. من کوردی باشووری کوردستانم؟ بۆچی بەم شێوەیە هێرشم دەکاتە سەر؟ ئیتر ... جەمال نەبەز، فەرهاد ئیبراهیم بانگ دەکات و زۆر ڕێزی لێدەنێت و بە شێوەیەک دەیدوێنێ کە من هیچ پەیوەندییەکم بە ململانێکانی

حزبەکـەی ئـەو و حزبەکـەی سـەڵاحەدین بەدرەدینـدا نییـە و گفتوگۆکەیـان لەسـەر ئـەو تـەوەر دەسـتپێکرد ... بـەڵام فەرهـاد ئیبراهیـم لەجیاتـی ئـەوەی واز لـەو قسـە نەشـیاوانەی بێنێـت لەسـەر سـەڵاح بەدرەدیـن، ئەمجـارە هەڵـە دەکات و نـاوی جەمـال نەبەزیـش دێنێـت و چـی ناشرینـە بـە هەردووکیـان دەڵێـت و لـەو وشـە نەشـیاوانەش کـە بـە هەردووکیـان دەڵـێ: Seg kurê sega, Selah û Cemal Nebez و دکتـۆر جەمـال لێـی تـووڕە دەبێـت و دەڵـێ: سـەگی کـوڕی سـەگ هـەر تـۆی، هەسـتە لێـرە لەبەرچـاوم ونبـە. ئینجـا لـە ماڵەکـەی خـۆی دەریـدەکات.

٥. پـاش تەواوبوونـی کارەکانـی کۆنگـرەی بەرلینـی سـاڵی (١٩٦٩), ئەندامانـی کۆنگـرە دەیانویسـت بگەڕێنـەوە شـوێنی خوێندنـی خۆیـان. یەکێکیـان لـە بۆدابسـتەوە هاتبـوو و دوو ئەندامـی لقـی بەرلیـن هەتاکـو وێسـتەگەی شـەمەندەفەر لەگەڵیـدا دەچـن بـۆ بەڕێکخسـتنی. کچـە فەرمانبـەری پلیتبـڕ پێیاندەڵێـت شـەمەندەفەرەکە پـاش سـەعاتێکی تـر دەردەچێـت، ئەوانیـش دەچنـە کافیتریـای وێسـتگەکە بـۆ خواردنـەوەی شـتێک. هەسـت بـە تێپەڕبوونـی کات ناکـەن و لەپـڕ ئـاگادار دەبنـەوە کـە تەنیـا پێنـج دەقـەی مـاوە بـۆ دەرچوونـی شـەمەندەفەرەکە، بـە خێرایـی بـەرەو شـوێنی وەسـتانی شـەمەندەفەرەکە دەچـن، بـەڵام یەکێکیـان قەڵـەو دەبێـت و توانـای ڕاکردنـی نابێـت و ناگەنـە شـەمەندەفەرەکە، ئینجـا کـە ئـەو شـەمەندەفەریان لەدەسـت دەچێـت، دەپرسـن: کاتـی دەرچوونـی شـەمەندەفەری داهاتـوو کەیـە، پێیاندەڵێـن: پـاش سـەعات و نیوێکـە. هەمـان شـتیان بەسـەردا دێـت و دووبـارە شـەمەندەفەرەکە بەجێیاندەهێڵـێ، بـەڵام لـە جـاری سـێیەم دووانەکـە دەگەنـە شـەمەندەفەرەکە و سـووار دەبـن کەچـی قەڵەوەکـە هـەر فریاناکـەوێ، قەڵەوەکـە پێدەکەنـێ، لێیدەپرسـن بۆچـی پێدەکەنـی؟ دەڵـێ ئـەو کەسـەی کـە پێویسـتە سـواری شـەمەندەفەرەکە بێـت منـم نـەک ئـەوان.

٦. لـە کۆنگـرەی دەیەمـدا، شـیوعییەکانی عێـراق داکۆکییەکـی زۆریـان لـە شـیوعییەت و یەکێتیـی سـۆڤیەت دەکـرد، جـا کـە نـۆرەی تاریـق کـوردی دێـت، ڕوویـان تێـدەکات و پێیاندەڵێـت: گرنـگ نییـە ئێـوە داکۆکـی لـە شـیوعییەت بکـەن، بـەڵام توخـوا پێمبڵێـن بۆچـی کچەکـەی سـتالین هـەڵات بـۆ ئەمەریـکا؟!

٧. لـە کۆنگـرەی بەلگـراد (١٩٦٧- ١٩٦٨)، ئەندامێکـی کۆمەڵەکـە هاتـە سـەر سـەکۆ کـە نـاوی دارا عەتـار دەبێـت و ڕاپۆرتـی لقـی بەریتانیـا دەخوێنێتـەوە. ئـەوکات دارا لەشـولارێکی زۆر ڕێکـی دەبێـت و قـژی درێژکردبـوو. یەکێـک لـە ئامادەبـووان هـاواری لێهەڵدەسـتێت و دەڵێـت: ئەمـە چییـە، گەلـی کـورد لـە شـاخەکان، خوێنیـان دەڕێـژن لەپێنـاو نیشـتماندا، برسـین و پێیـان پەتییـە .... تەماشـا قـژە درێژەکـەی بکـەن و ... و دارا گوێـی لـە قسـەکانی دەبێـت، جـا کـە لـە خوێندنـەوەی ڕاپۆرتەکـەی دەبێتـەوە، دێتـە لای و پێیدەڵـێ: تـۆ هەقـت چییـە بەسـەر ئـەو قـژە درێـژەی منـەوە؟ تـۆ بۆچـی قسـەم پێدەڵێـی؟ بۆچـی باسـی ئـەوەی تەنیشـت خـۆت ناکـەی یـەک تەڵـە پرچـی بەسـەرەوە نییـە؟ (ئـەوەی تەنیشـتی دکتـۆر کەمـال فوئـاد بـوو) دکتـۆر کەمالیـش هێنـدە پێدەکەنـێ دەکەوێتـە سـەر پشـت.

٨. لەنێـو میوانەکانـی کۆنگـرەی پانـزەی کۆمەڵەکـەدا کـە لـە بوخاریسـتی پایتەختـی ڕۆمانیـا لـە سـاڵی (١٩٧٢) بەسـترا، شـاندێکی دوو کەسـیی ڕێکخـراوی (ئیتـا) بـوون کـە نوێنـەری هەرێمـی باسـکی ئیسـپانیا بـوون، ئەوانیـش خەباتیـان لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـی چـارەی خۆنووسـینە بـۆ هەرێمەکەیـان و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی جـودا لـە ئیسـپانیایە. جـا کـە ئامـاژە بـۆ میوانـەکان کـرا و بەهاتنیـان کـردن، لەنێـو ئەوانیشـدا میوانەکانـی هەرێمـی باسـک، هەرایەکـی زۆر نرایـەوە لەنێـو هۆڵەکـەدا، لەبەرئـەوەی هـەردوو وشـەی (باسـک و بەعـس) بـە زمانـی کـوردی زۆر لەیـەک نزیکـن، چەنـد کەسـێکی باکـووری کوردسـتان وایانزانـی بەعسـییەکانی عێـراق یـان هـی سـووریان. بەشـێکیان لـە هۆڵەکـە کشـانەوە و ناڕەزایـی خۆیـان لـە ئاسـت بەشـداربوون و ئامادەبوونـی ئـەم دووانـە دەربـڕی. هەشـبوو بـەرەو میوانـەکان چـوون و هەوڵـی دەرکردنیـان دەدا لـە هۆڵـی کۆنگرەکـە و دەیانپرسـی: ئەمـە کـێ ئـەم بەعسـیانەی داوەت کـردووە و بـە چ مافێـک دوژمنانـی کـورد ئامـادەی کۆنگرەکانـی ئێمـە دەبـن.

ئـەم هەرایـە هـەر بـەردەوام بـوو، هەتاکـو کەسـانێک هاتـن و شـتەکەی بـۆ ڕوونکردنـەوە کـە ئەمانـە میوانـی کۆنگـرەن و لـە هەرێمـی باسـکی ئیسـپانیاوە هاتـوون نـەک بەعسـیی عێـراق و سـووریا بـن، ئینجـا هۆڵەکـە هێـور بـووەوە و ئەوانـەی لـە هۆڵەکـە دەرچووبـوون، هاتنـەوە هۆڵەکـە و درێـژە بـە کارەکانـی کۆنگرەکـە درا.

٩. لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی چـواردەی کۆمەڵەکـە کـە لـە سـتۆکهۆڵمی پایتەختـی سـوید بەسـترا، یوسـف زۆزانـی، چـاوی بـە جەمیـل محـۆ کـەوت کـە باسـی کـوردی لوبنانـی دەکـرد و دەیگـوت: کـوردی لوبنـان زۆرن و دڵسـۆزی کوردایەتیـن و کـەس بایەخیـان پێنـادات و .... زۆزانـی پێیگـوت: ئەگـەر کـوردی لوبنـان هێنـدە زۆر بـن کـە تـۆ باسـیان دەکەیـت، بۆچـی نوێنەرێکتـان بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی لوبنانـی هەڵنابژێـرن؟ (هەڵبـەت زۆزانـی دەیویسـت بـەم پرسـیارە، سـووکایەتی بـە جەمیـل حەمـۆ بـکات، چونکـە دەیزانـی کـە جەمیـل حەمـۆ پێشـتر بـۆ چەنـد خولێـک خـۆی بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی لوبنـان کاندیـد کـردووە و دەنگـی پێویسـتی بەدەسـت نەهێنـاوە). مەحـۆ وەڵامـی دەداتـەوە: کـوردی لوبنـان خۆیـان بـۆ سـەلکە پیازێـک دەفرۆشـن. زۆزانـی پێدەڵـێ: ئـێ دە باشـە، ئەمـە کـەی کێشـەیە، لـە خولـی هەڵبژاردنـی داهاتـوودا بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی لوبنـان سـێ چـوار لۆریـی پیـازت بۆدەنێریـن و دابەشـی بکـە سـەر کـوردی ئـەوێ بۆئـەوەی دەنـگ بـە نوێنەرانـی خۆیـان بـدەن.

١٠.هـەر لـە یەکێـک لـە پشـووەکانی کۆنگـرەی سـتۆکهۆڵم و لـە باخچەیەکـی دەرەوەی هۆڵـی کۆنگـرەدا، عەبدولڕەحـمان قاسـملۆ و حەبیـب کەریـم و سـەڵاح بەدرەدیـن و جەمیـل حەمـۆ بەیەکـەوە کۆببوونـەوە، جەمیـل حەمـۆ لەسـەر فریـزی باخچەکـە پاڵکەوتبـوو، یوسـف زۆزانـی هـات و جەمیـل نەیبینیبـوو، پێیگوتـن: جەماعـەت دەزانـن ئـەم کۆنگرەیـە زۆر گرنگـە، چونکـە سـکرتێری سـی حزبـی کوردسـتانی بەشـداریان تێداکردووە؟حەمـۆ جووڵەیەکـی بـۆ دەکات، بـە مانـای ئـەوەی ئـەو یەکێـک نییـە لـەو سـێ کەسـەی زۆزانـی باسـیان دەکات، زۆزانـی پـاش ئـەوەی حەمـۆی بینـی، جارێکـی دیکـە دەڵێـت: بەڕاسـت مـن دکتـۆر قاسـملۆم بیرچـوو (بـەم قسەیەشـی ویسـتی بـە جەمیـل بڵێـت، تـۆم بیرنەچـووە).

جەمیـل حەمـۆ لـە وتارەکەیـدا ئامـاژەی بـەوە دابـوو کـە (ڕێبـازی بارزانـی) ڕێبازێکـی ڕاسـتە و وەکـو پەتـی ڕزگارکردنـە لەکاتـی نقوومبوونـدا و ئـەوەی خـۆی بـەم پەتـەوە نەگرێـت هەڵبـەت نقـووم دەبێـت و ڕۆیشـتنی هەیـە و گەڕانـەوەی نییـە ....دکتـۆر قاسـمیش دەڵـێ: جەمیلـی بـرام، لەکاتـی خوێندنـەوەی وتارەکەتـدا چەنـد جارێـک باسـی ڕێبـازە ڕاسـتەکەت دووبـارە دەکـردەوە و ئێمـەت بـەو پەتـە دەترسـاند، ئـەڕێ پێمنالێیـت

ئەو ڕێبارزە ڕاستە چییە؟ ئەدی چیرۆکی ئەو پەتە چییە؟ جەمیل لە وەڵامدا دەڵێت: نازانی ڕێبازە ڕاستەکە چییە؟ ئەو ڕێبازەیە کە بارزانی گرتوویەتیە بەر و سەبارەت بە پەکەش: بەڵێ، بەڵێ، ئەوەی دەست بەو پەتەوە نەگرێت کە بە دەستی بارزانییەوەیە، نقووم دەبێ.

دوای ئەوەی دکتۆر قاسملۆ بەجێیاندێڵێ، زۆزانی بە ئەنقەست لێیدەپرسێ: کاک جەمیل، دکتۆر قاسملۆ بۆچی دەترسا؟ مەحۆ گوتی: ئەوەی تووتنی قاچاغی پێبێت دەترسێت، بە واتایەکی تر، ئەو کەسایەتیی بارزانیی خۆش ناوێت.

١١.جارێکیان تاریق ئاکرەیی، ئەندامێکی لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە کە ناوی عادل ئەمین و خەڵکی باشووری کوردستان دەبێ، ڕادەسپێرێت کە سەرجەم ئەو بابەتانەی سەبارەت بە کورد و کوردستان نووسراون و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، کۆبکاتەوە، جا نووسینەکان چ نەرێنی بن یاخود ئەرێنی، چونکە ئەوکات نووسین لەسەر کورد و کوردستان زۆر دەگمەن بوون. ئەو عادل ئەمینە دەچێ چی لەسەر کورد و کوردستاندا نووسراوە، ئەگەر پارچە کاغەزێکی بچووکیش بێت، کۆیان دەکاتەوە و پاش ماوەیەک، بڕێکی زۆری ئەم پارچە کاغەزانە کۆدەکاتەوە و بۆ تاریق ئاکرەییان دەنێرێت. جا کە تاریق ئاکرەیی دەست بە خوێندنەوەیان دەکات، دەبینێ، ئەم بابەتانە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە. چونکە عادل ئەڵمانییەکەی وا نابێت و هەر چ لاپەڕەیەک وشەی (Kunden)ی پێوەبێت کە بە زمانی ئەڵمانی واتا (کڕیار)، ئەو وا دەزانێ هەموو (Kunden)یێک (Kurden)ە و هەردووکیان یەک وشەن و بە مانای (کورد) دێن.

١٢.ڕۆژێکیان خوێندکار ئەحمەد نووری نەقیب، ئەندامی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، نەخشەیەکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێنێت کە کاتی خۆی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی دانەیەک لەم نەخشەیەی بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووە و نەخشەی کوردستانیشی لەسەرە. هەر کەسێکی تووش بوایە، پێیدەگوت: (تەماشاکە ئەمە نەخشەی کوردستانە). جارێکیان بە ڕێکەوت خوێندکارێکی سووریایی بە ڕەگەز عەرەب بە بەردەمیدا ڕەت دەبێت، پێشتریش زۆرجار باسی ئەم بابەتانەیان بەیەکەوە کردووە، هەموو جارێکیش خوێندکارە

عەرەبەکـە لێیدەپرسـێت: کوانـی نەخشـەی کوردسـتان؟ ئەمجارەیـان نەخشـەکە ئامادەبـوو و ئەحمـەد نـووری نەقیـب ئاماژەی بـۆ نەخشـەکەی کوردسـتان کـرد کـە لـە کەناراوەکانـی ئەسـکەندەرۆنەوە درێژدەبێتـەوە تـا دەگاتـە کەنـداوی فارسـی، خوێنـدکارە سـوورییەکە بەمـە بێـزار دەبێـت و پێیدەڵـێ: ئەمـە چییـە؟؟ هەمـوو ئـەم ڕووبەرانەتـان داگیرکـردووە و بانگەشـەی بـۆ دەکـەن کـە گوایـە ئەمـە کوردسـتانە! ئەحمەدیـش لـە قسـەکانی ئـەو خوێنـدکارە پەسـت دەبێـت بـە تووڕەییـەوە پێیدەڵـێ: هـەی کـوڕی سـەگ، ئێـوە سـاڵانێکە دەسـتتان بەسـەر نیشـتمانی ئێمـەدا گرتـووە و سـامان و سـەروەتی دەدزن، ئێمـە قسـەمان نەکـردووە کەچـی تـۆ وا بـە نەخشـەیەکی سـەر کاغـەز ئـاوا بێـزار بـووی؟!

١٣.پـاش گەیشـتنی عیـزەت وسـو بـۆ براگـی چیکۆسـلۆڤاکیا لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٦٣) دکتـۆر عەبدولڕەحـمان قاسـملۆ سـەرقاڵی تۆژینەوەیـەک بـوو بەنـاوی (کوردسـتان و کـورد)، قاسـملۆ لـە عیزەتـی پرسـی، ژمـارەی کـوردی سـووریا چەنـدە؟ وەڵامیدایـەوە: ژمارەیـان زیاتـرە لـە (٣٠٠) هـەزار کـەس. پـاش دە سـاڵی تـر، جارێکـی دیکـە عیـزەت دەبینێتـەوە و لێـی دەپرسـێت، ژمـارەی کـوردی سـووریا بـە چەنـد کـەس دەخەمڵێنـی؟ دووبـارە وەڵامیدایـەوە: نزیکـەی (٣٠٠) هـەزار کـەس دەبـن، ئینجـا قاسـملۆ دەپرسـێت: ئـەرێ هیـچ زیادیـان نەکـردووە، پێـش دە سـاڵ هـەر وتـت (٣٠٠) هـەزارن. عیـزەت وسـو پێیدەڵـێ: قسـەی کـورد یەکێکـە و ناگۆڕێـت .... قاسـملۆ دەسـت دەکاتـە پێکەنیـن.

١٤.ئەندامێکـی کۆمەڵەکـە، نـاوی غـوڵام فـەرەج جومعـە دەبـێ و خـووی بـە خواردنـەوە گرتـووە و زۆریـش دەخواتـەوە. لـە کۆنگـرەی سـیانزەی کۆمەڵەکـە، بەسـەرخۆشـی لـە هۆڵـی کۆنگرەکـە دانیشـتبوو، دەسـتی بەرزکـردەوە و دەیویسـت قسـەیەک بـکات. ڕێکخـەری دانیشـتنەکە هـاوار کاکەزیـاد بـوو، پێیگـوت: هێشـتا دەرگای گفتوگـۆ نەکراوەتـەوە، ڕاپۆرتـەکان دەخوێندرێنـەوە کەچـی ئـەو هـەر مکـوڕ بـوو قسـان بـکات و گوتـی: وتەیەکـی گرنگـم هەیـە و پێویسـتە بیڵێـم، جارێکـی تـر بۆیـان دووبـارە کـردەوە کـە هێشـتا دەرگای گفتوگـۆ نەکراوەتـەوە، هـەرکات دەسـتمان بـە گفتوگـۆ کـرد، تـۆ یەکەمیـن کـەس بـە قسـان بکـەی کەمێـک بێدەنـگ بـوو و بـۆ خواردنـەوە چـووە دەرەوە. گەڕایـەوە و داواکارییەکـەی خـۆی چەندبـارە کـردەوە

... ئیتر، دواجار کاتی قسەکردنی هات و لێژنەی کارگێڕیی کۆنگرە پیانگوت: فەرموو کاک غەوڵام، هیوادارین تۆ و ئەوانی پاش تۆش ڕەچاوی کاتەکەتان بکەن، هەر قسەکەڕێک پێنج خولەکی هەیە. بەڵام غەوڵام پێنج خولەکەی تێپەڕاند، لێژنەکەش دوو سێجار ئاگاداریان کردەوە و ئەو هەر گوێی پێنەدان، هەر بەردەوام بوو لە قسەکردن، لێژنەکە هیچیان بۆنەماوە، ئەوەنەبێت کە بە بەرزەفتکارانی هۆڵەکە بڵێن غەوڵام دەرکەنە دەرەوە. لەکاتی پاڵپێوەنانی غەوڵام، ڕوو لە ئامادەبووان دەکات و دەڵێت:"ئاگادارین! کۆنگرە کەی وادەبێت؟ ئێوە ناتوانن من دەربکەنە دەرەوە، ئێوە نیوەتان جاشن و نیوەکەی ترتان گوێدرێژن"کە ئەم وتەیەی کۆتایی مەبەستی نوێنەرانی شۆڕش بوو کە ئامادەی کۆنگرەکە ببوون و نوێنەری باڵی مەکتەبی سیاسی، مام جەلال بوو و حەبیب کەریمیش نوێنەری بارزانی بوو و لەنێو خۆڵەکەدا دوور لەیەک دانیشتبوون.

١٥.پاش بەشداریکردنی شاندی کۆمەڵەکە لە فیستیڤاڵی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە هەریەک لە تاریق ئاکرەیی و نەوزاد شالی و چەند کەسێکی تر هاتبوونە بۆدابیست. لەکاتی گەڕانەوەیاندا پۆلیسی گومرگی هەنگاریا ڕایاندەگرێت و جانتاکانیان دەپشکنێت، لەنێو جانتاکەی نەوزاد شالیدا، سێ بووتڵە فۆدگا دەبینێ و ئەوکات هەر کەسە و بۆی هەبوو تەنیا بووتڵێک لەگەڵ خۆیدا بێنێ و ئەویدیکە دەبێتە قاچاغ. پۆلیسەکە ویستی دەست بەسەر ئەو دوو بوتڵەکەی تردا بگرێت، بەڵام نەوزاد زۆر هەوڵیدا بیبەخشێت و ڕێگەی پێبدات هەرچۆنێک بێت ئەو سێ بوتڵە دەربکات، بەتایبەتی کە بووتلەکان لە جۆری قەبارە گەورەدا دەبن، نەوزاد خۆشی کەسێکی زلە و چوارشانە و بەخۆوە دەبێت. بەڵام پۆلیسەکە پێداگری دەکات و ناهێڵێ لە یەک بوتڵ زیاتر ئاودیو بکەن، نەوازدیش نایکاتە نامەردی لە داخانا هەردوو بوتڵەکە دەنێتە سەری و بەیەکجار دەیانخواتەوە کەسانی دەوروبەر کە ئەو دیمەنەی نەوزاد دەبینن، دەست دەکەنە پێکەنین و هەرایەک دروست دەبێت. ئەفسەری پۆلیسەکە لێیان نزیکدەبێتەوە و لە هۆکاری ئەم پێکەنین و هەرایە دەپرسێت. تاریق ئاکرەیی بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئینجا پۆلیسەکە دەپرسێت: ئێوە کێن؟ تاریق دەڵێ، ئێمە کوردین، جا کە ئەفسەرەکە وشەی کوردی گوێ لێدەبێت، دووبارە دەپرسێتەوە: ئێوە بارزانییەکان نین؟ تاریق دەڵێ:

بەڵێ. ئەفسەرەکە دەڵێ: من بارزانی دەناسم و پەیوەندییەکی باشم لەگەڵیدا هەیە، جارێکیان لە مۆسکۆوە هاتە بۆدابست.

١٦.دکتۆر حوسێن حەبەش باسیکردووە کە شیوعییەکی کوردی سووریا، خەڵکی گوندی (خەلالکە) و ناوی حەمزە سۆران دەبێت و بەیەکەوە لە زانکۆی مۆسکۆ دەیانخوێند و هەر لە منداڵییەوە یەکترییان دەناسی، چونکە ئەویش هەر خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت و گوندەکەیان چەند کیلۆمەترێک لە گوندی ئەوانەوە دوور دەبێت، حوسێن حەبەش هەر بە کوردی قسەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەو بە عەرەبییەکی شڕەوە وەڵامیدەداتەوە، ڕۆژێکیان حوسێن حەبەش لێی پەست دەبێت و پێیدەڵێت: ئەرێ کابرا من بە کوردی دەتدوێنم کەچی تۆ نە عەرەبی دەزانی نە لێشی تێدەگەیت، بۆچی هەر بە عەرەبی وەڵامم دەدەیتەوە؟!.

١٧.دکتۆر عیزەت وسو پێیگوتم: کاتێک لە سەرەتاکانی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٣) گەیشتمە چیکۆسلۆڤاکیا، پێش من لەنێو خوێنکارانی کورددا، تەنیا خوێندکارێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لەوێ بوو، ناوی محەمەد بەکرۆ و خەڵکی عامووda دەبێت. لە یەکەمین دیدارماندا لەگەڵ قوتابیانی کوردی ئەوێ، جەمیل شەرەف کۆماندەکاتەوە و بە ئامادەبووان دەڵێت: ڕێژەی قوتابیانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان سەتا سەت زیادی کرد، هەموو قوتابیانیش وایاندەزانی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری نوێیان بۆهاتووە، یەکێکیان دەپرسێت: ئەوانەی تازە هاتوون چەند کەس دەبن؟ گوتی: پێش هاتنی کاک عیزەت، تەنیا محەمەد بەکرۆ لێرە هەبوو کە خەڵکی ڕۆژئاوا بێت، بەڵام ئێستا لەگەڵ هاتنی ئەودا ژمارەکە لە سەتا سەت زیادی کرد و بوونە دووان، هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد.

١٨.وەک نەریتێک لە وڵاتانی سۆشیالیست و زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهاندا، بەبۆنەی (١)ی ئایار، ساڵانە بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهان، خۆپیشاندانێکی گەورە و فراوان سازدەدرێت. لەو خۆپیشاندانانەدا گشت ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی قوتابیانی نیشتمانی و بیانی بەشداریان تێدادەکرد، بە کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیشەوە.

لە ساڵی (١٩٦٩) وەکو ساڵانی پێشوو، خۆپیشاندانێکی گەورە لە بەلگرادی پایتەختی یۆگسلاڤیا بەڕێوەچوو. لەو شارەدا کافیتریایەکیش هەبوو بە کافیتریای

(ترازیە) ناسرابوو و هەر کاتێک خوێندکاران بیانویستایە یەکترییان ببینیایە، لەوێ گردەبوونەوە. لەو ساڵەدا و پاش تەواو بوونی خوێپشاندانەکە، شەپۆڵ کە خوێندکارێکی باشووری کوردستان دەبێت، چاوی بە مستەفا ڕەشید دەکەوێت کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوابوو و هەردووکیشیان ئەندامی کۆمەڵەی خوێندارانی کورد دەبن لە ئەورووپا، شەپۆڵ لە مستەفا ڕەشید دەپرسێت: مام جەلال دەناسیت، ناوێت بیستووە؟ ئەویش پێیدەڵێ: نەخێر ئەم ناوەم نەبیستووە و نایناسم (لە ڕاستیدا مستەفا ڕەشید ناوی جەلال تاڵەبانیی بیستبوو، بەڵام نەک مام جەلال)، بۆیە شەپۆڵ سەرسام دەبێت و بە گلەییەکەوە پێیدەڵێ: ئەدی تۆ چۆن خۆت بە کورد دادەنێی ئەگەر مام جەلال نەناسی و ناوێت نەبیستبێت؟

١٩.دکتۆر جەبار قادر بۆمیگێڕایەوە: دوو هەفتە پێش بەستنی کۆنگرەی شانزە لە بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەندامێکی لقەکەیان (لقی یەکێتیی سۆڤیەت) هاتو بەشداریی لە کۆنفرانسی لاوانی جیهانی کرد کە لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتدا بەسترابوو. پاش تەواو بوونی فیستیڤاڵەکە، ئەو خوێندکارە داوای بڕە پارەیەکی زۆر و نائاسایی لە لێژنەی سەرپەرشتیار کرد، واش باوبوو کە خوێندکاران ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکان دەهاتن ئامادە دەبوون، چونکە تێچووی هاتن و چوون و مانەوەی زۆر بوو و ئەوان خوێندکار بوون ئەو پارەیەیان لەبەردەستدا نەبووە. پاش بەدواداچوونی پرسەکە، دەرکەوت ئەو خوێندکارە لە ڕۆژی هاتنیەوە تاکو کۆتایی کۆنفرنسەکە هەموو هەژمار کردووە، لێژنەکە داوای لێبوردنی لێکرد کە ناتوانن ئەو بڕە پارەیەی بۆ خەرج بکەن، ئینجا ئەو خوێندکارە ڕوویان تێدەکات و پێیاندەڵێت: کاکە گیان، هەموو ئەو ڕۆژانەی لێرەبووم، تەنیا نانی ئەسمەرم خواردووە، (ئەو وایدەزانی نانە ئەسمەرەکە هەرزانترە لە نانە سپییەکە)، لێژنەکە پێانگوت: برا بۆ ئاگاداریی جەنابت خۆ ئەو نانە ئەسمەرە لە نانە سپییەکە گرانترە.

٢٠.ئیبراهیم دزەیی گێڕایەوە کە لە ئاهەنگەکانی لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، یەکێک لە هەڤاڵان دەبێتە ئاهەنگگێڕ (عەریف حەفل) هونەرمەندان و میوانان بە ئامادەبووان دەناسێنێت، جا کە ویستی خۆی چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری و نیشتمانی پێشکەش بکات کەم کەسیش هەبوو بیناسێت، بە ئامادەبووانی گوت:

ئێستاش یەکێک لە هەڤاڵانمان، کۆمەڵێک گۆرانیتان پێشکەش دەکات و با بفەرمێت. میوانەکان هەر چاوەڕێی هاتنی ئەو هونەرمەندەیان دەکرد بێت و گۆرانییەکانی پێشکەش بکات، لەناکاو خۆی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، جا کە میوانەکان زانییان ئەو گۆرانیبێژە هەر خۆیەتی، هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد.

٢١.لە پەراوێزی کۆنگرەی چوارەمی لقی پۆڵۆنیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ باسی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردەکانی شۆڕشی دەکرد و دەیگوت کە بارزانی لەسەر هەقە و ئەو کێشەی کورد و کوردستانی بە جیهان ناساند و کە دەتەوێ بۆ ناوی ئەو بگەڕێیت، مانای وایە تۆ لە کورد دەگەڕێیت و ئەگەریش لە ناوی کورد بگەڕێیت مانای وایە تۆ لە ناوی بارزانی گەڕاویت، ناوی ئەو لە هەموو فەرهەنگ و ئەنتۆکلۆپیدیا و ... و هەیە. لەو قسانەدا بوو، سەرخۆشێکی پۆڵۆنی خۆی کرد بە ژووردا و پرسیاری لێکردن: ئێوە کێن؟ گوتیان ئێمە کوردی کوردستانین. پۆڵۆنییەکە گوتی: ها ... ئێوە بارزانییەکانن، دکتۆر قاسملۆ گوتی: خۆ بینیتان، ئەمەش شاهێدحاڵی ئەو قسانەمە کە پێش کەمێک بۆتانم باس کرد.

٢٢.لە ساڵی (١٩٧٣) عەبدوڵڵا ئەلئەحمەد، یاریدەدەری ئەمینداری قوتریی حزبی بەعسی سووریا، هاتە یەکێتیی سۆڤیەت و لە مۆسکۆ سیمینارێکی فراوانی بۆ قوتابیانی سووریا و غەیرە سوورییەکانیش سازکرد، لقی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتیش بە دوو ئەندام بەشداریان لەو سیمینارەدا کرد. یەکێکیان حەسەن شێخۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەوی دیکەیان پێشڕەو کەریم ئەحمەد بوو لە باشووری کوردستان. وانەبێژەکە باسی چەند پرسێکی جۆراوجۆری کرد و یەکێک لەو پرسانە بەراوردکردنی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری عێراق و سووریا بوو، واتە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی عێراق و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سووریا و گوتی: حزبی بەعسی سووریا، باشەی زۆرە و بیروبۆچوونی پێشکەوتووانە و چەپخوازە، بە پێچەوانەی حزبی بەعسی عێراق کە حزبێکی کۆنەپەرست و .... و .... جا کە لە وانەگوتنەوەکەی بووەوە، کاتی پرسیار کردن هات. کەسانێکی زۆر پرسیاری بار و دۆخی سووریایان لێکرد کە بارودۆخی کوردی

ئەوێش یەکێک بوو لە پرسیارەکان. ئەو بەرپرسە، وەکو سەرجەم سەرکردەکانی بەعسی سووریا، نکۆڵی لە کێشەی کورد و تەنانەت هەبوونی نەتەوەی کوردیش دەکات. لەو کاتەدا پێشڕەو کەریم ئەحمەد دەستی بەرزدەکاتەوە و بە بەرپرسە بەعسییەکە دەڵێت: ئێمە لە عێراق جۆرە کڵاشێکمان هەیە، پێیدەگوترێت (کڵاشی هەورامی) (چونکە تایبەتە بە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - تۆژهر) هەردوو تاکی جووتە کڵاشێکی ئەمجۆرە، هیچ جیاوازییەکیان نییە و ڕاستە و چەپەی بۆ نییە، کامیان لەپێ دەکەی لەپێکە، واتە پێی ڕاست و چەپی جیاوازییان نییە، ئەم کڵاشەی ئێمە لە بەعسییەکانی سووریا و بەعسییەکانی عێراق دەچێت، هیچ جیاوازییەک لە بیروبۆچوونەکانیاندا نییە و هەردوو حزبەکە دیکتاتۆرن.

پاش ئەو حەسەن شێخۆ، هەڵدەستێتە سەر پێ و پێڵاوەکانی لەپێدەکاتەوە و بەدەستەوە دەیانگرێت، هەرتاکێک بە دەستێک. ئینجا ڕوو دەکاتە کۆڕگێڕەکە و دەڵێت: تۆ باسی چی دەکەیت، تۆ دەتەوێ ئامادەبووان فریو بدەیت؟ کە گوایە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بۆچوون و سیاسەتەکانی ئەو دوو حزبەدا هەیە، ئێوە وەکو ئەم پێڵاوانەی منن: یەکێک ڕاستەیە و ئەوی دیکەیان چەپە، هەردووکتان ڕەگەزپەرست و شۆفێنین.

٢٣.لە کۆتایی کۆنگرەی پانزەدا کە لە بۆخاریستی پایتەختی ڕۆمانیا بەسترا، هەروەکو نەریتی پێشووی، پارتی دیموکراتی کوردستان، چەند ناوێکی بۆ ئەندامێتیی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە دەستنیشان کرد، یەکێک لەو ناوانە، ناوی زۆزان بوجاق بوو، قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی پەست بوون و ئەم هەڵوێستەی پارتییان بە دەستوەردان هەژمار کرد لە کاروباری نێوخۆی کۆمەڵەکە. لە ماوەی پشوودا هەموویان بە دەوری یەکدا کۆببوونەوە و بەیەکەوە ئەم گۆرانییەیان دەگوتەوە:

Nûnerê Kurd Zozan e
Gelek jîkel û ciwan e
Ax nûnerê Kurdan e
Wax nûnerê Kurdan e

ئەم گۆرانییەشیان بۆئەوە نەدەگوت کە زۆزان بوجاق شایستەی ئەندامێتیی لێژنەی

کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە نییە، بەڵکو بۆ ناڕەزایی دەربڕین بوو بۆ دەستوەردانی حزبی ناوبراو لە ناونانی ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەدا. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، زۆزان بوجاق، کاندیدکردنی خۆی ڕەتکردەوە - بەگوتەی خۆی - .

٢٤.لە کۆنگرەی سیانزەدا لە لە ساڵی (١٩٦٩) لە بەرلین بەسترا. پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دارایی گشتی، داوا لە لقەکانیش کرا ڕاپۆرتە داراییە سالانەکەی خۆیان بخوێننەوە. نۆرەی لقی یۆگسلاڤیا هات و دەرکەوت کە دارایی گشتیی لقەکە (٢٦) هەزار دیناری یۆگسلاڤییە. ئەندامانی لقی بەریتانیا کە گوێیان لەم ژمارە گەورەیە بوو، هەموو هەستانە سەر پێ و دەستیان بە چەپڵەڕێزان کرد کە وایاندەزانی دیناڕە یۆگسلاڤییەکە بەرانبەر دیناڕە عێراقییەکەیە کە ئەوکات (هەر دیناڕێکی عێراقی بەرانبەر سێ دۆلار و نیو بوو)، بۆیە ئەو ژمارەیەیان پێ زۆر بوو، بەڵام کە دواتر نوێنەری لقی یەکێتیی سۆڤیەت، بابەتەکەی بۆیان ڕوونکردەوە و پێیانیگوت: ئەو ژمارەیەی ئێوە پێتان زۆرە و چەپڵەی بۆ لێدەدەن، ناکاتە (یەک دۆلار)، ئەندامانی لقی بەریتانیا تووشی شۆك بوون و دەتگوت بروسکە لێیانیداوە!!

بەشی سێیەم

بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

پێشەکی:

دوای ئـەوەی کۆمەڵەکـە لـە کۆنگـرەی دووەمـدا، تاڕادەیـەک توانیـی کاروبارەکانـی خـۆی کۆبکاتـەوە و نێومانڵـی خـۆی ڕێکبخاتـەوە، بـەرەو ئاراسـتەیەکی بنەڕەتـی هەنـگاوی نـا کـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی، ئەویـش پەیوەندیکـردن بـوو بـە ڕێکخـراو و دەسـتە و دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەکان، هەروەهـا دەزگاکانـی ڕاگەیانـد لـە جـۆرە بیـستراو و بینراوەکـەی، ئەویـش بـە ئامانجـی شرۆڤەکردنـی بارودۆخـی کـوردان لـە هـەر چـوار پارچەکـەی کوردسـتانی داگیرکـراودا کـە دووچـاری سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتانە و کۆمەڵکوژیـی دەسـت ڕژێمەکانـی ئەنقـەرە، تـاران، بەغـدا و دیمەشـق بوونـە، بـۆ تواندنەوەیـان لـە بۆتـەی نەتەوایەتیـی نەتەوەکانـی تـردا.

کۆمەڵەکـە، هـەر لـە کۆنگـرەی دووەمـی لەندەنـەوە درکـی بـەوە کردبـوو کـە بەشـداربوونی ئەندامـان لـە کۆڕبەنـدە جیهانییەکانـدا: کۆنفرانـس، سـیمینار، کۆنگـرەکان بە مەبەسـتی گەیاندنـی دەنگـی کـورد، پرسـێکە جۆرەهـا کۆسـپ و ناخۆشـیی دێتـە ڕێگـەی، بێجگـە لـەوەی ماندوبـوون و توانایەکـی دارایـی بەهێزیشـی پێویسـتە کـە تـا ئـەوکات زەحمـەت بـوو ئـەو توانـا داراییـە پەیـدا بکرێـت. چونکـە ڕژێمەکانـی وڵاتانـی ئەوروپایـی (بـە جیاوازییەکـی ڕێژەیـی نێوانیـان) و لـە ئەنجامـی ڕێککەوتـن و پەیوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکانیان کـە بەڕژێمەکانـی داگیرکـەری کوردسـتان گرێـدراون، لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون؛ هیـچ جـۆرە هەواڵێـک لەسـەر بارودۆخـی کـورد لـە میدیاکانیانـدا بڵاوبێتـەوە. سیاسـەتوانانی ئـەم وڵاتانـە ڕاسـتیی نکۆڵیکـردن لـە نەتـەوەی کـورد و چەوسـاندنەوەیان لەلایـەن ئـەو ڕژێمانـەوە لـە گەلانـی خۆیانیـان شـاردووەتەوە. ئەوسـا و ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت کوردیـان وەکـو کارتێـک بەکارهێنـاوە کـە لەگـەڵ ئـەو ڕژێمانـەدا گەمـەی پێبکـەن، هەرچەنـدە وێـردی سـەر زمانیـان هـەر دیموکراسـییەت و مافەکانـی مـرۆڤ بـووە[١٥٧]. جـا لەجیاتیـی ئـەوەی گوشـار بخەنـە سـەر ئـەم ڕژێمانـە بـۆ داننان بـەو ڕاسـتییەی کـە دەڵێت: کـورد، نەتەوەیەکـی ڕەسـەنی ئـەم ناوچەیەیـە و هـەزاران سـاڵ لەسـەر خاکـی باوباپیرانیـدا

دەژێت، بۆیە پێویستە دادپەروەر بین لەگەڵ ئەم گەلە و مافە مرۆیی و نەتەوەییە دیموکراسییەکانی خۆیانیان بۆ دەستەبەر بکەین کە ماوەیەکی دوورودرێژە لێیان زەوتکراوە و هەموو ئایینە ئاسمانی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانیش دانیپێدادەنێن. واتە ئەم نەتەوەیە مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. کەچی ئەم وڵاتانە لە ڕووی سیاسی و سەربازی و تەنانەت لە ڕووی ئەمنیشەوە، هاوکاریی ئەم ڕژێمە ستەمکارانەیان کردووە و دەزگا ئەمنییەکانیان لەسەر شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و زەلیلکردنی مرۆڤدا، ڕاهێناوە[١٥٨].

تەنانەت میدیاکانی ئەو وڵاتانە کە دەبوو پەیامی پیرۆزی مرۆڤایەتییان جێبەجێ بکردایە کە گواستنەوەی ڕاستی و کێشەکانە وەک خۆی و بە ئەمانەتەوە بیخەنە بەر دیدی جەماوەر، ئەوسا و ئێستاش، زۆربەیان میدیای بەسیاسیکراون و لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنانەدا کاردەکەن کە پشتگیری و پارەداریان دەکەن. یاخود بە کوردییەکەی بڵێین:Kê pere dan, gopal li ber lingên wî lê dide بە کوردییە سۆرانییەکەش: کێ شاباشی چاک بدات دەهۆڵکە لەبن پێی ئەودا دەکوترێت -وەرگێڕی کوردی- بەمەش بەشێکی گەورەی ڕاستگۆیی و پیشەیی خۆی لەدەست دەدات، ئەوەی لەگەڵ دکتۆر فاروق حەمۆی ئەندامی لقی ئیسپانیای کۆمەڵەی قوتابیانی کورد و ڕۆژنامەی (El Pueble)ی ئیسپانیدا ڕوویدا، نموونەیەکی ڕوونی ئەو بۆچوونانەی پێشەوەمانە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لقی ئیسپانیا).

لێرەدا کۆمەڵەکە درکی بە قورسی و قەبارەی ئەو ئەرکە کرد کە خستوویەتییە ئەستۆی خۆی و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەندامانی کۆمەڵەکە ناتوانن ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنن، چونکە ئەوکات ژمارەشیان کەم بوو لەسەر گۆڕەپانی ئەوڕوپا و توانایەکی دارایی ئەوتۆشیان لەبەردەستدا نەبوو، خەرجیی ئەو ئەرکە بەدیبهێنێت. ئەوە بێجگە لەوەی قەناعەتیان بەوە نەبوو کە ئەم شێوازە باشترین شێوازەکانی گەیاندنی دەنگی کورد بێت بۆ ڕای گشتیی ئەوڕوپا (بە ڕای فەرمی و ڕای میللیشەوە) بە هەموو ڕێکخراو و دامەزراوە و دەستەکاندا لەچوارچێوەی بابەتی نووسراو کە پرۆسەی گەیاندنەکە ئاسانتر دەکات و بارودۆخی کوردیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن لە ئەنجامی ئەو دابەشکارییە ناڕەوایەی داگیرکاران لە ڕێککەوتنامەی (سایکس –

پیکۆ)دا بەسەر کوردیان سەپاند بەبێ ئەوەی ڕایان لەسەر بێت.

بەمەش کۆمەڵەکە ویستی ئەوڕوپاییەکان بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و مرۆییەوە کە شەو و ڕۆژ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دیدارە فەرمییەکانیاندا وەکو بنێشتەخۆشە دەیڵێن و دەیڵێنەوە.

ئەمەی خوارەوەش چاوخشاندنێکی خێرایە بەنێو گۆڤار و ڕۆژنامە و ئەو بڵاوکراوانەی کۆمەڵەکە بە زمانی جیاواز بڵاویان کردووە و ئێمەش چەند دانەیەکیمان دەستکەوتووە و سەرنج و تێبینیی خۆمانمان لەسەریان هەیە، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە، بە لەرچاوگرتنی ئەوەی لەم بەشەدا ئێمە تەنیا باس لەو بڵاوکراوانە دەکەین کە کۆمەڵەکە بڵاویکردووەنەتەوە، نەک لقەکانی کۆمەڵەکە.

أ. لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٤٩):

١. بە زمانی فەڕەنسی:

لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٤٩) و لە قۆناغی یەکەمیدا، کۆمەڵەکە لە هەمان ساڵدا ڕۆژنامەی (Dengê Kurdistan) بە سێ زمانی فەڕەنسی و کوردی و ئینگلیزی بڵاوکردەوە. دکتۆر زازا لە لاپەڕە ١٠١ی یاداشتنامەکەیدا دەڵێت:".... لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرام و بڕیارم دا بڵاوکراوەیەکی مانگانە بە زمانەکانی فەڕەنسی و کوردی و ئینگلیزی بەناوی (Dengê Kurdistan) دەربکەم. شەو و ڕۆژ سەرقاڵی نووسین و پێداچوونەوەی بابەتەکان بووم و خەریکی چاپکردن بووم لەسەر ئامێری چاپ و کۆپیکردن....".لەبەرئەوەی چاپکردنی ڕۆژنامەکە لە سویسرا قەدەغە بوو، هەروەک لە یاداشتنامەکەی دکتۆر زازادا ئاماژەی پێدراوە، بەڵام بێ ئەوەی هۆکاری قەدەغەکردنەکە باس بکات[١٦٠].بۆیە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، ئەندامی کۆمەڵەکە، ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆی خۆی. بەپێی ئەوەی لە کتێبی (مصیر عائلة قاسملۆ)ی دکتۆر حەسەن شتوی لە ساڵی (٢٠٠٩) باسکراوە کە دەکاتە خوشکەزای ئەحمەد و عەبدولڕەحمان قاسملۆ:".... ئەحمەد قاسملۆ دەبێتە بەرپرسی دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە و بە تەنیا بەڕێوەی دەبات، هەروەها دەشیگەیەنێتە کوردستانیش ....".

پێنج ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە دەرچوو کە کۆی لاپەڕەکانی دەکاتە (٤٩) لاپەڕەی قەبارە گەورە و بەم شێوەیە دابەشکرابوو: (٧) لاپەڕەی بۆ زمانی کوردی بە پیتی لاتینی، دوو لاپەڕەش بۆ ئینگلیزی و (٤٠) لاپەڕەکەی دیکەی بۆ زمانی فەڕەنسی. ناوەکەشی گوزارشت بوو بۆ هەبوونی خاک و نیشتمانێک بە ناوی کوردستان و گەلێکیش لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژووەوە لەسەر ئەم جوگرافیایەدا دەژین کە پێیاندەگوترێت کورد. ئامانج لە بیرۆکەی دەرکردنیشی بەو سێ زمانە، گەیاندنی دەنگی کوردە بە زۆرترین ژمارەی خوێنەری گەلان و حکومەتەکانی دونیا.

لەڕاستیدا چەندین پایتەخت و شاری وڵاتانی ئەوڕوپا بەدوای ئەم ڕۆژنامەیەدا گەڕاوم کەچی هەموو جارێک بە دەست بەتاڵی دەگەڕامەوە. بەڵام لەناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٦ و لە گەشتێکی باشووری کوردستاندا سەرێکم لە ئەکادیمیای کوردی دا لە هەولێری پایتەخت. لەگەڵ جێگری سکرتێری ئەکادیمیاکە، دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا کە خوێندنی لە پاریس تەواوکردووە، پرسیاری ئەو ڕۆژنامەیەم لێکرد، پێیگوتم دانەیەکی ڕۆژنامەکەم لەلایە کە بە کامیرا وێنەی گیراوە، زۆر دڵخۆش بووم بەم هەواڵە و داوام لێکرد دانەیەکی کۆپیکراوم بداتێ، سوپاسی دەکەم کە داواکەمی ڕەتنەکردەوە.

لەبەرئەوەی شەست و ئەوەندە ساڵە بەسەر چاپکردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا تێپەڕیوە و بە کامیرا وێنەی گیراوە، بە جوانی نەدەخوێندرایەوە، بە تەکنیکی کۆنی پیتچنین و چاپکردنیش بڵاوکرابووەوە، بۆیە وازم لە وێنەگرتنی هێنا و دووبارە نووسیمەوە و چاپمکردەوە، دکتۆر نەجاتیش بەراوردکردنی هەردوو دانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی. دکتۆر کەنداڵ نزان، سەرۆکی پەیمانگەی کوردی لە پاریسیش بە سوپاسەوە چەند هەڵەیەکی ڕێنووسییان تێدابوو و چاکیکردنەوە. هەردوو نوسخەکەمان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠١٨ لە بەشێکی تایبەتدا کە بەشی سێیەمە لە زنجیرە کتێبی (کوردی تاراوگە)دا بڵاوکردەوە.

دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژنامەیە، دکتۆر زازا لە یاداشتنامەکەیدا دەنووسێت:"... ڕۆژنامەکەمان کارەساتی سیاسەتی سەپێنراوی سەر گەلی کورد لەلایەن تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا دەردەخات ...".

هەرچەندە ڕۆژنامەکە بە سێ زمان دەردەچوو، بەڵام ناوەڕۆکی زۆربەی بابەتەکانی ئەم ژمارانە، سەبارەت بە ڕاپۆرتی چالاکی و بەشداریکردنی شاندەکانی

کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی لێرە و لەوێ بوو، بابەتێکمان تێدا نەدەڤزییەوە کە باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان زانستی بکات. بۆ نموونە لاپەڕە کوردییەکانی دوو ژمارە لەیەکدراوەکەی (سێ و چوار) ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی تایبەت بوو بە بەشداربوونی شاندی کۆمەڵەکە لە فیستیڤاڵی یەکێتیی قوتابیانی جیهان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان و ئەو چالاکییانەی ئەنجامیانداوە لەگەڵ ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ شاندەکانی دیکەی بەشداربووی فیستیڤاڵەکە کە بەئەندامبوونی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی لێبووەوە لەو دوو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەدا.

لە بەشی کوردیی ژمارە پێنجی ڕۆژنامەکەدا، دوو بابەتی سەرەکیمان بەرچاو دەکەوێت: یەکەمیان ئەو ڕاپۆرتە بوو کە دکتۆر نورەدین زازا لە کۆبوونەوەی سێیەمی گشتیی کۆمەڵەکە لە ٢٩ - ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٩)دا خوێندبوویەوە کە سەرجەم چالاکی و دیدار و ئەو کارانە لەخۆدەگرێت کە کۆمەڵەکە لەنێوان هەردوو کۆبوونەوەی دووەم و سێیەمدا ئەنجامیداون. هەروەها لەبەشە کوردییەکەدا، ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی لاوان و قوتابیانی جیهان و هۆنراوەیەک بڵاوکراوەتەوە. بەمەش دەبینین کە نووسینەکان نێو ئەم ڕۆژنامەیە لە سەلماندنی بوونی کورد تێناپەڕێت.

ب.لە قۆناغی دووەم (١٩٥٦):

١. زمانی ئینگلیزی:

لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی، زمانێکی جیهانییە، زمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕبەندە جیهانییەکانە و لەچاو زمانەکانی تردا بڵاوترینیانە، لەلایەک و لەبەرئەوەی ئامانجی دەرکردنی بڵاوکراوەکان، گەیاندنی دەنگی کورد بووە بۆ فراوانترین تۆێژی مرۆڤایەتی لەلایەکی تر، کۆمەڵەکە لە کۆنگرەی دووەمی خۆیدا، بڕیاری دا گۆڤارێک بەناوی (Kurdistan) بە سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی[١٦١] بڵاوبکاتەوە و لێرەوە بەردی بناغەی دەرکردنی گۆڤارەکە دانرا و بە ئاراستەی جێبەجیکردنی هەنگاونرا.

وا بڕیار بوو گۆڤارێکی مانگانە بێت، بەڵام سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە لەبەر چەند هۆکارێکی دەرەوەی ویستی خۆیان، نەیانتوانی بەڵێنەکەی خۆیان بەجێبگەیەنن کە ڕەنگە لاوازیی توانای دارایی کۆمەڵەکە، هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسە بێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆریان خوێندکار بوون و بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی خۆیان و

پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خوێندن، کارێکی تریشیان لەپاڵ خوێندنەکەدا دەکرد، ئەگەر ئیشیشیان دەستبکەوتایە. ئەوە سەرباری ئەوەی ئەم کارە بۆ زۆربەیان، کارێکی نوێ بوو و قاڵبوی بووارێ نووسین نەبوون.

پێش ئەوەی ناونیشانی ئەو بابەتانەی لە (١٧) ژمارەکەی گۆڤاری (Kurdistan) دا بڵاوکراونەتەوە بخەینە بەر دیدی خوێنەر، پێویستە سەرنجتان بۆئەوە ڕابکێشم کە قەبارەی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە وەک یەک وابوون کە (٢١ بە ٢٩)سم بوو. ساڵانە دەردەکرا. جا لەبەرئەوەی زانیاریم لە بارەی زمانی ئینگلیزییەوە نییە، بە سوپاسەوە کاک ئەحمەد مستەفا ناونیشانی بابەتەکانی بۆمان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. کە ئەمانەن:

ژمارە یەک: لە ئاداری ساڵی (١٩٥٨) بە سێ زمانی یەک بەرگ دەرچووە و (٢٧) لاپەڕە بوو، لاپەڕەیەکیان بە ئینگلیزی و دوو لاپەڕەش بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی - بەپیتی لاتینی) و لاپەڕەیەکیش بۆ زمانی عەرەبی و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ کوردیی سۆرانی (پیتی عەرەبی) عومەر قازی سەرنووسەری ئەم ژمارەیە بوو.

لە پێرستەکەیدا ئەم ناونیشانانە هەبوو: پێشەکی، باگەواز - بە پێنووسی عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی کۆمەڵەکە، زوبانی کوردی - بە پێنووسی: تاهیر حوسێن، مێژووی کورد - بەپێنووسی عومەر قازی، خانوو لە کوردستان - بە پێنووسی: عەبدولقادر سەید ئەلڕەزاق، هەڵبەست و هۆنراوەکانمان هی شاعیر دڵدارە، فێربوونی تیپی لاتینی (لە گۆڤارەکەدا وەها نووسراوە کە مەبەستی (پیت)ە - وەرگێڕی کوردی- بە پێنووسی سەڵاح سەعدوڵڵا، لە کۆنگرەی دووەمدا ئامادەبوویت، سکرتێری گشتی، لەرزوتا (مەلاریا) بە پێنووسی: وریا ڕواندزی، کوردستان و خوێندکاران.

بەشە ئینگلیزییەکەشی ئەم ناونیشانانەی تێدا بوو: سەروتار بە پێنووسی سەرۆکی کۆمەڵەکە، عیسمەت شەریف وانلی، فۆلکلۆر و ڕێبازی مۆسیقای کوردی، بەپێنووسی بەکر عەلی، شێوەزارەکانی زمانی کوردی، بە پێنووسی عیسمەت شەریف وانلی، پەرەسەندن و پێکهاتەی زمانی کوردی -چاوخشاندنێک لەسەر بابەتە بڵاوکراوەکەی مینۆرسکی- لە ڕۆژنامەی سەنتەری دیراساتی کوردی لە پاریس، ئامانجە سەرەکییەکانی پشتگیریی ئاڵوگۆڕیی قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە بەشی عەرەبی و بەشی کوردی بە هەردوو

شێوازەرەکەی، لەم ژمارەیەدا بە دەست نووسراون، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە توانای کڕینی ئامێرێکی چاپکردن بەو دوو زمانەیان نەبووە -هەروەکو بە من گوتراوە- .

ژمارە دوو: لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٨) دەرچووە و ئاماژە بەوە نەدراوە کە ژمارە دووە، لە (٢٨) لاپەڕە پێکهاتووە و سەرنووسەرەکەی سەڵاح بەدرەدینە. لە پێرستەکەشیدا ئەم ناونیشانە بەرچاو دەکەون:

سەروتار - کۆنگرەی سێیەم: بە پێنووسی سەعدی دزەیی، وتاری سەرۆکی کۆمەڵە، عیسمەت شەریف وانلی، ڕاپۆرتی سکرتاریەت کە سکرتێری گشتیی، زاهیر مەحموود حوسێن خوێندنەوەی بۆکردووە، ڕاپۆرتی سکرتاریەتی دەستەی نووسینی (Kurdistan)، سڵاوی کۆنگرە بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموز، کۆنگرە سوپاسی سەرۆک جەمال عەبدولناسر دەکات، نامەی کۆنگرە بۆ هامەر شوێڵد، -هامەر شوێڵد- سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە - نامەی کۆنگرە بۆ سەرۆک حکومەتی سۆڤیەت، بانگەوازی کۆنگرە بۆ گەلی کورد، ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرە، بڕیارەکانی شاری ڤیسبادن، سڵاوی یەکێتیی خوێنکارانی عێراق بۆ کۆنگرە و وەڵامی کۆنگرە، سڵاوی دیکە بۆ کۆنگرە، پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرە، لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵە، چەند بڕیارێکی کۆنگرە، چەند لاپەڕەیەکی وێنەدار، ئەرکەکانی کۆمەڵە، بە پێنووسی دارا تۆفیق، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەمەریکا، لقی فەڕەنسا، لقی تورکیا، لقە کوردییەکە، لەدەستدانێکی مەزن، ئەوان دەڵێن، دانیشتوانی کوردستان، بڕووسکەکانی بۆ کۆنگرە نێردراون، ڕەخنەی کتێب، بە پێنووسی ئەحمەد ئەلسەعدی، ١٤ی تەموز لە بەندیخانە: شیعری عەبدوڵڵا گۆران، هەواڵ و چەلاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و کۆمەڵەکانی دیکە، نامەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بۆ کۆمەڵەکەمان، بڵاوکراوەکان لەبارەی کورد و کوردستان، بەپێنووسی فوئاد کەریم.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو هەڵەیە بکەین کە لە بەشە عەرەبییەکەی ژمارە سێدا هاتووە کە بە ناونیشانی (ملخص تقریر سکرتارية تحریر"Kurdistan")ەو بەڕێز عومەر قازی، سکرتێری نووسینی پێشووی (Kurdistan) لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ کۆنگرەی سێیەم، ئاماژە بە دەرچوونی دوو ژمارەی گۆڤارەکە دەکات لە چەند مانگێکی کەمدا

.... هەروەها دەڵێ:"هۆکاری ئەوەی کە لە دوو ژمارە زیاتر دەرنەچووە ئەوەیە .....لەگەڵ ئاماژەکردن بەوەی ژمارە دووی گۆڤارەکە لە تشرینی دووەم، واتە پاش کۆنگرەی سێیەم بە سێ مانگ؟! کەواتە ڕاستەکەی ئەوەیە تاکو بەستنی کۆنگرەی سێیەم، تەنیا یەک ژمارە (نەک دوو) ژمارە دەرکرابێت. هەموو لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە. لە شوێنێکی دیکەدا عومەر قازی پێشنیاز دەکات دەستەی نووسینی گۆڤارەکە، هەموویان خەڵکی وڵاتێک بن بۆ کارئاسانیی خۆیان و کردنەوەی لاپەڕەی دیکە کە بابەتی چیرۆک، نوکتە و بەسەر هاتی خۆش و کات بەسەربردنیان تێدا بڵاوبکرێتەوە. جا لەبەر ئەوەی ئامانج لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە ناساندنی گەلی کوردە بە گەلانی جیهان، بەتایبەتی گەلانی ئەوڕوپا، عومەر قازی پێشنیاز دەکات گۆڤارەکە تەنیا بە زمانە ئەوڕوپاییەکان بڵاوبکرێتەوە، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، واتا پێویست ناکات بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوبکرێتەوە. هەروەکو تێبینیش دەکرێت، زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکان سەبارەت بە کۆنگرەی سێن.

ژمارە سێ: هەموو لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، مێژووی بڵاوکردنەوەکەی لەسەر بەرگی گۆڤارەکە و هیچ لاپەڕەیەکی دیکەدا نەنووسراوە، بەڵام ئەوەندە دیارە کە ئەم ژمارەیە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە و لقەکانی هەتاکو ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٨)ە، ئەمەش وامان لێدەکات بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ژمارەکە یان لە تشرینی دووەم یاخود کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا دەرچووە. ئەم ژمارەیەش هاوشێوەی ژمارەکانی پێشووی، بابەتە بڵاوکراوەکانی تایبەت بوون بە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەکە و چەند بابەت و هەواڵێکی دیکە، بە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەشەوە.

بەرگی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە بە وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم ڕازێنراوەتەوە کە لە (٥٤) لاپەڕە پێکهاتووە و ناوی سەڵاح سەعدوڵڵاش بە سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە دیاریکراوە، بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتی بوون لە: سەروتار، کۆنگرەی سێیەم بە پێنووسی سەعدی دزەیی، وتاری سەرۆکی کۆمەڵەکە، عیسمەت شەریف وانلی، ڕاپۆرتی سکرتارییەت کە سکرتێری گشتی، زاهیر مەحموود حوسێن پێشکەشی کردبوو، ڕاپۆرتی گۆڤاری (Kurdistan)، سڵاو لە شۆڕشی ١٤ی تەموز، کۆنگرە سوپاسی

سەرۆک جەمال عەبدولناسر دەکات، نامەی کۆنگرە بۆ هەمەرس شوێڵد، نامەی کۆنگرە بۆ سەرۆکی حکومەتی سۆڤیەت، بانگەوازی کۆنگرە بۆ گەلی کورد، ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرە، بڕیارەکانی ڤیسبادن، سڵاوی یەکێتیی قوتابیانی عێراق بۆ کۆنگرە و وەڵامی کۆنگرە، سڵاوی دیکە بۆ کۆنگرە، پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە، چەند بڕیارێکی کۆنگرە بە کورتی، چەند لاپەڕەیەکی وێنەدار، ئەرکەکانی کۆمەڵە، بە پێنووسی دارا تۆفیق، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا، نامەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بۆ لێژنەی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، گەڕانەوەی پاڵەوان، بە پێنووسی عەبدوڵڵا ئەلشەهەوانی، کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەمەریکا، بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی هاوواڵتیانی کورد، بروسکەکان کە بۆ کۆمەڵەکە نێردراون، ڕەخنەی کتێب، بە پێنووسی ئەحمەد ئەلسەعدی، ١٤ی تەموز لە بەندیخانە: هۆنراوەی گۆران، هەواڵ و چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا و کۆمەڵەکانی دیکە، نامەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بۆ کۆمەڵەکەمان، قوتابیانی جیهان ئیدانەی سیاسەتی تورکیای ڕەگەزپەرست دەکەن، قوبرس و تورکیا و کوردستان، بە پێنووسی ی. آ .ودس، نامەکانی سکرتێری نووسین، بانگەوازێک بۆ دانەرانی کتێب: بە پێنووسی فوئاد کەریم.

ژمارە چوار: لە نیسانی ساڵی (١٩٥٩) بە (٣٦) لاپەڕە دەرچوو، سەرنووسەرەکەی سەڵاح سەعدوڵڵا بوو کە ئەم بابەتانەی لەخۆگرتبوو: سەروتار، دەستکەوتەکانی حکومەتی عێراقی، بەڕێز عەبوود ئەلبەلداوی، پاشکۆی ڕۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن، شۆڕشی عێراق و کێشەی کورد، بە پێنووسی سەڵاح سەعدوڵڵا، کورد لە تورکیا، بە پێنووسی جەلال بیتۆشی، تورکیا دووڕکەوتنەوەکانی بیردێتەوە. نامەیەک بۆ بەڕێز مندریس، کورد لە ئێران، بە پێنووسی ت . ق . ئەریستۆما، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە أ. ن. ئەلسەعدی، دەربارەی کوردی یەکێتیی سۆڤیەت، لێدوان لەسەر (Riya Taze) بە پێنووسی باسیل نیکیتین، پەیمانگەی گۆرگی، ئاهەنگەکانی نەورۆز لە بەغدا، بەرلین و لەندەن، چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە (ئینگلتەرا، سویسرا، نەمسا و ئەڵمانیا)، بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی لەلایەن کۆمەڵەکە و لێدوانی سەرۆک جەمال عەبدولناسر، ١٤ی تەموز لە بەندیخانە: هۆنراوەی گۆران، خوێندنەوەی کتێبی (کوردستان فی طریقها الی الحریة)، هەواڵی جیهانی و لاتانی سۆشیالیستی، چەند

دیدگایەک لە کوردستان، نیشتمانی بەشکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مینۆرسکی، کوردستان و میدیا، بابەتی دیکە، کۆنگرەی قوتابیانی عێراقی لە ئەڵمانیا، دەسەڵاتی ڕۆشنبیری لە کوردستان، سڵاوی قوتابیانی سۆڤیەت، بەیاننامە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولکەریم قاسم، گەڕانەوەی ئاوارەکان .... هتد، پۆستەی لقی ئەڵمانیا، نەورۆز و کوردستان، بە پێنووسی کەمال فوئاد، هەموو بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم ژمارەیە بە زمانی ئینگلیزی بوون.

ژمارە پێنج: بە (٣٢) لاپەڕە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩)دا دەرچوو و تەحسین محەمەد ئەمین سەرنووسەری بوو. ئەم بابەتانەشی تێدا بڵاوکرابوونەوە: سەروتار، هەرەسهێنانی چوارەم، پرسی یەکخستنی زمانی نووسینی کوردی (شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی)، ڕاپۆرتی کۆنگرەی چوارەم، دامەزراندنی أز . ج. ت . ک). ئەوروپا و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق، هەمەڕەنگ، بابەتەکانی ئەم ژمارەیەش سەرجەمیان بە زمانی ئینگلیزی بوو.

ژمارە شەش: لە مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٦٩) بە (٣٤) لاپەڕە دەرچوو و لەم ژمارەیەدا نووسراوە: سەرنووسەر تەحسین محەمەد ئەمین و سەعدی ئەمین دزەییش سکرتێری نووسینی بووە. ئەم بابەتانەشی تێدا بڵاوکراوەتەوە: سەروتار، تۆژینەوەیەکی بەراوردکاری، تورکیا: سەرکەوتنی ناکام، ئێران: زەنگەکە بۆ کێ لێدەدرێ، عێراق: ڕەوشەکە شاهێدی دەدات، دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی، لقەکان . دامەزراندنی أز . ج . ت . ک ئەوروپا، لاپەڕەی ڕۆژنامەوانی، هەمەڕەنگ، چەند نامەیەک بۆ نووسەر، بابەتێکی ڕەخنەیی، کۆنگرەی پێنجەم، کتێب دەربارەی کورد و کوردستان، گۆڤارە کوردییەکان. هەموو بابەتەکانی ئەم ژمارەیەش هەر بە زمانی ئینگلیزی بوون.

ژمارە حەوت و هەشت: ئەم دوو ژمارە لێکدراوە لە ساڵی (١٩٦١) دەرچووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ مانگی دەرچوونی بکرێت، لە (٤٤) لاپەڕە پێکدێت و ئەم بابەتانەی تێدایە: سەروتار، کۆنگرەی پێنجەم، بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم، دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کۆنفرانسێک دەربارەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان، بڕووسکە بۆ ئێران و تورکیا، کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، سلاو لە عەدنان خودادا، ئاگاداریی أز . ج . ت . ک ئەوروپا،

ڕاپۆرتێک سەبارەت بە بەشداریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، کوردستان پێشوازیی ئەمینداری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەکات، کێشەی ڕێکخراوە کوردییەکان دیاریکراون، چالاکییەکانی لێژنەی کارگێڕیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کۆپییەک لەو بڕووسکەیەی بۆ تورکیا نێردراوە، کورد کەللە ڕەقن، کۆمەڵەی جیهانی، کوردستان، سویسراییە بارزانییەکان ناڕەزایی سەبارەت بە حوکمەکانی لەسێدارەدان لە ئێران دەردەبڕن، لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی، بڕگە نهێنییەکانی تورکیا، نەورۆز لە ئەوروپا، ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، چەند نامەیەک بۆ دەستەی نووسەران، ئەدەبیاتی کوردی، نامەکان بۆ جەمال عەبدولناسر، نامەیەک بۆ جەنەڕاڵ کۆرسل[١٦٣]. لەم دوو ژمارەیەدا تەنیا لاپەڕەیەک بە زمانی کوردی بە پیتی لاتینی و لاپەڕەکانی دیکە هەمووی بە زمانی ئینگلیزی بوون.

ژمارە نۆ و دە: پاش چوار ساڵ دابڕان، ئەم ژمارەیە لە تەمووزی ساڵی (١٩٦٥) دووبارە بڵاوکرایەوە کە لە ٣٨ لاپەڕە پێکهاتبوو. عومەر شێخموس سەرنووسەری ئەم ژمارەیە و سەعدی دزەیی بەڕێوەبەری نووسینی بوو کە ئەم ناونیشانانەی لەخۆگرتبوو: سەروتار، وردبوونەوە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، تیشکێک بۆ سەر شەڕی نهێنیی لە عێراق، پشتگیری و هاوسۆزی بۆ کورد، یاداشتنامەیەک سەبارەت بە کێشەی کورد لە کوردستان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشداربیەکان و ژێدەرەکان، خوێندنەوە بۆ کتێب، وتەبێژی کورد سەردانی ئەوروپا دەکات، هەمەڕەنگ، پێرستی سەرچاوەکان. هەموو بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە.

دوو ژمارەی لێکدراوی یانزە و دوانزە: ئەمەیان لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٧) دا بڵاوکراوەتەوە و لەتیف ڕەشید سەرنووسەری بووە و کەمال فوئاد بەڕێوەبەری نووسین کە لە (٢٤) لاپەڕە پێکهاتووە و ئەم بابەتانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: سەروتار، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، پشتیوانیکردنی کورد، لێکچوونەکانی ئەوروپا بۆ دۆزی کورد لە سووریا، پێرستی سەرچاوەکان. بابەتەکانی ئەم ژمارەیە هەمووی بە زمانی ئینگلیزی بوون.

ژمارە سیانزە: ئەم ژمارەیە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە مانگی دەرچوونی بکرێت، بە (٤٦) لاپەڕە لە ساڵی (١٩٦٩)دا دەرچووە. سەرنووسەرەکەی دارا عەتارە و ئەم بابەتانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: ئامانجەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، دەستەی کارگێڕیی گشتی، دیمەنی ڕەوشی سیاسیی کوردستان، بە پێنووسی سەرنووسەر، کوردستان خۆشەویستمە، لۆرد کیلب راکن، بڕیارەکانی کۆنگرەی دوانزە، ڕەفتارە نادەستوورییەکەی تورکیا لە ئاست کورد، بە پێنووسی سەردار ئاراراتی، پاشماوەکانی میترائی لە هاترا، سکرتارییەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، کوردستانی عێراق و ئاسەوارەکانی ئێزدیاتی، ئێزدییەکان شەیتان پەرست نین، بەپێنووسی تۆفیق وەهبی، باگڕاوندی دەستووری (....)، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە سۆفیا. بەڵگەنامەکان: کورد و نەتەوە یەکگرتووەکان، نامەیەک لە بارزانییەوە بۆ جەنەڕاڵ دیگۆل[١٦٣]. کتێب دەربارەی کورد و کوردستان، هەموو بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم ژمارەیەش بە زمانی ئینگلیزی بوون.

ژمارە چواردە: لە ساڵی (١٩٧٠) بەبێ ئاماژەدان بە مانگی دەرچوونی، بە (٤٥) لاپەڕە دەرکراوە، لە پێرستەکەشیدا ئەم بابەتانە هەیە: سەروتار، هەواڵەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشی کورددا، کوردستان و نەوتی عێراق، دەستووری کۆمەڵە، چەند لایەنێکی شۆڕشی کورد، چەند بڕگەیەک لە میدیاکانەوە، لە ئاشووبەوە، بەڵگەنامەکان، وێنەکانی نەورۆز، هەواڵەکانی کوردستان، چەند خوێندنەوەیەک لە کتێب، کتێب دەربارەی کورد و کوردستان. هەموو بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوون.

ژمارە پانزە: بێجگە لە لاپەڕەیەک کە بە زمانی کوردی بە پیتی لاتینی بوو، گشت بابەتەکانی دیکەی ئەم ژمارەیە بە زمانی ئەڵمانی بوون. لەو لاپەڕە کوردییەدا دوو پارچە هۆنراوەی شاعیر جگەر خوین و دوو هۆنراوەی وەرگێڕدراوی کوردی بۆ ئەڵمانی بڵاوکرابووەوە کە یەکێکیان هی حلمی عەباسی شاعیر و دووەمیان هی شاعیری ناودار هەژار بوو. ئەم ژمارەیە (٤٨) لاپەڕە بوو و لە ئاداری ساڵی (١٩٧١) دا دەرچووە، بەڵام دیار نییە کێ سەرنووسەرێتی. هەر لەو ژمارەیەدا ساڵنامەیەکی ساڵی (١٩٧١) بەپێی ساڵنامەی کوردی بڵاوکراوەتەوە. لە پێرستەکەشیدا ئەم بابەتانە نووسراون: هۆنراوەیەک لە لاپەڕە سێ، سەروتارەکەشی لەلایەن عیسمەت شەریف

وانلـی نـووسراوە، دەروازەیـەک بـە پێنووسـی: .....؟ ڕێککەوتنامـەی ئاشـتیی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، کوردسـتانی ئێـران، کوردسـتانی سـووریا، کوردسـتانی تورکیـا، دەرکەوتنـی دێرینیـی کـورد لەسـەر مۆرێکـی لوولەیـی فارسـیدا، کوردسـتان لـە فەرهەنگەکانـدا، نـەورۆز رۆژی نـوێ، سـاڵنامەی کـوردی، بڕیارەکانـی کۆنگـرەی شـانزە، بڕیارەکانـی کۆنگـرەی دەیەمـی یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان، بڵاوکـراوە: کوردسـتانی ئێـران، بڕووسـکەی یەکێتیـی قوتابیانـی ئێـران، چەنـد هۆنراوەیـەک. سـەرچاوە و ژێـدەرەکان سـەبارەت بـە کـورد و کوردسـتان.

ژمـارە شـانزە: لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی (١٩٧٢) بـە (٤٠) لاپـەڕە دەرچـووە و ئـەم بابەتانـەی تێـدا بـووە: کـورد و کوردسـتان، پێشـەکی، پانزەمیـن سـاڵیادی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، دەربـارەی یاسـای بـاری نائاسـایی لـە تورکیا، جگەرخویـن شـاعیرێکی کوردسـتانی نیشـتمانپەروەر، دیمانەیەک لەگـەڵ خوێندکارێکـی ئێرانـی، بڕیارەکانـی کۆنگرەی چـواردەی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کورد لـە ئەوڕوپـا، بڕیارەکانـی کۆنگـرەی دەیەمـی یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان، کێشـەی کـورد، بڕووسـکە، لقـی بەریتانیـا، هۆنراوەیەکـی کـوردی، چەنـد کۆپلەیەکـی ڕۆژنامەوانی، پێرسـتی سـەرچاوەکان سـەبارەت بە کوردسـتان. هەمـوو بابەتەکانی ئـەم ژمارەیە بە زمانـی ئینگلیزی بڵاوکراوەتـەوە، یـەک لاپـەڕە نەبێـت کـە تەرخـان کـراوە بـۆ کوردیـی لاتینـی و بریتییـە لـە هۆنراوەیەکـی شـاعیر جگـەر خوێـن، لاپەڕەیەکیـش بـۆ عەرەبـی دانـراوە و لەبـەر ڕۆژنامەی (التآخـی) گیراوەتـەوە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەریـدەکات.

ژمـارە حەڤـدە و کۆتـا ژمـارە: لـە سـاڵی (١٩٧٤)دا دەرچـووە و ئامـاژە بـۆ مانگەکـە نەکـراوە، لـە (٦٤) لاپـەڕە پێکهاتـووە، لـە لاپـەڕەی یەکەمیـدا"-The Editor Kurdis tan KSSE-UK" نـووسراوە، واتـا بـە سەرپەرشـتیی دەسـتەی نووسـەرانی(Kurdistan) ی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا بڵاوکراوەتـەوە لەبـری ئـەوەی نـاوی سەرنووسـەر و دەسـتەی نووسـینی بنووسـن. بـەڵام لـە ژمـارە لەیەکدراوەکـەی (٨ – ٩) ی دەنگـی کۆمەڵـەدا هاتـووە کـە لـە مانگـی کانوونـی دووەم – شـوباتی سـاڵی (١٩٧٤) دەرچووە:"مەکتەبـی سـکرتارییەتی کۆمەڵـە بڕیاریـداوە دەسـتەیەک بـۆ دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری کوردسـتان پێکبهێنرێـت و پێکبێـت لـە: شـەماڵ کەریـم –سـەرۆک و ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی و سـیامەند منجـڕ (سـیامەند بەننـا) و دارا عەتـار".

ئەم بابەتانەش لە پێرستی ئەم ژمارەیەدا نووسراون: نامەی سەرۆک، بە پێنووسی تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵە، سەروتار، هەواڵەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، بە پێنووسی دەستەی نووسەران، تەعریبکردنی کوردستانی عێراق، دیراسەیەک دەربارەی بارودۆخی ئابووریی کوردستانی تورکیا، نامەیەک لە سووریاوە، شۆڕشی کورد بەپێی تۆمەتە وەرزییەکان لە کتێبی جانتای عێراقییەکان، ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی کورد، کوردستان ... شێوازێکی نوێی ڕامان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زەردەشتە میدییەکان، وەرچەرخانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بۆ سەردەمی پیشەسازی، کۆنگرەی یانزەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان، سڵاوێک لە هامیلتۆنەوە[١٦٤] کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و دەستکەوتەکانی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق، کارنامەیەک سەبارەت بە کێشەی کورد لە عێراق، یاداشتنامەیەک دەربارەی ڕەوشی شیوعییەکان لە کوردستان، کوردستان و کورد، کتێب لەبارەی کورد و کوردستانەوە.

دوو لاپەڕەی ئەم ژمارەیە نەبێت کە لە ڕۆژنامەی (خەبات) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وێنەگیراوە، ئەگینا هەموو لاپەڕەکانی دیکەی ئەم ژمارەیە بە زمانی ئینگلیزییە.

دەتوانین بڵێین؛ زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو ئەو گۆڤارە، بابەتی سیاسین و جەختیان کردووەتە سەر ڕووداو و هەواڵە سیاسییەکان، واتە بە دەگمەن بابەتی شیکاری و هزرییان تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها هیچ بابەتێکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەرزشی و کاروباری ئافرەتانیان تێدا بەدیناکرێت. گۆڕینی بەردەوامی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تەنانەت ناوی گۆڤارەکەش بە نەرێنی شکاوەتەوە سەر گۆڤارەکە و بووەتە هۆی دواکەوتنی دەرچوونی ژمارەکانی لەکاتی خۆیاندا، تاکو چوار ساڵ گەیشتە ژمارە حەوت و هەشتی ١٩٦١ و ژمارە نۆ و دەی ١٩٦٥.

لە ڕاستیدا نەوزاد عەلی ئەحمەد هەر حەڤدە ژمارەکەی گۆڤاری کوردستانی ئامادە و کۆکردووەتەوە، پاشان لەلایەن هەردوو دەزگای (بنکەی ژین) و (ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران) لە سلێمانی چاپکراوە و ناونیشانی (کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، ژمارە ١ – ١٧)ی بۆ دانراوە.

پاشکۆی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی: نەمانتوانی هیچ دانەیەکی ئەم بڵاوکراوەیەمان دەست بکەوێت. ئەوەی لەبارەیەوە بیزانین هەر ئەوەیە کە لە ژمارە چواری بڵاوکراوەی

دەنگی کۆمەڵە لە چوارچێوەی هەژمارکردنی چالاکییەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتیدا ناوی هاتووە و بە هاوکاریی لەگەڵ لقی بەریتانیای کۆمەڵەکە دەرکراوە.

بڵاوکراوەی دیکە بە زمانی ئینگلیزی:

KSSE information: ڕۆژنامەیەکی خولییە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە زمانی ئینگلیزی دەریکردووە، ژمارە (یەک) و (سێ)مان دەستنەکەوت، بۆیە نازانین بەدیاریکراوی مێژووی دەرکردنی بڵاوکراوەکە کەیە. بەڵام ژمارە دوو لە مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٧٣)دا دەرچووە و ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: مێژوو و ئامانجەکانی کۆمەڵە، مێژووی کۆنگرەکانی کۆمەڵە و چالاکییەکانی، ئەو نامیلکە و گۆڤارانەی کۆمەڵەکە بڵاویکردوونەتەوە، ناساندنی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ئافرەتان، چۆنیەتیی پێناسەی شارەکانی کوردستان (کەرکووک)، شێخ مەحمود بەرزنجی ١٩١٥: سیاسەتی ئینگلیز، چۆن شێخ مەحمود دەربەدەری هیندستان کرا لە ساڵی ١٩٢٢، قازی محەمەد: لەدایکبوونی، ژیانی، خەبات و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستان، دۆخی نێوان کورد و ئەرمەن، کوردستانی تورکیا لەنێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە، پەیماننامەی (سیڤەر)، جەنەڕاڵ شەریف پاشا و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، دۆخی کوردی سووریا و چەند بابەتێکی تر.

٤- **Kurdish news:** واتە هەواڵی کورد، ڕۆژنامەیەکە بە زمانی ئینگلیزی دەرکراوە و زمانحاڵی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوروپا، ژمارە (یەک)ی ڕۆژنامەکەمان دەستنەکەوت بۆئەوەی بزانین کەی دەرچووە، ئەو ژمارەیەی بەردەستمان، ژمارە (١٢)ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٤)ە.

٢. **بە زمانی ئەڵمانی:** لەگەڵ گواستنەوەی بارەگای سەرەکیی کۆمەڵەکە لە ساڵی (١٩٥٩) لە لەندەنەوە بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا و بە حوکمی ئەوەی ژمارەیەکی تاڕادەیەک باشی قوتابیانی کوردی لێبوو، بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و لەبەر پێگە جوگرافییە گرنگەکەی بەرلینی ڕۆژئاواش کە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ و وارسۆ و پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان و ئیدارەیەکی تایبەت بەخۆی، شارەکە سەنگێکی سیاسی و دیبلۆماسیی پەیداکرد، ئەمە سەرباری ئەوەی گەورەترین گردبوونەوەی قوتابیانی جیهانی تێدایە. زمانی ئەڵمانیش زمانی خوێندن و بازرگانی و میدیا و

گفتوگۆیە، نەک هەر لە دوو بەشەکەی ئەڵمانیا (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێشوو) بگرە لە وڵاتانی دەوروبەریشدا زمانەکە بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە: نەمسا سویسرا و بەلجیکاش.

بە کۆی ئەم هەموو فاکتەرانە، کۆمەڵەکە وایدەبینی کە ئامراز و شێوازێکی دیالۆگ بۆ ئەم ڕای گشتییە فراوانە بدۆزێتەوە کە ئەم زمانە بەکاردەهێنن. دەرکردن و وەرگێڕانی چەند زانیاری و ڕاپۆرتێک لەم بۆنە و ئەو بۆنەیە، یاخود دەرکردنی ژمارەیەکی تایبەت لە گۆڤاری کوردستان بەو زمانە. لقی کۆمەڵەکە لە ئەڵمانیا و لێژنەکانی کە لە زانکۆکانی شارەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی خولییان دەرکرد کە ئامانج لەم هەنگاوە، گەیاندنی دەنگی کوردە بەم جەماوەرە فراوانە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕۆ بۆ بەشی سێیەم - لقی ئەڵمانیای فیدراڵ).

٣. بە زمانی عەرەبی:

دوای هاتنی ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەک و هەبوونی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی وڵاتە عەرەبییە جۆربەجۆرەکان لە گۆڕەپانی وڵاتانی ئەوڕوپادا لە لایەکی دیکە، دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە، دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی خولیی بە زمانی عەرەبی بە پێویست زانی کە دیالۆگێک دروست بکات لەنێوان کورد و خوێنەری عەرەب و نەتەوە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە عەرەبییانە، چونکە دەرکەوت دەرکردنی بەیاننامە و نامیلکە لێرەو لەوێ ئامانجی خۆی ناپێکێت، بۆیە لە یەکێک لە کۆبوونەوە خولییەکانی خۆیان لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٧٢) بڕیاری دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی خولی درا کە لە ژمارە یەکیدا بەبێ ناو بڵاوکرایەوە و لە ژمارە دووەوە بووە بە (دەنگی کۆمەڵە).

ژمارە (یەک)ی Dengê Komelê: ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی خولییە دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە دەریدەکرد و لە لاپەڕە یەکی ژمارە یەکیدا نووسراوە:"بڵاوکراوەیەکی خولیی گشتییە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا - دەستەی کارگێڕیی گشتی - دەریدەکات. ژمارە (١) ساڵی یەکەم مێژوو .... [١٦٥].

هەر لە لاپەڕە یەکدا هاتووە:".... دەستەی کارگێڕیی گشتیی بڕیاری داوە بڵاوکراوەیەکی خولی دەربکات کە هەواڵ و پێشهاتەکانی دۆخی کوردستان

لەخۆبگرێت و کار و چالاکیی لقەکانی کۆمەڵەکە بڵاوبکاتەوە. .... ئەم بڵاوکراوەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەردەچێت، ئەگەر لە توانادا بێت بە زمانەکانی دیکەش بڵاودەکرێتەوە. ... دەستەی کارگێڕیی گشتی".

پێوەری هەموو ژمارەکانی (Dengê Komelê - دەنگی کۆمەڵە) (٢١ بە ٣٠ سم) ە. لێرە بە پێویستی دەزانین ئەوە ڕوونبکەینەوە؛ هەندێک لە بابەتەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە، ناوی نووسەرەکەی لەسەر سەرواوەتەوە یانیش هەر بەبێ ناو بڵاوکراوەتەوە، بۆیە ئێمەش لێرەدا وەک خۆی دەینووسینەوە.

ئەم ژمارەیە، (١١) لاپەڕەیە، مێژووی بڵاوکردنەوەشی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لەکاتی چاوخشاندنەوەمان بە لاپەڕەکانیدا، پێدەچێت ئەم ژمارەیە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٢) بێت، چونکە ئەم ژمارەیە ڕووماڵی چالاکییەکانی کۆمەڵە و لقەکانی دەکات تاکو ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەم ژمارەیە تایبەت کراوە بۆ (ئەو بڕگانەی جێبەجێکراون و ئەوانەشی جێبەنەکراون لە ڕێککەوتنامە مێژوویەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠)ی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕژێمی عێراق کە لە لقی پارتی دیموکراتی کوردستان (باشوور) وەرگیراوە. هەروەها بابەتێکیشی تێدایە بەناونیشانی: (شەهیدانی گەلمان، شەهیدانی مافی نەتەوەیی و تێکۆشانی هاوبەشە) کە لە ڕۆژنامەی (التآخی) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە و ئەویش لە یادی شەهیدانی کوردستاندا نووسراوە. چەند ڕووداوێکی کوردستان و ژمارەیەک لە کار و چالاکیی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە و چەند لقێکیشی تێدایە.

ژمارە دوو: لەم ژمارەیەدا، ناونیشانی بڵاوکراوەکە تەنیا بە پیتە لاتینییەکە نووسراوە (Dengê Komelê) مێژووی مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٢ی لێدراوە و (١٢) لاپەڕەشە.

ئەم بابەتانەشی تێدا بڵاوکراوەتەوە: یاداشتنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ حزبی بەعسی عێراق، پیرۆزبایی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبەکە، دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە، هەواڵێک لە سووریاوە، کورتە باسێک دەربارەی کوردی ئەرمینیای سۆڤیەتی، پەیام .. و بەڵێن ... و مەرگ .... چوار ئەفسەرە شەهیدەکە[١٦٦]- هەواڵی ڕێکخراوە کوردستانییەکان،

هـەواڵ و چالاکییەکانـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی و لقەکانـی کۆمەڵەکـە.

ژمارە سـێ: ژمارەیەکی تایبەت بوو بە زمانی کوردی و بە هەردوو شـێوەزاری کرمانجی و سـۆرانی و بـە پیتـی لاتینـی بڵاوکراوەتەوە. مێژووی بڵاوکردنەوەکەشـی هـی مانگی ئەیلوولی سـاڵی (١٩٧٢)ە. لـە ژمـارە چـواری نوسـخە عەرەبییەکـەی ئـەم گۆڤـارەدا کـە لـە تشرینـی یەکەمـی (١٩٧٢) دەرچـووە، ئـەم نووسـینەی تێـدا بڵاوکراوەتەوە:"ژمـارە پێنجـی بڵاوکراوەی دەنگـی کۆمەڵـە بـە زمانـی کـوردی دەردەچێـت .... بەشـداربن و نووسـین و ئـەو بابەتانەی تایبەتمەنـدن بـە خەباتـی خوێنـدکاران و گەلـی کورد، بنێـرن بۆ گۆڤارەکـە ....".

ئـەم ژمارەیـەی بەردەسـتمان، لـە (١١) لاپـەڕەی قەبـارە (دینـا ٤)پێکدێـت و ئـەم بابەتانـە لەخۆدەگرێـت: پێشـەکی (بـە هـەردوو شـێوەزاری کرمانجـی و سـۆرانی بـە پیتـی لاتینـی)، دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی، یـادی شۆڕشـە مەزنەکـەی کـورد ١١ی ئەیلـوول، چەنـد لاپەڕەیـەک لـە مێـژووی شۆڕشـی سـاڵی ١٩٢٥، یـادی شۆڕشـی بارزانـی پیـرۆز، دەقـی نامەکـەی میـر کامـەران بەدرخـان بـۆ کۆنگـرەی پانـزە لـە ٥ی شـوباتی سـاڵی ١٩٧٢، (٦)ی ئەیلـوول، ڕۆژێکـی ڕەش، بـۆ زانیـاری[١٦٧]. شـەهیدانی گەلەکەمـان، شـەهیدانی مافـە نەتەوەییـەکان و خەباتـی هاوبەشـن. وەرگێڕانـی سـەروتارەکەی ڕۆژنامـەی (التآخـی). ژمارە (١٠٦٤)ی ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانـی ١٩٧٢، بارزانـی .... هۆنراوەیەکـی شـاعیر قـەدری جانـە.

ژمـارە چـوار: نـاوی بڵاوکراوەکـە لـە لاپـەڕەی یەکیـدا بـە کـوردی پیتـی لاتینـی و عەرەبـی نـووسراوە. مێژووەکەشـی هـی مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی (١٩٧٢)ە و (٢٢) لاپەڕەیـە، ئـەم ناونیشـانانەی تێدایـە: وتـاری ژمـارە: دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی، هـەواڵ و چالاکییەکانـی کۆمەڵـە، هـەواڵ و چالاکییەکانـی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان، گۆشـەی ڕۆشـنبیری و ئەدەبیـات (لـە شـیعرەکانی هـەردوو شـاعیری نەمـر: فایـق بێکـەس و قـەدری جـان، سـۆزێک بـۆ کوردسـتان، بەپێنووسـی یوسـف سـدیق زەنگنـە و ....)، ئافرەتـی شۆڕشـگێڕی کـورد: أ . پڕشـنگ، لـە پاڵەوانـە نەمرەکانـی گـەل (شـێخ مەحمـودی حەفیـد. قـازی محەمـەد. شـێخ سـەعیدی پیـران). لـە هاوڕێیانـی گەلەکەمـان، پەیوەندیـی کـورد و ئەرمـەن و چەنـد بابەتێکـی تـر.

لـەم ژمارەیـەدا دوو شـت سـەرنجی ڕاکێشـاین: یەکـەم، ئـەو پرسـیارەیە کـە بـە ناونیشـانی"ئایا دەزانی"حکومەتـی عێـراق بڕیارێکـی دەرکـردووە و بەپێـی ئـەو بڕیـارە،

دان بـەو بڕوانامانـە نانرێـت کـە خوێنکارەکـە، هاوکارییـە داراییەکـەی خوێندنـی لـە لایەنێکـی بیانییـەوە وەرگرتبێـت، یاخـود بـە پشـتگیریی ئـەو لایەنـە وەرگیرابێـت". هەرچەنـدە ڕێککەوتنامەکـەی ١١ی ئاداریـش لەئارادایـە، ئەمـەش یەکێکـە لە شـێوازەکانی دژایەتیکردنـی کۆمەڵەکـە. دووەم: بـە ڕای ئێمـە لـەوەی یەکەمیـش گرنگتـرە و لە سـەروتاری ئـەم ژمارەیـەدا نـووسراوە"... ئـەو چەوسـاندنەوە و بێبەشـکردنەی گەلەکەمـان لـە ئەنجامی سیاسـەتە نەژادپەرسـت و شـۆفێنییەکانەوە دووچـاری دەبێـت کـە کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە و بووەتـە هـۆی ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆری خوێنـدکاران نەتوانـن بـە زمانـی خۆیـان بابـەت بنووسـن، هەرچەنـدە بـە ڕەوانـی قسـەی پێدەکـەن. بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە لـە فێربوونـی نووسـین بـە زمانـی کـوردی کەمتەرخەمـی بکەیـن کـە ئەرکێکـی هێنـدە قـورس نییـە و قوتابیانـی کـورد، بـە ئاسـانی فێـری نووسـین و زمانـە بیانییـەکان دەبـن و بـە چەنـد مانگێکـی کـەم بـە ڕەوانـی قسەشـی پێدەکـەن.

بۆیـە ئێمـە لێـرەدا خۆمـان بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەم کەموکوڕییـە تەرخـان دەکەیـن و ژمارەکانـی داهاتـووی بڵاوکراوەکەمـان دەکەینـە زمانـی کـوردی و بـە پیتـی لاتینـی بڵاویـان دەکەینـەوە کـە لەگـەڵ نووسـینی کوردیـدا زۆر گونجـاوە".

دوو ژمـارەی لێکـدراوی پێنجـەم و شەشـەم: لـە مانگـی ئـاداری ١٩٧٣ بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی بـە (٢٦) لاپـەڕە دەرچـووە، حـەوت لاپـەڕەی بـۆ کـوردی بـە پیتی عەرەبـی و ئـەم بابەتانـەی تێدایـە: سروودی نـەورۆز، هـەواڵ و چالاکییەکانـی کۆمەڵـە و لقەکانـی، سڵاو لـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق، ئایـا ٢١ی ئـادار دەکرێتـە ڕۆژی پشـتیوانیکردنی گەلـی کـورد؟ چـی ڕووەدات لەپێنـاو تەعریبکردنـی پارێـزگای کەرکووکـی کوردسـتانی؟ کوردسـتانی تورکیـا لەنێـوان هـەردوو جەنگـە جیهانییەکـە، گەلـی کـورد لـە سـووریا لەنێـوان ئامـارە ناوازەکـە و پشـتێنەی عەرەبیـدا، لە مێـژووی کۆنی کـوردەوە - یادی دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان- ئێمـە و نیشـتمان .... هەڵبەسـت، سروودی پێشـمەرگە، ڕێککەوتنامەکـەی ١١ی ئـادار چـی بەسـەرهات؟ نـەورۆز لـە ئەوڕوپـا، هـەواڵ و کۆمێنـت.

تێبینییـەک لـە خـوارەوەی لاپـەڕە یەکـدا نووسراوە:"تێبینـی: وا بڕیاربـوو ژمـارە پێنجـی بڵاوکراوەکـە بـە زمانـی کـوردی بێـت، بـەڵام لەبـەر بەسـەرچوونی چەنـد مانگێـک بەسـەر دەرچوونـی ژمـارە چـواردا، وامـان بە بـاش زانی کە هـەردوو ژمارەی پێنج و شـەش بەیەکەوە

بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی دەربکەیـن -دەنگـی کۆمەڵە-"بـەڵام لـەم ژمارەیەدا هیـچ لاپەڕەیەکـی کوردیـی لاتینـی تێـدا نەبـوو، هەرچەنـدە دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکە دووپاتیانکردبـووەوە:"..... بۆیـە ئێمـە لێـرەدا خۆمـان بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەم کەموکوڕییـە تەرخـان دەکەیـن و ژمارەکانـی داهاتـووی بڵاوکراوەکەمان دەکەینە زمانی کـوردی و بە پیتی لاتینـی بڵاویـان دەکەینـەوە کـە لەگـەڵ نووسـینی کوردیـدا زۆر گونجـاوە".

ژمـارە حـەوت: ئـەم ژمارەیـە تایبـەت کرابـوو بـە کۆنگـرەی شـانزەی کۆمەڵەکـە. لـە ئەیلوولـی سـاڵی (١٩٧٣) بـە (٢١) لاپـەڕە بڵاوکراوەتـەوە. کـە لـە پـاڵ کۆنگـرەی شـانزەی کۆمەڵەکـە، هـەر لـە ڕاگەیەنـراوی کۆتایـی و ئـەو هەمواراناـەی بەسـەر دەسـتووری کۆمەڵەکـەدا هـات و بڕیـار و ڕاسـپاردەکانەوە، تـا دەگاتـە تەواوی ئـەو نامە و بڕووسـکانەی بـۆ پیرۆزباییکـردن بـۆ کۆنگرەکـە کـە حـزب و ڕێکخـراوە کوردسـتانی ئەوڕوپاییـەکان بـۆ کۆنگرەکەیـان ناردبـوو، ئـەم بابەتانەشـی تێـدا بـوو: وتـاری ژمـارە، سـوپاس و پێزانیـن، یـادی دوانـزە سـاڵەی هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١١ی ئەیلـوول، ڕاگەیەنـراوی کۆتایـی کۆنگرەی شـانزە، بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی لێژنـەی ڕێکخسـتن و گفتوگـۆی ڕاپۆرتـەکان، دەسـتووری کۆمەڵـەی خوێنـدکاران، بڕیارەکانـی لێژنـە فەرعییەکانـی کۆنگـرە.

دوو ژمـارە لێکدراوەکـەی هەشـت و نـۆ: لـەم ژمارەیـەڕا، لـە لاپـەڕە دووەدا نـووسراوە: (گۆڤاڕێکـی مانگانەیـە، دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا دەریـدەکات). بـە (٤٠) لاپـەڕە لـە کانوونـی دووەم - شـوباتی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە و ئـەم بابەتانـەی تێدایـە: وتـاری ژمـارە، چارەنووسـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار بەچـی دەگات؟ نامـەی جەنـەڕاڵ بارزانـی بـۆ کۆنگـرەی وڵاتانـی بێلایـەن، لـە چالاکییەکانـی کۆمەڵـە و لقەکانـی، دیمانـەکان، ڕاپۆرتێـک لەسـەر سـیمینارەکەی دۆبرۆفنیـک، نامـەکان .... بانگـەوازەکان، لەگـەڵ ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکاندا، هەواڵەکانـی مەکتەبـی سـکرتارییەت .... هەواڵـی هەمەڕەنـگ، کوردسـتان لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهانـدا، بـە پێنووسـی مێژوونووسـی کـورد دکتـۆر کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد، تیشـکێک بـۆ سـەر کـۆڕی زانیاریـی کـورد، کوردسـتان لـە میدیاکانـی جیهانـدا، دەربـارەی مافەکانـی کەمینـەکان - لـە گۆڤـاری کادر- وەرگیـراوە، کورتەیـەک لـە هەواڵەکانـی کوردسـتان، (طریـق الشـعب) .... ڕێبازێکـی هەڵـە، بەبـێ کۆمێنـت، هۆنراوەیەکـی وەرگێـڕدراوی شـاعیر لەتیـف هەڵمـەت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێکی گرنگ بدەن، ئەویش ئەوەیە؛ مەکتەبی سکرتاریەتی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا، بڕیارێکی دروستی دا کە لەم ژمارەیەوە، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری دەنگی کۆمەڵەی پێکهێنا و بریتی بوون لە: فەرهاد حاجۆ، سەرنووسەر - هۆشەنگ عوسمان سەبری - سکرتێری نووسین، نووری ئەحمەد، سەرکەوت عەلی ئەندامانی دەستەی نووسین، هەموو ئەمانەش بە سەرپەرشتیی سەرۆکی کۆمەڵەکە، تاریق ئاکرەیی.

ژمارە دە: ژمارەیەکی تایبەت بوو بە جەژنەکانی ئادار و نەورۆز، لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بە (٢٤) لاپەڕە دەرکراوە و ئەم بابەتانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار چی دەگەیەنێت؟ ئایندەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار، هۆنراوەی ئادار بە پێنووسی فەرهاد حاجۆ، تەواوی دەقی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٩ی ئاداری ١٩٧٣ پێکەشی حکومەتی عێراقی کردبوو، هاوارێکی مرۆییانە، هۆنراوەیەکی شاعیری فەلەستینی مەحموود دەرویش، هیچم نییە بێجگە لە وشەکان، شۆڕشی ئێمە لە میدیاکانی جیهاندا، هەواڵی جۆراوجۆر، هەر لەم ژمارەیەدا وێنەیەکی گەورەی ڕابەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی و وێنەیەکی ئەو بەندکراوە کوردانە بڵاوکراوەتەوە کە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکران.

ژمارە یانزە: لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤ دەرکراوە و (٢٠) لاپەڕەیە و ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: وتەی ژمارە، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلەکەمان، سڵاو لە ڕابەرمان مستەفا بارزانی. بانگەوازێک بۆ ڕێکخراوە نیشتمانی و دیموکرتخوازەکانی دۆست و هێزە ئازادیخواز و ئاشتیخوازەکان کە بریتییە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشی نێوان ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردستانی، لەنێویشیاندا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، قەڵادزێ ... ئەو شارە شەهیدەی کوردستان کە هۆنراوەیەکی شیعریی شاعیرێکی کوردە ناوی نەهێنراوە. هەشت یەکێتیی خوێندکاریی جیهان پشتیوانیی ئیرادەی گەلی کورد دەکەن، لە چالاکییەکانی کۆمەڵە و لقەکانی، لەگەڵ ڕادیۆی (دەنگی کوردستان)، دیمانەیەک لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، ماموستا تاریق ئاکرەیی، شۆڕشمان لە میدیاکانی جیهاندا.

ژمـارە دوانـزە و دوازدەمـارە: لـە سـەرەتاکانی مانگـی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٥ بـە (٢١) لاپـەڕە دەرکـراوە و ئـەم بابەتانەشـی تێدابـوو: سـەروتار، دیـداری خوێنـدکاران، سیاسـەتی ئیعدامکـردن عەرەبیشـی بـەدەر نەکـردووە، هەواڵـی هەمەچەشـن، ڕاپۆرتێکـی گشـتی لەسـەر شۆڕشـی کـورد و شرۆڤەکردنـی سیاسـی، دەربـارەی کێشـەی کـورد لـە عێـراق، هـەواڵ لـە بەرەکانـی شـەڕەوە، کۆمێنتـی (ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان)ی سیاسـی، بەیاننامەیەکـی هاوبەشـی نێـوان قوتابیانـی کـورد و مـیسر.

بڵاوکـراوەی کوردسـتان بـۆ هـەواڵ - پاشـکۆی دەنگـی کۆمەڵـە: لەلایـەن مەکتەبـی سـکرتارییەتی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـاوە دەردەکـرا کـە یەکەمیـن ژمـارەی لـە ٣ی حوزەیرانـی ١٩٧٤ دەرچـووە، بـەڵام بەداخـەوە نازانیـن چەنـد ژمـارەی لێدەرچـووە، لەبەرئـەوەی تەنیـا ئـەم ژمارەیەمـان لێـی دەسـتکەوت کـە لـە تەنیـا سـێ لاپـەڕە پێکهاتـووە و تایبەتیشـە بـە هەواڵەکانـی ڕۆژانـەی شۆڕشـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان و چالاکییەکانـی کۆمەڵـە و لقەکانـی.

دەتوانیـن ئـەم تێبینییانـە بخەینـەڕوو: زۆربـەی بابەتـە بڵاوکـراوەکان هـی بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان و شۆڕشـی کـوردە لـەوێ، بـە دەگمەنیـش ئاوڕیـان لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان داوەتـەوە. تەنیـا چەنـد لاپەڕەیەکـی ژمـارە لێکدراوەکـەی (٥ - ٦) بـە کوردیـی پیتـی عەرەبـی بڵاوکراوەتـەوە و هیـچ لاپەڕەکیـش بـە کوردیـی پیتـی لاتینیـی تێـدا نەبـووە، تایبـەت بـە کوردسـتانی ڕۆژاواش، لـە ئەدەبیـات و بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵەکـەدا هـەر جـارەو بـە ناوێـک هاوشـێوەی بزووتنـەوە سیاسـییەکانی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ناویـان هاتـووە. بـۆ نموونـە: جارێـک بـە (کـوردی سـووریا) جارێـک بـە (گەلـی کـوردی سـووریا) و جارێکـی دیـش بـە (هەواڵێـک لـە کوردسـتانی سـووریاوە) یـان بـە (هەواڵێـک لـە سـووریاوە) کـە لـە باسـکردنی هیـچ پارچەیەکـی دیکـەی کوردسـتانە شـتی وەهـا نەبـووە و ئـەوان بـە یـەک شـێوە ناویـان هاتـووە (کوردسـتانی تورکیـا، کوردسـتانی ئێـران، کوردسـتانی عێـراق ....).

لـە ژمـارە لێکدراوەکـەی (٨ - ٩)ی بڵاوکراوەکـەدا، دەسـتەی نووسـین بەڵێنـی دا کـە گۆڤارەکـە بکاتـە مانگانـە، بـەڵام نەیتوانـی بەڵێنەکـەی خـۆی بێنێتـەدی، هۆکارەکانیشـی نازانیـن! ئاخـۆ کەمیـی بابـەت بـووە، یاخـود کـەم ئەزموونـی و بـێ توانایـی، یانیـش

ناکۆکییە نێوخۆییەکان بووە؟ یانیش هەموو ئەم هۆکارانە بوونە بەیەکەوە؟! بۆنموونە لەنێوان کانوونی دووەمی ١٩٧٤ تاکو سەرەتاکانی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ تەنیا پێنج ژمارەیان بڵاوکردەوە؟

دەستەی نووسینی گۆڤارەکە نەیتوانی هاوسەنگییەک لەنێوان بابەتە سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت و بابەتە سیاسییەکان پشکی شێریان لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا بەرکەوتووە کە تەنیا لە چوارچێوەی هەواڵدا بوونە و هیچ شرۆڤەیەکی هەزری و سیاسییان بۆ نەکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین؛ دەنگی کۆمەڵە لە گەیاندنی دەنگی کورد سەرکەوتوو بووە، بەتایبەتی هەواڵەکانی شۆڕش بۆ تەواوی ئەندامەکانی و ئەوانەی عەرەب بوونە، توانیویەتی چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و لقەکانی لە وڵاتانی ئەوڕوپاوە بگەیەنێتەوە بە هاووڵاتیانی نیشتمان.

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بۆ دوو خاڵی سەرەکیش بدەین، یەکەم: لە ٢٠ی شوباتی ١٩٧٤ سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، حوسێن فەیزوڵڵا جاف نامەیەکی بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا ناردووە و تێیدا وەڵامی کۆمەڵەکە دەداتەوە و کۆمەڵێک بڵاوکراوەکانی کۆڕیشیانی بۆ ڕەوان کردووە و داوای لە کۆمەڵەکە کردووە هەموو ژمارەکانی ئەو بڵاوکراوەیەیان بۆ بنێرن کە بە زمانە جیاوازەکان بڵاوبوونەتەوە. خاڵی دووەم: ناوی گۆڤارەکە بە کرمانجی سەروو لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا بەم شێوەیە نووسراوە: (Dengê Komelê) کەچی بە کوردییە سۆرانییەکە ئاوایە: (دەنگی کۆمەڵە) کە دەبوایە بەم شێوەیە نووسرابا (دەنگی کۆمەڵێ).

٤. زمانی کوردی:

أ. به پیتی لاتینی:

لەگـەڵ زێدەبوونـی ژمـارەی قوتابیانـی کـوردی باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە ئەوڕوپـا و بـوون بـە ئەنـدام لـە کۆمەڵەکـە، بەتایبەتـی کـوردی ڕۆژئـاوا و پـاش دەرکردنـی بڵاوکـراوەکان بـە زمانـی ئینگلیـزی و عەرەبـی و کـوردی بـە پیتـە عەرەبییـەکان، ئەندامانـی کۆمەڵەکـە بـە پێویسـتیان زانـی چەنـد بڵاوکراوەیەکیـش بـە کوردیـی لاتینـی بڵاوبکەنـەوە کـە کـوردی باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان و بەشـێک لـە کـوردی ڕۆژهـەڵات لـە ناوچـەی شـکاک و دەوروبـەری، بەشـێکی زۆری کـوردی باشـووری کوردسـتانیش خوێندنـەوە و نووسـینیان بـە پیتـە لاتینییـەکان دەزانـی، ئەنجـام لـە گفتوگـۆی نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵەکـە، لـە کۆنگـرەی هەشـتی کۆمەڵەکـە لـە سـاڵی (١٩٦٣) بڕیـاردرا، گۆڤارێـک بـە کوردیـی لاتینـی بەنـاوی (Hêviya Welêt) دەربکرێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سیاسـەتوان و نووسـەری کۆچکـردوو حەمـڕەش ڕەشـۆ بـە سەرنووسـەر و نیزامەدیـن کایـا (سـەردار ئاراراتـی)، محەمـەد سـاڵح جومعـە بـە دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە دیاریکـران کـە ئەمـە دووەمیـن گۆڤـاری کوردیـی لاتینییـە کـوردی ئەوڕوپـا لـەوێ دەربیکـەن، لەپـاش گۆڤـاری (Dengê Kurdistan) کـە نورەدیـن زازا سەرنووسـەری بـوو.

ژمـارە یـەک: لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی (١٩٦٣) دەرکـراوە و لەسـەر بەرگەکـەی نـووسراوە:"Hêviya Welêt: دەنگـی کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـوردە لـە ئەوڕوپـا"و ئـەم بابەتانـە لـە ژمـارە یەکـدا بڵاوکراونەتـەوە: هیـوای نیشـتمان، بـە پێنووسـی عیسـمەت شـەریف وانلـی کـە لـە زمانـی عەرەبییـەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی، ئامانجەکانـی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، دەسـتەی نووسـەران، بانگەوازێـک بـۆ ئازادیخوازانـی جیهـان و لێژنـە نێودەوڵەتییەکانـی مافی مـرۆڤ، یەکێتیی قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان لـە کوردسـتان کەمتەرخـەم، هۆنراوەیەکـی عـوسمان سـەبرییە، هیـوا ... حەمـڕەش ڕەشـۆ، تکایـەک لـە خوێنـەران ... دەسـتەی نووسـەران، شـێری دواکەوتـوو ... شـیعری حەمـڕەش ڕەشـۆ، شەمشـەمە کوێـرە و سـلێمان .... چیرۆکـی سـەردار گریداغـی، بانگـەواز ... یەکێتیـی قوتابیانـی کـورد لـە سـووریا، شـێرەکانی وڵات ... ئـازاد هێڤیـدار، پێویسـتیی پەرەپێدانـی زمـان ... سـورو، چەنـد گوتەیـەک ... نورەدیـن زازا و عـوسمان سـەبری، - -Dic

le-Firat, Durû ... شیعری عوسمان سەبری، وەڵامێکی (گلەیی لە خودا) بۆ فایق بوجاق ... شیعری عوسمان سەبری، وتاری وڵات .... شیعری جگەرخوین ، دیوانی دووەم (شۆڕشی ئازادی)، ڕاوشکار .... حەمڕەش ڕەشۆ. ReŞ bo Azadî.. شیعری حەمڕەش ڕەشۆ، قوربانیدان ... عوسمان سەبری. شام شەکرە وڵات شیرینترە ، شیعری جگەرخوین دیوانی (شۆڕشی ئازادی)، گۆڤاری دەنگ ... حەمڕەش ڕەشۆ، زمان لە ژیانی گەلاندا ... عوسمان سەبری، سیر و پیاز ... چیرۆک لە کلتووری کوردی ... دەربارەی گۆڤاری ڕووناهی ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٤٣، خوێنەرانی خۆشەویست .... حەمڕەش ڕەشۆ.

لە کۆتایی ئەو پێشەکییەی دکتۆر نورەدین زازا بۆ چاپی دووەم نووسیویەتی دەڵێت:"گەنجان! برایان! بە زمانی خۆتان بخوێننەوە و بنووسن و کەسانی دیکەش فێربکەن، ڕۆژانە نیو سەعات بۆ ئەم شتە تەرخان بکەن. گەلی ئێمە لە تاریکایی و هەژاریدا دەژێت و ڕێگەی ئازادیمان بە گشتگیرکردن و بووژانەوەی زمانمان تێدەپەڕێت.".

ژمارە دوو: لە مانگی ئایاری ١٩٦٤، واتە پاش تێپەڕبوونی حەوت مانگ بەسەر دەرکردنی ژمارە یەک، بڵاوکراوەتەوە و ئەم بابەتانەی تێدا بووە: ئەرکی پیرۆزی (Hêviya Welêt) بە پێنووسی دکتۆر کەمال فوئاد. بە کرمانجیی باشوور و بە پیتی لاتینی. چەند کۆپلە شیعرێک .... کامەران سلێمانی، پیرۆزە .. نامەیەکی کورت و شیعرێک ... عوسمان سەبری، بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز ... دەستەی نووسین، نەورۆز .... شیعر عوسمان سەبری، یادی جەژنی نەورۆز .. لە ژمارە هەشتی مانگی ئاداری ١٩٦٤ی ڕۆژنامەی (Den-gê Kurd)[١٦٨]، بەخێربێیت نەورۆز .. شڤان، نەهامەتی و بێئومێدی .. سورۆ، نەخۆشیی ئێمە بەختەوەریی دوژمنانمانە ... حەمڕەش ڕەشۆ، شقارتەفرۆش، چیرۆکی بەشار سەقمان، لە ژمارە ١٩ی ساڵی (١٩٤٣)ی گۆڤاری (Ronahî)، ئەزموونەکانی مێژوو .. نووسین ... سورۆ، یەکگرتنمان تاکە ڕێگەی ئازادیمانە ... لە ژمارە حەوتی ساڵی ١٩٦٤ی ڕۆژنامەی (Dengê Kurd) وەرگیراوە، ئازار ... شیعر م. بۆر، متمانە لە بواری خەباتی نیشتمانیدا ... عوسمان سەبری، لە ڕووداوەکانی شۆڕشمان ... نووسینی شڤۆ – ئاپۆ. (Bilorvan Apo) .. شیعر ... حەمڕەش ڕەشۆ، لە پشتی جیهاندا سووکایەتییە ... گەنجۆ. Hey qehremanê miletê Kurd, Ta kengî emê ... دوو هۆنراوە ... جگەرخوین، دیوانی دووەم (شۆڕشی ئازادی). دەچمە حەج لە کۆکراوەکانی (Derdên me)ی عوسمان سەبری.

ژمارە سێ و دوا ژمارە: پاش نۆ مانگ بەسەر دەرچوونی ژمارە دوو، ئەم ژمارەیە لە ئاداری ١٩٦٥ بڵاوکراوەتەوە و ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: شۆڕشی کورد و خواستی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشوور .. سورۆ، کوردستان و سەربەخۆیی ... نووسینی حەمەڕەش ڕەشۆ، ئەزموون: جەنگی مێش ... نورەدین زازا، ژیاننامەی نووسەرانی کورد لە باکووری کوردستان ... حەمەڕەش ڕەشۆ، ٦ی ئەیلوول .. ڕۆژێکی ڕەش .. دکتۆر کەمال فوئاد بە کرمانجیی باشوور و بەپیتی لاتینی ، SewaŞ ji Xwedê re.. شیعر: حەمەڕەش ڕەشۆ. Newroz, MarŞa xortê Kurda .. شیعر: م. بۆر. Xwarok.. شیعر: حەمەڕەش ڕەشۆ، Axa Welat.. شیعر: حەمەڕەش ڕەشۆ. - Wefda Kurdî.. شیعر.. عوسمان سەبری. - Hosiya min.. شعر .. محەمەد بۆر Ho Xort.. شیعر .. عوسمان سەبری.

ئەوەی لەم گۆڤارەدا تێبینی دەکرێت کەمیی ژمارەکانیەتی لەچاو تەمەنی. لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنیدا تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچوو و نازانین بەپێی پێوەرە زانستییەکان دەتوانین ناوی بنێین(گۆڤار)؟ یاخود ناوێکی تری لێبنێین، بۆنموونە: بڵاوکراوەی وەرزی؟ کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٢٠٩) لاپەڕە تێپەڕی نەدەکرد و بە قەبارەی (دینا ٤) بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی مایەی سەرنجیشە لەم بڵاوکراوەیە: بە هەردوو شێوەزاری کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو و بە پیتی لاتینی بووە کە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ئەرێنییە و خوێنەران و نووسەران دەتوانن بەرهەمەکانی یەکتر ببینن و شێوەزارەکانیش لێک نزیک بکرێنەوە.

سەبارەت بە وەستانی لە بڵاوکردنەوە، حەمەڕەش ڕەشۆ دەڵێت:"... بەهۆی کەمتەرخەمی و تەمبەڵیی ئەندامانی گۆڤارەکە، تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە، لە کۆنگرەی دەیەمی ساڵی (١٩٦٥) دەستم لە دەستەی نووسینی هەڵگرتووە و لەپێناو بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەیدا، دەستەیەکی تری نووسینی بۆ دانرا بە سەرپەرشتیی شۆڤ[١٦٩] کەچی ئەوانیش نەیانتوانی درێژە بە دەرکردنی هیچ ژمارەیەکی دیکەی ئەم بڵاوکراوەیە بدەن ...". ناشزانین مەبەستی لە ئەندامان کێیە، تۆ بڵێی مەبەستی دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە و نیزامەدین کایا یاخود تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەکە بووبێت؟ خۆم لە دکتۆر جومعەم پرسی، وەڵامیدایەوە:"هۆکاری کەمیی ژمارەکان و دواتر وەستانی، لە ئەنجامی نەبوونی توانای دارایی و تەکنیکیی پێویست بوو، لەبەرئەوەی

حەمـڕەش ڕەشـۆ و سـەردار ئاراراتـی لـە بەرلیـن نەبـوون و مـن و کەمـال جەمیـل بەیەکەوە دەچووینـە ماڵـی مسـتەفا سـەیدۆ و لـەوێ تایـپمان دەکـرد، ئینجـا چەنـد دانەیـەکمان لەسـەر گیرفانـی خۆمـان لێدەگرتـەوە، نـەک لەسـەر حسـێبی کۆمەڵەکـە، ئەوکاتیـش ئێمـە خوێنـدکار بووین و بارودۆخـی گـوزەران هێنـدە ئاسـان نەبـوو ...". سـەبارەت بـە گوتـەی حەمـڕەش ڕەشـۆ کـە گوایـە دەسـتەیەکی نوێـی نووسـین لـە کۆنگـرەی دەیەمـی کۆمەڵەکە، بـۆ گۆڤارەکـە هەڵبژێردراوە،"مـن شـتێکی وەهـام بیرنایێـت، تەنیـا ئـەوە نەبێـت؛ گۆڤارەکـە بـەو هۆکارانـەی لەپێشـەوە باسـمکردن، وەسـتا ..."نیزامەدیـن کایـاش سـەبارەت بـە هەمـان بابـەت، دەڵێت:"هـۆکاری وەسـتانی گۆڤارەکـە لـە ژمـارە سـێوە، ناکۆکییەکانـی دەسـتەی نووسـین بـوون، حەمـڕەش ڕەشـۆ هەوڵـی ئەوەی بـوو ڕای خۆی بسـەپێنێتە سـەر ئەندامانی دیکـەی دەسـتەی نووسـین و دژی بڵاوکردنـەوەی چەنـد بابەتێـک بـوو کـە ئەندامانـی دیکـەی دەسـتەکە لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون بڵاوبکرێتـەوە ...."[١٧٠]. ئێمـەش لێـرەدا پتر بـەلای لێکدانەوەکـەی سـەردار ئاراراتـی دەچیـن کـە هـۆکارە سـەرەکییەکەی وەسـتانی گۆڤارەکـە، ڕێکنەکەوتنـی ئەندامانـی دەسـتەی نووسـین بـوو بـە پەلـە یـەک، چونکـە هەریـەک لـە محەمـەد سـاڵح جومعـە و سـەردار ئاراراتـی دوو چەپخـوازی بـە حەماسـەت بـوون، بـەڵام حەمـڕەش ڕەشـۆ، ڕەوتـی ناسیۆنالیسـتی دیموکراسـیی کوردیـی دەنوانـد.

ب. بەپیتی عەرەبی:

- پڕشـنگ[١٧١]، ئـەم گۆڤـارە بـە کرمانجـی خـواروو بـە پیتـی عەرەبـی بڵاوکرایـەوە و لەسـەر بەرگەکـەی نووسرابـوو: (گۆڤارێکـی ئەدەبـی ڕۆشـنبیری، زانسـتی و کۆمەڵایەتییـە، لەلایـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا دەردەکرێـت) هەتاکـو دوو لەتبوونـی کۆمەڵەکـە لـە سـاڵی ١٩٧٥ تەنیـا چـوار ژمـارەی لێدەرچـووە.

ژمـارە یـەک: ژمـارە یەکی ئەم گۆڤارە لـە مانگی حوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٦ بە (٢٦) لاپەڕەی قەبـارە (٢١ بـە ٢٩) دەرچـووە و لـە پێرسـتەکەیدا ئـەم ناونیشـانانەمان بەرچـاو دەکەوێـت: وتـاری پڕشـنگ، بـە پێنووسـی دەسـتەی نووسـین، دیاریـیـەک بـۆ پێشـمەرگە (شـیعر) بـە پێنووسـی أ . ف، لـە تۆپـدان، بـە پێنووسـی کاکـەی ڕێبوار. گۆرانیـی ئەویـن، (١٩٩١: لە دەقە عەرەبییەکـەدا ئـەم مێـژووە نـووسراوە کـە بـە ڕای ئێمـە مەبەسـتی ١٩٦١ بێـت و هەڵـەی چاپـە – وەرگێـڕی کـوردی-) لاپەڕەیەکـی درەوشـاوەی خەباتـی کـورد. بـە پێنووسـی أ . ع،

نێرگزفـرۆش، م . خ، زمانـی هینـدۆ ئەوروپـی، بـە پێنووسـی ک. ف (کەمـال فوئـاد).

ژمـارە دوو: لـە ئابـی سـاڵی ١٩٦٧ بـە (٢٨) لاپـەڕەی قەبـارە گـەورە دەرچـووە و ئـەم بابەتانـەی تێـدا بڵاوکراوەتـەوە: وتـاری پڕشـنگ، بـە پێنووسـی دەسـتەی نووسـین. یـادی شـەهیدانی کوردسـتان، بـە پێنووسـی ک . ب . گ، بـەرەو گەشـبینی، بـە پێنووسـی إ . أ. پڕشـنگ لـە تـای تـەرازوودا، بـە پێنووسـی ک. م، تانیـای کچـە ڕووسـی، لـە چلـەی بەشـیر موشـیر، بـە پێنووسـی ک . ج .ک، پڕشـنگ لـە ئاسـۆی تاراوگـەدا، بـە پێنووسـی إ . ف، لـە هۆنـراوە بڵاونەکراوەکانـی حاجـی قـادری کۆیـی، لـە باخچـەی گوڵانـدا، تفەنـگ و دەمانچـە شـکاوەکە، بـە پێنووسـی م . خ، زمانەکانـی ئێـران، بـە پێنووسـی ک . ف (لـەو بڕوایـەدام کەمـال فوئـاد بێـت – عەلـی جەعفـەر) – ئەحمـەدی خانـی.

دوا لاپـەڕەی ئـەم گۆڤـارە بـە کوردیی لاتینـی بڵاوکراوەتەوە و بریتییە لە ناسـاندنێکی زۆر کورتی پێشـەنگی هزری ناسیونالیسـتی کوردی ئەحمەدی خانی و دێرە شـیعرەکانی داسـتانە بەناوبانگەکـەی (مـەم و زیـن). بەرگـی دووەمـی ئـەو ژمارەیـە بـە کوردیی لاتینـی نووسراوە (ژمـارە یـەک و دوو لـە ئەرشـیفی بنکەی ژیـن لە سـلێمانی وەرگیراوە – بە سوپاسـەوە).

ژمـارە سـێ: بـە داخـەوە پـاش سـۆراخێکی زۆر، نەمانتوانـی دانەیەکـی ئـەم ژمارەیـە نـە لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـا و نـە لـە هەرێمـی کوردسـتانیش بدۆزینـەوە.

ژمـارە چـوار: لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٢ بـە (١٤) لاپـەڕەی قەبـارە گـەورەی (٢١ بـە ٢٩) دەرچـووە و ئـەم بابەتانـەی تێدایـە: پێشـەکی ... بـە پێنووسـی سـکرتارییەت، کرمانـج .. بـە پێنووسـی تۆفیـق وەهبـی کـە تۆژینەوەیەکـە لەبـارەی مانـای (کرمـان) و ڕیشـە مێژوویییەکـەی، لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ) وەرگیـراوە، تایبـەت بـە هاووڵاتیانـی سـلێمانی، بـە پێنووسـی محەمـەد محەمـەد سـاڵح، مـەم و زیـن .. بـە پێنووسـی خالیـد جەمـال حەیـدەری، لـە ئەدەبـی ئەوڕوپـاوە .. دوو کۆپلـەی وەرگێـڕدراوی سـیمفۆنیای بیتهۆڤـن، کۆمەڵـە ئاواتێـک، بەپێنووسـی ئەحمـەد محەمـەد ئیسماعیـل، کوردسـتان.. شـیعری ئەحمـەد حەمـە ڕەشـید هیرانـی، هەقیقـەت، بـە پێنووسـی جەمـال ڕەشـید، فریاکەوتـن بەتەنیـا.. شـیعری گـۆران، بەخشـندە بـووم بۆیـە زینـدوو بوومـەوە.. بـە پێنووسـی ڕزگار شـاوێس.

بەشی چوارەم

لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

(مێژووی دامەزراندن – چالاکییەکان – بڵاوکراوەکان)

پێشەکی:

لە سەرەتای ئەم تۆژینەوەیەماندا ڕوونمان کردەوە؛ کاتێک (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) دووبارە لە ساڵی ١٩٥٦دا زیندووکرایەوە، ژمارەی قوتابیانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا زۆر کەم بوو و لە دەیان خوێندکار تێنەدەپەڕین و زۆربەشیان کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوونە.

پاشان ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ژمارەیە بەهۆی دابینکردنی هاوکاریی دارایی خوێندن لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی[١٧٣] ساڵی ١٩٥٨ کە عەبدولکەریم قاسم ڕابەرایەتیی دەکرد، هەروەها لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، ئەو ژمارەیە زیادی کردووە کە هیوای کور+دی لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراودا زیندووکردەوە و زۆر بە ئەرێنی بەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا شکایەوە و ببووە پردێکی گەیاندن لەنێوان شۆڕش و جیهانی دەرەوە و ئەوەی بەسەر کوردی کوردستاندا دێت لە سیاسەتی پیلانگێڕیی داگیرکارانیان کردە ئەرکی خۆیان و بە پێویستیان زانی بە جیهانی دەرەوەی بگەیەنن. پاش ئەو نزیکبوونەوەیەی نێوان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە ساڵی ١٩٦٤ توانییان ساڵانە (٢٠) کورسیی خوێندن بۆ قوتابیانی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دابین بکەن و ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەڵکشاندا بوو. ئا لێرەوە کردنەوەی لقەکانی کۆمەڵەکەش لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بەپێویست زانرا و لەوبارەوە بڕیارێکی دەرکرد و بەپێی بڕیارەکە، هەر سێ خوێندکارێک دەتوانن لقی کۆمەڵەکە لەو وڵاتە، یاخود لەو شارەی تێدا نیشتەجێن بکەنەوە. هەروەها (لێژنەکان) لە شارەکان و زانکۆکانیشدا کرانەوە کە سەر بە لقە سەرەکییەکەن، هەروەک ئەوەی لە ئەڵمانیای فیدراڵ، یۆگسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، بەریتانیا و وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کراوە.

لەڕاستیدا هەوڵمداوە زانیاریی تەواوم لەبارەی گشت لقەکانی کۆمەڵەکە دەستبکەوێت، بەڵام وێڕای ئەم هەموو هەوڵەم، هێشتا لە چەند لقێکدا ئەو زانیارییانەم دەستنکەوت کە تۆژینەوەکەی پێ دەوڵەمەنتر بکەم، بەتایبەتی لە هەردوو لقی دانیمارک و فینلەندا[١٧٣].

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر مێژووی دامەزراندنی هەر لقێک و خۆمان بە چالاکییەکانی ئەو لقانە ئاشنا بکەین و بزانین بڵاوکراوەکانیان چین و چۆن بووە کە لەو ماوەیەی ئێمە مەبەستمانە لەو تۆژینەوەیەدا، بڵاویان کردووەتەوە، ئەوەشمان ڕەچاوکردووە کە ڕێزبەندی لقەکان بەپێی مێژووی دامەزراندنیانەوەیە:

لقی بەریتانیا

بەپێی گوتەکانی سەعدی دزەیی و چەند کەسێکی تریش، ئەمە یەکەمین لقی کۆمەڵەکەیە و لە ساڵی (١٩٥٨)دا کراوەتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی کوردی تێدایە، بێجگە لە چەندین کەسایەتیی کوردپەروەر کە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانیی چالاکییەکانی قوتابیانی کوردیان کردووە لە ئەوروپا، ئەویش بە بانگەشەکردن بۆ دۆزی نەتەوەی کورد پێش دامەزراندی لقەکە لەوێ، نموونەی ئەو کەسایەتییە کوردپەروەرانە، نووسەری گەورەی کورد تۆفیق وەهبی[١٧٤] و کەسانی دیکەش. ئەم لقە یەکێک بوو لە لقە ئەکتیڤ و چالاکەکانی کۆمەڵەکە، چونکە کۆمەڵێک خوێندکاری وەکو: سەعدی دزەیی، دارا عەتار، دارا تۆفیق، تەحسین هەورامی، سەلاح سەعدوڵڵا، سیامەند بەننا، لەتیف ڕەشید و شەوکەت ئاکرەیی لەخۆگرتبوو کە ئەوەی دواییان ئەندامی دامەزرێنەری قۆناغی یەکەمی کۆمەڵەکە بوو لە ساڵی ١٩٤٩، هەروەها عومەر شێخموس و کەسانی دیکە کە بەشێکیان بوونە ناوێکی درەوشاوەی نێو کایەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، نموونەی سەلاح سەعدوڵڵا کە بووە یەکەمین سەرنووسەری گۆڤاری (Kurdistan) ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بە زمانی ئینگلیزی.

ئەم لقە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا خاوەن ٢٠ ئەندام بوو کە یەکێکیان ئافرەت بوو بەناوی نازدار ڕەشید جەودەت. لە ناوەڕاستەکانی ساڵی (١٩٥٨) یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست و دارا تۆفیق بووە یەکەمین سکرتێری لقەکە، لێژنەی کارگێڕییەکەشی لەمانە پێکهاتبوو: زاهیر حوسێن مەحمود، تەحسین هەورامی و سەعدی دزەیی. لەپاش دارا تۆفیق، تاریق لوتفی ڕەشید سکرتارییەتی لقەکەی وەرگرت و هەتاکو بەستنی کۆنگرەی شەشەمی لقەکە لە ساڵی (١٩٦٢) لەو پۆستەدا مایەوە، ئینجا دارا عەتار[١٧٥] بووە سکرتێری نوێی لقەکە -وەک ئەوەی خۆی پێڕاگەیاندووم- تاکو ساڵی (١٩٦٤) ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام لە کۆنگرەی حەوتەمی لق کە لە ساڵی (١٩٦٣)دا بەسترا، محەمەد ساڵح قەرەداغی دەبێتە سەرۆکی لقەکە[١٧٦] و دارا عەتار بە سکرتێر هەڵدەبژێردرێت، ئەوسا لێژنەکەش لەمانە پێکهاتبوو: لەتیف ڕەشید، نزار عوسمان، عومەر شێخموس، عەلی کەمال عەبدوڵڵا و کەسانی دیکە. پاشان

عومەر شێخموس لە ساڵی (١٩٦٤) سکرتارییەتی لقەکەی وەرگرت و هەریەک لە دارا عەتار، ئەحمەد عەلی عوسمان، محەمەد ساڵح قەرەداغی، سدقی دزەیی، تاریق لوتفی، نزار عوسمان، عەلی کەمال، سەباح مەعرووف و چەند کەسێکی دیکە لە لێژنەی کارگێڕیی لقەکە لەگەڵیدا بوون. عومەر شێخموس تاوەکو بەستنی کۆنگرەی دەیەم کە لە ٨- ١٠ی نیسانی ١٩٦٦[١٧٧] بەسترا هەر لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوە. لەم کۆنگرەیەدا لەتیف ڕەشید بە سکرتێری لق هەڵبژێردرا و دوو ساڵ بەردەوام بوو، لە کۆنگرەی دوانزەی ساڵی (١٩٦٨)دا هادی ڕەحمانی سکرتارییەتی لقی گرتەدەست.

لە ڕاستیدا شتێکی وامان لەبارەی کۆنگرەکانی ئەم لقە دەست نەکەوت کە ئاخۆ کۆنگرەکان چۆن بەڕێوەچوونەوە و ئەو بڕیارە گرنگانەی لە کۆنگرەکاندا دراون، چین، تەنیا کۆنگرەی سیانزە نەبێت کە لە ٢٢ی ئاداری ساڵی ١٩٦٩ بە بەشداریی شاندی قوتابیانی شارەکانی بەریتانیا بەڕێوەچووە لەگەڵ ژمارەیەک میوان. پاش بەخێرهێنانی میوانەکان، هادی ڕەحمانی سکرتێری لق ڕاپۆرتی لێژنەی لقەکەی خوێندەوە، خەزنەداری لقەکەش ڕاپۆرتی دارایی خوێندەوە، پاشان هەردوو ڕاپۆرتەکە گفتوگۆیان لەسەرکرا و خرایە دەنگدانەوە و بڕیاریان لەسەر درا. پێش کۆتاهاتنی کۆنگرەکە، کۆمەڵێک بڕیار دران کە زۆربەیان لە دەوروبەری پرسی پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد و سەرکردەکانیدا دەخولایەوە و ئیدانەی سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراقی تێدابوو. هەروەها کۆنگرە سیاسەتی ڕژێمەکانی ئەنقەرە و تاران و دیمەشقیشی لە هەمبەر کوردی ئەو پارچانەی کوردستان ئیدانەکرد کە داگیریان کردوون. داواش لەو ڕژێمانە کرا لەو سیاسەتە دەستهەڵگرن کە سوودی بۆ هیچ لایەنێک نییە. هەروەها تەواوی مافەکانی نەتەوەی کورد دەستەبەر بکرێت و پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی گەلان بکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگەکانی تری وەکو ڤێتنام و .... هەروەها لقەکە کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی دەرکرد، لەوانە بڕیاری ئیدانەکردنی لێژنەی لقی چیکۆسلۆڤاکیا[١٧٨] لە دەرکردنی بەیاننامەی ئەوتۆ کە پێچەوانەی سیاسەت و بڕیارەکانی کۆمەڵەیە کە لە کۆنگرەی دوانزەدا بڕیاریان لەسەر دراوە. هەروەها سەرنجی سکرتێری لقی بەریتانیاش ڕاکێشراوە لەمەڕ دابەشکردنی بەیاننامەی پێچەوانەی سیاسەتی کۆمەڵە، بێ ئەوەی بەیاننامەیەکی ڕوونکردنەوەیان لەگەڵدا هاوپێچ بکات.

لە کۆتایی کارەکانی ئەم کۆنگرەیەدا، سیامەند بەننا بە سکرتێری لق و هاواری کەکە زیاد، شەماڵ نووری کەریم، عومەر بەرزنجی، نەجات محێدین بە ئەندامانی لێژنەی کارگێڕی هەڵبژێردران. هەوەک سیامەند بەننا خۆی باسیکردووە، ئەو هەتاکو ساڵی (١٩٧٢) هەر بە سکرتێری لق ماوەتەوە، دوای ئەو هاواری کاکە زیاد هاتووەتە شۆڕشی و شەماڵ نووری و عومەر بەرزنجی و نەجات محێدین و نەشئەت ڕەئووف بە ئەندامانی لێژنەی کارگێڕی هەڵبژێردراون.

دەگوترێت تاکو سەرەتای ساڵی (١٩٦٢) ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە، بەپێی گوتەی چەند ئەندامێکیان، گەیشتووەتە (٣٠) ئەندام. دارا عەتاریش پێیگوتم؛ تاکو ساڵی (١٩٦٤) ژمارەی ئەندامانیان گەیشتووەتە (٥٤) ئەندام لە کۆی (١٢٠) خوێندکاری کێ و کوڕی کورد کە لە بەریتانیا دەیانخوێند، بەڵام لە ناوەڕاستی ئەو ساڵە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، ژمارەکە گەیشتە پتر لە (١٠٠) ئەندام، ئەویش لەبەرئەوەی ژمارەی قوتابیانی عێراق کە بۆ خوێندن ڕوویان کردبووە ئەوروپا، گەیشتبووە سەدان خوێندکار، لەوانەش دەیان کوردیان تێدابوو، تاکو کۆتایی ساڵی (١٩٦٦) ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە (٢٠٠)ی تێپەڕاند – بە گوتەی عومەر شێخموس- لە ئەندامانی دێرینی لقەکە، ئەوەندەی لەبیری بێت: دکتۆر لەتیف ڕەشید، سەعدی دزەیی، سەباح ئیبراهیم مەعرووف، ئیسماعیل خەلیل، شەوکەت ئاکرەیی، جەمیل باجەلان جەلال، غولام فەیلی، تاریق لەتیف ڕەشید، عەلی کەمال، سروش تۆفیق وەهبی، کاوس قەفتان، نزار سەلیم، حەمەڕەشید، عارف کەریم، عەزیز ڕەشی، تەحسین هەورامی و کەسانی دیکە بوون. بەڵام پێش دابەشبوونی کۆمەڵەکە، ژمارەی ئەندامانیان گەیشتبووە (١٠٠) ئەندام، چونکە هەر خوێندکارێک خوێندنەکەی تەواو بکردایە، دەستبەجێ دەگەڕایەوە وڵاتی خۆی. بێجگە لە لقە سەرەکییەکەی لەندەن، دوو لێژنەی تری سەر بەم لقە کرابووەوە، یەکێکیان لە باکوری ئینگلتەرا کە پێکهاتبوون لە: لەتیف ڕەشید، ئازاد ڕەفیق حاجی ئەمین، نزار عوسمان، سالار عوسمان بەگ، تاهیر چاوشین و .... لێژنەکەی دیکەش لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٩) دا دامەزرا کە بە لێژنەی زانکۆی (کاردیف) ناسرابوو، لە هەرێمی وێڵز. چالاکترینیان سیامەند بەننا بوو لەو لێژنەیەدا کەسانی دیکەشیان لەگەڵدا بوو.

ئـەم نامەیـەی خـوارەوە کە لە ژمارە (یەک)ی گۆڤـاری ١١ی ئەیلوول وەرگیراوە و لەلایەن کـوردۆوە نێـردراوە و ئامانج و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکەمان بۆ کورت دەکاتەوە:

کۆمەڵەی کوردی لە زانکۆی کاردیف

ئـەم کۆمەڵەیـە لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٦٩) لـە زانکـۆی کاردیـف - وێڵـز بـە هەماهەنگیـی خوێنکارانـی کـورد و هاوکاریـی هاوڕێیانیـان لەوانـەی چاودێریـی کێشـەی کـورد و پەرەسـەندنەکانیان دەکـەن، دامـەزراوە، چونکـە ئـەوان هەسـتیان بـە گرنگیـی ڕێکخـستن و هەماهەنگیکـردن لـە کار و چالاکییەکانـی نێـو یەکێتیـی قوتابیانـی زانکـۆی وێڵـز لـە کاردیـف کـردووە.

ئامانجـە سـەرەکییەکانی کۆمەڵەکـە، هاوشـێوەی ئامانجەکانـی کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـوردە لـە ئەوڕوپـا و لـەوەدا کورتدەکرێتـەوە کـە نەتـەوەی کـورد و کلتـوور و ئەدەبیـات و شارسـتانێتیی کـورد بـە هاوواڵاتیانـی هەرێمـی وێڵـز بناسـێنین و بەشـداریکردن لـە پرۆپاگەندەکـردن بـۆ خەباتـی گەلەکەمـان و بەدەسـتهێنانی پشـتگیری بـۆ خەباتـی شۆڕشـگێڕان لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانیـان.

بـە ڕەچاوکردنـی سروشـتی پێکهاتـەی ئەندامێتیـی کۆمەڵەکـە کـە ئەندامانیـان سـەر بـە وڵاتانـی جۆربەجـۆری جیهانـی سـێیەمن و قوتابیانـی وێڵزیشـیان لەگەڵدایـە، بۆیـە وا دەخوازێـت لەکاتـی شرۆڤەکردنـی کێشـەی کـورد جەخـت لەسـەر پەیوەنـدی و پێگـەی ئـەو کێشـەیە بکەیـن لەنێـو خەباتـی گەلانـی داگیرکـراوی جیهانـدا. بەهـۆی ئـەوەی خەباتـی گەلـی کـورد پێشـەنگی ئـەو بزووتنەوانەیـە کـە لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی ئـازادی و مافـی چـارەی خۆنووسـین تێکۆشـاوە.

بەشـی هـەرە زۆری کار و چالاکییەکانمـان بـە هاوبەشـیی لەگـەڵ کۆمەڵـە سیاسـییە پێشـکەوتنخوازەکانی زانکـۆ ئەنجـام دەدەرێـت کـە لـە سـەرەتای دامەزراندنمانـەوە بریتیـن لەمانـە:

١. کارکـردن بـۆ دەرکردنـی زۆرتریـن بەیاننامـە و ئـەو بڵاوکروانـەی پەیوەندییـان بـە کێشـەی کـوردەوە هەیـە و دابەشـکردنیان بەسـەر خوێندکارانـدا.

٢. (ئەم خاڵە لە کۆپییە ڕەسەنەکەدا نییە؟! - تۆژەر-)

٣. ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ شرۆڤەکردنی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق کە نوێنەرێکی شۆڕشیش ئامادە ببوو، سەرۆکی کۆمەڵەکانی عێراقی و عەرەبی و وڵاتانی سۆشیالیستی و جیهانی سێیەم و ناسیۆنالیستەکانی وێڵزیش ئامادە ببوون و وتاری خۆیان خوێندەوە، وتارەکەیان تایبەت بوو لە خوێندنەوەی کۆمەڵەکانیان بۆ شۆڕشی کورد بە تێڕوانینی خۆیان و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان.

٤. بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ ئەندامان کە تێیدا لە کەشێکی دۆستانەدا، لایەنەکانی کێشەی کورد شرۆڤەکرا، لەو کۆبوونەوەیەدا چەند ناوبڕێک بۆ خواردنی چەند جۆرە خواردنێکی سووک و ساردەمەنی دانرابوو.

٥. بەشداریکردن لەگەڵ کۆمەڵەی عەرەبی لە زانکۆکە بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگێک بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز لە بارەگای یەکێتیی قوتابیانی کاردیف کە نزیکەی (١٧٠) خوێندکاری کوڕ و کچ ئامادەی ببوون و چەند چالاکییەکی هونەریی کورد، عەرەبی، ئینگلیزی و هیندی نمایشکرا. هەروەها چەند جۆرە خواردەمەنییەکی ڕۆژهەڵاتیش پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، لە هۆڵێکی دیکەدا ئاهەنگی سەماکردن لەسەر موزیک کە بە قەوان لێدەدران، بەڕێوەچوو.

٦. بەشداریکردنمان لەگەڵ تەواوی کۆمەڵەکانی دیکە لە خۆپیشاندانەکانی دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریقیا.

ئەمە و هیوادارین لە وەرزی داهاتوودا چالاکییەکانمان زێدەتر بکەین، بەنیازیشین گۆڤارێک دەربکەین و کۆڕ و کۆبوونەکانمان چڕتر بکەینەوە و ئاهەنگێک بەبۆنەی جەژنی نەورۆز سازبدەین. ئێمە لەکاتێکدا چالاکی و دەستکەوتەکانمان بۆ خوێندکارانی کورد لە بەریتانیا دەخەینەڕوو، پێمانخۆشە ئاماژە بەوەش بدەین کە کەمیی ژمارەی خوێندکاران و بێ ئەزموونی و نەشارەزاییمان ڕێگرنەبن لەوەی کەمتەرخەم بین لە ئاست ئەو ئەرکە پیرۆزەی کەوتووەتە سەرشانمان، یاخود خۆمان بەدووربگرین لەو بەرپرسێتییە، بەتایبەتی لەم قۆناغە مەترسیدارەی کە شۆڕشی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت.

بەشێک لە خوێندکارانمان، پێویستە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و چاو بە هەڵوێستی ئێستایاندا بخشێننەوە کە بێباکن و گوێنادەنە ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ئایندەی

گەلەکەیان، داوایان لێدەکەین بەشداریی کارایان لە ڕێکخستنەکانی خوێندکاراندا هەبێت بە گشتی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بەتایبەتی .... (شوێنی خاڵەکان لە نامەکەدا بە ڕوونی دیارنییە - تۆژەر). و چالاکییەکانیان هەر لە چوارچێوەی بەشداریکردن لە کۆنگرەکاندا قەتیس نەکەن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆئەوەی کۆمەڵەکەمان لە کۆمەڵەیەکی ئەکتیڤ کە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیی بەردەکەوێت لە ئاست نەتەوەکەی، بکاتە کۆمەڵەیەکی ڕۆتینیی بێگیان، بۆیە ئێمە دووبارە داوایان لێدەکەینەوە لەم قۆناغە گرنگەی گەلەکەیان، ببنە ئەندام لە کۆمەڵەکانی هاوشێوەی کۆمەڵەکەی ئێمە و ژمارەیەک کار و چالاکی ئەنجام بدەن لە شوێنی خوێندنیان، ئەگەرچی کەمیش بێت، هەر بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانین سڵاوێکی گەرم بۆ هاوڕێیانمان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی لیڤەرپول بنێرین و سەرسامیی خۆمان لە ئاست کار و چالاکییەکانیان لە ساڵانی ڕابردوودا دەربڕین.

هەروەها سڵاوی گەرمی بۆ لێژنەی کارگێڕیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا - لقی بەریتانیا و دەستخۆشییان لێدەکەین کە لە ماوەی ئەمساڵدا ئەرکی زۆریان کێشاوە و هیوادارین ١١ی ئەیلوول ببێتە سەکۆیەک بۆ بزووتنەوەی خوێندکارانمان و لە هەموو جیهاندا دەنگبداتەوە".

دڵسۆزتان کوردۆ

کار و چالاکییەکانی ئەم لقە:

لە ڕاستیدا کورد بە گشتی و خوێندکاران بەتایبەتی لە بواری ڕۆوپاگەندە و بانگەشە بۆ کێشەی ڕەوای کورد چالاک بوونە، تەنانەت لە پێش دامەزراندنی کۆمەڵەکە و لقەکەی لە بەریتانیا. چونکە کورد لە چەندین دەیەی پێش ئێستا گەیشتوونەتە ئێرە و یەکێک لە چالاکییەکانیان یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بووە لە لەندەن ساڵی ١٩٥٥ و بە ئامادەبوونی دۆستانی کورد لە بەریتانیا و ئەوڕوپایی و عەرەب و ئەوانی دیکە ئاهەنگیان گێڕاوە. لە نووسەرە بەناوبانگەکان، ئەدمۆندز، بریکاری وەزیری ناوخۆ و حاکمی عێراق، هەروەها مەکازی و ئەفسەرانی هێزی ئاسمانیی بەریتانیای سەردەمی داگیرکردنی عێراق و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی بەریتانیا، هەندێک جاریش هاملتۆن بەشداریی چەند کۆنگرەیەکی کۆمەڵەکە و ئاهەنگەکانی

نەورۆزیان کردووە. بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاند و ڕۆژنامە و گۆڤار و پەیامنێرانی ڕادیۆکانیش ڕوومااڵی ئەو ئاهەنگانەیان کردووە و هەواڵەکانیان بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵانی داهاتووشدا کۆمەڵێک ئەفسەری دێرینی بەریتانیا کە لە سەردەمی داگیرکردنی عێراقدا بەشداری لە ئاهەنگ و چالاکییەکانی قوتابیانی کورد دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتیی ئەو خوێندکارانەی کۆمەڵەکەیان چالاک کردووە و لە ساڵی ١٩٥٨دا کۆنگرەی دووەمی لەندەنیان بەست، هەروەها نابێ ڕۆڵی سەرەکیی لقی بەریتانیا لە هاوکاریکردنی لێژنەی کارگێڕیی گشتی لەبیربکەین لە دەرکردنی گۆڤاری (Kurdistan) و بڵاوکراوەکانی دیکەی کۆمەڵەکە بە زمانی ئینگلیزی. هەروەها پێشکەشکردنی یاداشتنامەکانی تایبەت بە دۆخی گەلی کورد و شۆڕشەکەی لە باشووری کوردستان بە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و کۆڕبەندە جیهانییەکان و دەرکردنی بانگەواز بۆ پشتیوانیکردنی مافەکانی گەلی کورد کە یەکێکیان بانگەوازێکی هاوبەش بوو بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ (١٠) ڕێکخراوی قوتابیانی عەرەبی لە بەریتانیا کە داوا لە سەرجەم ڕێکخراو و کۆمەڵە و هێزە دیموکراتخوازە ئاشتیخوازەکان دەکات گوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق تاکو بەڵێنەکانی خۆی لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارى ساڵی ١٩٧٠ ببات‌ەسەر. لەلایەکی دیکەوە، دارا عەتار پێیڕاگەیاندین، لقی بەریتانیا وێڕای لاوازیی توانای دارایی، هاوکاریی دەیان و بگرە سەدان بریندارانی شۆڕشی کوردی کردووە کە بۆ چارەسەرکردن دەهاتنە بەریتانیا لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان، یاخود لە نۆرینگە تایبەتەکان، هەڵبەت ئەم جۆرە هاوکارییانە کاردانەوەیەکی ئەرێنیی لەسەر وەرەی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەبوو و لەنێو خۆیاندا دەیانگوت:"... بڕۆنە ئەورۆپا بۆ لای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا، ئەوان هەموو هاوکارییەکمان پێشکەش دەکەن ...". عەتار درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ:"چەند جارێک مێژوونووس عەبدوڵڕەقیب یوسف نامەی بۆ دەناردین و داوای لێدەکردین بچین سەردانی مۆزەخانەکانی ئەوێ بکەین و بچینە کتێبخانەکانی بەریتانیا بۆئەوەی وێنەی ئەو بەڵگەنامانە بگرین کە تایبەت بوون بە شارستانێتی و مێژووی کورد و بۆی ڕەوان بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی داواکارییەکەی جێبەجێ بکەین، چونکە توانای دارایمان نەبوو، تاکو ئێستاش ویژدانم ئاسوودە نییە کە نەمتوانی ئەو خواستەی عەبدوڵڕەقیب بەدینهێنم".

لەلایەکی دیکەوە لقەکەمان هەوڵیانداوە ژمارەیەک ڕۆژنامەوان و پەیامنێرانی ئاژانسەکانی هەواڵ قەناعەت پیبێنن، سەردانی کوردستان بکەن و هەواڵەکانی شۆڕشی کورد بگەیەننە ڕای گشتیی ئەوڕوپا و جیهان. لە پێش هەموویانەوە ڕۆژنامەوانی بەناوبانگ (کیل براکن) بوو کە لۆردێکی ئەنجوومەنی کۆمۆنەکانی بەریتانیا بوو، لە ساڵی ١٩٦٦ سەردانی کوردستانی کرد و لەوێ چاوی بە سەرکردەکانی شۆڕش کەوت، لە سەرووی هەموویانەوە مستەفا بارزانی بوو و ساڵانی دواتریش سەردانەکانی دووبارە دەکردەوە ...".

لە نەورۆزی ساڵی (١٩٦١)ی لەندەنیشدا ژمارەیەکی زۆری بەریتانی، ڕووسی، ئەفریقی، یابانی و سویسری بەشداریان لە ئاهەنگەکەدا کرد و لەوێ محەمەد ساڵح قەرەداغی کۆمەڵێک گۆرانیی خۆش خۆشی کوردی چڕی.

لە ساڵی ١٩٦٨یشدا لقی لەندەن لە دەستپێشخەرییەکدا سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیانی بیانیی سەر گۆڕەپانی بەریتانیای بانگهێشت کرد کە بریتی بوون لە ڕێکخراوە ئەفریقی و ئاسیایی و ئەوروپی و هیندییەکان و دیمانەیەکی هاوبەشیان ڕێکخست. لەو دیمانە هاوبەشەدا (ڕێکخراوی هەماهەنگیی قوتابیانی بیانیی لە بەریتانیا)ی لێکەوتەوە و ئامانج لە دامەزراندنی ڕێخکراوێکی لەمجۆرەش هاوکاری و یەکخستنی هەوڵەکانی قوتابیانی بیانی و دیالۆگ بوو لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەی گۆڕەپانەکە کە پەیوەست بوو بە قوتابیانی بیانی. لقی بەریتانیای کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیش بووە یەکەمین سکرتێری ئەم ڕێکخراوە جیهانییە - بە گوتەی سیامەند بەننا- .هەروەها لقی بەریتانیا ئەندامی (بزووتنەوەی ئازادکردنی داگیرکراوەکان) بوو و بەهۆی ناڕەزاییەکانی شیوعییە عێراقییەکان، لقەکە لەم ڕێکخراوە دەرچوو کە ناوەکەی بە ئینگلیزی (Movement for Colonial Freedom) بوو. هەروەها لقەکە نامەی بۆ گەورە نووسەران و فەیلەسوفانی بەریتانیا دەنارد، بۆ سەرکۆمار و سەرۆک وەزیرانی وڵاتانیش[١٧٩].

دکتۆر لەتیف ڕەشید پێیگوتم:"لقەکە چەندین کۆمەڵەی هاوبەشی کوردی بەریتانی لە زانکۆکانی بەریتانیا دامەزراندووە، بۆنموونە: (کۆمەڵەی کورد لە زانکۆی لیڤەرپوول کە لە ساڵی ١٩٦٦ یاخود ١٩٦٧ دامەزرا و ئەندامانی بریتی بوون لە: نزار عوسمان، محەمەد عەلی شەلال، ئیبراهیم .... کە خەڵکی دهۆک بوو و چەند کەسێکی تری بەریتانیاش. هەروەها کۆمەڵەی کورد لە زانکۆی مانجستەر. چەند بڵاوکراوەیەکیشمان

دەرکرد کە بەشێک لە نووسەرانی بەریتانیاش بابەتەکانیان بۆ دەناردین و بەشداریی بڵاوکردنەوەکەیان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی شارەزاییان لە مێژووی کورددا هەبوو. چەند جارێکیش کەسایەتییە ناسراوەکانی عێراقمان بانگهێشت دەکرد و وانەی مێژووی کورد و کێشەی کوردیان دەگوتەوە، بۆنموونە لە ساڵی (١٩٦٧) کەسایەتیی ناسراوی عێراق (سەلیم ئەلفەخری)مان بانگهێشت کرد و پانێلێکی سەبارەت بە خەباتی گەلی کورد پێشکەش بە ئامادەبووان کرد کە نەک هەر تەنیا کورد، بگرە کۆمەڵێک خوێندکاری بەریتانیا و عەرەب و بیانییەکانیش ئامادەی سمیناڕەکە ببوون."لقی بەریتانیا بەشداریی ئەو خۆپیشاندانە فراوانەی دەکرد کە ساڵانە دامەزراوەی بێرتراند پەیامنێرانی ئاشتی و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی - Bertrant Russel Peace Foundation ڕێکیدەخست. بڵاوکراوەیەکی خولیشی بە زمانی عەرەبی بەناوی (١١ی ئەیلوول) دەردەکرد کە لە خۆشیی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان ئەم ناوەیان بۆ هەڵبژاردبوو.

ژمارە یەک: یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٩ بڵاوکرایەوە و ئەم بابەت و لێکۆڵینەوانەی تێدا بوو: پێشەکی – ١١ی ئەیلوول، بەناوی دەستەی نووسەران- کۆبوونەوەی ساڵانەی ١٣ی لقی بەریتانیا، بەناوی لێژنەی کارگێڕیی لقی بەریتانیا- مافی نەتەوەکان لە مافی چارەی خۆنووسین و کێشەی کورد کە دیراسەیەکە لەبارەی کتێبی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ- بەیاننامەیەکی هاوبەش لەبارەی دۆخی هەنووکەیی عێراق، ئەمەش هەر بە ناوی لق و کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی لە شانشینی یەکگرتوو بوو- دەربارەی دۆخی هەنووکەیی عێراق، ئەم بابەتەش هەر بە ناوی ئەو دوو کۆمەڵەیەی پێشوو بڵاوکراوەتەوە - سروودی نیشتمانم کە هۆنراوەیەکی شاعیری کورد عەلی تەرموکی بوو، لە لایەن ڕەفیق حیلمی لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی عەرەبی- پەرەسەندنەکانی ڕەوشی عەسکەری لە کوردستان کە لە ڕۆژنامەی (خەبات) ەوە وەرگیرابوو- کۆمەڵەی کورد لە زانکۆی کاردیف، بە پێنووسی کوردۆ- داوای لێبوردن بەناوی دەستەی نووسەرانی ١١ی ئەیلوول- ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشی کورد، بە پێنووسی یانگ تسی- هەواڵی خوێندن لە ناوچەکانی شۆڕشدا- ڕاپۆرتێکی ئابووری، بە پێنووسی چاودێرێکی ئابووری- کۆمەڵکوژیی (داکا)ی ترسناک- سپێدەی گوندەکەمان، چیرۆک بە پێنووسی مەم – کۆنگرەی سیانزەی سەرکەوتنی شۆڕش، بە پێنووسی پەیامنێری ١١ی ئەیلوول- دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستانی شۆڕشدا، هەواڵی دەستکەوتەکان.

ژمارە دوو و کۆتا ژمارە: لە مانگی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) بە (٤٦) لاپەڕە دەرچووە و ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: نەورۆز، بەپێنووسی دەستەی نووسەران- بڕیارەکانی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە- بەشی دووەم و کۆتا بەش (مافی نەتەوەکان لە مافی چارەی خۆنووسین و کێشەی کورد) - ڕاپۆرتی دارایی بە پێنووسی چاودێرێکی ئابووری- کۆمەڵی ڕووناکی لە تای تەرازووی شۆڕشی کورددا- ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق (بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی هەواڵەکانە) - گۆگان بە پێنووسی ب . م . ت. دیراسەیەکە لەسەر ژیاننامەی هونەرمەندی فەرەنسی (پۆڵ گۆگان) - چەوساندنەوەی گەلی کورد لە سووریا، بە پێنووسی ه . س - هەواڵی هەمەڕەنگ. هەموو بابەتەکانی ئەم ژمارەیەش هەر بە زمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە کە بەڕێوەبەری نووسینی ئەم دوو ژمارەیە دارا عەتار بوو و بە گوتەی خۆی عومەر شێخموس و لەتیف ڕەشید و نزار عوسمان ئەحمەدیشی لەگەڵ بووە. پرسیاری ئەوەشم لێکرد کە بۆچی تەنیا دوو ژمارەی ئەم گۆڤارەتان دەرکرد و هۆکار چی بوو بەردەوام نەبوو؟ ئەو پێیگوتم:"لەکەمان توانای دارایی کەمی لەبەردەستدا بوو، هەر ئەمە هۆکار بوو کە لە ئێستا تەنیا ئەم دوو ژمارەیە دەربکەین و دواتر ڕایبگرین".

هەر ئەم لقەی لەندەن، گۆڤارێکی تری بەناوی (Kurdica) واتا دیراساتی کوردی، دەرکردووە و ژمارە (یەک)ی لە مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٦٨)دا بووە و تاکە ژمارەش بووە، دواتر هیچ ژمارەیەکی دیکەی لێدەرنەچووە. بابەتە بڵاوکراوەکانیش بریتی بوون لە: پاش دوو ساڵ - پشتێنەی عەرەبی پێویستی بە تووندکردنەوەیە- وەزیری سووریایی. - کورد لە ساڵی ١٩٦٨- ئەرشیباڵد میلان هاملتۆن- لە ئایینەدا چی چاوەڕێمان دەکات- تورک دەوڵەتی دراوسێ و ڕای گشتیی جیهان- دوژمنانی کورد کێن و چەند بابەتێکی تریش. بێجگە لەم دوو بڵاوکراوەیە، لقەکە گۆڤارێکی دیکەی بەناوی (ڕاپەڕین) دەرکرد بە زمانی کوردی و ئەویش تەنیا ژمارەیەکی لێدەرکرا، چەند بابەتێکی سادەی تێدا بڵاوکرابووە کە تایبەت بوون بە مارشی نەتەوەیی کورد و چەند بابەتێکی تر - بە گوتەی دارا عەتار - کە هەر خۆی سەرنووسەری بوو. هیچ دانەیەکی ئەم بڵاوکراوەیەمان دەستنەکەوت، بەڵام دارا عەتار[١٨٠] ئەو زانیارییەشی پێدایین کە تەواوی بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بە دەست نووسراونەتەوە و لە ساڵی (١٩٦٩)دا بڵاوکراوەتەوە.

لقی نەمسا

لەو پێشەکییەی عومەر دزەیی لە کتێبی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا) ی عارف ڕۆشدی نووسیویەتی، دەڵێت:"لە ساڵی (١٩٥٧) تورکیام بەجێهێشت و چووم بۆ ڤیەننا- نەمسا، لە کۆنگرەی دووەمدا کە لە ساڵی (١٩٥٨) لە لەندەن بەسترا، بوومە ئەندام لە کۆمەڵەی قوتابیانی کورد و لەوێ بە جێگری سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرام و کاک عیسمەت شەریف بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا. هەروەها کرامە سەرۆکی لقی نەمسا و بەرپرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ قوتابیانی کورد لە تورکیا ....". واتە ئەم لقە لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٨) دامەزراوە و دووەمین لقی کۆمەڵەکەیە پاش لقی بەریتانیا.

لە ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ لە باشووری کوردستان لە ماڵەکەی خۆیدا سەردانی عومەر دزەییم کرد، ئەو زانیارییانەی لەو پێشەکییەدا نووسیبووی دووپاتکردەوە. هەروەها جەختی کردەوە کە لقەکە لەپاش گەڕانەوەی بۆ نەمسا لە کۆنگرەی دووەمدا کرایەوە. ئەوانەی لەگەڵیشیدا بوون لە دامەزراندنی لقەکەدا ئەمانە بوون: وریا ڕواندزی، پەروین مەحموود جەودەت، واتە لە سەرەتادا تەنیا سێ کەس بوون، بەمەش پەروین ئەحمەد دەبێتە سێیەمین ئافرەتی کورد کە ئەندامێتیی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی لە ئەورۆپا وەرگرتبێت، بەڵام پاش چەند مانگێک لە دامەزراندنی لقەکە، پەروین گەڕایەوە کوردستان.

لقی نەمسا بە پراکتیک لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٩) و دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا چالاکبوو، ئەویش کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٨ و سەرەتاکانی ١٩٥٩دا کۆمەڵێک خوێندکاری کورد هاتنە نەمسا، لەوانەش: کیسرا ئەدیب، ڕەئووف ئەحمەد، سەباح بابان، سەردار فەتاح لە باشووری کوردستان و جەمیل وەقاس دێرسملی لە عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمانە چەندین کۆبوونەوەیان لەنێو خۆیاندا کرد و دەستیان بە چالاکی و پڕۆپاگەندە کردن کرد بۆ کورد، ئەویش پاش وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە لایەنی پەیوەندیدار، بۆئەوەی بە ئاشکرا خۆیان بە کۆمەڵەیەکی کوردی لە نەمسا بناسێنن. لەدوای ئەوەی عومەر دزەیی لە ناوەڕاستەکانی ساڵی (١٩٥٩) نەمسای بەجێهێشت، وریا ڕواندزی بووە سکرتێری لق. کۆنگرەی گشتیی کۆمەڵەی

قوتابیانی کوردیش لە کۆتاییەکانی تەمووزی ساڵی (١٩٥٩) هەر لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بەسترا کە میوانێکی زۆری تێدا بەشدار ببوو و ناسراوترینیان دکتۆر کامەران بەدرخان بوو کە بەتایبەت لە پاریسەوە هاتبوو.

لە چەند بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵەکەدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠) و ساڵانی دواتردا هاتووە، لەبەر کەمیی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە لە نەمسا و سویسرا و لەبەرئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە دراوسێن، لقێک بۆ هەردوو وڵاتەکە دامەزرا و هەتاکو کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٨ دۆخەکە بەم شێوەیە بوو، بەڵام لەکاتی وریا ڕواندزیدا لقەکە کەم چالاکی و جووڵە بوو و گەیشتنی هەواڵەکانی دوو باڵەکەی نێو پارتیش لە ساڵانی نێوان (١٩٦٢ – ١٩٦٨) لقەکە نیمچە ئیفلیج ببوو کە وای لە فازڵ مەلا خەلیل کرد پێمبڵێ: لقی نەمسا لە ساڵی (١٩٦٩)دا دامەزرا و ئەم ئەندامانەی لەگەڵدا بوو: حەنان حەنان، فوئاد ڕەسووڵ، برووسک حاجۆ، هیوا میران، نەوشیروان ئەمین مستەفا[١٨١]، تەها وسو، عوبێد ئەفەندی، عەبدولحەلیم ئەلیوسف و شێرزاد ئەمین و چەند کەسێکی تریش کە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە. دەستەی کارگێڕیی لقەکە لە ڕۆژانی دامەزراندنیدا بەم شێوەیە بوو: حەنان حەنان سکرتێری لق و فازڵ مەلا خەلیل جێگر و برووسک حاجۆ و چەند کەسێکی دیکە. تاکو ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٢) هەر حەنان حەنان سکرتێری لقەکە بوو، بەڵام دواتر عوبێد ئەفەندی بووە سکرتێر و لە لێژنە کارگێڕییەکەشدا فازڵ مەنسور و کەریم پیرۆدی لەگەڵدا بوو و پێکهاتەی لقەکە هەتاکو ساڵی (١٩٧٦) هەر بەم شێوەیە مایەوە.

کاتێکیش ئەم قسانەی دکتۆر فازڵ مەلا خەلیلم لەگەڵ عومەر دزەییدا باسکرد، ئەو گوتی: ئەم قسانە دوورن لە ڕاستییەوە و زۆر ورد نین.

بڵاوکراوەکانی لق: بێجگە لە چەند بەیاننامە و ڕاپۆرت و پۆستەرێک، ئەم لقەی نەمسا هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆیان نەبوو، تەنیا نامیلکەیەکی بچووک نەبێت کە بە زمانی ئەڵمانی بەناونیشانی (Die Kurden Volk ohne Staat) واتە کورد نەتەوەیەکی بێ نیشتمان کە عەبدولڕەحمان قاسملۆ و پێشەکییەکەی دکتۆر ئیریج کۆرنەر، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە نەمسا، نووسیبووی.

نامیلکەکە بە نەخشەیەکی کوردستانی ساڵی (١٩٦٧) هاوپێچ کرابوو و هەریەک لە: هۆگۆ مسلیڤیتش و فازڵ مەلا خەلیل و زوبێر حەسۆ فەرحان، سەرپەرشتییان کردبوو و لە (٣٣) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند دیزاین کرابوو و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٢)دا چاپکرابوو و ئەوکات حەنان حەنان سکرتێری لق و فازڵ مەنسوور بەرپرسی دارایی لق بوو. سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی دیکەی لقەکە بە زمانی کوردی، هیچ شتێک نییە باس بکرێت. هەر ئەم لقە ژمارەیەک بەیاننامە و بانگەواز و نامە و ڕاپۆرتی تایبەتیان لەسەر دۆخی کورد بۆ لایەنە نێودەوڵەتییە جۆربەجۆرەکان و لە بۆنەی جیاوازدا، ناردووە.

نامیلکەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیانی ئەوێ و کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی نەمسا و ئەندامانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا دابەشکرا بوو و زۆربەی ڕێکخراوە مرۆیی و سیاسییەکان و لەنێویشیاندا سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دکتۆر کۆرد ڤاڵد هایم دانەیەکی ئەم نامیلکەیەیان پێگەیشتبوو و سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپای ئەم نامیلکەیە و یاداشتنامەیەکی پارسڵ کە ئەوکات ئەو لە نەمسا بوو، سوپاسی لقەکەی کرد. لە ڕاستیدا ئەو یاداشتنامەیەش درابووە لایەنە جۆربەجۆرەکان هەر لایەنێکیش ئەم نامیلەکەیە و یاداشتامەیەی پێگەیشتبێت، سوپاسی لقەکەیان کردووە.

ڕۆژنامەی (نوتا بینە - .....) کە ڕۆژنامەیەکی ناسراوی نەمسایە، بەتایبەتی لەنێوەندەکانی قوتابیانی زانکۆکان. ئەم یاداشتنامەیەی لقەکەیان بڵاوکردبووەوە. لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٣) فۆڵدەرێکی بە زمانی ئەڵمانیا بە ناونیشانی (تواناکانی چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستانی عێراق) دەرکردبوو، بەڵام نەمانتوانی دانەیەکمان لەو فۆڵدەرە دەست بکەوێت.

سەبارەت بەو نامیلکەیەی لە پێشەوە باسمان کرد، لە ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢دا ڕۆژنامەی (Volksblatt) چەند بڕگەیەکی نامیلکەکەی بڵاوکردبووەوە. هەمان ڕۆژنامە کێبڕکێیەکی دارایی سەبارەت بە گەلی کورد ڕێکخستبوو. هەروەها ڕۆژنامەی (Menschenrecht) ئۆرگانی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی نەمسا، ئاگادارییەکی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکەیە بڵاوکردبووەوە و ئەم کۆمێنتەی لەسەر

نووسیبوو:"... خۆشبەختانە ئەم گەلە شاخاوییە، خوێندکاری چوست و چالاکی لە دەرەوەی وڵاتدا هەیە و هەوڵ دەدەن کێشەکەیان لە ڕێگەی ڕۆوپاگەندەی هێمن و چالاکیی ماقووڵ ڕوونبکەنەوە، نەک لە ڕێگەی خۆپیشاندان و کارە تێکدەرانەکان و تووندوتیژی".

بە گەڕانەوە بۆ چالاکییەکانی ئەم لقە دەڵێین: بەبێ زێدەڕۆییکردن، شاهێدیی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی نەمسا، تایبەت بە ڕەوایی و ئاشتییانەی چالاکییەکانی لقی نەمسا، خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە و جێگەی شانازیی لقی کۆمەڵەکە و تەواوی کوردە لە هەر کونجێکی ئەم دونیایەدا بن. سەرباری ئەو چالاکییانەی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن. لقی نەمسا لە هەوڵی بەردەوامی پەیوەندیکردندا بوون لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوە مرۆییەکانی وەکو ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی نەمسا و یەکێتیی قوتابیانی سۆشیالیستی نەمسایی، هەروەها پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕۆژنامەوانانی بیانی و گەیاندنی هەواڵەکانی شۆڕش و دۆخی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز و بانگهێشتکردنی دۆستانی کورد لە نەمسا و دۆستانی بیانی و ئەو ڕێکخراوانەی ڕەوتێکی چەپخواز و کۆمۆنیستییان هەیە، بۆ بەشداریکردن لەم ئاهەنگانە و وتار خوێندنەوەیان و بینینی چەند فیلمێکی دیکۆمێنتاری و ڕیپۆرتاجی تایبەت بە شۆڕشی کورد، هەروەها نمایشکردنی کاری دەستی و جلوبەرگی فۆلکلۆری و شتی دیکەش. لەم ڕووەوە یەکەمین جار کە ئاهەنگ بەبۆنەی جەژنی نەتەوایەتیی کورد بگێڕدرێت، ساڵی (١٩٧٢) بوو لە شاری (Grinzing) لە ڕێستۆرانتی (Botich) بە بەشداریی باڵیۆزی عێراق لە نەمسا. هەروەها ئەم لقە، هاوکاریشی پێشکەش بەو نەخۆشە کوردانە دەکرد کە بۆ چارەسەرکردن هاتبوونە نەمسا و هاوکاریی ئەو خوێندکارە کوردە نوێیانەیان دەکرد کە تازە هاتبوونە زانکۆکان. ئەو ڕاپۆرت و بەیاننامانەشی لە نیشتمانەوە دەگەیشتن بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵیان دابەشدەکرد، بەشداریی خۆپیشانە ئاشتییانەکانیشیان دەکرد و کۆمەڵێک کۆڕ و کۆبوونەوە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی کێشەی کورد لە هەموو پارچە زەوتکراوەکانی ڕێکدەخرا و وانەی تایبەتیان تێدا پێشکەش دەکرد. بەشداریی چالاکییەکانی حزبی شیوعیی نەمسایی و ڕێکخراوە چەپخوازەکانی دیکەشدا دەکرد و لەم بۆنانەشدا وتاریان بە ناوی کوردەوە پێشکەش دەکرد.

ئـەم لقـە لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابردووشـدا هـەر چالاکبـوون، ئەگەرچـی قەبـارە و ژمـارەی ئەندامانـی کەمبـوو، دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کـورد لـە ئەوڕوپـا و دەسـتەی نووسـینی گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـە) ستایشـی ئـەم لقەیـان کـردووە، هـەروەک لـە ژمـارە پێنجـی سـاڵی (١٩٧٣)دا بڵاوکراوەتـەوە.

لـە چوارچێـوەی ئـەو چالاکییانـەی لقەکـە ئەنجامیـداون، پتەوکردنـی پەیوەنـدی بـوو لەگـەڵ کریسـتیان بـوردا وەزیـری دادی نەمسـا و میناخیـم بیـرگل، بەرپرسـی پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی حزبـی سۆشیالیسـتی نەمسـایی و دادوەر و سـکرتێری وەزیـری داد، ڤالتـەر هیملیتـش و ماریـا شتراسـیر و بەڕێوەبـەری کەناڵـی دووی تەلەفزیۆنـی نەمسـا هانـس بیدیکـت[١٨٢]، دکتـۆر هانـس فیشـەر، سـەرۆکی ئەوکاتـی نەمسـا کـە بەیەکێـک لـە دۆسـتەکانی گەلـی کـورد هەژمـار دەکرێـت، پەیوەندیشـیان لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ئاژانسـی هەواڵەکانـی نەمسـا، کارل و هاوسـەرەکەی و ڕێکخـراوی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی مرۆڤـی نەمسـا.

کاتێکیـش سـامی عەبدولـڕەحمان لـە سـاڵی (١٩٧٥) سـەردانی نەمسـای کـرد و بـووە میوانـی لقەکـە، سـکرتێری لقەکـە و میوانەکـەی سـەردانی وەزیـری داد و ئینجـا سـەرۆکی حکومـەت برونـوا کرایسـکی و داوای وەرگرتنـی (١٥٠) خوێنـدکاری کـوڕ و کچـی کـوردی باشـووری کوردسـتانیان لێکـرد کـە پەنابـەری ئێـران بـوون، داواکارییەکەیـان لەلایـەن حزبی سۆشیالیسـتی نەمسـایی دەسـەڵاتدار و حزبـی گەلـی نەمسـایی ئۆپۆزیسـیۆن قبوولکـرا.

لقـی نەمسـا هێنـدە نـاودار بـوو، تەنانـەت حکومەتـی نەمسـا هیـچ پەنابەرێکـی کوردی وەرنەدەگـرت، ئەگـەر پشـتگیریی لقەکـەی وەرنەگرتبێـت - بـە گوتـەی دکتـۆر عوبێـد ئەفەنـدی- بۆنموونـە پەنابەرێتیـی مسـۆگەر بارزانـی (بـرازای مسـتەفا بارزانـی) ڕەتکرایـەوە، هەرچەنـدە خـۆی بـە دەسـەڵاتدارانی نەمسـا ناسـاندبوو.

لـە چالاکوانـە ناوداراکانـی لقەکـەدا دەتوانیـن ئـەم ناوانـە بـە نموونـە بێنینەوە: فـازڵ مەلا خەلیـل، کیسرا ئەدیـب، عوبێد ئەفەندی، تەها وسـو، حەلیم ئەلیوسـف، بروسـک جانۆ، هیوا خۆشـناو، ڕەئـووف ئەحمـەد، سـەباح بابان، سـەردار فەتـاح، جەمیل وەقاس و کەسـانی تریش.

پێـش جودابوونـەوەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، سـاڵی (١٩٧٥) ژمـارەی ئەندامانـی لقەکـە گەیشـتە (١٥) ئەنـدام لەوانـە: حەنـان حەنـان، فـازڵ مەنسـوور،

تەهـا وسـو، فـازڵ مـەلا خەلیـل، مسـتەفا ئەمیـر (ئەمیرخـان) کەمـال خەلیـل، حەلیـم ئەلیوسـف، عوبێـد ئەفەنـدی کەریـم پیـرۆد، شـیراز محەمـەد ئەمیـن، نەوشـیروان مسـەفا، فوئـاد ڕەسـووڵ، مسـتەفا ڕەسـووڵ، محەمـەد ئۆزتـورک، سـەعید ئۆزتـورک، ئەسـکەندەر حەمـە و کەسـانی تـر.

دوا لێژنـەی کارگێڕیـی ئـەم لقـەی پێـش جودابوونـەوە پێکهاتبـوون لـە: عوبێـد ئەفەندی سـکرتێری لـق و فـازڵ مەنسـوور بەرپرسـی دارایـی. سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ئەندامانـی ئـەم لقـە لـە جودابوونـەوە و دوو لەتبوونـی کۆمەڵەکـە، لقەکـە هەتاکـو ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٧٦) هـەر بـە یەکگرتوویـی مابوونـەوە، کاتێـک ئەوانـەی لـە کۆنگـرەی حەڤـدە کشـابوونەوە و لـە شـاری فرانکفۆرتـی ئەڵمانیـا کۆبوونەوەیەکـی تایبەتیـان کـرد و لـەو کۆبوونەوەیـەدا (کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە تاراوگـە - AKSA)یـان ڕاگەیانـد، ئەندامانـی لقـی بەشـدار لـە کۆنگرەکـە بریتـی بـوون لـە: نەوشـیروان مسـتەفا، کەمـال خەلیـل، حەنـان حەنـان، فوئـاد ڕەسـووڵ و ئەمیرخـان.

لقی ئەڵمانیای فیدراڵ (ڕۆژئاوای پێشوو)

پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لە شاری مینشنی ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٥٨) بە چەند ڕۆژێک، دامەزرا و سێیەمین لقی کۆمەڵەکەیە پاش لقەکانی بەریتانیا و نەمسا. جەمشید جەلادەت بەدرخان یەکەمین سکرتێری ئەم لقە بووە - بە گوتەی نیزامەدین کایا- هەتاکو ساڵی (١٩٦٠) هەر ئەو سکرتێری لقەکە بووە و پاش ئەو مەحموود شێخموس هەتاکو ساڵی (١٩٦٦) هاتووەتە جێگەی ئەو. لێژنەی لقەکەش بریتی بوون لە: حوزنی حاجۆ، ئەرجومەند سدیق، عەبدولڕەحمان گژۆ.

ئەم لقە کۆنگرەی حەوتەمی خۆی لە شاری (فرایبۆرگ) لە ٢٠ - ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٦٥دا بەست و لە کۆنگرەی هەشتەمیدا لە ساڵی (١٩٦٦) لێژنەیەکی کارگێڕیی نوێی بۆ خۆی هەڵبژارد کە پێکهاتبوون لە: حوسێن کیکی، دڵشاد ئەحمەدی و عەلی قازی و چەند ئەندامێکی تر.

بێجگە لە لقە سەرەکییەکە، لێژنەی سەر بە لقیش لەم شارانە دامەزرا:

١. لێژنەی شاری مونشین کە بە کردەنی لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٦) دەستی بە چالاکییەکانی کرد - بەپێی قسەکانی نیزامەدین کایا. لێژنە کارگێڕییەکەی لە نیزامەدین کایا و ئەرجومەند سدیق و حاجی ئەحمەدی پێکهاتبوو، ئەم سێ ئەندامە لەنێو خۆیاندا بە نۆرە بەرپرسیارێتیی لێژنەکەیان وەردەگرت لە شارەکەدا. حەسەن شتوی و ڕەحمان قادری و حیلمی ....؟ و جەلال ساڵح و حوسنی ....؟ میلاکی لێژنەکە بوون.

٢. لێژنەی شاری بۆن کە لە ساڵی ١٩٦٩ پێکهێنرا و بریتی بوون لە: نووری مەعجونۆ، دەرویش حەسۆ، عادل عەلی، غەزال سەیدۆ کە دواتر حوسێن سەعدۆ، ناجی مامەدی، ساڵح سەیدۆ، ڕەفعەت مامەدی و چەند کەسێکی تر هاتنە ڕیزیان تا ژمارەیان گەیشتە (٣٠) ئەندام و مەعجونۆ ساڵانێکی زۆر سەرۆکایەتیی لێژنەکەی دەکرد.

٣. لێژنەی شاری (هایدلبێرگ) ساڵی دامەزراندیم نەدۆزییەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانین؛ ئیبراهیم سمۆ و بەکۆ سەیدان و عومەر سمۆ و چەند کەسێکی دیکە لە لێژنەکەدا بوون.

٤. لێژنەی شاری (گینسین)، نازانرێت لە چ ساڵێک کراوەتەوە و کێش ئەندامی لێژنەکە بووە.

٥. لێژنەی شاری (فرانکفۆرت) قادر وەهاب و فاروق عیزەت مستەفا و چەند کەسێکی تری لێبوو.

٦. لێژنەی شاری (ماربۆرگ- Marburg)

٧. لێژنەی شاری (لامدین زیە - Lamden Seh)

٨. لێژنەی شاری (براونشقایگ – Braunschweig) کە پێکهاتبوون لە مەحموود شاویش و کەسانی تر.

کۆبوونەوەی دوانزەی لق لە شاری (ماینز) لە ١٩ – ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەسترا و عومەر سمۆ بووە سکرتێری لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و دوو ساڵ لەم پۆستەدا مایەوە. سیانزەمین کۆبوونەوەی لقەکە لە (١٩ – ٢١ ئاداری ١٠٧١ لە شاری بۆن بەسترا.

چالاکییەکانی لق: لەڕووی چالاکییەکانەوە، ئەم لقە لەدوای لقی بەریتانیا دێت و تۆمارەکانی پڕن لەو چالاکییانەی دەنگ و دەردەسەریی کوردیان بە ڕای گشتیی ئەڵمانیا و بیانییە نیشتەجێکانی ئەوێ گەیاند. ئەم لقە ژمارەیەک سمینار و کۆڕی تایبەت بە کێشەی کوردی بۆ ئەڵمانی و خەڵکانی بیانی و کۆمەڵە، ڕێکخراو، سیاسەتوان، ئەکادیمیست ڕێکخستووە. هەر بەیاننامەیەکیش لە هەر پارچەیەکی کوردستانەوە بگەیشتایە، مەحموود شاویش – بەپێی قسەی خۆی- لەڕێی بەرپرسی بیانییەکانی زانکۆی براونشقیگ (قۆن شتیە - .....) وەریاندەگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، ئینگلیزی و فەڕەنسی و بۆ هەموو لقەکانی کۆمەڵەیان دەنارد، دانەکیشیان دەدرانە سەرجەم ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، نووسینگە و دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بۆ لێژنەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکانیان. بێجگە لەم چالاکییانە، لقەکە بەشداریی زۆربەی بۆنەکانیان دەکرد کە لە ئەڵمانیا سازدەکرا، جا چ بۆنەی تایبەت بوایە بە ئەڵمانیا، یاخود هی گەل و نەتەوەیەکی سەر خاکی ئەڵمانیا بوایە، لە زۆربەی بۆنەکانیشدا باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیش ئامادە دەبوون، بەتایبەتی باڵیۆزی تورکیا و چەند جارێکیش ناڕەزاییان لە بەشداربوونی کورد دەردەبڕی.

ئـەم لقـە هاوشـێوەی لقەکانـی تـر، جەژنـی نەورۆزیـان دەقۆسـتەوە بـۆ سـازدانی ئاهەنگێکـی فراوانـی جەمـاوەری و هونـەری، هەمـوو ڕێکخراوەکانـی قوتابیانیـان لـە ئەڵمانیـا و دەرەوەی ئەڵمانیـاش داوەت دەکـرد، زۆر جاریـش مامۆسـتایانی زانکـۆ و کەسـایەتیی نـاسراوی سیاسـی و ئەکادیمیسـت و تیپـە هونەرییەکانیـش بەشـداریان لـەم ئاهەنگانـە کـردووە. قـادر وەهاب[١٨٣]کـە ئەندامێکـی چالاکـی ئـەم لقـە بـوو، ڕۆڵێکـی دیـار و بەرچـاوی لـەم بۆنانـەدا دەگێـڕا.

لـەو ماوەیـەدا هێشـتا ئەڵمانیـا پەیوەندییەکـی ئابـووری و سیاسـیی فراوانـی لەگـەڵ ڕژێمەکانـی داگیرکـەری کوردسـتاندا نەبـوو، بەتایبەتـی لەگـەڵ تورکیـا، بۆیـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بەوپـەڕی ئازادییـەوە چالاکییەکانـی خۆیـان ئەنجـام دەدا و دەسـەڵاتدارانی ئەڵمانیـا ئاسـانکاری و هاوکاریشـی پێشـکەش دەکـردن. ئـەم لقە بـە پەرۆش بـوو بـۆ کۆکردنـەوە و دووبـارە چاپکردنـەوەی هەواڵەکانـی شـۆڕش و ئـەو بەیاننامانـەی لـە هـەر پارچەیەکـی کوردسـتانەوە بگەیشـتبا و بەسـەر خوێنـدکاران و خەڵکـی ئاسـایی ئەوێیـان دابـەش دەکـرد و ئامانـج لـەم کارەیـان کۆکردنـەوەی پشـتیوانیکردن بـوو بـۆ کـورد و پشـتگیریکردنیان لـە پێنـاو خەباتـی ڕەوایـان.

سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی لق:

ئینفـۆ(info): واتـا زانیاریـیەکان. لـە ١٠ی مانگـی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧١ ژمـارە) یەکـی(ئـەم بڵاوکراوەیـە بـە زمانـی ئەڵمانـی بڵاوکرایـەوە و تەنیـا سـێ لاپـەڕە بـوو کـە ناونیشـانی بڵاوکراوەکـەی تێدابـوو بـۆ پەیوەندیکـردن و نامـە نـاردن کـە لەشـاری هایدلبێـرگ بـوو. هەروەهـا ناوەڕۆکـی گۆڤـاری لقـی ئەڵمانیـا بـە زمانـی ئەڵمانـی بـە نـاوی (ŞorerŞa Kurdische Revolution – Kurd) واتـە (شۆڕشـی کـورد) هەروەهـا نووسـین و هـەواڵ و ئـاگاداری کـە لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا بەنیـازە گۆڤاریـک بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی بەنـاوی (پێشـڕەو) بڵاوبکاتـەوە و لێژنـەی کارگێـڕی بڕووسـکەیەکی بەپەلـە بـۆ ڕۆژنامـەی (التآخـی) دەنێرێـت و تێیـدا هەوڵـی تیرۆرکردنـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان مسـتەفا بارزانـی ئیدانـە دەکات و داوای هەرچـی زووە ئەنجامدەرانـی ئـەو تاوانـە ئاشـکرا بکرێـت. لقـی چیکۆسـلۆڤاکیاش لـە بەیاننامەیەکـی هاوبـەش لەگـەڵ (١٢) ڕێکخـراوی دیکـە ئیدانـەی ئـەو هەوڵـە دەکات. لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەو هەواڵـەی هـەردوو ڕۆژنامـەی (Südduetsche

Zeitung) کە لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١ و ڕۆژنامەی(Neue Züricher Zei- tung) لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧١دا بڵاوکراوەتەوە کە ڕژێمی عێراق (٥٠) هەزار سەربازی ڕەوانەی کوردستان کردووە و ژمارەیەکی زۆری کوردی باشووری کوردستانی دەستگیرکردووە، هۆکاری هەڵگیرسانەوەی شەڕەکەش دەداتە پاڵ جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارى ساڵی ١٩٧٠. هەروەها لێژنەی (هایدلبۆرگ) هاوشان لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی خوێندکاراندا بەشداریی خۆپیشاندانێکی فراوانیان کرد دژی ئەو حوکمە ئیعدامانەی حکومەتی تورکیا بۆ (١٨) خوێندکاری دەرکردووە و خۆپیشاندەران داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکان و ئازادکردنی ئەو خوێندکارانەیان دەکرد. لە شاری (فرانکفۆرت) خوێندکاران خۆیان ڕێکدەخەنەوە. کۆمەڵەی (هێڤرا) ی شۆڕشگێڕانی کورد لە تورکیا گۆڤاری (Ronahî) دەردەکەن. کتێبێکی عەرەبی شەمۆ بەناوی (شوانی کورد - Şivanê Kurd) لەگەڵ (CD)یەک دەردەکەن. لێژنەی شاری (میونخ) بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دەردەکەن و داوا لە ڕژێمی بەغدا دەکەن بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار جێبەجێبکات و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کور دەستەبەر بکات، هەروەها داوای دەستهەڵگرتنی ڕژێم دەکات لە چەوساندنەوەی کوردی فەیلی کە ڕۆژانە (٢٠٠ – ٥٠٠) کەس وڵات بەجێدێڵن. لێژنەی ئینگلتەرا ڕەخنە لە لێژنەی کارگێڕیی گشتی دەگرن و دەڵێن: زانیارییەکانمان درەنگ بەدەست دەگات، بەڵێنیان دابوو گۆڤاری (Kurdistan) بە زمانی ئینگلیزی دەربکەن، بەڵام تاکو ئێستا دەریان نەکردووە. ناونیشانی کۆمەڵەکە لە وڵاتێکدایە، وا بۆ دوو ساڵ دەچێت هەموو چالاکییەکانی قەدەغەکردووە و پێش شەش مانگ، دەستی بەسەر تەواوی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەکەدا گرتووە - مەبەستی ئەڵمانیای دیموکراتە – تۆژەر- لێژنەی کارگێڕیی گشتی هەوڵیداوە کۆنگرەکانی لە چەندین وڵاتی وەکو (نەمسا، پۆڵۆنیا، ئەڵمانیای دیموکرات، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا) ببەستێت، بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات و ئێستا کۆنگرەکە لە ١٥- ٢٠ی شوباتی ١٩٧٢ لە ڕۆمانیا دەبەسترێت. لقی ئەڵمانیا، لە کۆبوونەوەیەک بڕیاری دا، کۆنگرەی ساڵانەی خۆی لە (هایدلبێرگ) لە ڕۆژانی ٢٤ – ٢٦ی ئادارى ساڵی ١٩٧٢ ببەستێت. چاپکردنی بڵاوکراوەی (Kurdische – ŞoreŞa Kurd Revolution) زۆر وەستا لەسەرمان، بودجەمان نەک هەر سفرە، بگرە (١٤٠) مارکی ئەڵمانیش قەرزارین. ئەوانەی لەپێشەوە باسکران، ناوەڕۆکی ژمارە یەکی ئینفۆ بوو.

ژمـــارە دووی ئینفـــۆ: لـــە تەمـــووزی ســـاڵی (١٩٧٥) دەرچـــووە و ئـــەم بابەتانـــە لەخۆدەگرێـت: مێـژوو و ئامانجەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا بـە زمانـی ئینگلیـزی. چەنـد کۆنگـرە و چالاکییەکـی کۆمەڵەکـە. ئامـاژەدان بـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـەی تاکـو ئەوسـاتە بڵاوکراونەتـەوە، هەروەهـا چەنـد چالاکییەکـی ڕۆشـنبیری و هونـەری بەبۆنـەی جەژنـی نـەورۆزەوە. ئامـاژەدان بـە تەعریبکردنـی شـاری کەرکـووک لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە. شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی و سیاسـەتی ئینگلیـز (١٩٢٢) و چـۆن نەفـی کـرا بـۆ هینـد. قـازی محەمـەد: ژیاننامـەی، خەباتـی، دامەزراندنـی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە ٢٢ی کانوونـی دووەمـی (١٩٤٦). شـێخ سـەعیدی پیـران و ڕاپەڕینەکـەی سـاڵی (١٩٢٥). دۆخـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن. پەیماننامـەی سـیڤەر و شـەریف پاشـا و مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد بـە ماددەکانـی (٦٢، ٦٣، ٦٤) . لـە سـاڵی (١٩٢٣) پەیماننامەیەکـی نـوێ (لـۆزان). سـاڵی (١٩٣٠) و ڕاپەڕینەکـەی ئاگـری. سـاڵی (١٩٣٦ – ١٩٣٧) و ڕاپەڕینـی دێرسـیم. دۆخـی کـوردی سـووریا.

ئینفـۆ ... : مێژووەکـەی دیارینەکـراوە، ئـەوەی هاتـووە: (٧٥/٢) و نازانیـن مەبەسـتی چییـە: تۆبڵێـی ژمـارە دووی ئـەو سـاڵە بێـت، یاخـود ئاماژەیەکـە بـۆ دەرچوونـی لـە مانگـی دوو؟

ئـەم ژمارەیـە، ئـەم بانەتانـەی تێدایـە: کۆنگـرەی سـاڵانە لـە (بـۆن) دەبەسترێـت، دەسـتووری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا، بـە زمانـی کـوردی. لـە ٩ی نیسـان و ١٣ی نیسـانی ١٩٧٥ ئەندامانـی (بـۆن) کۆدەبنـەوە و گفتوگۆکەیـان تایبـەت دەبێـت بـە دۆخـی ڕێکخـستن و سیاسـەت و ڕۆشـنبیری و دارایـی. لێژنـەی بـۆن لـە یـادی ڕۆژی شـەهیدانی قـەڵادزێ لـە ٢٤ی نیسـانی ١٩٧٤ کۆڕێـک دەبەسـتێت. لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی سوپاسـی لێژنـەی (بـۆن) دەکات بەبۆنـەی ئەنجامدانـی ئـەو چالاکییانـەی پێشـەوە. بـۆ ئـاگاداری: ڕادیـۆی (WDR) بڵاویکردووەتـەوە کـە لـە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانـی ١٩٧٥ لـە کاتژمێـر ٢٢ – ٢٣ کۆمەڵێـک گۆرانـی و هەڵپەرکێـی کـوردی لـە کوردسـتانەوە پەخشـدەکات. فرۆکەکانـی ڕژێمـی عێـراق شـاروچکەی قـەڵادزێ بۆردومـان دەکات و (١٣٤) شـەهیدی لێدەکەوێتـەوە کـە پەیامنێـر و ڕۆژنامەوانـی بیانیشـیان تێدایـە، لەوانـەش پەیامنێـری ڕۆژنامـەی (Gdardian).

ئینفۆ Info ژمارە ... : ژمارەکەی دیارینەکراوە، بەڵام ساڵی دەرچوونی دیارە هی ساڵی (١٩٧٥) و ئەمانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: زانیاری سەبارەت کۆنگرەی ساڵانە لە (بۆن) کە لە ٢٠ و ٢١ی ئاداری ١٩٧٥ بەسترا و ئەو خۆپیشاندانەی لە ٢٢ی ئادار ڕێکیانخست و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا یادی نەورۆزیان کردەوە، لێژنەی شاری بۆن هەڵبژێردرا. خوێندکاران بڕووسکەیەک بۆ دکتۆر کۆرد ڤاڵدهایم و ڤالتەر شییل، سەرۆکی کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق دەنێرن.

دەقی ئەو بڕووسکەیەی بۆ سەرۆکی ئەڵمانیا نێردراوە:

بەڕێز ڤالتەر شییل سەرکۆماری ئەڵمانی:

دەتانخەینە بەردەم ئەو وێنایەی ئێمە کە پشتگیریی بەرخودان و خەباتی کورد بە ڕابەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن کە مستەفا بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات.

هەروەها هاناتان بۆدێنین کە گوشار بخەنە سەر هەردوو ڕژێمی تورکیا و ئێران بۆ کردنەوەی سنووورەکانیان بۆ گەیاندنی ئەو هاوکارییە مرۆییانەی بۆ گەلی کورد دەنێردرێت.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو

لیستی ناوەکان هاوپێچکراوە کە ئیمزایان لەسەر بڕووسکەکە کردووە

دەقی ئەو بڕووسکەیەی بۆ سەرکۆماری عێراق نێردراوە:

سەرکۆماری عێراق:

دەتانخەینە بەردەم ئەو وێنایەی ئێمە پشتگیریی بەرخودان و خەباتی کورد بە ڕابەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن کە مستەفا بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات.

ئێمە زۆر بە تووندی ئیدانەی ئەو ڕەفتارانەی ئێوە دەکەین کە دژی گەلی کورد دەستان داوەتێ. سکاڵایەکتان لەسەر تۆمارەکەین سەبارەت بەو تاوانانەی دەرهەق نەتەوەی کورد ئەنجامتان داوە.

داواکاری لە ئێوە: دەستبەجێ هەرچی ئۆپەراسیۆنی سەربازی هەیە بوەستێنرێت- جێبەجێکردنی ماف و خواستەکانی گەلی کورد و سەپاندنی دیموکراسییەت لە عێراق.

لیستی ناوی ئەوانەی بڕووسکەکەیان ئیمزاکردووە، هاوپێچ کراوە.

Info: ژمارە سێی ساڵی ١٩٧٥ و ئەم بابەتانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: لێژنەی کارگێڕیی گشتی لە ڕۆژانی ٨ و ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەرلین کۆبوونەوە و دۆخی کوردستانیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئامادەباشی بۆ کۆنگرەی حەڤدە و گۆڤاری (kurdistan)، وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان دراوەتەوە، لەپاڵ چەند پرسێکی ڕێکخستن.

Info : ژمارە چواری ساڵی ١٩٧٥ دەرچووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ مانگی دەرچوونی بکرێت، بەڵام بە تەئکید مانگی ئاب بووە، چونکە ڕووماڵی کارەکانی کۆنگرەی حەڤدەی کردووە و ڕاپۆرتی سیاسی و دەستووری کۆمەڵەکەشی بڵاوکردووەتەوە کە لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری لێدرا و چەند بابەتێکی تریش. بەتایبەتی سیمیناری ساڵانەی نێودەوڵەتی لە بەلگراد کە لە ٤ – ٢٧ی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ بەستراوە. ژمارەکە لە (١٥) لاپەڕە پێکهاتووە، ١٢ لاپەڕەی بە زمانی عەرەبی و تەنیا سێ لاپەڕەش بە زمانی ئەڵمانی.

بڵاوکراوەی تایبەت: ئەم بڵاوکراوەیە پاش تەواوبوونی کۆبوونەوە فراوانەکەی لقی ئەڵمانیای فیدراڵ کە لە ٢٦ – ٢٧ ی تەموزی ١٩٧٥، بەڕێوەچووە، دەرچووە و بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی تایبەتە بە ئەندامانی کۆمەڵەکە، لە (١٠) لاپەڕەی قەبارە (٢١ بە ٣٩)سم پێکهاتووە و بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە. حەوت لاپەڕەی بە زمانی عەرەبی و سێ لاپەڕەش بە زمانی ئەڵمانی.

ئەم بابەتانەشی لەخۆگرتبوو: دۆخی ئێستای کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەتی کوردستانی عێراق – ڕاپۆرتێک لەبارەی کارەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتی – ڕۆڵی کۆمەڵەی تێکۆشەرمان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان – هۆکارەکانی نسکۆی شۆڕش و ئاسەوارە دڵتەزێنەکەی – بەیاننامەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تاوتوێکردنی – بابەتە نێوخۆییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە کاروباری ڕێکخستن و بەرزەفتکردن و شتی تریش – بەیاننامەی کۆتایی و تەواوبوونی کۆبوونەوە فراوانەکە بە سروودی (ئەی ڕەقیب)، ئەمانە و چەند بابەتێکی تری کە بە زمانی ئەڵمانی بڵاوبوونەتەوە. عومەر سمۆ لە لێژنەی لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە، بە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکە هەژمار دەکرێت کە ئەوکات خوێندکاری زانکۆی (هایدل بێرگ) بووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆمەڵە چەپخوازەکانی ئەڵمانیا هەبووە لە زانکۆکەدا و لەکاتی ئەو پەیوەندییانەدا تێبینیی ئەوەی کردووە کە ئەم

کۆمەڵانـە ئـاگاداری دۆخـی گەلـی کـورد نیـن بـە گشـتی و شۆڕشـی کـوردی باشـووری کوردسـتان بەتایبەتـی و ئـەم کۆمەڵانـە حـەز دەکـەن ئاشـنای دۆخی سیاسـی و عەسـکەریی شۆڕشـی کـورد بـن و ئارەزوویانـە کـورد بناسـن. بۆیـە عومـەر سـمۆ بیرۆکـەی ئـەوەی لـەلا گەڵاڵـە بـوو کـە هەرچـی بەیاننامـەی شۆڕشـە و بـە کۆمەڵەکـە دەگات، وەربگێڕێتـە سـەر زمانـی ئەڵمانـی و بـە ئاسـانی بگەیەنرێنـە دەسـت ئـەو ڕێکخراوانـە، نووسـینی چەنـد بابەتێکـی پێویسـتیش هـەر بـە زمانـی ئەڵمانـی بـە پێویسـت زانـی کـە بگاتـە ڕای گشـتیی ئەڵمانیـا، بەتایبەتـی قوتابیانیـان، جـا دوای ئـەوەی لقـی ئەڵمانیـا بیرۆکەکـەی پەسـند کـرد، بـە تاقـی تەنیـا بـە ناوێکـی خـوازراوی (شـەریف ئـازاد) ژمـارە (یـەک)ی بڵاوکراوەکـەی لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٧١ دەرکـرد و ناونیشانەکەشـی شـاری هایدلبێـرگ بـوو. بڵاوکراوەکـە لـە (٤٤) لاپـەڕەی قەبـارە گـەورەدا بـوو.

ژمـارە دوو: لـەم ژمارەیـەوە (هشـیار کـورد) هاتـە ڕیـزی دەسـتەی نووسـەرانەوە کـە نـاوی خـوازراوی (بەکـۆ سـیدان)ە لـە باکـووری کوردسـتان و ئەندامـی کۆمەڵەکـەش بـوو. ئـەم ژمارەیـە لـە ١٩٧٢ دەرچـوو، بـەڵام نەمانتوانـی بزانیـن چیـی تێـدا بڵاوکراوەتـەوە، چونکـە بـزرە.

ژمـارە سـێ و کۆتـا ژمـارە: لـە مانگـی شـوباتی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتـەوە، واتـە بـە تێکـڕای ژمارەیـەک لـە هـەر سـاڵێکدا و (٣٥) لاپـەڕە بـوو.

کاتێـک لـە دکتـۆر عومـەر سـمۆم پرسـی بۆچـی لـە دەسـتەی نووسـەرانی بڵاوکراوەکـە بـەردەوام نەبـووە کـە لـە لێژنـەی لقـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوادا دەرچـووە؟ پێیگوتم:"برادەرانی دیکـە ئـەو ئەرکەیـان گرتەئەسـتۆ و گوتیـان ئێمـە بەردەوامیـی پێدەدەیـن کەچـی بەڵێنەکەیـان نەهێنایـەدی و بڵاوکراوەکـە چیـدی دەرنەچـوو. لـەلای خۆشـمەوە بەدواداچوونـم بـۆ چەنـد بابەتێکـی بڵاوکـراوەی نێـو (بـەرە) دەکـرد کـە بڵاوکراوەیەکـی چەپخوازانـی ئەڵمانیایە"بـەڵام لەکاتـی گفتوگۆکانمـان پێدەچـوو کەمێـک نیگـەران بووبێـت لـەو هەواڵانـەی دزەیـان پێدەکرێـت کـە گوایـە شۆڕشـی کـورد پشـت بـەو هاوکارییـە دەرەکییانـە دەبەسـتێت کـە لـە ئێرانـەوە پێیـدەگات و چەنـد پرسـێکی دیکـە کـە سـەبارەت بـە شـۆڕش و سـەرکردەکانی شـۆڕش بڵاوبوونەتـەوە، بۆنمـوونـە کوشـتنی دکتـۆر شـڤان و چەنـد سـەرکردەیەکی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

گۆڵاڵە سوورە: ئەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەکانی لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوڕوپا کە بریتییە لە کۆمەڵە هۆنراوەیەکی کورتی کامەران موکری کە زۆربەیان لە دیوانەکەی وەرگیراوە، هەروەها چەند هۆنراوەیەکی دیکەی شاعیرانی دیکە، ئەم چاپەش، چاپی دووەمە و وێنەکەش پێدەچێت هی خودی شاعیر بێت. نامیلکەکە (٢٩) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە و لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان لە ١٥ی ئایاری ١٩٧١ بە زمانی کوردیی چاپکراوە.

سروودی کوردی: فۆڵدەرێکی بچووکە، چەند سروودێکی کوردیی تێدایە و لە (١٢) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند پێکهاتووە. سروودەکانی بریتی بوون لە: ئەی ڕەقیبی دڵدار- کوردستان، گۆران- هەر کوردم، هێمن- سەدەی بیستەمە، بێکەس – دەمی ڕاپەڕینە، گۆران – خۆشم ئەوێن بێکەس – خوایە وەتەن ئاواکەی، بێکەس- ئەی کوردینە، زێوەر – نەورۆز (ناوی شاعیرەکەی نەنووسراوە – تۆژەر).

ئەم بڵاوکراوەیەش، یەکێکی تر لە بڵاوکراوەکانی لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا.

لقی ئەستەنبوڵ

هیچ بەڵگەنامەیەکمان لەبەردەستدا نییە کە مێژووی هەبوونی قوتابیانی پارچەکانی کوردستان لە زانکۆکانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ بسەلمێنێت، بەڵام بە تەئکید لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بووە. هەبوونی خوێندکارانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا بەرەبەرە زیادی کردووە. بەشێکیشیان ئاگایان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هەیە و پەیوەندیشیان بەیەکەوە هەبووە. ئەمانە بەناوی قوتابیانی کورد لە زانکۆی ئەستەنبوڵ نامەیەکی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا ناردووە کە لە ئابی ساڵی ١٩٥٨دا بەستراوە. لەو نامەیەدا نووسراوە -جەمال عەلەمدار پێیگەیاندوم-:"کۆنگرەتان لێ پیرۆز دەکەین و هیواداریین سەرکەوتوو و سەرفراز بن ... لەبەر ئەو بەربەستانەی لەبەردەممانداید نەمانتوانی ئامادەی کۆنگرەکەتان بین و کار دەکەین بۆ سەرخستنی کۆنگرە و ئەو بڕیارانەی دەدرێن، لەگەڵتانین بۆ پێشەوە ....".

بە هەر حاڵ، هەروەک دکتۆر حەسەن شتوی پێیڕاگەیاندووین، لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٩) کۆمەڵێک خوێندکاری چوار پارچەکەی کوردستان یەکتری دەناسن کە لە زانکۆی ئەستەنبوڵدا دەیانخوێند، پاش گفتوگۆکردن، دەگەنە ئەو ئەنجامەی پێویستە پەیوەندییان بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد هەبێت لە ئەوڕوپا و ببنە ئەندام لە کۆمەڵەکەدا، ئاشنابوون بە بارودۆخی کوردستان، لەپێناو یەکخستنی تواناکانیان و بەجێگەیاندنی ئەرکە نەتەوایەتییەکەیان، بە پێویست زانی و حەسەن شتوی ڕاسپێردرا نامەیەک بۆ کۆمەڵەکە بنێرێت.

پاش ماوەیەکی کورت، کۆمەڵەکە وەڵامی نامەکەیان دەداتەوە و پێشوازی لە پێشنیازەکەیان دەکەن و داوایان لێدەکەن کۆبوونەوەیەکی فراوان یاخود کۆنفرانسێک لەنێو خۆیاندا ببەستن گشت ئەندامان بەشداریی تێدا یکەن و لقێکی کۆمەڵەکە لە ئەستەنبوڵ پێکبهێنن و لێژنەیەکی کارگێڕی و بەرپرسێک بۆ لقەکە هەڵبژێرن. هەر لەو نامەیەدا هاتووە جەمال عەلەمدار پێیراگەیاندووم:"... هەموو تان بە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا وەرگیراون،

بەڵام لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆتان، با پەیوەندییەکانمان بە نهێنی بمێنێتەوە و ئاشکرای مەکەن، دەشتوانن بە ناوی خوازراوەوە بەشداری لە کۆنگرەکانماندا بکەن، ئەگەر حەز ناکەن ناوتان ئاشکرا بێت .....".

کۆبوونەوەکە لە ماڵی ئیبراهیم مام خدر بەسترا کە خەڵکی باشووری کوردستان بوو و ئەنجامی کۆبوونەوەکە هەڵبژاردنی ئەو بوو بە سەرۆکی لق و هەریەک لە حەسەن شتوی، جەمال عەلەمدار، بە ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی لقی ئەستەنبوڵ هەڵبژێردران. بەڵام لەبەر کەم ئەزموونیی سەرۆکی لقەکە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، وایلێکرد دەست لە سەرۆکایەتیی لقەکە بکێشێتەوە و بیخاتە ئەستۆی جەمال عەلەمدار و خۆشی هەر بە ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی بمێنێتەوە.

کاتی خۆی ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە (٢١) خوێندکار بوون بەپێی گوتەی حەسەن شتوی، لە کتێبەکەی عارف ڕوشدی دا هاتووە کە ژمارەیان (٢٣) ئەندام بووە، بەڵام جەمال عەلەمدار دەڵێت: ژمارەکە (٣٠) تێپەڕاندووە و زۆربەشیان خەڵکی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوون، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دوو خوێندکاریان لەگەڵدا بووە، ئەوانیش: حەسەن شتوی و فەیروز فەلاحەت بوونە. سەرنج بدە هیچ خوێندکارێکی کوردی باکووریان لەگەڵدا نەبووە لە لقەکەدا.

بێجگە لە ناوی ئەندامانی لێژنەی کارگێڕی، ناوی موحسن دزەیی، محەمەد سەعید جاف، غازی دزەیی، سەعید عەبدولڕەحمان، نەجات ڕەمزی تەلعەت شەریف موختار، فوئاد دەرویش، فاتیح حەسەن، خۆشناو چەلەبی، موحسین عەلی حەمەد، فازڵ ڕەشید، محەمەد جەعفەر، شێرکۆ عارف، چیاڤۆک، نەجیب خەفاف، سابیر خۆشناو، عومران یەحیا فەیلی و کەسانی دیکەی تێدا بوو.

لە لای خۆیەوە، پێش پێکهێنانی لقەکە بە فەرمی، کۆمەڵەکە لە کۆنگرەی دووەمدا کە لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٨) و سەرەتای ساڵی نوێ، لە لەندەن بەسترا، عومەر دزەیی، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەکەی ڕاسپارد پەیوەندی بە قوتابیانی کورد لە ئەستەنبوڵ بکات، بەم شێوەیە هەتاکو کۆتایی ساڵی (١٩٥٩) دۆخی لقەکە وەها مایەوە. پاشان کۆمەڵەکە حەسەن محەمەد کە ئەوکات نیشتەجێی بەرلینی ڕۆژئاوا بوو، جێگەی عومەر دزەیی بگرێتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ

لقـی ئەسـتەنبوڵ بـەردەوام بێـت. دکتـۆر حەسـەن محەمـەد بۆینووسـیوم:"... مـن ببوومـە ئەڵقـەی نێـوان کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا و لقـە نهێنییەکـەی لـە ئەسـتەنبوڵ ..."کەواتـە دەتوانیـن ئـەم لقـەی ئەسـتەنبوڵ بـە چوارەمیـن لقـی کۆمەڵەکـە هەژمـار بکەیـن.

لقەکـە لـە خەبـات و تێکۆشـانی مەدەنییانـەی خـۆی بـەردەوام بـوو هەتاکـو ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٦٣) کـە میتـی تورکـی لـە بەرەبەیانـی ڕۆژێکـی مانگـی حوزەیـران هەڵدەکوتنـە ئـەو ماڵـەی کـە هەرەیـەک لـە ئیبراهیـم مـام خـدر، غـازی دزەیـی و حەسـەن شـتویی تێـدا نیشـتەجێ ببـوو، ئـەو ڕۆژە حەسـەن شـتوی لەمـاڵ نابێـت. ماڵەکـە دەپشـکنن و چەنـد کتێبێـک لەبـارەی کێشـەی کـورد دەدۆزنـەوە و نامەیەکیـش کـە ئاراسـتەی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە کرابـوو لەگـەڵ مـۆری لقـی ئەسـتەنبوڵ، لـە نامەکـەدا سوپاسـی لقەکـە دەکـەن لـە پـای ئـەو چالاکییانـەی ئەنجامیـان داوە و داوایـان لێدەکـەن لـە پەیوەندیـی بەردەوامـدا بـن لەگـەڵ دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە، لـە ڕێـی ئـەو کەسـەی کـە ڕاسـپێردراوە ببێتـە نێوەندگیـری هـەردوولا. پـاش تێگەیشـتنی ناوەڕۆکـی نامەکـە، هەواڵگریـی تورکیـا، ئـەو دووانـە دەسـتگیر دەکـەن و فڕێیـان دەدەنـە بەندیخانـەوە. بـەڵام غـازی دزەیـی بەپێـی قسـەکانی دکتـۆر حەسـەن شـتوی، نـاوی تـەواوی ئەندامانـی لقەکـەی ئاشـکرا کردبـوو [١٨٤]. میتـی تورکیـا زۆربـەی ئـەو ناوانـەی دەسـتگیرکرد و خرانـە بەندیخانـەوە: (جەمـال عەلەمـدار، فوئـاد دەرویـش، نەجـات ڕەمـزی و ....) و هەندێکیشـیان تورکیایـان بەجێهێشـت و هەڵاتـن، ئەوانـەی بەندکرابـوون، نزیکـەی سـاڵێک لـە بەندیخانـەدا مابوونـەوە، پاشـان ئازادکـران، بۆئـەوەی لـە دەرەوەی بەندیخانـە دادگایـی بکرێـن.

ڕۆژنامەکانـی تورکیـاش لـەلای خۆیانـەوە هەواڵـی دەسـتگیرکردنی ئـەو خوێندکارانـەی بڵاوکردبـووە و وایـان لـە خوێنـەران گەیاندبـوو کـە ئەمانـە کـوردی چەپخـواز و شـیوعین و کاریـان لەپێنـاو دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی ناسیونالیسـتیی کـوردی کـردووە و هەوڵـی دابڕینـی بەشـێک لـە وڵاتـی تورکیـا دەدەن، بـە نـاوی ئـەوەی (کوردسـتان)ە. هەڵبـەت سـزای ئەمانـەش بەپێـی یاسـاکانی تورکیـا ئیعـدام کردنـە.

ئـەم لقـە، لـەم ماوەیـەدا توانیـی پەیوەندییەکـی بـاش لەگـەڵ ڕۆشـنبیران و ئەدیبـان و سیاسـەتوانانی باکـووری کوردسـتان پێکبهێنێـت کـە لـە پێـش هەموویانـەوە: موسـا عەنتـەر، یەشـار کایـا، سـەعید ئاڵچـی، سـەعید گومزتۆبـراگ (دکتـۆر شـڤان) مەدحـەت سـەرحاد بـوون.

یەکێـک لـەو چالاکییانـەی ئـەم لقـە ئەنجامیـدا، کارئاسـانیکردن بـوو بـۆ ڕۆژنامەوانێکـی بەریتانـی کـە گەیشـتبووە ئەسـتەنبوڵ و ئامێرێکـی ڕادیۆشـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابـوو، ئەندامانـی لقەکـە، چەنـد کەسـێکیان ڕاسـپارد، ئـەو ڕۆژنامەوانـە بگەیەننـە باشـووری کوردسـتان بـۆ لای ڕابـەری شۆڕشـی کـورد مسـتەفا بارزانـی. چەنـد جارێکیـش بـە نهێنـی ئاهەنگـی نەورۆزیـان گێـڕاوە، هەروەهـا ئێـوارە ئاهەنگێکیـش بـۆ یەکترناسـینی قوتابیانـی کـورد و قوتابیانـی عـەرەب.

حەسـەن شـتوی و جەمـال عەلەمـدار دوو ئەندامـی چالاکـی ئـەو لقـە بـوون. بـەڵام لەپـاش ئاشـکرابوونیان و هەڵاتنـی جەمـال عەلەمـدار و ئیبراهیـم مـام خـدر و حەسـەن شـتوی و کەسـانی تـر بـۆ ئەوروپـا، ئـەم لقـە سـەربەخۆ پووکایـەوە و نەمـا.

لقی ئەڵمانیای دیموکرات (ڕۆژهەڵاتی پێشوو)

جەلال بیتۆشی پێیگوتم لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٥٩) چوومە ئەڵمانیای دیموکرات، ئەندامانی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی لێبوون، بەڵام هێشتا لقی ئەوێ بە فەرمی دانەمەزرابوو. بۆیە لە هەوڵی بەردەوامدا بوو تاکو لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لقی ئەڵمانیای دیموکراتی پێکهێنا کە بە یەکەمین لقی کۆمەڵەکە دادەنرێت لە وڵاتانی سۆشیالیستدا و پێنجەمین لقە بەپێی ڕیزبەندی دامەزراندن. کاتێک داوای ناوەکانی لقەکەم لێیکرد، ناوەکانی پێنەگوتم و هۆکارەکەشی بۆم ڕوونەکردەوە. هەرئەوەندەی پێگوتین کە ئەو یەکەمین سکرتێری لقەکە بووە و هەتاکو ساڵی (١٩٧٠) هەر بە سکرتێری ئەو لقە ماوەتەوە.

بیتۆشی ئەوەشی گوت، زۆر بە زەحمەت توانیمان مۆڵەتی لقەکە لە ئەڵمانیای دیموکرات وەرگرین، بەڵام هەر کە مۆڵەتەکەمان بە فەرمی وەرگرت، زۆر چالاکانە دەستمان پێکرد و توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا ناوی لقەکەمان لەنێو لقەکانی دیکەدا بەدیار بخەین و لە ڕێزبەندی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە خوێندکارییانەدا بین کە لەسەر خاکی ئەڵمانیای دیموکرات خەباتیان کردبێت.

لە ٢٤ی ئاداری ساڵی (١٩٦٧) بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی، کۆنگرەی حەوتەمی لە بەرلینی ڕۆژهەڵات بەست و نوێنەرانی لقەکانی هەنگاریا و بەرلینی ڕۆژئاوا و لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەش ئامادەی کۆنگرەکە ببوون. هەروەها نوێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی ئوردن و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق و یەکێتیی قوتابیانی کۆماری عەرەبی یەکگرتووش ئامادە ببوون، لە کۆتایی کۆنگرەکەدا پێنج ئەندام بۆ لێژنەی نوێی کارگێڕیی هەڵبژێردرا و جەلال بیتۆشیش هەر بە سکرتێری لق مایەوە. هەروەها سێ ئەندامی یەدەکیشیان هەڵبژارد. کۆنگرەکەیان بە گوتنەوەی سروودی (ئەی ڕەقیب) بە کۆتاهێنا.

هەروەک لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (نەورۆز) داهاتووە کە لقی ناوبراو دەریدەکرد و ژمارەی لێنەدەدرا: لە ٢٢ی ئاداری ساڵی ١٩٦٩ کۆنگرەی نوێیەمی خۆی لە شاری (میرزیبۆرگ) بە بەشداریی (٥٠) ئەندام بەست، نوێنەرانی ئەم شوێنانەش ئامادەی کۆنگرەکە ببوون: یەکێتیی قوتابیانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، یەکێتیی

قوتابیانی هەنگاریا و لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، یەکێتیی قوتابیانی ئوردن و کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە ئەڵمانیای دیموکرات، هەموو ئەم میوانانە گوتەیان هەبوو و لەو کۆنگرەیەدا گوتەی خۆیانیان خوێندەوە، هەر لەو ژمارەیەی گۆڤاری (نەورۆز)دا تەواوی ئەو گوتانەش بڵاوکراونەتەوە.

لەو کۆنگرەیەدا وتاری دەستەی کارگێڕیی لق لەلایەن سکرتێری لق جەلال بیتۆشی خوێندرایەوە، پاشان وتاری دەستەی سکرتاریەتی گشتیی کۆمەڵەش خوێندرایەوە.

ئەمە و کۆنگرە چەندین بریار و ڕاسپاردەی دەرکردن کە دەقی دوو بڕیاریان بەم شێوەیە بوو:

١. لە سۆنگەی خەمخۆریمان بۆ یەکگرتووی خوێندکارانمان و سەلامەتیی کۆمەڵەکە، داوا لە دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵە دەکەین، ئەو بڕیارە نادیموکراسییەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە کە تایبەتە بە سڕکردنی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، چونکە بڕیارەکە لێدانە لە یەکێتی و هەمانگیی نێوان خوێنکاران.

٢. کۆنگرە، پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ ئەو بەیاننامەیەی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا دەردەبڕێت کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ بڵاویکردووەتەوە سەبارەت بە بڕیاری سڕکردنی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لەلایەن سکرتاریەتی گشتیی کۆمەڵەکە دەرچووە و ئێمە بە نادەستووریی لەقەڵەمدەدەین و لە دەسەڵاتی سکرتاریەتدا نییە ئەم جۆرە بڕیارانە بدات.

سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەم لقە، جەلال بیتۆشی دەڵێت: لقەکەمان لە لقە چالاکەکانی کۆمەڵەکە بووە و هەموو بۆنە کوردییەکانیان زیندوو کردووەتەوە: نەورۆز ... یادی شۆڕشی ئەیلوول و بۆنەکانی دیکەش. لە بۆنەی جیاوازیشدا کۆڕ و سیمیناریان پێشکەش دەکرد و بە ناوی لقەکەوە بەشداریی کۆنگرەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی سەر بە ئەڵمانیای دیموکرات و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی بیانی دەکرد و وتاریان دەخوێندەوە، چەندین مینحەشیان بۆ قوتابیانی کورد لە حکومەتی ئەڵمانیا وەرگرتووە. هەروەها بڵاوکراوەیەکیشیان بە ناوی (نەورۆز) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە.

ئەم ژمارەیە لە (١١) لاپەڕەی قەبارە گەورە پێکهاتووە، سێ لاپەڕەیان بە زمانی کوردی کە ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: پێشەکی - بە زمانی کوردیی سۆرانی - دەقی سروودی (ئەی ڕەقیب) - ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕیی لق لە کۆنگرەی ناوبراو و وتاری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە بە زمانی کوردی - شێوەزاری سۆرانی - بڕیار و ڕاسپاردەکان کە لە کۆنگرەدا بڕیاری لێدراوە - ئازادی خواه (شیعر بە شێوەزاری سۆرانی). دەقی وتاری میوانەکانی کۆنگرە. هەروەها لقەکە (پاشکۆی نەورۆز)یشیان دەرکردووە کە ژمارە سێی لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ بووە.

ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە گەیشتووەتە نزیکەی (٦٠) ئەندام و خوێندکارێکی کچیشیان لەگەڵدا بووە بەناوی (سامیە شاوێس) کاتێک کۆمەڵەکە دوولەت بوو لە ساڵی (١٩٧٥) ئەم لقە هەر سەر بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا مایەوە، تاکو (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان AKSA) دامەزرا و چەند ئەندامێکیان چوونە نێو ئەو کۆمەڵە نوێیەوە.

لقی یەکێتیی سۆڤیەت

هەرچەندە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەیان خوێندکاری کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەیانخوێند و بەشێکیان ببونە ئەندام لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا کەچی بە فەرمیی لقی یەکێتیی سۆڤیەت هەتاکو ساڵی (١٩٦١) ڕانەگەیەنرابوو. بەپێی ژمارەیەکی کۆپیکراوی هەواڵێکی بڵاوکراوە لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی ساڵی ١٩٦١ کە کاک ساسان عەونی بۆی ناردم – سوپاسی دەکەم – تاکو سەرەتای ئەو ساڵە (٥٠) خوێندکاری کورد لە سەرتاپای یەکێتیی سۆڤیەت دەیانخوێند. کە تەنیا (١٥) خوێندکاریان ئەندامی لقی کۆمەڵەکە بوون، ئەوانی دیکە بەشێکیان دژایەتیی کۆمەڵەکەیان دەکرد و بەشێکی تریان خۆیان دوورەپەرێز لە لقەکە ڕاگرتبوو و هیچ خراپییەکیشیان بۆ لقی کۆمەڵەکە نەبوو.

زۆربەی قوتابیانی کوردی ئەوێ، کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوون، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەلایەن سەرکردەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە نێردرابوونە یەکێتیی سۆڤیەت و بە دیاریکراوی بۆ کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتی، بەڵام پاش ڕووخانی خێرای ئەو کۆمارە، ئەو خوێندکارانە تەنیا ئامانجیان بەدەستهێنانی بڕوانامەکانیان بوو، کەریم ئەیوبی یەکێک بوو لەو خوێندکارانە و بڕوانامەی دکتۆرای لە دیراساتی کوردیدا هێنایەوە، هەتاکو ئەو ساڵەش کەس پێینەگوتبووین کە خوێندکاری باکووری کوردستان هاتبنە یەکێتیی سۆڤیەت.

لە شوباتی هەمان ساڵدا (١٥) خوێندکاری دیکە دەبنە ئەندامی ئەو لقە و بەمەش ژمارەی ئەندامانیان دەگاتە دەوروبەری (٣٠) ئەندام. لێرەوە کۆبوونەوەکان دەست پێدەکەن کە ئەوەی دواییان هاوشێوەی کۆنفرانسی یەکەم بوو بۆ لقەکە و بە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی لق کۆتایی هات کە بریتی بوون لە ئیحسان فوئاد (برای سیاسەتوانی ناوداری کورد کەمال فوئاد)بە سەرۆکی لق و میران فوئاد بە سکرتێر و هەریەک لە کاوس قەفتان (بەرپرسی لێژنەی لینینگراد) و ناجی بریفکانی، محەمەد ڕەشید ئەحمەد، عەبدولخالق حەوێزی، ئەمین جەلال، بە ئەندامانی لژنەی لقەکە هەڵبژێردران. بەمەش ئەم لقە بووە دووەمین لقی کۆمەڵەکە لە وڵاتانی سۆشیالیستیدا، پاش ئەڵمانیای دیموکرات و شەشەمین لقی کۆمەڵەکە لە ڕووی ڕیزبەندیی مێژووی دامەزراندنەوە.

پاش ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕژێمی عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت و بەشداربوونی حزبی شیوعیی عێراق لە هاوپەیمانیی بەرەیی لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە ساڵی (١٩٧٣)، بەرەبەرە یەکێتیی سۆڤیەت هاوکارییەکانی بۆ شۆڕش کەمکردەوە و هاوکاریی دارایی خوێندنی بۆ قوتابیانی کوردی باشووری کوردستانیش نەهێشت و گشت مۆڵەتەکانی لقی کۆمەڵەکە و لێژنەکانی ڕەتکردەوە لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت کە هەتاکو ئەوکات بە مۆڵەتی فەرمی کاریان دەکرد. ئەنجام کار گەیشتە ئەوەی هەرکات لقی کۆمەڵە و لێژنەکانی لە وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتدا بیانویستایە یادی جەژنی نەورۆز یاخود هەر چالاکییەک ئەنجام بدەن، دەبوو داوای هاوکاریی ڕێکخراوی حزبی شیوعیی عێراقی بکەن کە لە ڕاستیدا ئەوانیش دڕێخییان لەم ڕووەوە نەکردووە، هۆڵەکان دەگیران و مۆڵەتێک بە ناوی ئەوانەوە دەخوازرا بۆئەوەی ئاهەنگەکە بەڕێوەببەن. لێرەشدا ئاسایی بوو کە کاتێکی دیاریکراو بدەنە نوێنەری ڕێکخراوی حزبی شیوعیی عێراق بۆئەوەی وتاری خۆی تێدا بخوێنێتەوە کە زۆربەی جارەکان وتەیان نەدەخوێندەوە و دەرفەتیان دەدایە حزبە شیوعییە عەرەبییەکان، بەتایبەتی حزبی شیوعیی سودانی. ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیانی جیهانیش بانگهێشتی ئەم ئاهەنگانە دەکران و وتاریان پێشکەش دەکرد و پشتیوانیی خۆیان لە وتەکانیاندا بۆ مافەکانی گەلی کورد دووپات دەکردەوە.

بێجگە لە لقە سەرەکییەکەی کۆمەڵەکە لە مۆسکۆی پایتەخت، تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٥) لێژنەی ئەو لقە لەم کۆمارانەی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوون: کۆماری ئۆکرانیا، لە کییڤی پایتەخت و سەعەدەدین مەلا بەرپرسی ئەو لێژنەیە بوو لە ساڵی (١٩٧٠) بەگوتەی خۆی و نووری سەبری و ئیبراهیم ڕەسوڵ و حەسەن شێخۆ ئەندامانی لێژنەکە بوون، هەروەها لە شارەکانی خارکێف و لینینگراد و قۆڵگاگراد و لقۆق و لە کۆماری ئازربایجان لە باکۆی پایتەختدا و لە کۆماری بێلاڕووسیا، لە مینسکی پایتەخت، لە کۆماری ئۆزبەکستان لە تاشقەندی پایتەخت و لە چەندین شاری دیکەی سۆڤیەت کە خوێندکاری کوردیان تێدابوو، لێژنەیان کردبووەوە[١٨٥].

ئـەم لقـە بڵاوکـراوەی تایبـەت بـە خـۆی نەبـوو، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە ئەندامانـی لقەکـە بەشـداربیان لـە (پەخشـنامەی دیـوار)دا دەکـرد کـە لـە زانکۆکانـدا هەبـوون و نووسـین و هەواڵیـان لـەوێ بڵاودەکـردەوە.

چـاوم بـە چەنـد ئەندامێکـی ئـەم لقـە کـەوت و پێیانگوتـم ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) یـان بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی دەردەکـرد. کەچـی دکتـۆر سـەعەدین مـەلا دەیگوت:"لـەو لقـەدا هیـچ بڵاوکراوەیـەکمان بڵاونەدەکـردەوە، تەنیـا لـە پەخشـنامەکانی دیـواری زانکۆکانـدا جاروبـار بابەتمـان دەنووسـی، چونکـە ئـەو کات هیـچ ڕێکخراوێکـی خوێنـدکاران بـۆی نەبـوو بڵاوکـراوەی سـەر کاغـەز دەربـکات لەسـەر خاکـی یەکێتیـی سـۆڤیەت ...". پێموابـێ ئـەوەی دکتـۆر سـەعەدین دەیڵـێ دروسـتترە.

لـە سـاڵی (١٩٧٥) بیرمەنـدی ئۆپۆزیسـیۆنی سـۆڤیەتی خەڵاتـی نۆبڵـی وەرگـرت، لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەتی کۆمەڵەکـە، بڕووسـکەیەکی پیرۆزبایـی بۆنـارد، پاشـان دەسـەڵاتدارانی یەکێتیـی سـۆڤیەت لێکۆڵینەوەیـان لەگـەڵ ئەندامانـی لقەکـە کـرد سـەبارەت بـەم بڕووسـکەیە و ناڕەزایـی خۆیـان دەربـڕی و هەڕەشـەیان لێکـردن، ئەگـەر جارێکـی دیکـە ئـەم جـۆرە ڕەفتارانـە دووبـارە بکەنـەوە سـزا دەدرێـن. لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانیـن ئـەو ڕاسـتییەش ڕوون بکەینـەوە؛ هـۆکاری سـەرەکیی ناڕەزایـی دەربڕینـی دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت لـەوەدا نەبـوو کـە یەکێـک لـە ئۆپۆزیسـیۆنی سـۆڤیەت ئـەو خەڵاتـەی وەرگرتبێـت، بگـرە لەبەرئـەوە بـوو کـە زەخـاوڕ ڕەخنـەی لـە سیاسـەتی یەکێتیـی سـۆڤیەت دەگـرت، ئەویـش لایەنێکـە لـە خۆشـکردنی ئاگـری ئـەو ململانـێ چەکدارانەیـەی لـە ناوچـە جیاوازەکانـی گـۆی زەویـدا ڕووەدەن، دەسـتی سـۆڤیەتی تێدایـە و ئـەو ئاگرەکـە خـۆش دەکات.

چالاکیـی لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و لێژنەکانـی: دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەت، دوو ئەرکـی سـەرەکیی هەبـوو:

یەکـەم: بەدواداچـوون بـۆ کاروبـاری ئـەو خوێنـدکارە کـوردە نوێیانـەی دێنـە کۆمارەکانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و سـازدانی ئاهەنگـی یەکترناسـینی قوتابیانـی ئەمسـاڵ و سـاڵانی پێشـوو، زۆربـەی جارەکانیـش ئـەم ئاهەنگانـە لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـی هەمـوو سـاڵێکدا سـاز دەدران.

دووەم: یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز و بانگهێشتکردنی قوتابیانی عەرەب بە گشتی و فەلەستینی بەتایبەتی و قوتابیانی ئەمەریکای لاتین و سۆڤیەت بۆ بەشداریکردن لەم ئاهەنگانە و وتاری ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعیی عەرەبی و چەند ڕێکخراوێکی فەلەستینی دەخوێندرانەوە، چەند جارێکیش تیپی هونەری فەلەستینیش بەشداریان لەم ئاهەنگەدا دەکرد و گۆرانی و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆریی خۆیان پێشکەش دەکرد، هەروەک چۆن جاروبار تیپە هونەرییەکانی قوتابیانی کوردیش بەشداریان لە ئاهەنگەکانی ئەواندا دەکرد. هەر بەو بۆنەیەوە چەند ڕۆژنامەیەکی سۆڤیەتی وێنەی ئاهەنگەکانی نەورۆزیان بڵاودەکردەوە. لەوانەش بڵاوکردنەوەی تیپی هەڵپەرکێ لەو ڕۆژنامەیەی سەنتەری ڕۆشنبیریی سۆڤیەتی لە دیمەشق ساڵی (١٩٧١) بڵاویکردبووەوە.

لە ساڵی (١٩٧١)یشدا لێژنەی شاری کییڤ بە ژمارەیەکی حەوت کەسی ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕا و نزیکەی (٧٠٠) کەسایەتییان بانگهێشت کردبوو کە بریتی بوون لە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، بە شاندی قوتابیانی یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە (کۆمسمۆڵ) و ڕێکخراوە جیهانییەکانی خوێندکاران کە لە کییڤدا بوون و چەندین کەسایەتیی ئەکادیمیستی دیکە. ئاهەنگەکە جێی سەرسامیی میوانەکان بوو و لەنێو خۆیاندا دەیانپرسی: چۆن دەبێ بە حەوت کەس ئەم جۆرە ئاهەنگە بەڕێوەبچێت و بتوانرێت (٧٠٠) کەسایەتیی ناوداریش داوەت بکرێن؟

دەستەی کارگێڕیی لق، بەشداریی ئاهەنگ و بۆنەکانی قوتابیانی وڵاتانی دیکەشیان دەکرد و وتاری خۆشیان دەخوێندەوە، زۆربەی بڕگەکانی ئەم وتارانەش بریتی بوون لە خستنەڕووی بارودۆخی کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستان.

لێژنەکانی ئەم لقە، لەلای خۆیانەوە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیان بڵاودەکردەوە و ئاهەنگیان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز و بۆنە کوردییەکانی وەکو یادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١١ی ئەیلوول دەگێڕا و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕێکخراوە بیانییەکانیشیان بانگهێشت دەکرد و وتاریان پێشکەش ئامادەبووان دەکرد. هەروەها یادی شۆڕشی ١٤ی تەموززیان بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق دەکردەوە و لە باخچە

گشتییەکانی مۆسکۆ و شارەکانی دیکە ئاهەنگی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن و ئاهەنگە کۆمەڵایەتییەکانیان ساز دەدا، ئەندامانی لق و لێژنەکانیش لە شار و کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بەشداریان لە (ڕۆژی کار) دەکرد کە بەبۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەت سازدەدرا.

لقی یەکێتیی سۆڤیەت لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٨) بڕووسکەیەکی بۆ سەرۆکی ئەوسای عێراق عەبدولڕەحمان عارف نارد و تیایدا سەرکۆنەی سیاسەتەکانی ئەویان کرد لە ئاست کوردی باشووری کوردستان. هەروەها لەو سیمیناڕە بەشداربوون کە بۆ عەبدولحەلیم خەددام، وەزیری دەرەوەی سووریا، لە سەردانێکیدا بۆ مۆسکۆ لە ساڵی (١٩٧٣) بۆی ئامادەکرابوو، لەوێ پرسیاریان لێکرد، بە دیاریکراویش پرسیارەکە هی حەسەن شێخۆ بوو، پرسیاری دۆخی کوردی سووریای لێکرد، وەزیری ناوبراو ڕەتیکردەوە کە کێشەیەک لە سووریادا هەبێت بەناوی کێشەی کورد، تەنانەت نکۆڵی لە هەبوونی کورد کرد لە سووریا!.

پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، باڵیۆزخانەی عێراق لە یەکێتیی سۆڤیەت، داوای لە سەرجەم قوتابیانی عێراق کرد کە نیشتەجێی ئەوێن، سەردانی باڵیۆزخانەکەیان بکەن بۆ نوێکردنەوەی پاسپۆرتەکانیان، ئەوەی سەردانی باڵیۆزخانەکەش نەکات، ڕەزامەندیی عێراقیی لێدەسەندرێتەوە. لقی کۆمەڵەکە و ئەندامانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەنێو خۆیاندا کۆبوونەوە و تاوتوێی ئەم پرسە نوێیەیان کرد و لە کۆتاییدا بڕیاردرا کە تاک تاک نەچن، دوو دوو یان سێ سێ سەردانی باڵیۆزخانەکە بکەن. دکتۆر جەبار قادر پێیڕاگەیاندم؛ کۆمەڵەکەی ئەو لە سێ کەس پێکهاتبوون، سەردانی باڵیۆزخانەکەیان کرد و لەوێ فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکە داوایان لێکردبوون بڕووسکەیەکی پشتگیری و پیرۆزبایی سەرکەوتن لە سەدام حوسێن بەسەر یاخیبووانی کورد بۆ (سەرۆک) بنێرن، بەڵام ئەوان ئەو شتەیان ڕەتکردەوە کە هۆکارێک بوو بۆ تازەنەکردنەوەی پاسپۆرتەکانیان و لە نوێکردنەوەی مافی نشینگەش بێبەش کران.

هەریەک لە عەبدولڕەحمان عەونی، کامل کامل، عەزیز شاهۆ، کەمال عەلی، سەعەدین مەلا، عەبدولڕەحمان ئەحمەد، سەربەست محەمەد ئەمین، حوسێن

بارزانـی، ناسـیح غەفـوور، عیزەدیـن ڕەسـووڵ و کەسـانی دیکـەش لـە دیارتریـن ئەندامـە چالاکەکانـی لقەکـە بـوون و تـەواوی لقەکـەش یەکێـک بـوو لـە لقـە چالاکـەکان و یەکێـک لـە چالاکییەکانیـان ئەوەبـوو کـە بـووە ئەندامـی (ئەنجوومەنـی گشـتیی قوتابیانـی جیهـان لـە تـەواوی یەکێتیـی سـۆڤیەت - لێژنـەی کێـف) ئەویـش ناسـیح غەفـوور بـوو بـە گوتـەی خـۆی جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومـەن بـووە لـە سـاڵانی نێـوان (١٩٧٣ – ١٩٧٥).

بەرپرسـانی لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەتی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، عەبدولـڕەحمان عەونـی کـە دیارتریـن چالاکـی لقەکـە بـوو بـە شـاهێدیی دکتـۆر ناسـیح غەفـوور و حوسـێن بارزانـی سـاڵی (١٩٧٠) کـە دواتـر بـووە بەرپرسـی لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە هەمـان کاتـدا، دوای ئەویـش سەربەسـت محەمـەد ئەمیـن، پاشـان مـەلا قـادر، دوای مـەلا قادریـش، عەزیـز فەرمـان هـات. ئینجـا ئیبراهیـم عەزیـز و محەمـەد سـەعید و کەسـانی دیکـە بـوون، بێجگـە لـەم ناوانـەی پێشـوو، عەلـی بابـا و عەبـدوڵڵا پێشـاو و جەرجیـس حەسـەن و کەسـانی دیکـەش ئەندامـی ئـەم لقـە بوونـە.

لـە سـاڵی (١٩٧٥) ئەندامانـی ئـەم لقـەی یەکێتیـی سـۆڤیەت گەیشـتە نزیکـەی (١٠٠) ئەنـدام بەگوتـەی دکتـۆر سـەعەدین مـەلا کـە چواریـان خوێنـدکاری کـچ بـوون: شـوکریە ڕەسـووڵ، شـیرین قـەدری، گەلاوێـژ ...؟ و نەسریـن فەخـری. سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ئـەم لقـە لـە ئاسـت ناکۆکییەکانـی کۆمەڵەکـە و دوو لەتبوونیـان، زۆربەیـان لەگـەڵ کۆمەڵـە بنەڕەتییەکـەدا مانـەوە و بەشێکیشـیان چوونـە نێـو (کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە تاراوگـە - AKSA) دوا لێژنـەی کارگێڕیـی ئـەم لقـەی پێـش جودابوونـەوە، ئیبراهیـم عەزیـز، سـکرتێر و دوو ئەندامـی تـر لـە لێژنـەی کارگێڕیـدا بـوون.

لقی بەرلینی ڕۆژئاوا

بـە گوتـەی دکتـۆر حەسـەن محەمـەد عەلـی بێـت، ئـەم لقـە لـە سـاڵی (١٩٦١) دا دامـەزراوە و سـەرەتا لـە سـێ خوێنـدکار پێکهاتبـوون ئەوانیـش: حەسـەن محەمـەد عەلـی و مسـتەفا سـەیدۆ و عەلـی قـازی محەمـەد بـوون. بـەڵام سـەرچاوەی دیکـە هەیـە کـە سـاڵی (١٩٦٠) بـە سـاڵی دامەزراندنـی ئـەم لقـە دادەنێـت. جـا ئەگـەر بـە گوتـەی دکتـۆر حەسـەن محەمـەد عەلـی بێـت، لـە ڕووی مێـژووی دامەزراندنـەوە، ئـەم لقـە بـە حەوتەمیـن لقـی کۆمەڵەکـە هەژمـار دەکرێـت و یەکەمیـن کـەس ببێتـە سـکرتێری لقەکـە، حەسـەن محەمـەد عەلـی بـووە، پـاش ئـەو مسـتەفا سـەیدۆ و پاشـان دکتـۆر حوسـێن کیکـی بووەتـە سـەرۆکی لـق.

لـە نامەیەکـی سـکرتێری لقـی بەریتانیـا، لەتیـف ڕەشـید کـە لـە ٥ی ئایـاری سـاڵی ١٩٦٦ ناردوویەتـی، نـووسراوە: بـۆ:"زۆر بەڕێـز کاک حەسـەن عەلـی –سـکرتێری لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا ..."ئەمـەش مانـای وایـە؛ حەسـەن عەلـی هەتاکـو ئـەو سـاڵە بـۆ دووەمیـن جـار پۆسـتی سـکرتێری لقـی وەرگرتـووە. لـە نامەیەکـی حەسـەن محەمـەد عەلیشـدا کـە لـە ١٨ی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٦دا بـۆ سـکرتێری لقـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوای نـاردووە و پیرۆزبایـی جەژنـی نـەورۆزی لێـدەکات و ئیمـزای حەسـەن محەمـەد عەلیـی پێوەیـە و لـە نامەکـەدا نـووسراوە: (ئەندامـی مەکتەبـی تەنفیـزی) کـە بەدەسـخەتی خـۆی نـووسراوە و مانـای وایـە سـکرتێری لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا نەبـووە، یاخـود لـە هەمـان کاتـدا، هـەردوو پۆسـتەکەی پێسـپێردراوە، واتـە ئەندامـی مەکتەبـی تەنفیـزی و سـکرتێری لقـی بەرلینـی ڕۆژئاواشـی وەرگرتـووە. ئامـاژەی (مەکتەبـی تەنفیـزی)ش لـە هەمـوو ئەدەبیاتـی کۆمەڵەکـەدا نەبووە!!

پرسـی دیکـەش هـەن و نەگەیشـتووینەتە دووپاتکردنەوەیـان، بۆنمونـە: دەسـتەواژەی (ئەندامـی ک ب ک) لـە بنـەوەی ئـەو نامەیـەی حەسـەن محەمـەد عەلـی بـۆ هەریـەک لـە (کاک هیـوا و سـەڵاح و جوامێـری) نـاردووە لـە ڕۆژ ٢ی مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٦، نازانیـن ئـەم پیتانـە کورتکـراوەی (ئەندامـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی)ن بـە کـوردی؟ لـە نامەیەکـی تـردا حەسـەن محەمـەد عەلـی داوا لـە چەنـد لقێـک دەکات ئابوونـەی مانگانەیـان بنێـرن بـۆ (نەجیـب خەفـاف، ژمێریـاری گشـتی) نازانیـن ئـەو نەجیـب خەفافـە ئەندامـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی بـووە یـان بەرپرسـی دارایـی لێژنەکـە؟ هەروەهـا

نەمانتوانـی مێـژووی سـەرۆکایەتیی حەمـڕەش ڕەشـۆ بـۆ لقـی بەرلیـن یەکلابکەینـەوە و نەشمانزانـی لەبەرچـی دەستلەکارکێشـانەوەی خـۆی لـە ئەندامێتیـی لێژنـەی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا لـە ٣٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٤ پێشـکەش کـردووە.

لـە کۆنفرانسـی سـاڵانەی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای سـاڵی (١٩٦٧) عەلـی قـازی، کـوڕی قـازی محەمـەد سـەرکۆماری دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ دووسـاڵی یـەک لـەدوای یـەک بـە سـکرتێری لقەکـە هەڵبژێـردرا و لـە سـاڵی (١٩٧٠) تاوەکـو کۆتایـی مانگـی تەمـووزی سـاڵی (١٩٧٢) حوسـێن کیکـی بـۆ جـاری دووەم بـە سـکرتێری لـق هەڵبژێردرایـەوە و بەهـاء محەمـەد بـە جێگـری سـکرتێر -بـە گوتـەی خـۆی- لێژنـەی لقەکـەش لـە عومـەر وسـو و ئیبراهیـم عەلـی جـان و زنـار شـێخموس پێکهاتبـوو و بورهـان قەرەچۆڵیـش ئەندامـی یـەدەک بـوو. دکتـۆر زەردەشـت حاجـۆ – بـە سوپاسـەوە- پەڕاوێکـی پێـدام کـە هەمـوو کۆنووسـی کۆبوونەوەکانـی لقـەی تێـدا تۆمـار کـراوە و کۆنووسـێکی کۆبوونەوەیەکیـان، گوتـەی بەهائەدیـن محەمـەد دووپـات دەکاتـەوە.

لـە لاپـەڕە ٣ و ٤ی ژمـارە دووی گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـە) کـە لـە ئابـی (١٩٧٢) دا بڵاوکراوەتـەوە، باسـکراوە کـە لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا کۆبوونەوەیەکـی نائاسـایی لـە ٢٩ی تەمـووزی (١٩٧٢) بەسـتووە و بـاس لـە کەمتەرخەمیـی لێژنـەی کارگێڕیـی پێشـوو دەکات لـە کار و ئەرکەکانیـدا و بۆیـە لێژنەیەکـی کارگێڕیـی نـوێ پێکهـێنرا کـە بـەم شـێوەیە بەرپرسـیارێتییەکان دابـەش کـرا: محەمـەد مسـتۆ، سـکرتێر و بەرپرسـی پەیوەندییـەکان، فەرهـاد ئیبراهیـم یاریـدەدەری سـکرتێر و پەیوەندییەکانـی نـاوەوە و دەرەوە و بەرپرسـی دەسـتەی نووسـەرانی (پێشـەنگ) و عومـەر گولـک ژمێریـار و بەرپرسـی دارایـی. زەعیـم میـرۆش بەرپرسـی ڕێکخسـتنی کاروبـاری ڕۆشـنبیری و دکتـۆر هوشـیار بەرپرسـی ڕێکخسـتنی ڕاگەیانـدن و هەواڵـە سیاسـییەکانی جیهـان کـە پەیـوەستن بـە کوردسـتان، زەعیـم میـرزاش یـاردەدەری ڕێکخسـتنی پەیوەندییـە ڕۆشـنبیرییەکان بێـت و عوبێـد پیـران، ببێتـە یاریـدەدەری کاروبـاری بڵاوکـراوەکان و دابەشـکردنیان".

بـەڵام عومـەر گولیـک لـە بنەڕەتـدا ڕەتیکـردەوە محەمـەد مسـتۆ بـە سـکرتێری لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا هەڵبژێردرابێـت:"... نـە لـەو ڕێکەوتـە و نـەدوای ئـەم ڕێکەوتـە و نـە پێش ئـەم ڕێکەوتـەش، محەمـەد مسـتۆ نەبووەتـە سـکرتێری لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا، چونکـە ئـەو

لەو ساڵانەدا هەر لە بەرلینـدا نەبـووە، لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات بـووە ... بەڵکـو خـۆی بـە سـکرتێری لـق هەڵبژێـردراوە و فەرهـاد ئیبراهیـم سـەیدا، ئەویـش نیشـتەجێی بەرلیـن بـوو، بـەڵام قـەت بـە سـکرتێری لـق هەڵنەبژێردراوە"ئەوانـەی لـە لێژنەکەشـدا لەگەڵیـدا بـوون: زەعیـم میـرۆ، دکتـۆر هوشـیار، عوبێـد پیـران بـوون و دوای چەنـد مانگێـک دکتـۆر هوشـیار دەستەکارکێشـانەوەی خـۆی لـە لقەکـە ڕاگەیانـد.

ئەدهـەم ڕەشـید و زنـار شـێخموس، هەردووکیـان دووپاتیـان کردووەتـەوە کـە عومـەر گولـک سـکرتێری لـق بـووە و عومـەر شـێخموس زیاتـر ڕوونیدەکاتـەوە و دەڵێـت:".... بـۆ مێـژوو تۆمـاری دەکـەم؛ عومـەر گولـک بزوێنـەری لقەکـە بـووە ..."هەروەهـا پرۆفیسـۆر دکتـۆر فەرهـاد ئیبراهیمیـش لـە چاوپێکەوتنێکـدا لـە بەرلیـن ڕۆژی ٥ی شـوباتی ٢٠١٥ ڕەتیکـردەوە بـۆ لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا هەڵبژێردرابێـت، هەروەهـا ئەوەشـی ڕەتکـردەوە محەمـەد مسـتۆ سـکرتێری لـق بووبێـت.

لـە کۆتایـی کۆبوونـەوەی ڕۆژی ١٦ی ئەیلوولـی ١٩٧٣ لێژنەیەکـی نـوێ بـۆ ئـەم لقـە هەڵبژێـردرا و پێکهاتبـوو لـە: نـووری ئەحمـەد، سـکرتێری لـق و عەدنـان نەعسـۆ، بەرپرسـی دارایـی، زەردەشـت حاجـۆ، بەرپرسـی هونـەری، فەرهـاد حاجـۆ، بەرپرسـی ڕۆشـنبیری و عەدنـان کیکـی و جەمـال محەمەدیـش بـە دوو ئەندامـی یـەدەک هەڵبژێـردران.

لـە کۆبوونـەوەی لێژنـەی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا کـە لـە ڕۆژی ٦ی نیسـانی ١٩٧٤ ئەنجامـدرا، زەردەشـت حاجـۆ بـە سـکرتێری لـق هەڵبژێـردرا و ئیسماعیـل (سـمکۆ) ڕەشـید بـووە ژمێریـاری و بەرپرسـی دارایـی و عـادل ئەمیـن شـێروانی و عیزەدیـن نەعسـۆ و تۆفیق عەبـدە بوونـە ئەندامـی لێژنـە و بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە و ڕاگەیانـدن. لەگـەڵ تێبینیـی ئـەوەی لـە بەڵگەنامەیەکـدا کـە ژمـارە (١٧)ی پێـدراوە و لـە ٨ی کانوونـی دووەمی ١٩٧٤ دەرچـووە، بەنـاوی نـووری ئەحمـەد ئیمـزا کـراوە کـە سـکرتێری لقـی بەرلیـن بـووە.

لـە لاپەڕەیەکـی ئـەو پـەڕاوە تایبەتـەی دکتـۆر زەردەشـت حاجـۆدا کۆنووسـی کۆبوونەوەکانـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا، بـە دەسـت خەتـی خـۆی نووسـیویەتی:".... لێژنـەی لقـی بەرلیـن لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژی ٢٤ی ئایـاری ١٩٧٤دا بڕیـار درا بورهـان قەرەچۆلـی لـە لقەکـە سـڕبکرێت، چونکـە بـە مەبەسـتی کـوشتن هێرشـی کردووەتـە سـەر ئەندامێکـی کۆمەڵەکەمـان و سـەر بـە کۆمەڵـەی خورشـید ڕواندزییـە کـە بـە دەسـت تێکەڵکـردن

لەگـەڵ ڕژێمـی عێـراق تۆمەتبـار کـراوە".

چالاکییەکانـی ئـەم لقـە: هـەروەک لـە جێگـەی دیکەشـدا ئاماژەمـان بـەوە کـردووە؛ ئـەم لقـە یەکێـک بـووە لـە لقـە چالاکەکانـی کۆمەڵەکـە و لـە سـاڵی (١٩٥٩) بـووە بـارەگای سـەرەکیی کۆمەڵەکـە. زۆربـەی چالاکییەکانیشـیان دژی ڕژێمـە دیکتاتـۆری و فاشیسـتەکانی تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـووریا بـووە و پەیوەندییـان لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی خوێنـدکاران و ڕێکخراوەکانـی دیکـەی جیهـان پەیداکـردووە و باسـی دۆخـی کـورد و شۆڕشـەکەیانیان بۆکـردوون و بروسـکەیان بـۆ سـکرتێری نەتـەوە یەکگرتـووەکان و لێژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی مـرۆڤ و خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی و یەکێتیـی ئافرەتانـی جیهـان و سۆشیالیسـتی و ژمارەیـەک لـە کۆنگـرەی حزبەکانـی ئەڵمانیـا نـاردووە، هەمـوو ئەمانەش بۆ ناسـاندنی کێشـەی کـورد بووە بـەم دامـەزراوە نێودەوڵەتییانـە و پەیداکردنی پشـتوانی بووە بـۆ دۆزی ڕەوای کـورد. چەنـد بروسکەیەکیشـیان بـۆ هەریـەک لـە ئەحمەد حەسـەن بەکر، سـەرکۆماری عێراق و حافز ئەسـەد، سـەرۆکی سـووریا ناردووە و لە بروسـکەکاندا ناڕەزایی خۆیـان لـە هەمبـەر سیاسـەتی نادادپەروەرانـەی ئـەم ڕژێمانـەدا دەربڕیـوە. جاروباریـش پەیوەندییـان بـە دەرمانخانـە و پزیشـکانەوە کـردووە بـۆ کۆکردنـەوەی دەرمـان و ناردنی بۆ بریندارانـ و نەخۆشـانی شـۆڕش. زنجیرەیـەک کـۆڕ و سیمیناریشـیان سـازداوە بـۆ گوتنەوەی وانەکانـی مێـژووی نەتـەوەی کورد و ڕەوشـی سیاسـیی کوردسـتان، بەشداریشـیان کردووە لە ئامادەباشـییەکان بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز و چەند چالاکییەکی دیکە. بەشداریشـیان لـە دەرکردنـی چەنـد بڵاوکراوەیەکـی کۆمەڵەکـەدا کـردووە کـە لـە پێشـەوە ئاماژەمـان بـۆ بەشـێکیان کـردووە و وەڵامـی ئـەو نووسـینانەیان داوەتـەوە کـە بـە مەبەسـتی ناوزڕانـدن و ناشرینکردنـی کـورد لـە ڕۆژنامەکانـی ئەڵمانیـادا بڵاوکراونەتـەوە.

لـە ژمـارە (١١)ی مانگـی تشرینـی یەکەمـی (١٩٧٤)ی گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـە) دا بڵاوبووەتـەوە کـە لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا دوو بڵاوکـراوەی بـە زمانـی ئەڵمانـی بڵاوکردووەتـەوە. ئێمـەش زۆرمـان هـەوڵ دا ناوەڕۆکـی ئـەم دوو بڵاوکراوەیـە بزانیـن و چەنـد کەسـێکی وەکـو هۆشـەنگ سـەبری، فـەوزی ئەسـعەد، عومـەر گولـک، عیزەدیـن نەعسـۆ و زەردەشـت حاجۆمـان بینـی و پرسـیاری ئـەم دوو بڵاوکراوەیەمـان لێکـردن، بـەڵام وەڵامـی ئـەوان ئەوەبـوو کـە هیـچ زانیارییەکیـان سـەبارەت بـەو بڵاوکراوانـە نییـە.

لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژی ٢٧ی تەمـووزی ١٩٧١دا دەسـتەی کارگێڕیـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا، بڕیاریـان دا بڵاوکراوەکـی خولـی بەنـاوی (پێشـڕەو – PêŞrew) دەربکـەن و هەریـەک لـە یوسـف زۆزانـی، بەڕێوەبـەری دەسـتەی نووسـەران، عومـەر حەسـۆ، ئیبراهیـم جـان، ئەحمـەد (زنـار) شـێخمووس، بورهـان قەرەچۆڵـی بـە ئەندامانـی دەسـتەی نووسـین دیاریکـران، ئەمـەش لـە کۆنووسـی کۆبوونەوەکانـدا تۆمارکـراوە و دانەیـەکمان لـەلای خۆمـان پاراسـتووە.

بەهـاء محەمـەد، زنـار شـێخمووس پێیانگوتـوووم، دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە لـە یوسـف زۆزانـی، زنـار شـێخمووس، بەهـاء محەمـەد، عومـەر حەسـۆ و ئیبراهیـم جـان پێکهاتبـوو و نازانیـن بۆچـی نـاوی بەهـاء ئەحمـەد لـە کۆنووسـی کۆبوونەوەکـەدا تۆمارنەکـراوە، بەهـاء محەمـەد ئەوەشـی پێڕاگەیانـدم،".... بورهـان قەرەچۆڵـی، ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە نەبـووە و تەنانـەت هـەر عەرەبیشـی نەدەزانـی".

یەکەمیـن ژمـارەی (پێشـڕەو – PêŞrew) لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی (١٩٧٢) دەرچـووە و لەسـەر ڕووی بەرگـی یەکەمـی بڵاوکراوەکـەدا نووسراوە:"گۆڤارێکـی خولییـە، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا – لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا دەریـدەکات". ئـەم ژمارەیـە بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و کـوردی بـە (٤٠) لاپـەڕە دەرکـراوە کـە بەشـە عەرەبییەکـەی (١٥) لاپـەڕە و لاپەڕەکانـی دیکـەی بـۆ بەشـە کوردییەکـە بـوو، لـەو بەشەشـدا، (٧) لاپـەڕەی بـۆ شـێوەزاری سـۆرانی و ئـەوەی دەمێنێتـەوە بـۆ کوردیـی شـێوەزاری کرمانجـی بـە پیتـی لاتینـی. ژمارەکـە لـەم بابەتانـە پێکهاتبـوو: گوتـەی ژمـارە، بـە پێنووسـی دەسـتەی نووسـەران – لـە ئەیلوولـەوە بـۆ ئـادار، بەپێنووسـی زنـار شـێخمووس – دەربـارەی ڕەوشـی کـوردی سـووریا، بـە پێنووسـی زۆزانـی – ڕۆژی ڕەشـی ئەیلـوول، لـە ڕۆژنامـەی (التآخـی) وەرگیـراوە – شـاندێک لـە کوردسـتانەوە، پەخشـان – سـینەما لەنێـوان هونـەر و سـەرمایەدا، بـە پێنووسـی عیسـام ئەلیاسری –شەکسـپیری کوردسـتان، بـە پێنووسـی ن. مەننـان – دوا دیـدار، بـە پێنووسـی ئەحمـەد عەبدولـڕەزاق ئەلـعماری – لەنێـوان پێشـڕەو و خوێنەرانـدا، دەسـتەی نووسـەران – شـەهیدی نەمـر، بـە پێنووسـی ب . محەمـەد – داسـتانێکی کـوردی، باقـی دڵـدار – شـینی پێشـەوا، بـە پێنووسـی بلـە – بـەرەو ڕووناکـی، بـە پێنووسـی ن . م – بڕگەیـەک لـە هۆنراوەیەکـی

هـەژار – بانـگ. بەیاننامـەی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان ... – گـوڵ هەڵگـرە منالّەکـە، بـە پێنووسـی شـێخانی، بـە پێنووسـی ن . مەننـان. بەشـە لاتینییەکەشـی هۆنـراوەی (شـام شـەکرە ولّات شـیرینترە)ی شـاعیر جگەرخوینـی تێدابـوو لەگـەڵ چەپکێـک لـە پەنـدی پێشـینانی کـوردی و لێکۆڵینەوەیـەک دەربـارەی ئاینـی ئێزدیاتـی بـە ناونیشـانی (ئایینـی ئێزدییـەکان) بـە پێنووسـی عـوسمان سـەبری.

ژمـارە دووی پێشـڕەو هیـچ مێژوویەکـی لەسـەر دانەنـراوە، بـەڵام لـە یەکێـک لـە بابەتـە بڵاوکراوەکانـدا ئامـاژە بـۆ مانگـی ئەیلـوول کـراوە و مانـای وا دەگەیەنێـت، ئـەم ژمارەیـە لـە پـاش مانگـی ئەیلوولـدا دەرچـووە. لاپەڕەکانـی ئـەم ژمارەیـە (١٥) لاپـەڕەی قەبـارە گەورەیـە و تـەواوی بابەتـەکان بـە زمانـی عەرەبـی نـووسراون، ئەمـەش ناوەڕۆکەکەیەتـی: پێشـەکی، بـە پێنووسـی دەسـتەی نووسـەران – پەرەسـەندنی هۆشـیاریی نەتەوەیـی کـورد، بـە پێنووسـی هۆشـەنگ عـوسمان سـەبری – لـە یـادی ١١ سـاڵەی شۆڕشـی گەلـی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق، بەنـاوی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای کۆمەڵەکـە – ئەگـەر شـنەبا هەڵیکـرد، هۆنـراوەی محەمـەد بـەدری – چەنـد ڕاسـتییەک دەربـارەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هۆشـەنگ عـوسمان سـەبری – محەمـەد ئەمیـن زەکـی ئەسـتێرەک لـە مێـژووی کـورد و کوردسـتان، لـە ڕۆژنامـەی (التآخـی) وەرگیـراوە. شـاعیرێک مالّئاوایـی لێکردیـن، لـە گۆڤـاری (کادیـر) وەرگیـراوە، کورتـە چیـرۆک، هەواڵـی هەمەڕەنـگ.

پـاش ئـەم ژمارەیـە، گۆڤارەکـە ڕاگیـرا، هۆکارەکەیـم لـە زنـار شـێخموس و بەهـاء محەمـەد پرسـی، گوتیـان: هـۆکاری ڕاوەسـتانی ئـەم گۆڤـارە، دەستەکارکێشـانەوەی هـاوڕێمان یوسـف زۆزانـی بـوو لـە دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە، چونکە ئـەو چالاکترین نووسـەری دەسـتەکە بـوو.

پێـش ئـەوەی کۆتایـی بـە باسـکردنی ئـەم لقـە بهێنیـن، پێویسـتە ئامـاژە بـۆ دوو خاڵـی گرنـگ بدەیـن: یەکەمیـان: بەرلینـی ڕۆژئـاوا وێسـتگەیەکی کاتـی بـوو بـۆ زۆرێـک لـە قوتابیانـی کـورد کـە دەهاتنـە ئـەوێ و ماوەیـەک لـەوێ دەمانـەوە تاکـو مینحەیـان لـە ڕێگـەی کۆمەڵەکـەوە بـۆ وەردەگیـرا، یـان بـۆ هـەر ولّاتێکـی تـر بوایـە، لـەو ماوەیـەدا دەبوونـە ئەندامـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای کۆمەڵەکـە و ئـەم ناوانـە بەڵگـەی ئـەم قسـانەمانن: دکتـۆر سـەعەدین مـەلا، دکتـۆر عەبدولمەجیـد شـێخۆ، عەبدولباقـی ئەسـعەد،

رزۆ ئەوسی، دکتۆر ئیبراهیم خەلیل و محەمەد سلێمان و چەندانی تر پاش وەرگرتنی مینحەکانی خوێندن، چوونە وڵاتانی سۆشیالیست و خوێندنیان لەوێ تەواوکرد.

لە ئەندامانی ئەم لقە، هەروەک پێمانگوتراوە: حوسێن کیکی، هۆشەنگ سەبری، عومەر گولک، محەمەد ئەمین دەلۆ، عیزەدین نەعسۆ، عەبدولمەجید شێخۆ ، ئەدهەم ڕەشید، سادق برایم، زنار شێخمووس، زەردەشت حاجۆ، بەهاء محەمەد و نووری ئەحمەد بوونە. پێش جودابوونەوەی کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٧٥، ژمارەی ئەندامانی لقەکە گەیشتووەتە دەوروبەری (٤٠) ئەندام کە ئەمانە ئەندامی هەمیشەیی لقەکە و نیشتەجێی بەرلینی ڕۆژئاوا بوونە. دوا سکرتێری لقی بەرلین، زەردەشت حاجۆ بووە و لە لێژنە کارگێڕییەکەدا: عیزەدین نەعسۆ، محەمەد ئەمین دەلۆ، تۆفیق عەلی و نووری میرزای لەگەڵدا بووە. لەو سەردەمەدا عەبدولمەجید شێخۆ و سادق برایم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لق بوونە.

هەڵوێستی ئەم لقە لە پرۆسەی جودابوونەوەکە، ئەوەبووە کە هەتاکو ڕاگەیاندنی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە تاراوگە - AKSA) لە ئابی ساڵی ١٩٧٦، هەر بە یەکگرتوویی درێژەیان بە خەباتی مەدەنییانەی خۆیان لە چوارچێوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دابوو. دوواجار هەریەک لە سادق برایم، مستەفا ڕەشید، حەسەن شێخۆ، جەمال محەمەد، محەمەد سلێمان و مراد محەمەد (ڕۆژین) لە کۆمەڵەکە جودا بوونەوە و چوونە ڕیزەکانی کۆمەڵە تازە دامەزراوەکە.

لقی چیکۆسلۆڤاکیا

تاریـق ئاکرەیـی پێیگوتـم، لـە کۆتایـی سـاڵی (١٩٦١) چوومـە چیکۆسـلۆڤاکیا، ئـەوکات لقەکـە دامەزرابـوو و بـە کردنـەوەی ئـەم لقـە لـەوێ، کۆمەڵەکـە بـووە خـاوەن هەشـتەمین لقـی خـۆی کـە گەیشـتمە ئـەوێ شـێرکۆ تاهیـر سـکرتێری لـق بـوو. لێژنـەی لقەکـە لـە سـاڵی (١٩٦٥ – ١٩٧٠) بەگوتـەی عەلائەدیـن محەمـەد پێکهاتبـوو لـە: شـێرکۆ تاهیـر کەمال ڕەشـید، محەمـەد بەکـر کەمـال عـارف، ڕەمـزی شـەعبان کەمـال ڕەباتـی و عەلائەدیـن محەمـەد و خوێندکارێکـی کـچ کـە ناوەکەیـم لەبیرنەمـاوە.

لقێـک، یاخـود لێژنەیەکـی دیکـەش لـە سـلۆڤینیا هەبـوو و لـە سـاڵی (١٩٦٢)دامەزرابوو و ئەندامەکانـی بریتـی بـوون لـە: ئـازاد خۆشـناو، ناجـی عەلـی مەعـرووف، فوئـاد حوسـێن، یەحیـا جـاف، فـازڵ ڕسـکی، محەمـەد سـلێمان و ڕوونـاک ....؟ و ئیبراهیـم حاجـی عەلـی و ئەکـرەم دەلـۆ و کەسـانی دیکـە.

مەحمـوود...؟ کـە کوردێکی باشـووری کوردسـتان بـوو، هەتاکو سـاڵی (١٩٦٦) سـکرتێری لقـی سـلۆڤاکیا بـوو، پـاش ئـەو حاجـی ئەحمـەدی بەرپرسـیارێتیی لێژنەکەی وەرگـرت، بەڵام ئـەو نەیتوانـی درێـژە بـەو کارەی بـدات و تایبـەت بـەم بابەتـە، محەمـەد سـلێمان گوتـی: ئیبراهیـم خەلیـل حاجـی عەلـی هەڵسـوڕینەری ڕاسـتەقینەی لقەکـە بـوو لـە سـەردەمی حاجـی ئەحمەدیـدا، بۆیـە کۆبوونەوەیەکـی نائاسـایی میلاکـی لقەکـە بـەسترا و بەپێـی گوتەکانـی دکتـۆر ئیبراهیـم خەلیـل حاجـی عەلـی، بـە بەرپرسـی نوێـی لقەکـە هەڵبژێـردرا و تاکـو سـاڵی (١٩٧٥) لقەکـەی بەڕێوەدەبـرد و لـە لێژنەکەشـدا سـامی عەبدولڕەحیـم و مسـتەفا خۆشـناو ئەمیـن ڕەشـید و ئـازاد خۆشـناوی لەگـەڵ بـوو.

دکتـۆر ئیبراهیـم خەلیـل پێیگوتـم: هەرچەنـدە ئێمـە بەشـداریی کۆنگرەکانـی لقـە سـەرەکییەکەی بـراگمان دەکـرد، بـەڵام وەک لقێکـی تایبـەت مامەڵەمـان لەتەکـدا دەکـرا، نـەک وەک لێژنەیـەی سـەر بـە لقـە سـەرەکییەکەی بـراگ، ژمـارەی ئەندامانـی لقەکـەشمان دەگەیشـتە (٢٥- ٣٠) ئەنـدام.

لـە بنەڕەتـدا چیکۆسـلۆڤاکیا لـە دوو دەوڵـەت پێکهاتبـوو: چیـک و سـلۆڤانیا و پـاش هەرەسـهێنانی وڵاتانـی سۆشیالیسـتی لـە کۆتـا دەیەی سـەدەی ڕابـردوودا، چیکۆسـلۆڤاکیاش

یەکێک بوو لەو دەوڵەتانە و گەڕایەوە سەر باری پێشووی خۆی لە پێش یەکگرتن، واتە دەوڵەتی چیک بەجودا و دەوڵەتی سلۆڤینیاش بەجودا.

سەبارەت بە دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکان، محەمەد سلێمان ئاشکرای کرد؛ ئەو لە ساڵی (١٩٦٧ - ١٩٦٩) بەرپرسی دارایی لێژنەی سلۆڤاکیا بووە، کۆمەڵە خوێندکارێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ئەندامانی لێژنە بوون کە بریتی بوون لە: محەمەد بەکرۆ، سامی عەبدولڕەحیم، محەمەد بەکر، محەمەد سلێمان، محەمەد گەنجۆ، ئامینە گەنجۆ و عیزەت وسو کە بەیەکەمین خوێندکاری ناوچەی عەفرین هەژارماردەکرێت بۆ خوێندن هاتبێتە چیکۆسلۆڤاکیا، دووەمیش محەمەد بەکرۆ بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان کە لە هەفتەی یەکەمی ساڵی (١٩٦٣) گەیشتووەتە ئەوێ. هەروەها ئەتیلا ئەرن کە خەڵکی باکووری کوردستان بووە، ئەندامێکی تری لێژنەکە بووە.

ئیبراهیم خەلیل، قارەمان خەلیل، ئیبراهیم خان، میرحەم عەگید، محەمەد عەبدۆ، محەمەد عەزیز، محەمەد بەکرۆ، شێرکۆ تاهیر، محەمەد سلێمان ئەکرەم دەلۆ، شێرکۆ فەتاح، محەمەد بەکر و سامی عەبدولڕەحیم لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم لێژنەیە بوونە.

لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ کۆنگرەی چواردەی لقەکە بەستراوە و چەند میوانێکیش ئامادە ببوون، لەوانە نوێنەری زانکۆی ١٧ی نۆڤەمبەر و نوێنەری لاوانی سۆشیالیستی چیکۆسلۆڤاکیا و یەکێتیی قوتابیانی فەلەستین، کۆمەڵەی قوتابیانی ئوردن، کۆمەڵەی قوتابیانی لوبنان، کۆمەڵەی قوتابیانی سووریا، کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بوون.

پێویستە ئاماژە بەو هەوڵە شکستخواردووەی شیوعییەکانی عێراق بدەین کە لە ساڵی (١٩٧٤) لە براگ دەیانویست کۆنترۆڵی لقەکە بکەن و بڕیار بوو کۆنگرە لەو ساڵەدا ببەسترێت. شیوعییەکان کۆمەڵێک خوێندکاری عەرەب و عێراقییەکانیان هێنابووە نێو کۆنگرە، بەبێ ئەوەی ئەندامی لقەکە بن، ئامانجیشیان هەڵبژاردنی کەسانێک بوو بۆ سکرتێر و کارگێڕیی لێژنەکە کە سەر بە خۆیان بێت، کاتێک نەتوانرا ئەو خوێندکارانە لە هۆڵی کۆنگرەدا دەربکەن، قوتابیانی کورد تێکڕا هۆڵەکەیان بەجێهێشت. بەڵام شیوعییە کورد و عەرەب و بیانییەکان لە هۆڵەکەدا مانەوە و سکرتێر و ئەندامانی لێژنەکەیان لەنێو خۆیاندا هەڵبژارد و نامەیەکیان بۆ

فەرمانگـەی کاروبـاری کۆمەڵـەکان نـارد و نـاوی سـکرتێر و ئەندامـە نوێیەکانـی لـق و لێژنەکەیـان تێـدا نووسـیبوو و ئـەوکات ناونرابـوو (KSSE)ی بـراگ، بـەڵام نەیانتوانـی بـەردەوام بـن و هەوڵەکەیـان شکسـتی هێنـا.

چالاکییەکانـی لـق: لەپـاڵ هاوکاریکردنـی قوتابیانی کورد لـە زانکۆکانی چیکۆسـلۆڤاکیا و چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان، چەندیـن چالاکیـی تریشـیان ئەنجـام داوە کە سـەرجەمیان بۆ بەرجەسـتەکردنی کێشـەی ڕەوای نەتـەوەی کـورد بـووە و سـاڵانە یـادی جەژنـی نەورۆزیـان کردووەتەوە و بەڕپرسـانی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان و فەرمانبەران و مامۆسـتایانی زانکـۆش بەشـدارییان لـە ئاهەنگەکانـدا کـردووە، چەنـد جارێکیـش فەرمانبەرانـی وەزارەتی مەعاریفیشـیان داوەت کـردووە. هەروەهـا بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندان و ئاهەنگـە هونەرییەکانیشـدا کـردووە کـە سـاڵانە بەبۆنـەی ١ی ئایـار جەژنـی کرێکارانـی جیهـان ڕێکخـراون، لە ڕۆژی هاوپشـتیی گەلانی ئاسـیا و ئەفریقیا و ئەمریـکای لاتینیش ئامادەبوونە.

لـە سـاڵی (١٩٦٤) بـۆ یەکەمیـن جـار ئاهەنگـی نەورۆزیـان لـە هۆڵـی (یەنەمـا پلـەس) سـازکرد و تاریـق ئاکرەیـی بـە گوتنـی چەنـد گۆرانییـەک بەشـداریی لـە ئاهەنگەکـەدا کـرد، هەروەهـا هونەرمەنـد قـادر دیلانیـش بەتایبـەت ئامـادەی ئـەو هۆڵـە ببـوو و ژمارەیـەک گۆرانیـی پێشـکەش ئامادەبـووان کـرد. بـەڵام فراوانتریـن ئاهەنـگ لـەم لقـەدا سـازدرابێت، ئاهەنگەکـەی سـاڵی (١٩٧١) بـوو کـە نزیکـەی (٥٠٠) کـەس ئامـادەی ببـوون، هەرچەنـدە ژمـارەی قوتابیانـی کـورد نەدەگەیشـتە (١٠٠) خوێنـدکار، ئەمـەش بەڵگەیەکـە کـە کـورد توانـای دۆسـتایەتیکردنی نەتەوەکانـی تـری لـەلا ئاسـانە و زوو کێشـەی نەتـەوەی خـۆی بـە گەلانـی دیکـە ئاشـنا دەکات و دۆسـت و لایەنگـر بـۆ دۆزە ڕەواکـەی کـورد دەدۆزێتـەوە.

جێـی ئاماژەپێدانە لە سـاڵانی ڕابـردوودا ئاهەنگەکانـی جەژنی نەورۆز بەنـاوی کۆمەڵەی قوتابیانـی عێـراق بـە هاوکاریـی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کورد لـە ئەوڕوپا سـازدەدران، بەڵام ئەمسـاڵ، واتـە سـاڵی (١٩٧١) لقەکـە هەر بە نـاوی خۆیەوە ئاهەنگەکـەی گێڕا.

بـە بانگهێشـتی یانـوا هۆسـاک، سـکرتێری لێژنـەی مەرکەزیـی لاوانـی چیکۆسـلۆڤاکیا کـە کـوڕی سـەرکۆماری کۆمـاری سـلۆڤاکیا بـوو، لقەکـە لـە فیسـتیڤاڵی (نـیترا) بەشـداربوون کـە یەکێتیـی خوێنـدکاران و لاوانـی جیهـان لـە سـاڵی (١٩٧٢) ڕێکیانخسـتبوو و بـە تیپێکـی هەڵپەڕکـێ و چەنـد گۆرانییەکـی فۆلکلـۆری کـوردی بەشـدارییان لـەو فیسـتیڤاڵەدا کـرد

و خەڵاتی سەرۆک شارەوانیی شاری نیترا و خەڵاتێکی تری وەزارەتی مەعاریفی چیکۆسلۆڤاکیایان پێبەخشرا، هەر بەو بۆنەیەوە ڕۆژنامەی فەرمیی فیستیڤاڵەکە (سیمە) [١٨٦]بەیاننامەیەکی سەبارەت بە دۆخی کوردستان بڵاوکردەوە و ئەم هەڵوێستەشیان وەک پشتگیرییەک بوو بۆ گەلی کورد، ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکیاش دیمانەیەکی لەگەڵ ئیبراهیم خەلیل حاجی عەلی، سکرتێری لقدا کرد و لەو دیمانەیەدا ئیبراهیم خەلیل ئاماژەی بۆ ژمارەی کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستان و دۆخی سیاسیی ئەوکاتی کوردستانی کرد. نامەیەکی ناڕەزاییشیان بۆ حکومەتی ئێران نارد و تێیدا ئیعدامکردنی چوار شۆڕشگێڕی کوردی ڕۆژهەڵاتیان شەرمەزار کرد.

بڵاوکراوەکانی لق: هەرچەندە ژمارەی ئەندامی ئەم لقە زۆر بوون، بەڵام هاوشێوەی لقەکانی تر، ئەم لقە نەیتوانی هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆیان دەربکات. تەنیا دابەشکردنی ئەو بڵاوکراوانەیان بۆ مابووەوە کە لە لقی سەرەکیی بەرلینەوە بۆیان دەهات، جا چ گۆڤار یان ڕۆژنامە و بەیاننامەکان بوایە کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی بڵاودەکرانەوە، بەڵام بەشێکیان وەردەگێڕدرانە سەر زمانی چیکی و بەسەر ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیانی جیهاندا دابەشدەکران، بەشی فەرمانگە و ئەو نووسینگانەشیان لێدەدا کە بایەخیان بە کاروباری مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان دەدا.

لە ژمارە یەکی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە)دا هاتووە؛ ئەم لقە، چەند بڵاوکراوەیەکی بە زمانی چیکۆسلۆڤاکی سەبارەت بە دۆخی نەتەوەی کورد بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەمەی ڕەتکردووەتەوە و دەڵێت: ڕەنگە مەبەستیان لەو بڵاوکراوانە، بەیاننامە و بانگەوازەکانی لق بووبێت، ئەگینا ئێمە هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەتمان لە لقەدا دەرنەکردووە.

دکتۆر ئیبراهیم خەلیل پێیڕاگەیاندم، ئەو هەموو پەیوەندییە تایبەتییانەم لەگەڵ فلادیمێر ڤاڤرۆف، بەرپرسی لاوانی سلۆڤاکیا لە خزمەت کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپادا خستبووە کار کە لە ساڵانی (١٩٧١) تاکو ساڵی (١٩٧٤) هاوکارییەکی ساڵانەی دارایی بۆ تەرخان دەکردین، تاکو لە ئامادەباشییەکانی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزدا خەرجی بکەین کە دەگەیشتە نزیکەی (٤ – ٥) هەزار دۆلار[١٨٧] و پەیوەندییەکانمان لە سەردەمی یانوا هۆساکدا پتەوتر بوو کە پاش

ڤاڤـرۆف سـکرتارییەتی لاوانـی گرتەئەسـتۆ. سـکرتارییەتی (مایـکا) ڕاسـپاردبوو، تـەواوی داواکارییەکانـی کۆمەڵەکەمـان بەبـێ دواخـستن لـە ڕێگـەی تەلەفۆنـەوە بـۆ جێبەجـێ بـکات، ئەگـەر ئێمـە نەمانتوانـی ڕووبـەڕوو بیانبینیـن و مامەڵەیەکـی زۆر تایبەتیـان لەگـەڵ کۆمەڵەکـەی ئێمـەدا دەکـرد و جیـاواز لـە ڕێکخراوەکانـی دیکـە، بـەڵام ئـەم هاوکارییـە دارایانـە لـە سـەرجەم ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی بیانـی بـڕا.

لـە سـاڵی (١٩٦٥) ئـەم لقـە تیپێکـی وەرزشـیی تۆپـی پێـی لـە بـراگ پێکهێنـا و نـاوی نـرا (تیپـی کوردسـتان) و لەگەڵـە چەنـد تیپێکـی وڵاتانـدا یاریـیـان کـردووە، لەوانـەش تیپـی قوبـرس، چیکۆسـلۆڤاکیا و چەنـد وڵاتێکـی دیکـە، ئەمانـە هێنـدە ئاسـت بـەرز نەبـوون و هەمـوو یاریـیەکانیـان دەدۆڕان و ئامانـج لـە پێکهێنانـی ئـەم تیپـە دۆڕانـدن و بردنـەوەی یاریـیـەکان نەبـوو، هێنـدەی بـۆ یەکترناسـین و ڕێوپاگەنـدەی سـەردەمییانە بـوو بـۆ نەتـەوەی کـورد.

سـەبارەت بـە کێشـەی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ئـەم لقـە لـە سـەرەتاکانی مانگـی ئایـاری سـاڵی (١٩٧٣) و لەکاتـی سـەردانی عەبـدوڵڵا ئەلئەحمـەر، یاریـدەدەری ئەمینـداری حزبـی بەعسـی سـووریا و بەسـتنی سـیمینارێک بـۆ قوتابیانـی بـراگ، یاداشـتنامەیەکی کراوەیـان بـە زمانـی عەرەبـی پێشـکەش کـرد کـە لـە (١٨) لاپـەڕە پێکهاتبـوو، مەبەسـت لـەم یاداشـنامەیە بـە درۆخسـتنەوەی ئـەو ڕێوپاگەنـدە خراپانـە بـوو کـە لەلایـەن بەشـێک لـە قوتابیانـی عەرەبـی سـووریا بڵاودەکرانـەوە کـە پەیوەندییـان بـە باڵیۆزخانـەی سـووریاوە هەبـوو لـە بـراگ، مەبەسـتیان لـە بڵاوکردنـەوەی ئـەو ڕێوپاگەندانـەش، ناوزڕانـدن و سـووکایەتیکردن بـوو بـە کێشـەی کـورد لـە سـووریا، ڕێـژەی کـوردی سـووریایان بـە چەنـد هـەزار کەسـێک خەملانـدووە و گوایـە لـە ترسـی پاراسـتنی گیانـی خۆیـان، لـە تورکیـاوە پەنایـان بـۆ سـووریا هێنـاوە و بانگەشـەی ئەوەیـان کـرد، هیـچ جیاوازییـەک لەنێـوان ڕۆڵەکانـی سـووریا نییـە چ کـورد بێـت یـان عـەرەب، ئـەوەی لـە چوارچێـوەی سـنووری سـووریادا بژێت"عـەرەب"ە و شـتی بێبەنامـای لەمجـۆرە.

کاتێکیـش فیـدڵ کاسترۆ، سـەرۆکی کوبـا لـە سـاڵی (١٩٧٢) سـەردانی ئـەم وڵاتـەی کـرد و لقـی کۆمەڵەکـە یاداشـتنامەیەکی سـەبارەت بـە بارودۆخـی نالەبـاری گەلـی کـورد

پێشکەش کاستڕۆ کرد. هەر ئەم لقە چەند پێشانگایەکی فۆتۆگرافیشی کردووەتەوە و وێنە نمایشکراوەکانی ئەم پیشانگایانە، گوزارشت لە شۆڕش و گەلی کورد کردووە و لە هۆڵەکانی نێو زانکۆکاندا نمایش دەکران، هەروەها لە گۆڕەپانە گشتییەکانی شاریشدا نمایش دەکران.

جێی ئاماژە پێدانە وەزارەتی مەعاریفی چیکۆسلۆڤاکیا لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٢) کۆمەڵەیەکی لە بەرپرسان و سکرتێرانی کۆمەڵەکانی قوتابیانی بیانی پێکهێنا و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا یەکێک بوو لەو کۆمەڵانە و ئیبراهیم خەلیل لەو کۆمەڵە گشتییەدا بووە بەرپرسی دارایی - بە گوتەی خۆی- .

وا باس دەکرێت، لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم لقەدا، ژمارەی ئەندامانی لە سەرتاسەری چیکۆسلۆڤاکیا گەیشتە دەوروبەری (٣٥ - ٤٠) ئەندام، لەوانە (١٥- ٢٠) ئەندامیان لە براگی پایتەخت بوون، وەک قادر دیلان، جەمیل شەرەف، محەمەد بەکر، تاریق ئاکرەیی، محەمەد بەکرۆ، عیزەت وسو و چەند کەسێکی تر. بەڵام لە ساڵی (١٩٧٠) ژمارەکە گەیشتە (٦٥) ئەندام کە لەنێویاندا شیرین کەتانی، هاوسەری تاریق ئاکرەیی و ئامینە گەنجۆ هاوسەری محەمەد گەنجۆ بوون. جیابوونەوەکانی نێوخۆی کۆمەڵەکە کاریگەریی بەسەر ئەم لقەشدا هەبوو و هەر هەموو ئەوانەی لە لقی سلۆڤاکیا بوون، تێکڕا لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانیدا مانەوە، بەڵام لقەکەی براک، بەشێکیان بەگەڵ کۆمەڵەی ئەکسا کەوتن. - بە گوتەی ئیبراهیم خەلیل-

لقی پۆڵۆنیا

بـە گوتەکانـی دکتـۆر محەمـەد عەلـی گولـک و شـوکری جومعـە بێـت ئـەم لقـە لـە سـاڵی (١٩٦٢) دامـەزراوە و دامەزرێنەرانـی بریتـی بـوون لـە: شـوکری جومعـە، محەمـەد عەلـی گولـک، عەلـی غەفـور، حوسـین جومعـە و دوو کەسـی تـر کـە ناویانیـان لەبیـر نەمـاوە. عەلـی غەفـوور بـە سـکرتێری لقەکـە هەڵبژێـردراوە و محەمـەد عەلـی گولـک و چەنـد کەسـێکی دیکـە ئەندامـی لێژنـەی کارگێڕیـی لقەکـە بوونـە. ئەمـەش نۆیەمیـن لقـی کۆمەڵەکەیـە لـە ئەوڕوپـا. پـاش کۆنگـرەی دەیەمـی کۆمەڵەکـە لـە سـاڵی (١٩٦٥) سـەلیم میلـۆ کـە لـە سـاڵی ١٩٦٢ەوە نیشـتەجێی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا بـوو، هەروەهـا سـیرۆس سـیکامارین هاتنـە ڕیـزی ئـەم لقـەوە.

لـە کێبەکـەی نـەوزاد عەلـی ئەحمـەدا ڕوونکراوەتـەوە؛ ئـەم لقـە کۆنگـرەی سـاڵانەی چوارەمـی خـۆی لـە شـاری (ووچ) لـە ١٨ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٥ بەسـتووە و (١٧) ئەنـدام ئامـادەی کۆنگرەکـە بوونـە، ئەوانـەی نەشـیانتوانیبوو ئامـادە بـن، بـە نامـە پیرۆزبایـی بەسـتنی کۆنگرەیـان لـە لقەکـە کردبـوو، ئەوانـەی لـەم کۆنگرەیـەدا وتاریـان خوێندووەتـەوە، دکتـۆر عەبدولـڕەحمان قاسـملۆ[١٨٨] و کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێـراق و یەکێتیـی قوتابیانـی پۆڵۆنیـا بوونـە لەگـەڵ وتارەکانـی قوتابیانـی ئەفریقیـا و ئـوردن و ڤێتنـام و یەمەنـی باشـوور.

کۆبوونـەوەی سـاڵانەی شەشەمیشـیان هـەر لـە شـاری (ووچ) بەسـت لـە ڕۆژی ٥ی نیسـانی ١٩٦٨ و لـە دانیشـتنی کردنـەوەی کۆبوونەوەکـەدا هەریـەک لـە یەکێتیـی خوێندکاران و لاوانـی پۆڵۆنیـا و کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێـراق لـە پۆڵۆنیا، وتاریـان خوێندەوە، لـە کۆتاییـدا سـەلیم میلـۆ بـە سـکرتێری لـق هەڵبژێـردرا و هەریـەک لـە عەلـی غەفـوور و عەدنـان ....؟ و فەرهـاد محەمـەد سـاڵح بوونـە ئەندامـی کارگێڕیـی لێژنـە کارگێڕییەکـە.

کاتێـک لـە ٢١ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٥ دکتـۆر سـەلیم میلـۆم لـە ماڵەکـەی لـە دهـۆک بینـی، پێیڕاگەیانـدم :"پـاش مانگێـک لـە هەڵبژاردنـم بـە سـکرتێری لقەکـە، خۆبەخشـانە کشـامەوە و پۆسـتەکەم بـۆ عەلـی غەفـوور جێهێشـت کـە ئەندامێکـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی بـوو، ئـەم کارەشـم بـۆ ئـەوە کـرد ئیـش و کارەکانـی لقەکـە بـاشتر بەڕێوەبچێـت، چونکـە ئێمـە لـە وڵاتێکـی کۆمۆنیسـتیدا دەژیایـن، لـە ڕاسـتیدا ئـەم عەلـی

غەفووڕە هەرچەند شیوعی بوو، بەڵام ڕوحێکی بەرزی کوردایەتیشی تێدابوو".

یەکەمین چالاکییەکانی لقی پۆڵۆنیا بریتی بوو لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی یەکی ئایاری ساڵی (١٩٦٦)، بەڵام نەک بە ناوی کۆمەڵەکە - بە گوتەی دکتۆر محەمەد عەلی گولک، بەڵکو بەناوی کوردەوە بەشداربوون و ساڵانەش یادی جەژنی نەورۆز و بەرپابوونی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولیان دەکردەوە و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی پۆڵۆنیا و ڕێکخراوە بیانییەکانی ئەوێیان بانگهێشت دەکرد و لەنێو بانگهێشتکراوەکاندا مامۆستایانی زانکۆ و دەستەی فێرکاریی زانکۆکان هەبوون و وتاری خۆیان بەو بۆنەیەوە دەخوێندەوە. لقەکە پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی قوتابیانی پۆڵۆنی و عەرەبی و بیانیدا هەبوو، هەتاکو لە ساڵی (١٩٧١)دا بووە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە پۆڵۆنیا کە نزیکەی (٨٠) ڕێکخراوی خوێنکارانی جیهانی لەخۆگرتبوو. لقی کۆمەڵەکەش لە سەرەتادا سەلیم میلۆ نوێنەرایەتیی لقەکەی دەکرد لەو یەکێتییەدا، پاش ئەو فەرهاد محەمەد ساڵح هاتە شوێنی.

لقی پۆڵۆنیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هیچ بڵاوکراوەیەکی بەناوی خۆی بڵاونەکردووەتەوە، تەنیا چەند بەیاننامەیەک کە لە بۆنەکاندا دەریانکردووە و وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی پۆڵۆنی و ئینگلیزی بەسەر ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕێکخراوەکانی قوتابیانیان دابەش کردووە. هەروەها ئەو بەیاننامە و فۆڵدەرانەشیان بڵاودەکردەوە کە لە لقە سەرەکییەکەی کۆمەڵەکەوە پێیاندەگەیشت. هەڵوێستی لایەنگران و ئەندامانی حزبە شیوعییەکانی سەر بەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە بەرانبەر کۆمەڵەکە و چالاکییەکانیان، دکتۆر سەلیم میلۆ ڕایگەیاند، ئەندامانی حزبی شیوعیی سووریا و بەتایبەتی هەڵوێستی خوشکەزای خالد بەکداش محەمەد ساڵح ...؟ تا بڵێی نەرێنی بوو. کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەگەڵ قوتابیانی بیانیدا دەبەست و باسی مافی سەرجەم نەتەوە چەوساوەکانی دونیایان دەکرد و پشتیوانیی خۆیانیان بۆ دووپات دەکردەوە، بەڵام بۆ جارێکیش بە وشەیەک باسی کورد و مافەکانی کوردیان نەدەکرد.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین؛ لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی دکتۆر سەلیم میلۆ و

شـوکری جومعـە باسـیان کـردووە، ئامـاژە بـۆ شـتێکی گرنـگ بدەیـن، ئەویـش ئەوەیـە؛ کۆمەڵگـەی پۆڵۆنـی هـەر لـە بنەڕەتـدا دۆسـتی گەلـی کـورد بوونـە و کوردیـان خۆشویسـتووە، زۆر نەریتـی هاوبەشـیش لەنێـوان گەلـی پۆڵۆنیـا و کـوردا هەیـە. لـە ڕووی سیاسیشـەوە پۆڵۆنییـەکان هاوشـێوەی کـورد پێـش سـەربەخۆبوون، دابەشـکرابوونە سـەر سـێ دەوڵـەت: ڕووسـیا و ئەڵمانیـا و ئیمپراتۆرییەتـی نەمسـا- هەنـگاری، خەباتـی چەندیـن سـەدەیان، گەلـی پۆڵۆنیـای گەیانـدە سـەربەخۆیی، هەروەهـا چەنـد بڕگەیەکـی سروودەکانـی نیشـتمانیی پۆڵۆنـی و کـوردی لەیـەک دەچـن، بۆنموونـە: پۆڵۆنییـەکان دەڵێن:"هەتـا ئێمـە لـە ژیانـدا مابیـن، پۆڵۆنیـا نامرێت"کەچـی کـورد دەڵێت:"کـەس نەڵـێ کـورد مـردووە، کـورد زیندووە"بێجگـە لـەوەی چەندیـن وشـەی زمانـی کـوردی لـە وشـەکانی نێـو زمانـی پۆڵۆنـی دەچێـت.

چالاکتریـن ئەندامـی ئـەم لقـە: عەلـی غەفـوورە کـە بەهـۆی ئەمـەوە چەندیـن مینحـەی خوێنـدن بـۆ قوتابیانـی کـورد لـە یەکێتیـی قوتابیانـی پۆڵۆنیـی سـەر بـە حزبـی شـیوعیی دەسـەڵاتدار وەرگرتـوە. هەروەهـا سـەلیم میلـۆ و حوسـێن ....؟ لـە کـوردی ئـوردن و چەنـد کەسـێکی چالاکـی تـر.

لـە سـاڵی (١٩٧٥)دا ژمـارەی ئەندامانـی لقـی پۆڵۆنیـای کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا گەیشـتە (٧٥) ئەنـدام. دوا لێژنـەی کارگێڕیـی ئـەم لقـەی پێـش جودابوونەوەکـەی سـاڵی (١٩٧٥) پێکهاتبـوو لـە: عەلـی غەفـوور، سـکرتێری لـق و سـەلیم میلـۆ و خـەسرۆ بەکـر سـامی و کوردێکـی دیکـەی ئـوردن ئەندامانـی لێژنـەی کارگێڕیـی لقەکـە بـوون.

لقی یۆگسلاڤیا

بـە قسـەی عەبدولڕەحیـم حوسـێن کـە یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی بەرایـی ئـەم لقـە، لقەکـە لـە سـاڵی (١٩٦٣) دامـەزراوە و یەکەمیـن پێکهاتەیـان لـە کەمـال خۆشـناو و سـامان مەجیـد فـەرەج و عەبدولڕەحیـم حوسـێن عەلـی و چەنـد کەسـێکی تـر بـووە. کـە ناوپانـی لەبیرنەمابـوو. ڕەنگـە یەکەمیـن جـار کەمـال خۆشـناو کـە خەڵکـی سـلێمانی بـوو بـە سـکرتێری لـق هەڵبژێردرابێـت و لـە لێژنەکـەدا عەبدولڕەحیـم حوسـێن و سـامان مەجید فەرەجـی لەگەڵـدا بـوو. ئەمەشـیان بـە دەیەمیـن لقـی کۆمەڵەکـە هەژمـار دەکرێـت، بـەڵام بـە فەرمـی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی یۆگسلاڤیـاوە دانـی پێدانەنـراوە، بـە بیانـووی ئـەوەی گوایـە قوتابیانـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانی تێـدا نییـە، بۆیـە هـەر لەنێـو چوارچێـوەی کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێـراق کـە سـەر بـە حزبـی شـیوعی عێراقـی بـوو، درێژەیـان بـە خەباتـی خۆیـان دا. بـەڵام پـاش گەیشـتنی چـوار یاخـود پێنـج خوێندکاری کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـە بەهـاء محەمـەد و محەمـەد مسـتەفا پاشـا و ئیبراهیـم محەمـەد پاشـا و سـلێمان سـاڵح و یەکێکـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دواتـر لـە سـاڵی (١٩٦٦) سـەڵاح زێبـار و فاتیـح زێبـار هاتنـە یۆگسلاڤیـا و لقەکـە بەرەبـەرە فـروان بـووەوە و چالاکییـان زیاتـر بـوو و هیـچ بیانوویـەک بەدەسـت دەسـەڵاتدارانی یۆگسلاڤیـا نەمـا کـە چیـدی ڕێگـری لـە کردنـەوەی لقـی کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد لـە یۆگسلاڤیـا بـکات و یەکێتیـی قوتابیانـی پۆگسلاڤیـا دەبـێ مۆڵەتـی فەرمیـی کارکردنیـان بداتـێ بـە سـیفەتی ئـەوەی نوێنەرایەتیـی قوتابیانـی گشـت پارچەکانـی کوردسـتان دەکات.

بـەڵام یوسـف زۆزانـی، کاتێـک دووبـارە لـە سـلێمانی بینیمەوە لـە ٤ی تشرینـی دووەمی ٢٠١٣ پێیگوتـم: یەکەمیـن سـکرتێری لقـی یۆگسلاڤیـای کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد، سـامان فـەرەج مەجیـد بـووە و کەسـایەتییەکی بێلایـەن بـووە، بـەڵام لەسـەر حزبـی شـیوعیی عێراقـی حسـێبە. ئـەوکات لێژنەکـە لـە کەمـال خۆشـنا و موفیـد ...؟ و عەبدولڕەحیـم حوسـێن و کەمـال عەبـدوڵڵا سـەعید پێکهاتبـوو و کەمـال خۆشـناو لـە سـاڵانی (١٩٦٥) و (١٩٦٦) سـکرتێری لقەکـە بـووە. بەهـاء محەمەدیـش پشـتگیری ئـەو بۆچوونـە دەکات و ڕوونیکردووەتـەوە لـە سـاڵی (١٩٦٥) چووەتـە یۆگسلاڤیـا و بینیویەتـی کـە کەمـال خۆشـناو سـکرتێری لـق بـووە و لـە لێژنـە کارگێڕییەکەشـدا بەیـان سـاحێبقەڕان و کەمـال عەبـدوڵڵا و

جەمال بەکر و چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵدا بووە. لە ساڵی (١٩٦٦) تاکو هاوینی ساڵی (١٩٦٧) بەیان ساحێبقەڕان بووەتە سکرتێری لقەکە بەپێی ئەوەی لە ژمارە (یەک)ی گۆڤاری (کاروان)دا هاتووە.

ئینجا یوسف زۆزانی لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٦) تاکو ناوەڕاستی (١٩٦٨) بووەتە سکرتێری لق و ئەوکات لە لێژنەکەدا حوسێن کاکە عەلی و جەلال عەبدولڕەحمان ئەوقاتی و ئەسعەد شاکر و ئەدیب تۆمای لەگەڵدا بووە. زۆزانی لە دریژەی قسەکانیدا دەڵێت"... ئەوکات لێژنەکە بە سازان بووە لەنێوان لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعییەکانی عێراق، لایەنگرانی بارزانی بەشداریی لێژنەکەیان نەکردووە".

پاش یوسف زۆزانی، ئەدیب تۆما جەرجیس لە ماوەی (١٩٧١ – ١٩٧٤)بووەتە سکرتێری لق، پاشان محەمەد شێخموس محەمەد بووەتە سەرۆکی لقەکەی یۆگسلاڤیا.

مێژووی بەستنی یەکەمین و دووەمین کۆنگرەی ساڵانەی ئەم لقە و ناو و ژمارەی بەشداربووانیان ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام کۆنگرەی سێیەمی لە ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٥) بووە لە شاری بەلگراد. کۆنگرەی شەشەمیشیان لە ساڵی (١٩٦٧) بووە، بەڵام کۆنگرەی یانزەیان کەوتووەتە ڕۆژی ١ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٢)ەوە لە شاری زەگریب و ئەندامانی لق بەشداریان تێداکردووە لەگەڵ چەند میوانێکی یۆگسلاڤی و بیانی.

لقە سەرەکییەکەی شاری بەلگراد، لەم ئەندامانە پێکهاتبوو: نەوزاد شالی، کەمال خۆشناو، شیرین کەتانی، ڕووناک ....؟، سامان مەجید فەرەج (کە بێژەر بوو لە بەشی عەرەبیی ڕادیۆی بەلگراد، ئەدیب تۆما، یوسف زۆزانی، حوسێن کاکە عەلی، بەهاء مەلا، ئەحمەد حەمە سوور، فازڵ حەمەڕەش، شەپۆڵ حەسەن، فوئاد عەلی، جەمیل عەبوود، قادر حاجی عەلی، ئەحمەد کوردی و خەلیل کوردی (لە کوردی ئوردنن) و چەند کەسێکی دیکە. سێ لێژنەی سەر بەم لقە سەرەکییە هەبوو:

١. لێژنەی شاری زەگریب، پایتەختی ئێستای کرواتیا کە لە ساڵی ١٩٦٩ دامەزرا و ئەم ئەندامانەی تێدا بوو: سەڵاح زێبار، بەهاء محەمەد، فاروق مەلا عەلی، محەمەد خەلیل، محەمەد عەبدۆ، خەلیل مستەفا، ئاکوب باسیل کە ئامێری

جومبشی دەژەنی و ئاهەنگەکانی لقەکەی بەڕێوەدەبرد و هاوسەرەکەشی لە تیپی هەڵپەڕکێی لێژنەکە و لقەکەدا بوو. ئەرمەنیی خەڵکی شاری دیریکە لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها بەهائەدین لە سلێمانی و چەند کەسێکی تر. سەڵاح زێبار بەرپرسی هەمیشەیی ئەم لێژنەیە بوو - بە گوتەی خۆی -.

٢. لێژنەی مەکدۆنیا کە لە ساڵی ١٩٦٨ کراوەتەوە و عەبدولڕەحیم حوسێن عەلی بەرپرسی ئەم لێژنەیە بووە و خەسرۆ بەکر سامی و ئەحمەد زەنگنەش ئەندامی لێژنەکە بوونە.

٣. لێژنەی سلۆڤینیا لە شاری لویلیان و لە جەمال حەمە وەیس و سەباح نووری و فازڵ مەلا خەلیل (کۆبانێ) پێکهاتبوو.

ئەو خوێندکارانەی لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتبوون بریتی بوون لە: بەهاء مەلا، ئەحمەد شێخموس، محەمەد شێخموس، ئەحمەد خەلیل، ئاکۆب باسێل، یوسف زۆزانی، حەمید دەقوری، سلێمان ساڵح (ئەمانە هەموویان خەڵکی جەزیرە بوون) فازڵ مەلا خەلیل و فازڵ ....؟ (خەڵکی کۆبانێ) لە عەفرینیش: فاروق مەلا عەلی، سەڵاح زێبار، مەحموود خەلیل، ئەحمەد حەنان خەلیل، مەنان عەلۆش، خەلیل یوسف، فاتیح زێبار، مستەفا کەمال ڕەشید، مستەفا جەلعون، عیزەت وەحید، محەمەد عەبدۆ، عارف عەلی و چەند خوێندکارێکی تر.

چالاکییەکانی ئەم لقە: ئەمەش یەکێک بوو لە لقە چالاکەکانی کۆمەڵەکە و دەرکردنی بەیاننامەکان لە بۆنە جیاوازەکان و وەرگێڕانی بەشێک لە بەیاننامە و نووسینە گرنگەکان کە تایبەت بوون بە کێشەی کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان و شۆڕشی کورد، هەروەها وەرگێڕانی ئەو بەیاننامانەی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە دەینارد بۆ سەر زمانی یۆگسلاڤی و دابەشکردنیان بەسەر ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ئاژانسەکانی هەواڵ و نوێنەرانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی عەرەبی و بیانی و نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر خاکی یۆگسلاڤیا کاریان دەکرد. هەروەها بەشداریکردن لەو کۆڕ و سیمینارانەی لەوێ سازدەدران، وەکو سیمیناری ساڵانەی (ئیپریل) و (دۆبرۆفنیک) و پەیوەندیکردن بە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی خوێندکاران، بۆمونە یەکێتیی قوتابیانی نەرویج و نیوزلاند، سوید، هەنگاریا، یەمەن، فەڕەنسا، یۆنان، ئیسپانیا، پورتوگال، نەمسا، ماڵتا، یۆگەندا، هۆڵەندا، ئینگلتەرا،

ئێرلەنـدا، یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان و سـوودان، ئـوردن، عێـراق، حەبەشـە، فەلەسـتین، سـەرۆکی یەکێتیـی قوتابیانـی زیمبابـۆی، قوتابیانـی بەلجیـکا، یانـەی دۆسـتایەتیی گـەلان و چەنـد لایەنێکـی دیکـەش. هەروەهـا خوێندنـەوەی وتـار بەنـاوی لقەکـە لـە کۆنگـرە و ئاهەنگەکانـی ڕێکخـراوی قوتابیانـی دۆسـت و پێشکەشـکردنی چەنـد بڕگەیەکـی هونـەری فۆلکلۆریـی کـوردی لـەو کۆنگـرە و ئاهەنگانـەدا.

ئەمانـە و سـەرباری ئاهەنگێڕانـی سـاڵانەی نـەورۆز لـە زەگریـب و بەلگـراد و چەنـد شـارێکی دیکـەی یۆگسلاڤیـا، جارێکیـان (٦٠٠) کـەس بەشـداریی ئاهەنگێکـی ئـەم لقـەی کردبـوو کـە ژمارەیەکی زۆری کەسـایەتییەکانی یۆگسلاڤیـا و نوێنەرانی یەکێتیـی خوێندکاران و لاوانـی یۆگسلاڤیـا و میوانانـی سـەرجەم ڕێکخـراوە حزبییـەکان، بـە حزبـی شـیوعیی یۆگسلاڤیـا دەسەڵاتداریشـەوە. ئـەم لقـە دوو تیپـی هەبـوو، یەکێکیـان لـە بەلگـراد و ئەویدیکەیـان لـە زەگریـب. تیپەکـەی زەگریـب لـە چەنـد خوێندکارێـک پێکهێنرابـوو لەگەڵ دوو ئافـرەت، یەکێکیـان هاوسـەری ئاکـۆب باسـێل و ئـەوی دیکەیـان فەلەسـتینییەک بـوو. لـە چەنـد ئاهەنگێکـدا داوای بەشـداریکردنی کچانـی تیپـە میلییەکانی کرواتیایـان دەکرد – بـە گوتـەی سـەڵاح زێبـار- هەروەهـا خوێنـدکاری عەرەبـی ئوردنـی (ئەحمـەد ئەلزیـق) بـە گوتـەی نـەوزاد شـالی لەگـەڵ تیپـی هەڵپەڕکـێ کوردییەکـەدا بەشـداریی دەکـرد. هـەر ئـەم لقـە مۆزیکژەنێکـی یۆگسلاڤیایـان فێـری ژەنینـی ئـاوازی سروودی (ئـەی ڕەقیـب) کردبـوو و تیپـی لقەکـە بـۆ کـوێ بچووبایـە، ئـەو لەگەڵیـان ئامـادە دەبـوو. تیپـی زەگرییـش بـە بۆنـەی جەژنـی نـەورۆزەوە ئاهەنگێکـی لـە بودابیسـتی پایتەختـی هەنگاریـا گێـڕا کـە یـان سـاڵی (١٩٧١) بـوو یانیـش (١٩٧٢) بـە گوتـەی سـەڵاح زێبـار.

پێویسـتە لێـرەدا ئـەوەش بـاس بکەیـن، بەشـێک لـە خەڵکـی یۆگسلاڤیـا هاوکاریـی هەمەجـۆری لقەکەیـان دەکـرد، لەوانـەش هاوسـەری سـەڵاح زێبـار. لـە سـاڵی (١٩٧١) کۆنگرەیەکـی نێودەوڵەتـی سـەبارەت بـە مافـی گـەلان و کەمەنەتەوایەتییـە چەوسـاوەکانی جیهـان لـە شـاری ئاگریـدی مەکدۆنیـا بـەسترا کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان سەرپەرشـتیی دەکـرد. لقـی پۆگسلاڤیـا، سـەڵاح زێبـار و جەمـال بەکـر قەسـابیان بـۆ بەشـداریکردنی ئـەم کۆنگرەیـە ڕاسـپارد و چوونـە ئـەوێ. شـاندی لـق لـەوێ دیـدار و کۆبوونـەوەی لەگـەڵ زۆربـەی شـاندەکانی ئامادەبـوو کردبـوو و کێشـەی کوردیـان بـۆ ڕونکردبوونـەوە و هـەر

لەو کۆنگرەیەدا کێشەی کوردیش خرابووەڕوو و ئەنجامی ئەو بەشداری گفتوگۆیانەش، بڕیارێکی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکە بوو کە تایبەت بوو بە پشتگیریکردنی مافەکانی گەلی کورد لەهەر شوێنێکدا بن. زێبار لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"شاندی ئیمنستی ئینتەرناسیۆنالی بەریتانی یەکێک بوو لەو لایەنانەی زۆر بە تووندی پشتیوانیی کێشەی کوردی دەکرد و شاندی عێراق سکاڵایان لەسەرمان تۆمارکردبوو و داوای دوورخستنەوەیان دەکردین لە کۆنگرەکە و بانگەشەی ئەوەی دەکرد بوونی شاندی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد مەترسییە بۆ سەر سەلامەتیی گیانی ئەوان، بەڵام پۆلیسیش هاوسۆزی کێشەکەمان بوو و داواکەی شاندی عێراقیان بە هەند نەزانی و داوایان لێکردین کەمێک هێور ببینەوە. لایەنە یۆگسلاڤییەکانی بەرپرس لە وردەکارییەکانی کێشەی کورد، جارێکیان لەبیرمە لە یەکێک لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی یۆگسلاڤیا لە بەرنامەیەکی کێبڕکێدا پرسیارێکی کرد و دەیگوت: سەرکردەیەک هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵانێکی زۆرە لەو شاخانەدا لەپێناو مافەکانی گەلەکەی تێدەکۆشێت. ئەو سەرکردەیە کێیە؟"(مەبەستی مستەفا بارزانی بوو - تۆژەر).

ئەم لقە ئەندامیش بوو لە (یانەی دۆستایەتیی گەلان) لە بەلگراد، هەر لقێکی بەشدار، هۆڵێک یاخود ژووریکی تایبەتیان بۆ تەرخان کردبوو تاکو فۆلکلۆری خۆیانی تێدا نمایش بکەن، جا چ جلوبەرگ بێت یاخود بەرهەمی دەستی و ئاڵای نیشتمانی بێت ... هتد.

بڵاوکراوەکانی لق: ئەم لقە گۆڤارێکی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە بەناوی (کاروان - القافلة) ژمارە (یەک)ی ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٧٦ بڵاوکراوەتەوە و ژمارە دووی لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٨. کۆتا ژمارە و ژمارە سێی گۆڤارەکە، یوسف زۆزانی لەبیری نەمابوو کەی دەرکراوە، بەڵام ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ژمارەکە کرد و دەرکەوت لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ دەرکراوە. ئەمە بێجگە لە دەرکردنی بەیاننامە لە بۆنە تایبەتەکاندا و فۆڵدەر و دابەشکردنیان. دەستەی نووسەرانی پێکهاتبوو لە: محەمەد عەبدۆ کە ساڵانێک بوو لە سوید نیشتەجێ ببوو و کوردێکی ناوچەی عەفرینە لە ڕۆژئاوای کوردستان (زانستە سیاسییەکان) و یوسف زۆزانی، لە کاروباری هونەریشدا هەریەک لە کەمال عەبدوڵڵا و جەمال قەساب کاریان لە گۆڤارەکەدا دەکرد، حەمید دەقوریش بابەتی لەو گۆڤارەدا بڵاوکردووەتەوە.

پێشەکیی ژمارە یەکی گۆڤارەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکرد:"ڕەنگە خوێنەر کە کاروان دەخوێنێتەوە، بپرسێت ... بۆچی بە زمانی عەرەبی دەرکراوە و کۆمەڵەکەش هی خویندکارانی کوردە؟"هەر خۆشیان – دەستەی نووسەران - وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە و دەڵێن:"... لە ڕاستیدا دەمانتوانی گۆڤارەکە بە زمانی کوردی دەربکەین، چونکە ئێمەش زمان و نووسینی تایبەت بە خۆمان هەیە، بەڵام ئێمە بە ئەنقەست گۆڤارەکەمان بە زمانی عەرەبی دەرکرد، بۆئەوەی کێشە ڕزگاریخوازانەکەی خۆمان بە برایانی عەرەب بگەیەنین ..."سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوی گۆڤارەکەش، دەنووسێت و دەڵێت:"... ئەم گەلە مەزنە و ئەو ڕاپەڕینە بە تەوژمە، شۆڕشن و لە ڕێبازی کاروانێکدا بەرەو ڕووناکی دەچن ..."پێشەکییەکە بەم ڕستەیە بەکۆتادێت"بەرەو کوردستانێکی دیموکراسی و ئازاد و کامەران".

نووسینەکانی تر ئەمانە بوون: سڵاو لە کۆنگرەی دوانزە، بە پێنووسی دەستەی نووسەران بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردیی لاتینی – تیشکێک بۆ سەر شەڕی (١٩٦٧) لەپێناو ڕزگارکردنی فەلەستین، بە پێنووسی کاوە – ٢٩ی حوزەیران، بە پێنووسی هیرا – کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە چەند دێڕێکدان دەستەی نووسەران – پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە جیاوازەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، بە پێنووسی پێشمەرگە – سەکۆی ئازاد – بۆ عەرەبەم دەنگم ببیستە، بە پێنووسی قامچی – کوردستانی ئێران، بە پێنووسی ی . ز – نیمچە ڕۆشنبیر، بە پێنووسی سەربەست – کوردستان یان نەمان، بەپێنووسی زۆزانی ٠ ئەتاتورک، بە پێنووسی کۆچەر – داستان و پەند، بە پێنووسی م . س – ئێستا چی، بە پێنووسی سمکۆ – دیمانەیەک لەگەڵ سکرتێری لق – شەهیدانی گەلی کورد – بەهار و نەورۆزی کوردستان – کورد – کۆمەڵکوژیی ئەرمەن، بە پێنووسی کوێستان – لەگەڵ خانیدا، بە پێنووسی م . ع – دەلیقەیەک لەسەر ڕەچەڵەکی کورد – جەواهیری، بە پێنووسی دلبرین –پێنج ڕۆژ لە تەوێڵەکانی سلێمانیدا، بە پێنووسی موکریانی.

لە هەنگاوێکدا بۆ ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم ئەندامانی کۆمەڵە و خوێنەرانی گۆڤارەکە بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیان بخەنە سەر ڕووی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە کە لەگەڵ سیاسەت و هەزری ئەواندا جیاوازن بە ناونیشانی (سەکۆی ئازاد) سەکۆیەکمان کردووەتەوە و بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی دەستەی نووسەران هەژمار دەکرێت.

ژمارەی دووەم: لە نەورۆزی سالّی (١٩٦٨) دەرچووە و ئەم ناونیشانانەی لەخۆگرتووە:

نەورۆز -تا چ ڕادەیەک ڕووکارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بۆ ڕای گشتی ڕوونبووەتەوە -لە ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی ساڵانەی پێنجەمی لقمان- ڕاستییەکان بۆ مێژوو -چرپەیەک لە کانوونەوە -واز لە سیاسەتی چەوساندنەوەی گەلی کوردی سووریا بێنن -جێبەجێنەکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران مایەی پرسیارە -لە گوتەی قارەمانەکانمان لەژێر پەتی سێدارەدا -لەگەڵ بێکەسی شاعیردا -شانۆگەریی برینی ڕەش -کورد - ڕەخنەی گوڵێک - شۆڕشی بەدرخان - سەکۆی ئازاد - گەلی مەزنم - ١٩١٩ لاپەڕەیەکی گەشە لە مێژووی گەلی کورد - چیرۆکی ژمارە (بۆتە).

کۆتا ژمارە و ژمارە سێی گۆڤارەکە: ئەم بابەتانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە: پێشەکی - کورد و فەلەستین - چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە سووریا، بە پێنووسی ع. ح . دەقوری - مانای دیموکراسییەت - کۆمێنت لەسەر گفتوگۆکانی نێوان پارتی و بەعس، بە پێنووسی أ . حەمە سوور - شاعیری نەمر - کوردستانی ئێران - کورتەیەک لەسەر ئەدەبیاتی کوردی و ئەدیبانی، بەپێنووسی مستۆ - بزووتنەوەی خوێنکارانی عێراق و یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە پێنووسی خوێندکارێکی کوردستان - نەخوێندەوارکردن لە کوردستانی تورکیا، بە پێنووسی زۆزانی - کورد باسیل نیکیتین، بە پێنووسی سەربەست - چرپەیەک لە کوردستانەوە، بە پێنووسی کاکی کۆیی.

هەروەک لە پێشتریشدا ڕوونمان کردبووەوە؛ گۆڤارەکە لەم ژمارەیەدا وەستا، بڵاوکراوەیەکی تایبەتیش بە ناوی (نەورۆز) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دەرچووە کە پاش ساڵی ١٩٧٠ بووە و بە داخەوە ئەو بڵاوکراوەیەمان دەست نەکەوت.

دیارترین ئەندامە چالاکەکانی ئەم لقە بریتی بوون لە: دکتۆر کەمال خۆشناو، یوسف زۆزانی، سامان مەجید فەرەج، ڕەسوولّ حەمزە، جەمال قەساب، سەلّاح زێبار، محەمەد عەبدۆ و چەند کەسێکی تریش کە زۆر چالاک بوون لە بواری ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن بۆ کێشەی کورد.

لە ساڵی (١٩٧٥) ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە گەیشتە زیاتر لە (٦٠) ئەندام کە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانی تێدا بوو. دوا لێژنەی کارگێڕی و سکرتێری لقمان دەستنەکەوت و نەمانزانی ئەو ئەندامانە کێ بوون کە دواجار لقەکەیان بەڕێوەبردووە.

لقی سوید

ئەم لقە لە ساڵی (١٩٦٦) لەسەر دەستی کۆمەڵە خوێندکارێک دامەزراوە کە ئەمانەمان لێیان ناسی: جەمال عەلەمدار، بەدرخان (بەدۆ)عەنتەر، غالیب قادر و یەکێکی تریش بوو کە ناوەکەیم بیرنەماوە.

پاشان هەریەک لە عومەر شێخموس، ڕەمزی شەعبان، سەعید عەبدولڕەحمان، ئیبراهیم مام خدر، مەمۆ یەتکین، بەدۆ بەدرخان عەنتەر، سەعید دزەیی و چەند کەسێکی تریشیان هاتنە ڕیزی ئەم لقەوە.

لە کتێبی (کوردی سوید)ی تۆژەری بەناوبانگ ڕوهات ئالا کۆم کە بە زمانی کوردی دانراوە، هاتووە:"... دەتوانین دامەزراندنی لقی سویدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، بە یەکەمین ڕێکخراوی کوردی دابنێین لە سوید، چونکە ئێمە پێش ئەم ڕێکخراوە هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی کوردیمان لەوێ نەبینیبوو ...".

یەکەمین کۆنگرەی ئەم لقە لە شاری ئۆپسالا لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ بوو بەپێی ئەوەی لە کتێبەکەی نەوزاد عەلی ئەحمەددا هاتووە و لەو کۆنگرەیەدا جەمال عەلەمدار بە یەکەمین سکرتێری لقەکە هەڵبژێردرا و هەتاکو ساڵی (١٩٦٨) هەر بە سکرتێری مایەوە - بەگوتەی خۆی- لە ٢٩ی ئابی ١٩٧٩ لقەکە کۆنگرەیەکی دیکەی لە شاری ستۆکهۆڵم بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی لقەکە بەست. ژمارەیەک لە ئەندامانی لقەکەش ئامادەنەبوون، هۆکاری ئەو ئامادەنەبوونەیانمان نەزانی. لەو کۆنگرەیەدا لێژنەیەکی کارگێڕیی نوێ هەڵبژێردرا و هەریەک لە مەحموود قادر بە سکرتێر و مستەفا یەکتین بە جێگری سکرتێر و عادل سەعید بە ژمێریاری لقەکە هەڵبژێردران. لە بەیاننامەیەکی دیکەدا کە لە ٢٠ی ئابی (١٩٧٠)دا دەرچووە، ناوی هەریەک لە ئیبراهیم مام خدر و حوسێن یەکتین و عومەر شێخموس بە ئەندامانی لێژنەی کارگێڕی هاتووە. بەڵام لە کتێبەکەی عومەر شێخموس (جمرة تحت الرماد - محطات مهمة من حياة عمر شيخموس)دا دەڵێت: من بە سکرتێری لقەکە هەڵبژێردرام. لە ڕاستیدا ئەندامانی لقی سوید زۆر ناکۆک بوون و بەیەکەوە نەدەحەوانەوە و دوو ئاراستەی جیاوازیان گرتبوو، ئاراستەیەک هی عومەر شێخموس و بەدۆ عەنتەر و ئیبراهیم مام خدر و چەند کەسێکی دیکە بوون، ئاراستەکەی دی جەمال عەلەمدار و چەند کەسێکی دیکە سەرۆکایەتییان دەکرد.

بەیاننامەیەک بە زمانی کوردی بەناوی بەدۆ عەنتەر و بە نوێنەرایەتیی لێژنەی کارگێڕیی لق بڵاوکرایەوە کە: لقی سوید، کۆنگرەی خۆی لە ١٩ی ئابی ١٩٧٠ لە شاری ئۆپسالا بەستووە و ٢٣ ئەندام بەشداریان لە کۆنگرەکەدا کردووە. بەڵام جەمال عەلەمدار ئەو بەیاننامەیەی ڕەتکردەوە و خاوەنەکەی بە وەرگرتنی بەرتیل و پەیوەندیی گوماناویی لەگەڵ باڵیۆزخانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا تۆمەتبار کرد و داوای دەرکردنی کرد لە لێژنە کارگێڕییەکە کە بووە هۆی کشانەی چەند ئەندامێک و لە کۆتایی کۆنگرەکەدا لێژنەیەکی کارگێڕی بۆ لقەکە هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە بەهزاد بەتا بە سکرتێر و مەحموود باکسی جێگر و شەرڤان سوار و حەمید دەقوری و حوسێن یەکتین و دوو ئەندامی دیکە کە دواتر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری دەکرێن. بەیاننامەکەش ڕێککەوتی ١٣ی ئەیلوولی ١٩٧٢ی لێدرابوو و لەلایەن بەجۆ عەنتەرەوە ئیمزاکرابوو. بەیاننامەیەکی دیکە لەسەر کۆنگرەکە دەرکرا و ڕێککەوتی ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧٢)ی پێوەبوو، سەیرە !! دەرکردنی ئەم هەموو بەیاننامەیە وامان لێدەکات بپرسین، ئاخۆ ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا کشاونەتەوە، کۆنگرەیەکی تایبەت بە خۆیان بەستووە بۆ لقەکە؟ زۆریشمان هەوڵ دا هۆکاری ئەمە بزانین، بەڵام نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک.

چالاکییەکانی ئەم لقە: بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی ١ی ئایار و چەند خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی دەربڕین دژی ڕژێمەکانی بەغدا و ئەنقەرە، تاران و دیمەشق کە ڕەفتاری بەربەرییانەیان دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامداوە. لەوانەش خۆپیشاندانێک لە ١٥ی حوزەیران دژی حکومەتی عێراق بە بەشداریی قوتابیانی سوید و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و پۆڵۆنیا و یەکێتیی سۆڤیەت لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق کە ڕۆژنامەکانی سویدیش ئەم ڕووداوەیان وەکو هەواڵێک لەلای خۆیان بڵاوکردبووەوە.

عومەر شێخموس، بەدۆ عەنتەر، جەمال عەلەمدار و ڕەشۆ زیلان و سەعید عەبدولڕەحمان و چەند کەسێکی دیکە، لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی لقی سوید بوونە. هەتاکو ساڵی (١٩٧٥) ژمارەی ئەندامانی لقی سوید گەیشتبووە (٢٥ – ٣٠) ئەندام و لەگەڵ جودابوونەوەی کۆمەڵەکە لەو ساڵەدا، لقەکانی کۆمەڵەکەش هەرەسیان هێنا و ئەوانیش بوونە دوو لەتەوە و بەشێکیان هەر لە کۆمەڵە سەرەکییەکە مانەوە و هەندێکیشیان چونە نێو (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە تاراوگە – AKSA).

لقی ڕۆمانیا

لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی یانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپادا کە لە ساڵی (١٩٦٦)بەسترا، باس لەوەکراوە؛ نوێنەرانی ڕۆمانیا بەشداریان لە کۆنگرەکەدا کردووە، نەمانزانی ئاخۆ ئەمانە هەر کەسە و بۆخۆی هاتووە یاخود بە نوێنەرایەتیی لقی ڕۆمانیا، هەوڵیشم دا بزانم ئەو ئامادەبوونە چۆن بووە، بەڵام هیچم دەست نەکەوت. پێدەچێت لقەکە پێش ئەم مێژووە دامەزرابێت، بەڵام لەبەر کەمیی ژمارەی ئەندامانی و لاوازیی چالاکییەکانیان لقەکە سڕکراوە و دواتر لە کۆتاکانی ١٩٧٠ جارێکی دیکە پاش گەیشتنی ژمارەیەکی باشی قوتابیانی کورد، کاراکرابێتەوە. لە ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی ساڵی ١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە کە لقی ڕۆمانیا ئاهەنگیان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە گێڕاوە، واتە ئەم لقە لەوساوە هەبووە.

لە ٩ی نیسانی ٢٠١٤ سەردانێکی دکتۆر مومتاز حوسێنم کرد لە شاری (هیرتن) ی ئەڵمانیا کە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی لقی ڕۆمانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و چەند ساڵێک سکرتێری ئەو لقە بووە و بە گوتەی خۆی:"لە ساڵی ١٩٧٠ چوومە ڕۆمانیا، بەڵام ئەوکات هێشتا لقەکەی ئەوێ دانەمەزرابوو، ئەوکات چوار خوێندکاری ڕۆژئاوای کوردستان لە بوخارست بوون کە خورشید حوسێن، لە جەزیرە، ڕەشۆ ....؟ لە عەفرین، عەلی بوزۆ لە کۆبانێ و هانی کیکی کوردی دیمەشق و پێموابێ هەموویان بە مینحەی حزبی شیوعیی سووریا هاتبنە ئەوێ، چونکە ئەوان ئەندامی کۆمەڵەی قوتابیانی سووریا بوون کە سەر بە حزبەکەیە و هیچ چالاکییەکی ئەوتۆی ئاشکرایان نەدەکرد کە پەیوەندیی بە کێشەی کوردەوە هەبێت، بەڵام ئەوان بە نهێنی هانی ئێمەیان دەدا".

مومتاز حوسێن درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ:"سەرەتای گەیشتنم بە ڕۆمانیا، یەحیا حەمیدم ناسی کە کوردی باشووری و ئەندامی حزبی شیوعیی عێراقی بوو و ئەندامی کۆمەڵەکەش بوو و بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەی پێدەگەیشت و بابەتە گرنگەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی ڕۆمانی و منیش ماوەیەکی دوور و درێژ خەریکی نووسینەوەی بابەتەکان بووم بە دەستخەتی خۆم و چەند ژمارەیەکم لێیان دەنووسییەوە و دابەشم دەکردە سەر قوتابیانی ڕۆمان و عەرەب و بیانی."کاتێک لێمپرسی: بۆچی بە

دەستخەتی خۆت و بە ئامێری فۆتۆکۆپی، کۆپیتان نەدەکرد؟ گوتی: کۆپیکردن و چاپکردنی هەموو شتێک لە وڵاتانی سۆشیالیستیدا قەدەغە بوو، بە ڕۆمانیاشەوە. هیچ ئامێرێکی کۆپیکردنت لە دەرەوەی فەرمانگە حکومییەکان بەرچاو نەدەکەوت، بۆیە من وەها ناومدابووەوە کە لەنێو خوێندکاراندا خەریکی کوردایەتیم.

بەپێی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق و بەدیاریکراوی لە پایزی ئەوساڵەدا پێنج خوێندکاری باشووری کوردستان مینحەیان پێدرا و هاتنە ڕۆمانیا، ئەوانیش: ئیبراهیم خەڵەف شەنگالی، خالید حەیدەری، لاوچاک حەفید، زێدان غێدان، لە کوردی لوڕ و فازڵ قەفتان. مومتاز حوسێن بۆ پێشوازیکردنیان و هاوکاریکردنیان لە فەرمانگەکانی زانکۆ، چووە فڕۆکەخانە و ئەوانی ناسی. پاش چەند دیدارێکی دوای یەک و بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لقی سەرەکیی کۆمەڵەکە لە بەرلینی ڕۆژئاوا، دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە لقی ڕۆمانیای کۆمەڵەکە دابەزرێنن، دامەزرێنەرانیش حەوت کەس بوون: بێجگە لەوانەی پێشتر ناویانمان هێنا، یەحیا حەمید و مومتاز حوسێن بوون. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا، ئیبراهیم خەڵەف شنگالییان بە سەرۆکی لق هەڵبژارد، بەڵام ئیبراهیم داوای لێبووردنی کرد و بە زمانی خۆی گوتی توانای بەڕێوەبردنی لقەکەم نییە، ئینجا ئامادەبووان لە جێگەی ئەو، فازڵ قەفتانیان هەڵبژارد و مومتاز حوسێن بە سکرتێری لق هەڵبژێردرا و لاوچاک حەفید بە ئەندامی لێژنەی لقەکە. هەروەها دکتۆر مومتاز گوتی:"لە ساڵی (١٩٧١) جەمال عەلەمدار سەردانیی کردین و وەکو نێوەندگیرێک بوو لەنێوان ئێمە و لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە".

لە لاپەڕە چواری ژمارە (٥ – ٦)ی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە) کە لە مانگی ئاداری ١٩٧٣دا بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: کۆنفرانسی سێیەمی لقی ڕۆمانیا لە ٢-٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢بە گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب بەسترا، ئینجا دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، تەواوی ئەندامانی لقەکە لەو کۆنفرانسەدا ئامادەبوون و نوێنەری دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە و نوێنەری لقی بولگاریای میللی و ١٥ ڕێکخراوی خوێندکاران لە ڕۆمانیا و ژمارەیەک لە مامۆستا و کەسایەتیی زانستی و ژمارەیەکی زۆری دۆستانی کۆمەڵەکە لە زانکۆ و کۆلێجەکانی بوخارست ئامادە ببوون ...".

لـە سـاڵی (١٩٧٢)شـدا ژمارەیـەک خوێنـدکاری دیکـەی باشـووری کوردسـتان هاتنـە لقـی ڕۆمانیـا، لەنێویانـدا جـەزا ....؟ هاشـم ....؟ هـەوراز .....؟ ئـەو خوێنـدەکارە کوردانـەی ڕۆژئـاواش هاتنـە نێـو لقەکـەوە (ڕەشـۆ و عەلـی بـوزۆ و خورشـید حوسـێن) کـە پـاش تەواوکردنـی خوێندنەکـەی، پەیوەندیـی بـە شۆڕشـی کـوردی باشـووری کوردسـتان کـرد. هەروەهـا عـادل زەینەلیـش لـە سـاڵی (١٩٧٤) هاتـە نێـو لقەکـەوە کـە خوێندکارێکـی کـوردی ناوچـەی عەفرین بـوو.

لـە سـاڵی (١٩٧٤) فـازڵ قەفتـان، سـەرۆکی لقـی ڕۆمانیـا گەڕایـەوە کوردسـتان و مومتـاز حوسـێن بـۆ سـاڵانێکی زۆر، بـووە سـکرتێری لقەکـە. بێجگـە لـەو ناوانـەی لەپێشـەوە ژماردمـان، بەپێـی گوتەکانـی دکتـۆر عـادل زەینـەل کـە لـە ١٠ی ئەیلوولـی ٢٠٢١ لـە هەولێر بینیمـەوە، دووپاتـی کـردەوە؛ ئـەم ناوانـەش هـەر لـە لقـی ڕۆمانیـا بـوون: پڕشـنگ حاجـۆ، یوسـف تەربـوش[١٨٩]، عـادل زەینـەل، نیـازی عەبـدۆ، جەبـار سـادق، وەیـس تەعسـان (کۆبانـێ)، ئیبراهیـم بلاڕەش و .....

چالاکییەکانـی ئـەم لقـە بریتـی بـوو لـە پەیوەندیکـردن بـە ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی ڕۆمانیـا و ڕێکخـراوە بیانییەکانـی لـە ڕۆمـا خەباتیـان دەکـرد، ئامانـج لـەو پەیوەندیکـردن و دیدارانـەی نێـوان قوتابیانـی کـوردی لقـی ڕۆمانیـا و ئەوانـی دیکـە، ناسـاندنی کێشـەی کـورد و ڕووبەڕوونکردنـەوەی ئـەو زوڵـم و سـتەمەی لـە کـوردی پارچەکانـی کوردسـتان دەکرێـت و ڕووی ڕاسـتەقینەی داگیرکەرانـی کوردسـتان لـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتێکی ڕەگەزپەرسـتانەی کۆلۆنیالیزمـی بـۆ دۆسـتانیان دەربخـەن و داوای پشـتگیریکردنی گەلـی کـورد و ئیدانەکردنـی ئـەو سیاسـەتانەیان لێدەکـردن، لـە ڕێگـەی دەرکردنـی بەیاننامـەی هاوبەشـی نێوانیـان. لـە نمونـەی ئـەو بەیاننامـە هاوبەشـانەدا، ئـەو بەیاننامـە هاوبەشـە بـوو کـە بـە بەشـداریی (١٥) ڕێکخـراوی قوتابیانـی عـەرەب و بیانـی دەرکـرا و دانەیـان لـێ نێردرایـە سـکرتارییەتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان تـەواوی دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەکان و ئاژانسـەکانی هـەواڵ و ڕێکخـراوە پەیوەندیـدارەکان بـە مافەکانـی مـرۆڤ. ئـەم لقـە پەیوەندیـی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان، کرێـکاران، لاوان و پەیمانگـەی وەرزشیشـدا هەبـوو کـە توانییـان ژمارەیـەک مینحـەی خوێنـدن لـە زانکۆکانـی ڕۆمانیـا بـۆ قوتابیانـی کـورد وەربگـرن. هەروەهـا ئەندامانـی ئـەم لقـە بەشـدارییان لـە چالاکیـی قوتابیانـی

وڵاتانی دیکەشدا دەکرد، بۆ نموونە بەشداریکردنیان لە (هەفتەی گەلی فەلەستین) و بەشداربوون لە کۆنگرە و ئاهەنگەکانی ڕۆمان و قوتابیانی بیانیش.

لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٢) یادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی (١٩٦١) یان کرد و قوتابیانی ڕۆمانیا و ئەو بیانیانەی لەوێ دەیانخوێند، داوەتکران و لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسدا بەشداریان لەو یادەدا کرد، سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی ڕۆمانیا (برلینا ...؟) یەکێک بوو لە بەشداربووان و وتارێکی پێشکەش ئامادەبووان کرد و لە وتارەکەیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ گەلی کورد خواست، سەرکەوتنێک کە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و شارستانیی لێبێتە بەرهەم، وتارێکی دی لەلایەن نوێنەرایەتیی حزبی شیوعیی عێراقی لە ڕۆمانیا خوێندرایەوە، ئینجا وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان و فازڵ قەفتان، سکرتێری لقی ڕۆمانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا خوێنرانەوە.

ئەم لقە لە ساڵی (١٩٧٣) تیپێکی مۆسیقای بە سەرپەرشتیی ئەحمەد بەسیرە دامەزراند و لە ساڵی ١٩٧٢ەوە ئەم لقە هەموو بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکانی یادکردووەتەوە و لە سەنتەری لاوانی ڕۆمانیدا، ئاهەنگی بەبۆنەکانیان گێڕاوە. بەتایبەتی یادەکانی نەورۆز کە زۆربەیان لە بۆخارستی پایتەخت و شارەکانی دیکەدا ساز دەدران. هەروەها لە یادی شۆڕشی ئەیلوولیشدا ڕێکخراوەکانی قوتابیانی ڕۆمانیا و بیانییەکانی داوەتی ئاهەنگەکان کردووە. زۆربەی ئەوانەی وتاریان لەو بۆنانەدا دەخوێندەوە، پیرۆزباییان لە نەتەوەی کورد دەکرد و ئاماژەیان بۆ پشتیوانیکردنی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە. ئەو کەس و لایەنانەشی بەشداریی ئاهەنگەکانی قوتابیانی کوردیان کردووە بریتین لە: سکرتێری قوتابیانی ڕۆمانیا و بەرپرسی قوتابیانی بیانی لە بۆخارست، نوێنەرانی قوتابیانی عێراق، قوتابیانی ئەفریقیا و سووریا، قوتابیانی شۆڕشگێڕانی ئەریتیریا و کۆمەڵەی قوتابیانی سۆماڵ و کۆمەڵەی قوتابیانی قوبرس، یەمەن، مەغریب، سوودان و حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەروەها ساڵانە ئاهەنگی یەکتناسینی قوتابیانیان سازداوە و ئاهەنگی بەڕێخستنی ئەو خوێندکارانەشیان گێڕاوە کە خوێندنیان تەواو کردووە و دەگەڕێنەوە کوردستان.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، ئاماژە بەوە بدەین کە بە گوتەکانی دکتۆر مومتاز

حوسێن و بە پێشنیازی ئەو، لقی ڕۆمانیا دەستپێشخەرییەکی داوەتە بەرپرسانی ڕۆمانیا و ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە ڕۆژانی کاری هەرەوەزیدا دەربڕی کە هاوشان لەگەڵ قوتابیانی ڕۆمانیا و کارگە و کۆمپانیا و پڕۆژە کشتوکاڵییەکاندا بە هاوبەشی ئەنجامی بدەن، ئەمەشیان بۆئەوەبوو کە وەک وەڵامدانەوەی ئەو چاکەیە بێت کە حکومەتی ڕۆمانیا ساڵانە ئەوەندە مینحەی خوێندن بۆ قوتابیانی کورد دابین دەکات. دەستپێشخەرییەکەی قوتابیانی کورد لەلایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و وەک نموونەیەکی وەفاداری تا ماوەیەکی زۆر بەسەر زاری بەرپرسانی ئەو وڵاتە بوو.

سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی ئەم لقە، لقی ڕۆمانیا هیچ بڵاوکراوەکی تایبەت بە خۆیان نەبوو، بەڵکو ژمارەیەک بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەیان وەردەگێڕایە سەر زمانی ڕۆمانی و بەسەر ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ئاژانسەکانی هەواڵ و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندیان دابەش دەکرد، هەروەها کارتی یادگارییان لە یادی شۆڕشی ١١ی ئەیلوول دەردەکرد و بە شێوەیەکی بەرفراوان دابەشیان دەکردە سەر خوێندکاران و هاووڵاتیانی ڕۆمانیا.

تاکو ساڵی (١٩٧٥) ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە گەیشتە نزیکەی (١٥) ئەندام و زۆربەشیان گەنج بوون. دوا لێژنەی کارگێڕیی ئەم لقەی پێش جودابوونەوە، پێکهاتبوو لە: مومتاز حوسێن، سکرتێری لق و سامی لە باشووری کوردستان، ئیبراهیم بلاڕەش و .... چەند ئەندامێکی تر لە لێژنەی کارگێڕی.

هەڵوێستی لقەکەش لە جودابوونەوەی کۆمەڵەکە، بەشێوەیەک بوو کە (٥ – ٦) ئەندامیان چوونە نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە تازە خەریکی دامەزراندن بوون، لەوانە: ئیبراهیم بلاڕەش، جەبار سادق و چەند کەسێکی تر، بەڵام زۆرینەیان هەر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا مانەوە و هەر ئەو بەشەیان بوو کە تا ماوەیەک لە نێوەندەکانی ڕۆمانیا باوەڕپێکرا و بوون – بە گوتەی دکتۆر مومتاز حوسێن- .

لقی فەڕەنسا

لەکاتی بەدواداچوونی دانیشتنەکانی کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵەکە کە لە ساڵی (١٩٦٤) بەسترا، ناوی لقی فەڕەنسا وەک بەشداربوویەکی کۆنگرە هاتبوو، واتە ئەم لقە لەو ساڵەدا دامەزرابوو و زۆزک ڕواندزی بەرپرسی لق بوو، هەروەها هەریەک لە عومەر دزەیی، حەمید سینۆ، جەمیل ...؟ محەمەد ساڵح قەرەداغی، زۆزان بوجاق، لەیلا بوجاق کە لە ئەمەریکاوە هاتبوو، ڕفعەت شوانی، دوڕییە عەونی کە وەک ڕۆژنامەوانێک لە ئاژانسی فڕانس پرێسدا کاری دەکرد، محەمەد مەهتەدی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەفعەت سمۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەندامی ئەو لقە بوون کە چەند ساڵێک ژمارەیان هەروا بە کەمی مایەوە.

فەوزی ئەسعەد پێیگوتم: کاتێک لقی فەڕەنسای کۆمەڵەکە، یادی نەورۆزی ساڵی (١٩٦٧) کردەوە، ژمارەیان تەنیا چوار کەس بوو کە خۆی یەکێک لەو چوار کەسە بووە. لە پاریس چەند ئاگادارییەکیان بە قەد دیواری چەند بینایەکدا هەڵواسیبوو، داوای لە گەلی فەڕەنسا دەکرد، هاوکاری بە شۆڕشی ئەیلوول ببەخشن کە مستەفا بارزانی ڕابەرایەتیی دەکات. ئەو هاوکارییەی لقەکە لە گەلی فەڕەنسای کۆکردبووەوە ڕادەستی دکتۆر مەحموود عوسمانی کرد کە ئەوکات لە سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو، ئەوکاتیش ڕفعەت شوانی سکرتێری لق بوو.

بڵاوکراوەکانی لق: لە ژمارە چواری گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە)دا بڵاوکراوەتەوە کە لە تشرینی یەکەمی (١٩٧٢)دا دەرچووە: لقی فەڕەنسا کۆنگرەی ساڵانەی خۆی لە ٢٧ی حوزەیرانی (١٩٧٢)دا بەست و گۆڤارێکی بە زمانی فەڕەنیسش دەرکرد ...."، هەوڵمان دا ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەمان دەست بکەوێت، بەڵام دەستمان نەکەوت. لە زۆربەی بۆنەکانیشدا ئەم لقە بەیاننامەیان دەرکردووە و زۆربەیان لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی و شۆڕشگێڕانی کورد و تەعریبکردنی ناوچەکانی کەرکووک و مەندەلی و شنگال بووە لە باشووری کوردستان. هەروەها بڵاوکراوەیەکیشیان بەهاوبەشی لەگەڵ قوتابیانی یۆنان و لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کورد بڵاوکردووەتەوە کە تایبەتە بە بارودۆخی باکووری کوردستان، هەروەک لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەکەدا هاتووە. هەروەها ژمارەیەک

لـە بەیاننامەکانـی کۆمەڵەکـە و حزبـە کوردسـتانییەکانیان وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی فەڕەنسـی و بەسـەر ئاژانسـەکانی هـەواڵ و میدیایـان دابـەش کـردووە.

هەروەهـا ئەندامانـی لقـی فەڕەنسـا بەشـداربیان لـە ئاهەنـگ و بۆنەکانـی کۆمەڵـەی قوتابیانـی فەڕەنسـا و ئەوانـەی لەنێـو خاکـی فەڕەنسـادا خەبـات دەکـەن، کـردووە. وتارێکیشـیان لـەو کۆنگرەیـە پێشـکەش کـرد کـە لـە (مۆتوالیـت) بـەسترا و داوای مافەکانـی گەلـی ئێرلەنـدای دەکـرد، هەروەهـا لـەو کۆنگرەیەشـدا بەشـداربوون کـە لـە (ماڵـی کەنـەدی) لەنێـو شـاری زانکـۆدا بەسترابـوو کـە تایبـەت بـوو بـە گەلـی تورکیـا و بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ (لێژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد) و وتارێکیـان لەوێـدا خوێنـدەوە. بەشداریشـیان لـە چەندیـن پیشـانگای خوێندکارانـدا کـردووە لـە زانکۆکانـی فەڕەنسـا.

لـە ١٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٣ فیلمێکـی دیکۆمێنتـاری و ژمارەیـەک وێنـەی فۆتۆگرافیـان لـە شـاری زاکـۆی نێودەوڵەتـی لـە پاریـس نمایـش کـرد کـە تایبـەت بـوو بـە خەباتـی پێشـمەرگە و لەگـەڵ نمایشـەکەدا ڕوونکردنەوەشـیان دەدایـە ئامادەبـووان، ئـەم چالاکییەیـان بـە هەماهەنگـی بـوو لەگـەڵ ژمارەیـەک ڕۆژنامەوانـی فەڕەنسـی کـە بەمدواییـە لـە کوردسـتانی باشـوور گەڕابوونـەوە. ژمارەیەکـی زۆری قوتابیانـی فەڕەنسـا و بیانـی ئامـادەی نمایشـەکە بـوون. چەنـد دەزگایەکـی ڕاگەیاندیشـی لێبـوو و ڕووماڵـی چالاکییەکەیـان دەکـرد. هەروەهـا لقەکـە لـە ١٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٣ و بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ لێژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی کـورد لـە فەڕەنسـا و هـەر لـە هۆڵەکـەی خۆیـان، ژمارەیـەک وێنـەی فۆتۆگرافیـان لەسـەر کوردسـتان نمایـش کـردووە و شرۆڤەیەکیشـیان بـۆ وێنـەکان پێشـکەش کـردووە.

دیارتریـن ئەندامـی چالاکـی ئـەم لقـە، ڕەفعـەت شـوانی، عەبدولحەمیـد سـینۆ و چەنـد کەسـێکی تـر بـوون. لـە سـاڵی ١٩٧٥دا ژمارەی ئەندامانیـان گەیشـتە (١٠) ئەنـدام و نـاوی دوا سـکرتێر و ئەندامانـی لێژنـەی کارگێڕیـی لقەکەمـان دەسـت نەکـەوت.

لقی بولگاریا

بەپێی یەکێک لەو ڕاپۆرتانەی لەبەردەستماندایە، ئەم لقە لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٦٤) دامەزراوە و نوێنەرانی لق لە کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بەشداربوونە. بەڵام پێدەچێت ئەم لقە هێندە چالاک نەبووبێت، ئەگەرچی ژمارەیەکی باشی قوتابیانی کوردیشی بۆ چووبوو، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان و زۆربەیان ئەندامی حزبی شیوعیی عێراقی و سووری بوون کە حزبە شیوعییە سووریەکە ڕێگربوو لە ئەندامبوونی قوتابیانی کورد لەو کۆمەڵەیە و کارکردن لەگەڵیان. -بەپێی گوتەکانی فەوزی ئەسعەد-

لە ساڵی (١٩٦٨) کۆمەڵە خوێندکارێکی باشووری کوردستان بە مینحەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور کە شەهید سامی عەبدولڕەحمان وەزیری بوو، گەیشتنە بولگاریا، پاشان بە ماوەیەکی کەم هەریەک لە فەورزی ئەسعەد و جەمال ڕەشیدیش گەیشتن، پاش ئەوەی ژمارەی ئەندامانی لقەکە بەرزبووەوە، لقەکە دووبارە خۆی ڕێکخستەوە و چەند چالاکییەکی ئەنجام دا.

لە دریژەی قسەکانیدا فەوزی ئەسعەد دەڵێت:".... هاوینی ساڵی (١٩٦٩)م لەبیرە کە کەس لە بەشداربووانی لقی بولگاریا لە کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەکە کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەسترا، ئامادە نەبوون وتاری لقی کۆمەڵەکە بخوێننەوە کە زۆربەشیان لەمن لەپێشتر لەوێ بوون، ناچار من وتاری لقەکەم خوێندەوە؛ هەرچەندە من سکرتێری لق نەبووم، بگرە ئەندامێکی تازەی لقەکە بووم ...".لەم قسانەشدا ئەوە تێدەگەین کە لقەکە هەتاکو ئەو مێژووە چالاک نەبووە و پێدەچێت دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەش بەشێکی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیی لقەکەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بەپێی پێویست بایەخیان بە لقەکە نەدابوو، فەوزی ئەسعەد ڕەخنەی لە دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە دەگرت لەسەر ئەو کەمتەرخەمی و بێباکییەیان.

لە لاپەڕە حەوتی ژمارە لەیەکدارەوەکەی (٥ - ٦)ی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە) دا هاتووە؛ لە ئاداری ساڵی (١٩٧٣) بڵاوکراوەتەوە: لقەکە کۆنگرەی ساڵانەی سێیەمی خۆی لە ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٢) لە سۆفیای پایتەختدا بەست و ئەندامانی لق و نوێنەرانی چەند ڕێکخراوێکی قوتابیانیش ئامادەی کۆنگرەکە

ببـوون. شـاندی لاوانـی بولگاریـا و نوێنـەری یانـەی دۆسـتایەتیی بولگاریـا و نوێنـەری لقـی ڕۆمانیـاش ئامـادە ببـوون. سـەرەتا سـەرۆکی لـق وتـاری خوێنـدەوە و دوابـەدوای ئـەو نوێنەرانـی کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکانـی دیکـەی قوتابیـان وتـاری خۆیـان خوێنـدەوە. **چالاکییەکانـی لـق:** پـاش ئـەوەی ئـەم وەجبـە خوێنـدکارە نوێیەیـان تێکـەڵ بـوو، لقەکـە دەستپێشـخەریی ئـەوەی دەکـرد، پێویسـتە پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵەکانـی خوێنـدکاران و لاوانـی بولگاریـا لەلایـەک و سـەرجەم کۆمەڵـە و یەکێتییەکانـی قوتابیانـی بیانیـش کـە لـە بولگاریـا کاریـان دەکـرد، لەلایەکـی تـر، ببـەستن و لـە دیـدارە هاوبەشـەکانیاندا دۆخـی کـوردی پارچەکانـی کوردسـتانیان بـۆ ڕوون بکەنـەوە و دەنگـی کـورد بـە ڕای گشـتی و گـەل و حکومەتـی بولگاریـا بگەیەنـن و داوایـان لێبکـەن پشـتگیریی خەباتـی شۆڕشـگێڕانی کـورد بکـەن لەپێنـاو بەدیهێنانـی ئـازادی و ڕزگاربـوون لـە دەسـتی داگیـرکاران و کۆیلایەتـی و دواکەوتـن، بۆئـەوەی بـە مافـی چـارەی خۆنووسـی خـۆی بـگات. ئەندامانـی لـق بەشـداریان لـە کۆنگرەکانـی قوتابیانـی بولگاریـا و بیانییـەکان، فەلەسـتین، ئـوردن و عێراقییەکانـدا کـردووە و وتـاری لقیـان بەنـاوی کۆمەڵەکـەوە خوێندووەتـەوە و لـە چەندیـن سـیمیناری سیاسیشـدا بەشـداربووە و لەبـارەی گەلـی کـورد و شۆڕشـە چەکداریەکـەی باشـووری کوردسـتان ڕاپۆرتـی پێشکەشـکردووە.

کاتێـک هەواڵـی ئەوەیـان پێگەیشـت کـە ڕژێمـی عێـراق بەنیـازە کچـە شۆڕشـگێڕی کـورد (لـەیلا قاسـم) لـە ١٢ی ئایـاری سـاڵی (١٩٧٤) ئیعـدام بـکات، لقەکـە نامەیەکـی ناڕەزایـی و ئیدانەکردنـی بـۆ سـەرۆکی ئەوسـای عێـراق ئەحمـەد حەسـەن بەکـر نـارد و نامەکـەی ڕادەسـتی باڵیۆزخانـەی عێـراق کـرد لـە سـۆفیا. لقەکـەی بولگاریـا ڕژدبـوو لەسـەر بەشـداریکردن لـە فیسـتیڤاڵ و کۆنگرەکانـی قوتابیـان و لاوانـی جیهانـی کـە لـە بولگاریـا و شـارەکانی دیکـەدا دەبـەستران، بـۆ نمونـە: ئامادەبوونـی هـەردوو ئەندامەکـەی لـق، فـەوزی ئەسـعەد و ئـازاد نەقشـبەندی لـە کۆنگرەی لاوان و قوتابیانـی جیهـان کـە لەشـاری (ڤاریـا) بـەسترا و چاویـان بـە سـکرتارییەتی یەکێتیـی خوێنـدکاران و لاوانـی جیهـان کـەوت و داوایـان لێکـردن ئـەوان وەکـو کـورد بەشـدار بـن، بـەڵام داواکەیـان ڕەتکرایـەوە، نـەک هـەر ئەوەنـدە بگـرە دەسـەڵاتدارانی بولگاریـا داوای لێکـردن بـە زووتریـن کات وڵات بەجێبهێڵـن و لەکوێـوە هاتـوون بگەڕێنـەوە ئـەوێ. کاتێکیـش نووسـینگەی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق بـە فەرمـی داوای لـە حکومەتـی بولگاریـا کـرد، سـێ خوێنـدکاری کـورد

لـە وڵاتەکـەی دەربـکات، لقەکـە شـاندێکی لـە فـەوزی ئەسـعەد و ڕووناک ...؟ و تالیـب کاکەیـی پێکهێنـا و سـەردانی لێژنـەی مەرکەزیـی حزبـی شـیوعیی دەسـەڵاتداریان کـرد و ئەوانیـش دۆسـیەکەیان ڕەوانـەی وەزارەتـی دەرەوە کـرد و لـەوێ پێیانگوتـرا: هیـچ کامێکیـان دەرناکەیـن، بـەڵام دەبـێ ئـەم خوێنـدکارە کوردانـە هیـچ چالاکییەکـی سیاسـی ئەنجـام نـەدەن کـە ببێتـە هـۆی ئسـتفزازکردنی ڕژێمـی بەعسـی (پێشـکەوتنخواز!!) لـە عێـراق، بـە گوتـەی خۆیـان.

سـەرەتای دەسـتپێکردنی چالاکییەکانـی ئـەم لقـە، بـە یادکردنـەوەی جەژنـی نـەورۆز دەسـتپێکرد و ژمارەیەکـی زۆری دۆسـتانی کوردیـان داوەتـی ئاهەنگـەکان دەکـرد و فیلمـی دیکۆمێنتارییـان لەسـەر جوانیـی سرووشـتی کوردسـتان و خەباتـی پێشـمەرگە و مسـتەفا بارزانیـی ڕابـەر نمایـش دەکـرد و جلوبەرگـی فۆلکلۆریـی کوردیشـیانبە ئامادەبـووان ئاشـنا دەکـرد.

لەبـارەی بڵاوکراوەکانـی لقـی بولگاریـا، دەرکردنـی چەنـد بەیاننامەیـەک بـە بۆنەکانـی سـاڵیادی دامەزراندنـی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و جەژنەکانـی نـەورۆز و شۆڕشـی ئەیلـوول و وەرگێڕانـی ئـەو بەیاننامانـەی کـە بابەتـی گرنگیـان تێدایـە، بـۆ سـەر زمانـی بولـگاری و ئینگلیـزی و دابەشـکردنیان بەسـەر ڕێکخـراو و کۆمەڵەکانـی خوێنـدکاران و لاوانـی بولگاریـا و بیانییـەکان، هیـچ بڵاوکـراوەی تایبـەت بەخۆیـان نەبـوو.

لـە ئەندامـە چالاکەکانـی لقەکـە: فـەوزی ئەسـعەد، ڕووناک ...؟ ئـازاد نەقشـبەندی و جەمـال ڕەشـید و ..... ئەتروشـی و چەنـد کەسـێکی دیکـە. لـە سـاڵی ١٩٧٥دا ژمـارەی ئەندامانـی ئـەم لقـە گەیشـتە (٢٠) ئەنـدام .

لقی هەنگاریا

لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەکەدا باسکراوە: ئەم لقە لە ساڵی (١٩٦٤) لەسەر دەستی پێنج خوێندکار دامەزراوە کە ئەمانەن: شەفیق جومعە، عەدنان یونس (گولک)، محەمەد مەلا مەحموود، تەحسین لوتفی و شێرکۆ دزەیی. لە ٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٥ دکتۆر عەدنان یونسم لە هەولێر بینی و پێیگوتم:"لە ساڵی (١٩٦١) چومە هەنگاریا، ئەو لقە دامەزرابوو و هەریەک لە سەڵاح حەفید و شەفیق جومعە، پێش من چووبوونە هەنگاریا و ئەوکات .....؟ سکرتێری لق بوو. ئەوەی دواییان سکرتاریەتی لقی لە ساڵی (١٩٧١) وەرگرتبوو هەتاکو (١٩٧٥). دەستەی کارگێڕیشی پێکهاتبوو لە: تەحسین لوتفی، شێرکۆ دزەیی و محەمەد مەلا مەحموود و چەند خوێندکارێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانیش ئەندامی لقەکە بوون کە سەر بە حزبی شیوعیی سووریا بوون.

لەبارەی کۆنگرە و ئەو کۆبوونەوانەی لقەکە ساڵانە تاکو ساڵی (١٩٧٥) ئەنجامیداون. بەڵام لە لاپەڕە حەوتی ئەو ژمارە لێکدراوەی (٥ – ٦)ی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە) کە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٣دا دەرچووە، بە ناونیشانی (لقی هەنگاریا) بەم شێوەیە باس لەم لقە دەکات:"لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی بەست و ئەندامانی لقەکە و نوێنەرانی ڕێکخراوە بیانی و عەرەبییەکانیش بەشداریان لەو کۆبوونەوەدا کردبوو. ڕێکخەری کۆبوونەوەکە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد، ئینجا سکرتێری لق وتاری کردنەوەی خوێندەوە، ئینجا نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی دیکە وتاری خۆیان پێشکەش کرد، ...".

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٣) کە ڕێککەوتی ٢٥ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ی لێدراوە و لە مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەرچووە و بەسەر سەرجەم لقەکانی کۆمەڵەکەدا دابەشکراوە، دەڵێت:"مەکتەبی سکرتاریەت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە، بڕیاری سڕکردنی لقی هەنگاریای دا، چونکە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ و دەستووری کۆمەڵەکەی کردووە و سووڕە لەسەر دژایەتیکردنی شۆڕشی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق و پشتیوانیکردن لە دەسەڵاتی بەعس کە لەم ڕۆژانەدا شەڕێکی دژواری دژی گەلی کورد بەرپاکردووە و بە بڕووسکەیەک پشتگیریی لە پڕۆژەی ئەو ئۆتۆنۆمییە کردووە کە بەعسییەکان تاکلایەنانە ڕایگەیاندووە و بەیاننامەی دژی شۆڕشیشیان بڵاوکردووەتەوە.

ئەم لقە هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆی بڵاونەکردووەتەوە و تەنیا لە یادەکانی نەورۆز و چەند بۆنەیەکی تردا بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دابەش دەکرد.

سەبارەت بە چالاکی و پەیوەندییەکان لق: لقەکە ئەو بڵاوکراوە و بەیاننامانەی لە کۆمەڵەکەوە پێدەگەیشت، بەسەر ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و مامۆستایان زانکۆکانی هەنگاریا و ڕێکخراوە عەرەبی و بیانییەکاندا دابەش دەکرد. ئاهەنگی نەورۆزیشیان دەگێڕا و ڕێکخراوەکانی ئەوێ داوەت دەکران. یەکێک لە ساڵەکان شاندێکی سەرکردایەتیی حزبی شیوعیی عێراق (دکتۆر نەزیهە ئەلدلێمی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەو حزبە) بەشداریان لە ئاهەنگەکەدا کرد. هەروەها حزبی شیوعیی هەنگاریا و لاوان و قوتابیانی هەنگاریا و مامۆستایانی زانکۆکانیش داوەتنامەیان بۆ دەچوو و بەشداریی ئەم ئاهەنگانەیان دەکرد.

دیارترین ئەندامە چالاکەکانی ئەم لقە بەپێی ئەوەی بە ئێمە گوتراوە، ئەمانەن: تەحسین لوتفی و فەرهاد عەزم و نووری شاوێس و عەدنان یونس و چەند کەسێکی تر. ژمارەی ئەندامانی لقەکە گەیشتە (١٥) ئەندام کە ژمارەیەکیان کچە خوێندکار بوون و دوا لێژنەی کارگێڕیی لقەکە پێش جیابوونەوەکەی ساڵی (١٩٧٥) پێکهاتبوو لە تەحسن لوتفی و عەدنان یونس و شەفیق جومعە و محەمەد مەلا مەحمود. لەبارەی هەڵوێستی ئەندامانی ئەم لقە لە دووڵەتبوونی کۆمەڵەکە، ئەمانیش دوو لەت بوون، لەتێکیان هەر لە کۆمەڵە کۆنەکە مایەوە و لەتەکەی تریشیان چوونە نێو کۆمەڵەی (ئەکسا) کە لە ساڵی (١٩٧٥) ڕاگەیەنرا. بەڵام لەبەر کەمیی ژمارەیان، وێڕای جودابوونەوەیان، هەر بەیەکەوە مانەوە و بەیەکەوەش بەشداریی چالاکییەکانیان دەکرد، بەتایبەتی یادی نەورۆز و جەژنی کرێکارانی جیهان و ڕۆژی سەربەخۆیی هەنگاریا و چەند بۆنەیەکی تریش.

لقی ئیتاڵیا[١٩٠]

ئـەم لقـە لـە هاوینـی سـاڵی (١٩٦٩) بـە ژمارەیەکـی کەمـی ئەندامـان دامـەزراوە کـە هـەر هەموویـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانەوە هاتبـوون، ئەوانیـش: محێدیـن شـاهین (عەفریـن – گونـدی گوتـکا) کەمـال زینـۆ (عەفریـن – گونـدی دەللیـی خـواروو)، مونیـرە حەمـدی (عەفریـن – گونـدی دەللیـی سـەروو)، عەلـی ڕەزا (عەفرین – مەیدانکـی)، عیزەت سـەیدۆ میمـە (عەفریـن – چولاقـا)، ئەدیـب مسـتەفا شـێخۆ (عەفریـن – باسـووتە یـان غەزویـە)، مـزداد ئەملـوللا (کـوردی دیمەشـق)، بەکـر سـەیدۆ (عەفریـن- ماراتیـە)، جەمیـل سـەعدوون و دەهـام سـەعدوون (جەزیـرە)، خەلیـل ....؟ حیکمـەت یوسـف (عەفریـن – عەرەبـا) ، عیسـامەدین شـێخ سـلێمان (جەزیـرە)، حەبـەش حەنـان حەبـەش (عەفریـن – ڕاجـۆ) کەمـال عەبـدی (کۆبانـێ – حەلەنجـە)، مسـتەفا عەلـی و عەبدولعەزیـز عەلـی (هەردووکیـان هـی کۆبانـێ بـوون).

سـێ خوێنـدکاری دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەگـەڵ ئەمانـەدا بەشـداریی دیـداری یەکەمیـان کـرد، بـەڵام دوایـی لەبەرچـاو ونبـوون و کـەس نازانـێ هـۆکار چـی بـوو؟ ئاخـۆ جیاوازیـی شـێوەزارەکانی کرمانجـی سـەروو و کرمانجـی خـواروو بـوو کـە لەیـەکتری نەدەگەیـشتن، یاخـود هـۆکاری دیکـە هەبـوو کـە ئەندامانـی لقەکـەش نەیاندەزانـی؟!

لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا، ئەمانـە لـە شـاری (بیرۆجـا) بـۆ جـاری دووەم کۆبوونـەوە کـە لـەوێ کۆرسـی زمانـی ئیتاڵییـان دەخوێنـد و بـە ئامادەنەبوونـی عیـزەت سـەیدۆ میمـە، لەنێوخۆیانـدا کەمـال زینۆیـان بـە یەکەمیـن سـکرتێری لقەکـە هەڵبـژارد. پـاش ئـەم دیـداره، یاخـود کۆنگرەیـە، سـکرتێر و بەشـێک لـە ئەندامانـی لێژنـەی کارگێڕیـی لقەکـە پەیوەندییـان بـە دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی و بـارەگای سـەرەکیی کۆمەڵەکـە لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا کـرد و لەسـەر هەماهەنگیکـردن و لێکتێگەیـشتن ڕێککەوتـن و ئەمانـە بـە میلاکـی لقێکـی نوێـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا هەژمارکـران.

کۆنگـرەی سـاڵانەی دووەمـی ئەم لقە لە سـاڵی (١٩٧٠) بـەسترا و ئەنجـام عومەر ئەدیب ڕەفعـەت بـە سـکرتێری لق هەڵبژێردرا و عیسـامەدین شـێخ سـلێمان بووە ئەمینـداری لقەکە و بەشـداریەکی کارای لـە داڕشـتنی پـڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی لقەکە کـرد و حەبەش حەنان حەبـەش بـووە ئەمینـداری خەزێنە، هەرسـێکیان لێژنەی کارگێڕیی لقەکەیـان پێکدەهێنا.

زۆرمـان هـەوڵ دا مێـژووی کۆنگـرەی ئـەم لقـە بزانیـن، بـەڵام هـەر بـە نادیـاری مایـەوە، بـەڵام پێدەچێـت لـە هاوینـی سـاڵی (١٩٧١) بەسترابێـت. کۆنگـرەی چوارەمیشـیان لـە ١١ی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٢ بەسـت و تێیـدا لێژنەیەکـی نوێـی کارگێـڕی بـۆ لقەکـە هەڵبژێـردرا، هـەروەک لـە ژمـارە لێکدراوەکانـی (٥ - ٦)ی گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـەدا) باسـکراوە.

هەتاکـو ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٧٢) سـەرجەم ئەندامانـی لـق، قوتابیانی کـوردی ڕۆژئاوای کوردسـتان بـوون، بـەڵام لە کۆتایی ئەو سـاڵەدا چەند خوێندکارێکی باشـووری کوردسـتانیش چوونـە ئـەوێ کـە بریتـی بوون لە: عیسـام نـووری داوود و وریا دزەیی و خالیـد ....؟ و عەلی و شـاهین .... ؟. هەروەهـا تالیـب قرمانـی و عەبدولمەجیـد زەینـەل (تلیفـۆ - عەفریـن) و چەنـد کەسـێکی تریـش لـە سـاڵی (١٩٧٣) کـە ئەنجـام ئەمانـە بوونـە پاڵنەرێکـی مەعنەویی بەهێـز بـۆ لقەکـە و لەگـەڵ گەیشـتنیاندا پەیوەندییـان بـە لقەکـەوە کـرد و بەشـداربوون لە سـەرجەم کار و چالاکییەکانـی لقەکـەدا. پێویسـتە ئاماژە بـەوەش بدەیـن؛ ژمارەیـەک لـە قوتابیانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـە مەیلی چەپخـوازی و شـیوعییەتیان هەبوو، بەشـداریان لـە چالاکییەکانـی لقەکـەدا نەدەکرد و بیانوویـان ئەوەبوو گوایە پارتی دیموکراتی کوردسـتان (باشـوور) ئـەو بـە پراکتیک سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـە دەکات.

چالاکییەکانـی لـق: فێرنەبوونـی زمانـی ئیتاڵـی و لاوازیـی بـاری دارایـی و کەمئەزموونیی ئەندامـان لـە کایـەی سیاسـی و ڕێکخـستن، لەپـاڵ ئاسـتەنگەکانی دواکەوتنـی هـەواڵ و پێشـهات و ئـەو ڕووداوانـەی لـە چوارپارچەکـەی کوردسـتانەوە دەگـەن، بەتایبەتـی هەواڵەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە باشـووری کوردسـتان، هۆکارگەلـی سـەرەکی بـوون لـە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونی لقەکـە، بـۆ لەمپـەر خسـتنەبەردەم کار و چالاکییەکانـی ئـەم لقـە لـە نێوەنـدە ئیتاڵییەکانـدا. هۆکارێکـی دیکـەش هەبـوو کـە هیچـی کـەمتر نەبـوو لـەو هـۆکارە سـەرەکییانەی لـە پێشـەوە ڕوونکرانـەوە، ئەویـش زۆریـی ژمارەی قوتابیانـی عەرەبـی وڵاتـە جیاوازەکانـی عـەرەب و کەمیـی ژمارەی قوتابیانـی کـورد بـەراورد لەگـەڵ ئەوانـدا. ئـەوان پتر ڕێکخراوتـر و خـاوەن ئەزمـوونتر بوونـە و هەمووشـیان ببوونـە ئەندامـی کۆمەڵـە و یەکێتییەکانـی قوتابیانـی عـەرەب، بەتایبەتـی قوتابیانـی فەلەسـتین، عێـراق، ئـوردن و لوبنانییـەکان و زمانـی ئیتاڵیـش بـە ڕەوانـی فێرببـوون و بـە حوکمی ئـەوەی لەوان

لەپێشتر لەوێ بوونە، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی ئیتاڵیا و بیانییەکان هەبوو و لە هەموو ڕووبەکەوە (مادەی و مەعنەوی) لەلایەن ڕژێمەکانی عێراق و سووریا پشتگیری دەکران و بە هەزری ڕەگەزپەرستانە جۆشدرابوون و دژی هەبوونی کوردبوون لەو دوو دەوڵەتەدا. سەبارەت بە هەبوونی قوتابیانی باکووری کوردستان، لە ڕیزی نەبوونداا بوون و قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهۆی هەبوونی پەیوەندیی بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕش لەگەڵ شای ئێران، دژایەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان نەدەکرد و بەشە ئۆپۆزیسیۆنەکەیان دیارنەبوون و لە کۆمەڵەکە نزیک نەدەبوونەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی لقەکەم لە ١٢ی تەموزی ساڵی ٢٠١٤ لە شاری (پارما) بینی و باسی ئەوەیان دەکرد کە هاوسەری دکتۆر عەلی ڕەزا (ئیلینا ڕووسی) لە سەرەتای دامەزراندنیدا زۆر هاوکاری لقەکەی دەکرد و بەیاننامە و بەشێک لە بڵاوکراوە گرنگەکانی لق و کۆمەڵەکەی وەردەگێڕایە سەر زمانی ئیتاڵی، بێجگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵە هۆنراوەیەکی کوردی بۆ سەر زمانی ئیتاڵی و چەند هاوکارییەکی دیکە.

پاش ئەوەی کۆمەڵێک خوێندکاری کورد گەیشتنە شاری پارما، دەستبەجێ پەیوەندییان بە کۆمەڵەکەوە کرد و بە پراکتیک دەستیان بە کار و چالاکییەکانی لقەکە کرد، بۆئەوەی دەنگی کورد بگەیەننە کۆمەڵەکانی قوتابیانی ئیتاڵیا و لەوێوە بۆ ڕای گشتیی ئیتاڵیا و بەهۆی ئەوەی ئەوکات زۆربەی قوتابیانی کورد مەیلی چەپخوازییان هەبوو و لەو بڕوایەدا بوون کە ولاتانی سۆشیالیستی و لەپێش هەموویانەوە یەکێتیی سۆڤیەت و تەواوی هێز و حزبە چەپخوازەکان پشتیوانیی گەلان دەکەن لە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، بۆیە ئەم خوێندکارانە لە سەرەتای دەستپێکردنی چالاکییەکانیان، ڕوویان لە حزبی شیوعیی ئیتاڵی و حزبی سۆشیالیستی ئیتاڵی و بزووتنەوەی چەپخوازیی خوێندکاران کرد کە لە ئیتاڵیادا بنەکەیەکی جەماوەریی فراوانیان هەبوو، بەڵام قوتابیانی کورد تووشی بێئومێدی هاتن، چونکە ئەو لایەنانە بەپێی پێویست لەو خوێندکارانە نەهاتنە پێش و کاردانەوەیەکی ئەرێنییان نەبوو و هیچ جۆرە هاوسۆزییەکیان لەگەڵ کێشەی نەتەوەی کورددا نەبوو.

ئەم ئەنجامەش شتێکی نامۆ نەبوو بە حوکمی ئەو پەیوەندییە باشەی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکێتییەکانی قوتابیانی عەرەب و کۆمەڵە و یەکێتییەکانی وڵاتانی عەرەبیی (حکومەتە پێشکەوتنخوازەکانی !!) عێراق و سووریا، خودی یەکێتیی سۆڤیەتیش ئەوکات پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەو دوو ڕژێمەدا هەبوو.

لە بەرانبەر وەڵامنەدانەوەی ئەم هێزانەدا، کۆمەڵەکە بەرەو حزبە دیموکرتخوازەکان هەنگاویان نا، لەوانەش حزبی دیموکراتی مەسیحی کە ئەوکات حوکمی وڵاتی دەکرد و هەوڵی ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردیان بۆ بەرپرسانی حزبی ناوبراو دا کەچی ئەمانیش گەلێک لەوانی تر باشتر نەبوون و هیچ بە پەرۆش نەبوون بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکە و حزبەکەیان، بەڵام ئەوەندەیان بۆ لقەکە کرد کە ژمارەیەک بەیاننامەی لقەکەیان کۆپی کرد و جارێکیشیان لقەکەیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی قوتابیانی سەر بە حزبەکە داوەت کرد. پاشان لقەکە هەوڵی دا پەیوەندی بە کەسایەتییە سیاسەتوان و ئەکادیمیست و زانستییەکانەوە بکەن بۆ هاوکاریکردنیان لە دامەزراندنی (لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد) هەروەک لە ژمارە (٨ – ٩)ی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە)کەدا باسکراوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤.

ئەندامانی لقەکە لە وەڵام نەدانەوەی هێزە چەپخواز و دیموکراتەکان لەگەڵ ئەواندا بێئومێد نەبوو، بگرە هەوڵەکانیان فراوانتر کرد، ئەمجارەیان بۆ خۆنزیککردنەوە لە حزبە بچووکەکانی سەر گۆڕەپانی ئەو وڵاتە و تەواوی ڕێکخراو کۆمەڵەکانی قوتابیانی بیانی. لەم چوارچێوەیەدا چەند جارێک ڕەوەندی ئەرمەنییان بینی کە لەوێ زۆر چالاک بوون و خاوەن ئەزموونێکی فراوان بوون لە بواری کاری دیپلۆماسیدا.

پێش یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بە چەند ڕۆژێک سیمینارێکیان لە شاری پارما ساز دا و کۆمەڵێک خوێندکار و کەسایەتیی ئیتاڵیش بەشداریان تێداکرد، هەروەها قوتابیانی عەرەبیشیان داوەت کردبوو و بەرەنگاری هەموو ڕستەیەکی قوتابیانی کورد دەبوونەوە، ئەگەر باسی چەوساندنەوەی گەلی کوردیان بکردایە لەلایەن ئەو دوو ڕژێمە ستەمکارەی عێراق و سووریا.

ئەنجام، هەڵوێستی هێز و حزبە چەپخوازەکانی ئیتاڵیاش هاوسۆز و پاشکۆی هەڵوێستەکانی وڵاتانی سۆشیالیستی بوون، بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت، بایی

ئەوەندە دوور یان نزیک دەکەوتنەوە کە یەکێتیی سۆڤیەت دوور و نزیککەوتنەوەکەی دیاری دەکرد. هێزە دیموکراتخواز و ڕاستڕەوەکانی ئیتاڵیا، ئامادە نەبوون (تورکیا)ی هاوپەیمان سەغڵەت بکەن کە لەگەڵ ئەواندا ئەندامی پەیمانی ناتۆن، بە بیانووی دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دۆست و نەیار، چونکە یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە بەو دەستوەردانە نادات. هەمان شت بۆ ئێرانیش ڕاست بوو، چونکە ئێران پەیوەندییەکی پتەوی بازرگانیی لەگەڵ ئیتاڵیادا هەبوو.

لقی ئیتاڵیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، هاوسۆزی و هاوکاریی بەشێک لە هێزە چەپخواز و دیموکراتە بچووکەکانی ئیتاڵیایان بۆ مایەوە کە بریتی بوون لە پارتی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و چەند حزبێکی دیکە. پێویستە ئەوەش بڵێین؛ ئەندامانی ڕەوەندی یۆنان و ئەرمەنەکانیش هاوسۆزی کێشەی گەلی کورد بوون، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە دژی سیستەمی عەسکەرتاریەتی دەسەڵاتداری ئەوکاتی وڵاتیان بوون و بە حکمی دوژمنێکی هاوبەش کە تورکیایە، هاوکاریی کۆمەڵەکەیان دەکرد لە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان کە بە مەبەستی ناسینی نەتەوەی کورد بە ڕای گشتیی ئیتاڵیا، ڕێکدەخران.

لەسەر داواکاریی لقەکە، عیسمەت شەریف وانلی، نوێنەری شۆڕشی کورد سەردانی ئیتاڵیای کرد و لەوێ دیدارێکیان بۆ ڕێکخست لەگەڵ (کارلۆ تۆنیۆلی) پارێزگاری میلانۆ کە هاوکات ئەندامێکی دیاری حزبی سۆشیالیستی ئیتاڵیاش بوو، دیدارەکەش بە هاوکاریی (سیلفادۆر دودیرۆ) کەسایەتیی ناسراوی ئیتاڵیا و دۆستێکی گەلی کورد ڕێکخرا. لەو دیدارەدا وانلی بارودۆخی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری شارەکە ڕوونکردەوە و دیدارێکی دیکەشیان بۆ ڕێکخست لەگەڵ نوێنەرانی چەند حزبێکی پارێزگای پارما، وتارێکی کورتیشیان لە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی ئیتاڵیا سەبارەت بەو دیدارە بڵاوکردەوە.

لەسەر داوای ئێمە، بە سوپاسەوە دکتۆر محێدین شاهین، چالاکییەکانی ئەم لقەی بۆ نووسین:

- لە هاوینی ساڵی (١٩٧٠)دا حیکمەت یوسف گەشتێکی لەگەڵ خێزانێکی ئیتاڵیدا بۆ تورکیا کرد کە کێشەی کورد جێی بایەخی ئەو بنەماڵەیە بوو و لەوێ چاوی بە

چەند کوردێکی ئەوێ کەوت و شەهید سەعید ئاڵچی، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیای ناسی، بەهۆی ئەوەوە ئەندامی لقەکەمان لە تورکیا دەستگیر کرا و پاش ئەشکەنجەدانی، ڕادەستی دەسەڵاتدارانی سووریایان کردەوە.

- لە هاوینی ساڵی (١٩٧٠)دا بەناوی لقی کۆمەڵەکەوە، بەشداریم لە کۆڕێکی فراوانی خوێندکاران کرد کە لەلایەن قوتابیانی چەپخوازەوە لە شاری (باری - ....؟) لە باشووری ئیتاڵیا ڕێکخرابوو. لەوێ وتارێکم دەربارەی دۆخی کوردی سووریا پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، لە ژمارە لێکدراوەکەی (٧- ٨)ی دەنگی کۆمەڵەشدا بڵاوکراوەتەوە.
- لقەکەمان بەشداریی لەو کۆڕەدا کرد کە بۆ عەبدوڵڵا ئەلئەحمەر، ئەندامی قیادەی قەومیی حزبی بەعسی سووریا ڕێکخرابوو، لە کۆتایی کۆڕەکەدا لەبارەی کێشەی کوردی سووریا پرسیارمان ئاراستەی ئەو بەپرسە بەعسییە کرد و هەروەکو پیشەی هەمیشەیی ئەو بەرپرسانە، نکۆڵی لە کێشەیەک کرد کە ناوی کێشەی کورد بێت لە سووریا.
- لە بەهاری ساڵی (١٩٧١)دا لقمان بەشداریی لەو کۆڕەدا کرد کە لەبارەی دۆخی ئەنگۆلا و مۆزەنبیق بەسترابوو لە شاری (ڕیجۆ ئیمیلیا) لەوێ بەیاننامەیەکمان بە زمانی ئیتاڵی بڵاوکردەوە، سیلفادۆر دودیرۆی دۆستی کوردیش ئامادەی کۆڕەکە ببوو.
- لە ساڵی (١٩٧٢) یاوەریی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلیم کرد بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی ئەو کەمەنەتەوەییانەی خەریکە لەناوەچن کە لە پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی شاری (ئوستا) بەڕێوە دەچوو. لە هەمان ساڵدا خاتوو (جویس لۆسۆ) ی هاوسەری سیناتۆر (ئیمیلیۆ لۆسۆ)ی دامەزرێنەری حزبێکی سەرەکیی دوورگەی (سەردینیا) بەشداریی ئاهەنگەکانی نەورۆزمانی کرد. ئەم خاتوونە لە ساڵی (١٩٦١)دا هاتووەتە کوردستان و لەوێ چاوی بە مستەفا بارزانی کەوتووە. کاتێک ئەومان لەنێو خۆماندا دەبینی، هێز و گوڕ و تینێکی گەورەی پێدەبەخشین. (ڕیسۆ ئینبین) جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک شارەوانیی پۆڵۆنیا و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی وەکو (ئەنجیلا بیلاری) بەشداریان لە ئاهەنگەکانی نەورۆزی لقەکەماندا دەکرد کە ئەوەی دوایی، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاش بوو.
- لە ساڵی (١٩٧٤) کەمال زینۆ، ئەندامی لقمان لەگەڵ عەلی ڕەزادا بەشداریان لە کۆنگرەیەکی خۆجێیی لاوانی حزبی دیموکراتی مەسیحیدا کرد کە لە شاری (پارما) بەسترابوو.

- لـە هەمـان سـاڵدا، بەنـاوی لقـی ئیتاڵیـاوە، بەشـداریم لـە کۆبوونـەوەی کۆمەڵـە و یەکێتییەکانـی قوتابیانـی وڵاتانـی عەرەبـی لـە شـاری پارمـا کـرد و ئیمزامـان لەسـەر بەیاننامەکەیـان کـرد کـە تایبـەت بـوو بـە کێشـەی فەلەسـتین و کێشـەکانی دیکـەی عەرەبـی و ئیسـلامی بـە گشـتی. ئامانـج لـەو بەشـداریکردنەمان، تۆمارکردنـی نـاوی کۆمەڵەکەمـان بـوو لەسـەر بەیاننامەکەیـان، بـەڵام ئـەوان ڕەتیانکـردەوە، بەتایبەتـی نوێنـەری فەلەسـتینی کـە لـە هەموویـان پێداگرتـر بـوو. هـەر لەوسـاڵەدا حیکمـەت یوسـف، ئەندامـی لقەکەمـان پشـتگیریی ڕێکخـراوی کۆمۆنیونـە و لیبراتسـیونەی لـە شـاری میلانـۆ بەدەسـتهێنا بـۆ دابەشـکردنی بەیاننامەکانمـان لـە شـارەکەدا.

بڵاوکراوەکانـی لـق: ئـەم لقـەش وەکـو زۆربـەی لقەکانـی دیکـەی کۆمەڵەکـە، هیـچ ڕۆژنامـە و گۆڤارێکـی تایبـەت بـە خـۆی بڵاونەکـردەوە، تەنیا لـە بۆنەکاندا، چەنـد بابەتێکی گرنـگ و بەیاننامەکانیـان وەردەگێڕایـە سـەر زمانـی ئیتاڵـی. یەکەمیـن بەیاننامـەش کـە لەلایـەن لقەکـەوە بـە زمانـی ئیتاڵـی دەرکرابێـت، سـاڵی (١٩٧٠) بـوو کـە باسـی بەشـێک لـە مەزلومییەتـی گەلـی کـوردی دەکـرد لـە بەشـە جیاوازەکانـی کوردسـتان و بەسـەر زانکـۆ و چێشـتخانەکانی بەشـە ناوخۆییەکانـی خوێندکارانـدا دابـەش کـرا، زۆربـەی قوتابیانـی عـەرەب کـە بەیاننامەکەیـان خوێنـدەوە زۆر تـووڕە بـوون و ئاگریـان لێدەبـاری، بۆیـە هێرشـیکی توندیـان کـردە سـەر ئەندامانـی لـق و سـووکایەتییان پێدەکـردن و نکۆڵیـان لـە گەلـی کـورد و چەوسـاندنەوەی کـورد دەکـرد لـە عێـراق و سـووریا.

هەروەهـا لقـی ئیتاڵیـا بەیاننامەیەکیـان دەرکـرد و قسـەکانی عەبـدوڵڵا ئەلئەحمەریـان بەدرۆخسـتەوە لـەوەی کـە نکۆڵـی لـە هەبوونـی کـوردی سـووریا دەکـرد کـە بـە دریژایـی مێـژوو ئـەوان لـەو بەشـەی خراوەتـە سـەر سـنووری سـووریا، دەژێـت. ئەمـە و وەرگێڕانـی بەشـێک لـە بەیاننامەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبەکانـی دیکـەی کوردسـتان و چەنـد بابەتێکـی گرنـگ لـە گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـە)، بەشـێکی دیکـەی ئـەو چالاکییانـە بـوو کـە لقـی ئیتاڵیـا ئەنجامیـدەدان. بابەتگەلـی لەبـارەی نەتـەوەی کـورد لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتانیان وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی ئیتاڵـی و بەسـەر قوتابیانـی زانکـۆ و کۆمەڵـە و یەکێتییەکانـی خوێنـدکاران و ئاژانسـەکانی هـەواڵ و هەواڵـە نێوخۆییـەکان و ڕای گشـتیی ئیتاڵیایـان دابـەش دەکـرد و وەڵامـی ئـەو بابەتـە بڵاوکراوانەشـیان دەدایـەوە

کـە لـە بڵاوکراوەکانـی ئەوێـدا بـۆ سـووکایەتیکردن بـە خەباتـی گەلـی کـورد بڵاودەکرانـەوە.

ئەندامـە چالاکەکانـی ئـەم لقـە بریتـی بـوون لـە: کەمـال زینـۆ، محیدیـن شـاهین، عیسـام داوود، عیـزەت سـەیدۆ و چەنـد ئەندامێکـی تـر. ژمـارەی ئەندامانـی لقـی ئیتاڵیـا گەیشـتبووە نزیکـەی (٢٠) ئەنـدام کـە یەکێکیـان کچـە خوێندکارێـک بـوو بەنـاوی (منیـرە حەیـدەر حەمـدی - عەفریـن)، کاتێـک کۆمەڵەکـە لـە کۆنگـرەی حەڤـدەی سـاڵی ١٩٧٥ دوولـەت بـوو، بەشـێکی زۆر کەمـی ئەندامـان چوونـە پـاڵ سـەرکردایەتی بارزانـی کـە عیـزەت سـەیدۆ و میمـە و چەنـد ئەندامێکـی تـر بـوون و بەشـە هـەرە زۆرەکەشـی چوونـە نێـو ڕەوتەکـەی مەکتەبـی سیاسـیی، بـۆ نموونـە: دکتـۆر عیسـام داود و کەسـانی دیکـە.

لقی ئیسپانیا

لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٠) کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا کۆدەبنەوە و باس لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەک دەکەن لەوێ کە هاوشێوەی ماڵێک بێت بۆ خوێنکارانی کورد و ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕوودەکەنە ئەوێ، ئەمانە نزیکەی (١٠) خوێندکار دەبن. لە کۆبوونەوەی دووەمیاندا فارق گویال حەمۆ پێیاندەڵێت، خزمێکیان هەیە ناوی کەمال خەلیلە و لە ڤیەننا دەخوێنێت و پێیگوتووە کۆمەڵەیەکی کوردی بەناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) دامەزراوە و بارەگای سەرەکیی لە بەرلینی ڕۆژئاوادایە لە ئەڵمانیا و پێشنیاز دەکات پەیوەندییان پێوە بکەن و لقێکی ئەو کۆمەڵەیە لە ئیسپانیا بکەنەوە و بچنە ناو ئەوانەوە نەک کۆمەڵەیەکی نوێ دابمەزرێنن. تەواوی ئامادەبووان پێشنیازەکە پەسند دەکەن و هەریەک لە جەمیل حەسەن و عیسامەدین شێخ سلێمان ڕادەسپێرن، وەکو لێژنەیەک، بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بکەن.

لە ڕاستیدا ئەوکات زۆربەی قوتابیانی کورد لە ئیسپانیا، خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوا دەبن و پێش ئەوەی وڵات بەجێبهێڵن، ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد بوونە لە سووریا - پارتی - ئەم زانیارییەمان لە مەحموود عەبدی وەرگرتووە کە یەکێک بووە لەو خوێندکارانەی ئیسپانیا. پێشتریش ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە کە ئەندامانی (پارتی) هەر کە دەگەنە ئەوروپا، پەیوەندی بە لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان - باشوور- دەکەن.

پاش پەیوەندیکردن بە مەڵبەندی سەرەکیی کۆمەڵەکە و دەستەی کارگێڕیی گشتیی لە بەرلین، داوایان لێدەکرێت، لقی ئیسپانیای کۆمەڵەکە بکەنەوە و دەستەی کارگێڕیی بۆ پێکبهێنن. بۆیە بە پێویست زانرا زیاتر لە (١٢) خوێندکار کۆبوونەوەیەکی فراوان لە ڕۆژی نەورۆزی (١٩٧٠) ببەستن کە بریتی بوون لە : مەحموود عەبدی، مستەفا عەبدی، بەکر شەدۆ کەمال حەسەن عەلی (هەموویان خەڵکی کۆبانێ بوون) و بەکر سەیدۆ کە زۆر نەمایەوە لە ئیسپانیا و بۆ خوێندن چووە مۆسکۆ، عومەر ڕەفعەت ئاغا، ئەدیب شێخۆ، عەبدولعەزیز عەلی موختار، حەبەش حەنان حەبەش و ڕەمزی ئاڵا (ئەمانە خەڵکی عەفرین بوون)، جەمیل حەسەن (قامیشلۆ)، عیسامەدین

شێخ سلێمان (ترپەسپی) و چەند کەسێکی تر کە لەنێو خۆیاندا شەش ناویان بۆ لێژنەی کارگێڕیی لقەکە هەڵبژارد، ئەوانیش عومەر ڕەفعەت ئاغایان بە سکرتێری لق و عیسامەدین شێخ سلێمانیان بە ئەمینداری لقەکە هەڵبژارد کە ئەمەی دواییان ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی لقەکەی داڕشتووە و لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کە بریارەکانی لق دەبێ بە کۆی دەنگ بن.

ئەم لقە کۆنگرەی دووەمی خۆی لە ساڵی (١٩٧٣)دا بەست و مستەفا عەبدی بە سکرتێر هەڵبژێردرا و مەحموود عەبدی و کەمال حەسەن بوونە ئەندامی کارگێڕیی لقەکە، سکرتارییەتی لقی ئیسپانیا بە نۆرە لەنێوان ئەم ئەندامانەدا دابەش کرا: ڕەفعەت عومەر ئاغا، جەمیل حەسەن، مستەفا عەبدی، ڕەمزی ئاڵا و مستەفا عەبدی (بۆ جاری دووەم)، لێژنە کارگێڕییەکەش ئەمانە بوون: ئەدیب محەمەد شێخۆ، فاروق گویال، فەرج ئەلکوردی (کوردی ئوردن)، مەحموود پاشا و فەسەڵ ....؟ و سەردار ئاغا و فەهیم جەمال ئاغا و کامەران ....؟.

لەپێناو بە جیهان ناساندنی کێشەی کورد، لقی ئیسپانیای کۆمەڵەکە لە هەوڵی بەردەوامدا بوو پەیوەندی بکەن بە ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکانی ئەوێ و ئەوانەی لە گۆڕەپانی ئیسپانیادا کاریان دەکرد و پەیوەندییەکی خۆشیان لەگەڵدا دابمەزرێنن، بۆنموونە: ڕێکخراوی حزبی شیوعیی هەرێمی باسک و ڕێکخراوی کەتەلۆنیا و حزبە چەپخوازە نهێنییەکانی وەکو حزبی شیوعیی ئیسپانی و حزبی شیوعیی تروتسکی و حزبی کرێکارانی شیوعی (ماوییەکان) و بزووتنەوەی شیوعیی باسک و حزبە چەپخوازەکانی دیکەی ئەوێ.

لەبارەی هەڵوێستی حزبی شیوعیی ئیسپانیش (هەروەک لە پێشەوەش ڕوونمان کردەوە، ژمارەیەک ڕێکخستن بەناوی شیوعییەکانی ئیسپانیا هەبوون) ئارەزووی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان نەدەکرد لەگەڵ کۆمەڵەکەدا، چونکە سەرکردایەتیی ئەم حزبە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەبوو و (سانتاگۆ کاریللۆ) ئەمینداری گشتیی حزبەکە لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٥) سەردانی عێراقی کرد و پاش گەڕانەوەی لە چەند لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی و چەند نووسینێکیدا ستایشی ڕژێمی عێراقی دەکرد و ئاماژەی بۆ ئەو دیموکراسییەتە دەدا کە لە عێراق فەراهەم بووە!!.

سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەم لقە: مەحمود عەبدی پێگوتم؛ لە سەرەتای دامەزراندنی لقی ئیسپانیا، ڕای گشتیی وڵات، وەکو ڕای گشتیی تەواوی وڵاتانی دیکەی ئەوڕوپا، ئەوەبوو کە هیچیان لەبارەی کورد و کوردستان نەبیستبوو و دەیگوت:"لەوەش خراپتر ئەوەبوو ڕای گشتیی ئیسپانیا وایان دەزانی ئێمە عەرەبین، بۆ نموونە کاتێک دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا پێنج تێکۆشەری هەرێمی باسکی ئیسپانیایان ئیعدام کرد کە لە پێناو جودابوونەوەیان لە ئیسپانیا خەباتیان دەکرد، بەیاننامەیەکمان بە زمانی ئیسپانی دەرکرد و لە بەیاننامەکەدا ئیدانەی ئەو تاوانەی حکومەتی ئیسپانیامان کرد و هاوسۆزیی خۆمان بۆ دۆزی هاوولاتیانی ئەو هەرێمە دەربڕی. حکومەتی ئیسپانیا بە بەیاننامەکەمان پەست بوو و لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵماندا کردەوە و لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت ئەوان وادەزانن ئێمە بەشێکین لە عەرەب و پێمانیانگوت:".... ئێمە پەیوەندیمان بە سووریا و عێراق و تەواوی وڵاتانی عەرەب باشە و ئێوە بۆچی ئەم بەیاننامەیەتان دژی حکومەتی ئیسپانیا دەرکردووە؟ ...". عەبدی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"ئەرکی ئێمە لەو وڵاتەدا زۆر سەخت بوو و لەسەرەتادا هەوڵمان دا پەیوەندیمان لەگەڵ ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی ئەوێدا خۆش بکەین و چەند خۆپیشاندانێکمان لەبەردەم باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بەتایبەتی عێراق و سووریا ئەنجام دا. لە زۆربەی ئەو سیمینارانەش ئامادەبووین کە لە بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانی زانکۆکانی ئیسپانیا سازدەدران، بەتایبەتی لە زانکۆکانی مەدرید، بەرشەلۆنە، غەرناتە، بیلباو و ناڤارا. لە بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانی ئەفریقیاش چەندین سیمینارمان لەسەر کورد و کێشەی کورد پێشکەش کرد، ژمارەیەک بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستانیشمان بڵاوەکردەوە کە لە دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەوە پێماندەگەیشتن و وەرماندەگێڕانە سەر زمانی ئیسپانی و بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاومان دەکردەوە. هاوڕێمان فاروق حەمۆش چەند بابەتێکی لەسەر کێشەی کورد بە زمانی ئیسپانی دەنووسی و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرایەوە ....".

مەحمود عەبدی دەڵێ:"پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥دا من و کاک مستەفا عەبدی بە جووتە چوینە دیداری (جوان ماریا باندرێس) کە

ئەمیندارى گشتیى حزبى شیوعییە لە هەرێمى باسک و ئەوکات ئەندام پەرلەمانى ئیسپانیاش بوو، زۆر بە گەرمى پێشوازیى کردین و لەبیرمە پێیگوتین: (وا بزانن منیش یەکێکم لە ئێوە) و ئیدانەى تاوانەکانى سەدام حوسێنى دەکرد دەرهەق کوردى باشوور و داواى لە حکومەتى ئیسپانیا دەکرد پشتیوانیى مافەکانى کورد بکات و هاوسۆزى دۆزەکەیان بێت ...".

بە گوتەکانى ئەو، زۆربەى چالاکییەکانى لقەکە لە بەرشەلۆنەدا ئەنجام دەدرا، ئەویش بە حوکمى ئەو پەیوەندییە باشەى نێوان لقەکە و ڕێکخراوى سایمن کە ڕێکخراوێکى ئیسپانیى کەتەلۆنییە، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوى کۆرێگاى جوداخواز (فەڕەنسایى) پەیوەندییان باش بووە و داوەتى کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان دەکراین و هاوکارمان بوون بۆ پێشکەشکردنى سیمینار و پێشکەشکردنى بابەتى تایبەت بە کورد و کوردستان، بەڵام لوتکەى چالاکییەکانمان لە نەورۆزاندا بوو کە ئاهەنگمان دەگێڕا و ڕێکخراوەکان و کەسایەتیى سیاسى و ئەکادیمیست و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانى قوتابیانى ئەوێ و بیانییەکانمان داوەت دەکرد و ئامادە دەبوون، ئەمە زۆر ئەرێنى بوو بۆ ناساندنى کورد بە ئامادەبووانى ئاهەنگەکانمان، هەروەها لقەکەمان بەشدارىى لە فیستیڤاڵى چەند لایەنێکى شیوعى و چەپخوازى ئیسپانیامان دەکرد و وتاریشمان بە ناوى لقى کۆمەڵەکە دەخوێندەوە، هەروەها پێشانگاى تایبەت و هاوبەشمان ئامادە دەکرد و جلوبەرگى فۆلکلۆرىى کوردیمان تێدا نمایش دەکرد.

ئەم لقە ڕۆڵێکى کاریگەرى گێڕاوە لە ناردنى شاندى ڕۆژنامەوانیى ئیسپانى بۆ کوردستان، بەتایبەتى پاش نسکۆى شۆڕش، بۆئەوەى ئەو ڕۆژنامەوانانە لە نزیکەوە ئاشنای ئەو کۆمەڵکوژییە دڕندانەیەى ڕژێمى بەغدا دەرهەق بە کوردى باشوورى ئەنجام دەدات بە چاوى خۆیان ببینن و تۆماریان بکەن و لە گەڕانەوەیاندا بڵاویان بکەنەوە، تەعریبکردن و ڕاگواستنى کورد بۆ بیابانەکانى باشوورى عێراق بابەتگەلى ڕۆژنامەوانیى زۆر دەوڵەمەندبوون کە بکرێنە ڕۆژەڤى دەزگاکانى ڕاگەیاندن.

بڵاوکراوەکانى لق: چەند ئەندامێکى ئەو لقە پێیانڕاگەیاندم: ئەوان نامیلکەیەکیان بە زمانى ئیسپانى لەبارەى کێشەى کورد بڵاوکردووەتەوە کە فاروق حەمۆ نووسیویەتى و بەسەر دەزگاکانى ڕاگەیاندنى ئیسپانیا و ئاژانسەکانى

هەواڵی نێودەوڵەتی و ناوخۆدا دابەشکراوە. هەروەها بڵاوکراوەیەکی تایبەتیشمان سەبارەت بە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادارى ساڵی ١٩٧٠ بە زمانی ئیسپانی دەرکرد بەناونیشانی (Problema Kurd) سەربارى وەرگێڕانی چەند بەیاننامەیەک کە لە سەرکردایەتیی شۆڕش و حزبە سیاسییەکان و دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەوە پێماندەگەیشتن، هەروەها لقەکەمان گۆڤاری (نەورۆز)ی بە زمانی ئیسپانی دەرکرد، بەڵام هیچ دانەیەکی ئەم گۆڤارە و بڵاوکراوەکانی ئەم لقەمان دەست نەکەوت، چونکە کاتی خۆی لە ئەرشیفی لقدا نەپارێزراون.

لە هەوڵێکی دیکەی گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە ڕای گشتیی ئیسپانیا، ئەندامی کۆمەڵەکەمان فاروق تۆیاڵ حەمۆ، بابەتی لە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا لەسەر کورد و کێشە ڕەواکەیان بڵاودەکردەوە و یەکەمین بابەت لە ڕۆژنامەکان بڵاوکرابێتەوە لە ڕۆژنامەی (Herado de Arabön) بوو لە ساڵی (١٩٦٩) هەروەها بابەتی لەم ڕۆژنامەیەشدا بڵاوکردووەتەوە: (El Pais. ABS. El Mindo) کە یەکێکە لە بەناوبانگ و بڵاوترین ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا.

دکتۆر فاروق حەمۆ گێڕایەوە لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٥) ڕۆژنامەوانێکی ئیسپانی سەردانی عێراقی کردبوو و پاش گەڕانەوەی زنجیرە نووسینێکی لەسەر ئەو گەشتەی عێراق لە ڕۆژنامەی (El Mindo) بڵاوکردبووە و تێیاندا ستایشی ڕژێمی عێراق کردبوو و هێرشی کردبووە سەر ڕژێمی شای ئێران. لە چوارچێوەی ئەم نووسینانەشیدا جاروبار هێرشی دەکردە سەر کورد و شۆڕشە ڕەواکەی. سەرەتا وەڵامێکم بۆ ئەم نووسینانەی ڕۆژنامەوانە ئیسپانییەکە نارد، بەڵام بڵاونەکرایەوە، نووسینەکەم دووبارە بۆ ناردنەوە، ئەمجارەش فەرامۆشکرا و بڵاونەبووەوە، بڕیارمان دا لەگەڵ مەحموود عەبدیدا سەردانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بکەین و داوای ڕوونکردنەوەیان لێبکەین کە ئاخۆ بۆچی وەڵامی نووسینەکانی ئەو ڕۆژنامەوانە ئیسپانییە بڵاوناکەنەوە، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ویستی خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان بدزێتەوە و لە سەرچاوەی دارایی خوێندنی ئێمەی لێرە دەپرسی و ئەگەر پێویستیان بە هاوکاری هەیە، ئێمە ئامادەین هاوکاریتان بکەین. بەڵام مکوڕبوونی ئێمە لەسەر وەڵامی سەرنووسەر، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ناچار بوو هۆکاری ڕاستەقینەی بڵاونەکردنەوەی

وەڵامەکانی ئێمە ڕوون بکاتەوە کە ئەوان ناتوانن بابەتێک بڵاوبکەنەوە کە سووکایەتی بە ڕژێمی عێراق دەکات و ئەو ڕۆژنامەوانەی لە عێراق گەڕاوەتەوە و نووسینەکانی بڵاوکراونەتەوە، سەدام حوسێنی بینیوە و یەک کەشتیی بارهەڵگری نەوتی عێراقی بە دیاری داوەتە حکومەتی ئیسپانیا. ئینجا نامەم بۆ باڵیۆزی ئێران (جەنەڕاڵ فرەیدوون جام) نارد کە پێشتر ئەفسەرێکی پلە بااڵی دەزگای هەواڵگریی ئێران (ساڤاک) بووە و ئەو دوو وەڵامەی ڕۆژنامەوانە ئیسپانییەکەشم لەگەڵ نامەکەدا هاوپێچ کرد کە ڕۆژنامەکە ئامادە نەبوو بڵاویانبکاتەوە و داوام لێکرد خۆیان بە شێوازی تایبەتی خۆیان لە ڕۆژنامەکەدا بڵاویبکەنەوە، باڵیۆزی ئێرانیش نامەیەکی ناڕەزایی دژی ئەو زنجیرە نووسینەی ڕۆژنامەوانە ئیسانییەکە نووسیبوو و بۆ ڕۆژنامەکەی ناردبوو، بەڵام ئەمەشیان بێ وەڵام مایەوە.

لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژنامەوانە و ڕۆژنامەکە تاکە کەس و لایەن نەبوون سووکایەتی بە کورد و هەوڵی ناوزڕاندنی کوردستان بدەن، بگرە چەند ڕۆژنامەوانێکی بەکرێگیراوی ئیسپانیا کوردیان بە چەتە و ڕێگر نیشانی خوێنەرانیان دەدا و ناوی کورد و کێشەی کوردیان لەکەدار دەکرد و دەیانشێواند. قوتابیانی ئەوێش هەروا وەکو تەماشاکارێک دەستەوەستان نەبوونە و ئەوانیش لە ڕێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان ڕووی ڕاستەقینەی ڕژێمەکانی عێراق و سووریایان ئاشکرا دەکرد، بۆیە بەعسییەکانی سووریا و عێراق هێرشیان دەکردە سەر قوتابیانی کورد و چالاکییەکانیان دەشێواند و سکاڵایان لەلای دەسەاڵتدارانی حکومەتی ئیسپانیا دژی ئەو خوێندکارە کوردانە تۆمار دەکرد کە بەشێک لەو خوێندکارانە بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کران.

هەر لە چوارچێوەی چالاکییەکانی لقەکە لەپاش نسکۆ بە ئازارەکەی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٧٥)ی باشووری کوردستاندا، هەریەک لە دکتۆر تویاڵ و ڕەمزی ئاڵا نزیکەی سێ بارهەڵگری دەرمان و پێداویستیی پزیشکییان تاکو مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ کۆکردەوە و لە ڕێگەی باڵیۆزی ئێران لە ئیسپانیا ڕەوانەی باشووری کوردستان کران. لە دکتۆر فاروقم پرسی، ئاخۆ ئێوە دڵنیابوون لەوەی ئەو داودەرمانانە دەگەنە شوێنی مەبەست، لە وەڵامدا گوتی: نەخێر، بەڵام باڵیۆزە ئێرانییەکە خۆی بە دۆستی کورد نیشان دەدا و پەیوەندییەکی باشیشی بە ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزانی

کـورد و مامۆسـتایانی ئاینـی و کەسـایەتییە ڕۆشـنبیرییەکانی کـورددا هەبـوو.

ژمـارەی ئەندامانـی ئـەم لقـە گەیشـتە (٢٥) ئەنـدام و دوا لێژنـەی کارگێڕیـی ئـەم لقـەی پێـش جودابوونـەوە لەیـەک لـە سـاڵی (١٩٧٥) لـە مەحمـوود عەبـدی و مسـتەفا عەبـدی و عومـەر ڕەفعـەت ئاغـا و جەمیـل حەسـەن و کەسـانی تـر پێکهاتبـوو.

هەڵوێسـتی ئەندامانـی لقەکـەش لـە ئاسـت جودابوونـەوەی کۆمەڵەکـە، بەجۆرێـک بـوو کـە تـەواوی ئەندامانـی ئـەو لقـە لەگـەڵ سـەرکردایەتی بارزانیـدا بـوون و مەحمـوود عەبـدی دەڵێت:"بڕووسـکەیەکمان بۆ پشـتگیریکردنی مانـەوەی کۆمەڵەکـە بەیەکگرتووی بۆ کۆمەڵەکـە نـارد و ئـەو دووڵەتبـوون و ناکۆکییـە نێوخۆییەکانـی کۆمەڵەکەمـان ئیدانـە کرد".

دیارتریـن ئەندامـە چالاکەکانـی لقەکـە بریتـی بـوون لـە: مەحمـوود عەبـدی و مسـتەفا عەبـدی، فـاروق حەمـۆ و جەمیـل حەسـەن و ڕەمـزی ئـاڵا و چەنـد کەسـێکی تـر.

لقی هۆڵەندا

ئەم لقە، حەڤدەمین و دوا لقی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوو لە ئەورۆپا کە پێش جودابوونەوەی کۆمەڵەکە دامەزرا، واتە پاش چەند مانگێک دوای نسکۆی شۆڕش. لە یەکەمین بڵاوکراوەی ئەم لقە (مەشخەڵ)دا هاتووە؛ لە ٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ دا بڵاوکراوەتەوە ..."لقی حەڤدەی کۆمەڵەکە بە سەرپەرشتیی تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا لە کەشێکی دیموکراسی و برایەتی و دۆستانەدا دامەزرا و دەستەی کارگێڕیی لقەکە هەڵبژێردرا. دامەزراندنی ئەم لقەی کۆمەڵەکە لەم قۆناغە مێژوویی و دۆخە تایبەتەدا، بەڵگەیەکی زیندووی درێژەدانی خەباتی قوتابیانی کوردە، وێڕای ئەو هەموو کارەسات و دەردەسەرییەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە و بەڵگەیەکیشە بۆ ڕەوایی کێشەی گەلەکەمان ...."

لە ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ لە هەولێر تاریق ئاکرەیی و خەلیل شەنگالیم بەیەکەوە بینی. پرسیاری لقەکەم لێیان کرد و تاریق ئاکرەیی پێیگوتم:"لەبیرم نەماوە و بڕوا ناکەم ئەم لقەمان لەو ڕێککەوت و مێژووەدا دامەزراندبێت کە لە پێشەوە ئاماژەی بۆکراوە". بەڵام خەلیل شنگالی سوور بوو لەسەر ئەوەی لقەکە لەم مێژووەدا دانەمەزراوە و گوتی:".... دامەزراندنی لقی هۆڵەندا لە ساڵی (١٩٧٦) بوو، نەک (١٩٧٥). لەبیریشمە گۆڤارێکمان بەناوی (پەیمان) بەناوی لقەکەوە دەرکرد ..."بەڵام هەرچییەک بێت، پێدەچێ تاریق ئاکرەیی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی لەبیرنەمابێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، دانەیەک لەو بڵاوکراوەیەی (پەیمان)م دەستکەوت و لە بەرگی دەرەوەیدا نووسرابوو:"پەیمان: گۆڤارێکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا - لقی هۆڵەندا دەریدەکات. ژمارە: (یەک) ساڵی یەکەم تەموزی ١٩٧٦".

ژمارە (یەک)ی گۆڤاری (مەشخەڵ) لە (١٤) لاپەڕە پێکهاتبوو و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە کە هەشت لاپەڕەی بۆ بەشە کوردییە سۆرانییەکەی بوو و بە پیتی عەرەبی چاپکرابوو. لاپەڕەکانی دیکەی بە زمانی عەرەبی بوون و ناونیشانی بابەتەکانیشی بریتی بوون لە: دامەزراندنی لقێکی نوێی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا - ئەندێشەی پەنابەرێکی کورد - هەواڵ و کۆمێنت و چەند ناونیشانێکی تر. ناونیشانی گۆڤارەکە، شاری (ئەتراخت)ی هۆڵەندا بوو.

لە سەرەتاکانی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٦ بەیاننامەیەکی دووردرێژی لقی هۆڵەندا بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕێککەوتنەشوومەکەی ٦ی ئاداری نێوان شای ئێران و ڕژێمی عێراق و ئەو نسکۆیەی لە ڕێککەوتننامەکە کەوتەوە، بەناوی لقەکەی هۆڵەندا بڵاوکرایەوە و لە سەرەتاکانی مانگی ئاداری ٢٠٢٠ هاوڕێمان خەلیل شەنگالی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویکردەوە و دەڵێت:"....لقی هۆڵەندای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا پێش کۆنگرەی حەڤدەی دامەزرا و کاتی خۆی لێژنەیەکی کارگێڕی بۆ لقەکە هەڵبژێردرا، بەڵام ئەوەی دواتر ڕوویدا، دووركەوتنەوەی بەشێک لە ئەندامانی لقەکە بوو لە ڕێبازی کۆمەڵەکە و کەوتنە دوای ڕەوتی جوداخوازان و ڕەتکردنەوەی شەرعییەتی کۆمەڵەکە. بۆیە ئێمەی زۆرینە، کۆنگرەیەکی نائاساییمان لە سەرەتاکانی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٦ بەست و لێژنەیەکی نوێی کارگێڕیمان بۆ لقەکە هەڵبژارد کە باوەڕی بە دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەکە هەیە، داوای لە ئەندامانی کشاوەی لقەکەش دەکەن، بە هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە و بێنەوە ڕێزەکانی کۆمەڵە و دان بە شەرعییەتیدا بنێن....". دووپاتیدەکاتەوە لقەکە لە ساڵی (١٩٧٥) دامەزراوە و پێدەچێت زۆربەی ئەندامانی کارگێڕیی لقەکە بەرەو لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەنگاویان نا کە لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ دامەرزا.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٦دا کۆمەڵە خوێندکارێکی کوردی ئاوارەی ئێران هاتنە هۆڵەندا، یەکێک لەوانە خەلیل شەنگالی بوو و هەموویان مەیلیان بۆ لای سەرکردایەتی بارزانیدا بوو، بۆیە هەوڵی زیندووکردنەوەی لقەکەیان دا و دارەوان نامیق شوان بە سکرتێری لق و هەریەک لە خەلیل شەنگالی و چەند کەسێکی دیکە بوونە ئەندامانی کارگێڕیی لقەکە و بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (پەیمان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردەوە.

بەشی پێنجەم

ژیانناممەی چەند ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەکە

وامـان پـێ بـاش بـوو، بەشـێکی تایبـەت بـۆ ژیاننامـەی بەشـێک لـە ئەندامـە چالاکەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپـا تەرخـان بکەیـن، بەتایبەتـی ئەوانـەی توانـیمان ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان پێـوە بکەیـن و بیانبینیـن، یاخـود ئەوانـەی لەڕێگـەی کۆمەڵەکـەوە ژیاننامەکانـیمان دەسـتکەوت کـە لـە ڕاسـتیدا زۆربـەی هـەرە زۆری ئەندامانـی کۆمەڵەکـە کەسـانی چـالاک و دڵسـۆزی گـەل و دۆزە ڕەواکـەی بوونـە. بـەڵام داواکردنـی ژیاننامـەی سـەرجەم ئەندامـە چالاکەکانـی کۆمەڵەکـە کـە سـەدان کەسـن و هەریەکەیـان کەوتوونەتـە کونجێکـی ئـەم دونیایـە و بەشـێکیان لـە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتانی باشـووردا دەژیـن، کارێکـی هێنـدە ئاسـان نییـە. ئـەرک و ماندووبونێکـی زۆری پێویسـتە و پێویسـتی بـە تەرخانکردنـی یـەک بەرگـە کـە بـەو توانـا داراییـە زەحمەتـە بکرێـت، بۆیـە داوای لێبـوردن لـەو بەڕێزانـە دەکەیـن کـە نەمانتوانـی پەیوەندییـان پێـوە بکەیـن یاخـود لێـرەدا نـاویمان نەهێنـاوە.

ئەگـەر هـەر ناچـار بیـن نـاوی بەشـێکیان بهێنیـن و چەنـد ڕستەیەکیان دەرهـەق ئـەو ئەندامـە چالاکانـە بنووسـین، هەڵبـەت دەبـێ ئامـاژە بـە نـاوی نورەدیـن زازا بدەیـن، چونکـە ئەگـەر ئـەو نەبوایـە، کۆمەڵەکـە دانەدەمـەزرا و ئێمـەی کـورد هـەر قـەرزاری ئـەم کەسـایەتییە ڕۆشـنبیرە کوردپەروەرەیـن، هەروەهـا هەسـت بـە ئـازاری ویژدانـی ئـەو کەسـە کوردپەروەرانـەش دەکەیـن کـە لەگەڵیـدا ژیـاون و هێنـدەی خۆیانیـان نەداوەتـێ و چاکەیـان نەداوەتـەوە. دکتـۆر عیسـمەت شـەریف وانلیـش کـە لەژیانیـدا ئـارام نەبووەتەوە و هـەر خەریکـی پەیوەندیکـردن بـووە بـە لایەنـە نێودەوڵەتییـەکان، هـەر لـە ڕێککخـراو و هێـز و دەسـتە پێوەنـدارەکان بـە مافەکانـی مـرۆڤ و گەلانـەوە بگـرە تـا دەگاتـە گەیاندنی کێشـەی کـورد بـەو لایەنانـە و داوای لێکـردوون هاوشـێوەی گەلانـی دیکـە دادپەروەربـن لـە مامەڵەکـردن لەتـەک نەتـەوەی کـورددا. دکتـۆر کەمـال فوئـاد کـە یەکێـک بـووە لـە ڕۆشـنبیر و سیاسـەتوانانی دیـاری کـورد و لـە سیاسـەتکردندا زۆر ژیرانـە مامەڵـەی دەکـرد و هێزێکـی گـەورەی بڕواپێهێنانـی کەسـانی بەرانبەریـان هەیـە، داینەمـۆی ڕێکخسـتن بـووە لـە کۆمەڵەکـە و ڕێکخـراوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئەورووپـا.

سەعدی دزەییش بزوێنەری پەیوەندییەکانی نێوان مەڵبەندی کۆمەڵەکە و لقەکانی و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی دیکە بووە. ڕۆڵێکی کاراشی لە لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەل و نەتەوەی کوردا هەبووە. هەروەها پێویستە تاریق ئاکرەییشمان لەبیرنەچێت کە ڕۆڵێکی چالاکی لە چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و پەیوەندییەکاندا هەبووە، بەتایبەتی کاتێک سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە، بەم شێوەیە هەروا دێ و لیستەکە زیاد دەکات و داوای لێبوردن دەکەم لە عومەر شێخموس و حەمەڕەش ڕەشۆ و ئەوانەی کە ماون و ژمارەشیان زۆرە .

دکتۆر نورەدین زازا- دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی - دکتۆر کەمال فوئاد - حەمەڕەش ڕەشۆ - عومەر شێخموس - تاریق ئاکرەیی - دارا تۆفیق - شەوکەت ئاکرەیی - یوسف زۆزانی - شیرین کەتانی - هۆشەنگ عوسمان سەبری - سیامەند بەننا - دارا عەتار - عومەر یونس (گولک) - دکتۆر عەبدولمەجید شێخۆ - دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێش - بەهائەددین محەمەد - دکتۆر فەوزی ڕەسوڵ - جەمال عەلەمدار - فەوزی ئەسعەد - دکتۆر عیزەدین نەعسۆ - ئەدهەم ڕەشید - دکتۆر عادل زەینەل - دکتۆر حوزنی حاجۆ - دکتۆر زەردەشت حاجۆ - دکتۆر عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید - دکتۆر سەربەست محەمەد ئەمین بلباس.

دکتۆری کۆچکردوو نورەدین زازا

نورەدین زازا لە ١٥ی شوباتی ساڵی (١٩١٩) لە شاری مادن لەدایکبووە، لە نزیک ئامەدی باکووری کوردستان. نەوەی بنەماڵەیەکی کوردپەروەری ناسراو بووە. لەپاش کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی (١٩٢٥) و لە ئەنجامی بەشداربوونیان لەو ڕاپەڕینەدا، باوکی و دکتۆر نافزی برا گەورەی و مامێکی دەستگیر دەکرێن. دوای ئازادکردنی باوک و براکەی، لەگەڵ برا گەورەکەیدا دێنە سووریا کە ئەوکات هێشتا یانزە ساڵی تێنەپەڕاندبوو. لەوێ تاکو قۆناغی ئامادەیی دەخوێنێ و خوێندنی باڵا لە زانکۆی بەیروت تەواو دەکات و بڕوانامەی زانستە سیاسییەکان بەدەستدێنێ.

لە تەموزی ساڵی (١٩٤٤) هەوڵی دا پەیوەندی بە بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات لە باشووری کوردستان، بەڵام لە عێراق دەستگیر دەکرێت لە مووسڵ و بەغدا ساڵێک لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە.

دوای ئازادکردنی، دەگەڕێتەوە لوبنان و لەوێ چەند خوێندنگەیەکی ئێواران بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دەکاتەوە. لەکاتی ئینتدابی فەڕەنسا لە سووریا و لوبنان و کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی (شرق الأوسط) لە بەیروت کە دکتۆر کامەران بەدرخان لە ساڵی (١٩٤٦) سەرپەرشتیی دەکرد، نورەدین زازا بە بێژەری لەو ڕادیۆیە کار دەکات و هەموو جارێک بەم ڕستەیە دەستی پێدەکرد:"Radiyo Rojhilat bangî we dike Guhdarên delal!"واتە: بیسەرانی خۆشەویست ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگتان دەکات. بەپێی ئەوەی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پێیگوتووم.

سەرەتاکانی ساڵی (١٩٤٧) لەگەڵ عەبدولوهاب باباجان کە کوردێکی خەڵکی سلێمانییە، عیسمەت شەریف وانلی و چەند کەسێکی دیکە کە لە زانکۆی بەیروتدا دەیانخوێند، یەکەمین کۆمەڵەی کوردیان بەناوی (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد) دامەزراندووە و لەمەدا کەمال جونبولات هاوکاریی کردوون.

لە پایزی ساڵی (١٩٤٧) لە بەیروتەوە چووە سویسرا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا. کاتێک دەگاتە ئەوێ و پاش ماوەیەکی کورت، هەست دەکات ڕای گشتیی ئەوڕوپا بەتایبەتی و ڕای گشتیی سویسرا هیچ لە بارەی کورد و کوردستانەوە نازانن،

بۆیە هەستی کرد خۆی و ئەوانەی لە وڵاتانی ئەوڕوپادا دەژین، ئەرکێکی قورسیان دەکەوێتە سەرشان و پێویستە ئەرکی کوردناسین بە ئەوڕوپا بخەنە ئەستۆی خۆیان و لەیەکەمین دەرگاوە دەستی پێکرد و لە دەرگای ڕاگەیاندنی دا، چونکە دەیزانی ڕاگەیاندن ئامرازێکی زۆر کاریگەرە و دەتوانێت لەڕێگەی ڕادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە ویژدانی مرۆڤ لە ئاست نەتەوەکەی بجوولێنیت. بۆیە چەند یاداشتنامەیەکی بۆ ژمارەیەک کۆنگرە و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییە فەرمی و میللییەکان نارد کە یەکێک لەوانە، یاداشتنامەیەک بوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو کاتەی لە پاریسدا لە ساڵی (١٩٤٨) کۆبوونەوە، هەروەها چاوی بە وەزیری دەرەوەی سویسرا کەوت و ویستی دەنگی کپکراوی ستەمدیدەی گەلەکەی کە لە ژێر چەوساندنەوە و زوڵم و نەزانی و دواکەوتووییدا دەناڵێنێت، بگەیەنێتە بڕیار بەدەستان و هێزە دیموکراتخواز و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ و گەلان.

پاش دوو ساڵ مانەوەی لە سویسرا، لەگەڵ پێنج خوێندکاری دیکەی کورد کە لە سویسرا و فەڕەنسا بوون، توانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دابمەزرێنن و ببێتە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە و نووسین و بابەتەکانی لە ڕۆژنامەی (Dengê Kurdis-tan)دا بڵاوبکاتەوە کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆی و گوشارەکانی حزبی تووەی ئێرانی لەڕێی هەردوو ئەندامی کۆمەڵەکە (ئەحمەد قاسملۆ و عەبدولڕەحمان قاسملۆی برای) کە داوایان لێکرا لە کۆمەڵەکە بکێشنەوە، بووە هۆی سڕکردنی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە، لەپاش ساڵێکی کارکردنی بێوچاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەشداریی لە فیستیڤاڵ و سیمینارەکاندا دەکرد و نامەی بۆ لایەن و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان بەناوی کۆمەڵەکەوە هەر دەنارد.

لە ساڵی (١٩٥٦) نورەدین زازا، بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستە پەروەردەییەکاندا وەردەگرێت و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سووریا، بەهاوکاریی (١٦) خوێندکاری کورد و لە هاوینی هەمان ساڵدا، دووبارە کۆمەڵەکەی زیندووکردەوە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا). ئینجا لەڕێ بەیرووتەوە گەڕایەوە سووریا.

لە هاوینی ساڵی (١٩٥٧) لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، پشتیوانیی لەهەوڵەکانی عوسمان سەبری، ڕەشید حەمۆ، محەمەد عەلی خەواجە، عەبدولحەمید دەروێش، خەلیل

محەمەد، حەمزە نویران و شەوکەت حەنان دەکات (پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا) یان دامەزراند و پاش ساڵێک خۆشی بووە ئەندامێکی ئەو حزبە و دەبێتە سەرۆکی حزبەکە. لە هەڵمەتەکەی ١٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ بۆ دەستگیرکردنی سەرکردە و بەرپرسانی پارتی، دەستگیر دەکرێت. پاش دەرچوونی لە بەندیخانە، لەلایەن پارتییەوە کاندید دەکرێت بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی (١٩٦١). کاتێک دەسەڵاتدارانی سووریا درکیان بە جەماوەریی نورەدین زازا کرد و دەیانزانی بە مسۆگەری لە ڕکابەرییەکانی پەرلەماندا سەردەکەوێ، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان تەزویرکرد. پاشان ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی دڕندانەی لێپێچینەوە و گوشار و سووکایەتیکردن بووەوە، بە ناچاری سووریای بەجێهێشت و ڕووی لە لوبنان کردەوە. لەوێش لەنێو کوردی لوبنان چالاک بوو و لەگەڵ ڕۆژنامە ناوداڕەکانی ئەوێ و گۆڤارە بەربڵاوەکانی عەرەبی و بیانیشدا پەیوەندیی گرت و کۆمەڵێک بابەتی سەبارەت بە بارودۆخی کورد بڵاوکردەوە، بەتایبەتی بارودۆخی عێراق و باشووری کوردستان، هەر بەهۆی ئەم چالاکییانەیەوە لەوێش دەستگیر کرا و ناچار کرا لوبنان بەجێبهێڵێ و ڕوو لە ئوردن بکات کە هەر لە فڕۆکەخانەدا دەستگیریان کرد[١٩١] و دووبارە ڕەوانەی لوبنانیان کردەوە.

هەواڵی دەستگیرکردنی دکتۆر زازا گەیشتە مستەفا بارزانی، ڕابەری شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان، نامەیەکی بۆ سەعید جومعە، سەرۆک وەزیرانی ئوردن نارد کە بە ئاشکرا دەیگوت من شانازی بە کوردبوونی خۆم دەکەم، بۆیە لە وەڵامی نامەکەی بارزانیدا، خۆی چووە لای زازا و دەستبەجێ ئازادی کرد و دووبارە گەڕایەوە لوبنان.

زۆری پێنەچوو دەسەڵاتدارانی لوبنانیش دەستگیریان کرد و ڕادەستی دەسەڵاتدارانی سووریایان کردەوە و لەوێ خرایە بەندیخانەوە، پاشان بەرەو سوێداء، جارێکیشیان بەرەو دێرلزوور نەفیکرا. ماوەی ١٨ مانگ ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکرا.

دکتۆر زازا، هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەی چەشت، زیندانیکرد، ئەشکەنجەدان، دەربەدەری و نەفیکرد. دونیای لەبەرچاو تاریکبوو و لە ساڵی (١٩٦٧) بڕیاری گەڕانەوەی تورکیا دەدات، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیاش لەوێ بەدوایدا دەگەڕێن، بۆیە هەتاکو ساڵی (١٩٧٠) خۆی حەشار دەدا و بە قاچاغی لە تورکیا دەمێنێتەوە، ئەنجام هیچی بۆ نامێنێتەوە تەنیا گەڕانەوە نەبێت بۆ سویسرا، بۆئەوەی بەیەکجاری

لەوێ سەقامگیر بێت لەدەست ڕاوەدوونانی دەسەڵاتدارانی تورکیا، سووریا و عێراق خۆی دەرباز بکات، تاڵی بەندیخانەکانی سووریا و عێراق و ڕاوەدوونانی پۆلیسی تورکیای چەشتووە، لە دەرەوەی سنووری ئەم وڵاتانەشدا، دەسەڵاتدارانی تورکیا، لە لوبنان و ئوردن و تەنانەت سویسراش هەوڵی دەستگیرکردنیان داوە.

لە ساڵی (١٩٧٢) کچە ڕۆژنامەوانێکی سویسری دەناسێت و هاوسەرگیریی لەگەڵدا دەکات، لە ئاداری (١٩٧٣) کوڕێکی لەم ڕۆژنامەوانە سویسرییە دەبێت و لە خۆشیی ناوی هۆشەنگ عوسمان سەبری، ناوی دەنێن (شەنگۆ). هەر لە تاراوگە دەمێنێتەوە و پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی سییەکانی، لە ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٨٨) کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی سەرەکیی لۆزان دەنێژرێت. ئەو شارەی هەموو جارێک بە بەردەم ئەو بینایەیەی ڕێککەوتنامەی (لۆزان)ی تێدا ئیمزاکرا، ڕەت دەبوو، تفێکی لێدەکرد و دەیگوت:"هەی بە نەفرەتبیت".

دکتۆر زازا هەموو ژیانی خۆی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی نەتەوەکەی بەسەربرد و ڕووی لە هەر کوێیەک بکردایە هەوڵی ڕێکخستنی ڕیزەکانی کورد و یەکخستنی گوتاری کوردی دەدا، ئەمەش بەڵگەی بەرزیی هەستی نەتەوایەتییەتی و خەونی بەوەوە دەبینی کوردیش هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکە ببێتە خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆی خۆی، ئەم هەستەشی لە یەکێک لە هۆنراوەکانیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە تێیدا دەڵێت:

Li ser vê rêya dijwar

Min jî kire pir hewar

Da ji bo we jî rojekê

Dinya bibe gulbehar

وێڕای فراوانی ئاسۆی ڕۆشنبیری و بلیمەتییەکەی، دکتۆر زازا تێکۆشەرێکی پێداگری سیاسەتزان بوو لەسەر شێوازی ئەوروپییەکان. دەیزانی کەی دەبێ سووربێت لەسەر بیروبۆچوونەکانی و کەیش نەرم و دیپلۆماسی بێت لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و دۆزە بنەڕەتییەکان، تەنانەت جەلادەکانی دیمەشقیش، تەنیا لەبەرئەوەی کورد بوو ڕقیان

لێیدەبووەوە و هاواریان دەکردە سەری دەیانگوت:"... ها ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە تۆی کوردی گڵاو، ببیتە عەرەب؟ ..."نەک هەر ئەوە، زازا ڕۆشنبیر و ئەدیبێکی پلە یەک بوو، دەیان بابەت و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە ژیانی کورد بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فەڕەنسی نووسیوە، یەکێک لە نووسینە بەنرخەکانی زازا، ئەو پێشەکییە بەپێزەیە کە لە ساڵی (١٩٥٧) بۆ داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکەی (مەمی ئالان)، بەناوێکی خوازراوی (Çîroknivîs) نووسیوە. چەندین کتێبی بڵاوکردووەتەوە و ژمارەیەک دەستنووسیشی هەن کە هێشتا بڵاونەکراونەتەوە - بەپێی گوتەی هاوسەرەکەی- و کۆمەڵێک هۆنراوەی کوردیشی بە زمانی کوردی هۆنیوەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێک کە لە ساڵی (١٩٩٥) بەناونیشانی (Keskesor) لەلایەن دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی (Nûdem) لە سوید چاپکراوە. ڕۆمانی (Şivanê Kurd)ی عەرەبی شەمۆ و چەند بەرهەمێکی تری وەرگێڕاوە.

دکتۆر نورەدین زازا، بەردەوام هانی ڕۆڵەکانی کوردی دەدا کە بایەخ بە زمانی دایکیان بدەن و خاوەن ئەم گوتە بەناوبانگەشە کە دەڵێت:"هۆ لاوان! هۆ برایان بە زمانی خۆتان بخوێننەوە و بنووسن کەسانی دیکەش فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بکەن، ئەمەش لە ڕۆژێکدا نیو سەعاتی بەسە. نەتەوەمان لە تاریکی و هەژاریدا دەژێت، ڕێگەی ئازادییان بە گشتاندن و زیندووکردنەوەی ئەم زمانەیە.

دەڵێن، جارێکیان ڕەشیدی کورد دەچێتە دیمەشق، کاتێک پاش چەند ڕۆژێک دەگەڕێتەوە قامیشلۆ، شاعیری ناودار جگەرخوین دەبینێت و لێیدەپرسێ:

- لەوێ دکتۆر نورەدین زازات بینی؟

دەڵێ: بەڵێ.

دووبارە جگەرخوین لێیدەپرسێتەوە:

-چۆن بینیت؟ گوتی: ئەو پیاوێکی ڕۆشنبیر و زیرەک و تا بڵێی دەستپاک و ڕاستگۆیە، بەڵام ئەمە دەستمان نادات. جگەرخوین بە سەرسامی دەپرسێتەوە:

چۆن؟ ڕەشیدی کورد دەڵێ: چونکە ڕۆشنبیرێکی گەورەیە. ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ هەڵوێستی ئەوسای کۆمەڵگەکەی لە ئاست ڕۆشنبیراندا.

هەرکەسێک دکتۆر زازای لە نزیکەوە ناسیبێت، دەزانێت کەسێکی دڵ و دەروون باش و دڵسۆز و ڕاستگۆ، دڵ ناسک و بەسۆزە و پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، فرت و فێڵ و درۆی لەلا نییە وەکو زۆربەی سیاسەتوانان.

کاتێک هاوسەرەکەیم لە ماڵی بەهزاد دیاب لە دەوروبەری لۆزاندا بینی. گلەیی زۆری هەبوو لەو ڕەفتارە نەشیاو و شەرمەزارانەی کورد لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کراوە، منیش تەنیا بۆ دڵدانەوە و هێورکردنەوەی گوتم:

- یەکێک لە سیفەتەکانی گەلانی دواکەوتوو ئەوەیە؛ هەتاکو لە ژیاندا مابن، ڕێز لە پاڵەوان و ڕۆشنبیرانی مەزنی خۆیان ناگرن، بەڵام پاش مردنی پەشیمان دەبنەوە لەو ڕەفتارە ناشارستانییەی لەگەڵ کەسێکی وەکو نورەدین زازادا کراوە، ئینجا ویژدانیان هەراسانیان دەکات. بە زمانی ئەڵمانی و بە دڵێکی پڕ لە ناسۆرەوە گوتی:

-"Zu spät"، واتە (تازە کار لە کار ترازا)[١٩٢]. دووبارە بە تۆنی دەنگێکی تاوانبارانەوە کە نەتوانێت داکۆکی لە هەڵوێستەکەی خۆی بکات، پێمگوت:

-"ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام داننان بە هەڵە - ئەگەرچی زۆر درەنگیش بێت - لەوە باشترە کە نەبێت".

لێرە، گوتەیەکی بەناوبانگی ئەدیب و تێکۆشەری کۆچکردوو ئاپۆ عوسمان سەبریم هاتەوەبیر کە دەیگوت:"گەلانی زیندوو مردووانی زیندوو دەکاتەوە، بەڵام گەلانی دواکەوتوو زیندووەکانی لە گۆڕ دەنێت".

دکتۆر نورەدین زازا بە دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و خاوەن بیرۆکە و داینەمۆی سەرەکیی کۆمەڵەکە دادەنرێت و نەک هەر لە قۆناغی یەکەمی نێوان ساڵانی (١٩٤٩ - ١٩٥٠) بگرە لە قۆناغی دووەمیشدا لە ساڵی (١٩٥٦) کە دووبارە کۆمەڵەکە چالاک کرایەوە، پشکی سەرەکیی چالاکییەکانی لە ئەستۆ دەگرت. بۆنموونە: ئەگەر دکتۆر زازا تێچووی ئامادەبوونی قوتابیانی لە کۆنگرەی یەکەمدا لە ئەستۆ نەگرتایە، کۆنگرەکە هەر لە بنەڕەتدا نەدەبەسترا. گۆڤاری (Dengê Kurdistan)یش ڕووناکیی بەچاوی خۆی نەدەبینی و کۆمەڵەکەش جارێکی دیکە لەسەر پێی خۆی نەدەوەستایەوە و چالاکییەکانیش ئەنجام نەدەدران. ئەمانە هەمووی بەدانپیانانی

بەشێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکەیە، لەوانەش دکتۆر ئەحمەد زمچی.

بەداخەوە، هەر کەسێک هاتبێ و باسی مێژووی دامەزراندنی"کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی لە ئەورۆپا -KSSE) کردبێت کە بە چالاکترین و تەمەندرێژترین و گشتگیرترین دامەزراوەی کوردستانی هەژمار دەکرێت، ناوی دکتۆر زازای هاوشێوەی ناوی دامەزرێنەران و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکە هێناوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانی دیکە، بەڵام دەبوایە ناوهێنانی دکتۆر زازا تایبەت بوایە، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی و کارای لە هەموو چالاکییەکانی کۆمەڵەکەدا هەبووە، ئەمەش ناهەقییەکی گەورەیە دەرهەق دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، چونکە پێگە و ڕۆڵی هەر کەس و لایەنێک یاخود دەزگایەک بە (ماوە – کات) ناپێورێت، بەڵکو بە بەرهەم و ئەنجامەکانیەتی.

حەیدەر عومەری هاوڕێشم وایدەبینێت؛ دوو لە ڕۆشنبیرانی نەوەی یەکەم کە تاکو ئێستا هێندەی خۆیان ڕێزیان لێنەگیراوە و ئەو هەڵسەنگاندنەیان بۆ نەکراوە کە شایستەی ئەو دوو زاتە بن، ئەوانیش: قەدری جانی شاعیر (١٩١١ – ١٩٧٢) و سیاسەتوان و ئەکادیمیست دکتۆر نورەدین زازایە.

لێرەدا بە پێویستیشی دەزانم ئاماژە بۆ خاڵی جیاوازی نێوان ڕۆشنبیران و سیاسەتوانانی کوردی ڕۆژئاوا بکەم کە بەندە بە ڕۆڵی دکتۆر نورەدین زازا لە دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا) کە دکتۆر زازا لە جارێک زیاتر لە یاداشتنامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە (خۆی) لە ساڵی ١٩٥٧ (پارتی) ی لە سووریا دامەزراندووە، بەشێک لە ڕۆشنبیران و سیاسەتوانانی کوردی ڕۆژئاوا، ئەمە دووپاتەکەنەوە، هاوسەری زازاش سووڕە لەسەر ئەم بۆچوونە. کەچی سێ لە دامەزرێنەرانی پارتی کە بریتین لە: حەمید دەروێش و ڕەشید حەمۆ و دکتۆر خەلیل کە لە ژیاندا ماوە، دەڵێن: دکتۆر زازا پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دامەزراندنی (پارتی) لە ساڵی (١٩٥٨) هاتووەتە نێو ڕیزەکانی پارتییەوە و لەسەر داواکاریی سەرکردایەتیی پارتی هاتووە و بەڵێنی پێدراوە بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرێت و ئەمەیە ڕاستیی ڕووداوەکە و دکتۆر زازا لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی پارتیدا ئامادە نەبووە کە لە ماڵی محەمەد عەلی خەواجە (یەکێکە لە دامەزرێنەران)، لە حەلەب لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٧بەسترا.

لە کتێبی (الحركة الكردية في العلاقات الدولية – موجز)ی ڕەشید حەمۆدا هاتووە کە بەمزووانە چاپدەکرێت:"لە ساڵی ١٩٥٧لەگەڵ بەشێک لە نیشتیمانپەروەرانی دیموکراتخوازی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستانمان لە سووریا دامەزراند کە دواتر دکتۆر نورەدین زازا هات و بە سەرۆکی پارتی و عوسمان سەبری بە سکرتێر هەڵبژێردران، منیش ئەندامێک بووم لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا".

پرسی دکتۆر زازا کە خۆی بە یەکێک لە دامەزرێنەران یاخود دامەزرێنەری پارتی و دووپاتکردنەوەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و سیاسەتوانان هەر وا بێ شرۆڤە دەمێنێتەوە. کەس گومانی لەوە نییە دکتۆر زازا ڕۆشنبیرێکی گەورەیە و بە دەیان ساڵ پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە.

ئەوەش بەپێویست دەزانم[١٩٣]وەک ئەوەی هۆشەنگ عوسمان سەبری پێیگوتووم: دکتۆر نورەدین زازا، پێش مردنی بە ساڵێک داوای لێکردووە هاوکارییەکی مانگانەی بکات، چونکە دوو ساڵە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی سییەکان بووە و لەتوانایدا نییە کرێی چارەسەرکردن و دەرمانەکان بدات، هۆشەنگ گوتی:

"... ئەم داواکارییەی ئەوم وەکو فەرمانێکی باوکمم دانا، چۆن دەبێ جێبەجێی نەکەم ...".

پەیوەندیی بە ژمارەیەک لە کوردپەران، نموونەی دکتۆر مستەفا سەیدۆ و میمە و یەکێکی تر ....؟ ئەم سیانە مانگانە بڕە پارەیەکیان بۆ دەنارد، تاکو ڕۆژی مردنی. هەر بۆ ئاگاداری، ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد و کوردستان ئاگایان لە باری تەندروستی و دۆخی خراپی دارایی دکتۆر زازا بوو، بەڵام کەس ویژدانی نەجوڵا و یارمەتییان نەدا کە زۆر پێویست بوو، کاتێک مرد، ئینجا چەند سەرکردەیەکی بزووتنەوەی کورد ویستیان ناو و پاشخانی خەباتی ئەم کەسایەتییە بۆ بەرژەوەندیی بەرتەسکی حزبەکەیان بقۆزنەوە.

هەرکەسێکیش بیەوێ سەردانی گۆڕی دکتۆر نورەدین زازا بکات، ئەمە ناونیشانەکەیەتی:

Cimtiere du bois de vaux = (Navê guristanê)

Tombe 43 = (BeŞê 43)

Tombe 11004 = (Nimra gorê 11004)

ژیاننامەی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی

تێکۆشەر و ڕۆشنبیری کۆچکردوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ لە (حی الکورد) لە دایک و باوکێکی کورد لە دیمەشقی پایتەخت لەدایکبووە. کە باپیرانیان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە شاری وانی باکووری کوردستانەوە هاتوون و لە دیمەشق نیشتەجێ بوونە، ئەو نازناوی (وانلی)یەشی هەر لەوەوە هاتووە. لە قوتابخانەکانی دیمەشقدا خوێندوویەتی و قۆناغی ئامادەیی هەر لەوێ تەواوکردووە و دواتر بڕوانامەی لیسانسی لە زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی دادوەریی فەڕەنسی وەرگرتووە و لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت درێژەی بە خوێندنی خۆی داوە. لەوێ لەپاڵ زمانەکانی عەرەبی و فەڕەنسی، فێری زمانی ئینگلیزیش دەبێت. بەداخەوە هەتا نەچووە ئەوڕوپا فێری زمانی کوردی نەبوو و لەوێ لەگەڵ دکتۆر کامەران بەدرخان یەکتری دەناسن.

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، لە سەرەتای ژیانیدا بە حەماسەتەوە کوردایەتیی دەکرد و ئارەزووی لە خوێندنەوەی مێژوو و وەرزشکردن بوو و ئەندامێکی یانەی وەرزشیی (کوردستان) بوو کە ئەدیب و تێکۆشەری کوردی کۆچکردوو عوسمان سەبری لە ساڵی (١٩٤٠) لە دیمەشق دایمەزراند. لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی (خۆیبوون) دەکات و لەوێ جەلادەت بەدرخان، مەمدوح سەلیم، قەدری جان، ئەکرەم جەمیل پاشا و نورەدین زازا ... دەناسێت. لوبنان بەجێدێڵێ و بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو لە سویسرا دەکات. کاتێک لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دەگاتە لۆزان، نورەدین زازا زۆر هاوکاریی دەکات. لە ساڵی (١٩٧٠) بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان وەردەگرێت. ناونیشانی تێزی دکتۆراکەشی تۆژینەوەیەک بوو لەسەر شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان. پاشان بڕوانامەی ماستەر وەردەگرێت لە مێژوو و لە ساڵانی نێوان (١٩٦٠ – ١٩٦٢) وانەی مێژووی کوردستانی بە قوتابیانی زانکۆی سۆربۆن لە پاریس دەگوتەوە کە خوێندکاری وڵاتە جیاوازەکانی جیهانی تێدا بوو.

وانلی، لە ساڵی (١٩٤٩) یەکێک بووە لەو شەش کەسەی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیان لە ئەوڕوپا لە قۆناغی یەکەمدا دامەزراندووە. هەروەها لە قۆناغی دووەمیشدا لە ساڵی

(١٩٥٦) بەشداریی لە دامەزراندنەوەی کۆمەڵەکەدا کردووە. هەر لە کۆنگرەی دووەوە کە لە ساڵی (١٩٥٨) بەستراوە تاکو دەگاتە بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی هاوینی ساڵی (١٩٦٢) سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە. بەناوی کۆمەڵەکەوە بەشداریی لە کۆنفرانسی جیهانیی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کردووە کە لە ساڵی (١٩٥٩) لە (یاڵتا) بەسترا. سەرۆکایەتیی شاندێکی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیشی کردووە لە ئەوڕوپا لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە لە ساڵی (١٩٦٠) لە بەغدا بەستراوە. لەوێ وتارێکی درێژ لە کۆنگرەکەدا دەخوێنێتەوە و مقۆمقۆیەکی گەورە لەنێو قوتابیانی عێراق و عەرەب پەیدا دەکات و ئاماژەی بەوە داوە کە هەردوو ماددەی دوو و سێی دەستووری عێراق دژ بەیەکن، ماددەی دوو دەڵێت: عێراق: دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی) کەچی لە ماددەی سێدا دەڵێت: (کورد و عەرەب هاوبەشن لە دەوڵەتی عێراقیدا)، ڕاستەکەی ئەوەیە بگوترێت: بەشە عەرەبییەکەی عێراق، بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی. هەر لەسەر ئەم وتارەی داوای لێکرا عێراق بەجێبهێڵێ. تەنانەت مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش (جەلال تاڵەبانی) پێیڕاگەیاندبوو ئەگەر دەستگیر بکرێیت و ئازاریشت پێبگەیەنن، ئێمە هیچمان پێناکرێ، وا باشترە عێراق بەجێبهێڵی. (ئەمە جاری یەکەم بوو کە دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی سەردانی عێراق و باشووری کوردستان بکات) لەوێ بارزانیی نەمر دەناسێت و پاشتر چەندین جار سەردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە و پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشدا هەبووە. دوواجار پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٦١) بارزانی دەیکاتە نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەوڕوپا. هاوشان لەگەڵ ئەو نوێنەرایەتیکردنە، گوتەبێژی (لێژنەی داکۆکیکردن بوو لە مافەکانی نەتەوەی کورد). دووجاریش بەشداریی لە (لێژنەی مافەکانی مرۆڤ)دا کردووە کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و لەوێ وتارێکی دەربارەی کێشەی کورد پێشکەش کردووە. بڵاوکراوەی (چارەسەری نێودەوڵەتیی مافەکانی گەلی کورد)ی بە زمانی فەڕەنسی داناوە و لە ئەوڕوپا بڵاوکراوەتەوە.

لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ لە هەوڵێکی تیرۆریستی هەواڵگریی باڵیۆزی عێراق لە سویسرا ڕزگار دەبێت کە هێرش کرابووە سەر ماڵەکەی و گوللەیەک بەر ملی دەکەوێت و بە موعجیزە ڕزگار دەبێت، بەڵام تووشی زمان گرتن و سەر ئێشەیەکی بەردەوامی دەکات.

لە ساڵی (١٩٩٥) بە سەرۆکی پەیمانگەی لێکۆڵینەوە و زانستەکانی بەرلین هەڵدەبژێردرێت. لە هەمان ساڵدا دەبێتە (ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە تاراوگە) کە پەکەکە لە ساڵی (١٩٩٩) دایمەزراندووە. هەروەها دەبێتە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی (KNK) کە پەکەکە لە بڕۆکسلی پایەتەختی بەلجیکا ڕایگەیاندبوو. لەگەڵ کچێکی سویسری هاوسەرگیری دەکات و کوڕێکی لێی دەبێت و ناوی دەنێت سیامەند. لە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ بە یەکجاری چاوەکانی لێکدەنێ و بە جەستە لێمان دوورەکەوێتەوە بەڵام هێشتا لەگەڵ ڕوحی ئەودا دەژین.

دکتۆر وانلی هەر لە گەنجییەوە تاکو ڕۆژی مردنی، وەفاداری دۆزی گەلەکەی بووە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی میللەتەکەی بووە لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان. پاکوخاوێن و دڵودەروون چاک بوو، بە عەقڵییەتێکی ئەوروپیانە و بابەتییانە کوردایەتیی دەکرد . هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا پەسند بوو لە وڵاتانی سۆشیالیستی و ڕۆژئاواییەکاندا، واتە لە جۆری ناسیونالیستە شۆفێنییەکان نەبوو، بەڵکو ناسیونالیستێکی دیموکراتخواز بوو. بەهەموو توانایەکی خەباتی بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەی لەژێر چەپۆکی چەوساندنەوە و ستەم و دووا‌کەوتوویی و بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کردووە، بەڵام سیاسەتوانێکی بە ئەزموون و شارەزا نەبوو و چەندین جار گۆزەگۆزی لەنێو ڕیزەکانی حزبە جیاوازەکانی کوردستاندا کردووە. لەلایەن مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕش، بە پچڕپچڕ کراوەتە نوێنەری شۆڕش لە ئەوڕوپا، ئینجا لە ساڵەکانی (١٩٦٧ بۆ ١٩٦٩) چووەتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی لە سووریا، پاش نسکۆی شۆڕش لە باشووری کوردستان، درێژەی بە خەباتی سیاسیی خۆی داوە و چووەتە نێو ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و لەوێ چەند پۆستێکی وەرگرتووە، بۆیە کە دەمرێت، هیچ کام لەم حزب و لایەنانە ئەو بایەخە پێویستەی پێنادەن کە شایستەی ئەو بێت.

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە کێشەی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان داناوە، لەوانە: (کێشەی کورد لە تورکیا) و کتێبی (کورد و کوردستان) و نامیلکەیەک لەسەر کێشەی کورد لە سووریا – پڕۆژەی

پشتێنەی عەرەبی و چەند نامەیەکی کراوە بۆ حافز ئەسەد و بەشار ئەسەدی کوڕی کە دۆخی کوردی ڕۆژئاوای تێیاندا خستووەتەڕوو و باسی لە ڕەوایی خواست و کێشەکەیان دەکات، بێجگە لە دیراسەیەکی ئەکادیمی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی مۆدێل و شێوازەکانی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لە جیهاندا و ..... .

سەبارەت بە چالاکییەکانی دکتۆر عیسمەت لەچوارچێوەی کۆمەڵەکەدا دەرکەوت کە زۆربەی نامە گۆڕینەوەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانی کۆمەڵەکە لەگەڵ جیهانی ئەوڕوپادا لەو سەردەمانەی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە، لە ئەستۆی دکتۆر عیسمەتدا بووە. واتە ئەو داینەمۆی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە دەرەکییەکان بووە. دکتۆر وانلی ئەوەشی هەبووە کە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە لە کێشەی کوردی کۆڵیوەتەوە، ئەمەشە نهێنیی پەیوەندییە باشەکانی کۆمەڵەکە لەگەڵ دەرەوەدا، تەنانەت پەیوەندیی هێز و حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش هەر لە ڕێگەی کۆمەڵەکەوە بووە و ڕۆڵێکی کارای لە هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیی ئەوڕوپای فەرمی و میللی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە هەبووە و کوردی پێیاننناساندووە، زۆریش سەرکەوتوو بووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ عەقڵییەتی ئەوڕوپاییدا.

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی جێگری سەرۆکی (کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەو گەلانەی مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە) بووە کە مەڵبەندیی سەرەکیی لە ئەڵمانیایە و ئەم کۆمەڵەیە دوو کتێبی بە زمانی ئەڵمانی بۆ بڵاوکردووەتەوە، کتێبێکی دیکەش کە بە هاوبەشی لەگەڵ کەنداڵ نزان و چەند کەسێکی دیکە دانراوە.

لە ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٤ چاوی بە پاپای فاتیکان یۆحەننا پۆڵسی دووەم کەوتووە و عەبدولڕەحمان دوڕەشی لەگەڵدا بووە و لەوێ پانێلێکی لەسەر ڕەوشی گەلی کورد پێشکەشکردووە. لە ماڵەکەی خۆیدا کە لە ٨ی شوباتی ٢٠١١ بینیم، پێیگوتم:".... هێشتا ڕۆڵی خۆمم تەواو نەکردووە ... ئەگەر بەو هێز و توانایەمەوە بمێنم، ڕۆڵەکەی خۆم تەواو دەکەم ... من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە دەرەوەی کوردستان – ئەوڕوپا - فێری زمانی کوردی بووم و تاکو ئێستا هەر بەو زمانە قسە دەکەم کەچی زۆرێک لە کوردان کە دێنە ئەوڕوپا، زمانی دایکیان لەبیر دەکەن .... لێدوانەکەی ڕابەری شۆڕش مستەفا بارزانی زۆر کاریگەر و بە ئازار بوو بۆ من کە

گوتـی: ئـیتر مـن هیچـم بـۆ کـورد پێناکـرێ لەپـاش نسـکۆی ئـاداری (١٩٧٥) ....".

سـەرنجێک سـەبارەت بـە هەوڵـی تیرۆرکردنەکـە: لـە دیدارێکمـدا لەگـەڵ هاوسـەری دکتـۆر زازا لـە سـویسرا، پێیگوتـم:

" .... لـە ئەنجامـی ئـەو پەیوەندییـە باشـەی هاوسـەرەکەم بـە چەنـد بەرپرسـێکی سـویسریی دەبەسـتەوە، لەوانـەش وەزیـری دەرەوە، بڕیـار درا شـاندێکی هاوبەشـی لایەنـی کـورد و عێراقـی و سـویسری بـۆ عێـراق و باشـووری کوردسـتان بـۆ بەدواداچـوون بـەدوای ڕاسـتییەکانی پـاش نسـکۆی شـۆڕش لـە ئەنجامـی ڕێککەوتننامـە شـوومەکەی ٦ی ئـاداری نێـوان شـای ئێـران و ڕژێمـی عێـراق کـە دکتـۆر زازا گلەیـی لـە دەوڵەتـی سـویسرا دەکـرد بـۆ هەڵسـەنگاندنی ڕەوشـی عێـراق و باشـووری کوردسـتان تەنیـا پشـتی بـەو زانیارییانـە دەبەسـت کـە لـە حکومەتـی عێراقـەوە وەریدەگـرت، ئەمـەش هەمـوو ڕاسـتییەکان نیـن و تەنیـا دیوێکـی بارودۆخەکەیـە. ڕۆژێکیـان وەزیـری دەرەوەی سـویسرا بـە هاوسـەرەکەمی ڕاگەیانـد، شـاندێک دەچێتـە عێـراق و باشـووری کوردسـتان، بـەڵام زازا ئـەو کاتـەی پـێ گونجـاو نەبـوو کـە دەوڵەتـی سـویسرا داینـاوە و پێیانیگـوت: دیاریکردنـی ڕۆژی سـەردانەکە دەبـێ بـە ڕاوێـژ و ڕەزامەندیـی لایەنـی کوردیـش بێـت، نـەک بـێ ئاگاداریـی ئـەوان ڕۆژەکـە دیاریبکرێـت، بۆیـە ئـەو ڕازی نەبـوو لـەو ڕۆژەدا سـەردانەکە بکرێـت و ئەویـان لەگەڵـدا بێـت، بـەڵام عیسـمەت شـەریف وانلـی ڕازی بـوو لەگـەڵ شـاندەکەدا بـڕوات و نوێنەرایەتیـی لایەنـی کـوردی بـکات، شـاندەکەش لەژێـر چاودێـری و پاراسـتنی دەزگا ئەمنییەکانـی عێراقـدا بـوو، بۆیـە کـەس نەیدەتوانـی باسـی ڕاسـتییەکان بـکات لـە ترسـی ئـەو ئەنجامـە خراپانـەی لێیدەکەوێتـەوە. شـاندەکە گەڕایـەوە و ئـەم ڕاپۆرتـەی پێشـکەش کـرد: بارودۆخـی عێـراق و کوردسـتان بـەو شـێوە خراپـە نییـە کـە بەشـێک لـە کـورد باسـی دەکـەن و دواتـر ڕاپۆرتەکـە لـە دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـدا بڵاوکرایـەوە. پـاش ماوەیـەک لـە بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتەکـە، عیسـمەت شـەریف وانلـی بەیاننامەیەکـی دەرکـرد و تێیـدا ئیدانـەی سیاسـەتی کۆمەڵکوژیـی کـوردی کـرد بـە دەسـتی ڕژێمـی عێـراق، بۆیـە فەرمانبەرانـی باڵیۆزخانـەی عێـراق لـە سـویسرا داوایـان لێکـرد چیـدی ئـەم جـۆرە بەیاننامانـە دەرنـەکات، ئەگینـا ئاقیبەتـی بـاش نابێـت، کاتێـک وانلـی گـوێ بـەو هەڕەشـە و ئاگادارکردنەوانـە نـادات، لـە ڕۆژ ٧ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٦ دوو بەکڕێگیـراوی

باڵیۆزخانەی عێراق دەنێرنە سەر ماڵەکەی و یەکێکیان لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا دەمێنێتەوە و ئەویدیکەیان بەرەو ماڵیان چوو و لە دەرگای ماڵی وانلیی دا، ئەو ڕۆژە نە کوڕەکەی نە هاوسەرەکەشی لەماڵ نابن، کاتێک وانلی دەرگا دەکاتەوە، پیاوەکە پێیدەڵێ: ئەوە ئەو دیارییەمان بۆت هێناوە کە لە ڕۆژی سەردانیکردنی عێراقەوە بەڵێنمان پێدابووی کە بریتی بوو لە پاکەتێک خورمای گوێزدار، بەم شێوەیە وانلی دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە و دەیهێنێتە هۆڵی ماڵەکەی دایدەنیشێنێ. کاتێک عیسمەت هەڵدەستێ قاوەیەک بۆ میوانەکەی بکات و پشتی لێدەکات و بەرەو ناندینەکە هەنگاو دەنێت، ئەو پیاوە عێراقییە دەمانچەکەی دەردێنێت و دوو گوللە بە کەللە سەری دکتۆر عیسمەتەوە دەنێ و بە دەوروبەری گوێی دەکەون، عیسمەت دەکەوێتە سەر زەوی و کابرا وا دەزانێ عیسمەتی دەستبەجێ کوشتووە، بەڵام عیسمەت مابوو نەمردبوو. کاتێک دراوسێکان گوێیان لە دەنگی تەقەکان دەبێت، دێن و لە ماڵەکەی وانلی گردەبنەوە، چونکە دەرگای ماڵەکەیان لەسەر پشت بوو، هاوسێکان تەلەفۆن بۆ ئەمبۆلانس دەکەن و دەیگەیەننە نەخۆشخانە، پاش چەند ڕۆژێک چاکدەبێتەوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی سویسراش دەریخست کە ئەم ڕووداوە بە دەستی پیاوانی باڵیۆزخانەی عێراق ئەنجام دراوە لە سوید....".

لەلای خۆشیەوە دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی دەگێڕێتەوە: زۆر دەوروخولیان داوە و دەیانویست بە پارە و دیاری دەمبەستی بکەن و چیدی ڕاپۆرت بڵاونەکاتەوە و هەرکاتێکیش بیەوێ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا سەفەری عێراق بکات، ئەوان هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکەن، تەنیا واز لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکان بهێنێت، ئەو ڕازی نابێت پێیاندەڵێت: من هەر بەردەوام دەبم لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و هەموو ئۆفەرەکانی ئەوانیشی ڕەتکردەوە، ئیتر ئەو هەوڵی تیرۆرکردنە کاردانەوەی ئەم وەڵامەی دکتۆر وانلییە.

ژیاننامەی کەمال فوئاد

دکتـۆر کەمـال فوئـاد لەدایکبـووی سـاڵی (١٩٣٢)ی شـاری سـلێمانییە، پـاش تەواوکردنـی قۆناغـی خوێندنـی ئامادەیـی، دەچێتـە ئەڵمانیـا و لـەوێ لـە سـاڵی (١٩٧٠) بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە فەلسـەفە (بەشـی ڕۆژهەڵاتناسـی و دیراسـاتی ئێرانـی) لـە زانکـۆی هۆمبۆڵتـی بەرلینـدا بەدەسـتدێنێت. پـاش ڕێککەوتنامەکـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی (١٩٧٠)ی نێـوان سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد و ڕژێمـی عێـراق گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و لـە سـاڵی (١٩٧١)ەوە دەبێتـە مامۆسـتا و لـە زانکـۆی سـلێمانی وانـە دەڵێتـەوە. ئەندامێکـی دامەزرێنـەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و یەکێکـە لـە بەرپرسـانی دەسـتەی گشـتیی مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتـی.

پێـش چوونـی بـۆ ئەڵمانیـا، سـکرتێری لێژنـەی ناوخۆیـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی دەبێـت لـە سـلێمانی. ناکۆکییـەک بـە هـۆی جیاوازیـی بۆچوونـی ئـەو و حزبەکـە سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد پەیـدا دەبێـت و بەهـۆی ئـەو جیاوازییـەوە لـە سـاڵی ١٩٥٦ ڕیزەکانـی حزبـی شـیوعیی عێراقـی بەجێدێڵێـت و ژمارەیـەک لـە هەڤاڵانـی پشـتگیریی ئـەو هەڵوێسـتەی دەکـەن و هەمووییـان بەیەکـەوە دەسـت لەکارکێشـانەوەیەکی بـە کۆمـەڵ پێشـکەش حزبەکـە دەکـەن کـە سـاڵح حەیـدەری، حەمیـد عـوسمان، نـەژاد ئەحمـەد، خـەسرۆ تۆفیـق و چەنـد کەسـێکی تـر دەبـن و دەچنـە نێـو ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئـەو دەبێتـە ئەندامێکـی دیـار و چالاکـی نێـو حزبەکـە.

دکتـۆری کۆچکـردوو کەمـال فوئـاد، یەکێکـە لـە کەسـایەتییە سیاسـی و ڕۆشـنبیرییە هەڵکەوتووەکانـی کـورد و بـە بۆچوونـە بۆڕانەکـەی و سیاسـەتزانی دەناسرێتـەوە. لـە نێـو کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپاشـدا، دەبێتـە داینەمـۆی ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵەکـە و لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئەورۆپـا. نزیکـەی (٦٠) سـاڵی تەمەنـی خـۆی لـە چالاکیـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـدا بەسـەربردووە و بەیەکێـک لـە ڕابەرانـی ڕۆژنامەگەریـی کـوردی دادەنرێـت و ڕۆڵێکـی کارای لـە کۆکردنـەوەی ژمارەکانـی ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)دا هەیـە کـە لـە سـاڵی ١٨٩٨ لـە قاهیـرە دەرچـووە و لـە ئەرشـیفی ئەڵمانیـادا کۆیکردووەتـەوە و لـە بەرگێکـدا لـە سـاڵی (١٩٧٢) لـە بەغـدا چاپـی دەکات.

پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) دووبارە دەگەڕێتەوە کوردستان و بە ئەندام پەرلەمانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێت و لە پەرلەمانی کوردستاندا دەبێتە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لەو خولەدا. لەپاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٢) بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

دکتۆر کەمال هاوسەرگیریی لەگەڵ کچە ئەڵمانییەکدا کردووە و دوو منداڵی لێی دەبێت، کوڕێک و کچێک، لە ساڵی (٢٠٠٠) کوڕەکەی لە تەمەنی (٢٦) ساڵیدا کارەبا دەیگرێت و دەمرێت، بەڵام کچەی هێشتا لە ژیاندا ماوە و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە ئەڵمانیا دەژێت.

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیا بە جەڵتەی مێشک دەمرێت و لەسەر وەسیەتی خۆی لەو گۆڕستانەدا دەنێژرێت کە کوڕەکەی و هاوسەرەکەیی تێدا نێژراون.

ژیاننامەی دارا تۆفیق[١٩٤]

لە ساڵی (١٩٣٢) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە. هەر لە گەنجییەوە هاتووەتە نێو کایەی سیاسی و لە قۆناغی ئامادەییەوە چووەتە نێو ڕیزەکانی حزبی شیوعیی عێراقی. پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی، دەچێتە کۆلێژی (ئەندازیاری) و لەوێش درێژە بە کاری سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆی دەدات، بەڵام سزا دەدرێت و دوو ساڵ لە زانکۆ دەردەکرێت، بۆیە لە ساڵی (١٩٥٢) دەچێتە بەریتانیا و لە ساڵی (١٩٥٧) کۆلێژی ئەندازیاری لەوێ تەواو دەکات.

لە ئەورووپا، پێگەیەکی شایستە لەنێو سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان وەردەگرێت، لە بڕیارەکانیدا زۆر کاریگەر دەبێت و هەموشیان لە بەرژەوەندیی دۆزی میللەتەکەی دەبێت، ئەویش بەهۆی ئەو پاشخانە سیاسی و نەرمی نواندنەی لە کاری سیاسیدا دەینوێنێ. لە ساڵی (١٩٦٣) ڕیزەکانی حزبی شیوعیی عێراقی بەجێدێڵێ و دەچێتە ڕیزی شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان.

ماوەیەک دەبێتە ڕاوێژکاری مستەفا بارزانی، ڕابەری شۆڕشی کورد و بارزانی ڕایدەسپێرێت ژمارەیەک لە سەرکردەکانی بەعس ببینێت، لەوانەش: میشێل عەفلەق و سەدام حوسێن. دیدارەکانی بەهەمهێن دەبن و هەردوولا دەگەنە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ کە بەهۆیەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا دان بە مافەکانی گەلی کورد دێنن و دەبێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لە ژیانی گەلی کورددا. لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٧٠) بەستراء دارا تۆفیق بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی هەڵدەبژێردرێت. دواتر دەبێتە هەڵسوڕێنەری پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی سۆڤیەت و ئەندامی شاندی دانوستاندکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبی بەعسی عێراق کە شاندەکە پێکهاتبوون لە: ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، نووری شاوێس، سالح یوسفی، سامی عەبدولڕەحمان، نافیز جەلال و دکتۆر مەحموود عوسمان).

دارا تۆفیق، یەکێکیشە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە قۆناغی دووەمی ساڵی (١٩٥٦) لە شاری فیسبادنی ئەڵمانی، هەروەها بەشداریکردووە لەگەڵ شاندەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی پانزەی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کە لە بوخاریستی پایتەختی ڕۆمانیا لە ساڵی (١٩٧٢)دا بەسترا کە ئەوکات ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی پارتی بوو.

پاشان دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التآخی) و زۆر سەرکەوتوانە و بە شارەزایی سەرۆکایەتیی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کردووە.

ڕۆژنامەوان و سیاسەتوانی دێرین فەرهاد عەونی لە کتێبی (ذاکرة الأیام)یدا و لە قسەکردن لەسەر دارا تۆفیقدا دەنووسێت:"..... لە ڕووخساریدا دیاربوو کەسێکی سادە و ڕووخۆش و قسەخۆش بوو ... زۆر بە ڕەوشت بوو لە ڕەفتاریدا سادە و ساکار و دڵ و دەروون خاوێن بوو ... هەرگیز تاکلایەنانە بڕیاری نەدەدا و هەمیشە ڕای هاوکارانی لە ڕۆژنامەی (التآخی) لە نووسەران و کارمەندانی دەزگاکەی وەرگرتووە، بەتایبەتی لەو بڕیارە گرنگانەی ڕەنگدانەوەیان لە نووسینەکاندا دەبێت. وەک بڕا گەورەیەک مامەڵەی لە خەڵکانی تردا کردووە و قەت خۆی وەها نیشان نەداوە کە هەموو شتەکان دەزانێت و دەتوانێت بەتەنیا هەموو شتەکان بکات و بە ڕوحیەتی (یەک تیمی) کاریدەکرد، بۆیە خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەری بوو".

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەسەر دەستی دارا تۆفیق بڵاوکرایەوە کە ڕۆژنامەی (برایەتی) بوو کە لە ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤دا یەکەمین ژمارەی لێدەرچوو.

ماوەیەکیش دەبێتە بەڕێوەبەری دەزگای گشتیی گواستنەوەی ئاو لە بەغدا، ئاگادارکراوەتەوە کە ڕەنگە تووشی گێچەڵێک ببێت. ڕژێمی عێراق پۆستی جێگری سەرکۆماری عێراقی دەخاتە بەردەم، تاکو بە یاسای ئۆتۆنۆمی ڕازی بێت کە ڕژێم تاکلایەنانە دایڕشتبوو، بەڵام ئە، پۆستەکەی ڕەتکردووەتەوە و گوتوویەتی:".... ئەگەر بەوەی ئێوە دەیڵێن ڕازی بم، متمانەی سەرکردایەتی و ڕێزی گەلەکەم لەدەست دەدەم، چونکە ئەگەر من لەسەر حسێبی ئەو هەموو قوربانییەی گەلەکەم ببمە ئەو کەسەی کە دەمبینی، من پێشنیازتان بۆ دەکەم لەگەڵ سەرکردایەتیی کورددا ڕێکبکەون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەک بە بەرتیل و بەخشینەوەی پۆست ویژدانی خەڵک بکڕن.

لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی شەڕی عێراق-ئێراندا هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١ دەیڕفێنن و سەرنگومی دەکەن کە ڕەنگە ئیعدام کرابێت.

ژیاننامەی شەوکەت ئاکرەیی

ناوی تەواوی، شەوکەت ئەحمەد عەزیز ئاغایە، لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٢٧ لە شاری ئاکرێی پارێزگای دهۆکی هەرێمی کوردستان لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە .....؟ تەواو کردووە و لەگەڵ شەهید ساڵح یوسفی و چەند کەسێکی تردا پێش ئەوەی سەفەری دەرەوەی وڵات بکات لە ساڵی ١٩٤٨ دێنە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. سەرەتا لە سویسرا دەگیرسێتەوە، پاشان لە ساڵی (١٩٥٠) دەچێتە زانکۆی لیڤەرهامبتۆن لە بەریتانیا و لە ساڵی (١٩٥٥) بڕوانامەی ئەندازیاری لەو زانکۆیە وەردەگرێت. یەکێک بووە لەو شەش کەسەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان لە ئەوڕوپا لە ساڵی ١٩٤٩ لە سویسرا دامەزراندووە لە قۆناغی دووەمی ساڵی (١٩٥٦)ی کۆمەڵەکەشدا هەر ئەندامێکی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بووە. پاش دەرچوونی لە زانکۆ، دەگەڕێتەوە عێراق و لە بەغدا لە ئاستی بەرزبەرزی پیشەییدا دادەمەزرێت. لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی، پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و ماوەیەک، بارزانی دەیکاتە نوێنەری فەرمیی خۆی لە دەرەوەی وڵات کە بارەگاکەی لە قاهیرەی پایتەختی میسردا دەبێت.

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە گوشاری دەخرێتەسەر، بەتایبەتی پاش ئەوەی گومانی لێدەکەن لەگەڵ ساڵح یوسفیدا بیر لە دامەزراندنی (بزووتنەوەی سۆشیالیستیی کوردستان) بکەنەوە، چەند جارێک ئەو دەزگایانە بۆ لێپێچینەوە بانگی دەکەن، لە یەکێک لە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوەدا کەمێک ژەهری ساڵیۆم دەکەنە نێو ئاوی پرتەقاڵەوە و دەرخواردی دەدەن، پاشان بەرەبەرە تەندروستیی تێکدەچێت و دەوروبەرەکەی ئامۆژگاریی دەکەن بچێتە دەرەوەی وڵات و خۆی چارەسەر بکات. بەڵام قەدەری وەها دەبێت پێش ئەوەی بگاتە ئەوڕوپا، پێدەچێت هەر لە کوێت گیانی لەدەستدابێت بەهۆی کاریگەریی ئەو ژەهرەی لە ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ خواردوویەتییەوە.

کاتێک یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (التآخی) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەچێت، شەوکەت ئاکرەیی ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە دەبێت و لە خولی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا، ساڵی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ هەر لەوێ دەمێنێتەوە و دواتر دەست لەکار دەکێشێتەوە و حەبیب محەمەد کەریم لە جێگەی ئەو دادەنێن.

ژیاننامەی حەمڕەش ڕەشۆ

ناوی ڕاستەقینەی (حەمدی تۆرانلی)یە، لە ١١ی شوباتی ١٩٣٩ لە گوندی (ساکۆ - ساقۆ)ی سەر بە قەزای (کولکی)یە لە ویلایەتی (سەمسۆر) کە یەکێکە لە ویلایەتەکانی باکووری کوردستان لەدایکبووە. نەوەی سەرۆک هۆزی (ڕەشوان) ە کە هۆزێکی کوردیی بەناوبانگە لە کوردستان. حەمڕەش لە یەکێک لە دیمانەکانیدا باسەکات کە باوکی هەر بە (حەمڕەش) بانگیکردووە، بۆیە ئەویش ئەم نازناوەی لەخۆی ناوە و (ڕەشۆ)ش لە ناوی هۆزەکەیەوە هاتووە.

قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە قەزای کولکی تەواو کردووە، لە ساڵانی نێوان ١٩٥٧ - ١٩٦٣ بۆ تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی لە ئەستەنبول و بۆ خوێندنی (ماف) لە ئەنقەرە، بەڵام بەهۆی ڕاوەدونان و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی تێکۆشەرانی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، خوێندنەکەی تەواو ناکات و ناچار دەبێت ڕوو بکاتە سویسرا و ماوەیەکی کەمی تێدا دەمێنێتەوە، پاشان لە بەرلینی ڕۆژئاوا نیشتەجێ دەبێ. لەوێ بڕوانامەی دیبلۆم لە ئابووریی سیاسی لە زانکۆی بەرلینی ئازاد وەردەگرێ.

حەمڕەش، هەر کە دەگاتە بەرلین لە ١٩٦٣ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییەی لەنێو کۆمەڵەکەدا پەیدا بوو، بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕەپانی ئەوڕوپا، وای لە حەمڕەش کرد لە کۆمەڵەکە و لقی شەشدا بکشێتەوە و تەنیا پشتگیریی سەرکردایەتی بارزانیی نەمری دەکرد. پاش گەڕانەوەی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال بۆ نێو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠، ئەویش دەگەڕێتەوە کۆمەڵەکە و لقی شەش.

لەڕاستیدا کاتێک باس لە کەسایەتیی حەمڕەش ڕەشۆ دەکەین، ناچار دەبین بیکەینە دوو کەسایەتی: حەمڕەش ڕەشۆی سیاسی کە بەشداریی لە دامەزراندنی چەند حزبی کوردستانی کردووە: لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ دوو

تێکۆشەری دیکەی باکووری کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان - تورکیا) لە شاری (مونشین)ی ئەڵمانی و لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٦٥ لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانی (پارتی دیموکراتی کوردستان - باکوور) و لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداری لە دامەزراندنی (پارتی ئازادی و پێشکەوتنی کوردستان- یەکبوون) و لە ساڵی (١٩٨٨) بەشداری لە یەکخستنی (٨) لایەنی سیاسیی دەکات بەناوی (بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستان) لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٢ کاردەکات لە پێناو یەکگرتنەوەی باڵەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان - هەڤگرتن) کە لە ساڵی ١٩٩٤ ناوەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە (پارتی دیموکراتی کوردستان - باکوور) و هەتاکو ڕۆژی مردنی خۆی سکرتێری ئەو حزبە دەبێت. هەروەها بەشداریی لە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی کوردی دەکات، لەوانە: لە ١ی ئابی ساڵی ١٩٦٨ (کۆمەڵەی خوێندکاران و کرێکارانی کوردستانی باکوور)ی دامەزراند و لەگەڵ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی باکووری کوردستان (کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کوردستان) یان دامەزراند کە بە (باهۆز) ناسرابوو، لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ حەسەن حوسامی کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو و چەند کەسێکی دیکە (مانگی سووری کوردی) دادەمەزرێنێت. لە ساڵی ١٩٧٩شدا بە هاوکاریی چەند ئەندامێکی تر، کۆمەڵەی (یەکێتیی دیموکراتخوازەکانی کوردستان) دادەمەزرێنێت.

حەمەڕەش ڕەشۆی ئەدیب و ڕۆژنامەوان: لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە نووسینەکانی لە ڕۆژنامە تورکییەکاندا بڵاوکردووەتەوە کە زۆربەیان لەسەر کێشەی کورد بوون. لە ساڵی (١٩٦٣) کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا گۆڤاری (Hêviya Welêt) دەردەکات و حەمەڕەش ڕەشۆ ڕۆڵێکی کارای تێدا دەبینێ و دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارەکە. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥ - ١٩٧٠ حەمەڕەش ڕەشۆ گۆڤاری (Çiya) دەردەکات. لە ساڵی (١٩٦٧)یشدا لە ئەستەردانی پایتەختی هۆڵەندا، کۆمەڵە هۆنراوەیەکی بە زمانی کوردی و ئەڵمانی بەناونیشانی (Bakur) بڵاودەکاتەوە. لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەشداریی لە چەندین بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا کردووە و تەوەری باسەکانی، کێشەی کورد بووە لەو پارچانەی کوردستاندا، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەڵمانیاشدا ژمارەیەک نووسین و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

هاوشـێوەی بەشـێک لـە کەسـایەتییە کوردییەکانـی دیکـە، دەبێتـە ئەندامـی (کۆمەڵـەی داکۆکیکـردن لـەو گەلانـەی مەترسـیی لەناوچوونیـان لێدەکرێـت) کـە بـارەگای سـەرەکیی لـە ئەڵمانیایـە و ڕۆژئێکـی کاریگـەری لـەو کۆمەڵەیـەدا گێـڕاوە، بووەتـە ئەندامـی حزبـی سۆشـیال دیموکراتـی ئەڵمانـی (SPD)ش.

خەبـات و چالاکییەکانـی حەمـڕەش ڕەشـۆ، تەنیـا لـە کوردسـتانی باکـووردا سـنووردار نەبـوو، بەڵکـو تەمەنـی لاوێتـی و پیریشـی لـە داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد بـە گشـتی بردووەتەسـەر، بـە بڕوایەکـی تـەواوەوە (کوردسـتانی) بـوو و چەندیـن جـار سـەردانی باشـووری کوردسـتانی کـردووە و لـەوێ چـاوی بـە ڕابـەری شـۆڕش و سـەرکردەکانی دیکـە کەوتـووە. هانـی ڕۆژنامەوانـە بیانییەکانیشـی داوە سـەردانی باشـووری کوردسـتان بکـەن و پەیوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ ڕێکخسـتنەکانی حـزب و کەسـایەتییە سیاسـی و ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییە کوردسـتانییەکاندا هەبـووە.

حەمـڕەش کەسـێکی هێمـن و لەسـەرخۆ بـوو، جیـددی و خـاوەن پرەنسـیپ و کینـەی لەدڵـدا نەبـوو، بـۆ یـەک ڕۆژێکیـش سازشـی لەسـەر مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد نەکـردووە و بەدرێژایـی ژیانـی بـە وەفابـوو بـۆ ئـەو بیروڕایانـەی خـۆی قەناعەتـی پێیـان هەبـوو. حەمـڕەش ڕەشـۆ هاوسـەرگیریی کردبـوو و پێنـج منداڵـی هەیـە.

لـە ٢٧ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٠٢ لـە ئەڵمانیـا بـە نەخۆشـیی شـێرپەنجە گیـان لەدەسـتەدات و لـە شـوێنی لەدایکبوونـی خـۆی لـە باکـووری کوردسـتان بەخـاک دەسـپێردرێت.

ژیاننامەی عومەر شێخموس

لە ساڵی ١٩٤٢ لە عامووەای ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٥٨) ەوە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا) دەکات کە ئەوکات تازە تەمەنی گەیشتبووە (١٦)ساڵ و پاش تەنیا ساڵێک دەبێتە ئەندام ناوچەی حزب لە حەلەب. لە ساڵی ١٩٦٢ پاش ئەوەی بڕوانامەی بەکەلۆری بەدەست دێنێت، دەچێتە ئەوڕوپا، تەنیا پێنج مانگ لە ئەڵمانیا دەمێنێتەوە، ئینجا ڕوو لە بەریتانیا دەکات و تاکو ساڵی (١٩٦٧) خوێندنی باڵای لەوێ تەواودەکات. هەر کە دەگاتە بەریتانیا پەیوەندی بە لقی بەریتانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و لقی شەش دەکات. لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ ١٩٦٦ عومەر شێخموس بە ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە بەرپرسی لێژنەی ئەوروپای لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق. لە هەردوو ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧٤ بە سکرتێری لقی سویدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هەڵدەبژێردرێت.

عومەر شێخموس، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستە سیاسییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتیی لە زانکۆکانی لەندەن (١٩٦٤ - ١٩٦٧) و ستۆکهۆڵم (١٩٦٧ - ١٩٧٤)دا خوێندووە. چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەی لە سەر کورد، مافەکانی مرۆڤ، کۆچکردن و ئیسلام هەیە. لە ساڵانی خوێندنیشیدا سەرنووسەری گۆڤاری (Kurdistan) بووە کە لە ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٦ بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا جێگری سەرۆکی لقی بەریتانیا و سکرتێری لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٦. پاش دەرچوونی لە زانکۆ، لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە ساڵانی (١٩٧٣ بۆ ١٩٧٨) وانە دەڵێتەوە، لە ساڵانی ١٩٨٦-٢٠٠١یش لە هەمان زانکۆدا تۆژەری (کۆچی نێودەوڵەتی و پەیوەندیی نەتەوەکان)بوو. لە ژمارەیەک خولی تایبەتیشدا وانەبێژبووە لە بابەتی (ئایین و کۆمەڵگە و سیاسەت). نوێترین پڕۆژەی توێژینەوەکانیشی سەبارەت بە گونجاندنی کۆمەڵایەتی و دینداریی میللی لەلای کۆچبەرانی موسڵمان لە سوید و دیراسەیەکی بەراوردکاریی لە سەر بناژۆخوازیی ئیسلامی و هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژیی دژی کوردی عێراق و تورکیا بووە. ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی زانکۆی (HTU)

بـووە لـە سـوید. ئەندامـی یانـەی قەڵەمـی سـویدی و ئەندامـی کۆمەڵـەی دیالـۆگ لەگـەڵ وەزیـری کـۆچ و کۆچبـەری بـووە دەربـارەی کێشـەکانی کۆچبـەری و سـازان و وەزارەتـی دەرەوەی سـوید بـووە سـەبارەت بـە (ئیسلامـی ئەوروپـی).

لە شەسـتەکان و حەفتاکان و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا، هاوکاریـی بزووتنەوەکانی بەرخودانـی کـوردی ئێـران، تورکیـا، عێـراق و سـووریای کـردووە و سەرنووسـەری ژمارەیـەک ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانیـان بـووە بـە زمانەکانـی کـوردی، عەرەبـی و ئینگلیـزی. یەکێکیـش بـووە لـە دامەزرێنەرانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٥ و ئەندامـی دەزگا سـەرکردایەتییەکانی بـووە، لەوانـەش مەکتەبـی سیاسـی و تاکـو سـاڵی ١٩٨٦ بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی بـووە. هاوشـان لەگـەڵ هاوسـەرە سـوێدییەکەی پەیوەندیـی بـە ڕێزەکانـی هێـزەی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە لـە باشـووری کوردسـتان. لـە سـاڵی ٢٠٠١ بووەتـە سەرنووسـەری بەشـی کوردیـی ڕادیـۆی دەنگـی ئەمەریـکا و لـە سـاڵی ٢٠٠٥ تاکـو ٢٠٠٧ سـەرۆکی بەشـی کوردیـی ڕادیۆکـە بـووە.

بەشـداریی لـە ژمارەیـەک کۆنگـرەی هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا کـردووە لـە ئەسـتەنبول و قاهیـرە و بـە ئەندامـی ئەنجوومەنـی دانایـان هەڵبژێـردراوە کـە بڕیـار بـوو دابمەزرێـت و هـەر داشـنەمەزرا.

لـە ئێسـتادا شرۆڤـەکاری سیاسـیی خانەنشـین و بێلایەنـە بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کـورد و سـوید. دۆسـتێکی نزیکـی سـەرکۆمارەکانی عێـراق، جـەلال تاڵەبانـی و فوئـاد مەعسـووم و بەرهـەم سـاڵح و عـادل عەبدولمەهـدی، سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی عێراقـە

ژیاننامەی تاریق ئاکرەیی

ناوی تەواوی تاریق ئاکرەیی (تاریق کامیل حوسێن ئەفەندی)یە کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٢ لە شاری ئاکرێی باشووری کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٤٩ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە لە ساڵی ١٩٦٠ خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکار دەنێردرێنە براگی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی. لە ساڵی ١٩٦٧ ماستەرنامەی لە ئەندازیاریی وزەی کارەبایی لە زانکۆی تەکنیکیی براگ بەدەستدێنێ، بە ئەندازیاری لە براگ و بەغدا و ئەڵمانیا کاریکردووە. کە لەساڵی ١٩٦١ دەگاتە براگ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە شوباتی ساڵی ١٩٧٢ و لە کۆنگرەی پانزە کە لە بوخاریستی ڕۆمانیا بەسترا، بە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەڵدەبژێردرێت و لە کۆنفرانسی لقی شەشی پارتیش دەبێتە بەرپرسی لق.

لە ساڵی ١٩٧٣دا سەرکردایەتیی کورد لەسەر ڕاسپاردەی ڕابەری شۆڕش مستەفا بارزانی، بڕیار لەسەر پێکهێنانی نووسینگەی کوردی دەدرێت لە لەندەن کە لەم سێ ئەندامە پێکدێت: جەمال عەلەمدار و هاوار زیاد و تاریق ئاکرەیی. تاریق ئاکرەیی لەم نووسینگەیەدا نوێنەری لقی شەشی پارتی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دەبێت. زۆر سەرکەوتووانە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکە و لقی شەش دەکات لە ژمارەیەک کۆڕبەندی جیهانی و بۆنەدا. کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و سادەی دووڕە لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانین، بوێریش بووە لە خستنەڕووی بۆچوون و هەڵوێستەکانیدا. لەکاتی سەرهەڵدانی هەر ناکۆکی و جیاوازییەکی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ڕۆڵێکی کارا و ئەرێنیی لە ئاشتکردنەوەی ئەندامانیدا گێڕاوە و لەم ڕووەوە کەسانێکی زۆر شاهێدیی بۆ دەدەن.

دوای ڕاپەڕین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا چەندین بەرپرسیارێتیی وەرگرتووە، لەوانە: بریکاری وەزارەتی پەیوەندییەکان و کاروباری مرۆیی. لە ساڵی ٢٠٠٤ لە وەزارەتی دەرەوە لە پشکی کورد دەبێتە

باڵیـۆزی نائاسـایی لـە ڤیەننـا و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، پاشـان گەڕایـەوە نێـو دیوانـی وەزارەت و تاکـو سـاڵی خانەنشـین بوونـی لـە ٢٠١١ دەبێتـە بەڕێوەبـەری فەرمانگـەی ئابـووری. ئێسـتا لەگـەڵ خێزانەکەیـدا لـە هەولێـر و ئاکرێـدا دەژیـن. بێجگـە لـە زمانـی دایـک، زمانەکانـی عەرەبـی، ئەڵمانـی، ئینگلـزی و چیکـی دەزانێـت.

ژیاننامەی شیرین کەتانی

شیرین عەلی عەبدولعەزیز کەتانی، لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٨)ە و لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردپەروەری ئامێدییە و هاوسەری تاریق ئاکرەیی باڵیۆزە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە قوتابخانەی ڕاهیباتی نموونەیی لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان. پاش وەرگرتنی بڕوانامەی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٧١ پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ڕاسپاردەی بارزانیی نەمر دەنێردرێتە بەلگرادی یۆگسلاڤیا. ماستەرنامەکەی لە زانکۆی بۆن لە ئەڵمانیا لە زانستە سیاسییەکان و دیراساتی ڕۆژهەڵاتناسیدا وەردەگرێت.

لە شوباتی ساڵی ١٩٧٢ بەشداری لە کارەکانی کۆنگرەی پانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دەکات کە لە ڕۆمانیا بەسترا. هەروەها بەشداریی لەو کۆبوونەوە فراوانەی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا کردووە کە وەک نەریتێک پێش بەستنی کۆنگرە ئەنجامەدرێت. بەشداریشی کردووە لە سیمینار و دیدارەکانی یۆگسلاڤیا، (ئەپرل و هیتریش). بە لێهاتوویی بەدواداچوونی بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی کۆمەڵەکە و ڕێکخستنی سیمینار و دیدارەکانی دوبرۆفنیک و کۆنگرەکانی وڵاتانی ئەوڕوپا کردووە.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٣ بەشداریکرد لە کۆبوونەوە فراوانەکەی لقی شەشی پارتی و کۆنگرەی شانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەسترا و بە ئەندامی لێژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا.

لە نیسانی ساڵی ١٩٧٤ ئەندامی ئەو شاندە هاوبەشەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە بۆ کۆنگرەی یانزەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە لەئایاری ١٩٧٤ لە بۆدابست بەسترا.

لە نیسان و ئەیلوولی ١٩٧٤یش بەشداریی لەو شاندە هاوبەشەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردووە لە سیمیناڕە نێودەوڵەتییەکانی دۆبرۆفنیک و بەلگراد لە یۆگسلاڤیا کە بە سەرپەرشتیی یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی یۆگسلاڤیا بەستراوون.

لە ساڵی ١٩٧٥ کاتێک دەسەڵاتدارانی چیکۆسلۆڤاکیا بە گوشاری حکەمەتی عێراق، بەنیازی ڕادەستکردنەوەی قوتابیانی کورد دەبێت بە حکومەتی عێراق، لەبەرئەوەی چالاکیی دژی عێراق و پشتگیریی شۆڕشی کورد دەکەن، شیرین خان لەلایەن سکرتارییەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا ڕادەسپێردرێت بچێتە ستۆکهۆڵم و بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی ئەوێی کۆمەڵەکە پەیوەندیی بە وەزارەتی دەرەوەی سویدی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی چیکی پاشگەز بکەنەوە لە ڕاگواستن و ڕادەستکردنەوەی قوتابیانی کورد بۆ عێراق، چونکە مەترسیی لەسەر ژیانی ئەواندا هەیە لەوێ. دەسەڵاتدارانی سوید بەدەنگ داواکەی دێن و داوا لە باڵیۆزخانەکەیان دەکات ئەو خوێندکارانە بگرنە خۆیان و کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت بۆ گواستنەوەیان بۆ سوید.

هەروەها شیرین کەتانی ڕۆڵی خۆی وەک هاوسەری باڵیۆز گێڕاوە لە پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڤیەننا (United Nations Women Guield, Welcome to Austria, Conmopolitan Club) و لەئەنجامی ئەو چالاکییانەدا وەکو ئافرەتێکی هەڵکەوتووی کورد نموونەیەکی جوانی تەنانەت لەگەڵ پێکهاتەکانی ڕەوەندی عێراقی و کوردستانی نیشانداوە.

ماوەیەکی زۆریش دەبێتە ڕاوێژکاری دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هەولێر کە لەپاڵ زمانی کوردیدا، زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی و عەرەبیشی زانیوە.

ژیاننامەی دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێس

کوڕی سیاسەتوانی ناوداری کوردی کۆچکردوو نووری شاوێسە. لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی وەرگرتووە.

تاکو قۆناغی ئامادەیی لە مووسڵ و کەرکووک خوێندوویەتی، ئینجا دەچێتە زانکۆی بەغدا، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە دەرەوە. بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەندازیاریی کارەبا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات هێناوەتەوە. لە کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لە ساڵی ١٩٧٥ بەسترا، بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا.

لە ساڵی ١٩٩٩ تاکو ساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و لە سەردەمی غازی عجیل یاوەردا دەبێتە جێگری سەرکۆماری عێراق لە ٢٠٠٤. لە سەردەمی ئیبراهیم جەعفەری و نووری مالکیدا دەبێتە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق. لە ساڵی ٢٠٠٤ نوێنەری سەرۆک مەسعود بارزانی دەبێت لە ئەنجوومەنی حوکم.

لە ڕۆژی ١٤ی شوباتی ساڵی ٢٠٢١ لە تەمەنی ٧٤ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دوایی دەکات.

ژیاننامەی یوسف زۆزانی

یوسف ئیبراهیم، ناسراو بە یوسف زۆزانی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ی (سەرێ کانی)ی ڕۆژئاوای کوردستانە. چووەتە نێو ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا) و یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو حزبە و پاش دوو ساڵ لە ئەندامبوونی لەو حزبە، بە ئەندامی لقی قوتابیانی حەسەکە هەڵدەبژێردرێت. لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابیانی (پارتی) بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندنی"یەکێتیی قوتابیانی کوردی سووریا دەکات) کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری حەلەب دامەزرا.

پاش جودابوونەوەی نێوخۆیی پارتی لە ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ باڵەکەی حەمید دەرۆیشدا دەمێنێتەوە و لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە یۆگسلاڤیا و لەوێش درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لەنێو لقی یۆگسلاڤیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دەدات و لە ساڵی ١٩٦٧ بە ئەندامی کارگێڕیی ئەو لقە هەڵدەبژێردرێت و لە ساڵانی نێوان ١٩٦٧ و ١٩٦٩ بە سکرتێری لقەکە هەڵدەبژێردرێت.

لە ساڵی ١٩٦٧ لقی یۆگسلاڤیا بڕیار دەدات گۆڤاری (کاروان – Karwan) بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەربکات تاکو ببێتە زمانحاڵی لقەکە و کار و چالاکییەکانی سەرجەم قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا و هەواڵەکانی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بڵاوبکاتەوە. دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە پێکدەهێنرێت و یوسف زۆزانی یەکێک دەبێت لە ئەندامانی ئەو دەستەیە و محەمەد عەبدۆ و چەند ئەندامێکی تریشیان لەگەڵدا دەبێت. لە ماوەی ساڵی (١٩٦٧ بۆ ١٩٦٨) سێ ژمارەیان لەم گۆڤارە دەرکردووە.

یوسف زۆزانی، ئەندامێکی چالاکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پێشڕەو – PêŞraw)بووە کە لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٧٢دا دەریکردووە، بە شاهێدیی بەهاء محەمەد و زنار شێخمووس، کاتێک یوسف زۆزانی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەدا دەکشێتەوە، ئیتر گۆڤارەکەش لە بڵاوکردنەوە دەوەستێت.

یوسف زۆزانی لە چەند کۆنگرەی کۆمەڵەی قوتابیانی گورد لە ئەوڕوپا بەشداربووە: کۆنگرەی بەلگراد، بەرلینی ڕۆژئاوا، ستۆکهۆڵم و بوخاریست. هەروەها یوسف زۆزانی بەشداریی لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە بەدناوەدا کردووە"دراسة عن محافظة

الجزيرة من النواحي القومية الاجتماعية السياسية"ی محەمەد تەلەب هیلال، بەرپرسی شوعبەی سیاسیی حزبی بەعسی پارێزگای حەسەکە کە لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بە ئامانجی ئابڕووبردنی سیاسەتی بەعسی سووریا و پڕۆژە ڕەگەزپەرستییەکەی بوو دەرهەق گەلی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان.

یوسف زۆزانی دەچێتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، گروپی مەکتەبی سیاسی و تاکو ئەمڕۆ هەر بە چالاکیی گەنجێتی خۆی وەکو کادیرێکی چالاکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کار دەکات. هاوسەرگیریی کردووە و لە سلێمانی نیشتەجێیە. کچێک و دوو کوڕی هەیە. ئەو ئەندامی دامەزرێنەری"دەزگای جەلال تاڵەبانی"یە کە لە ٧ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢ دامەزراوە و کار لەسەر کۆکردنەوە و پاراستنی کلتووری مام جەلال دەکات و جێگری سەرۆکی ئەو دەزگایەیە.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم، یوسف زۆزانی لەو کەسانە بوو کە هانی دەدام و هەموو جۆرە هاوکارییەکی مەعنەویی پێشکەشکردووم لەکاتی ئامادەکردنی ئەم تۆژینەوەیەم لەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا.

هۆشەنگ عوسمان سەبری

کـوڕی گـەورەی ئەدیـب و تێکۆشـەری نـاوداری کۆچکـردووی کـورد (عـوسمان سـەبری)یە، لـە ٢٧ی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٤ لـە دیمەشـق لەدایکبـووە. پۆلـی یەکـەم و دووەمـی سـەرەتایی لـە قامیشـلۆ تەواوکـردووە، پاشـان چووەتـە دیمەشـق و لـە سـاڵی ١٩٦٣ بڕوانامـەی بەکەلۆریـا وەردەگرێـت. لـە کۆتایـی هەمـان سـاڵ و بەهـۆی چاودێریکـردن و ڕاوەدونانـی دەزگاکانـی ئەمنیـی سـووریا، سـووریا بەجێدێڵێـت و دەچێتـە بەیروتـی پایتەختـی لوبنـان، ئـەو بەیروتـەی پێشتریـش چەندیـن تێکۆشـەری کـورد، نمونـەی عـوسمان سـەبری، ڕەشـیدی کـورد، محەمـەد عەلـی خەواجـە و خـدر شـانبار و چەنـد کەسـێکی دیکـە، پەنایـان بۆبـردووە.

لـە دیمەشـق، ماوەیـەک لـە کۆگاکانـی دەرمانـی دکتـۆر نورەدیـن زازا کاردەکات. لـە ناوەڕاسـتەکانی سـاڵی ١٩٦٤ هۆشـەنگ لەگـەڵ باوکیـدا دەگەڕێتـەوە حەلـەب. بـەڵام لەگـەڵ کۆمەڵـە تێکۆشـەرێکی کـورد، عـوسمان سـەبری، ڕەشـید حەمـۆ کەمـال عەبـدی، عەبـدوڵڵا مـەلا عەلـی و ڕەشـید سـمۆ و چەنـد کەسـێکی تـر دەسـتگیر دەکرێـن، لـە کۆتایـی ئـەو سـاڵەدا بەپێـی بڕیارێکـی لێبوردنـی گشـتی بـۆ دەسـتگیرکراوە سیاسـییەکان، ئـازاد دەکرێـت.

لەبەرئـەوەی تێکۆشـەرێکی (پارتـی) بـوو، لـە سـاڵی ١٩٦٦-١٩٦٨ چاپـە عەرەبییەکـەی ڕۆژنامـەی (دەنگـی کـورد - Dengê Kurd - صـوت الأکـراد) چـاپ و بڵاودەکـردەوە. لـە ١ی ئایـاری ١٩٧٠دا باوکـی دەینێرێتـە ئەڵمانیـا. هـەر کـە دەگاتـە ئـەوێ، دەبێتـە ئەندامێکـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا و ئەندامـی لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- عێـراق، بـەڵام پـاش تێپەڕبوونـی سـاڵێک دەسـت لەکارکێشـانەوەی خـۆی لـە لقـی شەشـی پارتـی ڕادەگەیەنێـت. پاشـان لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـە ئەندامـی کارگێڕیـی لقـی بەرلینـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا هەڵدەبژێردرێـت. بـۆ یەکەمیـن جـار بەشـداریی لـە کۆنگـرەی چـواردەی کۆمەڵەکـە کـردووە کـە لـە سـتۆکهۆڵمی پایتەختـی سـوید بـەسترا. پاشـان دەبێتـە ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (دەنگـی کۆمەڵـە – Dengê Komelê).

لـە سـاڵی ١٩٨٦ بڕوانامـەی کۆلێجـی دەرمانسـازی لـە زانکـۆی بەرلیـن بەدەسـتدێنێ

و لـە هەمـان ساڵدا لـە یەکێـک لـە گەڕەکەکانـی بەرلیـن دەرمانخانەیـەک دەکاتـەوە و هەتاکـو سـاڵی ٢٠٢١ کاری تێـدا دەکات کـە خانەنشـینیش دەبـێ وازی لێدێنـێ. هاوسـەرگیریی کـردووە و کچـە شەرکەسـییەکی هێنـاوە و دوو کـوڕی لێبـووە.

هوشـەنگ عـوسمان سـەبری، تێکۆشـەرێکی دڵسـۆز و بێگـەردە و تـا سـەر ئێسـقان کوردایەتیـی کـردووە، تـا بڵێـی دەسـتکراوە و بەخشـندە بـووە. دەرمانخانەکـەی ببـوو بـە پێگـەی گردبوونـەوەی کەسـایەتییە کـوردەکان و دڵنیـام کـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو کوردپەروەرانـەی سـەردانی بەرلیـن دەکـەن، هـەر دەبـێ سـەر لـە هۆشـەنگ بـدەن. بەشـێکی زۆری تێچـووی هـەر چالاکییەکـی گرتووەتـە ئەسـتۆ کـە خـۆی بەشـداریی تێداکردبێـت و بڕواناکـەم داوای هـەر هاوکارییەکـی لێکرابێـت، جێبەجێـی نەکردبێـت، چ کـورد داوای لێکردبێـت یـان هـەر کەسـێکی دیکـە. لەکاتـی ئامادەکردنـی ئـەم تۆژینـەوە کۆمێنتارییـە مێژوویـە و ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، زۆر هاوکاریـی کـردووم.

ژیاننامەی سیامەند بەننا[١٩٥]

ناوی تەواوی سیامەند عەبدولسەمەد حاجی محەمەد بەنناییە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی کۆییێیە. باوکی سیامەند یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعیی عێراقی، لە ساڵی ١٩٤٤یشدا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی شۆڕش. ئەندامێکی دامەزرێنەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بووە لە ساڵی ١٩٤٦. لە ساڵی ١٩٥٠ تاکو ١٩٦٢ لە ئەبوغرێب و بەغدا ژیاوە و لە قۆناغی ئامادەییدا یەکەمی بەدەستهێناوە و وەزارەتی پەروەردەی عێراق دەینێرێتە بەریتانیا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی. لەوێ بڕوانامەی ئەندازیاریی کانزاکان لە زانکۆی کاردیفی بەریتانی وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٦٥دا دەچێتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەریتانیا. لە ساڵی ١٩٦٩ تاکو ساڵی ١٩٧٣ بە سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هەڵدەبژێردرێت. لە ساڵی ١٩٦٩ تاکو ساڵی ١٩٧٢ش بەرپرسی لقی بەریتانیای پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ دەبێتە وەرگێڕی ڕابەری شۆڕشی کورد، مستەفا بارزانی لە چۆمان، جێگری نووسینگەی ڕۆژنامەوانی و ڕێکخراوە بیانییەکان بووە لە شۆڕشی ئەیلوول. لە ساڵی ١٩٧٦ بە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت.

لە ساڵی ١٩٧٧ تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٧٨، لەسەردەمی قیادە موەقەتە دەبێتە بەرپرسی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە گوندی هەرکی. لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٢ دەبێتە یاریدەدەری سەرپەرشتیاری لە شارەوانیی ئەمستەردامی هۆڵەندا. لەساڵی ١٩٩١ لە کۆمپانیای (Edon estaks) کاریکردووە چالاک بووە لەنێو پارتیدا. بەشداریکردووە لە دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیرانی کورد لە لەندەن و لە ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ دەبێتە سکرتێری ئەو مەڵبەندە. لە ڕێگەی ئێرانەوە بە یاوەریی ڕۆژنامەوانە بیانییەکان و چالاکی بواری ڕاگەیاندنی پارتی لە ئەوڕوپا سەردانی کوردستان دەکەن. سەرنووسەری بڵاوکراوەی (Kurdish observer)ی ئینگلیزی بووە کە مەڵبەندی ڕۆشنبیرانی کورد لە لەندەن دەریدەکات.

یەکێک بووە لە دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی دەیەم و یانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هاشماوە بەستراوە و لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەشداریکردووە و نوێنەری تایبەتی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا. یەکەمین

نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانیش بووە لە تورکیا. لە ساڵانی نێوان ١٩٩٧ بۆ ٢٠٠٤ نوێنەری حکومەتی کوردستان بووە لە بەریتانیا. لە ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ دەبێتە باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا. لەو ڕۆژەوەی خانەنشین کراوە، لە نێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستاندا ژیان بەسەردەبات.

کاتێک باڵیۆز بووە لە دەستگیرکردن و دادگایکردنی ڤان ئانرات Van Anraatی هۆڵەندی کە لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی لە ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٩١ یارمەتی سدامی دەدا کە تا ٢٠٠٣ لە عێراق ماوە، دواتر گەڕایەوە هۆڵەندا بەو١٧ ساڵ حوکم درا.

هەروەها ڕۆڵی لە دروست کردن و دانانی پەیکەری عومەر خاوەر لە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە لاهای هەبووە.

لە ٢٠١٠ لە لایەن سەرۆک مەسعود بارزانی مەدالیای بارزانی پێ بەخشراوە، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی باڵای تێکۆشەرانە.

ژیاننامەی دارا عەتار

دارا کاکە حەمەئەمین عەتار لە بنەماڵەی (عەتار)ە لە سلێمانی. لە ٢٠ی ئابی ١٩٤١ لە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی لەدایکبووە. هەر سێ قۆناغەکەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە. لەو ماوانەدا بەشداریی لە چالاکییە پەروەردەیی و سیاسییەکاندا کردووە و ئەوەندەی تەمەن و تواناکەی ڕێگەی پێدابێت لە (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) کاریکردووە و بەشداریی لە بڵاوکراوە و پەخشنامەی سەر دیواری قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی کردووە.

لە ساڵی ١٩٦١ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە بەریتانیا و دواتر لە لەندەن نیتشەجێ دەبێت. یەکەمین نامەی لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلوول لەبارەی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول بۆ ئەوڕوپا و بەدیاریکراوی بە دەستی دکتۆر کەمال فوئاد دەگەیەنێت کە ئەوکات نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت لە ئەڵمانیا. بڕوانامەی دیبلۆمی باڵای لە مەڵبەندی (پەیمانگەی لەندن زانکۆی لەندەن) لە کاروباری نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٦٢ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لقی ئینگلتەرای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بووە و لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە سکرتێری لقەکە هەتاکو لە ساڵی ١٩٦٨ بە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هەڵدەبژێردرێت. لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە تاکو ئەمڕۆ، بەشداریی لە زۆربەی ئەو کۆنگرە تایبەتانە کردووە کە بە کاروباری کورد و کوردستان پێوەستن، لە وڵاتانی ئەوڕوپا، ئەمەریکا، ئەفریقیا و ئاسیا. لە ساڵی ١٩٦٩شدا دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری (کوردستان- Kurdistan) ی زمانحاڵی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کە (١٧) ژمارەی بە زمانی ئینگلیزی لێدەرکراوە. لە ساڵی ١٩٦٨ بە هاندان و پشتگیریی (تۆفیق وەهبی) ڕێکخراوی (AK) لە لەندەن دادەمەزرێنێ، هاوشێوەی ئەو ڕێکخراوەی دکتۆر (شەفیق قەزاز) لە ئەمریکا دایمەزراندبوو بەناوی (CAK) و هەر بە ڕاوێژ لەگەڵ تۆفیق وەهبی بڵاوکراوەی (Kurdica) دەردەکات و دەیکاتە زمانحاڵی ڕێکخراوەکە. لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەریەک لە شەفیق قەزاز، هاوار کاکە زیاد کۆیی، سیامەند بەننا، شێرکۆ عابد، هۆشیار عابد بەشداری لە دامەزراندنی (مەڵبەندی ڕۆشنبیریی

کـوردی) دەکات لـە لەنـدەن کـە ئامانـج لـە مەڵبەندەکـە پێشکەشـکردنی هەمـوو جـۆرە هـاوکاری و هەماهەنگییەکـە بـە کـوردی تاراوگـە و ژمارەیـەک بڵاوکراوەیـان بڵاوکـردەوە کـە هەموویـان لـە خزمـەت مێـژوو و وشـەی کـورددا بـوون. هـەر لـە هەمـان سـاڵی ١٩٨٣دا بەشـداریی دامەزراندنـی (Kurdish Trust) کـرد بـۆ کۆکردنـەوەی کۆمـەک و هـاوکاری بـۆ کڕینـی ئـەو بینایـەی (پەیمانگـەی کـوردی لـە واشـنتۆن). دکتـۆر نەجمەدیـن کەریمیـش بەشـداریی لـە دامەزراندنـی پەیمانگەکـەدا کـردووە لـە سـاڵی ١٩٨٤. هـەر لـەو ماوەیـەدا ژمارەیـەک گۆڤـاری بـە زمانـی ئینگلیـزی و عەرەبـی لـە چوارچێـوەی ڕێکخـراوە کوردییەکانـدا بڵاوکردووەتـەوە، بۆنمونـە: گۆڤـاری(١١ی ئەیلـوول) و (ڕاپەڕیـن) و هەتاکـو سـاڵی ١٩٨٤ لـە خزمـەت (تۆفیـق وەهبـی)دا بـووە و بەشـداریی لەگەڵـدا کـردووە بـۆ ئەنجامدانـی چەندیـن تۆژینـەوەی زمانەوانـی و ئەدەبـی. لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٦٧ بـۆ ١٩٧٠ نوێنـەری فەرمیـی مسـتەفا بارزانـی و شۆڕشـی کـورد بـووە لـە بەریتانیـا. لـە سـاڵی ١٩٧١یشـدا بـۆ هەمـان ئـەرک، دەگوازرێتـەوە بـۆ بەیـرووت لـە لوبنـان.

پـاش ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، لـە سـاڵی ١٩٧١ پاڵێـوراوی شۆڕشـی کـورد دەبێـت بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی سـکرتێری دیپلۆماسـیی دووەم لـە وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق. لـە سـاڵی ٢٠٠٥ پـاش پێکهێنانـی حکومەتـی نوێـی عێـراق، دەبێتـە باڵیـۆزی عێـراق لـە لەنـدەن. لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا تاکـو سـاڵی ١٩٩٩ کاری ڕاوێـژکاری دەکات لەگـەڵ چەنـد میرێکـی بنەماڵـەی شـای سـعودیە. دەبێتـە نوێنـەری (خالیـد بـن عەبـدوڵڵا بـن عەبدولـڕەحمان، فەیسـەڵ بـن فەهـد، سـەڵمان بـن عەبدولعەزیـز) کـە ئێسـتا شـای سـعودیەیە. لەپـاش جێگیربوونـی لـە ئەوڕوپـا، کاریکـردووە بـۆ کۆکردنـەوەی ئەرشـیفی کـورد، ئـەوەی بەدەسـتی گەیشـتووە پاراسـتوونی و هەڵیگرتـوون، بۆیـە ئێسـتا خـاوەن کتێبخانەیەکـی ئەرشـیفی تایبەتـە بـە کتێـب و بەڵگەنامـە، نەخشـە، وێنـەی تایبـەت بـە کـورد و کوردسـتان. لـە بەڵگـە دەگمەنەکانـی ئـەم کتێبخانـە ئەرشـیفییە، سـی و سێ دۆسـیەیە کـە لـە (٢٧٠٠) لاپـەڕە پێکهاتـووە و تایبەتـە بـە بارزانـی و بزووتنەوەکانـی بارزانـی، لەگـەڵ نەخشـەیەکی کوردسـتان کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٧٩٤. دارا عەتـار ڕاوێـژکاری پێشـکەوتووی سـەرۆک مەسـعود بارزانیـش بـووە. لـە دانیشـتنی ژمـارە (١٥)ی ئەنجوومەنـی ئەکادیمیـای کـوردی و بەپێـی فەرمانـی ژمـارە (١٥٦)ی ٢١ی شـوباتی ٢٠٢٢ بڕوانامـەی ئەندامـی فەخریـی پێدەبەخشرێـت و کـە ئەکادیمیاکـە لـە

ڕێوڕەسمێکی شایستەی ڕۆژی ٩ی ئادارى ٢٠٢٢ بەڕێوەی دەبات.

دارا عەتار، لە ساڵی ١٩٨٣ هاوسەرگیری دەکات و خاتوو مریەم عەبدولقادر بابان دەهێنێ، دوو کوڕی هەیە بە ناوەکانی میران و ئازاد، لە ئێستادا نیشتەجێی هەولێری پایتەختە.

ئەم کتێب و بڵاوکراوانەی دەرکردووە:

١. هەڵبژاردەکانی ئەنتۆلۆجیا لە ئەرشیفی کوردی لە ئەوروپا کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بە دووبەش و (١٤٠٠) لاپەڕە.

٢. ئەحمەد خەواجە چیی بینی؟

٣. خەباتی کورد لەپێناو ناسنامەدا، دەقی ئەو وتارانەیە کە لە کۆنگرەی (ناسنامەی کورد و مافەکانی مرۆڤ)دا خوێندراونەتەوە. کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس بەستراوە، کۆکراونەتەوە کراونەتە کتێبێکی (٣٠٠) لاپەڕەیی.

٤. کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە ڕاپۆرتەکانی مەندوبی سامیی بەریتانی بۆ حکومەتەکەی خۆیدا. کە بریتییە لە تۆمارکردنی ناوی کەسایەتییە ناوداراەکانی ئەوسای (باکووری عێراق) و هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە (٣٥٠) لاپەڕە.

٥. دارا عوسمان لە هەگبەی گەشتیارێکی تینوودا، کتێبێکە دەربارەی یادەوەرییەکانی دانەر بە زمانی کوردی بە قەبارەی (٩٥) لاپەڕەیی. - لە دەقە عەرەبییەکەدا ئەم کتێبە ڕیزبەندی (٦)ی دراوەتێ، بەڵام هەڵەی چاپە و لە (٤)ەوە بازدراوەتە (٦) - وەرگێڕی کوردی.

عومەر یونس (گولک)

لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی عامووداید. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە ساڵی ١٩٥٦ هەر لە شوێنی لەدایکبوونی تەواوکردووە و لە ساڵی ١٩٦٠ قۆناغی ناوەندیی لە شاری قامیشلۆ دەخوێنێ. بۆ ماوەی ساڵێک دەکرێتە مامۆستای بریکار لە یەکێک لە گوندەکانی عامووداً. لە ساڵی ١٩٦١ بۆ خوێندنی قۆناغی ئامادەیی دەچێتە دیمەشق و لە ساڵی ١٩٦٤ بڕوانامەی ئامادەیی وەردەگرێت. ساڵێک پاش ئەمە پەیوەندی بە (پارتی)یەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا بەڵگەنامەکانی دەداتە زانکۆ، بەڵام پاش ساڵێک بڕیاری چوونە دەرەوە دەدات و لە ساڵی ١٩٦٦ لە تورکیا لەگەڵ فەوزی ئەسعەددا ڤیزەی فەڕەنسا وەردەگرن و بەیەکەوە دەچنە پاریس. بەڵام عومەر گولک لەوێ زۆر نامێنێتەوە و پاش وەرگرتنی ڤیزەی ئەڵمانیا، دەچێتە بەرلینی ڕۆژئاوا.

هەر کە دەگاتە ئەوێ و لەبەرئەوەی ئەندامێکی پارتی بووە لە سووریا، پەیوەندی بە لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دەکات. بۆ یەکەمین جار بەشداری لە کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵەکە دەکات کە لە بەلگرادی یۆگسلاڤیای پێشوو بەستراوە. پاشان بەشداری لە زۆربەی کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و چالاکییەکانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات.

ئەوانەی لە نزیکەوە عومەر گولک دەناسن، شاهێدی دەدەن کە دیارترین چالاکوانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بووە لە ئەوڕوپا. کەسێکی بەڕێز و بێدەعیە و تا بڵێی ساغ بووە، هەر بێ بەرانبەر و زۆر بە هێمنی هاوکاریی ئەوکەسانەی کردووە کە پێویستیان بە هاوکاری بووبێت و هاوکاریی کردوون. شەو و ڕۆژیش کاری دەکرد و هەرچەندە توانای داراییەکەی وەها نەبووە، بەڵام هاوکاریی دارایی قوتابیانی کوردی کردووە. بوێر، چاونەترس، دڵسۆز، خزمەتگوزار و هێمن و لەسەرخۆ بووە. لە زۆر شوێنی ئەم تۆژینەوەیەشدا پێویستم پێی بووە و هاوکاریی کردووم، هزر و مێشک و بیردانێکی بەهێزی هەیە، هەر کەسێک یەکەمین جار ببینێت، نازانێت ئەم پیاوە ئەم شتانەی لەدەست دێت. لە ساڵی ١٩٧٣ بە ئەرکێکی نیشتمانی ڕادەسپێردرێت،

هەرچەندە ئەرکەکە زۆر سەخت و مەترسیدار و هەستیار بووە، بەڵام ئەو زۆر بە ڕێکوپێکی ئەنجامیدەدات. بەڵام داوایلێکردووم باسی ئەم ئەرکە نەکەم لەم چاپەدا. عومەر گولک دەرچووی زانکۆی بەرلینی ئازادە و یەکێک لە بەشەکانی ئابووریی تەواوکردووە. دوو جار هاوسەرگیری کردووە، لە ژنی یەکەمدا سێ کوڕی لێبووە. لە ژنی دووەمیشدا دوو منداڵی لێبووە. لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٢ لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە و لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ئەوێ نێژراوە.

دکتۆر عەبدولمەجید شێخۆ

عەبدولمەجید شێخۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی عەفرینە. قۆناغی ئامادەیی لە عەفرین تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردی سووریاوە دەکات و بەشداری لە کۆنگرەی یەکەمدا دەکات و نوێنەری ناوچەی قوتابیانی (حەلەب-عەفرین) دەبێت لە کۆنگرەکەدا کە لە ساڵی ١٩٧٢ لە باشووری کوردستان بە سەرپەرشتیی پارەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی بەستراوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ عەفرین بەجێدێڵی و بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، ڕوو لە بەرلینی ڕۆژئاوا دەکات. لەوێ دەبێتە ئەندامی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. دواتر دەبێتە ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا و بەشداریی لە سەرجەم چالاکییەکانی کۆمەڵەکەدا دەکات، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا کە نەیویست ناوی بهێنرێت، دەبنە نوێنەری لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ڕێکخراوی خوێندکاران و کرێکارانی جیهان لە بەرلینی ڕۆژئاوا(IAG).

سەرباری کاری ڕێکخستن، دەبێتە ئەندامی تیپی فۆلکلۆری بۆ پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێی کوردی لە ئاهەنگەکاندا، ئەمەش بە سەرپەرشتیی زەردەشت حاجۆ دەبێت کە لە هەمان کاتدا بەرپرسی کۆمەڵەکە بووە.

عەبدولمەجید شێخۆ، بەشداریی لە سەرجەم خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕین کردووە کە دژی ڕژێمی عەفلەقی دیکتاتۆری بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێنی جێگر ڕێکخراوە.

پاش نسکۆی شۆڕش لە ئەنجامی ڕێککەوتنە شوومەکەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ی نێوان عێراق و ئێران، هاوشێوەی کوردپەروەرانی دیکە، بەشداری لە ئەو خۆپیشاندانە دەکات کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا ڕێکخرابوو بۆ ئیدانەکردنی ئەو ڕەفتارە بەربەرییانەی حکومەتی عێراق لەپاش ئەو ڕێککەوتنە شوومە، دژی کورد پەیڕەوی دەکات.

عەبدولمەجید شێخۆ لە ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی دبلۆم لە زمانی ئەڵمانی لە ئەکادیمیای زمانەکان لە بەرلینی ڕۆژئاوا وەردەگرێت، ئینجا لە ساڵی ١٩٧٨ دەچێتە مۆسکۆ، پاشان بۆ لینینگرادی پێشوو و لە ساڵی ١٩٨٨ خوێندنی زانکۆیی و بڕوانامەی

دکتـۆرا لـە ڕاگەیانـدن وەردەگرێـت. عەبدولمەجیـد شـێخۆ دەچێتـە پـاڵ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە تاراوگـە (AKSA) و وەکـو نوێنـەری قوتابیانـی کـورد لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت بەشـداری لـە کۆنگرەکانـدا دەکات کـە لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا و شـارەکانی دیکـەدا دەبـەستران و بـە نـاوی کۆمەڵـەی قوتابیانـی کوردسـتان لـە تاراوگـە بەشـداری دەکات. جاروباریـش وەکـو ئەندامێکـی کارگێڕیـی کۆنگـرە و لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا بەشـداری لـە داڕشـتنی ڕەشنووسـی پێشـنیازە سیاسـییەکانی کۆنگـرەدا دەکات. لـە یەکێـک لـە کۆنگرەکانـدا بـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە تاراوگـە هەڵدەبژێردرێـت و دەبێتـە نوێنـەری کۆمەڵەکـە لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت.

لـە سـاڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتـەوە عەفریـن و بـە هـۆکاری ئەمنـی لـە هیـچ فەرمانگەیەکـی دەوڵەتـدا دانامەزرێـت. لـە سـاڵی ١٩٩٣ لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا دێتـەوە هەولێـر و لـە زانکـۆی سـەڵاحەدین، لـە بەشـی ئەدەبیاتـی کوردیـدا وانـە دەڵێتـەوە. بـەڵام لـە کۆتایـی ئـەو سـاڵەی خوێندنـدا دەگەڕێتـەوە سـووریا و لـە شـاری حەلـەب نیشـتەجێ دەبێـت و هـەر لـە ماڵەکـەی خۆیـدا وانـەی زمانی کـوردی بـە هاوڕێکانی دەڵێتـەوە و چەند کەسـێک لەسـەر دەسـتی ئـەودا دەبنـە کادری زمانەوانـی و ڕۆژنامەوانـی و دەبێتـە بەڕێوەبـەری دەسـتەی نووسـەران لـە ڕۆژنامـەی (Newroz) کـە لـە سـاڵانی (١٩٩٥- ١٩٩٧) بـە زمانـی کـوردی دەردەچـووە و زمانحاڵـی پارتـی یەکێتیـی دیموکراتـی کـوردی لـە سـووریایە، بـێ ئـەوەی ببێتـە ئەندامێکـی ئـەو حزبـە. پاشـان دەبێتـە ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (Pirs) کـە بـە زمانـی کـوردی دەردەچێـت.

دکتـۆر عەبدولمەجیـد شـێخۆ، لـە سـاڵی ١٩٩٨ یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی (لێژنـەی خەڵاتـی عـوسمان سـەبری) کـە بـە سـەرۆکایەتیی جەمـال نەبـەز دامـەزراوە، تاکـو ئێسـتاش ئەندامـی لێژنەکەیـە. لـە سـاڵی ١٩٩٩ جارێکـی دی لەگـەڵ خێزانەکەیـدا دەگەڕێتـەوە ئەڵمانیـا. لـەوێ دەبێتـە ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (Pênûs) کـە بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی دەردەچێـت و دواتـر دەبێتـە سـەرنووسـەری گۆڤـاری ناوبـراو، تاکـو لـە بڵاوکردنـەوە دەوەسـتێت.

لـە گشـت فیسـتیڤاڵەکانی ڕۆژی شـیعری کـوردی لـە ئەوڕوپـادا بەشـداریی کـردووە و لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا خـەڵات دەکرێـت، چونکـە ئـەو یەکەمیـن کـەس بـووە بیرۆکـەی

دامەزراندنی ڕۆژی شیعری کوردیی لە ساڵی ١٩٩٣ لە سووریا پێشنیازکردووە کە بۆ یەکەمین جار لە قەڵای نەبی هەوری لە کورداغ-عەفرین سازکراوە. هەروەها دامەزراوەی خوێندنی زمانی کوردی لە سووریا خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدەبەخشێت، لەپای ئەو ئەرک و ماندووبوونەی لە فێرکردنی زمانی کوردی کێشاویەتی و لە ساڵی ١٩٩٢ەوە چەندین کادری دەرچووانـدووە.

لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، یەکێک بووە لە کاندیدە سەربەخۆکانی لیستی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕیی خۆجێیی پارێزگای حەلەب. لە ساڵی ٢٠١١ بەشداریی لە کۆنگرەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد دەکات و نوێنەرایەتیی سەربەخۆکانی عەفرین دەکات و دەبێتە ئەندامی دەستەی تەنفیزی، ئینجاش ئەمیندارێتیی گشتی لە ئەنجوومەنەکە (٢٠١١ - ٢٠١٢).

تاکو ئێستا دکتۆر عەبدولمەجید شێخۆ بەردەوامە لە نووسینی بواری ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیدا کە تاکو ئێستا (١٧) کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە و چەندین کتێبیشی ئامادەن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

دواتر دەبێتە ڕاگری کۆڵیژی ئەدەبیاتی زانکۆی عەفرین و مامۆستا لە هەردوو بەشی ئەدەبیاتی کوردی و راگەیاندن. بۆ ماوەیەکیش لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری تورکیا لە عەفرین دەستگیر دەکرێت و لە ساڵی ٢٠١٨وە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە شاری عەفرینی داگیرکراودا دەژین.

ژیاننامەی بەهائەدین محەمەد

لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری قامیشلۆ لەدایکبووە. بڕوانامەی ئامادەیی لە حەلەب وەرگرتووە، ئینجا لە کۆلێژی (ماف) وەرگیراوە، بەڵام لە هەمان ساڵدا سووریای بەجێهێشتووە و چووەتە تورکیا، نەیتوانیوە لەوێ خوێندنەکەی تەواو بکات، بۆیە بەرەو یۆگسلاڤیا دەچێت. پاش چەند مانگێک لە گەیشتنی بە یۆگسلاڤیا، واتە لە ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری دیکەی کورد، لقی یۆگسلاڤیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دادەمەزرێنن. کەمال خۆشناو بە یەکەمین سەرۆکی لقەکە هەڵدەبژێردرێت، بەیان ساحێبقران و جەمال قەساب و یوسف زۆزانی بە ئەندامانی کارگێڕیی لقەکە هەڵدەبژێردرێن.

یەکێک بوو لەو چل ئەندامەی لقەکەی کۆمەڵەکە کە بەشداریان لە فیستیڤاڵی سۆفیادا کردووە و لە ئاهەنگی نەورۆزی سۆفیاش ئامادەبووە. ڕۆڵێکی کاراشی لەو ئاسانکارییانەدا بینیوە کە بۆ بەستنی کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵەکە دراوە لە ساڵی (١٩٦٧-١٩٧٨) کە شاندەکانی کوردستانیشی تێدا بەشداربووە. هەروەها بەهاء محەمەد بەشداریی لە کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەکەدا کردووە کە لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەرلین بەستراوە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە یۆگسلاڤیا.

لەو کۆنگرەیەی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٧٠ بەسترا، بەهاء محەمەد بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی و جێگری سکرتێری لق هەڵدەبژێردرێت. ئەو لە زۆربەی ئەو چالاکییانەی لە بەرلین ئەنجامدەدرا، بەشداریکردووە و ڕۆڵی لە هەماهەنگی لەگەڵ قوتابیانی ولاتانی دیکەدا هەبووە.

بەهاء محەمەد ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (الطليعة– PêŞrew) بووە کە لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بە زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکرد.

ژیاننامەی فەوزی ڕەسووڵ

ساڵی ١٩٤٤ لە یەکێک لە گوندەکانی دەڤەری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە عەفرین و ئامادەییشی لە دیمەشق تەواوکردووە. پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکەلۆریا، دەچێتە یەکێک لە زانکۆکانی ئەڵمانیای دیموکرات. لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی دیبلۆمی لە کیمیای ئۆرگانی هێناوە. لە ١٩٧٣ تاکو ساڵی ٢٠١٠ لە پەیمانگەی تاقیگە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەی زانکۆی (لایبزیک) کاریکردووە. لە ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سرووشتییەکان بەدەستهێناوە. دەیان بابەتی زانستیی لە گۆڤارە ئەڵمانی و نێودەوڵەتییەکاندا بڵاوکردووەتەوە و چەندین کتێبیشی لە بواری کیمیای سرووشتی داناوە.

لەبارەی چالاکییەکانی لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، لە ساڵی ١٩٦٦ەوە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە بووە و ساڵی ١٩٦٧ دەبێتە بەرپرسی لقی لایبزیک و لە ساڵی ١٩٦٨ بە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لقی ئەڵمانیای دیموکرات هەڵدەبژێردرێت، پاشان بە سکرتێری لقەکە هەڵدەبژێردرێت. لە سەرەتای هەشتاکاندا بە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە و پاشان بە جێگری سکرتێر، جاروباریش کاری سکرتێریی دەکرد، پاش دەست لەکارکێشانەوەی فەوزی ئەسعەد.

دکتۆر فەوزی ڕەسووڵ، لەگەڵ گەیشتنی بە ئەڵمانیا ساڵی ١٩٦٥ لە سەرجەم کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە لە بەرلین بەشداریکردووە و لە زۆربەی کۆنگرەکانی دەرەوەی بەرلینیشدا بەشداربووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی ئەڵمانیا و بیانییەکان و چەند ڕێکخراوێکی قوتابیانی عەرەبیشدا هەبووە، وەک کۆمەڵەی قوتابیانی سووریا و کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق و چەندین وتاری بەناوی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە بۆنەکانی ئەواندا خوێندووەتەوە و داوەتنامەی بۆیان ناردووە و داوەتی بۆنەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیانی کردوون بەتایبەتی جەژنی نەورۆز.

ژیاننامەی جەمال عەلەمدار

لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری هەولێر لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەولێر و بەکەلۆریای لە کەرکووک خوێندووە. لە گەنجێتییەوە چووەتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکەلۆریاکەی، لەسەر خواستی پارتی، لە ساڵی ١٩٥٧ دەچێتە کۆلێژی سەربازی، بۆئەوەی ببێتە ئەفسەر، بەڵام ئەو کۆلێژی سەربازیی بەدڵ نابێت و بە قسەی خۆی کە سووکایەتی و تەریقکردنەوە و شکاندنەوەی قوتابیانی تێدابووە.

بەڕێکەوت یەکێک لە هاوڕێکانی لە بەغدا دەبینێ، هانیدەدا خۆی بۆ تاقیکردنەوە لە باڵیۆزخانەی تورکیا ئامادە بکات بە زمانی ئینگلیزی، بۆئەوەی لە کۆلێژی ئەندازیاریی تەلاسازی وەربگیرێت لە ئەنقەرە، ئەوەبوو بەگوێی هاوڕێکەی دەکات و تاقیکردنەوەکە دەکات و دووەمی سەر ئەو وەجبەیە دەبێت، لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٧) بۆ خوێندن دەچێتە ئەنقەرە، لەوێ قوتابیانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەناسێت. لەوانیش دەبیستێت کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دامەزراوە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ئەستەنبوڵ. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری دیکەی کورد، میتی تورکی دەستگیریان دەکات کە حەوتیان هی باشووری کوردستان دەبن و یەکێکیش خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێت، هەمووشیان ئەندامی لقی ئەستەنبوڵی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوون لە ئەوڕوپا، ١٥ خوێندکاری کوردی باشووریشیان لەگەڵدا دەگیرێن (یەشار کایا، مووسا عەنتەر و ....) گرتنەکەشیان بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی بووە سەبارەت بە کێشەی کورد، ئەم هەشت کەسە یانزە مانگ و هەشت ڕۆژ لە بەندیخانەدا دەمێننەوە، لە دوا دانیشتنی دادگاییکردنەکە، دادوەر کە بە ڕەچەڵەک کورد دەبێت، ئازادیان دەکات، لەبەرئەوەی بەڵگەکانی تۆمەتبارکردنەکە بەس نەبووە، بەڵام هەر لە هەمان ڕۆژدا دادگایەکی دیکە بڕیاری دەستگیرکردنیان دەداتەوە.

جەمال عەلەمدار و ئیبراهیم مام خدر لە باڵیۆزخانەی سوید خۆیان لەبەرچاو وندەکەن، باڵیۆزخانەکەش ئاگاداری کێشەی کورد بوو و هاوسۆزی دۆزەکەیان بوو، ئینجا دێنە یۆنان و لەوێوە خۆیان دەگەیەننە سوید و بە پەنابەری سیاسی

وەردەگیرێـن. لـە سـاڵی ١٩٦٨ خوێندنـی ئەندازیاریـی تەلاسـازی تـەواو دەکات، ئینجـا لـە ١٩٧٠ بڕوانامـەی ماسـتەر وەردەگرێـت. لـە سـاڵانی ١٩٦٦ بـۆ ١٩٦٨ بـە سـکرتێری لقـی سـوێدی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد هەڵدەبژێردرێـت. لـە سـاڵی ١٩٧٠شـدا بەرپرسـیارێتیی لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەردەگرێـت. لـە سـاڵی ١٩٧٣ لەسـەر خواسـتی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دەچێتـە لەنـدەن و لەگـەڵ تاریـق ئاکرەیـی و شـاخەوان نامیقـدا (نووسـینگەی کوردی)یـان دامەزرانـد و تاکـو سـاڵی ١٩٧٥ سـەرۆکایەتیی ئـەو نووسـینگەیە دەگرێتـە ئەسـتۆ. لـە سـاڵی ١٩٨٠ دووبـارە دەگەڕێتـەوە سـوید و تاکـو ئێسـتا نیشـتەجێی وڵاتـی سـوێدە.

ژیاننامەی دکتۆر عیزەدین نەعسۆ

عیزەدین نەعسۆ لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی (بێنێ-عەفرین-چیای کورد) لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆی تەواو دەکات و ئینجا دەچێتە حەلەب لەوێ لە ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی بەکەلۆریا وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٦٧دەچێتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧١دا سەفەری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەکات بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی. پاش گەیشتنی بە بەرلینی ڕۆژئاوا، دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و تاکو ساڵی ١٩٨٠ زۆر بە چالاکی ئیش و کارەکانی دەکات، چەند جارێکیش بووەتە ئەندام لە لێژنەی لق و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕێکخستن. لە نووسینی لافیتە و دروشمەکانی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان بە زمانی کوردی و ئەڵمانیدا پشکی شێری بەردەکەوێت، ڕۆڵێکی کاراشی لە بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکانی نەورۆزدا گێڕاوە و مۆڵەتی ئاهەنگەکانی وەرگرتووە و هۆڵی کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی بەناوی خۆی لە حەرەمی زانکۆدا وەرگرتووە. هەروەها عیزەدین نەعسۆ ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرت و بەیاننامەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئەڵمانی. لە گشت کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکەشدا بەشداربووە، بەتایبەتی لە بەرلینی ڕۆژئاوا.

لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ خوێندنی زانکۆیی لە زانکۆی تەکنیکی لە بەرلینی ڕۆژئاوا تەواوکردووە و ماستەر لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و (ئای تی)دا بەدەستدێنێت.

پاش جیابوونەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ و دامەزراندنی کۆمەڵەی دیکە، عیزەدین نەعسۆ یەکێک دەبێت لە ئەندامانی لێژنەی ئامادەکاری لە ساڵی ١٩٨٠ کە یەکگرتنەوەی (٥) کۆمەڵەی کوردی لێدێتە بەرهەم و ناودەنرێت (یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەوڕوپا).

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ عیزەدین نەعسۆ، پەیوەندی بە لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و تاکو ١٩٨٠ بە هەموو هێز و توانایەکییەوە خەباتی تێدا دەکات، زۆرجاریش بە بەرپرسی ڕێکخراوی بەرلینی ڕۆژئاوای لقەکە هەڵبژێردراوە و لە چەندین کۆبوونەوە و دیداردا نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەی کردووە. بۆ

بەبیرخستنەوە لە بەشی یەکەمی تۆژینەوەکەماندا کە پەیوەست بوو بە کوردی ئەورۆپا لە بەشی"بەڵگەنامەکان"دا، بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)، نامەیەکی دەستنووس بە دەستخەتی سەرۆک مەسعود بارزانی نووسراوە بۆ هەریەک لە عیزەدین نەعسۆ (کە ئەوکات سەرۆکی ڕێکخراوی بەرلینی لقەکە بووە) و زەردەشت حاجۆ و ئەدهەم ڕەشید، ئەندامانی لێژنەی ڕێکخراوەکە و داوایان لێدەکات، ڕۆڵ و چالاکییان کارا بکەن لەپێناو بەرزڕاگرتنی ئاڵای کوردایەتی لە ئەورۆپا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٦ و بە پێشنیازی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، عیزەدین نەعسۆ لەگەڵ زەردەشت حاجۆ"کۆمەڵەی کرێکارانی کورد لە ئەورۆپا"لە بەرلینی ڕۆژئاوا دادەمەزرێنن، ئەویش بە ئامانجی لێکنزیک کردنەوەی کرێکارانی کورد، بەتایبەتی کرێکارانی کوردی باکووری کوردستان کە لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاتوون هاندانی ئەو کرێکارانە لە بەشداریکردن لە کار و چالاکییەکانی کە لەپێناو بەرزکردنەوەی وڕە و وابەستبوونیان بە کێشەی گەلەکەیان لە نیشتماندا.

لە ساڵانی ١٩٨١ و ١٩٨٢ هەریەک لە عیزەدین نەعسۆ، زەردەشت حاجۆ، فەیاز عوسمان، عومەر گولک و ئەدهەم ڕەشید، بە ڕەزامەندیی چەند ئەندامێکی لقی شەش، ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردی لە سووریا (پارتی) لە ئەورۆپا دادەمەزرێنن.

پاش جیابوونەوەی نێوخۆی (پارتی) لە سووریا لە ساڵی ١٩٨١، عیزەدین نەعسۆ نامەیەکی دەستنووس بۆ لێژنەی مەرکەزیی پارتی دەنێرێت و سڕکردنی چالاکییەکانی خۆی لە حزب ڕادەگەیەنێت و خۆی بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی تەرخان دەکات.

عیزەدین نەعسۆ بەشداریشی لە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵە و لێژنە و دەزگا و بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیدا کردووە کە بایەخ بە زمانی کوردی دەدەن و نزیکەی (١٠) ساڵ مامۆستای زمانی کوردی بووە و وەرگێڕی یاسایی بووە لە پۆلیسی ئەڵمانیای فیدراڵ لە بەرلینی ڕۆژئاوا. هەروەها بەشداریەکی کارای لە دانان و چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر کتێبی فێرکردنی زمانی کوردیدا هەبووە. لە هەوڵێکیشیدا بۆ یەکخستنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی، کۆمەڵێک کتێبی بۆ ڕێزمانی کوردی داناوە بە پیتی لاتینی، بەرهەمێکی زۆری وەرگێڕانیشی هەیە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی

کـوردی و لـە کوردییـەوە بـۆ ئەڵمانـی و بەپێچەوانەشـەوە. دەیـان لێکۆڵینـەوە و وانـەی سـەبارەت بـە کێشـەکانی شـێوەزارە جیاوازەکانـی کوردیـی پێشکەشـکردووە.

لـە نیسـانی سـاڵی ٢٠١٧ەوە عیزەدیـن نەعسـۆ نیشـتەجێی هەرێمـی کوردسـتانە و ژمارەیـەک سـیمیناری دەربـارەی کێشـەکانی زمانـی کـوردی و ڕێگەکانـی چارەسـەرکردنیان بـە شـێوازێکی زانسـتی لـە زانکـۆی سـەڵاحەدین و دهـۆک پێشـکەش کـردووە. لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠١٨شـەوە بـە شـێوەیەکی فەرمـی و بـە گرێبەسـتێکی دەرەکـی وەک تۆژەرێکـی زانسـتی و شرۆڤەکارێکـی زمانەوانـی لـە سـەنتەری بێشـکچی بۆ دیراسـاتی مرۆیـی لـە زانکـۆی دهـۆک کاردەکات.

بـۆ ڕێزگرتـن لـەو خزمەتـە کۆمەڵایەتـی و چالاکییانـەی بـۆ چەسـپاندنی پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە و لێبوردەیـی نێـوان کۆمەڵگـەکان، وەک بەڕێوەبەرێکـی سـەنتەری کارگێـڕی و کۆمەڵایەتـی بـۆ مـاوەی (١٣) سـاڵ لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا و کارە ئەکادیمـی-زانسـتییەکانی لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ٢٠٢١دا بڕوانامـەی دکتـۆرای فەخریـی لـە زانکۆی"بەڕێوەبردنـی کار"لـە زانکـۆی یونایتـد کۆلیجـی لەندەنـی لـە بەریتانیـای پێبـەخشراوە.

ژیاننامەی فەوزی ئەسعەد

لەدایکبووی گوندی گرنای نزیک قامیشلۆە لە ڕۆژئاوای کوردستان. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی هەر لە گوندەکەی خۆیدا تەواوکردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی ئامادەیی چووەتە قامیشلۆ. لە زستانی ساڵی ١٩٦٦ دەچێتە ئەوڕوپا، چەند مانگێک لە ئەستەنبوڵ میوانی نووسەر شەهید مووسا عەنتەر دەبێت. ئینجا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ دەگاتە پاریس. هەر کە دەگاتە فەڕەنسا دەبێتە ئەندامی لقی فەڕەنسای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا. لەساڵی ١٩٧٤ و لە فەڕەنسا بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبیات و زمانی فەڕەنسی وەردەگرێت.

بەشداریی چەندین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپای کردووە، کۆنگرەی دوانزە، سیانزە، پانزە و کۆنگرەی حەڤدە کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە بەرلین بەسترا و بە ئەندامی لێژنەی کارگێڕی و پاشان جێگری سکرتێری کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە. لەپاش نسکۆی شۆڕش لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥یش هەر بەردەوام دەبێت لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و دەستەکانی. لەم بارەیەوە هۆشەنگ عوسمان سەبری دووپاتیدەکاتەوە کە:"..... شاهێدی دەدەم فەوزی ئەسعەد یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکە دەگمەنەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە قۆناغی دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ تاکو کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠ ...".

نموونەی چالاکییەکانی: بەشداربوون لە شاندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لەو دیدارەی لەگەڵ سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە شاری براگ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ ئەنجامدرا و لەوێ وتارێکی درێژ و گشتگیری لەسەر پارچەکانی کوردستان پێشکەش کردبوو. هەروەها لەگەڵ هاوڕێکانیدا چاوپان بە سکرتێری ئەوسای یەکێتییەکە کەوتبوو و ڕەخنەیان لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) زمانحاڵی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی گرتبوو کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە بەدرۆخستبووەوە، هەر لەوێ چاوپان بە یەکێک لە ڕاوێژکارانی سەرکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا لە کۆشکی کۆماری کەوتبوو. زنجیرە دیمانەیەکیشیان لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی چیکی سازدابوو.

بەناوی کۆمەڵەکەشەوە، فەوزی ئەسعەد، بەشداریی لە کۆبوونەوەی لێژنەی

ئامادەکاریی فیستیڤاڵی سیانزەی خوێندکاران و لاوانی جیهان کردبوو و وتارێکی بەناونیشانی (هەڵەبجە، هیرۆشیمای کوردستان)ی پێشکەش کردبوو کە نزیکەی (١٢٠) شاندی تەواوی کیشوەرەکانی دونیا بەشداربیان لەو فیستیڤاڵەدا کردبوو، لەوانەش حزبی بەعسی عێراق. هەر لەوێ چاویان بە زۆربەی شاندە بەشداربووەکان کەوتبوو و چەرمەسەرییەکانی کورد و ستەم و چەوساندنەوەی ڕژێمەکانیان لە پارچەکانی کوردستان بۆ ئامادەبووان ڕوونکردبووەوە.

وێڕای بەشداربوونی لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە، فەوزی ئەسعەد، لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕۆڵێکی کارای لە دووبارە ڕێکخستنەوەی لقی بولگاریای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا KSSE هەبووە و بە نوێنەرایەتیی ئەم لقەکەش بەشداریی لە کۆنگرەی سیانزەدا کردووە کە لە بەرلین بەستڕا و وتەی لقەکەشی تێدا خوێندبووەوە. هەروەها بەشداریی لە چالاکییەکانی لقەکەدا کردووە. لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ڕێکخستنی لقی یۆنان، چووەتە ئەوێ.

فەوزی ئەسعەد بێجگە لە هەردوو شێوەزارەکەی زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، فەڕەنسی، بولگاری، ئەڵمانی و ڕووسیش دەزانێ. ساڵانێک وەک ئەندامێکی دەستەی کارگێڕیی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان - باشوور و جێگری بەرپرسی لق دڵشاد بارزانی لە ئەڵمانیا خەباتی کردووە. لە ١٧ی ئاداری ٢٠٢٣ کۆچی دوایی کردووە و هەر لە بەرلین نێژراوە.

ژیاننامەی ئەدهەم ڕەشید

لە ساڵی ١٩٤٩ لەدایکبووە و خەڵکی گوندی (مەتینا)یە کە گوندێکی سەر بە عەفرین-کورداغە لە ڕۆژئاوای کوردستان. پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئامادەیی، ماوەیەک لە چەند گوندێکدا مامۆستا بووە. دەستی لە کردنەوەی قوتابخانەیەکی کچاندا هەبووە لە گوندی (جەملە) و ڕۆڵێکی کاریگەریشی لە کردنەوەی بەشی زانستی لە دواناوەندیی عەفریندا هەبووە - بە گوتەی خۆی -.

لە ساڵی ١٩٧١ دێتە ئەڵمانیا و لە بەرلیندا نیشتەجێ دەبێت. هەر زوو دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و دەچێتە ڕیزەکانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە.

لەبارەی خەبات و چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، بۆمی نووسیوە :"... لەسەر ئاستی کوردستاندا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا هاوشێوەی قیبلەی کوردی پارچەکانی کوردستان بووە، بەتایبەتی باکووری کوردستان .... هەروەها ساڵانەش کۆبوونەوەیەکی گشتیمان ئەنجامدەدا بۆ گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەبارەی دۆخی گشتیی کوردستان و شۆڕشی مستەفا بارزانیی نەمر ... لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەریەک لە زەردەشت حاجۆ و عیزەدین نەعسۆ ئامادە ببوون، وامان بە باشزانی کە کۆمەڵەیەکی تایبەت بە کوردی باکووری کوردستان دابمەزرێت بۆ بەدواداچوون و ڕاپەڕاندنی کاروبار و بەرژەوەندییە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر گۆڕەپانی ئەڵمانیا .... دەستووری کۆمەڵەکەکان داڕشت بەناوی"کۆمەڵەی کرێکارانی کوردستان".... کە دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤ باکووری قوبرسی داگیرکرد، چەند ڕێکخراوێکی تورکی لە بەرلین، هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی هاوکاریان دەستپێکرد بۆ یارمەتیدانی حکومەتی تورکیا، هەڵمەتەکەشیان لەژێر پەردەی لەناوبردنی کافران و داکۆکیکردن لە ئایینی ئیسلامدا بوو. لەو کاتەدا تێبینیی فریودانی بەشێکی زۆری برایانی کوردمان کرد کە بەم درۆ ئیسلام پەردەپۆشکراوانە هەڵخەڵەتاون و زۆر بە دەستکراوەیی هاوکارییان پێشکەش ڕێکخراوەکان دەکرد .... لێژنەیەکمان پێکهێنا بۆ بەدرۆخستنەوەی دەوڵەتی تورکیا و ڕێگریکردن لە کۆکردنەوەی هاوکارییەکان ...".

لەبارەی چالاکییەکانی لقی بەرلینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

لەنێـو ئەڵمانیـا، دەنووسـێت:"... لـە حەفتاکانـدا گەلانـی ئەڵمانیـا هیچیـان لەبـارەی کـوردەوە نەدەزانـی، چینێکـی کەمـی ڕۆشـنبیرانی ئەڵمانیـا نەبێـت. کاتێـک پرسـیاریان لێدەکردیـن، ئێـوە خەڵکـی چ وڵاتێکـن، دەمانگـوت: کوردسـتان، پرسـیارە ناخۆشـەکەی ئـەوان ئەمەبـوو: کوردسـتان دەکەوێتـە کوێـوە؟ ئـەوکات ئێمـە دەسـتمان بـە ڕوونکردنـەوە دەکـرد و دەمانگـوت: کوردسـتان کراوەتـە چـوار پارچـە و هـەر پارچەیـەک بـە دەسـت داگیرکەرێکەوەیـە، داگیرکەرانیـش: تورکیـا، عێـراق، ئێـران و سـووریایە ... لـە چالاکییەکانـی سـاڵی ١٩٧٤ی کۆمەڵەکـە: بەیاننامەکانـی شـۆڕشمان لـە کوردسـتان وەردەگێڕایـە سـەر زمانـی ئەڵمانـی و لەبەرئـەوەی ڕۆژنامـەی (Morgen Post) و (Die Welt)مـان بەسـەر بەشـداربووانی ئـەو ڕۆژنامانـەدا دابەشـدەکرد، دەقـی ئـەو بەیاننامـە وەرگێڕدراوانـەشمان دەکـردە دووتوێـی ڕۆژنامەکانـەوە و بەسـەر بەشـدارانمان دابـەش دەکـرد ...".

لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئەدهـەم ڕەشـید بـە بەرپرسـی ڕێکخـراوی بەرلینـی ڕۆژئـاوای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردراوە - بـە گوتـەی خـۆی - ئەندامـی شـاندی ئـەو دیدارانـەش بـووە کـە لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی قوتابیانـی جیهـان و ئەڵمانیـادا سـازدرابوون و چەنـد جارێکیـش هەوڵیـداوە کێشـەی گەلـی کـوردی پارچەکانـی کوردسـتان لـەم دیدارانـەدا بخاتـەڕوو و داوای لـە ڕێکخـراوەکان کـردووە بەیاننامـەی ناڕەزایـی بـۆ ئیدانەکردنـی ڕژێمەکانـی داگیرکـەری پارچەکانـی کوردسـتان دەربکـەن و پشـتگیریی مافەکانـی کـورد بکـەن.

سـاڵی ١٩٨١-١٩٨٢ یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی ڕێکخـراوی ئەوڕوپـای پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە سـووریا (پارتـی).

ژیاننامەی دکتۆر عادل زەینەل

لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی (تلیفێ) لەدایکبووە کە یەکێکە لە گوندەکانی چیای کورد لە دەڤەری عەفرین. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی عەفرین و دواناوەندی و ئامادەیی لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری حەلەب تەواوکردووە.

پاش وەرگرتنی بڕوانامەی بەکەلۆری، ڕاستەوخۆ دەچێتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لە بەرلینی ڕۆژئاوا نیشتەجێ دەبێت. هەر لەگەڵ گەیشتنی بە بەرلین، لەنێو لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا درێژە بە خەباتی سیاسیی و مەدەنیی خۆی دەدات. ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و زمانی ئەڵمانی دەخوێنێت و بەشداری لە کۆنگرەی شانزەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد دەکات لە ئەوروپا خۆی و پێنج خوێندکاری دیکەی کورد کە هەر هەموویان خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەبن (یوسف تەربووش، ڕەسوڵ فەقێ، بەهمەند حاجۆ، فاروق .....؟ و یەکێکی تریش کە ناویی لەبیرنەماوە) لە ڕێگەی کۆمەڵەکەوە مینحەی خوێندنیان لە دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ وەردەگیرێت، لەگەڵ تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە، بەیەکەوە دەچنە براگ. لەلایەن ئەنجوومەنی کارگێڕیی زانکۆکەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی دەکرێن. لەپاش کەرنتینەکردنیان بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ دەنێردرێنە پەیمانگەی زمان لە شاری دۆبرشکا، بەڵام تەنیا پاش چوار ڕۆژ هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراویان پێدەگات و دەڵێن، مینحەکەتان ڕەتکراوەتەوە و پێویستە بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون.

دواتر لەگەڵ یوسف تەربووشدا بە مینحەیەکی خوێندن دەچنە ڕۆمانیا. عادل زەینەل لە ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی پزیشکی تەواودەکات و دەگەڕێتەوە شاری (بۆن)ی ئەڵمانیا و هەوڵ دەدات پسپۆڕیی پزیشکیی نەخۆشییەکانی ئافرەتان بخوێنێت، بەڵام لەمەیاندا سەرکەوتوو نابێت. پاشان دەچێتە نەمسا و لەوێوە دووبارە بۆ ڕۆمانیا، بۆ خوێندنی پسپۆڕی، بەڵام لەوێش وەرناگیرێت، گوایە لەگەڵ خوێندنی زانستی پزیشکیدا داوای ئەم پسپۆڕێتییەی نەکردووە، بەڵام لە ڕێگەی ئەندامێکی کۆمەڵەکە (مستەفا مووسا) ئەو پسپۆڕییە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە هەنگاریا دەخوێنێت و دەبێتە پسپۆڕی ئافرەتان و منداڵبوون.

لە ساڵی ١٩٨٦ پسپۆڕییەکە وەردەگرێت و ڕاستەخۆ دەگەڕێتەوە عەفرین و نۆڕینگەیەکی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون لە عەفرین دەکاتەوە و (١٠) ساڵ کاری پزیشکی دەکات. لە ساڵی ١٩٩٧ نەخۆشخانەیەکی تایبەت دەکاتەوە و ناوی دەنێت (نەخۆشخانەی دێرسیم) و تاکو ٢٠١٨ تاکو پێش داگیرکردنی دەڤەری عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە بە بیست ڕۆژ، بەردەوام دەبێت. نەخۆشخانەکەی ڕادەستی چەند هاوڕێیەکی دەکات و دەچێتە باشووری کوردستان و ناتوانێت دووبارە بگەڕێتەوە عەفرین و تاکو ئێستا لەگەڵ ڕێزانی کوردا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە.

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەسترا، بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی حزبەکە هەڵدەبژێردرێت و تاکو ساڵی ٢٠٠٧ تێیدا دەمێنێتەوە.

ژیاننامەی دکتۆر حوزنی حاجۆ

حوزنـی حاجـۆ لـە ٢٣ی نیسـانی سـاڵی ١٩٤٠ لـە گونـدی (ئـاڵا ڕەشـا) لەدایکبـووە. بۆیـەش ئـەم نـاوەی لـێنراوە، چونکـە تەنیـا یـەک ڕۆژ دوای لەدایکبوونـی ئـەو، حاجـۆ ئاغـای باپیـری دەمرێـت. قۆناغـی خوێندنـی سـەرەتایی لـە گوندەکـەی خۆیانـدا تـەواو دەکات (ئـاڵا ڕەشـا و ترپـە سـپی) ناوەندیـش لـە قامیشـلۆ و خوێندنـی ئامادەییشـی لـە قوتابخانەکانـی سـووریا و لوبنـان تـەواو دەکات.

لـە سـاڵی ١٩٦٢ دەچێتـە ئەڵمانیـا و لـە زانکـۆی Würzburg وەردەگیرێـت کـە سـەر بـە هەرێمـی بافاریایـە، هـەر ئەوسـاڵە پەیوەنـدی بـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا دەکات. لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٣ هاوشـان لەگـەڵ دوو خوێنـدکاری دیکـە (سـەڵاح ئەتروشـی و گـوڵ عەلـی) کـە کوردێکـی فەیلیـی بەغـدا بـووە، چالاکییەکـی گەرمـی بێوێنـە لەنێـو قوتابیانـی زانکـۆ و مامۆسـتایان ئەنجامـدەدەن و ڕێکلامێکـی گـەورە بـۆ گەلـی کـورد و شۆڕشـەکەی دەکـەن کـە تـازە لـە باشـووری کوردسـتان بەرپابـوو. ئـەم چالاکییـە، ژمارەیـەک خوێنـدکاری بەعسـیی عێـراق پەسـت دەکات و پـاش ئـەو ئاهەنگـە فراوانـەی بەبۆنـەی نـەورۆز سـازدەکرێت، ئاگـر لـە ڕۆحـی شـۆفێنییانەیان بـەردەدەن کـە ڕاگـری زانکـۆ و ژمارەیەکـی زۆری مامۆسـتایان و قوتابیانـی ئـەڵمان و بیانـی ئامـادەی ببـوون.

لـە هاوینـی هەمـان سـاڵدا کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورۆپـا کۆنگـرەی هەشـتەمی خـۆی لـە شـاری میونیـخ دەبەسـتێت. دکتـۆر حوزنـی سـەبارەت بـەم کۆنگرەیـە دەنوسـێت:"..... جـەلال تاڵەبانـی سـەرکردەی شـۆڕش، ئامـادەی کۆنگرەکـە دەبێـت و میدیـای ئەڵمانیـش بـە بایەخـەوە ڕووماڵـی کۆنگرەکـە دەکات و تەواوی کارەکانـی ئاهەنگی کۆتایـی کۆنگرەکـە ڕووماڵ دەکـەن، مـن لەگـەڵ بروسـکە ئیبراهیمـدا بـووم کـە خەڵکـی سـلێمانییە و چەنـد برادەرێکـی دیـشمان لەگەڵـدا بـوو، هەروەهـا کۆمەڵێـک لـە کچانـی ئەڵمانیـاش کـە زۆر بـە جوانـی ڕاهێنانیـان لەسـەر هەڵپەڕکێـی کـوردی کردبـوو و لـە ئێمـە جـوانتر هەڵدەپەڕیـن .... محەمـەد مەهـدی جەواهیریـش هۆنـراوە بەناوبانگەکـەی لـەو کۆنگرەیـەدا خوێنـدەوە کـە بـەم دێـرە دەسـت پێـدەکات:

شعب دعائمه الجماجم و الدم تتحطم الدنیا و لا یتحطم

لە ساڵی ١٩٦٤ لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە، کۆنگرەی ساڵانەی خۆی لە شاری (Freiburg) دەبەستێت و حوزنی حاجۆ لەپاڵ حەمید دھۆکی و عەبدولڕەحمان کێژی بە ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی لقەکە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها حوزنی حاجۆ لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤ بەشداری لە کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵەکە دەکات کە لە شاری هانۆڤەر بەسترا. سەبارەت بە بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە، حاجۆ پێیڕاگەیاندم:"... ژمارەیەک لە ئەندامە دیارەکانی مەکتەبی سیاسی و لێژنەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدار دەبن، ئەوانەی لەبیرم ماون، بەڕێزان: نووری شاوێس، عومەر دەبابە و حیلمی شەریف بوون، بۆ جاری دووەم جەواهیریی شاعیر ئامادەی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا دەبێت و وتارێکی پەخشان ئامێز دەخوێنێتەوە نەک شیعر! لە پەخشانەکەشدا ئەفراندنی کردبوو، زۆر خۆشحاڵ بووم کە منیان ڕاسپاردبوو بیگەیەنمە فڕۆکەخانە، لە ڕێگادا دەمەتەقێمان دەکرد و پێمگوت: پەخشانەکەی ئەمڕۆتان شان لەشانی هۆنراوەکە دەدا، وەڵامیدامەوە و گوتی: کاتێک وشە لە کانگەی دڵەوە دەردەچێت، دەچێتە دڵانەوە ....".

حوزنی حاجۆ، هەتاکو ساڵی ١٩٧٠ لە زۆربەی کۆنگرەکانی کۆمەڵە و کۆنگرەکانی لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەشداربووە. پێش ئەمەش هەروەک لە نامەکەیدا بۆی ناردبووم کە بەڵێنی بەخۆی دابوو، بچێتە ڕیزەکانی ڕاپەڕینی گەلەکەی لە باشووری کوردستان، بەڵێنەکەشی بەجێهێنا و چەند هەفتەیەک پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دیبلۆم لە ساڵی ١٩٧٠ بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بەڕێکەوت و لە (ناوپردان) جێگیر بوو کە بارەگای مەکتەبی سیاسی و پاراستن بوو کە ئەوکات شەکیب ئاکرەیی سەرۆکایەتیی دەکرد و لەگەڵ کەسایەتیی ناسراوی کورد دکتۆر مەحموود عوسمان لە نەخۆشخانەی ناوەندیی شۆڕشدا خزمەتیان کردووە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا و لەوێ پسپۆڕیی نەشتەرگەریی گشتی لە شاری بوخومی ئەڵمانی دەخوێنێت، بەڵام پاش هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان واز لە پسپۆڕییەکەی دەهێنێ و دووبارە دەگەڕێتەوە کوردستان و پەیوەندی بە شۆڕش دەکاتەوە.

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ماوەی چەند مانگێک لە شارەکانی سەردەشت و مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەمێنێتەوە. لە ئاداری ساڵی ١٩٧٦ دڕێژە بە خوێندنی پسپۆڕێتییەکەی دەداتەوە و لە ساڵی ١٩٨١ تەواوی دەکات. پاش وەرگرتنی بڕوانامەکەی، لەپاڵ پسپۆڕییەکەی خۆی، لە بەشی نەشتەرگەریی ئێسک لە چەندین نەخۆشخانەی ئەڵمانیا دەست بەکارکردن دەکات.

لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە دیمەشق و بڕوانامەکەی هاوتا دەکات و نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە قامیشلۆ دەکاتەوە و ناویدەنێت"نەخۆشخانەی نافز"بۆ ڕێزگرتن لە مەزنترین پزیشکی کورد لە جەزیرە کە ناوی دکتۆر ئەحمەد نافز بوو و براگەورەی دکتۆر و ڕۆشنبیری ناسراو نورەدین زازا دەبێت.

لە سەرەتای کردنەوەی نەخۆشخانەکەی هەتاکو ساڵی ١٩٩٠ دکتۆر حوزنی، چارەسەری هەموو ئەو پێشمەرگە و تێکۆشەرە کوردانەی بە خۆڕایی کردووە کە چوونەتە نەخۆشخانەکەی، بەڵام پاش ساڵێک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی قامیشلۆ گێچەڵی پێدەکەن و چەند جارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن، تاکو لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ پەرستیارانیدا بۆ ماوەیەکی کورت دەستگیر دەکرێت. پاشان دەگاتە ئەوەی بە چەندین شێواز هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن.

بۆیە لە ساڵی ١٩٩٥ ناچار دەبێت جارێکی دیکە کۆچ بکات و بچێتە سوید، دوو ساڵی تێدا دەمێنێتەوە بێ ئەوەی مافی پەنابەریی پێبدرێت، ئینجا بیر لە نەرویج دەکاتەوە و لەوێ تاکو ساڵی ٢٠٠٥ مافی کارکردنی پێدەدرێت. پاشان دووبارە دەگەڕێتەوە سوید، چونکە هەرچوار منداڵەکەی لەوێ بوون و ئەو نەشتەرگەرییەی بۆی دەکرێت سەرناگرێت، بۆیە خانەنشینی دەکەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک لە خزمانی بەرەبابی حاجۆ، لە سوید بوونە.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دووبارە دەگەڕێتەوە قامیشلۆ و بەیەکەوە لەگەڵ (گوڵشا)ی هاوسەری تاکو ساڵی ٢٠١٢تێیدا دەژین. دوو ساڵ پێش ئەوە، شووقەیەکی جوان لە"ئامەد"ی باکووری کوردستان دەکڕێت، لەوساوە تاکو ئێستا خۆی و هاوسەرەکەی ماوەیەک لە ئامەد و ماوەیەکیش لە سوید دەمێننەوە و بەم شێوەیە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هاتوچۆیانە.

حوزنی حاجۆ، کتێبێکی بە زمانی کوردی، بە پیتی لاتینی بەناونیشانی (Tê Bîra Min) هەیە و دەیان نووسینیشی هەر بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٧ هاوسەرگیریی لەگەڵ گوڵشای ئامۆزای دەکات و چوار کوڕی لێدەبێت، (لالش و هێمن کە لە ئەڵمانیا و براڤ و ئاگری لە قامیشلۆ لەدایکبوونە).

ژیاننامەی زەردەشت حاجۆ

زەردەشت حاجۆ لە ١٠ی ئاداری ١٩٥٠ لە گوندی (ئال ڕەشا) لەدایکبووە کە یەکێکە لە گوندەکانی بەرەبابی حاجۆ و دەکەوێتە سەر ڕووباری"جەڕە". باوکی ناوی محێدین یوسف حاجۆیە، دایکی ناوی شەفیقە عەلی حوسێنە. لە ساڵی ١٩٥٥ بنەماڵەی زەردەشت حاجۆ دەچنە گوندی"ترپەسپی"کە دواتر دەبێتە مەڵبەندی نیشتەجێبوونی"باوانی حاجۆ و هۆزی هەڤیرکان". ئەم بنەماڵەیە بە نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ نەتەوە و بەشداربوونیان لە چەندین چالاکیدا ناسراون کە هەستی نەتەوایەتی دەبووژێننەوە، بۆیە ڕۆڵەکانی ئەم بنەماڵەیە ڕووبەڕووی گێچەڵ و ڕاوەدونان و گرتن و دەربەدەری هاتوون و دەست بە سەر مووڵک و ماڵ و گوندەکانیاندا دەگیرێت.

زەردەشت حاجۆ، خوێندنی سەرەتایی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦٢ لە گوندەکەی خۆیان تەواو دەکات، ئینجا لە ساڵانی نێوان ١٩٦٥ بۆ ١٩٦٨ خوێندنی ئامادەیی لە قامیشلۆ تەواودەکات. لە ساڵی ١٩٦٧ەوە پەیوەندی بە باڵی حەمید ڕەشیدی پارتی دیموکراتی کورد - سووریا دەکات.

لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ دکتۆر حوزنی حاجۆی مامی کە تازە خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواوکردبوو و دەگەڕێتەوە نیشتمان، سەفەر دەکات و سەرەتا دەچێتە براگ، پایەتەختی یۆگسلاڤیا و پاشان دەچێتە بەرلینی ڕۆژئاوا و لەوێ عەلی قازی محەمەد کۆڕی سەرکۆماری دیموکراتی کوردستان دەناسێ و دەستبەجێ پەیوەندی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەکات.

لە ساڵی ١٩٧١ و لە ڕێگەی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە مینحەیەکی خوێندن لە چیکۆسلۆڤاکیا وەردەگرێت، بەڵام ویستوویەتی بەشەکەی بگۆڕێت، بەڵام پێینەکراوە و دووبارە دەگەڕێتەوە بەرلینی ڕۆژئاوا. دەچێتە پەیمانگەی"گۆتە"بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی و هەر لەوێ دەستدەکاتە خوێندنی فیقهی زمان لە زانکۆی بەرلینی ئازاد. بەشداری لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکە دەکات: کۆنگرەی چوارده لە ستۆکهۆڵم، کۆنگرەی پانزە لە بوخاریست ساڵی ١٩٧٢، کۆنگرەی شانزە لە بەرلینی ڕۆژئاوا ساڵی ١٩٧٣، کۆنگرەی حەڤدەی بەرلینی

ڕۆژئـاوای سـاڵی ١٩٧٥ کـە لـەم کۆنگرەیـەی دواییـدا بـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی کۆمەڵەکـە هەڵدەبژێرێـت. هەمـوو بەشـدارییەکانی ئـەم کۆنگرانـەی زەردەشـت حاجـۆ، بـە سـیفەتی ئەندامـی لێژنـەی کارگێڕیـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای کۆمەڵەکـە بـووە، لـە هەمـان کاتیشـدا ئەندامـی لێژنـەی کارگێڕیـی لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە. زەردەشـت حاجـۆ، درێـژە بـە خەباتـی خـۆی دەدات، سـەرباری ئـەو حاڵەتـە بێئومێدییـەی لەنێـوان بـەرە جیاوازەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانیی کـورد لـە ئەنجامـی نسـکۆی شـۆڕش لـە باشـووری کوردسـتان پەیدابـوو و پەڕیبـووەوە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان و تەنانـەت وڵاتانـی تاراوگـە و گۆڕەپانـی وڵاتانـی ئەوڕوپـاش، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا لـە کۆنگـرەی حەڤـدەی سـاڵی ١٩٧٥، لەنێوخۆیـدا دابـەش دەبێـت. پـاش ماوەیـەک، بەدیاریکـراوی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨١، ئامادەباشـی دەکات بـۆ ڕاگەیاندنی"کۆمەڵـەی خوێنـدکاران و لاوانـی کوردسـتان لـە ئەوڕوپـا و بـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی کۆمەڵەکـە هەڵدەبژێردرێـت و دوو سـاڵ تێیـدا دەمێنێتـەوە.

لـە ڕاسـتیدا تۆمارەکانـی دکتـۆر زەردەشـت حاجـۆ، پـڕە لـەو کار و چالاکییانـەی دەڕژێنە نێـو بۆتـەی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی نەتـەوەی کـورد، ئـەم چالاکییانەشـی نـەک هـەر لـە قۆناغـی گەنجێتیـی خۆیـدا ئەنجامیدابـن، بەڵکـو تاکـو ئەمـڕۆش هـەر بەردەوامـە لـە خەبـات و چالاکـی کـە گرنگترینیـان:

- لـە سـاڵانی ١٩٧٩ تاکـو سـاڵی ١٩٨٦وانـەی زمانـی کـوردی و ئەڵمانیـی لـە قوتابخانـەی میللیـی بـاڵا لـە بەرلیـن گوتووەتـەوە. لـە هەمـان ساڵیشـدا ١٩٧٩ بەشـداریی لـە داگیرکردنـی کونسـوڵخانەی ئێرانـی لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوادا کـردووە لەگـەڵ کۆمەڵـەی خوێنـدکاران کـە بـۆ ناڕەزایـی دەربڕیـن بـووە لەسـەر هێرشـە بەربەرییەکانـی دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـۆ سـەر کـورد و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.
- لـە سـاڵانی ١٩٨٠ بـۆ ١٩٨٢مینحەیەکـی خوێندنـی لـە دامەزراوەی"ئاتوینیکـی شـتفتۆنیک"وەرگرتووە و توانیویەتـی خوێندنـی زانکۆیـی خـۆی لـە زانکـۆی بەرلینـی ئـازاد تەواوبـکات.

- لە ساڵی ١٩٨٢ سەردانی وڵاتی یۆنان دەکات بۆ ڕێکخستنەوەی قوتابیانی کورد لەوێ.
- لە ساڵی ١٩٩٠ بووەتە ئەندام لە سەنتەری قەڵەمی کوردی.
- لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ساڵی ١٩٩٥ وانەبێژی زمانی کوردی بووە لە زانکۆی بیمنی ئەڵمانی و بە سەرپەرشتیی ئەو لە ساڵی ١٩٩٣دا زمانی کوردی لە هەرێمی بریمن دەستکرایە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومییەکانی ئەڵمانیا، دواتر لە چەند هەرێمێکی دیکەی ئەڵمانیاش زمانی کوردی خرایە نێو خشتەی وانەکانەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٥بووە ئەندامی پەیمانگەی کوردی بۆ لێکۆڵینەوە و زانستەکان لە ئەڵمانیا.
- ڕۆڵێکی کارای لە پێگەیاندن و شیاندنی مامۆستایانی زمانی کوردی هەبوو لە چەند زانکۆیەکی ئەڵمانیا، وەک زانکۆی بریمەن و هامبۆرگ و بۆن. هەروەها لە ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ وەکو وەرگێڕێک لە ڕادیۆی NRW کاریکردووە لە شاری دۆرتمۆند.
- لە ساڵی ١٩٩٦ بووە ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی نیشتمان کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان ڕاگەیەنرا بوو.
- لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ ساڵی ٢٠١٣ بووە سەرۆکی سەنتەری (قەڵەمی کوردی – PEN) .
- لە ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٩ سەرپەرشتیاری پەیمانگەی زانستی بووە بۆ سازان و زمان لە چەند شارێکی ئەڵمانیا.
- لە ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٩ وەک یاریدەدەری زانستی بەشداریی لە پڕۆژەی ئامادەکردنی (٢١) کتێبدا کردووە کە بۆ سێ قۆناغی خوێندنی منداڵانی کورد لە سویسرا و دەرەوە ئامادەکرابوو.
- لە ساڵی ٢٠١٩وە سەرۆکی پەیمانگەی کورداییە لە سویسرا.
- لە ئاهەنگێکی فەرمیی تایبەتدا کە کۆڕبەندی ئەڵمانی-کوردی لە شاری دریسدنی ئەڵمانیا لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دکتۆر زەردەشت حاجۆ"خەڵاتی میر جەلادەت بەدرخان"ی پێبەخشراوە لەپای ئەوەی یەکەمین کورد بووە تێزێکی زانستی لەسەر شێوەزاری کرمانجی باکووری زمانی کوردی لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین پێشکەش کردووە. خەڵاتەکەش وەک دانپێدانانێک بووە بۆ ئەرک و

ماندووبـوون و خزمەتکردنـی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی لـە قوتابخانـە میلییەکانـی بـاڵا و زانکۆکانـی ئەڵمانیـا. پرۆفیسـۆر"تیری کارلبۆم"ئەمینـداری گشـتیی پێشـوو و جێگـری سـەرۆکی ئێسـتای سـەنتەری قەڵەمـی جیهانی و سـەرۆکی پێشـووی شـارەوانیی ئۆپسـالای سـویدیش کـە بـە تایبـەت لـە سـویدەوە هاتبـوو بەشـداریان لـەو ئاهەنگەدا کردبـوو و وتارێکـی ستایشـکردنی پێشـکەش کـرد، هەروەهـا بورهـان سـۆمز، سـەرۆکی سـەنتەری قەڵەمـی جیهانیـش وتارێکـی بـەو بۆنەیـەوە پێشـکەش کـرد، شـاعیری نـاوداری کوردیـش موئەیـەد تەیـب بـە تایبـەت لـە باشـووری کوردسـتانەوە هاتبـوو و وتارێکـی لـە ئاهەنگەکـەدا خوێنـدەوە.

پێـش زیاتـر لـە (٣٠) سـاڵ دکتـۆر زەردەشـت هاوسـەرگیریی لەگـەڵ کچـە کوردێکـدا کـردووە، بـەڵام ئـەم هاوسـەرگیرییەیان تـا سـەرنەبووە. لـە کچـە هـاوڕێ ئەڵمانییەکەشـی کچێکـی هەیـە بـە نـاوی (زۆزان) لـە ئەویـش دوو منداڵـی هەیـە، کوڕێـک بەنـاوی (ئـالان) و کچێکیـش بـە نـاوی (شـیرین).

ژیاننامەی دکتۆر عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید

دکتۆر عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و هەر لەوێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندووە و ئامادەییشی لە بەغدا تەواوکردووە و لە یەکەمەکانی سەر قوتابخانەکەی بوو، بۆیە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ خوێندن دەینێرێتە بەریتانیا. لە ساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی ئەندازیاریی شارستانیی لە زانکۆی لیڤەرپول وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٢ ماستەر لە زانستەکانی ئاو و لە ساڵی ١٩٧٦یش دکتۆرا لە ئەندازیاریی هایدرۆلیکیی ئاو لە زانکۆی مانشستەر وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٢٠ پلەی پرۆفیسۆری فەخری لە زانکۆی ئەکستری بەریتانیای پێدەبەخشرێت.

پاش دەرچوونی لە زانکۆ، لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ ١٩٧١ دەبێتە مامۆستا لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی. پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦ بە ئەندازیار لەگەڵ کۆمپانیای"سیرۆلیام هالکەرۆ و هاوبەشانی ڕاوێژکاری"دا کار دەکات و لە ساڵی ١٩٧٧سەرپەرشتیی پڕۆژەی ئاودێری و پەرەپێدانی لە میرنشینی سعوودیە کردووە، ئینجا تا ساڵی ١٩٨١ لە پڕۆژەکانی ئاودێری لە وڵاتی سۆماڵ کاردەکات و دەبێتە بەڕێوەبەری پڕۆژەی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی و لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ - ١٩٨٢ پڕۆژەی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بۆ دۆڵی تۆیان لە یەمەن کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە (U. N. F. A. O).

لە ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ وەک ئەندازیارێک لە ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی لە بەنداوی دۆڵی جیزان و تۆڕی ئاو و ئاودێری لە سعوودیە کار دەکات. لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٦ بەڕێوەبەری پڕۆژەی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی دەبێت و ئەندامی پەیمانگەی ئەندازیاریی بەریتانیا (M. C. I. E) و لێژنەی نێودەوڵەتیی ئاودێری و جۆگەلەکان(I. C. I. D) و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەکرێتە ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی (فاو)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەچێتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ئەورۆپاش دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ ١٩٦٨ دەبێتە سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەکە.

لـە سـەروبەندی ئامـادەکاری بـۆ دامەزراندنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، دکتـۆر عەبدوللەتیـف جەمـال ڕەشـید، یەکێـک بـووە لـە ئەندامـە چالاکەکانـی و ئەندامێکـی دامەزرێنـەری حزبەکـە بـووە، پاشـان دەبێتـە نوێنـەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە بەریتانیـا و چەنـد وڵاتێکـی ئەوڕوپایـی.

دکتۆر عەبدوللەتیف لە چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا لەگەڵ شاندە کوردییەکاندا بووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا هەبووە.

پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس و داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمەریـکاوە، دکتـۆر عەبدوللەتیـف ڕەشـید وەکـو هەمـوو عێراقییەکانـی دیکـە، دەگەڕێتـەوە عێـراق و لـە ئەیلوولـی سـاڵی ٢٠٠٣ تاکـو کانوونـی یەکەمـی ٢٠١٠ دەبێتـە وەزیـری سـەرچاوە ئاوییەکان لـە حکومەتـی عێـراق و لـە ٢٠١٠ بـۆ ٢٠١٨ دەبێتـە ڕاوێـژکاری پێشـکەوتووی سـەرکۆماری عێراقـی پێشـووتر جـەلال تاڵەبانـی.

لـە ناوەڕاسـتی مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٢٢ لەلایـەن ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراقـەوە بـە سـەرکۆماری عێـراق هەڵدەبژێردرێـت و تاکـو ئێسـتا سـەرکۆماری عێڕاقـی فیدراڵـە. هاوسـەرگیریی لەگـەڵ شـاناز ئیبراهیـم ئەحمـەد کـردووە کـە کچـی ئەدیـب و شـاعیر و سیاسـەتوانی کـورد ئیبراهیـم ئەحمـەدە، واتـە هـاوزای جـەلال تاڵەبانییـە و دوو کـوڕ و کچێکـی هەیـە.

بێجگە لە زمانی دایک، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش دەزانێ، سێ کتێبیشی داناوە:

١. سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق ٢٠١٧.

٢. نووسین و بابەتە سیاسییەکان ٢٠١٨.

٣. بۆچـوون و هەڵوێسـتەکان (ژمارەیـەک تۆژینـەوەی زانسـتییە و بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی) بڵاوکراوەتـەوە.

ژیاننامەی دکتۆر سەربەست محەمەد ئەمین بڵباس

سەربەست محەمەد ئەمین عەلی لە ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٤٥ لە کەرکووک لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکووک و بەغدا تەواوکردووە. بەهۆی بارودۆخی ئەوسای سیاسییەوە لە ساڵی ١٩٦٦ خوێندنی ئامادەیی لە شاری تەرابلوسی لوبنان تەواو دەکات، پاش تەواوکردنی بەکەلۆریا دەگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیدا دەگرن.

بە تەکتیکێکی باوکی لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە وەردەگیرێت لەوێ بەشی زمانی عەرەبی دەخوێنێت، لەوێوە داوای دەرکردنی پاسپۆرتێکی نوێی بۆ دەکەن لە بەغدا، لەبەرئەوەی لە زانکۆی قاهیرە وەرگیراوە، بەڵام پاش ئەوەی پاسپۆرتەکەی وەردەگرێت، لەجیاتی ئەوەی بچێتە قاهیرە، لە ساڵی ١٩٦٧ باوکی دەینێرێتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

هەر کە دەگاتە ئەوێ خۆی لە پەیمانگەی فێربوونی زمانی ئەڵمانی تۆمار دەکات و ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان. بۆ یەکەمین جار بەشداری لە کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵەکەدا دەکات کە لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە بەلگرادی پایتەختی یۆگسلاڤیا بەستراوە و لە ساڵی ١٩٦٧ بە پێشنیازی لێژنەی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا مینحەیەکی خوێندن لە یەکێتیی سۆڤیەت وەردەگرێت، خۆی و ئەدهەم .....؟ کە خەڵکی گوندی (مەراتێ)ی دەڤەری کورداغی ڕۆژئاوای کوردستانە، دەچنە یەکێتیی سۆڤیەت. ئەوکات -لەبیریەتی- هەریەک لە: سەعید و حوسێن بارزانی، ئەدهەم، ئیسماعیل عەبدولقادر (قامیشلۆ)، ئەحمەد ئامێدی، شیرین قەدری جان، عەبدولڕەحمان عەونی و سەیدۆ ئەرسەلان (کورداغ-عەفرین) ئەندامی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوونە لە ئەوروپا، هەر کە دەگەنە مۆسکۆ خۆیان لە بەشی زمانی ڕووسیدا تۆمار دەکەن.

لە ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢ سەربەست محەمەد ئەمین بە سکرتێری لقی یەکێتیی سۆڤیەت هەڵدەبژێردرێت کە گەلاوێژ و مستەفا (خەڵکی هەڵەبجە) و چەند کەسێکی تریش لەگەڵیدا بوون لە لێژنەی لقی یەکێتیی سۆڤیەت، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی لێژنەی پارتی و بەرپرسی دارایی لێژنەکە دەبێت.

پـاش تەواوکردنـی کۆرسـی زمانـی ڕووسـی، لـە بەشـی ئەندازیاریـی کشـتوکاڵ لـە یەکێـک لـە زانکۆکانـی مۆسـکۆ وەردەگیرێـت و لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٧٣دا خوێندنـی زانکۆیـی تـەواو دەکات. ئینجـا دەسـتبەجێ دەگەڕێتـەوە کوردسـتان و -بـە گوتـەی خـۆی- چـاوی بـە سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکەوێـت، لـە ٢٣ی شـوباتی ١٩٧٣ لـە لایـەن پارتییـەوە دەکرێتـە بەڕێوەبـەری گشـتیی فەرمانگـەی کشـتوکاڵی کەرکـووک و خانەقیـن و هەتاکـو نسـکۆی شـۆڕش لـەو پۆسـتەیدا دەمێنێتـەوە.

پـاش نسـکۆی شـۆڕش دووبـارە دەگەڕێتـەوە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا و لەوێـوە پەیوەنـدی بە هاوسـەرەکەی دەکات کـە لـە مۆسـکۆ نیشـتەجێ ببـوو و هاوسـەرەکەی بانگێشـتنامەیەکی بـۆ دەنێرێـت، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی یەکێتیـی سـۆڤیەت ڕەتیدەکاتـەوە نیشـتەجێی وڵاتەکـەی بێـت، بـە ناچـاری پەنـا بـۆ باڵیۆزخانـەی بەلجیـکا دەبـات و داوای ڤیـزەی ئـەوێ دەکات و دەیدرێتـێ، بـە یەکەمیـن پێشـمەرگەی کوردسـتان هەژماردەکرێـت لـە بەلجیـکا کـە هەتاکـو سـاڵی ٢٠٠٤ لەوێـدا دەمێنێتـەوە.

لە سـاڵی ١٩٩٣ سەربەسـت محەمەد ئەمین بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەندازیاریی کشـتوکاڵ- بەشـی بەروبومە کشـتوکاڵییەکان لە ئەکادیمیای کشتوکاڵی مۆسکۆ وەردەگرێت.

لـە سـاڵی ٢٠٠٤ بـە مامۆسـتا دادەمەزرێـت لـە کۆلێـژی کشـتوکاڵ، پـاش سـێ مانـگ دەبێتـە سـەرۆکی بەشـی بەروبوومـە کێڵگەییـەکان لـە کۆلێـژی کشـتوکاڵ، لـە سـاڵی ٢٠٠٩ خانەنشـین دەکرێـت و لەوسـاوە لـە هەولێـری پایتەختـدا دەژێـت.

بێجگـە لـەو چالاکییانـەی لەپێشـەوە باسـکران، دکتـۆر سەربەسـت لـە زۆربـەی کۆنگرەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا بەشـداربووە و زۆر چالاکیـش بـووە لـە لقـی شەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

دکتـۆر سەربەسـت محەمـەد ئەمیـن، هاوسـەرگیریی کـردووە و لـە ژنـی یەکەمیـدا دوو کـوڕی هەیـە: دلڤیـن و دەشـتی.

بەشی شەشەم

- چەند بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵەکە
- کۆتایی گشتی
- بەشی وێنەکان

چەند بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

لە خوارەوە دوو نموونەی دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەخەینە بەر دیدی خوێنەران کە یەکەمیان لە کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ١٩٥٨دا بە ناونیشانی (پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) پەسندکرا. ئەوەی دووەمیشیان لە کۆنگرەی شانزەی ساڵی ١٩٧٣ بە ناونیشانی (دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) پەسندکراوە. بە ڕەچاوکردنی ئەم دوو خاڵە سەرەکییەی خوارەوە:

یەکەم: بەداخەوە دەستووری کۆنگرەی دامەزراندن یاخود کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی خویندکارانی کوردمان لە ئەورووپا دەست نەکەوت.

دووەم: بە بەراوردکردنی دەقی هەردوو دەستوورەکە، ئەوەتان بۆ ڕوونەدەبێتەوە کە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە، گۆڕانکارییەکی گەورە و بنەڕەتی لە دەستووری کۆمەڵەکەدا نەکراوە، ئەوەی کراوە، تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی بچووک و سادەن، تەنیا دوو خاڵی سەرەکی نەبێت: کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەین، بەدیاریکراویش لە کۆنگرەی شانزەدا.

هەروەها کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەکە کە دەستمانکەوتوون، دەخەینە بەر دیدی خوێنەران و تۆژەران، بەو هیوایەی ئەم بەڵگەنامانە ببنە سەرچاوەیەک بۆ تۆژینەوەکانی داهاتوو لەلایەن کەسانی دیکەوە.

بەڵگەنامەی ژمارە (١)

نموونەی یەکەم

پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

یەکەم: ناو: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

دووەم: ئامانجە بنەڕەتییەکان:

١. پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان قوتابیانی کورد و ڕێکخستنی دیدارە خولییەکان لەنێوانیاندا

٢. بەدیهێنانی هاوکاریی دارایی ئاڵوگۆڕ لەنێوان قوتابیانی کورد لە ئەورووپا.

٣. پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی نیشتمانیی کورد و کارکردن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و دۆزە نیشتمانییەکەی.

٤. ناساندنی جیهان بە ڕۆشنبیریی گەلی کورد و نیشتمان و دۆخ و دۆزە نیشتمانییە کە یە و ە .

٥. پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی دیکەی نیشتمانی و جیهانی و هەماهەنگی کردن لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا.

٦. کۆمەڵەکە، بڵاوکراوەیەک بڵاوبکاتەوە و ببێتە زمانحاڵی کۆمەڵەکە.

سێیەم: بە ئەندامبوون

١. هەر خوێندکارێکی کورد کە لە ئەورووپادا بخوێنێت دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەکە، ئەگەر:

أ. ڕازی بێت بە ئامانج و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەکە و هەوڵ بدات ئامانجەکانی بەدیبێنێت.

ب. سااڵنە دوو پاوەنی ئینگلیزی، یان هاوتای ئەو بڕە پارەیە بداتە کۆمەڵەکە.

٢. کوردی غەیرە خوێندکار و غەیرە کوردی ئەورووپاش دەتوانن ببنە ئەندام، ئەوانەی ئارەزووی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە دەکەن و حەز دەکەن بە ئەندامی پشتیوان

وەربگیرێن، ئەگەر لەلایەن لێژنەی کارگێڕیی گشتی کۆمەڵەکەشەوە پشتگیری بکرێن، بە مەرجێک هاوبەشییەکی ڕەمزیی سااڵنە بدەنە کۆمەڵەکە.

٣. ئەندامێتیی هەمیشەیی (هەتا لە ژیاندا مابێت) دەبەخشرێتە هەر ئەندامێکی پێشووی کۆمەڵەکە، پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە نیشتمان (هەر بەشێکی کوردستان بێت).

٤. ئەندامێتیی شەرەف دەبەخشرێتە هەر کەسایەتییەکی شایستە و ئەندامانی پێشووی کۆمەڵەکە کە خزمەتێکی زۆری پێشکەش کۆمەڵەکە کردبێت.

چوارەم: ڕێکخستنی کۆمەڵەکە:

ڕێکخستنی کۆمەڵەکە لەسەر ئەم بنەمایانە دەبێت:

١. کۆنگرەی گشتی.

٢. لێژنەی کارگێڕیی گشتی.

٣. لقەکان.

٤. لێژنەی لقەکان.

١. کۆنگرەی گشتی:

أ. کۆنگرەی گشتی لە سەرجەم ئەو ئەندامانە پێکدێت کە بەشداریی تێدا دەکەن.

ب. کۆنگرە، باڵاترین دەسەاڵتی کۆمەڵەیە و دەسەاڵتی هەموارکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵەی هەیە بە دەنگی ڕەهای ئامادەبووان. لەکاتی بەرانبەر بوونی دەنگەکان، تای ئەو الیەنە دەگیرێت کە سەرۆکی کۆمەڵەی تێدایە کە سەرۆکی کۆمەڵەکە لە هەموو حاڵەتەکاندا مافی دەنگدانی هەیە.

ج. سااڵی یەک جار کۆنگرە دەبەستێت و لێژنەی کارگێڕیی گشتی، خشتەی کارەکان ئامادە دەکات و بە النی کەم پێش دوو هەفتە دەبێ ئەندامانی ئاگادار بکاتەوە.

د. ئەندامانی پشتیوانی و نوێنەرانی کۆمەڵەکانی دۆست کە بانگهێشتی ئامادەبوونی کۆنگرە دەکرێن، چاودێرن بێ ئەوەی مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنیان هەبێت.

٢. لێژنەی کارگێڕیی گشتی:

١. لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی، باڵاتریـن دەسـەڵاتی کۆمەڵەکەیـە لـە مـاوەی نێـوان دوو کۆنگـرەدا، بـەڵام دەسـەڵاتی هەموارکردنـی دەسـتووری نییـە، بـەڵام لەکاتـی پێویسـتدا، مافـی داواکردنـی بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نائاسـایی هەیـە.

٢. لێژنەی کارگێڕیی گشتی لە (٥-٧) ئەندام پێکدێت و کۆنگرە هەڵیاندەبژێرێت.

٣. کۆنگـرە، لەپێشـدا سـەرۆک ئینجـا سـکرتێر و پاشـان ژمێریـاری گشـتی و سـکرتێری دەسـتەی نووسـەران و دواجاریـش ئەندامـان بـە زۆرینـەی دەنـگ هەڵدەبژێرێـت.

٤. لێژنەی کارگێڕیی گشتی لە پێش و دوای کۆنگرە کۆدەبێتەوە.

٥. لـە مـاوەی نێـوان دوو کۆبوونەوەکـەدا پەیوەندییەکانـی لێژنـەی کارگێـڕی لـە ڕێگـەی سـکرتێرەوە ئەنجـام دەدرێـت.

٦. سـەرۆک، نوێنەرایەتیـی کۆمەڵەکـە دەکات و دەبێتـە گوتەبێـژی کۆمەڵەکـە، بە مەرجێک ڕاوێـژ بـە دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی بـکات لـە کاروبـارە گرنگـەکان و هـەر پرسـێک کـە کاریگەریـی لەسـەر ئاراسـتەی کۆمەڵەکـەدا هەبێـت.

٧. سـکرتێر، دەسـەڵاتی ڕاییکردنـی پرسـە ئاسـایی و بەپەلەکانـی هەیـە و ئەوانـەی کـەم بایەخـترن، لەسـەر لێپرسراوێتیـی خـۆی. بـەڵام لـە پرسـە گرنگـەکان و ئەوانـەی کاریگەرییـان لەسـەر ئاراسـتەی کۆمەڵەکـەدا هەیـە، پێویسـتە سـکرتێر بەپێـی ڕای زۆرینـەی ئەندامانـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی ڕاپەڕێنێـت.

٨. سـەرۆک، یـان سـکرتێری گشـتی، بـۆ بەسـتنی کۆبوونـەوە نائاسـاییەکان مافـی داواکردنی لـە لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی هەیە.

٣. لقەکان:

١. باڵاتریـن دەسـەڵاتی خۆجێییـە و بەلانـی کـەم لەسـەر داوای لێژنـەی کارگێڕیـی لـق، شـەش مانـگ جارێـک کۆدەبێتـەوە.

٢. لـق، لـە یەکەمیـن کۆبوونـەوەی گشـتیی سـاڵانەدا، ئەندامانـی لێژنـەی لـق هەڵدەبژێرێـت.

٤. لێژنەی لقەکان:

١. لێژنەی لقەکان لە (٣-٧) ئەندام پێکدێت.

٢. لێژنەی لق، کاروبارە کارگێڕییەکانی لقەکە بەڕێوەدەبات و ڕۆڵێکی کارای لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە و جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا هەیە، بۆنموونە: سازدانی ئاهەنگەکان و گوتنەوەی وانەکان بەپێی ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵە.

٣. ئەندامە دابڕاوەکان لە هەر دەوڵەتێکدا بن، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سکرتێری گشتی یاخود بە سکرتێری نزیکترین لقەوە دەکەن.

٥. سندووق:

١. سندووقی کۆمەڵەکە لەمانە پێکدێت:

أ. بەشداریيە خولییەکان.

ب. هاوکارییەکانی ئەندامان و ئەندامانی پشتیوانان و ئەوانی دیکە.

ج. داهاتی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە.

٢. دارایی کۆمەڵە بەسەر سندووقەکانی لق و سندووقەکانی لێژنەی داراییدا بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: سندووقی لقەکان هەموو شەش مانگ جارێک ٥٠٪ی نێو سندووقەکەیان ڕەوانەی ژمێریاری گشتی دەکات کە لەبەریان دەمێنێتەوە، لە بەرانبەریشدا سندووقی لقەکان دەتوانێت لەکاتی پێویستدا ئەوەی پێویستیانە، لە سندووقی گشتی داوابکات.

٦. هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە:

بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئامادەبووانی کۆنگرەی گشتی نەبێت، کۆمەڵەکە هەڵناوەشێتەوە.

نموونەی دووەم: کە لە کۆنگرەی شانزەی کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٧٣ پەسندکراوە

دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

یەکەم: ناو: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

دووەم: ئامانجە سەرەکییەکان:

١. پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا و کارکردن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندن و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان.

٢. خوڵقاندنی گیانی هاوکاری و یارمەتیدان لەنێوان قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا.

٣. گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کارکردن لەپێناو کێشەی گەلی کورد و دۆزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی و بەشداریکردن لە خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین لە کوردستانی نیشتمان.

٤. ناساندنی گەلی کورد و شارستانێتی و کوردستانی نیشتمان و دۆزە نیشتمانییەکەی بە گەلانی جیهان.

٥. بەهێزکردنی هاوکاری و دۆستایەتی لەنێوان قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا و لەنێوان قوتابیانی وڵاتانی دیکە و هەماهەنگی کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و ناخوێندکارییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان کە بەرژەوەندیی هەردوولای تێدابێت.

٦. بەشداریکردن لە خەباتی گەلی کورد و پشتگیریکردنی خەباتی تەواوی گەلانی جیهان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لەپێناو ئازادی و دیموکراسییەت و ئاشتی لە جیهاندا.

سێیەم: کۆمەڵەکە گۆڤاڕێکی خولی بەناوی (Kurdistan) دەردەکات و دەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵەکە.

چوارەم: ئەندامبوون:

١. هەموو خوێندکارێکی کورد، یاخود دانیشتووی کوردستان بێت و لە ئەوڕوپا بخوێنێت، مافی بە ئەندامبوونی لە کۆمەڵەکەدا هەیە، بە مەرجێک:

أ. بە دەستووری کۆمەڵە ڕازی بێت و لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە کار بکات.

ب. سالّانە بڕی سێ جونەیهی ئیسترلینی، یاخود هاوتای ئەو بڕە پارەیە بداتە کۆمەڵەکە.

٢. پێویستە لێژنەی لق، یان دەستەی کارگێڕیی گشتی ئەو بەندانەی پێشوو لەبەرچاو بگرێت کاتێک ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنی ئەندامانی نوێ دەردەبڕن.

٣. هەر ئەندامێک، دەستوور پێشێل بکات بەکارێک کە زەرەر بە کۆمەڵەکە و گەلی کورد یاخود بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی و شۆڕشە ڕەواکەی لە کوردستانی عێراق بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی بگەیەنێت، خۆی دەخاتە بەر ئەم سزایانەی خوارەوە:

أ. ئاگادارکردنەوە، سەرزەنشت کردن، ئەویش بە بڕیارێکی لێژنەی لقەکە.

ب. سڕکردن، بە بڕیاری دەستەی کارگێڕیی گشتی.

ج. دەرکردن، بە بڕیاری کۆنگرە.

پێنجەم: میکانیزمی کارکردنی کۆمەڵەکە

١. کۆنگرەی گشتی:

أ. لەو ئەندامانە پێکدێت کە لە کۆنگرەکەدا ئامادە دەبن.

أ. باڵاترین دەسەڵاتی کۆمەڵەکەیە و دەسەڵاتی گۆڕانکارییەکانی لە دەستووردا هەیە.

بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگ دەدرێن و لە حاڵەتی یەکسانبوونی دەنگەکان، بەو لایەدا دەشکێتەوە کە سەرۆکی دانیشتنەکەی دەنگی بۆداوە.

ب. کۆنگرەی گشتی، سالّی جارێک دەبەستڕێت و لەکاتی پێویستدا دەکرێ کۆنگرەیەکی نائاسایی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمەڵەکە یاخود دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتی. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پێویستە پێش مانگێک، ئەندامان لە شوێن و کاتی بەستنی کۆنگرەکەدا ئاگاداربکرێنەوە.

ج. تەنیا دەستەی کارگێڕیی گشتی مافی دیاریکردنی شوێن و کاتی کۆنگرەکانی هەیە.

د. پێش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕیی گشتی، کۆنگرە لەنێو ئەندامانی خۆیدا لێژنەیەک بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان هەڵدەبژێریت.

٢. دەستەی کارگێڕیی گشتی:

أ. باڵاترین دەسەڵاتە لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا.

ب. لە حەوت ئەندامی کارا و دوو ئەندامی یەدەک پێکهاتووە و ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن.

ج. لەپاش کۆنگرە، کۆدەبنەوە و لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا لەنێو ئەندامانی خۆیدا، سەرۆکی کۆمەڵە و جێگری سەرۆک و سکرتێری گشتی و ئەمینداری گشتیی سندووق و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (Kurdistan) هەڵدەبژێرێت.

د. مەکتەبی سکرتاریەت لە سەرۆک و سکرتێری گشتی و ئەمینداری گشتیی سندووق پێکدێن و بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتی نێوان دوو کۆبوونەوە جێبەجێ دەکات و دوو مانگ جارێک گۆدەبنەوە.

ھ. دەستەی کارگێڕیی گشتی پرۆگرامی کۆنگرە ئامادە دەکات و لە یەکەمین دانیشتنی کۆنگرەدا دەیخاتە بەردەم ئامادەبووانی کۆنگرە.

و. دەستەی کارگێڕیی گشتی لەنێوان دوو کۆنگرەدا چوار جار کۆدەبنەوە.

ز. دەستەی کارگێڕیی گشتیی ڕاستەوخۆ بەرانبەر کۆنگرەدا بەرپرسە.

٣. دەسەڵاتەکانی سەرۆک و سکرتێری گشتی:

أ. سەرۆکی کۆمەڵە، نامەکانی کۆمەڵە ئیمزا دەکات.

ب. سەرۆکی کۆمەڵە، یان زۆرینەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتی، دەتوانن داوای کۆبوونەوە بکەن.

ج. سەرۆک و سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، کاروباری کۆمەڵەکە بە سازان بەڕێوەدەبەن. لە یەکەمین کۆبوونەوەی سکرتاریەتدا، سەرۆک و سکرتێری گشتیی، ڕێکخراوەکان و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵەکەوە هەیە، لەنێو خۆیاندا دابەشیان دەکەن بۆ پەیوەندیکردن و پەیوەندیکردن بە لقەکانی کۆمەڵەکەوە.

د. لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی کۆمەڵە، جێگری سەرۆک و سکرتێری گشتیی کارەکانی کۆمەڵەکە بەڕێوەدەبەن.

٤. لقەکان:

أ. لقەکان بە بڕیارێکی دەستەی کارگێڕیی گشتیی، لە ئەندامانی کۆمەڵەکە پێکدێت کە لە وڵاتانی ئەوڕوپادان.

ب. لق، باڵاترین دەسەڵاتە لەو وڵاتە و بەلانی کەم سااڵنە کۆبوونەوەیەکی گشتی بکەن.

ج. ئەندامانی لق، لێژنەی لق لە کۆبوونەوە سااڵنەکەدا هەڵدەبژێرێت.

٥. لێژنەی لق:

أ. لە (٣-٥) ئەندام پێکدێت و لەنێو ئەو ئەندامانەدا سکرتێری لق هەڵدەبژێردرێت.

ب. کاروباری لقەکە بەڕێوەدەبات و ڕۆڵێکی دیاری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕیی گشتی لە وڵاتەکەی خۆیدا بەڕێوەدەبات، بە مەرجێک لە سیاسەتی دەستەی کارگێڕیی گشتی النەدات.

شەشەم: دارایی کۆمەڵەکە

دارایی کۆمەڵەکە لەمانە پێکدێت:

أ. ئابوونەی سااڵنەی ئەندامان.

أ. هاوکارییەکانی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵەکە.

ب. داهات و ئەو هاوکارییانەی بەدەست کۆمەڵەکە دەگات.

ج. دارایی کۆمەڵەکە لەنێوان سندووقی گشتی و سندووقی لقەکان بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: لقەکان بەلانی کەم ٥٠٪ی داهاتەکانی دەداتە سندووقی گشتی و سندووقی لقەکانیش دەتوانن لەکاتی پێویستدا داوای هاوکاری لە سندووقی گشتی بکەن.

بەڵگەنامەی (٢)

نامەیەک لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان

وەڵامی نامەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا[١٩٦]

بۆ سوودی گشتی، وەڵامی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بڵاوەدەکەینەوە کە وەڵامی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەورووپا و تایبەتە بە پرسی بەئەندامبوونی کۆمەڵەکە و ڕاستەوخۆ یەکێتییەکە لەپاش کۆتاییهاتنی کۆنگرەی سێیەم لە ئابی ١٩٥٨ بۆ کۆمەڵەکەی ناردووە، بە تێبینیی ئەوەی؛ نامەکە لە دەقە فەرەنسییەکەوە لەلایەن کۆمەڵەکە وەرگێڕدراوە:

"هاوڕێی ئازیزمان ..

نامەی ئێوەمان بە دەست گەیشت کە تێیدا ئارەزووی خۆتان بە ئێمە ڕادەگەیەنن بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانی جیهان و ڕاگەیەنراوی کۆتایی دوا کۆنگرەی خۆتانیش لەگەڵ نامەکەدا هاوپێچکردووە.

ئێمە بە دڵسۆزییەوە نیگەرانین لە دواکەوتنی وەڵامی نامەکەتان، لەبەرئەوەی ئێمە سەرقاڵی ئامادەباشییەکان بووین بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا لە پەکین بەسترا.

ڕاگەیەنراوەکە لە ژمارەی داهاتووی (بڵاوکراوەکانی هەواڵ)دا بڵاودەکەینەوە و لە داهاتووشدا بە ڕێکوپێکی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی قوتابیانی جیهانتان بۆ دەنێرین و بەم نزیکانە ناملکەکەشتان بۆ دەنێرین کە تایبەتە بە ئەنجامەکانی کۆنگرەکەمان و پرۆگرامی چالاکییەکانی یەکێتیی قوتابیانی جیهان بۆ ساڵی ئەکادیمیی داهاتوو. تکایە ئاگادارمان بکەنەوە لەو چالاکییانەی بە دڵی ئێوەیە.

هیوادارین بڵاوکراوەکانتان بە ڕێکوپێکی بگاتە دەستمان و پێمانخۆشە تۆماری چالاکییەکانتانی تێدا بێت، بۆئەوەی کێشە جۆراوجۆر و چالاکیی کۆمەڵەکەتان بە ڕای خوێندکاران بگەیەنین.

لە کۆتاییدا هیوادارین گوێمان لێتان بێت، سڵاوی برایانەمان قبووڵ بفەرموون

س. باباک/ سەرۆکی نووسینگەی بەرینگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم - براگ".

بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

دەقی یەکێک لەو بەیاننامانەی کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا تایبەت بە بارودۆخی کوردی بەشە داگیرکراوەکە لەلایەن سووریاوە کە لە لاپەڕە ٢١٠ی کتێبی (الحركة القومية الكوردية في سوريا - رؤية نقدية من الداخل -١-)ی سەڵاح بەدرەدین. کوردستانی عێراق ٢٠٠٣دا وەرگیراوە.

بەیاننامەیەک لەبارەی دۆخی کوردی سووریا

بانگەوازێک بۆ بەردەوامبوون لە گردبوونەوە لە دەوری کۆماری عێراق و پاراستنی لە هەموو ناخۆشییەک.

لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨، کۆمەڵەکەمان ڕاگەیەنراوێکی ڕۆژنامەوانیی لە لەندەن بڵاوکردەوە و تێدا ئاماژە بە پشتگیریکردنی ڕەهای گەلەکەمان کراوە بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموووز و پابەندبوونی بە سیستەمی کۆماریی دیموکراسی و برایەتیی عەرەب و کورد و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە جوداخوازەکان و دەستەبەرکردنی مافە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکان لە کوردستانی عێراق و بێبەشکردنی کوردی تورکیا و ئێران لەو مافانە و داوای بەردەوامبوونی هاوکاریی نێوان عەرەب و کورد دەکات لە پێناو یەکێتیی کۆمار و پاراستنی.

هەروەها لە ئەنجامی نامەکەی بەڕێز جەمال عەبدولناسر، سەرکۆماری عەرەبی یەکگرتوودا کە کۆمێنتی لەسەر ڕاگەیەنراوەکەی ئێمە داوە و ئاماژە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب لە عێراق دەکات. کۆمەڵەکەمان بەیاننامەیەکی لە ڕۆژی ٥ی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکردەوە.

وێڕای ئەوەی؛ ئێمە درکمان بەوە کردووە کە دەسەڵاتدارانی عەرەبی یەکگرتوو، هاوشێوەی حاکمەکانیان دژی گوتە دیماگۆگییەکانیەتی، بەڵام ئێمە بڕیارمان دا ئەو هەلە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتیی جیهان بۆ بارودۆخی خراپی کوردی سووریا ڕابکێشن و بەیاننامەیەکمان سەبارەت بەم پرسە بڵاوکردەوە لەپێش یاخیبوونەکەی شەواف و ئاشکرابوونی ڕۆڵی حاکمەکانی عەرەبی یەکگرتوو و پیلانەکانیان دژی سەلامەتیی کۆماری یەکگرتوو.

لە ڕۆژی شکستهێنانی پیلانەکانی حاکمگەلی عەرەبیی یەکگرتوو کە مەرامی کۆنترۆڵکردنی عێراق بوو لە ڕێگەی شەوافی بەکرێگیراویان و یارمەتیدانی بە چەک و پارە و ڕێکلام. تیرۆرێکی ڕەش باڵی بەسەر سووریادا کێشاوە و دەسەڵاتدارە فاشیستەکانی سووریا هەموو مافێکی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوەکانی لە خەڵکی سووریا زەوتکردووە و حوکمێکی کۆنەپەرستانەی بەسەر وڵاتدا سەپاندووە.

ئێمە ئیدانەی ئەم دەسەڵاتدارە تۆقێنەرە دەکەین کە لە بەندیخانە و ئەشکەنجەدان و تیرۆکردنی دیموکراتخوازەکاندا بەرجەستە دەبن و درێژە بە پیلانگێڕییەکانیان دەدەن بە هاوکاریی کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکی، بەتایبەتی لەسەر سنووورەکانی عێراق-سووریا دژی کۆماری عێراق بۆئەوەی سەرنجی ڕای گشتیی جیهان بۆ ڕاستییەکی دیکە ڕابکێشین کە بریتییە لە پەیڕەوکردنی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی دژی کوردی سووریا لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعسی فاشیزم.

سەرباری ئەوەی دان بە مافە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکانی کورددا نانرێت لە سووریا، یەک قوتابخانەی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریادا نییە و بە زمانی کوردی ناخوێندرێت، نە یەک ڕۆژنامە و نە گۆڤارێکیش لە سووریا بە زمانی کوردی دەرناچێت، هەر کەسێک کتێبێکی تایبەت بە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی و ئەلفوبێی کوردیی لەلا بگیرێت، بەسە بۆ دەستگیرکردن و دەربەدەرکردنی.

شاعیری کورد، قەدری جان (عەبدولقادر عەزیز) هێشتا وا لە بەندیخانەدایە و (حەسەن حاجۆ) دەستگیرکراوە کە کوردێکی ناسراوی دەڤەری جەزیرەیە و دەسەڵاتداران بەیاننامەیەکیان بەناوی ئەوەوە لە یەکێک لە ڕۆژنامە بەعسییەکاندا بەناونیشانی (ئەو عرووبەیەی شانازیی پێوە دەکەم) بڵاوکردووەتەوە و سەرجەم ئەفسەر و پلەدارەکانی کوردیان لە سوپای سووریا دەرکردووە و دەستبەرداری خزمەتی سەربازیی گەنجانی کورد بووەنە و ژمارەیەکی زۆری منداڵانی کوردیان خزاندووەتە بەندیخانەکانی حەلەب و جەزیرە و هیچ دەرفەتێکیان بۆ دامەزراندنی کورد لە فەرمانگەکاندا نەهێشتووەتەوە. عەقید (محەمەد زلفۆ) و عەقید (فوئاد مەلاتیەلی)یان لە سوپای سووریا دەرکردووە و تەنیا لەبەر کوردبوونیان لە زیندانەکانی مەزەدا گیراون

و هەموو قوتابیانی کوردیان لە قوتابخانەکانی حەلەب بەیەکجاری دەرکردووە کە زۆربەیان لە ناوچەکانی جەزیرە و کورداغ و عەرەب بینارەوە هاتبوون و زۆربەشیانی زیندانی کردووە و تەواوی قوتابخانەکانی قەزا و ناحییە کوردییەکانیان داخستووە، بەتایبەتی لە کورداغ، قوتابییە کوردەکانی دیکەی ناوچەکانی دیکەش لەبەر جەور و ستەمی بەعسییە فاشیستەکان بە هاوکاریی پۆلیس وازیان لە خوێندن هێناوە، دۆخەکە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کورد، نەتوانێ کورداییەتیی خۆی ڕابگەیەنێت، چونکە دەسەڵاتدارانی حکومی و بەعسییە خائینەکان ناشرینترین قسەیان پێدەڵێن و سووکایەتییان پێدەکەن.

کۆمەڵەکەمان کە کوردی سووریاش لەخۆدەگرێت، ئیدانەی خۆمان بۆ ڕژێمە پۆلیسییەکەی عەرەبیی یەکگرتوو و پیلانگێڕییە بەردەوامەکانیان دژی کۆماری عێراق دووبارە دەکەینەوە و ناڕەزایی توندی خۆمان لە ئاست ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیانە و چەوساندنەوەی نەتەوەیی سەپێنراو لەسەر برایانی کوردمان لە سووریا دەردەبڕین و داوا دەکەین دەستبەجێ دەست لەو سیاسەتەی هەڵبگرێت و داوا لە تەواوی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندکارییەکان دەکەین ئیدانەی ئەم تاوانانەی ڕژێم بکەن کە نەک هەر تەنیا دژی ڕێککەوتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیستی مافەکانی مرۆڤن، بگرە لەگەڵ سادەترین بەهاکانی ئەخلاقی مرۆڤایەتیی شەریفانەشدا ناکۆکن و داواش بکەن ئەو هەڵمەتە تیرۆریستییە پۆلیسییە ڕابگیرێت و ئازادییە دیموکراسییەکانیش سەربەست بکات.

ئێمە گەلی کوردمان لە سیاسەت و پیلان و تەماحکاریی دەسەڵاتدارانی عەرەبیی یەکگرتوو ئاگادارەکەینەوە و داوایان لێدەکەین، بەردەوام بن لە گردبوونەوە لە دەوری کۆماری عێراق و بیپارێزن لە هەموو زیانێک و کۆڵەکەکانی دیموکراسییەت پتەو بکەن و پەرە بە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز بدەن کە بەسەرۆکایەتیی زەعیم عەبدولکەریم قاسم هاتووەتە دی. زامنکردنی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کورد و بەدەستهێنانی تەواوی مافە نەتەوەییەکانیان لە سەرتاسەری کوردستان، لە بەهێزکردن و گەشەپێدانی کۆماری عێراق و چەسپاندن و فراوانکردنی سیستەمە دیموکراسییەکەی بەرجەستە دەبێت.

ئێمە داوا لە گەلی کورد دەکەین بەرەنگاریی دەرەبەگ و پیلانگێڕان و کەڵەگا بەعسییە فاشیستە خۆفرۆشەکان و بەکرێگیراوانی کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکا ببنەوە و پاشماوەکانیان تێکبشکێنن، چونکە ئەمانە و ئاغاکانیان لە قاهیرە و واشنتۆن کار دەکەن لەپێناو ئازارگەیاندن بە کۆماری عێراق و سیستەمە دیموکراسییەکەی، چونکە هەر زیانێک بەم کۆمارە دیموکراتخوازە بگات، بەرژەوەندییەکانی کوردیش گەورەترین زەرەرمەند دەبن.

ئێمە لەوە دڵنیاین؛ گەلی ئێمە ناهێڵێ بەڕێز جەمال عەبدولناسر خۆی بکاتە مستەفا کەمالێکی تر، هەروەها لەوەش دڵنیاین، چارەنووسی حوکمی ڕەشی تیرۆریستان لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو، نەمانی حەتمییە.

بڕووخێ تیرۆری فاشیستی لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو

بڕووخێ ڕەگەزپەرستی و چەساندنەوەی نەتەوەیی دژی کوردی سووریا.

بڕووخێ دوژمنانی کۆماری عێراقی دیموکراتخواز.

بژی برایەتیی کورد و عەرەب.

لێژنەی کارگێڕی

ڕۆژنامەی الحقیقة/ ڕاستی. ژمارە (٨) – حوزەیرانی ١٩٥٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

دەقی نامەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا بۆ کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کە لە تەموزی ساڵی ١٩٦١ لە شاری مونستەری ئەڵمانی بەسترا کە لە لاپەڕە (٦٧-٧١)ی کتێبی (دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية)[١٩٧]ی محەمەد تەلەب هیلال، سەرۆکی هۆبەی سیاسی لە پارێزگای حەسەکە، ساڵی ١٩٦٢، وەرگیراوە:

" برایانی ئازیز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە ..... و لە کوردستانی نیشتمانماندا سەنگی کۆلۆنیالیزم قوڕستر بووە، بێجگە لە داگیرکردنی کوردستان و خستنەژێر دەسەڵاتی بیانی. داگیرکەران گەمەیەکی ئاست نزم و گڵاویان کرد بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییە مەودا دوورەکانی خۆیان.

نیشتمانە بچووکەکەی ئێمەیان پارچە پارچە کرد و هەر پارچەیەکیان پێشکەش بە حکومەتێکی کۆنەپەرستی وابەستەی خۆیان، کرد و گەلی کوردمان چەندین جۆرە تیرۆر و کپکردن و کوشتنی لە ئەنجامی ئەو دابەشکارییە چەشتووە و دەچێژێ، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، تەنانەت دان بە بوونی کورد و نیشتمانی کوردانداندا نانێت، بگرە زۆر درندانە نەتەوەکەیان دەچەوسێنێتەوە، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەر کوردبوونیان و سیاسەتێکی تواندنەوەی نەتەوەیی لە بۆتەی نەتەوە سەردەستەکاندا پەیڕەو دەکات و بە ئاگر و ئاسن مامەڵەیان لەتەکدا دەکات. سادەترین مافی مرۆیی و بنەماکانی داد و دادگەرییان بەڕەوا نابینن. بێجگە لەوەی ئەم سیاسەتە دادی دەسەڵاتدارە فاسیشتەکان نادات لە تواندنەوەی گەلی کورد، هەروەک شکستی ئەوان لە مێژوو و لەسەر ئاستی جیهانیشدا سەلماندووە، ئێستا ئەوان ڕۆڵی چەتەیی و ڕێگری و کەڵەگایی لە دزین و بە تاڵان بردنی خێروبێری نیشتمانی گەلی کورد دەگێڕن کە بە یەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەژماردەکرێت لە ڕووی سامانی سرووشتی و مرۆییەوە.....

لە کوردستانی سووریاش، گەلی کوردمان لەپێش هەموشیانەوە"پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا (داوای دەستەبەرکردنی بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی

کوردیـان کـردووە کـە بریتیـن لـە مافـە ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی و ئابووریـیـەکان و پتەوکردنـی برایەتیـی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب کـە بـە سـادەترین مافـە نەتەوەییەکانـی هـەر میللەتێـک دادەنرێـت کەچی کاردانەوەی فەرمیی خواسـتە سـادەکانی گەلەکەمـان بـە هەڵمەتێکـی درندانـەی سـەر پێشـەنگە دڵسـۆزەکەی (پارتـی دیموکراتـی کوردستان-سـووریا) دایـەوە و کەشـێکی ناجـۆری تیـرۆری لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی سـووریا خوڵقانـد و دەسـەڵاتداران، زیاتـر لـە (١٥) تێکۆشـەریان دەسـتگیرکرد و (٣٢) کەسـیانی دادگاییکـرد و تۆمەتـی زۆر دوور لـە ئامانجەکانـی حزبمانـی دایەپاڵیـان کـە گوایـە ئامانجیـان دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کوردییـە لـە سـووریا ..... و چەنـد تۆمەتێکـی تـری بێبنەمـا کـە ئـەو تۆمەتانـە لەبـەردەم دادگای بـاڵای سـەربازیی ئەمنـی دەوڵـەت لـە دیمەشـق پووچەڵکرایـەوە[١٩٨].

پێویسـتە برایانـی عەرەبمـان لـەوە تێبگەن کە کێشـەی گەلان نـە بە تیرۆر و نـە زیندانیکردن و نـە بـە بەندیخانـەکان چارەسـەردەکرێن، خۆیـان بـە پراکتیـک ئـەو ئەزموونەیـان لەگـەڵ داگیرکەرانـی وڵاتـدا هەیـە لـە ڕابـردوودا و کێشـەی کوردیـش بـەم ڕێگەیـە چارەسـەر ناکرێت، بەڵکـو لـە ڕێگـەی لێکتێگەیشـتنی برایانـەی هـەردوولا هەیـە، چونکـە سیاسـەتی تواندنـەوە و لێکـدان، بێجگـە لـەوەی سیاسـەتێکی شکسـتخواردووە بۆ سـڕینەوەی هێماکانی ناسیۆنالیسـتی بـۆ گەلـی کوردمـان و بێجگـە لـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەخۆ خزمەتـی داگیـرکاران دەکات و لـە بەرژەوەندیـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی ئـەم گەلانەشـدا نییـە و ئەسـتەمە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئاشـتی و سـەقامگیری بەخۆیـەوە ببینـێ، ئەگـەر گەلی کورد ئـازادی و سـەربەخۆیی خـۆی وەرنەگرێت. ئەوەی وڵاتانی داگیرکەری کوردسـتانیش بۆ بنەچەی کـورد، بانگەشـەی بۆدەکـەن، تۆمەتگەلێکـن ڕۆژگار ڕەتیانکردووەتـەوە، چونکـە ئێمـە سـەدان ڕۆڵـەی کـورد لـە سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتان دەبینیـن دەدرێنـە دادگا و پڕوپاگەندەکانیان پێشـێلکردنێکی زەقـی ڕاسـتییە مێژوویییەکانـە کـە بوونی کـورد دەسـەڵێنن و وەک هەرگەلێکی تـری ئـەم جیهانـە، لـە کۆنـەوە خـاوەن قـەوارە و دابونەریتـی تایبەتـی خۆیـان بوونە.

سیاسـەتە جیاوازەکانـی لەلایـەن وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتانەوە پەیڕەودەکرێـت و ئامانجیـان تواندنـەوەی نەتـەوەی کـوردە لەنێـو بۆتـەی نەتەوەکانـی وڵاتانـی خۆیـان و تێکەڵکردنیـان بـە گەلانـی ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە، بەخواسـتی

کۆلۆنیالیزمەکان جێبەجێدەکرێت کە بەرژەوەندییە ئابووریپەکانیان وەها دەخوازێت، کوردستان هەر ئاوا بە پارچەکراوی بمێنێتەوە، ئەو سیاسەتانەش لەپێشتر و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەگەڵ ویست و خواستە ڕەواکانی گەلی کورددا یەکناگرنەوە کە دەیەوێت لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیدا بە ئازادی و سەربەستی بژین و یەکپارچەیی خاکی کوردستان بەدییێننەوە و هەموو پارچەکانی نیشتمانەکەی یەکبگرێتەوە و بە خێر و بێری وڵاتەکەی ئاسوودەبێتەوە و گەلی کورد ئەم خواستانەی لە بەرپاکردنی ڕاپەڕینەکان و هەڵگیرساندنی شۆڕشە خوێناوییەکاندا دەربڕیوە و ئامانجی دەرپەڕاندنی داگیرکاران بووە، بەڵام ئەم حکومەتە کۆنەپەرستانە، لەلایەن کۆلۆنیالیزمی جیهانییەوە پشتگیری دەکرێن و زۆر دڕندانە بەرەنگاری ئەو شۆڕشانە بوونەتەوە و یەک لەدوای یەک هەموویانی کپکردووەتەوە ..... .

وێڕای ئەو دۆخە نائاساییەی کوردی تێدا دەژی و کوردستانی نیشتمانیان بەش بەش کردووە و سەرجەم ئەو شۆڕشانەی هەڵیگیرساندوون و سەدان هەزار ڕۆڵە ئازا و بە جەرگەکانی بوونە قوربانی و سەرباری هەماهەنگیی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە خۆسەپێنانە لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی جیهانیدا دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان کردووە کەچی بێئومێدی و شکستهێنان، نەیانتوانی ئەگەر لە درزێکیشەوە بێت، بەنێو گیانی ڕۆڵەی ئەم نەتەوە قارەمانەمان گوزەر بکەن، بگرە بە پێچەوانەوە دریژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان داوە و لە ژێر ئاڵای حزبە کوردستانییەکاندا داوای ئازادی و یەکگرتنەوەی کوردستان دەکەن. زیندانەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریاش گەواهیدەرن بۆ مەزنی ئەو شۆڕشە چەکداریانە کە لە ئێستادا سەدان ڕۆڵەی کورد لە زیندان و بەندیخانەکاندا خزێنراون و سەدانی دیکەیان بێماڵ و بێحاڵ ماونەتەوە و گوێیان نەداوە بەو حوکمە تووندانەی لەلایەن دادگا کارتۆنییەکان دەردەکرێن و هیچ حسێبێکیشیان بۆ ئەو ڕەفتارە نامرۆییانە نەکردووە کە لە زیندانەکاندا پەیڕەو دەکرێن دژی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە مەزنە بە مەبەستی ملکەچکردنیان و کۆژاندنەوەی پڕیشکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد .... .

حزبمان، چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەکەتان بەرزدەنرخێنین بۆ دەرخستنی کلتوری ئەدەبیات و هونەری میللیی نەتەوەکەمان کە بە نواندن، هۆنراوە، گۆرانی و

هەڵپەڕکێ گۆزارشت دەکرێن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گەلی کوردمان، وێڕای سیاسەتی ملهوڕانەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی داگیرکەرانی کوردستان، هەر پابەندی دابونەریتەکانی خۆیەتی و پشتی تێناکات. هەروەها ئەو چالاکییانەی کۆمەڵەکە لەپێناو کورد و کوردستان و دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی کێشە نیشتمانییەکەمان و تێکۆشانی گەلە قارەمانەکەمان و ئەوەی کۆمەڵەکەتان بۆ ئاشکراکردنی ڕەفتارە بەربەری و نامرۆییانەی وڵاتانی داگیرکەری بەشەکانی کوردستان و ئاشناکردنی نێوەندە فراوانەکانی ڕای گشتیی جیهانی لەوەی لە نیشتمانمان دەگوزەرێت، پێزانینمان بۆ ئەو چالاکییانەی کۆمەڵەکە هەیە کە کاردانەوەیەکی زۆر ئەرێنیشی لە دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی گەلماندا هەبووە. جا بۆئەوەی سوودەکە گشتگیرتر و کاریگەرتر بێت، حزبمان وایدەبینێت؛ کۆمەڵەکەتان پەیوەندیی ڕاستەخۆی بە حزبە سیاسییەکانەوە هەبێت و زانیاری و ڕا و بۆچوونەکانیان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکات و ڕۆڵێکی کاراتر بگێڕێت بۆ یەکخستنی هەوڵەکان و هەماهەنگی بکات لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورددا.

حزبمان (پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا) ئامادەیی تەواوی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ هەر کارێک کە ببێتە هۆی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵەکە و سڵاوی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەگەیەنێتە کۆنگرەکەتان و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و ئاواتمان سەرفرازیی گەل و نیشتمانە، دەبا هەموو پێکەوە هوتاف بکێشین بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و هەر بژی کۆنگرەی کۆمەڵەکەتان لەپێناو خزمەتی میللەتی کورددا.

لەبری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا

مۆری حزب

٢٠ی تەموزی ١٩٦١

ئیمزا

بەڵگەنامەی ژمارە (٥)

ئـەو هۆنراوەیـەی شـاعیری عێـراق محەمـەد مەهـدی ئەلجەواهـری لـە کۆنگـرەی هەشـتەمی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا خوێندییـەوە کە لە شـاری مونشـینی ئەڵمانـی لـە سـاڵی ١٩٦٣دا بـەسترا:

کوردستان یا موطن الأبطال

قلبـي لكوردسـتان يـُهـــدى والفـــم ... و لقـد يجـــود بأصغـريـــه المُعـدمُ
و دمـي و إن لم يُبـقِ فـي جسـمي دما ... غرثـى جـراح مـــن دمائـــي تطعـم
تـلكـم هـديـــة مســـتميت مغـــرم ... و أنـــا المضحـــي و الضحيـــة مغـرم
أنـا صـــورةُ الألـم الذبيـحِ أصوغـه ... ألـمـــاً عـن القلـب الجريـح يترجـم
و لـــــربَ آهـــاتِ حيـارى شـُـرّدٍ ... راحـــت على فـــم شـــاعر تنتظـمُ
نوبـــت آلامـــي فكانـــت قطـــرةً ... في كأس مـن بنـوا الحيـاة و رمَمـوا
و وهمـت أنـي فـي الصبابـة منهـم ... و لقـد يُعيـن على اليقيـن تـوهُـم
غاليـتُ فـي حـبِ الشـهيد و راعني ... فيمـا أحـدّث عنـــه فكـر مبهـم
ابـــداً تسـددني خطـاه و ألهـمُ ... و تعـنُّ لـي منـه الطيـوف و أرسم
نفســـي الفـــداءُ لعبقـريَ ثـائرِ ... يهـــب الحيـــاة كـأنـــه لا يفهـم
ســـلم على الجبـــل الأشـــم و أهلـه ... و لأنـت تعرف عن بنيـه مـن هـم
و تقـص كـل مـدب رجـل عنـده ... هـــو بالرجـــولة والشـــهامة مفعـم
و الثـم ثـرى بـدم الشـــهيد مخضبـاً ... عبقـــاً يصـوع كما يضـوع البرعـم
متفتـــــح أبـــد الأبيـــد كـأنـــه ... فيمـــا يخـلد عبقـــري ماهـــم
وأهتـف يجبـــــك جباله وســـهوله ... طربـــاً، وتبسـم ثاكـل، أو أيـم
باسـم"الأمين"المصطفـى مـن أمـة ... بحياتـه عنـد التخاصـم تقسـم
سـترى الكمـــاة المعلميـــن تحلقـوا ... فـــذا تهيبـــه الكمـــي المعلـم
صلـب الملامـح تتقـــي نـظراتـــه ... شـهب النسـور و يدريـها الضيغـم
يـابـن الشـمال و ليـس تبـرح كربـة ... بالبشـــر تـــؤذن عنـدمـا تتـأزم
و تنـاقـض الأشـــياء ســر وجـودها ... و بخيـرهـــا و بشـرهـــا يتحكـــم
صحو السـماء يُربـك قُبـحَ جهامِهـا ... و تُـربـك لطـفَ الصحـو إذ تتهجـم
و كـذا الحيـاةُ فليس يُقـدر شَـهدُها ... عـن خبـرةِ، حتـى يـــذاق العلقـم
ســـلِمْ على الجبـــل الأشـم و عنـده ... من (أبجديَـات) الضحـايـا معجـم
ســـِفْر يضـمُ المجـــدَ، مـن أطـرافـه ... ألقـــاً كمـــا ضـمّ السبائـكَ منجـم

و دع الحـروفَ تبْ قـرارة نفســـها إنْ الأشـفّ مـن الحـروف الأفخـم
يـا مَـوطنَ الأبطـال حيـثُ تناثرتْ قـصصُ الكفـاح حديثـها و الأقـدم
حيث انبـرى مجـدُ لمجـدٍ و التقى جيـلٌ بآخـر زاحـفٍ يتسـلم
و بحيـث تـلتحـم القبـور كـأنَـها سـورٌ يـؤلفـها كتـابٌ محكـم
و بـحيث تـزدحـم العظـامُ فطارفٌ نـهـي رسـالـة تـالـدٍ و يتـمّم
تـروي حديث الهـام فيها هـامةٌ و يَقصُ مابَلَـتِ السـواعـد معصـم
يـابـن الشـمال و لستَ وحـدكَ إنـها السـت الملاييـنِ التـي تُتهضـم
يـا خيـرَ ضـلعٍ لسْـت وحـدك إنَـه جسـدٌ بـكل ضلوعـه يتألـم
عانـى و إيـاكَ الشـدائـد لـن تَلِـنْ منـه قضـاةٌ كـلّ يـوم تُعجَـم
يـا مـوطن الأبطـال و الدنيـا بـه نصـف و إن خيلـت تجـور و تظلم
تعطـي و تأخـذ و المغفـل عنـدها مـن ظـن من عقبى حسـابٍ يسـلم
من بعـد ألـفٍ، من سـلالة ظالـم مـن قبـل ألـفٍ يثـأر المُتظلِّـم
يـا مـوطن الأبطـال بَـثٌ مـؤلـمّ و ألـذُّ أطـراف الحـديث المـؤلم
و لقـد يـلذُك مـن شـكاة أنّ تـرى فيـها الضميـرُ بنفسـه يتـكلـم
أنـا مثلُ دأبـك في كفاحـك محربٌ شـاكي العزيمـةِ أعـزلٌ مُتقحِـم
سـتون راحـت في النفوس تقسِـم تُعطـي عطـاء الأكرميـن و تحـوم
آبـى الهضيمـةَ و اسـتباح هضيمتي فيما اسـتباحـكَ أحمـق مُتَجَـرِّم
الـوى بمـن عندي و عنـدي صفوةٌ هـي من أبيـه و من ذويـه أكـرم
و رمـى بـهم خلـف الحـدود كأنـها بُـرُدٌ إلى الأمطـار عجـلى تـرزم
و اشـاع لحمـي للـذئـاب و لحمَـهم و حمـى لحومـاً بالنتانة تزحـم
و دعـى الجبـاة إلى حكـام حـويشـة لتبـاع ملحفـةٌ و يشـرى مَحـزم
و تفـرج المُتَفَيهِقُـون، فـلا دمٌ يغلـى و لا قلـمٌ يـذود و لا فـم
لـم تنفقـئ خجـلاً عيـون أبصـرت و جـه الكريـم بكـفّ و غـد يُلطـم
و نجـوت منجـى المؤمنـين حُشاشتي و يـدي و سـيف في فمـي يتثلـم
يابـن الشـمال: و مثـلُ ذنبك أن تـرى متأبيـاً فيمـا تسـاس و تحكـم
مـا كـان ذنبـي غيـر أنـي لـم أطـح إذ يغتـلى جـرحٌ تـعفـن بلسـم
حسـب الجريمـة ميتـةً مرذولـةً كفـارةً عمـا أتـاه المجـرم
يـا أيـها الجبـل الأشـمُّ تجلـة و مقالـةَ هـي و التجلـةُ تـوأم
شـعب دعائمـه الجماجـم و الدم تتحطـم الدنيـا و لا يتحطـم

بەڵگەنامەی ژمارە (٦)

وتـاری لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـووریا (باڵـی عـوسمان سـەبری) کـە سـەڵاح بەدرەدیـن، ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی حزبەکـە لـە کۆنگـرەی سـیانزەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا خوێندییـەوە. (لەلایـەن تـۆژەورەوە لـە زمانـی کوردیـی ئەلفوبێـی لاتینـی وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی و لـە ژمـارە حەوتـی مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٦٩ی گۆڤـاری - Çiya- وەرگیـراوە):

" خوشـکان .. برایـان .. ئەندامانـی کۆنگـرەی سـیانزەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا .. میوانانـی بەڕێـز.

خۆشـحاڵین بـە ئامادەبوونمـان بەنـاوی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە سـووریا لـەم کۆنگرەیـە کـە یەکێتیـی خەباتـی قوتابیانـی کـورد لـە تاراوگـە بەرجەسـتە دەکات و نیشـانیدەدات کـە بناغەیەکـی تۆکمـەی گرنگـە بـۆ خەباتـی گەلـی کوردمـان لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـە نەتەوەییەکانمـان بەتایبەتـی لـەم سـەردەمەی ئێسـتای مێـژووی جیهانـدا کـە بووەتـە سـەردەمی ڕزگاربـوون لەژێـر ڕکێفـی کۆلۆنیالیـزم .. سـەردەمی گەلانـی چەوسـاوە .. سـەردەمی نەهێشـتنی هەمـوو شـێوازەکانی چەوسـاندنەوە و سـتەم.

گەلـی کوردمـان لـە سـووریا کـە تاکـو ئێسـتا لەژێـر بـاری قوڕسـی ئـازار و مەینەتیـدا دەژی، ئەمـڕۆ دووچـاری هێرشـێکی دڕندانـەی بەعسـییە نەژادپەرسـتەکان دەبێتـەوە کـە پـڕۆژە کۆنەپەرسـتی و ڕەگەزپەرسـتانەکانی تێـدا جێبەجێدەکرێـت کـە پێـشتر بڕیـاری لەسـەر دراوە و تاکـو ئەمـڕۆ بێبەشـکردنی کـورد لـە ناسـنامە بەردەوامـە و شـۆفێنییەکانی عـەرەب هەوڵـی جێبەجێکردنـی پشـتێنەی عەربـی دەدەن و مامەڵـەی کاربەدەسـتانی سـووریا لەگـەڵ کـوردی ناوچـە کوردنشـینەکان، ڕۆژ بـە ڕۆژ خـراپتر دەبێـت. ئـەو بڕیـارە نایاسـاییانەی دادگای ئەمنـی دەوڵـەت لـە دیمەشـق دەرهـەق ئێمـەی ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە سـووریا دەریکـرد، دوا پڕۆژەیـان بـوو.

حزبمـان، لـە ڕۆژی دامەزراندنییـەوە ئـاڵای تێکۆشـانی بەرزکردووەتـەوە و ئەمـڕۆش بـەردەوام دەبێـت لـە خەبـات لەپێنـاو نەهێشـتنی چەوسـاندنەوە و

ستەم، بە شێوازە باڵاکانی نیشتمانی و بە ستراتیژییەتێکی زانستیی دروست لەگەڵ سەرجەم هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراسییەکانی سووریادا لەپێناو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی گەلی کورد تێدەکۆشێت. خەباتیش دەکات لەپێناو دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ برایەتیی کورد و عەرەب. کێشەی ئێمە بەندە بە کێشەی دیموکراسییەت و سۆشیالیستی لە وڵاتدا، هەر لەو پێناوەشدا حزبمان ڕۆژێک لە ڕۆژان پاشەکشەی نەکردووە لە پرسە نیشتمانییەکان و پاراستنی وڵاتدا. دیرۆکی حزبیشمان، مایەی شانازیی نەتەوەی کوردە، بەتایبەتی لەڕووی پاراستن و پێشکەوتنی وڵات و لە بواری نەهێشتنی ئاسەوارەکانی دوژمنکارییەکەی ئەمدواییە و ئازادکردنی خاکی داگیرکراومان و دەستەبەرکردنی خواست و داواکارییەکانی چینە ڕەنجدەر و بێبەشکراوان و گەشەکردنی ڕەوڕەوەی ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سیستمێکی ڕاستەقینەی سۆشیالیستی لە وڵاتدا. پێویستە ئەوەش بزانین، هەرچەند فەرمانڕەوایانی نەژادپەرست زیان و ئازار بە گەلی کوردمان بگەیەنێت، پێشڕەوانی پێشکەوتووخوازی گەلەکەمان کە مەبەستمان پارتییە، هەرگیز لە ڕێبازی ڕاست و نیشتمانی لانادات.

ئەمەیە دۆخی کوردی سووریا، بەڵام ئێمە هەڵەیەکی دژە ئایدیۆلۆژیایەک لە لایەنی کوردە دۆڕاوەکەدا دەبینین، ئەم لایەنەش بوونەتە دارەدستی دڕندەکانی عەرەب و لەسەر ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی کوردایەتیدا لایانداوە و پشتیان لە خواستەکانی گەلی کورد کردووە و دژی خەباتی حزبمان و لەپێناو جێبەجێکردنی پیلانە گڵاوەکانیاندا، خۆیان بە نرخێکی هەرزان بە دوژمن فرۆشتووە. بەڵام گەلەکەمان کە بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئەو پیلان و سەختییانە بووەتەوە، دەتوانی لەبەرانبەر ئەم لایەنە دۆڕاوەش خۆی ڕابگرێت، بەتایبەتی کە (پارتی) توانیی ڕەگ و ڕیشەی پەیوەندییە نادروست و قێزەونەکانی ئەوانی بۆ گەلی کورد و سەرجەم هێزەکانی سووریا و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئاشکرابکات.

خوشک و برایانی بەڕێز ..

هەرچەندە گەلی کورد سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەوسانەوەیەیە، بە چاوێکی کراوە و پڕ لە هیواشەوە دەڕوانێتە شۆڕشی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق و بە سەرکەوتنە مەزنەکانی خۆشحاڵە. حزبمان کە هەر لە ساتەوەختە بەراییەکاندا پشتگیریی ئەو شۆڕشەی کردووە، ئەمڕۆش ڕایدەگەیەنێت گەلی کوردی سووریا هێشتا لەگەڵ شۆڕش و ئامانجەکانیەتی، لە پێشەنگی هەموویان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەرە پاڵەوانەکەی مستەفا بارزانی. حزبمان دەمێکە ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە ئەو برایەی دژی شۆڕش بوەستێت، خائین و بێدین و دوژمنی گەلی کورد و ئامانجەکانیەتی، چونکە ئەو برا گڵاوانەمان ئەمڕۆ لوولەی تفەنگەکانیان لەگەڵ بەعسییە دڕندەکاندا لە عێراق ئاراستەی منداڵانی کورد و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەن، بەڵام بێجگە لە شکست و ملشۆڕی هیچی دیکەیان بۆنەماوەتەوە. حزبمان بە گەرمی پێشوازی لەو پێشنیازانە دەکەین کە سەرۆک بارزانی بەناوی حزب و سەرکردایەتیی شۆڕش پێشکەشی تەواوی کەسایەتی و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی عێراقی کردووە، لەپێناو چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد. هەروەها ئێمە وایدەبینین؛ پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ و یەکێتیی نیشتمانی و دیموکراسییەت، فراوانکردنی یەکێتیی نێوان هێزە پێشکەوتنخواز و نیشتمانییە کوردییەکان دەخوازێت و پێویستی بە پەرەپێدانی هەنگاوە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانە لە کوردستانێکی ئازاددا، چونکە ئەمە ڕێگە دروستەکەیە لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسییەت.

سەرکەوتنی گەلی کورد لە تەواوی بەشەکانی کوردستان پرسێکی بەڵگەنەویست و حاشاهەڵنەگر و سرووشتییە، بۆیە حزبمان بە تونـدی پشتگیریی پەرەپێدانی خەباتی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانە لە بزووتنەوەی کوردستان لە کوردستانی ئێران و تورکیا دەکات و بەتوندیش ئیدانەی ئەو سیاسەتە وەحشیگەرانە نەژادپەرستییانەی دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاش دەکات کە لەو دوو بەشەی نیشتمانماندا پەیڕەو دەکرێت، هەروەها بە پێویستی دەزانێت ڕوونیبکاتەوە کە خوێنی شەهیدکراوانی تێکۆشەرانی گەلمان و ئیعدامکردنیان بە دەستی فەرمانڕەوا خۆفرۆشەکانی ئێران بەفیڕۆ ناچێت، گەلەکەمان ئەمڕۆ بێت یان سبەی، تۆڵەی ئەو شەهیدە تێکۆشەرانە دەکاتەوە و بە ئامانج و مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەگات کە بنەماکانی مافی مرۆڤ و شەریعەتی بەشەرییەت و مافەکانی گەلان لە ژیانێکی ئازاد و شکۆداردا، دانیپێدانـاوە.

برایانی بەڕێز ...

پێویستە یەکێتیی ڕیزەکانی قوتابیانی کورد بەپێی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بپارێزن و لەپێناو ڕوونکردنەوە و ناساندنی کێشەی کورد بە گەلانی جیهان و هێزە دیموکراتخوازەکان خەباتتان چڕتر بکەنەوە.

بەناوی لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا، دەستخۆشیی کۆنگرەکەتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم.

بژی خەباتی گەلەکەمان لە گشت پارچەکانی کوردستان

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی گەلی قارەمانمان لە کوردستانی عێراق

مردن و سەرشۆڕی و ڕیسوابوون بۆ دوژمنانی ئازادی و ئاشتی

بژی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا"

بەڵگەنامەی ژمارە (٧)

وێنەی پسوولەی داوەتنامەی ئێواران کە بریتی بوو لە شێوازێکی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە. پسوولەکە هی لقی فرانکفۆرتە لە ئەڵمانیا.


EINTRITTSKARTE

Kürdischer Abend

der Vereinigung Kurdischer Studenten in Europa
am 21. August 1965 im Kasino am Funkturm,
Berlin 19, Masurenallee

Kurdische Volkstänze und Lieder · Anschließend Tanz

Eintritt: 1,50 DM
Einlaß: 19.30 Uhr
Beginn: 20.00 Uhr

212 *

دەقی نووسینی قەد پسوولەکە بە کوردی:

کاتی هاتنە ژوورەوە: ئێوارە ئاهەنگێکی کوردیی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ٢١ی ئابی ١٩٦٥ لە گازینۆی بەرلین، ماوزۆرتئالی ١٩ . فۆلکلۆر و گۆرانیی کوردی، پاشان سەماکردن .

نرخی هاتنەژوورەوە: ١,٥ مارک.


کاتی هاتنەژوورەوە: ١٩:٣٠ . دەستپێکردن ٢٠:٠٠

سەرنج:

* ڕێکەوتی ئاهەنگەکە لە چاپە عەرەبییەکەدا: ٢١ی ئابی (١٩٥) و ڕاستەکەی (١٩٦٥)ە – وەرگێڕی کوردی

بەڵگەنامەی ژمارە (٨)

وێنەی داوەتنامەیەکە بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی ساڵانەی لقی کۆمەڵەکە لە شاری مونشین لە ئەڵمانیا. ڕێککەوتی داوەتنامەکە ١١ی ئابی ١٩٦٣ هەروەک لە داوەتنامەکەدا نووسراوە.



Ehrenkarte für 2 Personen

KURDISCHER ABEND

Aus Anlaß des Jahreskongresses unseres Vereins findet der traditionelle kurdische Abend diesmal am 11. Aug. 1963 in München statt. Ein buntes kurdisch-volkstümliches Programm mit anschließendem allgemeinen Tanz wird versuchen, Sie in unsere schöne Heimat, ins „WILDE KURDISTAN" zu führen.
Wir dürfen Sie ebenfalls an diesem Abend gerne erwarten.

Beginn: 20 Uhr
Ort: Hotel, Regina-Palast, München, Maximiliansplatz 5

دەقی داوەتنامەکە بە کوردی:

بەبۆنەی کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەکەمان، ئەمجارە ئێوارەخوانێکی فۆلکلۆریی کوردی لە ١١ی ئابی ١٩٦٣ لە شا ی میونیخ سازدەدرێت.

بەو بۆنەیە، ئاهەنگەکە چەندین بڕگەی فۆلکلۆریی کوردیی هونەرە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرێت و دەمان گەڕێنێتەوە سروشتی کوردستان.

هیوادارین بەشداری لەو بۆنەیەماندا بکەن.

بەڵگەنامەی ژمارە (٩)

دەقی نامەی دکتۆر کامەران بەدرخان بۆ کۆنگرەی یانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کە لە کۆنگرەکەدا نەخوێندرایەوە. هەروەک لە پێشەکییەکەشدا ئاماژەمان پێکردووە، چەندین جار هەوڵماندراوە چاومان بە دکتۆر کەمال فوئاد بکەوێت، بۆئەوەی پرسیاری کۆی چالاکی و ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکەی لێبکەین، هەروەها پرسیاری شاردنەوەی ئەم نامەیەشی لێبکەین کە لە دوو کۆنگرەدا نەخوێندرایەوە، بەڵام نەمانتوانی ببینین، لەبەر دۆخی تەندروستیی دکتۆر کەمال.

بە بڕوای ئێمە هۆکاری شاردنەوەی نامەکەی دکتۆر کامەران بەدرخان، ناوەڕۆکی نامەکەیە کە تێیدا ناڕەزایی و پەرۆشیی خۆی بۆ دووبەرەکییەکانی هەردوو باڵەکەی (پارتی) بوو کە ستایشی سەرکردایەتیکردنی بارزانی دەکات بۆ شۆڕشی کورد و زۆر بە تونديش ڕەخنە لە گروپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد دەگرێت و بە"جاشەکانی تاڵەبانی ....."وەسفیان دەکات و داوایان لێدەکات بگەڕێنەوە بەرەی بارزانی. ئەوکاتیش گروپەکەی مەکتەبی سیاسی کە دکتۆر کەمال فوئاد، یەکێک بوو لە دیارترین ئەندامانی گروپەکە و ئەوکاتیش هەموو جومگەکانی کۆمەڵەکەی کۆنترۆڵ کردبوو. ئەمەش دەقی نامەکەیە کە لە لاپەڕە (٢٦٢)ی کتێبەکەی عارف ڕوشدی عارف، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە:

"بۆ کۆنگرەی یانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کەمال فوئاد

برای ئازیزم:

حەزم دەکرد بێمە بەرلین بۆئەوەی بتانبینم، من هەمیشە ئەو خوێندکارە گەنجانەی خۆمانم لەبیرە، بەڵام دڵم بریندار و بە ئازارە، چونکە من لەم کاتە سەختەدا کە پێویستە ئێوەی دوور لە پێشمەرگە، بەبێ هیچ کۆت و مەرجێک پشتگیریيان بکەن، نەک ببنە قازمەی تێکدان و زەرەرێکی زۆریش بە شەڕی ڕزگاری لە کوردستانی عێراق بگەیەنن.

من نازانم چی بکەم، ئەوەی گومانی تێدا نەبێت، ئەوەیە کە گەندەڵی و

مشـتومڕەکانی نێوانتـان لـە کانگـەی دڵمـی داوە. پێویسـتە لەسـەر هەمووتـان، هەتاکـو شـەڕ لـە کوردسـتان درێـژەی هەبێـت و تاکـو ئۆتۆنۆمـی وەردەگریـن، پاڵپشـتی شـۆڕش بن. کوردسـتان وێـران بـووە و لـە ئەنجامـی خۆپەرسـتی و ڕق و کینـەی نێوانمـان، لاوازبووینـە، بەدرێژایـی مێـژووشمان هـەر ئـەم هۆکارانـەن کـە دەبنـە هـۆی کارەسـاتەکان و هەتاکـو ئەمـڕۆش هـەر بەسـەرماندێن.

ئـەوەی لـەم سـەردەمەدا ڕیزەکانـی کـوردی کۆکردبێتـەوە و یەکیخسـتبن، مسـتەفا بارزانـی و هەڤاڵانیەتـی کـە بـە درێژایـی پێنـج سـاڵی ڕابـردوو، داکۆکییـان لـە شـکۆی کـورد کـردووە، ئەوانـە دەبـێ پاداشـت بدرێنـەوە و ئێـوە بـاش دەزانـن ئـەوەی کار نـەکات هەڵـەش نـاکات. مـن بەڕاشـکاوی پێتاندەڵێـم کە بارزانـی ئیلهامبەخشـی سـەرکەوتنەکانمانە، بێجگـە لـە بارزانـی، ئـەو سـوارچاکە، کێـیتر هەبـوو ئـاوا کـورد یەکبخـات و ڕابەرایەتییـان بـکات بـۆ بەدیهێنانـی ئـاوات و ئامانجـە باڵاکانیـان، مـن سـوێندتان دەدەم ئاخـۆ مـن، یـان تـۆ، یاخـود ئێمـە، یانیـش ئێـوە دەتوانیـن شـوێنی ئـەو پیـاوە بگرینـەوە؟ ئەمـڕۆ کوردسـتان بـە بارزانییـەوە پارێـزراوە، ئـەو ناوێکـی مەزنـە لـە جیهانـدا و پێویسـتە هەموومـان بەشـداری لـە بەرزڕاگرتنیـدا بکەیـن. ئێـوە چـاک دەزانـن کـە خەڵکەکـەی ئێـرە لەبـەر نـاوی بارزانـی پتر ڕێزمـان لێدەنێـن. لـەلای مـن، تـۆزی بـن پێـی بارزانـی، هـەزار جـار بەخشـندەترە لـەو شـوێنەی منـی تێـدا زەلیـل و پۆخـڵ دەبێـت بـە خۆخزاندنـە نێـو ئامێـزی دوژمنـان، ئـەو دوژمنانـەی منـداڵ و ئافرەتانـی ئێمەیـان کوشـتووە و گوندکانیـان سـووتاندووین و ناموسمانیـان ئەتـک کـردووە و نیشـتمانە جوانەکەمانیـان وێـران کـردووە.

هەمیشـە بیـر لـە پێشـمەرگە شـەهیدەکانمان بکەنـەوە، گوێبگـرن لـە هـاواری و ناڵـەی ئـازاری ژنـان و منداڵانـی کوردسـتان. بڕوانـنە ئـەو برینـدارانـەی هێشـتا خوێـن لـە برینەکانیـان دەچـۆڕێ، براینـە، بـا بـەس بێـت گەندەڵیکـردن و بوختـان بۆیـەکتری هەڵبـەستن، لەژێـر ئـاڵای شۆڕشـی کوردسـتاندا یەکبگـرن.

هێشـتا ڕێگەیەکـی درێـژی پـڕ لـە بۆسـە و تەڵەمـان لەپێشـە، هێشـتا ڕۆژمـان نەهاتووە. کاتێـک وەرزی بەهـار دێـت، جیهـان ئاڵـو والا دەکات، بـەڵام لـەلای ئێمـە بەهارێکـی سـوور و خوێناوییـە، بەهارێکـە لەگـەڵ تـۆپ و تانکـدا تێکەڵکـراوە و بـە ناپاڵـم و فڕۆکـە جەنگییـەکان بـارگاوی بـووە.

پێویستە لەسەر ئەوانەی ناچەنگن و ناچنە بەرەکانی شەڕەوە، عەقڵیان بخەنەوە سەریان و بە پێنووس و پەڕاوەکانیان تێبکۆشن و هاوکاریی شۆڕش بکەن.

ڕۆڵەکانم .. براکانم، هەڤاڵانم، بچووک و گەورەکانم: بڕۆنە ڕێبازی تێکۆشان لەگەڵ شۆڕشدا و هاوکاری و پشتوانیی بکەن. ئەو کەڵە پیاوە چەک لەشانانەی چیاکانی کوردستان، چاویان لە دەست و بازووی ئێوەیە. پێویستە (.....) ئومێدبڕاو دەبن و دۆستەکانمان شەرمەزار دەبن و دەبینە گاڵتەجاڕی دوژمنان. چاوی هەموتان ماچ دەکەم.

بژی بارزانی و هەڤاڵانی، بژی پێشمەرگە

بژی قوتابیانی کورد

کامەران بەدرخان ٢٦ی ئابی ١٩٦٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

وێنەی بانهێشتکردنی ئەندامانی کۆمەڵەکە بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی سیانزە، بە کوردیی لاتینی کە لە مانگی ئاب لە بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٦٩دا بەسترا.

KOMELEYA XWENDEVANEN KURD LÎ EWROPA

Xûçk û birayên hêja, endamên komeleya me ên dilsoz!

Civîna salî komeleya me a sêzdan di 11/17.1969 de li bajarê Berlîna Rojava pêk tê.

Komîteya Birêberî Gîştî bangî hemû endamên dilsoz dike ku ji bona hatinê hewl bidin û di serxistina Civîna salî de pardar bin. Nemaze di vê dema dijwarde ku gelê me xwe tê de dibîne, komeleya me ji her rojekê bêtir hewceyê danîna reyek nasber û pêşvebirina xebata komele û gelê me bi dilekî biratî ye.

Xûçk û birayên delal, ji bona agadarî em dixwazin van deqên jêrin ji we re bidin xûyanîkirin:

1) Divê her komîteya liqekî anîna piraniya endamên xwe li ser xwe pêwestiyek welatî bizanibe û ji bona wê yekê gelekî hewl bide.

2) Divê komîteya liqan aboneya her endamekî xwe jê bistîne. Endamên ku aboneya xwe nedin ji mafê dengdanê bêpar dimînin.

3) Bihayê her rojek xewkirin û xwarinê 10,-DM ên Rojava nin.

4) Her endamekî ku were Civîna salî divê perê xwarin û xewkirina xwe bide.

5) Navnîşana ciyê Civînê: Jugendgästehaus
Dr. Schreber
1 Berlin/Marienfelde
Buckower Chaussee 114
Tel: 742 5o 59

Bi pêkhatina Civîna salî û dîtina biraderan em di niha de gelekî dilxweş û şa dibin.

Ji bona alîkariya pêkanîna Civîna salî em dixwazin li vir sipasên xwe pêşkeşî endamên liqê Berlîna Rojava bikin.

Komîteya Birêberî Gîştî
a K X K E

Bîrî: Roja hatinê 11.8.69 (tenê xewkirin),Civîn bi tunekî resmî di 12.8.69 de dest pê dike û di roja 17.8.69 de kutayî tê. Dawî ji bo rojên pêşta û hevdîtin di Civînê de.

3.7.1969
KBG a KXKE

بەڵگەنامەی ژمارە (١١)

وێنەیەکی دیکەی بانگهێشتنامەی ئەندامانی کۆمەڵەکە بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی حەڤدە بە زمانی کوردی کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٥ لە بەرلین بەسترا. بانگهێشتنامەکە ڕێکەوتی ١ی ئابی ١٩٧٥ی لەسەرە.

KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA
(Kurdish Students' Society in Europe)

Ey reqîb her mawe qewmî kurd zuban
naşikênî danerî topî zeman

Bo hemo liqekanî K X K E.
Bo hemo Endamanî Komele !

Her wek pêş maweyek agadar kirawin, kongirey (17) Komele xoşewîstekeman, rojî 27.8.1975 le şarî Berlînî rojawa ebestrêt. Edresî cêga Ü şwênî nostin ü kobonewekan le xwarewe diyar kirawe. Tikaye em xalane cê be cê biken :-

(1) be zotirîn kat naw ü jimarey pasportî ew kesaney ke dên bo kongire, boman binêrin, we yekser daway vîzey (Berlin-Elmanya î rojawa) biken.

(2) êwarey 27.8.1975 kongirey (17)mîn ekrêtewe, boye pêwîste pêş nîweroy 27.8 le Berlin amade bibin.

Ey endamê komela me ya têkoşer.....
bo serkeftina kongira (17)ê ya K X K E.....
bo yek bün ü hevgirtina xwendevanêt Kurd li Ewropa.....
bo pêşvebirina xebata komela me ya xweştevî.....
bo piştgîrîya xebata milletê me li Kurdistanê, ü diyar kirina rewşa xebat ü karê komelê di van rojêt gelek nazikda li dîroka tevgera nîştimanî a milletê Kurd.....
Gazî te dikeyn Birayo, xwendevanê Kurd liEwropa.
Îro, ko pitir li hemî rojan fertire, pêwistire yêketî, werin xwe bikin yek li jêr alayê kongira (17) , li Berlîna rojava roja 27.8.1975 li ser edresa jêrîn :-

يا اعضاء جمعيتنا المناضلـــــــــــــــة
كما تعلمون ، بان المؤتمر السابع عشر لجمعية الطلبة الاكراد في اوربا سينعقد في برلين الغربية وقد تحدد انعقاده خلال المدة من ٨/٢٧ الى ١٩٧٥/٨/٣٠ ، وتعقد الجلسة الافتتاحية بعد ظهر يوم ٨/٢٧ . لذا على كافة الاعضاء مراجعة السفارات الالمانية الغربية فورا طلبا للفيزا لمدينة برلين الغربية لغرض الاشتراك في المؤتمر . تكرر طلبنا بتزويدنا باسماء وارقام الباسورت بواسطة هيئات فروعكم وباسرع وقت . . . . فالى المؤتمر السابع عشر مؤتمر وحدة الطلبة الاكراد والنصر لقضية شعبنا العادلة .

Edresî Kongire:
عنوان المـــــؤتمر
Jugend Hotel Nord
1 BERLIN 65
Hochstr. 3-4
Tel. 46 22 0 76

1 . 8 . 1975
Sikirtarî ya KXKE

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢)

دەقی بەیاننامەی لێژنەی ئامادەکاری تایبەت بەو ئەندامانەی لە کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا کشاونەتەوە و دواتر ناوی (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە تاراوگە- Aksa)یان لەخۆنا.

بەیاننامەی لێژنەی ئامادەکاری

بۆ کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

خوشک و برایانی بەڕێز

ئەندامانی دڵسۆزی کۆمەڵەکە!

هەموو تان دەزانن پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر کاتی ئاسایی بۆ بەستنی کۆنگرەی حەڤدە و پاش ئەوەی لێژنەی کارگێڕیی لەلایەنی زۆرینەی ئەندامان و لقەکانی کۆمەڵە، گوشارێکی زۆری خراوەتە سەر و پاش شکستهێنانی مانۆڕەکانی دواخستن، لایەنی دەستڕۆیشتووی لێژنەی کارگێڕیی پێشوو، داوای بەستنی کۆنگرەی کرد لە ماوەی نێوان (٢٧-٣١)ی ئابی ١٩٧٥ لە بەرلینی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەو لایەنە بانگهێشتنامە دواکەوتووەکەی ڕاگەیاند و وا لە زۆربەی خوێندکاران بکات نەتوانن بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی لە وڵاتانی سۆشیالیستیدا دەخوێنن و ئەو خوێندکارانەی ڕێبازە کۆنەپەرستە گومانلێکراوەکەیان پەیڕەوکردووە کە بە درێژایی سااڵی ڕابردوو، لێژنەی کارگێڕیی کۆمەڵەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، چ لە ڕێگەی دواخستنی بەئەنقەستی ئاگادارکردنەوە بێت، یاخود بەربەستەکانی بەردەم وەرگرتنی ڤیزە و ڕەتکردنەوەی نوێکردنەوەی ئەندامێتیی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارە تێکۆشەرەکانی نێو ڕێزەکانی کۆمەڵەکە بۆ چەند ساڵێک، یاخود هاندانی ژمارەیەکی زۆری ئەو خوێندکارە کوردانەی لایەنگری لایەنێکی دیاریکراوی سیاسی بۆ بایکۆتکردن بەهۆی ناکۆکییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی نێوانیان.

وێڕای ئەو هەموو فرت و فێڵ و ئاژاوە و لەمپەرانەی ئەو لایەنە دیاریکراوە گرتبوویەبەر بۆ دوورخستنەوەی خوێندکارە پێشکەوتنخواز و دڵسۆزەکان، ژمارەیەکی دیاریکراویان لە کاتێکی دیاریکراودا لە بەرلینی ڕۆژئاوادا ئامادەبوون، ئەویش

لەبـەر چەنـد هۆکارێـک، لەوانـە: نەبەسـتنی کۆنگـرە بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە دوو سـاڵ و فەرامۆشـکردنی کاروبـاری لێژنـەی کارگێـڕی لەلایـەن زۆربـەی ئەندامانی لێژنـە کارگێڕییەکە بـە دەسـتی ئەنقەسـت و سـەرهەڵدانی ڕووداوە مەترسـیدارەکان لە کوردسـتان، لـەدوای دوا کۆنگـرەوە کـە گرنگترینیان نەمانی شـۆڕش و تێکشـاندنی ئامێـر و دامەزراوەکانیـان، ئینجاش ڕاگرتنـی چالاکییـەکان و سـڕکردنی کۆمەڵەکـە بـە ئەنقەسـت لـە تاریکتریـن سـەردەمێکدا کـە بەسـەر گەلـی کوردمـان تێپەڕیبێـت، بەتایبەتـی پـاش ئـەو کارەسـاتەی بەسـەر میللەتەکەمانـدا هـات و لێژنـەی کارگێڕیـی کۆمەڵەگـە سـەبارەت بـەو بابەتـە، چرکـەی لێـوە نەهـات و بـە پێچەوانـەی خواسـتی زۆربـەی هـەرە زۆری ئەندامانـی کۆمەڵەکـە، بـە لازمانێکیـش هەڵوێسـتی خـۆی نـە بـە ئەرێنـی و نـە بـە نەرێنیـش ڕانەگەیانـد.

ئـەم تاقمـەی لێژنـەی کارگێڕییەکـە کـە لـە ڕابـردوودا سیاسـەتێکی کۆنەپەرسـتیی گومانلێکـراوی پێچەوانـەی سڕووشـتی کۆمەڵەکـە و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـوردی بەسـەر کۆمەڵەکـەدا سـەپاندبوو، هەوڵیشـیداوە لـە دیـدار و کۆبوونەوەکانـدا، تەنانـەت دوای هەرەسـهێنانی سـەرکردایەتییە خێڵەکـی و بۆرجوازییـە ڕاسـتەڕەوەکەی شۆڕشـی کـورد و پـاش ئاشـکرابوون و شکسـتهێنانی سیاسـەتی خۆخزاندنـە باوەشـی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی و دوورکەوتنـەوە لـە هێـزە شۆڕشـگێڕ و پێشـکەوتنخوازییەکەی ڕۆژهـەڵات و جیهـان کـە ترسـناکترین کارەسـاتی بەسـەر میللەتـی کـورددا هێنـا لـە مێـژووی هاوچـەرخ و بەردەوامبـوون لەسـەر ڕەوتـە کۆنەپەرسـتییە کۆنەکـە و سەرسـەختانە هەمـوو شرۆڤـە و گفتوگۆیەکـی ئـەم تاوانـە نیشـتمانییە مەزنەشـی ڕەتدەکـردەوە.

لەپێنـاو ڕازیکردنی کۆنەپەرسـتانی ئێـران و تورکیا و ئیمپریالیزمـی ئەمەریکیدا، بەهەموو شـێواز و فێڵێـک بەربەسـتی دەخسـتە بـەردەم هەوڵەکانـی زۆرینـە بـۆ ئامادەبـوون لـە بەڕێوەچوونـی دیالۆگێکـی دیموکراسـی و ڕاشـکاوانە و شرۆڤەکردنێکـی زانسـتیی هێمنانـە، بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێک بـۆ زامنکردنـی یەکێتیـی کۆمەڵەکـە کـە بیگەڕێنێتـەوە سـەر ڕێچکەیەکـی دروسـت، تاکـو یەکێتیـی خەباتـی قوتابیانـی تـەواوی بەشـەکانی کوردسـتان لـە بەڕێوەبردنـی کۆنگـرە و کۆمەڵـەدا بەرجەسـتە بـکات و خەباتـی گەلـی کـوردی تێـدا ڕەنگبداتـەوە دژی ئیمپریالیـزم و داگیرکەرانـی کوردسـتان و دژی کۆنەپەرسـتیی ناوخـۆ کـە چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـەی پـێ ڕەنـگ بکرێـت و دەرییـکات لـەو دووڕەپەڕێزییـە و دووری

بخاتەوە لەو سەرکردایەتییە خێڵەکییە بۆرجوازییە ڕاستڕەوە داڕماوە شکستخواردووەی ئەم تاقمەی لێژنە کارگێڕییەکە بە بیانووی بێبنەما گیرۆدەی کردبوو.

هەموو ئەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی زۆرینەی ئامادەبووانی کۆنگرەکە دایان بۆ گێڕانەوەی ئەم تاقمە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و بەدیهێنانی یەکێتیی نێوان ڕیزەکانی کۆمەڵەکە بەفیڕۆ چوون، بۆئەوەی قوتابیانی گشت بەشەکانی کوردستان بەشداری لە سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەدا بکەن و دیالۆگێکی زانستیی بە گیانێکی دیموکراسییانە، لە کەشێکی ئازاددا ئەنجام بدەن.

ئەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی زۆرینەی کۆمەڵەکەش هەر بێسوود بوو کە چەند برایەکی تریشیان لەگەڵدا بوو بۆ هەڵبژاردنی لێژنەیەکی بێلایەن بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆنگرە. هەموو ئەو هەوڵ و ماندووبوونانەی گوزارشتیان لە خواستی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵەکە دەکرد، لەسەر تاشە بەردی سەرسەختیی ئەم تاقمەدا تێکشکێنران کە ئامانجی مانەوەی کۆمەڵەکە بوو لەسەر ئەو ڕەوتە کۆنەپەرستە نەویستراوە بە هەر نرخێک بێت، بهێڵێتەوە، تەنانەت ئەگەر نرخەکەی دوولەتبوون و بەفیڕۆدانی ئەو کۆمەڵەیەی قوتابیانیش بێت کە بە دەستکەوتێکی مەزنی نیشتمانی دادەنرێت بۆ خوێندکاران، بەردەوامبوون لەسەر هەمان ئەو سیاسەتەی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لەدەستدا.

بۆیە زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرە، ئەوانەی لەبەرلینی ڕۆژئاوادان کە ئەندامانی تێکۆشەری پێشکەوتنخوازی دژە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستی جیهانی و نێوخۆیین و بڕوایان بە بەردەوامیی خەباتی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگرییە و دژی شکستخواردوانی سەرکردایەتیی خێڵەکین کە بە فەرمانی شا و ئیمپریالیزم دەجوڵێنەوە. هەروەها دژی سیاسەتی تیرۆر و کوشتن و ئەو تەعریبکردنەی کوردستانن کە لە ئێستادا لە عێراق جێبەجێدەکرێت، دژی سیاسەتی تۆڕانییەکانن کە حکومەتی تورکیا بەسەر گەلی کوردیدا سەپاندووە و دژی سیاسەتی شۆڤێنیی ڕژێمی سووریاشە کە دەرهەق بە کوردی سووریا پەیڕەوی دەکات. ئەم زۆرینەیە کە گوزارشت لە ویستی زۆربەی هەرە زۆری قوتابیانی کورد دەکات لە ئەورووپا، پاش گرێدانی چەند کۆبوونەوەیەک لە ماوەی نێوان (٢٧-٣٠)ی ئابی ١٩٧٥ ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١. ئەو کۆبوونەوەیەی لەلایەن چەند ئەندامێکی کارگێڕی، دوور لە زۆرینەی قوتابیانی کورد بەڕێوەچوو، بە کۆنگرەیەکی ناشەرعی کۆمەڵەکە هەژماردەکرێت.

٢. هەڵبژاردنی لێژنەیەکی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و هەڵبژاردنی پێنج ئەندامی بەشداربووان و لە نوێنەرانی قوتابیانی پێشکەوتنخواز و ڕەوتە سیاسییە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا، هێشتنەوەی دوو کورسیش بۆ نوێنەرانی خوێندکارە نەهاتووەکان لە لایەنگرانی لایەنە سیاسییەکان کە نەیانتوانیوە لەکاتی دیاریکراودا لە بەرلینی ڕۆژئاوا ئامادەبن.

٣. ڕێگەپێدان بەو لێژنەیە، بە زووترین کات پەیوەندی بە لقەکانی کۆمەڵەکە و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان بکات کە لە کۆمەڵەکەدان بۆ ڕێککەوتن لەسەر کات و شوێنێکی دیاریکراو بۆ بەستنی کۆنگرەی حەڤدە.

٤. پێویستە کۆنگرەی حەڤدە لە ماوەیەکدا ببەسترێت کە لە ساڵێک تێپەڕ نەکات و نابێت بەستنی کۆنگرەکە بەهەر هۆکارێک دوابخرێت.

٥. لە ئێستاوە، لێژنەی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی حەڤدە، هەموو دەسەڵاتەکانی لێژنەی کارگێڕیی گشتی پێدەدرێت و پڕۆژەی دەستوورێکی نوێ بۆ کۆمەڵەکە ئامادە بکات، بۆئەوەی ئەندامان و لقەکانی پێ ئاراستە بکەین.

بەو بۆنەیەشەوە لێژنەی ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی حەڤدە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە ئاراستەی تەواوی ئەندامە دڵسۆزەکانی کۆمەڵەکە دەکات و داوایان لێدەکات لەژێر چەتری کۆمەڵەکەدا کۆببنەوە و دیدارەکانیان لەپێناو ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکانی لقەکان چڕبکەنەوە بۆ هەڵبژاردنی لێژنە کارگێڕییە نوێیەکانیان و ئینجا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لێژنە ئامادەکارییەکەوە بکەن، بۆئەوەی دەست لەناو دەست درێژە بە خەباتی هاوبەشمان بدەین دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی جیهانی و دژی هەر جۆرە پەیوەستبوونێک بین لەگەڵ سەرکردایەتیی خێڵەکی و بۆرجوازیی ڕاستڕەوەکە کە کارەستای بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هێناوە، هەروەها دژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی شۆفێنیزمی ڕژێمەکانی داگیرکەرانی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵە ئازیزەکەمان و گەلی کوردی

تێکۆشەر، شانبەشان لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی گەلەکەمان و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکەی قوتابیانی جیهان تێبکۆشین.

بۆ پێشەوە بەرەو بەدیهێنانی مافە دیموکراسی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی گەلەکەمان لە گشت پارچەکانی کوردستان.

لێژنەی ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی قوتابیانی جیهان لە ئەوڕوپا.

بەرلینی ڕۆژئاوا ٣١ی ئابی ١٩٧٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)

ئەم بەڵگەنامەیە لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

دەقی پەیڕەوی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان[١٩٩] کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە کۆبوونەکانی و کۆڕبەندە نێوخۆییەکان پەیڕەوی دەکات:

پەیڕەوی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان

١. پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕیی گشتی، کۆنگرە لێژنەی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان هەڵدەبژێرێت کە پێکدێت لە سێ ئەندام و یەکێکیان دەبێتە سەرۆکی لێژنەکە و مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پشووەدانیدا، یەکێکی تر لەجێگەی خۆی دابنێت.

٢. کۆنگرە، لە یەکەمین دانیشتنیدا،"لێژنەی باوەڕپێکردن"هەڵدەبژێرێت کە لە حەوت ئەندام پێکدێت، ئەرکەکانی ئەمانەی خوارەوە دەبێت:

أ. سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکە و بژاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان.

ب. پاراستنی هێمنی نێو هۆڵەکە لەکاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی کۆنگرە.

٣. هیچ ئەندامێک یاخود بەربژێرێک بۆ دەستەی کارگێڕیی گشتی و ئەندامانی یەدەک بۆیان نییە ببنە ئەندامی لێژنەی پەسندکردن.

٤. پاش گفتوگۆ، یاخود ڕازیبوون بە خشتەی کارەکانی کۆنگرە، پێویستە تەواوی ئەندامان پابەندی بن.

٥. ڕەوتی گفتەگۆ:

أ. پێشنیازەکان:

١. پێشنیازەکان بە پێشینەی کاتی گەیشتنی بۆ لێژنەی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بە نووسراو، گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، مەگەر سەرۆکایەتیی دانیشتنەکە چەند پێشنیازێک لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکەکەی، پێش پێشنیازەکانی دیکە بخات.

٢. گشت بەشداربووانی کۆنگرە، مافی گفتوگۆکردن و پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانیان هەیە، بەڵام مافی دەنگدان تەنیا بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە دەبێت.

٣. پێشنیازەکان لە دانیشتنێکی تایبەت بە بابەتە پێشنیازکراوەکە، گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

٤. دەنگدان بە پێشنیازەکان، بە بەرزکردنەوەی دەست دەبێت، ئەگەریش زۆرینەی ئەندامان داوای دەنگدانی نهێنی بکەن، ئەوا دەنگدانەکە بە نهێنی بەڕێوەدەچێت.

٥. دەنگدان لەسەر پێشنیازەکان بە (نیوە + ١) پەسند دەکرێت و لە حاڵەتی بەرانبەربوونی دەنگەکان، ئەو لایەنەی سەرۆکی لەگەڵدایە بە براوە هەژمار دەکرێت.

٦. لەکاتی پێشنیازکردنی کۆتاییهێنانی گفتوگۆکان، دەستبەجێ پێشنیازەکە دەخرێتە دەنگدان و ئەوانەی لەگەڵ پێشنیازەکەن و ئەوانەی دژی پێشنیازەکەشن دەنگدەدەن.

٧. پاش دەنگدان بە پێشنیازێکی دیاریکراو، نابێت دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە.

ب. هەموارکردنەکان:

١. تەنیا یەک پێشنیاز لەگەڵ هەموارکردنەوەکان و لەیەک کاتدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، بەمەرجێک خاوەن پێشنیازەکە بە هەموارکردنەکە ڕازی بێت. لە حاڵەتی پێشکەشکردنی هەموارێک لەسەر هەموواری یەکەم، سەرەتا هەموواری یەکەم گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، لە حاڵەتێکیشدا خاوەن پێشنیازەکە بە هەموارکردنەکە ڕازی نەبوو، پێشنیازەکە پاش گفتوگۆکردن دەخرێتە دەنگدانەوە.

٢. پێشکەشکردنی هەموارەکان دەبێ بە نووسراو بێت و پێشکەشی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بکرێت.

ج. خاڵە کارگێڕییەکان:

١. خاڵی نیزامی: ڕاکێشانی سەرنجی سەرۆکایەتییە کە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بەپێی پەیڕەوی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بەڕێوەناچێت کە کۆنگرە بڕیاری لەسەریان داوە. ئەو کەسەی داوای خاڵە نیزامییەکەی کردووە، پێشینەی قسەکردن بۆ ئەوە و دەتوانێت هەر قسەکەرێک لە گفتوگۆکردنەکە ڕابگرێت. لەکاتی پرۆسەی دەنگدانیشدا نابێت داوای خاڵی نیزامی بکرێت.

٢. خاڵی دەستووری: سەرنجڕاکێشانی سەرۆکایەتی دەگەیەنێت، دانیشتنەکە بەپێی خشتەی کارەکان بەڕێوەناچێت کە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە، ئەوەی داوای ئەم

خاڵـە دەکات، هەمـان مافـی ئـەو کەسـەی هەیـە کـە داوای خاڵـی نیزامـی دەکات.

٣. خاڵـی ڕوونکردنـەوە: ئـارەزووی داواکاری خاڵەکـە دەگەیەنێـت کـە ڕوونکردنـەوەی زیاتـری پێوەنـددار بـە بابەتەکـە بخاتـەڕوو، قسـەکەریش بـۆی هەیـە ئـەو داواکارییـە ڕەت بکاتـەوە یـان قبووڵـی بـکات.

٦. مافە کاگێڕییەکانی سەرۆکایەتی:

أ. کەس بۆی نییە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی قسە بکات.

ب. سەرۆکی دانیشتنەکە مافی ڕاگرتنی هەر قسەکەرێکی هەیە لە کاتی:

١. تەواوبوونی کاتی دیاریکراو بۆ قسەکردن.

٢. دەرچوونی قسەکەر لەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

٣. بە هەڵسەنگاندنی سەرۆکایەتی ڕاگرتنی قسەکەرەکە لە بەرژەوەندیی کۆنگرەدایە.

ج. سـەرۆکی دانیشـتنەکە مافـی گۆڕینـی پرۆگرامی دانیشـتنەکەی هەیە، بـە لەبەرچاوگرتنی کات و سیسـتەم، ئەویـش ئەگەر کۆنگـرە ڕازی بوون.

د. کاتێـک سـەرۆکی دانیشـتنەکە دەسـت بـە قسـەکردن دەکات، پێویسـتە قسـەکەر بێدەنـگ بێـت.

هـ. گفتوگـۆ لاوەکییـەکان لەکاتـی بەسـتی دانیشـتنەکانی کۆنگـرەدا قەدەغەیـە و بەشـداربووانی کۆنگـرە بۆیـان نییـە هۆڵـی کۆبوونەوەکـە بەجێبهێڵـن، ئەگـەر ڕەزامەندیـی سـەرۆکی لەسـەر نەبێـت.

و. دادوەریـی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبردنـی دانیشـتنەکان لـە هـەر خاڵێکـی نیزامـی یـان دەسـتووریدا، یەکلاکـەرەوە دەبێـت.

ز. کاتێـک بەشـداربوویەکی کۆنگرەکـە پێشـێلکارییەک لـە کۆنگرەکـەدا دەکات، بـۆ ئـەو پەیـڕەوە، سـەرۆکی دانیشـتنەکە بـۆی هەیـە ئـەم هەنگاوانـە بهاوێـت:

١. قەدەغەکردنی قسەکردن تاکۆتایی دانیشتنەکە.


٢. ڕێگریکردن لە بەشداربوون لە دانیشتنەکانی داهاتوودا.

ح. ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لەکاتی پێویستدا مافی ئەوەی هەیە، دانیشتنەکە بکاتە دانیشتنێکی داخراو، واتا تەنیا بۆ ئەندامانی کۆنگرە دەبێت.

ط. زمانی فەرمیی کۆنگرە"کوردی"یە ئەوەی کوردیش نازانێت، دەتوانێت بەو زمانە قسەبکات کە خۆی دەیزانێت.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

وێنەی بەڵگەنامەیەکی هاوکاریکردنی یەکێک لە خوێندکارە کوردەکانە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە کاروباری کۆچبەران لە ١٨ی ئابی ١٩٧٥ نێردراوە و پشتگیری خوێندکارە کوردەکە دەکات کە ئەندامی کۆمەڵەکەیە، بۆ زانیارییان و تکا دەکرێت کە هاوکاریی هەڵگری بەڵگەنامەکە بکرێت، بەڵگەنامەکە مۆری کۆمەڵەکە و ئیمزای سکرتێری لقەکە، زەردەشت حاجۆی پێوەیە.



KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA
Liqî Berlin
VEREINIGUNG DER KURDISCHEN STUDENTEN IN EUROPA
Berliner Zweig

Jimare : 49 ...
(No)

Mêjû : 18.8.1975
(Datum)

BESCHEINIGUNG

Hiermit bescheinigen wir,daß Herr Raoof Rahim ein Kurde aus dem irakischen Teil von Kurdistan ist.Herr Rahim ist Mitglied unserer Vereinigung.

Vereinigung Kurdischer Studenten in Europa
Zweigstelle Berlin (West)

i.A.
Zaradachet Hajo

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

ئەم یاداشتنامەیە لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

وێنەی ئەو یاداشتنامەیەیە کە لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بۆ دکتۆر نورەدین ئەلئەتاسی، سەرۆکی سووریا تایبەت بە دۆخی کوردی سووریا نێردراوە.

دەقی یاداشتنامەکە بە کوردی:

یاداشتنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

بۆ بەڕێز سەرکۆماری عەرەبیی سووریا

دکتۆر نورەدین ئەلئەتاسی

جەنابی سەرۆک:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو سیاسەتەی حکومەتەکەتان لەم ساڵانەی دواییدا دژی کوردی سووریا پەیڕەوی دەکات. ئەم سیاسەتە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە مەترسیدارەی حکومەتی سووریا لە بەرانبەر کێشەی کورددا دەیگێڕێت. لە ساڵی ١٩٦٢ حکومەتی سووریا سەرژمێرییەکی ڕووکەشانەی لە ناوچەی جەزیرەدا کردووە و ئەنجامی سەرژمێرییە سەیرە بێوێنەکە بە نووکە قەڵەمێک ١٢٠ هەزار هاووڵاتیانی دەوڵەتی سووریا کراونەتە بیانی کە لەنێویاندا ئەندامانی ئەنجوومەنی پێشووی یاسادانانی سووریا و فەرمانبەران و ئەفسەرانی خانەنشین و خزمەتگوزار و کەسانی دیکەیان تێدابووە. لەچوارچێوەی ئەو جیاوازییەی کراوە، لەچوارچێوەی یەک خێزاندا، دایک و باوک کراونەتە بیانی و کوڕ و کچیشیان سوورین و بە پێچەوانەشەوە. هیچ خێزانێک لەم سەرژمێرییە ناڕەوایە بەدەر نەبووە لە پەرتەوازەکردنی خێزانەکان و بەشێک لە ئەندامانی ئەو خێزانانە ناچارکراون وڵات بەجێبهێڵن. پاشان پڕۆژەی پشتێنەی عەرەبی پەیڕەو کراوە، ئەو پشتێنەیەی بە پانیی ١٠-١٥کم و درێژیی ٣٥٠کم لەسەر سنووری نێوان سووریا-تورکیا و سووریا-عێراق درێژ دەبێتەوە و بەپێی ئەم پرۆژەیە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە ناچار دەکات، ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و هۆزە عەرەبییە کۆچەرییەکانیان

لەشوێندا نیشتەجێکراوە. هەرچەند هەوڵی جوانکردنی ناوی پرۆژەکە دراوە و ناونراوە پرۆژەی کێڵگەکانی دەوڵەت لە پارێزگای حەسەکە کە ڕووخساری دەرەوەی گۆڕاوە و ناوەڕۆکەکەی هەر ئەو ناوەڕۆکەیە. سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە ناوچەکانی خۆیان و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەی ئەوان بەردەوامە. سەدان جوتیاری ژن و پیاو بوونەتە قوربانیی دەستی پۆلیس و کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان. تاکو ئێستا ڕێگە بە کرێکاران، جوتیاران، مامۆستایان، قوتابیان و ڕۆشنبیران نادرێت بچنە نێو سەندیکا و ڕێکخراوەکان، تەنیا لەبەر کوردبوونیان، نەک هۆکاری دیکە. هەروەها ڕێگە بە جوتیاران نادرێت لەکاتی پێویستدا، خانوو و کەپرەکانیان نۆژەن بکەنەوە، بە مۆڵەتی دەسەڵاتداران نەبێت، زۆرجاریش ئەو مۆڵەتەیان هەر پێنادرێت، ئەگەر یەکێک بوێر بێت و کەپرێک یان تەوێڵەیەک بۆ ئاژەڵەکانی قیت بکاتەوە، زۆر بە تونڈی لەلایەن کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان، ئەشکەنجە دەدرێت و کەپر و تەوێڵەکانی ئاژەڵانیان دەڕوخێنن و ئاژەڵ و ئەندامانی خێزانەکەشی بەبێ ماڵ و حاڵ دەمێنێتەوە.. یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیش، جوتیارانی کورد ناگرێتەوە، نەک هەرئەوەندە، بگرە ناچاریش دەکرێن زەویوزارەکانیان بەجێبهێڵن و دەدرێنە عەرەب. هەرچەندە نیو ملیۆن کورد لە سووریادا دەژین، واتە بە ڕێژەی ١٠٪ی کۆی دانیشتوانی وڵات کەچی تاکو ئێستا نە ڕۆژنامە و نە گۆڤاریک بە زمانی کوردی دەرناچێت و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و تەنانەت نووسینی نامەیەکیش بە کوردی قەدەغەکراوە، هەر کەسێکیش بوێریی ئەوە بکات کە نامەیەک بە زمانی کوردی بنووسێت، ئەوا بەشی زیندان و چەوساندنەوە دەبێت. تەنانەت ئەو ژمارە کەمەی قوتابخانەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا هەن و بە زمانی عەرەبی تێیدا دەخوێندرێن، یەک لە دوای یەک دادەخرێن، بەپێی ئەو پلانەی دەیانەوێت کورد هەر بە نەخوێندەواری بهێڵنەوە. پۆشینی جلوبەرگی کوردی و گوێگرتن لە گۆرانیی کوردیش قەدەغەکراوە و کاسێتە کوردییەکان بە ئاشکرا دەشکێنرێن، هەروەها دامەزراندن و کارکردنی کورد لە فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکانیشدا قەدەغەیە.

میدیاکانی فەرمیی سووریاش بە بەردەوام سیاسەتێکی شۆفێنیی دژە کورد بڵاودەکەنەوە.

جەنابی سەرۆک:

پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە کە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیە و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەسەر باشترین هاوپەیمان و دۆستی گەلی عەرەبدا دەسەپێنرێت کە بە بەردەوام پشتگیریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی عەرەبیی کردووە و لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسیدا قوربانییەکی زۆری لەپێناو ئازادکردنی سووریا داوە و پشتیوانیی هەر پێشکەوتنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی وڵاتی کردووە و شانبەشانی گەلی عەرەبی سووریا، لەپێناو ئایندەیەکی گەش بۆ وڵات خەباتی کردووە، هەمیشە کوردی سووریا لەپشت ڕێکارە پێشکەوتنخوازەکانی حکومەتی سووریا بوونە کە لە بەرژەوەندیی گەلانی سووریادا بووە، بە بەردەوامیش کاریکردووە لەپێناو چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دۆستایەتیی نێوان کورد و عەرەب و هەمیشە لە بەرەی عەرەبدا بوونە دژی کۆنەپەرستی و هەر داگیرکارییەک.

بەپێچەوانەشەوە، حکومەتی سووریا ڕێکارەکانی توندوتیژی و شۆڤێنیزمی نەژادپەرستانەی بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد کردووە لە سووریا، ئەم سیاسەتە بەتەنیا ئاراستەی کوردی سووریا نەکراوە، بگرە ئاراستەی هەموو کوردێک کراوە. ئەوەی لەبیریشمان بێت، بەشداریکردنی سوپای سووریایە لەو شەڕەی هێزە عێراقییەکان بۆ کۆمەڵکوژیی دژی کورد هەڵیانگیرساندبوو لە عێراق ساڵی ١٩٦٣.

جەنابی سەرۆک:

ئەم ڕێکارانە لەلایەن حکومەتێکەوە دەگیرێنەبەر کە سۆشیالیستی و ئازادیی کردووەتە پرۆگرامی خۆی کە حزبی (الفتاة)ی تورکیامان دێنێتەوە بیر کە پەنسیپەکانی شۆڕشی فەڕەنسای لە ئازادی، یەکسانی و برایەتیی لە ساڵی ١٩٠٨دا کردبووە دروشمی حزبەکەی کەچی سیاسەتی تەتریکی دژی هەموو نەتەوەیەکی غەیرە تورکی پەیڕەو دەکرد کە ئەوکات لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەژیان، لەوانەش نەتەوەی عەرەب!. ئەمجۆرە سیاسەتەی حکومەتی سووریا لەسەری دەڕوات، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان. ئەم سیاسەتە دروستکراوەی دژی کورد، مەترسییەکی جیددییە لەسەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب. هەر مرۆڤێکی هۆشیار کە دەڕوانێتە تەرازووی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست، لەگەڵ سیاسەتی لێکتێگەیشتن و ئاشتیدایە لەگەڵ نەتەوەی کورددا و لەگەڵ داننانیشە بە مافە نەتەوەییەکانی و چەسپاندنی برایەتیی نێوان کورد و عەرەب. ئەمڕۆ سووریا لە دۆخێکی مەترسیداردایە و بەشێکی کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاریی ئیسرائیل و دوژمنکاریی کۆلۆنیالیزم مەترسییەکی گەورەترە لەسەر گەلی سووریا و سەروەریی نیشتمانیدا. ئەرکی سەر شانی حکومەتی سووریایە، دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی و نەژادپەرستی بووەستێتەوە کە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تێکناکەنەوە و حکومەتی سووریاش ئیمزای کردووە. هەروەها پێویستە لەپێناو یەکخستنی ڕیزەکانی نیشتمانی و کۆکردنەوەی هێزەکاندا کاربکات بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل.

جەنابی سەرۆک:

ئێمە هیوادارین حکومەتی سووریا هەنگاو بنێت لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کورد لە سووریا، چونکە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە شێوازێکی ئاشتییانەی دادپەروەرانە لە خزمەتی گەلی سووریادایە، ئەو سیاسەتەی حکومەتی سووریا ئەمڕۆ پەیڕەوی دەکات، ئەمڕۆ بێت یان سبەی دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنکاریی نێوان کورد و عەرەب و کارەساتێکی نیشتمانی، چونکە مێژوو بۆمانی سەلماندووە کە سیاسەتی نەژادپەرستی بەردەوام کارەساتی نەک هەر بۆ گەلە چەوساوەکە، بگرە بۆ گەلە چەوسێنەرەکەش هێناوە.

لە کۆتاییدا داوا لە سەرجەم هێزە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان و گەلی سووریا دەکەین بەرەنگاری سیاسەتی نەژادپەرستی لە دژی گەلی کورد ببنەوە و سنووردێکی بۆدابنێن. خاوەن شکۆ تکا لە ئێوەش دەکەین لەوپێناوەدا ڕۆڵی خۆتان بگێڕن.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو

لێژنەی کارگێڕیی گشتیی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

بەرلین لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨

بەڵگنامەی ژمارە (١٦)

ئەم بەیاننامەی لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

وێنەی بەیاننامەی کۆنگرەی خوێندکاران (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە سووریا). ئەم بەیاننامەیە لە کۆتاییەکانی مانگی تەمووزی ساڵی .....؟ (ئەگەری زۆرە تەمووزی ١٩٦٣ بێت - تۆژەر)

دەقی بەیاننامەکە بە کوردی:

بەیاننامە

بۆ قوتابیانی کورد لە سووریا

قوتابیانی هاوخەباتمان!

سڵاوێکی خەباتگێڕانە.

تەنیا ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ڕێکخراوە سیاسی و میلییەکانی دیکە نین کە لەپێناو خزمەتکردنی میللەتەکەی خۆیاندا خەبات بکەن، بگرە ڕێکخراوەکانی قوتابیانیش لە بواری خەباتی نیشتمانیدا، ئەرکی خۆیان بەجێگەیاندووە، سەرجەم گەلانی ئازاد و داگیرکراوانیش ڕێکخراوەکانی خوێندکارانمان بەرچاو دەکەوێت کە لەپێناو ژیانێکی باشتردا، پشتیوانیی ڕێکخراوە سیاسی و میلییە تێکۆشەرەکان دەکەن و شانبەشانیان کاردەکەن بۆ تەواوکردنی خەباتە نیشتمانییەکەیان.

ئێمە هۆکاری سەرەکیی شکستهێنانی شۆڕشەکانی پێشوو دەزانین کە لەنگەری لەسەر ڕێکخراوە سیاسییەکاندا نەگرتووە و خۆڕاگریی شۆڕشی ئێستای کورد کە لە کوردستانی عێراق دژی هێزە داگیرکەر و شۆفێنی و کۆنەپەرستان سەریهەڵداوە، بە پشتبەستن بەو جۆرە ڕێکخراوانە بەردەوامیی هەیە و بەهۆیانەوە شۆڕش دەتوانێت هەموو ئەو هێزە شەڕخوازانەی گەمارۆی داون لەسەر تاشەبەردی سەختی ئەو ڕێکخراوانەدا تێکبشکێنێت.

ئێستا کورد، لە سەرتاسەری کوردستاندا دووچاری ستەم و چەوسانەوەی دەست نەژادپەرستان بووەتەوە و لە سادەترین مافە سروشتییەکانی مرۆڤ بێبەشکراوە.

ئـەوەی ڕووبـەڕووی قوتابیانـی کوردیـش دەبێتـەوە لـە قوتابخانـەکان هـەر لـە دەسـتگیرکردن و ڕاوەدونـان و دەرنەچووانـدنیـان بەدەسـتی ئەنقەسـت و دەرکردنـی بەبـێ هـۆ لـە قوتابخانەکانـەوە بگـرە تـا دەگاتـە ڕەفتـاری خراپـی مامۆسـتایانیان .... هەمـوو ئەمانـە وایکـرد، هەبوونـی کۆمەڵەکەمـان زۆر بـە پێویسـت بزانرێـت بـۆ ئـەم دۆخـەی میللەتـی کـورد بـۆ ئیدانەکردنـی ئـەو سیاسـەتە ڕەگەزپەرسـتییانەی بەسـەر میللەتەکەمـان بـە گشـتی و خوێندکارانمـان بەتایبەتـی سـەپێنراوە و ڕیسـواکردنی لـە بەرانبـەر ڕای گشـتیی و جیهانـی و عەرەبیـدا.

کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد لـە سـووریا کـە گشـت ئـەو توێـژە خوێندکاریـە خـودان بیرۆکـە دیموکراسـییەکان دەگرێتـەوە، هاوشـێوەی ڕێکخـراوە خوێندکارییەکانـی نەتەوەیـی و جیهانـی، ئەگـەر پشـتیوانییەکی دارایـی و مەعنەویـی نەبێـت، ناتوانێـت بـەردەوام بێـت و پـەرە بسـێنێت. بۆیـە هەمـوو خوێندکارێـک بەرپرسـی ڕاسـتەوخۆی پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی ئـەو کۆمەڵەیەیـە و پێویسـتە بۆچـوون و پێشـنیازی خـۆی پێشـکەش بـکات و ببێتـە بەشـدارییەکی کردەنیـی نێـوان بنکـە و لوتکـە.

کۆمەڵەکـە داوا لـە خوێنـدکاران دەکات بەشـداری و هاوکاریـی بکـەن، هـاوکات هـاوکار دەبێـت لـە بەردەوامبـوون لـە خەبـات و داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی خوێنـدکاران و بەدیهێنانـی ئامانجـە نەتەوەییەکانـی میللەتـی کـوردی شـکۆمەندمان.

بڕی خەباتی گەلی کورد لەپێناو دۆزە ڕەواکەی


بڕی برایەتیی کورد و عەرەب

بڕی کۆمەڵەکەمان، پێشەنگی قوتابیانی کورد لە سووریا

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧)

ڕووی یەکەم و دووەمی بانگهێشتنامەیەکی یادی جەژنی نەتەوەیی کورد، نەورۆز. هی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا.





دەقی بانگهێشتنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی کورد بانگهێشتتان دەکات، لەم ئێوارە ئاهەنگەدا، ناوەڕۆکی ئاهەنگەکە بریتی دەبێت لە نمایشی گۆرانی و هەڵپەرکێی فۆلکلۆری.

٥ی نیسانی ١٩٧٥

ناونیشان: العنوان:Alte Mensa TU Berli. 1 Berlin 12. Hardenberg Str. 12

هاتنەژوورەوە: ١٩:٠٠

دەستپێکی پرۆگرامەکە: ١٩:٣٠

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨)

دەقی ڕاپۆرتی سیاسی کە کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا پەسندی کردووە

بەرلینی ڕۆژئاوا ٢٧-٣١ی ئابی ١٩٧٥

پاش نسکۆی شۆڕشە چەکدارییەکەی کوردستانی عێراق، گەلی کورد بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و هەڕەشە لە قەوارەکەی دەکات، دوای ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە لەسەر لەناوبردن و تێکشکاندن و تواندنەوەی نەتەوەی کورد ڕێککەوتن. ڕەنگە قۆناغی ئێستامان سەختترین ئەو قۆناغانە بێت کە کورد لە مێژووی خەباتی دوورودرێژی خۆیدا پێیدا تێپەڕیبێت. ئەم قۆناغە وا لە ئێمەی خوێندکار و ڕۆشنبیران دەخوازێت باڵیۆزی نەتەوەی خۆمانین لە دەرەوەی وڵات، لە ئاست ڕووداوەکاندا بین و بەوپەڕی هێمنی و ئارامییەوە هەوڵبدەین سوود لە هەڵەکانی پێشوومان وەربگرین و ڕەوشە هەنووکەییەکە بە شێوازێکی زانستی و بابەتییانە بە جۆرێک شیبکەینەوە کە بتوانێت سەرلەنوێ ڕەوڕەوەی خەباتی ڕزگاریخوازیمان بەرەو پێش ئاراستە بکەین کە بەردەوامبوونی زامن بکات، بەتایبەتی لە بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییە ڕەواکانمان. دوژمنانی کورد، لە شۆفێنی و فاشیستەکان کە ڕەنگە لە هەموو شتێکدا ناکۆک بن، بەڵام لە لەناوبردنی کورد بە گشت چینە کۆمەڵایەتی و ڕەوتە سیاسییەکانی کۆکن، باشترین نموونەش بۆ ئەمە نوێکردنەوەی پەیماننامەی سەعد ئابادە کە بە ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری نێوان شای بەکرێگیراو و تاقمە زۆرداڕە تکریتییەکەی بەغدا ناسراوە، لە بەرانبەر ئەم هەموو پیلان و هەوڵانەی لەناوبردنی گەلی کورد وا پێویست دەکات تەواوی هێزە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا ڕیزەکانی خۆیان یەکبخەن و دەست لەناو دەست تێبکۆشن بۆ شکستپێهێنانی ئەم پیلان و پلانە شەڕانگێزییانە.

خوشکان .. برایان:

حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق کە هەرگیز خواستی گەلانی عێراقی نەهێناوەتەدی، هەوڵیداوە بە بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی فێڵ و فریودان، شۆڕشی کورد لەناوببەن و یەکێتیی بزووتنەوەی کورد پەرتەوازە بکەن و کڕینی خۆفرۆشان و دامەزراندنی حزبی کارتۆنیی لاواز، بۆئەوەی وەکو جاش و دەستکەلایەک بەکاریان

بهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، هەموو ئەمانە بەلایەک و دەستپێکردنی هەڵمەتێکی فراوانی سەربازی بەلایەک کە هەزاران کەس بوونەتە قوربانی و سەدان گوندی ئارامیان وێرانکردووە. چارەنووسی هەموو ئەو حکومەتانەش لە بەرانبەر ئیرادەی میللەتی کورددا شکستیان هێناوە و کورد سەلماندوویەتی هەمیشە ئامادەیە بەهاترین شتەکانی خۆی لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیدا بەخت بکات. لە ساڵی ١٩٦٨ کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، هەمان سیاسەت و شێوازی حکومەتەکانی پێشوویان پەیڕەوکرد، بگرە دڕندانەتریش بوون لەوانی پێشوو بۆ کپکردنەوەی شۆڕشی کورد، ئەم حکومەتە سڵی نەکردەوە لە بەکارهێنانی نوێترین شێوازەکانی لەناوبردن و وێرانکردن و ئیعدامکردنی بەکۆمەڵ، نەک هەر لە ئاست کورددا، بەڵکو لە بەرانبەر هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکەشدا کە لەسەر ڕێبازی ئەودا نەبوون. کاتێک حکومەتی عێراق درکی بەوە کرد کە هەموو ئەو شێوازە بەکارهاتووانە نایگەیەنێتە ئامانجی سەرکەوتن، دەستی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ کرد بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەنێوخۆدا، ئەوەبوو ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار ساڵی ١٩٧٠ ئیمزاکرد کە خواستی حزبی بەعسی نەدەنواند بۆ وەڵامدانەوەی خواستە ڕەواکانی شۆڕشی کورد، بەڵکو بۆ کات بەفیڕۆدان و لەناوبردنی هێزە نیشتمانییەکانی دیکە و خۆئامادەکردن بوو بۆ هەڵمەتێکی سەربازیی نوێ کە ڕووداوەکانی (١٩٧٤-١٩٧٥) سەلماندیان فراوانترین و دڕندانەترین هێرشی سەربازی بوو کە گەلی کورد بەخۆوەی بینیبێت، بەم شێوازە بەربەرییە نوێیەش هەر بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و بەعسییەکان هەستیان دەکرد، مانەوەیان لە بەرانبەر ئیرادەی بزووتنەوەی کورددا لەژێر هەڕەشەدایە، بۆیە لە شێوازێکی دیکەی نوێدا دەگەڕان کە مانەوەیان لەسەر حوکم و لەناوبردنی شۆڕشی کورد بۆ زامن بکات، ئەگەر لەسەر حسێبی ئامانجەکانی و خاکی نیشتمانیش بێت.

بەردەوامبوونی شۆڕش بەو هێزە مەزن و جەماوەرییە ڕەهایە، بە تەنیا مەترسی نەبوو بۆ سەر دەسەڵاتدارانی بەغدا، بەڵکو سەرچاوەیەکی مەترسی بوو بۆ ئەو دەوڵەتانەش کە میللەتی کوردی بەشکراویان دەچەوساندەوە و لە شۆڕشەکەیان دەترسان، جا بۆ ڕێگریکردن لەو لێشاوەی شۆڕش و هۆشیارییە نەتەوەییەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا گەشەی کردبوو، ڕێککەوتنامە شوومەکەی جەزائیری نێوان شای ئێران کە جەللادی گەلی ئێرانە و تاقمە تاوانبارە خۆسەپێنەکەی سەر

گەلانـی عێـراق ئیمزاکـرا. هەروەهـا چەندیـن لایەنی تریش پێشـوازییان لـە ڕێککەوتننامەکە کـرد و پشـتگیریی خۆیانیـان بـۆ دووپاتکـردەوە، چونکـە لـەو بڕوایەدابـوون، جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامەکـە، ئامانجـە هاوبەشـەکانی ئەوانیـش دێتـەدی، لەپـاڵ سیاسـەتی نێودەوڵەتی لـە ناوچەکـەدا، شۆڕشـی کوردیـش هەڵـەی گـەورەی تێداکـرا و بـووە هۆکارێکـی دیکـەی ئـەو کارەسـاتەی ئەمدواییـەی بەسـەر گەلـی کـورددا هـات. کـە ڕەنگـە گەورەتریـن هەڵـەی شـۆڕش ئەوەبووبێـت؛ دەبوایـە پشـت بـە حکومەتێـک ببەسـتێت کـە تەنیـا لـەڕووی تەکنیکییـەوە پشـتگیریی بـکات، نـەک پشتبەسـتنێکی ڕەهـا و هۆکارەکانـی ئـەم نسـکۆیە پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتیی بابەتییانـەی فـراوان هەیـە بـۆ گەیـشتن بـە ڕاسـتییەکان، بۆئـەوەی نەوەکانـی داهاتـوو وانـە و پەنـدی لێوەرگـرن.

دەتوانیـن هەڵـە سـەرەکییەکانی شۆڕشـی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق لـەم خاڵانـەدا کورتبکەینـەوە:

١. بڕوانەهێنانـی لایەنێکـی زۆر و تەنانـەت سـەرکردایەتییەکانی شۆڕشـیش بـە پەیوەسـت بوونـی چارەنووسسـازانەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد بـە تـەواوی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییەکانـی جیهـان.

٢. ململانێـی بەرژەوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە ناوچەکـە و ئاڵۆزییەکانـی پرسـی کـورد بـووە هـۆی گۆشـەگیرکردنی شۆڕشـی کـورد لـە هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی دونیـادا.

٣. لاوازیی ڕێکخستنی سیاسی لە شۆڕشی کورددا.

٤. نەبوونـی هەماهەنگیـی پێویسـت لەنێـوان ڕێکخراوەکانـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان لـە تـەواوی پارچەکانـی کوردسـتان.

٥. گۆڕانـی شـێوازی سـەربازییانەی شۆڕشـی کـورد لـە شـەڕی پارتیزانییـەوە بـۆ شـەڕی بەرەیـی کـە توانایەکـی بێشـوماری پێویسـتە.

کـۆی ئـەم هەمـوو هۆکارانـە، بووەهـۆی پشتبەسـتنی تەواوەتـی بـە ئێـران کـە خـۆی لـە بنەڕەتـدا پێگەیەکـی ئیمپریالیزمیـی جیهانییـە و دوژمنـی هەمـوو جـۆرە بزووتنەوەیەکـی ڕزگاریخوازییـە لـە جیهانـدا. بەمـەش هێـزی دوژمنکارانـی گەلی کـورد، پیلانگێڕییـان لە دژی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکـەی سـەرکەوت و گەمـەی پێدەکـردن، دواجاریـش لەناویـان بـردن.

پاش ئەم کارەساتە مەزنە، گەلی کوردمان لە کوردستانی عێراقدا بە دۆخێکدا تێدەپەڕێت کە هەڕەشە لە قەوارە و مانەوەیدا دەکرێت. هەواڵەکانی ئەمدواییەش باس لە پرۆسەیەکی فراوانی تەعریبکردن و ڕاگواستنی هەزاران خێزانی کورد دەکەن بۆ باشووری عێراق و دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا دەگیرێت و بەسەر عەرەبەکاندا دابەش دەکرێت کە لە باشووردا دەهێنرێن و پاراستنیان بۆ دابین دەکرێت، بە هەمان شێوەی کۆلۆنییەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین، پاش زەوتکردنیان لە خاوەنە ڕەسەنەکانیان. لەپاڵ ئەمانەشدا پرۆسەی ئیعدامکردنی بەکۆمەڵ و ئەشکەنجەدانی دڕندانە و سیاسەتی باڵادەستیی نەتەوەیی دەگیرێتەبەر و هەموو ئەو دەنگانەی دژی ئەم سیاسەتە تاوانکارییە بەرزدەبنەوە کپدەکرێنەوە. لەکاتێکدا گەلی کوردمان لە کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی ئەم هەڵمەتە نەژادپەرستییە بوونەتەوە کە ئامانجیان تواندنەوەی نەتەوەی کوردە، ئەو ڕژێمانەی کوردستانیشیان بەسەردا دابەشکراوە، هەمان سیاسەتی تاوانکاری بۆ تواندنەوەی میللەتی کورد و قڕکردنیان دەدەن.

لە ئێراندا، کورد دووچاری سیاسەتێکی چڕی تواندنەوەی نەتەوەیی بووە و نکۆڵی لە هەموو مافە نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرێت. لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەشدا، گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران، بەرگری لە قەوارەی خۆی دەکات و هەمیشە داوای مافە زەوتکراوەکانی دەکات. لە بەرانبەر ئەمەشدا حوکمی شای ئێرانی بەربەری هیچ سڵناکاتەوە لە بەکارهێنانی تووندترین شێوازی کپکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و کوردی ئێران ڕووبەڕووی قێزەوەنترین شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، ئەمە بێجگە لە زنجیرەیەک هەڵمەتی ئیعدامکردنی تێکۆشەرانی کورد.

شای ئێران، بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی ئەمەریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڕاستی ڕۆڵی پۆلیسی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا دەگێڕێت بۆ لەناوبردنی هەر هێزێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن. لە ئێستادا پێویستە سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە، ڕیزەکانی خۆیان ڕێکبخەنەوە و بۆ شکستپێهێنانی پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزم تێبکۆشن.

گەلی کوردمان لە کوردستانی تورکیاشدا، هێشتا لە سایەی ڕژێمێکی وەحشیگەری و بەربەرییانەی دژە کورد دەژێت، حکومەتەکانی تورکیا بەردەوامن لە هەوڵەکانیان

بـۆ دابڕینـی کـوردی تورکیـا لـە براکانیـان لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان، ئەویـش بـە دامەزراندنـی ئـەوەی پێیدەڵێـن پشـتێنەی تورکـی کـە هاوشـێوەی پشـتێنەی عەرەبییـە کـە دژی کـوردی سـووریا پەیـڕەو دەکرێـت.

چەنـد جارێـک گەلـی کوردمـان لـە کوردسـتانی تورکیـا سـەلماندوویانە؛ ویسـتیان لـە ژیانێکـی ئـازاد و شـەرەفمەندانەیە لـە سـایەی دەوڵەتێکـی دیموکراسـیدا کـە مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی زامـن بـکات. ئێسـتا لـە تورکیـا هێـزی سیاسـیی ئەوتـۆ پەیدابـووە، کار لەسـەر خوڵقاندنـی کەشـێکی لێکنزیکبوونـەوەی نێـوان ئـەو گەلـە جیاوازانـەی لـە تورکیـادا دەژیـن و هەوڵـی ڕووخاندنـی ڕژێمـە کۆنەپەرسـت و خۆفرۆشـەی تورکیـا دەدەن تاکـو تورکیـا ئـازاد بکـەن لەژێـر هەژموونـی ئەمەریـکا و بیکشـێننەوە لـە هەمـوو هاوپەیمانێتییە ئیمپریالیزمییـە کۆنەپەرسـتییەکاندا.

جەمـاوەری گەلـی کوردمـان لـە کوردسـتانی تورکیـا بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ئـەم هێـزە سیاسـییانەدا هەوڵـی گێڕانـەوەی مـاف و کەرامـەت و ڕزگارکردنـی گەلانـی تورکیـا دەدات لـە تاقمـە تۆڕانییـە نەژادپەرسـتەکە. هـەروەک لـە عێـراق و ئێـران و سـووریا، هـەزاران تێکۆشـەر لـە زیندانـە تۆقێنەرەکانـدا ئەشـکەنجە دەدرێـن و تـەواوی گەلـی کـورد سیاسـەتی ڕاوەدونـان و ئەشـکەنجەدانەوە دەنالێنێـت. ڕاگەیاندنـی بـاری نائاسـایی لـە تورکیـا و باڵادەسـتبوونی سـەربازەکانیش لـە حوکمـی وڵاتـدا، ئامرازێکـە لـە ئامرازەکانـی چەوسـاندنەوە.

لـە سـووریاش، گەلـی کوردمـان دووچـاری هەمـان شـێوازەکانی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و چینایەتـی دەبێتـەوە کـە براکانیـان لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتاندا گیـرۆدەی بوونـە و بوونیشـیان هەڕەشـەی لەسـەرە و بـە جێبەجێکردنـی پشـتێنەی عەرەبـی، هەوڵـی تواندنـەوەی نەتەوەییـان دەدرێـت و زیاتـر لـە (١٠٠) هـەزار کـورد لـە ڕەگەزنامـەی سـووری بێبەشـکراون و سـادەترین مافەکانـی هاووڵاتیبوونیـان پـێ ڕەوا نابینـن و مافـی مووڵکدارێتـی و خوێندنیشـیان لێزەوتکـراوە. ڕژێمـی بەعسـی سـووریا، هـەوڵ دەدات هەمـان ڕۆڵـی شـای ئێـران بگێڕێـت و وەهـا خـۆی نمایـش بـکات کـە گوایـە بەرەنـگاری ئـەو سیاسـەتە شـۆفێنییە دەبێتـەوە کـە لـە کوردسـتانی عێراقـدا پەیـڕەو دەکرێـت و هاوسـۆزی کێشـەکەیانە، جـا ئەگـەر بەعسـییەکانی سـووریا ڕاسـت دەکـەن، بـا

جارێ مافی هاوواڵتیانی کوردی سووریا دەستەبەر بکات و واز لە سیاسەتی تیرۆر و دەستگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی کوردان بێنێت.

خوشکان .. برایان:

ئەو ڕاستییانەی خرانەڕوو، لە ئێوە شاراوە نییە، بەڵام بە باسکردنەوەیان ڕەنگە تێڕوانینێکی دوورتر و واقیعبینانەتر بە ئێمەی خوێنکارانی کورد لە تاراوگە ببەخشێت بۆ شیکردنەوەی ئەو دۆخە تاڵەی کە گەلی کوردمان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا تێیدا دەژین و پێویستە لەسەر ئێمەی باڵیۆزانی گەلەکەمان، هەوڵ بدەین پەیوەندی بە زۆرترین هێز و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازی ئازادیخوازەوە بکەین و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا پتەوتر بکەین و ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخواز بۆ ڕاستکردنەوەی کۆمەڵە تێکۆشەرەکەمان پەیڕەو بکەین، تاکو ڕۆڵی شەرەفمەندانەی خۆی لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجەکانی دۆزە ڕەواکەمان بگێڕێت. هەروەها پێویستە کۆمەڵەکەمان بە یەکێک لەو هێزانە دابنێین کە دوژمنانمان لێیدەترسێت و هەوڵی پەرتەوازەبوونی دەدات، بۆ لەناوبردنی دوا دەنگی داکۆکیکار لە ئازادیی گەلەکەمان و هەڵماڵینی پەردە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتە نەژادپەرستییە کۆنەپەرستانەکەیان کە بەسەر گەلی کوردی تەواوی پارچەکانی کوردستانیاندا سەپاندووە.

قۆناغی هەنووکەیی، وامان لێدەخوازێت تێکڕا دەست لەناو دەست پارێزگاری لە یەکێتیی کۆمەڵەکەمان بکەین و کەشێکی لەباری بۆ بڕەخسێنین، تاکو بەجوانترین شێوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، پێویستە ئەوەش بزانین کە تاکە سوودمەند لە بێبەشکردن و لاوازبوونی کۆمەڵەکەمان، تەنیا دوژمنەکانی هیچ جیاوازییەک لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا ناکات. با کۆنگرەی حەڤدەمان، ببێتە خاڵی دەستپێکی بەردەوامیمان لەسەر کاروانی خەبات و پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخواز و پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەورووپا و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی لە جیهان.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩)

ئەم نامەیە لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

دەقی وەڵامی ئەو پیرۆزباییەنامەیەی ڕابەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی بۆ کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپای ناردووە کە بەناوی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەکە نێردراوە.

نامەکە لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد) وەرگیراوە کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داینناوە.

دەقی نامەکە بە کوردی:

نامەی کەمال فوئاد، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بۆ بارزانی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

ژمارە/ ب ١١

ڕێکەوتی ١١ی ئابی ١٩٥٩

بۆ بەڕێز ڕابەر و تێکۆشەری بوێری کورد مستەفا بارزانی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بەوپەڕی خۆشحاڵی و شانازییەوە لە ڕێگەی بەشداربووانی کۆنگرەکە، نامە بەنرخەکەتمان پێگەیشت کە بۆ کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەکەمانتان ناردبوو، نامەکەتان هەموومانی دڵخۆش کرد و لەپاش خوێندنەوەی بە چەپڵەڕێزانێکی توند و بەردەوام لەلایەن هەموانەوە پێشوازیی لێکرا.

کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دا ئەم نامەیە بە ناوی هەموانەوە ئاراستەی جەنابتان بکات و ئێمە لە کاتێکدا زۆر سوپاستان دەکەین، باوەڕی پتەومان بەوەیە کە ڕابەری دڵسۆزی کورد بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێبازی خزمەتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەپێناو ئامانج و مافەکانی گەلی کورد و کوردستان و پاراستنی کۆماری عێراقی خۆشەویستمان، کۆماری دیموکراتی عەرەب و کورد و بەبێ ماندووبوون هەمیشە بەردەوام دەبن لە خەباتی شکۆدارتان، هەروەها بێوچان هەوڵ

دەدەیت لەپێناو یەکخستنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە هەموو پارچەکانی کوردستانی ئازیزی بەشکراو، ئەمەش هیوای هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەڕێزە.

هەربژین بە خێر و خۆشی لەسەر ڕێبازی بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو لە سایەی دیموکراسی و ئاشتیدا. بژی کۆماری عێراقی دیموکراسی، کۆماری ئازیزی عەرەب و کورد.

فوئاد کەمال

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠)

ئەم نامەیە لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

دەقی نامەکەی تەحسین محەمەد ئەمین، سکرتێری لقی ئینگلتەرای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کە تێیدا پیرۆزبایی لە بارزانی و هەڤاڵانی دەکات بە بۆنەی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان. نامەکە لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) وەرگیراوە کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داینـاوە.

نامەی پیرۆزبایی لە تەحسین محەمەد ئەمین جوانڕۆیی بۆ بارزانی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا - لقی ئینگلتەرا

ڕابەر و سەرکردەی کورد جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی

بەناوی سەرجەم ئەندامانی لقی ئینگلتەراوە سڵاوتان پێشکەش دەکەم

لە ڕابـردوودا خـۆت و هەڤاڵە قارەمانەکانی بارزان، خەباتێکی مەزن و خزمەتێکی گەورەتـان نـەک هـەر بـە میللەتـی کـورد، بەڵکـو بـە سـەرجەم بزووتنەوەکانـی دژە داگیرکـەر گەیانـدووە و لەپێنـاو ئازادیـی تـەواوی گەلانـی چەوسـاوە لەلایـەن بیانییـەوە و لەگـەڵ برایانـی عەرەبـدا بوونـە لەپێنـاو نەهێشـتنی حوکمـی بەکرێگیراوانـی داگیرکـەر، وەک نـووری سـەعیدی خائیـن و هاوکارانـی دەوروبـەری.

لەپـاش ١٤ی تەمـووز لەپێنـاو سـەربڵندیی گشـت لایـەک گەڕایتـەوە و هەمـوو برایانـی بارزانیـشمان گەڕانـەوە وڵات، بـەو بۆنەیـەوە برایانـی قوتابیانـی کـورد لـە کانگـەی دڵـەوە بەخێرهاتنـەوەت دەکـەن، هیوادارێـن دۆسـتایەتی و برایەتیـی عـەرەب و کـورد بەسـایەی ئێـوە و هەڤاڵانـی قارەمانتـان لـە ئایندەدا خۆشتربێـت و عێراقـی دیموکراسـی لەژێـر فەرماندەیـی لیـوای ڕۆکـن عەبدولکەریـم قاسـم ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەرەو کامەرانـی و سـەرکەوتن بچێـت.


تەحسین محەمەد ئەمین

سکرتێری لقی ئینگلتەرا

لەندەن ٢٤ی نیسانی ١٩٥٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١)

بەڵگەنامەیەکی نێوخۆیی، ژمارە (٥٣) لە ٢٥ی ئاداری ١٩٧٤ ئاراستەی سەرجەم لقەکانی کۆمەڵەکە کراوە. (لە ئەرشیفی هۆشەنگ عوسمان سەبری)



KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA
(Kurdish Students' Society in Europe)

مكتب السكرتارية
العدد / ٥٣
التاريخ / ٢٥/٣/١٩٧٤

الـــى /
كافة فروع جمعيتنا المناضلة ....

تحية نضالية ..

١ ــ يمر شعبنا الكردى وثورته المظفرة في ظروف دقيقة حرجة حيث تخطط سلطة البعث الفاشية لفرض حرب ابادية ضد شعبنا الكردى بهدف القضاء على كافة مكتسباته وعلى امالـه في العيش بحرية وسلام في ظل تحقيق حقوقه القومية المشروعة وان جمعيتنا التي تعتبر فصيلة من فضائل الثورة انما تؤكد بانها تقف بحزم ضد محاولات السلطة العراقية وتستنكرها وفي الوقت نفسه فان الجمعية بهيئتها الادارية العامة وكافة فروعها واعضائها تبدى دعمها وتأييدها المطلق لثورتنا التحررية وقيادتها الحكيمة برئاسة المناضل الجنرال مصطفى بارزاني رئيس الحزب الديمقراطي الكردستاني .

٢ ــ لقد قرر مكتب السكرتارية نظرا للصلاحيات المخولة له تجميد لجنة فرع المجر وذلك لقيامها بخرق نظام ودستور جمعيتنا واصرارها في معاداة ثورة شعبنا التحررية في كردستان العراق ولمواقفها المؤيدة لسلطة البعث الحاكمة والتي تشن هذه الايام حربا تهدد وجود شعبنا الكردى وذلك بارسالها برقية تأييد لمشروع الحكم الذاتي البعثي الممسوخ واصدارها بيانات معادية للثورة .

هذا والـى الامام ....

مكتب السكرتارية

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

مەکتەبی سکرتارییەت

ژمارە/٥٣

ڕێککەوت/ ٢٥ی ئاداری ١٩٧٤

بۆ/ سەرجەم لقەکانی کۆمەڵە تێکۆشەرەکەمان

سڵاوێکی خەباتگێڕانە

١. گەلی کوردمان و شۆڕشە مەزنەکەی بە دۆخێکی هەستیار و ناخۆشدا تێدەپەڕێت و دەسەڵاتدارانی بەعسی فاشیست، بۆ لەناوبردنی هەموو دەستکەوتەکان و ئاواتی ژیانێکی ئاشتییانە و ئازاد لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی، پلان بۆ شەڕی قڕکردنی گەلی کورد دادەڕێژێت، کۆمەڵەکەشمان کە پەلێکە لە پەلەکانی شۆڕش، بە تونـدی دژی هـەر هەوڵێکـی دەسـەڵاتدارانی عێـراق دەوەسـتینەوە و ئیدانەشی دەکەین، هاوکات کۆمەڵەکەمان بە دەستەی کارگێڕیی گشتی و سەرجەم لقەکان و ئەندامانی، پشتیوانی و پشتگیریی ڕەهای خۆی بۆ شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و فەرمادەیی حەکیمانەی بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵی تێکۆشەر مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دووپاتدەکاتەوە.

٢. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بە مەکتەبی سکرتارییەتی کۆمەڵەکە دراوە، بڕیای سڕکردنی لێژنەی لقی هەنگاریای دا، لەبەرئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و دەستووری کۆمەڵەکەی پێشێلکردووە و سووربووە لەسەر دژایەتیکردنی شۆڕشی ڕزگارخوازیی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق و پشتگیریی دەسەڵاتدارانی بەعسی کردووە کە لەم ڕۆژانەدا شەڕێکی دژی کوردی ڕاگەیاندووە و هەڕەشەیە بۆ مانەوەی کورد و بڕووسکەیەکی پشتگیریی بۆ پڕۆژەی ئۆتۆنۆمییە بەدگۆڕاوەکەی بەعسییەکان ڕاگەیاندووە و بەیاننامەیان دژی شۆڕشی کورد دەرکردووە.

بۆ پێشەوە .....

مەکتەبی سکرتارییەت

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢)

ئەو بەڵگەنامەیە لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی و دەستخەتە.

یەکێک لە بەڵگەنامە نێوخۆییەکانە، ژمارە (٤٩)ی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لێدراوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

ژمارە: ٤٩

ڕێککەوت: ٢٨ی ئابی ١٩٦٧

پارتی دیموکراتی کوردستان

لێژنەی ڕێکخراوی حزب لە ئەوروپا

بۆ/ سەرجەم لقەکانی ڕێکخراوی حزب

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە:

لێژنەی ڕێکخراوی پارتیمان لە ئەوروپا، بە ئامادەبوونی دکتۆر مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیمان لە ڕۆژانی ٢٥-٢٦ی تەموزی ١٩٦٧ کۆبوونەوە. پاش گفتگۆکردن لەسەر چەند پرسێکی حزبی لە ئەوروپا و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست، بۆئەوەی بە گروپێکی بەهێزتر بەڕێوەبچێت و لە ئاستی ئەو پێشهاتانەدا بین کە گەل و حزب و شۆڕشەکەمان پێیدا تێدەپەڕن. تایبەت بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و کۆنگرەی دوانزە کە لە ڕۆژانی ١٧-٢٢ی ئابی ١٩٦٧ لە ڤیەننا دەبەسترێت، بڕیاردرا:

١. پێویستە سەرجەم ئەندامان و بەربژێران ئامادەی کۆنگرەکە بن، هەر ئەندام و بەربژێرێک لە کۆنگرەکەدا ئامادە نەبێت، توندترین سزای بەسەردا دەسەپێنین کە لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبدا هاتووە، ئەگەر بە دەرکردنیش بێت لە حزب.

٢. ئەندامان و بەربژێران، کاری جیددی بکەن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لایەنگرانی حزب و شۆڕش و ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی دێنە ڕێی بەشداریکردنیان لە کۆنگرەکە.

٣. پێویستە گشت ئەندامان و بەربژێران، دەستبەجێ ئابوونەی ساڵانەی کۆمەڵەکە بدەن، پێش سەفەرکردنیان بۆ کۆنگرەکە.

٤. سەرجەم لێژنەی لقەکان و بەرپرسانی حزبی کارئاسانی بۆ سەفەرکردنی سەرجەم ئەندامان و بەربژێران و لایەنگران بکەن و دەتوانن سوود لە دارایی لقەکان وەربگرن، ئەگەر پێویست بە قەرزکردنیش بکات، با بڕە پارەی پێویست قەرز بکەن و لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا قەرزەکانیان بۆ دەدەینەوە.


٥. ئەگەر پێویستی کرد، ڕێکخراوی حزب خەرجیی خواردن و کرێی مانەوە و شتی لەم بابەتە پێویستانە دەخاتە ئەستۆی خۆی، بە مەرجێ ئەگەر کرا، ئەم خەرجییانە لە ئایندەدا بدرێنەوە.

٦. هێنانی خۆراکی قوتووبەندکراو و جگەرە و شتی دیکەی پێویست لەگەڵ خۆیاندا.

بۆ پێشەوە لەژێر ئاڵای حزبی شکۆمەندمان

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣)

وێنەی بەیاننامەی کۆتایی، لە کتێبی پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز وەرگیراوە.



البيـــــــان الختـــــــامي
للمؤتمر العام الأول للاتحـــاد الشعبي للطلبة الأكراد في سوريـــة

كان لا بد منذ زمن بعيد من وجود اتحاد طلابي نقابي قومي كأتحادنا ليقود الجماهير الطلابية التي ما فتئت تخوض الحركة الطلابية الكردية والتي تعتبر بحق بمثابة جذوة من اهم قطاعات الشعب الكردي وقوة وطنية وقاعدة حقيقية للتقدم ضمن اتحاد قومي يناضل ضمن الخط العام للقضية الكردية ، وبالتزام قومي تام تجاه القطاعات الكردية الاخرى من الطلبة وحزبية والتي تأخذ الحماية القومية بعين الاعتبار .

وبعد انتظار طويل لبناء صفوفنا الطلابية تحققت الامنية التي طالما ناضلوا من اجلها ، وبحكـــم هذا في ٢٩ كانون الثاني ١٩٧٢ م اعلن تأسيس الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في سورية من خلال اللجنة التأسيسية ، وفي ذلك التاريخ وحتى انعقاد مؤتمرنا هذا تحملت اللجنة التأسيسية مسؤولية قيادة الاتحاد تنظيميا وفكريا ، اذ حققت نجاحا وتميزا كبيرين وفي كافة المستويات ، وقد اغتنت نشاطها بالدورة العلمية المؤتمر الاتحادي الاول .

قرأت اللجنة التأسيسية تقريرها على اعضاء المؤتمر ،واقروه بعد ان نوقش من قبل الجميع بروح من التأني والموضوعية ، كما وافق المؤتمر بالاجماع على النهاج والنظام الداخلي للاتحاد بعد تعديل بعض نقاطـــــه وكما انتخب المؤتمر اللجنة الادارية العامة ، للقيادة الاتحاد .

وقد حلل المؤتمر تاريخ الشعب الكردي والتجزئة الاستعمارية التي مس بها بعد الحرب العالمية الاولى والتي فرضت عليه من قبل الاستعمار في ذلك الوقت وظل الشعب الكردي وغيره من الشعوب الاخرى خاضعا لتلك التجزئة السياسية حتى اليوم بالرغم من الكثير من الانتفاضات والثورات (الشيخ محمود ـ الشيخ سعيد ـ الملا مصطفى البارزاني وغيرهم ...) .


هذا وقد ناضل الشعب الكردي الى جانب الشعب العربي في جميع المراحل من اجل طرد الاستعمار الاجنبي من البلاد ، وتقديرا من الشعب الكردي لتلك الظروف القاسية التي مرت بها البلاد ودفع الشعب العربي الجسام ثمنا في سبيل ان يحصل الكردي على حقوقه القومية المشروعة ، ولكن الشوفينية العربية ابت ان تعترف حتى بوجود الشعب الكردي ناهيك عن حقوقه القومية .

وقد توالى الاضطهادات من هذا الحين بدأت الحكومات السورية المتعاقبة على الحكم بتطبيق الخطط للقضاء على وجود الشعب الكردي بذلك بتهجيره من البلاد وحتى بحرمانه من ابسط الحقوق الانسانية ، فصدرت الشوفينية العربية السلاح الكردي بالجزيرة من ارضه وذلك بتطبيق المخطط العنصري المسمى بـ (الحزام العربي) والذي يقضي بأحلال الشعب الكردي من منطقة الحدود السورية التركية العراقية والتي يبلغ طولها ٢٧٥ كم وعمقها ١٠ كم ، واحلال العشائر العربية مكانهم ....

وقد نفذ هذا المشروع اعتبارا من عام ١٩٦٨ اذ استولت الحكومة في ذلك العام على المحصول الزراعي للمنطقة الكردية وحاولت تهجير الفلاحين بالقوة فبدأت بقرية (علي خير) الخاضعة لقبائل عربية والمدربات والشرطة العملية وباستخدام السلاح حاولت طرد الفلاحين من قريتهم ، فجرت مشاحنات بين الاجهزة الحكومية المدججة بالسلاح والفلاحين العزل المسالمين والمتمسكين بأرضهم وارض اجدادهم منذ القدم ، فكانت النتيجة ان ذهب ضحية الصدام عشرين جريحا من الفلاحين خمسة منهم اصيبوا بطلقات نارية ، وسجل اهل القرية ايضا ان التي سجن الخمسة بالجزيرة وكان عددهم (٢٠٠) رجل وامرأة وطفل وطفلة . عندما امتنعت الحكومة ان الحزام العربي لايمكن تنفيذه بقوة السلاح والاعتقالات ، لانه اثار كانت حصد النتيجة سلبية في كل قرية كردية ستشكل سجون سرية لها بالفلاحين الاكراد بعدا ما لا طاقة لها بحمله ، فهيئت الحكومة خطة جديدة وهي ان تقوم الحكومة بنزع المنطقة الكردية واخذ المحصول وبدون تهجير الفلاح الكردي بالقوة ، لان الفلاح سيترك بيته خلال ساعات قليلة ، لانه بذلك يصبح بدون مورد رزق وعندما سوف يهاجر لقناعتها الى بلاد اخرى طلبا للرزق ، وهذا ما كان .... ان الحرب الاقتصادية التي تشنها الحكومة اليوم على الشعب الكردي بالجزيرة هي انتيج من حوادث قرية علي خير . كل انسان يعيش بالمنطقة يلاحظ الهجرة البطيئة للفلاحين الاكراد اذ لم يجد الفلاح الكردي بيطلك سوى منزله المتصدع في المنطقة الكردية .

بالاضافة الى هذا فقد حرمت الحكومة ما يزيد عن مئة الف مواطن كردي من الجنسية السورية في محافظة الجزيرة ، وذلك لحرمانهم من حق الانتفاع من قانون الاصلاح الزراعي الذي لم يطبق في الجزيرة الا بعد ان جردتهم الحكومة من الجنسية ليصار الى حرمانهم من الدراسة والعمل التوظيف ، ويكونوا فريسة للجوع والجهـــل والتأخر والتالي لتسهيل تهجيرهم من البلاد .

176



— ٢ —

وبما حصل للشعب الكردي فقد حصل للطلبة الاكراد لانهم ابناء ذلك الشعب ، فكم من طالب لم يستطع ة لتجريده من الجنسية وكم من طالب انهى دراسته ولم يستطيع العمل لنفس السبب ايضا .

ان المؤتمر الاول للاتحاد القومي للطلبة الاكراد في سورية يدعو الشعب الكردي بكافة منظماته للعمل في حد امام الخطر الذي يواجهه شعبنا الكردي والذي يستهدف وجوده ، كما نطالب الحكومة السورية عن هذه المخططات العنصرية لما فيها من عواقب سيئة تظهر آثارها بالمستقبل في حياة الشعبين والكردي على حد سواء .

ايد المؤتمر تأييدا مطلقا الثورة الكردستانية في العراق والتي تمثل المقاومة للشعب الكردي بقيادة ابن الشعب المبارزاني مصطفى) كما وبارك جهود الثوار (البيشمركة) الابطال في السير قدما الى الامام لتحقيق من الانتصارات ، ويطالب الحكومة العراقية بتنفيذ البقية الباقية من بنود البيان التاريخي للسلام بينها ان او ١٩٧٠ وذلك لاحلال سلام حقيقي وثقة متبادلة .

كما استنكر المؤتمر وبشجب المؤامرة الدنيئة التي استهدفت حياة القائد مصطفى البارزاني في ٢٩/٩/٧١ عا الى الانتباه اكثر لان هذه المؤامرة بالتأكيد احدى حلقات مؤامرة كبيرة كان اهداء الشعب الكردي قد ا من داخل العراق وخارجه .

كما استنكر المؤتمر الاعمال الاجرامية التي تقترفها الحكومتان التركية والايرانية بحق الشعب الكردي في كردستان ايران من اعتقالات واضطهاد ودعا الى تأييد نضال الشعب الكردي البطولي هناك .

الطلابية الكردستانية قسط كبير فقد ناضلت وتناضل كغيرها من قطاعات الشعب الاخرى ضمن صفوف الحركة ستانية .... ان قدم الطلبة الاكراد في العراق الذين صمدوا بارواحهم في سبيل القومية المشروعة . كما ان الطلبة الاكراد قد اغتيلوا بالعشرات على ايدي الخابرات التركية والايرانية ع وفي اقبيتها تحت التعذيب .... كما قضى سبعة من الطلبة الاكراد في سورية ستة كانوا في السجن من ٩/٣/١٩٧٠ لانهم قالوا عاشت الاخوة العربية الكردية !!! والى اليوم لم تنتهي محاكمتهم نعلم الا صورة مصغرة عن الوضع .....

ما وبارك المؤتمر جهود الطلبة الاكراد في اوربا بما اصدروه من كتب ومجلات ونشرات عن القضية الكردية تلوه في كسب الرأي العام الاوربي لنصرة قضية شعبنا المضطهد .

ما دعا المؤتمر الى المزيد من العمل الموحد وخاصة تنسيق العمل الخارجي مع جميع الاتحادات حات الطلابية الكردية الشقيقة .

ايد المؤتمر المنظمات الطلابية من الشعوب الاخرى في كفاحها المشروع من اجل تحرير شعوبها من بار والتجزئة .

كما ودعا المؤتمر ايضا الطلبة الاكراد للالتفاف حول منظمتهم الطلابية القومية ، الاتحاد القومي للطلبة في سورية ودعم نضاله العادل .

حيا المؤتمر :-

- الثورة الكبيرة بقيادة البارزاني .
- حركة الطلابية الكردية رمزا للمناضلين الثوريين .
- اد القومي للطلبة الاكراد في سورية طليعة صامدة للاهداف الطلابية والقومية المشروعة .

٦/١/١٩٧٢ م = ٢٥٨٣ كردي

اللجنة الادارية العامة


للاتحاد القومي للطلبة الأكراد في سورية

177

لەبەر خراپیی کوالێتیی وێنەی بەیاننامەکە، نەمتوانی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی.

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤)

ڕووی یەکەم و دووەمی کارتی داوەتنامە بۆ ئێوارە ئاهەنگێکی کوردی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری میونشن. (لە ئەرشیفی حەمەڕەش ڕەشۆ)



KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWROPA

(Verein Kurdischer Studenten in Europa)

Einladung

Wir beehren uns, Sie herzlich einzuladen, mit uns zusammen der Eröffnungsfeier unseres achten Jahres-kongresses beizuwohnen.

Für das Komitee

Die Feier findet am 9. August 1963 um 10 Uhr vormittags im Hörsaal 1180 der Techn. Hochschule in München (Eingang Arcisstraße 21/I links) statt.

Ehrenkarte für 2 Personen

KURDISCHER ABEND

Aus Anlaß des Jahreskongresses unseres Vereins findet der traditionelle kurdische Abend diesmal am 11. Aug. 1963 in München statt. Ein buntes kurdisch-volkstümliches Programm mit anschließendem allgemeinen Tanz wird versuchen, Sie in unsere schöne Heimat, ins „WILDE KURDISTAN" zu führen.
Wir dürfen Sie ebenfalls an diesem Abend gerne erwarten.

Beginn: 20 Uhr
Ort: Hotel, Regina-Palast, München, Maximiliansplatz 5

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

ئەم بانگەوازە لە بنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

بانگەوازێک بۆ کوردان

هەموو کوردی دڵسۆز هەست بە دۆخە بە ئازارەکەی نەتەوەی کورد دەکات. بەشکردنی کوردستان و ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەردەوام و بێبەشکردن لە سادەترین مافە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی سڕینەوە و تواندنەوەیان لەنێو بۆتەی نەتەوەکانی دیکە، هەموو ئەمانە بەڵگەی ڕوون و ئاشکران. هەروەها کورد بە شانازییەکی زۆرەوە یادی نەریتی شۆڕشگێڕانە و بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دەکاتەوە.

بارودۆخێکی نوێ دەوری کوردستانی داوە، پێگە ستراتیجییەکەی و سامانە سروشتییەکانی لەلایەک و چڕبوونەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندیی مێژوویی و حوگرافیی کوردان بەم ناوچەیە لەلایەکی دیکە، وا لە کوردستان دەکات بایەخێکی کەم وێنەی هەبێت. داگیرکەران سامانە سروشتییەکەی بەتاڵان دەبەن و هەوڵی وروژاندنی کورد لە دژی گەلانی دراوسێ دەدەن و سەرنجیان بۆ هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو دۆخە هەنووکەییان دوور دەخەنەوە - بوونی داگیرکەر، دوژمنی گەلان.

کورد بە باشی درکی بەوە کردووە کە"چارەنووسیان بەندە بە چارەنووسی گەلانی دراوسێوە"بۆیە بەردەوام لە هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی و هەماهەنگی و هاوکاریی هاوبەشی نێوانیان و نێوان لایەنە ڕاستگۆکانی گەلانی عەرەب و فارس و تورک. مێژوو ئەرکی هاوکاریی کورد لە خەباتی نەتەوەیی ئازادیخوازانەیان دەخاتە ئەستۆی مرۆی پێشکەوتنخواز بە گشتی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی. بەڵام چارەنووسی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی، پشت بە خودی کورد دەبەستێت، بەهۆی چەوساندنەوە نەتەوەییەکانی و دابڕاندنی کورد لە یەکتری و نەبوونی دیراسە و بایەخێکی پێویست بە دۆزی کورد. زۆربەی کوردیش ڕێگەیەکی ڕزگاربوون نادۆزنەوە تاکو ئەو ڕق و کینە جۆشدراوەی ناخیان دژی دوژمنانیان بگۆڕنە کارێکی بەرهەمدار و ڕێکخستنەوەی کارەکانیان بۆ لێدانی دوژمنان و سەرکەوتن بەسەر پیلانگێڕییە گەمژانەکانی داگیرکەران کە دژی کورد چنراون، پەیمانی سەعدئاباد و بەغدا بەنموونە.

سیاسەتێکی بەهێزی یەکگرتوو لەسەر بنەمایەکی جەماوەریی پتەو و داڕێژراو لەلایەن سەرجەم پێکهاتە و ڕێکخراوە بوێرەکانی کورد، پێویستییەکی مێژوویییە و بارودۆخی هەنووکەیی کوردستان پێویستیەتی.

ئێمە کۆمەڵێک کوردین لە ئەوروپا، پشتمان بە تواناکانی گەلی خۆمان و هاوکاریی گەلانی دراوسێ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکانیان بەستووە، پێشنیاز دەکەین کۆنگرەیەکی گشتیی کورد ببەسترێت و نوێنەرایەتیی هەموو ڕەوتە هزرییە نیشتمانییەکان، سەرجەم ڕێکخراوە نیشتمانی و لقە کوردییەکان، کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و کەسایەتییە کوردپەروەرەکان بکات بۆ دیراسەکردنی دۆزی کورد و داڕشتنی سیاسەتێکی یەکگرتوو بۆ پەیڕەوکردن و کارپێکردنی.

ئێمە بە دڵسۆزییەوە بڕوامان وایە؛ بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ کورد و داڕشتنی سیاسەتێکی یەکگرتوو، دەبێتە بازوویەکی بەهێز بۆ ڕزگارکردن و یەکگرتنەوەی کوردستان و ئاراستەی سینگی داگیرکاران بکرێت، هەروەها دەبێتە فاکتەرێکی بەسوود بۆ چەسپاندنی دۆستایەتی و برایەتیی نێوان کورد و گەلانی دراوسێ، لەسەر بنەمایەکی تۆکمەتر. کۆنگرە کوردییەکە، سەرباری دیاریکردنی ئامانجە دوورمەوداکانی کورد، لە پلانە کردەنییەکانیش دەکۆڵێتەوە بۆ پاراستنی کلتووری نەتەوەیی کوردی، بۆنموونە: ئەدەبیات و زمان و گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهانی دەرەوە.

ئێمە داوا لە سەرجەم کوردی هۆشیار دەکەین، هەر لە ئێستاوە دەستبەکار بن بۆ پێکهێنانی لێژنەیەکی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە گشتییەکەی کورد کە دیراسەی کات و شوێنی کۆنگرەکە بکات و ڕێکلام و پەیوەندیی پێویست و ئاراستەکردنی داوەتنامەکان بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەکە، واتە بە کورتی: لێژنەی ئامادەکاری بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەی کوردی.

بەرەو کۆنگرەیەکی گشتیی کوردان و ڕزگارکردنی هەتاهەتایەی کوردستان


ئایاری ١٩٥٧

لە بری خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

میرزا کانۆ

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦)

وێنەی یەکێک لەو داوەتنامانەی لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە بۆدابست ساڵی ١٩٧٤، بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا نێردراوە، بە ناوی شیرین کەتانی کە لەنێو شاندەکەی کۆمەڵەکەدا هەریەک لە (تاریق ئاکرەیی، شیرین کەتانی و مەجید ....؟) شاندێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیشی تێدا بوو.



بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧)

ئەم نامەیە لەبنەڕەتەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

نامەیەک کە بە دەستخەتی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی نووسراوە و کاتی خۆی بۆ تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا"نێردراوە (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).

دەقی نامەکە بە کوردی:

لۆزان- ٢٣ی ئایاری ١٩٧٣

برای ئازایزم کاک تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا.

لە دڵەوە سڵاوتان لێبێت و سڵاوێکی گەرمیش بۆ سەرجەم برایانی ئازیزمان. زۆر سوپاس بۆ نامەکەی ئەم دوایە و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەتان.

من هێشتا دەستم بە نووسینی ئەو بابەتە نەکردووە کە بۆ گۆڤاری کۆمەڵەکە بە ئینگلیزی داواتان لێکردبوون، بەڵام بێگومان بەم نزیکانە دەینووسم و بۆ ناونیشانی کۆمەڵەکەی ڕەوان دەکەم. لەلایەکی دیکەوە، ڕەنگە دوو یان سێ بڕگە لە دەستنووسی ئەو نامیلکەیە بگۆڕم کە لەبارەی کورد و کوردستان لەلایەن گەشتیارە ڕۆژئاواییەکانەوە نووسراوە، بەڵام ئەگەر دەستکاریم کرد ئەوا ئەو بڕگە دەستکاریکراوانە بۆ خوشکە زۆزان دەنێرم.

لە چاوەڕوانیی ئەمە و ئەوەدا، ئەم نامەتان بۆ دەنووسم بۆئەوەی بە ئێوە و برایانی ئازیزمان، ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی کۆمەڵەکەی ڕابگەیەنم کە"ڕێکخراوی مافپەروەرانی نێودەوڵەتی"لە جنێف، لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی دیراسەیەکن بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەیی و داوام لێکراوە زانیاری لەمبارەیەوە لەسەر دۆخی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستانیان پێبدەم. چوومە لایان و زانیارییەکانم بە زارەکی پێگەیاندن، هەروەها چەند نامیلکە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆری تایبەت بە هەر چوار پارچەکەی کوردستانیشم ڕادەست کردن. هەروەها ڕێکخراوی ناوبراو چەند پرسیارێکیان بۆ ئامادەکردبووم و داوایان لێکردووم بە نووسراو وەڵامیان بدەمەوە. منیش وای بە باش دەزانم لەجیاتیی ئەوەی خۆم بەتەنیا ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە، داوا لە چوار برا یاخود ڕێکخراوەکان (هەر

یەکێکیان لە بەشێکی کوردستاندا بن) وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە (بە ئینگلیزی بێت یان بە فەڕەنسی) و وەڵامی پرسیارەکانیش بدرێتەوە خۆم، بۆئەوەی بیگەیەنمە ڕێکخراوەکە، هەر ڕوونکردنەوە و خستنەسەرێکی پێویست بێت بیخەمەسەری. دانەیەک لە نامەی ڕێکخراوەکە و پرسیارەکان بۆ برایانم لە سوید دەنێرم بۆئەوەی وەڵامی پرسیاری دۆخی کوردی سووریا و ئێران بە جودا بدەنەوە، دانەیەکیش بۆ برایەکی کوردستانی تورکیا دەنێرم لە فەڕەنسا بۆئەوەی دۆخی کوردی کوردستانی تورکیا ڕوون بکاتەوە، سەبارەت بە دۆخی کوردستانی عێراقیش، وا دانەیەک بۆ ئێوە و لێژنەی کارگێڕی دەنێرم بۆئەوەی وەڵامی بدەنەوە، ئەگەر دەزانن سوودێکی تێدایە بۆ دۆخی شۆڕش و گەلی کوردستانی عێراق، ئەگەر بڕیاری وەڵامدانەوەتان دا، دەتوانن بە هەر ناوێک بێت بینووسن. ڕێکخراوەکە ئاگاداری دۆخی کوردی عێراقە (چونکە سەڵانێکە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە)

تێبینی: بابەتێکتان بۆ دەنێرم هەر بۆ زانیاری کە مامۆستایەکی فەڕەنسی لە زانکۆی جنێف تازە لە ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیلی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و بابەتەکە دەربارەی کوردی ئیسرائیلە، سەیرە، ژمارەیان ٩٠ هەزارە! و پارێزگاریی دانونەریت و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و جلوبەرگی کوردیی خۆیان کردووە، ڕێکخراوێکیشیان بۆخۆیان دامەزراندووە بەناوی"ڕێکخراوی نەتەوەیی کوردی جوو لە ئیسرائیل"و ڕێکخراوێکی فەرمیی دانپیانراوە و زانکۆی قودسی عیبری زۆر بایەخ بە دیراسەکردنی ئەدەبیات و گۆرانی و هەڵپەڕکێ کوردییەکانیان دەدات و دەڵێت"ئەمانە گەنجینەیەکی زێڕن". تەماشاکەن چ جیاوازییەک لەنێوان هەڵسوکەوتی جوو بۆ کوردی ئەوێ و ڕەفتاری گەلانی موسڵمانیش بۆ گەلی کوردی موسڵماندا هەیە!


دووبارە سڵاو و ڕێز

براتان: عیسمەت شەریف وانلی

تێبینی: ئەو شتانەی لە پێشەوە باسم کردن جودا جودا بۆتانی ڕەوان دەکەم.

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨)

لاپەڕە نۆی ژمارە (٣-٤)ی"Dengê Kurdistan"ە و ئامانجەکانی کۆمەڵەکەی تێدایە، لە (١بۆ ٦) بە کوردیی لاتینییە. (لە ئەرشیفی دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا)



(9)

KEŞ;ÛCXORTEN KURDI:

Deh meh in ku xwendewarên Kurd ku li bajarên Ewropa-
yê dixwînin,gihanc hev û bi navê : YEKBÛNA XWENDEWARAN LI EWROPAÇ ko-
melek pêkanîne.

Armanc'n vê Komelê yên bingehîn ev in:
1- Lihevgihandina keş û xortên Kurd ên li der-
veyî Kurdistan.
2- Arîkarî kirina hev.
3- Pêkanîna girêdanên xurt bi komelên Kurdî yên
li welêt.
4- Dan nasîna rewşa Kurd û Kurdistan.
5- Bi komelên genc û xwendewarên demokrat ên
navnijadîn tevkarî.
6- Û bi wan re ji bo aştî,azadiya miletên bin-
dest û demokrasî,têkoşîn.

Di van deh mehan de,Komela me tiştên hêja pêkanîne:nê-
zîkî bîst û pênc gencên Kurd,ji her eliyên Kurdistanê,li Fransa,Ingil-
tere,Iswîçre,Çekoslovakia,Nemsa û ciyên dîtir,ji bo bi cî anîna armanc-
cên wê bi dil û can dixebitîn.

Sê meh in ku bi navê "DENGÊ KURDISTAN" kovareke me der-
dikeve.Em dikin ku wê bi kurdî jî derêxin û bigehînin we.

Ji mehekê Komela me bûye endam(libat-sazê) a "LIHEVGI-
HANA GENCÊN DEMOKRAT A CIHANÊ (FEDERATION MONDIALE DE LA JEUNESSE DE-
MOCRATIQUE-F.M.J.D.) û ya "YEKBÛNA XWENDEWARAN A NAVNIJADÎN"(UNION
INTERNATIONALE DES ETUDIANTS- U.I.E.).Her du jî civatên alemî.

Ya pêşîn,ango:L.G.D.C. bi 60 milyon endam e,serekê wê
yekî Fransiz,Guy de Boëseon e û merkeza wê li Parîs e. Armancên wê
yên mezin ev in: Yek kirina gencên cihanê ji bo bidest xistina AŞÎTÎ-
YEKE DIRÊJ,AZADIYA MILETÊN BINDEST Û LI HEŞ DERÊ DEMOKRASÎ Û JIYÎNEKE
XWEŞ.

Ya diwemîn,ango : Y.X.N. ku bi çar milyon endam e,en
tiştê dawîne ber xwe:"XWENDEWARÊN NAVNIJADÎN! DESTÊN XWE BIDINE HEV JI
BO PARASTINA AŞITIYÊ, BIDEST XISTINA AZADIYA MILETÊN BINDEST Û XWEN -
dineke demokrat;"

Merkeza vê li Prag e(Çekoslovakia),û serekê wê yekî
Çek,Josef Grohman e.

Ev her du civat bi hevre gelek xurt hatine grêdan.
Îsal,her du bi hevre,li bajarê Budapeşt(Macaristan)
"FESTIVAL"ek (şahinat)dirust kirin.10000 şandiyarên gencan,ji her eli-
yên dinê çûnê.KONEL me jîpênc nemînende rêkirinê.Evana bi cilên xwe
yên kurdî,di cê nimayişên mezin de,bi serbestî,al û nîşanên xwe yên
xas hilgirtin û bi dengên xurt :" BIJÎ AŞITÎ! BIJÎ AZADÎ! BIJÎ DEMOK-
RASÎ Û PARASKERÊ WÊ ÛELATÊ SOVIYETAN! BIJÎREHBERÊ INSANIYET HEVAL STA-
LÎN! BIJÎ KURD Û KURDISTAN! BIJÎ SERDAREÊ BILIND BERZANÎ!...",cîr kirin
û dengê xe ji cihanêre dan bihîstin.

Ji van pêve,hevalên me gotaran dan,di radiyoyan de pe-
yîvîn,destan û atiranên kurdî gotin,û ji bo şerê emperiyalizm(istîsar)
destên xwe dan gencên Soviyet,Ingîlîz,fransiz û Emerîkanên demokrat,
û şerevanên Çîn,Endonesiya,Viet-Nem,Yewnanistan,Îspeniya û hîn din...


Gava,di nimayişan de,bi sed hezaran Macarî,li ser lev-
heyên mezin,navê Kurdistan didîtin,bi zimanê xwe yê şîrîn:"ELIYEN A KUR-
DISTAN! ELIYEN A SABADÇAG!"(Bijî Kurdistan! Bijî azadî!),digotin,kulîlk
davêtin hevalên me,dihatin resim û fîlmên wan digirtin.

Di roja bîst û heştê Tebaxê de,di nimayişa dawîn de,
10000 şandiyar û 200000 gencên Macarî,bi Serekê L.G.D.C. re,li Meyda-
Qehremanan(HOŞEK TERE),sond xwarin ku hîn bêtir ji bo perastina AŞÎTÎ-
YÊ,ji bo AZADÎ û DEMOKRASIYÊ bixebitin.(Li ciyekî din emê vê sondê
vergerînin bi kurdî û we jê agehî bikin.)

Piştî FESTÎVAL,ji yekê heya heştê Eylûl,L.G.D.C.,di
sveiya Parlimanê de,KONGIRE ya xwe ya diwemîn vekir. Si welat 800 şan-
diyar jê re rêkirîbûn.Dido jî ji me,li wê gencên Kurdistanê temsîl
kirin.

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩)

لاپـەڕەی یەکـەم لـە ژمـارە (یـەک)ی"Dengê Kurdistan"کـە لـە تەمـووزی ١٩٤٩ دەرچـووە. (لـە ئەرشـیفی دکتـۆر نەجـات عەبـدوڵڵا).



DENGÊ KURDISTAN
LA VOIX DU KURDISTAN THE VOICE OF KURDISTAN
Organe de la Jeunesse Kurde en Europe

JUILLET 1949 [1]

Gloire Eternelle à Qazi Mohamed,Seyf Qazi,Sadr Qazi et à tous nos Martyrs!
Lutte sans merci contre L'Impérialisme et les Gouvernements Fascistes du Moyen-Orient!
Union avec tous les Démocrates Sincères pour la libération des Peuples , le respect et la défense de La Paix!

LES KURDES ET LEUR PAYS

Nous ne sommes pas en mésure d'exposer ici toute l'Histoire Kurde,qui est une tâche assez dure.Ce que nous voulons c'est d'en donner un aperçu succint afin d'éclaircir ceux de nos lecteurs qui ignorent totalement la Question Kurde.

Le Kurdistan

Le Kurdistan,l'épine dorsale du Moyen-Orient,ce vaste territoire de 500000 Km2 de grands massifs montagneux coupés par de larges vallées verdoyantes,possédant de grandes plaines fertiles et un sous-sol extrémement riche à peine éxploité,avec ses fameux gisement de pétroles,s'étend de La Mer Noire au Golfe Persique et du Lac d'Ourmieh en Iran,à proximité du Golfe d'Alexandrette en Turquie.

Un court apérçu Historique


Les Kurtis des bas-reliefs Assyriens,Les Karduques de Xénophon ,les compatriotes des Médess,actuellement les neuf millions de Kurdes qui habitent ce pays sont l'un des plus anciens peuples de souche Indo-Européenne de cette région.Ils y ont fait leur apparition vers le troisième millénaire avant J.C. et s'y sont tenus intacts devant les invasions Hittites,Assyriennes,Grecques,Romaines,Arabes et Mongoles.

Jusq''à la Première Guerre Mondiale,Les Kurdes avaient gardé une sorte d'autonomie dans les empires Perse et Ottoman.

Le Traité de Sévres,signé le IO Août I920 entre la Turquie et Les Alliées,reconnaissait dans ses articles 62-64 Section III l'indépendance du Kurdistan.Mais le 23 Juillet I923,L'Angleterre en signant le Traité de Lausanne avec La Turquie, jugeait de mieux garantir sa"Politique pétrole" et sa strtégie dans le Moyen-Orient,en démembrant ce pays entre La Turquie avec 4 million et demi de Kurdes, L'Iran 3million et demi et L'Irak un million et demi.

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠)

یەکەمین لاپەڕەی ژمارە پێنج و دواژمارەی"Dengê Kurdistan"کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە. (لە ئەرشیفی دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا).


DENGÊ KURDISTAN

LA VOIX DU KURDISTAN

THE VOICE OF KURDISTAN

L'Organe de la Jeunesse Démocratique Kurde

(Section d'Europe)

بەڵگەنامەی ژمارە (٣١)

دەقی نامەیەکی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی و بۆ هەریەک لە زەردەشت حاجۆ و عیزەدین نەعسۆ و ئەدهەم ڕەشیدی ناردووە و داوای نوێککردنەوەی چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە ئەوڕوپا، پاش نسکۆی شۆڕش.

دەقی نامەکە بە کوردی:

بەڕێزان برایانی ئازیز ئەدهەم و زەردەشت حاجۆ و عیزەدین نەعسۆ

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە ....

ئەو نسکۆیەی بەسەر شۆڕشەکەماندا هات، نسکۆی هەموو نەتەوەی کورد بوو، بەڕاستی کارەساتێکی گەورەی بەئازار بوو، پێویستە لەسەرمان متمانەمان بەخۆمان بگێڕینەوە و تاکو کۆتایی تێبکۆشین و هەر دەبێ بۆ هەموو جیهان، دوژمنان و دۆستانمانی بسەڵمێنین کە هەرچەند پیلانگێڕیمان لە دژدا بچنرێت، میللەتی ئێمە نامرێت. هیوادارین ڕۆژێک دابێت بتوانین ڕاستی و ڕەهەندەکانی ئەو پیلانگێڕییە بۆ گەلەکەمان بخەینەڕوو کە دووچارمان بووەتەوە، بۆئەوەی نادادپەروەرانە حوکمی لەسەر نەدرێت، سینگمان کراوەیە بۆ وەرگرتنی ڕەخنەی بنیاتنەر و دان بە هەڵەکانماندا دەنێین و ئومێدەوارین پەند و وانە لە ڕابردووە تاڵەکەمان وەربگرین.

هەڤاڵان. گەلانی زۆر دووچاری کارەسات بوونەتەوە، بەڵام بە یەکگرتوویی و کۆشش و تێکۆشان، شکۆیان بۆخۆیان گەڕاندووەتەوە و ئێمەی کورد پێویستە نائومێد نەبین و ئەرکێکی زیاتر بدەن بۆئەوەی بۆ جیهانی بسەڵمێنین کە بە ئیرادەیەکی پتەوتر لە پێشوو تێدەکۆشین.

ئێمە هەست بە بۆشاییەکی سیاسی دەکەین و بڕیارمان داوە بەردەوام بین لە خەبات و ئەگەر خەباتی چەکداریمان پێنەکرێت، تاکو کاتی گونجاوی خۆی دێت، دەتوانین خەباتی سیاسی بگێڕین و سەر بۆ کەس دانانەوێنین کە بیەوێت دۆزی ڕەوای کورد لەناوببات و بیسڕێتەوە و لەبەرئەوەی لەکاتی ئێستادا، دەرەوەی وڵات شوێنێکی گونجاوە، ئێمە دروشمی هاوکاری و یەکێتی دەخەینەڕوو کە بە یەکێتیی ڕیزەکانمان ڕێ لە دوژمنانمان دەگرین و بۆ جیهانی دەردەخەین و سۆزی مەزنمان بۆ کێشەکەمان

لەدەست نادەین و دەمانەوێت خەباتمان لەژێر ئاڵای پ.د.ک بەردەوام بێت.


ئەگەر کەسانێک هەبن هەوڵی پەرتەوازەیی و جودابوونەوە دەدەن، ئێمە بڕیار بۆ گەلەکەمان بەجێدێڵین، تاکو بڕیاریان لەسەر بدات، چونکە ئەمڕۆ گەلەکەمان ئەوپەڕی پێویستیی بە یەکێتی و یەکدەستییە. هیوامان بە ئێوەیە ڕۆڵێکی دیار بگێڕن لە پاڵپێوەنانی ئەم چالاکییە بەرەو بەهێزتر بوون و سەرکەوتن لە خوداوەیە.

تکایە سڵاومان بگەیەننە هەموو برایانی ئازیز


هەر بژین

براتان

مەسعود بارزانی



٢٢ی تەموزی ١٩٧٥



فاننا نترك للقلب الكم عليهم لان شعبنا بأمس الحاجة اليوم
الى الوحدة والتكاتف . ونأمل منكم ان تكونوا دوراً بارزاً
لدفع هذا النشاط نحو الامام ومن الله التوفيق .
وأرجو ابلاغ تحياتنا الى جميع الاخوان الاعزاء

ودمتم .

أخوكم
صمود البارزاني

٧٥/٧/٢٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی ڕاپۆرتی باڵیۆزی بەرتانیا لە ئەنقەرە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، سەبارەت بەو پرسەی باڵیۆزی ئێران لە ئەنجومەنی پەیمانی بەغدا خستوویەتییەڕوو کە دەربارەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارنی کوردە لە ئەوروپا. لە لاپەڕە (٢٨١ و ٢٨٢)ی کتێبی (الکورد و کوردستان في الوثائق البریطانیة)ی دکتۆر وەلید حەمدییە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی چەند ڕێکەوت و شوێنێکی لقەکانی کۆمەڵەکە بە هەڵە هاتووە و ئێمەش ڕشمان کردوون و خستوومانەتە نێوان دوو کەوانەوە.

دەقی ڕاپۆرتەکە بە کوردی:

باڵیۆزخانەی بەریتانیا ٢٢٥٩٠/١٦

ئەنقەرە ٢٤ی حوزەیران

بۆ/ وەزارەتی دەرەوە

"لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سینتۆ لە مانگی ئایار، باڵیۆزی ئێران لەچوارچێوەی گفتوگۆ سیاسییە سنووردارەکاندا ئاماژەی بە چالاکییە تێکدەرانەکان کردووە لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و ئێران، لەگەڵ ئاماژەکردنێکی تایبەت بۆ بەشداریپەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە بارەگاکەی لە (**زیوریخ**)ە و نەمانتوانی بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکانی وتارەکەی باڵیۆز بکەین هەتاکو گفتوگۆ و ڕووماڵی پرسەکە نەکەین لەگەڵ باڵیۆزی ئێراندا. ئەمەی دادێت، کورتەی ئەو وتارەیە کە جەنەڕاڵ عارف خوێندییەوە:

سەرنج: لە کورتەکەدا یەکسەر بە خاڵی ژمارە (٢) دەستپێکردووە، جا یان ئەوەتا سەرەتای ڕاپۆرتەکە خاڵی (یەکەمە) یانیش خاڵی یەکەم پەڕیوە، ئەگەریش هەیە هەڵەی چاپ بێت. - وەرگێڕی کوردی-

٢. کۆمەڵەی قوتابیانی کورد پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە تێکدەرانەکانیان. کە لقێکە لە ڕێکخراوێکی تێکدەرانە لە (**پاریس**) و لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە لە (**سویسرا!؟**) ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە و

بارەگاکەی لە (**زیوریخ**)ە و لقی لە **جنێف** و لەندەن و لایبزگ هەیە. کۆمەڵەکە لە لەندەن گۆڤاڕێکیان هەیە ناوی (کوردستان). سەرۆکی لێژنە کارگێڕییەکەی عیسمەت شەریف وانلییە، کوردێکی تورکیایە و پاسپۆرتی (**عێراق**)ی هەیە. کۆمەڵەکە یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە فیسبادن لە مانگی ئابی **١٩٥٧**بەستووە. کۆنگرەی دووەمیشی لە لەندەن لە کانوونی دووەمی ١٩٥٨ و (**سێیەم**)ی لە ڤییەننا لە ئابی ١٩٥٩بەستووە. لەچوارچێوەی یادەکانی ڕۆژی لاوانی جیهانیدا. کۆنگرەی ڤیەننا هێرشی کردووەتە سەر حکومەتەکانی تورکیا و ئێران لە بەرانبەر ڕێکارەکانی تووندوتیژی و دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی تێکۆشەرە ئازادەکان.

٣. حکومەتی ئێرانی لەوبڕوایەدایە؛ زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەکە، کوردی عێراق بن بە هاوسۆزییەکی تووندی شیوعییەکان. باڵیۆز هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەندامانی ئێرانی و تورکیایی کۆمەڵەکەی لەلا نییە. کۆمەڵەکە ناڕەزایی خۆی لە هەمبەر ڕەفتارەکان قاسمی ئەم چەند مانگەی دواییە دەربڕیوە لە دژایەتیکردنی ڕاگەیاندنی شیوعییەکان لە عێراق و پشتگیری و پشتیوانیی مەلا مستەفا بارزانیشی نەکردووە. بارەگای کۆمەڵەکە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٠دا نامەیەکی ناڕەزایی بۆ لێژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە دژی چەوساندنەوەی کەمە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێران و تورکیا و فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەی ئێرانیش دەڵێن: ئەوانەی قسەمان لەگەڵدا کردوون، دووپاتیانکردووەتەوە کە کۆمەڵەکە پەیوەندییەکی پتەوی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە کە لە حکومەتی عێراقەوە مۆڵەتی چالاکییەکانی لە عێراق وەرگرتووە و ئێستا حکومەتی ئێرانی وای بۆدەچێت کە ئاشکرایە مەلا مستەفا بارزانی زۆربەی هەژموونی پێشووی خۆی لەدەستداوە لەنێوەندەکانی کوردی عێراقدا.

٤. لەو باوەڕەدایە هیچ شتێکی نوێ لەوانەی پێشەوەدا نییە، بەشێکی کەمی نەبێت، بەڵام ڕێنماییەکان بۆ باڵیۆزی ئێرانی دەرکراوە ئەم وتارانە بدات و ئاماژەیەک بۆ ئەوانەی ئەندامانی دیکەی سینتۆ لە کۆبوونەوەکەی پێشوودا ئاماژەیان بۆکردووە لە لێژنەی پەیوەندی و بە پشتبەستن بووە بەو زانیارییانەی بەردەستن لە نووسینگەی قەڵاچۆکردنی تێکدەران".

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

مەکتەبی سکرتارییەت

ژمارە ٤٢

ڕێکەوت: ١٨ی شوباتی ١٩٧٤

بۆ سەرجەم لقە تێکۆشەرەکانی کۆمەڵەکەمان .... سکرتێری دەستەی نووسەرانی دەنگی کۆمەڵە کاک هۆشەنگ

سڵاوێکی خەباتگێڕانە ...

دانەیەک لەو بانگەوازەتان بۆ دەنێرین کە ئاراستەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران کراوە سەبارەت بە دەرکردنی ٣٠ هەزار کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە .... تکا لە لقەکانی کۆمەڵەکە دەکەین (بەپێی توانا و بارودۆخی خۆیان) هەڵمەتێکی ناڕەزایی دەربڕین دەستپێبکەن دژی ئەم بڕیارە نەژادپەرستییانەی حکومەتی عێراق، هەروەها شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم بانگەوازە بۆ ڕێکخراو و دامەزراوەکان و ڕای گشتی لە ناوچەکانی کارکردنتان و ئاگادارکردنەوەی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان و ناردنی نامەی ناڕەزایی بۆ حکومەتی عێراق و دانەیەک لەو نامانە بۆ ڕۆژنامەکانی عێراقیش بنێردرێن بۆ بڵاوکردنەوە.

بۆ پێشەوە

مەکتەبی سکرتارییەت

پەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی پەڵگەنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

مەکتەبی سکرتارییەت

بانگەواز بۆ سەرجەم ڕێکخراو و دامەزراوەکانی خوێندکاران و ڕای گشتیی ئەوڕوپا

لە سەرەتای ساڵی نوێدا، حکومەتی عێراق ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی خۆی دەرکردووە کە (٣٠) هەزار کوردی دانیشتووی کوردستانی عێراق لە ناوچەی مووسڵ دەربکات، بە بیانووی ئەوەی ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، بۆ زانیاریتان ئەم کوردانە لە پێش دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەدا لەم وڵاتەدا نیشتەجێ بوونە و زۆربەی فەرمانبەری داموودەزگاکانی مەدەنی و عەسکەریی حکومەتی عێراقن و دڵسۆزانە هاوشێوەی هاووڵاتیانی دیکەی عێراق خزمەتیان کردووە.

ئەم ڕەفتارە نامرۆییانەی حکومەتی عێراقیش تەنیا لەبەر کوردبوونیان بووە و دەچێتە چوارچێوەی ئەو پیلانگێڕییە نەژادپەرستانە شۆفێنییەی حکومەتی عێراق دژی ناوچەکانی کوردستانی عێراق پەیڕەوی دەکات بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە. بەم کارە نامرۆییانە، ژمارەی ئاوارە و ڕاگوێزراوانی کورد دەگاتە (٨٠) هەزار کەس لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا و پێشتریش زیاتر لە (٤٠) هەزار کوردی دیکەیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکان بە کۆمەڵ ڕاگواستووە.

ئەم ڕێکارە دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران منداڵ و ژن و بەساڵاچووان و مانەوەیان بەبێ خۆراک و ماڵ و حاڵ و لەژێر ڕەحمەتی سەرما و سۆڵەی زستان. ئەم بانگەوازە دەگەیەنینە ڕێکخراوەکانی قوتابیانی دۆستمان و یەکێتیی قوتابیانی جیهان و ویژدانی مرۆڤایەتی و داوایان لێدەکەین لەگەڵماندا بن بۆ گوشار خستنەسەر حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی ئەم پرۆسە نامرۆییانەی ئاراستەی گەلی کوردی ئاشتیخواز و ئازادیخواز کراوە.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥)

لەبەرئەوەی بەڵگەنامەکە زۆر ڕوون نەبوو هەر دەقاودەق بە عەرەبییەکەی دانراوەتەوە.



مجلس قيادة الثورة الكردية ـ كوردستان العراق
الهيئة الادارية لجمعية الطلبة الاكراد في اوربا

تحية ثورية صادقة

يؤسفني جدا ان ابلغكم بقرار جامعة الصداقة بين الشعوب "لومومبا" بفصلي من الجامعة بسبب غير معقول وغير واضح واخفاء حقيقة اسباب القرار ومنزاه السياسي وخاصة جاء القرار مخالفا لابسط التقاليد الجامعية حيث كنت في اجازة دراسية مرسية لمدة سنة واحدة وبعد اكمال السنة مباشرة رغم تقديم الطلب قبل اكمال المدة لاجل الاعادة . وتوضيحا لكم اسرد مجريات الحوادث في مسالة فصلي من الجامعة واسباب الفصل ومن هم الذين وقفوا وراءه .

بتاريخ ٣١/اب/ ١٩٦٦ وصلت الى الاتحاد السوفياتي ، ودخلت الى جامعة الصداقة "الكلية التحضيرية ـ لعام ٦٦/ ٦٧ . اكملت الدراسة فيها وفي ونتها المقرر بنجاح . وفي العام الدراسي ٦٧/ ٦٨ دخلت الفصل الاول من كلية الاقتصاد ، الا ان المرض الذي اصابني فجاءة اضطرني الى تقديم طلب الى ادارة الكلية بمنحي اجازة دراسية وذلك في تشرين الثاني ١٩٦٧ وفعلا اكملت كافة الفحوصات الطبية ان غزة وبقرار من اللجنة الطبية منحتني الجامعة اجازة صرسية دراسية ـ تنتهي في بداية ايلول ١٩٦٨ ،

خلال مدة الاجازة لم اقصر في واجباتي من اجل خدمة الجمعية وقضية الشعب الكردي الوطنية والدعاية للثورة واهدافها .

وقد شاركت في المؤتمر الثاني عشر للجمعية في بغداد ولاول مرة وشرفت بمثلة كافة الزملاء الاكراد وانتخبت عضوا في الهيئة الادارية للجمعية في اوربا . وكما هو واضح لدى اعضاء الهيئة الادارية والجهات السياسية المشتركة في الجمعية ، كان من المقرر ان انتقل الى المانيا الديمقراطية بعد المؤتمر مباشرة مع الاخ جوهر شاويس لممارسة مهامنا في الجمعية وفعلا قدمت اوراقي للجهات المسؤلة في وزارة التعليم ـ المانية الديمقراطية ـ وقابلت شخصيا احد المسؤلين في الوزارة في اوائل شهر ايار ٦٨ وقد ابلغني المسؤل بان المقعد المخصص لي مع الاخ جوهر موجودا وبامكاننا الالتحاق بالجامعة في اوائل ايلول ٦٨ ، الا ان ذلك قد تعرقل بسبب تطور الاحداث السياسية في العراق وخاصة في صفوف الحركة الثورية اثرت سلبا ولعبت معرقلا في عدم نقلي الى المانيا وكذلك ادت الى سحب المقعد المخصص لي . ولقد اعتبرت اتخاذ هذا السحب اجراء بديهيا . ولكن لم اكن اتصور بان الاخوان الذين اقدموا على سحب المقعد في المانيا يتجاوزوا الحدود ويمدوا انوفهم الى مقعدي الدراسي في الاتحاد السوفياتي ..

ومع اشتداد الصراع بين الطلبة العراقيين في الخارج وخاصة الاتحاد السوفياتي ووصولها الى حد الاقتتال عكرت تصرفات غير مسؤلة بحق من يخالفهم الرأي بصفوف الاخوان العراقيين !!! وانني لا انكر كعضو في اتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية ـ قمت بواجبي من اجل الدفاع عن الاتحاد و وحدته ولجنته التنفيذية ضد محاولات ـ الجماعة في بغداد بضربهم في موسكو ..
ان موقفي من ما يسمى بمثلي الاتحاد في الخارج دفع بانصارهم في موسكو الى تشديد الحملة

-٢-

نسدى وقد خلق الافتراءات وحتى الاكاذيب ووصل بهم الامر الى تحريض الجهات المسؤولة في الجا
معة نسدى والطالبة بايعادى من الاتحاد السوفياتي موصلها بتاريخ ١٠/ ٥/ ٦٨ طلب الى مسؤول
دائرة الشرق الاوسط في الجامعة ان قادر الاتحاد السوفياتي خلال اسبوع واحد بحجة وجوب
تعتضي بالاجازة خارج الاتحاد السوفياتي في حين كان هنات طالب عراقي اخر في اجازة دراسية
يحيين في موسكو الى جانب عدد اخر من الطلبة في نفس الوضع . وقد اخبرت فرع الجمعية في الاتحاد
السوفياتي بمراجعة الجهات المسؤولة في الجامعة والوزارة السوفياتية وعلى اثره بقيت في الاتحاد السوفي
الا السوفياتي .
وقد شاركت مع وفد الجمعية في مهرجان الشبيبة والطلبة العالمي في صوفيا وبعد عودتي بتاريخ ١٠/
اب ٦٨ الى موسكو راجعت المسؤولين في الكلية حول اقامتي وطلبوا الي ان اقدم طلبا
مع موافقة اللجنة الحزبية بالسماح لي بالدوام بناء على ذلك قدمت طلبا بتاريخ ١٦/ اب/ ٦٨ مع
كتاب المستشفى بالموافقة والتاكيد على امكانية استمراري في الدراسة . ثم سافرت الى وارشو
للاستراحة في اجتماع الهيئة الادارية العامة وانا مطمئن بان ملف الدراسي منشور في موسكو
رغم الهمسات التي تناولت حول شخصي من الجامعة . وبعد عودتي بتاريخ ٢٠/ ٨ الى موسكو
راجعت ادارة الكلية واخبروني بان اقامتي في ٦/ ١/ ٦٨ وقد التحقت بالكلية في الصف الاول ..
وبتاريخ ٩/ ١ عندما استلم الطلبة بواتيهم راجعت الكلية فارسلوني الى رئاسة الجامعة ولمدة
اسبوع واحد وانا بين رئاسة الجامعة وعمادة الكلية دون اجابة [illegible] لمراجعتي معاون
[illegible] الذي لم يصدر قبل الان وان للعمادة وجهة نظر في الموضوع
قد تعجبت من الامر وسألت هل يمكن اخباري بالمسألة اجابني معاون العميد مايلي نصا :
"انت اخذت اجازة مرضية دراسية لم تستعملها للمعالجة والراحة بل كنت مشتغلا في القضايا
السياسية والسفرات الى الخارج وتمثل صفوف الطلبة العراقيين بنشر بيانات معادية
للاتحاد السوفياتي الخ ....." وقد اجبته بان سفراتي للخارج واجب طلابي مفروض علي كعضو
في الهيئة الادارية العامة في الجمعية (جمعية الطلبة الاحرار في اوربا) وفيما يتعلق بالطلبة
العراقيين فهذا شيء داخلي وليس من حق الجامعة ان تتدخل في شؤوننا الداخلية وان تحاسبني
على ذلك اما فيما يخص نشر بيانات او القيام بدعاية معادية للاتحاد السوفياتي - فهو عار عن الصحة
وليس له اساس مادي او ادبي واطلب تقديم البراهين والادلة على ذلك ان وجدت وانني
اعتبر هذه التلفيقات من قبل بعض الاخوان العراقيين الذين يختلفون معي في الموقف السياسي .
ان تلك الاتهامات كررها مسؤول الشرق الاوسط وكذلك احد معاوني رئيس الجامعة وادعوا عليّ
الثلاث بان سلوكي لايتفق مع سلوك الطلبة واني خامل في الدراسة وبعد فصلي الا وقالوا
بانهم يطرحون مسألتي على مجلس الجامعة للنظر فيها . وبذلك اخبرت لجنة فرع الجمعية بالموضوع
وطلبت منهم مراجعة الجهات المسؤولة في الجامعة وبعد مراجعة الاخوان اعضاء اللجنة فرع الاتحاد السوفيا
اعتبر المسؤولين في البداية اعطاء السبب الحقيقي وتجنبوا الاشارة للجانب السياسي بل حاولوا
التمسك بالجانب الدراسي وهي الاخرى بدون اساس مادي حيث اكملت الدراسة في الكلية التحضيرية

-٣-

جاح ولكن ضعف الحجة وعدم شرعيتها فرض عليهم اخيرا ان يعترفوا بالحقيقة وصراحة الجمعية بان اتجاهه السياسي لايتفق مع (مصلحة الاتحاد السوفياتي) وسياسة الجامعة ٠انهم يدعون بانني متخلف عن الدراسة بالوقت الذي لم يسمحوا لي بمواصلتها في حين ان التخلف الدراسي يعني دوام الطالب وعدم تقديمه الامتحانات خلال العام الدراسي ٠٠ ولي مثل هذه الاحوال يفصل او يسمح له باعادة الكورس (الصف) وهنالك عشرات المتخلفين دراسيا سمح لهم بمواصلة دراستهم ولكن لم يحدث هذا بالنسبة لي ولذلك فان حجتهم غير قانونية وبدون اساس مادي وبعد الحاح الجمعية وكثرة مراجعتها للمسؤولين ٠ قرروا عند عقد مجلس الجامعة دعوة ممثل الجمعية بالحضور معي وبتاريخ ٢٥/ ١ انعقد مجلس الجامعة وحضر معي الاخ حسين البرزاني سكرتير الفرع ٠٠ عند دخولنا شعرنا ان القرار مهيء وانهم فقط يريدون ابلاغنا وفعلا طرح ممثل الكلية في المجلس مباشرة القرار ولخصه وحسب تعبيره بـ في نقطتين بـ طالب غير موؤدب متخلف دراسيا ٠٠٠!!!! وقد تجاهلوا تجاهلوا كل الحجج السابقة وقد رديت عليهم وكذلك الاخ حسين وخاصة محاولاتهم تشويه سمعتي الشخصية وقد ظهر جليا ان الطباخ كان ماهرا!! وبالاجماع وبدون مناقشة اتخذ المجلس قرارا بفصلي ٠٠

هذا وقد استقبل زملائي الطلبة الاكراد خاصة والطلبة العراقيين بصورة عامة هذا القرار المجحف بحقي بالي ٠٠ ولي يوم ٢٧/ ١/ ٦٨ قدم (١٠٠) مئة طالب وطالبة من العرب والاكراد عراقيين وسوريين مذكرة الى اللجنة المركزية للحزب الشيوعي السوفييتي ووزارة التعليم العالي والشبيبة السوفيتية ورئاسة الجامعة الصداقة بـ ٠ يعبرون عن سخطهم واسفهم على قرار مجلس الجامعة ويطالبون باعادة النظر في القرار وكذلك تقدمت لجنة الفرع مذكرة تفصيلية حول المسالة الى نفس الجهات ٠ ولا يفوتني ان اقول بان بعض الاخوان العراقيين الذين امتنعوا عن تقديم اي مساعدة وحتى التوقيع على المذكرة او الذهاب مع الوفد الطلابي لمقابلة المسؤولين في الجامعة ٠٠ وقد ذكر المسؤولون الذين راجعوهم بانهم سيعيدون في القرار الا انه وبيع الاسف انعقد مجلس الجامعة بتاريخ ١/ ٢ وثبت القرار واكد على فصلي من جديد ٠انني اسجل في رسالتي شكري وتقديري لكافة الاخوان على جهودهم وخاصة لجنة فرع الجمعية واناشدكم ان ترفعوا صوتكم بالمطالبة بالغاء قرار فصلي ٠

ايها الاخوان الاعزاء

حتى اذا لم تكلل جهودكم بالنجاح من اجل الغاء القرار اعاهدكم بان اركس كل امكانياتي من اجل الجمعية واهدافها لخدمة الشعب الكوردي واهداف ثورته المجيدة ٠

والى الامام من اجل خدمة شعبنا الكوردي المناضل وثورة كوردستان ٠

المخلص

جمشيد حيدري

عضو الهيئة الادارية العامة لجمعية الطلبة الاكراد في فرنسا

موسكو ١٠/ ١٠/ ١٩٦٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

وێنەی ئەو گشتاندنەی لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە دەریکردووە (لێژنەی شاری بۆن) داوا لە ئەندامان و کارمەندانیان دەکەن، هاوکاریی دارایی کۆبکەنەوە بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەکی کوردی بۆ منداڵانی کورد لە لوبنان بۆئەوەی بە زمانی دایکیان تێیدا بخوێنن.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

گشتاندن

بۆ/ برایانی ئەندام و کارمەندانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

سڵاوێکی گەرمی خەباتگێڕانە

أ. نامەیەکمان لە برایانی کوردی لوبنان پێگەیشتووە و تێیدا دەڵێن پڕۆژەی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی کوردییان خستووەتە واری جێبەجێکردنەوە لە بەیرووت، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی پڕۆژەکە جێبەجێ دەکات کە سەر بە کۆمەڵەی وەرزشیی ئورزی کوردی لوبنانە.

ئەم پڕۆژەیە، دەستکەوتێکی مەزنە لەچوارچێوەی ئەو دەستکەوتانەی کوردی لوبنان بەدەستیان هێناوە کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا منداڵانی کورد بە زمانی نەتەوەی خۆیان وەکو زمانێکی فەرمی لە قوتابخانەکەیاندا دەخوێنن. بۆیە لقی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا داوا لە گشت لقی شارەکانی ئەڵمانیا دەکات بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە مەزنەدا بکەن و پشتگیریی داراییان پێشکەش بکەن و هاوکاریی داراییان بۆ کۆبکەنەوە و بینێرن بۆ دەستەی کارگێڕیی گشتی لە (بۆن) و ئێمەش لەلای خۆمانەوە پسوولەی بڕە پارە وەرگیراوەکانتان بۆ دەنێرین کە پسوولەی تایبەتن بەناوی"کۆمەڵەی وەرزشیی ئورز-پڕۆژەی دامەزراندنی قوتابخانە".

ب. سەبارەت بە ئاهەنگەکانی نەورۆز، ئەمساڵ پێدەچێت ئاهەنگەکان لە شاری (بۆن)دا بەڕێوەبچێت، بەڵام تاکو ئێستا بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە، هەر کە بڕیاری کۆتایی لەسەر درا، ئاگادارتان دەکەینەوە.

ج. چەند بڕگەیەکمان لە ڕۆژنامەی"التآخی"وەرگرتووە و چاپمان کردوون، نرخی دانەیەکی بە دوو مارکی ئەڵمانییە، تکایە نرخی ئەوەشمان بۆ بنێرن.

بژی کوردستانی ئازیزمان، بژی کۆمەڵەکەمان

بۆن لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤

حوسێن سەعدۆ

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧)

دەقی نووسراوی دەستەکارکێشانەوەی حەمەڕەش ڕەشۆ، ئەندامی لێژنەی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا پێشکەش دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەی کردووە.

Navnîşana min
I.Berlin 30
Gleditsch Str.43/II

Roj: 30/I2/I964
Bajarê--: Berlin

Ji bo Sekreterê Komitîya Rêberî Gêştî aKomelê
Xwedikaranî Kurd li Ewropa

Jiber ku min bi rastî biraderên Kurd endamên Liqî Berlina Rojava çak nasnekirîbûn û her waha endamên Komitîya Rêberî Gêştî (hinek li wan) jî,min her axaftina wêna bi tenê bi dilekî paqij û Kurdewarî digirt û pê^dilteng û dilşikestî nedibûm.Lê zor mixabin ku di nava van rojan de hemû gurên pûrt zîvînî çermên xwe avêtin û dûrvê wêna ênrastî derkete derva û ê vir hada jî ev nasîna rastane her waha dom bike ku ev jî ê ji bo gellek biraderên Kurd emaze ji bo Kurdên Bakur êndilbirîn serpêhatîbe û dîrok jî ê bide ber çavên êntê.

Ez bi xwe vê nameya xweb bi berketinek pir dilşikestî dinivîsim û min hêvî dikir ku minê ev rewşa nexweş di nava bira KURDAN de neditîbûya!!!....

Dawî daxwaza xwe a lê bibhorînê û rêdan ji bo derketin li Komitîya Liqî Berlin a Rojava dixwazim.


Bijîn Kurdên azadîxwaz!
Bijîn Kurdên ku bi tenê rastîyê bawerdikin!
Bijîn bira Kurdên ku bê tiştek ji bo xwe xwestin û bi tenê ji bo gelê xwe xebata gelî dikin!
Xwehesîn ji bo Kurdên dilpaqij lê xewgiran!
Bimrên Kurdên bi çavgirtî di tarîyê de dimeşin ku zanin ev tarîyek bê awîye!!!!.

Birayê we ê Kurd
Hemreş Reşo
H. Reşo

Giringî:Bi her avayî amedeyî rexne girtinême.
Hêvîya bersîvek nivisî dipêm.

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨)

نامەیەکی دەستنووسی دکتۆر کەمال فوئاد، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٥ بۆ حەمەڕەش ڕەشۆی ناردووە و سەرسامیی خۆی بۆ دەستەکارکێشانەوەکەی دەردەبڕێت و پێیدەڵێت ڕوشدی عەلی شەریف چاوی پێدەکەوێت بۆ زانینی هۆکارەکانی دەستەکارکێشانەوەکە.



Berlin, le 15.5.65

Biray berêz kak Hemreş!

Paş silaw- Xoşît Rîwame - Sibey
wate yekshem 16.5 katî 12-13
kak Ruşdî yet bolat - tibaye le
mal lee.

Em namane çiye? lamy kak
Saadi dozîmewe. Tibaye lege
kak Ruşdî basiyan likre.

Îtir ther bijîm. Biratam kamal

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩)

بەڵگەنامەیەکە بەسەر سەرجەم لقەکانی کۆمەڵەکەدا دابەشکراوە و ناونیشانی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتیی تێدا تۆمارکراوە لەگەڵ ناوی ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین، هەروەها ناونیشانی لقەکانیش کە هی سکرتێرەکانیانە، بە مەبەستی نامەناردن و پەیوەندیکردن. بەڵگەنامەکە لەلایەن دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە لە مانگی شوباتی ١٩٧٠ دابەشکراوە.

KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA

(Kurdish Students' Society in Europe)

N A W N Î S A N Î

A. Endamanî Komîtey Bereweberî Gîştî.

1. Sekretariat

a) Rahman GHADERI
8 München 13
Steinickeweg 7
Deutschland

b) Serdar ARARATI
8 München 60
Bodenstedtstr. 28
Deutschland

c) Jamal ALEMDAR
Näsbydalsv. 2, 10 tr.
S-183 31 TÄBY
Sweden

- - - - - o - - - - -

d) Newzad N. SALEH
P.O. Box 146
SOFIA
Bulgaria

e) Hawar ZIAD
10, Airlie Gardens
Kensington
LONDON W.8
England

f) Jawhar SHAWAIS
c/o Shihab Ahmed
7035 Leipzig
Sattelhof Str. 3
D.D.R.

g) M.S. GOUMA
1034 Berlin
Leninallé 246
D.D.R.

B. Liqekan

a) BULGARIA – N.N. SALEH, P.O. Box 146, SOFIA
b) CZECHOSLOVAKIA – Aziz REDA, Kolej Strahov, Blok II č.p. 214, PRAHA 6
c) ENGLAND – Hawar ZIAD, 10. Airlie Gardens, Kensington, LONDON W.8
d) FRANCE – Yousif IBRAHIM, 27, Rue gat Russac, PARIS 5
e) AUSTRIA – Zubair H. FERHAN, Türkenstr. 3 Zi 608, 1090 WIEN
f) WEST BERLIN – Hussein KIKI, Königin Luise Str. 96
g) D.D.R. – M.Saleh SAID, BERLIN, Adlershofselchow Str. 19
h) POLAND – Ali GHAFOUR, OLSZTYN, Kotowo Bl. 3
i) ITALY – Kemal ZEINO, Cibeca Masilio, Via Del Posticcip No. 66, PERUGIA
j) SWEDEN – Omar SHEIKHMOUS, Vidängsv. 9, KFUM, BROMMA
k) Yugoslavia – Adib TOMA, N. BEOGRAD, Džona – Kemedija 37/12
l) HUNGARY – Adnan H. MOHAMMED, Bezsö – ter 16, BUDAPEST 8
m) U.S.S.R. – Hussein BARZANI, Profsouznaya 22, K6, MOSCOW V-36
n) WEST GERMANY – Adil M.Kadir, Saarstr. 21, Int.Studentheim Zi 709, 65 MAINZ

Sekretariat

1. Şubat 1970
TÄBY - SWED

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی

کۆڕی زانیاریی کورد

ژمارە/ ١٦٧/٢١

ڕێکەوت/ ٢٠ی ئاداری ١٩٧٤

سکرتارییەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

(دەنگی کۆمەڵە) - بەرلین

بابەت/ بەدیاریی کردنی چاپەمەنییەکان

گەرمترین سڵاوی کۆڕی زانیاریی کوردتان ئاراستە دەکەین و خۆشحاڵین ئاگادارتان بکەینەوە کە نووسراوی ژمارە (٣٣) تان لە ١٢ی کانوونی یەکەمی (١٩٧٣) بە ئێمە گەیشت کە بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری (دەنگی کۆمەڵە)ی تێدایە و داوادەکەن ئەدەبیاتمان بۆ دەستەی نووسنی گۆڤارەکە بنێرین.

بۆیە ئەم چاپکراوانەمان بۆ ناردن کە لە لیستی هاوپێچدا هاتووە، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە لە وەرگرتنیان، لە ئایندەشدا سەرجەم بڵاوکراوەکانی کۆڕتان بۆ دەنێرین. هەر بەو بۆنەیەوە ئێمەش داواتان لێدەکەین گۆڤارەکە و هەر بڵاوکراوەیەکی دیکەی کۆمەڵەکە بە هەر چ زمانێک نووسرابێت، بۆ کۆڕی زانیاریی کوردی بنێرن تا لە کتێبخانەکەی خۆماندا بیانپارێزین.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمان

حوسێن فەیزوڵڵا جاف

بەڕێوەبەری کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد

هاوپێچەکان

لیستێک

دانەیەکی بۆ/ کتێبخانە

دۆسیەی کردنەدیاری و ئاڵوگۆڕکردن -کۆگا

بەڵگەنامەی ژمارە (٤١)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دکتـۆر حوسـێن کیکـی، سـکرتێری لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا، داوا لـە ئەندامانـی لـق دەکات بەشـداری بکـەن لـەو خۆپیشـاندانەی کۆمەڵێـک لـە ڕێکخـراوە چەپخـواز و پێشـکەوتنخوازانەی ئەڵمانیـا و بیانـی ڕێکیدەخـەن دژی حوکمـی فاشـیزمی لـە تورکیـا بـۆ پشـتیوانیکردنی هـەردوو گەلـی کـورد و تـورک.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

برایانی ئازیز، ئەندامانی لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

لـە کاتژمێـر ١٨ی ئێـوارەی ڕۆژ هەینـی ڕێکەوتـی ٩ی تەمـووزی ١٩٧١ خۆپیشـاندانێک دژی حوکمـی فاشـیزمی لـە تورکیـا بەڕێوەدەچێـت بـۆ پشـتیوانیکردنی گەلانـی کـورد و تـورک دژی ئـەو ڕژێمـە، لەبەرئـەوەی ئەرکـی سـەر شـانی هەموومانـە بەشـداری لـە خۆپیشـاندانەدا بکەیـن، داوا لـە سـەرجەم کـورد دەکەیـن لـە شـوێن و کاتـی دیاریکـراودا ئامـادە بـن.

لـەم خۆپیشـاندانەدا، سـەرجەم ڕێکخـراوە پێشـکەوتنخواز و سۆشیالیسـتەکانی ئەڵمانیـا و بیانـی بەشـداریی تێـدا دەکـەن، بۆیـە پێویسـتە ئێمـەش نوێنەرایەتیـی کۆمەڵەکەمـان لـەم خۆپیشـاندانەدا بکەیـن.

بۆپێشەوە بۆ خەبات لەپێناو پشتیگیریکردنی سەرجەم گەلان لە دژی داگیرکەر و فاشیزمان.


تێبینی: تکایە هەر کوردێک کە دەیناسن، داوایان لێبکەن ئەوانیش بەشدار بن.

سکرتێری لق

حوسێن کیکی

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)

کارتی داوەتنامەیەکە بەناوی سەرکۆماری هەنگاریای میللی بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی هەشتەمی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی جیهانی. کۆمەڵەکە بە شاندێک بەشداریان تێدا کرد کە بریتی بوون لە عەدنان یونس و تەحسین دەرۆێش لوتفی و وشەی کوردستانیان بە ئینگلیزی لەسەر سنگی خۆیان دابوو.



Losonczi Pál
a Magyar Népköztársaság Elnöki Tanácsának Elnöke
szívesen látja Önt
a Demokratikus Ifjúsági Világszövetség megalakulásának
25. évfordulója és VIII. Kongresszusa alkalmából adandó
fogadáson
az Országházban 1970. november 5-én 20,00 órakor
Bejárat a főkapun

دەقی داوەتنامەکە بە کوردی:

سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سەرۆکایەتیی کۆماری هەنگاریای میللی (سەرکۆمار)!

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی جیهانی و بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمیان، لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ کاتژمێر هەشتی ئێوارە، لە کۆریدۆری سەرەکی بە گەرمی پێشوازیتان لێدەکەین.

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

هەشت یەکێتیی خوێندکاران لە جیهاندا پشتگیریی لە ئیرادەی گەلی کورد دەکەن و تاوانە فاشیستییەکانی عێراق ئیدانە دەکەن.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

هەشت یەکێتیی خوێندکاران تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی فاشیستی عێراق دەرهەق بەگەلی کورد و ئیعدامکردنی قوتابیانی کورد ئیدانە دەکەن، یەکێتییەکانی قوتابیانی یۆگسلاڤیا، ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، کینیا، تونس، نەرویج، کیشوەری ئوسترالیا، زامبیا و ئایسلەندا بڕووسکەیەکیان بۆ سەرکۆماری عێراق ناردووە و ئەمەش دەقی بڕووسکەکەیە:

بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق - بەغدا

ئێمە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی قوتابیانین لە کۆنگرەی یانزەی یەکێتییەکانی جیهان کە لە ٧ بۆ ١٤ی ئایار لە بۆدابستی پایتەختی هەنگاریا بەستراوە و لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، ئاگاداری ئەو بڕیارە فاشیستەی داداگاکانتانین کە لە دادگاییکردنێکی سەرپێییدا بڕیاری ئیعدامکردنی بەسەر پێنج خوێندکاری کورددا سەپاندووە کە لەنێویاندا لەیلا قاسم حەسەنی تێکۆشەرە و بەبێ ئەوەی لە دادگایەکی مەدەنیدا دادگایی بکرێن و ڕێگەیان بدرێت داکۆکی لەخۆیان بکەن.

ئێمە ئیدانەی تاوانەکانتان دەرهەق بە گەلی کورد دەکەین و بزانن؛ ئەم ڕەفتارە نامرۆییەتان بە تاوانێکی قێزەون هەژمار دەکرێت دژی بزووتنەوەی قوتابیانی پێشکەوتنخوازی جیهان و ئێمەی بەشداربووانی کۆنگرەی یانزەی یەکێتییەکانی خویندکارانی جیهانی زۆر نیگەران و پەست کردووە کە زۆربەی هەرە زۆری شاندی بەشداربوو، وێنەی ئەو خوێندکارە شەهیدانەیان لە ڕۆژنامە فەرمییەکانی عێراقدا بینیوە، ئێمە ئیدانەتان دەکەین و گەل و مێژووش لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات.

شکست بۆ فاشیستەکان .. نەمری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی قوتابیانی پێشکەوتنخوازی جیهان ...

ئیمزاکان:

١. یەکێتیی قوتابیانی یۆگسلاڤیا

٢. یەکێتیی قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا

٣. یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی کینیا

٤. یەکێتیی گشتیی قوتابیانی تونس

٥. یەکێتیی قوتابیانی نەرویج

٦. یەکێتیی قوتابیانی کیشوەری ئوسترالیا

٧. یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی زامبیا

٨. یەکێتیی قوتابیانی ئایسلەندا

٩. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤)

نامەیەکە لە ڕێکخراوی (باهۆز) بە زمانی کوردی بۆ دکتۆر نورەدین زازا و لە دەرکردنی گۆڤاڕێک ئاگاداری دەکاتەوە:".... ڕێکخراوەکەمان بڕیاری داوە گۆڤاڕێک بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و گوندنشینانی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەربکات کە زۆربەی لاپەڕەکانی بە زمانی کوردی دەبێت. ڕێکخراوی باهۆز لە نامەکەیدا داوا لە دکتۆر نورەدین زازا دەکات، لوتف بنوێنی و بابەت بۆ گۆڤارەکەیان بنێرێت و پێداچوونەوەش بۆ ئەو بابەتانە بکات و کە بە زمانی کوردی دەردەچن و پاکنووس و ڕاستیان بکاتەوە.

B A H O Z
Rêxistina Têkoşer û
Şoreşgerên Kurdistan

Uppsala,9.1.1973

Mamostayê giranbiha,kek ZAZA

Rêxistina me biryar daye,ku di demekê kurt de ji bo têgihandin û hişyarkirina karkêr û gundiyên Kurdistan kovarekê biweşîne.Ev kovar ê bi Kurdî û Tirkî wanê çapkirin. Lê em ê gireniyê bidin ser zimanê Kurdî,Herweha kovar ê bi zimanekî pir sivik ware nivîsîn.Lewra;

a)-Rêxistina me di wê bîr û baweriyê de ye,ku gelê Kurd hewceyî zanebûn û qelema te ye.Ji lewra em ji te hêvî û tika dikin,ku tu dirêxî(teksîr) bi alîkarî û gotarên xwe mekî.

b)-Rast û durist nivîsandina zimanê Kurdî pêdivî ye.Jiber vê yekê,em hêvîdarin ku tu di vî warî de destên xwe dirêjî me bikî.Ew jî rastkirina nivîsanên,ku warin çapkirinê ye.

Em bawer in ku tu ê van daxwazên me bipejirînî. Wek salên bohirî,dîsan tu ê hemû hêz û şiyanên xwe ji bo ser-firazî û serbilindiya Kurdan bikar bînî.

Êdî rêzdarî û silavên xwe rêdikin û di sala nû de serketin û saxîya te dixwazin.

POLÎT BÎRO

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥)

نامەیەکە لە ٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩دا ڕێکخراوی باهۆز بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی ناردووە و پێیانڕادەگەیەنێت، تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکە پشتگیریی شۆڕش و سەرکردەکەی، مستەفا بارزانی دەکەن و ئیدانەی ئەو کوردانەش دەکات کە لەناوخۆ و دەرەوەدا پشتگیریی دوژمنانی شۆڕش و گەلی کورد دەکەن.

BAHOZ: KOMELA TEKOŞERÊN KURDÎSTAN

3. 6. 1969
Ewropa

Ji bo Mekteba Tenfîzî a Şorişa azadî


Gelale - Kurdistan

Rêberên Welatparêz!
Silavên germ û têkoşer pêşkeş in...
Di vê demê de ku îro Şorişa me bêtirî her rojekê hewceyê piştgîrî û alîkarî ye,em dibînin ku gelek şûrkeşên neyaran wek Celo û Elo û berdestkên wan li welat û derveyî welat derketin e...
Di her demêkê de û di têkoşîna her gelekî de ev celeb kes peydah bûne. Bê şik ku evana goriyê xweperestî û xiniziya xwe nin. Divê netewê Kurd bi hîç rengekî rê nede van kesan. " Ger kurmê darê ne ji darê be,dar narize". Ev gotina bav û kalan jî xweş dide xûyanîkirin ku dîroka gelê me ji van kesên xiniz tijî ye û divê evana yêkemîn dujmin werin nasîn û serên wan zûtirîn kat werin pelixandin.
Gişt endamên Bahoz girêdan,piştgîrî û amadebûna xwe ji bo her xebatek gelî pêşkeş dikin.
Her bijî Şorişa azadî li Kurdistana Nîvro!
Her bijî Serekê Şoriş M. M. Barzanî!
Her bijî Pêşmerge û Pêşengên Şorişa azadî!
Her bijî Têkoşerên Kurd li her alî Kurdistan!
Mirin ji bona Caşên nû - kevn û neyaran!

Bi navê Komîteya Bahoz

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٦)

داوەتنامەیەکی لقی بەرلینی ڕۆژئاوایە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە و کۆمەڵە و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئەڵمانی و بیانییەکان داوەت دەکات بۆ بەشداریکردنیان لە ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز.



KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA
Liqî Berlin

VEREINIGUNG DER KURDISCHEN STUDENTEN IN EUROPA
Berliner Zweig

Jimare : 13 (No)

Mêjû : 30.3.1975 (Datum)

EINLDUNG

Das kurdische Volk feiert jedes jahr am 21.März sein National-fest,das neu-Jahr-Fest (Newroz).

Die Vereinigung Kurdischer Studenten in Europa Zweigstelle Berlin veranstaltet jedes Jahr ein Fest,um unsere deutschen Freunde mit dem kurdischen Volk,seiner Kultur und die politische Lage kurdistans bekannt zu machen .In diesem Jahr wird das Fest am 5.4.1975 in der alten Mensa der TU stattfinden.


Es wird uns eine Ehre sein,wenn wir Sie bei uns begrüßen können.

Hochachtungsvoll

i.A.

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٧)

دەقی بەڵگەنامەیەکە کە بەناوی نووری ئەحمەد، سکرتێری لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دەرچووە و ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کاروباری ئاوارەکانی کردووە و زەردەشت حاجۆ، ئەندامی لێژنە کارگێڕییەکەشی کردووەتە ڕێپێدراو بۆ بەدواداچوونی پرسی نیشتەجێکردنی هەریەک لە جەلال ئەحمەد و بارزان مەتینی لەگەڵ فەرمانگەی کاروباری ئاوارەکان لە بەرلینی ڕۆژئاوا کە هەردووکیشیان ئەندامی لقی بەرلینی کۆمەڵەکەن.



KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA
Liqî Berlin
VEREINIGUNG DER KURDISCHEN STUDENTEN IN EUROPA
Berliner Zweig
1 Bln, 36 P.F. 153

Jimare : 5 ...
(No)

Mêjû : 8.1.1974
(Datum)

Bescheinigung

An
Polizeipräsidium
(Ausländerbehörde)

1 Berlin 61
Puttkamerstr.


Hiermit berechtigen wir unseren Vorstandmitglied Herrn Zaradacht Hajo in den Angelegenheiten der Herren Jalal Ahmad Abdula und Barzani Metini vorzusprechen.

Sekretär
Nuri Ahmad

KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA
Liqî Berlin
VEREINIGUNG DER KURDISCHEN STUDENTEN IN EUROPA · Berliner Zweig

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٨)

وێنەی مۆڵەتی پۆلیسی ئەڵمانی لە بەرلینی ڕۆژئاوا کە ڕێگە بە لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەکە دەدات لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٥ خۆپیشاندانێک بۆ ئیدانەکردنی ئەو شەڕە کۆمەڵکوژییەی ڕژێمی عێراق دژی گەلی کورد بەرپای کردووە لە باشووری کوردستان ڕێکبخەن.



Der Polizeipräsident in Berlin
Landespolizeidirektion

BERLIN

Der Polizeipräsident in Berlin, 1 Berlin 42, Tempelhofer Damm 1-7

GeschZ (bei Antwort bitte angeben)
Dir VS P 1 50.10/75 (39)

Herrn
Zaradachet H a j o
-Vereinigung der Kurdischen
Studenten in Europa-
Berliner Zweig
1 B e r l i n 46
Am Gemeindepark 59 bei Rehm

Zimmer
Fernruf 6993405
Apparat
Datum 21. März 1975

Sehr geehrter Herr Hajo!

Hiermit bestätige ich Ihnen die gemäß § 14 des Versammlungsgesetzes erfolgte Anmeldung vom 3.3.1975 für einen Aufzug mit anschließender Versammlung unter freiem Himmel

am 12. April 1975

in der Zeit von 14.00 Uhr bis 16.00 Uhr.

Für den Aufzug gilt die in Ihrer Anmeldung angegebene Wegstrecke:

Berlin 15,
Olivaer Platz (Sammelpunkt)
Kurfürstendamm
Tauentzienstraße
Wittenbergplatz (Kundgebungs- und Auflösungsort).

Als verantwortlicher Leiter haben Sie für den ordnungsgemäßen Ablauf der Versammlung und des Aufzuges zu sorgen.

Weitere Hinweise bitte ich der Anlage zu diesem Schreiben zu entnehmen. Auf die Beachtung der Ziffer 4 wird besonders hingewiesen. Für die Inbetriebnahme eines Lautsprechers erhalten Sie einen weiteren Bescheid.

Hochachtungsvoll
Im Auftrage
B u s e

Beglaubigt:
Ang.i.S.

Zahlungen nur an die Landeshauptkasse Berlin (bargeldlos erbeten) Kontonummer 137–106 Geldinstitut PSchA Berlin West Bankleitzahl (100 100 10) al

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٩)

نیویۆرک، ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣، ئوتێلی پاریسۆن پلازا، گۆڕەپانی ناوەندی، باشووری نیویۆرک ١٩، ژمارەی تەلەفۆن ٧٧٠٠٠

بەڕێز

ئەوانەی بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە باسی کێشە حیهانییەکان دەکەن، بەرگریی زۆریان لە مافەکانی گەلانی چەوساوە کردووە، بە بڕوای من نابێت گەلی کورد لەو بەرگریکردنە بەدەر بکرێت.

بەوپێیەی لە ٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ەوە گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خەباتی کردووە و حکومەتی عێراقیش ڕەزامەندیی لەسەر داوە و وایدەبینین مافی خۆیەتی دووبارە ڕوو لە بەریتانیا بکات و داوا لە بەریتانیا و سەرجەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بکات تاکو سنووردێک بۆ چەوساندنەوە و کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد دابنرێت و هەنگاوی کردەنی و مەیدانی بنرێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد.

داواتان لێدەکەین بەلانی کەم لێژنەی لێکۆڵینەوە بۆ عێراق بنێرن، هەروەک چۆن بۆ وڵاتانی دیکەتان ناردووە و کۆتایی بە کێشە هەڵپەسێردراوەکان هێنراوە.

هەروەک ئاگادارن؛ کێشەی کورد دۆزێکی نەتەوەییە، پرسی مافی گەلێکە و لەلایەکی دیکەوە ڕەفتارە درندەکانی عێراق دژی کورد گەیشتووەتە ئاستێک کە ماقوڵ نییە ئەوەی لەوێ ڕووبدات بە پرسێکی نێوخۆیی دابنرێت.

پێشتان دەڵێین پێویستە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ و ساڵی ١٩٤٨ و ١٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ لەبەرچاو بگرێت.

بیانووی دەستوەردانتان لەم کێشە نێودەوڵەتییە لێرەوە دەستپێدەکات و هاوکات پێویستە حکومەتی عێراقیش هەست بەوە بکات کە هەڵوێستی دژ بە ڕەفتارەکانی ئەویش هەن، چونکە هاوشێوەی ئیمپریالیزمەکان مامەڵە لەتەک کێشەی نەتەوەیەک دەکات، لە ڕاستیدا ڕەفتارەکانی زۆر لە ئیمپریالیزمەکانیش خراپترە.

ویستم بەڕێزتان لە وێناکردنی دۆخەکە ئاگاداربکەمەوە و لەگەڵ ئەم نامەیەشمدا چەند بابەتێک هاوپێچ دەکەم و دەیخەمە بەر دیدی بەڕێزتان تاکو بزانن لە کوردستاندا چی ڕووەدات.


تکاتان لێدەکەم، چیتان پێدەکرێت بۆ گەلی کورد، بیکەن. سڵاو و ڕێزم قبووڵ بفەرموون

دڵسۆزتان، میر کامەران بەدرخان

نوێنەری گەلی کورد

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠)

بەڵگەنامەیەکی گشتگیرکراوی وەزارەتی دەرەوە و ناوەوەی تورکیایە کە هێنان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری"Kurdistan"ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا و کتێبی"لە کوردستانی تورکیا بزووتنەوەی چیای ئاگری"قەدەغە دەکات، گشتاندنەکە لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرکراوە.



T. C.
KANUNLAR VE KARARLAR
Tetkik Dairesi
Karar Sayısı
5
523

KARARNAME

Ekl

1960 yılında İrak - Süleymaniye' de Kâmuran matbaasında basılan " Türkiye Kürdistanında Ağrı Dağı Harekâtı " adlı kürtçe kitap ile Avrupa Kürt Talebe Cemiyeti tarafından Londra-Coasby C.Ltd. Southsea, Hants adresinde basılan " Kürdistan " adlı derginin, Türkiye'ye sokulmasının ve dağıtılmasının menedilmesi; Dışişleri Bakanlığının muvafık mütalâasına dayanan İçişleri Bakanlığının 28/10/1960 tarihli ve 91111-986/21/121497 ve 91116-13/77/121499 sayılı yazıları üzerine, 5680 sayılı kanunun 31 inci maddesine göre, Bakanlar Kurulunca 9 /11 /1960 tarihinde kararlaştırılmıştır.

Devlet Başkanı ve Başbakan | Devlet Bakanı ve Başb. Yardımcısı | Devlet Bakanı | Devlet Bakanı
Adalet Bakanı | Milli Savunma Bakanı | İçişleri Bakanı | Dışişleri Bakanı ve Bas-y.ve Turz.B.V.
Maliye Bakanı | Milli Eğitim Bakanı | Bayındırlık Bakanı | Ticaret Bakanı
Sa. ve So. Y. Bakanı | Güm. ve Tekel Bakanı | Tarım Bakanı | Ulaştırma Bakanı
Çalışma Bakanı | Sanayi Bakanı | Ba.-Ya. ve Turizm Bakanı | İmar ve İskân Bakanı

Dosya No :
52-111
701

080 18 01 02 157 26 19

بەڵگەنامەی ژمارە (٥١)

لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣دا عومەر شێخموس سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، ئەم نامەیەی بۆ ئەلیزابێت شاژنی بەریتانیا ناردووە:

"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا - لقی بەریتانیا ..... ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣

شاژنە ئەلیزابێت: دۆخە مەترسیدارەکەی حکومەتی عێراق لە کوردستان، بۆردوومان کردنی گوند و سووتاندنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، کوشتنی هاوواڵتیانی سڤیل و زیندانیکردنی هەزاران کەسی بێگوناە دۆخێکی کارەساتباری خوڵقاندووە. ئەمە پێشێلکردنی دەستوور و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕگە سەرەکییەکانی پەیوەستداره بە مافەکانی مرۆڤ. حکومەتەکەی ئێوە ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر فرۆشتنی چەکی قورس بە حکومەتی عێراق کە لە دژی کورددا بەکاریدێنێ و دۆخەکە پتر ئاڵۆز و قەیرانباویتر دەکات و هەڕەشەیەکی سەرباره بۆ شێواندنی دۆخەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جا چ بۆ کورد بێت یاخود عەرەب.

بەناوی بنەماکانی مرۆڤایەتی کە ئێوە ڕێزی لێدەنێن، هیوادارم داوا لە حکومەتەکەتان بکەن لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە و چیدی چەک بۆ عێراق نەنێرێت.

دڵسۆزتان

سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

ئیمزا

عومەر شێخموس

وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـاش بـەم شـێوەیە وەڵامـی نامەکـەی عومـەر شێخمووسـی داوەتـەوە:

١. ئـەو نامەیـەی لەلایـەن کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا - لقـی بەریتانیـا کـە بەڕێـز عومـەر شـێخمووس بـۆ شـاژنی نـاردووە، بـە شـێوەیەکی فەرمـی بـۆ وەزارەتـی دەرەوە نێـردرا بۆئـەوەی وەڵامبدرێتـەوە.

٢. بـە نیسـبەت ئـەو ڕەخنەیـەی خـاوەن نامەکـە ئاراسـتەی سیاسـەتی حکومەتـی شـاژنی کـردووە، پێمایـە ئـەم کێشـەیە لـە پسـپۆڕیی سیاسـەتی وەزارەتـی دەرەوەدایـە.

ئیمزا

بەشی پەیوەندییەکان

١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

هەروەهـا لـە ١٩ی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٣شـدا وەزارەتـی دەرەوە ئـەم نامەیەی بـۆ عومەر شـێخمووس نـاردووە:

" ژمارە: 68/ EY. Kyû1019 . لەندەن،1. S. Debilyû ١٩ تشرینی دووەم ١٩٦٣

بەڕێـز! ..... سـەرکردەمان! لەژێـر ڕۆشـنایی بڕیـاری بەڕێـز بوتلـەری سـکرتێر، پێتڕادەگەیەنـم ئـەو نامەیـەی لـە ١٥ی تشرینـی یەکەمـدا بـۆ بەڕێـز شـاژنتان نـاردووە، گەیشـت و بـۆ وەزارەتـی دەرەوە نێـردرا، ناوەڕۆکـی نامەکەشـتان بایەخـی پێویسـتی پێـدرا.

من لە خزمەتتدام بەڕێز

(لە ئەرشیفی عومەر شێخمووس)

تێبینی: بەڵگەنامەکە، خۆم لە کوردییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی - تۆژەر-

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٢)

لە بنەڕەتەوە بە دەستخەت بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

برایان ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

لە: ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی لقی سویدەوە

پاش بێدەنگییەکی زۆر، بەپێویستمان زانی ئەوەی لقمان لەپێناو باشترکردنی شێوازی خەباتی کۆمەڵەکەمان بە پێویستی دەزانێت بۆ حزمەتکردنی گەلی کورد و خوڵقاندنی کەشێکی خوێندکارانەی دروست لەنێو قوتابیانی کورد لە ئەوڕوپا و لەپێناو ئاماژەدان بەو کەمتەرخەمییەی لە ئەنجامی هەست نەکردنێکی جیددی بە بەرپرسیارێتی لەم دۆخە هەستیارەدا تێبینییەکانی لقتان بۆ بنێرین ...

لەپاش کۆنگرەی دوانزە کە لە بەلگراد بەسترا و پاش هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی گشتی کە متمانەی زۆرینەی کۆنگرەیان بەدەستهێنا، تاکو ئێستا ئاکامی هیچ کارێکی بەرهەمدارمان لەو دەستە کارگێڕییە گشتییەدا نەبینیوە، تەنیا چەند بڵاوکراوەیەک نەبێت کە پاش دەرچوونیان بە دوو یان سێ مانگ ئینجا دەگاتە دەستمان کە قوتابیانی لە خوێندەوەیان ماندوو کردووە و شتێکی نوێیان تێدا بەدیناکرێت و تاکو ئێستا لقی ئێمە نازانێت کێ بەرپرسی پەیوەندییەکانە، دەستە کارگێڕییەکانە و دەستەی کارگێڕیی گشتی ئەرکی گرنگتری لە ئەستۆدایە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکان بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کە بریتییە لە کارکردن لەپێناو ناساندنی گەلی کورد بە گەلانی ئەوڕوپا و ڕاکێشانی سەرنج و پەیداکردنی هاوسۆزیی گەلان و حکومەتەکان بۆ هاوکاریکردنی شۆڕشی کورد تا بە کۆتاییە پیرۆزەکەی دەگات، ئەمەش بە ڕوونی لە یەکێک لە بەندەکانی ئامانجە سەرەکییەکانی دەستووری کۆمەڵەکەدا تۆمارکراوە .... لەوانەیە کەسانێک بڵێن ڕەنگە وەستانی شەڕ لە کوردستان بووبێتە بەربەستی بەردەم کارکردنمان .... ئێمەش دەڵێین خەباتی خوێندکاران لە ئەوڕوپا سنووردار نەکراوە بە شەڕ و جەنگەوە، بگرە ناساندنی گەلی کورد، هەروەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێیداوە، بە گەلانی ئەوڕوپا

وەک گەلێکی خاوەن کلتوورێکی دێرین و داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و زمان و ئەدەبیاتی تایبەت بەخۆی و .... هتد ئەرکێکە هیچی کەمتر نییە لە ئەرکی پێشوومان ..... دوور نییە بە بیرماندابێت کە کەمتەرخەمیی کۆمەڵەکە لەم ماوەیەی ئەمدواییەدا هۆکارەکەی نەبوونی هەماهەنگیی تەواوی نێوان هێزە دەسترۆیشتووەکانی نێو دەستە کارگێڕییەکەی کۆمەڵەکە بێت، جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا وەک دەگوترێت غەدرکردن لە تاوان گەورەترە ... شتێکی ئاساییە ئەگەر لەنێو کۆمەڵەکەدا هێزگەلی بیروباوەڕ و هزی جیاواز هەبێت .... بێگومان ئەم هێز و بیروبۆچوونانە دەکەونە تایەکەوە، ئەویش تای شۆڕش و سەرکردایەتییەکەیەتی ....

بۆیە لە ئەندامانی بەڕێز و ئازادیخوازی دەستەی کارگێڕیی گشتی چاوەڕوان دەکەین کاری زیاتر بکەن لەپێناو یەکخستنی هێزە نیشتمانییە دڵسۆزەکانی دەوری شۆڕشی کوردستانی عێراق و سەرکردایەتییەکەی کە مەڵبەندی هیوای گشت کوردێکی دڵسوز و بەئەمەکە و بۆئەوەی ببینە یەکەیەکی هاوئاواز لەپێناو گەیشتن بە خواستەکانی گەلەکەمان کەمترین داواکاریی مرۆڤە داوای بکات بۆ ئەو گەلەی دووچاری کوشتن و برسیکردن و بێبەشبوون بووبێتەوە.

لە کۆتاییدا هیوادارین ئەم نامە برایانەیەمان بە سینگێکی فراوان قبووڵ بکەن و ئەوەی بە پێویستی دەزانن بۆ بزاوتنی ڕەوڕەوەی خەبات جێبەجێی بکەن .... ئیتر بۆ پێشەوە

تێبینی: ئەم نامەیە بە ڕەزامەندیی کۆی ئەندامانی لق نووسراوە

دانەیەکیش بۆ هەر ئەندامێک لە ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی گشتی بەجودا

براتان

جەمال عەلەمدار

سکرتێری لقی سوید

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٣)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

مەکتەبی سکرتاریيەت

ژمارە/٤٣

ڕێکەوت ٢٠ی شوباتی ١٩٧٤

بۆ/ سەرجەم لقەکانی کۆمەڵە خەباتگێڕەکەمان

سڵاوێکی خەباتگێڕانە

پێمانخۆشە ئەم خاڵانەی خوارەوەتان پێڕابگەیەنین بۆ ئاگاداری و جێبەجێکردن تکایە:

١. لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵەکەمان دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە و نامەی لەنێوان ئەندامانی لێژنەکە ئاڵوگۆڕ کردووە بە مەبەستی هەماهەنگیکردن و داڕشتنی پلانەکانی لێژنەکە، لەبەرئەوەی لێژنەکە هێشتا نوێیە و لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکانیدایە، هیوادارین دواتر ئەنجامەکانی دەربکەون و سەرکەوتن بەدەست بێنن.

لەئێستادا لێژنەکە لە پرسی بەشداربوونی کۆمەڵەکەمان لە سیمیناری (ئەپرل میتینگ)ی جیهانیدا دەکۆڵێتەوە کە لەسەر داوەتنامەی قوتابیانی یۆگسلاڤیا داوەتکراوین. هەروەها دەستی بە ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆکردن کردووە لەگەڵ قوتابیانی نەرویج کە لەسەر پێشنیازی خۆیان بەتەمای ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکن لە ئۆسلۆ بۆ پشتیوانیکردنی کۆمەڵەکە و گەلی کوردمان.

٢. دووبارە گشتاندنی پێشوومان دووپاتدەکەینەوە و داوا لە گشت لقەکانی کۆمەڵەکەمان دەکەین، کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی ناونیشانی کۆمەڵە خویندکارییەکانی سنووری خۆیان و بەزووترین کات جێبەجێی بکەن. (تەنیا ڕێکخراوەکانی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەخوێنن).

٣. دەستەی نووسەرانی (دەنگی کۆمەڵە) دەستی بەکارەکانی کردووە و ژمارە هەشت و نۆی گۆڤارەکە ئامادەکراوە بۆ چاپکردن و بەم نزیکانە بە کوالیتییەکی باشتر بڵاودەکرێتەوە.

٤. بانگەوازمان بۆ لقەکانی کۆمەڵەکە و ئەندامانیان دووپات دەکەینەوە کە نووسین و هەواڵەکان بۆ (دەنگی کۆمەڵە) بنێرن و لەم ڕووەوە نیگەرانین لە کەمتەرخەمیکردن.

٥. کاتی خۆی چوار دانەمان لە (KSSE-Jntermat)مان بۆ ناردوون، بۆ ئاگاداریتان لەبەرئەوەی ئەم نامیلکەیە بە ئینگلیزی نووسراوە، تایبەتە بە دابەشکردن بەسەر ڕێکخراوە بیانییەکان و دۆستانی کۆمەڵەکەمان، دواتر دانەی زیاترتان بۆ دەنێرین بە مەبەستی دابەشکردنی بەسەر ڕێکخراوەکانی سنووری کارکردنتان.

٦. هەر لقێک دەبێ ئەوە بخاتە نێو بەرنامەی خۆیەوە کە وەک خاڵێکی سەرەکی هەر بابەتێکی گونجاوتان لە (دەنگی کۆمەڵە) بەدیکرد، بە هەمان ناو وەریبگێڕنە سەر زمانە خۆجێییەکان.

٧. بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی (دەنگی کۆمەڵە) دەبێ لقەکان بە نرخێکی گونجاو بیفرۆشنە ئەندامانی لقەکەیان.

٨. دەستەی کارگێڕیی گشتیی بە هاوکاریی لقی ئینگلتەرا کارتی جەژنانەی بە بۆنەی نەورۆز چاپکردووە و بەسەر لقەکاندا دابەشیان دەکەین بۆئەوەی بۆ ڕێکخراوەکانی دۆستمانیان بنێرن و بە ئەندامانی بفرۆشن.

٩. پێویستە لێژنەی لقەکان بە بەردەوامی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی دۆستماندا هەبێت لە چوارچێوەی کار و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵیاندا.

١٠.لەبەر ڕۆشنایی پرسیارکردنی لقێکی کۆمەڵەکەمان سەبارەت بە دەسەڵاتی وەرگرتنی ئەندامانی نوێ، ئاخۆ لقەکانی دەسەڵاتی وەرگرتنی ئەندامانی نوێیان هەیە یان نا؟ ئێمە سەرمان سوڕماوە لەم جۆرە پرسیارانە و ڕوونە کە ئەم دەسەڵاتە تەنیا هی دەستەی کارگێڕیی گشتییە و هیچ لقێک مافی وەرگرتنی هیچ ئەندامێکی نوێی نییە بێ ڕەزامەندیی دەستەی کارگێڕیی گشتی. لقەکان تەنیا دەسەڵاتی ئەوەیان پێدراوە داواکارییەکانی بەئەندام بوون بەرزبکەنەوە بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی یاخود ڕەتکردنەوەی ئەو داواکارییە. لە حاڵەتی وەرگرتنی

ڕەزامەندیـدا، دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی لەڕێـی لێژنـەی لقـەوە ناسـنامەکانیان بـۆ دەنێرێـت کـە بـە ئیمـزای سـەرۆکی کۆمەڵەکەیـە. پێویسـتە هەمـوو لقـەکان چـۆن لـە ڕابـردوودا پابەنـدی ئـەم خاڵـە بوونـە، لـە ئێسـتا و داهاتووشـدا پابەنـدی بـن.

١١.هیوادارێـن ئامادەباشـیی لقـەکان بـۆ یادکردنـەوەی جەژنـی نـەورۆز بـە سـەرکەوتووانە بەڕێوەبچێـت و ڕیپۆرتاژمـان لـەو بارەیـەوە بـۆ بنێـرن.

١٢.بـە هەماهەنگـی و کاری هاوبەشـمان تەنیـا لەگـەڵ دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیدا دەتوانیـن چالاکییەکانـی لـق و دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی بخەینـە قاڵبێکـەوە و کۆمەڵەکەمـان بەشـێوەیەک ئاراسـتە بکەیـن کـە یەکێتـی و کامڵبوونـی کۆمەڵەکەمـان زامـن بـکات، بۆئـەوەی ببێتـە دامەزراوەیەکـی سوودبەخشـی دامەزراوەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان بـە ڕابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی و هەمیشـە دروشـممان سـوودوەرگرتنە لـە تواناکانـی لـق و ئەندامانـی.

١٣.پێویسـتە هەمـوو لقـەکان لەژێـر ڕۆشـنایی کۆنگـرەی شـانزەی کۆمەڵەکەمان و ڕۆشـنایی ڕێنماییەکانـی دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیدا هەنـگاو بنێـن و لـە چالاکـی لقەکانـدا لـە سـنووری کارکردنیـان ڕەنگبداتـەوە.

١٤.کاتێـک دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی، هـەر بڵاوکـراوە و ڕێنماییـەک بـە زمانـی عەرەبـی دەربـکات، هۆکارەکـەی دۆزینـەوەی ئاسـانترین ڕێگەیـە بـۆ گەیاندنـی ڕای خـۆی بـە لقـەکان و ئەندامانـی کۆمەڵەکـە، ئەوەی لە ئەسـتۆی لقەکانیشـدایە، وەرگێڕانی ئەو بڕگە گونجاوانەیـە بـۆ سـەر زمانە نێوخۆییـەکان و گەیاندنی بە ڕێکخراوەکانی دۆسـتمانە، واتە کاری لقـەکان ئەرێنـی نابـن ئەگـەر بەیاننامەیـەک بـە کوردی یـان بە عەرەبـی دەربکات، چونکـە ئـەوان ئەرکیـان گەیاندنـی ڕای کۆمەڵەکەیە بـە زمانە نێوخۆییەکە لـە ناوچەکەی خۆیانـدا، لـەوەش گرنگـتر ئەوەیـە کارەکان بـە زۆریـی نیـن بگرە بـە سوودبەخشـترینیانە.

١٥.بـا لقـەکان پێشـنیازی گونجـاو بدەنـە دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە بۆئـەوەی ئەوانیـش بەپێـی توانایـان جێبەجێیـان بکـەن. واتـە دەسـتەی کارگێڕیـی گشـتی هـەر پێشـنیازێکی بەجـێ هـی هـەر لقێـک بێـت بەنـاوی کۆمەڵەکـەوە جێبەجێـی دەکات، بەتایبەتـی ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە سیاسـەتی گشـتیی کۆمەڵەکـە یاخـود هـەر چالاکییەکـی گشـتی هەبێـت.

لێرەدا بە گونجاوی دەزانین چەند چالاکییەکی لقەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی پێشوومان بخەینەڕوو:

أ. پەیوەندیی پتەو و بەردەوامی لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەت و ناردنی ڕاپۆرتی خولی بۆ مەکتەبەکە.

ب. پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی ناوچەکەی خۆیان بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە و ڕاگۆڕینەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش.

ج. ئامادەبوون لە هەموو بۆنە جۆراوجۆرەکانی خوێندکاران و قۆستنەوەی ئەو بۆنانە بۆ شیکردنەوە و باسکردنی کێشەی کورد و دەرخستنی ڕۆڵی کۆمەڵەکە.

د. ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولی لەگەڵ ئەندامان بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانیان و گفتوگۆکردنی خشتەی کارەکان.

هـ. (بەپێی توانا) ڕێکخستنی سیمینار لەبارەی گەلی کورد و داوەتکردنی ڕێکخراوەکان و دۆستانی کۆمەڵەکەمان.

و. وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی لە دەستەی کارگێڕیی گشتییەوە پێیان دەگات.

ز. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی زانکۆکان و هەماهەنگیکردنیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکاران.

ح. گەشەپێکردنی گیانی هاوکاری و یارمەتیدان لەنێوان قوتابیانی کورددا.

ط. چاودێریکردنی خوێندنی ئەندامانی کۆمەڵە و هاندانیان بۆ خوێندن.

ي. لێژنەی لقەکان ئەم کارانە ڕێکدەخات و دیراسەیان دەکات لە کۆبوونەوەکاندا و سوود لە تواناکانی سەرجەم ئەندامانی وەربگرێت، ئەرکی ئەندامانیشە هاوکار بن لەگەڵ لێژنەکاندا.

بۆ پێشەوە شەکاوەبێت ئاڵای کۆمەڵە خەباتگێڕەکەمان، با ببینە دامەزراوەیەک لە دامەزراوە سوودبەخشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی.

مەکتەبی سکرتاریەت

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٤)

لەبنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

نامەیەکە لە فەرهاد سۆفییەوە بۆ هۆشەنگ ناردراوە

دەقی نامەکە بە کوردی:

سڵاو

تکایە لە ژمارەی داهاتووی دەنگی کۆمەڵەدا تێبینییەک بڵاوبکەنەوە سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی کتێبێکی شیعریی کورد بە زمانی فەڕەنسی کە لەلایەن میر کامەران بەدرخانەوە بڵاوکراوەتەوە و دانەیەک لەو کتێبەشتان بۆ دەنێرم بۆ هەمان مەبەست.

هەروەها کتێبێکی ترتان بۆدەنێرم کە دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە ئینگلیزی نووسراوە و پارتی دیموکراتی کوردستان دەریکردووە، تکایە وەریبگێڕنە سەر زمانی عەرەبی و لە دەنگی کۆمەڵەدا بڵاویبکەنەوە.


برات

فەرهاد سۆفی

٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٥)

کۆبوونەوەی دەستەی نووسەرانی دەنگی کۆمەڵەیە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣



اجتماع هيئة تحرير كومه له . كا ريخ ١٩٧٣/١٢/١٦

١- بحضور كافة الزملاء أعضاء هيئة التحرير وحضور السيد رئيس الجمعية طاهر عقراوي :
تم مناقشة أعمال الهيئة خلال المدة السابقة ودراسة مواد العدد المزمع اخراجه

١- تنسيق العمل بين أعضاء الهيئة
٢- ما نفذ وما لم ينفذ من القرارات السابقة
٢- حول اصدار المجلة بشكل دوري . وتحديد اصدار العدد الذي بين أيدينا
٤- ملاحظات :

١- التنسيق - تم بحث قضية الاشراف على أعمال المنسقين وقيام كل منهم بصلة وصل بين الأعضاء الآخرين وبين تجهيز المواد المقدمة في الاجتماعات بالنسبة للمقالات التي تم تحضيرها تقديمها بسرعة إلى الطبع أي بعدم الانتظار حتى تجميع كافة المقالات الأخرى . وبعد اتصال المباشر بين سكرتير الهيئة الاداري وبين المراسل التالي لإعداده بنشاطات الجمعية بشكل عام وقيام المراسل بدورة عن هذه النشاطات

٢- حول المقال السياسي الذي تم تثبيته في كل عدد على أن يعكس أعداد الساعة في الحزب سياسة الجمعية لخدمة شعبنا وثورتنا . ومن المهم أن يكون مقال العدد القادم في يوم الاربعاء جاهزاً عند قبل سهرة الموعد

٢- حول الدورية - بالعربية والكردية - انكليزية وفرنسية دورية بشرط أن لا تزيد مدة إصدارها على ثلاثة أشهر .

العدد الحالي : ١- كلمة العدد - ٢- قرار هيئة تحرير دنگی کومه له
٢- المقال السياسي
٤- نشاطات الهيئة الادارية العامة والفروع
٥- أضواء على الجمع العلمي الكردي
٦- المسألة الكردية في تركيا مرحلة جديدة (تم إثبات تسجيل مقدمة)
٧- الدستان خلال الحرب العالمية الأولى
٨- أخبار متفرقة - الشعر الكردي في لبنان كامران بدرخان اتحاد الطلبة الكرد
٩- تم إثبات مؤتمر اتحاد الطلبة الكرد في السويد
١٠- تم إثبات فاصلة عن مكتب الكرد الأشقاء في السنة الجديدة
١١- مذكرة السيد البارزاني إلى مؤتمر حزب الاتحاد
١٢- خبر عما يجري حول مقتل خليلي (كاور عدد ١٩٧٣)
مقتبس عن مجلة الكادر النقابية لحزب البعث العربي الكردستاني

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٦)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

نامەیەکی هۆشەنگ سەبری، سکرتێری نووسینی گۆڤاری دەنگی کۆمەڵەیە بۆ مەکتەبی سکرتاریەتی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەورپا، سەبارەت بە ڕێکخستنی کاروباری گۆڤارەکەیە - وەرگێڕی کوردی-

دەقی نامەکە بە کوردی:

بەرلینی ڕۆژئاوا

بۆ/ مەکتەبی سکرتاریەتی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

سڵاوێکی کوردانە

لەسەر بڕیاری مەکتەبی سکرتاریەت، بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی نووسەران بۆ گۆڤاری دەنگی کۆمەڵە بەسەرپەرشتیی سکرتێری کۆمەڵە، ئەمانە کران:

١. پێکهێنانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە لەم هاوڕێیانە: فەرهاد حاجۆ، نووری ئەحمەد، سەرکەوت. هۆشەنگ سەبری.

٢. ناونیشانی دەستەی نووسەران:

دەنگی کۆمەڵە

بەرلین ٣٦

سندووقی پۆستە ١٥٣

ب. ئەحمەد

٣. دەستەی نووسەران ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرجەم ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕێکخراوەکانی دۆست دەکەن.

٤. فەرهاد سۆفی سکرتێری کۆمەڵە، ئەرکی سەرنووسەری دەگرێتە ئەستۆ.

٥. هۆشەنگ سەبری دەبێتە سکرتێری نووسینی دەنگی کۆمەڵە

٦. فەرهاد حاجۆ ئەرکی پەیامنێری"التآخی"دەگرێتە ئەستۆ لەلایەن دەستەی کارگێڕیی گشتییەوە.

٧. گۆڤاری دەنگی کۆمەڵە مانگی جارێک دەردەچێت.

بنەما سەرەکییەکانی دەرکردنی دەنگی کۆمەڵە:

١. هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان و ئاڵۆگۆڕی زانیارییەکان لەگەڵیاندا.

٢. دانانی پەیوەندی بە ڕۆژنامەی"التآخی"خۆشەویست

٣. پەیوەندیکردن بەو کەسایەتییە کوردانەی لە ئەوروپان.

٤. بەدواداچوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٥. پۆلینکردنی چالاکیی لقەکان و بڵاوکردنەوەیان.

٦. بەدواداچوونی بۆنە نەتەوەییەکان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان بەو بۆنانەوە.

٧. سەپەرشتیکردنی کاروباری وەرگێڕان.

٨. هەوڵدان بۆ دەرکردنی پەخشنامەی قەد دیوار.

٩. وەرگێڕانی گۆڤارەکە بۆ سەر زمانەکانی دیکە (ئینگلیزی و ئەڵمانی).

هیوادارین دەستەی نووسەران کار و چالاکییەکانی خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەببات و خزمەتی کۆمەڵەکە و گەلی کورد بکات.


سکرتێری نووسن

هۆشەنگ سەبری

ئیمزا

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٧)

هیچ ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە نەدراوە، بەڵام پێدەچێت کۆنووسی کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ بێت کە بۆ هەمان بابەتی پێکهێنانی دەستەی نووسەرانی دەنگی کۆمەڵە ئەنجامدرابێت و هەمان ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەی پێشووە - وەرگێڕی کوردی-



بەڵگەنامەی ژمارە (٥٨)

دووەمین ساڵیادی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

ئەمڕۆ دووساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ تێپەڕدەبێت کە لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و پ.د.ک (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە ڕابەرایەتیی خەباتی کوردی لە ١٩٦١ -١٩٧٠ کردووە، بە دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق ئیمزاکرا و سنوورێکی یەکجارەکیی بۆ ئەو شەڕە دانا کە (١٠) ساڵ درێژەی کێشا و دەیان هەزار کوژرا و بریندار لێکەوتەوە و زیانێکی ماددیشی بە گەلی عێراق گەیاند.

چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی ئەم کێشە سیاسییە، هەڕەشەی لە نەمانی دەرەبەگی و کۆنەپەرستی دەکرد و بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا قۆرخکارەکانی خستە مەترسییەوە و ڕێگەی لە داگیرکاران گرت جارێکی دیکە نەتوانن پێ بخەنەوە نیۆ خاکی وڵات و برایەتیی کورد و عەرەبی چەسپاند لەنێوان ئەو دوو گەلەی کە مێژوو و ئاوات و ئازاری هاوبەشیان هەیە، بۆیە ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن تەواوی پێشکەوتنخوازانی عەرەب و کوردەوە، چ لە ناوەوە بێت یان لە دەرەوەی وڵات، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، هەروەها سەرجەم حزبە پێشکەوتنخوازەکانی جیهانیش پشتگیریان کرد.

بەڵام ئەمڕۆ وا دووساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادارادا تێدەپەڕێت و بەشێکی زۆری بڕگەکانی هێشتا جێبەجێنەکراون، هەرچەندە بەرپرسان و وەزیرانی کورد لە حکومەتی بەغدا هەوڵێکی زۆریان لەم پێناوە داوە، ئەنجام دەرفەتی بۆ کۆنەپەرستیی نێوخۆیی ڕەخساند تاکو ئەم دۆخە بقۆزێتەوە و سەرلەبەری ڕێککەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ شەڕی براکوژی هەڵبگیرسێتەوە.

ئێستاش ئەوەندە بەسە کە چەند پیلانگێڕییەک لە سەرەتای ڕێککەوتننامەکەوە بخەینەڕوو:

- تیرۆرکردنی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەند شار و ناوچەیەکی کوردستان.
- تەقەکردن لە ئۆتۆمبیلەکەی ئیدریس بارزانی لە نێو بەغدا.
- پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی، ڕابەری شۆڕشی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای خۆی لە گەڵاڵە لەلایەن تاقمێکی تاوانکار کە

لـە بەغـداوە نێردرابـوون بـە دوو ئۆتۆمبێلـی پـڕ لـە بۆمـب و مووشـەک کرابـوون و بـە ئامێـری بێتەلیشـەوە بەسـترابوونەوە. لەپـاڵ ئـەم هەمـوو ڕەفتـارە نەرێنییانـەدا، حکومەتـی عێـراق دەیـان کـوردی فەیلیـی لـە ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق لـە وڵات دەرکـرد بەبیانـووی ئـەوەی گوایـا باپیرانیـان ئێرانیـن. ئـەم پرۆسـەی دەرکردنـەی کـوردی فەیلـی تاکـو سـاڵی ١٩٧١ بـەردەوام بـوو. ئەمـەش لەگـەڵ گیانـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادارا ناگونجێـت و ئـەم کوردانـە زیاتـر لـە ٥٠ سـاڵە دانیشـتووی عێراقـن و جوتیـار و کرێـکار و ژمارەیەکـی زۆری ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی قوتابیـان و مامۆسـتایان و ئافرەتانیشـیان تێدایـە و خەڵکانـی بێـزەڕن و زەرەریـان بـۆ کـەس نەبـووە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا، بەپێچەوانـەوە، ئـەوان لـە هەمـوو کایەکانـدا خزمەتـی وڵاتیـان کـردووە، خزمەتـی سـەربازییان کـردووە و دژی داگیرکـەران و حوکمـی پاشـایەتی بـە بەشـداریکردنیان لـە ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بەرگرییـان لـە وڵات کـردووە و ڕووبـەڕووی سـەرجەم حکومەتـە کۆنەپەرسـتەکانی عێـراق بوونەتـەوە.

لـە لای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە کـە لەسـەر بنکەیەکـی جەماوەریـی کوردیـدا دامـەزراوە، هەمیشـە ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار بـە هەنـد وەردەگرێـت و وایدادەنێـت؛ ئـەم ڕێککەوتنامەیـە بەرهەمـی خەباتـی گەلـی کـورد و عـەرەب و خەباتـی سـەرجەم هێـزە پێشکەوتنخوازەکانیشـە لـە عێراقـدا، بۆیـە هـەر پێشـێلکارییەک لـە ڕێککەوتنامەکـەدا بکرێـت، مانـای لێدانـی خەباتـی هـەردوو گەلـی کـورد و عەرەبـە و هـاوکات دژی بیرۆکـەی یەکگرتوویـی حزبـە پێشـکەوتنخوازەکانە لـە وڵات و دژی ئاسـایش و پێشکەوتنیشـیەتی. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئێسـتادا یەکگرتوویـی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان، چ لـە عێـراق بـن یـان لـە هـەر کونجێکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە گرنـگ و پێویسـت دەزانـێ بـۆ بەهێزکردنـی بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخوازی جیهانـی لـە دژی داگیرکـەر و ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم.

- بژی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار و برایەتیی کورد و عەرەب
- دامەزراندنـی بەرەیەکـی پێشـکەوتنخوازی دروسـت لـە وڵات کـە تـەواوی حزبـە دیموکـرات و پێشـکەوتنخوازەکان لەخۆبگرێـت.

- بـەرەو پێشـەوە بـۆ خەباتکـردن لەپێنـاو دامەزراندنـی بەرەیەکـی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ پشـتگیریکردنی خەباتـی دژی داگیرکـەر و ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و دژی بەکرێگیراوانـی کۆنەپەرسـتان لـە ناوچەکـە.

پارما لە ١١ی ئاداری ١٩٧٢

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

لقی ئیتاڵیا

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩)

لە بنەڕەتەوە بەعەرەبی نووسراوە.

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی نووسراوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

لقی هەنگاریا

بڕیارەکانی حەوتەمین کۆبوونەوەی ساڵانە

لە ڕۆژی پێنجشەمی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ حەوتەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی لقی هەنگاریای کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بەڕێوەچوو و سەرجەم ئەندام و نوێنەرانی کۆمەڵەکانی قوتابیانی هەنگاریا و بیانییەکانی ئەوێ بەشداری کۆبوونەوەکە بوون کە بریتی بوون لە نوێنەری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی عێراق، نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق، نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی سوودان و نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی سووریا.

پاش وتەی کردنەوەی کۆبوونەوەکە و بەخێرهێنانی میوانەکان، میوانانی بەڕێز وتاری خوێندەوە و تێیدا هەستی خۆشەویستیی خۆیان بۆ گەلی کورد دەربڕی کە لەپێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیدا تێدەکۆشێت و ئاماژەیان بۆ ئەو پەیوەندییە باشانە کرد کە بە لقەکەمانەوە دەیانبەستێتەوە و پشتیوانی خۆیان بۆ لقەکەمان دووپاتکردەوە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆبوونەکە خواست.

پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سکرتاریەت و ڕاپۆرتی دارایی و گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەریان بە کۆی دەنگ. لێژنەی نوێی کارگێڕیی لقەکە هەڵبژێردرا و ئەندامان بە بڕوایەکی زیاتر بە دۆزەکەیان و گردبوونەوە لە دەوری کۆمەڵە قارەمانەکەیان، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنرا.

دەقی بڕیارەکانی کۆبوونەکە:

١. کۆبوونەوەی ساڵانەمان پێشوازی لە هەر هەوڵێکی ڕاستگۆیانە بۆ چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکات، داوا لە سەرکردایەتیی شۆڕش و پێشمەرگە قارەمانەکان و گەلی کورد دەکەین، بەوپەڕی بەئاگایی

و چاوکراوەییەوە لە دەوری سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانیدا کۆببنەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هەموو مانۆڕێکی حکومەتی شۆفێنیی عێراق و هەر سازشێک لە ئامانجەکانی شۆڕش، جا لەهەر لایەنێکەوە بێت و هەنگاونان بەرەو بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا.

٢. کۆبوونەوە ئیدانەی دەستگیرکردنە هەڕەمەکییەکان و ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسی دەکات و داوای دەستبەجێ ئازادکردنیان دەکات.

٣. کۆبوونەوە بە ئومێدێکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو هەوڵانەی لەپێناو پێکهێنانی بەرەیەکی یەکێتیی نیشتمانی دەدرێن لە پێناو حوکمێکی دیموکراسییانە لە عێراق کە نەتەوەی کورد ئۆتۆنۆمیی بۆ دەستەبەرکرابێت.

٤. کۆبوونەوەکە داوا لە سەرجەم وڵاتان دەکات چیدی چەک بە حکومەتی عێراق نەفرۆشن بۆ بەکارهێنانی دژی گەلی کوردی ئاشتیخواز و تاکو ئێستا گەلی کوردمان مافە نەتەوەییە ڕەواکانی لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بەدینەهێناوە لە چوارچێوەی حکومەتی عێراقدا.

٥. أ. کۆبوونەوە ئیدانەی ڕەفتارەکانی ئەو چەوسانەوەیە دەکات کە ئاراستەی گەلی کورد کراوە لەلایەن هەردوو حکومەتی تورکی و ئێرانی و داوایان لێدەکات دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەماندا بنێت.

ب.کۆبوونەوە پشتگیریی لەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی ئەمدواییەی سووریا دەکات، نیگەرانیی خۆشی بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردی سووریاش دەردەبڕێت کە پێچەوانەی ئەو ڕێکارە پێشکەوتنخوازانەیە و داوا لە حکومەت دەکات مافە ڕۆشنبیری و تەواوی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلەکەمان دەستەبەر بکات.

٦. کۆبوونەوە پشتگیریی لە خەباتی گەلانی عەرەب دەکات دژی داگیرکاران و زایۆنیزم، هەروەها پشتیوانیی خەباتی چەکدارانەی عەدەن و باشووری عەرەبی و مافی گەلی فەلەستین دەکات لە گەڕاندنەوەی هەموو مافە زەوتکراوەکانی و ئیدانەی هەوڵەکانی کۆنەپەرستانی عەرەب دەکات لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی ئیسلامیی کۆنەپەرستانەدا.

٧. أ. کۆبوونەوە پشتگیریی خەباتی گەلانی داگیرکراو و چەوساوە دەکات لەپێناو ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین و ئیدانەی هەموو سیاسەتێکی جیاکاری و نەژادپەرستی دەکات.

ب. کۆبوونەوە نارەزایی تونـدی خـۆی دژی ئـەو جەنگـە قێزەونـە دەردەبڕێـت کـە دژی گەلـی قێتنـام لەلایـەن داگیرکارانـی ئەمەریـکاوە بەرپاکـراوە و خەباتـی گەلـی قێتنامـی لەپێنـاو ئـازادی و مافـی چـارەی خۆنووسـین بـەرز دەنرخێنێـت.

ج. کۆبوونـەوە، پشـتگیری لـە خەباتـی گـەلان دەکات لەپێنـاو پاراسـتنی ئاشـتەوایی جیهانی و نارەزایـی خۆمـان لـە ئاسـت ئـەو ڕەفتـارە ئیسـتیفزازییانەی داگیـرکاران دەردەبڕیـن کـە هەڕەشـەیە بـۆ هەڵگیرسـاندنی جەنگێکـی جیهانیـی ئەتۆمـی.

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠)

لە بنەڕەتەوە بە عەرەبی بڵاوبووەتەوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

هاوڕێیان، ئەندامانی لێژنەی کارگێڕیی گشتی و هەموو لێژنەی لقەکان:

مێژووی پڕ لە خەباتی کۆمەڵەکەمان، نموونەی خەباتێکی شکۆمەندی خوێندکارانە لە دەرەوەی وڵات و ڕۆڵێکی کارای لە ناساندنی ڕای گشتیی جیهانیدا هەبووە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی گەلی کورد و شۆڕشە دادپەروەرانەکەی و ئابڕووبردنی حکومەتە فاشیست و شێوازە دڕندانەکەیان لە دژایەتیکردنی گەلەکەمان و خەباتی ڕەوایان بە درێژایی پانزە ساڵی ڕابردوودا، لەو کاتەوەی کۆمەڵە خەباتگێڕەکەمان دامەزراوە و گوزارشت لە خواستەکانی قوتابیانی کورد دەکات لە ئەورووپا، هەروەها کۆمەڵە قارەمانەکەمان تەواوی بەربەست و سەختییەکانی بڕیوە و بووەتە نوێنەری شەرعیی خوێندکارە دلێرەکانمان لە دەرەوەی نیشتمان و خەباتیان لەپێناو داکۆکیکردن بووە لە گەلی کورد و ئامرازێکیش بووە بۆ گەیاندنی هاواری گەلە چەوساوەکەمان بە تەواوی گەلانی دونیا.

لەم کاتەدا کە گەلی کوردمان بە قۆناغێکی هەستیاری تێکۆشانیدا تێپەڕ دەبێت و چەند بەشێکی نیشتمانمان دووچاری چەوساندنەوەی بەردەوام بووە و لە سادەترین مافە مرۆییەکاندا بێبەشکراوە. لە کاتێکیشدا بەکرێگیراوانی داگیرکاران و کۆنەپەرستانی ناوخۆ هەڵپەیانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار و دووبارە هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شەڕ و وێرانکاری لە کوردستانی ئازیزمان، ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵەکەمان لە بانگەشەکردن و ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕای گشتیی جیهانی و نێودەوڵەتی و پەیداکردنی دۆست و لایەنگران بۆ گەلی کورد و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکان و بەهێزکردنی کۆمەڵەکەمان بۆئەوەی لەنێو ڕێکخراوەکانی دیکەی خوێندکاراندا سەربڵند بێت و شایستەی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان و جەماوەرە تێکۆشەرەکەی بێت.

کەچی لەم قۆناغە هەستیارەدا کەمتەرخەمییەکی بێئومێدانە لە کۆمەڵەکە و بەتایبەت لە لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکەدا تێبینی دەکرێت، ئەمەش بووەتە

هـۆی خاوبوونـەوەی لێژنـەی لقـەکان و بێباکبوونـی تـەواوی کۆمەڵەکەمـان، وا لـە خـوارە بەشـێک لـە کەمتەرخەمییەکانـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە دەخەینـەڕوو:

١. بڕیارەکانـی کۆنگـرەی چـواردەی کۆمەڵەکەمـان پـاش شـەش مانـگ لـە کۆتاییهاتنـی کارەکانـی کۆنگرەکـە، ئینجـا گەیشـتووەتە لقـمان.

٢. بەدرێژایـی سـاڵی ڕابـردوو، لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیی کۆمەڵەکـە، تەنیـا دوو بەیاننامەی دەرکـردووە و زۆر درەنـگ بـە لقەکەمـان گەیشـتوون کـە لـە بایەخیـان کەمدەکاتەوە.

٣. لیسـتی نـاو و ناونیشـانی سـەرجەم لقـەکان، پـاش (١٠) مانـگ لـە ڕێکەوتـی بەسـتنی کۆنگرەکـەوە دەرکـراوە کـە بـە سـەختی و بگـرە بـە ئەسـتەم لقـەکان لـە سـاڵی ڕابـردوودا پەیوەندییـان بەیەکـەوە کـردووە.

٤. نوێنـەری کۆمەڵەکەمـان لـە کۆنگـرەی سـاڵانەی یەکێتیـی قوتابیانـی جیهانـدا، تاکـە نوێنـەر بـوو لەنێـو نوێنەرانـدا وتـار بـە عەرەبـی بخوێنێتـەوە، ئەمـەش وامـان لێـدەکات بپرسـین: ئاخـۆ کەسـێک لـە براوەرانـی ئەنـدام لـە لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتیدا نەبـوو کە هەریەکەیـان مـاوەی دەیەیەکـە لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـادا دەژیـن، وتارەکـە بـە زمانێکـی بیانـی بخوێنێتـەوە؟!

٥. گۆڤـاری کوردسـتان، زمانحاڵـی کۆمەڵەکەمـان کـە لقەکـەی ئێمـە بـە زمانـی ئینگلیـزی سـاڵی جارێـک دەریدەکـرد، بـەڵام لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی بـۆ ئەمسـاڵ، دەرکردنـی گۆڤارەکـەی خسـتە ئەسـتۆی خـۆی و تاکـو ئێسـتا دەرنەکـراوە، هەرچەنـدە لقەکەمـان ئامادەییـمان تێـدا بـوو گۆڤارەکـە بـە ڕێکوپێکـی و لەکاتـی خۆیـدا دەربکەیـن، هەروەک لـە سـاڵانی ڕابـردوودا ئەوەمـان کـردووە.

٦. زۆرینـەی ئەندامانـی لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی و سـەنتەری کۆمەڵەکەمـان لـە وڵاتێکدایـە بـەوە دەناسرێتـەوە کـە ڕەفتـاری نادڵسـۆزانە و دەسـتی بەدەسـتیمان پێـدەکات و پێـش دوو سـاڵ، بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ دەسـتیان بەسـەر تـەواوی بەڵگەنامەکانـی کۆمەڵەکەمانـدا گـرت و ئێسـتاش ڕێگـری دەکات لـە بەسـتنی کۆنگـرە لەسـەر خاکیـدا ... ئێمـە دەپرسـین بۆچـی مەڵبەنـدی سـەرەکیی کۆمەڵەکـە ناخرێتـە وڵاتێـک کـە ناوبەنـاو بەرژەوەندییەکانـی نەبێتـە بەربەسـت لەبـەردەم کۆمەڵەکەمـان؟!

٧. ڕێکخستنی کارەکانی کۆمەڵەکە لە ڕێگەی پەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ لقەکان و هێڵی سیاسەتی گشتیی کۆمەڵەکە ڕوونبکرێتەوە بۆئەوەی تەواوی لقەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی خوێندکارانداڕێکبخەنەوە و وەکو یەک یەکەی ڕێکخستن هەماهەنگی بکەن، لەجیاتیی ئەوەی پەیوەندیی لقەکان بە سەنتەری سەرەکیی کۆمەڵەکەوە فەرامۆش بکرێت، وەکو ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا ڕوویدەدا و بووە هۆی لێکتێنەگەشیتنی زۆر لە هێڵی سیاسەتی کۆمەڵەکە لە لقە جیاوازەکاندا.

٨. کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەکەمان کە بە گرنگترین چالاکی هەژمار دەکرێت و سەکۆیەکە بۆ گەل و جەماوەری خوێندکاران، ئێستا بەستنی کۆنگرە لەکاتی گونجاودا فەرامۆشکراوە و لێژنەی کارگێڕیی گشتی هەر ئەوەندەی پێکراوە، پێش مانگێک نووسراوێک بۆ لقەکانی کۆمەڵەکە بنێرێت کە ئاخۆ دەکرێ لەو وڵاتانەی لقەکانی تێدایە، کۆنگرە ببەسترێت؟ ..... دەبوو پێش چەند مانگێک ئامادەباشی بکرایە بۆ کۆنگرە و بەلانی کەم پەیوەندی بە لقەکانەوە بکرایە و پێش ماوەیەکی گونجاو ئەو پرسیارەیان لە لقەکان بکردایە، لەوەش سەیرتر، لە نامەکەی بەڕێز سەرۆکی کۆمەڵەکەماندا پێمانڕادەگەیەنێت کە لە کات و شوێنی بەستنی کۆنگرەکە دڵنیا نییە کەچی داوای دیاریکردنی ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرەمان لێدەکات!.

برایان:

ئێمە حەز ناکەین ڕاستییەکانتان لێبشارینەوە، کاتێک دەڵێین ئێمە لە ئەندامانی لێژنەی دارایی گشتی بێئومێد بووینە و کەمتەرخەم بوونە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و هیچ بیانوویەکیشیان بۆ ئەم بێباکی و کەمتەرخەمییە نییە، ئێمە لە کاتێکدا داوا لە تەواوی ئەندامانی بوێر دەکەین، کار بکەن لەپێناو بەهێزکردنی کۆمەڵەکە بۆ بەجێگەیاندنی پەیامەکەی خۆیان لە خزمەتکردنی گەلدا، لە هەمان کاتیشدا درکمان بەوە کردووە کە یەکگرتوویی خۆمان و کار و چالاکییەکانمان لە ڕێزەکانی کۆمەڵە تێکۆشەرەکەماندا، ئەرکێکی سەرەکییە، بۆیە وایدەبینین کە ئاراستەکردنی ڕەخنەی بنیاتنەر لەنێو خۆماندا و بەتایبەتی ڕەخنەگرتن لەو هاوڕێیانەی پێگەی ڕابەرایەتییان لە کۆمەڵەکەدا هەیە، تاکە ڕێگەیە بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵەکەمان لەو متبوونەی

تێیکەوتووە و دۆزینەوەی ئەو هاوڕێیانەی کە توانای کارکردنیان بە گیانێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی هەیە و خۆنەویستانە سەرکردایەتیی کۆمەڵەکە بکەن و جارێکی دیکە ببێتەوە جێی شانازیی گەلە قارەمانەکەمان.

بۆ پێشەوە لەژێر ئاڵای کۆمەڵە تێکۆشەرەکەماندا

دەستەی کارگێڕیی لقی ئینگلتەرا

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا

٢٧ی ئەیلوول ١٩٧١

بەڵگەنامەی ژمارە (٦١)

لەبنەڕەتەوە بە عەرەبی بڵاوبووەتەوە.

بەیاننامەیەکی گشتیی هاوبەشی نێوان کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوڕوپا – لقی ئینگلتەرا و کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە ئینگلتەرا دەربارەی دۆخی هەنووکەیی عێراقە-وەرگێڕی کوردی-

دەقی بەیاننامەکە بە کوردی:

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا – لقی ئینگلتەرا

کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە ئینگلتەرا

دەربارەی دۆخی هەنووکەیی عێراق

لە ڕۆژی شەممەی ٧ی حوزەیرانی ١٩٦٩ نوێنەرانی هەردوو کۆمەڵەکە کۆبوونەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی لە عێراق و کۆبوونەوەکە ئەم ئەنجامانەی لێکەوتەوە:

دۆخی هەنووکەیی عێراق بەوە دەناسرێتەوە کە حوکمێکی دیکتاتۆریی عەسکەرتاریەتی تێدایە و دووڕەڕێزە لە گەل و هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان و لە ماوەی حکمڕانیدا دەستەوەستانە لە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان کە لە بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانداید. سیاسەتێک پەیڕەو دەکات کە بەری دیموکراسییەتی لە گەل و ڕێکخستنە سیاسیی و پیشەییەکان گرتووە و سیاسەتێکی شۆفێنییانەش لە ئاست نەتەوەی کورددا پەیڕەو دەکات و دان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی ئەم گەلە تێکۆشەرە نانێت کە لە پێش هەموویانەوە مافی ئۆتۆنۆمییە. هەروەها سیاسەتێکی ئابووریی لە کایەی پیشەسازی و کێشەی نەوت و چاکسازیی کشتوکاڵدا جێبەجێ دەکات کە لە خزمەتی عێراق و خۆشگوزرانیی گەلدا نییە. گەلی عێراقیش دووچاری چەوساندنەوە و کپکردنەوەی ئازادی بوونە و زیندانەکانی پڕکردووە لە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازانی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکە دەستپێشخەری لە دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕێکی دوژمنکارانەی دژی کورد کردووە و چەند سەرکردەیەکی کارتۆنیی بەکرێگیراو -جاشی- پڕچەک کردووە و بۆ تۆقاندن و تیرۆرکردنی هاوواڵتیانی

سڤیلی ئاشتیخوازی شارە کوردنشینەکان بەکاریاندێنێت و گەمارۆی ئابووریی خستووەتە سەر کوردستان و سیاسەتی سوتماککردنی خاکی کردووەتە بەرنامەی خۆی. ساختەکاریشی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکاییەکان کردووە بە مەبەستی سەپاندنی کەسانێکی لایەنگری سیاسەتەکەی خۆی. هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی کرێکاراندا بینیمان و ئەگەر ساختەکارییەکانیشی بۆنەچێتەسەر، هەڵبژاردنەکان قەدەغە دەکات. ئێمەی خوێندکار کە بڕوامان بە ڕەوایی دۆزی گەلی عێراق هەیە و درکمان بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و پیشەیی خۆمان کردووە، بۆیە ئەم ئامانج و خواستە هاوبەشانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١. داوای یەکگرتوویی سەرجەم هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق دەکەین کە لەپێناو دامەزراندنی حوکمێکی ئیتلافی دیموکراسیی پێشکەوتنخوازدا کە متمانەی گەل بەدەستبێنێت و کار لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانیان بکات، خەباتیان یەکبخەن کە گرنگترینیان بەدیهێنانی دیموکراسییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی و ئازاد و حکومەتێک بێنێتەدی کە نوێنەرایەتیی سەرجەم گەلانی عێراق بکات.

٢. داننان بە تەواوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و لەپێش هەموویانەوە ئۆتۆنۆمییەک کە لەسەر بنەمایەکی پتەو دامەزرابێت.

٣. بەرەنگاربوونەوەی توندی پیلانگێڕی و تەڵەکەبازیی داگیرکاران دژی بەرژەوەندییەکانی نیشتمانی.

٤. پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئابووریی پێشکەوتنخوازانەی بەرنامەڕێژکراو کە بگونجێت لەگەڵ خواستەکانی پێشکەوتنی عێراق، لەپێش هەموویانەوە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نیشتمانی لە بواری نەوتدا کە دوور بێت لە قۆرخکاریی بیانی و بەدیهێنانی چاکسازییەکی کشتوکاڵیی ڕیشەیی کە لەتوانایدا بێت جەماوەری جوتیاران لە قۆرخکارییەکانی دەرەبەگان و کۆت و بەندی کۆنەپەرستیی بەسەرچوو بپارێزێت.

٥. دەستهەڵگرتن لە چەوساندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کرێکاران و داڕشتنی ئەو یاسایانەی تەواوی مافەکانیان زامن دەکات، لەپێش هەموویانەوە پاراستنی مافیان لە ڕێکخستنی سەندیکایی دوور لە دەستوەردانی دەسەڵات.

٦. کشاندنەوەی سوپا لە کوردستان و ڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی پێشەوەی دژ بە ئیسرائیلی دوژمنی ڕاستەقینە و جێبەجێکردنی ڕۆڵیان لە ڕووبەڕووبوونەوە دژی داگیرکار و زایۆنیزم.

٧. داماڵینی چەکی جاشەکان و دەستهەڵگرتن لە سیاسەتی شۆڤێنییانە لە نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە کوردستان.

٨. یارمەتیدانی خوێندکار و لاوان و ڕێکخراوە دیموکراسییە پیشەییەکانیان لەپێناو پەرەپێدانی توانا و شارەزاییان بۆ ڕۆڵبینین لە کایە پیشەیی و نیشتمانییەکاندا و سنووردانانێک بۆ پێشێلکاریی حورمەتی زانکۆکان و دەستوەردانی لە کاروباری خوێندکاران و سەپاندنی ڕێکخراوگەلێک کە لێیان دابڕاون. هەروەها داوای دەرفەت ڕەخساندن لەبەردەم ڕێخراوە ڕاستەقینەکانی خوێندکارانەدا دەکەین، بۆئەوەی یەکێتیی قوتابیانی گشتیی لە کۆماری عێراق و یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ مومارەسەکردنی مافە ڕەواکانیان.

٩. وازهێنان لە سیاسەتی دەرخستنی کەسانی گومانلێکراو و بەکرێگیراوان کە خۆیان بۆ خزمەتکردنی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان تەرخانکردووە بۆ بەکارهێنانیان بە ئەلتەرناتیڤێک بۆ سەرکردەکانی ڕێکخراوە ڕاستەقینەکان.

بژی خەباتی گەلی عێراق لەپێناو دیموکراسی و ئازادی و ئاشتیدا.

بژی برایەتیی کورد و عەرەب، سیمبولی خەباتی هاوبەش

مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی گەل

کۆمەڵەی قوتابیانی عێراق لە ئینگلتەرا

لێژنەی تەنفیزی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا


لقی ئینگلتەرا

لێژنەی کارگێڕی

حوزەیرانی ١٩٦٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٢)

دەقی داوەتنامەی لقی چیکۆسلۆڤاکیای کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوروپا کە داوا لە لقی بەریتانیای کۆمەڵەکە دەکات بەشداری لە کۆنگرەی حەوتەمدا بکات کە بڕیارە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٥ ببەسترێت.



پراگ - ١٩٦٥/٩/١

بە کۆمیتەی لقی ئەنگلستان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا پێش کەش بێت.

لە دوای سڵاوێکی گەرمی برایەتیدا...

کۆمیتەی لقی چیکۆسلۆڤاکیا خۆی بە بەختیار دەزانێ بۆ بانگکردنی نوێنەرتان بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی سالانەی حەوتەمی لق کە لە رۆژی شەممەی ١٩٦٥/٩/١١ لە پراگا دەبەسترێ.

ئەوجا چاوەڕوانی ئامادە بوونی نوێنەرتانین بە پێویستی دەزانێ.


بژێ هەڵبژێن بۆ بژێ هەڵبژان
کوردستان لەچێر ئالای کۆمەڵەی نەبەزمان!!

لە بابەتی کۆمیتەی لق
سکرتێر تاهر


تێبینی:
کۆبوونەوە لە کاتی ٩٫٣٠ دەکرێتەوە لە:
klub stavbařů
Václavské nám.
u Restaurace Sofia

چەند بەڵگەنامەیەکی دیکە

وێنەی ناسنامەی دکتۆر ئەحمەد زمچی کە ڕێکەوتی دەرکردنی ناسنامەکە ساڵی ١٩٢٨ە و ناوی کۆمارەکەش وەک لە ناسنامەکەدا هاتووە (کۆماری سووریا)یە. هەروەها ناوی ناوچەی عەفرین- چیای کورد کە ناوە کۆنە ڕاستەکەی (چیای کوردان)ە لە تۆمارەکانی سووریادا.


الجمهورية السورية
تذكرة هوية
وزارة الداخلية
الاسم والشهرة
الجنسية
والد
الأم
المهنة
المسكن
رقم تذكرة الهوية
رقم السجل
الأشكال
القامة
الشعر
العينان
الأنف
اللون
علامات فارقة
الإبهام الأيمن
ضابط الاحوال المدنية


ابدال المسكن
احتام الانتخابات
تنبيه :
يجب على كل ولد ذكر ان يحصل على تذكرة هوية من دائرة نفوس محل اقامته خلال سنة اعتباراً من بلوغه سن الرابعة عشرة (المادة ٩٠ من القرار رقم ٣٦٣٣)
ويتوجب تجديد هذه التذاكر كل خمسة اعوام وفي كل مرة يقتضي اجراء تعديل في نصها (المادة ٩٥)



DENGÊ KURD

Zarê Serkoma Partiye Demoqratî Kurd_Li Sûriyê

Nivê Gelek 1969 Jimar:32

Biha 25 qemsî

Cinhûrê gelê me yê têkoşer bixebitin ji bo:

_avêtina siyaseta zorbaz li ser gelê Kurd li Sûriyê,ji hevneqetandina xe-lkan welêt bi êgia gel û riç û xurt-kirina biratiya Ereb û Kurd.

_Pêşvebirina gavên hevgel bi awakî za-nistî û rast.

_Danîna emiyek welatî pêşverû û demoq-rat li Sûriyê.

_Pêkanîna mafên siyasî,zanistî û civ-akî ji bo gelê Kurd li Sûriyê.

Tiştên ku divê pêkbên

Tirsa pîlanên împiryaliyan ku dix-wazin pê rê li ber gelên Cîhanê ên sisiyan kerab bikin roj bi roj zêde dibe.Ew pîlanên ku dixwazin pê van gelên pêşverû di pêşketina wan a serdest berve nazadî,demoqratî û pêşveg-ûna civakî de bi gûnde bihêlin,heya ikarin di wan welatan de mesalihên xwe ên qitûtî û cîgehên leşkerî bip-arêzin û ji xêr û xêratên van welet-an destkewtî bibin.Ji bo pêkanîna vê yekê didin ser rêne bêmirês:wek vej-andina rik û neyariyê di navbera gê-lan de,dostdana ser rê û warên qitû-tî û di dawiyê de dîgehên tevgerûn leşkerî û zorbazî.Ew zorboziya împ-eryalî-Sehyonî li ser gelên Ereban ye-k ji xelekan neyariya ku gelên Cîhanê ên têkoşer di rêya azadî û pêşvegûnê de pê dîçajin.

Tevî ku li Sûriyê silte ji destê zemîndar û maldaran bi derketiye û welat ketiye ser rêyeke durveguhêr û nemaldar,mafê karker û cotkar hinekî hatiye nasîn,gendinî û senet bi gavi-ne fireh pêşve diçe,çitûtiya welêt di idmatin gel de ye,hîn jî hin aliyên neraşt gûnine kirêt di dilê gelê Sûrî de hîştine ku di şerê azehî û avahiyê de nikaribe xwe regire û destkewtiyên têkoşina selên dirêj û fedakariya mezin bedhewa biçe û careke din bi gûnde vegerin.

Di rêçiya wan aliyên neraşt de sendabûna demoqratî di gelek waran de parti û rêxefn pêşverû ku bi dilekî xweş li wan kirên hikûmetê dinhêrin dikevin. Bar tengî û sitemê û rêya xebatê welêt li ber wan têye dudan, nikarine bi waciba xwe yê welatî û pêşverû rabin.Dîsa serdariyên sazîyên gelêr,wek şekitiyên cotkar,karker û şagirtan û hwd.hêzên pêşverû û demoqratî li Sûriyê nakin û ev yek asayî di dewlet partiye hakim de.Ev sazîyên han bi navê demoqratiyeke çirçin heya bi navê cimhûrekî firehtir lê dora xwe çirçikinin hev û bi hêza wî a xurt li pêşberî pîlanên împiryalî

Berdewam rûpel 2

Dengê Kurd bi zarê Kurmancî

Ji ber ku partiya me rojnameya xwe bi"Dengê Kurd"bi nav kiribû her bi zarê kurmancî bi derdiket.Care-aran bi crebî ji hin tişt tê de di-hatin nivîsandin.Lê di meha Gulanê sala 1964 an de gava lehatîn nekteb siyasî li Helebê kotin nava destên nebahis,ji ber çelsiya berpirsiyarê çapê hemî elctîn çapê kotin destê nebahis.Paşê Parti ji hev bû ku ke-riyan,ji wê hingê û virde Dengê Kurd ji ber hin sebeb bi zarê me yê Kurmancî yê dclal û girîn dernekotibû.

Vê pêşiyê serdariya partiyê xw-astibû ku du rûpelan bi zarê Kurmancî di rex zimanê erebî de ji Dengê Kurd zêde bike.Vaye em ji vê jimarê de dest bi nivîsana vî birê hên di-kin.Em ji partîzenên ku di xwe de gîna nivîsandina Kurmancî dibinin hêvî dikin ku di nav sînorê siyaseta partiyê de ji me re nivîsarên xwe bigînin.

Dîsa em ji wan partîzenan hêvî dikin gava nivîsarên ku gendine di Dengê Kurd de belav nebûn dilên xwe negirin.Ji ber ku gi nivîsana di warê ziman de qels be,an ji xeta partiyê bi derkeve belav nabe.

Xwe Wende Kirin

Ma gelo heya çi gavê em Kurd dê li ser heyîna xwe ya di jînê de û nafên xwe ên di welêt de biganc bistînin?" pirsiyar bi şev û bi roj sihan û êvaran rêya xwe bi serê mi-rov dikit.Gava ji rewşa Kurdan a bi-rêna bêhêrî nikarî ji vê pirsê re bersiveke bibînî.Wekî hatiye nasîn

ژمارە (٣٢)ی بڵاوکراوەی (دەنگی کورد) کە (پارتی دیموکراتی کورد – سووریا) دەریدەکرد بەڵگەنامەیەکی تر

نامەیەکە بە کوردی کە حەمەڕەش ڕەشۆ بۆ لێژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا (باڵی عوسمان سەبری)ی ناردووە کە تێیدا سکاڵا لە ڕەفتاری بەشێک لە هەڤاڵانی دەکات و ناڕەزایی دەردەبڕێت کە دەڵێن عوسمان سەبریان لە

سەرکردایەتی دوورخستووەتەوە، ڕاستەکەشی ئەوەیە کە عوسمان سەبری خۆی لەوان دوورخستووەتەوە و لە کاری حزبی وەڕس بووە.

1.2.1970
Berlîn 62

Pêşkeşî Lûcna Merkezî a PDKurd li Suriyê,
Hevalên hêja!
Wek hûn dizanin sekretariya we di meha 10 sala 1966 de daxwaza min a endametî qebul kir û bi reşbeleka 17.11.1966, bi destnivîsa heval "Mirwan", ez pîroz kirim. Herwekî ji sala 1963 yan vir de min gişt kar û barên Partiya we dabûn ser milên xwe jî, lê belê ji 17.11.66 vir de min wek endamekî Partî bi serbilindî gişt pêwestiyên xwe tanîn cî û bi gelek reşbelekên we jî ev xebata min hate pesinkirin û naskirin. Nemaze bi nameyên heval "Mirwan"! Bi vê yeka han ez jî herdem dilxweş û serfiraz dibûm ku çikarime Xulamiya gelê xwe bikim...
Hevalên bi rêz!
Hûn jî baş dizanin ku di dawiya meha 3 sala 1969 de dubendiyî kete nava hevalên Partî, ku ev nexweşiya gelê Kurd ên dîrokî û îro ne. Li ser vê Apo, Şengo, Cewat û hin hevalên din xwe jî saziya we kişandin! Herçend ku wek endamekî an jî wek xortekî Kurd bi vê bûyerê dilê min pir êşiya jî, min her Partî nasdikir û rexneyên xwe li vir û li Şam jî ji hevalan digirt. Bersîvên min her evbûn: "Gava Apo dev ji hin pêwestiyên xwe berde, emê wî dîsan bikin sekretêrê Hizb"! Lê dawî çi lê hat? We di meha 9 sala 1969 de (piştî 6 mehan ku wan xwe kişandibû) biryara avêtina wî û hevalên wî da û ewana bi belavokekê kirin"xinizê" partî! Bi rastî ev ne tiştekî rast bû û hêz û baweriya li ser Partî gelekî qels dikir û kir jî...
Bi aliyê din ve, herwekî ku min bi partî digirt jî,gişt hevalên we bi çavekî şikber li min dinêrîn,bê ku bîr û baweriya were pirsîn ez dikirim hevalê Apo û hevalên din. Gava kongra Komele li Berlîn pêk hat, hevalên Surî bê ku min agadar bikin civîna xwe kirin. Herwekî ku di derxistina heval "Mirwan" ji girtîgeha Elmaniya Roşhilat de min xebatek hêja kir jî, heval "Mirwan" xwe dûr min dida, lê gava ku daxwazek xwe hebû digot "tu endamê meyî, divê alîkariya me bikî...". Gava ez hatim Şam jî min gelekî dixwest civînek we de beşdarbim, lê gava hûn bêdeng man, min jî nikarî doza civînê li we bikim.

Herçend ku ev tiştana bûn jî û min Apo jî dît, bîr û baweriya min her ew bû ku dîvê xortên welatî di seziî de bixebitin.Gava heval "Mirwan" hat Ewropa jî, ji hoxa dan û standin û hatinnasîna wî ji bevaniyan re min hewl da. Ez bawer dikim gava ez ne bi Partî re bûma ev tiştana min nedikirin. Profesor û rojnamevanê elmanî jî min pê da naskirindan û jê doz û daxwaz kir. Ev karê seldaniya jî bû demek dirêj ku li ser dixebitim, lê min nîna hemu caran nedixwest ku bêjim "min kir, ez dikim". Wek hûn dizanin dan û standin bi karbidestên vir re û bi rêxistinên xevrî re di bin berpirsiyariya min de ye. Jiber ku ta niha her nêwerekî çoreş ez bi vî rengî pêşkeşî van karbidest,kes û rêxistinan dikirim. Lê dîsan min bi vê pêwestiya serfiraz xwe tûj û pozbilind nekir.

Dawî çi bû ? Gava min tev navê hevalan navê Cewat jî da rêxistina mesiî, heval "Mirwan" li dijî min rabû, gûva ez alîkariya "xinizan" dikim, divê ez têkelî xebata Surî nebim ! "bi tenê xortekî kurdistana Bakur bimînim"! Ka endametiya min û ke hevaltiya min!...Bi rastî gelekî xweş e! Ka ev hêviyên min..!? Kin ev jî daqultandin, lê gava hevalê me dest bi êrişkirina ser min li nik rojnamevanê elmanî jî kir û ser de jî got:"Ger Cewat alîkarî bigre, ez nahêlim hevalên XXXXX min vê alîkariyê bigrin" û dixwaze hevalên Iraqî jî bêpar bihêle! Herwekî ku ev guneheki gelek mezine û kelemdanîn ber xebata 7 salane û başê jî gava ez jî vî gunehê han bidim ber çaven bêtir telvehev dibe û kesek jî guhdarî li heval jî nakin, lê wek min got ez bi xwe nikarim vê zarokî û gunehê han bidim ser milên xwe. Lê bi tewawî ronak bû ku ez nikarim êdî di nav saziya we de bimînim.Li gor baweriya min Apo û hevalên her dilsoz û Kurd in. Euana bi derketin, ne ku we ewana derxistin. Jiber vê yeka han gava pêwîst bû divê alîkeriya wan were kirin. Ger bi girtina alîkarî a wan hin hevalên me ji alîkariyê bêpar bimana, wê gavê tiştekî xweristî (tehîî)ye ku min jî ev nedikir. Lê gava ez bizanibim ku Cag û vê alîkarivê bigrin,ez nikarim bextê xwe bavêjim.

Jiber van tiştên jorin ji we tika dikim ku hûn rê hidin min û daxwaza min a xwe ji saziya we kişandin(îstîqale) werbigrin.

Hevalê we
Çiprût

Hemreş Reşo

کۆتایی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە سەدەی ڕابردوو، وەکو یەکەمین ڕێکخراوی کوردستانی، بە هەموو مانایەک شەرعییەتی بەدەستهێنا و وەکو سینگی دایکێک جێگەی هەموو منداڵەکانی تێدادەبێتەوە، ئەو خوێندکارە کوردانەی کۆکردووەتەوە کە لە بەشە جیاکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشەوە هاتوون و بە ئاهەنگەکانی یەکتراسین لەئامێزیان دەگرێت کە سااڵنە بۆ یەکتراسینی ئەو خوێندکارە نوێیانە ساز دەکرێت کە هاتوونەتە زانکۆکانی وڵاتانی ئەورووپا، یان لە یادەکانی جەژنی نەتەوەیی کورد -نەوروز- کۆیان دەکاتەوە و ڕاگۆڕینەوە و خستنەڕووی بۆچوونە جیاوازەکان دەستپێدەکات و بە زمانی دایکیان لەگەڵ یەکدا دەدوێن و دابونەریت و فۆلکلۆری نەتەوەکەیان زیندوو دەکەنەوە کەمێک بارگرانیی تاراوگە لەخۆیان دەکەنەوە کە لە خاکی نیشتمانداە بەهۆی سنوورە دەستکردەکانەوە ئەمە ناکرێت کە بەجیاوازیی بۆچوونە سیاسی و هزری و ئاینیانەوە گردبوونەتەوە.

لەالیەکی دیکەوە، کۆمەڵەکە خاکێکی بەپیت بوو بۆ گەشەکردنی گیانی یەکگرتوویی خەباتی نێوان ڕۆڵەکانی میللەتی کورد و بووە ئامرازێک بۆ گواستنەوەی دەنگی کپکراوی خەباتی گەلی کورد لە ناوەوە و ڕیسواکردنی ڕەفتارە نامرۆییەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و گوزارشت کردن لەو ستەم و ناهەقییەی لە کورد دەکرێت بە دەست شۆفێنی و نەژادپەرستان بە ڕای گشتیی ئەورووپا و جیهان.

کۆمەڵەکە تەنیا مینحەی خوێندنی بۆ قوتابیانی کورد دەستەبەر نەکردووە تاکو خوێندنیان لە زانکۆکانی ئەورووپادا تەواوبکەن، بگرە کارئاسانیشیان بۆدەکردن، چونکە خوێندکارێک کە تازە دەگاتە وڵاتێکی ئەورووپایی پێویستی بە چەند هاوکارییەکی خێرای کەسانی دڵسۆز دەبێت، بۆئموونە دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوون و تۆمارکردن لە زانکۆ و کاروباری دیکەی کارگێڕی، چونکە ئەو خوێندکارە نوێیە هەر کە دەگاتە فڕۆکەخانە پێویستی بە هاوکارییەکان دەبێت، لەبەرئەوەی هێشتا فێری زمانی ئەو وڵاتە نەبووە و هیچ لەبارەی یاساکانی وڵاتەکە نازانێت. ئا لێرەدا ڕۆڵی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەردەکەوێت بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرە هاوکاری و خزمەتگوزارییەک،

نـەک هـەر ئەوەنـدە بگـرە هـەر لـە یەکەمیـن ڕۆژەوە هانـی قوتابیانیـان دەدا بایـەخ بـە خوێندنەکەیـان بـدەن زانسـت و ڕۆشـنبیریی زانکۆکانـی ئەوڕوپـا بگوازنـەوە وڵاتانـی خۆیـان و خزمەتـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی و ڕۆشـنبیریی و زانسـتیی بکـەن لـە کوردسـتان.

وێـڕای کەمیـی ژمـارەی ئەندامانـی کۆمەڵەکـە و نزمیـی ئاسـتی دارایـی و نەبوونـی پشـتگیرییەکی بەهێـز بۆ درێـژەدان بە خەباتیان لـە چوارچێوەی کۆمەڵەکەدا و پشتبەسـتنی خوێنـدکاران بەتواناکانـی خۆیـان لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری کۆمەڵەکـەدا، لەگەڵ ئەوەشـدا شایسـتەی ستایشـکردن و دەستخۆشـین لەپـای ئـەو ماندووبوونانەی لە پرۆسـەی ناسـاندنی کێشـەی نەتەوەیـی کوردی سـتەمدیدە و چەسـاوە بە ڕای گشـتی گشـتیی جیهـان و کارکردن لەپێنـاو بەجیهانیکردنـی دۆزەکـە و دەرکردنـی لـە قاوغـی نێوخۆیـی بـۆ نێـو گۆڕەپانـی نێودەوڵەتـی و هەوڵـدان بـۆ پەیداکردنـی هاوسـۆزی و پشـتگیریی حکومـەت و گـەلان و گەیاندنـی پەیـام و خواسـتی گەلـی کـورد و شـکاندنی ئـەو کـۆت و بەنـدەی ڕژێمەکانـی داگیرکەری کوردسـتان بەسـەر گـەل و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان سـەپاندبوو، ئەویـش بـە بەشـداریکردن لـە کۆنگـرە و سـیمینار و فیسـتیڤاڵە هونـەری و کـۆڕە سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکان. لەسـەردەمانێکدا کـە هێشـتا پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـا نەگەیشـتبووە ئەو پێشـکەوتنەی ئێسـتا و ئینتەرنێـت و ئامرازەکانـی گەیاندن و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەئارادا نەبـوون، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە خوێنـدکاران خـودان هەسـتێکی بـەرزی نەتەوەییـن و لەڕێگـەی ئەوانـەوە بەشـێک لـە ئەوڕوپاییـەکان ئاشـنای دووڕوویـی ئـەو ڕژێمانـە بـوون کـە کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە، ئـەو ڕژێمانـەی بـە هەمـوو توانایەکیـان هەوڵیـان دەدا دۆزی کـورد بەجیهانـی نەکرێـت و هـەر لەنێـو خـۆی وڵاتـدا بمێنێتـەوە و بانگەشـەیان دەکـرد کـە کێشـەیەک نییـە بەنـاوی کێشـەی کـوردەوە و ئەگەریـش زۆر تەنگەتـاو بوونایـە، دەیانگـوت: کێشـەیەکی ناوخۆییـە.

کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا، هـەر لـە سـاڵی (١٩٤٩) کـە بـە قۆناغـی یەکەمـی دامەزراندنـی دادەنرێـت تـا دەگاتـە سـاڵی (١٩٧٥) توانیویەتـی (١٨) کۆنگـرە بـە سـەرکەوتوویی ببەسـتێت، بـە کۆنگـرەی دامەزراندنیشـەوە، بێجگـە لە کۆنگرەکانـی تەواوی لقەکانـی کۆمەڵەکـە، جـا ئەگـەر کۆنگـرەی دامەزراندنـی لێدەرکەیـن کـە بەهۆی سـڕکردن و دابڕانـی (٦) سـاڵ، واتـە لـە سـاڵی (١٩٥٦-١٩٧٥) دەبینیـن تەمەندرێژتریـن و فراوانتریـن و

گشتگیرترین کۆمەڵەی نەتەوەییە کە لەو مێژووەدا توانیبێتی هەموو لایەنە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵەکەدا کۆبکاتەوە بەهەموو جیاوازییەکیانەوە. ئەوەی تۆماری کۆمەڵەکەش هەڵبداتەوە بۆی دەردەکەوێت کە چەندە بەخشندە و دەستکراوە بووە و سەرباری هەموو جیاوازییەکانی سەرەتای دامەزراندن و دواتریش، ئەو هەموو چالاکییە جۆربەجۆرانەی ئەنجامداوە و کۆمەڵەکە نەک تەنیا نوێنەرایەتیی قوتابیانی کوردبێت بە تەنیا، بگرە نوێنەرایەتیی سەرجەم هاوواڵتیانی کوردستانیشی کردووە.

بەپێی دەستووری کۆمەڵەکە، بڕیاربوو ساڵانە کۆنگرەیەکی گشتی ببەسترێت، بێجگە لە کۆنگرە نائاساییەکان، بەڵام (١٧) کۆنگرەی بەست کە دەبوایە (١٩) بوایە. کۆنگرەکانیش بە ئامادەبوونێکی چڕی ئەندامانی کۆمەڵەکە و بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوە جیاوازەکانی خوێندکاران و غەیرە خوێندکار و حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانی و بیانییەکان و پەیامنێرانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بەڕێوەدەچوو، چەند پەرلەمانتاری ئەوروپا و دۆست و لایەنگرانی کوردیشیان تێدا بەشدار دەبوو. زۆر جاریش کەسایەتییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردیش ئامادەی کۆنگرەکان دەبوون کە نموونەی پشتگیریکردنێکی گەورەی مەعنەوی کۆمەڵەکە بوون، لەوانەش: دکتۆر نورەدین زازا، دکتۆر کامەران بەدرخان و هاوسەرە پۆلۆنییەکەی، سەرکردەی ڕاپەڕینەکەی ئاگری، جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، سەڵاح بەدرەدین و سەرکردە و بەپرسانی باشووری کوردستان وەک جەلال تاڵەبانی، نووری شاوێس، حەمدین فەرەج، دارا تۆفیق، مستەفا قەرەداغی، سامی عەبدولڕەحمان، حەبیب محەمەد کەریم، ئیسماعیل عارف و چەند کەسایەتییەکی تریش.

کەسایەتیی عەرەبیی وەکو: محەمەد مەهدی جەواهیری، جبران ئەلحایک، مەهدی حافز و بیانیی وەک: هۆرست برۆنیکیت، سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەڵمانی-کوردی، بەهنام پەترۆس سکرتێری یەکێتیی لاوانی جیهان و نوێنەرانی هەرێمی باسک، ریسو ئاینبینی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا (ئیتاڵی) و خانمە پەرلەمانتاری ئیتاڵی، ئەنجێلا بیلاری، جویس بلو، جان بیێر ڤیلیۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی لامۆندی بەناوبانگ کە کۆمەڵەی دۆستایەتیی فەڕەنسی-کوردیی دامەزراندووە و بووەتە سەرۆکی کۆمەڵەکە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری

کەسایەتیی سیاسی و مافپەروەران و ڕۆژنامەوانانی وڵاتانی جۆراوجۆری ئەوڕوپا و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی کە ناتوانین ناوی هەموویان بنووسین، بەشداریان لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا کردووە.

وەکو نەریتێک لەپاش تەواوبوونی کارەکانی هەر کۆنگرەیەکیشدا، ئاهەنگێک بۆ نوێنەران و میوانانی و کورد و بیانی سازدەکرا، زۆربەی قوتابیانی کورد لەم ئاهەنگەدا جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی و چەند بەرهەمێکی کەلەپووری و خواردەمەنیی کوردەواری و ژمارەیەک فیلمی کۆمێنتاری نمایش دەکرا، هەڵپەڕکێ و گۆرانیی کوردی و خوێندنەوەی چەند هۆنراوەیەکی کوردی، بڕگەیەکی دیکەی ئەم ئاهەنگانە بوون کە بەشێک لەو شیعرانە بە زمانەکانی بیانی نووسرابوون و باسیان لە تایبەتمەندێتیی فۆلکلۆر و داب و نەریت و کلتووری کورد دەکرد.

لەڕاستیدا کۆنگرەکانی کۆمەڵە ببوونە شوێنێکی تایبەت بۆ یەکترناسین و ئاڵوگۆڕی بەهرە و ئەزموونی خوێندکاران لەنێو خۆیاندا و لەنێوان بەشداربووانی کۆنگرەشدا. هەروەها بووە سەرچاوەیەک بۆ بیستن و زانینی دوا هەواڵەکانی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان بە تایبەتی و تەواوی بارودۆخی گەلی کورد لە نیشتمانی خۆیاندا بە گشتی.

لەکاتی بەستنی کۆنگرەکاندا، نامە و بڕووسکەی پیرۆزباییکردنیان لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی خوێندکاران و لاوانی جیهان، بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کیشوەرە جیاوازەکان، حزبی شیوعی لە چەند وڵاتێک کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسی، ژمارەیەک لە ڕێکخراوە خوێندکاری و سیاسیی دەرەوەی یەکێتیی خوێندکانی جیهان و یەکێتیی لاوانی جیهان، هەروەها چەند کەسایەتییەکی بەرپرس لەسەر ئاستی گۆڕەپانی ئەوڕوپا، پێدەگەیشت.

بە کۆی ئەم هۆکارانە دەتوانین بڵێین کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، کۆنگرەی سەرکەوتوو بوونە بەهەموو پێوەرێک و هاوشێوەی کەرنەڤاڵ و خۆپیشاندانەکان، تا ڕادەیەکی زۆر توانیویانە دۆزە ڕەواکەی کورد بە جیهانی دەرەوە بناسێنن.

سەبارەت بە شوێنی بەستنی کۆنگرەکان، ئەوەی جێ سەرنجی ئێمەبێت ئەوەیە؛ لە کۆی (١٧) کۆنگرە، (٦) کۆنگرە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەستراوە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرلین دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەوڕوپا دۆخێکی تایبەتی کارگێڕیشی هەیە

و خوێندکاران دەیانتوانی بە میترۆ لە ئەورۆپای ڕۆژهەڵاتەوە بە بەرلینی ڕۆژئاوادا تێپەڕن و جارێکی دیکە لە وێستگەی (فریدریک) بە بێ وەرگرتنی ڤیزە هاتوچۆبکەن و لە دانیشتنەکانی بەیانیان و ئێوارانی کۆنگرەدا بەشدار بن و شەوان لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتدا بنوون، چونکە کرێی ئوتێل لەوێ هەرزانترە و دراوی وڵاتانی سۆشیالیستی (ڕۆبڵی ڕووسی و مارکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ....) لە بەرلینی ڕۆژئاوادا ئاڵوگۆڕ و مامەڵەی پێنەدەکرا.

ئەندامانی کۆمەڵە بە گیانێکی پڕ لە دڵسۆزی و وەفاداری بۆ دۆزی میللەتەکەیان کاریان دەکرد و ڕوویان لە هەر شوێنێک بکردایە، مەینەتییەکانی گەلەکەیانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و لە هەر شوێنێکدا دەرفەتیان بۆ ڕێکبکەوتایە، دەیانخستە بەردەم ڕای گشتیی ئەورۆپا. دۆزی کوردیان گەیاندبووە کۆڕبەندە جیهانییەکان بە نەتەوە یەکگرتووەکان و سکرتێر و دامەزراوەکانی سەر بەوانیشەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاخۆ خواستەکانیان بووەتە مایەی بایەخیان یاخود خراونەتە تەنەکە خۆڵەکەی ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیان خستووەتە سەرووی هەموو شتێکەوە.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا ساڵانێکی زۆر بە ناوە کورتکراوەکەی دەناسرایەوە کە پیتی یەکەمی ناوەکەی بە ئینگلیزی (K. S. S. E) بوو. ناوەکەشی بە شێوەزاری کرمانجیی باشوور (سۆرانی) بەم شێوەیە دەنووسرا: (Komeley Xwendêkaranî Kurd le Ewropa)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاریگەریی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان بەڕوونی لە سەرەتای دامەزراندنی، بە کۆمەڵەکەوە دیاربوو و زۆربەی ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەی یەکەم کوردی سۆرانی بوون.

دەمانەوێ ئەوەش ڕوونبکەینەوە؛ بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە کە لە ١١ی ئابی ١٩٦٩دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە تاکو ئەو ڕۆژە گەیشتبووە (٧٦١) ئەندام کە هەر هەموویان خوێندکاری زانکۆکانی ئەورۆپا بوون و کۆمەڵەکە لقی لەم وڵاتانەدا هەبوو: سوید، بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، سویسرا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەرلینی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیای دیموکرات، پۆڵۆنیا، چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، یۆگسلاڤیا، بولگاریا، ڕۆمانیا، یەکێتیی سۆڤیەت و ئیتاڵیا.

لەلایەکی دیکەوە، هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا، پەیوەندیی لەگەڵ (١٠٠) ڕێکخراوی خوێندکاران و غەیرە قوتابیانیشدا هەبووە

و نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبووە و لە بۆنەکانی یەکتریدا بەشداربوونە. کۆمەڵەکە لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٤)ەوە ئەندامی"یەکێتیی قوتابیانی جیهان"ە و گۆڤاری (Kurdistan) زمانحاڵی کۆمەڵەکە بووە و (١٣) ژمارەی بە زمانی ئینگلیزی لێدەرچووە. هەروەها کۆمەڵەکە گۆڤاری"پرشنگ"ی بە زمانی کوردی دەرکردووە.

لە یەکێک لە دیمانەکانمدا لەگەڵ تاریق ئاکرەیی، پرسیاری ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکەم لێکرد پێش جودابوونەوەی کۆمەڵەکە لە ساڵی (١٩٧٥)، گوتی:"ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە گەیشتە نزیکەی (٣) هەزار ئەندام، ئەم ژمارە گەورەیەش لەبەرئەوەیە؛ بە بڕیارێکی کۆمەڵە بەئەندامبوون بۆ غەیرە خوێندکاریش کرایەوە.

پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمەڵە لە کۆنگرە (دەستەی کارگێڕیی گشتی) ی هەڵدەبژارد ئەویش لەنێو خۆیاندا سکرتاریەتیان هەڵدەبژارد کە لە سێ ئەندام پیکهاتبوون، سەرۆکی کۆمەڵەکەش لەلایەن دەستەی کارگێڕیی گشتییەوە هەڵدەبژێردرا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا، کارێکی مەزنیان کردووە، بەڵام ئەم کارە مەزنە -بەڕای من- خاڵی نەبووە لە چەند خەوش و کەموکوڕییەک و بە پەرەنسیپی"ئەوەی کاری زۆر بکات، هەڵەی زۆریش دەکات". کە دەکرێ ئەو هەڵە و کەموکوڕییانە لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: کۆمەڵەکە کەوتبووە نێو ئەو ئیشکالیەتەی کە زۆربەی کار و چالاکییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەنجام دەدا و (١٥) کۆنگرەیان لە کۆی (١٧) کۆنگرە لەو وڵاتە ڕۆژئاواییانەدا بەستووە و بارەگای سەرەکیی کۆمەڵەکەش هەر لەوێ بووە، بەڵام دەستەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەکە و دەستەی لقەکان جەختیان لەسەر پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێخکراوە شیوعی و چەپەکانی خوێندکاران دەکردەوە، نەک هەر ئەوە بگرە جاروبار لە لێدوان و بڵاوکراوەکانیاندا هێرشیان دەکردەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا و داوایان لەو وڵاتانە دەکرد تێگەیشتنیان بۆ ڕەوایی دۆزەکەیان هەبێت؟!!

دووەم: کۆمەڵە نەیتوانی لێژنەیەکی تایبەت بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە پێکبهێنێت، هەرچەند کادیریشیان هەبووە کە ئەرکی سەرەکییان دامەزراندی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بوایە لەگەڵ خەڵکانی تر.

سێیەم: لە زۆربەی جارەکاندا کۆمەڵە بە زمانی خۆجێیی ئەو وڵاتە دیالۆگی نەدەکرد تاکو پەیامەکەیان بگاتە زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەوڕوپایی، نەک هەر ئەوەندە، بگرە زۆرجار هەر بە زمانی عەرەبی، ئامادەبووانی دەدواند؟!! جا ئەمە چ کۆمەڵەیەکی کوردییە ئەگەر پەیامت بە کوردی نەبێت و وتارەکانیان بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی بخوێننەوە.

چوارەم: ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکە لە ناسیۆنالیستە دیموکراتەکانی کورد و شیوعییە چەپخوازەکان لەلایەک و لەنێوان هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان-باشوور لەلایەکی دیکەوە، هۆکاری لاوازبوونی ئەدای کۆمەڵەکە بووە لە زۆربەی کار و چالاکییەکانیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین؛ نەوەی یەکەم و دووەمی کوردی ئەوڕوپا لە بارودۆخێکی نائاساییدا ڕۆڵیان لە ناساندنی کورد هەبووە بە ئەوڕوپاییەکان و ئێمە خۆمان بە قەرزاری هەر ئەندامێکی کۆمەڵەکە و سەرجەم ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیری و پیشەیی و کەسایەتییە سەربەخۆکانی کورد دەزانین، چونکە باری ئێمەیان لە زۆر ڕووەوە سووک کرد کە دەبوایە ئێمە لەپێناو کوردایەتیدا بیکەین، مێژووی کوردیش وەکو سەربازێکی بە ئەمەکی ون لە خزمەت دۆزی نەتەوە و نیشتمان ناویان تۆمار دەکات.

نەوەی ئێستامان کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوو ڕووبان لە ئەوڕوپا کردووە، داوایان لێدەکەم سوود لە نەوەکانی پێشوویان وەربگرن و پەرە بە لایەنە نەرێنییەکان بدەن و لایەنە نەرێنییەکان وەلانێن، چونکە توانای خۆیان و ئامادەباشیی ئەوڕوپاییەکان بۆ گۆڕگرتن لێیان و هاوکاریکردنیان گونجاوە بۆ ئەم پرسە، چونکە ئەوەی مێژوو بە نەرێنی و ئەرێنییەکانی نەخوێنێتەوە، ناتوانێت نەخشە و پلان بۆ ئایندەیەکی گەش دابڕێژێت.

هێشتا کورد ڕێگەیەکی دوور و سەختی لەپێشدایە و ئەرکێکی زیاتری پێویستە، چونکە دوژمنی گەل و دۆزەکەمان توانایەکی مەزنیان لەبەردەستایە، دەبا پێکەوە کۆشش بکەین بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد.

زۆر بە کورتی دەڵێین: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا بە یەکێک لە

دەستکەوتە مێژووییەکان هەژمار دەکرێت لە مێژووی کورددا کە هەموو پارچەکانی نیشتمان و تاراوگەشی گرتبووەوە و تاکو ئەم چرکەساتەش سەرکردەکانی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە حزب و ڕێکخراو و بزووتنەوەکان -بەداخەوە- نەیانتوانیوە تواناکانی تێکۆشەرانی گەلە پەرتەوازەکەمان یەکبخەن هەروەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا ئەو ئامانجەیان لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا بەدیهێنا.

ئێمەش چالاکییەکانی قوتابیانی کوردمان لە ئەوڕوپا بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک (١٩٤٩-١٩٧٥) لە چوار بەشدا دیکۆمێنتاریمان بۆ کردووە و هیوادارین بارودۆخەکە یارمەتیدەر بێت بۆ قۆناغی دوای ئەم قۆناغە (١٩٧٥- ١٩٩٠).

لە کۆتاییدا ئەم تۆژینەوەیە:

- هەوڵێکە بۆ لادانی ئەو گەرد و تۆزەی کەوتبووە سەر بەشێکی گرنگی مێژووی کورد لە ئەورۆپا و دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کورد گەلێکە دووچاری زۆرترین چەساندنەوە و تۆندوتیژی بووە.
- هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕادەی ڕژدبوونی قوتابیانی ئەوکات وێڕای دۆخە سەختەکەی پێیدا تێپەڕدەبوون بۆ ناساندنی دۆزە ڕەواکە و دابونەریت و کلتووریان بە خەڵکانی دیکە.
- هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕق و کینەیەی وڵاتانی داگیرکەری نیشتمانی کورد و ڕەفتاری نامرۆییان و گرتنەبەری هەموو شێوازێک بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد.
- هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوە و دووپاتکردنەوەی نەبوونی بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان لە دادپەروەری و یەکسانیدا لەجیهان کە بانگەشەی بۆ دەکرێت -پرسەکە ڕێژەییە.
- دوواجاریش، هەوڵێکە بۆ پەند و وانە وەرگرتن لەو حاڵەتە پەرتەوازەیی و دواکەوتوویی سیاسییەی عەقڵییەتی کورد گیرۆدەیەتی. بۆئەوەی عەقڵییەتێک بینابکەین کە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی سەردەمدا بگونجێت و هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی خەونی میللەتی کورد لە یەکگرتن و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە.

بەشی وێنەکان

ئەم بەشە، ئەو وێنانە دەگرێتەخۆی کە لە ئەندامانی کۆمەڵەکەم وەرگرتووە و پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی تۆژینەکەوە هەیە. هەروەها ئەو وێنە هاوبەشانەش کە لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵەکە گیراون یاخود ئەو بەڕێزانەی دیمانەم لەگەڵیان سازداوە سەبارەت بەم تۆژینەوەیە.



میر دکتۆر کامەران عالی بەدرخان، هاوسەرەکەی لای ڕاستییەتی و لای چەپی هاوسەری سەردار ئاراراتییە. وێنەکە لە ماڵی ئاراراتی لە میونیخ ساڵی ١٩٦٥ گیراوە. (لە ئەرشیفی سەردار ئاراراتی).



نـەورۆزی بەریتانیـا- سـاڵی ١٩٥٥ پێـش دامەزراندنی کۆمەڵە. لە ڕاسـتەوە: حەمەڕەشـید چەمچەماڵـی، سـەڵاح سـەعدوڵڵا، سـەعدی دزەیـی، ئەنـوەر عـیمادی، محەمـەد نـووری عـیمادی، هاوڕێیەکـی عەرەبـی عێراقـی.



وێنەیەکـی تـری هەمـان ئاهەنـگ. لـە ڕاسـتەوە: عـارف محەمـەد عەلـی، سـەعدی دزەیـی، دارا تۆفیـق، فوئـادا ڕەشـی، عەزیـز ڕەشـی، نـەژاد مەجیـد سـەلیم، حەمەڕەشـید چەمچەماڵـی. (هـەردوو وێنەکـە هـی ئەرشـیفی سـەعدی دزەییـە).



وێنەی سێیەمی نەورۆزی شاری لەندەن. لە ڕاستەوە: سەڵاح سەعدوڵڵا، ئەنوەر عیمادی، حوسام سەعدوڵڵا. (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی).



سەردار ئاراراتی وتاری شاندی کوردی دەخوێنێتەوە -بە گوتەی خۆی- لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان. (لە ئەرشیفی نیزامەدین کایا"سەردار ئاراراتی").



وێنەیەک لە کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی (١٩٦٩) بەستراوە.



کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمەڵە لە پەراوێزی کۆنگرەی دەیەم ساڵی (١٩٦٥) لە بەرلینی ڕۆژئاوا. وەستاوەکان لە ڕاستەوە: محەمەد مەلا مەحموود گرو، عەبدولڕەحمان شێخ مووسا، سەردار ئاراراتی، محەمەد عەلی یونس (گولک)، حوسێن کیکی، عەدنان عەبدولمەجید، عەبدولڕەحمان گژو. دانیشتوان لە ڕاستەوە: زنار شێخموس، سەڵاحەدین ئەسڵان. (لە ئەرشیفی زنار شێخموس).



لە پەراوێزی کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵەکە، ساڵی (١٩٦٥) لە بەرلینی ڕۆژئاوا. لە ڕاستەوە: عومەر شێخموس، شەفیق جومعە، محەمەد مەلا(گرو)، زنار شێخموس، عەدنان گولک، عەبدولڕەحمان گژو، محەمەد عەلی گولک. (لە ئەرشیفی دکتۆر محەمەد عەلی گولک).



ئەم وێنەیە لە پەراوێزی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵەکە لە ساڵی (١٩٦٩) گیراوە. لە ڕاستەوە: سەردار ئاراراتی، زۆزان بوجاق، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ؟.....؟ (لە ئەرشیفی زۆزان بوجاق).



وێنەیەکی دیکەیە لە پەراوێزی کۆنگرەی ..... کۆمەڵەکە گیراوە. لە ڕاستەوە: .....؟ زۆزان بوجاق، .....؟ (لە ئەرشیفی زۆزان بۆجاق)



نەورۆزی لەندەن ساڵی (١٩٦٠). لە ڕاستەوە: سەعید دزەیی، فاروق نورەدین، غولام فەیلی، جەمال ساحێبقەران، محەمەد ساڵح قەرەداغی، هاوار کاکە زیاد، ئازاد ئەمین، .....، جەلال جوانڕۆ، .....، دانشتوان لە ڕاستەوە: بەختیار ئەحمەد ڕەفیق، سدقی دزەیی، .....، سالار ساحێبقەران، جەلال باجەلان، (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی).



وێنەیەکـی دیکـەی کۆنگـرەی هەشـتەم، لـە ڕاسـتەوە: نەجیـب خەفـاف، ئیحسـان فوئـاد، سـەعدی دزەیی(بەپێوەیـە)، عیسـمەت شـەریف کەمـال فوئـاد، ڕوشـدی شـەریف. (لـە ئەرشـیفی سـەعدی دزەیـی).



وێنەیـەک لە کۆنگرەی پانزە لە ڕۆمانیا سـاڵی (١٩٧٢) لە ڕاسـتەوە: سـەباح نـووری، .....، سـەڵاح زێبار، .....، شـیرین کەتانی (ئاکرەیی). (لە ئەرشـیفی دکتۆر سـەباح نووری).



ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵە لە کۆنگرەی سالّی (١٩٦٣) کە لە شاری میونیخی ئەڵمانیا بەسترا، وێنەکە لە سەرچاوەکەوە ڕوون نییە. (لە ئەرشیفی دارا عەتار).



کەمال فوئاد لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی سالّی (١٩٦٠) وتارێک پێشکەش (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) دەکات لە چیای ئەزمڕ کە دەڕوانێتە سلێمانی، دەربارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. (لە ئەرشیفی دکتۆر عەتار).



وێنەیەکی سەڵاح بەدرەدین (لای ڕاست) و حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەراوێزی کۆنگرەی (١٩٦٧-١٩٦٨) لە بەلگراد. (لە ئەرشیفی دارا عەتار).



وێنـەی ژمارەیـەک ئەندامانـی کۆمەڵـەی خوێنـدکاران لـە سـاڵی (١٩٦٧) لـە بەلگـراد. لـە ڕاسـتەوە: سـەباح نووری، ..... ، .....، ..... ، .....(لە ئەرشـیفی دکتۆر سـەباح نووری)



وێنەیەکـی دیکـە لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی پانـزە. لـە ڕاسـتەوە: ئەحمـەد ..... ، ..... ، سـەڵاح زێبـار، شـیرین کەتانـی، ڕووناک .....، سـەباح نـووری، تۆفیـق عەلـی. (لە ئەرشـیفی دکتۆر سـەباح نـووری).



وێنەیەک لە کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵە. لە ڕاستەوە: عەلی شەریف، سەعدی دزەیی، عیسمەت شەریف وانلی، کەمال فوئاد، ئیحسان فوئاد (وتار دەخوێنێتەوە). (لە ئەرشیفی دەزگای ژین).



شاندی کۆمەڵە کە بەشداریان لە یەکێک لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا کردووە.



لـە ڕاسـتەوە: هیـوا بەهجـەت، سـابیر پیرۆزخـان، عـیماد سـاحێبقڕان کەمـال فوئـاد. (لـە ئەرشـیفی بنکـەی ژیـن).



وێنەی کەمال فوئاد و .....؟ لە .....؟ (لە ئەرشیف بنکەی ژین) کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمەڵە. هەموویان لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانن. (لە ئەرشیفی دکتۆر محەمەد عەلی یونس).



على هامش مؤتمر بوخارست. من اليمين: مريوان نامق، و عارف تيمور أعضاء وفد اتحاد طلبة كوردستان. طارق عقراوي، و.....؟ (من أرشيف طارق عقراوي).




ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵە. ڕیزی یەکەم: .....، عەلائەدین محەمەد، ..... وەستاوەکان لە ڕاستەوە: محەمەد بەکرو، .....، تاریق ئاکرەیی، .....، شێرکۆ تاهیر، ڕەمزی شەعبان، جەوهەر شاوێس، محەمەد موهتەدی کەمال ڕەشید. (لە ئەرشیفی ئیبراهیم خەلیل حاجی عەلی).



سێ ئەندامی کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵە کە لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا ساڵی (١٩٦٤) کە لە شاری هانۆڤەرن و بەرەو شوێنی بەستنی کۆنگرەکە بەڕێوەن. ناویانمان نەزانی (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).



لە ڕاستەوە: .....، جواد مەلا نوێنەری (یەکێتیی نەتەوەیی قوتابیانی کورد لە سووریا)، غازی فەرحۆ نوێنەری (یەکێتیی قوتابیانی کورد لە لوبنان)، تاریق ئاکرەیی سەرۆکی KSSE، لە سەردانێکدا بۆ بارەگای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و دیداریان لەگەڵ زەکیە حەققی سەرۆکی یەکێتییەکە، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق لە سلێمانی.




سەرۆک عەبدولکەریم قاسم، لەلای ڕاستەوە بەخێرهاتنی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا و شاندی یاوەری دەکات. ئەوەی پشت قاسمیش، جێری پلیکان سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی جیهانە، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی لاوان و قوتابیانی جیهان لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٠) لە بەغدا. (لە ئەرشیفی عیسمەت شەریف وانلی).



وێنەیەکی دیکەی شاندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی جیهان لە بەغدا. لە چەپەوە: تەحسین هەورامی، کەمال فوئاد، عیسمەت شەریف وانلی. (لە ئەرشیفی بنکەی ژین).



وێنەیەک لە پەراوێزی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٧) لە دیمەشق کە یەکەمین ئاهەنگی کوردی ئەوێ بوو، دانیشتوان لە ڕاستەوە: قەدری جەمیل بەگ جەمیل پاشا، عومەر دزەیی، عوسمان سەبری. ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: عومەر محێدین شەریف، عیسمەت شەریف وانلی، نورەدین زازا، قەدری جان، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی فەتاح دزەیی، عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ڕیزی دواوە لە ڕاستەوە: جەمشید جەلادەت بەدرخان، محەمەد زلفۆ، ڕەمۆ حەسۆ (لە ئەرشیفی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ).



وێنەیەک لە کۆنگرەی یەکەمەوە، لە ڕاستەوە(سەرەوە): دکتۆر نورەدین زازا، تەحسین هەورامی، دارا تۆفیق، ئەحمەد ڕەسوڵ، ئەحمەد زمچی، سەعدی دزەیی. (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی).



وێنەیەک لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەکەوە لە لەندەن، کانوونی دووەمی (١٩٥٨). ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: حوسامەدین سەعدوڵڵا، نەژاد مەجید سەلیم، سەعدی دزەیی، ئەنوەر عیمادی، سەڵاح ڕەشید سدقی، عومەر ڕەمزی، تەحسین هەورامی، نازدار ڕەشید جەودەت، عارف محەمەد عەلی کەریم، عیسمەت شەریف وانلی، شەوقی عەزیز فەرەج، عومەر دزەیی، فوئاد سالّح ڕەشا، دانیشتوان لە ڕاستەوە: عەزیز خۆشناو، زاهیر حوسێن، جەمیل جەلال، سەڵاح سەعدوڵڵا. (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی).



لە ڕاستەوە: عەزیز حوسێن، عەلی ئیسماعیل دزەیی، ئیبراهیم دزەیی، عیزەدین دزەیی.



لە ڕاستەوە: عەزیز حوسێن، عەلی ئیسماعیل دزەیی، ئیبراهیم دزەیی، عیزەدین دزەیی. وێنەیەک لە کۆنگرەی پێنجەمەوە. لە ڕاستەوە: سەعدی دزەیی کەمال فوئاد، ئیحسان نووری پاشا، عیسمەت شەریف وانلی، وریا ڕواندزی. (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی)



وێنەیەکی پاش تەواوبوونی کۆنگرەی چوارەم لە ساڵی (١٩٥٩، لەکاتی ئێوارە ئاهەنگێکی هونەری، لە ڕاستەوە: ڕەئووف ئەحمەد، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر ئاسۆ نووری ئەحمەد تەها ، ئیبراهیم دزەیی، ئافرەتەکەش دوڕیە عەلی عەونییە. (لە ئەرشیفی ئیبراهیم دزەیی).



لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی شەشـەم، لـە ڕاسـتەوە: ئیبراهیـم دزەیـی، دکتـۆر جەمشـید جـەلادەت بەدرخـان، دکتـۆر وریـا ڕوانـدزی. (لـە ئەرشـیفی ئیبراهیـم ڕوانـدزی).



وێنەیەکـی دیکـەی کۆنگـرەی شەشـەم. لـە ڕاسـتەوە شـێرکۆ ..... ، نوێنـەری یەکێتیـی قوتابیانـی جیهـان .....، ڕیـزی دووەم لـە چەپـەوە: سـەلیم میلـۆ، عەلائەدیـن محەمـەد (لـە ئەرشـیفی دکتـۆر سـەلیم میلـۆ).



وێنەیەک لە کۆنگرەی حەوتەم، ڕیزی پێشەوە لە چەپەوە: محەمەد سالّح قەرەداغی، دارا عەتار، .....؟ ڕیزی پشتەوە: دکتۆر عەلی تۆفیق قادر، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لە شەستەکان و ..... (لە ئەرشیفی دارا عەتار).



وێنەیەک لە کۆنگرەی هەشتەم. لە ڕاستەوە: نەجیب خەفاف، ئیحسان فوئاد، سەعدی دزەیی، عیسمەت شەریف وانلی (بەپێوەیە) کەمال فوئاد، ڕوشدی شەریف. (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی).



وێنەیەک لە پەراوێزی کۆنگرەی هەشتەم، دانیشتوان لە ڕاستەوە: شێخ محەمەد سلێمان، محەمەد شەریف، ..... ، ..... ، سەلیم میلۆ، محەمەد گەنجۆ. وەستاوان لە ڕاستەوە: ..... ، عەبدولئەمیر فەیلی، ..... ، سەعدی دزەیی، ..... ، ..... ، ..... ، جەلال تاڵەبانی، سەردار ئەراراتی، مەمۆ یەتکین. (لە ئەرشیفی دکتۆر سەلیم میلۆ).



وێنەیەک لە کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵە لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانی، حەمەڕەش ڕەشۆ وتار دەخوێنێتەوە. لێژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە چەپەوە: دکتۆر کەمال فوئاد، ..... ، عومەر شێخموووس. (لە ئەرشیفی حەمەڕەش ڕەشۆ).



دکتـۆر عیسـمەت شـەریف لـە باشـووری کوردسـتان، لـە نزیـک ڕانیـە لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی سـاڵی (١٩٦٤)، بەمەبەسـتی نێوەندگیـری لەنێـوان بارزانـی و گروپـی مەکتەبـی سیاسـیبە سـەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد. (لە ئەرشـیفی دکتۆر عیسـمەت شـەریف وانلی).



عەزیـز شـەمزینی وتـاری شـۆڕش و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کۆنگـرەی (١٠)دا دەخوێنێتـەوە. (لـە ئەرشـیفی دارا عەتـار).




وێنەیەک لە پەراوێزی کۆنگرەی یانزەی ساڵی (١٩٦٦). ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: محەمەد بەکر، ..... ، ..... ، ..... ، ..... ، محەمەد مستۆ؟ (عەفرین)، ئەحمەد چلوسی. دانیشتوان لە ڕاستەوە: جەمشید بەدرخان؟ ، ..... ، محەمەد گەنجۆ، محەمەد ساڵح جومعە، ..... ، عەلائەدین محەمەد (لە ئەرشیفی عەلائەدین محەمەد).



وێنەی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە. ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: عەزیز فەرمان، فەوزی قەدۆ، ئیسماعیل قادرۆ، سەیدۆ ئەرسەلان، عومەر گولک، دانیشتوان لە ڕاستەوە: سەڵاح بەدرەدین، عیسمەت شەریف وانلی. (لە ئەرشیفی عومەر گولک).



وێنەیەک لە کۆنگرەی سیانزە کە لە شاری بەرلین بەستراو، ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە: جەمیل محۆ (کوردی لوبنان)، دارا تۆفیق (بەپێوەیە)، عیسمەت شەریف وانلی، سامی عەبدولڕەحمان (نوێنەری شۆڕشی کورد)، ئافرەتەکەی پشت ڕیزی یەکەم: لەیلا بوجاق؟ (لە ئەرشیفی غەزال سەیدۆ).



دیمەنێک لە یەکێک لە کۆنگرەکان؟ (وێنەکە لە سەرەچاوەوە ڕوون نییە)



کۆنگـرەی پانـزە. دانیشـتوان لـە ڕاسـتەوە: نەجـاح نـووری، ..... ، ..... ، نەجـدەت خەلیـل؟، سـەباح نـووری، .... ، وەسـتاوان لـە ڕاسـتەوە: سـەڵاح زێبـار، خانمـە ئەوڕوپاییـەک، شـیرین کەتانـی، دەرویـش حەسـۆ، تاریـق ئاکرەیـی، کامـەران قـادر، کچێکـی پۆگسلاڤـی یان ڕوونـاک؟ فەرهـاد سـۆفی، ڕەمـزی شـەعبان، ..... (لـە ئەرشـیفی دکتـۆر سـەباح نـووری).



تاریـق ئاکرەیـی وتـاری کردنـەوەی کۆنگـرەی بوخارسـت دەخوێنێتـەوە لـە سـاڵی (١٩٧٢) (لـە ئەرشـیفی تاریـق ئاکرەیـی).



شاندی کوردی ئەوڕوپا، لە سەردانی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی لە پەراوێزی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حاجی ئۆمەران ٢٨ی تەموزی ساڵی (١٩٧٠).بەپێی گێڕانەوەی سەردار ئاراراتی، خۆی سەرۆکی شاندی کۆمەڵەکە بووە و وتارێکی لە کۆنگرەکە پێشکەش کردووە و پێشنیازی ئەو بووە کە شاندەکە، نوێنەرێک لە هەر پارچەیەکی کوردستانی، تێدا بێت. دکتۆر محەمەد ساڵح جومعەش پێیگوتم:"ئەو سەرۆکی شاندەکە بووە بڕیار بوو دیدارەکە نیو سەعات بخایەنێت، بەڵام بارزانی هەتا سێ سەعات و نیو ئیزنی نەداون. لە کۆتایی دیدارەکەشماندا لە بارزانیم پرسی: جەنابی فەرماندە، چ ئامۆژگارییەکت بۆ ئێمە هەیە (مەبەست کوردی ئەوڕوپایە - تۆژەر) بارزانی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:"دۆستانمان بۆ زۆر بکەن و دوژمنانمان بۆ کەمکەنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا دوژمنمان زۆرە". جەمال عەلمداریش دەڵێ: من بە نوێنەرایەتیی کوردی ئەوڕوپا وتارێکم خوێندەوە و سەردار ئاراراتی وتاری کۆمەڵەی (هێڤرا)ی خوێندەوە. (لە ئەرشیفی دکتۆر حەسەن شتوی).

لە ڕاستەوە: ئیدریس بارزانی، سەردار ئاراراتی، دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، مستەفا بارزانی، دکتۆر حەسەن شتوی و جەوهەر نووری شاوێس وێنەکەی گرتووە.



تـۆژەر چەپکـە گـوڵ لەسـەر گـۆڕی نورەدیـن زازا دادەنێـت لـە شـاری لۆزانـی سـویسرا لـە ١٧ی تەمـووزی (٢٠١٠).

Noureddine Zaza

1919-1988

Le Mondeest une Rose

Et Passe – La a tes Amin

ئـەم ڕستەیە بـە زمانـی فەڕەنسـی لەسـەر گـۆڕی نورەدیـن زازا نـووسراوە و ماناکـەی بـە کـوردی: (ژیـان گوڵێکـە، بۆنـی بکـە و بیـدەرە یەکێکـی تـر) پەندێکـی کوردییـە (وێنەکـە بـە کامیـرای تـۆژەر گیـراوە).

ناوی گۆڕستان = Cimtiere du bois de vaux = (Navê guristanê)

بەشی سێیەم = Tombe 43 = (BeŞê 43)

ژمارەی گۆڕ = Tombe 11004 = (Nimra gorê 11004)



تـۆژەر لەگـەڵ هاوسـەری دکتـۆر نورەدیـن زازا گلبـەرت ڤاڤـارا زازا لـە ماڵـی دیـاب لـە شـاری لۆزانـی سـویسرا لـە ١٨ی تەمـووزی ٢٠١٠.



تۆژەر لە دیدارێکدا لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد زمچی لە ماڵی خۆی لە ٢٠ی تەموزی ٢٠١٠.



تۆژەر لەگەڵ عومەر شێخموووس لە ستۆکهۆڵم لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.



تۆژەر لەگەڵ عەلی قازی محەمەد، کوڕی پێشەوای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ماڵەکەی خۆیدا لە نزیک شاری بۆن، لە ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ (هاوێنەی فرەیدون عەباس).



تـۆژەر لـە بەرلیـن لـە ١٨ی ئەیلوولـی ٢٠١٠ لـە ڕاسـتەوە: دکتـۆر ڕەسـووڵ فاقـی، فـەوزی ئەسـعەد، تـۆژەر، لـە چەپـەوە: بەهـاء محەمـەد، دکتـۆر حوسـێن کیکـی، هۆشـەنگ عـوسمان سـەبری و شـێخموووس.



تۆژەر لەگەڵ سەردار ئاراراتی لە شاری میونیخی ئەڵمانیا لە ٩ی شوباتی (٢٠١١).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە ماڵی خۆی لە ٨ی شوباتی (٢٠١١).



تـۆژەر لەگـەڵ قـادر وەهـاب لـە ماڵـی خـۆی لـە شـاری فرانکفۆرتـی ئەڵمانیـا لـە ٥ی ئـاداری ٢٠١٠ پێـش مردنـی بـە چەنـد ڕۆژێـک.



تۆژەر لەگەڵ عومەر سمۆ لە ماڵی خۆی لە ٢٣ی کانوونی دووەمی (٢٠١٠).



لە ڕاستەوە: دکتۆر دڵشاد ئەحمەدی، دکتۆر نەجیب خەفاف، کەمال سەیدۆ میمە، تۆژەر، دکتۆر ڕەفعەت ئیبراهیم، دکتۆر مستەفا سەیدۆ، دکتۆر ئەحمەد زمچی، دکتۆر حیکمەت شکاکی، دکتۆر ئەحمەد ڕەسوڵ، لە شاری هانۆڤەر لە ئەڵمانیا لە ٩ی نیسانی (٢٠١١). لە پەراوێزی کۆنگرەی بیست و پێنجی سەندیکای پزیشکانی کوردستان.

تۆێژەر لەگەڵ تارق ئاکرەیی



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر کەمال مەزهەر لە ماڵی خۆی لە هەولێر لە ٢٣ی شوباتی (٢٠١٢).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر کەمال ئەحمەد لە سلێمانی لە ٢٥ی شوباتی (٢٠١٢).



تۆژەر لەگەڵ سەرتاج بوجاق لە شاری بریمنی ئەڵمانیا لە ١٣ی تەمووزی (٢٠١٢).



تـۆژەر لەگـەڵ زۆزان بوجـاق خوشـکی سـەرتاج بوجاق کچی سیاسـەتوانی نـاوداری کورد شـەهید فایـق بوجـاق لـە ماڵی خـۆی لە شـاری بریمنی ئەڵمانیا لـە ١٣ی تەمـووزی (٢٠١٢).



تۆژەر لەگەڵ یوسف زۆزانی لە سلێمانی لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٢).



وێنەیەک لە پەراوێزی کۆنگرەی ..... کۆمەڵە لە ساڵی ..... لە راستەوە: کەمال سەیدۆ میمە، بەدۆ عەنتەر، زۆزان بوجاق، عەبدولحەمید سینۆ، سەڵاحەدین ئەسڵان. (لە ئەرشیفی زۆزان بوجاق).



تـۆژەر لەگـەڵ سـەعدی دزەیـی لـە ناوەڕاسـت و عـارف ڕوشـدی عـارف. لـە سـلێمانی لـە ٢٢ی شـووباتی (٢٠١٢).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر محەمەد سالّح جومعە لە مالّی خۆی لە بەرلین لە ٢٢ی ئابی (٢٠١٢).



تۆژەر لەگەڵ مەحموود شاویش لە ماڵی عومەر گولک لە ٢٢ی ئابی (٢٠١٢) لە بەرلین.



تۆژەر لەگەڵ هیوا بەهجەت لە بەرلین لە ٢٣ی ئابی (٢٠١٢).



تـۆژەر، کەنـداڵ نـزان، هونەرمەنـدی شـێوەکار یەحیـا سـەلۆ، لـە بینـای پەیمانگـەی کـوردی لـە پاریـس لـە ٣ی تشرینـی یەکەمـی (٢٠١٢).



تـۆژەر لەگـەڵ سـەڵاح بەدرەدیـن لـە هاوینەهـەواری سـەڵاحەدین لـە ٢٤ی کانوونـی یەکەمـی (٢٠١٢).



تـۆژەر لـە سـەردانێکیدا بـۆ بـارەگای ئەنجومەنـی نیشـتمانیی کـورد لـە سـووریا لـە ناوچـەی عەفریـن. لـە ڕاسـتەوە: ..... ، ..... ، عەدنـان ئەحمـەد، عابدیـن بەکـر، دکتـۆر عەبدولمەجیـد شـێخۆ (ئەندامـی ئەمیندارێتیـی گشـتیی ئەنجومەنـی نیشـتمانیی کـورد لـە سـووریا و ئەندامـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد لـە (١٩٧٤) و ئینجـا ئەندامـی لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەت، کیفایـەت مسـتەفا حەسـەن (سـەرۆکی کۆمەڵـەی ڕەوشـەن بەدرخـان) کەمـال ئەبدالـو، محەمـەد جەعفـەر. لـە ١٣ی ئایـاری (٢٠١٣).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر فازڵ خەلیل لە ماڵی خۆی لە ڤیەننا لە ١٢ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٣).



تۆژەر لەگەڵ عومەر دزەیی لە ماڵی خۆی لە هەولێر لە ٦ی تشرینی دووەمی (٢٠١٣).



تۆژەر لەگەڵ دارا عەتار لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین لە ٧ی تشرینی دووەمی (٢٠١٣)



تـۆژەر لەگـەڵ مێژوونـووس عەبدوڵڕەقیـب یوسـف لـە ماڵـی خـۆی لـە سـلێمانی لـە ٨ی تشرینـی دووەمـی (٢٠١٣).



تـۆژەر لـە میوانداریـی عـادل مـوراد سـکرتێری ئەنجومەنـی ناوەندیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە ماڵـی خـۆی لـە سـلێمانی لـە ٩ی تشرینـی دووەم (٢٠١٣).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر جەمال ڕەشید لە سلێمانی لە ٩ی تشرینی دووەمی (٢٠١٣).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر حەسەن شتوی لە شاری ئیسێنی ئەڵمانیا لە ١١ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٣).



چەند نوێنەرێکی کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. لە ڕاستەوە: سەڵاح بەدرەدین، ..... ، ..... ، حەمڕەش ڕەشۆ، ..... ، (لە ئەرشیفی حەمڕەش ڕەشۆ).



وێنەیەک لە پەراوێزی کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە مونشینی ئەڵمانیا لە (١٩٦٣) لە ڕاستەوە: ..... ، مام جەلال، حەمڕەش ڕەشۆ). (لە ئەرشیفی (حەمڕەش ڕەشۆ).



وێنەیەکی تر لە پەراوێزی کۆنگرەی هەشتەم، لە ڕاستەوە: جەلال تاڵەبانی، حەمەڕەش ڕەشۆ، سەعدی دزەیی، ..... ، ..... ، (لە ئەرشیفی حەمەڕەش ڕەشۆ).



لە ڕاستەوە: کەمال فوئاد، مارگریت حەسەن، عیسمەت شەریف وانلی (١٩٦٤) لە باشووری کوردستان. (لە ئەرشیفی بنکەی ژین).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر ئیبراهیـم خەلیـل لـە ماڵـی خـۆی لـە پایتەختـی سـلۆڤینیا، (براتیسلاڤـا) لـە ٩ی کانوونـی دووەمـی (٢٠١٤).



تـۆژەر لـە دیدارێکیـدا لەگـەڵ زەردەشـت حاجـۆ لـە شـاری مونسـتەری ئەڵمانیـا لـە ٢٢ی کانوونـی دووەمـی (٢٠١٤).



وێنەی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی کۆنگرەی بەرلین لە (١٩٦٦). (لە ئەرشیفی عەلائەدین محەمەد).



لە ڕاستەوە: هۆشەنگ عوسمان سەبری، تۆژەر، فەوزی ئەسعەد نوێنەرایەتیی باشووری کوردستان لە بەرلین لە ١ی شوباتی (٢٠١٤).



تـۆژەر لەگـەڵ محەمـەد ئەمیـن بوزئەرسـەلان لـە شـاری ئۆپسـالا لـە سـوید لـە ١٠ی تشرینـی دووەمـی (٢٠١٤).



وێنەیەکی دیکەی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی کۆنگرەی (١٩٦٦) لە بەرلین. لە ڕاستەوە: عەلائەدین محەمەد کەمال فوئاد، ..... ، ..... ، ..... ، ..... ، فازڵ مەلا خەلیل، ..... ، حەمڕەش ڕەشۆ (ئەوەی دواوە)، ..... ، ..... ، مستەفا یەتکین. (لە ئەرشیفی عەلائەدین محەمەد).



تۆژەر لەگەڵ جەمال عەلەمدار لە ستەکهۆڵمی پایتەختی سوید لە ١٠ی تشرینی دووەمی (٢٠١٤).



تۆژەر لەگەڵ ڕەشۆ زیلان لە شاری ئۆپسالا لە سوید لە ١١ی تشرینی دووەمی (٢٩١٤).



تۆژەر لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئیبراهیم دزەیی لە هەولێر لە ٢١ی کانوونی دووەمی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ پرۆفیسـۆر دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ لـە ماڵـی خـۆی لـە سـلێمانی لـە ٢٦ی کانوونـی دووەمـی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ پرۆفیسـۆر دکتـۆر فەرهـاد ئیبراهیـم لـە دەرمانخانەکـەی هۆشـەنگ سـەبری لـە بەرلیـن لـە ٥ی شـوباتی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ سـەرتیب محەمـەد عەلـی سـەرۆکی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە سـلێمانی لـە ٢٦ی کانوونـی دووەمـی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ حەسـەن شـێخ عەلائەدیـن، سـکرتێری یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە هەولێـر لـە ١ی ئابـی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ ڕۆژنامـەوان و سیاسـەتوانی کـورد فەرهـاد عەونـی و سـکرتێری یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە سـاڵی (١٩٧٠ – ١٩٧٢) لە ماڵی خۆی لە هەولێـر لە ٢ی ئابی (٢٠١٥).



لـە ڕاسـتەوە: تـۆژەر، تاریـق ئاکرەیـی، دکتـۆر ناسـیح لـە ماڵـی خـۆی لـە هەولێـر لـە ١٦ی ئابـی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ خاتـوو سـینەم جـەلادەت بەدرخـان لـە ماڵـی خـۆی لـە هەولێـری پایتەخـت لـە ١٧ی ئابـی (٢٠١٥)



تۆژەر لەگەڵ تۆژەر و نووسەر جەلال زەنگابادی لە هەولێر لە ١٧ی ئابی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ ساسـان عەونـی سـکرتێری پێشـووتری یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان، لـە ماڵـی خـۆی لـە ١٨ی ئابـی (٢٠١٥).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر شاخەوان نامیق لە ٢٠ی ئابی (٢٠١٥) لە هەولێر.



تۆژەر لەگەڵ یەشار کایا لە ماڵی خۆی لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا لە ١٦ی تەموزی (٢٠١٤).



لـە مەڵبەنـدی ئیسماعیـل بێشـکچی لـە شـاری ئەسـتەنبوڵ لـە ٢٥ی شـوباتی (٢٠١٦) دانیشـتوو: ئیسماعیـل بێشـکچی، وەسـاوەکان: ئەحمـەد ئونـەل، تـۆژەر، ئیبراهیـم قورمـز.




تۆژەر لەگەڵ غولام فەیلی لە هەولێر لە ٦ی شوباتی (٢٠١٧).



تـۆژەر لـە میواندارییـ یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد – لقـی دهـۆک. لای ڕاسـت: حەسـەن سـلیڤانی سـەرۆکی یەکێتییەکـە، لای چـەپ جێگـری یەکێتییەکـە محەمەد عەبـدوڵڵا هەرکی لـە بـارەگای یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد – لقـی دهـۆک لـە ٥ی شـوباتی (٢٠١٧).



تـۆژەر لەگـەڵ محەمـەد سـاڵح قـادری بەرپرسـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان – ئێـران لـە ٤ی شـوباتی (٢٠١٧) لـە هەولێـر.



ئەلکسەندەر فۆن شتیرن بێرگ بە جلوبەرگی کوردی (لە ئەرشیفی فەوزی ئەسعەد).



Kartî endametî
(membership card)

Jimare G-B / 99
(number)

Naw Xezal YUSIF
(name)

Liq GERMANY - BRD
(branch)

Berwar 1.2.1968
(date)


Komeley Xwendiwanî Kurd le Ewrupa
Kurdish Student Society in Europe
Vereinigung der Kurdischen Studenten in Europa
Association des Etudiants Kurdes en Europe

Morî Xawen Kart
(signature of bearer)

K. Fuad

Sikirtêrî Gistî
(general secretary)

ڕووی ناوەوەی ناسنامەی ئەندامێتیی کۆمەڵەکە کە هی غەزال سەیدۆیە.



Nwê Kirdnewe
(renewals)

Berwar *(date)* .....
Sikirtêrî Liq *(branch secretary)* .....

Berwar *(date)* .....
Sikirtêrî Liq *(branch secretary)* .....

Berwar *(date)* .....
Sikirtêrî Liq *(branch secretary)* .....

Berwar *(date)* .....
Sikirtêrî Liq *(branch secretary)* .....

Berwar *(date)* .....
Sikirtêrî Liq *(branch secretary)* .....

Tenha bo sali morkirayw be kar dêt.
Valid for one year unless renewed.

Komeley Xwêndikaranî
Kurd le Ewrupa
(Damezra le salî 1956)

Kurdish Students' Society
in Europe
(founded 1956)

ڕووی دەرەوەی ناسنامەکە.



تـۆژەر لەگـەڵ جویـس بلـو، زانـای زمانەوانیـی پسـپۆڕ لـە زمانـی کـوردی، یەکێـک لـە میوانانـی کۆنگـرەکان و چالاکییەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوڕوپـا. لـە پەیمانگـەی کـوردی لـە پاریـس لـە ١ی کانوونـی یەکەمـی (٢٠١٨).



لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی بوخارسـت (١٩٧٢) لـە لای چـەپ: فەرمـان .....؟ (خەڵکـی قامیشـلۆ)، مومتـاز حوسـێن، تاریـق ئاکرەیـی، ڕۆژ نـووری شـاوێس، ناسـیح غەفـوور. (لـە ئەرشـیفی تاریـق ئاکرەیـی).



پـاش تەواوبوونـی کۆنگـرەی بوخارسـت، پیرۆزبایـی لـە تاریـق ئاکرەیـی دەکـەن کـە بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە هەڵبژێـردراوە. لـە ڕاسـتەوە: ئەندامـی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، دارا تۆفیـق، تاریـق ئاکرەیـی، ڕۆژ نـووری شـاوێس، زەکیـە حەقـی و کەسـانی تـر. (لـە ئەرشـیفی تاریـق ئاکرەیـی).



وێنەیەک لە کۆنگری سیانزەوە. (لە ئەرشیفی حەمڕەش ڕەشۆ).



چەند نوێنەرێکی کۆنگرەی شانزە. لە ڕاستەوە: تاریق ئاکرەیی، عەبدولئەمیر ڕەجەب، قادر وەهاب، ئەوەی پشتەوە ناویمان نەزانی. (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).



کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆنگرەی حەڤدە. لە ڕاستەوە: تۆفیق عەلی، حەمید ئاکرەیی، ئەحمەد بریفکانی، وریا سەعاتچی، هاوسەری وریا، شیرین کەتانی، تاریق ئاکرەیی، ڕەمزی شەعبان. (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).



فەرهاد سۆفی(لای چەپ)، تاریق ئاکرەیی بەیەکەوە قسە دەکەن لەکاتی بەستنی کۆنگرەی حەڤدەدا، ئەوەی لە پشتەوەش وەستاوە: ئازاد ....؟ لە باکووری کوردستان .....؟ (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر فـەوزی قـەدور بەرپرسـی نوێنەرایەتیـی هەرێمـی کوردسـتان لـە (بێـرن)ی پایتەختـی سـویسرا، هونەرمەنـد جـان حەبـەش، لـە ٧ی شـوباتی (٢٠١١).



وێنـەی لێژنـەی سەرپەرشـتیاری کۆنگـرەی پانـزە لـە سـاڵی (١٩٦٥) لـە ڕاسـتەوە: دکتـۆر سـەڵاح حەفیـد، دکتـۆر نەجیـب خەفـاف، عومـەر شـێخموس، وەسـتاوەکەی پشـتیان: دکتـۆر دڵشـاد ئەحمـەدی.



بەشداریکردنی کۆمەڵە لەو فیستیڤاڵە جیهانییەی لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا ڕێکخرابوو. وێنەکە لە گۆڤاری (Kurdistan)ی ژمارەی ساڵی (١٩٦٩).



وێنەی بەشێک لە ئەندامانی لقی پۆڵۆنیا، لە ڕاستەوە: محەمەد عەلی گولک، سەلیم مەلۆ، ..... ، ..... ، ..... (لە ئەرشیفی محەمەد عەلی گولک).




لقی پۆڵۆنیا لە خۆپیشاندانی ١ی ئایاری ١٩٦٦ لە شاری(Wudz)ی پۆڵۆنی. هەڵگری ئاڵای کۆمەڵە: عەلی غەفوور، لافیتەکان لە ڕاستەوە: شوکری جومعە لە چەپەوە: محەمەد عەلی گولک. (لە ئەرشیفی دکتۆر محەمەد عەلی گولک).



وێنەیەکی لقی پۆڵۆنیای کۆمەڵەکە ساڵی (١٩٦٧)، لە ڕاستەوە: محەمەد عەلی گولک، سیروس سیکامارین، عەبدوڵڵا سەعید. نووسینەکە: (قوتابیانی کورد). (لە ئەرشیفی دکتۆر محەمەد عەلی گولک).



لـە ڕاسـتەوە: محەمـەد جەعلـی لقـی سـلۆڤینیا؟، .....، محمـود باکسـی، ئەلکسـەندەر فـۆن شـتیرن بێـرگ. (لـە ئەرشـیقی حەمـڕەش ڕەشـۆ).



یەکێک لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد. (لە ئەرشیفی حەمڕەش ڕەشۆ).



(لە ئەرشیفی حەمرەش رەشۆ).



وێنەیەک لە کۆنگرەی پانزە، لە ڕاستەوە: ..... ، ..... ، ..... ، ..... ، ..... ، سەباح نووری، بەهاء ..... ، ..... دانیشتوان: ..... ، ئافرەتێک؟ . (لە ئەرشیفی سەباح نووری).




وێنەی چەند ئەندامێکی کۆمەڵەکە لە ١٣ی ئایاری ١٩٦٧ لە بەلگراد. لە ڕاستەوە: سەباح نووری، ..... ، ..... ، ..... ، ..... ، . (لە ئەرشیفی دکتۆر سەباح نووری).



لقی بەریتانیا لە فیستیڤاڵی گۆرانی و هەڵپەڕکێی میللی کە لە (بەلفاست)ی پایتەختی ئێرلەندای باکوورر لە ١٢ی شوباتی ١٩٦٤ سازدرا، لە ڕاستەوە: پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی تۆفیق قادر، غازی نەقشبەندی، دارا عەتار، کچەکانیش، کچانی ئێرلەندان هەڵپەڕکێی کوردی دەکەن. (لە ئەرشیفی دارا عەتار).



کۆمەڵێک لە ئەندامانی لقی بەریتانیا، لەڕێگەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ساڵانەی لقی بەریتانیا. لە ڕاستەوە: دارا عەتار، عەلی تۆفیق قادر، سەعید دزەیی، غازی نەقشبەندی، لە ساڵی (١٩٦٢. (لە ئەرشیفی دارا عەتار).





نموونەی کارتی داوەتنامەی جەژنی نەورۆز کە دەستەی نووسەرانی"دەنگی کۆمەڵە"و مەکتەبی سکرتاریەت، خەڵکیان پێ داوەت دەکرد بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی نەورۆز.



وێنەی یەکێک لە کۆنگرەکانی کۆمەڵە؟ (لە ئەرشیفی بنکەی ژین).



وێنەیەکی دیکەی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵە. (لە ئەرشیفی بنکەی ژین).



وێنەیەکی دیکەی خۆپیشاندانەکەی پێشوو. لە ڕاستەوە: سێیەمی پشتەوە: محەمەد گەنجۆ، دووەمی پشتەوە: جەمیل محەمەد، ئازاد خۆشناو لەگەڵ کچێکی سلۆڤاکی، شادمان موفتی. (لە ئەرشیفی ئیبراهیم خەلیل حاجی عەلی).



وێنەیەکی دیکەی خۆپیشاندانەکەی پێشوو. لە ڕاستەوە: سێیەمی پشتەوە: محەمەد گەنجۆ، دووەمی پشتەوە: جەمیل محەمەد، ئازاد خۆشناو لەگەڵ کچێکی سلۆڤاکی، شادمان موفتی. (لە ئەرشیفی ئیبراهیم خەلیل حاجی عەلی).



خۆپیشاندانی ١ی ئایار لە شاری براگ، کۆمەڵێک لە ئەندامانی لق بە جلوبەرگی کوردی کە سااڵنە بەشداریی لەم خۆپیشاندانە فراوانە دەکەن. (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).



هومەرمەند قادر دیلان لە ئاهەنگێکی لقی کۆمەڵەکە لە براگ ساڵی (١٩٦٤).



وێنەیەکی لقی بەریتانیا، لەکاتی بەشداریکردن لەو خۆپیشاندانە فراوانەی دژی چەکی ئەتۆمی ڕێکدەخرا. لەندەن ساڵی (١٩٦٤). دروشمە بازنەییەکەی لە هەردوو لای لافیتەکەیە ئاماژەیە بۆ ناڕەزایی دژی چەکی ئەتۆمی. هەڵگرانی لافیتەکەی (کوردستان)، لە چەپەوە: دارا عەتار، لەلای ڕاستەوە: محەمەد ساڵح قەرەداغی، سەرۆکی ئەوکاتی لقەکە، لەنێوان ئەم دووانەشدا، سەکسووکەدارەکە: سرووش تۆفیق وەهبی و چەند کەسێکی دیکە. (لە ئەرشیفی دارا عەتار).



وێنەیەک لە ئاهەنگی نەورۆز لە شاری لەندەنی بەریتانی ساڵی (١٩٥٥) پێش پێکهێنانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا. لە ڕاستەوە: نزار سەلیم، حەمە ڕەشید، سەعدی دزەیی، شەوکەت ئاکرەیی، عارف کەریم، عەزیز ڕەشا، تەحسین هەورامی، جەمیل جەلال. (لە ئەرشیفی سەعدی دزەیی).



Zum einförmigen Klang des Tanbur bewegen sich Kurden in Nationaltracht bei einem ihrer Volkstänze. Aufn.: Engels

Kurden tanzten zum Klang des Tanbur

Nationalfeiertag am 21. März
Schaurige Sage vom König Zuhak

-fr- „Es lebe Kurdistan", sangen Sonntag abend zu Volkstanz und Tanbur, einem Lauteninstrument aus dem Alten Orient, etwa 25 kurdische Studenten und Arbeiter, die im Dietrich-Bonhoeffer-Haus an der Königstraße ihr Nationalfest feierten. Ziel der Veranstaltung war es unter anderem, die Öffentlichkeit auf die politischen und sozialen Probleme, sowie die Freiheitsbestrebungen des kurdischen Volkes aufmerksam zu machen.

Um ein Kerzen-Assortiment, das Feuer auf Berg- und Höhenzügen darstellen sollte, führten Männer und Frauen in Nationaltrachten Reihentänze auf. Besonders gefielen dabei der Pechder Schünder- und der Ber Cepké-Tanz, für die viel Beifall gespendet wurde. In einem anschließenden Film, den der Bayrische Rundfunk 1967 gedreht hat, flimmerte die Geschichte der Kurden im 20. Jahrhundert über die Leinwand.

Die Kurden — eines der ältesten Völker des Orients, das die Bergketten von der Ost-Türkei über Persien bis nahezu hinab zum Persischen Golf bewohnt — kämpfen schon Jahrhunderte um Autonomie in den einzelnen Ländern, in denen sie leben, nicht aber, wie bisher meist mißverstanden, für einen eigenständigen Staat.

Das Nationalfest, berichtete ein kurdischer Sprecher, gehe auf einen Mord am 21. März vor genau 2853 Jahren zurück. Ein Schmied namens Kawa habe an diesem Tage den König Zuhak mit dem Hammer erschlagen. Zuhak — ihm waren nach der Sage zwei Schlangen aus dem Kopf gewachsen, denen täglich das Hirn von zwei Knaben vorgesetzt wurde — hatte schon zahlreiche Kinder aus dem Volk töten lassen. Kawa, der selbst acht Kinder auf diese Weise verloren hatte, konnte den Zustand nicht mehr ertragen und schlich sich eines Nachts ins Schloß. Dort brachte er den König um und lief auf einen Berg, wo er ein Feuer anzündete. Verängstigte Kurden, die sich in der Umgebung versteckt gehalten hatten, kamen hinzu, tanzten vor Freude um das Feuer und feierten die Abschaffung der Tyrannei. Seither gilt der 21. März als Nationalfeiertag.

Bonn GAZ den 23. III. 71

ئاهەنگی نەورۆز لە شاری بۆنی ئەڵمانیا لە ٢١ی ئاداری (١٩٧١) هەڵپەڕکێیەک لەسەر ئاوازی تەمبوور. (لە ئەرشیفی غەزال سەیدۆ). لە ڕۆژنامەی (Bonn Gaz) وەرگیراوە کە لە بۆنی پایتەخت دەردەچێت.



بەشداربوونی لقی سوید لە خۆپیشاندانی ١ی ئایاری ساڵی (١٩٦٨) کە ساڵانە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەدەچوو. هەڵگرانی ئاڵای کوردستان لە ڕاستەوە: بەدۆ عەنتەر. لە چەپەوە عومەر شێخموس و کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمەڵە لە تەنیشت چەند سویدییەک کە پشتگیریی دۆزی گەلی کورد دەکەن لەگەڵ عەزیز شەمدینی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە میوانی عومەر شێخموس بوو. (لە ئەرشیفی عومەر شێخموس).



کچـە قوتابییەکـی گۆرانییێـژی ئیسـپانیا لـە یەکێـک لـە ئاهەنگەکانـی نـەورۆز لـە شـاری فرانکفۆرتـی ئەڵمانیـا کـە کۆمەڵەکـە ڕێکیخسـتبوو. (لـە ئەرشـیفی قـادر وەهـاب).



وێنەیـەک لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی هەشـتەمی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کورد لـە ئەوڕوپا. لـە ڕاسـتەوە: ..... ، جـەلال تاڵەبانـی، ..... ، حەمـڕەش ڕەشـۆ، .....؟ (لـە ئەرشـیفی حەمـڕەش ڕەشـۆ).



خۆپیشاندانێکی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی (١٩٥٧) دژی ڕژێمی سووریا و چەوساندنەوەی کوردی ڕۆژئاوا. لافیتەی یەکەم لە ڕاستەوە: محەمەد تەیب زاهیر و محەمەد نەعسۆ، لافیتەکە بەناوی پارتیی سووریایە بە زمانی ئەڵمانی. (لە ئەرشیفی عیزەدین نەعسۆ).



تۆژەر لە میواندارییدکتۆر شەفیق قەزاز لە ماڵی خۆی لە سلێمانی لە ١٨ی ئەیلوولی (٢٠١٦).



لـە بنکـەی ژیـن لـە سـلێمانی لەڕاسـتەوە: ڕەفیـق سـاڵح بەڕێوەبـەری سـەنتەرەکە، تـۆژەر، سـدیق سـاڵح لـە ١٨ی ئەیلوولـی (٢٠١٦).



تـۆژەر لـە ئەکادیمیـای کـوردی لـە هەولێـر لـە ١٩ی ئەیلوولـی (٢٠١٦) لـە ڕاسـتەوە: دکتـۆر نەجـات عەبـدوڵڵا جێگـری سـەرۆکی ئەکادیمیاکـە، تـۆژەر، عەبـدوڵڵا زەنگنـە.



توێژەر لەگەڵ سەڵاح زێباری لە ماڵەکەی لە ئەڵمانیا ٢٠١٦/٩/١٢



لـە هەولێـری پایتەخـت لـە ١٩ی ئەیلوولـی (٢٠١٦) لـە ڕاسـتەوە: ئیبراهیـم دزەیـی، تـۆژەر، .....ئاغـا، سـەعدی دزەیـی.



تۆژەر لە میوانداریی دکتۆر سەلیم میلۆ لە دهۆک لە ٢٠ی ئەیلوولی (٢٠١٦).



یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد. (لە ئەرشیفی حەمرەش ڕەشۆ).



وێنەیەکی تری خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵە (لە ئەرشیفی حەمرەش ڕەشۆ).



لە ڕاستەوە: تاریق ئاکرەیی و نووری هێرش ئەندامانی دەستەی کارگێڕی دەچنە پۆلۆنیا ساڵی (١٩٧٣) بۆ دیداری لقی کۆمەڵەکەی لەوێ. (لە ئەرشیفی تاریق ئاکرەیی).



لە ڕاستەوە: عومەر یونس (گولک)، تۆژەر، زنار شێخموس لە ماڵی تاریق کوردی لە ٣٠ی کانووی دووەمی (٢٠١٤) لە بەرلین.



لە ڕاستەوە: عەلائەدین محەمەد، تۆژەر، محەمەد سلێمان لە ماڵی محەمەد سلێمان لە بەرلین، لە ٣٠ی کانوونی دووەمی (٢٠١٤).



تۆژەر لەگەڵ شوکری جومعە لە ماڵی خۆی لە بەرلین، لە ٣٠ی کانوونی دووەمی (٢٠١٤).



لەگەڵ لقی ئیتاڵیا، ڕاستەوە: عیسامەدین داوود، دکتۆر عیزەت سەیدۆ، دکتۆر محێدین شاهین، تۆژەر، دکتۆر نەوفەل ئەحمەد، دکتۆر تالیب کارامانی، دکتۆر عەلی ڕەزا لە شاری (پارما)ی ئیتاڵیا لە ١٢ی تەموزی (٢٠١٤).



وێنەیەکی تایبەتی تۆژەر لەگەڵ دکتۆر عەلی ڕەزا و ئەلینا ڕووسی هاوسەری کە لەکاتی باسکردنی لقی ئیتاڵیادا باسی ئەم خانمەش کراوە. لە ١٢ی تەموزی (٢٠١٤).



وێنەی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی کۆنگرەی بەرلین لە ساڵی (١٩٦٦). (لە ئەرشیفی عەلائەدین محەمەد) وەستاوەکان لە ڕاستەوە: مەحموود شاویش، ئیبراهیم دزەیی، ئەکرەم عەزیز، سەباح بابان، سابیر خۆشناو، .....؟ ڕەمزی شەعبان، ڕوشدی عەلی شەریف، میران مەستی، دارا ئەدیب، ئەرجومەند سدیق، .....؟ ڕیزی ناوەڕاست: شەفیق جومعە، ..... ، ..... ، ..... ، سەعدی دزەیی، بەکر خالید، ئەمین جەلال، حەمرەش ڕەشۆ، دانیشتوان: ڕیزی پێشەوە: ..... ، ..... ، دڵشاد ئەحمەدی، .....، نووری هێرش ئەمین.



کۆمەڵێـک لـە نوێنەرانـی کۆنگـرەی (١٩٦٦) لـە بەرلیـن. لـە ڕاسـتەوە: عەلائەدیـن محەمـەد کەمـال فوئـاد ..... ، ..... ، فـازڵ مـەلا خەلیـل، ..... ، حەمڕەش ڕەشـۆ (لای پشـتەوە) ....., مسـتەفا یەکتیـن. (لـە ئەرشـیفی عەلائەدیـن محەمـەد).



تۆژەر لەگەڵ دکتۆر مومتاز حوسێن لە ماڵی خۆی لە ئەڵمانیا لە ٩ی نیسانی (٢٠١٤).



دیداری تۆژەر لەگەڵ دکتۆر نووری شەویش لە هەولێر لە ٢٥ی کانوونی دووەمی (٢٠١٥).




تـۆژەر لـە دیدارێکیـدا لەگـەڵ چەنـد ئەندامێکـی لقـی نەمسـا لـە ماڵـی دکتـۆر فـازڵ مـەلا خەلیـل. لـە ڕاسـتەوە: حەلیـم ئەلیوسـف، تـۆژەر، دکتـۆر عیـزەت ئەفەنـدی، عیـزەت ئۆسـۆ. لـە ٩ی ئەیلوولـی (٢٠١٤).



د. عزت ئەفەندی و عزت اوسو ٢٠١٤/٦/٩



تـۆژەر لەگـەڵ پرۆفیسـۆر دکتـۆر جەلیـلی جەلیـل لـە پەیمانگەی کـوردی لـە دەوروبەری شـاری ڤیەننـا لە ١٠ی ئەیلوولـی (٢٠١٤).



عیسمەت شەریف وتارێک لە فاتیکان دەخوێنێتەوە لە ٢٨ی ئەیاوولی (١٩٩٤). (لە ئەرشیفی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی).



عیسمەت شەریف وانلی لەلای ڕاست لەکاتی دیداریدا لەگەڵ یۆحەننا پۆڵسی دووەم پاپای فاتیکان لە ٢٨ی ئەیلوولی (١٩٩٤). لە فاتیکان- ڕۆما و بەیاوەریی عەبدولڕەحمان دوڕڕە کە لەوێنەکەدا دیار نییە. (لە ئەرشیفی دکتۆر عیسمەت).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر نەجیـب خەفـاف لـە شـاری هانۆڤـەری ئەڵمانیـا لـە پەراوێـزی کۆنگـرەی بیسـت و پێنجـی سـەندیکای پزیشـکانی کوردسـتان لـە ٩ی نیسـانی (٢٠١١).



لـە ئاهەنگەکانـی جەژنـی نـەورۆز لـە شـاری فرانکفۆرتـی ئەڵمانی سـاڵی .....، کـوڕەکان کـوردن، کچەکانیـش ئەڵمانیـن. (لـە ئەرشـیفی قـادر وەهاب).



تـۆژەر لەگـەڵ ئەدھـەم ڕەشـید، ئەندامـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای کۆمەڵەکـە، لـە ٦ی ئـاداری (٢٠١٤).



تـۆژەر لەگـەڵ جـەلال محەمـەد عەلـی، ئەندامـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا و ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا لـە ١٧ی کانوونـی یەکەمـی (٢٠١٦).



تـۆژەر لەگـەڵ عیزەدیـن نەعسـۆ، ئەندامـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا، لـە ماڵـی خـۆی لـە شـاری دهـۆک لـە ٢٧ی شـوباتی (٢٠٢٠).



خۆپیشـاندانی کۆمەڵـەی خوێنـدکاران لـە شـاری (بـۆن)ی ئەڵمانیـا لـە ١٦ی کانوونـی یەکەمـی (١٩٧٤) بـۆ ناڕەزایـی دەربڕیـن لـە ئاسـت ئـەو جەنگـە کۆمەڵکوژییـەی ڕژێمـی عێـراق دژی گەلـی کـوردی باشـووری کوردسـتان دەسـتیداوەتێ، لەبـەردەم باڵیۆزخانـەی سـۆڤیەت بـۆ ڕاگرتنـی فڕۆشـتنی چەکـی کوشـندە بـە ڕژێمـی عێـراق و باڵیۆزخانـەی تورکیا،

بـۆ کردنـەوەی سـنووورەکانی لەبـەردەم هاوکارییـە مرۆییـەکان تاکـو بگاتـە کوردسـتان، ئینجـا بـەردەم باڵیۆزخانـەی ڕژێمـی عێـراق. ئەدیـب حەمـۆ سـادق (وێنـەی بارزانیـی بەرزکردووەتـەوە)، حوسـێن سـەعدۆ (مایکرۆفۆنـی بەدەسـتەوەیە) فەرهـاد سـۆفی ؟ . (لـە ئەرشـیفی حوسـێن سـەعدۆ).



تۆژەر لەگەڵ تاریق کوردی لە ماڵی خۆی لە بەرلین، لە ٣٠ی کانوونی دووەمی (٢٠١٤).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر ئەدیـب تۆمـا جەرجیـس، ئەندامـی لقـی یۆگسلاڤیـا لـە شـاری هەولێـر لـە ٢٩ی تشرینـی یەکەمـی (٢٠١٢).



تـۆژەر لەگـەڵ کەمـال سـەیدۆ میمـە ئەندامـی لقـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا لـە ماڵـی خـۆی لـە ٢١ی تشرینـی یەکەمـی (٢٠١٥).



تـۆژەر لەگـەڵ جەمـال قەسـاب ئەندامـی لقـی یۆگسلاڤیـا لـە سـلێمانی لـە ٢٨ی ئەیلوولـی (٢٠١٦).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر جەبـار قـادر، ئەندامـی لقـی یەکێتیـی سـۆڤیەت لـە سـلێمانی لـە ٢٠١٦/٠٩/٢٨. - ڕیکەوتـی وێنەکـە بـەم شـێوەیە نـووسراوە لـە عەرەبییەکـە، دیـار نییـە مەبەسـتی چ ڕۆژێکـە- وەرگێـڕی کـوردی-



دیداری تۆژەر لەگەڵ چەند ئەندامێکی لێژنەی شاری (بۆن)ی ئەڵمانی لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی (٢٠١٩) لە ڕاستەوە: نووری مەعجونۆ، تۆژەر، دکتۆر ناجی مامەدی، دکتۆر حوسێن سەعدۆ.



تۆژەر لەگەڵ محەمەد موهتەدی لە شاری ئۆپسالا لە سوید لە ٢١ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٠).



تۆژەر لەگەڵ جومعە سەعید لە شاری ئۆپسالا لە سوید لە ٢١ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٠).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر عومـەر حەسـۆ لـە سـتۆکهۆڵمی پایتەختـی سـوید لـە ٢٣ی کانوونـی دووەمـی (٢٠٢٠).



تۆژەر لە میوانداریی سەڵاح ڕەشید لە ماڵی خۆی لە سلێمانی لە ٢٤ی شوباتی (٢٠٢٠).



دیداری تۆژەر لەگەڵ دکتۆر عادل زەینەل لە هەولێری پایتەخت لە ١٠ی ئەیلوولی (٢٠٢١).



تـۆژەر لەگـەڵ دکتـۆر جەمشـید عەبدولکەریـم، ئەندامـی لقـی پۆڵۆنیـا لـە ١٣ی کانوونی یەکەمـی (٢٠٢١) لـە ماڵـی خـۆی لـە بەرلین.



دیـداری تـۆژەر لەگـەڵ هەریـەک لـە مەمـۆ یەکتیـن (لـە تەنیشـت تـۆژەر) و حەسـەن قـازی لـە بڕۆکسـلی پایتەختـی بەلجیـکا لـە ١٢ی کانوونـی یەکەمـی (٢٠٢١).



بەشداریکردنی لقی پۆڵۆنیا لە خۆپیشاندانی ١ی ئایار کە ساڵانە لە شاری کلیسە بەڕێوەدەچوو، قوتابیانی لق لافیتەیان هەڵگرتووە و ئەو کچانەی بە جلی کوردییەوە دەردەکەون، کچانی پۆڵۆنین، ئەوەی پشتەوەشیان جەمشید عەبدولکەریمە (لە ئەرشیفی جەمشید عەبدولکەریم).



تۆژەر لە دیداری لەگەڵ دکتۆر سەربەست محەمەد ئەمین بلباس لە ماڵی خۆی لە هەولێر لە ٢٨ی شوباتی (٢٠٢٢).



دیداری تۆژەر لەگەڵ ئەرجومەند سدیق لە ئوتێلی سلێمانی پاڵاس لە ١٠ی تشرینی دووەمی (٢٠١٣).



تۆژەر لەگەڵ سیامەند بەننا لە ماڵی خۆی لە هەولێر لە ٦ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٣).



دکتـۆر حوزنـی حاجـۆ و گولشـای هاوسـەری لەگـەڵ تـۆژەر لـە ماڵـی خۆیـان لـە شـاری ئامـەدی باکـوور کوردسـتان لـە ١٠ی کانوونـی یەکەمـس (٢٠٢٣).

پەراوێزەکان

١. چیرۆکی ئەم بەرهەمە لە ژمارە ٦٩ی پایزی ٢٠١٦ لە گۆڤاری - الحوار - دا بڵاوکراوەتەوە.

٢. بنکەی ژین بۆ بەڵگەنامە و دیراسات: دەزگایەکی ئەهلیی خزمەتگوزار و قازانج نەویستە، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری سلێمانی بە سپۆنسەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە. بایەخ بە کلتوور و ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان دەدات کە بە بەرنامە ڕووبەڕووی پرۆسەکانی شێواندن بووەتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا. سەنتەرەکە بەشێوەیەکی تایبەت هەوڵ دەدات بۆ چەسپاندنی ناسنامە و یادگەی کوردستانی، ئەویش بە کۆکردنەوەی کلتووری نووسراو، بۆ پاراستن، چاکردنەوە، بڵاوکردنەوە، هۆشیارکردنەوە و ڕوونکردنەوەی گرنگیی ئەو کلتوورە و خستنەبەردەست تۆژەران و قوتابیانی خوێندنی باڵا لە هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش. سەنتەرەکە سیمیناری ئەکادیمی دەبەستێت و دیراسەتەکان بڵاودەکاتەوە، ووێرکشۆپ ئامادە دەکات و ئەرشیفێکی مێژوویی دامەزراندووە. ١٣ کارمەند کاری تێدا دەکەن چەند بەشێکی هەیە: (وێنەگرتنی ئەلیکترۆنی، مایکرۆفیلم، دەستنووسەکان، دەنگ و ڕەنگ، بەڵگەنامەکان، کتێبخانە، چاپکراو و دیراساتەکان و شتی تر) لەم ساڵانەی دواییدا بزووتنەوەی گۆڕان سپۆنسەریەتی و ڕەفیق ساڵح بەڕێوەی دەبات.

٣. داریە - Darê: پێش (٤٠٠)ساڵ زیاتری پێش زاین لەلایەن ئەخمینییەکانەوە دروستکراوە و پایتەختی هاوینەیان بوو، ببوو بە بنکەی دەستپێکی هەموو ئەو هەڵمەتانەی دەکرانە سەر یۆنان.

٤. وڵاتانی بەڵکان هەریەک لە: بولگاریا، هەنگاریا، ئەلبانیا، بۆسنە، هرسک، مۆنتینیگرۆ، کرواتیا، مەکدۆنیا، یۆنان، ڕۆمانیا، سلۆڤینیا و مۆڵداڤیا دەگرێتەوە، مێژووی هێرشەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ سەر ئەم وڵاتانە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پانزەوە دەستپێکردووە و هەتاکو سەرەتاکانی سەدەی بیست بەردەوام بوو.

٥. وڵاتانی ئەودیوی قەوقاز: کۆمارەکانی ئەرمینیا، ئازربایجان و جۆرجیا و ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیی وەکو ئەگوشیا، شیشان، داغستان، ئۆسیتیای سەر بە ڕووسیای فیدراڵ دەگرێتەوە.

٦. مستەفا ڕەمزی بوجاق یەکێک بووە لە کەسایەتییە کوردپەروەرەکان و لە ساڵی (١٩٥٠ – ١٩٥٤) لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی تورکیا بووە ئەندام پەرلەمانی تورکیا و لەوێ بێوچان داکۆکیی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد، بۆیە حزبی ناوبراو لەخولی دواتردا هەڵبژاردەوە و سەرۆکی حزبەکە هەڕەشەی لێدەکرد ئەگەر واز لە داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد نەهێنێ و بە ڕاشکاوانە پێیگوت: لە تورکیا تەنیا یەک نەتەوە هەیە؛ ئەویش نەتەوەی تورک، ئەدیبی ناوداری کورد محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان بۆی گێڕامەوە کە لە تافی لاوێتیدا ئامادەی یەکێک لە فیستیڤاڵی هەڵبژاردنەکانی (١٩٥٠)ببوو لە دیاربەکر، لەوێ گوتارێکی توندی لە دژی سیاسەتی حزبی گەلی کۆماریی دەسەڵاتدار خوێندبووە و ڕەفتاری نامرۆییانەی حزبی دەسەڵاتی لە ئاست کورددا شەرمەزار کردبوو و چەمابووەوە و مشتێک خۆڵی هەڵگرتەوە و گوتی: ئەگەر ئەم خۆڵەی دەستم بگوشم خوێنی کوردی لێدەچۆڕێت.

٧. جانب یلدرم یەکێک بوو لەو ٤٩ بەندکراوە کوردانە و خودان کەسایەتییەکی خۆشەویست و خزمەتگوزار و تا بڵێی ڕەوشت بەرز بووە. تەنانەت لەوکاتەدا کورد بە (غاندیی کورد)ی ناوزەد دەکرد، هەروەک محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان بۆیگێڕاومەتەوە. کێشەی ئەو ٤٩ بەندکراوەی کوردیش لە ئەستەنبوڵ، هەروەک یەشار کایەی سیاسەتوان و نووسەری دیاری کورد و چەند کەسانێکی دیکە بۆیانگێڕاومەتەوە بەم شێوەیەیە:

پێش ئەوەی بچینە سەر وردەکاریی ئەم کێشەیە کە دەنگیدایەوە لە تورکیا، پێویستە ئەم ڕوونکردنەوەیە بخەینەڕوو: لە سەرەتای ساڵەکانی (١٩٤٨ – ١٩٤٩) و ساڵانی دواتر، قوتابیانی کورد لەژێر چاودێرییەکی چڕی پۆلیسدا لە زانکۆی ئەستەنبوڵ دەیانخوێند، بە بەردەوامیش هاموشۆی ماڵی شەهید موسا عەنتەریان دەکرد کە هاوشێوەی کۆنسوڵخانەیەک بوو بۆ کورد، دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیاش دەیانگوت: ئەو خوێندکارانەی لە عێراق و سووریاوە دەگەڕانەوە کتێبەکانی عوسمان سەبری و جگەرخوین و چەند نووسەرێکی دیکەی کوردیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە و هەستی نەتەوایەتیی کوردی ئەو وڵاتەیان پێ دەوروژاند، دوو کۆمەڵەی ئەم خوێندکارانە لە ماوەی پچڕپچڕدا دەرکران و دەستگیرکران.

لە درێژەی ئەم کێشەیەشدا دەڵێین: پاش گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بۆ کوردستانی باشوور و عێراق هێشتا لەژێر کاریگەریی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا بوو، هیوای کوردی تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرلەنوێ بووژایەوە. لە ساڵی (١٩٥٨)یشدا یارییەکی تۆپی پێ لە یاریگەی کەرکووک بەڕێوەچوو، لەوێ هاندەرانی کورد و تورکمان بەشەڕهاتن و تورکمانەکان ژمارەیەکیان لێکوژرا، ئەم ڕووداوە تۆڕانییەکانی تورکیای دەهری کرد. پەرلەمانتار عاسم ئەرن کە سەر بە پارتی کۆماریی تورکیا (C H P) پێشنیازێکی پێشکەش پەرلەمانی تورکیا کرد و تیایدا داوایکرد هێندەی ژمارەی کوژراوانی تورکمان لە ڕووداوەکەی کەرکووک، کوردی تورکیا بکوژرێن، ئەم دانیشتنەی پەرلەمانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆنی فەرمیی تورکیا پەخش دەکرا، پاشان لە تەواوی دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنی نووسراو، بینراو و بیستراودا بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێوەندە تورکییەکاندا پەیداکرد کە تاکو ئێستا زۆربەی هەرە زۆری تورک بە هەزری تۆڕانی و کەمالیستی کۆنەپەرست بارگاوین و ئەوکات کوردیان بەوە تۆمەتبار کرد کە ڕووداوەکە پلانێکی Dکانی ئەندازیاری و پزیشکان و چەند ئەفسەرێکی خانەنشین شانبەشانی زۆرێک لە نووسەر و ڕۆشنبیران گردبوونەوە و نووسراوێکی ناڕەزاییان نووسی دژی ئەو گفتوگۆیانەی لە پەرلەمانی تورکیادا دەکرێت و ڕادەستی میدیاکارانی تورکیایان کرد کە داوای کوشتنی ١٠٠٠ هاوواڵتیی کوردیان کردووە، ئەم گرووپە ناڕازییە بەوەشەوە نەوەستان و دەستیان بە چەندین ڕێپێوان کرد و بە ئاشکرا دروشمی"ئێمەش کوردین"و ئەو گفتوگۆیانەی نێو پەرلەمان ڕەتدەکەینەوە، دواجار وێنەیەکی ئەو نووسراوەیان گەیاندە سەرۆکۆمار و سەرۆک وەزیران و چەند بەرپرسێکی باڵای حکومەت.

ئەو چالاکییانەی قوتابیانی کورد نێوەندە سیاسییەکانی تورکیای هەژاند و بەوە تۆمەتباریان دەکردن کە ئەمانە ڕێکخراوێکی سیاسین و ئامانجیان لەناوبردنی قەوارەی دەوڵەتی تورکیایە، چونکە لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی دێرسیمەوە لە ساڵی (١٩٣٧) تا دەگاتە ئەمڕۆ، کێشەی کورد لە تورکیا و باکووری کوردستان لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا بزرکرابوو و کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا بڵێ من کوردم و باسی کێشەی کورد بکات، وەک بڵێی ئەم وڵاتە تاکە کوردێکیشی تێدا نەمابێت. میدیاکانی تورکیا ئەم جووڵە و چالاکییانەی قوتابیانی کوردیان هێندە گەورە کرد و دەیانگوت:

ئەمانە چۆن دەوێرن ئاوا بە ئاشکرا بڵێن ئێمە کوردین؟ ئەدی حکومەت بۆچی ڕێگەیان پێدەدات ئەم جۆرە چالاکییانە ئەنجام بدەن؟! پاشان سەرکۆماری تورکیا و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەت و تەواوی وەزیرانی کابینەکەی حکومەت و ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی پلە باڵای حکومەت کۆبوونەوە و ئەم پێشهاتە نوێیانەی وڵاتیان تاوتوێکرد. ئەوکات بەرپرسی وەزارەتی دەرەوە کە ناوی خاتوون ڕوشدی چۆغڵو بوو بەڕەچەڵەکیش کوردێکی تورکیا بوو، جا کە لەو کۆبوونەوەیەدا نۆرەی قسەکردنی هات، گوتی: تورکیا خەریکە لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا ناوی دەزڕێت، ئەگەر ئەو هەزار کوردەش دەستگیر بکەین و بیانکوژین، ئەوا تورکیا گۆشەگیرتر دەبێت و هێندەی تر ناوی وڵاتمان دەزڕێت، بۆیە وای بە باش دەزانم هەموویان بەیەکجار نەگرین و بیانکەینە دەستە دەستە، هەر دەستەی ٥٠ کەس بێت، ئینجا بیاندەینە دادگا، هەرکەسێکیش تۆمەتێکی بەسەردا ساغبووەوە با لە سێدارە بدرێت. پێش ئەم پێشنیازە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە مانگی کانوونی یەکەم ٥٤ قوتابیی دەستگیرکردبوو و هەریەکەیان بە جودا لە ژوورێکی تەسکدا بەندکرابوون، جا لەبەرئەوەی ژووەکان تەنیا ٥٠ ژوور بوون، چوار لەو بەندییانە ئازادکران، ئەوانی دیکە تاکو شەش مانگی ڕەبەق کەس چارەنووسیانی نەدەزانی و نەشدەزانرا لە کوێ بەندکراون. لەو ٥٠ کەسە ٢٦یان قوتابی و ئەوانی دیکە خاوەن بڕوانامەی باڵابوون. لەو ناوانەی کە دەستمان کەوتوون بریتین لە: جاوید یڵدرم، سەعید بونکۆک، فایق ساڤاج، مووسا عەنتەر، پاویز چملبیل، نەجاتی سیاە خان، مدحەت سەرحان، زەیا شەرفخان، کوچۆ ئالبوستان، یاشار کایا و ئەوانی تر. قوتابیی ماف، محەمەد ئەمین پاتوا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو، بۆیە ئەم کێشەیە هەر بە کێشەی ٤٩ تێکۆشەرە کوردەکە ناسرا.

ئەمانە ١٤ مانگ لە بەندیخانەدا مانەوە، پاشان درانە دادگایەکی سەربازی و لەوێ ئازادکران کە دواتر زۆربەیان لە کوردستانەوە بەرەو شارەکانی ناوەوەی تورکیا ڕاگوێزران. یەشار کایا دەڵێت: دادگاییەکەکانیان ١٠ ساڵی خایاند.

٨. یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) کە بە یەکەمین ڕۆژنامە دادەنرێت لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کورد لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر لەلایەن میقداد مدحەت بەدرخان بڵاوکراوەتەوە و دوو هەفتە جارێک

ژمارەیەکی بە چوار لاپەڕەی قەبارە (٢٥,٥سم – ٣٢,٥سم) بڵاوەکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەر لە ژمارە بەراییەکانییەوە گوشاری لەسەر بوو و دەسەڵاتدارانی عوسمانییەکان گێچەڵیان پێدەکرد، بۆیە ڕۆژنامەکە بەڕێکوپێکی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەرنەدەچوو، بەتایبەتی دوای ژمارە پێنجی ڕۆژنامەکە، بۆیە لە ژمارە شەشەوە لە قاهیرە نەما و گواستیانەوە جنێفی سویسرا و دەستەی نووسەرانیشیان گۆڕا و بۆ سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەکە عەبدوڵڕەحمان بەدرخان تاکو دەرچوونی ژمارە ١٩بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بوو. دوای ئەم ژمارەیە، ژمارەکانی ١٩ تاکو ٢٣ی ڕۆژنامەکە دووبارە لە قاهیرە دەرکراون، پاشان لە لەندەن ژمارە ٢٤یان دەرکردووە و دواجار لەوێشەوە بەرەو شاری فۆڵکستۆن لە باشووری ئیتاڵیا و لەوێ ژمارەکانی ٢٥ بۆ ٢٩ بڵاوکراوەتەوە. دوا ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ٣٠ و ٣١ جارێکی دیکە لە جنێف بڵاوکرایەوە. واتە دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە ٣١ بوو کە لە ١٤ی نیسانی ١٩٢٠ بڵاوکرایەوە و ئیدی هیچ ژمارەیەکی دیکەی بەدوادانەهات.

٩. لە ١٣ی ئابی ١٩٦١ دیواری بەرلین دروستکرا و چیدی کرێکارانی ئەڵمانیای دیموکرات (ڕۆژهەڵات) نەیاندەتوانی بۆ کارکردن و کڕینی کەلوپەلی نێوماڵیان بچنە ئەڵمانیای فیدراڵ (ڕۆژئاوا). بۆیە ئیسحاق .... ، سەرۆک شارەوانیی بەرلین کە بەڕەچەڵەک جووە و پێشتر چووبووە تورکیا، لە ڕۆژگارێکیشدا بەڕێوەبەری کۆمپانیای مارسیدس بووە لە شاری شتوتگارد، ناچار بوو چەند لێژنەیەک پێکبهێنێت و ڕەوانەی تورکیایان بکات بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی ئارەزووی کارکردن دەکەن لە ئەڵمانیا. لەگەڵ ئەوەشدا چەند مەرجێکی بۆ دانان، لەوانە: (لە هەر سێ کەسێک دەبێ کەسێکی تێدا بێت کە دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بێت) لەمەدا مەبەستی کوردی ئەوێ بوو. جا ئەگەر ئەو مەرجە نەبوایە، ئێستا ئەو ژمارە زۆرەی کوردی باکوورمان لە ئەڵمانیا بەرچاو نەدەکەوت، چونکە ئەوکات تورکەکان لەگەڵ چوونی کوردان نەبوون بۆ ئەوڕوپا. (ئەم زانیارییەم لە - دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە وەرگرتووە - سوپاسی دەکەم).

١٠.پێویستە بگوترێت کورد تەنیا لە ئەڵمانیادا نیشتەجێ نەبوونە، بەڵکو لە سەرتاپای ئەوڕوپادا بڵاون و وەکو سووری، عێراقی، ئێرانی و تورکیایی ڕەفتاریان لەتەکدا

دەکـەن و کاتێکیـش پرسـیاری هـۆکاری هاتنیـان بـۆ ئـەو وڵاتانـە لێدەکـەن، دەڵێـن ئێمـە کوردیـن و بەهـۆی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و سیاسـەتی نـارەوای ئـەو وڵاتانـە هاتووینەتـە ئێـرە، بـەڵام ئـەم وڵاتانـە سـەرژمێرییە فەرمییـەکان لـە میدیاکانـدا بڵاوناکەنـەوە، لـەوەش سـەیرتر ئەگـەر هـەر کوردێـک داهێنانێـک یاخـود شـتێکی نـاوازە ئەنجامبـدات، ئـەوا میدیاکانـی ئـەو وڵاتـە ئەورووپاییانـە هـەر بـە نـاوی ئـەو وڵاتـەوە دەیناسـێنن کـە لێـوەی هاتـووە، ئەگەریـش تاوانێـک یاخـود کارێکـی نەشـیاوی لەدەسـت دەربچێـت، وەک کوشـتنی کـچ یاخـود خوشـک، یـان ئەگـەر هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ هاوڕێیەکـی ئەڵمانـی و بیانیـدا کـرد، ئـەوا میدیـاکان بـە کـوردی سـوریا، یـان کـوردی عێـراق یانیـش بـە کـوردی ئێـزدی ناویدەبـەن .... ئەمـەش نادادپەروەرییەکـی گەورەیـە دەرهـەق بـە کـورد دەکرێـت.

١١.لـە کتێبـی (تاریخ کوردسـتان) وەرگیراوە کـە هی کۆمەڵە تۆژەرێکـە: م.س لازاریف، م. ئاز. حەسرەتیـان، شـاکرۆ مەحـوی، ی.ی. فاسـیلیفا، ئۆڵـگا جیگالینـا. وەرگێڕانـی بۆ سـەر زمانی عەرەبـی: دکتـۆر عەبـدی حاجی. دار نشر (سـبیریز)، هەولێر ٢٠٠٦، کوردسـتانی باشـوور.

١٢.چەند تۆژینەوەیەک دەڵێت ناوی (کوردستان) پێش ئەم مێژووانە بەکارهێناوە.

١٣.خوالێخۆشـبوو حەسـەن مـەلا کـە کەسـایەتییەکی کوردپـەروەر بـوو، نەخشـەیەکی جیهانـی لەلابـوو کـە نیشـتمانی کـورد (کوردسـتان)ی لەسـەر دیاریکـراوە، بەمدواییـە پێیگوتـم نەخشـەکەی ڕادەسـتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـردووە، هەروەهـا بە سوپاسـەوە دارا عەتـار نەخشـەیەکی هاوشـێوەی ئـەم نەخشـەیەی لای حەسـەن مـەلای پێشکەشـکردووم کـە لـە کتێبخانەکـەی خـۆی لەگەڵ چەنـد کتێبێکی دانسـقە و دەگمەن پاراسـتبووی، مێـژووی بڵاوکردنـەوەی نەخشـەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی نـۆزدە.

١٤.لـە کتێبـی (بلـدان الخلافـة الشرقیـة)ی کـی لسـیترغ کـە لەلایـەن بەشـیر فرەنسـیس و گۆرگیـس عـەواد وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی لـە لاپـەڕە (٢٢٧ – ٢٢٨) دا نـووسراوە:"... ئـەوەی لەبـارەی بنەچـەی هەرێمـی کوردستانیشـەوە دەگوترێـت، دەگێڕنـەوە کـە لـە دەوروبـەری نیـوەی سـەدەی شەشـەم (دوانزەهەم) سـوڵتان سـنجری سـەلجوقی لـە بەشـە عەرەبییەکـەی چیـاکان (واتـە ئـەوەی لـە کارەکانـی کرماشـان) ی دابڕیـوە و نـاوی (کوردسـتان) و سـلێمان شـای بـرازای کردووەتـە میـری ئـەوێ کـە

بـە نازناوی"باوکی"یان"دایکی"نـاسراوە، دواتریـش لـە سـاڵی (٥٥٤- ٥٥٦ ک - ١١٥٩ - ١١٦١ز) بووەتـە جێنشـینی مامـی لـە سـەرۆکایەتیی ماڵـی سـەلجوقی و سـوڵتانی عێراقییەکان"ئەمـەش گوتـەی ئەملستەوفییە کـە دەڵێت:"کوردسـتان لـە سـەردەمی سـلێماندا زۆر گەشـاوەتەوە و داهاتەکـەی گەیشـتووەتە دوو ملیـۆن دینـاری زێڕ"کـە دەکاتـە نزیکـەی یـەک ملیـۆن ئیسـتەرلینی (دە هێنـدەی ئـەو بڕەیـە کـە لـە سـەدەی (چـواردەی زایـن)دا لەکاتـی فەرمانڕەوایـی مەغۆلەکانـدا لـەلای ئـەم هەرێمـەدا بـوو، لـەو کاتـەی خـودی مسـتەوفی سەرپەرشـتیاری دارایـی دەوڵـەت بـوو و سـلێمان شـاە (بهـار)ی کـردە بـارەگای خـۆی کـە تاکـو ئێسـتا مـاوە و هەشـت میـل لـە باکـووری هەمەدانـەوە دوورە و قەڵایەکـی سـەختی تێدایـە).

ڕووبـەری سـنە کـە دووەمیـن گـەورە شـاری کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـە و ژمـارەی دانیشـتوانی زیاتـرە لـە (٧٠٠)هـەزار کـەس، تەنیـا ٢٠٪ی ڕووبـەری گشـتیی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات پێکدێنێـت.

١٥.شـەڕی چاڵدێـران هـەر بـە نـاوی ئـەو ناوچەیـە کـراوە کە شـەڕەکەی تێـدا هەڵگیرسـاوە و لـە ئێسـتادا دەکەوێتـە سـنووری ئێسـتای دەوڵەتـی تورکیـا و نزیکیشـە لـە سـنووری دەوڵەتـی ئێرانـی ئێسـتا.

١٦.کتێبەکـە تێـزی دکتۆراکـەی دکتـۆر عەبدولڕەحـمان قاسـملۆە بـە زمانـی چیکـی کـە لـە بـراگ دەیخوێنـد. لـە سـاڵی ١٩٦٤دا بـۆ یەکەمیـن جـار چاپکـراوە، پاشـان چەندیـن جـار بـە زمانەکانـی ئینگلیـزی (١٩٦٥-١٩٨١-١٩٨٣)، فەڕەنسـی (١٩٧٨)، عەرەبـی (١٩٦٨-١٩٧٣-٢٠٠٨) چاپکراوەتـەوە.

١٧.تۆمـاس بـوا: قەشـەیەکی نـاوداری دۆمەنیکانـە، هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ دیراسـەکردنی کـورد تەرخانکـردووە و ژمارەیـەک کتێبـی لەسـەریان دەرکـردووە، لەوانـە: (الکـورد تاریخـا و أجتماعـا و أدبـا و فلکلـورا) هەروەهـا (نـداء الحـق) و (معرفـة الکـورد) و .... .

١٨.لە چەند سەرچاوەیەکدا بە پەیماننامەی زەهاب ناسراوە.

١٩.دەقـی مـادەی ٣ی بڕیـاری ناوبراو:"بـەو پێیـەی بەریتانیـا دەوڵەتـی ئینتیدابـە، پێویسـتە حکومەتـی بەریتانیـا ئـەو ڕێوشـوێنانە بخاتـە بـەردەم ئەنجوومـەن کـە ئـەو بەڵێنانـە

جێبەجێ دەکات کە لە لایەن لێژنەی ڕاپرسی بۆ کورد لە عێراق داوای دامەزراندنی ئیدارەیەکی خۆجێییان بۆدەکەن، ئەویش بەو ئەنجامانەی ئەو ڕاپۆرتە دەستەبەری کردووە کە بۆ ئەنجومەنەکە بەرزکراوەتەوە.".

٢٠.لەبەر هۆکاری سیاسی و چەند هۆکارێکی دیکە بەدوور نازانرێت ئەم وڵاتانە سەرژمێرییان بۆ کوردی خۆیان کردبێت و ئەنجامەکان لەلای دەزگا ئەمنییەکاندا بپارێزرێن.

٢١.تاکو ساڵی (١٩٩٢) کوردی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، پیتە لاتینییە کوردییەکانی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنا کە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ئەو پیتە لاتینیانەدا هەیە کە زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد بە پشتبەستن بە (ڕێساکانی) گۆڤاری (Hawar) کە ڕەوانشاد جەلادەت بەدرخان بڵاویدەکردەوە. کەچی بەشێک لە کوردی ئەرمینیا کە نکۆڵی لە کوردبوونی خۆیان دەکەن، هێشتا پیتەکانی کیریلی بەکاردەهێنن.

٢٢.بەشێک لە کوردی ڕۆژهەڵات بە دوو وەجبە ڕاگوازراونەتە خۆراسان کە ئەوکات ناوچەیەکی چۆڵ بوو و کەسی تێدا نەدەژیا و هاوسنووری تورکمانستانە. بەپێی چەند سەرچاوەیەک، هەڵمەتی ڕاگواستنی یەکەم لە سەردەمی شا ئیسماعیل سەفەوی لە ساڵی (١٥٢٤-١٥٥٢ز)دا بووە، پاشان هەڵمەتی دووەم لە ساڵی ١٦٠١ دەستی پێکردووە کە زۆر لە هەڵمەتەکەی پێشوو گەورەتر بووە و نزیکەی ٤٥ هەزار خێزانی کورد بەیەکجار ڕاگوێزراون. ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئەم ڕاگواستنانە پاراستنی ئەودیوەی سنووری ئێران بووە. ژمارەی کوردی خۆراسان نزیکەی ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزارە و زۆربەیان بە شێوەزاری کرمانجیی باکوور دەدوێن کە زۆربەیان شیعە مەزهەبن و لە ٣٢ هۆز پێکهاتوون. سەرباری تێپەڕبوونی نزیکەی ٥٠٠ ساڵ بەسەر ڕاگواستنیان و چەوساندنەوە و ستەم و سیاسەتی تەفریس لەلایەن دەسەڵاتدارە یەک لەدوایەکەکانی ئێران، هێشتا هەر بە زمانی دایک (کوردی) قسەدەکەن و دابونەریتی تایبەتی خۆیان پاراستووە، گەییشیان لە کوردی کوردستانە چونکە لەبیریان کردوون.

٢٣.ئەو کوردانەی شێوەزاری زازاکی (دملیە) بەکاردێنن زۆرینەی دانیشتوانی هەردوو ویلایەتی دێرسیم و چولیک پێکدێنن، هەروەها بە چەند هەرێمێکی دیکەی وەک ئامەددا بڵاوبوونەتەوە و ژمارەیان لەنێوان ٤-٥ ملیۆن کەسدایە.

٢٤.دەگوترێت نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی جوو لە ئیسرائیل هەیە.

٢٥.ڕاستر ئەوەیە کە خاکی کوردستان دابەشکراوەتە سەر پێنج وڵات نەک چوار (بڕوانە کوردستانی سوور).

٢٦.بەپێی دوا ئاماری فەرمیی دەزگای (Tüik)ی ساڵی ٢٠١٢ کە لە چەندین ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە بە ڕۆژنامەی (Rûdaw) کوردیشەوە کە لە ژمارە ١٦١ لە ٢٣ی ئابدا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: ژمارەی کوردی نیشتەجێی تورکیا و باکووری کوردستان (٢) ملیۆن و ٢٧٠ هەزار کەسە و دەزگاکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ کوردی وڵاتانی ئەورووپا نەکردووە کە ژمارەیان لە سەرووی (٢) ملیۆندایە، ئاخۆ ئەوانیش لەنێو ئەم ژمارەیەدان یاخود نا!

٢٧.دوو لایەنەکەی ڕێککەوتنامەکە: بەریتانیا، فەڕەنسا، یۆنان، ئیتاڵیا، چیکۆسلۆڤاکیا، یۆگسلاڤیا، ڕۆمانیا، پۆڵۆنیا، بەلجیکا، ژاپۆن، حیجاز و ئەرمینیا لەلایەک و سوڵتانی تورکیا لەلایەکەی تر، شاندێکیش بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا ئامادەی کۆنگرەکە ببوون.

٢٨.دەقی ماددەکان ئەمەی خوارەوەیە:

ماددەی ٦٢:"ئەو لێژنە سێ کەسییەی کە لە بەریتانی و فەڕەنسی و ئیتاڵییەک پێکهاتووە و لە قوستەنتنیەن، پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا یاسایەک سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیی ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردیان تێدا دەژێت، ئامادەبکەن کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و باشووری سنووری ئەرمینیای باشوور. ئەگەریش کۆدەنگی لەنێو ئەندامانی لێژنەکەدا نەهاتەدی، ئەوا دەبێ حکومەتە پێوەندارەکان کێشەکە چارەسەر بکەن، لە هەمان کاتیشدا پێویستە دڵنیایی تەواویش بدرێت بۆ پاراستنی کلدۆ- ئاشوور و کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی نێو چوارچێوەی ناوچە دیاریکراوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەک پێکدەهێنرێت بە ئەندامێتی کورد و فارسێک، بێجگە لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا بۆ چاوخشاندنەوە بە سنووری تورکی- فارسی و ئەگەریش پێویستی کرد چارەسەری بکەن.

ماددەی ٦٣: تورکیا بەڵێن دەدات کە دان بە بڕیارەکانی ئەم دوو لێژنەیە بنێت و لە ماوەی سێ مانگدا جێبەجێیان بکات".

مـاددەی ٦٤: ئەگـەر کـوردی ئـەو ناوچانـەی لـە مـاددە (٦٢)دا ئامـاژەی پێـدراوە، پـاش تێپەڕبوونـی سـاڵێک پەنایـان بـردە بـەر کۆمەڵـەی گـەلان و ئامـاژە بـەوە بکـەن کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی ئـەم ناوچانـە ئـارەزووی جودابوونـەوە دەکـەن لـە تورکیـا و کۆمەڵـەی گەلانیـش دان بـەوەدا بنێـت کـە ئـەم کوردانـە توانـای سـەربەخۆییان هەیـە، ئـەوکات پێویسـتە تورکیـا دەسـتبەردارى تـەواوى مافەکانـی خـۆی بێـت لـەو ناوچانـەدا. ئەگـەر کـوردی ویلایەتـی مووسـڵیش ئارەزوویـان کـرد بێنەپـاڵ ئـەم دەوڵەتـە کوردییـە، هاوپەیمانـە سـەرەکییەکان لاریـان نابێـت.".

٢٩.لـە لاپـەڕە (٨٣-٨٤)ی کتێبـی (القضیـة الکوردیـه فـی المؤتمـرات الدولیـة)ی نووسـەر دکتـۆر فوئـاد حەمـە خورشـید مسـتەفا وەرگیـراوە.

٣٠.هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو، بـەڵام ئەمـەی دەخەینەسـەر: ئـەوە دادپـەروەری نییـە کـە هەمـوو ئەوانـەی بەسـەر گەلـی کـورددا هاتـووە، هـەر لـە بێبەشـکردنیان لـە دامەزراندنـی قەوارەیەکـی سیاسـیی سـەربەخۆی تایبـەت بەخۆیـان تـا دەگاتـە پرسـی دابەشـکردنی نیشـتمانی کـورد، بـە بەتەنیـا بخەینـە ئەسـتۆی وڵاتانـی زلهێـز، بەڵکـو پەرتەوازەیـی سـەرکردەکانی کـورد، هـەر لـە بـەگ و سـەرۆک هـۆز و شـێخەکانیان لـە سـەردەمانی زووەوە تـا دەگاتـە ڕێکخـراو و حزبـە سیاسـییەکانیش بەرپرسـیارێتییەکی مێژوویـیـان دەکەوێتـە ئەسـتۆ، چونکـە بەرژەوەندییەکانـی تاکـە کەسـیی خۆیـان و حزبەکانیـان خسـتووەتە پێـش بەرژەوەندیـی نەتەوەییـان و هەلـی مێژوویـی وەهایـان لەدەسـتداوە کـە بـە دەگمـەن دووبـارە دەبنـەوە، هـەروەک دەرفەتـی ڕێککەوتننامـەی (سـیڤەر)ی سـاڵی ١٩٢٠ و دوێنێـی باشـووری کوردسـتان و ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و پارچەکانـی دیکـەدا دەگوزەرێـت.

ئەگـەر کەمێـک بوێـر و واقیعبینانـە بیـن، دەبـێ دان بـەوەدا بنێیـن کـە دەردی پەرتەوازەیـی و دووبەرەکیـی نێوخـۆی کـورد و بۆیـەکتری دانەنوانـد، نەخۆشـییەکی درێژخایەنـی مێژوویـیـە و ٤٠٠ سـاڵ لەمەوبـەر شـەرەفخانی بەدلیسـی لـە کتێبەکەیـدا (شـەرەفنامە) ئامـاژەی پێکـردووە. ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت ئـەم ناکۆکییـە نێوخۆییانـە هـۆکاری سـەرەکین بـۆ زلهێـزە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان کـە بەدرێژایـی مێـژوو هێنـدە پەرۆشـی دامەزراندنـی قەوارەیەکـی سیاسـیی یەکگرتـوو و سـەربەخۆ نەبوونـە بـۆ کـورد.

٣١.لە کتێبی (تاریخ کوردستان)ی نووری دێرسیمی وەرگیراوە.

٣٢.تورکیا ئەم کەناڵەی لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا کردەوە و بەرنامەکانی تەنیا بە زمانی کوردی پەخش دەکات و پێش کۆتایی ٢٠١٤ ناوەکەی لە (TRT ٦) گۆردرا بۆ (TRT Kurdî).

٣٣.لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیای کرد کە بە سەردانێکی مێژووی لەقەڵەم دەدرێت بە داوەتنامەیەکی فەرمیی ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ گفتوگۆکردنی چەند پرسێکی گرنگی وەک زیندووکردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان گەیشتە ئەو وڵاتە، هەروەها باس لە پەیوەندییە ئابووریپەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش کرا. پێش دەستپێکی گفتوگۆ دوو قۆڵیپەکەی نێوان بارزانی و ئەردۆگان، هەردووکیان بە جووتە ئامادەی گردبوونەوەیەکی فراوانی جەماریی شاری ئامەد (دیاربەکر) بوون، وشەی (کوردستان) لەنێو ئەو وتارەدا هاتبوو کە ئەردۆگان لەو بۆنەیەدا خوێندبوویەوە و دواتر بووە هۆی شەڕە دەستی نێوان پەرلەمانتارانی تورک و کورد لە پەرلەمانی تورکیا. شایانی گوتنە ئەمە یەکەمین جارە بەرپرسێکی باڵای تورکیا وشەی (کوردستان) بەکاربهێنی و نەوەت ساڵ دەبێت ئەم وشەیە بەسەر زاری بەرپرسانی باڵای تورکیادا نەهاتووە.

٣٤. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا شەهید کرا، یەکێکیان دکتۆر فازڵ مەحموود ڕەسوڵ کە نێوەندگیرێک بوو، لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە دیاریکرابوو بۆ نێوەندگیریی نێوان تاران و قاسملۆ و فەرماندەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و عەبدوڵڵا قادری ئازاد بەرپرسی لقی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران. ئەم کارە تیرۆریستییە لە ڕۆژی ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا، کۆمەڵە تیرۆریستێکی سەر بە دەزگای هەواڵگریی ئێران ئەنجامیان دا کە هەریەک لە: محەمەد ڕەحیمی شاهرودی (محەمەد جەعفەری سەهراودی)، حاجی مستەفاوی و ئەمیر مەنسوور بوزورگیان بوون و ئەوکات نوێنەری حکومەتی ئێران بوون

بـۆ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ شـاندی کـورد بـە سـەرۆکایەتیی دکتـۆر عەبدولڕەحـمان قاسـملۆ. شـەهیدان قاسـملۆ و عەبدوڵـلا قـادری ئـازاد لـە ٢٠ی تەمـووزی ١٩٨٩ لـە گۆڕسـتانی مەزنـان لـە پاریـس (Lachaise Pere) لـە ڕێوڕەسـمێکی شـکۆدار و بـە ئامادەبوونـی دوو هـەزار کـەس بەخاکسـپێردران کـە ژمارەیـەک وەزیـر، پەرلەمانتـار، شـاعیران، مامۆسـتایانی زانکـۆ و نوێنەرانـی ڕێکخـراوە مرۆییـەکان و نوێنەرانـی کـورد و فـارس، ئەوروپایـی، تـورک و ئازەریـش کـە لـە شـار و پایتەختـە جیاجیاکانـی ئەوروپـادا هاتبـوون، بەشـداریان لـە ڕێوڕەسـمەکەدا کـرد. پسـپۆڕ لـە کاروبـاری کوردسـتان و نووسـەری نەمسـایی کریـس کۆچێـرا کـە پەیوەندییەکـی پتـەوی لەگـەڵ شـەهید قاسـملۆدا هەبـوو دەڵێـت:".... بـەڵام ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانی منـە ئەوەیـە؛ قاسـملۆ چەندیـن جـار گوتەیەکـی باوکـی لەبـەردەم منـدا دووبـارە کردووەتـەوە کـە گوتبـووی: کاتێـک دەگەیتـە فارسـێک، یـان ئەوەتـا دەتکـوژێ یانیـش تـۆ ئـەو دەکـوژی، یاخـود لەونـاوە دووربکـەوە، جـا نازانـم چـۆن کەوتـە داوەوە؟".

شـایانی باسـە ئـەم گۆڕسـتانە گـۆڕی چەندیـن کەسـایەتیی نـاوداری دیکـەش لەخۆدەگرێـت، لەوانـە: ئەکتـەر و دەرهێنـەری سـینەمایی کـورد یـڵماز گۆنـای، هونەرمەنـد ئەحمـەد کایـا، هەروەهـا دکتـۆری شـەهید سـادق شـەرەفکەندی، فەتـاح عەبدولـی و هەمایـۆن ئـەردەلان کـە ئەوانیـش بـە دەسـتی پیاوانـی هەواڵگریـی ئێرانـی لە چێشـتخانەی مایکۆنـۆس - Mykonous لـە ١٧ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٩٢ لـە بەرلیـن شـەهیدکراون.

٣٥.کۆمـاری کوردسـتانی دیموکـرات: لـە هەڵەیەکـی بـاودا ئـەم کۆمـارە بـە هەڵـە بـە (کۆمـاری مەهابـاد) ناودەبرێـت، ئەگـەر ئـەم کۆمـارە لـە مەهابـادی پایتەختـدا ڕاگەیەنـراوە، بـەڵام نـاوی فەرمیـی کۆمارەکـە لـە بەڵگەنامـە و میدیاکانیـدا (کۆمـاری کوردسـتان)ە، نـاوی ئێرانیـان نەکردووەتـە پاشـگری کۆمارەکـە هەروەکـو ئـەوەی کاتێـک بـاس لـەو ماوەیـە دەکرێـت، چەنـد ڕۆژشـنبیرێک دەنووسـن: (کۆمـاری کوردسـتانی ئێـران). هەروەهـا ئـەم کۆمـارە (حوکمێکـی ئۆتۆنۆمـی) نەبـوو، بـەو شـێوەیەی لـە ئەدەبیاتـی سـۆڤیەتی پێشـوودا دێـت، ئەویـش هـەر بـۆ شـاردنەوەی پرسـی دەسـتوەردان بـووە لـە کاروبـاری ناوخـۆی ئێـران و دامەزراندنـی هـەردوو

کۆماری ئازربایجان و کوردستان، لەو کاتەی سۆڤیەت ئێرانی داگیرکردبوو. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، دەتوانین ئەمانە بکەینە دوو بەشەوە: بەشێکیان لەبەر نەزانی و نەشارەزاییانە لە بابەتەکە و بەشێکیان بەو شێوەیە دەینووسنەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێران و چەند فەرمانگەیەکی نێودەوڵەتی دەینووسنەوە، ئەمەشیان بۆ بچووککردنەوەی کوردستانە. جا دەبێ ئەمانە پشت بە چی ببەستن؟.

٣٦.لە کتێبی (الحوار العربي الكوردي- وثائق مؤتمر القاهرة – مایۆ ١٩٩٨)دا هاتووە؛ ڕەوانشاد جەوهەر نامق، یەکەمین سەرۆکی پەرلەمانی باشووری کوردستان پێشکەشی کۆنگرەکەی کردووە:"... ڕێژەیان لەچاو کۆی دانیشتوانی عێراق کە دەکاتە ٢٢ ملیۆن، ٢٨٪ە ...."کەچی عیسمەت شەریف وانلی لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی:"... بەپێی هەژمارەکانی خۆم کە لە کتێبە فەرەنسییەکەمدا لەسەر شۆڕشی کورددا کردوومە (تێزی دکتۆراکەی) بەپشت بەستن بە سەرژمێرییە فەرمییەکانی پێشووی حکومەتی عێراق، ژمارەی کوردی عێراق دەگاتە نزیکەی ٢٨٪ی کۆی دانیشتوانی هەموو عێراق، واتە ٢ ملیۆن و ٦٦٠ هەزار کەس لە ساڵی ١٩٧٠".

لە هەولێر بووم لە دکتۆر کەمال مەزهەری مێژوونوسم پرسی کە بە نووسینە سەنگین و زانستییەکانی دەناسرێتەوە گوتی:"ئەوەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەیڵێت لەبارەی ژمارەی کورد و ڕووبەری کوردستان، لە ڕاستییەوە زۆر نزیکن.....".

٣٧.لە دەستپێشخەرییەکی نیازپاکانەدا بۆ بەدەنگەوەهاتنی هاووڵاتیانی هەڵەبجەی شەهید و دەوروبەرەکەی، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ پڕۆژەی بەپارێزگاکردنی هەڵەبجەی پەسند کرد.لە ١٦ی ئاداری ٢٠١٤ بەڕێز مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسومی فەرمانی هەرێمیی بۆ بە پارێزگابوونی هەڵەبجە واژوو کرد کە لە ١٣ی ئاداری ٢٠١٤دا بڕیاری بەپارێزگاکردنی بەفەرمیی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەندرا، بەڵام لە پەرلەمانی عێراق هەر دەستی دەستی پێدەکرا و دەنگدانەکەی دوادەخرا ..... بۆ جاری سێیەم بە فشاری جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای بەپارێزگابوونی هەڵەبجە خرایە بەرنامەی کاری دانیشتنی ڕۆژی شەممە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٣، بەڵام جارێکی دیکە ئەو بڕگەیە

لـە بەرنامـەی کاری دانیشـتنی ئـەو ڕۆژە لابـرا، تـا دواجـار لـە ١٤ی نیسـانی ٢٠٢٥ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراقـی فیـدراڵ پـرۆژە یاسـاکەی پەسـند کـرد. وەرگێـڕ)

٣٨.ڕووبـەری ناوچـە دابڕێنـدراوەکان لـە کوردسـتان، بـە کەرکووکیشـەوە زیاترە لە سـێیەکی کـۆی ڕووبـەری باشـووری کوردسـتان. بەپێـی مـادەی ١٤٠ی دەسـتووری عێراقیـش کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٥ پەسـندکرا دەبوایـە پـاش ئاسـاییکردنەوەی دۆخەکـە، ڕاپرسـییەکی تێـدا بکرایـە و بەپێـی ئەنجامـی ڕاپرسـییەکە چارەنووسـی ئـەو ناوچانـە دیـاری بکرایـە، ئاخـۆ دەگەڕێتـەوە سـەر هەرێمـی کوردسـتان -کـە خواسـتی کـوردە- یاخـود بـە ئیدارەیەکـی سـەربەخۆ دەمێنێتـەوە، بـەڵام حکومەتەکـەی نـووری مالیکـی و دواتـر حەیـدەر عەبـادی خۆیـان لـە جێبەجێکردنـی ئـەم مادەیـە دزییـەوە.

٣٩.لـە کۆتایـی کۆبوونەوەکـەی هەولێـر کـە بـە سەرپەرشـتیی بەڕێـز مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەفتـەی سـێیەمی مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٢دا ئەنجامـدرا، هـەردوو ئەنجوومەنـە کوردییەکـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کـوردی لـە سـووریا (ENKS) و ئەنجوومەنـی گەلـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە سـەر بـە پارتـی یەکێتیـی دیموکراتـە (PYD) (باڵـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و سـووریا) بـە دیدگایەکـی هاوبەشـی سیاسـی دەرچـوون و بریتـی بـوو لـەوەی هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ببێتـە فیدراڵییەتێـک لـە چوارچێوەی سـووریایەکی فیـدراڵ، دیموکراتـی، پەرلەمانـی فرەیـی، بـەڵام پارتـی یەکێتیـی دیموکراتی پابەنـدی ڕێککەوتنامەکـە نەبـوو و لەگـەڵ چەنـد کەسـایەتییەکی غەیـرە کـورد خۆسـەرییەکیان ڕاگەیانـد و وشـەی (کـورد و کوردسـتانیان) لـە خۆیـان کـردەوە.

٤٠.دوو هەفتـە پـاش هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی سـووریا لـە ١٥ی ئـاداری ٢٠١١ بەشـار ئەسـەد لـە هەوڵێکیـدا بـۆ دووڕخسـتنەوەی کـورد لـە بەشـداریکردن لـە شۆڕشـەکە لە سـەرەتای مانگـی نیسـانی هەمـان سـاڵدا مەرسـوومێکی دەرکـرد و تیایـدا ڕەگەزنامـەی سـووریای بـەو کوردانـە بەخشـی کـە لـە سـەرژمێرییەکەی ٥ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٢دا بێبەشـکرابوون. بەپێـی خەملاندنەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلی کورد ژمارەیـان گەیشـتە ٣٠٠ هـەزار هاوواڵتـی کـە لـە پارێـزگای جەزیـرەدا ئەنجامدرابـوو. وێـڕای ئـەوەی زۆرینـەی ئەوانـەی لـە ڕەگەزنامـەی سـووریا بێبەشـکرابوون،

بەڵگەنامەی پێویستیان پێشکەش بەڕێوەبەرایەتیی تۆماری شارستانیی پارێزگاکە کرد، بەڵام تەنیا ١٥٠ هەزار هاووڵاتی ناویان هاتەوە و ڕەگەزنامەکانیان وەرگرت، تاکو ئێستاش ئەوانی دیکە هیچیان بۆنەکراوە. کاتێک هاووڵاتیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆماری شارستانی لە شارە کوردنشینەکان دەکەن لە پارێزگای حەسەکە، یەک وەڵامی گشتگیریان دەدەنەوە، ئەویش: هێشتا هیچ بڕیارێکمان سەبارەت بەم بابەتە پێنەگەیشتووە.

٤١.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (الکورد فی منطقة الباب و أطرافها) نووسینی: عەلی موسلیم.

٤٢.کوردستانی سوور: بەپێی گوتەکانی مێژوونووسانی موسڵمان، کورد لە سەدەی (دە)وە لە ئازربایجان و ئەرمینیا و حەڕاندا دەژین. پرۆفیسۆر جەمال نەبەزیش لەمبارەیەوە دەڵێت: بابەکی خوڕەمی لە ساڵی (٢٠٠پ ز)دا ڕاپەڕینێکی مەزنی دژی قەیسەری ڕووسی ئەلکسەندەر بەرپاکرد و بیست ساڵی خایاند کە بە درێژەی ڕاپەڕینەکەی ئەبی موسلیمی خۆراسانی دادەنرێت، چونکە بابەک خورەمی یەکێک بووە لە نەوەکانی ئەبی موسلیمی خۆراسانیی کورد. ئەمین عەقدالێش دەڵێت:"لە ساڵی ١٥٩٥دا چەند هۆزێکی کورد لە دەست ستەمی عوسمانی و فارسەکان هەڵاتوون و لە قەرەباغ و لارسیندا گیرساونەتەوە، ئەم دوو ناوچەیەش دەکەونە چوارچێوەی سنووری ئازربایجانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو". لە ساڵی (١٧٣٤) هێزەکانی نادر شا بەرەو ناوچەکانی قەوقاز و تفلیس پێشڕەوییان کرد و داگیریان کردن، نزیکەی (٦) هەزار جەنگاوەری کورد لە ڕیزەکانی سوپاکەدا بوون. لەپاش جەنگی ڕووسیا-ئێران لە ساڵی (١٨٠٤-١٨١٣)، پەیماننامەی (گلستان) لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٨١٣دا لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا مۆرکراو و بەپێی بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە، چەند بەشێکی ناوچە کوردنشینەکان بەر حوکمی ڕووسیا کەوتن و دواتر چەند بەشێکی ئەم ناوچانە بە زمانی ڕووسی ناونرا (کوردستانکی ئەویزدەر). لە ساڵی (١٨٢٦-١٨٢٨) جارێکی دیکە ڕووسەکان شەڕیان دژی فارسەکان هەڵگیرساندەوە، پاشان پەیماننامەیەکی ئاشتی لەنێوانیاندا مۆرکرا و بەپێی پەیماننامەکە، شا

دەستبەرداری هەردوو شاری (ڕەوان و نەخچەوان) بوو. بەم شێوەیە چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردنشین کە دەکەوتنە نێوان قەرەداغ و نەخچەوان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکان و بەشێکی دیکەیان بە ویلایەتی یەریڤانەوە لکێنرا.

مینۆرسکی، ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ڕووسی دەنووسێت:"کورد و خاکی کوردستان سنووری ڕووسیایان تێپەڕاند و چووە نێو قەوقازەوە". ئەم هەرێمی کوردستانە، لە قەرەباغ (نکونی قەرەباغ)ەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە ڕووباری ئاراس کە هەرێمێکی شاخاوییە و دەکەوێتە نێوان کۆماری ئەرمینیا و ئازربایجان. هەرێمەکە ببووە جێی ناکۆکیی هەردوو کۆمارەکە و چەندین شەڕی خوێناویان لە نێواندا بەرپابووە، بە بەردەوامیش کورد بووەتە سووتەمەنیی ئەو شەڕانە، ئەرمینیا کوردی ئێزدیی ناچار دەکرد بەشداریی لە شەڕەکەدا بکەن، ئازربایجانیش کوردی موسڵمانی خۆی دەپەستایە کووڕەی شەڕەکە، ئەنجامەکەشی وێرانکردنی زۆرینەی گوند و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی کوردان بوو. کە یەکێتیی سۆڤیەت ناکۆکییەکانی یەکلاکردەوە و ئۆتۆنۆمیی بەخشییە هەرێمەکە و لەڕووی ئیداریی‌ەوە خرایە سەر کۆماری ئازربایجان. لەم بارەیەوە لینین لە ساڵی ١٩٢٣ بروسکەیەکی بۆ نەریمان نەریمانۆف، سەرکۆماری ئازربایجان نارد و تێیدا نووسیبووی:"بارودۆخی گەلی کوردستان زۆر سەختە و کوردی ئەوێ برسین، پێویستە هاوکارییان بکەن ....". لەم بروسکەیەدا دەردەکەوێت کە لە سەردەمی لینیندا ناوچەکە و شارەکانی ئەو دەڤەرە ناونراوە (کوردستان)، چونکە لە ڕاستیدا و لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی لەپێشەوە باسکران، ناوچەکە بەشێکە لە کوردستان. دوابەدوای گەیشتنی بروسکەکە، پەرلەمانی ئازربایجان بڕیاری یەکخستنی شەش ناوچەی کوردنشینی لە ئازربایجان دەرکرد کە ئەمانەن: قەرە قشلان، گولباجار، کوتولە، کوباتلین، کوردکارس و موراد خانلیە.

نادر نادرۆفی ئەکادیمیست دەڵێت:".... لە سەردەمی ستالین؛ واتە ساڵانی نێوان (١٩٣٧-١٩٥٣) کەس نەیدەوێرا باسی ئەم ستەمانە بکات کە لە کورد دەکران و بە هەموو جۆرێک دەچەوسێنرانەوە. بەڵام کاتێک خرۆشۆف دەبێتە سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت، نوێنەرانی کوردستانی سوور دەچنە لای و داوای لێدەکەن بیانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان و دووبارە ئۆتۆنۆمی ببەخشێتەوە کوردستانی سوور، بەڵام بەداخەوە ئەم سەرۆکە نوێیەش

بەدەنگ داواکارییەکانی کوردەوە نەهات و کوردی تووشی بێئومێدی کرد".

بەم شێوەیە، جارێکی دیکە بۆ کورد دووپاتبووەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بە بیری چەپ و شیوعیەت فریودرابوون کە بەرژەوەندییە ئابووریەکان، پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان دیاریدەکەن، نەک بیروباوەڕ و بەهاکان. هەر بۆرجوازییەت نییە مافی گەلان لە سەربەخۆبووندا بە دۆلار بفرۆشێت، بەڵکو چەپەکان و شیوعییەکانیش هەر وان.

سەرنج: زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە پەراوێزی ژمارە (٤٤)دا هاتووە، کورتکراوەی نووسینێکی دکتۆری ڕۆژنامەنووس عەبدولمەجید شێخۆیە کە لە ژمارە ٢٢ی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ی ڕۆژنامەی (نەورۆز)دا بڵاوکراوەتەوە کە تاکو ئێستا لەلایەن پارتی یەکێتیی دیموکراتی کوردی لە سووریا (یەکێتی) لە ڕۆژئاوای کوردستان بڵاودەکرێتەوە. لەبەر گرنگی بابەتەکەش ئێمە کوردییە لاتینییەکەمان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و بابەتە تەرجەمەکراوەکەمان لە ژمارە ٤٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ی گۆڤاری (الاستقلال)دا بڵاوکردەوە کە لە لایەن حزبی ئیسلامیی کوردستان لە ئەڵمانیا بڵاودەکرێتەوە و پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ساڵح گابووری سەرنووسەریەتی، لەسەر داواکاریی ئێمەش بە سوپاسەوە هاوڕێی ڕۆژنامەنووسمان سلێمان عەلی، چەند زانیارییەکی لەسەر هەرێمی نگونی قەرەباغ بۆناردین و بەشێکی بابەتەکەیمان لێوەرگرت.

٤٣.تایبەت بە هەبوونی کورد لە ئیسرائیل و فەڵەستین، لە ٢٥ی ئابی ساڵی ٢٠١٤دا کەناڵی ئاسمانیی (Kurdistan TV) بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ پەیامنێرێکی خۆی لە ئیسرائیل بڵاوکردەوە و پەیامنێرەکە ژمارەی کوردی ئەوێی بە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس خەملاندبوو کە لە بنەڕەتدا زۆربەیان بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر کوردی باشووری کوردستان کە لە ساڵی ١٩٢٠ەوە چوونەتە ئەوێ، بەڵام زۆربەیان زمانی ڕەسەنی خۆیان لەبیرکردبوو. لە بەناوبانگترین ئەو کەسایەتییانەی پەیامنێرەکە چاوی پێکەوتبوو، زەکەریا باراشی ڕابی بوو کە تەمەنی گەیشتبووە ١١٣ ساڵ و زۆر بە ڕەوانی بە کرمانجیی سەروو قسەی دەکرد (باراشیش، نازناوی ئەو گوندەیە کە لێوەی هاتبوو و دەکەوێتە نزیک ئامێدی لە باشووری کوردستان).

هەروەها لە ژمارە ٢٢٢ی ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ی ڕۆژنامەی ڕووداودا لەسەر زاری دالیا عەفیفی خانمە نووسەری کوردی فەڵەستیندا بڵاویکردووەتەوە:

چەند گەڕەکێک بەناوی (گەڕەکی کورد) لە شارەکانی قودس، غەززە، خەلیل، عەککا و نابلسدا هەن، هەروەک چۆن چەند گەڕەکێکیش بە هەمان ناو لە بەنغازیی لیبیا و قاهیرەی میسردا هەیە.

هەروەها زانیارییەکی پەیوەست بە کوردی فەڵەستین، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە یەکێک لە دیدارەکانماندا لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا و لەسەر زاری کاک مەسعود بارزانییەوە پێیگوتم:"لەکاتی سەردانەکەی مەحموود عەباس سەرۆکی فەڵەستین بۆ باشووری کوردستان لە نیسانی ٢٠٠٩ بە مەبەستی پیرۆزباییکردن لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاک مەسعود پێیگوتووە: من شانازی بەتۆوە دەکەم کە یەکەمین سەرۆکی عەرەبیت هاتووی بۆ پیرۆزبایی. مەحموود عەباس لە وەڵامدا پێیدەڵێت: نا، نا، نا من وەک سەرۆکێکی عەرەب نەهاتووم، من وەکو کوردێک هاتووم پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێمەکەم دەکەم".

٤٤.ڕۆژی جیهانیی خوێندکاران: دوای ئەوەی ئەڵمانیای نازی چیکۆسلۆڤاکیای داگیرکرد، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی داگیرکەری نازی و داواکردنی سەربەخۆیی وڵات، سەرجەم قوتابخانە و زانکۆکانی بڕاگ مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند، بەڵام هێزەکانی داگیرکەر لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩دا قوتابیانی زانکۆی کارڵیان لە بڕاگ دایە بەر ڕێژنەی گوللە و دەیان خوێندکاریان لێکوشتن و سەدانیشیان بریندارکرد.

جا لە یادی شەهیدکردنی ئەو خوێندکارانەی چیکۆسلۆڤاکیا کە دلێرانە بەرەنگاری نازییەکان بوونەوە، (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) ساڵانە لەو ڕۆژەدا یادی پاڵەوانێتیی خوێندکاران و سیمبولی خەباتی خوێندکاران دەکاتەوە لەپێناو ئازادی و دیموکراسیەتدا.

٤٥.کاتێک ئەم ناوەم لە سینەم خان بەدرخان پرسی، پێیگوتم: کەسێک بەم ناوە لە بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا هەبووە و بە (ئاسف چنار یاخود سفتەر چنار) ناسرابوو، بەڵام هیچ نزیک نەدەکەوتەوە لەو چالاکییانەی بۆ خزمەتی کورد و کوردستان ئەنجام دەدرا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش، دوای ئەوەی بەدرخانییەکان چەندین ڕاپەڕینیان بەرپاکرد و بەشداریان لە ژمارەیەکی دیکەشدا کردووە، دەوڵەتی تورکیا ئەم بنەماڵە دێرین و گەورەیەی بە هەموو کونجێکی تورکیا و دەرەوەی تورکیادا بڵاوکردووەتەوە و گۆڕینی نازناوی بنەماڵەکەیانی بەسەردا سەپاندوون، (چنار)یش یەکێکە لەو نازناوانە.

هەڵبەت ئەمەشی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەم جۆرە بنەماڵانەی کردووە، بەداخەوە تا ڕادەیەکیش لەم هەوڵانەیاندا سەرکەوتوو بوونە و لەو بنەماڵەیەدا تەنیا سینەم خانی کچی جەلادەت بەدرخان ماوە و لە هەولێر نیشتەجێیە. هەروەها (کورت داقید بەدرخان) و (جولیا ئەڤین بەدرخان) ماون کە هەردووکیان منداڵی ڕەوانشاد جەمشید جەلادەت بەدرخانن و نیشتەجێی ئەڵمانیان.

٤٦.باسیل نیکیتین: کوردۆلۆجییەکی ناسراوی بە ڕەچەڵەک ڕووسی و بە کلتوور فەڕەنسییە. لە ساڵی (١٨٨٥)دا لەدایکبووە و لە نێوان ساڵانی (١٩١٥- ١٩١٨) کونسوڵی ڕووسیا بووە لە ورمێی ئێران، ئەندامی کۆمەڵەی ئاسیایی و کۆمەڵەی مرۆڤناسی بووە لە پاریس. ئەندامێکی هەمیشەییش بووە لە دەزگای نێودەوڵەتی بۆ زانستی ڕەچەڵەکی مرۆڤ (فایلۆجینی مرۆڤ) و ئەندامی پەیامنێری ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی دیبلۆماسیەت بووە. لە ساڵی (١٩٠٤)یش زمانەکانی فارسی، تورکی و زمانە ڕۆژئاواییەکانی لە پەیمانگەی لازارێف خوێندووە لە مۆسکۆ. کاتێکیش کونسوڵ بووە لە ورمێ، لەسەر دەستی مەلا سەعیدی قازیی کوردستان فێری زمانی کوردیش بووە. لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی ساڵی (١٩١٧) لە مۆسکۆ و بڵاوبوونەوەی هزری کۆمۆنیستی، ئێرانی بەجێهێشتووە و چووەتە فەڕەنسا، لەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵ کچە فەڕەنسییەکدا دەکات و هەر لەوێ دەمێنێتەوە تاکو لە ساڵی (١٩٦٠) مردووە.

نزیکەی (٥٠) بەرهەمی لەسەر شێوەی نووسین، تۆژینەوە و کتێب لەسەر کورد و کوردستان دەرکردووە و نۆبەرەی بەرهەمەکانی لەسەر کورد و کوردستان کتێبەکەی (الکورد–دراسة سوسیولوجیة و تاریخیة) بووە و بەیەکێک لە گشتگیرترین نووسراوەکانی کوردۆلۆجییەکان دادەنرێت کە دەربارەی کورد و کوردستان نووسرابێت و ڕۆڵێکی باڵای لە گەیاندنی دۆزی کورد هەبووە بە ڕای گشتیی فەڕەنسا، بۆیە ئێمەی کورد خۆمان بە قەرزاری ئەم کوردۆلۆجییە مەزنە دادەنێین.

٤٧.ڕاستەکەی (تورکیای گەنج)ە.

٤٨.لە هەندێک شوێندا بە (هەفتەنامە) ناوی هاتووە بەبێ ئەوەی دیاری بکرێت کە ئاخۆ ڕۆژنامەیە یاخود بڵاوکراوە یانیش گۆڤار، بەڵام بەشێکی زۆریان دووپاتی دەکەنەوە کە گۆڤارێکی مانگانە بووە.

٤٩.لەوبـاوەڕەدام ڕاسـتیەکەی (خـۆری کـورد) بێـت نـەک (ڕۆژی کـورد) یـان (نهـار الکـورد) چونکـە (یـوم) یـان (نهـار) ئـەو مانایـە نابەخشـن، ئەمـەش هـەر بـۆ ڕوونکردنەوەیـە، بۆیـە مـن تەرجەمـەی ناوەکـەی بـە (خـۆری کوردسـتان) بـە ڕاسـتتر دەزانـم.

٥٠.دکتـۆر بلـەچ شـێرکۆ: ڕای زۆر جیـاواز بـۆ نـاوە ڕاستەقینەکەی ئـەم نـاوە لەئارادایـە کـە کتێبەکـەی دانـاوە. بەپێـی گوتەکانـی دکتـۆر نەجاتـی عەبدوڵـلا یەکەمیـن کـەس کـە هەوڵـی دابێـت نـاوە ڕاستەقینەکەی ئـەم نـاوە خـوازراوە یەکلابکاتـەوە، سـادق بەهائەدیـن ئامێـدی بـووە و وایدانـاوە کـە خـودی جـەلادەت بەدرخـان نووسـەری کتێبەکـە بێـت، هەریـەک لـە هـەژار موکریانـی لـە پێشـەکییەکەی دیوانـی مـەلای جزیـری و مێژوونـووس دکتـۆر کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد لـە کتێبـی (التاریـخ: نبـذة عـن علـم التاریـخ و الکـورد و التاریـخ) بۆچوونەکـەی سـادق بەهائەدینیـان پـێ پەسـندە، بـەڵام دواتـر دکتـۆر کەمـال مەزهـەر ڕای خـۆی گـۆڕی و گوتـی: نووسـەری ئـەو کتێبـە سـورەییا بەدرخانـە کـە دەکاتـە بـرا گـەورەی جـەلادەت بەدرخـان، ئەمەشـی لەسـەر بنەمـای ئـەو زانیارییانەوەیـە کـە لـە سـینەم بەدرخانـی کچـی جـەلادەت بەدرخانـی وەرگرتـووە و خۆشـی ئەمـەی بـۆم دووپاتکردووەتـەوە کـە لـە سـەرەتاکانی سـاڵی (٢٠١٢)دا لـە هەولێـر یەکترمـان بینـی. لـە پێشـەکیی چاپـی بەیروتـی سـاڵی ١٩٨٦ی ئـەم کتێبـەدا هاتـووە:".. لـە (کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیریی کـورد-کاوە-) زانـراوە و پـاش بەدواداچوونێکـی چـڕی بابەتەکـە، دەرکـەوت ئـەم نـاوە ناوێکـی خـوازراوی ڕەوانشـاد مامۆسـتا جـەلادەت بەدرخانـە کـە کاتـی خـۆی کتێبەکـەی دانـاوە و بـە هـەردوو زمانـی فەڕەنسـی و عەرەبـی بڵاویکردووەتـەوە، خوالێخۆشـبوو محەمـەد عەلـی عەونیـش یارمەتییـداوە ....". بـەڵام تـۆژەر و ڕۆژنامەنـووس دکتـۆر حوسـێن حەبـەش لـە تێـزی دکتۆراکەیـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ لـە مۆسـکۆ بەناونیشـانی (وثبـة الثقافـة الکوردیـة فـی مجلـة هـاوار) پێشکەشـی کـردووە، ئـەم نـاوەی لـە لیسـتی ئـەو سـیانزە نـاوە خوازرانـەدا نەهێنـاوە کـە جـەلادەت بەدرخـان نووسـینەکانی لـە گۆڤـاری (هـاوار) و (ڕوناهـی) دا پـێ بڵاودەکردنـەوە.

لە پێشەکیی چاپی دووەمی بەشی دووەمی (شەرەفنامە) کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەلایەن (دار الزمان) لە دیمەشق بڵاوکراوەتەوە و لە بەشی (محمد علي عوني- نشأته، حياته، أعماله) کە دوڕییە و عیسام محەمەد عەلی عەونی نووسیویانە دەڵێن:".... لە سییەکاندا کتێبی(القضية الكوردية، ماضي الكورد وحاضرهم) ی داناوە و بەناوی خوازراوی د.بلەچ شێرکۆ بڵاویکردووەتەوە، ئەمەشی بۆئەوە کردووە کە کۆشکی شاهانە شەرمەزار نەکات کە ئەوکات پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تورکیادا هەبووە ...".

لە یەکێک لە سەردانەکانی هەولێرمدا لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ بەتایبەت چاوم بە سینەم خان، کچی خوالێخۆشبوو جەلادەت بەدرخان کەوت و دەربارەی ئەم بابەتە پرسیارم لێیکرد، ئەو گوتی:"ئەوە سورەییا بەدرخانی مامی گەورەمە، ئەمەش کە هێشتا بچووک بووم دایک و باوکم پێیانگوتووم ..... لە ساڵی (١٩٧٨)یشدا مامم کامەران بەدرخان پێیگوتم سورەییا نووسەری ئەم کتێبەیە ....", کە پرسیاری هۆکاری ئەوەم لێیکرد بۆچی کتێبەکەی لە ساڵی ١٩٣٩ لە میسردا بڵاوکردووەتەوە؟ گوتی:"مامم لەو ساڵانەدا بە بەردەوام لەنێوان میسر و پاریسدا هاتوچۆی دەکرد ...". دانەیەک لە چاپی دووەمی کتێبەکەی بەدیاری پێبەخشیم کە لە ساڵی (٢٠١١) لە دەزگای ئاراس چاپکراوە، لەو دانەیەشدا پێشەکییەکی تێدایە نووسەری کتێبەکە دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا بە دوای ناوی ڕاستەقینەی دکتۆر بلەچ شێرکۆدا دەگەڕێت و دەڵێت:"دکتۆر بلەچ شێرکۆ ناوی خوازراوی سورەییا بەدرخانە کە لە ساڵی (١٩٣٠) کتێبی (القضية الكوردية: اسسها و اسبابها) بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە و ڕیزبەندی ژمارە (٦)ی بۆ کۆمەڵەی خوێیبوون لە قاهیرە پێدراوە، لە هەمان کاتدا دانەیەکی ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و ژمارە (٥)ی لە بڵاوکراوەکانی خوێیبوونی لە قاهیرە پێدراوە. لەو زانیارییانەش کە لە ئەرشیفی فەڕەنسی وەرمگرتوون و لەبەرئەوەی سورەییا لەو ماوەیەدا لە فەڕەنسا بووە و کتێبێکی تری لە ساڵی (١٩٣١) بە زمانی فەڕەنسی هەر بە ناوە خوازراوەکەی بلەچ شێرکۆ بە ناونیشانی (نداء كورد الجنوب إلى عصبة الأمم) نووسیوە. لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی لە فەرماندەیی گشتیی سوپای فەڕەنسا لە شام لە ٤ی ئایاری ١٩٣١ دەستمان کەوتووە ئاماژە بەوەکراوە؛ ئەم یاداشتنامەیە سورەییا بەدرخانە و بێگومان ئەوکات بەتەنیا هەر سورەییا بەدرخان

نوێنەری خوێیبوون بووە لە پاریس. ئەمەش هەموو ئەو گومانانە ڕەتدەکاتەوە کە ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٣١) لە فەڕەنسا بەناوی خوازراوی بلەچ شێرکۆ بلاوکراوەتەوە و لە دانانی سوورەییا بەدرخانە و هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێت کە بلەچ شێرکۆ، سوورەییا بەدرخانە نەک جەلادەت بەدرخان ... بەڵام پێدەچێت کتێبە عەرەبییە تەرجەمەکراوەکە کە بە ژمارە (٥)ی بلاوکراوەکانی خوێیبوون، ئەگەری زۆرە لەلایەن محەمەد عەلی عەونییەوە کرابێت ...". لێرەشدا پرسیارێک دێتەپێشەوە؛ ئاخۆ ئەو بەڵگەنامانە چین کە منداڵەکانی ڕەوانشاد محەمەد عەلی عەونی پشتیان پێبەستووە تا بگەنە ئەو قەناعەتە؟ ئاخۆ دانەیەک لە دەستنووسی کتێبەکەیان لەلایە؟

ماوە ئاماژە بەوەش بدەین، چاپی یەکەمی عەرەبییەکە هی ساڵی (١٩٣٠)یە کە دانەیەکم لەلای خۆم پاراستووە و لە چاپخانەی ئەلسەعادە لە تەنیشت پارێزگای میسر چاپکراوە و بەمدواییە بە دیاری دامە سینەم خان.

٥١.ناوی یەکەم: (ڕۆژ) بە شێوەزاری کرمانجیی باکووڕە و (هەتاو) بە شێوەزاری کرمانجیی باشووڕە، جەمال خەزنەدار لە ساڵی (١٩٨١) هەرسێ ژمارەکەی لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە و دووبارە چاپیکردوون و پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە داناوە.

٥٢.کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ ڕاگەیەنرا و تاکو ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ بەردەوام بوو، واتە تەنیا (٣٣٠) ڕۆژ و بە گەمەیەکی نێودەوڵەتی کۆمارەکە لەباربردرا کە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە یەکەمین کۆماری کوردی دادەنرێت. هەرچەندە کۆمارەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەنرا، بەڵام نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمارەکەدا ئامادەببوون و کۆمارەکە بووە قیبلەی کوردپەروەرانی هەموو کونجێکی جیهان، هەروەک هەرێمی کوردستان کە هەموو کورد چاویان لەو پارچەیەیە کە هەرێمەکەی تێدا دامەزراوە.

٥٣.لقی بۆکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان گۆڤارێکی سیاسی-ئەدەبی بەناوی (هەڵاڵە) دەرکرد. ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٤٦دا دەرچووە، بەڵام مێژووی ژمارە چوار و دوا ژمارەی دیار نییە، جەمال خەزنەدار دەڵێ حەسەن قزڵچی سەرپەرشتیی دەرکردنی گۆڤارەکەی دەکرد.

٥٤.هـاواری نیشـتمان: گۆڤارێکـی (یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان)ی کۆمەڵـەی قوتابیانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو لـە سـەردەمی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان و ژمـارە (یـەک)ی گۆڤارەکـە لـە ٢١ی ئـاداری ١٩٤٦ دەرچـووە.

٥٥.بـە سوپاسـەوە ئـەم زانیارییـەم لـە سیاسـەتمەداری کـورد کەریـم وەیسـی وەرگرتـووە کە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و یەکەمیـن سـکرتێری یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانی ئێـران بووە.

٥٦.ڕەنگـە دواتـر لـە هەندێـک شـوێندا وشـەی (پارتـی) بەکاربهێنیـن، ئەویـش کورتکـراوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە لـە هەریـەک لـە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بۆیـە پێویسـت بـوو ئـەم ڕوونکردنەوەیـە بنووسـم.

٥٧.هەتاکـو ڕۆژی مردنـی لـە ١٨ی ئایـاری ٢٠١٨ سـکرتێری ئەنجوومەنـی ناوەندیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو.

٥٨.دکتـۆر عیزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ پێیگوتـم، هەتاکو سـاڵی (١٩٥٧) لە هەموو سـووریادا تەنیـا یـەک زانکـۆ هەبـوو ئەویش لە دیمەشـق بوو، شـارەکانی دیکەی سـووریا زانکۆیان تێـدا نەبـوو، شـاری حەلـەب نەبێت کـە تەنیا کۆلێـژی ئەندازیاریی تێـدا بوو.

٥٩.پرۆفیسـۆر دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ تێیگەیانـدم، هـەردوو ڕەوانشـاد قـەدری جەمیـل پاشـا و عوسـمان سـەبری نێوانیـان خـۆش نەبـوو، بۆیـە کـە هەردووکیـان لـەم ئاهەنگـەدا بەشـداربوون و لـە نزیـک یەکیشـەوە دانیشـتبوون، ئامادەبووانـی ئاهەنگەکـە بەمـە زۆر خۆشـحاڵ بـوون، لـە وێنەکەشـدا دیـارن.

٦٠.لـە لاپـەڕە سـێی ژمـارە ١٠١١ی ڕۆژنامـەی (التآخـي)دا هاتووە:"کارەکانـی کۆنگـرەی حەوتەمـی قوتابیانـی کوردسـتان بەکۆتاهـات کـە لـە ٢٥ی مانگـی ئـاداردا بەسـترابوو ....."بـەڵام مـن نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـی نـاوداری کـورد فەرهـاد عەونیـم لـەوە ئاگادارکـردەوە و پێیگوتـم: ئـەم مێـژووەی لەسـەرەوە ئامـاژەی بۆکـراوە دروسـت نییـە و ڕاسـتەکەی هـەر ئەوەیـە کـە لـە کتێبەکـەی منـدا ئامـاژەی بۆکـراوە.

٦١.دکتـۆر نورەدیـن زازا لـە سـاڵی ١٩٨٢ توانـی کۆتایـی بـە نووسـینی یاداشـتنامەکەی بهێنێـت کـە بـە زمانـی فەڕەنسـی بەناونیشـانی (Ma vie de Kurde) نووسـیبووی،

بـەڵام لـە سـاڵی (١٩٩٣) بۆیەکەمیـن جـار بڵاوکرایـەوە، هـەر کەسـێکیش دەیەوێـت دانەیـەک لـەم یاداشـتنامەیەی دەسـتبکەوێت بـا لـە هـەر کتێبخانەیەکـی ئەوڕوپـا ئـەم ژمارەیـە لێبـدات (ISBN ٢-٨٣٠٩-٠٧٢٣-x) دووجاریـش وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، یەکێکیـان لەلایـەن ڕونـی محەمـەد دەملـی بەناونیشـانی (حیـاتي الکوردیـة أو صرخـة الشـعب الکوردي)یـە و لـە سـاڵی ٢٠٠١ دەزگای ئـاراس چـاپ و بڵاویکردووەتـەوە، خـەسرەو بۆتانیـش بـۆ جـاری دووەم وەریگێـڕاوە و ناونیشـانی (حیـاتي ککـوردي) داوەتـێ، ئەویشـیان لـە سـاڵی ٢٠٠٨ هـەر دەزگای ئـاراس چـاپ و بڵاویکردووەتـەوە. گیلبـەرت ڤاڤـر زازا هاوسـەری دکتـۆر زازا کـە ڕۆژنامەنووسـێکی سـویسرایە، پێشـەکییەکی دورودرێـژ و بەپێـزی بـۆ ئـەم وەرگێڕانـە نووسـیوە. هەروەهـا جارێکـی دیکـەش وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی بـە بەپیتـی لاتینـی و جارێکـی تریـش لـە ئەسـتەنبوڵ وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی تورکـی.

٦٢.لـە لاپـەڕە ٩ی بەشـە کوردییەکـەی دوو ژمـارەی (٣-٤)ی لێکـدراوی مانگـی ئەیلـوول و تشرینـی یەکەمـی ١٩٤٩ی بڵاوکـراوەی"Dengê Kurdistan"کـە زمانحاڵـی کۆمەڵەکـە بـوو، ئەمـە بڵاوکراوەتەوە:"لـە ١٠ی مانگـی ڕابـردوودا کۆمەڵەکەمـان شـتی گرنـگ و بەهـاداری ئەنجامـداوە، نزیکـەی ٢٥ لاوی کـوردی هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان لـە فەڕەنسـا، ئینگلتـەرا، سـویسرا، چیکۆسـلۆڤاکیا، نەمسـا و شـوێنانی تـر، خەباتـی بێوچـان و قوربانیـی بێوێنەیـان لەپێنـاو ئامانجەکانـی کۆمەڵەکـەدا داوە". واتـە ئـەوکات بـە هەمـوو وڵاتانـی ئەوڕوپـا تەنیـا ٢٥ قوتابییـان تێدابـووە، هەڵبـەت ئـەم ژمارەیـە بەبـێ قوتابیانـی کـوردی یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو بـووە و هەوڵـی زۆرمـان داوە، جگـە لـە نـاوی دامەزرێنەرانـی کۆمەڵەکـە، نـاوی هەمـوو ئـەو خوێندکارانـە بزانیـن، بـەڵام تەنیـا ئـەم ناوانەمـان لـە ئەڵمانیـا دەسـتکەوت: دکتـۆر کامـەران بەدرخـان، تاریـق زەییـا ئاکنجـی، ڕەمـزی بوجـاق و ئەنجـوم یامولکـی لـە باکـووری کوردسـتان و وریـا ڕوانـدزی، عومـەر ڕەمـزی، نەجمەدیـن حوسـێنی و مۆلانـی زادە ڕەفعـەت لـە باشـووری کوردسـتان. بێجگـە لـەم ناوانـە: جـواد کافـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، عەبدوڵـلا جـەودەت، هەفـت برایـان، نـووری تاریـق، جانـب یلـدرم کـە هیچیـان لەبـارەوە نازانـم کـە بیسـەڵێنێ ئـەوکات ئەمانیـش لـە ئەوڕوپـا بوونـە یـان نـا، ئاخـۆ ئەندامـی کۆمەڵەکـەش بوونـە یـان نـا!.

٦٣.بەداخـەوە دکتـۆر نورەدیـن زازا لـە یاداشـتنامەکەیدا نـاوی شـاندی کۆمەڵەکـەی نەبـردووە و کاتێـک لـە ڕەوانشـاد دکتـۆر عیسـمەت شـەریف وانلیـم پرسـی، ئاخـۆ لەگـەڵ زازادا چووەتـە فبسـتیڤاڵەکە کەمێـک دامـا و نیشـانەکانی ناڕازیبـوون بـە ڕووخسـاریدا دیاربـوو گوتـی:"زازا کـەی ڕازی دەبـوو بـۆ ئـەو شـۆینانە کەسـێکی دیکـە لەگـەڵ خۆیـدا ببات؟"بـەڵام مـن لـە سـەرچاوەی دیکـە نـاوی ئەندامانـی شـاندەکەم وەرگـرت کـە نـاوی دکتـۆر عیسـمەت شـەریف وانلیشـی تێدابـووە. ئەمـە و لـە ژمـارە (٣- ٤)ی لێکـدراوی بڵاوکـراوەی"Dengê Kurdistan"دا هاتـووە کـە:"... کۆمەڵەکەمـان پێنـج ئەندامـی ناردووەتـە فیسـتیڤاڵەکە ...."واتـە پێنـج کـەس بوونـە نـەک چـوار!.

٦٤.لـە ١٥ی تەمـووزی ٢٠٠٩ عەبدولحەمیـد دەرۆێـش، سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی پێشـکەوتنخوازی کـوردی لـە سـووریا، هۆڵێکی لـە ماڵەکەی خۆیـدا لە قامیشـلی کردەوە و ناوەڕاسـتا (هۆڵـی نورەدیـن زازا) و بـەو بۆنەیـەوە گوتەیەکـی لەبـەردەم کۆمەڵێـک نووسـەران و ڕۆشـنبیران و سیاسـەتوانداندا خوێنـدەوە – یەکێـک لـە شـێخەکانی هۆزێکی عەرەبیـش ئامادەبـوو- تیایـدا گوتـی:".... لـە سـاڵی ١٩٥٥ کاتێـک کۆنگـرەی لاوانـی جیهانـی لـە سـویسرا بەسـترا، لاوانـی کـورد نوێنەریـان لـە کۆنگرەکـەدا هەبـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی نوێنـەری عەرەبیـان لەگەڵـدا نەبـوو، جلێکـی عەرەبیـی پۆشـیبوو و بەتەنیـا لەنێـو لاوانـی جیهانـدا هاتوچـۆی دەکـرد وەک نوێنەرێکی عـەرەب ...". بـەڵام دکتۆر زازا لـە یاداشـتنامەکەیدا دەنووسـێت:"... سـاڵێک پێـش هەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵەکەمـان، داوەتنامەیەکـی بەشـداربوون لـە فیسـتیڤاڵ و کۆنگرەیەکـی لاوانـی دیموکراتـی جیهانیم قبووڵکـرد کـە لـە بۆدابسـت بەسـترا. وامدانابـوو دەرفەتـم بۆبلـوێ بـۆ ناسـاندنی گەلـی کـورد و پەیداکردنـی هاوسـۆزی و خۆشەویسـتی بـۆ گەلەکـەم. بـەڵام نوێنەرانـی شـاندەکان و حزبـی شـیوعیی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە ئەنقەسـت دەیانویسـت ئێمـە پەراوێزبخرێیـن و دووربکەوینـەوە لـەم جـۆرە گردبوونەوانـە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا توانیـم ئیـرادەی کـورد بسـەپێنم و لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکمـدا پۆزمـان بـە جلـە کوردییەکانـی بەرمان لێدەدا، سـەرنجی وێنەگرانمان ڕاکێشـابوو. بەشـداریکردنەکەمان تەنیا نمایشکردنی جلـی فۆلکلۆریـی کـوردی نەبـوو، لـە ڕۆژی دژە کۆلۆنیالیـزم و لەبـەردەم پێنـج هـەزار کەسـدا هۆنراوەیەکـم خوێنـدەوە کـە لەسـەر ڕابـەری کـورد مسـتەفا بارزانی نووسـیبووم و هـەر لـە ڕۆژی دواتـر لـە ڕۆژنامەکانـی هەنگاریـادا بڵاوکرانـەوە ... شـەڕە قسـەیەکی

توند لەنێوان ئێمە و ئەواندا ڕوویدا و ئەوکات ڕێکخستنەکانی چەپخوازان منیان بە کەسێکی بەکرێگیراو و گێرەشێوێن لەقەڵەمدا، دواتر بە پشتیوانیی چەپخوازەکانی ئەمەریکای لاتین توانیم لە کۆنگرەکەدا بەشدار بم، نوێنەری حزبی شیوعیی سووریا دەیویست ڕێگریم لێبکات ڕاپۆرتەکەم بخوێنمەوە، بەڵام من هەر سووربووم لەسەر خوێندنەوەی، هەرچەندە ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژایەتیی دەکردین، بۆیە ناچارکراین بە ناوی کوردەوە گوزارشت لەخۆم بکەم ... دوای چەند ڕۆژێک لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا کە بارەگای ئەنجوومەنی یەکێتیی نیودەوڵەتیی قوتابیانی لێبوو و منیش پێش نوێنەرانی سووریا و ئێرانی و عێراقییەکان و ئەوانی تر گەیشتم، توانیم کارێک بکەم کە ببمە نوێنەری کوردستان ...".

هاوسەری دکتۆر زازا گیلبەرت ڤافەر زازا لەکاتی خۆیدا وەڵامیداوەتەوە و گوتوویەتی:"... ئەو چیرۆکەی بەڕێز حەمید دەڕوێش دەیگێڕێتەوە دووڕە لە ڕاستی و هەڵبەستراوی خۆیەتی و هیچ بنەمایەکی نییە. بەداخەوە سکرتێری حزبێکی کوردی بۆ چەند دەستکەوتێکی حزبی، سوکایەتی بە کەسایەتییەکی کوردی خەباتگێڕی وەکو دکتۆر نورەدین زازا بکات و چیرۆک و ڕۆمانی هەڵبەستراوی بخاتەپاڵ". کەسانی دیکەش قسەی خۆیان سەبارەت بەم بابەتە کردووە و دانەری ئەم تۆژینەوەیەش یەکێک بووە لەو کەسانەی کە سەریان سوڕماوە و دەپرسن: چ شتێک وای لە دەڕوێش کردووە هەوڵی گۆڕینی ڕووداو و ڕاستییەکان بدات؟!.

٦٥.لە چەند یەڵگەنامەیەکی تردا هاتووە؛ ئەو هۆنراوەیەی دکتۆر زازا لە فیستیڤاڵەکەدا خوێندوویەتییەوە هی شاعیری کۆچکردوو قەدری جان بووە نەک هی خۆی. کە بانگەشەی بۆدەکات!.

٦٦.جارێکیان کە سەردانی دکتۆر ئەحمەد زمچیم کرد پێیگوتم: کاتێک قوتابیی پۆلی حەوتەم یان هەشتەم بووم لە حەلەب، لە ساڵی (١٩٤٦ – ١٩٤٧) گەڕامەوە لای کەسوکارم لە عەفرین. هەردوو پارێزەر عەدنان قەرەچۆلی و شێخ عوسمان محەمەد عوسمان نووسراوێکیان نووسی و من بیبەم تاکو ئاغا و موختار و پیاوماقوولانی ناوچەکە ئیمزای تێدا کۆبکەنەوە و لەڕێی قایمقامی ناوچەکە بیدەنە والیی حەلەب، بۆئەوەی قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە ناوچەی عەفرین بکەنەوە،

بۆئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە منداڵەکانیان بنێرنە ئەو قوتابخانەیە و چیدی بۆ خوێندن نەچنە شاری حەلەب، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە تێچووی هاتوچۆ و خوێندنی منداڵەکانیان لە حەلەب پێنادرێت.

خوالێخۆشبوو ئەحمەد خەلیل ئاغا خەڵکی گوندی (مەعمەلا- Me,mila) کە ئەوکات ئاغایەکی ناودار بوو و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ گەنجۆی مامیدا هەبوو، هەرکاتێکیش ئەحمەد خەلیل ئاغا سەردانی عەفرینی بکردایە، سەری لە مامی دەدا. جارێکیان بەڕێککەوت ئەحمەد زمچی بە یاوەریی هاوڕێیەکی، سەردانی ماڵی گەنجۆی مامی دەکات، ئەحمەد خەلیل ئاغا لەوێ دەبینێ و داوای لێدەکات ئەویش ئیمزای خۆی لەسەر داواکارییەکە بکات، لەبەرئەوەی ئەحمەد خەلیل ئاغا خوێندەواریی نەبوو، داوای لەیەکێک لە یاوەرانی خۆی کرد دەقی نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە، کە لە ناوەڕۆکی نووسراوەکە تێگەیشت، بزەیەکی بۆکرد و بە ئەحمەد زمچی گوت:"... تۆ دەتەوێ ڕێوی بحەوێنینەوە تا مریشکەکانمان بخوات؟! کەواتە من ئیمزای ناکەم". لەوکاتەدا زمچی گاڵتەی پێدەکات و بە هاوڕێکەی دەڵێت: با بڕۆین تخوا ئەمە مرۆڤە؟ ئاغا دەڵێ: چیت گوت؟ کە زانیی چیی پێگوتووە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: (ئاخ خۆزگە کوڕی گەنجۆی برام نەدەبووی، ئەگینا ....). ئەمە بەسەرهاتێکی خۆشی ناوچەی (Çiyayê Kurmênc – عەفرین)ە. ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەم بەسەرهاتە کە بەسەر زمچیدا هاتووە: دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە پێیگوتم: ئەوکاتەی باوکم لەگەڵ خوشکێکمدا لە گوندەکەی خۆمان بۆ خوێندن ناردمانی بۆ شاری قامیشلی لە ساڵی (١٩٤٦)، مەلا و شێخەکانی گوندەکەی خۆمان و گوندەکانی دەوروبەرمان چاویان چووە پشت سەریان و شێت و هار بوون، بە باوکیان دەگوت: چۆن منداڵەکانت دەنێریتە بەر خوێندن بەتایبەتی کچەکەت، ئەو کارەی تۆ دەیکەیت گوناهبار دەبیت و پێی دەچیتە دۆزەخ و پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، منداڵەکانت بە سەری کۆتی دەچنە دەرەوە و کوڕەکانت بە پێوە میز دەکەن، ئەمە لە چ شوێنێکدا کراوە؟! باوکیشی لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوە پەیوەندیی بە ئێوەوە نییە، ئەم سەردەمەی ئێمە سەردەمی زانست و وەرگرتنی زانیارییە.

لەچوارچێوەی ئەم دوو نموونەیەشەوە دەپرسین: ئاخۆ دەبێ چەندین شێخ و ئاغاکانی ڕۆژئاوای کوردستان دژایەتیی زانست و زانیارییان کردبێت و ئەوان دەیانزانی چوونی خوێندکاران بۆ قوتابخانە و فێربوونیان دەبێتە بەڵای سەری دەسەڵات و هێزیان بەسەر هەژاندا. چونکە ئەوان تەنیا سەرقاڵی بەرژەوەندیی تاکە کەسیی خۆیانن و دەیانەوێت منداڵانی گەلەکەیان هەر بە نەزانی و دواکەوتوویی بمێننەوە و ژێردەستە و چەوساوەبن.

دەڵێن یەکەمین ئامادەیی و دواناوەندیی فەرمی لە ساڵی (١٩٥٨) لە شاری عەفرینداکراوەتەوە، هەروەک دکتۆر محەمەد عەبدۆ عەلیش لە کتێبی (جبل الکورد)دا باسی دەکات. دکتۆر حوسێن حەبەش بۆی نووسیبووم و دەڵێت:"تا ئێستا قسەکانی عەبدولڕەزاق جەعلول، بەڕێوەبەری دواناوەندییەکەم لەیادە کە جارێکیان پێیگوتم: من بووم هەوڵی کردنەوەی دواناوەندیی عەفرینم دا."بەڵام دکتۆر حەبەش لە ساڵی کردنەوەی ئەم دواناوەندییە دڵنیا نییە، حەیدەر عومەریش بۆی گێڕامەوە کە لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٣-١٩٦٤) پۆلی (حەوتەم) یەکەمی ئامادەیی بووم و ئەوکات کچێکیش قوتابیی قۆناغی سێی دواناوەندی بوو، واتە ئەم دواناوەندییە لە ساڵی (١٩٥٨)دا کراوەتەوە، ڕەنگە پێش ئەو ساڵەش بووبێت. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری کۆچکردووی کورد ڕەشید حەمۆ، یەکەمین ئامادەیی تایبەتی لە گوندی)خیلالکا - Xilalka) لە ناوچەی عەفرین لە ساڵی (١٩٥١) کردووەتەوە -بەگوتەی نووسەر بیلال حەسەن- کە یەکێک بووە لەو شەش قوتابیەی ئامادەییەکە، پاشان حکومەت دەستی بەسەر قوتابخانەکەدا گرتووە و بەبیانووی ئەوەی ڕەشید حەمۆ کادیرانی شیوعی لەم ئامادەییەدا پێدەگەیەنێت. هەروەها ڕەشید حەمۆ چەندین قوتابخانەی لە گوندەکانی ناوچەی عەفرین بۆ فێرکردنی ڕۆڵەکانی ناوچەکە کردووەتەوە.

٦٧.بەشێکی زۆری ڕۆشنبیر و ئەدیبانی کورد وای بۆدەچن ڕەوانشاد قەدری جان لەڕووی بیروباوەڕەوە شیوعی بووبێت و ئەندامێکی حزبی شیوعیی سووریایی بووە. کە سەڵاح بەدرەدینیشم بینی پێیگوتم:"قەدری جان ئەندامێکی شاندی قوتابیانی حزبی شیوعیی سووریا بوو کە لە ساڵی ١٩٥٥دا بەشداریی لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان کرد لە مۆسکۆ، لەوێش لەڕێی قەناتی کوردۆوە

چـاوی بـە بارزانـی کـەوت و چەنـد هۆنراوەیەکـی بۆخۆینـدەوە، کۆتایـی هەمـوو دێڕێکـی یەکێـک لـە هۆنـراوەکان (مۆسـکۆ قیبلەمانـە)ی تێـدا دووبارەکرابـووەوە، بارزانـی سەرزەنشـتی کردبـوو و لێپرسـیبوو بۆچـی ئەوەنـدە جەخـت لەسـەر (مۆسـکۆ قیبلەمـان) دەکەیتـەوە. بۆچـی جارێـک نااڵێـی: قیبلەمـان هەولێـرە، یـان ئامـەدە، جارێکیـش نااڵێـی مەهابـادە، جارێکـی دیکـەش بڵێـی قامیشـلۆیە؟".

جـا ئەگـەر وابێـت، دەبـێ بۆچـی ئـەو نامەیـەی بـۆ دکتـۆر نورەدیـن زازا ناردبێـت و تێیـدا هۆشـداریی دەدات لـە باڵادەسـتبوونی شـیوعییەکان لـە کۆمەڵەکـەدا؟: .... ئاگادارێـە، ئاگادارێـە لـەوەی کاڵاوسـوورەکان (Sorên teres) دەسـت بەسـەر کۆمەڵەکـەدا نەگرن؟ پاش گەڕانـەوەی لـە باشـووری کوردسـتان، هۆنراوەیەکـی بـۆ ستایشـکردنی بارزانـی نووسـیبوو؟ سـەاڵح بەدرەدیـن دەڵێ:"... ئەم هۆنراوەیەی پێشـکەش بارزانی کردبوو، داوای لێبوردنیشـی لێدەکـرد لـە بەرانبـەر ئـەو هۆنراوەیـەی کـە کۆتایـی دێڕەکانـی (مۆسـکۆ قیبلەمـان) بوو".

٦٨.لـە ١٨ی تەمـووزی سـاڵی ٢٠١٠دا هاوسـەری دکتـۆر زازا لـە ماڵی بەهزاد دیـاب لە لۆزان پێیگوتـم:"... چەنـد سـاڵێک پێـش مردنـی دکتـۆر زازا، حەسـەن دێرکـی هاتـە ماڵەکەمـان لـە سـوێسرا و لـە ماڵـمان نووسـت، دانـی بـە هەمـوو فێـڵ و فەرەجەکانیـدا نـا کـە چـۆن دەسـتی بەسـەر کۆگانـی دەرمـان و مووڵـک و ماڵەکەیـدا گرتـووە -تـا ئەوکاتیـش مـن هیچـم لەبـارەی ئـەو ڕووداوە نەزانیبـوو- بەڵێنـی بـە زازا دا پـاش گەڕانـەوەی بـۆ دیمەشـق، تـەواوی سـەروەت و ماڵەکـەی بـۆ بگەڕێنێتـەوە. زازا هەڵنەچـوو و هیچـی لە ئەتەکێتـی میوانـداری کەمنەکـردەوە، بەڵکـو زۆر بـە هێمنـی و بـە لوتفـەوە پێیگـوت: ئەگـەر خـۆت دان بـەوەدا دەنێیـت کـە دەسـتت بەسـەر مووڵـک و ماڵـی منـدا گرتـووە و دەتـەوێ بۆمیـان بگەڕێنیتـەوە، ئـەوە پەیوەندیـی بـە خۆتـەوە هەیـە ..."بـەڵام کـە گەڕایـەوە دیمەشـق بەڵێنەکانـی خـۆی بەجێنەگەیانـد.

٦٩.لـە یەکێـک لـە دیدارەکانـم لەگـەڵ دکتـۆر زمچیـدا، پێیگوتم:"هەمـوو مـن بـە شـیوعی تۆمەتبـار دەکـەن، بـەڵام مـن بـۆ تاکـە ڕۆژێکیـش خەباتـم لـە هیـچ حزبێکـی کۆمۆنیسـتدا نەکـردووە. مـن ئەمڕۆشـی لەگەڵـدا بێـت بـڕوام بـە بنەماکانـی مارکسـیزم-لینینیزمـە". ئەگـەر ئـەوەی ئـەو دەیڵێـت ڕاسـت بێـت، ئـەدی بۆچـی دەچێتـە ژێـر بـاری جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی خالیـد بەکتـاش بـۆ دەسـتھەڵگرتن لـە سـەرۆکایەتیی

کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ساڵی ١٩٥٦ و سەرۆکایەتیکردنی"یەکێتیی قوتابیانی وڵاتانی عەرەبی"کە بارەگاکەی لە شاری میونخ بوو لە ئەڵمانیا لە هەمان ساڵدا. هەرچەند لەگەڵ دکتۆر زمچیدا بچیتە قوڵایی گفتوگۆکرد، بەتایبەتی سەبارەت بە دۆزی گەلی کورد، ئەوەمان بۆ ڕوونەبێتەوە کە ئەو بە هیچ جۆرێک بایەخ بە کێشەی گەلەکەی خۆی نادات و بگرە دەستەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە کۆنەپەرست و توندڕەو و زێدەڕۆییکردن لە بۆچوونە ناسیونالیستییەکاندا تۆمەتبار دەکات، ئەمە و بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی لەسەر بەرنامە و بڵاوکراوەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەبێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا، چەند جارێک لەبەردەم منداا دووبارەی کردووەتەوە و گوتوویەتی:"من هیچ شانازییەک بە کوردبوونی خۆم ناکەم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نکۆڵی لێناکەم ...".

لە دیمانەیەکیشدا کە لە ساڵی (٢٠١٠) بەیەکەوە سازماندا، کاتێک سەرقاڵی بەشی یەکەمی تۆژینەوەکەم بووم - دەقی دیمانەکەشم لەسەر کاسێتێک تۆمارکردووە و لە نووسینگەکەی خۆمدا پاراستوومە -بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە گوایە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕێککەوتووە پاش مردنیان، خانووەکەیان ببەخشنە پەیمانگەی کوردی لە پاریس، بەڵگەنامەی بەخشینەکەش بە دوو کۆپی نووسراوە، دانەیەکیان لەلای خۆیەتی و دانەیەکیش لەلای دکتۆر کەندال نەزان، سەرۆکی پەیمانگەکەیە.

دکتۆر زمچی لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد و من لە ١١ی حوزەیران یەکێک بووم لە بەشداربووانی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی و لە گوتەیەکمدا ستایشی ئەم هەڵوێستەی دکتۆر زمچیم کرد، دواتر کە هەواڵەکە لە ڕووپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوبووەوە. پاشان سەرسوڕمانی خۆم گەیاندە دکتۆر کەندال نەزان کە بۆچی بەشداریی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی زمچی نەکردووە، وەڵامیداوەتەوە و گوتوویەتی: من دکتۆر زمچی ناناسم، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هیچ بەڵگەنامەیەکی لەمجۆرەی لەلا نییە و بەم هەواڵە نازانم. هەوڵیشی داوە پەیوەندی بە هاوسەرە ئەڵمانییەکەی بکات و بچێتە لای و سەرەخۆشیی لێبکات، بەڵام ئەو بە بیانووی خراپیی باری تەندروستیی داوای لێبوردنی لێکردووە.

کاتێک بەدواداچوونم بۆ پرسی بەخشینی خانووەکەی دکتۆر ئەحمەد زمچی و هاوسەرەکەی کرد بۆ پەیمانگەی کوردی لە پاریس، بۆم دەرکەوت پێش مردنی بەڵگەنامەیەکی دیکەی ئیمزا کردووە و هاوسەرەکەی تێدا سەرپشک کردووە لە مامەڵەکردن بە خانووەکەوە. هەروەها ئەوەشم بۆدەرکەوت کە هاوسەرەکەی بەنیازە خانووەکەی ببەخشێتە یەکێک لە خزمانی خۆی، ئینجا نازانین نهێنیی ئەم بانگەشەیەی دکتۆر زمچی چی بووە؟

٧٠.دەقی بانگەوازەکە لە بەشی بەڵگەنامەکانی بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا بە بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥) دەبینن.

٧١.لە لاپەڕە (یەک)ی ئەم ژمارەیەدا ناوی ڕەوانشاد سەڵاح سەعدوڵڵا بە سکرتێر دەبینرێت نەک زاهیر حوسێن! پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە تەنیا یەک ژمارەی ئەم گۆڤارە بە زمانی عەرەبی دەرکراوە و هیچ ژمارەیەکی بە زمانی کوردی دەرنەچووە، بەڵام نوسخە ئینگلیزییەکە هەر بەردەوام بوو لە بڵاوبوونەوە. لەپاش سەڵاح سەعدوڵڵا، تەحسن هەورامی بووە سەرنووسەری گۆڤارەکە و دواتر سەعدی دزەیی، ئینجا عومەر شێخموس و کەسانی تر لە ژمارەکانی دیکەدا.

٧٢.لە چەند گوتارێکی کۆنگرەکەدا ڕوونکراوەتەوە کە ژمارەی ئامادەبووان لە کۆنگرەکەدا (١٧) قوتابی بووە. هەشە ژمارەیان بە زیارت دەخەملێنێ، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەو ژمارەیەی لە نووسینەکەی سەعدی دزەیی ئاماژەی پێکراوە و لە گۆڤاری (Kurdistan)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕاستترە چونکە خۆی یەکێک بووە لە بەشداربووانی کۆنگرەکە و بە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکە هەژمار دەکرێت. دکتۆر عیسمەت شەریف وانلیش لەو گوتەیەی لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەدا خوێندوویەتیەوە ئاماژەی بەوە داوە کە ژمارەیەکی بەرچاوی نوێنەرانی کۆمەڵەکە لەبەر توانای داراییان نەیانتوانیوە لە کۆنگرەکەدا بەشدار بن.

٧٣.پارتی دیموکراتی کوردستان–سووریا) شێخ محەمەد عیسا، ئەندامی لێژنەی ناوەندیی حزبەکەی ناردووەتە باشووری کوردستان بۆ بینینی ژمارەیەک سەرکردەی پارتی، بەتایبەتی مستەفا بارزانی، ئامانج لەو سەردانەشدا پیرۆزباییکردن بووە لە گەڕانەوەی بارزانی و هاوەڵانی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ نیشتمان، هەروەها ئامانج پتەوکردنی پەیوەندییەکان بووە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان.

٧٤.لـە دەستپێشـخەرییەکی سـەرۆکی میـسر جەمـال عەبدولنـاسر لـە نیسـانی سـاڵی ١٩٥٧دا ئێستگەیەکی کـوردی لـە قاهیـرە دامـەزراوە و بەرنامەکانـی بـە زمانـی کـوردی پەخشـکردووە، هەروەهـا داواشـی لـە عەبدولکەریـم قاسـم کـردووە ببێتـە هاوبەشـی کـوردی عێـراق نـەک ڕکابەریـان، کـە یەکەمیـن بەرنامـەی ڕادیۆکـە پەخشـکرا، باڵیۆزخانـەی تورکیـا لـە قاهیـرە ناڕەزایـی خـۆی دەربـڕی و داوای داخسـتنی ڕادیۆکـەی کـرد. کاتێـک بارزانـی لەڕێـی گەڕانـەوەی لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت بـۆ عێـراق چـاوی بـە عەبدولنـاسر دەکەوێـت، عەبدولنـاسر درێـژەی داواکارییەکـەی باڵیۆزخانـەی تورکیایـان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە بـەم شـێوەیەیە: پـاش چەنـد ڕۆژێـک لـە پەخشـکردنی بەرنامەکانی ڕادیـۆی کـوردی لـە قاهیـرە و کاتێـک جـەلال تاڵەبانـی میوانـم دەبێـت، باڵیـۆزی تورکیـا بەبـێ ئـەوەی بزانێـت تاڵەبانـی میوانمـە، داوای بینینـی منـی کـرد، ڕێگـەم پێیـدا بێتـە ژوورەوە کـە هاتـە ژوورەوە تووڕەبـوون و گرژییەکـی پێوەدیـار بـوو و پێیگوتـم: تورکیـا بـەو هەڵوێسـتە دوژمنکارییـەی ئێـوە لـە ئاسـت ئێمـەدا قایـل نییـە و دەرهاویشـتە مەترسـیدارەکانی کاریگەریـی دەبێـت لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیـا و میـسر، .... بۆچـی دژایەتـی دەوڵەتمـان دەکـەن؟ ئینجـا وەڵاممدایـەوە: ئێمـە دژایەتیـی کـەس ناکەیـن. باڵیـۆز دووبـارەی کـردەوە: بۆچـی ڕادیۆیەکتـان بـە زمانـی کـوردی کردووەتەوە لـە قاهیـرە؟ پێمگـوت: بەڕێـز جەنابـی باڵیـۆز، هیـوادارم حکومەتـی تورکیـا بزانێـت کـە ئـەم ڕادیۆیـە دژی تورکیـا دانەمـەزراوە، چونکـە ئێـوە نکۆڵـی لـە هەبوونـی کـورد دەکـەن لـە وڵاتەکـەی خۆتـان، چ پێویسـت دەکات ئێـوە ئاوا خۆتـان سـەغڵەت کردووە؟ ئێمـە کوردمـان لـە عێـراق و سووریاشـدا هەیـە، بۆیـە ئـەم ڕادیۆیەمـان بـۆ کـوردی ئـەوێ کردووەتـەوە، نـە بـۆ کـوردی ئێـوە ... لـە کۆتاییشـدا باڵیـۆزی تورکیـا بەنـاوی حکومەتـی تورکیـاوە داوای داخسـتنی ڕادیۆکـەی کـرد. وەڵاممدایـەوە: ئێمـە دەوڵەتێکی سـەربەخۆین و کـەس بـۆی نییـە مەرجەکانـی خۆیـمان بەسـەردا بسـەپێنێت.

ئـەم ڕادیـۆ کوردییـەی قاهیـرە گۆرانیـی کـوردی و عێراقیـی پەخـش دەکـرد، یەکێـک لـەو گۆرانیانـە، گۆرانییەکـەی گۆرانییێـژ ئەحمـەد خەلیـل بـوو کـە دەیگوت:"هـەر بـژی، هـەر بـژی، کـورد و عـەرەب ڕەمزولنیـزال". لەڕاسـتیدا کردنـەوەی ئـەم ڕادیۆیـە لەپـای ئـەو پشـتگیرییەی کـوردی باشـووری کوردسـتانەوە دێـت کـە هاوشـانی گەلانـی دیکـەی عێـراق پشـتگیریی میسریـان کـرد لـە دوژمنکارییـە سـێقۆڵییەکەی سـاڵی (١٩٥٦)دا و

زمانحاڵی خەباتگێڕانی کورد بوو، لەنێو ئەو کەسانەی لەم ڕادیۆیەدا کاریانکردووە، فوئاد مەعسووم بوو کە ئەوکات تازە هاتبووە میسر بۆ خوێندن. (لەوێ لە ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی ئیسلامی لە زانکۆی ئەزهەر بەدەستهێنا. لە ٢٤ی تەمووزی ٢٠١٤دا بە سەرکۆماری عێراق هەڵبژێردرا)، عومەر وەجدی، عەبدولوهاب محەمەد لە عامووەد، ڕەوانشاد زانا و ئەدیب عەدنان حەقی و چەند کەسێکی تر. ڕادیۆکە بەردەوام بوو هەتاکو ساڵی ١٩٦٣ کاتێک ڕێککەوتنامە سێقۆڵییەکەی نێوان عێراق - سووریا-میسر ئیمزاکرا، ڕادیۆکەش داخرا. بەڵام عومەر شێخموس لە لاپەڕە ٤٥ی یاداشتنامەکەیدا (جمرة تحت الرماد)دا دەڵێت: ڕادیۆکە لە ساڵی ١٩٦٩ داخرا، ئەوەش دەڵێ ئەمە یەکەمین جار نییە دەوڵەتی تورکیا ناڕەزایی لە ناوهێنانی (کوردستان) یان هەر چالاکییەکی کورد دەردەبڕێت، ئەگەر چالاکییەکە ڕۆشنبیریش بێت. لە ساڵی ١٩٣٦ ناڕەزایی خۆی لەلای فەڕەنسا دەربڕی لەسەر تیپێکی وەرزشیی لاوانی کورد لە دیمەشق کە سەر بە (یانەی کوردستان) بوون. هەمان هەڵوێستیشی بەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووش هەبوو کە لە ژێر ناوی (کوردستانی سوور) ئۆتۆنۆمییەکی بە کوردی ئەوێ بەخشیبوو و ڕێگەیان پێدرابوو ڕۆژنامەیەک بەناوی (RiyaTeze) بە کوردی دەربکەن.

٧٥.نەمانزانی نامەکە ئاماژە بە چ دۆسیەیەک دەدات! ئایا کۆمەڵەکە دۆسیەیەکی لەگەڵ نامەکەدا هاوپێچ کردووە؟ یاخود ئەو دۆسیەیە پێشتر لەلای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبووە سەبارەت بە دۆزی کورد؟ بەتایبەتی پێش چەند ساڵێک ڕەوانشاد بەناوی کۆمەڵەکەوە یاداشتنامەیەکی دوورودرێژی دەربارەی دۆخی گەلی کورد لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە.

٧٦.ئەم بەشەی نامەکە لەو گوتارە وەرگیراوە کە دکتۆر مەحموود عوسمان لە کۆنگرەی قاهیرە لە ساڵی ١٩٩٨دا خوێندوویەتییەوە کە تایبەت بوو بە دیاڵۆگی عەرەبی-کوردی و سەرجەم تێهەڵچوونەکانی کۆنگرەکەش لە کتێبێکدا بەناونیشانی (دیالۆگی عەرەبی-کوردی -بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی قاهیرە- ئایاری ١٩٩٨) لە کتێبخانەی مەدبولی لە قاهیرە چاپکراوە. کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد عەدنان موفتی ئامادەی کردووە و پێشەکیی بۆنووسیوە.

٧٧.ڕەشید عارف کە خەڵکی شاری کۆیەی باشووری کوردستان بوو، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو و نیشتەجێی شاری بەغدا بوو و ناوبەناویش سەردانی لەندەن و چەند شارێکی ئەوڕوپای دەکرد، هاوکاریی کۆمەڵەکە و تەواوی قوتابیانی کوردی لە ئەوڕوپا دەکرد. بە گوتەی عومەر شێخموس و چەند کەسێکی دیکە، هاوکاریی شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانیشی دەکرد لە عێراق

٧٨.پاش هەرەسهێنانی ئەڵمانیای هیتلەری، لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەڵمانیا بووە دوو بەش و لە ساڵی (١٩٤٩)دا کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ کە بە کورتکراوەی (BRD) دەناسرا و کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیش (DDR) دامەزرا. ئەوەی یەکەمیان یەکێک بوو لە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ و ئەوەی دووەمیان ئەندامی پەیمانی وارسۆ بوو، شاری بەرلینیش دووکەرت کرا و دیوارێکی بەرین لە ١٣ی ئابی ساڵی ١٩٦١ لەنێوان ئەو کەرتەدا بنیاتنرا. کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ئەو بەشەی بەرلینی کردە پایتەختی وڵات. بەڵام بەشی دووەمی شارەکە کە لە چوارچێوەی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ بوو و بەپێی ڕێککەوتنامەیەکی تایبەتی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوڕوپا، ئەوکات بەرلینی ڕۆژئاوا یەکەیەکی ئیداریی تایبەت بوو و لەنێوان ئەمەریکا و ئینگلیز و فەڕەنساییەکاندا بەشکرابوو و حکومەت و پەرلەمانی سەربەخۆی خۆی هەبوو. بۆمونە: هاوولاتیانی بەرلینی ڕۆژئاوا بۆ خزمەتی سەربازی نەدەچوونە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ و سوپای ئەڵمانیای فیدراڵیش مافی ئەوەی نەبوو لە بەرلینی ڕۆژئاوادا خزمەت بکات. ئەڵمانیای دیموکرات دانی بەو پاسپۆرتەدا نەدەنا کە بەرلینی ڕۆژئاوا دەریدەکرد.

بەپێی ئەم تایبەتمەندێتییەش، نیشتەجێبووانی بەشی ڕۆژئاوای بەرلین ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بەم ناسنامەیە دەیانتوانی سەردانی بەرلینی ڕۆژهەڵات، یان هەر وڵاتێکی سۆشیالیستی بکەن، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی نیشتەجێی شارەکانی ئەڵمانیای فیدراڵ بوون. لە کاتێکدا بێجگە لەم ناسنامەیە، لە وڵاتانی سۆشیالیستیدا دانیان بە هیچ ناسنامەیەکی دیکەی ئەڵمانیا نەدەنا.

ئەم دۆخە هەتاکو هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆشیالیستی و ڕووخاندنی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا هەر

بەردەوامبوو، واتە هەتاکو ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ و لەوساوە ئەم ڕۆژە کراوەتە پشووی فەرمی لە سەرتاسەری ئەڵمانیا.

٧٩.شایانی باسە، ئەمە دووەمین جارە ئیحسان نووری پاشا بەشداری لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکەدا بکات، بەڵام ئەمجارە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگەی پێنەدا بەشداری لە کۆنگرەکەی کۆمەڵەکە بکات، بە مەرجێک ڕێگەی پێدرا کە چەند ئەفسەرێکی ساڤاک یاوەری بن لە بەرلین و بزانن ناوەڕۆکی ئەو گوتەیەی ئەو لە کۆنگرەکەدا دەیخوێنێتە چییە و چاودێریی چالاکییەکانیان بکەن. پێمگوترا کە ئەو ئەفسەرەی یاوەری ئیحسان نووری پاشا بوو، زۆر بێدەنگ و هێمن بوو و لە نزیکەوە چاودێریی چالاکییەکانی ئەوی نەدەکرد، واتە بەشداریی لە کارەکانی کۆنگرەدا نەکرد.

٨٠.لە چەند بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵەکەدا هاتووە؛ کۆنگرەکە لە ٢٢- ٢٦ی تەموزدا بەستراوە، بەڵام ئەوەی سەرەوە بەڕاستتر دەزانم، چونکە لەگەڵ ئەو نامانەدا یەکدەگرێتەوە کە ئەندامانی لقەکانی کۆمەڵەکەی پێ ئاگادارکراوەتەوە کە کۆنگرەکە لە (٢١ – ٢٥ی ئاب)دا دەبەسترێت و نامەکان مێژووی ٢١ی تەموزی ئەو ساڵەی لێدراوە و لە ژمارە شەشی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە. سەعدی دزەییش بە سوپاسەوە ئەو مێژووە دووپاتەکاتەوە و دەڵێ:"... لەکاتی دروستکردنی دیواری بەرلیندا لە ١٣ی ئابی ١٩٦١ ئێمە لە مۆنستەر بووین".

٨١.دکتۆر سەلیم میلۆ پێیگوتم، نووری شاوێسیش بە نوێنەرایەتیی شۆڕشی کورد بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کردووە و گوتەیەکیشی خوێندووەتەوە. چەند ڕۆژێکیش پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە، لەگەڵ هەڤاڵانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کۆبووەتەوە و -منیش یەکێک بووم لە ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە- هێرشی کردە سەر مستەفا بارزانی و بە خێڵەکی و ستەمکار وەسفی کرد و پەنا دەبەنە بەر دەرکردنی بارزانی لە حزب و ..... تەنانەت دارا تۆفیق کە ئەوکات شیوعییەکی عێراقی بوو و بە نوێنەرایەتیی لاوانی دیموکراتی جیهان ئامادەی کۆنگرەکە بوو، حزبەکەی جێهێشت و هاتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ئەوەی لەپاش ئەم کۆنگرەیەدا چاوی بە ڕابەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی کەوت.

٨٢.حەمید دەرویش ئەم نامەیەی نووسیوە و بەناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا ناردوویەتی کە ئەوکات -بەپێی ئەوەی بە ئێمە گوتراوە- لە باشووری کوردستان بوو.

٨٣.پێشتر تاڵەبانی ئەندامێکی ئەو شاندە دانوستکارە کوردییە بوو کە بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق سەردانی بەغدایان کردبوو. حکومەتی عێراقیش پێش ئەوەی دانوستان لەگەڵ کورددا بکات، خواستەکانی شۆڕشی کوردی بۆ هەردوو حکومەتی سووریا و میسر ناردبوو، چونکە ئەوکات ئەو دوو حکومەتە لەگەڵ عێراق یەکەیەکی سیاسیی یەکگرتوویان پێکهێنابوو، بۆیە حکومەتی عێراق داوای مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی کرد تاکو وەڵامەکەی لە حکومەتی سووریا و میسر پێدەگاتەوە. بۆیە تاڵەبانی سەردانی میسری کرد و ویستی لەوێ ڕوونکردنەوە بداتە عەبدولناسر سەبارەت بە خواستەکانی کورد. لە ٢٥ی ئایار تاڵەبانی و عەبدولناسر یەکتریان بینی و تاڵەبانی هەستی دەکرد تێگەیشتنێکی زۆر لەلایەن گەورەترین سەرکردەی عەرەب بۆ خواستەکانی کورد هەیە. میدیای عەرەبی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشیان هاوسۆزییەکی گەورەیان بۆ پرسەکە دەربڕی، بەتایبەتی ئەوانەی میسر. چەند ڕۆژێک دوای دیدارەکە ویستی بگەڕێتەوە بەغدا، بەڵام ئەندامانی شاندە دانوستانکارەکە هێشتا لە بەغدا مابوون، نهێنییەکیان پێگەیاند کە حکومەتی عێراق بەنیازە هەر کە گەیشتەوە بەغدا دەستگیری بکەن، بۆیە هەر لە قاهیرەوە بەرەو ئەورووپا بەڕێکەوت و لەوێ بەشداریی لە کۆنگرەی کۆمەڵەکەدا کرد، هەر لە ئەورووپا زنجیرە دیدارێکی لەگەڵ دیپلۆماتکارانی ئەورووپا ئەنجامدا، مەحموود شاویش ئەوکات ببوو بە وەرگێڕی و لە دیدارەکاندا ئاسانکاریی بۆ دەکرد کەچی لە کتێبی (جلال طالباني-أحداث و مواقف)ی سالار ئەوسیدا هاتووە؛ ئەو (واتە جەلال تاڵەبانی):"سەرۆکایەتیی ئەو شاندە کوردییەی دەکرد لە وتووێژەکانی یەکگرتنە سێقۆڵییەکە لە قاهیرە و لەوێ چاوی بە سەرۆک جەمال عەبدولناسر کەوت ...".

٨٤.جەواهیری ئەوکات (سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن بوو لە گەلی عێراق) و نیشتەجێی شاری براگی چیکی بوو.

٨٥.دەگوترێت ساڵی ١٩٦٣ کە مام جەلال لە براگ بووە، ئەو کڵاوەی بە دیاری پێشکەش بە جەواهیری کردووە. هەتاکو ڕۆژی مردنیشی هەر لەسەریدەنا. بەڵام لە چەند سەرچاوەکدا هاتووە، بارزانی ئەو کڵاوەی بەدیاری داوەتێ. دوای لێکۆڵینەوە لە چەند کەسێکی تر بۆمان دەرکەوت کە مام جەلال و جەواهیری پەیوەندییەکی پتەویان لەنێواندا بوو و جەواهیری بە مام جەلالی دەگوت: ئەبو شەلال، بۆیە بە نیمچە دڵنیاییەکەوە دەڵێین: مام جەلال ئەو کڵاوەی بە دیاری داوەتێ و ڕەنگە (بە ئەگەرێکی لاوازەوە) بەناوی بارزانییەوە پێشکەشی کردبێت.

٨٦.هۆنراوەکە لە بەشی شەشەم، بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە (٥) بڵاوکراوەتەوە.

٨٧.هەروەک لە لاپەڕە (٦٤)ی کتێبی (کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەوڕوپا)ی عارف ڕوشدی عارفدا هاتووە.

٨٨.لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ڕوونمانکردووەتەوە کە بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشوەختەی نێوان (پارتی)ی ڕۆژئاوای کوردستان و (پارتی)ی باشووری کوردستان، ئەگەر هەر ئەندامێکی پارتیی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا هاتە ئەوڕوپا ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامێکی پارتیی باشووری کوردستان. بەپێی گوتەی مەحموود شاویش:"وەکو نەریتێک کۆنفرانسی لقی پارتی پێش بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەکە بەر لە ڕۆژێک دەبەسترا. بەڵام لەمسااڵدا و بەهۆی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی لقی پارتی لە ئەڵمانیای فیدراڵ، ئەندامان مکوورِبوون لەسەر بەشداربوونی بەرپرسی ئەوسای ڕێکخراوی پارتی لە ئەوڕوپا کە کەمال فوئاد بوو و تازە لە باشووری کوردستانەوە گەیشتبووە ئەوڕوپا، بۆیە کۆنفرانسی لقەکە لە ١٩ی ئادار سازدرا و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە ناکۆکییە ناوخۆییەکان کرا. لە گەرمەی گفتوگۆکاندا کەمال فوئاد گوتی: پێویستە دەستبەجێ دژایەتیی بارزانی بکەین، بەشێک لە ئامادەبووان هاوڕای ئەم بۆچوونە بوون و بەشێکی دیکەیان بیدەنگییان هەڵبژارد، بەڵام من لەسەر پارچە کاغەزێکدا زۆر بە هێمنی دەستلەکارکێشانەوەی خۆم نووسی: چۆن دەبێ دژایەتیی بارزانی بکەم، من لە دەیان سیمینار و کۆبوونەوەدا بارزانیم گەیاندووەتە لووتکە، ئەمڕۆش بێم و بە ناشرینترین شێوە تۆمەتباری بکەم؟! ئەدی کەس نییە بە من بڵێ ئەوکات یان

درۆت لەگەڵدا دەکردین یانیش ئێستا درۆ دەکەیت. من دژایەتیی بارزانی ناکەم و بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆم وا دەست لەکارکێشانەوەی خۆم لە پارتیدا ڕادەگەیەنم. پارچە کاغەزەکەم دایەدەست کەمال فوئاد. کە خوێندیەوە، گوتی: ئەوەی من ئێستا دەیڵێم بڕیاری سەرکردایەتیی حزبە و بڕیاری خۆم نییە. پێمگوت: ناتوانم ئەم کارە بکەم، ویستی هێورم بکاتەوە و دەست لەکارکێشانەوەکەم بکێشمەوە، ئەمە هەموو ڕوودواوەکە بوو".

٨٩.لە گوتەکانی عیسمەت شەریف وانلییەوە ڕوونەبێتەوە کاتێک بە مەبەستی نێوەندگیری، دەچێتە لای بارزانی، بەتەنیا بووە و کەمال فوئادی لەگەڵدا نەبووە، چونکە بارزانی -بە گوتەی عیسمەت شەریف وانلی- هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی کەمال فوئادیش بە دووپشک دادەنێت و لە هەر چرکەیەکدا بێت بە مرۆڤەوە دەدەن.

٩٠.پێدەچێت هەتاکو ئەوکاتە، کۆمەڵەکە لقی لەو دوو وڵاتەدا نەبووبێت.

٩١.ئاستا و سینات: ئاستا نوێنەرانی خوێندکارانن لە زانکۆکان، یاخود لێژنەی گشتیی خوێندکارانن و لە حکومەتێکی خوێندکاران دەچێت، پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەیە و چەندین لێژنەی لێبووەتەوە، هەروەها بەرپرس و وەزیریشیان هەیە کە بایەخ بە کاروبار و کێشەکانی قوتابیانی زانکۆ دەدەن و لەگەڵ کردنەوەی زانکۆکاندا پێکهێنرا کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیدا کراونەتەوە و هەتاکو ئێستاش لە زۆربەی زانکۆکانی (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا)ی پێشوو، لە چەند زانکۆیەکی دیکەشدا بەتایبەتی لە (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات)ی پێشوو دامەزراوەیەک هاوشێوەی ئەمان هەیە، بەڵام بە ناوێکی جیاوازتر. زۆرکات قوتابییە چەپڕەوەکان هەژموونیان بەسەر چەند لقێکی ئەم دامەزراوەیەیە، بەتایبەتی لقی بەرلین. ئاستا تەواوی کۆمەڵە و ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی سەر گۆڕەپانی ئەڵمانیا دەگرێتەخۆی و بودجەی تایبەت بەخۆی کە بودجەیەکی کەم نییە و ڕێژەیەک لەو قیستە ساڵانەیەی قوتابیانی زانکۆ دەچێتە سندووقی ئاستا. سیناتیش ڕێکخراوێک یاخود دەستەیەکە لە بەڕێوەبەران و پرۆفیسۆر و کارگێڕان و مامۆستایانی زانکۆ و ژمارەیەک خوێندکاری هەڵبژێردراو پێکدێت. لقی لە هەموو شارەکانی ئەڵمانیا

هەیە. ئەم دوو دامەزراوەیە هاوکاریی خوێندکاران و نوێنەرانیان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان دەکات، یەکێک لەو کۆمەڵانەی هاوکارییان لەم دوو دامەزراوەیە وەرگرتووە، کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بووە لە ئەوروپا، یەکێک لەو هاوکارییانە دابینکردنی شوێنی بەستنی کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئەو خوێندکارانە بوو.

٩٢.ئەوەی زۆر داخمان بۆخواردووە ئەوەیە؛ هەرچەند هەوڵ و تەقەلای زۆرمان دا بۆ دەستکەوتنی ئەو نامە و یاداشتنامانەی کۆمەڵەکە بۆ حکومەت و شا و سەرۆکەکانی جیهانی ناردبوو، بەڵام زۆربەیانمان دەستنەکەوت، هەروەها حەزمان دەکرد دەقی ئەو گوتارانەمان دەستبکەوێت کە لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەکەدا خوێندراونەتەوە، بەڵام کۆمەڵەکە ئەو بایەخەی بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان نەداوە لە ئەرشیفێک و نەیانپاراستوون، تاکو ئەگەر لە کارێکی لەمجۆرە پێویستمان بێت، هانایان بۆبەرین.

٩٣.گۆڤاری (Çiya): گۆڤارێکی وەرزییە بە زمانی کوردیی پیتی لاتینی کە سیاسەتوان و نووسەر حەمەڕەش ڕەشۆ لە ئەڵمانیا ساڵانی (١٩٦٥ - ١٩٧٠) دەریدەکرد کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە و هەشت ژمارەی لێدەرچووە.

٩٤.لە تۆژینەوەکەی دکتۆر عەبدولمەجید شێخۆ بە زمانی کوردی وەرگیراوە: (Çiya -ئاوێنەی ڕۆشنبیریی کوردی لە ئەوروپا- Kovara Çiya,Awêna Çanda Kurdî li Ewropa ١٩٦٥-١٩٧٠) بۆئاگاداری ئەمە جاری یەکەم نییە حەمەڕەش ڕەشۆ دەستل هەکارێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت کە وەک ناڕەزایی دەربڕینێک بوونە لەئاست ناکۆکییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی و ڕابەری شۆڕش و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مستەفا بارزانی. لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی هەتاکو بەستنی کۆنگرەی سیانزە، کۆمەڵەکە و لقی شەشی پارتییان کۆنترۆڵ کردبوو کە پتر لە جارێک لەم توژینەوەیەماندا ئاماژەمان پێداوە.

٩٥.سەرچاوە: کتێبی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نەوزاد عەلی ئەحمەد

٩٦.لە ژمارە دووی گۆڤاری (Çiya) وەرگیراوە، نەورۆزی ١٩٦٦

٩٧.لـە شـوێنێکی تـری ئـەم کتێبەدا بـە دوور و درێـژی ئاماژەمان بـەوە داوە کـە هەڵکەوتەی جوگرافیایـی کوردسـتان، ئـەو حـزب و هێـزە کوردییانـەی پەنایـان بـۆ خەباتـی چەکـداری بـردووە، پەیوەندیـی لەگـەڵ ڕژێمێکـی تـری داگیرکـەری بەشـێکی دیکـەی کوردسـتاندا هەبێـت کـە کـوردی چەوسـاندووەتەوە. بـەڵام حزبێـک بێـت و دەسـت لەگـەڵ ڕژێمـی هەمان پارچەدا تێکەڵ بکات، ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە و مایەی چاوپۆشـیکردن و لێبـوردن نییـە. ڕێـک وەک ئـەوەی ئـەم گروپـە کـردی، هەرچەنـدە ئـەم باڵـە لـە نێوخۆ و دەرەوەشـدا حزبیـان کۆنتـرۆڵ کردبـوو، هەرچەندیـش بـە ژمـارە زۆرتـر بـوون، بـەڵام نەیتوانـی ئیـدارەی ململانێکـە بـدات لەگـەڵ ئـەو ڕەوتـەی پشـتگیریی بارزانییـان دەکرد.

٩٨.لـە یەکێـک لـە دیدارەکانـم لەگەڵ مسـتەفا ڕەشـید، پێیگوتم: لـە کۆنگرەکـەی بەلگراددا بەشـداربووم، ناکۆکییەکانـی هـەردوو لایەنـە ناکۆکەکـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گـەرم ببـوو و شـیوعییەکانی عێراقیـش دەسـتیان لـە قوڵکردنـەوەی ئـەو ناکۆکییانـەدا هەبـوو و دەیگـوت جوانـم لەبیـرە کاتێـک هەڤاڵێکیـان قسـەی دەکـرد، بـۆ تووڕەکردنی لایەنگرانـی گروپـی مەکتەبـی سیاسـی، شـیوعییەکان دەنگیـان بەرزدەکـردەوە و بـە هـەردوو پێیـان زەوییـان دەکوتـی و بـە هـەردوو دەسـتیشـیان دەیاندایـە سـەر مێزەکان و بـە ئـاوازەوە دەیانگـوت: (عـاش الزعیـم عبـد الکریـم و شـعب العراق شـعب عظیم). واتـە: (بـژی زەعیـم عەبدولکەریـم و گەلـی عێـراق گەلێکـی مەزنـە)

تەنانـەت جەمشـید حەیـدەری بەوپـەڕی تووڕەبوونـەوە گوتـی: برایـان کۆنگرەکەمـان بـەم جـۆرە بـەردەوام نابێـت، ئەمـە کەشـی کۆنگـرە نییـە.

٩٩.کاتێـک سـەردار ئاراراتـی قسـەکانی (بـەدۆ عەنتـەر)ی بۆگێڕامـەوە، پێمگـوت: ڕەنگـە ئـەو قسـەیەی هـەر لەچوارچێـوەی کاردانـەوەی توڕەبوونەکـەی بێت نەک شـتی تـر. گوتی: بڕوا ناکـەم بەمجـۆرە بێـت، بەڵکو بۆ گرژترکردنی کەشـی نێو هۆڵی کۆنگرەکـە بووبێت و نەوتی فڕێدابێتـە سـەر ئاگـری دووبەرەکییەکانـی دوو باڵـە ناکۆکـەی پارتی دیموکراتی کوردسـتان.

١٠٠.کاژیـک کورتکـراوەی پیتەکانـی (کۆمەڵـەی ئازادیـی و ژیانـەوە و یەکێتیـی کـوردە) دامەزرێنەرانـی بەرایـی ئـەم حزبـە حـەوت کـەس بـوون: کامیـل ژیـر، ئەحمـەد هەردی، جەمـال نەبـەز، عەبدوڵـڵا جەوهـەر، ئیحسـان فوئـاد، فەرەیـدون عەلـی ئەمیـن و فایـق عـارف کـە لـە ١٤ی نیسـانی سـاڵی ١٩٥٩ لـە باشـووری کوردسـتان دامـەزرا.

١٠١. پـاش وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـە لەلایـەن کەمـال فوئـاد لـە سـاڵی ١٩٦٣، بەرەبـەرە عیسـمەت شـەریف وانلـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە لایـەن کۆمەڵەکـەوە پەراوێـز خـران، تەنانـەت ڕێگەشـی پێنـەدەدرا بەنـاوی شـۆڕش و ڕابـەری شۆڕشـەکە مسـتەفا بارزانییـەوە گوتـار بخوێنێتـەوە، بۆیـە کاتێـک بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە سـووریا بەشـداریی ئـەم کۆنگرەیـەی کـرد، گرنگییەکـی ئەوتـۆی پێنـەدرا، تەنانـەت شـوێنی حەوانەوەشـی بۆدیـاری نەکرابـوو لەلایـەن سەرپەرشـتیارانی کۆنگرەکـە. لەبەرئـەوەی کرێـی ئوتیلـی پێنـەدەدرا، عومـەر گولـک ئەندامـی کۆمەڵەکـە -بەسوپاسـەوە- میواندارییـ ئـەوی کـرد و لـە تاکـە ژوورەکـەی خۆیـدا هێشـتییەوە و لەسـەر قەرەوێڵەکـەی خـۆی خەوانـدی و خـۆی لەسـەر زەوی خـەوت. هەڵبـەت ئـەم هەڵوێسـتە مایـەی نیگەرانییـە.

١٠٢. سـەعدی دزەیـی نارەزایـی خۆی دەربڕی لەسـەر ئـەوەی ڕێگە بە (جەمیـل محۆ) دراوە بەنـاوی کـوردی لوبنانـەوە وتـار بخوێنێتـەوە و گوتی:"جەمیل مافی ئـەوەی نییە بە ناوی کـوردی لوبنـان قسـە بـکات، چونکـە لـە دوا هەڵبژاردنەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی لوبنـان خـۆی بـە نوێنەرایەتیـی کوردی لوبنـان کاندید کردبـوو، تەنیـا دوو دەنگی کوردی ئەوێـی بەدەسـتهێنابوو، ئەویـش دەنگی خـۆی و هاوسـەرەکەی بووە.".

١٠٣. سـەڵاح بەدرەدیـن بۆیگێڕامەوە:"بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـەم کۆنگرەیـەدا و لەکاتـی پەڕینەوەمـان لەگـەڵ چەنـد کەسێکی تـر لـە شـەقامی (فریدریـكFriedreck Str.) کـە بەرلینـی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای لێکجودادەکـردەوە، پۆلیسـی بەرلیـن تەنیـا منـی جوداکـردەوە و گوتـی پاسـپۆرتەکەت سـاختەیە و سـەر بـە وڵاتێکـی بلۆکـی ئیمپریالیزمییـە، واتـە هاتنـمان لـە ڕێگـەی بەرلینـی ڕۆژهەڵاتـەوە جێـی گومانـە و دەبـێ بـە سـزای (٧) سـاڵ بەنـد بکرێـم و پێانگوتـم پـاش تەوابوونـی حوکمەکـەم، ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی سـووریات دەکەینـەوە (لـەو قۆناغەشـدا پەیوەندیـی نێـوان ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات و ڕژێمـی سـووریا زۆر خـۆش بـوو و هەتاکـو یەکگرتنـەوەی هـەردوو بەشـەکەی ئەڵمانیـا لـە سـاڵی ١٩٨٩ پەیوەندییـان زۆر بـاش بـوو. کـە خرامـە بەندیخانـەوە، لـەوێ مـن مانـم لـە خـواردن گـرت. لەڕێـی ئـەو کەسـانەی لەگەڵمـدا بـوون، هەواڵـی مانگرتنەکـەم لـە خـواردن گەیشـتەوە کۆمەڵەکـە، ئینجـا

حزبی شیوعیی عێراقی لە ڕێگەی موکەڕڕەم تاڵەبانی بە دەسەڵاتدارانی ئەوێی گوتبوو کە ئەو کەسەی دەستگیرتان کردووە کوردێکی چەپی سووریایە. بە هەوڵی موکەڕڕەم تاڵەبانی، پاش ١٢ ڕۆژ ئازاد کرام، ئینجا بەیەکەوە گەڕاینەوە ئەو چەند ڕۆژەی کۆنگرەشمان بەیەکەوە بەسەربرد".

کە سەڵاح بەدرەدین دەگاتەوە شوێنی بەستنی کۆنگرەکە، بینی چەند دەزگایەکی میدیایی ئەڵمانیای فیدراڵ (پەیامنێرانی چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆیەک) لە چاوەڕوانیی ئەودان بۆئەوەی بەسەرهاتی خۆیان بۆبگێڕێتەوە، ئەوکاتیش وەرگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن حەمەڕەش ڕەشۆ بوو، کە پرسیاریان ئاراستەکرد، ڕەتیکردەوە دەستگیر کرابێت لە بەرلینی ڕۆژهەڵات و پێیگوتن ئەم چەند ڕۆژە نەخۆش بووە و لەیەکێک لە نەخۆشخانەکاندا بووە. هەرچەندیش حەمەڕەش ڕەشۆ گوشاری دەخستە سەر تا ڕاستییەکان بگێڕێتەوە و هیچیان لێنەشارێتەوە، بەڵام ئەو هەر مکوڕ بوو و ڕاستییەکەی پێنەگوتن، کە پرسیارم لێیکرد، بۆ واتکرد؟ وەڵامیدایەوە و گوتی:"پێش ئەوەی هیچیان پێبڵێم زۆرم بیرکردەوە کە دەبێ ڕاستگۆ و وەفاداربم لەگەڵ بنەمایانەی بڕوام پێیان هێناوە و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات هەڵەیەکی بەرانبەر بە من کردبێت، بۆچی دەبێ من هێرشیان بکەمە سەر و لەلایەن دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی ئەندام لە بلۆکی ئیمپریالییەت ئیستغلال بکرێم". درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:"پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە بە هەفتەیەک، مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات نامەیەکیان بە دەستی محەمەد سالّح جومعەدا بۆ ناردم و بانگهێشتیان کردم سەردانیان بکەم و پاداشتی چاکەکەم بدەنەوە. ئەوەبوو چووم و لەلایەن (وۆڵف گان کراویزە- Krause) بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە حزبی شیوعیی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و سەرۆکی (لێژنەی هاوکاریی ئاسیایی-ئەفریقاییەوە پێشوازیکرام کە ئەوکات بۆ بەدواداچوونی دۆسیەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکانی جیهان ڕاسپێردرابوو. کۆبوونەوەیەکی دووردرێژمان بەیەکەوە کرد، لە کۆبوونەوەکەدا بەوەدەرچووم کە بەڵێنم پێدرا ئەم لێژنەیە هاوکاریی خوێندنی خوێندکاران و چارەسەرکردنی بەشێک لەو خوێندکارانە بکات کە دۆخێکی تایبەتیان هەیە. منیش داوام کرد ڕاستەخۆ ئەو هاوکارییانەی خوێندنم پێبدەن، ئەوانیش دەستبەجێ (٦) هاوکارییان پێدام، دواتر کردیانە سالّانە (٣-٤)

هـاوکاری (مینحـەی خوێنـدن). ئەمـەش بـووە سـەرەتایەک بـۆ پەیوەندییەکانـی حزبـان و ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات. لـە سـاڵی ١٩٨٤ تاکـو سـاڵی ١٩٩١ خـۆم و خێزانەکـەم هـەر لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات ماینـەوە.

سـەبارەت بـە ڕاسـت و دروسـتیی قسـەکانی سـەڵاح بەدرەدین لـە دکتۆر محەمەد سـاڵح جومعـەم پرسـی، ئـەو گوتی:"بەپێـی زانیارییەکانـی من سـەڵاح خـۆی بەهۆی شـیوعییەکانی عێراقـەوە داوای بینینـی (کراویـزە)ی کـردووە، نەک مەکتەبی سیاسـی ناردبێتیـە دوای و ئەو نامەیـەی ئـەو باسـی دەکات هیـچ وا نییـە و مـن نامەی کەسـم بـەو نەگەیانـدووە، تەنانەت (کراویـزە)ش بـە منـی گوت: پاسـپۆرتەکەی سـاختە نییە و پاسـپۆرتێکی سـووریایی و بە ناوی ڕاسـتەقینەی خۆیەتـی و ...."دەگوتـرا دواتر (کراویزە) دەبێتە باڵیـۆزی وڵاتەکەی لە بەیرووت و لەوماوەیـەدا پەیوەندیـی نێـوان ئەو و سـەڵاح بەدرەدین بـاش بووە.

١٠٤.لە لاپەڕە ١٠٤ی ژمارە ٧ی چاپی دووەم، ئابی (١٩٦٩)ی گۆڤاری (Çiya)، وەرگیراوە.

١٠٥. لـە سـاڵی (١٩٦٨)دا شـا و هاوسـەرەکەی سـەردانی ئەڵمانیـای ڕۆژئاوایـان کردبـوو، کاتێـک قوتابیانـی ئێـران بـەم سـەردانە دەزاننـەوە، خۆپیشـاندانێکی فراوانیـان دژی ئـەم سـەردانە ڕێکخسـت بـۆ ئیدانەکردنـی ئـەو سیاسـەتە پۆلیسـی و قڕکـردن و چەسـاندنەوەیەی شـای ئێـران دژی نەتـەوە و ئایینـە جیاوازەکانـی ئێـران پەیـڕەوی دەکات، قوتابیانـی وڵاتانـی دیکـە و بەشـێک لـە قوتابیانـی کـورد، بەشـداریی ئـەم خۆپیشـاندانەیان کـرد. کـە هەواڵـی خۆپیشـاندانەکە گەیشـتە شـا، فەرمانـی بـە فەرمانبـەران و لایەنگرانـی خـۆی کـرد، بچنـە دەرەوە و ڕووبەڕوویـان بوەسـتنەوە و بـە دار و تێـلا بەربنـە وێـزەی خۆپیشـاندەران. ئـەوکات عەلـی قـازی بەرپرسـی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوای کۆمەڵەکـە بـوو و لەلایـەن خـودی (شـا)وە لـە بەشـی بازرگانیـی باڵیۆزخانـەی ئێـران دامەزرابـوو، بۆیـە بـە ناچـاری ئەویـش هاوشـانی فەرمانبەرانـی دیکـەی باڵیۆزخانەکـە ڕووبـەڕووی خۆپیشـاندەران بـووەوە، بۆیـە عەونـی ئەحمـەد کـە یەکێـک بـوو لـە لایەنگرانـی ڕەوتـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کۆنگرەکـە (پێشـوەخت هانـی ئەندامەکانـی دیکـەی کۆمەڵەکـە دەدا، عەلـی قـازی لـە هۆڵـی کۆنگـرەدا دەرکەنـە دەرەوە و هەمـوو لقەکانـی کۆمەڵەکەشـی تێگەیاندبـوو) و سـکاڵایەکی دژی عەلـی قـازی پێشکەشـکرد

و تێیدا نووسیبووی: عەلی قازی هاوشانی فەرمانبەرانی دیکەی باڵیۆزخانەی ئێران ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بووەتەوە و بە تێڵا دارکاریی خۆپیشاندەرانی کردووە، ... و دەیپرسی: ئایا ئەوە ڕەوایە بەرپرسی لقی بەرلینی ڕۆژئاوای کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بچێتە پاڵ شای ئێرانی چەوسێنەر و دوژمنی گەلی کورد و دەستدرێژی بکاتە سەر خوێندکاران؟ ... بۆیە پێشنیاز دەکەم لە کۆمەڵەکە و کۆنگرەکەدا دەربکرێت.

عەلی قازیش وەڵامیدابووەوە: ڕاستە ئەوکات من فەرمانبەرێکی باڵیۆزخانەی ئێران بوومە، بەڵام ڕووبەڕووی هەر کەسێک دەبمەوە ئەگەر بۆ ئامادەبووانی بسەلمێنێت کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان زیانم بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد گەیاندبێت.

لەڕاستیشدا دوو گێڕانەوە بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکە هەیە: یەکەمیان دەڵێت: (عومەر گولکیش هاوڕایە) دەرکردنی عەلی قازی خرایە دەنگدانەوە، بەڵام ئەنجامی دەنگدانەکە لەگەڵ ئاراستەی دەرکردنی نەبوو. هەڵوێستی لایەنگرانی بارزانیش لە پارتی دیمەکراتی کوردستان ئەندامانی سەرپشک کردبوو لە دەنگدان، بەڵام پارتی هیچ بڕیارێکی حزبیی دەرنەکرد کە دژ یان لەگەڵ پێشنیازەکەدا بێت. گێڕانەوەی دووەم: دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ بە هێمنی عەلی قازیی لە هۆڵی کۆنگرە هێنایە دەرەوە و لەو شتانەی لە پشت پەردەکانی کۆنگرەدا دەگوزەرێت ئاگادارکردەوە و ئامۆژگاریی کرد دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە کۆمەڵەکە ڕابگەیەنێت و بە کپی لە کۆنگرەکە بکشێتەوە، بۆئەوەی بە بڕیارێکی کۆنگرە ناچار نەکرێت بچێتە دەرەوە، هەر واشیکرد. ئەم گێڕانەوەیە لەلایەن زنار شێخموسیشەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە پێیگوتووم:".... من لە تەنیشت عەلی قازی دانیشتبووم و بە شێوە نەمدەناسی، داوای قەڵەمێکی لێکردم و بە ئەگەرێکی زۆر قەڵەمەکەی بۆ نووسینی دەست لەکارکێشانەوەکەی بووبێت .... کاتێک دڵشاد ئەحمەدی و کەسانی دیکە داوای سزادانی عەلی قازییان دەکرد بەهۆی ئەو هەڵوێستەی بەرانبەر بە خۆپیشاندان نواندوویەتی کەمال فوئاد وەڵامیدەداتەوە و دەڵێت: ئەوەی ئێوە قسەی لەسەر دەکەن و دەتانەوێ دەنگ کۆبکەنەوە و بە دەنگدان لە کۆنگرەکە دەربیکەن، خۆی دەست لەکارکێشانەوەی لە کۆمەڵەکە نووسیوە و لە هۆڵەکە دەرچووەتە دەرەوە و ناشکرێ دەنگ لەسەر کەسێک

بدرێت کە خۆی لێرە ئامادە نییە". دواتر پرسی ئەم دۆسیەیە بە یەکجاری داخرا و کۆنگرە بەردەوامبوو لەسەر بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی.

منیش لەلای خۆمەوە پرسیارم لە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵەکە کردبوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە عەلی قازییان دەناسی، زۆربەیان دووپاتیان دەکردەوە کە ئەوکاتەی فەرمانبەری بالّیۆزخانەی ئێران بووە و دواتریش، قازی خزمەتێکی زۆری قوتابیانی کورد بە تایبەتی و دۆزی شۆڕشی کوردی کردووە بە گشتی، یەکێک لەو خزمەتگوزارییانەی قازی بۆ کۆمەڵەکەی کردبێت، گەیاندنی بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات، چونکە ئەو بە دیپلۆماتکارێکی بالّیۆزخانەی ئێرانە هەژمار دەکرێت و ناپشکنرێت. بۆ زانیاریشتان ئەڵمانیای (دیموکرات !) و تەواوی وڵاتانی سۆشیالیزم ڕێگە بە هیچ چالاکییەکی سیاسی و ڕۆپاگەندە لەسەر خاکیان نادەن کەچی شەو و ڕۆژ بانگەشەی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و مافەکانی تاک و گەلان دەکات لە مافی چارەی خۆنووسین و ئازادییە گشتییەکاندا.

با بگەڕێینەوە سەر خۆپیشاندانەکە، دەڵێن پۆلیسی ئەڵمانیا، خوێندکارێکی ئەڵمانای کوشتووە کە لە ڕیزی خۆپیشاندەراندا بوو (خوێندکارەکە چەپەکانی ئەڵمانیا- ئاستا- بوو و ناوی Beno Oneszorg بوو و دەشڵێن ئەو پۆلیسە کاری بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کردووە.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بدەم، کاتێک لەگەڵ چەند ئەندامێکی کۆمەڵەکە باسی ئەو بەسەرهاتەی عەلی قازیم دەکرد، ئەوان زۆریان پێناخۆش بوو، لەم کتێبەدا ئاماژەی پێبدەم، چونکە بە ڕای ئەوان ڕووداوەکە دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی ئەم بنەماڵە کوردپەروەرەی خزمەتی نیشتمانیان کردووە و هەموو شتێکی بەهاداری خۆیان کردووەتە قوربانیی ئازادکردنی گەلی خۆیان لەپێناو ڕزگارکردنی لەژێر چەپۆکی ستەم و زۆرداریی داگیرکەر. بەڵام من پێمگوتن: من لە هەوڵی تۆمارکردنی سەردەمێکم لە مێژووی گەلی کورد -ئەگەر کورتیش بێت- مێژووش دەبێت بە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە تۆماربکرێت. بۆئەوەی ئاشنای دۆخی ئێستا بین و پلان بۆ دواڕۆژی نەوەکانی داهاتوومان دابڕێژین دەبێ لە سەردەمی ڕابردووی مێژووی

گەلیشمان بە چاک و خراپەکانییەوە تێبگەین، بۆئەوەی پەند و وانە لە هەڵەکانمان وەربگرین کە خەباتگێڕانی پێشینانمان تێیکەوتوون، هەروەها -ئەگەر وا دابنێین- ئەگەر بێت و شەهید قازی محەمەد لەژیاندا بمایە، ئاخۆ ڕازی دەبوو کوڕەکەی لەو باڵێوزخانەیە دابمەزرێت و ئەم ڕێچکەیە بگرێت و ئاخۆ لەگەڵ ئەوەدا دەبوو کە کوڕەکەی کردوویەتی؟ لەوباوەڕەشدام ئەم ڕووداوە نابێتە پەڵەیەک لەسەر بنەماڵەی عەلی قازی محەمەد یاخود بنەماڵە نیشتمانپەرە ناسراوەکەیان.

١٠٦.لە کتێبی (کوردی سوید)ی ڕۆهات ئالاکۆمدا هاتووە ژمارەی ئامادەبووان گەیشتووەتە (١٥٠) کەس.

١٠٧.سەبارەت بەم کۆمەڵەیە و کۆمەڵەکانی دیکە، بڕوانە بەشی تایبەت بە"کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکە".

١٠٨.لە یوسف زۆزانی، کادیری پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم پرسی، پێیگوتم:"بارزانی بە دووربینیی خۆی هەڵسوکەوتێکی حەکیمانەی نواند، ئەمەش بۆ ئەو هەژمار دەکرێت کە دەیویست لایەنی کوردی بە یەکگرتوویی و بەهێزەوە بەشداریی دانوستانەکانی لەگەڵ ڕژێمی عێراق بکات، بۆیە نوێنەرێکی بەناوی فاخیر مێرگەسۆری نارده لای مام جەلال و پێشنیازەکەی بارزانیی پێگەیاند کە بگەڕێتەوە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئینجا شاندێک بە سەرۆکایەتیی مام جەلال پێکهێنرا و چونە لای بارزانی، لەوێش ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتنەوەی پارتی.

قۆشمەیەک هەیە و نازانم ڕادەی ڕاستییەکەی چەندە، ئاخۆ چنراوی خەیاڵی کەسانێکە یاخود ڕاستییە، قۆشمەکە ئەوەیە: کاتێک مام جەلال بەڕێوەبوو بۆ بارەگای بارزانی، لە ڕێگەدا چاوی بە شاندی عێراق دەکەوێت کە بە سەرۆکایەتیی مەهدی عەمماش چووبوونە لای بارزانی، کە شاندە عێراقییەکە دەزانێ مەرامی ئەو چوونەی مام جەلال بۆ لای بارزانی چییە، پێیانناخۆش دەبێت و ڕووخساری زەردەهەڵدەگەڕێت، بارزانیش بەمەی زانیبووەوە، بۆیە پرسیاری لە مام جەلال و هاوڕێیانی کرد و گوتی: ئەرێ ڕاستە لە ڕێگەدا چاوتان بە مەهدی عەمماش و شاندی یاوەری کەوتووە کە ئێوەی بینیوە ڕەنگی زەردەهەڵگەڕاوە؟ مام جەلال وەڵامدەداتەوە و بە بارزانی دەڵێت: بەڵێ گەورەم، عەمماشەکانی دەوروبەریشت دەبینم ڕەنگیان زەردەهەڵگەڕاوە،

پێدەچێت گەڕانەوەمان بۆ ناو پارتی بەدڵی ئەوانیش نەبێت"وەک ئاماژەیەک بۆ چەند کەسێکی دەوروبەری بارزانی کە بە گەڕانەوەی مام جەلال قەڵس بوونە، چونکە لە پۆست و کورسییەکانیان دەترسن".

١٠٩.کاتی مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ڕژێمی عێراق نە ڕاستگۆ بوو و نە مکوڕ و نە دڵسۆزیش بوو، بەڵکو ناچارکرابوو بێتە بن باری خواستەکانی گەلی کورد، دوای ئەوەی سەرجەم هەوڵ و پلانەکانی شکستیان خوارد بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد، هەرچەندیش ناکۆکیی نێوخۆیان هەبوو و لە وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشدا دابڕێنرابوو. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشمان، نووسینەکەی (حەردان تکریتی) وەزیری ئەوکاتی عێراق بەنموونە دەهێنینەوە کە سەرپەرشتیی زۆربەی ئەو شەڕانەی دەکرد کە دژی کورد و کوردستان بەرپایان کردبوو کە لە لاپەڕە (١٠٤- ١٠٥)ی کتێبی (یادەوەریی سیاسەتوانێکدا)ی چاپخانەی ئەلزەهراء بۆ میدیای عەرەبی بڵاویکردووەتەوە و دەڵێت:"لەڕاستیدا کورد بە پاڵەوانێتی و خۆڕاگرییان لە ماوەی یەک سەدەی ڕەبەقدا، چۆک بە حوکمڕانیی بەغدادا دابدات، بە ڕادەیەک کە دەترسین بەردەوامبوونی شەڕ ببێتەهۆی ڕووخانی بەغدا بە دەستی مەلا مستەفا". (بڕگەی نێوان دوو کەوانەکە لە نووسێنێکی کورتی نووسەر محەمەد قاسم بەناونیشانی:"ئەم بەچکەشێرە لەو شێرەیە، لە وارگەی -وەلاتێ مە- ی نیوەی یەکەمی مانگی شوباتی ٢٠١٦ وەرگیراوە). هەموو ئەمانەشمان بۆ بەفیڕۆدانی کات و چەسپاندنی کۆڵەکەکانی حوکم و ڕەواندنەوەی ئەو گۆشەگیرییە بوو، تا ڕادەیەکی زۆر لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو بوو و دەستی بەخۆدزینەوە کرد لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار و ڕاگەیاندنی تاکلایەنانەی یاسای ئۆتۆنۆمی، واتە بەبێ ڕاوێژکردن بە لایەنی پەیوەندیدار کە کورد بوون، دوای دابڕینی چەند ناوچەیەکی کوردستانی، بەتایبەتی پارێزگای کەرکووک و شارەکانی شەنگال و خانەقین و ...، لەپاڵ پرۆسەکانی ڕاگواستن و تەعریبکردن و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی داموەدزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. هەروەها پەیداکردنی هاوسۆزیی یەکێتیی سۆڤیەت لەچوارچێوەی مۆرکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی ساڵی(١٩٧٢)، بەتایبەتی لەڕووی هاوردەکردنی چەکی سۆڤیەتی و خۆنزیککردنەوە لەشیوعییەکانی عێراق تاگەیشتە مۆرکردنی هاوپەیمانییەک بەناوی

(بـەرەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی پێشـکەوتنخواز لـە عێـراق). هەمـوو ئەمانـە وایانکـرد، جارێکـی دیکـە عێـراق لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێتەوە و دووبـارە شـەڕی دژی کـورد هەڵبگیرسـێنێتەوە، کوردیـش لـەلای خۆیـەوە بەپێـی پێویسـت نەیتوانـی خـۆی بگرێـت و مامەڵەیەکـی ژیرانـە لەگـەڵ پێشـهات و گۆڕانکارییەکانـدا بـکات و پەلەیـان کـرد لـە ڕاگەیاندنـەوەی شـەڕ، ئەوەبـوو شـەڕێکی دژوار لەنێـوان ئـەو دوو لایەنـە بەرپابـووەوە و لـە کۆتاییـدا شـۆڕش نشوسـتی هێنـا و بەیەکجـاری توایـەوە. ئینجـا بـە کردەنـی دەسـتکرا بـە تەعریبکردنـی کەرکـووک و پڕچەککردنـی چەنـد هێزێکـی هۆزەکانـی دژە شـۆڕش و هێرشـکردنە سـەر بارەگاکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و تیرۆرکردنـی بەشـێک لـە کادیرانـی حزبەکـە.

١١٠.وردەکارییەکانـی هەوڵـی تیرۆرکردنـی مشـتەفا بارزانـی: ڕۆژی چوارشـەممە ڕێککەوتـی ٢٩ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٧١ شـاندێکی حکومـەت کـە پێکهاتبـوون لـە (٩) کـەس و جلوبەرگـی مامۆسـتایانی ئاینییـان پۆشـیبوو و بـە دوو ئۆتۆمبێـل و بـە سـەرۆکایەتیی عەبدولجەبـار ئەعزەمـی سـەردانی بـارەگای بارزانییـان کـرد لـە حاجـی ئۆمـەران. بەپێـی ئـەوەی کـە پەیوەندییەکـی دێریـن لەنێـوان بارزانـی و شـێخ ئەعزەمیـدا هەبـوو لەلایـەک و حاڵەتـی لەیەکنزیکبوونـەوەی نێـوان کـورد و ڕژێمـی عێـراق پـاش مۆرکردنـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لەلایەکـی تـر، وایکردبـوو ڕێکارەکانـی پشـکنینی شـاندەکە هێنـدە توندوتـۆڵ نەبـوو. پـاش تێپەڕبوونـی تەنیـا چارەکـە سـەعاتێک و پێشکەشـکردنی چـا بـۆ میوانـان لەلایـەن یەکێـک لـە پاسـەوانانی بارزانـی، شـەهید مەحمـوود شـەریف نـزاری، بۆمبێکـی شـاراوە لـە باخەڵـی یەکێکیـان پێـش کاتـی دیاریکـراو کـەوت و لـە ژووری کۆبوونەوەکـەدا تەقییـەوە، لـە ئاکامـی ئـەو تەقینەوەیـەدا هەشـت کـەس لـە شـاندەکەی بەغـدا کـوژران، لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگەیەی کـە چـای بـۆ میوانـان هێنابـوو، لەپـاش دەرچوونـی بارزانـی لـە ژووری کۆبوونەوەکـە، یەکێـک لـە شـۆفێرانی ئـەو ئۆتۆمبیلانـەی شـاندەکەی گواسـتەوە، بۆمبێکـی دەسـتیی لـە بارزانـی گـرت و ئەنجـام بارزانـی بـە سـووکی بریندارببـوو. دکتـۆر مەحمـوود عوسـمان برینەکـەی تیمارکـرد کـە ئـەوکات ئـەو لـە تەنیشـت بارزانـی دانیشـتبوو. پاسـەوانانی بـارەگای بارزانیـش تەقەیـان لـەو شـۆفێرە کـرد و کوشـتیان. شـۆفێری ئۆتۆمبیلەکـەی دووەم

بەرگریی لەخۆی کرد و پەنای بردە نێو یەکێک لەو خانووانەی دەوروبەری بارەگاکە، یەکێکی تریش خۆیگەیاندە شۆفێرەکە و پاش تەقەیەکی زۆری نێوان ئەوان و پاسەوانەکان کە نزیکەی ١٠ خولەکی خایاند، هەردووکیان کوژران کە لە ڕاستیدا شاندی دانوستکار نەبوون، بەڵکو گرووپێکی ڕاهێنراوی کوشتن بوون کە خودی سەدام حوسێن سەرپەرشتیی دەکرد.

جێی ئاماژە پێدانە لە ساڵی (١٩٧٠)شدا هەوڵێکی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی دەدرێت لە بەغدا. هەڵبەت ئەم هەوڵەی تیرۆرکردنی بارزانی جاری یەکەم و دواجاریش نییە. لە (١٥)ی تەموزی ساڵی (١٩٧٢) پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عێراق بە بیانووی ئەنجامدانی دیمانەیەک، دێتە بارەگای بارزانی و پاش ئەوەی چەند جووڵەیەکی نائاسایی لێ بەدی دەکرێت، سەرۆکی پاسەوانانی بارەگای بارزانی بەجوانی پەیامنێرەکە دەپشکنێ، چەند ماددەیەکی کوشندە لە باخەڵیدا دەردەهێنێت، پاش لێکۆڵینەوە دان بەوەدا دەنێت کە بۆ تیرۆرکردنی بارزانی هاتووە.

لەلای خۆشیەوە، ئیبراهیم گابان کەسایەتیی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کە ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، لە پتر لە دیمانەیەکدا کە دواییان لە پێگەی (Avesta Kurd) لە ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٦دا بڵاوکراوەتە (لە دەقە عەرەبییەکەدا مێژووەکە بەم شێوەیە نووسراوە: (٢٠١٦/١/١١٢) کە ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت و مەبەستی ٢٠١٦/١١/١٢ بێت، بۆیە من ئەمەم پێڕاستتر بوو بۆیە لە وەرگێڕانەکەدا نووسیومە: ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ -وەرگێڕی کوردی-) ساڵی (١٩٧٠) کاتێک قوتابیی زانکۆی بەغدا دەبێت، هەواڵگریی عێراقی بینیویانە و دەشیانزانی کە گابان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بارزانیدا هەیە و چەند جارێکیش بارزانیی بینیوە، داوای لێدەکەن زیاتر لە بارزانی نزیکبێتەوە، گابان بەم داواکارییەیان ڕازی دەبێت و جارێکی دیکە بارزانی دەبینێتەوە و داواکەی هەواڵگریی عێراقی پێڕادەگەیەنێت. لە ١٥ی تەموزی ساڵی ١٩٧٢ هەواڵگریی عێراق جانتایەکی پڕ تەقەمەنیی ڕادەست دەکەن و داوای لێدەکەن ئەگەر ئەمجارە سەردانی بارزانیی کرد، ئەم جانتایە بگەیەنێتە ژوورەکەی بارزانی و لەدوورەوە بیتەقێنێتەوە. فێریشی دەکەن چۆن لە دوورەوە جانتاکە بتەقێنێتەوە.

ئیبراهیم گابان، بارزانی لە جانتاکە ئاگادارەدەکاتەوە، پاشان تیمێکی ئەندازەی پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنی، تەقەمەنییەکانی نێو جانتاکە پووچەڵ دەکەنەوە، ئەمجارەش بارزانی لە هەوڵێکی تری تیرۆرکردن ڕزگار دەبێت.

ئەم هەوڵە شکستخواردووە، زۆر بە ڕوونی نیازی خراپی ڕژێمی بەغدا ئاشکرا دەکات و بووە هۆی نەمانی متمانەی نێوانیان کە لەبنەڕەتدا متمانەیان پێنەدەکرا.

١١١. لە وردەکارییەکانی ڕووداوی کوشتنی سەعید ئاڵچی، سکرتێری (پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا) و هەڤاڵانی محەمەد بەگ و عەبدوللەتیف سەواش لە سەرەتاکانی (حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١) لە باشووری کوردستان بە دەست سەعید قرمز تۆپراغ کە نازناوی (دکتۆر شڤان)ە و بەرپرسێکی باڵای حزبەکە بوو، دەگوترێت ناکۆکی لەنێوان ئەم دووانە ڕوویداوە و دواجار بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دوو ڕەوت لەنێو حزبەکەدا، ڕەوتێکیان سکرتێری حزب سەعید ئاڵچی سەرۆکایەتیی دەکرد و لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی و شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و ڕەوتەکەی تر بە سەرۆکایەتیی دکتۆر شڤان کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ گروپەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە. دکتۆر شڤان بیری چەپڕەویی توندڕەوانەی حزبەکەی دەنواند و لەگەڵ چوار لایەنگری خۆی: سۆرۆ، بروسک، چەکۆ و ڕەشۆ زیلان، لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٦٩) لە ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستاندا نیشتەجێ بوونە. پاشان چەندین کادیری تر پەیوەندییان پێوەکردوون، لەبەرئەوەی حزبەکەی تازە دامەزراندبوو و هەڤاڵانیشی کەمئەزموون و نەشارەزا بوون لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی لەو ساڵانەدا کوردی باکوور بە گشتی و لە ساڵانی دواتریشدا مەیلی هزری چەپی تونڕەوانەیان دەکرد. بۆیە زۆربەی ئەندامانی حزب بە چەند ئەندامی سەرکردایەتیشەوە چوونە پاڵ ڕەوتەکەی دکتۆر شڤان، بۆیە یەکەی ڕێکخستن و هزرییەکەی دووچاری ئیفلیجی بوون، بەڕادەیەک سکرتێری حزب نەیدەتوانی چارەسەری ئەم دۆخە نوێیە بکات و بەرگەی بگرێت. لە کۆتاییەکانی مانگی ئایاردا، ئاڵچی لە ڕێگەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە (قامیشلی) بە مەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ

دکتـۆر شـڤان و ڕادەسـتکردنی سـەرکردایەتیی حـزب و دەسـت لەکارکێشـانەوەی لـە حزبەکـە، بـەرەو باشـووری کوردسـتان بەڕێکـەوت بەپێـی ئـەوەی نووسـەر و سیاسـەتوان بەیـرەم ئەیـاز پێیگوتـووم و لـەو کۆنگرەیـەی کـە بڕیاربـوو لـەوێ ببەسـترێت، پاشـان ئـەوەی ڕوویـدا، ڕوویـدا.

لـەلای خۆشـیەوە سـەرۆک مەسـعود بارزانـی لـە لاپـەڕە (٣٥٩-٣٦٠)ی بەشـی سـێیەمی یاداشـتنامەکەیدا (بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد)ی چاپـە عەرەبییەکـەی دەنووسـێت"..... لەپـاش ڕێککەوتننامەکـەی ١١ی ئـادار هەلومەرجێکـی لەبـار هاتەئـاراوە بـۆ یەکگرتنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد و هێـزە نەتەوەیی و نیشـتمانییەکان. ئینجـا لـە تورکیـا، حـزب بڕیـاری دا کۆنگـرەی خـۆی لـە بەشـە ئازادکراوەکـەی کوردسـتان ببەسـتێت. سـەرکردایەتیی شـۆڕش ڕەزامەندیـی بـۆ ئـەم داواکارییـە دەربـڕی و فەرمانـم دەرکـرد هەمـوو ئاسـانکارییەکی پێویسـت بـۆ بەسـتنی کۆنگـرە بکرێـت.

لەگـەڵ هاتنـی سـکرتێری حـزب شـەهید سـەعید ئاڵچـی بـۆ زاخـۆ، دکتـۆر شـڤان پێشـوازیی کـرد و بردییـە بـارەگای خـۆی، پاشـان لەنـاکاو هیـچ هەواڵێکـی نەمـا. ئەندامانـی کۆنگـرە بـەرەو (گەڵاڵـە) دەهاتـن و چاوەڕێـی سـکرتێری خۆیـان دەکـرد کـە بـێ هـەواڵ و ڕێوشـوێنە. کـە پرسـیارم لـە دکتـۆر شـڤان کـرد ئاخـۆ چیـی لێهاتـووە و بۆچـی بـزرە، ئـەو گوتـی گوایـە دوو ڕۆژ لـەلای ماوەتـەوە و پاشـان بـەرەو گەڵاڵـە هاتـووە و پـاش لێکۆڵینەوەیەکـی ورد، دەرکـەوت شـڤان و بروسـک و چەکـۆ، تەقەیـان لـە سـەعید ئاڵچـی کـردووە و کوشـتوویانە، بۆئـەوەی ڕێگـەی بـۆ خاوێـن بێتـەوە و ئـەو ببێتـە سـکرتێری حزب. ئـەم ڕاسـتییەش کاتێـک ئاشـکرابوو کـە یەکێـک لـە بەشـداربووانی ناڕاسـتەوخۆی تاوانەکـە هەمـوو زانیارییەکـی ڕوونکـردەوە. لەسـەر داواکاریـی لێژنـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان-تورکیا، ئەنجامدەرانـی تاوانەکـە درانـە دادگای شـۆڕش و حوکمـی لەسـیدارەدان بـۆ هەریـەک لـە شـڤان و چەکـۆ و بروسـک دەرچـوو و حوکمەکـە جێبەجێکـرا".

دەشـڵێن کۆچکـردوو عەزیـز عەقـراوی یەکێـک بـووە لـە دادوەرانـی ئـەو دادگایـەی لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ تاوانبارانـدا کـردووە، هـەر لـەو یاداشـتنامەیەدا هاتـووە؛ یەکێـک لـە شـاهێدحاڵەکانی تاوانەکـە دەیگێڕێتـەوە، پێـش ئـەوەی شـڤان تەقـەی لێبـکات، سـەعید ئاڵچـی پێیگوتـووە ئـەم تاوانـە نـەکات و"شـڤان بـا خوێنـی مـن بـە دەسـتی

تـۆ نـەڕژێ، لێگـەڕێ بـا بـە دەسـتی دوژمنانـی نەتەوەکەمـان بێـت، تـۆ بـەم کارەت زەرەرێکـی گـەورە بـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد دەگەیەنیـت".

هـەر سـەبارەت بـەم بابەتـە، سـەڵاح بەدرەدیـن لـە یاداشـتنامەکەیدا نووسـیویەتی:".....لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا، دوو هـۆکار هەبـوون بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ئاواتەکانـی دکتـۆر شـقان. یەکـەم: تاوانـی کوشـتنەکە. دووەم: زێدەڕۆییکـردن لـە پێداگـری و پـرۆژە ستراتیژییەکـەی بـۆ ڕزگارکردنـی کوردسـتانی تورکیـا، لەکاتێکـدا گۆڕەپانەکـەی کوردسـتان بەرگـەی دوو شۆڕشـی کـوردی نەدەگـرت لەیـەک کاتـدا".

تاکـو ئێسـتاش ژمارەیـەک لـە سیاسـەتوانانی کـورد (کـە لـە ڕاسـتیدا ژمارەیـان کەمـە) سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد بـەوە تۆمەتبـار دەکـەن کـە حوکمـی گوللەبارانکردنـی ئەوانـی دەرکردبێـت، ئەویـش بـە فیتـی تورکیـا، هەرچەنـدە نکۆڵـی لـەوەش ناکـەن کـە تاوانـی کوشـتنی سـەعید ئاڵچـی بـە دەسـتی ئـەوان ئەنجامـدراوە. بۆیـە منیـش وایدەبینـم گێڕانەوەکـەی کاک مەسـعود بارزانـی، وەکـو شـاهێدحاڵێکی ڕووداوەکـە، زۆر نزیکـە لـە ڕاسـتییەوە.

١١٢.لـە (نامـەی کۆمەڵەکـە وەرگیـراوە کـە بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان نێـردراوە) ژمـارە سـێی گۆڤـاری (Kurdistan).

١١٣.سـامی عەبدولڕەحمان لەگـەڵ پۆلێـک لـە تێکۆشـەرانی گەلەکەمـان لـە کردەوەیەکـی تیرۆریسـتیی هـەردوو بـارەگای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە ١ی شـوباتی سـاڵی ٢٠٠٤ شـەهید کـرا. کـۆی شـەهیدانی ئـەم کـردەوە تیرۆریسـتییە گەیشـتە ١٠١ شـەهید و بریندارکردنـی ٢٤٦ کـەس.

١١٤.بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بگەڕێـوە بـۆ لاپـەڕە ٤٧٣ی ئـەم کتێبـە، بەشـی شەشـەم، (بەشـی بەڵگەنامـەکان، بەڵگەنامـەی ژمـارە (١).

١١٥.بەنێوەندگیـری سـەرۆکی جەزائیـری، هـەوار بومدیـەن و چەندیـن دیـداری نێـوان بەرپرسـانی هـەردوو ڕژێمـی عێـراق و ئێـران، ئـەم ڕێککەوتنامـە شـوومە لەنێـوان محەمـەد ڕەزا پەهلـەوی شـای ئێـران و سـەدام حوسـێن کەسـی دووەم بـە ڕووکـەش و کەسـی یەکەمـی ڕژێمـی عێـراق بـە پراکتیـک. لـە (٦)ی ئـاداری ١٩٧٥ لـە پەراوێـزی

کۆنگـرەی وڵاتانـی ئۆپیـک ڕێککەوتنامەیـەک ئیمزاکـرا. ئامانجـی یەکـەم و سـەرەکیی ئـەم ڕێککەوتنـە، هەرەسـپێهێنانی شۆڕشـی کـورد بـوو لـە باشـووری کوردسـتان، بەپێـی ڕێککەوتننامەکـەش ڕژێمـی عێـراق دەسـتبەرداری (شـەتولعەرەب) و چەنـد ناوچەیەکی وشـکانی بـوو، هەروەهـا دەسـتبەرداری داگیرکردنـی ئـەو سـێ دوورگەیـە بـوو کـە هـی ئیماراتـی عەرەبیـی یەکگرتـوون و ئێـران داگیریکـردوون و دەکەونـە کەنـداوی عەرەبـی. لەبەرانبـەردا شـای ئێـران هەمـوو جـۆرە هاوکارییەکـی لـە شۆڕشـی کـورد بـڕی و ڕێگەی بـە سـوپای عێـراق دا لـە بەشـی باکـووری وڵات بـە هاوکاریـی سـوپای ئێـران لەپشـتڕا لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە بـدەن. هەروەهـا لـە بڕگەیەکـی ڕێککەوتننامەکـەدا هاتـووە: سـنووری هـەردوو وڵات بـە ڕووی چالاکییەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن دابخرێـت. پاڵنەرەکانـی شـای ئێرانیـش بـۆ مۆرکردنـی ڕێککەوتننامەکـە، بەکارهێنانـی کـوردی باشـوور بـوو بـۆ بەکارهێنانیـان وەکـو کارتێکـی گوشـار بـۆ دەسـتکەوتنی زۆرتریـن سازشـکردن لەنێـوان ئـەوان و ڕژێمـی عێراقـدا. تەنانـەت یەکێـک لـە بەرپرسـانی ئەوسـای ئێـران لـە لێدوانێکیـدا گوتوویەتی:"ئێمـە وەک هەڵێکـی دووبارەنەبـووەوە مامەڵـە لەتـەک یاخیبوونـی کـوردی عێراقـدا دەکەیـن، وێـڕای ئەمـە و بەهـۆی کەمینـەی کـوردی ئێـران و بەهـۆی پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ تورکیـا، ناتوانیـن بـە ئاشـکرا پشـتگیریان بکەیـن، ئێمـە حـەز ناکەیـن یاخیبوونەکەیـان پەرەبسـێنێ، بۆئـەوەی دەوڵەتێکـی گـەورەی کـوردان دانەمەزرێت...."هەروەهـا بەرپرسـێکی دیکـەی ئێرانـی گوتوویەتی:"ئێمـە لەگـەڵ بەردەوامیـی بڵێسـەی یاخیبوونـی کـوردی عێراقدایـن، بـە مەرجێـک ئـەو بڵێسـەیە نەبێتـە ئاگرکەوتنەوەیەکـی گـەورە.". چەندجارێکیـش ئێـران دەسـتی بەسـەر ئـەو چەکانـەدا گرتـووە کـە بـۆ شۆڕشـگێڕانی کـورد نێـردراون. سـەرکردەکانی شۆڕشـی کـورد، هەرگیـز متمانەیـان بـە ڕژێمـی ئێـران نەبـوو و لـە سـاڵی ١٩٦٥ەوە ئـاگاداری پەیوەندییەکانـی عێـراق و ئێرانـن، بـەڵام ئـەوکات ناچاربـوون مامەڵەیـان لەتەکـدا بکـەن، چونکـە ئێـران تاکـە دەریچەیـەک بـوو کـە هاوکارییـە دەرەکییەکانـی لەوێـوە بۆببێـت، بەڵگـەی ئـەم قسانەشـمان گوتەکـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد، سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە بـۆ بارزانـی:".... ئێـران پێیانخۆشـە هـەر ئەوەنـدە بەهێـز بیـن کـە شـەڕی عێراقییـەکان بکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا حـەز دەکـەن لاوازبیـن کـە نەتوانیـن سـەرکەوتن بەدەسـتبێنین، بارزانیـش بۆچوونەکـەی ئیبراهیـم ئەحمـەدی پەسـندکرد".

١١٦. کە پرسیارم کرد، پییانگوتم بەدووری نازانن ئەو بەیاننامەیە نوێنەری باڵی دکتۆر شڤانی پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا ئیمزای کردبێت. لە نووسینێکیشدا کە ئاماژە بە دامەزرێنەران و ناکۆکییەکانی حزب دەکات بە زمانی کوردی، نووسەر زنار سۆران ناوی باڵەکەی دکتۆر شڤان بەم شێوەیە دەهێنێت. (پارتی دیموکراتی کوردستان - تورکیا). بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ پەراوێزی تایبەت بە وردەکاریی کوشتنی سەعید ئالچی، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا.

١١٧. ڕەشۆ زیلان پێیڕاگەیاندم: پێدەچێت چەند کەسێک لە کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەکە، بە مام جەلالیان گوتبوو: ڕەشۆ زیلان کاریگەریی لەسەر کوردی کوردستانی باکووردا هەیە - مەبەستی ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا بەشداربوون- بۆیە لەلای سەکۆی هۆڵەکە هاتەپێش و چرپاندییە گوێم و گوتی:"کاکە ڕەشۆ خیانەتێک کراوە و ... پێمگوت: من ڕێزێکی تایبەتت دەگرم، بەڵام کاتێک باس لە (خیانەت) دەکەی، مافی خۆمانە بپرسین: ئەدی ئێوە لە ساڵی (١٩٦٦) لە بەغدا چیتان دەکرد؟ زۆر بێزار بوو و بەبێ ئەوەی ورتەی لێوەبێت، بەجێیهێشتم".

١١٨. تاریق ئاکرەیی دەڵێ: کاتێک ئەم میوانانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و پێش دەستپێکی ڕێوڕەسمی کۆنگرەکە و لە ئەنجامی هەستیاریی ناکۆکییەکان، داوا لە مام جەلال کرا دەبێ ئەمانە پابەند بن و ئاژاوە نەنێنەوە و پرسە نێوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەوروژێنن و هێرش نەکەنە سەر سەرکردەکانی شۆڕش، ئەویش هاوڕای ئەمەی دوایی بوو، بەڵام پاش ئەوەی یەکێک سنوور دەبەزێنێت، مام جەلال پاکانەی بۆدەکات و دەڵێت ئەو ئاگای لە وشەکانی خۆی نەبووە.

هێزە عێراقییەکان بریتی بوون لە: حزبی بەعسی عێراق، بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی و حزبی شیوعیی – قیادەی مەرکەزی.

١١٩. بەپێی ئەو قسانەی فەوزی ئەسعەد بۆی گێڕاوینەتەوە، ڕێکخراوی ئەم حزبە بە کشانەوە لە کۆنگرەکە نەوەستان، بەڵکو پێشوەختە بەیاننامەیەکی ئامادەکردووە و تێیدا هێرشکرابووە سەر سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و بە وشەی نەشیاو وەسفیان کردبوو و بەیاننامەکە بەسەر چەند ئەندامێکی کۆنگرەکەدا دابەشکرابوو. تەنانەت یەکێک لە هاوڕێیانیان ڕەتیکردبووەوە بەیاننامە دابەش بکات، چونکە لەگەڵ

ناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا نەبوو، بەڕپرسی ڕێکخراوی ئەوڕوپای حزبی نێوبراو ... هەڕەشەی دەرکردنی لە هەر هەڤاڵێک کردبوو کە بەیاننامەکە بڵاونەکاتەوە.

١٢٠. بەشێکی کەمی ئەو کەسانەی لە کۆنگرەکە کشابوونەوە، بەهۆی ئەو بێزاری و بێئومێدییە بوو کە کوردی تێکەوتووە، بەهۆی نسکۆی لەناکاوی شۆڕشی کورد بەپێی ڕێککەوتنامەی (٦)ی ئاداری شوومەوە. واتە ئەم ئەندامانە چوونەوە ماڵ و لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا نەچوون کە دواجار کۆمەڵەی (ئەکسا- Aksa)یان دامەزراند. لایەنگرانی ڕەوتەکەی بارزانیش دەڵێن کۆی ئەو ئەندامانەی لە کۆنگرە کشانەوە، ژمارەیان لە (٤٠)کەس زیاتر نەبوون، لایەنگرانی حزبی شیوعیش تەنیا بە نوێنەر و چاودێرانیان بەشداربیان لەم کۆنگرەیەدا کرد، واتە ئەندامەکانیان بەشدار نەبوو.

١٢١. ئەلیکسەندەر فۆنشتێرن بێرگ Alexander Von Sternberg- نازناوی هونەرییە و ناوە ڕاستەقینەکەی (Gunter Spohr)ە و کەسایەتییەکی ئەڵمانیایە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٢ە. هەموو ژیانی خۆی بۆ داکۆکیکردن لە کێشەی کورد تەرخانکردبوو. بەشداریی لە زۆربەی کۆنگرە و چالاکییەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی دەکرد لە ئەوڕوپا و بۆنەکانی کوردی دەکرد. ڕاوێژکاری دڵشاد میرانی، نوێنەری هەرێمی کوردستان بووە لە ئەڵمانیا هەتاکو ڕۆژی مردنی لە ٢٦ی شوباتی ٢٠١٦. لە ١٤ی نیسانی ٢٠١٦ نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان ڕێوڕەسمێکی شایستەی بۆ یادکردنەوەی ئەو کەسایەتییە سازکرد. زۆرم هەوڵ دا پێش مردنی، چاوم پێیبکەوێت، بەڵام ڕێکنەکەوت.

١٢٢. لەپاش ڕێککەوتنامە شوومەکەی (٦ی ئاداری ١٩٧٥) کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی کوردان بە ڕابەرایەتیی سەرکردەی نیشتمانی مستەفا بارزانی، کۆمەڵێک لە شۆڕشگێڕانی دێرینی شۆڕش بیریان لە دامەزراندنی حزبێکی نوێی بەرەیی کردەوە تاکو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات و ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکاتەوە کە کوردی تێکەوتبوو -بەبۆچوونی ئەوان- بە سێ دانیشتنی گرنگ دامەزراندنی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی لێکەوتەوە. یەکەمیان لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە ١١ی نیسانی ١٩٧٥ لە ماڵی کۆچکردوو عەزیز شەمزینی، دووەمیش لە ٢٤ی ئایاری ١٩٧٥ لە دیمەشق و سێیەم لە بەرلینی

ڕۆژئاوا لە کۆتایی ئایاری ١٩٧٥. ئەو کەسانەی بەشداریی کۆبوونەوەکانیان کردبوو، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، عادل مووراد، لەتیف ڕەشید، جەلال تاڵەبانی، عەزیز شەمزینی، عومەر شێخموس، عەبدولڕەزاق فەیلی کەمال فوئاد، حەسەن محەمەد عەلی، ئەرجومەند سدیق، دڵشاد ئەحمەدی، نەوشیروان مستەفا، ڕەسوڵ مامەند، فوئاد مەعسووم و چەند کەسێکی تر بوونە. لەوێ مام جەلال بە ئەمینداری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا.

یوسف زۆزانی، هۆکاری ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حزبەکەی لە دیمەشق بۆ ڕوونکردینەوە کە ئاخۆ ئەمە پەیوەندیی بە ناکۆکیی ئەوکاتی بەعسییەکانی عێراق و سووریاوە هەبوو کە هێندێک وای بۆدەچوون؟! ئەو دەیگوت:"هەروەک دەزانن پاش نسکۆی شۆڕش لەدوای ڕێککەوتننامە شوومەکەی (٦ی ئادار)ی نێوان ڕژێمی عێراق و ڕژێمی شا، شۆڕشگێڕانی کورد بەسەر دەوڵەتاندا پەرتەوازە بوون، بەشێکیان کە نیشتەجێی دیمەشق بوون، پەیوەندییان بە مام جەلالەوە کرد کە ئەوکات ئەویش نیشتەجێی ئەوێ بوو و باسی دامەزراندنی حزبێکی نوێیان لەگەڵدا کرد، لە کۆتاییدا ڕێککەوتن و بەردی بنەغەکەیان دانا (پرۆگرام و بەرنامە و بەیاننامەی دامەزراندن). بەڵام مام جەلال پێیگوتن هەتاکو چەند کەسێک هەیە لە دەرەوە، چاوم پێیان دەکەوێ، بەیاننامەکە بڵاونەکەنەوە. ئەو کەسانەی مەبەستی بوو بیانبینی بریتی بوون لە: کەمال فوئاد، حەسەن محەمەد عەلی و چەند کەسێکی دیکە. مام جەلال بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئەڵمانیای کرد و ئەوانی لەوێ بینی. پاش چەند دەستکارییەکی بەرنامە و بەیاننامەکەی دامەزراندن لەلایەن کەمال فوئاد و کەسانی دیکە، بە پێشنیازەکە ڕازی بوون، پاشان دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان ڕاگەیاند و هیچ دەزگایەکی میدیایی، بێجگە لە ڕادیۆی دیمەشق، هەواڵەکەی بڵاونەکردەوە و ئەم پرسە هیچ پەیوەندییەکی بە ناکۆکییەکانی نێوان بەعسییە عێراقی و سووریاییەکانەوە نەبوو ....".

پاش ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنی ئەم حزبە نوێیە، هەریەک لە (دەستەی کارگەرانی کوردستان) و (بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان) هاتنە نێو ڕیزەکانی یەکێتییەوە. لە ساڵی (٢٠٠٩)شدا نەوشیروان مستەفا لە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جودابووەوە، پێشتریش دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاندبوو و بزووتنەوەی (گۆڕانی)ی ڕاگەیاند. لە بەشی سێیەمی ئەو دیمانەیەی کەناڵی ئاسمانیی (ڕووداو) لە بەرنامەی (پەنجەمۆر)دا کە ڕۆژنامەوان (کاوە ئەمین) پێشکەشی دەکات و لە ٩ی تەموزی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە، عومەر شێخموس دەڵێت: بە پێشنیازی من پاشناوی (نیشتمانی) لە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانراوە کە پێشتر ناوەکە بەم شێوەیە بوو: یەکێتیی ناسیۆنالیستی کوردستانی.

١٢٣. دەقی بەیاننامەکە لە بەشی پێنجەم، بەڵگەنامەکان بە بەڵگەنامەی ژمارە (١٢) بڵاوبووەتەوە.

١٢٤. لە عومەر شێخموسم پرسی: کێ پێشنیازی ناوی (کوردستانی) لەجیاتی (کوردی) لە ناوی (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە تاراوگە) ناوە؟ گوتی:"ئەمە ڕای تەواوی ئامادەبووان بوو و پێشنیازی تاکە کەسیی کەس نییە".

١٢٥. یەکەمین پریشکی جەنگی دووەمی جیهانی لە (١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٩) لە نێوان دوو میحوەری نێودەوڵەتیی سەرەکیدا دەستپێکرد، یەکەمیان بە وڵاتانی میحوە ناونرا و بریتیبوون لە: ئەڵمانیا، ژاپۆن، ئیتاڵیا، ڕۆمانیا، بولگاریا، هەنگاریا، میحوەری دووەمیش (١٧) دەوڵەتی لەخۆدەگرت کە ناونرا وڵاتانی هاوپەیمان کە پێشەنگیان فەڕەنسا، ڕووسیا، ئەمەریکا، بەریتانیا، چین، پۆڵەندا کەنەدا و ئوسترالیا بوو.

ئەم جەنگە، بە گەورەترین ململانێی چەکداریی نێودەوڵەتی دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پڕ تێچووترین جەنگیش بوو، چونکە ڕووبەری بەرەکانی شەڕی تێدا زۆر بەرفراوان و هەمەجۆر بووە و (١٠٠)ملیۆن جەنگاوەر بەشداربیان تێدا کردووە و نزیکەی (٦٠)ملیۆن سەرباز و کەسانی سڤیلی تێدا کوژراوە کە یەکێتیی سۆڤیەت پشکی شێری کوژراوانی بەردەکەوێت و بەتەنیا (٢٠) ملیۆن کەسی کوژراوە.

جەنگەکە بە خۆڕادەستکردنی ژاپۆن لە (٢ی ئەیلوولی ١٩٤٥)دا کۆتاییهات کە پێشتر ئەڵمانیاش خۆی ڕادەست کردبوو و کرابووە دوو لەتەوە: ئەڵمانیای فیدراڵ (ڕۆژئاوا) و ئەڵمانیای دیموکرات (ڕۆژهەڵات). واتە شەڕەکە شەش ساڵ و یەک ڕۆژی خایاندووە.

شەڕەکە لەکاتی فەرمانڕەوایەتیی ناودارترین سەرکردە و فەرماندەکاندا هەڵگیرسابوو: ئەدۆڵف هیتلەر(ئەڵمانیا)، بینیتۆ مۆسۆلۆنی (ئیتاڵیا)، هیرۆ هیتۆ (ژاپۆن)، جۆزێف ستالین (یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو)، فرانکلین ڕۆزفێلت (ئەمەریکا، وینستن چەرچڵ (بەریتانیا)، شیانگ کای شیک (چین)، فیلیپ بیتان و شارڵ دیگۆل (فەڕەنسا).

١٢٦.هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە (١٢) وڵات پێکهاتووە: ئەمەریکا، ئینگلتەرا، فەڕەنسا، بەلجیکا کەنەدا، دانیمارک، ئایسلەندا، ئیتاڵیا، لۆکسمبۆرگ، نەرویج و پورتوگال. لە شوباتی ساڵی (١٩٥٢)شدا هەریەک لە: تورکیا و یۆنان، لەئایاری (١٩٥٥) ئەڵمانیای فیدراڵ هاتنە نێو ناتۆوە و لە ئێستادا (٢٨) وڵاتن، دوای ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا چەند وڵاتێکی هاوپەیمانی (وارسۆ) هاتنە نێو ناتۆوە، بۆمونە: ڕۆمانیا، ئەلبانیا، هەنگاریا، پۆڵۆنیا، سلۆڤاکیا.

وارسۆش کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە پاش ڕووخانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی شیوعییەت و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هەڵوەشاوەتەوە، لە ساڵی (١٩٥٥) لە (٨) وڵات پێکهاتبوو: یەکێتیی سۆڤیەت، پۆڵۆنیا، ئەڵمانیای دیموکرات، چیکۆسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، بولگاریا، ئەلبانیا و هەنگاریا.

١٢٧.ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کورد پێش پێکهێنانی ڕێکخستنە سیاسییەکانیان بۆ ڕزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاران و ستەم و دوواکەوتوویی، چالاک نەبوونە، کورد دەیان ڕاپەڕین و شۆڕشیان لەپاش یەکەمین پرۆسەی دابەشکاریی وڵاتیان بەرپاکردووە. وەک ڕاپەڕینی بەدرخانییەکان لە ساڵی (١٨٤٨) و ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) و ڕاپەڕینەکانی ئیسماعیل ئاغا سمکۆ (١٩٢٢- ١٩٢٤- ١٩٢٩- ١٩٣٠) کە بە ناهەق شەهیدکرا و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٩) و ڕاپەڕینی ئارارات (١٩٢٦- ١٩٣٠) بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری پاشا و ڕاپەڕینەکەی دیرسیم (١٩٣٧) بە سەرۆکایەتیی سەید ڕەزا. جا ئەگەر ئاماری ژمارەی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە بکەین کە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامن، دەبینین کورد لە هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە بە ڕووی داگیرکەردا ڕاپەڕیون و زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەیان ڕەتکردووەتەوە و قوربانییان لەپێناودا داوە، جۆرەها دەردەسەرییان لە ڕێگەی ئازادی و بەدەستهێنانی شکۆی مرۆیی و نەتەوەییان چەشتووە.

١٢٨.عوسمانییەکان، عەبدولڕەزاق بەدرخانیان لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری مووسڵدا دەستگیرکرد و پاش ماوەیەکی کورت گوللەباران کرا، دوژمنان جێگەی شاردنەوەی تەرمەکەشیان شاردەوە، نەبادا کورد بیکاتە مەزارێک و یادی بکەنەوە.

١٢٩.لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، پیاوماقوولانی کورد لە قوستەنتینیە و کۆمەڵەکانی کورد، نموونەی کۆمەڵەی تەعالی کورد بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادر، کۆمەڵەی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمین عالی بەدرخان، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سورەییا بەدرخان، شێخ مەحمودی حەفید و سەرۆک هۆزەکانی دیکەی کورد لە سلێمانی، شەریف پاشایان بە نوێنەری خۆیان هەڵبژارد بۆئەوەی لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرایەتییان بکات و خواستەکانی کورد بخاتە بەردەم ئامادەبووانی کۆنگرەکە.

لەلای خۆشیەوە، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، ژمارەیەک یاداشتی بۆ جەمسەرەکانی کۆنگرەی ئاشتی نارد. یەکەمیان لە (٢٢ی ئاداری ١٩١٩) بە زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ هاوپێچکردنی نەخشەی کوردستان و تێیدا دەڵێت:"... هەموو شتێک بەپێی پرەنسیپەکانی ولسۆن، پاڵپشتیی گەلی کورد دەکات لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئازاد بۆ کورد ... ناڕەزایی توندی خۆمان دەردەبڕین لە ئاست پڕوپاگەندەکانی ئەرمەن دژی کوردستان کە پێویستە کورد لەو سنوورەدا بێت کە لە نەخشەی هاوپێچدا دیاریکراوە ... دواجار داوای ئەو سەربەخۆییە دەکەین کە یاسا دیاریدەکات و دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ خەبات لە کاروانی پێشکەوتن و شکۆداری، بۆ وەبەرهێنانی سامانی وڵات و ژیانێکی ئارام لەگەڵ دراوسێکانماندا.".

یاداشتنامەی دووەمیشی لە (٢٩ی تەمووزی ١٩١٩) ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئەوسای بەریتانیا کرد کە ناوی سێر لمفۆر بوو و تیایدا هاتبوو:"ژیری و داناییە ئەگەر دان بە کوردستانێکی ئازاد بنرێت و حکومەتێکی مەرکەزیش دابمەزرێت و تەواوی مافەکانی سەرکردەکانی کورد لە ناوچەکانی خۆیاندا دەستەبەر کرابن. ئەم شێوازەش وەڵامدانەوەی ئەو سیاسەتە تەقلدییەیە کە حکومەتی بەریتانیا لە هەموو ئان و ساتێکدا پێیدەناسرێتەوە .... و لە دیدگای مرۆڤایەتی و لەپێناو بەرژەوەندیی سیاسەتی کوردستان و بۆ بەرژەوەندیی ئینگلتەراش، وەها دەخوازێت کە ئاسانکاری پێشکەش بکرێت لەپێناو دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی کە بەڕێوەبردنێکی نیشتمانی بەدیدێنێت.".

یاداشتنامەی سێیەمیش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١ی ئاداری ١٩٢٠) کە بۆ ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی بە زمانی فەرەنسی بەرزیکردبووەوە لەگەڵ هاوپێچکردنی نەخشەیەکی کوردستان، ئەمەش بەشێکی ئەم یاداشتنامەیەیە:"... دەرهاویشتە مێژوویی و نەتەوەییەکان دەیسەلمێنن ناکرێت ئەم نیشتمانە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە لەیەک دابڕدرێت و بخرێتە ژێر دەسەڵاتێکی دیکەی غەیرە کورد (وەک ئاماژەیەک بۆ مەرامی وڵاتانی هاوپەیمان بە دابڕینی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان و دواتر بخرێتە سەر دەوڵەتی ئەرمینیا کە بڕیارە پێکبهێنرێت -نووسەر) ... ناکرێ دابەشکردنی سامانی سروشتیی کوردستان ببێتە بیانووی دابەشکردنی نیشتمانەکە و بخرێتە ژێر چەند دەسەڵاتێکی جیاوازەوە .... کوردستان، نیشتمانێکە و بەشناکرێت ... لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمینیاش داوای کردنەوەی دەریچەیەک لەسەر دەریای قەزوین و دەریای ناوەڕاست دەکەین بۆ کوردستان بۆ کارئاسانیی هەناردەکردنی سامانی سروشتیی کوردستان، تکامان لە کۆنگرەی ئاشتی ئەوەیە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی پێکبهێنێت بۆ دیاریکردنی سنووری‌کان بەپێی پێوەرە نەتەوەییەکان و هەموو ئەو ناوچانەی کورد زۆرینەیان پێکدەهێنێت، بخرێتە سەر کوردستان.". لە کتێبی (القضية الكوردية في المؤتمرات الدولية)ی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید مستەفا وەرگیراوە.

١٣٠. ئەمە یەکەمین پەیوەندیی جەنەڕاڵ شەریف پاشا نەبوو بە بەریتانیا، لە ساڵی (١٩١٤)ش پەیوەندیی کردووە و خواستەکانی گەلی کوردی پێڕاگەیاندوون کە بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ.

١٣١. ڕۆجێە لیسکۆ: ڕۆژهەڵاتناس و دیپلۆماتکاری فەرەنسی. پسپۆڕە لە ئەدەبیاتی نوێی فارسی و ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی. کاتێک نیشتەجێی دیمەشق و بەیرووت دەبێت، پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی کوردی ئەوێ پەیدادەکات، لەوانەش جەلادەت بەدرخان و دکتۆر کامەران بەدرخانی بۆای. ژمارەیەک بەرهەمی بڵاوکراوەی لەسەر ئەدەبی فارسی و کوردیدا هەیە، لەوانەش ئەو کتێبەی بەمدواییە لە باشووری کوردستان بەناوی"ئەدەبیاتی کوردی"بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە لە ساڵانی نێوان (١٩١٤-١٩٧٥)دا ژیاوە.

١٣٢.دکتۆر عیسمەت وانلی لە یاداشتنامەکەیدا کە لە ساڵی (٢٠١٤) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە ناوی کەسێکی تر نادات کە لە شاندەکەی (یاڵتا) بێت کە ئاخۆ بەتەنیا بووە یاخود کەسێکی تری لەگەڵدا بووە. هەر بە گوتەی وانلی، نوێنەری ڕێکخراوی یۆنسکۆش بەشداریی لەم کۆنگرە جیهانییەدا کردووە. دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنفرانس ناوی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپای لە لیستی (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا) ناوبردووە، نەک وەک ڕێکخراوێکی قوتابیانی نیشتمانی کە نوێنەرایەتیی گەل و وڵاتێک بکات کە ناوی (کوردستان)ە، هەروەکو ڕێکخراوە بەشداربووەکانی دیکە کە دکتۆر عیسمەت ئەمەی ڕەتکردووەتەوە، بەڵام ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە سووربوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان.

سەبارەت بە (یاڵتا)ش: کۆماریێکی ئۆتۆنۆمییە و لە چوارچێوەی کۆماری ئۆکرانیایە و پایتەختەکەی (سیمفرۆیل)ە کە ناوچەیەکی کەناراویی گەشتیاریی زۆر خۆشە و دەکەوێتە نیمچە دورگەی قرم کە لە ساڵی (٢٠١٤) ڕووسیا خستیە سەر خاکی خۆی.

١٣٣.ئەم شاهێدییە لەسەر زاری یوسف زۆزانییەوە دراوە، لەکاتی لێدوان لەسەر عەبدولحەمید دەرویش لە لاپەڕە (٢٢٣- ٢٢٤)ی بەشی یەکەمی کتێبی"عبد الحمید درویش في الذاکرة الوطنیة - شهادات و آراء".

لە ساڵی (١٩٦٧)دا عەبدولحەمید دەرویش سەردانی وڵاتی یۆگسلاڤیای کرد و دانەیەکی لە کتێبە بەدناوەکەی"دراسة عن محافظة الجزیرة من النواحي القومیة الاجتماعیة السیاسیة"ی ملازمی یەکەم محەمەد تەلەب هیلال، سەرۆکی هۆبەی سیاسیی حەسەکە لە ساڵی ١٩٦٢ بڵاویکردبووەوە و بە ڕوون و ئاشکرا و بەبێ پێچوپەنا داوای پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرست و شۆڤینییانە و سڕینەوەیان لە سەر خاکی سووریا دەکات دەرهەق بە نەتەوەی کورد. کە هەموو ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی سووریا و بەتایبەتی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار، تەواوی پێشنیازەکانی هیلالیان کردە سیاسەتی فەرمیی وڵات و ورد و درشتی پێشنیازەکانی ئەویان پەیڕەو دەکرد.

ئامانجی دەرویش لە هێنانی ئەم کتێبە بۆ ئەورۆپا ئەوەبوو وەربگێڕدرێت و بەسەر ڕای گشتیی ئەورۆپا و جیهانی بڵاوبکاتەوە. ئەوەبوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی کتێبەکەی وەرگێڕایە سەر هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و لەلایەن

کۆمەڵە و لقەکانی کۆمەڵەکە زۆر بە فراوانی لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپادا بڵاوکرایەوە و گەیەنرایە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامە و گۆڤار و سیاسەتوانان، بۆئەوەی ئاشنای سیاسەتی نەژادپەرستی و تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکان بن لەچوارچێوەی دامەزراندنی پشتێنەی نیشتەجێکردنی عەرەبی کە ئامانجی جیاکردنەوەی کوردی ئەم بەشەی کوردستان بوو لە برایانی بەشەکانی تری کوردستان. ئەمەش شانازییەکە بۆ هەریەک لە حەمید دەرۆێش و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی هەژمار دەکرێت.

١٣٤. ئەم پێشنیازە نەدرایە کۆنگرەی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) بەهۆی گوشاری ڕێکخراوەکانی خوێندکاران لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەروەها ڕێکخراوەکانی قوتابیانی حزبی شیوعی لە هەریەک لەو وڵاتانەدا.

١٣٥. هەژی گوتنە زۆرینەی ئەو گفتوگۆیانەی لەو سیمینارەدا دەکرا و سەرجەم ئەو بڕیارانەی دەدران، لە نامیلکەیەکدا بە زمانی ئینگلیزی چاپەکران و بەسەر گشت ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی جیهاندا دابەش دەکرا. بەڵام ئەو بڕیارەی تایبەت بوو بە کورد و پشتگیریکردنی مافەکانیان، نەمانتوانی لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەدا بیدۆزینەوە و دەستمان نەکەوت.

١٣٦. تاریق ئاکرەیی و چەند چالاکوانێکی کۆمەڵەکە، پێیانڕاگەیاندووم: هەڵوێست و مامەڵەی وڵاتانی سۆشیالیست سەبارەت بە کێشەی کورد بە گشتی -هەڵوێستیان سەبارەت بە کۆمەڵەکە و چالاکییەکانیشیانەوە- وەک یەک نەبوو، هەڵوێستی دەوڵەتێکی وەکو ڕۆمانیا و تاڕادەیەکیش چیکۆسلۆڤاکیا پشتگیریی کێشەی نەتەوەیی کوردیان دەکرد، بەتایبەتی ڕۆمانیا کە سیاسەتێکی دەرەکیی لیبراڵیی پەیڕەو دەکرد کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ڕەوتی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆشیالیستیدا نەدەگونجا.

١٣٧. قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی) لە یاداشتنامەکەیدا کە بە ناوی (في سبيل كوردستان"أو"مسألة كوردستان") بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:"پاش ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پێشنیازی خۆی، شاندێک بە ناوی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان پێکهێنرا بۆ سەردانی کۆمارە تازە دامەزراوەکە

بکـەن و پەیوەندییەکـی برایانـە لەگـەڵ سـەرکردەکانی ئـەو کۆمـارە دابمەزرێنێـت. ئەوەبـوو شـاندەکە بـە ئامادەبوونـی خـۆی چەنـد جارێـک چاویـان بـە قـازی محەمـەد کـەوت و پیرۆزبایـی کـوردی ڕۆژئـاوای پێگەیانـدن و داوای پشـتیوانیکردنی کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانی لێکـرد، بۆئـەوەی ئەوانیـش لەژێـر چەوسـاندنەوە و زوڵمـی سـتەمکاران ڕزگاربـن و دەوڵەتـی سـەربەخۆی خۆیـان دابمەزرێنـن.

سـەبارەت بـە چۆنیەتیـی گەیشـتنی قـەدری جەمیـل پاشـا بـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەشـداربوونی لـە ڕێوڕەسـمی ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتانی دیموکرات، لەو پێشـەکییەی کـە پرۆفیسـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ بـۆ وەرگێڕانـە عەرەبییەکـەی یاداشـتەکانی قـەدری جەمیـل پاشـا (زنـار سـلۆپی) بەناونیشـانی (مسـألة کوردسـتان) نووسـیویەتی:"... پـاش شۆڕشـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٥٨ لـە دیمەشـق گەڕامـەوە کـە وەک خوێنـدکار و پەنابەرێـک لـەوێ بـووم، قـەدری بـەگ نامەیەکـی پێـدام، تـا بیگەیەنمـە دەسـت شـێخ لەتیفـی حەفیـد (کـوڕە بچووکەکـەی شـێخ مەحمـوود حەفیـدی بەرزنجـی) نامەکـە، کارتۆنێکـی دیمەشقیشـی لەگەڵـدا بـوو ..... کارتۆنەکـە دیاریـیەک بـوو گەیاندییـە دەسـت (شـامواراد)، .... کـە گەیشـتمە سـلێمانی و سـەردانی شـێخم کـرد، نامەکـەم دایـە دەسـتی و پرسـیاری خـاوەن ئـەو نامەیـەم لێکـرد، گوتـی: ئەمـە لـە پیاوانـی خۆمانـە و لـە هـۆزی کۆچەریـی (بورکەبـی)ی کوردییـە و پێکەنـی، ئینجـا ستایشـی وەفاداریـی قـەدری بەگـی کـرد و پرسـیاری لێکـردم: ئـەو هیـچ شـتێکی لەبـارەی گەشـتی مەهابـاد بـۆ باسـکردووی، وەڵامـم دایـەوە: نەخێـر، ئینجـا گوتـی: پـاش ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتان، قـەدری بـەگ سـنووری سـووریا-عێراقی بـە نهێنـی بڕیبـوو و خـۆی گەیاندبـووە مووسـڵ، لەوێشـەوە بـە هاوکاریـی یەکێـک لـە سـەرکردەکانی حزبـی (هیـوا) گەیشـتە سـلێمانی، داوایـان لەمـن کرد بیگەیەنمـە مەهابـاد. سەروسـیما سـەیرەکەی قـەدری بـەگ سـەرنجی کەسـانێکی ڕاکێشـابوو کاتێـک هاتبـووە سـلێمانی، بۆیـە ویسـتم ئـەم شـتە لـە دەرچوونمـان لـە سـلێمانی دووبـارە نەبێتـەوە و بـەرەو گوندەکـەی خۆمـان (سـیتەک) بەڕێکەوتیـن، ئـەوکات مـن هـەر چاودێریـم دەکـرد، جلوبەرگێکـی کۆنـی گوندنشـینانم لەبەرکـرد و سـواری گوێدرێژێکـم کرد و شـامرادم لەگـەڵ نـارد، پـاش ئـەوەی داوای لێبوردنـم لێکـرد کـە ئـەم جـۆرە جلوبەرگـە کۆنـەم کردووەتـە بـەری و ئـەو شایسـتەی ئـەم جلانـە نییـە، لـە دەرەوەی شـار بینیامـەوە و لـە ڕێـی شـارباژێڕەوە لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە پیاوانـی خـۆم، بـەرەو مەهابـاد بەڕێمخـستن".

١٣٨. چەند ڕێکخستن و دەستەیەکی دیکە هەبوون، نەهاتبوونە ڕیزەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بەتایبەتی ڕێکخستنی (کاژیک) کە دواتر لە کتێبێکی تایبەتدا ئاماژەیان بۆ دەکەین کە پەیوەستە بە ڕێکخراو و دامەزراوە و کۆمەڵە کوردییەکانی ئەوڕوپا.

١٣٩. دەقی نووسراوە گشتگیرکراوەکە لە بەشی شەشەم. (بە بەڵگەنامەی ژمارە ٣٦ لە بەشی بەڵگەنامەدا بڵاوکراوەتەوە.

١٤٠. هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردووە، کۆمەڵەکە خزمەتێکی گەورەی لە نزیککردنەوەی و لێکتێگەیشتنی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی کردووە، لە کاتێکدا لە پێشوودا لێکتێگەیشتنەکە کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، بۆئەوەی گرنگی ئەم بابەتە زیاتر ڕوون بکەینەوە ئەم نموونەیەتان بۆ دەخەمەڕوو: ڕۆژێکیان بەدیار بەرنامەیەکی سیاسیی کەناڵی (Rojhilat)ی کوردییەوە دانیشتبووم کە سەر بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەرنامەکە بە شێوەزاری سۆرانی پێشکەش دەکرا و میوانی بەرنامەکە سیاسەتمەداری ناسراوی کورد عومەر شێخموس بوو. زۆر بە لێهاتوویی بەو شێوەزارە دەدوا و من وامزانی خەڵکی سلێمانی یاخود کەرکووکە لە باشووری کوردستان، یاخود خەڵکی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە خەڵکی عامودای ڕۆژئاوای کوردستانە.

١٤١. لەکاتی بەشداربوونی حەمەڕەش ڕەشۆ لەم فیستیڤاڵەدا تێبینیی ئەوەی کردبوو ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکە، ئامادەباشییان کردووە بۆ وەرگێڕانی هەموو ئەو وتارانەی لە فیستیڤاڵەکەدا دەخوێندرێنەوە بە زمانی دایک، ڕاستەوخۆ وەریبگێڕنە سەر زمانی ڕووسی، تەنیا وتارە کوردییەکە نەبێت. بۆیە حەمەڕەش ڕەشۆ دەچێتە لای ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکە و ناڕەزایی خۆیان پێڕادەگەیەنێت و داوای کرد زمانی کوردیش بخرێتە ڕیزی ئەو زمانانەی کە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ڕووسی، چونکە کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی فەرمی داوەتی فیستیڤاڵەکە کرابوو، بۆیە ئەوان داوای لێبوردنیان لێکرد و پێیانگوت دەتوانیت وتارەکەتان بە یەکێک لە زمانەکانی تورکی یاخود ئەڵمانی بخوێنیتەوە، بەڵام حەمەڕەش پێداگری لەسەر داواکەی خۆی دەکات و پێیاندەڵێت: یان ئەوەتا لە فیستیڤاڵەکە دەکشێینەوە، یانیش زمانی کوردی بخەنە نێو ئەو زمانانەی وتاریان پێدەخوێندرێنەوە و وەردەگێڕدرێنە

سەر زمانی ڕووسی، بۆیە ئەوانیش بەناچاری بە بژاردەی دووەم ڕازی دەبن، کە حەمەڕەش ڕەشۆ لە خوێندنەوەی وتارەکەی بە زمانی کوردی دەبێتەوە، کۆمەڵێک لە قوتابیانی کوردی (کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو) لە دەوری کۆدەبنەوە و ئەوانیش لە چوارچێوەی شاندی قوتابیانی یەکێتیی سۆڤیەت ئامادە ببوون، لەوانیش پرۆفیسۆر زریە یوسف و پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و چەند کەسێکی تر دەبن، شادی و دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن و پێیدەڵێن: تا ئێستا تۆ لە کوێ بووی؟ بۆچی پێشتر تۆمان نەناسیوە؟!

ئامانج لە پێداگریی حەمەڕەش ڕەشۆ لە خوێندنەوەی وتارەکە بە زمانی کوردی، ئەوەبوو دەیویست بە ئامادەبووان بڵێت: زمانی کوردیش زمانی نووسین و دیاڵۆگ و زانستە لە دامەزراوە و کۆنگرە و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا و هیچی کەمتر نییە لە زمانەکانی تر و شێوەزارێک نییە لە زمانەکانی عەرەبی و تورکی، یاخود فارسی هەروەک دوژمنانی کورد بانگەشەی بۆدەکەن.

١٤٢. دەست لەکارکێشانەوەکەی لە کۆنگرەکەدا نەخوێندرایە هەتاکو عومەر گولک پێداگریی لەسەر خوێندنەوەی نەکرد - بەپێی گوتەکانی عومەر گولک- .

١٤٣. دکتۆر کامەران بەدرخان لە شاری لایبزیکی ئەڵمانی خوێندوویەتی و تێزی دکتۆراکەی لە ساڵی ١٩٢٦ بە سەرکەوتوویی پێشکەش کردووە و پلە زانستییەکەی وەرگرتووە، چەند دیراسەیەکی لەسەر زمانی کوردی پێشکەش کردووە و لەگەڵ کەسانی دیکەدا"سەنتەری دیراساتی کورد"یان لە پاریس کردووەتەوە.

١٤٤. پێمانگوترا خورشید ڕواندزی، لە پێش ساڵی (١٩٧٠) و دواتریش، یەکێک بووە لە هاوکارانی باڵیۆزخانەی عێراقی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. بەم خۆفرۆشییەی نەوەستا و هەوڵی هێنانی کەسانی دیکەشی دەدا بێن وەکو ئەو مامەڵە لەگەڵ باڵیۆزخانەی عێراقدا بکەن و هاوکاریان بن، حزبێکیشی دامەزراند بە ناوی (حزبی ڕزگاریی کوردستان).

هەڵبەت دواتر و بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٨٠)دا باڵیۆزخانەی عێراقی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، لە ڕێگەی خۆفرۆشێکی تری کوردەوە، هەوڵی چاندنی تەقەمەنیی لە شوێنی بەستنی کۆنگرەی (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی

وڵات – ئەکسا) دەدا کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەسترا. (لە بەشی پەیوەست بە ماوەی نێوان ١٩٧٥ – ١٩٨٩دا باسی وردەکاریی ئەم ڕووداوە دەکەین).

١٤٥. بەپێی ئامارێک کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە، ڕژێمی عێراق لە ڕیزبەندی هەشتەمی ئەو وڵاتانەدا دێت کە زۆرترین سامانی گەلی عێراقی لە ڕاگەیاندن و سیخوڕاندا خەرج دەکات. لە ساڵی (١٩٧٩) هاوڕێیەکم کە لە چیکۆسلۆڤاکیا دەیخوێند، بۆی گێڕامەوە زۆربەی قوتابیانی عێراق، بەتایبەتی غەیرە کوردەکانیان سیخوڕی ڕژێم بوون لە وڵاتانی ئەوڕوپا، هێندەی خەریکی کاری سیخوڕی بوون لەو وڵاتانە، ئەوەندە خەریکی خوێندنەکەیان نەبوون. بیهێنە بەر چاوی خۆت کە ڕۆژنامەی (الجماهیر) کە لەلایەن ڕژێمەوە دەردەکرا، ڕۆژانە سەعات (٩) یان (١٠)ی سەرلەبەیانی دەگەیشتە ژووری هەموو خوێندکارێکی عێراقی.

١٤٦. ڕاوێژم بەو کەسە پەیوەندیدارە کرد، بەڵام ئەو داوای لێکردم ناوی خۆی و هاوسەرەکەی نەهێنم.

١٤٧. ئەم هەڵسەنگاندنەمان تایبەتە بەو ماوەیەی لە تۆژینەوەکەماندا دیاریمان کردووە کە لە دامەزراندنەوەیە تا دەگاتە ساڵی (١٩٧٥) و نە بۆ پاش ئەم ماوەیە و نە بۆ پێش ئەوماوە دیاریکراوە دەشێت، بۆیە ئەم ڕوونکردنەوەیەمان بە پێویست زانی.

١٤٨. پارتی دیموکراتی کوردستان، تاکە حزبی گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستان نەبووە، بەڵکو ڕێکخستنی دیکەش هەبووە، بۆنموونە: ڕێکخستنی (کاژیک-کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتیی کورد) کە لە ساڵی (١٩٥٩) دامەزراوە. بەڵام نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە کاریگەرە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بگێڕێت و لەنێو بژاردەیەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانداقەتیس ببوو.

١٤٩. خالید بەکداش لە ساڵی (١٩١٢) لە گەڕەکی کوردی دیمەشقی پایتەخت لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٣٠)یەوە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی کردووە و لە ساڵی (١٩٣٣)دا پاش فوئاد شیمالی بووەتە سکرتێری گشتی حزبی شیوعیی لوبنانی سووری. و لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە هەتاکو ڕۆژی مردنی لە ٢٤ی تەموزی ساڵی ١٩٩٥ و لە دوای خۆی هاوسەرەکەی ئەو پۆستە پڕدەکاتەوە، پاشان ئەویش بۆ دکتۆر عەمار بەکداشی کوڕی دەستبەرداری ئەمینداری گشتیی

حزبەکە دەبێت، لەمەوە دەتوانین بڵێین بنەماڵەی بەکداش یەکێک بوونە لە دامەزرێنەرانی کلتووری میراتگری لە سووریا.

سەبارەت بە هەڵوێستی بەرانبەر کێشەی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا بەتایبەتی و سەرتاسەری پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، کاتێک دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوولم لە سلێمانی بینی چەند نموونەیەکی ئەرێنیی ئەو پیاوەی بۆ گێرامەوە و دەیگوت خۆم شاهێدیی ئەوە دەدەن بە پێچەوانەی ئەوەی دەگوترێت کە گوایە بەکداش هاوشێوەی ڕژێمی دەسەڵاتداری سووریا، نکۆڵی لە کێشەی کورد دەکرد لە سووریا و هیچ بایەخێکی بە کێشەی نەتەوەکەی خۆی نەداوە، نە لە سووریا و نە لە بەشەکانی تری کوردستان. داوام لە دکتۆر عیزەدینیش کرد کە ڕێگەم بدات ئەمە بڵاوبکەمەوە.

١٥٠.دکتۆر نووری شاوێس، پێیگوتم: ڕێکخراوی شیوعیی سووریا لە هەنگاریاش دەستیکردبووە دابەشکردنی بەیاننامەی ناڕەزایی تایبەت بەو ڕووداوە و لەقەد دیوارەکانی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانی زانکۆی بۆدابستدا هەڵدەواسی، ئێمەش بە شەوان لەگەڵ کاک عەدنان یونس دەماندڕین. ئەندامانی حزبی شیوعیی سووریا سکاڵایان لێکردین و ئیدارەی زانکۆکەیان تێگەیاند کە ئێمە لەپشت دڕاندن و لێکردنەوەی ئەو بەیاننامانەین و ئێمە کەسانی بۆرژوا و ناسیونالیست و تونەڕەوین و .... لەلایەن جێگری سەرۆکی زانکۆکەدا، هەریەکەمان بەجودا، لێپێچینەوەمان لەگەڵدا کرا. دواجار جێگری سەرۆکی زانکۆکە پێیگوتین: ئەمجارە چاوپۆشیتان لێدەکەین سەبارەت بەو کارانەی ئەنجامتان داوە، بەڵام دەبێ بەڵێنم پێبدەن جارێکی تر دووبارەی نەکەنەوە و وا باشترە خەریکی خوێندنەکەتان بن و بڕوانامەکانتان وەربگرن و بەو بڕوانامە خزمەتی دۆزی میللەتەکەتان بکەن و گوێنەدەنە ئەم کارە بچووکانە. پاش دوو ڕۆژی دیکە هەمان بەیاننامە لە دیوارەکان درانەوە، ئەمجارە خۆم نا، هەڤاڵێکی ترم ڕاسپارد بەیاننامەکان بدڕێنێ، خۆشم چوومە بەشە ناوخۆییەکی دیکەی خوێندکاران و ئەو شەوە لەوێ مامەوە، کە شیوعییەکان بە دراندنی بەیاننامەکانیان زانییەوە، لە من دەگەڕان و زانییان من ئەو شەوە لە کۆڵێژێکی تر ماومەتەوە، نەیانتوانی سکاڵام لەسەر تۆمار بکەن.

دەڵێن جارێکیان ڕۆژنامەوانێکی ئەوڕوپایی بە سەرسامییەوە لە شای ئێران دەپرسێت: ئێوە قوتابیانی ئێران دەنێرنە وڵاتانی ڕۆژئاوا و زۆربەیان دەبنە چەپخواز. شای ئێران لە وەڵامدا دەڵێت: ئەمە ئاساییە، چونکە ئەگەر گەنجان هەتاکو تەمەنی ٤٠ ساڵی نەبنە چەپخواز، مانای وایە ئەو گەنجە دڵی نییە، بەڵام پاش ٤٠ ساڵیی تەمەنی ئەگەر بە چەپخوازی مایەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو گەنجە عەقڵی لەدەستداوە.

هەر لەو بارەیەوە، ڕۆژنامەوانێک لە ویلی برانت، سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا دەپرسێت: کورەکەت لەگەڵ چەپخوازەکان بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا دەکات، تۆش باوکی ئەویت و لە حزبی سۆشیالیستی دیموکراتیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: چەند ساڵێک چاوەڕێ بن تا گەورە دەبێت، ئەوسا دەبێتە باشترین سۆشیالیستی دیموکرات، واتە پاش چەند ساڵێکی دیکە دەبێتە مرۆڤێکی واقعی و عاقڵمەند.

١٥١. ڕەشید حەمۆ: سیاسەتوان و ڕۆشنبیری ناسراوی کورد، لە گوندی هۆپکا لە ناوچەی عەفرین- کورداغ لە ساڵی (١٩٢٥) لەدایکبووە و بە پێشەنگی مامۆستا و خوێندەوارانی ناوچەکە هەژمار دەکرێت. لەسەر ئاستی گۆڕەپانی کوردی و کوردستانیدا ناسراوە. کاتێک حزبی شیوعیی سووریا، کێشەی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا پشتگوێخست، لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٥٥) لەگەڵ هەریەک لە: شەوکەت حەنان، محەمەد عەلی خەواجە و خەلیل محەمەد و چەند کەسێکی تر، ڕیزەکانی حزبی شیوعییان بەجێهێشت و لەگەڵ عوسمان سەبری، حەمزە نوێران و حەمید حاجی دەروێش (پارتی دیموکراتی کوردستان -سووریا) یان دامەزراند. چەند جارێکیش دەستگیر کراوە و خراوەتە بەندیخانەکانی ڕژێمی سووریا و نشینگەی زۆرەملێی بەسەردا سەپێنراوە، بە درێژایی تەمەنی سەرقاڵی کێشەی نەتەوەکەی بووە و لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دواییکردووە.

١٥٢. نووسینگەی دووەم: یەکێک بووە لە دەزگا ئەمنییەکانی سەردەمی (کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو) واتە ڕۆژانی یەکێتیی سووریا-میسر لە ساڵانی نێوان (١٩٥٨- ١٩٦١) و عەبدولحەمید سەرۆکایەتیی دەکرد. لە ڕاستیدا (پارتی) وەکو یەکەمین حزبی کوردیی تازەدامەزراو و گشتگیری جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان و شارە کوردنشینەکانی

سووریا، لە سێ لاوە ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی دڕندانەی شیوعییەکانی سووریا دەبووەوە، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەی لەپێشەوە ڕەشید حەمۆ ئاماژەی پێدا و ڕژێمی دەسەڵاتدار: پارتیی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە هەوڵی دابڕینی بەشێکی سووریا دەدات و بیخاتە سەر دەوڵەتێکی تر و دەوڵەتێکی دووەمی ئیسرائیلی دابمەزرێنن، لایەنی سێیەمیش: زۆربەی ئاغاکانی سووریا بوون و ململانێی پارتییان دەکرد و بە بیانووی شیوعیبوون و کافربوونیان تۆمەتباریان دەکردن.

١٥٣.ئەم گەواهییە لە چوارچێوەی ئەو وتارەدا هاتووە کە لە پێگەی (Welatê Me) لە ڕۆژی ١ی تەموزی ٢٠١٤ بەناونیشانی: (كمال اللبواني و كوردستان .... عربستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

١٥٤.لە کتێبی (جلال طالباني-أحداث ومواقف)دا هاتووە کە بریماکۆڤ، وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، کاتێک پەیامنێری ڕۆژنامەوانی دەبێت، واتە پێش ئەوەی دەست بە کاری دیبلۆماسی بکات،".... نێوەندگیر بووە لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠"و بە یەکێک لە دۆستانی نزیکی گەلی کورد دادەنرێت.

١٥٥.بۆ وردەکاریی نموونەی ئەو هەوڵە شکستخواردووانەی حزبی شیوعیی عێراقی، بڕوانە بەشی چوارەمی تایبەت بە لقەکانی کۆمەڵەکە، بە دیاریکراویش لقی چیکۆسلۆڤاکیا.

١٥٦.لە کۆتاکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٢)دا لە هەولێر، چاوم بە ڕۆشنبیر و کادیرێکی پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت، ئەو پێیگوتم: کاک عەلی! تۆ خۆت دەزانی من یەکێکم لە کادیرە ڕۆشنبیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام ئایا ئەوە دەزانی کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان (٨٠) پرۆژەی وەهمی و ئەوانەی ساڵانێکە تەواوبوونە، پووچەڵکردووەتەوە کە دەسترۆیشتوانی نێو هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی پارتی و یەکێتیی پێشکەشیان کردووە، بۆئەوەی سامانی خەڵکی کوردستانی پێ بدزن؟!.

١٥٧. هاوڕێیەک گێڕایەوە (کە نەیویست لێرەدا ناوی ئاشکرا بکەم) لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨٨)، دیدارێکم ڕێکخست لە نێوان کونسوڵی ئەڵمانیا لە حەلەب و سکرتێری حزبێکی سووریایی و ئەو خۆی وەرگێڕی نێوان ئەو دوو کەسە بووە. لەکاتی

گفتوگۆکردنیاندا، سکرتێری حزبە سووریيەکە گلەیی لە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا کرد و گوتی: چۆن دەبێ ئەڵمانیا کە دەوڵەتێکی دیموکراسییە و دەڵێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییەتم، ڕێگە بە کۆمپانیاکانی دەدات چەکی کیمیایی قەدەغەکراو بە ڕژێمی عێراق بفرۆشێت و ئەویش بۆ کۆمەڵکوژکردنی کوردی هەڵەبجە بەکاریبهێنێت!؟ کونسوڵەکە زۆر بەبێ شەرمانە دەستی بۆ سکرتێر درێژکرد و گوتی: بێنە پارەم بدەرێ، لێرە لە حەلەب، چەکت دەدەمێ و شەڕی حکومەتی سووریای پێبکە. ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە، بە پلە یەک بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمانمانە.

١٥٨.لە سیمیناڕێکی کراوەی ساڵی (٢٠٠٦) لە شاری (Esse)ی ئەڵمانیادا، یەکێک لە زیندانیانی سیاسیی کە کوردێکی ئازادکراو بوو، دەیگێڕایەوە لە بەندیخانەکاندا جۆرەها شێوازی ئەشکەنجە دراوین و زەلیلکراوین و سووکایەتیمان پێکراوە، دوو جۆر لەو ئەشکەنجانە پێیدەگوترا (فەلاقەی ئەڵمانی).

١٥٩.لە لاپەڕە شەشی چاپی دووەمی گۆڤاری (Hêviya Welêt)دا دکتۆر نورەدین زازا لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی:".... لە ساڵی ١٩٤٩ و تەنانەت ١٩٥٠ش ڕۆژنامەکە بەردەوام بوو و ١٢ ژمارەی لێدەرکرا ...". بەڵام ئەوە نۆ ساڵە من لێیدەگەڕێم و لە چەند هاوتەمەن و هاوڕێیەکی دکتۆر زازام پرسیوە کەچی تەنیا پێنج دانەی ئەو ڕۆژنامەیەم دەستکەوت، لێکدانەوەیەکی لۆژیکیی نەمانی ژمارەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەم دەستنەکەوت. دوو وەرگێڕانی یاداشتنامەکەی نورەدین زازا بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. یەکێکیان ڕۆنی محەمەد دەملی بە ناونیشانی (حیاتی الکوردیة أو صرخة الشعب الکوردی) وەریگێڕاوە و پشتمان پێیبەستووە و چەند گوتەیەکیشمان لەوێ وەرگرتووە. وەرگێڕانی دووەمیش هی خەسرەو بۆتانییە و هەردوو وەرگێڕانەکە دەزگای ئاراس لە هەولێر، باشووری کوردستان چاپیکردووە.

١٦٠.پێموابێ هۆکاری قەدەغەکردنی چاپکردنی ڕۆژنامەکە لە سویسرا، گوشاری تورکیا بێت لەسەر حکومەتی سویسرا، بەتایبەتی کە کۆچکردوو لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت: حکومەتی سویسرا داوای لێکردووە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا دەبێ سویسرا بەجێبهێڵێت، لەبەر چالاکییە سیاسی و کارەکانی بواری ڕاگەیاندن دژی حکومەتی تورکیا کە دەرهەق بە کوردی دەکات.

١٦١.تەنیا یەک ژمارەی (کوردستان) بە زمانی عەرەبی دەرچوو کە نیمچە تایبەت بوو بە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەکە، سەبارەت بە کۆپییە کوردییەکەشی کە لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەکەدا بڕیاری لێدرابوو، بەڵام بەڵێنەکان جێبەجێ نەکران و هۆکارەکەشی بەپێی لێکدانەوەی عومەر شێخموس:"نەبوونی کارمەندانی تایبەتمەند و توانای دارایی"بوو.

١٦٢.جەنەڕاڵ کورسل: یەکێکە لە ئەفسەرە دێرینەکانی سەردەمی دامەزرێنەری دەوڵەتی نوێی تورکیا مستەفا ئەتاتورک و سەرۆکی ئەرکان. لە ساڵانی نێوان (١٩٥٨ – ١٩٦٠) بووەتە فەرماندەی سوپای تورکیا. کودەتایەکی دژی حوکمی مەحموود جەلال بایار و سەرۆک وەزیران عەدنان مەندریس لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ بەرپاکرد، پاش سەرکەوتنی کودەتاکە، هەتاکو ساڵی (١٩٦١) بووە سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ئینجا بووە چوارەمین سەرکۆماری تورکیا لە ساڵانی (١٩٦١ – ١٩٦٦).

١٦٣.شارل دێ گۆل (Charles de Gaulle) ناوی تەواوی شارل دەندرێ ژۆزێف پییێر ماری دێ گۆل لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٨٩٠ لە شاری لیلی فەرەنسی لە دایک بووە. شارل لە ساڵی ١٩١٢ پەیوەندی بە ئەکادیمیای سەربازی (سانت کیر Saint-Cyr)ی سەربازی کرد و چووە پاڵ سوپا، لە جەنگی یەکەمی جیهانی چەند جارێک بریندار بوو و لەلایەن ئەڵمانەکان بەدیل گیراوە و لەو ماوەیەدا پێنج جار هەوڵی ڕاکردنی ،دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو تا کۆتایی جەنگ بەدیلی مایەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی شارل پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ یاریدەدەری ژەنەراڵ لەو کاتەی ئەڵمانیا بەردەوام بوو لە داگیرکردنی خاکی فەرەنسا، دوای ئەوەی فەرەنسا لە بەرامبەر ئەڵمانیا خۆی بەدەستەوەدا شارل چووە بەریتانیا و لەگەڵ گەیشتنی وڵاتێکی ڕاگەیاند بەناوی (فەرنسای ئازاد - Free France) بەهۆی قسەکردن لە ڕادیۆی بی بی سی هانی خەڵکی فەرەنسای دەدا کە دژایەتی ئەڵمانیا بکەن، حکوومەتی فەرەنساش کە خۆیان دابوو بەدەستەوە ئەویان بەناپاک دادەنا. لە کۆتایدا لە ڕۆژی D-Day (ڕۆژی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر نۆرماندی) هاوپەیمانان توانیان فەرەنسا ڕزگاربکەن و هێزەکانی شارلیش

ڕۆڵـی کاریگەریـان هەبـوو لـەم ئازادکردنـەدا. دوای وەدەرنانـی هێزەکانـی ئەڵمانیـا لـە فەرەنسـا شـارل دی گاوڵ بـوو بـە سـەرۆکی کاتـی فەرەنسـا لـە ١٩٤٦-١٩٤٤, دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی شـارل سیسـتەمی نوێـی فەرمانڕەوایـی بـۆ فەرەنسـا دانـا و خۆیشـی دەسـتی لـەکار کێشـایەوە وەک سـەرۆکی کاتـی فەرەنسـا لـە ١٩٤٦ و دووبارەکردنـەوەی خـۆی لەسیاسـەت ڕاگەیاند.لـە سـاڵی ١٩٥٨ شـارل گەڕانـەوەی خـۆی بـۆ سیاسـەت ڕاگەیانـد و خـۆی بـۆ سـەرۆکایەتی فەرەنسـا کاندیدکـرد و بـوو بـە سـەرۆک و بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ حوکمـی فەرەنسـای کـرد. لـە سـاڵی ١٩٦٩ شـارل دووبارە دووبارەکردنـەوەی خـۆی لـە سیاسـەت و سـەرۆکایەتی فەرەنسـا ڕاگەیانـد، سـاڵێک دواتـر لەماڵەکـەی خـۆی لەتەمەنـی ٧٩ سـاڵیدا بەهـۆی جەڵتـەی دڵ کۆچـی دوایـی کـرد.

١٦٤. هاملّتـۆن: ئەندازیارێکـی بـە ڕەچەڵـەک نیوزلەنـدی و بـە ڕەگەزنامـە بەریتانییـە، لـە بـواری پسـپۆڕییەکەیدا سـەرۆکی کۆمپانیـای ڕاکێشـانی چەندیـن ڕێگـەی سـەرەکی بـووە لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا، بـەڵام هێنـدە حـەزی بـە چـارەی گەلانـی وڵاتانـی ئـەم ناوچانـە نەدەکـرد. لـە سـاڵی (١٩٢٩) هاتـە عێـراق و ڕێککەوتننامەیەکـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق مۆرکـرد بـۆ ڕاکێشـانی ڕێگەیـەک کـە لـە (هەولێـر)ەوە دەسـتپێدەکات تـا دەگاتـە حاجـی ئۆمـەران لەسـەر سـنووری ئێرانـی ئێسـتا کـە تاکـو ئێسـتا ڕێگەکـە بـە ڕێگـەی (هاملّتـۆن) نـاسراوە.

ئـەم ئەندازیـارە پەیوەندییەکـی خۆشـی لەگـەڵ زۆربـەی سـەرۆک هۆزەکانـی کـوردی ئـەم ناوچانـە هەبـوو. ڕۆژێکیـان کـە لـە بەغـدا دەگەڕێتـەوە و پارەیەکـی زۆری پێیـە، دەگاتـە گەلـی عەلـی بـەگ، لـەوێ چەتـەکان ڕێگـەی لێدەگـرن و هەمـوو پارەکـەی لێدەسـێنن، ئەویـش هیچـی بـۆ نامێنێتـەوە، ئـەوە نەبێـت کـە هانـا بـۆ سـەرۆک هـۆزەکان ببـات و بەسـەرهاتی خـۆی بـۆ ئـەوان بگێڕێتـەوە، لـە مـاوەی دوو هەفتـەدا ئـەو سـەرۆک هۆزانـە بـڕە پارەیەکیـان بـۆ کۆکـردەوە کـە زۆر نزیـک بـوو لـەو بـڕە پارەیـەی لێیدزرابـوو، زۆریشـی نەبـرد دزەکان گیـران و تـەواوی پارەکەیـان بـۆ گەڕانـدەوە.

هاملّتـۆن کتێبێکـی لەسـەر کـورد نووسـیوە و بەنـاوی (ڕێگەیـەک لـە کوردسـتان) و بۆچوونێکـی باشـی لەسـەر کـورد هەبـووە. دارا عەتـار دەڵێـت: پەیوەندییەکـی خێزانیـی باشـی لەگەڵـدا هەبـووە. لـە سـاڵی (١٩٦٨) کوڕێکـی لەسـەر لوتکـە چیایەکـی سـکۆتلەندە

دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێت، بابەتێکی لەسەر دەنووسێت و لە هەموو ڕۆژنامەکاندا بڵاویدەکاتەوە، لە بەشێکی بابەتەکەیدا دەڵێت: دەمەوێت دامەزراوەیەک دابمەزرێت کە کۆمەکی تێدا کۆبکرێتەوە بۆ هاوکاریکردنی قوتابیانی کورد و هاتنیان بۆ بەریتانیا.

١٦٥. لە بنەڕەتدا وەهایە، واتە مێژووی دەرچوونی ژمارە (یەک)ی بڵاوکراوەکە نەنووسراوە.

١٦٦. چوار ئەفسەرە شەهیدەکە: چوار ئەفسەری کوردن کە پێشتر خزمەتی سوپای عێراقیان کردووە، بەڵام دواتر لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشدا، سوپای عێراقیان بەجێهێشتووە و هاتوونەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. دواتر دەستگیر دەکرێن و بە پەتی سێدارە دەحنکێندرێن. ئەوانیش بریتین لەم ئەفسەرانە: ١- نەقیب مستەفا خۆشناو کە سەربەرزانە چووە سەر سەکۆی هەڵواسین و ڕووی لە جەلادەکان کرد و پێیگوتن:"هۆ جەلادینە، بە ئاغاکانتان بڵێن، خوێنی من بەفیڕۆ ناچێت، تۆڵەی خوێنی منتان لێدەسەندرێتەوە، هیچ بڕوام بە هێزی ئێوە نییە ... شانازیش بەوەوە دەکەم کە گەلەکەم ناوی منیان لەیادناچێتەوە و دەچێتە پاڵ ئەو ناوانەی لەپێناو کامەرانیی کوردستاندا خوێنی خۆیان بەخشی". ٢- ڕائید عیزەت عەبدولعەزیز کە گوتی: داری ئازادی بە خوێنی من و هەڤاڵانم ئاودرا و هیوادارم ئەو دارە زوو گەشە بکات و ئازادی و بەختەوەری بۆ نیشتمانم بێنێت. مردن بۆ داگیرکاران و داروەدەستە بەگرێگیراوەکەی. ٣- نەقیب خێرولڵا عەبدولکەریم. ٤- مولازم محەمەد قودسی. چەند سەعاتێکی پێش جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانەکەیان، بە چوارقۆڵی نامەیەکیان نووسی و ئاراستەی گەلیان کرد و تیایدا دەڵێن:"برایانی کوردی ئازیز! ئەم نامەیەتان پێش سەعاتێک لە گەیشتنی هەواڵی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانمان بۆ دەنووسین. برایان! کاتێک ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسین تەنیا (١٤) سەعاتمان ماوە لەو ژیانەی داگیرکەر بۆمانی دیاریکردووە، ئینجا پەتی سێدارەمان دەکەنە مل. برایان! ئێمە لەوپەڕی شادی و شکۆمەندیداین، چونکە دەزانین ئەرکێکی پیرۆزمان بەوپەڕی فیداکاری بۆ گەلەکەمان بەجێگەیاندووە. داواتان لێدەکەین یەکگرتوو و یەکڕیز بن و بەوپەڕی لێبوردەیی و چاونەترسانە دژی ئەو داگیرکەرەی نەتەوەمان دەچەوسێنێتەوە بجەنگن، بەمەش ئێوە تەواوی گەلان و ئەو نەتەوانە ڕزگار

دەکـەن کـە بەدەسـت سـتەمی ئـەو داگیرکەرانـەوە دەناڵێنـن. برایـان! نەزانیـن، دوژمنـی سەرسـەختی ئێمەیـە و بـە هەمـوو هێـز و تواناتانـەوە قەڵاچـۆی بکـەن و شـەهیدبوونمان گەواهیـدەری خەباتـی نەپسـاوەمانە لەپێنـاو ئازادکردنـی نەتـەوەی کـورد. پێویسـتە لەپێنـاو شـەرەفی خۆتـان و نیشـتمانتان تێبکۆشـن ... ئازادبوونـی گەلەکەمـان لەڕێیـە، بێگومـان هـەر پێیدەگەیـن. برایـان! تەنانـەت پەتی سـێدارەکانیش نەیانتوانیـوە بڕوامـان بـە سـەرکەوتنی یەکجارەکـی پـێ شـڵۆق بـکات. ئێمەی تێکۆشـەر لەپێنـاو ئازادیـدا هێـز و ئیرادەمـان لەپێنـاو ڕزگارکردنـی گـەل و نەتەوەمـان جۆشـدا و باشـترین بەڵگـە، وەسـتانی ئێمەیـە لەبەرانبـەر پەتـی سـێدارە. بۆپێشـەوە بـەرەو یەکێتـی و ئـازادی. بـژی کـورد ... بـژی کوردسـتان.

١٦٧. بڕگـەی (بـۆ زانیـاری): بریتییـە لـە ئاگادارکردنەوەیـەک بـۆ تـەواوی لـق و ئەندامانـی کۆمەڵەکـە و ئەمـە دەقەکەیەتـی: نورەدیـن زازا، دامەزرێنـەری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا، لـە ڕێگـەی لقـی بەرلینـی کۆمەڵەکـە بـۆ لێژنـەی کارگێڕیـی گشـتی، ڕاپۆرتێکـی درێـژی بەناونیشـانی (KSSE دوێنـێ، ئەمـڕۆ و سـبەی) نـاردووە و ڕاپۆرتەکـە بـاس لـە چۆنیەتیـی دامەزراندنـی کۆمەڵەکـە دەکات و ئـەو قۆناغانـەی پێیداتێپەڕیـوە، تاکـو گەیشـتووەتە ئەمـڕۆ، چـۆن دەتوانیـن تێبکۆشـین لەپێنـاو پێشـکەوتنی کۆمەڵەکـە.... لـە کۆتایـی ئـەم بڕگەیـەدا لێژنـەی کارگێـڕی دەڵێـت: ئـەم ڕاپۆرتـە، لـە ڕێگـەی لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا، ئێسـتا وا لەژێـر چاپکردندایـە کـە بڕیـارە بـە شـێوەی نامەیلکەیـەک بڵاوبکرێتـەوە و بـەم نزیکانـە بەسـەر تـەواوی ئەندامانـی کۆمەڵەکـەدا دابـەش دەکرێـت، بـەڵام زۆر بەداخـەوە، زۆرم هـەوڵ دا کۆپییەکـی ئـەم ڕاپۆرتـەم دەسـتبکەوێت، بـەڵام بێهـوودە بـوو و هـەر دەسـتم نەکـەوت.

١٦٨. Dengê Kurd: ڕۆژنامـەی مەرکەزیـی پارتـی دیموکراتـی کوردستان-سـووریایە بـە زمانـی کـوردی. کـە سـاڵانی بەرایـی حـزب بڵاویدەکـردەوە، ئێمـە نازانیـن و بـڕواش ناکـەم کـەس بزانێـت ژمـارە (یـەک)ی ئـەم ڕۆژنامەیـە کـەی دەرچـووە و هیـچ کام لـە سیاسـەتوان و ڕۆشـنبیرانی ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش ئامادەیـان بـە مێـژووی دەرچوونـی یەکەمیـن ژمـارە نەکـردووە، بـەڵام ئێمـە توانیـمان ژمارەیەکـمان دەسـتبکەوێت کـە ژمـارە (٣٢) ی مانگـی Gecek, Cerek ی سـاڵی ١٩٦٩یـە .

١٦٩. نەمانتوانی بزانین ئەو شقۆیە کێیە!.

١٧٠. بیرمانە حەمەڕەش ڕەشۆ، لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٦) دووبارە هەرسێ ژمارەکەی Hêviya Welêtی لە نامیلکەیەدا چاپکردووەتەوە، ئێمەش دووبارە تایپەکەمان ڕێکخستووەتەوە و لە ئاینەدا -ئەگەر توانامان هەبوو- دووبارە چاپیدەکەینەوە لەگەڵ هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کۆمەڵەکە کە بە زمانی کوردی (بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو) دەرکراون، دووبارە بە پیتەکانی لاتینی و عەرەبی لە بەشێکدا کۆبکەینەوە.

١٧١. لە بڵاوکراوەیەکی ئینتەرنێتدا و لەسەر زاری دکتۆر مارف خەزنەداردا بڵاوکراوەتەوە کە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لە کەمال فوئاد، مارف خەزنەدار، ئیحسان فوئاد و کاوس قەفتان پێکهاتبوو.

١٧٢. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بە ڕابەرایەتیی عەبدولکەریم قاسم، پەیوەندیی نێوان عێراق و وڵاتانی سۆشیالیست بەرەو باشی چوو و ئەو وڵاتانە وایانلێهات سااڵنە دەیان مینحەی خوێندنیان بە قوتابیانی عێراق دەبەخشی. یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم شۆڕشە، گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بوو لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ٦ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا و دەگوترێت؛ بارزانی دەگاتە بەغدا نزیکەی نیو ملیۆن کەس هاتبوونە پێشوازیکردنی و هوتافیان دەکێشا و دەیانگوت: (ئەی زەعیمی دووەمان مستەفا بارزانی).

حکومەتی ئەوسای عێراقیش بڕیاریدا ساڵانە دەیان خوێندکاری کورد و کچی یەکەمەکانی قۆناغی ئامادەیی بنێرێتە وڵاتانی ئەوروپا، لەوانەش بەریتانیا بۆ ئەوەی لە بوارەکانی (ئەندازیاریی نەوت، ئەندازیاریی تەلاسازی و کارەبایی و میکانیکی و شارستانی)دا بخوێنن، لەپاڵ ئەمانەوە بەشێک لە قوتابیانی کوردیش سوودمەند بوون و ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، ئەمەش زۆر بە ئەرێنی بەسەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا شکایەوە.

١٧٣. تاریق ئاکرەیی پێیگوتم، ژمارەی ئەندامانی لقی فینلەندا زۆر کەم بوو و ناوی کەسیانم لەبیر نەماوە، تەنیا فایق ئەتروشی نەبێت و جار بە جاریش سەر بە لقی سویدی کۆمەڵەکەوە هەژمار دەکرا. بەڵام سەبارەت بە لقی

دانیمارک، لە ژمارە چواری (دەنگی کۆمەڵە)دا هاتووە؛ لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە:".... لقی دانیمارکی کۆمەڵەکە دەمێک نییە دامەزراوە و هیوای سەرکەوتنی بۆدەخوازین لە کارەکانیاندا لەپێناو گەیاندنی دەنگی گەل و خوێندکارانمان بە گەلی دانیمارکی دۆست -دەستەی کارگێڕیی گشتی-"هیچ زانیارییەکی دیکەمان سەبارەت بەو دوو لقە لەبەردەستدا نییە بێجگە لەوانەی لەپێشەوە باسکراون، پێشدەچێت هەر بە مردوویی لەدایکبووبن.

١٧٤. تۆفیق وەهبی: نووسەر و سیاسەتوان و تۆژەر و زانا لە زمانی کوردی، لە ساڵی ١٨٩١ لە سلێمانی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٤دا لە قوتابخانەی ئامادەیی سەربازیی بەغدا خوێندوویەتی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دایمەزراندووە و لە ساڵی ١٩٠٨دا خوێندنی لەو ئامادەییە تەواوکردووە. پاشان دەچێتە ئەستەنبوڵ و لەوێ لە کۆڵێژی ئەرکان درێژە بە خوێندنی دەدات و بە پلەی مولازم دەردەچێت. بەشداریی چەندین شەڕی کردووە کە عوسمانییەکان لە بەلکان و فەڵەستین و چەند شوێنی دیکە هەڵیگیرساندووە، لە ساڵی ١٩١٩ خزمەتی سوپای عوسمانی تەواو دەکات و قەیسەری ئەڵمانی میدالیای (خاچی ئاسنین)ی لە کۆتا ساڵی جەنگی یەکەمی جیهان، پێدەبەخشێت. پاشان دەگەڕێتەوە عێراق و لە ساڵی ١٩٢١ کە سوپای عێراق دادەمەزرێت، دەچێتە ڕیزی ئەو سوپایە، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ و لەگەڵ هەڵگیرساندنی یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی شێخ مەحموود لە سلێمانی، سوپای عێراق بەجێدێڵێت و دەچێتە ڕیزی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودەوە، دوای شکستهێنانی شۆڕشەکە، تۆفیق وەهبی دەستگیر دەکرێت. دوای ئازادکردنی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە نێو سوپای عێراق. چەندین پۆستی حکومیشی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٢٩ ئینگلیزەکان دەینێرنە ئینگلتەرا و لە ساڵی ١٩٣٠دا پلە سەربازییەکەی دەبێتە عەقید، بەڵام لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١ واز لە خزمەتی سەربازی دێنێت و چەند پۆستێکی وەزاری لە حکومەتی عێراق وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٤٤ دەبێتە وەزیری ئابووری لە کابینە وەزارییەکەی حەمدی پاچەچی، پاشان لە ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ دەبێتە وەزیری مەعاریف و ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق. ئینجا لە ساڵی ١٩٥٠ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی پێدەسپێرن. هاوشانی مێجەر ئەدمۆنسدا دەبێتە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق. لە ساڵی ١٩٦٦

بەیەکەوە فەرهەنگێکی هاوبەشی کوردی - ئینگلیزی دادەنێن و بڵاویدەکەنەوە. لە ساڵی ١٩٧١دا ئەندامی فەخریی کۆڕی زانیاریی کوردی پێدەبەخشرێت و سەرجەم دەسنووسەکانی خۆی دەبەخشێتە کۆڕی زانیاریی کورد. کۆمەڵێک کتێب و نووسین و وانەی بە زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزی هەیە.

١٧٥.لە دیدارێکمدا لەگەڵ دارا عەتار بەم شێوەیە بەسەرهاتێکی خۆی بۆم گێڕایەوە:"لە ساڵی (١٩٦٦) چاوم بە شێخ ڕەئووفی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید کەوت، پێیگوتم: بڕۆ بۆ لای ئەدمۆنز و پێیبڵێ: ئێوە غەدرتان لە کورد کرد، بە جۆرێک کە واتان لە هەموو کورد کرد بەرەو چەپخوازی و شیوعییەت بچن، ئێستاش زۆڵمەکەتان زیاتر بووە و پێویستە هەموویان بەرەو ماویزم هەنگاو بنێن (ماو: سەرۆکی چین کە بە شێوەیەکی نائاسایی، دژایەتیی ڕۆژئاوا و سیستمی سەرمایەداریی دەکرد). کە ئەدمۆنزم بینی، ئەوەی شێخ ڕەئووف پێگوتبووم، پێیمگوت. وەڵامەکەی بەم شێوەیە بوو: بەڕێز عەتار، کورد گەلێکی پاک و دڵسۆز و باشن، هاوڕێیەتیشم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆریاندا هەیە، وەکو تۆفیق وەهبی و کەسانی دیکە کە زۆر ڕێزیان دەگرم و شایستەی ئەو ڕێزگرتنەن. کورد، وەک نەتەوە، هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکە مافی خۆیەتی ڕێز لە ئیرادە و مافەکانی بگیرێت. بەڵام لەم دۆخە سیاسییەی ئێستادا بەژەوەندیی بەریتانیا و عێراق یەکدەگرنەوە و عێراق دەوڵەتێکی زۆر گرنگە بۆ بەریتانیا. منیش بەرژەوەندیی بەریتانیا دەنوێنم و نوێنەرایەتیی کورد ناکەم. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم بە گەلی کوردەوە نییە. پەیوەندییەکانم سنووردارن و لە چوارچێوەی خۆشەویستی و ڕێز و کایەی ڕۆشنبیریدایە کە فەهەنگێکی کوردی-ئینگلیزیم بۆ ئامادەکردوون. بەڵام بە نیسبەت سیاسەتەوە، من نوێنەرایەتیی حکومەتی بەریتانیا دەکەم و بە هیچ جۆرێک ڕێگەم پێنەدراوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵ کورداندا هەبێت، چونکە کێشەی ئەوان، کێشەیەکی ناوخۆییە و ئێمە پەیوەندیی سیاسیمان تەنیا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە کە وڵاتێکی گرنگە بۆ ئێمە و پەیوەندییەکی بازرگانیی پتەویشمان لەنێواندا هەیە، ئەمەش نابێت بەوە لێکبدرێتەوە کە من دوژمنی کوردم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناتوانم هاوسۆزی کوردان بم، چونکە بە هاوسۆزیی من لەگەڵ کورددا، بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەکەوێتە مەترسییەوە.

سی جی ئەدمۆنز: فەرمانبەرێکی پلە بااڵی بەریتانییە و وەکو حاکمی سیاسی و عەسکەریی فیعلیی بەریتانیا بوو لە عێراق کە نزیکەی ٣٠ ساڵی تێدا ژیا و پۆستی جۆراوجۆری لە عێراق پێدرابوو، تاکو گەیشتە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق. وێڕای ئەو فەرهەنگە کوردی-ئینگلیزییەی بڵاویکردووەتەوە کە بە یەکەمین فەرهەنگی لەمجۆرە هەژماردەکرێت، کتێبێکی دیکەی بەناوی (کورد و تورک و عەرەب) نووسیوە و جەرجیس فەتحوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، چەند جارێک لە هەولێر و بەغدا و بەیروووتیش چاپکراوەتەوە.

١٧٦. بەپێی گوتەی دارا عەتار:"... پۆستی سەرۆکی لق تەنیا لە سەردەمی محەمەد ساڵح قەرەداغیدا هەبوو، ئەویش لەبەر گەورەیی تەمەنی ئەو پۆستەمان داهێنابوو، ئەو بەتەمەنترین خوێندکاری کورد و ئەندامی لقەکە بوو و سەرنووسەری ژمارە سیانزەی گۆڤاری (Kurdistan) و ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەمان گۆڤار بوو.

١٧٧. لە لاپەڕە ١٢ی پێشەکیی کتێبی (جمرة تحت الرماد - محطات مهمة من حیاة عمر شیخموس)دا هاتووە:"ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٦ عومەر شێخموس ئەندامی لێژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بووە لە ئەوڕوپا، لە هەمان کاتیشدا سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەکە بووە"ئەم دووپاتکردنەوەیە و مێژووە لە لاپەڕە (٥٥)یشدا دووبارە بووەتەوە.

١٧٨. شایانی باسە، لقی چیکۆسلۆڤاکیا، پێشتر بەیاننامەیەکی دەرکردبوو و داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا کردبوو کە دواتر ئەم داوایە بە دەرچوون لە چوارچێوەی هێڵی سیاسیی کۆمەڵەکە لەقەڵەمدرا.

١٧٩. نەریتێکی شارستانییانە لە ئەوڕوپادا هەیە، کاتێک کۆمەڵەیەک یاخود ڕێخکراوێک نامەیەک بۆ سەرکۆمار یان سەرۆک وەزیران یان هەر لایەنێکی باڵا بنیرێت، ئەوا سەرکۆمار یان بەڕێوەبەری نووسینگەکەی یان هەر کەسێکی دیاریکراوی تر، وەڵامی نامەکە دەداتەوە، بۆیە کۆمەڵەکە وەڵامی هەموو ئەو نامانەی ناردبوونی بۆ گەڕابووەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە کەس لەو کۆمەڵەیەدا نامەیەکی نەپارستووە!!

١٨٠. لە یەکێک لە دیدارەکانمدا لەگەڵ دارا عەتار ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە:"لەلایەن بارزانییەوە ڕاسپێردرام نوێنەری ئەو و شۆڕشی کورد بم لە لەندەن لە ساڵانی نێوان (١٩٦٧ تا ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٠). لە ساڵی (١٩٧١)یشدا، نوێنەری شۆڕش بووم لە بەیرووت، پاشان بەهۆی ئەوەی جەمیل حەمۆ چاوساغیی بۆ ڕژێمی عێراق دەکرد، تەنیا ساڵێک لەوێ مامەوە و گەڕامەوە بەریتانیا. بەسەرهاتەکەش بەم شێوەیەیە:"لەپاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و کاتێک لە باڵیۆزخانەی عێراق، نوێنەری شۆڕشی کورد بووم لە بەیرووت، ڕۆژێکیان لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لوبنان کۆبوومەوە کە جەمیل مەحۆش یەکێک بوو لە ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە، باسی بارودۆخی کوردی لوبنانمان کرد و پێمگوتن من بەتەمای گەڕانەوەم بۆ کوردستان و پاش من یەکێکی دیکە دێتە شوێنم، بەڵام دەمەوێ ئامۆژگارییەکی برایانەتان بکەم: ئەویش ئەوەیە؛ ئێوە لێرە ژمارەتان کەمە و خۆتان پەرت مەکەنەوە بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکان، چونکە وەک پێتانمگوتن ئێوە ژمارەتان کەمە. بە پەرتبوونی دەنگەکانتان، ئەگەر دەنگەکانتان کۆبکەنەوە و بیدەنە کەسێک باشترە لەوەی دەنگەکانتان بە بڵاوی بۆ چەند کەسێک بێت، ئەوسا سوود لە هیچ کام لەو نوێنەرانە نابینن کە ئێوە بەم شێوەیە و بە پەرتەوازەیی دەنگەکانتان پێداون. بۆیە وا باشە بە تێکڕا دەنگ بدەنە کەسێک کە پێتانوایە خزمەتتان دەکات و بەدوای بەرژەوەندییەکانتانەوەیە، بە ڕای من نە دەنگ بدەنە بەعسییەکان، نە دەنگ بدەنە پارتییەکان و نە شیوعییەکانیش، بەڵکو بیدەنە هێز و ئەو نوێنەرانەی بەرژەوەندییەکانی ئێوەی پێدەپارێزرێت. هەڵبەت بەبێ ئاگاداریی خۆم، دەنگم لەلایەن جەمیل مەحۆ تۆمارکراوە و ئەو بڕگەیەی دەڵێم دەنگ مەدەنە بەعسییەکان، سێ چوار جار لەسەر یەکتری دووبارە تۆماریکردبووە (دەنگ مەدەنە بەعسییەکان ... دەنگ مەدەنە بەعسییەکان ... دەنگ مەدەنە بەعسییەکان، .....) و بە سەرکردە عێراقییەکانی گەیاند، کە گەڕامەوە عێراق، لەوێ کەریم شێخلی کە دۆستێکی نزیکی سەدام حوسێن بوو، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم و ئەو وشانەی خۆمی دەدایەوە بەر گوێم و پێیگوتم: بە گەورەیی خوا سەرت بەسەر شانتدا ناهێڵم، ئەوەی تۆ گوتووتە هیچ چارەیەکی نییە، تەنیا بە سەر پەڕاندنت نەبێت".

١٨١. نەوشیروان مستەفا قۆڵێکی ئەو سێقۆڵییە بوو کە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ی لە ساڵی (١٩٧٥) لێ پێکهاتووە و لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش کرد، بەڵام دواتر پاشگەزبووەوە، لە ساڵی ٢٠٠٩دا (بزووتنەوەی گۆران)ی دامەزراند کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جودابووەتەوە لە باشووری کوردستان. هەتاکو هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان، سەرۆکایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەکرد، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣دا (٢٤) کورسیی پەرلەمانی کوردستانی لەو هەڵبژاردنەدا بەدەستهێنا، واتە دوای پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی (٣٨) کورسی بوو، بووە هێزی دووەمی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش تووشی گەورەترین شکست بوو و تەنیا (١٨) کورسیی لەو هەڵبژاردانەدا بەدەستهێنا.

١٨٢. هانس بیندیکیت: بەڕێوەبەری کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی نەمسا بوو و سەردانی مستەفا بارزانیی و شۆڕشی کردووە، پێش نسکۆی شۆڕش و فیلمێکی دیکۆمێنتاریی تۆمارکردووە و لەو تەلەفزیۆنەدا نمایشکراوە کە خۆی بەڕێوەبەری بوو.

١٨٣. لە ڕاستیدا زیاد لە بەرپرسێکی کۆمەڵەکە پێیگوتووم، قادر وەهاب زۆر چالاک بووە و لە بواری گەیاندنی دەنگی کورد بە ڕای گشتیی ئەڵمانیا و بیانییەکانی نیشتەجیی ئەوێ خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە کێشەی کورد کردووە، کەسێکی قسە خۆش و کۆمیدیش بووە و هەر کات نیگەرانییەک لەنێو کۆمەڵەکەدا سەریهەڵبدایە، ئەم قادر وەهابە بە قسەیەکی خۆش خەڵکی دەهێنایە پێکەنین و جەوەکەی دەگۆڕی. ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵ کچە ئەڵمانییەکدا کردبوو و کچێکی لێبووە. کتێبی دکتۆر سورەییا بەدرخان: (القضیة الکوردیة-ماضي الکورد و حاضرهم)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و نەیتوانیوە چاپی بکات، چەند ڕۆژێک پێش مردنی نەبێت لە ساڵی ٢٠١٢.

١٨٤. کاتێک جەمال عەلەمدارم بینی و پرسیاری ئەو بەسەرهاتەم لێبکرد، گوتی ئەوەی نهێنییەکانی لقەکەی ئاشکرا کرد و ناوی تەواوی ئەندامانی لقەکەشی بە میتی تورکی دا، ئیبراهیم مام خدر بوو، یاخود هەردووکیان بوون بەیەکەوە، چونکە ئەو دووانە بەیەکەوە گیرابوون، تەنانەت گێڕانەوەکەی جەمال عەلەمدار

لە بەشێکدا جیاوازیی لەگەڵ گێڕانەوەکەی حەسەن شتویدا هەبوو کە ئەمەیە:

" لە ساڵی (١٩٦٣) کەسێکی عێراقی بە ڕەگەز عەرەب هاتە ئەستەنبوڵ و گوتی ناوم عەبدولستار هەمەوەندییە و مەبەستی لەو هەمەوەندییەش هەڵخەڵەتاندنی ئەو کەسانەیە کە دەیانبینێت و وایان پێ نیشان بدات کە گوایە کوردێکی عێراقییە، کۆمەڵە خەڵکێکی باکووری کوردستانی ناسی، لەوانە دۆغان کەلەج بوو و خۆی بەوە ناساندبوو کە گوایە ئەو نوێنەری رابەری شۆڕشی کورد مستەفا بارزانییە و شۆڕش پێویستی بە پارە و چەک و جلوبەرگ و شتی دیکەیە. داوای لەو خەڵکانە کردبوو، هاوکاری کۆبکەنەوە و بەشێک لە خوێندکاران بڕوایان بە قسەکانی هێنابوو، بەڵام بەشێکی تریان نا. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا کوردی نیشتەجێی ئەستەنبوڵ نەیانتوانیبوو هیچ بڕە پارەیەکی بۆ کۆبکەنەوە، چونکە زۆربەیان کەمدەرامەت بوون و هەندێکیشیان هەر گومانیان لەو پیاوە بوو.

کە هەمەوەندی هیچی دەست ناکەوێت، پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل دەکات لەوێ و خۆی بەوە ناساندووە کە نوێنەری شۆڕش و بارزانییە و داوای هاوکاریی لێکردبوون، بۆیە باڵیۆزخانەکە داوایان لێکردبوو ڕووبەڕوو ببینن و باسی ئەو پرسەی لەگەڵدا بکەن. ئەنجام دیدارەکە ئەنجام درا و لەبەرئەوەی تەواوی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی دیپلۆماتکارانی وڵاتانی دیکە لەژێر چاودێریی هەواڵگریی تورکیادا بوو کە بە کورتکراوەیی بە (میت) ناسراوە و گوێبیستی هەموو پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دەبن. لێرەدا میت هەوڵی دەستگیرکردنی هەمەوەندی دەدەن و دەیگرن و لە بەندیخانەی دەپەستن، بەڵام میت سەری سوڕما و بینییان ئەم پیاوە عەرەبی عێراقییە و کورد نییە، ئەوجا گومان دەخەنە سەر قوتابیانی کوردی عێراق لە ئەستەنبوڵ و هەوڵیان دا بزانن پەیوەندییان بەوانەوە چییە؟!

لەبەرئەوەی ئیبراهیم مام خدر هەر بە سرووشتی خۆی نهێنی پارێز و خۆهەڵکێش بووە و پۆزی بەسەر خەڵکدا لێداوە و بۆ کوێ بچووبا باس باسی کورد و کوردستان بوو، لەبیری چوو بوو کە ئەو لە وڵاتێکدا نیشتەجێیە نابێت بە کوردیش قسە بکەیت. بێجگە لەوەی هەر بڕوای بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد نییە و تۆماری ئەو وڵاتە پڕە لە تاوانی قێزەون و ئامادەشە ئەوەندەی دیکە تاوانی ڕەگەزپەرستی و فاشیستی ئەنجام بدات.

بۆیە میت بە هاوکاریی بەکرێگیراوێکی دیکەی کورد بەسەر ماڵی ئیبراهیمدا دەدەن و ئەو و حەسەن شتوی و غازی دزەیی دەستگیر دەکەن (بەڵام ئەوکات حەسەن شتوی لەماڵ نابێت). (پاشماوەی بەسەرهاتەکە ڕوونکراوەتەوە و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات) لە هەردوو حاڵەتیشدا – بەپێی گوتەی دکتۆر شتوی: پێدەچێت غازی دزەیی کە کەسێکی لەڕ و لاواز بوو و بەرگەی ئەشکەنجەی نەگرتبوو، هەر مرۆڤێکیش هەرچییەک بێت تا سەر بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەی ئەم جۆرە دەزگایانە ناگرێت. کەسانێک هەن هەر لە یەکەمین تەنگەتاویدا هەڕەس دێنێ و هەشە چەند ڕۆژێک بەرگە دەگرێت، کەسی واش هەیە بەرگەی ماوەیەکی درێژتر دەگرێت، بەم جۆرە، غازی دزەیی دەیتوانی ناوێک یان دووانیان پێبڵێت، یان هەر هیچ نەبێت با ناوی ئەو کەسانەی بدایە کە لە ماڵەکەدا بەیەکەوە بوونە، یاخود لە دەستەی کارگێڕیی لقەکە، بەبێ ئەوەی چارەنووس و ژیانی هەموو لقەکە بخاتە مەترسییەوە.

١٨٥. وێڕای ئەوەی چەندین لێژنەی سەر بە لقە سەرەکییەکەی مۆسکۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو هەیە، بەڵام لە هیچ کام لە کۆمارەکانی (ئەرمینیا) و (ئازربایجان) و (کازاغستان) بەتایبەتی ئەرمینیا کە ئەو کۆمارانەن کە کوردیان تێدابووە، هیچ لێژنەیەکی لقی کۆمەڵەکەیان تێدا نەکراوەتەوە؟! ناشزانین هۆکار چییە! ئاخۆ دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئەرمینیا ڕێگربوون لە هاتنی قوتابیانی کورد بۆ وڵاتەکەیان؟ بۆئەوەی هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەوان و کوردی وڵاتەکەی دروست نەبێت؟ دەسەڵاتدارانی ئەرمینیا ڕۆڵێکی خراپی لە فریودانی کوردی ئەوێدا گێڕاوە کە ئێزدین و وایان تێدەگەیەنن کە ئەوان کورد نین و ئێزدییەکان، گەلێکی جودان لە کورد.!

١٨٦. دکتۆر ئیبراهیم خەلیل حاجی عەلی پێیگوتم، ناوبەناو بابەتەکانی خۆی کە تایبەتن بە باسکردنی دۆخی کورد لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاودەکردەوە، هەروەها مێژوو و شوێنی بەستنی کۆنگرە سااڵنەییەکانی کۆمەڵەکە و لقەکانیشی بڵاودەکردەوە.

١٨٧. ئیبراهیم خەلیل ئەوەشی بۆ باسکردووم کە کاتێک فلادیمێر ڤاڤرۆف هاوکارییەکانی پێشکەش دەکردین، داوای دەکرد لەلای هیچ کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی قوتابیانی وڵاتانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست باسی نەکەین، نەبادا ڕێکخراو و کۆمەڵەی

قوتابیانـی دیکـەش بێـن و داوای هـاوکاری بکـەن. ئیبراهیـم خەلیـل دەڵـێ: ڤاڤـرۆف منـی خسـتە هەڵوێسـتێکی ناخـۆش و ئەگـەر ئـەو هاوکارییانـە لـەلای کـەس نەگێڕمـەوە و دواتـر خەڵکـی تـر زانییانـەوە، دوور نییـە بـە دزیـن و بەرتیـل وەرگرتـن تۆمەتبـار بکرێـم. بـەڵام بـۆ محەمـەد بەکـرم گێڕاوەتـەوە و وای بـە بـاش زانـی بـە بەشـێکی کەمیـان بڵێینـەوە و هـەر واشـمان کـرد.

١٨٨. شـەهید دکتـۆر عەبدوڵڕەحـمان قاسـملۆ بـە نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی بەشـداریی لـە کۆنگرەکـەدا نەکـرد، بگـرە بـە ناوێکـی خـوازراو بەشـدار بـوو، ناوەکـەش (ئەنـوەری عەبـاس) بـوو.

١٨٩. یەکێـک بـوو لـەو چـوار کەسـەی کاندیدکرابـوون بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی سـووریا لەسـەر لیسـتی پەکەکـە لـە پارێـزگای حەلـەب بـۆ خولـی ١٩٩٠و لـە کـوردی گونـدی تـەل حاسـڵی سـەر بـە ناوچـەی ئەلسـفیرەی نزیـک حەلـەب بـوو، لـە کەشـێکی تەمـاوی نادیـاردا کـوژرا، دەگوتـرا کێشـەیەکی خێڵەکـی لـە پشـت کوشـتنی دکتـۆر یوسـف تەربووشـەوەیە.

١٩٠. زۆربـەی ئـەو زانیارییانـەی لەبـارەی لقـی ئیتاڵیـاوە تۆمارکـراوە، بـە سوپاسـەوە لـە دکتـۆر محێدیـن شـاهینم وەرگرتـووە.

١٩١. دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ ئـەم بەسـەرهاتەی بۆگێڕامـەوە: لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٦٦) بوومـە میوانـی ماڵـی مسـتەفا بارزانـی لـە دیلـمان و نزیکـەی سـاڵێک لـەوێ مامـەوە. ڕۆژێکیـان بارزانـی داوای لێکـردم نامەیەکـی پیرۆزبایـی بـە نـاوی ئـەوەوە بنووسـم بـۆ سـەعید جومعـە، سـەرۆک وەزیرانـی نوێـی ئـوردن کـە شـانازیی بـە کوردبوونـی خـۆی دەکـرد. لـە بارزانیـم پرسـی ئـەم نامەیـە چ سـوودێکی هەیـە؟ ئـەو گوتـی دوو سـوودی هەیـە. یەکێکیـان ئەوەیـە کـە بـە تەئکیـد وەڵامـی ئـەم نامەیـەم دەداتـەوە، ئـەوکات نانووسـێ لـە سـەعید جومعـەوە بـۆ بارزانـی، بەڵکـو دەنووسـێت: لـە سـەرۆک وەزیرانـی ئوردنـەوە بـۆ ڕابـەری شۆڕشـی کـورد، یاخـود سـەرۆکی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بەمـەش سـیفەتی (ڕابـەری شۆڕشـی کـورد)ی لێوەردەگـرم. ئەمـە یـەک، لـە حاڵەتێکـی تـردا ڕەنگـە لـە ئایینـدەدا بـۆ چەنـد پرسـێکی بچـووک سـوودی لێوەربگریـن. هـەر بـە ڕاسـتی ئەمـەش ڕوویـدا و نامەیەکـی

وەڵامدانـەوەی لـە سـەعید جومعـەوە پێگەیشـت بـەو سـیفەتەی خـۆی مەزەنـدەی دەکـرد. (بـۆ ئـاگاداری ڕەوەندێکـی کـوردی لـە ئـوردن هەیـە و دەگاتـە زیاتـر لـە (١٥٠) هـەزار کـورد و هەمووشـیان شـانازی بـە کوردبوونـی خۆیـان دەکـەن و دەڵێـن ئێمـە لـە نـەوەی سـەڵاحەدین ئەیوبیـن، بنەماڵـەی عەلـی سـەیدۆ گۆرانـی و بنەماڵـەی جومعـە لـەو بنەماڵـە نـاسراوە کوردانـەی ئوردنـن - تـۆژەر).

پـاش ماوەیـەک، هەواڵـی دەسـتگیرکردنی دکتـۆر نورەدیـن زازا لـە ئـوردن گەیشـتە بارزانـی، شـەوێکیان هاتـە لام و دووبـارە داوای لێکـردم نامەیەکـی دیکـە بـۆ سـەرۆک وەزیرانـی ئـوردن بنووسـم و داوای هاوکاریـی ئازادکردنـی دکتـۆر نورەدیـن زازای لێکـرد. هـەر کـە نامەکـە دەگاتـە دەسـتی سـەرۆک وەزیـران، خـۆی دەچێتـە ئـەو بەندیخانەیـەی دکتـۆر زازای لێگیـراوە و دەسـتبەجێ ئـازادی دەکات و پێیدەڵێ:"بارزانـی ئەمـری پێکـردووم تـۆ ئـازاد بکەم"ئێمـە لـە ئـوردن ڕێگـە بـە هیـچ کارێکـی سیاسـیی کـوردی نادەیـن، پێمبڵـێ دەتـەوێ بـەرەو کـوێ بچیـت؟ زازا وەڵامـی دەداتـەوە: مافـی نیشـتەجێبوونم لـە سـویسرا هەیـە و بڕوانامـەی دکتۆراکەشـم هـەر لـەوێ وەرگرتـووە، وا بـاشتر بگەڕێمـەوە ئـەوێ.

١٩٢.ئـەم ڕسـتەیە، دادگاییکردنـە غیابییەکانـی بولگاریایـان هێنایـەوە بیـرم کـە لـە پـاش ڕووخانـی دیکتاتۆرییەتـی شـیوعییەکانی بەرایـی نەوەتەکانـی سـەدەی ڕابـردوون خەڵکیـان بەبـێ ئامادەبوونـی خۆیـان دادگایـی دەکـرد و یەکێـک لەوانـە سـەرکردەی شـیوعییەکان (دیمـترۆڤ) بـوو. لـەم وڵاتـەدا لێژنـە بـۆ داکۆکیکـردن لـە تاوانبـاران و دادوەران پێکهێـنرا، چەندیـن دانیشـتن کـرا و سـەدان هـەزار دۆلار خـەرج کـرا لەپێنـاو وەرگرتنـەوەی مافـی مافخـوراوان. تەنانـەت چەنـد ڕۆژنامەیـەک سەرپەرشـتیارانی دادگەکانیـان بـە شـێت لەقەڵـەم دەدا و دەیاننووسـی: چـۆن دەبـێ کەسـانێک دادگایـی بکرێـت کـە پێـش دەیـان سـاڵ مـردوون و ئێسقانیشـیان نەمـاوە؟! کـە دادگاییـەکان تەواوبـوون، لێژنـەی سەرپەرشـتیاران کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانییـان بەسـت. چەنـد ڕۆژنامەوانێـک بـە زمانێکـی زبـری ڕەخنەئامێـز پرسـیاریان لێکـردن: ئێـوە بـە چ مافێـک دەسـت بـۆ گەنجینـەی دەوڵـەت دەبـەن و لێـی خـەرج دەکـەن -کـە سـەروەتی گەلـە- سـەدان هـەزار دۆلارتـان لـە کەسـانێک خەرجکـردووە کـە پێـش (٤٠ - ٥٠) سـاڵ مـردوون؟ وەڵامـی دادگا بـەم شـێوەیە بـوو:: لـە مێـژووی بولگاریـادا کەسـانێک هەبوون،

تاوانی گەورەیان دەرهەق بە گەلی بولگاری ئەنجام داوە و لە سەردەمانی خۆیاندا بە پاڵەوان و پیاوانی مەزنی ئەم نەتەوەیە نیشاندراون، یەکێک لەمانە (دیمترۆڤ) بوو، لە بەرانبەریشدا کەسانێک هەبوون هەموو ژیانی خۆیان لەپێناو سەرکەوتن و کامەرانیی گەلی بولگاریا بەسەربرد، بەڵام مێژوو غەدری لێیانکرد، ئێمە دەمانەوێت لە میان ئەو دادگاییکردنانەوە، پاداشتی هەردوو لایەنەکە بدەینەوە، جا چ ئەوانەی تاوانیان ئەنجامداوە و بە پاڵەوان لەقەڵەمدراون و چ ئەوانەی خۆیان بەخت کرد و کاتی خۆی غەدریان لێکراوە و پاداشتیان نەدراوەتەوە.

ئاخۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان، ویژدانی کوردیش بە ئاگادێتەوە و پاداشتی ئەوانە دەداتەوە -کە لە هەژمار نایێن- کە لەپێناو ڕزگارکردنی کورد لە ستەم و زوڵم و دواکەوتوویی هەموو ژیانیان تەرخانکردووە؟!

١٩٣. بۆ ئازیزم هۆشەنگ عوسمان سەبری، تکایەکی زۆری لێکردم ئەم زانیارییە لە کتێبەکە باس نەکەم و تۆمارنەکرێت، بەڵام من سوور بووم لەسەر گێڕانەوەی و ناوهێنانی ئەو پیاوە بە ئەمەک و بە هەڵوێستە.

١٩٤. زۆربەی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە دارا تۆفیق کۆکراونەتەوە، لە کتێبی (ذاکرة الأیام)ی ڕۆژنامەوان فەرهاد عەونیم هەڵبژاردووە.

١٩٥. زۆربەی زانیارییەکانی ژیاننامەی سیامەند بەننا -بەسوپاسەوە- لە هاوڕێی ڕۆژنامەوان و نووسەر عەبدوڵڵا زەنگنەم وەرگرتووە- تۆژەر

١٩٦. نەمانتوانی دەقی ئەو نامەیەمان دەستبکەوێت کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا بۆ یەکێتیی قوتابیانی جیهانی ناردووە.

١٩٧. ئەم نامەیە حەمید دەرۆیش نووسیویەتی کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا) بوو.

١٩٨. پێش ئەوەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا بهێڵێتە بەردەم دادگای باڵای سەربازیی ئەمنی دەوڵەت لە دیمەشق، سەبارەت بە چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان دەکرێت، ناکۆکییەک کەوتە نێوانیان و دەستگیرکراوەکان بوونە دوو تیم، تیمێکیان دکتۆر نورەدین زازا سەرۆکایەتیی دەکرد

و دەیگـوت: باشـتر وایـە بڵێیـن (پارتـی) کۆمەڵەیەکـی ڕۆشـنبیرییە نـەک حزبێکـی سیاسـی، ئـەوەی ئێمـە داوای دەکەیـن، داننانـە بـە کـورد و مافـە ڕۆشـنبیرییەکانیان و نەهێشـتنی دیاردەکانـی ڕەگەزپەرسـتێتییە دەرهەقیـان، ئەمـەش بـۆ سـووک کردنـی ئـەو سـزایانەیە کـە بەسـەریاندا دەسـەپێنرێت و دروشـمی (ئازادکـردن و یەکگرتنـەوەی کوردسـتان) جۆرێکـە لـە خەیـاڵ بـڵاوی و ..... .

بـەڵام تیمەکـەی دووەم، بـە سـەرۆکایەتیی سیاسـەتوان و ئەدیبـی کۆچکـردوو، ئاپـۆ عـوسمان سـەبری بـوو کـە سـوور بـوو لەسـەر گوتنـەوەی ڕاسـتییەکان و سـازش نەکـردن لـە پرۆگـرام و ئامانجەکانـی (پارتـی) کـە لـە سـەری ڕێککەوتـوون. واتـە: ئـەوان حزبێکـی سیاسـین و تێدەکۆشـن لەپێنـاو نەهێشـتنی چەوسـاندنەوەی کـورد و بەشـێک لە کوردسـتان کەوتووەتـە نێـو سـنووری سیاسـی و جوگرافیـای دەوڵەتـی ئێسـتای سـووریا، دروشـمی (ئازادکـردن و یەکگرتنـی کوردسـتان) دروشـمێکی سیاسـییە و لەپێنـاو بەدیهێنانیـدا تێدەکۆشـین، ئەمـەش مافێکـی سرووشـتیی خۆیانـە کـە هاوشـێوەی گەلانـی جیهـان داوای ئـازادی و سـەربەخۆیی و بنیاتنانـی دەوڵەتێکـی نیشـتمانیی سـەربەخۆ بکـەن.

کـە گرووپـی یەکـەم چوونـە بـەردەم دادوەر و قسـەی خۆیـان کـرد، ئینجـا گرووپـی دووەم هاتـن و دادوەر پێیانیگـوت: هـا ... عـوسمان، دکتـۆر نورەدیـن زازا دەڵـێ ئێمـە کۆمەڵەیەکـی ڕۆشـنبیرین، نـەک حزبێکـی سیاسـی و دروشـمی (ئازادکـردن و یەکگرتنـی کوردسـتان) شـتێکی خەیاڵاوییـە، ئـەدی تۆ چـی دەڵێی؟ عـوسمان سـەبری بە"نەخێر"وەڵامی دەداتـەوە و دەڵـێ: ئێمـە حزبێکـی سیاسـیی کوردیـن و تێدەکۆشـین لەپێنـاو نەهێشـتنی هەمـوو جـۆرە دیاردەیەکـی چەوسـاندنەوە و ڕەگەزپەرسـتی دەرهـەق بـە کـوردی سـووریا و دروشـمی (ئازادکـردن و یەکگرتنـی کوردسـتان)یش دروشـمێکی سیاسـییە و لەپێنـاو بەدیهێنانیـدا خەبـات دەکەیـن و ئەمـەش مافێکـی سروشـتیی خۆمانـە و .... .دادوەرەکـە لێـی بێـزار دەبێـت و وەڵامیدەداتـەوە: تـۆ کەسـێکی شـۆفێنیت. عـوسمان وەڵامیدەداتـەوە و دەڵێـت: نەخێـر گـەورەم، شـۆفێنیزم سـیفەتی سەردەسـتەیە نـەک بندەسـتە، دادوەر پێیدەڵـێ: مـن مرۆڤێکـی شـۆفێنی نیـم و ئەگـەر وا بوایـە، نەمدەهێشـت کەسـێکی کـورد بکەنـە یاریـدەدەرم (دەسـت بـۆ یاریدەدەرەکـەی درێـژ دەکات) کـە خەڵکـی ناحیـەی (معەبتەلـی)ی دەڤـەری عەفرینـە. عـوسمان سـەبری دووبـارە وەڵامیدەداتـەوە و پێیدەڵـێ:

ئەمە کورد نییە! دادوەر داوا لە یاریدەدەرەکەی دەکات بە کوردی قسە بکات و خۆی بناسێنێت، بۆئەوەی عوسمان سەبری بڕوای پێبێنێت. یاردەدەرەکەش چیی پێگوترا ئەوەی کرد. ئینجا دادوەر بە دەنگێکی پڕ لە باوەڕبەخۆبوونەوە: بڕوات کرد ئەو کوردە؟ عوسمان سەبری وەڵامیدەداتەوە: ئەگەر ئەو بەڕاستی کورد بێت، دەبوایە پشتم بگرێت و پشتگیری لە دۆزی ڕەوای کورد بکات، نەک لەپاڵ تۆدا بێت، هەی شۆفێنی. دادوەر کە ئەم ڕستەیەی دوایی گوێ لێدەبێت، چاوی دەچێتە پشت سەری، شێتانە سزای ئەو کوردە تێکۆشەرانە دەدات، جا چ ئەوانەی سازشیان لەسەر ئامانجەکانی پارتی و دروشمەکەی کردبێت، یانیش ئەوانە بن کە سوور بوون لەسەر قسەکانی خۆیان، ماوەی بەندکردنیان لەنێوان ساڵ و شتێک و دوو ساڵدا بوو کە عوسمان سەبری دوو ساڵەکەی بەسەردا درا.

کەمال سەیدۆ میمە کە یەکێک بوو لە بەندکراوان، پێیگوتم:"لەکاتی چوونمان بۆ بەندیخانەی ئەڵمەزە بۆ ڕاوەستان بەرانبەر بە دادگا، عوسمان سەبری هانیدەداین و دروشمی حەماسیی بۆ دەگوتینەوە، بۆئەوەی بە ئازایانە و بە پیاوانە داکۆکی لەو کێشەیە بکەین کە لەپێناویدا تێدەکۆشین. و ....".

بەڵام بۆ مێژوو -لەسەر داوای سەرۆکی دادگا- دکتۆر نورەدین زازا یاداشتنامەیەکی تونند و گرنگی پێشکەش بە سەرۆکی دادگای باڵای سەربازیی ئەمنی دەوڵەت کرد کە لەویشەوە بگاتە دەستی جەمال عەبدولناسر، سەرکۆماری عەرەبیی یەکگرتوو کە بە بەڵگە و ڕوودواوەکان، سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی سووریا دژی کورد دەسەلمێنێ و دووپاتیدەکاتەوە کوردی سووریا لە سادەترین مافی ڕەوای نەتەوەیی و دیموکراسیی خۆی بێبەشکراوە کە گشت ئایینە ئاسمانییەکان و بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤ زامنیان دەکات و نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانپێداناون. جا لەبەر گرنگیی یاداشتنامە، لێرەدا دەقەکەی بڵاودەکەینەوە کە لە کتێبی (صفحات من تاريخ حركة التحرر الوطني الكوردية في سوريا أو تاريخ الپارتی)ی محەمەد مەلا ئەحمەد وەرگیراوە:

" بۆ بەڕێز سەرۆکی دادگای باڵای سەربازیی ئەمنی دەوڵەت!

بەپێی داوای خۆتان لە دانیشتنەکەی پێشوو کە لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا بەسترا بۆ دادگاییکردنمان لە دادگا بەڕێزەکەتان، بەیاننامەیەکتان پێشکەش دەکەم

کـە بـە ڕووداو و بـە بەڵگـە دەیسـەلمێنم سیاسـەتێکی ڕەگەزپەرسـتانە دژی گەلـی کـورد لـە هەرێمـی باکـووری کۆمـاری عەرەبیـی یەکگرتـوودا پەیڕەودەکرێـت، هیـوادارم ببێتـە ئامرازێـک بـۆ تێگەیشـتنتان لـە بارودۆخـی کـوردی هەرێمـی باکـوور و پاکانەیـەک بێـت بـۆ هەڵوێسـتی ئێمـە بـە دیاریکـراوی، کاتێـک تێکـڕا ئـەم ڕێبازەمـان هەڵبـژارد بـۆ گەیـشتن بـە مافـە سرووشـتی و مرۆییەکانمـان.

هەروەهـا دەمـەوێ سـەرنجی بەڕێزتـان بـۆ ئـەوە ڕابکێشـم کـە ئێسـتادا مـن لـە بەندیخانـەم و تەنیـا ئەوەنـدەم پێدەکرێت سـەرەداوی چەند ڕووداوێکی ڕەگەزپەرستانەتان بخەمـە بەردەسـت کـە لەبیـرم مـاون و بەشـێکیان تاکـو ئێسـتا بەردەوامـن.

گـەورەم: هەرچەنـدە ڕووداوەکانـی ڕەگەزپەرسـتی و جیـاکاری لـە چەندیـن بـواردا و بـە شـێوازی جیاجیـا جێبەجێدەکرێـن، پێـش ئـەوەی بـارودۆخ و ڕووداوە خەفەتبـارەکان بخەمـەڕوو، دەمـەوێ هۆکارەکانـی بـۆ بەڕێزتـان ئاشـکرا بکـەم کـە ئەمەیـە: لـە هەرێمـی باکـووری کۆمـاری عەرەبیـی یەکگرتـوودا ڕاسـتییەکی هەسـتپێکراو و بابەتیانـە هەیـە، ئەویـش هەبوونـی گەلـی کـوردە کـە دەمێکـە لـە خاکـی خـۆی و ئێسـتاش لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عەرەبیـی یەکگرتـوو لەپـاڵ برایانـی عەرەبیـدا ژیـاوە و گەلێکـە، زمـان و دابونەریتـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و شـانازی بـەو زمـان و دابونەریتـە دەکات و لـە گۆرانـی و شـیعر و مۆسـیقادا بنەماکانـی پاراسـتووە کـە لـە جوانـی و دەوڵەمەندیـدا هیچـی لـە زمانەکانـی دەوروبـەر کـەمتر نییـە و بـە زمانەکـەوە بەنـدن و بـە درێژایـی مێـژوو و بـە گۆڕانـی سەردەمەکانیشـدا، ئـەوان ئـەو دابونەریتەیـان هـەر پاراسـتووە. لـە ڕۆژانـی بەراییشـدا کـورد بەپیـر بانگـەوازی ئیسلامـەوە چـووە و ئیسلامەتیـی خـۆی ڕاگەیانـدووە و نـە زمـان و نـە دابونەریتـە تایبەتەکـەی خۆشـی بزرنەکـردووە.

ئێسـتاش ئێمـە لـەم قۆناغـەی مێـژووی ژیانـی مرۆڤایەتیدایـن کـە بێوچـان هەوڵـی هـاوکاری و لێکتێگەیشـتنی گـەلان دەدات بـۆ بەدیهێنانـی پێشـکەوتن و گەشـەیەکی باشتر بـۆ مـرۆڤ و چەسـپاندنی ئاشـتی و گەیاندنـی گـەلان بـەو شـکۆ مرۆڤایەتییـەی کـە شایسـتەیەتی. هـەروەک گوتـم زمانـی کـوردی و دابونەریتـی کـوردی، لـەلای گەلـی کـورد و پابەندبوونیـان پێـوەی، ڕۆژێـک لـە ڕۆژان نەبووەتـە سـەرچاوەیەک لـە سـەرچاوەکانی جیـاوازی ناکۆکیـی نێـوان هـەردوو گەلـی عـەرەب و کـورد.

هەروەها هەموو کۆنگرە و دەستە کۆمەڵایەتییە میللی و نێودەوڵەتییەکان تایبەتمەندێتی و پێکهاتە میللییەکان بە مافێکی ڕەوای هەموو گەلانی دونیا داناوە و ئەرکی دەوڵەت و گەلانی پێشکەوتووە پشتگیریان بکات و بیانپارێزێت، بگرە لەلای گەلە جیاوازەکاندا، پەرەیان پێ بدات و گەشەیان پێبسێنێت، لە سەرووی هەموو ئەم کۆمەڵە و کۆنگرانەش (کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان) ە کە بە پێی بنەماکانی مافی مرۆڤ، پرسی سڕینەوەی کلتووری گەلێک، تاوانە و لەسەری سزادەدرێت، (کۆنگرەی باندۆنگ و کۆنگرەی هاوکاریی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا لە قاهیرە، هەروەها لە زۆربەی ئەو کۆنگرە و کۆبوونەوانەی جەنابی سەرۆک جەمال عەبدولناسر، مافەکانی گەلان و ڕێزگرتن لە ویست و خواستەکانیان دووپات دەکاتەوە). لەبیرمە لەکاتی سەردانی جەنابی سەرۆک بۆ سوودانی بڕا، لە بەیاننامە هاوبەشەکەیاندا کە هەردوو سەرۆکی عەرەبی و سوودانی دەربانکردووە، دەڵێت:"ئیدانەکردنی هەموو جۆرە سیاسەتێک کە دەبێتە هۆی زەلیلکردن و کۆیلەبوونی گەلان و لە شکۆی مرۆڤ کەمدەکاتەوە، بەهۆی ڕەنگی پێست و ڕەگەز و بیروباوەڕ".

دەڵێم: بارودۆخە هەستپێکراو و بابەتیانەکەی گەلی کورد لە هەرێمی باکوور لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەڵگەنامە و بەیاننامانەی لەلایەن دەستە و کۆنگرە نێودەوڵەتی و میللییەکاندا دەرکراون و دەردەکرێن کە کۆماری عەرەبیی یەکگرتووش ئەندام و بەشێکە لەوان، وا دەکات مافەکانی زمانی کوردی، ببێتە مافێکی ڕەوا و سروشتیی کوردی نیشتەجێی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو، ناشکرێ چاوپۆشی و نکۆڵی لێبکرێت. ئەم بارودۆخە لەلایەک و نکۆڵیکردنی دەسەڵاتداران لەم مافانە و بگرە پێشێلکردنی ئەم مافانە و سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و تەعریبکردنی کورد بە هەموو شێوازەکان، لەلایەکی دیکە، (سیاسەتی ڕەگەزپەرستی) بەرهەم دەهێنێ. ئەم سیاسەتەش دەبێتە بنەمایەک بۆ گشت فاکتەرەکانی جیاوازیکردن و لێکدابڕان کە دواتر هەندێکیان وەکو نموونە دێنمەوە، پێش ئەوەی ڕاستی و ڕووداوەکان باس بکەم، بەپێویستی دەزانم ئەم سێ خاڵەتان بۆ بخەمەڕوو کە هیوادارم بە جوانی لێیتێبگەن و بەهەندیان وەربگرن:

١. لەم ساتە مێژوویيە ناوازەدا، باوی ئەوە نەماوە مافەکانی گەلان تەنیا بڕیار و بەیاننامەکان لەسەر لاپەڕەکان تۆماربکرێن و لە دۆسیەکاندا بپارێزرێن، بەڵکو مافەکان لەچەندین وڵاتدا گەیشتووەتە ئاستی جێبەجێکردنی کردەنی، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی فرە نەتەوە و پێکهاتەن، لەوانەش"یۆگسلاڤیا، سویسرا، بەلجیکا کەنەدا، عێراق، ئەفغانستان، هیند، ئەندۆنیسیا، یەکێتیی سۆڤیەت و چین"ئەم وڵاتانە بە جێبەجێکردنی یەکسانی هاوتایی نێوان پێکهاتەکان و هەموویانیان بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیاندوون، سوودێکی زۆری لە ڕووی سیاسی، سایکۆلۆژی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری بینیوە و کێشە نێوخۆییەکانیان بەبێ هیچ گرفت و پشێوییەک چارەسەرکردووە.

٢. سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، تەنیا نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی برایەتیی کورد و عەرەب، بگرە تۆوی بێ متمانەیی و گومانکردن لەنێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبیش دەچێنێت کە بە درێژایی سەردەمەکانی تاریکیدا لە سەردەمی حوکمڕانیی عوسمانییەکان و فەڕەنسای بەنەفرەتکراو، بە برایەتی و تەبایی بەیەکەوە ژیاون. سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی، تەنیا زیان بە کورد ناگەیەنێت، لە هیچ ڕوویەکەوە سوودی بۆ گەلی عەرەبیش نییە. بگرە لەوەش زیاترە و زیان بە بەرژەوەندیی نیشتمانی دەگەیەنێت و بێ هیچ هۆیەک کێشەی نێوخۆیی دەخوڵقێنێ. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر دەست لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی هەڵبگیرێت و ئەو مافانە بۆ کورد دەستەبەر بکرێن کە سااڵنێکی زۆرە لێی بێبەشکراوە، هەموو ئەو کێشانە لە ڕیشەوە بنبڕ دەکرێن و برایەتیی کورد و عەرەب پتەوتر دەبێت و کۆڵەکەکانی هاوکاریی کوردی-عەرەبی دەچەسپێنرێت و هاوکاری و دیموکراسییەت باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێت.

٣. گەشەکردنی زمانی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەبەرئەوەی زمانێکی میللیی زیندووە و وشە و ئەدەبیات و مۆسیقایان لە چەندین ڕادیۆی جیهانیدا دەزرینگێتەوە، لە پێش هەمووشیانەوە رادیۆی قاهیرە، عێراق، ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت و لە قوتابخانە و زانکۆکانی ژمارەیەک لە وڵاتان: (ئۆپسالا، سوید، پەریقان، مۆسکۆ، لەندەن، پاریس، عێراق، لینینگراد و ئێران) لەگەڵ

بێبەشکردنی کورد لە هەرێمی باکووری عەرەبیی یەکگرتوو لە بەکارهێنانی زمانی دایک و گوزارشت کردن بە هەست و سۆزی خۆی بەو زمانە و لەگەڵ بەکاهێنانی شێوازەکانی توندوتیژی و تۆقاندن، وا لە کورد دەکات بە هەموو شێواز و ڕێگەیەک تێربێت لە ئارەزووە وستراوەکانی.

ڕاستی و ڕووداوەکانی داواشتان کردبوو، ئەمانەن:

أ. ١. بە فەرمی داننەنان بە هەبوونی قەوارەی گەلی کورد لە هەرێمی باکوور، ڕێخۆشکەرە لەبەردەم بەشێک لە فەرمانبەرە دەسەڵاتدارەکان ئەم دەستەواژانە: (شیوعی، شعووبی، خائین، یەهوودی) بەرانبەر بە کورد بەکاربهێنێت، بەبێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، ئەم دەستەواژانە گەیشتووەتە نێو ڕۆژنامەکانیش و لەوێشدا بەکاردەهێنرێن، تکایە چاو بەو ڕۆژنامانە بخشێننەوە کە ساڵی ١٩٥٨ لە لوبنانەوە دەگەیشتنە هەرێمی باکوور، هەروەها ڕۆژنامە میسری و سووریيەکانیش.

٢. لە دیریک یاریدەدەری پۆلیسێک هەیە نازناوی (ئەبو حەسەن)ە و هاووڵاتیان لە بازاڕ ڕادەگرێت و لێیاندەپرسێت: تۆ کوردی یان کریستیانیت، ئەگەر بڵێت: من کوردم، ئەوا لەبەرچاوی خەڵکیدا سووکایەتیی پێدەکات و دارکاری و شاپترێن دەکرێت و دوور نییە بگیرێت و بخرێتە زیندانیشەوە، بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە لە (ئەحمەد مەلا کەریم و عەبدولقادر گڕی) بپرسن.

٣. لە ناوچە کوردنشینەکاندا، دەسەڵاتداران ناوی گوند و شارۆچکەکان لە کوردییەوە دەگۆڕنە عەرەبی، بۆ زانیاریتان، لە هەرێمی باکووردا گوند و شارۆچکەی ئەوەندە زۆر هەیە لە ژمارە نایێن و ناوەکانیان عەرەبی نین، بۆنموونە"دۆما، زەبەدانی، بلودان، حرستا".

٤. لە فەرمانگەکانی ناسنامەی باری کەسێتی و بنکەکانی پۆلیسدا، ڕێگری دەکرێت لەو کەسانەی ناوێکی کوردی لە منداڵەکانیان دەنێن، هەندێ جار سووکایەتیشیان پێدەکرێت.

٥. بەڕێوەبەری ناحیەی درباسیە، هاووڵاتیی عەبدولحەمید سلێمانی دەستگیرکردووە، تەنیا لەبەرئەوەی جامانیی کوردیی لەسەرناوە و هەڕەشەی لێکردووە جارێکی

دیکە ئەم جامانییە لەسەر نەنێتەوە. دەشتوانن لە هاوولاتیانی درباسییە بپرسن ئەو بەڕێوەبەری ناحیەیە لە ساڵی ١٩٥٨دا چەندین ڕەفتاری ئیسفزازکردن و توندوتیژی دیکەی دەرهەق هاوولاتیان کردووە.

٦. ڕۆژنامەی (الطلیعة) کە لە هەرێمی باکووردا دەردەچێت، بابەتێکی بە ناونیشانی"برایەتیی کورد و عەرەب". بڵاوکردووەتەوە، ئەنجام ئەو ڕۆژنامەیە داخرا و بەرپرسی ڕۆژنامەکەش لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن. ڕەنگە هۆکاری دیکە هەبێت بۆ داخستنی ڕۆژنامەکە، بەڵام ئەمەیان هۆکاری سەرەکیی داخستنەکە بوو.

ب. ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی مافەکانی زمان و کلتووری کورد و چەندین کتێب و ئەو کەسانەشی کتێبەکانیان پێگیراوە، دەستگیرکراون.

١. لە ساڵی (١٩٥٥) کتێبی (ئەلف با)ی کوردی لە عوسمان سەبری گیراوە و چەندین هەوڵیداوە بۆ بینینی سەرۆکی ئەوسای حکومەت بۆ وەرگرتنەوەی کتێبەکانی، بەڵام کتێبەکان دەستیان بەسەردا گیراوە نەگەڕێنراونەتەوە دەست خاوەنەکەی.

٢. چەند جارێک دیوانە شیعرییەکانی شاعیری کورد (جگەرخوین) دەستیان بەسەردا گیراوە و نەدراوەتەوە خاوەنەکەی، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٨ کتێبێک بەناونیشانی (پەندی پێشینانی کوردی) هەر لە چاپخانەوە دەستی بەسەرداگیرا.

٣. لە ساڵی ١٩٥٧ پیاوانی شوعبەی دوو، هاوولاتی عەبدولمەجید حاجۆیان گرتبوو لەبەرئەوەی کتێبێکی کوردیی پێدەبێت کە بە زمانی عەرەبی لەسەر کورد نووسراوە و ڕەوانەی دێرلزووری دەکەن و لەوێشەوە بۆ دیمەشق کە دواتر لەوێ ئازاد دەکرێت.

٤. پیاوانی ئەمن، هاوولاتی حەمزە نوێران لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە گوندەکانی درباسیە دەگرن، چونکە زمانیان لێدرابوو کە گوایە کتێبی کوردیی لەلایە.

٥. لە ساڵی ١٩٥٨ ژمارەیەک لە هاوولاتیانی کورد لە قامیشلۆ داوای مۆڵەتی کردنەوەی یانەیەکی ڕۆشنبیری دەکەن، هەرچەند ناوی یانەکەشیان ناونابوو (یانەی ڕۆشنبیریی جەمال عەبدولناسر) داواکەیان ڕەتکرایەوە، هاوولاتییەکانیش بریتی بوون لە: (دکتۆر ئەحمەد نافز، سلێمان حاجۆ، ئیبراهیم مەتینی، یوسف میرزا، عەبدولحەمید شێخمووس و جەمیل ئیبراهیم) کەچی یانەی سریان و دوو یانەش بۆ ئەرمەن لە قامیشلۆدا

هەبوون، بێجگە لە قوتابخانە سەرەتایی و دواناوەندییەکانیان.

٦. لە ساڵی ١٩٥٧ ڕەقیبێکی شوعبەی دوو دەچێتە قاوەخانەیەکی گشتی لە قامیشلۆ و دەستیکردووە بە شکاندنی هەموو قەوانە کوردییەکان، بەڵام دەستی بۆ قەوانە تورکی و ئەرمەنییەکان نەبردووە.

ج. تێڕوانینی ڕەگەزپەرستانە، دەبێتە هۆی بێبەشکردنی هاووڵاتیانی کورد لە مافەکانیان، بەڵگەکانیش ئەمانەن:

١. لە باشووری جەزیرە، لەنێوان حەسەکە و تەلکۆچەک (تەل کۆچەر) زەویوزاری دەوڵەت هەن بەناوی (ئەلڕەد) و دەسەڵاتداران بەسەر پیاوانی هۆزەکانیان دابەشکردووە، بەڵام تەنیا دراونەتە هۆزە عەرەبەکان و کوردیان لێ بێبەشکردووە، بۆ ئاگاداریتان؛ ئەوانەی زەوییەکانیان وەرگرتووە، خۆیان نایکێڵن و بەکرێی دەدەن، چونکە خۆیان کۆچەرن و خەریکی گۆزەگۆزن.

٢. مووڵکوماڵە کێشە لەسەرەکانی نێوان عەرەب و کورد، هەمیشە فەرمانبەران تای عەرەبەکان دەگرن و بە بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکانیان پشتگیریان دەکەن کە گوایە هی ئەوانن، ئەمەش لەنێوان هەردوو هۆزی (جبوور و شەممەر)ی عەرەب و (میرسینا و عەباسا)ی کورد، بەدیدەکرێت.

٣. زۆربەی کوردی ئەو ناوچانە لە فەرمانگەکانی ناسنامەی شارستانیدا تۆمارنەکراون، ئەنجام لە مافی دەنگدان و خۆیندنیشدا بێبەش دەکرێن، هەروەها دوور نییە لە یاسای چاککردنی کشتوکاڵیشدا بێبەش بکرێن کە مامەڵەکانیان دەدەنە تۆماری (مکتومین) بە پێچەوانەی ئەندامانی هۆزە عەرەبییەکان کە مامەڵەکانیان بەخێرایی ڕاییدەکرێن و ئەوەندە بەسە کە بە زارەکی بڵێن: ئێمە سەر بە فلانە هۆز و تیرەین، بێ کێشە تۆماردەکرێن و هی هۆزە کوردییەکان دوادەکەوێت.

٤. هەرچەندە زۆر زیرەک و لێهاتوون، بەڵام زۆربەی قوتابیانی کورد یان دەرکراون و یان بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێن لە تاقیکردنەوەکانی قۆناغی دواناوەندی، تکایە بەدواداچوونێک بۆ ئەم پرسە بکەن و لە هاووڵاتیانی شاری قامیشلۆ پرسیار بکەن، بۆنموونە لە: سامی مەلا ئەحمەد نامی.

٥. لە ناوچەی جەزیرەدا (١٤) کەس بەربژێر کراون، دووانیان کورد و کریستیانێک و چیچانییەک و (١٠) عەرەب، هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەکە کوردن کەچی (٣) بەربژێری شەممەر دیاریکراون و ژمارەی ئەو هۆزە لە هەموو سووریادا ناگاتە چوار هەزار کەس، بەڵام دانیشتوانی کوردی قامیشلۆ بەتەنیا کەمتر نین لە (٣٠) هەزار کەس! ئایا مافی کورد نییە لە هۆکاری ئەم نادادپەروەرییە بپرسێت؟!.

د. پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، وای لە بەشێک لە بەرپرسان کردووە، ڕەفتاری نەشیاوی وەها بەرانبەر کوردان بکەن کە شکۆی نیشتمانییان بشکێنن و وا هەست بکەن کە ئەوان کەسانی متمانە پێکراو نین، نموونەی ئەو ڕەفتارانەش:

١. لە دوو ساڵی دواییدا، ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی کورد بەتایبەتی مامۆستایان، لەسەر کارەکانیان دوورخراونەتەوە، ئەوانەی کە ماویشن بێ هیچ بیانوویەک لە ناوچەکانی خۆیان دوورخراونەتەوە، مەگەر هۆکارەکە هەر کوردبوونیان بێت. هەرچەندە فەرمانبەرانی عەرەبی ناوچە کوردنشینەکان ناچارن هانا بۆ وەرگێڕێک ببەن بۆ لێکتێگەیشتن لەگەڵ هاوواڵاتیانی ئەو ناوچانە. ئەمە سەرباری ئەوەی لەم دواییانەدا بەشێکی کەم نەبێت، هیچ کوردێک لە پەیمانگەی مامۆستایان و نێردە حکومییەکان و کۆڵێژەکانی پۆلیس وەرنەگیراون کە بە پەنجەی تەنیا دەستێک دەژمێردرێن، وەنەبێ کورد خۆی حەزی لەم کۆڵێژ و پەیمانگانە نەبێت، مامەڵەکانیشیان پێشکەش دەکەن، بەڵام بێ هیچ پاساوێکی یاسایی وەرناگیرێن.

٢. لە بەهاری ساڵی ١٩٥٨ کەسێکی کورد خێزانی عەبدوڵڕەحمان مەدلوولی هەڵگرت کە یەکێکە لە شێخی عەشیرەتەکانی شەممەڕ، ئەندامانی ئەو هۆزە بە دەمانجە و چەکی قورسی ڕەشاش هەموو شوێنێکیان پشکنی، لە گوندە کوردنشینەکاندا چەند ڕەفتارێکی نەشیاوی تۆڵەسەندنەوەیان بەرانبەر هاووڵاتیانی کورد کردبوو و موختار و پیاوماقوڵانی گوندەکانیان دەبەستەوە و بە گوریس لە بیرەکاندا شۆڕیان دەکردنەوە، پاشان تێروپڕ دارکارییان دەکردن و خۆڵیان بەسەردا دەپژاند و سووکایەتییان پێدەکردن. هەتا فەرماندەی پۆلیسی دیریک ژن و پیاوەکەی دۆزییەوە و لە بەندیخانەی دیریکدا دەستبەسەریکردن. کە ئەندامانی هۆزی شەممەڕ ئەو هەواڵە دەبیستنەوە، بە چەکەوە هەڵدەکوتنە

سەر شۆینەکە و هەڕەشە لە قایمقام و فەرمانده پۆلیسەکە و فەرمانبەران دەکەن ئەو دوو کەسەیان ڕادەست بکەن، ئەگینا بە زەبری هێز دەیانبەن، بۆیە پاش ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی قامیشلۆ و حەسەکە، ئەو ژن و پیاوەیان ڕادەست دەکەن. دەیانبەنەوە گوندەکەی خۆیان و لەوێ هەردووکیان لەگەڵ کچێکی شەش ساڵان و پیاوەکەی گوللەبارانیان دەکەن.

چەند کوردێکی ئەو گوندانە و گوندەکانی دەوروبەریان، بروسکەیەکی ناڕەزایی بۆ بەرپرسانی حەسەکە و دیمەشق نارد، ناڕەزایەتییەکەش بۆ پیاوە کورده دەستگیرکراوە نەبوو، چونکە هێشتا کوردی ئەو ناوچەیە پابەندی نەریتە خێڵەکییەکانن و تێگەیشتنیان بۆ کێشەکانی شەرەف و نەریت هەیە، بەڵکو ناڕەزایەتییەکەیان دژی ئەو ڕەفتارە نەشیاوانەی پیاوانی شەممەڕ بوو دژی خەڵکی بێگوناهی گوندەکان، هەرچەندە ئەم هەڵوێستەی هاوواڵتیان خۆڕسکانە بوو و هەر خاوەن ویژدانێک دەتوانێت لەم حاڵەتانەدا پەنا بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەت ببات، بەڵام دەسەڵاتداران ئەو کەسانەی بروسکەکەیان نارد‌ووە بە کەسانی تێکدەر و گێرەشێوێن لەقەڵەم دا و ڕەوانەی دادگای ئەمنی دەوڵەتیان کردن لە قامیشلۆ و تۆمەتی وروژاندنی نەعرەکانی ڕەگەزپەرستیان درایە پاڵ. سەبارەت بە شەممەڕیش، چوارده کەسی لێیان گرت، وەک ڕێکارێکی کارگێڕی و پاشان بەبێ دادگاییکردن ئازادکران، وەک بڵێی هیچیان نەکردبێت.

٣. پێش نزیکەی ساڵ و نیوێک، چەکی (مقاوەمەی شەعبی) تەنیا لە کورد وەرگیرایەوە کەچی عەرەبەکان چەکەکانیان هەر لەلا مایەوە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم ڕووداوانە بێنم، دەمەوێ دوو بەسەرهاتتان بۆ بگێڕمەوە کە پەیوەندیی ڕاستەخۆی بە خۆمەوە هەیە:

١. لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٨) ویستم سەردانی دەرەوەی وڵات بکەم بۆ چەند کارێکی تایبەت بە پیشەکەم کە بریکاری گشتیی چەند کارگەیەکی دەرمان بووم. چوومە فڕۆکەخانە و هەموو ڕێکار و مەرجەکانی سەفەرکردنیشم پێبوو، تەنیا ئەوە مابوو ئەفسەری ئەمنەکە مۆری بکات. کە بینیم، پێیگوتم: تۆ بە هیچ شێوەیەک بۆت نییە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەیت و پاسپۆرتەکەی لێوەرگرتم، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە چاوەڕێی سواربوونی فڕۆکە بووم، لە بڵندگۆی فڕۆکەخانەکە گوێم لە ناوی

خۆم بوو کە پێویستە سەردانی ئەفسەری ئەمن بکەم. من ئەوەم بەسەر هات کە گێڕامەوە. کە سەردانی وەزارەتی ناوخۆم کرد و داوای ڕوونکردنەوەم لەم ڕووداوە کرد، ڕەوانەی نووسینگەی تایبەتیان کردم، لەوێشەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەم شێوەیە چەند جارێک سەردانیم کردن، لە دواجاردا داوای بینینی وەزیری ناوخۆم کرد، لەوەشیاندا سەرنەکەوتم زانیم ئەو هەوڵەشم بەفیڕدەچێت، بۆیە هەر وازم هێنا، هێشتا ئەو پسوولەیەشم لەنێو کتێبەکانمدا پاراستووە کە داوای بینینی وەزیرم کردووە.

٢. لە نیسانی ساڵی ١٩٦٠ ویستم بچمە گەرماوەکانی (ئەلحەمە) بۆ چارەسەریی ڕۆماتیزمەکەم، پاش ئەوەی فەرمانبەرەکە داواکەمی لە وێستگەکە لێوەرگرتم، داوای لێکردم پاش نیوەڕۆ بێمەوە، کە گەڕامەوە لای پێیگوتم: ڕەزامەندیت وەرنەگیراوە و زەرفێکی دایە دەستم کە ناسنامەکەمی تێدا بوو و لەسەر زەرفەکە بە قەڵەمی سوور نووسرابوو: (عدم الموافقة) ئەم داواکارییەشم کارمەندانی ئەمن لەکاتی پشکنینی ماڵەکەمدا بردبوویان و ئەو فەرمانبەرەی لە وێستگەکە پێێڕاگەیاندم، ناویم لەبیرماوە، ناوی (محەمەد ئەلمەدەنی) بوو. ئێستا من وەک هاوواڵتییەک مافی ئەوەم هەیە بە ئازادی بێم و بچم، دەپرسم ئاخۆ هیچ ڕێگرییەک هەیە من لەو مافە بێبەش بکات، تەنیا ئەوە نەبێت من کوردم؟! ئەگەر هاوواڵتیانی ئاسایی لەم مافە سادانە بە نهێنی و بە ئاشکرا بێبەش بکرێن، ئەوا بۆ برایەتیی کورد عەرەب هاوکاریی ئەو دوو گەلە خراپە و دەبێتە هۆکارێک بۆ چەندین گرێی دەروونی و هەستێکی نامۆ لەلای تاکی کورد، هیوادارم سنوورێکی بۆ دابنرێت و بە دیدێکی واقیعبینانە تەماشای کورد بکرێت لەگەڵ ڕەوشە بابەتیانەکەیاندا بگونجێت کە هاوواڵتیی ئاسایین لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوون، بەڵام ئەوان کوردن، دەبێ دەسەڵاتدارانی بەرپرس بڕوایان بەوە بێت کە ڕێگەچارەی خواستەکانی گەلی کورد لە هەرێمی باکوور، دەستگیرکردن و بەندیخانە و ئەشکەنجەدان نییە و کێشەکە تێڕوانینێکی نوێ دەخوازێت بۆ ئەو ڕەوشەی ئێمەی تێدایین و چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ خواست و داواکارییە سروشتی و ئاساییەکانی کورد بدۆزرێتەوە و دادگا بەڕێزەکەشتان ڕۆڵێکی کاریگەری لەم پرسەدا هەیە کە پشتیوانیی کەسانی چەوساوە و بەشخوراو بکەن و ڕاستییە تاڵەکان ئاشکرا بکەن و پاڵنەرەکانی دڵسۆزیمان بۆ کارەکانمان، مۆزاری تۆمەتبارکردنمانە.

دکتۆر نورەدین زازا

سەرچاوە و ژێدەرەکان

١. بە زمانی عەرەبی:

- نـور الديـن زازا: ١- حيـاتي الكورديـة أو صرخـة الشـعب الكـوردي، ترجمـة روني محمـد دمـلي، دار آراس للطباعـة و النـشر ٢٠٠١ أربيـل. ٢- حيـاتي ككـوردي. ترجمـة: خـسرو بوتـاني، دار آراس للطباعـة والنـشر، ٢٠٠٨، أربيـل.
- مقالـة باللغـة الكورديـة للدكتـور كـمال فـؤاد نـشرت في مجلة"هاڤيبـون Havîbûn" العـدد المـزدوج (٢-٣) لسـنة ١٩٩٨ و التـي كانـت تصـدر في برلـين.
- منشورات جمعية الطلبة الكورد في أوروپا.
- د. عبـد الرحمـن قاسـملوّ: (كردسـتان و الكـرد). الدكتـور عبـد الرحمـن قاسـملوّ. الترجمـة العربيـة الدكتـور غانـم حمـدون.
- نهضة الأكراد الثقافية و القومية. جليلي جليل. الترجمة العربية، رابطة كاوا للثقافة الكردية.
- الحوار العربي الكردي (وثائق مؤتمر القاهرة مايو١٩٩٨). مكتبة مدبولي١٩٩٩.
- مجلـة (راسـتي) العـدد الثالـث و الرابـع (١٩٧٤) التـي كان يصدرهـا المركـز الثقـافي لجمعيـة الأرز الرياضيـة الثقافيـة الكرديـة في بـيروت بلبنـان.
- الجواهري: جدل الشعر و الحياة. عبد الحسين شعبان. دار الكنوز الأدبية بيروت-لبنان (١٩٩٧).
- هوزان سليمان الدوسكي: جمهورية كردستان: دراسة تاريخية – سياسية،٢٠٠٥.
- صلاح بدر الدين: الحركة القومية الكردية في سوريا. رؤية نقدية من الداخل.
- د. بلـه چ شـيرگوه: القضيـة الكرديـة مـاضي الكـرد و حاضرهـم. الطبعـة الثانيـة، دار آراس، تقديـم د. نجـاتي عبـد اللـه، (٢٠١١)، أربيـل.
- مجلـة (روهـلات - Rohilat)، العـدد٤٣ نيسـان (١٩٨٠). ناطقـة باسـم (منظمـة البـارتي الديمقراطـي الكـردي اليسـاري في لبنـان).
- جلال طالباني-أحداث و مواقف، لمؤلفه سالار أوسي، الطبعة الثانية دار الينابيع-دمشق (٢٠٠٨).
- من مذكرات عصمت شريف وانلي (٢٠١٣).

- رشيد حمو، (لقاء مع الذاكرة) قام بها الكاتب حسين عيسو على حلقات عدة و نشرت في مواقع كردية عديدة.
- (البارزاني و الحركة التحررية الكوردية)، لمؤلفه مسعود مصطفى البارزاني، النسخة العربية، الجزء الأول و الثالث.
- (أكراد لبنان و تنظيمهم الاجتماعي و السياسي)، للمؤلف أحمد محمد أحمد، مكتبة الفقيه، بيروت - لبنان (١٩٩٥).
- د. فؤاد حمه خورشيد مصطفى (القضية الكردية في المؤتمرات الدولية).
- (على مقربة من قصر أوشي في لوزان كان لي حوارا مع عصمت شريف وانلي) فرهاد عوني.
- الكرد و كردستان في الوثائق البريطانية، لمؤلفه د. وليد حمدي.
- قسم من أرشيف (مؤسسة ژين - بنكه ى ژين)، السليمانية و المتعلق بمنشورات جمعية الطلبة الكرد في أوروبا.
- حميد حاج درويش (أضواء على الحركة الكردية في سورية).
- مسألة كردستان، المؤلف قدري جميل باشا (زنار سلوپي)، تنقيح و تقديم البروفيسور الدكتور عز الدين مصطفى رسول.
- جبل الكرد (عفرين) - دراسة جغرافية شاملة، المؤلف د. محمد عبدو علي.
- المنظمات الجماهيرية الكوردستانية (١٩٥٣-١٩٩١)، دراسة أولية - الطبعة الثانية، لمؤلفه فرهاد عوني.
- الموساد في العراق و دول الجوار... . الطبعة الثانية ٢٠٠٤، المؤلف شلومو نكديمون، ترجمة بدر عقيلي.
- حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبي (١٩٣٩-١٩٦٨)"آراء و معالجات". د. خليل جندي.
- " تقديم"بقلم د. الراحل كمال فؤاد للجزء الثاني من خلاصة تاريخ الكرد و كردستان.
- دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية الاجتماعية السياسية. محمد طلب هلال.

- عبد الرحمن قاسملوّ / رجل الحوار و السلم. ترجمة باڤی إيڤا، إصدارات باڤت ١٩٩٩.
- جمرة تحت الرماد / محطات مهمة من حياة عمر شيخموس. اعداد نوزاد علي أحمد. مطبعة كمال ٢٠١٧ منشورات ARTA. النسخة العربية، ترجمة ياسين حسين.
- الكرد في عمق التاريخ. د. أحمد محمود خليل.
- ذاكرة الأيام. فرهاد عوني، تقديم د. عبد الفتاح علي بوتاني. الطبعة الأولى ٢٠١١.
- (لە بە لگەنامەکانی کومەڵەی خوێندارکارانی کورد لە ئەورووپا)، جمع و تقديم نوزاد علي أحمد.

٢. به زمانی کوردی:

- Kovara"Hêviya Welêt"jimar (1 - 3)."Dengê Komela Xwedekarên Kurd li Derve".
- Kovara „ Çiya „, HemreŞ ReŞo.
- Pirtûka „ Tê bîra Min „ , Dr. Hiznî Haco.
- Gotara Rohat Alako: „ Kurd ketin deftera „.
- Gotara Zinar Soran: „ Komela Xwendekarên Kurd Ewropa KSSE „.
- Hin hejmarên rojnameya (Rûdaw), çapa Ewropa.
- Kovara Çiya, Awêna çanda kurdî li Ewropa (1965 – 1970), Lêkolîn, Dr. Ebdil Mecîd Şêxo.
- WeŞanên „ Komela Xwendekarên Kurd li Ewropa KSSE „.
- PêŞgotina kovara (Jîn), cild 1. M. E. Bozarslan.
- Li ser rêya azadiya Kurdistanê de. Dr. Mihemed Salih Cuma.
- Rojnameya"Dengê Kurdistan", jimar (1 - 5), 1949.
- عارف ڕوشدی عارف. (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٥٦- ١٩٧٥) تێزی ماستەرنامە (٢٠١٢).

- چەنـد لاپەڕەیەکـی وێنـەدار لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) و (دەنگی پێشـمەرگە)ی پەیوەسـت بـە (کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کورد لە ئەوڕوپا لە ئەرشـیفی ساسـان عەونی.

٣. بە زمانی ئەڵمانی:

- Kurden in Europa (Ethniztät und Diaspora). Birgit Ammann.

  لە بڵاوکراوەکانی بنکەی (کوردۆلۆجي) سیامەند حاجو لە بەرلین بەڕێوەبەریەتی.

- Kurdistan - Published by the Kurdish Society in Europe. Prepared Nawzad Ali Ahmed.

ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA